نجم سەنگاوی

# کوردستان و سەرکردە و

منتدى إقرأ الثقافي

# دەسەڵات و شۆڕشەکانی

www.iqra.ahlamotada.com

# له ١١٦٩ ـ ١٩٩٤



ئەم کتێبە

لە ئامادەکردنی پێگەی

(منتدى إقرأ الثقافي)ە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بۆ سەردانی پەیجی پێگە:

https://www.facebook.com/iqra.ahlamontada/

بۆ سەردانی پێگەکە:

http://iqra.ahlamontada.com

# کوردستان و سەرکردە و دەسەڵات و شۆڕشەکانی لە (١١٦٩-١٩٩٤)

# چاپكردنی ئەم پەرتووكە لەسەر ئەركی شوان نەجم سەنگاوی

ناوی كتێب: كوردستان و سەركردەو ڕا پەڕین و شۆڕشەكانی لە (١١٦٩-١٩٩٥ز)

- نووسینی: نەجم سەنگاوی
- تایپ: هەژار جەمیل نەبی
- پێداچوونەوەی زمانەوانی:
- دیزاینی ناوەوە: قاسم سروش
- دیزاینی بەرگ: نووسەرمان ئیسماعیل موحەمەد غەریب
- تیراژ: ١٠٠٠
- چاپی یەكەم: چاپخانەی
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی كتێبخانە گشتییەكان ژمارە (١١٦) ی ساڵی (٢٠١٤)ی پێدراوە
- ماف لە چاپدانەوەی پارێزراوە بۆ نووسەر

## ناوەڕۆك


| ژ | باسەکان |
|---|---|
| ١. | پێشکەش...........................................................١٥ |
| ٢. | نەجم سەنگاوی لە چەند دێڕێکدا ........................................١٦ |
| ٣. | پێشەکی نووسەر.....................................................١٨ |
| ٤. | کوردستان...........................................................٢٥ |
| ٥. | دەوڵەت و دەسەڵاتەکانی دوای شوێنگرانی پێغەمبەر موحەمەد(د.خ)..........٣١ |
| ٦. | ڕەسەن و بنەماڵەی ئەیووبیان.........................................٣٦ |
| ٧. | کۆچی دوایی شادی کوڕی مەروانی ڕەوەند و دامەزراندنی نەجمەدین ئەیووب لە جێگای باوکی. ..........................................................٤٥ |
| ٨. | ڕۆیشتنی شێرکۆ ئەسەدەدین و سەلاحەددین ئەیووبی جاری سێیەم بۆ میسر و وەرگرتنی دەسەڵات. ....................................................٥٠ |
| ٩. | مردنی شێرکۆ ئەسەدەدین و کەسایەتی سەلاحەددین ئەیووبی.................٥٤ |
| ١٠. | دامەزراندنی سوپای دەوڵەتی ئەیووبی کوردی.............................٥٨ |
| ١١. | دامەزراندنی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی سەربازی دەوڵەتی ئەیووبی کوردی....... ٦٥ |
| ١٢. | سەلاحەددین ئەیووبی و بایەخدانی بە سوپا و هێزی دەریایی................٧٤ |
| ١٣. | سەلاحەددین ئەیووبی و بایەخدانی بە زانست. ..............................٧٦ |
| ١٤. | دەوری کورد لە دامەزراندنی سوپا و دەوڵەتی ئەیووبی کوردی. ...............٧٦ |
| ١٥. | سەلاحەددین ئەیووبی و بایەخدانی بە خوێندەوارانی کورد و پێگەیاندنیان........٨١ |
| ١٦. | گرتن و ئازادکردنی بەیت ئەلمەقدس (شاری قودس). ........................٨٣ |
| ١٧. | هێرشی کۆتایی هێنان بە شەڕ. ..........................................٨٨ |
| ١٨. | ووتوێژ بۆ خۆ بەدەستەوەدان و تەسلیم کردنی شاری قودس...................٨٩ |
| ١٩. | هێرشی خاچپەرستان بۆ سەر ڕۆژهەڵات و شام...............................٩٣ |
| ٢٠. | خۆ ئامادەکردنی ئەڵمانیا و فەرەنسا و ئینگترە بۆ بەشداری کردنیان لە جەنگی خاچپەرستان.................................................٩٤ |

| | |
|---|---|
| ٢١. | هاتنی سوپاکانی فەرەنسا و ئینگلترە بۆ رۆژهەلاّت. ....................٩٦ |
| ٢٢. | جەنگی یافا.......................................................١٠٥ |
| ٢٣. | پلەکانی ووتوێژکردن..............................................١١٣ |
| ٢٤. | گەڕانەوە و مردنی ڕیتشارد شێر دڵ پاشای ئینگلترە...................١٢٢ |
| ٢٥. | کۆچی دوایی سوڵتان سەلاّحەددین ئەیووبی..........................١٢٣ |
| ٢٦. | دەوڵەتی ئەیووبی کوردی لە دوای کۆچی سەلاّحەددین..................١٢٥ |
| ٢٧. | بابە ئەردەلاّن لە (١٥٨٣-١٨٨٤)ز...................................١٢٧ |
| ٢٨. | تێبینی نووسەر...................................................١٢٨ |
| ٢٩. | میرنشینی ئەردەلاّن...............................................١٣٠ |
| ٣٠. | سەدەها ساڵ خۆ پاراستنی کورد.....................................١٣٦ |
| ٣١. | میرنشینی بابان...................................................١٣٨ |
| ٣٢. | مێژووی میرنشینی بابان............................................١٣٩ |
| ٣٣. | میرانی میرنشینی، ڕەواندز یان سۆران...............................١٥٠ |
| ٣٤. | میرنشینی ڕەواندز.................................................١٥٣ |
| ٣٥. | ئەنجومەنی سەربازی میر موحەمەدی ڕەواندز...........................١٦١ |
| ٣٦. | ئاشکراکردنی سەربەخۆیی میری ڕەواندز...............................١٦٣ |
| ٣٧. | دەوڵەتی کوردی میر موحەمەدی ڕەواندز...............................١٦٣ |
| ٣٨. | ئەو هۆیانەی کە یارمەتی میر موحەمەدیاندا..........................١٦٣ |
| ٣٩. | هێرشی دەوڵەتی عوسمانی بۆ کۆتایی هێنان بە دەسەلاّتی میر موحەمەدی ڕەواندز..........................................................١٧٤ |
| ٤٠. | هێرشی عوسمانییەکان لە بەهاری ساڵی (١٨٣٧)ز.........................١٨٠ |
| ٤١. | هێرشی عوسمانییەکان بۆ سەر شاری ڕەواندز و داگیرکردنی...............١٨٢ |
| ٤٢. | میرنشینی بۆتان لە (١٨٣٧-١٩٤٧)ز....................................١٨٩ |
| ٤٣. | بنەماڵەی میر بەردخان.............................................١٩١ |
| ٤٤. | خەباتی ئازادیخوازی میر بەدرخان...................................١٩٣ |

| | |
|---|---|
| ٤٥. | سەربەخۆیی میر بەدرخان......................................١٩٥ |
| ٤٦. | پەیمانی پیرۆز. ...............................................................١٩٨ |
| ٤٧. | هەنگاونان بۆ خۆ ئامادەکردن. ................................................١٩٨ |
| ٤٨. | هێزی دەریایی میر بەدرخان. ......................................................٢٠١ |
| ٤٩. | چاکسازی میر بەدرخان. ...........................................................٢٠٢ |
| ٥٠. | دەست تێوەردانی ئەمەریکا و ئەوروپا بۆ لە ناوبردنی دەوڵەتی کورد بۆتان٢٠٤ |
| ٥١. | هێرشی عوسمانییەکان کۆتایی میر بەدرخان..........................................٢٠٨ |
| ٥٢. | یەزدان شێرو ڕاپەرینەکەی ساڵی (١٨٥٣)ز...........................................٢١٣ |
| ٥٣. | شێخ عوبەیدوڵلای نایری یان شەمزینی لە ساڵی (١٨٨٠-١٨٨١)ز.............٢١٧ |
| ٥٤. | خۆ ئامادەکردنی شێخ عوبەیدوڵلای نایری بۆ ڕاپەرین و شۆڕش............٢١٩ |
| ٥٥. | کۆنگرەی نەتەوەیی کورد........................................................٢٢٧ |
| ٥٦. | ڕاپەرین و شۆڕشەکەی شێخ عوبەیدوڵلای نایری ساڵی (١٨٨٠) بۆ (٨٨١)ز....٢٣١ |
| ٥٧. | ڕاپەرین و ئازادکردنی شارەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان.........................٢٣٤ |
| ٥٨. | دبلۆماسیەتی شێخ عوبەیدوڵلای نایری. ...........................................٢٣٧ |
| ٥٩. | خـۆ ئامـادەکردنی هـەر دوو دەوڵـەتی عوسمـانی و ئێـران بـۆ لـە نـاوبردنی شۆڕشەکەی شێخ عوبەیدوڵلای نایری. .............................................٢٤١ |
| ٦٠. | بەرگریکردنی هەمزە ئاغای مەنگور و پیلانی کوشتنی.........................٢٤٤ |
| ٦١. | خۆ ئامادەکردنی شێخ عوبەیدوڵلا بۆ ڕاپەرین و شۆڕشێکی تر...............٢٤٦ |
| ٦٢. | خـۆ ئامـادەکردنی شـێخ عوبەیـدوڵلا بـۆ خـۆ ڕزگـارکردن لـە دەسـت بەسـەری تورکان. ................................... ...............................٢٤٨ |
| ٦٣. | جارێکی تر خۆ ئامادەکردنی دەوڵەتی عوسمانی و ئێران..................٢٤٩ |
| ٦٤. | خۆ بەدەستەوەدانی شێخ عوبەیدوڵلا بە دەوڵەتی عوسمانی.................٢٥١ |
| ٦٥. | سەرکەوتنی مستەفا کەمال ئەتاتورك و دامەزراندنی کۆماری تورکیای علمانی. ٢٥٤ |
| ٦٦. | دامەزرانـدنی حیزبـی تـەعالی کوردسـتان و بـەرپابوونی شۆڕشـی شـێخ سـەعیدی پیران. ........................................ ...............................٢٥٩ |
| ٦٧. | نەخـشە و پیلانـی مـستەفا کـەمال ئـەتاتورك بـۆ لـە نـاوبردنی شۆڕشـەکەی شـێخ |

| | |
|---|---|
| | سەعیدی پیران. ............................ ..................٢٦٣ |
| ٦٨. | گرتنی سەرکردایەتی حیزبی تەعالی کوردستان. ........................٢٦٦ |
| ٦٩. | شۆڕشی جەنەڕاڵ ئیحسان نوری پاشا. ................................٢٦٨ |
| ٧٠. | کورد وەکو نەتەوە. ..................................... ..........................٢٧٠ |
| ٧١. | ڕاپۆرتەکەی (A.W.C)نۆئێل. ..................................................٢٧٣ |
| ٧٢. | تێبینی نووسەر. ................................ ..................................٢٨٠ |
| ٧٣. | نەخشەی هاوپەیمانان و بەریتانیا بۆ ئایندەی عێراق و بارودۆخی سیاسی ساڵی (١٩١٩). .................................. ....................................٢٨١ |
| ٧٤. | ڕێکەوتنی بەریتانیا و فەرەنسا. ......................................................٢٨٤ |
| ٧٥. | لە ئێرال کراوزننەوە بۆ جێگری ئەدمیرال سێرجی ڕۆبیک. ئەستەنبۆل....٢٨٦ |
| ٧٦. | عەقید ویلسن مەندوبی سامی بەریتانی لە بەغدا...............................٢٨٩ |
| ٧٧. | شەریف پاشای خەندان و کۆنگرەی ئاشتی پاریس...............................٢٩٢ |
| ٧٨. | پەیمانی سیڤەر. ................................... ................................٢٩٥ |
| ٧٩. | دوورکەوتنەوەی جەنەڕاڵ شەریف پاشا لە نوێنەرایەتی کورد لە کۆنگرەی پاریس. ..............................؛ ....................................................٢٩٨ |
| ٨٠. | جارێکی تر شەریف پاشا لە ساڵی (١٩٤٥) لە باڵوێزخانەی بەریتانیا لە قاهیرە......٣٠١ |
| ٨١. | پەیمانی لۆزان. ........................................ ................................٣٠٤ |
| ٨٢. | پەیمانی سیڤەر و هەڵوێستی کورد و دەوڵەتانی هاوپەیمان. نووسەر.........٣٠٧ |
| ٨٣. | شێخ مەحمودی مەلیک و ڕاپەرین و شۆڕشەکانی.............................٣١١ |
| ٨٤. | کارەسات و ڕووداوەکەی موسڵ..................................................٣١٥ |
| ٨٥. | دەست بەکارکردنی شێخ مەحمود..................................................٣١٨ |
| ٨٦. | دەوڵەتی شێخ مەحمود و شێخان....................................................٣٢١ |
| ٨٧. | دەوری یەکەمی شێخ مەحمودی حوکمدار............................................٣٢٣ |
| ٨٨. | گەشتەکەی مێجەر نۆئێل و هەڵوێست و کارەکانی...............................٣٢٤ |
| ٨٩. | سلێمانی لە دوای ڕۆیشتنی مێجەر نۆئێل..........................................٣٢٧ |

| | |
|---|---|
| ٩٠. | شێخ مەحمود چی کرد بۆ خۆی و بۆ سلێمانی؟ ..........................٣٢٧ |
| ٩١. | یەکەم هەنگاوی ئینگلیز بۆ دوورخستنەوەی شێخ مەحمود..............٣٣٠ |
| ٩٢. | ڕۆیشتنی حاکمی گشتی بەریتانی (کۆلۆنیل وولسن)بۆ سلێمانی...............٣٣٢ |
| ٩٣. | ڕاپەرینی شێخ مەحمودو گرتنی شاری سلێمانی.........................٣٣٥ |
| ٩٤. | هێرشی لەشکری شێخ مەحمود بۆ گرتنی چەم چەماڵ و کەرکوك...........٣٣٦ |
| ٩٥. | کوردستان لە سێبەری پێسپاردندا..........................................٣٣٩ |
| ٩٦. | یاسای هەڵبژاردنەکان لە عێراق و کوردستان ساڵی (١٩٢٢)...................٣٤٢ |
| ٩٧. | هۆیەکانی هێنانەوەی شێخ مەحمود بۆ سلێمانی..........................٣٤٥ |
| ٩٨. | گەیشتنەوەی شێخ مەحمود بۆ سلێمانی...................................٣٤٨ |
| ٩٩. | شێخ مەحمود و ئاشکراکردنی خۆی بە مەلیکی کوردستان....................٣٥٠ |
| ١٠٠ | شێخ مەحمودی مەلیك چۆن پشتی لە ئینگلیزەکان کرد؟ ...................٣٥٧ |
| ١٠١ | نوێنەری مەلیك مەحمود بۆ لای مەندوبی سامی لە بەغدا.................٣٦٠ |
| ١٠٢ | هەوڵی مەندوبی سامی بەریتانی لە عێراق بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی کوردی.................................................................٣٦١ |
| ١٠٣ | بەیاننامەی مەندوبی سامی و حکومەتی عێراق دەربارەی حکومەتێکی کوردی لە ناو سنوری عێراق.................................................٣٦٣ |
| ١٠٤ | نوێنەری مەلیك مەحمود و ئاڵۆزبوونی ووتوێژەکان..........................٣٦٤ |
| ١٠٥ | نامەی مەلیك مەحمود بۆ مەندوبی سامی بەریتانی..........................٣٦٦ |
| ١٠٦ | ڕاپۆرتی سیخوری و بەیاننامەی هەڕەشە و ئاگاداری...........................٣٦٨ |
| ١٠٧ | بۆردوومانی شاری سلیمانی لەلایەن بەریتانیاوە لە (١٩٢٣/٣/١)................٣٧٠ |
| ١٠٨ | بەیاننامەی لێبوردن بۆ مەلیك مەحمود.......................................٣٧٣ |
| ١٠٩ | هەوڵێکی تر بۆ ئەوەی سلیمانی بخەنەوە سەر عێراق.......................٣٧٤ |
| ١١٠ | گەڕانەوەی مەلیك مەحمود بۆ دەسەڵات.......................................٣٧٧ |
| ١١١ | جیاکردنەوەی قەزا و ناحیەکان لە سلێمانی.....................................٣٧٨ |
| ١١٢ | مەلیك مەحمود چۆن دەستی هەڵگرت لە دەسەڵات و مەلیکی کوردستان؟..٣٧٩ |

| | |
|---|---|
| ١١٣. | ڕاپەرینی بەر دەرگی سەرای سلێمانی ساڵی (١٩٣٠)....................٣٨٤ |
| ١١٤. | ڕۆژی ٦ی ئەیلولی ساڵی (١٩٣٠) ..........................................٣٨٦ |
| ١١٥. | شەڕی بەر دەرگی سەرای سلێمانی ساڵی (١٩٣٠)........................٣٨٧ |
| ١١٦. | ڕاپەرینی مەلیك مەحمود لە ساڵی (١٩٣٠)...................................٣٨٨ |
| ١١٧. | هۆیەکانی سەرنەکەوتنی ڕاپەرین و شۆڕشەکانی مەلیك مەحمود.............٣٩٠ |
| ١١٨. | ڕای نووسەر لەسەر هۆیەکانی سەرنەکەوتنی مەلیك مەحمود.................٣٩٣ |
| ١١٩. | هەوڵێکی تری کورد. .................................................................٣٩٨ |
| ١٢٠. | لیژنەی دیاریکردنی سنوری وڵاتان.................................................٤٠٠ |
| ١٢١. | یاسایی زمانەکان. ....................... ..............................٤٠١ |
| ١٢٢. | جارێکی تر کێشەی کورد لە کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان.................٤٠٢ |
| ١٢٣. | سمایل ئاغای شکاك-سمکۆی شکاك کێیە؟.............................................٤٠٣ |
| ١٢٤. | یارمەتی سمکۆی شکاك و هاتنی بۆ سلێمانی.......................................٤٠٦ |
| ١٢٥. | سمکۆی شکاك و جەنگی جیهانی یەکەم.................................................٤٠٧ |
| ١٢٦. | سمکۆی شکاك و ڕاپەرینەکانی........................................................٤٠٨ |
| ١٢٧. | ڕاپەرین و شۆڕشی سمکۆی شکاك. ..................................................٤١٢ |
| ١٢٨. | شەڕەکانی ئازادکردنی شاری سابلاخ-مهاباد...........................................٤١٣ |
| ١٢٩. | نسکۆو شکستی شۆڕشەکەی سمکۆی شکاك............................................٤١٥ |
| ١٣٠. | کشانەوەی سمکۆی شکاك و پاشماوەی لەشکرەکەی بۆ ناو سنوری تورکیا.....٤١٨ |
| ١٣١. | لێبوردن بۆ سمکۆی شکاك و گەڕانەوەی بۆ گوندەکەی................................٤١٩ |
| ١٣٢. | گەڕانەوەی سمکۆی شکاك بۆ ناو تورکیا و سیاسەتی مستەفا کەمال ئەتاتورك.....٤٢١ |
| ١٣٣. | دوا هەوڵی سمکۆی شکاك لەگەڵ ڕوسیا. ...........................................٤٢٢ |
| ١٣٤. | ڕاپەرینی سمکۆی شکاك لە ساڵی (١٩٢٥). ..........................................٤٢٤ |
| ١٣٥. | پەیمانی ئێران و تورکیا ساڵی (١٩٢٦). ..............................................٤٢٥ |
| ١٣٦. | خۆ بەدەستەوەدانی سمکۆی شکاك. ....................................................٤٢٦ |
| ١٣٧. | بارزان و تیرەکانی بارزانیەکان. ........................................................٤٢٧ |

| | |
|---|---|
| ١٣٨. | کورتەیەك لە مێژووی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد لە ناوچەی بارزان...٤٢٨ |
| ١٣٩. | دەرکەوتنی شێخ ئەحمەد بارزانی...........................................٤٣١ |
| ١٤٠. | ڕاپەرینی شێخ ئەحمەد بارزانی لەساڵی (١٩٢٠-١٩٣٢)........................٤٣٣ |
| ١٤١. | مستەفا بارزانی کێیە؟.........................................................٤٣٥ |
| ١٤٢. | ڕاپەرینی مستەفا بارزانی ساڵی (١٩٣٥).......................................٤٤٠ |
| ١٤٣. | دامەزراندنی حیزبی هیوا.........................................................٤٤٣ |
| ١٤٤. | مستەفا بارزانی و شۆڕشی (١٩٤٣-١٩٤٥).......................................٤٤٥ |
| ١٤٥. | مستەفا بارزانی و پەیوەندی کردنی بە حکومەتی عێراقەوە.................٤٤٨ |
| ١٤٦. | مستەفا بارزانی و وتووێژکردن...................................................٤٥٤ |
| ١٤٧. | چالاکیەکانی حیزبی هیواو پەیوەندییەکانی......................................٤٥٥ |
| ١٤٨. | وەزارەتی نوری سەعید و هەوڵدانی وتووێژکردن................................٤٥٧ |
| ١٤٩. | مستەفا بارزانی و یەکەم چاوپێکەوتنی بە ماجد مستەفا......................٤٥٨ |
| ١٥٠. | حکومەتی عێراق و هەنگاونانی....................................................٤٦٠ |
| ١٥١. | مستەفا بارزانی و ڕۆیشتنی بۆ بەغدا...........................................٤٦١ |
| ١٥٢. | دەست هەڵگرتنی نووری سەعید لە پۆستەکە.....................................٤٦٣ |
| ١٥٣. | وەزارەتەکەی حەمەدی پاچەچی و گۆڕانکارییەکان..............................٤٦٥ |
| ١٥٤. | مستەفا بارزانی و گەڕان و سەردانەکانی بەناوچەکەدا.........................٤٦٧ |
| ١٥٥. | مستەفا بارزانی و پێکهێنانی لیژنەی ئازادی.....................................٤٦٨ |
| ١٥٦. | نامەی سەرۆکی حیزبی هیوا بۆ مستەفا بارزانی.................................٤٦٩ |
| ١٥٧. | وەڵامی لیژنەی ئازادی بۆ حیزبی هیوا...........................................٤٧٠ |
| ١٥٨. | مستەفا بارزانی و سەردانەکانی بۆ ناوچەکانی برادۆست و باڵەکایەتی.....٤٧٢ |
| ١٥٩. | کۆبوونەوەی گرنگی لیژنەی ئازادی...............................................٤٧٣ |
| ١٦٠. | نامەی حیزبی هیوا بۆ سەرکردایەتی شۆڕش.....................................٤٧٤ |
| ١٦١. | نامەی لیژنەی ئازادی بۆ حیزبی هیوا............................................٤٧٦ |
| ١٦٢. | مستەفا بارزانی و چاوپێکەوتنی بە نوێنەری باڵوێزخانەی بەریتانیا........٤٧٧ |

| | |
|---|---|
| ١٦٣. | دەست پێکردنەوەی پەیوەندیکردنی لەگەڵ مستەفا بارزانی............٤٧٨ |
| ١٦٤. | گەڕانەوەی ئەفسەرانی کورد بۆ بەغدا.................................٤٨٠ |
| ١٦٥. | مستەفا بارزانی و پەیوەندیکردنی بە سوپای سۆڤیەتەوە..................٤٨١ |
| ١٦٦. | چاوپێکەوتنی مستەفا بارزانی لەگەڵ پارێزگاری هەولێر..................٤٨٢ |
| ١٦٧. | مستەفا بارزانی و گەڕان و سەردانی بۆ ناوچەکانی موسڵ...............٤٨٣ |
| ١٦٨. | ڕووداو و کوشتنی وەلی بەگ...........................................٤٨٥ |
| ١٦٩. | شۆڕشی ساڵی (١٩٤٥)ی مستەفا بارزانی.................................٤٨٦ |
| ١٧٠. | هەڵوێست و دەست بەکاربوونی سەرکردایەتی شۆڕش.........................٤٨٨ |
| ١٧١. | بەرپابوونی شۆڕشی بارزانی ساڵی (١٩٤٥) و ئەنجامەکانی....................٤٨٩ |
| ١٧٢. | شەڕی بەناوبانگی مەیدانی مۆریك.......................................٤٩٠ |
| ١٧٣. | سەرکەوتنی شەڕی ئاکرێ.................................................٤٩٢ |
| ١٧٤. | بڕیاری کشانەوەی لەشکری پێشمەرگەی ئازادیخوازی کوردستان بۆ ڕۆژهەلاتی کوردستان.......................................................٤٩٤ |
| ١٧٥. | داگیرکردنی ڕۆژهەلاتی کوردستان........................................٤٩٧ |
| ١٧٦. | دامەزراندنی (ژ.ك)حیزبی دیموکراتی کوردستان............................٤٩٩ |
| ١٧٧. | قازی موحەمەدی پێشەوا و کۆماری کوردستان..............................٥٠٥ |
| ١٧٨. | ئاشکراکردنی کۆماری کوردستان..........................................٥٠٨ |
| ١٧٩. | ڕێکەوتنی ساڵی (١٩٤٤)ی نێوان ئێران و یەکێتی سۆڤیەت....................٥١٠ |
| ١٨٠. | پیلانی دەوڵەتی ئێران و پێکهاتنی لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت...................٥١٢ |
| ١٨١. | کۆماری کوردستان و کۆماری ئازربایجان.................................٥١٨ |
| ١٨٢. | داڕوخانی کۆماری کوردستان و لێقەومانی گەلی کورد........................٥٢٢ |
| ١٨٣. | دوا چاوپێکەوتنی قازی موحەمەدی پێشەوا بە مستەفا بارزانی...............٥٢٥ |
| ١٨٤. | خۆ بەدەستەوەدانی پێشەوا قازی موحەمەد بە ئەرتەشی ئێران و لە سێدارەدانی..............................................................٥٢٧ |
| ١٨٥. | وەسیەتەکەی قازی موحەمەدی پێشەوا....................................٥٢٩ |

| | |
|---|---|
| ١٨٦. | هۆیەکانی داڕوخانی کۆماری کوردستان لە مهاباد.......................٥٣٢ |
| ١٨٧. | ڕۆیشتنی مستەفا بارزانی بۆ تاران لە (١٩٤٦/١٢/٢١)..............................٥٣٩ |
| ١٨٨. | گەڕانەوەی مستەفا بارزانی و بارزانیان بۆ ناو سنوری عێراق..............٥٤١ |
| ١٨٩. | خۆ بەدەستەوەدانی ئەفسەرانی کورد بە عێراق..............................٥٤٥ |
| ١٩٠. | ڕۆیشتنی مستەفا بارزانی هەڤاڵانی بۆ یەکێتی سۆڤیەت.........................٥٤٧ |
| ١٩١. | ژیانی مستەفا بارزانی و هەڤاڵانی لە پاش پەڕینەوەیان لە ڕوباری ئاراس...٥٥١ |
| ١٩٢. | ڕۆیشتنی مستەفا بارزانی و هەڤاڵانی بۆ کۆماری ئۆزبەگستانی سۆڤیەت....٥٥٥ |
| ١٩٣. | گەیشتنی نامەی مستەفا بارزانی بە مۆسکۆ و کاریگەری کردنی.............٥٥٨ |
| ١٩٤. | ڕۆیشتنی مستەفا بارزانی ساڵی (١٩٥٣)بۆ مۆسکۆ...............................٥٥٩ |
| ١٩٥. | عەبدولڕەحمان قاسملۆ و ڕاپەرین و شۆڕش.......................................٥٦٤ |
| ١٩٦. | ڕۆژهەلاتی کوردستان لە پاش کۆماری کوردستان لە مهاباد.................٥٦٩ |
| ١٩٧. | دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە (١٩٤٦/٨/١٦)...................٥٨٠ |
| ١٩٨. | کۆنگرەی سێی پارتی دیموکراتی کوردستان.........................................٥٨٣ |
| ١٩٩. | هاتنەوەی مستەفا بارزانی لە یەکێتی سۆڤیەت...............................٥٨٧ |
| ٢٠٠. | کۆنگرەی چواری پارتی دیموکراتی کوردستان.......................................٥٩٢ |
| ٢٠١. | سەردانی مستەفا بارزانی بۆ کەرکوك و ڕزگاربوونی لە پیلانی کوشتن......٥٩٤ |
| ٢٠٢. | کۆنگرەی پێنجەمی پارتی دیموکراتی کوردستان....................................٥٩٦ |
| ٢٠٣. | مۆڵەت و ماوەدان بە پارتی دیموکراتی کوردستان.................................٥٩٧ |
| ٢٠٤. | عەبدولکەریم قاسم کێیە؟..............................................................٦٠١ |
| ٢٠٥. | خەباتی ئازادیخوازی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پاش بەرپابوونی شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ساڵی (١٩٥٨)...................................................٦٠٧ |
| ٢٠٦. | چۆن شۆڕشی ئازادیخوازی کورد دەست پێ کرد؟...............................٦١٠ |
| ٢٠٧. | خۆ ئامادەکردنی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ خەباتی چەکداری.........٦١٥ |
| ٢٠٨. | ڕاپەرینی گەلی کورد لە ڕۆژی ١١ی ئەیلولی (١٩٦١)لە دەربەندی بازیان، ناوچەی سۆران.........................................................................٦١٨ |

| | |
|---|---|
| ٢٠٩. | بەشداربوانی شەڕی دەربەندی بازیان. ....................٦٢١ |
| ٢١٠. | ڕاپەرینی گەلی کورد لە ڕۆژی ١١ی ئەیلولی (١٩٦١)لە ناوچەی بادینان.......٦٢٣ |
| ٢١١. | دارایی و ئابووری شۆڕشی ئەیلولی ئازادیخوازی کورد.................٦٢٨ |
| ٢١٢. | کودەتای ٨ی شوباتی (١٩٦٣)...............٦٣١ |
| ٢١٣. | بەیاننامەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکانی هاونیشتمانیە کوردەکان.......٦٣٨ |
| ٢١٤. | کۆنگرەی کۆیە (کویسنجاق)لە (١٧-١٩ئازاری ١٩٦٣)..........٦٤١ |
| ٢١٥. | چاوپێکەوتنی سەرۆکی نوێنەرانی کورد بە جەمال عەبدولناسر لە قاهیرە..٦٤٤ |
| ٢١٦. | یادنامەی سەرۆکی نوێنەرانی کورد بۆ نوێنەرانی عێراق لە وتووێژکردنی قاهیرە.....٦٤٦ |
| ٢١٧. | پرۆژەی ڕاستەوەکراوی کورد......٦٤٩ |
| ٢١٨. | شکستهێنانی یەکێتی سێ قۆڵی عەرەبی و شەڕی کوردستان ساڵی (١٩٦٣)....٦٥٧ |
| ٢١٩. | کودەتای ١٨ی تشرینی دووەمی ساڵی (١٩٦٣)........ ...٦٦١ |
| ٢٢٠. | بەیاننامەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش دەربارەی بڕیاری ئاشتی لە باکووری وڵات.....٦٦٣ |
| ٢٢١. | دووبەرەکی نێوان مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرۆکی پارتی مستەفا بارزانی......٦٦٦ |
| ٢٢٢. | نامەی مستەفا بارزانی بۆ جەلال تاڵەبانی.....٦٧٨ |
| ٢٢٣. | کۆنگرەی شەشی پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی.....٦٨٠ |
| ٢٢٤. | هێرشی مستەفا بارزانی و کشانەوەی کۆمەڵی مەکتەبی سیاسی کۆن بۆ ناو ئێران.....٦٨٢ |
| ٢٢٥. | ئەنجامی دووبەرەکی نێوان مەکتەبی سیاسی و مستەفا بارزانی.....٦٨٤ |
| ٢٢٦. | ڕۆیشتنی کۆمەڵی مەکتەبی سیاسی کۆن بۆ ئێران و گەڕانەوەیان.....٦٨٦ |
| ٢٢٧. | شەڕی شاخی هەندرێن.....٦٨٨ |
| ٢٢٨. | بەیاننامەی (٢٩)ی حوزێرانی ساڵی (١٩٦٦).....٦٩١ |
| ٢٢٩. | بروسکەی مستەفا بارزانی بۆ سەرۆک کۆمار و سەرۆک وەزیرانی عێراق..٦٩٥ |

| | |
|---|---|
| ٢٣٠. | بەیاننامەی ١١ی ئازاری (١٩٧٠)..........................................٧٠٣ |
| ٢٣١. | کەم و کورتییەکانی بەیاننامەی ١١ی ئازاری (١٩٧٠)..............................٧٠٨ |
| ٢٣٢. | یەك گرتنەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان..............................٧١٢ |
| ٢٣٣. | بەیاننامەی پارتی و شۆڕشگێڕی کوردستان..............................٧١٢ |
| ٢٣٤. | بەیاننامەی پارتی دیموکراتی کوردستان..............................٧١٥ |
| ٢٣٥. | هەنگاوەنانی حکومەتی عێراق بۆ هێمن کردنەوەی گەلی کورد................٧١٨ |
| ٢٣٦. | هەنگاوەنانی حکومەتی عێراق بۆ جێبەجێکردنی پیلان و نەخشەکانی.....٧٢١ |
| ٢٣٧. | کەڵك وەرگرتنی حکومەتی عێراق لە ڕاوەستانی چوار ساڵ شەڕ.............٧٢٦ |
| ٢٣٨. | چۆن شەڕی ئازاری ساڵی (١٩٧٤)دەستی پێ کرد؟..............................٧٣٠ |
| ٢٣٩. | دەست پێکردنەوەی شەڕی کوردستان ساڵی (١٩٧٤)..............................٧٣٣ |
| ٢٤٠. | پێکهاتنی ٦ی ئازاری (١٩٧٥)ی جەزائیر لە نێوان سەدام حوسێن و شای ئێران.......٧٣٨ |
| ٢٤١. | خاڵە نهێنییەکانی پێکهاتنەکەی ٦ی ئازاری (١٩٧٥)کە بڵاو نەکرایەوە......٧٤٠ |
| ٢٤٢. | ڕۆیشتنی مستەفا بارزانی بۆ تاران چاوپێکەوتن بە شای ئێران..........٧٤٢ |
| ٢٤٣. | زیانەکانی حکوومەتی عێراق لە شەڕی کوردستان لە (١٩٧٤/٤/١٣) و (١٩٧٥/٣/١٣)..............................٧٤٨ |
| ٢٤٤. | ئاوڕێك بۆ دواوە..............................٧٤٩ |
| ٢٤٥. | گەلی کوردستان و دیمەنی هەرەس هێنانی شۆڕشی ئەیلول..............٧٥١ |
| ٢٤٦. | ڕەفتارەکانی حکومەتی عێراق بەرامبەر بە گەلی کورد لەپاش هەرەس هێنانی شۆڕشی ئەیلول..............................٧٥٤ |
| ٢٤٧. | مەسعود بارزانی و شۆڕشی گوڵانی ئازادیخواز..............................٧٥٩ |
| ٢٤٨. | شۆڕشی گوڵانی ئازادیخوازی کوردستان..............................٧٦٦ |
| ٢٤٩. | جەلال تاڵەبانی و شۆڕشی نوێی کوردستان..............................٧٧١ |
| ٢٥٠. | شۆڕشی ئازادیخوازی نوێی کوردستان..............................٧٧٦ |
| ٢٥١. | بەرەی کوردستان..............................٧٧٨ |
| ٢٥٢. | جەنگی عێراق و ئێران..............................٧٨٠ |
| ٢٥٣. | ئەنفالکردنی پیاوانی بارزانیان..............................٧٨٤ |

| | | |
|---|---|---|
| .٢٥٤ | ئەنفالکردنی ساڵی (١٩٨٨)کورد. | ..........................................................٧٨٦ |
| .٢٥٥ | کیمیابارانی شاری هەڵەبجە لە (١٩٨٨/٣/١٦). | ...........................................٧٨٩ |
| .٢٥٦ | ئەنفال و کیمیابارانی ناوچەی بادینان. | ...................................................٧٨٩ |
| .٢٥٧ | داگیرکردنی کوێت لەلایەن عێراقەوە. | ......................................................٧٩١ |
| .٢٥٨ | ڕاپەرینی گەلی کورد لە بەهاری ساڵی (١٩٩١). | ...........................................٧٩٩ |
| .٢٥٩ | کۆڕەوی ملیۆنی کورد لە بەهاری (١٩٩١). | .................................................٨٠٥ |
| .٢٦٠ | یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان. | ................................................٨١١ |
| .٢٦١ | عەبدوڵلا ئۆجلان و شۆڕشی باکووری کوردستان. | .......................................٨١٦ |
| .٢٦٢ | (P.K.K)و شۆڕشی باکووری کوردستان. | ....................................................٨١٨ |
| .٢٦٣ | عەبدوڵلا ئۆجلان و لێقەومانەکەی. | ........................................................٨٢٣ |

# بەناوی خودای لێبورو بە بەزەیی

**پێشکەشە:**

*ئـــەم کتێبـــە پێـــشکەشە بـــە گیـــانی پـــاکی ئـــەو ســـەرۆك و ســـەرکردانە کـــە رێـــڕەوی خـــەباتی ئـــازادیخوازی کوردیـــان دامەزرانـــد و کۆڵیانـــەدا و خۆیـــان بـــەخت کـــرد لـــە پێنـــاوی ئـــازادیو ســـەرفەرازی میللەتی کورد و کوردستان.

*پێـــشکەشە بـــەگیانی پـــاکی هـــەموو شـــەهیدانی ڕێگـــای ئـــازادی کورد و کوردستان.

*پێـشکەشە بـەو کەســانەی کـە لـە ڕۆژانــی ســەخت و دژواردا بــە نـوکی قەڵەمــەکانیان توانــای خۆیــان خـستەکار بـۆ خزمــەتی کێـشەی نەتەوەی کورد و خەباتی ئازادیخوازەکەی.

*پێـشکەش بـە هــەموو ڕۆشــنبیران و خوێنــەرانی کــورد. ئەوانــەی کــە مەبەســتیان لــە خوێندنــەوە وەرگــرتنی زانــست و شــارەزاییە لــە مێژووی نەتەوەکەیاندا و دەیگەیەنن بە نەوەکانی داهاتوویان.

***نەجم سەنگاوی***



نەجم سەنگاوی لە ڕۆژی (٢٠١٢/١١/١٨)لە بەردەم قەڵای دێرینی هەولێر پایتەختی باشووری کوردستان.

# نەجم سەنگاوی لە چەند دێڕێکدا

نەجم سەنگاوی ناوی نەجم فارس ئاغامیر زۆراب جەمشیرە. لەدایك بووی ساڵی (١٩٤٥)لە دێی (گوندی)کانی مامەی سەر بە ناحیەی سەنگاو-قەزای چەم چەماڵ-پارێزگای کەرکوك. لە عەشیرەتی (جاف)تیرەی (چنگنی)یە. وشەی چنگنی بە زاراوەی جافی یانی بەدەست و برد، لە پەراوە فەرمیەکاندا ناوی نەجم حوسێن فەرەج ئاغامیرە لەدایك بوی گوندی ناوبراو.

لەسەر ژمێرە گشتیەکەی عێراق لەساڵی (١٩٥٧)بەناوی حوسێن فەرەج ئاغامیر ئامۆزایەوە ناونووس کراوە و ماوەتەوە لە پەڕاوە فەرمیەکاندا.

لەساڵی (١٩٤٧)ماڵی باوکی بە خێزانەوە بار دەکەن بۆ شاری کەرکوك و لە ساڵی (١٩٥٥)دەگەڕێنەوە بۆ دێی کانی مامە. بۆ جاری دووەم لە ساڵی (١٩٥٧)لەپاش سەر ژمێرە گشتییەکەی عێراق دەگەڕێتەوە بۆ شاری کەرکوك.

نەجم سەنگاوی بەبێ قوتابخانە فێری خوێندن و نووسین دەبێت لە حمەکەریمی برایەوە کە لە خۆی گەورەتر بوو لە قوتابخانەی شەوان دەیخوێند لە کەرکوك.

لە ساڵی (١٩٥٩)نەجم سەنگاوی لەگەڵ ماڵی برا گەورەکەیدا بە ماڵەوە دەڕۆن بۆ شاری بەغداو لەوێ نیشتەجێ دەبن. لە هەمان ساڵدا نەجم سەنگاوی دەڕوات بۆ قوتابخانەی(الفیلیە الاهلیە)و داوای تاقیکردنەوەیان لێ دەکات بۆ ئەوەی کە لە پۆلێکدا وەری بگرن و دەست بە خوێندن بکات. تاقی دەکەنەوە و لە پۆلی دووی سەرەتایی وەری دەگرن و دەست بە خوێندن دەکات. بۆ ساڵی دووەم دیسانەوە داوای تاقی کردنەوە دەکات لە قوتابخانەکەی و لە پۆلی چواری سەرەتایی وەری دەگرن و چوار پۆل بە دوو ساڵ دەبڕێت و بەردەوام دەبێت لە خوێندن لە هەردوو قوتابخانەی سەرەتایی و ئامادەی (الفیلیة الاهلیة)لە بەغدا دەخوێنێت بە زمانی عەرەبی، وە بە ڕۆژیش کار دەکات لەگەڵ برا گەورەکەیدا، پاشان لە بەشی دروستی ئاژەڵ لە بەغدا وەردەگیرێت و تەواوی دەکات و لە ساڵی (١٩٧١)دادەمەزرێت لە نەخۆشخانەی دروستی ئاژەڵ لە کەرکوك، وە چەند جارێك دەیگوێزنەوە بۆ چەم چەماڵ و ئاغجەلەر قادر کەرەم. لەساڵی (١٩٧٦)بە بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بەشی کاروباری باکوور ژمارە (٣٧٨٦/١٠) لە (١٩٧٥/١٢/١٧) دووری دەخەنەوە بۆ پارێزگای ئەنبار (ڕۆمادی)و دەینێرن بۆ ناحیەی (الصقلاوە)بەهۆی کوردایەتی و شۆڕشی ئەیلولەوە. لەساڵی (١٩٧٩) لەپاش هەوڵێکی زۆر دیسانەوە بە بڕیاری ئەنجومەنی ناوبراو دەیگوێزنەوە بۆ ناحیەی (سەنگاو) و دوایش بۆ چەم چەماڵ.

لە ساڵی (٢٠٠٠) لە ئەنجامی فشاری ڕامیاری و دوو بەرەکی ناچار دەبێت هەرچی هەبوو لە ماڵ و خانوو دەیان فرۆشێت و بە خێزانەوە دەڕوات بۆ تورکیا و لەوێوە بۆ ئەڵمانیا و لە شاری (هایلبرۆن)نیشتەجێ دەبێت. لە (٢٠١٢/٤/٥) بە خێزانەوە دەگەڕێتەوە بۆ کوردستان و لە شاری هەولێر نیشتەجێ دەبێت بۆ زیاتر ناسین و شارەزایی سەیری مێژووی ژیانەکەی بکەن لە کتێبی (خۆشەویستی لە ناخەوە)ئیتر سوپاس بۆ ئێوەی خوێنەر.

***شوان نەجم سەنگاوی***

# پێشەکی نووسەر

میللەتی کورد نەتەوەیەکی ڕەسەن و زیندووەو خاوەن زمان و کلتوورو هەڵسوکەوتی تایبەتی کۆمەڵایەتی خۆیەتی. وە بە درێژی زەمان و مێژوو شانازی پێوە کردوە لە هەموو بارودۆخێکی ڕۆژگار و ژیاندا. بۆیە هەتاکو ئێستا ماوە و نەتواوەتەوە لە ناو بۆدەقی زیاتر لە هەزارو چوار سەد ساڵەی دەسەلاّتی عەرەبی ئیسلامی و (١٥٢)ساڵەی دەسەلاّتی مالیکە تورکەکانی دوای دەسەلاّتی (تۆران شای ئەیووبی)و زیاتر لە شەش سەد ساڵەی دەسەلاّتی دەوڵەتی خەلافەتی عوسمانی تورکی بەسەر زۆربەی ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست و بەشێك لە ئەورووپا بە ناوی ئیسلامەوە. وە زیاتر لە دوو هەزار ساڵ دەسەلاّتی ئیمپراتۆریەتی فارس لە بەشی ڕۆژهەلاّتی کوردستان. گەلی کورد توانیویەتی مانەوەی خۆی و زمانەکەی و نیشتیمانەکەی و کلتوورو ڕەوشتی کوردایەتی خۆی بپارێزێت و نەتوێتەوە لە ناو بۆدەقی سێ نەتەوەی جیاوازی ڕەگەزپەرستی نا کورد و و داگیرکەری نیشتیمانەکەی، وەکو عەرەب و تورك و فارس. لەگەڵ ئەوەی کە زۆر هەوڵیانداوە بۆ تواندنەوە و نەمانی گەلی کورد لە ناو خۆیاندا بە ڕێگای بە عەرەب و تورك و فارس کردن. وە گۆڕینی ناوی زۆر لە شار و شارۆچکە و گوند و شاخەکانی کوردستان بۆ سەر ناوی عەرەبی و تورکی و فارسی، وە چەندین گەلەکۆمەو پیلانیان کردوە لە ناو خۆیاندا بۆ سەرکوتکردنی گەلی کورد و لە ناوبردنی میرنشین و شۆڕش و ڕاپەرینەکانیان هەر لە کۆنەوە هەتاکو ئەمڕۆ.

گەلی کورد هەر وەکو نەتەوەکانی جیهان خاوەنی مێژووی بە سەرهاتی خۆی بووە لە هەموو سەردەمێکدا. بۆ نموونە:- لەسەردەمی دەوڵەتی ئەیووبی و سەلاحەددین ئەیووبیدا زاناو بەتوانای کورد (شەدادی کوردی)مێژوونووسی ئەو سەردەمە بووە و باسی کورد و بنەماڵەی ئەیووبی و سەلاحەددین و چۆنیەتی

دامەزراندنی دەوڵەتی ئەیووبی كوردی كردوە لەگەڵ ئازاردكردنی شاری قودس و شەڕو سەركەوتنەكانی سەلاحەددین ئەیووبی لەگەڵ خاچپەرستانی ئەوروپا و وتوێژەكانیان و دەسەلأتی كورد لەو سەردەمەدا لە ولأتانی ئیسلامی و كوردستان. زۆر شارەزایی و زانیاری تیادابووە دەربارەی كورد و دەوڵەتی ئەیووبی. بەلأم مەمالیكە توركەكان لە دوای كوشتنی (تۆران شای ئەیووبی)و كۆتایی هێنان بە دەسەلأتی بنەماڵەی ئەیووبی سەدو پەنجاو دوو ساڵ حوكمڕانیان كردو هەموو ئەو نووسین و سەرچاوانەیان سوتاند و لە ناویاندن:

لە دوای مەمالیكەكانیش عوسمانییەكان دەسەلأتی رۆژهەلأت و كوردستانیان گرتە دەست و زیاتر لە شەش سەد ساڵ حوكمڕانیان كرد. ئەو كتێب و نووسراوانەی كە مابوون یان دەنووسرانەوەو بۆنی رابوردوی كوردی لێبهاتایە دەیان سوتان و لە ناویان دەبرد.

هەروەها مێژوونووسی میرنشینی ڕەواندز (ئۆكایە)خاوەنی كتێبی (مالیخا)باسی كوردو بنەماڵەی میر موحەمەدی ڕەواندز و دامەزراندنی میرنشین و دەوڵەتەكەی میر موحەمەد و دامەزاندنی سوپا و كارگەی تۆپ و چەك دروستكردن و دارشتنی پارەی كوردی و دەسەلأت و بارودۆخی ئەو سەردەمەی كردوە. هەر وەكو یاداشتەكانی رەفیق حلمی و ئەحمەد خواجە لە سەردەمی مەلیك مەحمود و حكومەت و شۆڕشەكانی كە باسیان كردوە.

ئەو كتێبە مێژوویانەی كە ماون و بە كۆنترین سەرچاوەی كوردی ئەژمار دەكرێن (شەرفنامەی شەرفخانی بەدلیسیە) كە لە ساڵانی (١٦٠٣-١٦٠٤ز) نووسیویەتی بە زمانی فارسی و وەرگێڕاوەتە سەر زمانەكانی ڕوسی و فەرەنسی و توركی و عەرەبی و كوردی و چەند زمانێكی تر. وە دەست نووسەكانی شەرفخان پارێزراون لە (مۆزەخانەكانی)ڕوسیا و فەرەنسا و بەریتانیا و توركیا. شەرفخانی بەدلیسی كوڕی یەكێك لە میرە كوردەكانی بەدلیسی بووەو لە دەوڵەتی ئێران و لە كۆشكی پاشای ئێراندا گەورە بووە و خوێندویەتی لەگەڵ مندالأنی پاشا و میرەكانی ناو كۆشكی شای ئێران و لە پاشدا بووە بە یەكێك لە میرەكانی دەوڵەتی ئێران، بەلأم شەرەفخان

نەتەوەکەی خۆی لەبیر نەکردوەو یەکەم کەس بووە کە دەستپێشخەری هەموو مێژوونووسانی کورد و نا کوردی پێش خۆی کردوە بۆ نووسینی مێژوویی گەلەکەی و (شەرەف نامە)ی نووسیوەتەوە.

لە ساڵی (١٩٣١) زانا و پایە بەرزی کورد(موحەمەد ئەمین زەکی بەگ)مێژووی کورد و کوردستانی نووسیوە. وە لە ساڵی (١٩٣٨) حوسێن حوزنی مۆکریانی (کوردستان مۆکریانی)نووسیوە لە سەرەتای مێژوو هەتا سەیفەدین مۆکری لە ساڵانی (١٤٦٦ن) بلاو کردەوە.

وە ئەو سەرچاوانەش کە کورد نەیانی نووسیوە و باسی کورد دەکەن بە تایبەتی کتێبە مێژوییە عەرەبی و تورکی و فارسیەکان بۆمان دەردەکەوێت کە هەتا چ رادەیەك رەگەز پەرستیان پێوە دیارە و کاری کردۆتە سەر نووسینەکانیان و ووژدانیان خستۆتە لاوە و لە زۆر شوێن بوختان و سوکایەتی دەدەنە پاڵ کوردو مێژوو و نەتەوەکەی.

کتێب و سەرچاوەکانی مێژوونووسان و گەڕیدەکانی ئەوروپا و روسیا، کۆمەڵێکی ترمان هەیە لە کتێب و سەرچاوەکان دەربارەی مێژووی کورد و کوردستان کە٬ نووسەرەکانیان رۆژهەلاَت ناس و گەڕیدەو رۆژنامەنووسان و کوردناسان و ئەفسەرانی روسیاو بەریتانیای داگیرکەرو سیخوری دەوڵەتە زل هێزەکان کە لە پێش جەنگی جیهانی یەکەم بلاوبونەوە لە رۆژهەلاَتی ناوەراستدا بۆ وەرگرتنی زانیاری و شارەزایی هاتوون بۆ کوردستان و بەپێی بارودۆخ و ئەو ماوەی کە لە کوردستاندا بوون و بەپێی بۆچوون و مەبەستی خۆیان لەسەر کورد و کوردستان نووسیویانەتەوە و بلاویان کردۆتەوە، لەگەڵ هەندێك بەرهەم و کتێبی ئەکادیمی رووسی و فەرەنسی، کە ئەوانیش نەیان توانیوە وەکو پێویست هەموو شتێك بنووسنەوە و بیخەنە پێش چاوی خوێنەر.

لە دوای ساڵانی (١٩٥٠ن) بلاوبوونەوەی بیروباوەری مارکیزم و شوعیەت و چەپ و علمانیەتی نوێ کاریان کردە سەر، بیروبۆچوونی هەندێك لە مێژوونووسان و

رۆشنبیرانی كورد بەرامبەر بە سەلاحەددین ئەیووبی و دەوڵەتی كوردی ئەیووبی.

(بۆیە دەڵێم دەوڵەتی ئەیووبی كوردی هەموو مێژوونووسان رێكن و یەك دەنگ لەسەر ئەوەی كە دەوڵەت بەناوی نەتەوەی دامەزرێنەكەیەوە ناو ببرێت)لە راوبۆچوونەكانیاندا و نووسینەكانیاندا دەڵێن سەلاحەددین ئەیووبی چی بۆ كورد كردوە؟ بەبێ ئەوەی كە ئاوڕ بدەنەوە لە سەرەتای دروست بوونی بنەماڵەی ئەیووبی و چۆنیەتی دەركەوتنیان و دامەزراندنی دەوڵەتی ئەیووبی و شوێن و جێگای دامەزراندنی و دەسەلاتی كورد لە میسرو سودان و یەمەن شام. كە هەموو پاشا و قازی و سەركردەكانی سوپای دەوڵەتی ئەیووبی كوردی كورد بوون لە هەموو ئەو ولاتانەی كە لەژێر دەسەلاتیاندا بووە.

وە هەموو میرنشیەكانی باكوور و باشوور و رۆژئاوای كوردستان لەژێر سایەی دەوڵەتی مەزنی كوردی ئەیووبیدا سەربەخۆبوون، وە هەمو میر و دەسەلاتدارەكانیان كورد بوون و خەڵكی ناوچەكانی خۆیان بوون، وە شانازییان دەكرد بە سەلاحەددین و دەوڵەتی ئەیووبییەوە، و هەموویان بەبێ شەڕو بەرگری كردن پێشوازیان كرد لە فەرمانی سەلاحەددین و چوونە ژێر ئالاكەیەوە.

هەروەها مێژوونووسان و رۆشنبیرانی كورد ئەوەیان لەبەر چاو نەگرتوە كە لە دوای كوشتنی (تۆران شای ئەیووبی) بەدەستی مامەلیكە توركەكان (١٥٢)ساڵ حوكمرانییان كردوە و مێژوو و كلتووری ئەیووبییەكانیان لەناو بردوە و سووتاندویانە، لە دوای مەمالیكەكانیش عوسمانییەكان هاتنە سەر حوكم و دەسەلاتیان گرتە دەست و زیاتر لە شەش سەد ساڵ حوكمرانی جیهانی ئیسلامی و بەشێك لە ئەوروپایان كردوە بەناوی خەلافەتی ئیسلامەوەو ناوی زۆربەی شار و شارۆچكە و گوندو شاخ و كێو و ناوچەكانی كوردستانیان گۆڕیوە لە ناوە كوردیەكانیانەوە بۆ سەر ناوی توركی كە تاوەكو ئێستاش هەر بەو ناوە توركیانەوە ماون، وە عوسمانییەكان لە ماوەی ئەو شەش سەد ساڵەی حوكم و دەسەلاتیاندا ئەوەی مێژوو و كلتوری كورد بوو هەموویان لە

ناوداو فەوتانیان، مێژوونووسان و ڕۆشنبیرانی کورد هیچ لە ئەمانەیان بەرچاو نەگرتووە و کتێب و نووسراوێکیان نییە دەربارەی ئەو بنەماڵە بەرێزەو ئەو کەڵە پیاوە بێ وێنەیەی وەکو سەلاحەددین ئەیووبی و دەوڵەتی ئەیووبی کوردی و جۆری دەسەلات و سەرکەوتنەکانی.

لەگەڵ ئەوەشدا ددانی خێری پیادا نانێن و بە کەم سەیری دەکەن و لە نرخ و بایەخی کەم دەکەنەوە.

هەر لەبەر ئەوەی کە موسڵمانەو بەرگری کردوە لە ڕۆژهەڵات و سنوری دەسەلات و دەوڵەتەکەی دژی داگیرکەرانی ئەوروپای خاچ پەرست کە هەزاران کلیۆ مەتریان بڕیوەو لە کیشوەرێکی ترەوە هاتوون بۆ داگیرکردنی وڵاتەکەی.

سەلاحەددین ئەیووبی لەدوای ساڵێك بە تەواو بوونی جەنگی خاچپەرستانی ئەوروپا کۆچی دوایی کردو مردن ماوەی پێ نەداوە کە بزانین چی، تر بۆ کورد دەکات لە دوای جەنگەکەی وە مێژوونووسان و ڕۆشنبیرانی کورد باسی ئەوەش ناکەن کە سەرکردەیەکی کورد سەرکەوتووە بەسەر پاشایانی ئینگلتەرەو فەرەنساو ئەڵمانیاو ملی پێیان کەچ کردووەو بە شکستی گەڕاونەتەوە بۆ وڵاتەکانی خۆیان و مێژوویەکی پڕ لە شکۆ و سەروەری بۆ خۆی تۆمار کردوەو کوردی بە هەموو ئەوروپاو جیهان ناساندوە، وە منەتی هەیە لەسەر هەموو عەرەب و جیهانی ئیسلامی بە ئەوەی کە ڕزگاری کردوون لە داگیرکەرانی ئەوروپاو خاچپەرستان، لەگەڵ ئەوەی کە کارێکی هاو ئایینی و مرۆڤایەتیە کردویەتی.

پرۆفیسۆر و مێژوونووس (دکتۆر جەمال نەبەز)لە سیمینارێکدا لە ئەڵمانیا لە شاری بەرلین ددانی بە ئەودا ناو گوتی:

من لە ماوەی سیی ساڵەی ڕابوردودا دژی سەلاحەددین ئەیووبی قسەم دەکردو دەمگوت سەلاحەددین ئەیووبی لە ماوەی دەسەلاتیدا هیچی بۆ کورد نەکردوە.

بەلام کاتێك کە هاتم بۆ ئەوروپا بۆ خوێندنی دکتۆراکەم و تیکەڵی مێژوونووسان و شارەزایانی مێژوو و ڕۆشنبیرانی ئەوروپا بووم و باسی سەلاحەددین ئەیووبی دەهاتە کایەوەو باس دەکرا، بۆم دەرکەوت ئەوەی کە من باسم کردوە دژی

سەلاحەددین ئەیووبی و گوتومە، هەڵە بووم و لێی پەشیمانم، چونکە لێرە لە ئەوروپا بۆم دەرکەوت کە سەلاحەددین ئەیووبی چ کەڵە پیاوێکی کوردەو کوردی بە ئەورووپاو جیهان ناساندوە.

وە هەموو مێژوونووسان و شارەزایانی مێژوو لە ئەوروپا یەك دەنگن لەسەر کوردی سەلاحەددین ئەیووبی و ئازایەتی و ڕەوشت بەرزی و مرۆڤایەتی لە جەنگدا بەرامبەر بە دوژمنانی، و پاراستنی زمان و جل و بەرگ و کلتوورو ڕەوشتی کوردایەتی خۆی.

بەبۆچوونی من ئەوەی کە ماوەو دەبێ بکرێت بۆ نووسینەوەی مێژوویەکی پوختەو دروست و بەجێ بۆ کوردو سەلاحەددین ئەیووبی ئەوەیە کە دەبێ هەموو سەرچاوە کۆنەکانی کوردی و عەرەبی و تورکی و فارسی و سەرچاوەکانی ئەوروپی و ڕۆژهەلات ناس و کورد ناسان کۆبکەینەوەو بیان خوێننەوەو لەهەر کتێبێك چەند دێرێك ئەوانەی کە پەیوەندیان هەیە بە مێژووی کوردەوە کۆیان بکەینەوەو لە دوای هەڵسەنگاندن، گوڵچن بکرێن و بدرێتەوە دەم یەك و باس و ڕووداوە مێژوویەکانی کوردی لێ بنووسرێتەوە، بۆ نموونە: هەموو ئەو کتێب و سەرچاوە مێژوویانەی کۆنی مێژوونووسانی عەرەب و تورك و فارس، کە نووسیویانە لەسەر سەلاحەددین ئەیووبی باسی ئەوە ناکەن و ناڵێن سەلاحەددین ئەیووبی کورد بووە خۆی و بنەماڵەو نەتەوەکەی ڕۆژهەلات و ولاتانی موسڵمانانیان ڕزگار کردوە و پاراستووە لە دەستی داگیرکەرانی ئەوروپا، وە باسی ئەوە ناکەن و ناڵێن سوپاکەی شێرکۆ و سەلاحەددین ئەیووبی کە جاری سێیەم ڕۆیشتن بۆ میسر پێکهاتبوون لە هەشت هەزار جەنگاوەری کوردو هەمو سەرکردەکانیشیان کورد بوون.

تەنها دەڵێن بنەماڵەی سەلاحەددین ئەیووبی لە باکووری عێراقەوە لە نێوان هەولێر و ئازربایجانەوە هاتوون بۆ تکریت و دوایی بۆ موسڵ و شام و میسر.

هەروەها دەڵێن سەلاحەددین ئەیووبی خۆی و خێزانەکەی و سەرکردەکانی سوپاکەی لە ناو خۆیاندا بە زمانێك قسەیان دەکرد کەس لێیان تێ نەدەگەیشت، ناڵێن و نەیان نووسیوە بە کوردی قسەیان دەکرد لە ناو خۆیاندا،

وە نووســـیویانە و دەڵــێن ســـەلآحەددین ئـــەیووبی خـــۆی و ئـــەو لەشـــکرەی کـــە لەگەلیـــدا هـــاتبوون (شـــروال)یـــان لـــەپێ دەکـــردو پـــشتێنی قوماشـــیان دەبەســـتە پـــشتیان و نـــەیان نووســـیوە نووســـیوە جـــل و بـــەرگی کوردیـــان لەبـــەر دەکـــرد. وە ئـــەوەی کـــە نووســـیویانە لەســـەر ســـەلآحەددین ئـــەیووبی و بـــۆنی کـــوردی لێـــوە دێـــت بەبێ بیرکردنەوەو هۆشیاری نووسیویانە.

بـــەم شـــێوە هـــەر یەکـــە باســـی شـــتێکی کـــردوە بـــەبێ ئـــەوەی کـــە ڕاســـتەوخۆ بڵـــێن بنەماڵـــەی ســـەلآحەددین ئـــەیووبی کـــوردەو لـــە نەتـــەوەی کـــوردەو لـــە نـــاو جەرگـــەی کوردســـتانەوە ڕۆیـــشتوون بـــۆ تکریـــت و دوایـــی بـــۆ موســـڵ و شـــام و میـــسرو دەوڵـــەتی ئەیووبی کوردی دامەزراوە.

وە هەنـــدێك لـــە مێژوونووســـانی عـــەرەب بـــێ شـــەرمانە نکـــۆڵی دەکـــەن و دەڵـــێن ســـەلآحەددین ئـــەیووبی عـــەرەب بـــووە، بـــەلآم هەنـــدێك لـــە مێژوونووســـانی کـــۆن و نوێ ددان بە ئەوەدا دەنێن کە سەلآحەددین ئەیووبی کوردو کورد زمان بووە.




# کوردستان

***کوردستان یانی نیشتیمان-وڵات-خاك و جێگای نیشتەجێبوونی نەتەوەو گەلی کورد.***

کوردستان [1] لەسەردەمی کۆندا هاتووە باس دەکات لە(سفر التاوین- الاصحاح الثامن)و دەڵێت کەشتیەکەی (نوح)پێغەمبەر لە شاخی ئەرارات لەنگەری گرتووەو ڕاوەستاوە کە دەکەوێتە باکووری کوردستان و کورد پێی دەڵێت (شاخی ئاگری)، وە لە قورئانیشدا دەفەرموێت کەشتیەکەی نوح پێغەمبەر لەدوای ڕاوەستانی تۆفانەکە لەسەر شاخی (جودی)لەنگری گرتووەو وەستاوە، هەر وەکو لە سورەتی (هود)باسی دەکات لە ئایەتی (٤٤)وە شاخی جودی دەکەوێتە نزیك دوورگەی ئەبن عومەر دوورگەی بۆتان لە باکووری کوردستان، لە باشووری ڕۆژهەلاتی سنوری دەوڵەتی تورکیای ئیستا.

---

[1] تأريخ الكورد في العهود الاسلامية، دكتور احمد محمود الخليل، ص٢١-٤٢

کورد یانی نەتەوە-میللەت-ڕەگەز گەلی کورد ناوی کورد لە پێش سێ هەزار ساڵ پێش زاین لەسەر زمانی نەتەوەکان بەم شێوەی خوارەوە هاتووە:-

١-ناوی کورد لەسەر زمانی سۆمەرییەکان هاتووە بە (کوتی-گوتی-جودی-توتی).

٢-لە نووسینی عیلامیەکاندا هاتووە بە (کورتش).

٣-لە نووسینی ئاشوری و ئارامییەکاندا هاتووە بە (گوتی-کورتی-کارتی-کاردۆ-کارداکا-کاردن-کارتان-کاردا).

٤-لە کتێبە کۆنە فارسیەکاندا هاتووە بە (کورتش-کارا-کورتیوی-سیرتی).

٥-لە کتێبی یونانیەکانی کۆندا هاتووە بە (کاردۆسۆی-کاردۆخی-کاردۆك-کردوکی-کاردۆکای).

٦-لە نووسراوی ئەرمەنیەکاندا هاتووە بە (کوردوئین-کورجیخ-کورتیخ-کەرخی-کورخی).

٧-لە نووسراوە کۆنەکانی عەرەبیدا هاتووە بە (کرد-کار دوی-باکاردا جودی-جوردی-کارتایە).

کوردستان دەکەوێتە کیشوەری ئاسیاوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە نێوان وڵاتانی تورکیاو ئێران و ئەرمنستان و عێراق و سوریا.

کورد، یانی نەتەوە-میللەت-ڕەگەزی کورد-ستان، یانی نیشتیمان-وڵات-مەڵبەندو شوێنی نیشتەجێبوونی گەل و نەتەوە.

ووشەی (ستان)وشەیەکی ئارییە و زۆربەی وڵاتانی کیشوەری ئاساو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەکاری دێنن، ڕاستەوخۆ لە دوای ناوی نەتەوەکەوە وەکو:-
(کوردستان- پاکستان-هندستان ئەرمەنستان ئەفغانستان-بلوجستان-تورکمانسان-عەربستان-خوزستان-گورجستان.هتد....ن.س).

[٢] ووشەی کوردستان بۆ یەکەم جار لە سەدەی چواردە لەکاتی دەسەڵاتی سەلجوقیەکان (ی تورك.ن.س)بەکاریان هێناوە، سەیری کتێبی (نزهە

[٢] کوردستان و کورد، عەبدولرەحمان قاسملو،ل١٥

القلــوب)ی حمــدالله مــستوفی بکــە لــە ســالی (١٣٣٥ بــۆ ١٣٤٠ز) نووســیویەتی و دەلێــت کوردســتان لــە (١٦)ولایــەت پێکهــاتووەو هاوســنورە لەگــەڵ عێراقــی عــەرەبی و خوزســتان و عێراقــی عەجــەمی و ئازربایجــان و دیابــەکر. وە ئــەو لیــا چــەلەبی گەڕیــدەی بــەناو بــانگی تــورك لــە ســەدەی حەڤــدە گــەڕاوە بــە هــەموو ناوچــەکانی کوردســتانداو نووســیویەتی و دەلێــت:- کوردســتان پێکهــاتووە لــە ولایەتــەکانی ئــەرز ڕووم و وان و هــەکاری و دیــار بــەکر و جــەزیرە (ی بۆتــان.ن.س)و ئامێــدی و موســڵ و شــارەزوور و ئــەردەلان. کوردســتان کەوتوەتــە نێــوان هێڵــی (٣٠-٤٠)پــانی ڕۆژهــەلات، وە هێڵــی (٣٧-٤٨) درێــژ بــاکوور. کوردستان ولاتێکی شاخاویە. ئاوو هەوایەکی لەباری هەمەجۆری هەیە.

کوردســتان لــە ڕۆژئــاواوە شــاخەکانی تــوروس و بــانوی (بــین نهــرین)و جەزیرەیــە (جەزیرەی بۆتان.ن.س)وە شاخەکانی ماردینی خواروو.

لــە ڕۆژهەلاتــەوە زنجــیرە شــاخەکانی (زگــرۆس)ە، بــەرزترین شــاخی کوردســتان شــاخی ئاگرییــە (شــاخی ئــەراراتی گەورەیــە کــە بەرزاییەکــەی دەگاتــە (٥١٥٨)مــەتر لــە دوای ئــەو شاخی (ڕەشــکۆ)یــە لــە ناوچــەی جلــۆداخ کــە (٤١٦٨)مــەتر بــەرزە، وە شاخی ئاگری (ئەراراتی)بچوك کە (٢٩٢٥)مەتر بەرزییەتی.

مێژوونووســی بایــە بــەرزی کــورد شــەرەفخانی بەدلیــسی لــە شــەرەفنامەد لاپــەرە (٣٠)لــە ســالی (١٥٤٣-١٦٠٢ز) دەلێــت: ســنوری کوردســتان لــە کــەناری هرمــزەوە دەســت پــێ دەکــات هــەتا کــەناری دەریــای هنــد، وە لــەوێوە خــەتێکی ڕاســت دەکێشرێت و دێت هەتا مەلبەندی (مەلاتیەو مەرعەش)دەبڕێتەوە.

ولاتــانی فــارس و عێراقــی عەجــەم و ئازربایجــان و ئەرمەنــستانی بــچوك و ئەرمنستانی گەورە دەکەونە لای باکووری ئەو هێڵە.

عێراقی عەرەبی و موسڵ و دیار بکر (ئامەد)دەکەونە باشووری ئەو سنورە.

[٢]ســنوری کوردســتان لــە بــاکوورەوە لــە ڕۆژهــەلاتی لوتکــەی شــاخی ئــاگری (ئــەرارات)تــەوە خــەتێکی ڕاســت دەســت پــێ دەکــات بــەرەو باشــوور بــۆ بەشــی

---

[٢] کوردستان و ستراتیژی دەوڵەتان، حوسێن مەدەنی، ل ١٢

باشووری زاگرۆس و پشتکۆ دێتە خوارەوە، لەوێوە خەتێکی ڕاست دێت بۆ لای ڕۆژئاواو لەلای موسڵ دەگاتە بەشی تورك نشینی ولایەتی ئەسکەندەرۆنە، وە لەو نوختەوە بۆ لای باکووری ڕۆژهەلآت ڕادەکشێت هەتا دەگاتە ئەرز ڕووم لە تورکیا، لە ئەرز ڕوومیشەوە خەتێك دێت بەرەو ڕۆژهەلآت هەتا دەگەیەتە لوتکەی شاخی ئەرارات، ڕووبەری کوردستان بەگشتی دەگاتە نزیکەی (٤٠٩٦٥٠)کیلۆ مەتری چوار گۆشە، یانی لە پانتایی و ڕووبەری بەریتانیاو هۆڵەنداو بەلجیکاو دانیمارك گەورەترە.

ولآت و خاکی کوردستان (١٩٤٤٠٠)کیلۆ مەتری بەر تورکیا کەوتووە، وە (١٢٤٩٥٠)کیلۆ مەتری بەر دەوڵەتی ئێران کەوتوە، وە (٧٢٠٠٠)کیلۆ مەتری بەر عێراق کەوتوە، وە (١٨٣٠٠)کیلۆ مەتری بەر سوریا کەوتوە.

درێژی کوردستان لە باکوورەوە بۆ باشوور دەگاتە (١٠٠٠)کیلۆ مەتر، و ڕادەی پانی کوردستان لە بەشی باشوورەوە (٢٠٠)کیلۆ مەترە، هەتا بەرەو باکوور بڕوات زیاد دەکات هەتا دەگاتە (٧٥٠)کیلۆ مەتر.

باکوورو باشوورو ڕۆژئاوای کوردستان لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم دابەش کران بەسەر تورکیاو عێراق و سوریا، بەلآم ڕۆژهەلآتی کوردستان هەر لە پێش جەنگی جیهانی یەکەمەوە لەژێر دەسەلآتی دەوڵەتی شاهەنشای ئێراندا بووە و دەست کاری نەکرا لەلایەن هاوپەیمانانی جەنگی جیهانی یەکەمەوە. لەبەر ئەوەی دەوڵەتی ئێران بەشداریان نەکرد لە جەنگی جیهانی یەکەمەوە، دژ بە هاوپەیمانانی جەنگ.

# ئامارو سەرژمێری گەلی کورد

ئەو ولآتانەی کە کوردستان دابەش کراوە بەسەریان هەتا ئێستا لە هیچ سەرژمێری و ئامارێکدا ئاشکرایان نەکردوە بە فەرمی کە ئامارو سەرژمێرو رێژەی گەلی کورد چەندە لە ولآتەکەیاندا لەبەر مەبەست و مەرامی سیاسی خۆیان و دەولەتان باسیان نەکردوەو نەیان خستوەتە روو، وە مەبەستیان لە ئاشکرا نەکردنی رەگەز پەرستیەو بە پلەی یەك چەواشەکردن و چاو بەستنی گەلی کوردە بۆ پێشێل کردنی ماف رەوای نەتەوایەتی وە ئەوەی کە هەیەو باس کراوە دەربارەی سەر ژمێری گەلی کورد لە کتێبە مێژوویەکاندا هەموو هی سالآنی هەزارو نۆسەدەکانە کە زۆربەی دانیشتوانی رۆژهەلآتی ناوەراست نەخوێندەوارو کۆچەر دەوارنشین بوون. لەکاتی سەر ژمێرە گشتیەکاندا زۆربەیان ئامادە نەدەبوون خۆیان و خێزانەکانیان ناونووس بکەن و سەر ژمێرێکی دروست و سەرکەوتوو ئەنجام بدرێت.

وە ئەوەی کە هەیەو نووسراوە راوبۆچوونی نووسەرانەیان لە دەمی بەرپرسێکی ئەو دەولەتە داگیرکەرانەی کوردستان وەرگیراوە بەبێ سەر ژمێرو بەلگەی دروست و راست بەلآم بە راوبۆچوونی من (ن.س)سەر ژمێرو ئاماری گەلی کورد بە گشتی لە سالی (٢٠١٢)دەگاتە چل ملیۆن کەس، بۆ نموونە: لە تورکیا (١٨)ملیۆن کورد هەیە، لە ئێران نزیکەی (١٠)ملیۆن، لە عێراق نزیکەی (٦)ملیۆن، لە سوریا نزیکەی (٣)ملیۆن، لە ولآتانی یەکێتی سۆڤیەتی کۆن (روسیا) و ئەفغانستان و پاکستان و هندستان و کۆچ کەرانی کورد بۆ ئەوروپاو ئەمەریکا نزیکەی (٣)ملیۆن دەبن، بەم پێیە سەرجەم گەلی کورد لە جیهاندا دەکاتە (٤٠)ملیۆن کەس، (ن.س).

# سامانى كوردستان:

كوردستان بەگشتى زەوى و كەش و هەواى لەبارو دروستە بۆ هەموو جۆرە كشتوكاڵى و ئاژەڵدارييەك و باخ و دارستانى زۆر سروشتى و دەست كردى هەيە، هەروەها كانزاو سامانێكى سروشتى خاوى زۆرى هەيە كە تاوەكو ئێستا دەستكارى نەكراوە وەكو نەوت و ئاسن و گۆگردو خەڵوزى بەردين و مس و فافۆن و خوێ و ليمۆندۆزى و بەردى مەرمەڕو بەردو خۆڵى چيمەنتۆ و قوم و لم و كەرەستەى شوشەو دەيان كانزاى تر.

بەلآم ئەو ولآتانەى كە كوردستان دابەش كراوە بە سەرياندا نەيان ويستووەو نايانەوێت دەستكارى ئەو سامانە سروشتيانەى كوردستان بكەن و كارگەو پرۆژەى پيشەسازى و بەرهەم هێنان لە ناوچە كورد نشينەكانى كوردستاندا دابمەزرێنن بۆ ئەوەى بێكارى و هەژارى بلآو ببێتەوەو رووبان تێ بكات و نەبوژێنەوە لە رووى ئابوورى و شارستانى و رۆشنبيرى و پێشكەوتن، وە نەپەرژێنە سەر بيرو هۆشى ئازاديخوازى و رزگاربوون لە ژێر دەستى چەوساندنەوە، وە ئەوەى كە مەبەستيانە بيسەپێنن بەسەرياندا. (ن.س).

# دەوڵەت و دەسەلاّتەکانی

## دوای شوێنگرانی پێغەمبەر موحەمەد (د.خ)لیّ بێت

[١]لـەدوای فەرمانڕەوایـەتی (موحەمـەد)پێغەمبـەری ئیـسلام دروودی خـودای لـیّ بێـت و جێگرانـی (خەلیفـەکانی ڕاشـدین)ئـەبو بـەکرو عومـەری کـوڕی خـەتاب و عوسمـان کـوڕی عـەفان و عـەلی کـوڕی ئـەبو تالیـب کـە دەسـەلاّتیان لـە سـاڵی (٤٠)کۆچـی کۆتـایی پێهـات، پێـشبڕکیّ دەسـتی پێـی کـرد لەسـەر دەسـەلاّت لـە نێوان دوو خێڵدا، (هاشمیەکان) و (ئومەیەکان).

١-ئومەیـــەکان توانیـــان دەوڵـــەتی ئەمـــەوی عـــەرەبی (بـــەناوی ئیـسلام.ن.س)شـۆڤێنی و ڕەگەزپەرسـت و شـێوە پاشـایەتی لـە باوکـەوە بـۆ کـوڕ لـە شـام و دیمـشق دابمـەزرێنن بـەناوی (دەوڵـەتی ئـەموی)یـەوە، ئـەم دەوڵەتـە (معاویـەی کـوڕی ئەبوسـۆفیان)دایمەزرانـد، ئـەم بنەماڵەیـە بـە ڕەگـەز پەرسـتی و عـەرەب چـێتی گـۆش کرابـوون، عـەرەبیان بـە گـەورەو پلـە یـەك دەزانـی، نەتـەوەو میللـەتانیّ تریـشیان بـە پلـە دوو و سـیّ دادەنـاو هـیچ دەسـەلاّت و فـەرمان و بەرپرسـییان پێیـان نـەدەدا، وە بەوانـەی کـە عـەرەب نـەبوون پێیـان دەگـوتن (مـوالی)یـانی سـەر بـە ئـەوان و هـی ئـەوان، دەسـەلاّت و حوکمڕانیـان درێـژەی کێـشا هـەتا سـاڵی (١٣٢)ی کۆچـیی و نزیکـەی (٩٢)سـاڵ حوکمڕانیـان کـردو بەدەستی عەباسیەکان لە ناوچوون و کۆتاییان پێهات.

٢-دەوڵـەتی عەباسـی عـەرەبی ئیـسلامی، لـە سـاڵی (١٣٢)ی کۆچـی دامـەزرا، لـە پـاش سـەرکەوتنی شۆڕشـەکەی ئـەبو موسـلم خوراسـانی (کـوردی سـونی مەزهـەب) دژی ئەمەویـەکان و سـەرکەوت بەسـەریانداو دەسـەلاّتەکەی تەسـلیم کـرد بـە (ئـەبو عـەباس سـەفاح) گوایـە ئـەم پیـاوە لـە بنەماڵـەی عەباسـی مـامی پێغەمبـەرەو لـە نەوەی هاشمیەکانەو دەبیّ دەسەلاّت و حوکم ئەوان بیبەن بەڕێوە.

---

[١] الاسلام و الخلافة، الدكتور علي حسين الخربوطي، ص١٣٩

ئـەبو عـەباس سـەفاح لـە پـێش مردنـی وەسـیەتی کـرد کـە (ئـەوب جەعفـەر مەسـنور)ی بـرای جێگـای بگرێتـەوەو دەسـەلآت بگرێتـە دەسـت. لـە پـاش مردنـی ئـەبو عـەباس سـەفاح ئـەبو جەعفـەری مەنـسور دەسـەلآتی گرتـە دەسـت و هاتـە سـەر حـوکم و ئـەبو موسـلم خۆراسـانی بـانگ دەکـات بـۆ کۆشـکی خەلیفـە لـە بەغـداو بـەبێ تـاوان و ئاگـادار کردنـەوە ئـەبو جەعفـەر مەنـسور لـە نـاو کۆشـکەکەی خۆیـداو لە ناو ژوورەکەی خۆی فەرمانی کوشتنیداو کوشتیان.

لـە دەوڵـەتی عەباسـیدا هـەتا دەسـەلآتی (هـارون رەشـید)دەسـەلآتێکی عـەرەبی بـوو، بـەلآم فارسـەکان و بەتایبـەتی بنەماڵـەی (بەرمەکیـەکان)دەسـەلآتیان هـەبوو، وە زۆرجـار هاشـم بەرمـەکی و جەعفـەر بەرمـەکی لـەو بنەماڵـە بـوون بـە سـەرۆك وەزیران بە تایبەتی لە کاتی دەسەلآتی هارون رەشیددا.

کـە دەسـەلآت گەیـشتە دەسـتی (مـەئمون کـوڕی هـارون ڕەشـید)لەبـەر ئـەوەی دایکـی تـورك بـوو تورکـەکانی لـە خـۆی نزیـك کـردەوەو فارسـەکانی لـە دەسـەلآت دوور خـستەوە، تورکـەکان لـە دەوڵـەتی عەباسـیدا لـە کـاتی مەئمونـەوە دەسـتیان دەرۆیـشت و شـوێنە هەسـتیارەکانیان بـە دەسـتەوە بـوو هـەتا کۆتـایی دەوڵـەتی عەباسـی لـە سـاڵی (٦٥٦)ی کۆچـی بـە دەسـتی مەنگۆلییـەکان (المغـول)بەسـەر کردایـەتی (هۆلاکـۆ) (موعتەسـەم بـیللا)ی عەباسـی کوشـت لـە بەغـدا کۆتـایی هـات بە دەوڵەتی عەباسی عەرەبی ئیسلامی.

٣-دەوڵـەتی فـاتمی عـەرەبی شـیعە مەزهـەب بـۆ یەکـەم جـار لـە سـاڵی (٢٩١)ی کۆچـی لـە مـەغریب دامـەزرا، دوایـش لـە سـاڵی (٣٥٨)ی کۆچـی گەیشتتە (میـسر و خیلافەتی فاتمییان دامەزراندو زۆر لە ولآتانی گرتەوە.

دەوڵـەتی فـاتمی شـیعە پلـەی خەلیفـە نـەبێت هـەموو فـەرمان و پلەیـەکی تریـان دەدا بە نەتەوەکانی تر وەکو تورك و ئەرمەن و بەر بەرو ئەفریقی و میسری.

لەسـاڵی (٥٦٧)ی کۆچـی (١١٧١ز) سـەلآحەددین ئـەیووبی دەسـەلآتی وەرگـرت لـە خەلیفـەی فـاتمی (عاضـد)عـازد و دەوڵـەتی ئـەیووبی کـوردی دامەزرانـدو دەوڵـەتی فاتمی شیعە کۆتایی پێهات.

٤-دەوڵـەتی سـەلجوقی تـورکی ئیـسلامی سـوننی مەزهـەب: ئـەم دەوڵەتـە لـە سـاڵی (٤٤٧)ی کۆچـی دامـەزرا لەسـەر دەسـتی (تـەغرل بـەگ)ی تـورك لـە بەغـدا لـە پـاش زاڵبـوونی بەسـەر دەوڵـەتی (بـووەهی) شـیعە مەزهـەب، خەلیفـەی عەباسـی لـە بەغـدا پـشتگیری (تـەغرل بـەگ)ی کـردو دەسـەلآتیان گرتـە دەسـت، دەوڵـەتی سـەلجوقی لـە سـەردەمی سـوڵتان (مەسـعود سـەلجوقی) بـەهۆی (بـەهرۆزی رۆمـی)یـەوە نـاردی بـە شـوێن شـادی بـاپیرەی سـەلآحەددین ئـەیووبی و کـردی بـە بەرپرسـی قـەلآو شـاری تکریـت و لـە پـاش مردنـی شـادی بەرپرسـی قـەلآو شـارییاندا بـە نەجمـەدین ئـەیوب بـاوکی سـەلآحەددین و شـێرکۆی بـرای، سـەلجوقیەکان نزیکـەی (٥٧)سـاڵ حکومڕانیـان کـردو لـە سـاڵی (٥٢٢)ی کۆچـی (١١٢٨ز) بـە دەسـتی (خـوازم پاشـا)ی تـورك کۆتـایی بـە دەسـەلآتەکەیان هـات و دەوڵـەتی سەلجوقی تورکی بەسەرچوو.

٥-دەوڵـەتی زەنگـی تـورکی ئیـسلامی سـوننی. ئـەم دەوڵەتـە لـە سـاڵی (٥٢٢)ی کۆچـی (١١٢٨ز) دامـەزرا لەسـەر دەسـتی (عیمـادەدین زەنگـی) لـە موسـڵ، لـە پـاش کوشـتنی عیمـادەدین زەنگـی دەسـەلآت کەوتـە دەسـتی (نـورەدین زەنگـی)و پایتـەختی گواسـتەوە بـۆ دیمـشق و شـام، لـە هـەردوو دەسـەلآتی دەوڵـەتی زەنگـی تـورکی، کـورد دەوری بالآیـان بـوو لـە دەسـەلآتدا، بەتایبـەتی نەجمـەدین ئـەیوب مـیری کۆشـك و راوێـژکاری نـوەردین زەنگـی بـوو، وە شـێرکۆی بـرای نەجمـەدین ئـەیوب سـەرکردەی گـشتی سـوپاکەی بـوو، هـەروەها سـەلآحەددین ئـەیووبی جێگـری شـێرکۆ بـوو لـە سـوپاکەیدا، وە زۆربـەی سـوپاکەی شـێرکۆ و سـەلآحەددین لـە کـورد پێکهـاتبوون و بـەناوی نـورەدین زەنگییـەوە هـەر سـێ جارەکـە رۆیـشتن بـۆ میـسر و جـاری سـێیەم دەسـەلآتیان گرتـە دەسـت و دەوڵـەتی ئـەیووبی کوردییان دامەزراند، لە داهاتوودا باسیان دەکەین.

٦-[٢]دەوڵـەتی ئـەیووبی کـوردی ئیـسلامی سـوننی ئـەم دەوڵەتـە لـە سـاڵی (٥٦٥)ی کۆچـی (١١٧١ز) دامـەزرا لـە سـەر دەسـتی سـەلآحەددین ئـەیووبی و نزیکـەی

[٥]صلاح الدين الايوبي، الدكتور علي محمد الصلابي، ص١٩٠

(٨١)ساڵ حوکمڕانیان کردو دەسەلآتی میسرو سودان و یەمەن و شامیان گرتە دەست و هەمو پاشاو قازی و سەرکردەکانی سوپاکانیان لە کورد دامەزراندو هەتا ساڵی (١٢٥٠ز) (٦٤٨)ی کۆچی کۆتایی پێهات بەدەستی تورکە مەمالیکە دەریاییەکان لەسەردەمی دوا پاشای ئەیوبیەکان (تۆران شای ئەیوبی).

٧-دەوڵەتی عوسمانی تورکی ئیسلامی سوننی:

ئەم دەوڵەتە لە ساڵی (٧٠٠)ی کۆچی (١٣٠١)دامەزرا لەسەر دەستی (عوسمانی کوڕی ئەغرلی تورک) لەپاشان بوو بە ئیمپراتۆریەکی مەزن و هەموو ولآتانی ئیسلامی و بەشێك لە ئەوروپای رۆژهەلآت و رۆژئاوای گرتەوەو گەیشتە شاری (ڤییەننا-ڤین)پایتەختی دەوڵەتی (نەمسا) بەلآم لەوێ خۆیان بۆ ڕانەگیراو کشانەوە.

دەوڵەتی عوسمانی تورکی نزیکەی (٦٢٢)ساڵ حوکمڕانیان کردو لە ساڵی (١٩١٤)بوون بە هاوپەیمانی ئەڵمانیاو بەشداریان کرد لە جەنگی جیهانی یەکەمدا دژی هاوپەیمانانی جەنگ و تێك شکان، لە ساڵی (١٩٢٣ز)لە پاشا جەنگی جیهانی یەکەم مستەفا کەمال ئەتا تورك دەسەلآتی گرتە دەست و کۆتایی هێنا بە دەوڵەتی خەلافەتی عوسمانی و ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لەکاتی شەڕدا گیراو دابەش کرا، وە مستەفا کەمال ئەتاتورك لە سنوری ئێستای تورکیا دەوڵەتی کۆماری عیلمانی تورکی ڕەگەز پەرستی دامەزراند.

لەسەردەمی عوسمانییەکاندا وەکو پاشایەتی حوکمڕانیان دەکرد، خەلآفەت تەنها بۆ بنەماڵەی عوسمان بوو دامەزرێنەری دەوڵەتی عوسمانی، بەلآم هەتا ساڵانی (١٨٠٠ز)هەموو فەرمانەکانی تریان دەدا بە نەتەوەکانی سنوری ئیمپراتۆریەتەکەیان و بەشداریان تیادا دەکرد بەبێ جیاوازی نەتەوەو زمان.



ئـــەجم ســـــەنگاوی لـــە رۆژی (٢٠١٣/٣/١)لەگـــەڵ کۆمـــەڵێك مامۆســـتایان و ڕۆشـــنبیران ســەردانی گونـد و قـەڵاو گۆڕسـتانی (دویـن)یـان کـرد. شـوێن هـەواری بـاوك و بـاپیرانی سـەلاحەدین ئـەیووبی و ئـەم وێنـەیان گـرت: لـە ڕاسـتەوە بـۆ چـەپ، مامۆسـتا سـامان ئـەنوەر، ئـەنوەر ئـامق سـاڵح، مامۆسـتا ئەحمـەد، ئـەجم سـەنگاوی، مامۆسـتا موحەمـەد، ئەهال لوقمان، نیاز ئەجم سەنگاوی

# ڕەسەن و بنەماڵەی ئەیووبیان:

سەلاحەددین ئەیووبی ناوی یوسف کوڕی نەجمەدین ئەیوب کوڕی شادی کوڕی مەڕوان کوڕی یەعقوبی ڕەوەندە. لە هۆزی (هەزبانی)کوردی لە گوندی (دوین) سەر بە شاری هەولێر، نزیکەی دە کیلۆمەتر دورە لە هاوینە هەواری سەلاحەددین، لە پێشی گەیشتن بە گوندی (کۆڕێ)بەلای دەستی چەپدا لا دەدات بۆ گوندی (دوین).

ئەیووبی نازناوی نەجمەدین ئەیوب باوکی سەلاحەددین ئەیووبیەو ماوەتەوە بۆیان. ن.س.

١-شەرفخانی بەدلیسی لە شەرەفنامەی بەدلیسی گۆڕینی هەژار لاپەرە (١٢٤)دەڵێت: شادی کوڕی مەڕوان کوڕی یەعقوب باپیرەی سەلاحەددین ئەیووبی لە کوردانی (ڕەوەندە)لە عەشیرەتی هەزبانی کوردی لە مەڵبەندی ئازربایجان. لە گوندی (دوین) دەژیان، ئێستا ناوی گوندەکە گۆڕاوە بە (جفور سەعد).

٢- اخبار الدول دەڵێت: سەلاحەددین ئەیووبی کوردە لە عەشیرەتی حەمیدیە لە تیرەی ڕەوەند-ڕەوادی-ڕەواند-ڕەواندی. تیرەیەکن لە عەشیرەتی هەزبانی- هەرزانی- خێزانی کوردی لە نێوان هەولێرو ئازربایجان.

٣-زانای کورد مەلا موحەمەدی هەزار مێرد لە (ئەبن خەلەکان)ی کوردەوە دەیگێڕێتەوە دەڵێت: گوندی (دوین)شارۆچکەیەك بوو لە نزیك شاری هەولێرو ئێستا کەلاوەیەو وێرانەیە، ئەو ناوچەیە ناسراوە بە ولاتی سۆران.

٤-قازی موحیەدین دەڵێت گوندی (دوین)یان (بدوین)بتوێنی ئێستایە لە ناوچەی کۆیە (کویسنجاق) بە درێژی زەمان گۆڕاوەو بووە بە (بتوێن).

٥-دکتۆر علی محمد الصلابی لە کتێبەکەیدا (صلاح الدين الايوبي) لاپەرە (٢٢٤)دەڵێت: شادی باپیرەی سەلاحەددین ئەیووبی خەڵکی گوندی (دوین)نە لە کۆتایی سنوری ئازربایجان لە نزیك شاری (تەفلیس)ی ئەرمەنی لەسەر سنوری ئەرمەنستان.

٦-لە پاش گەڕان و پرسیارو لێکۆڵینەوە بۆمان دەرکەوت کە شادی کوڕی مەڕوان کوڕی یەعقوبی ڕەوەند باپیرەی سەلاحەددین ئەیووبی لە عەشیرەتی هەزبانییەو خەڵکی

گوندی (دوین)سەر بە شادی هەولێرە، وە نزیکەی دە کلیۆمەتر دوورە لە هاوینە هەواری سەلاحەددین، لە ناوچەی (زرارەتی)یە، لە پاش بە دواداچوون و پرسیارو گەڕان و لێکۆڵینەوە گوندی (دوین)نمان دۆزیەوە.

لە ڕۆژی (٢٠١٣/٣/١)لەگەڵ کۆمەڵێك مامۆستاو ڕۆشنبیر سەردانی گوندی (دوین)و شوێن هەوارو قەلاو گۆڕستانەکەیمان کردو بە چاوی خۆمان بینیمان و وێنەی گوندو قەلاو گۆڕستان و پاشماوەکەیمان گرت و بلاوی دەکەینەوە کە بەلگەی هاشا هەلنەگرن بۆ گوندو شاری (دوین) شوێن و جێگای باوك و باپیرانی سەلاحەددین ئەیووبیە.

گوندی (دوین) سەر بە شاری هەولێرەو لە هاوینە هەواری سەلاحەددینەوە نزیکەی دە کیلۆمەترە، لە کۆتایی پێچەکانی سەلاحەددین، پێشی ئەوەی بگەیتە گوندی (کۆڕێ) بەدەستی چەپدا لا دەدەیت بۆ گوندی دوین لە ناوچەی (زرارەتی)سێ سوچەی زرارەتی و خۆشناوەتی و خەیلانی، لە نزیکی گوندی (ئاشگە) کە عەبدولخالق سەرسەمی نووسەر پێی دەڵێت (ئاتاشگە).

گوندی (دوین) لە جێگایەکی بەرزدایە لە پاڵ زنجیرە شاخێکی مام ناوەند، لە خۆرئاوای گوندەکە گۆڕستانێکی گەورەیەو زۆر لە کێلی قەبرەکان لە هەردوو سەرەوە نەخشێنراون بە وێنەی خەنجەری کوردی و شمشێرو ڕۆژ (خۆر)و ئاسکەو گۆپاڵی جەنگ، یەکێك لە وێنەی سەر کێلی گۆڕێك وێنەی ڕۆژێك (خۆرێك)کێشرابوو تیشکی بە هەموو لایەکدا هاویشتبوو وەکو ڕۆژی سەر ئالاکەی کوردستان، (خۆم تیشکەکانیم ژمارد. ن.س) (٢١)تیشك بوو.

ئەم وێنەی سەرسامی کردم، چونکە زیاتر لە نۆسەد ساڵە نەخشی کێشراوەو هەتا ئێستا ماوەو (٢١)تیشکی هەیە، ئایە چۆن، وەکێ بۆ یەکەم جار دۆزیوەو خستیە سەر ئالای کوردستان؟.

هەر لەلای ڕۆژئاوای گوندەکەوە لە دوای گۆڕستانەکە لەسەر گردێك قەلای (دوین)نەو سێ بورجی چاودێری و پاسەوانی هەیەو ماوە.

قەلای دوین و بورجەکانی لەبەر دوو قسڵ (گەچی ووردکراو زبر)دروست کراون، وە بورجەکانی هەموو ناوچەکەیان لێوە دیارە، قەلاو بورجەکان زۆربەی ماوون و داڕووخاون و پێویستیان بە نوێ کردنەوە هەیە بۆ پاراستن و مانەوەیان.

ئەم گوندو گۆڕستان و قەلأیەو ناوەكەی كە سەدان ساڵە ماوەتەوەو نەگۆڕاوە بەڵگەی هاشا هەڵنەگرن كە گوندی (دوین)نی بنە ماڵە باوك و باپیرانی سەلأحەددین ئەیووبیە.

١-ناوی گوندی (دوین) هەتا ئێستا لەو شوێنەی خۆیدا پارێزراوەو ماوەو كۆنەو هیچ كەسێك مێژووی دامەزراندنی نازانێت لە ناوچەكدا.

٢-كێلی سەر قەبرەكان كە بە وێنەی خنجەری كوردی و شمشێرو ڕۆژو ئاسك نەخشێنراون بەڵگەی هاشا هەڵنەگرن بۆ گوندی دوین.

٣-ئەم گوندەی (دوین)نزیكە لە شاری بەغدا كە لەو سەردەمەدا پایتەختی سەلجوقیە توركەكان بووەو شادی باپیرەی سەلأحەددین ئەیووبی و نەجمەدین و شێركۆی كوڕی لەگەڵ كۆمەلێك لە خزمانی ڕوویان تێی كردوەو ڕۆیشتوون بۆ لای سولتانی سەلجوقی (مەسعود سەلجوقی)، وە دوایی شادی و كوڕەكانی كردوە بە بەرپرسی شارو قەلأی تكرێت كە لەو سەردەمەدا زۆربەی دانیشتوانی شارەكە كورد بوون لەگەڵ هەندێك ماڵی سەربازی تورك، ن.س.




نەجم سەنگاوی لەپاڵ تابلۆی گوندی دوین لە (٢٠١٣/٢/١)

# ڕای نووسەر لەسەر بۆچوونی مێژوونووسان

[1]شەرەف خانی بەدلیسی لە (شەرفنامەی شەرفخانی بەدلیسی) وەرگێرانی هەژار لاپەرە (١٢٤)دەڵێت: شادی باپیرەی سەلاحەددین ئەیووبی لە مەڵبەندی ئازربایجان لە گوندی (دوین)دەژیا، وە ئێستا ناوی گوندەکە گۆڕاوە بە (جفور سەعد)بەلام شەرەف خان شوێن و جێگاو ناوچەکەی دیاری نەکردوە، وە سەرچاوەو بەلگەی مێژووی نیە بۆ شوێن و ناوچەکەی.

[2]لە کتێبی (اخبار الدول)دەڵێت: گوندی (دوین)لە نێوان هەولێرو ئازربایجانە بەبێ دیاریکردنی شوێن و جێگاو بەلگەی مێژوویی.

[3]زانای کورد مەلا موحەمەدی هەزار مێرد دەڵێت گوندی (دوین)شارۆچکەیەك بوو لە نزیك شاری هەولێرو ناسراوە بە ولاتی سۆران. وە ئێستا وێرانەیە، ئەم بۆ چوونە پەسندە، بەلام بەلگەو سەرچاوەو شوێن و جێگاکەی دیاری نەکردوە.

[4]قازی موحیەدین دەڵێت: گوندی (دوین) (بدوین) بتوێنی ئێستایە لە ناوچەی کۆیە (کوێسنجاق) و بە درێژی زەمان گۆڕاوەو بووە بە بتوێن، ئەم ڕایە هیچ بەلگەو سەرچاوەیەکی نیەو لاوازە.

[5]دکتۆر علی محمد الصلابی لە کتێبەکەیدا (صلاح الدین الایوبی) لاپەرە (٢٢٤)دەڵێت: شادی باپیرەی سەلاحەددین ئەیووبی خەڵکی گوندی (دوین)نە. لە کۆتایی سنوری ئازربایجان لە نزیك شاری (تەفلیس)ی ئەرمەنی لەسەر سنوری ئەرمەنستان، ئەم بۆچوونەی دکتۆر علی محمد الصلابی دوورە لە ڕاستیەوە ئەو سنورەی ئەو باسی دەکات ئازەرن (تورکن)و گوندی کوردی تیادا نیە بە ناوی (دوین)بێت و تا ئێستا مابێت. وە ئەو شوێنەی کە ئەو باسی

---

[1] شەرەفنامەی شەرەفخانی بەدلیسی، وەرگێرانی هەژار، ل١٢٤

[2] الدولة الايوبية وفق نظرية الدولة لابن خلدون، دكتور حكيم عبدالرحمن، ص١٥٠

[3] هەمان سەرچاوە.

[4] هەمان سەرچاوە.

[5] صلاح الدين الايوبي، دالدكتور علي محمد الصلابي، ص٢٢٤

دەکات ئێستاو ئەوساش لەژێر دەسەلاتی ئێراندا بوون وە ئازربایجان و ئەرمەنستان زۆر دوورن لە شاری هەولێرو موسڵ و تکریت کە شادی باپیرەی سەلاحەددین و بنەماڵەکەی کۆچیان کردوە لە گوندی دوینەوە بۆ شاری بەغدا و دوایش شادی و کوڕەکانی کراون بە بەرپرسی شاری تکریت و قەلاکەی.



قەلای دێرینی دوین

ن.س گوندی (دوین) لە ناوچەی هەولێرە. نزیکەی دە کیلۆمەتر دوورە لە ماوینە هەوار سەلاحەددین، وە ڕێگای تێدەچێت کە شادی باپیرەی سەلاحەددین ئەیووبی لە هەولێرەوە ڕۆیشتبێت بۆ موسڵ و لەوێوە ناردویانە بۆ تکریت و بەرپرسی تکریت و قەلاکەیان پێی سپاردووە.

وە گوندی دوین لە نزیک شاری هەولێرەو شوێن و جێگاکەی ماوەو قەلاو کۆڕستان و شارەکەی و ناوەکەی وەکو خۆی ماوەو ئاشکرایە لەگەڵ نەخش و نیگاری سەر کێلی قەبرەکان. ئەمانە بەڵگەی هاشا هەڵنەگرن بۆ گوندی (دوین)

و شوێن و هەوارەی باوك و باپیرانی سەلاحەددین ئەیووبی، شارو گوندی دوین كاتی خۆی پایتەختی دەوڵەتی شەدادی كوردی بووەو بە دەستی سەلجوقیە توركەكان لە ناوچووە. ن.س.

شادی كوڕی مەڕوان كوڕی یەعقوبی ڕەوەند باپیرەی سەلاحەددین ئەیووبی لە عەشیرەتی هەزبانی كوردی خەڵكی گوند یان شاری (دوین)ە، لە بنەماڵەی موحەمەد شەدادی كوردیە دامەزرێنەری دەوڵەتی شەدادی كوردی لە ساڵی (٣٣٧)ی كۆچی (٩٣٧ز).


موحەمەد شەدادی كوردی لە ساڵی (٣٤٤)ی كۆچی (٩٤٤ز)كۆچی دوایی دەكات، لە پاش چەند ساڵێك سەركردەی سوپای تورك (سالار مەرزیان)ی سەلجوقی توركی بە سوپایەكی گەورەوە هێرش دەكاتە سەر شاری دوین و داگیری دەكات و كۆتایی دێت بە دەوڵەت و دەسەلآتی شەدادی كوردی لە شاری (دوین).



گۆڕستانی گوندی دوین، هیچ كەسێك لە ناوچەكەدا مێژووی ئەم گۆڕستانە نازانێت



کێلە بەردی سەر گۆڕێکی تر- گۆڕستانی دوین. وێنەی بزن و نەخش و نیگاری لەسەر هەڵکەندراوە. هیچ کێلە بەردێك مێژووی لەسەر نەبوو.



کێلە بەردێکی تر لەسەر گۆڕەکانی گۆڕستانی دوین نەخش و رۆژ و خەنجەری کوردی و شمشێری لەسەر هەڵکەندراوە

نووسەر



نەجم سەنگاوی لەپاڵ کێلە
بەردی سەر یەکێك لە گۆڕەکانی
گۆڕستانی دوین



کێلە بەردی یەکێك لە گۆڕەکانی
گۆڕستانی دوین، وێنەی رۆژی لەسەر
هەڵکەندراوە کە (٢١)تیشکە لەگەڵ
شمشێرو خەنجەر

شادی کوڕی مەروان کوڕی یەعقوبی ڕەوەند باپیرەی سەلاحەددین ئەیووبی لە گوندی (دوین)دەژیان و لە ناوچەکەدا ناوبانگی دەبێت بۆ پیاو چاکی و ئازایەتی و خوێندەواری و زمانزانی (تورکی و فارسی و عەرەبی. ن.س)وە عەشیرەتداری و ڕەوشت بەرزی.

شادی کوڕی مەروان برادەرو دۆستی (جەمالەدین بەهرۆزی ڕۆمی)دەبێت.

سولتانی سەلجوقی تورك (مەسعود سەلجوقی)جەمالەدین بەهرۆزی ڕۆمی دەکات بە والی بەغدا (لەو سەردەمەدا شاری بەغدا پایتەختی سولتانی سەلجوقی بوو. ن.س).

سولتانی بەلجوقی (مەسعود)زۆر باوەڕو متمانەی بە جەمالەدین بەهرۆزی ڕۆمی دەبێت و بۆ زۆر شت پرس و ڕاویژی پێ دەکات.

جەمالەدین بەهرۆزی ڕۆمی زۆر باس و وەسفی شادی کوڕی مەروان کوڕی یەعقوبی ڕەوەند دەکات لەلای سولتانی سەلجوقی (مەسعود سەلجوقی)بۆ پیاوەتی و ئازایەتی و خوێندەواری و زانایی و زمانزانی و هێزو عەشیرەتداری.

سوڵەتانی سەلجوقیش داوا دەکات لە جەمالەدین بەهرۆزی ڕۆمی کە بنێرێت بە شوێن شادی کوڕی مەروانی ڕەوەندو بیهێنێت بۆ بەغدا بۆ لای خۆی بۆ ئەوەی سوودو کەڵك وەربگرێت لە تواناو شارەزاییەکانی.

لەسەر فەرمانی سولتانی سەلجوقی و داوای جەمالەدین بەهرۆزی ڕۆمی، شادی کوڕی مەروانی ڕەوەند خۆی و هەر دوو کوڕەکەی (نەجمەدین ئەیوب و شێرکۆ) لەگەڵ چەند کەسێك لە بنەماڵەو خزمانی خۆی بە خێزانەوە دەڕۆن بۆ شاری بەغدا بۆ لای سولتانی سەلجوقی (مەسعود سەلجوقی)و ئەویش پێشوازی گەرمیان لێ دەکات و شوێن و جێگاو بژێویان بۆ دابین دەکات، لە پاش ماوەیەك سولتانی سەلجوقی، شادی کوڕی مەروانی ڕەوەندو هەر دوو کوڕەکەی و ئەو خزمانەی کە لەگەڵیدا بوون دەیان نێرێت بۆ شاری تکریت و شادی دەبێت بە بەرپرسی شاری تکریت و قەڵاکەی و دەوروبەری. لەو سەردەمەدا دانیشتوانی شاری تکریت زۆربەیان کورد دەبن لەگەڵ چەند ماڵێکی سەربازی تورکان.

# کۆچی دوایی شادی کوڕی مەڕوانی ڕەوەند و دامەزراندنی نەجمەدین ئەیووب لە جێگای باوکی:

[1]لە پاش چەند ساڵێك شادی کوڕی مەڕوانی ڕەوەند لە تکریت کۆچی دوایی دەکات و نەجمەدین ئەیوب کوڕی لە جێگای باوکی دادەنرێت و دەبێت بە بەرپرسی شاری تکریت و قەڵاو ناوچەکەی (لەم سەردەمەدا بەغدا پایتەختی دەوڵەتی سەلجوقی تورکی بوو، وە عیمادەدین زەنگی والی شاری موسڵ بوو سەر بە دەوڵەتی سەلجوقی بوو، ن.س) نەجمەدین ئەیوب پەیوەندی دۆستایەتی و برادەری باشی هەبوو لەگەڵ عیمادەدین زەنگی والی شاری موسڵ.

لەساڵی (٥٢٦)ی کۆچی عیمادەدین زەنگی تەماحی سوڵتانی دەیگرێت و بە لەشکرێکەوە هێرش دەکات بۆ سەر بەغدا پایتەختی دەوڵەتی سەلجوقی. وە لەشکرەکەی دەشکێت و هەڵدێن و دەکشێنەوە بەرەو شاری تکریت و سەریان لێ دەشێوێت. نەجمەدین ئەیوب بەرپرسی شاری تکریت و قەلاکەی پێشوازی دەکات لە عیمادەدین زەنگی و لەشکرە تێك شکاوەکەی و میوانداریان دەکات و بەلەم و کەڵەکیان بۆ دابین دەکات و لە ڕوباری (دجلە)دەیان پەڕێنێتەوە بۆ موسڵ ئەم یارمەتیەی نەجمەدین ئەیوب بۆ عیمادەدین زەنگی هەواڵەکەی دەگاتە سوڵتانی سەلجوقی لە بەغدا، بەلام دەنگی لەگەڵدا ناکەن و نایدەن بە ڕوویدا.

لە پاش ماوەیەکی کەم ڕۆژێك نەجمەدین ئەیوب و شێرکۆی برای پێکەوە لە ناو بازاڕی تکریتدا دەگەڕێن و خەڵکی شارەکە بە سەر دەکەنەوە، لە ناکاوێکدا ژنێك بە قیژەو گریانەوە ڕێگایان پێ دەگرێت و پەنایان بۆ دەبات و دەڵێت: دەستم بە دامێنتان پەنام بۆ ئێوە هێناوە فریام بکەون.

---

[1] صلاحالدين الايوبي، الدكتور علي محمد الصلابي، ص٢٢٦

پیاوێكی ئەفسەری گەورەی تورك پەلاماری داوم و دەیەوێت دەست درێژی بكاتە سەرم و ناموس و شابڕوم ببات و ڕسوام بكات، ئێوەش گەورەو دەسەلآتداری ئەم شارەن و فریام بكەون، شێركۆی برای نەجمەدین ئەیوب لاوێكی خوێن گەرم دەبێت بەبێ پرس و ڕاوەستان و لێكۆڵینەوە دەڕواتە سەر ئەفسەرە توركەكەو پەلاماری دەدات و بەخنجەرەكەی خۆی دەی كوژێت.

نەجمەدین ئەیووب وەكو بەرپرسی شارو قەلای تكریت و ئەرك و بەرپرسی و دادوەری شێركۆی برای دەگرێت و لە ناو قەلای تكریت بەندی دەكات و ڕاپۆرتێك دەنووسێت و دەینێرێت دەربارەی ڕووداوەكە بۆ (موجاهید ئەلدین بەهرۆز)لە بەغداو داوای لێ دەكات كە چۆن ڕفتار بكات لەگەڵ شێركۆی برای كە بكوژی ئەفسەرە توركەكەیە، ئەویش وەلآمی نەجمەدین ئەیوب دەداتەوەو پێی دەڵێت: ئەو ئەفسەرە گەورە كە براكەی تۆ كوشتویەتی دۆست و خۆشەویست و نزیكی من بوو، وە تۆش دۆست و برادەری منیت، دەترسم ڕۆژێك بەرەو ڕووی شێركو ببمەوەو خۆم بۆ ڕانەگیرێت و بیكوژم و خوێن بڕواتە سەر خوێن، وە تۆش لێم برەنجێیت.

بۆیە وایٙ بەباش دەزانم هەتا خەم و ماتەمینی ئەو ئەفسەرەم لەسەر دەڕوات، ئێوە بار بكەن و تكریت و ناوچەكە بەجێ بێڵن با چاومان بە یەكتر نەكەوێت.

ئەو ڕۆژەی كە نەجمەدین ئەیووب بڕیار دەدات كە بۆ شەوەكەی لە نیوەی شەودا بەبێ دەنگ بە خێزانەوە بڕۆن و تكریت بەجێ بێڵن سالی (٥٣٢)ی كۆچی (١١٣٧ز)بوو، (یوسف نەجمەدین)سەلآحەددین ئەیووبی ئێوارەكەی لە ناو قەلای تكریت لە دایك بوو، نەجمەدین ئەیوب و بنەماڵەكەی لە نیوەی شەودا خۆیان ئامادە دەكەن بۆ ئەوەی كە بەبێ دەنگ و هاوار قەلآو شاری تكریت بەجێ بەڵێن و بڕۆن (یوسف نەجمەدین ئەیوب)سەلآحەددین ئەیووبی تەمەنی چەند كاتژمێرێك دەبێت لەناو قوماتدا لە باوشی دایكی، دەست دەكات بە گریان و زیڕەو ژیر نابێتەوە.

نەجمەدین ئەیوب دەیویست كەس لە شارەكە ئاگادار نەبێت و نەزانێت بە ڕۆشتنیان و بەبێ دەنگ بڕۆن، ئەم منداڵەش (یوسف=سەلآحەددین)دەگریت و

ژێـر نابێتــەوە بــە ئاســانی، نەجمــەدین ئــەیووبیش دەترســێت ڕۆیــشتنەکەیان ئاشــکرا بێــت و خــەڵکی شــاری تکریــت بــبن بــە ســەیرکەریان و ناحــەزەکانیان دڵخـۆش بـن، نەجمـەدین ئـەیوب بـە نیـاز دەبێـت منداڵەکـە (سـەلاحەددین)بکوژێـت و بـەجێی بێڵێـت و بـەبێ دەنـگ بـڕۆن، نەجمـەدین دەڵێـت ئـەم منداڵـە شـووم و نەگبەتیــە بــۆ ئێمــە و ئاشــکرامان دەکــات لــە ڕۆشــیتنماناداو ناحــەزانمان پــێ دڵ خۆش دەکات، دەیکوژم و بەجێی دێڵم و دەڕۆین.

نووســەرێکی بــەر دەســتی نەجمــەدین ئــەیوب پێــی دەڵێــت: گــەورەم ئــەم منداڵــە تــاوانی چـیە دەتـەوێت بیکوژیـت؟ هـیچ گونـاحێکی نییـە، بۆچـی لـە نـاوی دەبـەیت، لەوانەیـە لـە پاشـە ڕۆژدا ببێـت بـە پاشـایەکی مـەزن، دڵـی نەجمـەدین ئـەیوب سـارد دەکاتــەوەو پەشــیمان دەبێتــەوە لــە کوشــتنی ســەلاحەددین، شــەو لــە نیــوەی شـەودا قـەڵاو شـاری تکریـت بـەجێ دێڵـن و دەڕۆن بـۆ شـاری موسـڵ و لـەوێ مـاڵ و منداڵــەکانیان دادەمــەزرێنن و نەجمــەدین و شــێرکۆی بــرای دەڕۆن بــۆ کۆشــکی ســوڵتان عیمــادەدین زەنگــی (تــورك. ن.س)کــە لــەو ســەردەمەدا خــۆی ئاشــکرا کردبــوو بــە ســوڵتانی زەنگــی و دەوڵــەتی زەنگــی دامەزرانــدبوو، وە جیابوونــەوەی خۆی ئاشکرا کردبوو لە دەوڵەتی سەلجوقی تورکی.

عیمـادەدین زەنگـی پێـشوازی گـەرمیان لـێ دەکـات و ڕێزیـان لـێ دەگرێـت و شـوێن و جێگــای باشــیان بــۆ دابــین دەکــات و وەکــو بــاوەڕپێکراوێکی خــۆی دایــان دەمـەزرێنێت و لـە پـاش ماوەیـەك عیمـادەدین زەنگـی شـاری (بەعلـە بـەگ)دەگرێـت و نەجمــەدین ئــەیوب دەکــات بــە بەرپرســی شــارەکە و دەوروبــەری و دەســەڵاتی تــەواوی پــێ دەدات. دکتــۆر علــی محمــد الــصلابی لــە کتێبەکەیــدا (صــلاح الــدین الایــوبی)لــە لاپــەرە (٢٢٦)دەڵێــت: عیمــادەدین زەنگــی کاتێــك کــە نەجمــەدین ئــەیووب و شــێرکۆی بــرای دەڕۆن بــۆ لای و پێــشوازیەکی گــەرمیان لــێ دەکــات و ڕێـزی زۆریـان لـێ دەگرێـت لـە بـاتی ئـەو چاکەو یارمەتیـەی کـە لەگەڵیـدا کردبوویـان لـە تکریـت. وە شـوێن و جێگـای باشـیان بـۆ دابـین دەکـات و نزیکیـان دەکاتـەوە لـە خۆی وەکو باوەڕپێکراوێك.

لــە ســـەردەمی عیمــادەدین زەنگـــی بنەماڵــە ئــەیووبی پێــشکەوتن، نەجمـــەدین ئــەیووب و شــێرکۆی بــرای بــوون بــە باشــترین ســەرکردەی ســوپای عیمــادەدین زەنگی.

لــە پــاش ماوەیــەك عیمــادەدین زەنگــی دەکوژرێــت و نــورەدین زەنگــی دەســەلات دەگرێتــە دەســت و پــشتی بــە نەجمــەدین ئــەیووب شــێرکۆی بــرای قــایم دەبێــت و بــاوەڕو متمانــەی زۆریــان پــێ دەکــات، نــورەدین زەنگــی بــەهۆی ئەوانــەوە تــوانی شاری دیمشق بگرێت و بیکات بە پایتەختی دەوڵەتی زەنگی تورکی.

ســەلاحەددین ئــەیووبی لــە دیمــشق گەشــەی کــرد و زانــستە ئیــسلامیەکانی خوێنــدو فێــری ســوار چــاکی و شمــشێر بــازی و تــیر هاویــشتن بــوو، لەگــەڵ بــەکارهێنانی ڕم و ڕاوکردنـــی ئاژەڵـــە کێویـــەکان، لـــە ســـاڵی (٥٣٤)ی کۆچـــی نـــورەدین زەنگـــی ســـوپایەکی پێکهێنـــا بـــە ســـەرکردایەتی نەجمـــەدین ئـــەیوب و شـــێرکۆی بـــرای و نـــاردنی بـــۆ (بەعلـــە بـــەگ)و گرتیـــان و خـــستیانە پـــاڵ دەوڵـــەتی زەنگـــی، وە نەجمەدین ئەیووب بوو بە بەرپرسی شارەکە و ناوچەکانی.

لــە پــاش ماوەیــەك بــە فــەرمانی نــورەدین زەنگــی، نەجمــەدین ئــەیووب و شــێرکۆ گەڕانــەوە بــۆ دیمــشق، نەجمــەدین بــوو بــە ڕاوێــژکارو یــەکێك لــە مــیرە گــەورەکانی کۆشکی نورەدین زەنگی.

لــە ســاڵی (٥٤٦)ی کۆچــی خاچپەرســتان هێرشــیان کــرد بــۆ داگیرکردنــی بەعلەبــەگ و نەجمــەدین ئــەیووب و شــێرکۆی بــرای لەگــەڵ ســوپایەکدا بــەرگریان لێــی کــردو تێکیــان شــکاندن و ڕاویــان نــان و دیلێکــی زۆریــان لێیــان گــرت، هــەر لــەو ســاڵەدا ســەلاحەددین ئــەیووبی بــوو بــە یاریــدەری شــێرکۆی مــامی و هــەموو کــات لەگەڵیــدا بــوو و هــەردووکیان نزیــك بــوون لــە نــورەدین زەنگیــەوە. وە نــورەدین زەنگــی توانای سەربازی و ئیداری سەلاحەددین ئەیووبی بۆ دەرکەوتبوو.

ئــەبو شــامە دەگێڕێتــەوە و دەڵێــت: ڕۆژێــك ســەلاحەددین دەڕوات بــۆ لای نــورەدین زەنگــی و ئــەویش پێــشوازیەکی گــەرمی لــێ دەکــات و باوەشــی بــۆ دەگرێتــەوەو ماچی دەکات و سرنجی ڕادەکێشێت و لە خۆی نزیکی دەکاتەوە.

نورەدین زەنگی، سەلاحەددین ئەیووبی دەنارد بۆ لای شێركۆی مامی بۆ ئەوەی ڕاوێژی پێ بكات و فێری كاروباری دەوڵەت و ئیدارە ببێت.

نورەدین زەنگی زۆر كات گوێی ڕادەگرت لە ڕاوبۆچوونی سەركردەكانی سوپاكەی و ڕاوێژی پێیان دەكرد لە كاروبارەكانیا، لەو ڕۆژانەدا نورەدین زەنگی سەلاحەددین دەكات بە پارێزەری نهێنیەكانی خۆی.

سەلاحەددین ئەیووبی لە نەجمەدین ئەیووبی باوكی و شێركۆی مامیەوە فێری هەموو كاروباری سەربازی و دەوڵەت و ئیدارە و ڕەوشت بەرزی ببوو، وە هەموو كات نزیك بو لە باوكی و شێركۆی مامیەوە كە هەردووكیان دەسەڵاتی سەربازی و ئیداریان هەبوو لە دەوڵەتی زەنگیدا.

سەلاحەددین هەر لە سەرەتای لاویەوە چاودێری ڕووداوە سیاسی و سەربازیەكانی دەكرد لە ناوچەكەدا، بەتایبەتی ململانێی ئەو سەردەمەی نێوان موسڵمانان و خاچپەرستانی ئەوروپا كە هەر ماوەی جارێك هێرشیان دەهێنا بۆ سەر ڕۆژهەلات و ولاتانی موسڵمانان بۆ داگیركردنی، بەتایبەتی ناوچەكانی بەعلەبەگ و میسر و ناوچەكانی نزیك دەریاكان و ژێر دەسەلاتی دەوڵەتی زەنگی ئیسلامی (توركی، ن.س)وە لەو هێرشانەیاندا كە خاچپەرستانی دەیان كرد بۆ سەر سنورەكانی دەوڵەتی زەنگی، نورەدین زەنگی هەموو متمانە و باوەڕی لەسەر نەجمەدین ئەیووب و شێركۆ و سەلاحەددین ئەیووبی و لەشكرەكەیان بوو كە زۆربەیان كورد بوون.

سەلاحەددین ئەیووبی یەكەم بەشداری كردنی لە شەڕدا لەگەڵ شێركۆی مامی لە بەعلەبەگ بوو، وە جاری یەكەم و دووەمیش شێركۆی كوڕی شادی كە ڕۆیشت بۆ دەركردنی خاچپەرستان لە میسر سەلاحەددین ئەیووبی لەگەڵدابوو و یاریدەری بوو لەگەڵ زۆر لە خزمانی خۆیان كە لە لەشكرەكەیاندا بوون.

# ڕۆیشتنی شێرکۆی ئەسەدەدین کوڕی شادی و سەلاحەددین ئەیووبی جاری سێیەم بۆ میسر و وەرگرتنی دەسەلات

[1]خاچپەرستانی ئەورووپا چەندین جار لە پێش و پاش دامەزراندنی دەوڵەتی سەلجوقی و زەنگیەکان هێرشیان هێنابوو بۆ سەر ڕۆژهەلات و ولاتانی موسڵمانان، بە تایبەتی میسر و بەیروت و بەعلەبەگ و دیمشق.

وە لە سەردەمی نورەدین زەنگیدا سێ جار هێرشیان هێنا بۆ سەر میسر بۆ داگیرکردنی.

فاتمیە شیعەکان حوکمڕانی میسر بوون، وە (عاضد عازد)خەلیفەو والی فاتمیەکان بوو، هەموو جارێك کە خاچپەرستان پەلاماری میسریان دەدا عازد پەنای دەبرد بۆ لای نورەدین زەنگی و داوای یارمەتی و سوپای لێ دەکرد بۆ دەرکردنی خاچپەرستان لە ولاتەکەی.

نورەدین زەنگیش هەموو جارێك شێرکۆی کوڕی شادی و سەلاحەددین ئەیووبی دەنارد بە لەشکرەکەیانەوە بۆ پشتگیری کردنیان و دەرکردنی خاچپەرستان لە میسر بۆ دەرەوەی سنورەکانی میسر.

لەساڵی (١١٦٩ز) بۆ جاری سێیەم فەرەنسیەکان بە پاپۆڕ و کەشتیەوە هاتنە ناو بەندری (مینای)قاهیرەوە و دەرگاکانی شاری قاهیرەیان کۆنترۆڵ کرد و دەستیان کرد، بە زوڵم و زۆر و دەست درێژی کرد بۆ سەر دانیشتوانی شارەکە، وە پەیوەندیان کرد بە (ئەموری)پاشایانەوە لە ناو شاری (قودس) بۆ هاتنی بۆ قاهیرە و داگیرکردنی هەموو ولاتی میسر.

لە سەرەتاوە ئەموری پاشا دوو دڵ بوو لە ئەنجامی هاتن و هێرشکردنی بۆ سەر میسر، چونکە هەر لە ماوەی چەند ساڵێکی نزیك دوو جاری تر هێزەکانی

---

[1] صلاحةدين الايوبي، الدكتور علي محمد الصلابي، ص١٧٥

خاچپەرستان هاتبوون بۆ داگیركردنی میسر و بە دەستی سوپاكەی شێركۆی كوڕی شادی و سەلآحەددین برازای شكابوون و هەڵهاتبوون.

بەلآم دوایی ئەموری پاشای خاچپەرستان بە لەشكرێكی گەورەو هێرشی كردە سەر شاری (بەلیس)و داگیری كردو تالآنیان كردو ئەوەی بەردەستیان كەوت كوشتیان و بە دیل گرتیانن، ئینجا ڕوویان كردە شاری (فتات)، بەلآم (شاوور) سەركردەی سوپای فاتمیەكانی میسر شارەكەی سوتاند و فەرمانی دا بە دانیشتوانەكەی كە بڕۆن بۆ قاهیرە لە ترسی داگیركردنی شارەكە لەلایەن ئەموری پاشاوە و مانەوەی سوپاكەی تیایدا.

دوایی شاور سەركردەی سوپای فاتمیەكان پەیوەندی كرد بە ئەموری پاشا و گفتی پارەیەكی زۆری پێدا بەرامبەر بە ئەوەی كە سوپاكەی ڕابگرێت و نەڕوات بۆ ناو قاهیرە، وە بەشێك لە پارەكەی نارد بۆی،

ئەموری پاشاو لەشكرەكەی ماوەیەك هێزەكانیان ڕاگرت و وەستان و چاوەڕوانی بەشی دووەمی پارەكەیان دەكرد، دوایش ئەموری پاشا بە سوپاكەیەوە ڕوویان كردە قاهیرە و بەشێك لە شارەكەیان سوتاند.

(عاضد-عازد)خەلیفەو والی فاتمیە شیعەكان لە میسر پەیوەندی كردەوە بە نورەدین زەنگی لە دیمشق و داوای یارمەتی و فریاكەوتنی سەربازی لێی كرد، بەرامبەر بە سێ یەكی دەستكەوتەكانی میسری بداتێ.

٢-ملك و زەوی بدات بەو سەركردانەی سوپاكەی كە دەیان نێرێت بۆ میسر لەگەڵ ئەرك و موچەی سەركردەو سەربازەكانیان.

٣-ماوە بدات بۆ مانەوەی شێركۆی كوڕی شادی كە خۆی و لەشكرەكەی بمێننەوە لە میسر.

نورەدین زەنگی ئەم جارەش ناردی بە شوێن شێركۆ و سەلآحەددین ئەیووبی و ئاگاداری كردنەوە بۆ ئامادەكردنی لەشكرێكی بەهێز بۆ ڕۆیشتن بۆ میسر بۆ دەركردنی خاچپەرستانی ئەوروپا لە میسر.

شێركۆ و سەلآحەددین ئەیووبی لەشكرێكی هەشت هەزار كەسیان پێك هێناو ئامادەكرد، شەش هەزاری لە كوردانی باكوور و ڕۆژئاواو باشووری كوردستان،

وە دوو هـەزاری لـە توركـەكان. (دكتـۆر علـی محمـد الـصلابی لـە كتێبەكەیـدا صـلاح الـدین الایـوبی لاپـەرە (١٦٨)بـە پێـچەوانەوە دەڵێـت شـەش هـەزار سـەربازی توركمـانی بـرد لەگـەڵ خـۆی، لەگـەڵ دوو هـەزاری تـر، نـاوی سـەربازی كـورد نابـات، ئەمـەش جۆرێكـە لـە ڕەگـەز پەرسـتی و ناحـەز بـۆ كـورد) شـێركۆ و سـەلآحەددین لەشـكرەكەیان دابـەش دەكـەن بەسـەر هێـزو بـەتالوێن و لـق دا، وە بەرپرسـە سـەربازیەكانیان دانـا لـە خـاڵو و بـرازاو خزمـانی خۆیـان و سـەركردە كوردەكـانی بـاكوور و باشـوور و ڕۆژئـاوای كوردسـتان و ئامادەیـان كـردن بـۆ ڕۆیـشتن بـەرەو میسر.

مـیر نەجمـەدین ئـەیوب بـاوكی سـەلآحەددین و بـرای شـێركۆی كـوڕی شـادی نـاردی بەشـوێن شـێركۆ و سـەلآحەددین و بـانگی كـردن بـۆ لای خـۆی و ڕێنـەمایی و ئامۆژگـاری كـردن و گـوتی (وەسـێتان بـۆ دەكـەن، ئێـوە ئـەم جـارە دەڕۆن بـۆ میـسر و بەرپرسـی و دەسـەلآت وەردەگـرن لـە میـسر، وەسـێتی مـن ئەوەیـە بـۆ ئێـوە بـاوەڕو متمانـە بـە كـەس و كـاری خۆتـان و كـورد نـەبێ، بـە بێگانـە و نـا كـوردی مەكـەن بـۆ سـەركردایەتی و بەرپرسـی سـوپاكانتان و فەرمانـە هەسـتیارەكانتان لـە ناوتـان دەبـەن) شـێركۆ و سـەلآحەددین لەشـكرەكەیان ئامـادە دەكـەن و ڕێكیـان دەخـەن بـۆ ڕۆیـشتن بـۆ میـسر، نـورەدین زەنگـی خـۆی لەگـەڵ شـێركۆ و سـەلآحەددین دەڕوات و بـەرێیان دەخـات هـەتا دەرگـای شـاری دیمـشق و لـەوێ هـەموو سـەربازەكان یـەكی بیـست دینارییـان پـێ دەدات وەكـو بەخشش و خواحافیزیان لێ دەكات.

بەگەیـشتنی هێزەكـانی شـێركۆ و سـەلآحەددینی بـۆ نـاو شـاری قـاهیر، هێزەكـانی خاچپەرسـتان زانیـان خۆیـان بـۆ ڕاناگیرێـت بەرامبـەر سـوپاكەی شـێركۆ و سـەلآحەددین شـەو بـە نهـێنی و بـێ دەنگـی كـشانەوە لـە قـاهیرە گەڕانـەوە بـۆ وڵاتی خۆیان بەبێ شەڕو زیان.

بـە گەیـشتنی شـێركۆ ئەسـەدەدین بـۆ نـاو قـاهیرە پێـشوازیان لـێ كـرا لەلایـەن (عاضد= عازد)دەوە و شێركۆ و سەلآحەددین كۆبوونەوە لەگەڵ عاضد.

شـاور سـەرکردەی گـشتی سـوپای دەوڵـەتی فاتمیـەکانی میـسر دەبـوو ئـەرك و موچـەی لەشـکرەکەی شـێرکۆ و سـەلاحەددینی بدایـە، بـەلام بـیری لـە پـیلان و خیانـەت کـردەوە لێیـان و بڕیـاری دابـوو بانگیـان بکـات بـۆ نـان خواردنێـك و بیـان کوژێـت، بـەلام کوڕەکـەی خـۆی ئاگـاداری شـێرکۆی کـردەوە لـە پیلانەکـەی بـاوکی و شـێرکۆ شـاوری گـرت و دای لـە ملـی و کوشـتی و سـەرەکەی نـارد بـۆ عاضـد خەلیفـەو والـی فاتیمیـەکان، ئـەویش پـێ خۆشـحاڵی خـۆی دەربـڕی بـۆ ئـەو کـارەی شێرکۆ.

شـێرکۆی کـوڕی شـادی ڕووی کـردە کۆشـکی خەلیفـەی فاتمیـەکان، (عاضـد)و پێشوازی گـەرمی لێـی کـردو فـەرمانی بـۆ دەرکـرد و کـردی بـە وەزیـر (یـانی سـەرۆك وەزیرانـی ئێـستا)وە نازنـاوی بـۆی دانـا بـە (پاشـای سـەرکەوتوو) و فەرمانـدەی هـەموو سـوپاکانی پێـی سـپارد، وە پێـی ڕاگـەیان کـە بەرپرسـیارێتی بـدات بـە ئەوانەی کە خۆی باوەڕ و متمانەی پێیانە و دەزگاکانی دەوڵەت دامەزرێنێت.

شـێرکۆ و سـەلاحەددین کـە ڕۆیـشتن بـۆ میـسر کۆمـەڵێك لـە پیـاوانی ئـاینی و زانـاو مامۆسـتایان لـە کـوردان بـرد لـە گـەل خۆیـان وەکـو مـەلا عیـسای هـەکاری و شـەدادی کـوردی و مـەلا موحەمـەدی شـارەزووری و زۆری تـر لـە ئەوانـەی کـە جێگـای بـاوەڕ و متمانـەیان بـوون، وە هـەموویانی دامەزرانـد لـە کۆشـك لـە دەوری خۆی و بەرپرسی پێیان سپارد.

شـێرکۆی کـوڕی شـادی لـە پـاش دوو مـانگ بـە وەرگـرتنی دەسـەلاتی وەزیـری لـە میـسر لـە (٢٢)ی جـەمادی ئـەخیر سـاڵی (٥٦٤)ی کۆچـی (١١٦٩ز)کۆچـی دوایـی کـرد، وە سـەلاحەددین ئـەیووبی بـرازای کـە تەمـەنی (٣٢)سـاڵ بـوو بـەرپرس و سـەرکردەکانی سـوپاکەی خۆیـان. وە ئـەو کۆمەڵـە پیـاوە ئـایینی و زانایانـە کـە لەگەڵیانـدا هـاتبوون بـۆ میـسر سـەلاحەدینیان هەڵبـژارد بـە وەزیـر لـە جێگـای شێرکۆی مامی و دەسەلاتی گرتە دەست.

# مردنی شێرکۆ ئەسەدەدین و کەسایەتی سەلاَحەددینی ئەیووبی

[1]لە پاش گەیشتنی لەشکرەکەی شێرکۆ ئەسەدەدین و سەلاَحەددین ئەیووبی بۆ میسر و دەرکردنی خاچپەرستان لە سنوری میسر، (عاضد) (عازد)خەلیفەی فاتمیەکانی میسر پلەی وەزیری (سەرۆك وەزیرانی ئێستا ن.س)دا بە شێرکۆ و دەسەلاَتی ئیداری و سەربازی کەوتە دەستی شێرکۆ هەر لە سەرەتاوە شێرکۆ دلَی خۆش نەبوو بە پلەی وەزیرییەکەی، بەلاَم لەسەر داوای سەلاَحەددین و کاریگەرییەکەیدا مایەوە و سەلاَحەددین کاروباری ولاَتی بە ناوی شێرکۆوە دەبرد بەرێوە، لە پاش دوو مانگ و پێنج رۆژ بوونی شێرکۆ بە وەزیری میسر لە رۆژی (٢٢)جەمادی ئەخیر (٥٦٤)ی کۆچی سالَی (١١٦٩ن)شێرکۆ کۆچی دوایی کرد، لە پاش سپاردنی بە خاك و تەواوبوونی پرسەکەی سەرکردەکانی سوپاکەیان سەلاَحەددین ئەیووبی برازایان هەلَبژاردو بوو بە وەزیر لە جێگای شێرکۆی مامی و دەسەلاَتی میسری گرتە دەست.

---

(1) صلاحەدین الایوبي، الدکتور علي محمد الصلابي، ص١٩٧

# کەسایەتی سەلاحەددین ئەیووبی

[١]سەلاحەددین ئەیووبی، ناوی یوسف کوری نەجمەدین ئەیوب کوری شادی کوری مەروان کورِ یەعقوبی رەوەندە لە گوندی (دوین) سەر بە پارێزگای هەولێر ناوچەی زرارەتی نزیکەی یەك کاتژمێر لە هەولێرەو دوورە و دە کیلۆمەتر لە هاوینە هەواری سەلاحەددینەوە لە نەوەی میر موحەمەدی شەدادی کوردیە، دامەزرێنەری دەولەتی شەدادی کوردی لە سالی(٣٣٧-٣٤٤)ی کۆچی.

سەلاحەددینی ئەیووبی لە سالی (٥٣٢)ی کۆچی بەرامبەر بە (١١٣٧ز) لە ناو قەلای تکریت-پارێزگای سەلاحەددین لە عێراق لە دایك بووە.

هەر لە سەرەتای لاویەوە لە شاری دیمشق گەورە بووە و فێری خوێندن و سوار چاکی و راو و شمشێر بازی بەرێوەبردنی ئیدارە و سەربازی بووە، لە تەمەنی بیست سالیەوە لەگەل شێرکۆی مامیدا بووە و یارمەتی دەری بووە لە سەرکردایەتی و شەرەکانیدا، وە لە نەجمەدین ئەیووبی باوکیەوە فێری هەلسوکەوتی ناو کۆشکی نورەدین زەنگی بووە و یارمەتی میر نەجمەدین ئەیووبی باوکی داوە و فێری بەرێوەبردنی ئیدارە و دبلۆماسیەت بووە لێوە.

سەلاحەددین ئەیووبی کۆمەلێك خوورەوشتی بەرز و کەسایەتی نموونەیی و مرۆڤایەتی باش وەسف دەکرێت کە ببوون بە یارمەتیدەری بۆ سەرکەوتن و گەیشتن بە ئامانجەکانی.

لەوانە: ئازایەتی و چاو نەترسان-دلۆڤانی و سۆز و بەزەیی- دل فراوانی و لێبوردن لەکاتی بەهێزو دەسەلات و توانادا، خۆراگرتن لەکاتی تەنگانەدا-دادوەری، وە مل کەچ بوونی خۆی بۆ دادگا-دەست و دەم و داوێن پاکی لەکارو کردەوەکانیدا باوەری بە هێزی بە خودای مەزن و خۆ بەخت کردن لە

---

[١] هەمان سەرچاوە.

پێناویـدا و هەسـت و سـۆزی نەتەوایـەتی: پاراسـتنی زمـانی کـوردی و قـسە پـێ کردنـی لـە نـا مـاڵ و خێزانەکـەی و سـەرکردە کوردەکـانی نـاو لەشـکرەکەی بـۆ ئەوەی بێگانە بە قسەو نهێنیەکانیان نەزانن.

پۆشـین و لەبـەرکردنی بـەرگی کـوردی، خـۆی و لەشـکرە کوردەکـەی کـە هـەتا ئێـستاش پەیکەرەکـەی خـۆی و چـەند سـەرکردەیەکی لەشـکرەکەی بـە بـەرگی کوردیـەوە مـاوە لـە مۆزەخانـەی (قـاهیرە) لـە میـسر، ن.س)و زۆر رەوشـت و کـردەوەی تـری جـوانی، ئـەم خالأنـەی سـەرەوە ئەگـەر لەسـەر بـاس و بیروبۆچـوونی مێژوونوسـان باسـیان بکـەین و شـیان بکەینـەوە بـە دەیـان لاپـەرە تـەواو نابێـت کـە خـاڵ بـە خـاڵ بـە کـردەوە سـالماندویەتی، وە مێژوونووسـانی ئـەوروپاش ئـەو شـایەتیەی بـۆ دەدەن کـە لـەکاتی جـەنگی خاچپەرسـتاندا بەرامبـەر بـە دوژمنـەکانی کردویـەتی، بنەماڵـەی سـەلأحەددین ئـەیووبی هـەموو کـات لەبـەر چـاوی بێگانـە بـە زمانێـك قـسەیان کـردوە (کـە ئـەویش زمـانی کـورد بـووە ن.س) کـەس لێیـان تـێ نەدەگەیـشت هـەر وەکـو (نظـم الربیـع) لـە لاپـەرە (١٣٤) و (نظـم المالیـة في زمـن الایـوبیین) لاپـەرە (٢١) باسـی دەکـەن و دەڵـێن: سـەلأحەدین ئـەیووبی و ئەیوبیـەکان خۆیـان و لەشـکرەکانیان بـەرگێکی جیاوازیـان لەبـەر دەکـرد ئـەویش شـەواڵ و پـشتێنی قومـاش بـوو (یـانی بـەرگی کـوردی، ن.س) لـەکاتی ئاسـایی و جەنگـدا کـە ئێـستاش نموونـەیان مـاوە لـە مۆزەخانـە. سـەلأحەددین ئـەیووبی شـەش بـرای هـەبوو: ١-سـەیفەدین ٢-تۆرانـشا (شـەمس ئەلدولـە) ٣-توغرولتـەگین ٤-بـوری (تـاج الملـوك=عـادل شـا) ٥-تەگتـەگین ٦-تەقیـەدین هـەروەها سەلأحەددین کـوڕی زۆر بـوو، ئەوانـەی کـە ناویـان هەیـە وەکـو: ١-نـورەدین ٢-عـەلی ٣-مـەلیك ظـافر ٤-مـەلیك ظـاهر ٥-عوسمان (ابو ئەلفتح) ٦-مەلیك ئەفضل ٧-سەیفەدین مشتوب.

سـەلأحەددین ئـەیووبی دۆسـتی زانیـان و رۆشـنبیران و شـاعیران بـوو و لـە دەوری خـۆی کـۆی دەکردنـەوە و گـوێی ڕا دەگـرت بـۆ قـسەو وتـارو شـیعر و بۆچـوونەکانیان و ڕای وەردەگـرتن و مـاوەی قـسەکردنی پێیـان دەدا.

سـەلأحەددین هـەموو ڕاوێـژکارەکانی کـورد بـوون وەکـو: ١-قـازی ئـەلفازل ٢-مـەلا

عیسای هەکاری ٣-قازی شداد ئەلکوردی ٤-قازی شارەزووری و...هتد.
سەلاحەددین ئەیووبی لە تەمەنی (٣٢)ساڵیدا بوو بە وەزیری میسر و دەسەلاتی گرتە دەست.

سەلاحەددین ئەیووبی لە ساڵی (٥٨٣)ی کۆچی ڕێکەوتی (١١٨٧ز)شاری (قودس)ی ئازاد کرد لە دەستی خاچپەرستان، لە دوای داگیرکردنی لەلایەن خاچپەرستانەوە لە ساڵی (٤٩١)ك و مانەوەیان تیایدا ماوەی (٨٢)ساڵ.

لە دوای ئازادکردنی شاری قوس ماوەی پێنج ساڵ خۆی ڕاگرت لە شەڕدا بەرامبەر بە سوپای خاچپەرستانی ئینگلترە و فەرەنسا و ئەڵمانیا هەتا ناچاری کردن بە پێك هاتن، ڕاوەستانی شەڕ بۆ ماوەی سێ ساڵ و سێ مانگ و کشانەوەیان لە ناوچەکەدا و بوو بەهۆی سەرکەوتنی و بڵاوبوونەوەی ناو و ناوبانگی لە جیهانی موسڵمانان و ئەوروپا، سەلاحەددین کۆچی دوایی کرد کە یەك دیناری زێڕین و (٤٧)درهەم لە ناو کەسەکەیدا بوو، هیچ خانوو و باخ و موڵکێك بەناویەوە نەبوو.



سەلاحەدین ئەیووبی دامەرزێنەری دەوڵەتی ئەیووبی کوردی ساڵی (١١٦٩ز)

## دامەزراندنی سوپای دەڵەتی ئەیووبی کوردی

[1]دامەزرانـدنی سـوپای دەوڵـەتی ئـەیووبی کـوردی دەگەڕێتـەوە بـۆ دامەزرانـدنی تیپـی شـێرکۆیی (الاسـدیە) لـە سـاڵی (٥٦٤)ی کۆچـی (١١٦٩ز) ئەسـەدەدین شـێرکۆ دایمەزرانـد لـە دوای ڕۆیـشتنی سـێیەمی بـۆ میـسر و بـوونی بـە وەزیـری لـە

(١) الدولة الايوبية وفق نظرية الدولة لابن خلدون الدكتور حكيم عبدالرحمن باپیر ص ٩٠-١٠٠

دەوڵـەتی فـاتمی شـیعە لەلایـەن عـازد (عاچـد)دەوە، وە تیپەکـەی شـێرکۆ پێـك هاتبوو لە هەشت هەزار کەس، شەش هەزار سەرباز و سەرکردەیان کورد بوون.

شـێرکۆ ئەسـەدەدین لـە دوای ئـەوەی کـە بـوو بـە وەزیـر (یـانی سـەرۆك وەزیرانـی ئێسـتا. ن.س) بـە دوو مـانگ و پێـنج رۆژی کۆچـی دوایـی کـرد، لـە دوای ناشـتن و تـەواوبوونی پرسـەکەی، سـوپاکەی شـێرکۆ پـشتگیری سـەلاحەددین ئـەیووبیان کرد و بوو بە وەزیری میسر لە جێگای شێرکۆی مامی.

سـەلاحەددین ئـەیووبی کـە دەبێـت بـە وەزیـری میـسر داوا دەکـات لـە نـورەدین زەنگـی بـۆ ئـەوەی بـاوك و کـەس و کارەکـەی بـۆ بنێرێـت بـۆ میـسر بـۆ یارمەتیـدان و پـشتگیری کردنـی، نـورەدین زەنگـیش بڕیـار دەدات لەسـەر رۆیـشتنی بـاوك و بنەماڵەکەی و خزمانی بۆ میسر.

نەجمـەدین ئـەیوب بـاوکی سـەلاحەددین دوو هـەزار چـەکداری کـورد و خێزانـەکانیان لەگـەڵ خـۆی دەبـات بـۆ میـسر، بـە گەیـشتنیان بـۆ میـسر سـەلاحەددین ئـەیووبی هـەموو پلـە و پایـە سـەربازییەکان و شـوێنە هەسـتیارەکان دابـەش دەکـات بەسـەر خـزم و کەسـانی خـۆی و ئـەو سـەرکردە کوردانـەی کـە لەگـەڵ خـۆی و شـێرکۆی مـامی و بـاوکی ڕۆیـشتن بـۆ میـسر، بـە دامەزرانـدنی سـەرکردەکانی سـوپا و شـوێنە هەستیارەکانی دەوڵەتی میسر لەلایەن سەلاحەددین ئەیووبیەوە.

زۆربـەی ئـەو سـەرکردەو سـەربازە تورکانـەی کـە لـە نـاو سـوپای فاتمیەکانـدا بـوون لـە میـسر لەگـەڵ بـەرزترین سـەرکردەیان (عـەین ئەلـدەو لـە ئـەلیاروقی)بـوون گەڕانـەوە بـۆ شـام و دیمـشق، لەبـەر ئـەوەی سـەلاحەددین ئـەیووبی بایـەخی پێیـان نـەداو هـیچ پلـەو پایـەی سـەربازی نـەدا پێیـان (لـە دامەزرانـدنی سـوپا و دەوڵەتەکەیـدا. ن.س) بـە رۆیـشتنی (عـەین ئەلـدەو لـە ئـەلیاروقی)و سـەربازە تورکـەکانی، سـەلاحەددین سـوپای فـاتمی شـیعە مەزهـەبی هەڵوەشـاندەوە کـە پێك هاتبوون لە عەرەب و بەربەر و ئەرمەنی و سودانی و تورکە مەمالیکەکان.

سـەلاحەددین ئـەیووبی هـەر لـە هـەمان ساڵدا بـە گەیـشتنی بـاوکی بـۆ میـسر بێجگـە لـە تیپەکـەی ئەسـەدەدین شـێرکۆی مـامی تیپێکـی تـری دامەزرانـد بـە نـاوی (الـصلاحیە)و ئـەمیر ئـەبو هـەیجانی هـەزبانی کـوردی، لـە عەشـیرەتەکەی خـۆی

كـرد بـە سـەركردەی، (ئـەو دوو تیپـەی كـە سـەلاحەددین و شـێركۆ دایـان مەزرانـد هەشت هەزار سەرباز و سەركردەی كورد بوون، ن.س).

١-دەڵـێن (مـەلا عیـسا)ی هـەكاری هـەوڵێكی زۆری دابـوو بـۆ ڕازی كردنـی سـەركردە كوردەكـانی نـاو سـوپاكەی شـێركۆ ئەسـەدەدین بـۆ پـشتگیری كردنـی سـەلاحەددین ئەیووبی بۆ ئـەوەی كە ببێـت بـە وەزیـر لـە جێگـای شـێركۆی مـامی (پلـەی وەزیـری ئـــەو ســـەردەمە یـــانی ســـەرۆك وەزیرانـــی ئێـــستای وڵات. ن.س) و هەســـتی نەتەوایـەتی و كوردایـەتی دروسـت كردبـوو لـە ناویانـدا لەبـەر ئـەوەی نـەوەكو ئـەو پلـە وەزیریـە لـە دەسـتیان دەربـچێت و بـدرێت بـە توركێـك لـە میـسر، هەنـدێك لـە سـەركردەكانی نـاو سـوپاكەی شـێركۆ لـە كـوردان وەكـو قوتبـەددین خەسـرەو مەشـكوب هـەكاری ڕازی نـەبوون بـە ئـەوەی كـە سـەلاحەدین ببێـت بـە وەزیـر بـە بـەهانای ئـەوەی كـە لـە خۆیـان منـداڵترە و شـارەزایی و تاقیكردنـەوەی كـەمترە، هــەروەها شــەهابەدین حــارم خــاڵۆ ســەلاحەددین پێیــان دەگــوت پاشــای كــورد تــەماحی لــەو پلەیــەدا بــوو بــۆ خــۆی، بــەلام لــە ئەنجامــدا هــەموو ســەركردە كوردەكانی ڕازی بوون بە ئەوەی كە سەلاحەددین ببێت بە وەزیری میسر.

ئـەوەی كـە ڕای خـۆی نـەداو نـاڕازی بـوو تـەنها سـەركردەیەكی تـورك بـوو پێیـان دەگـوت (عـین الدولـە قوتبـەدین الیـاروقی)ئـەویش هیـچی پـێ نـەكرا، وە سـەلاحەددین یـش هـیچ پلـە و پایـەكی پێـی نـەدا و خـۆی و سـەربازە توركـەكانی گەڕانـەوە بـۆ شـام، گەڕانـەوەی عـین الدولـە قوتبـەدین الیـاروقی بـۆ دیمـشق بـەبێ پلـە و دەسـەلات لـە میـسر بـوو بـە هـۆی دروسـت بـوونی گومـان لـەلای نـورەدین زەنگی بەرامبەر بە سەلاحەددین ئەیووبی.

(هێملتـۆن)ئـەو هەڵوێـستەی سـەركردە توركـەكانی وا ڕوون كردووەتـەوە بەرامبـەر بـە كـورد، بـە قـسەی ئـەو دەڵێـت: سـەلاحەددین ئـەیووبی كـورد بـوو تـورك نـەبوو وە توركـەكان هەسـتیان بـە بـەرزی و گـەورەی خۆیـان دەكـرد، ئـەو هەسـتەیان لـە ڕابوردووی سەربازی خۆیاندا لەلا دروست بوو.

خـۆ نزیـك كردنـەوەی ئـەمیرەكانیان لـە دەسـەلاتی سیاسـی لـە وڵاتـانی ڕۆژهـەلاتی ئیـسلامی و داگیركردنـی پلـە و پایـە و دەسـەلات وای لێیـان كردبـوو كـە ڕق و

کینەیان هەبێت بەرامبەر بە هەموو میللەتانی تری ئیسلام، و هەروەها تورکەکانی موسڵ و شام زیاد لە سنوری خۆیان ڕق و کینەیان هەبوو بەرامبەر بە کوردانی هاوسێیان. کاتێکیش کە سەلاّحەددین ئەیووبی پلەی وەزیری وەرگرت و دەسەلاّتی گرتە دەست تورەیی و ڕق و کینەیان زیادی کرد بەرامبەر بە کورد.

نیو بای دەڵێت: چینی دەسەلاّتدارانی تورك لە دەوڵەتی زەنگی دا رقیان زۆر لە سەلاّحەددین ئەیووبی بوو لەبەر ئەوەی سەرکەوتنێکی بەرزی بە دەست هێنابوو، ئەوانیش دژایەتیان دەکرد. حەسودی و غیرەی تورکان بەرامبەر بە سەلاّحەددین گەیشتە لوتکەی ڕق و کینەی سیاسییان.

وە سەرچاوەکان دەڵێن: نورەدین زەنگی خۆیشی نارەحەتی و بێزاری دەردەبری بەرامبەر بەو سەرکەوتن و ئاسایشەی کە کوردانی ئەیووبی بەدەستیان هێناوە لە میسر.

ئەو نا ڕەحەتی و ڕق و بێزارییەیان لەو رۆژەوە دەستی پێ کرد کە ئەسەدەدین شێرکۆ دەسەلاّتی وەزیری وەرگرت (لە عاضد خەلیفەی فاتمیەکان لە میسر، ن.س). وە لە دوای مردنی شێرکۆ کە سەلاّحەددین چووە جێگاکەی مامی ئەو ڕق و کینە و نارەحەتیە زیادی کرد.

وە ئەبن شەدادی (مێژوونووسی سەلاّحەددین، ن.س)دەڵێت کە شێرکۆ دەسەلاّت وەزارەتی لە میسر گرتە دەست نورەدین زەنگی دەسەلاّتی لە کوڕەکانی شێرکۆ و جێگرەکانی وەرگرتەوە لە شارەکانی (حمس و ئەلرەحبە)ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت کە هەڵوێستی نورەدین زەنگی گۆڕاوە بەرامبەر بە بنەماڵەی ئەیووبیەکان بەهۆی سەرکەوتنی سەربازی و سیاسیانەوە لە میسر. هەروەها ئەبن ئەسیر و ئەبن خەلدون باسی ئەوەیان کردوە لە کاتێکدا کە سەلاّحەددین ئەیووبی دەبێت بە وەزیر (لەلایەن خەلیفەی فاتمیەوە. عاضد، ن.س)و دەسەلاّت دەگرێتە دەست لە میسر، نورەدین زەنگی بە ناوی دەوڵەتی زەنگی و خەلیفەی عەباسیەوە بریارو ئاگادارییەکی بلاّو کردەوە لەلای خۆیانەوە و دەڵێت: وەزیرییەکەی سەلاّحەددین ئەیووبی و

دەسەلاتەکەی لە میسر تەنها بە ناوی خۆیەوە نیە، بەشکو بەناوی هەموو ئەمیرەکانی ولاتی میسرەوەیە، ئەویش لەبەر ئەوە بوو ردانی تەواوی نەدەنا بە دەسەلاتی سەلاحەددین دا کە وەزیرە، بەلکو هەر بەچاوی سەرکردەیەکی سەربازی سوپاکەی خۆی سەیری دەکرد، وەکو سەرکردەو ئەمیرەکانی تری.

زیاتر لە جارێك نورەدین زەنگی هەولی دا بوو بۆ ئەوەی کە سەلاحەددین ئەیووبی لابدات لە وەزارەتی میسر، بەلام (خەلیفەی عەباسی، ن.س) و خەلیفەی فاتمی(عاضد)بریاریان نەدا لەسەری و ئەو هەولانەی نورەدین زەنگیان بوچەل کردەوە، هەروەها سەرچاوەکان نووسیویانە و دەلێن، نورەدین زەنگی لە دوای ئەوەی کە ئەسەدەدین شێرکۆ و سەلاحەددین ئەیووبی نارد بۆ میسر جاری سێیەم پەشیمان بۆتەوە و پەشیمانی دەربریوەوە، وە زۆر کات نەی دەگوت پاشایانی نەوەی ئەیووبی، ئەوەی دەردەخست کە پێی خۆش نەبوو کە ئەیووبیان ئەو شوێن و پلە و پایەیان هەیە لە میسر.

لە باسێکی تری (ئەبو شامە)دەی گێرێتەوە و باسی دەکات کە خۆی لەو سەردەمەدا ژیاوە و دەلێت: نورەدین زەنگی بە هیچ شێوەیەك دل خۆش نەبوو بەو سەرکەوتنەی ئەیووبیان لە میسر، وە لە دانیشتنێکدا لەگەل ئەمیرەکانی کۆشکەکەیدا گوتبووی وەللا بیزانیایە (ئەو سەرکەوتنە بە دەست دێنن، ن.س)نەیانی دەنارد بۆ میسر و میسری نەدەگرت بۆ ئەوەی ئەسەدەدین شێرکۆ و سەلاحەددین ئەیووبی نەگەیشتنایە بەو پلە و پایەی کە تیایدان. وە سەلاحەددین یش هەستی کردبوو و دەیزانی کە پەیوەندیەکانی نێوان خۆی و نورەدین زەنگی بەرەو ئالۆزی و تێك چوون دەڕوات، وە دەیزانی ئەو سەرکەوتنانەی کە ئەو بە دەستی هێناوە (لە میسردا، ن.س)پەست و دلتەنگی کردوە.

لە سالی (٥٦٧)ی کۆچی (١١٧١ز) لە کاتێکدا کە سەلاحەددین ئەیووبی بە لەشکرەکەیەوە دەوری قەلای (شەوبك)ی دابوو بۆ گرتنی، ئاگادار کرابویەوە کە نورەدین زەنگی کەوتۆتە ڕێ بەرەو میسر (بەبێ ئاگادار کردنەوەی سەلاحەددین بۆ داگیرکردنی میسر، ن.س) بەناوی یارمەتی دانیەوە، بە

بیستنی ئەم هەواڵە سەلاحەددین بە پەلە لەشکرەکەی کشاندەوە لە قەلاّ و سەنگەرەکانی (الشوبك) و گەڕایەوە بۆ میسر، وە میر و سەرکردەکانی سوپاکەی ئاگاداری سەلاحەددین یان کردبوو بۆ بەرنگاربوونەوەی لەشکرەکەی نورەدین زەنگی، و پێیان گەیاندبوو کە نورەدین زەنگی نیازی خراپە لە گەڵیاندا، ئەگەر رووی کردە میسر و بەردەوام بوو لە هاتنە پێشەوە دەبێ بجەنگین لەگەڵیدا.

بەلاّم نەجمەدین ئەیوب باوکی (سەلاحەددین، ن.س) کەوتە نێوانیان و بە زانستی خۆی هەڵویستەکەی ڕێگار کرد لەبەرنگاربوونەوەن (نورەدین زەنگی یش بە بیستن و ئاگادار بوونەوەی گەڕانەوەی سەلاحەددین و لەشکرەکەی بۆ میسر و بەردانی گەمارۆی قەلاّی (الشوبك) هەستی کردبوو بە زانینی سەلاحەددین بە نیازەکەی و گەڕابویەوە بۆ دیمشق، ن.س) ئەم هەڵوێستەی نورەدین زەنگی لە ساڵی (٥٦٨)ی کۆچی (١١٧٤ز) جارێکی تر دووبارە بوویەوە، نورەدین زەنگی داوای کردبوو لە سەلاحەددین ئەیوبی کە قەلاّ و سەنگەرەکانی (حصن الكرك) بگرێت، کاتێك کە سەلاحەددین دەڕوات و گەمارۆی قەلاّ و سەنگارەکانی (حصن الكرك)دەدات هەواڵ دەدەنە سەلاحەددین کە نورەدین زەنگی کەوتووەتە ڕێ لەگەڵ لەشکرێکی زۆردا بەرە و میسر، بە بیستنی ئەم هەواڵە سەلاحەددین بە لەشکرەکەیەوە دەگەڕێتەوە بۆ میسر، نورەدین زەنگیش دیسان دەگەڕێتەوە بۆ (دیمشق، ن.س) سەلاحەددین ئەیووبی بەهانەی گەڕانەوەکە کرد بە ئەوەی کە باوکی نەخۆش کەوتووە، لە دوای ئەوە سەلاحەددین مەلا عیسای هەکاری بە دیاریەکی زۆرەوە نارد بۆ لای نورەدین زەنگی بۆ ڕازی کردنی و هۆی گەڕانەوەی بۆ میسر.

لە دوای ئەو ڕووداوە سەلاحەددین ئەیووبی بیری لەوە دەکردەوە شوێنێکی تر دیاری بکات بۆ خۆیان لە باتی میسر، ئەگەر نورەدین زەنگی بڕیاری داو ویستی لە میسر دەریان بکات، ئەبن ئەسیر دەڵێت گرنگترین هۆ کە پاڵی نا بە سەلاحەددین ئەیووبیەوە بۆ گرتنی وڵاتی نۆبە و یەمن بۆ دابینکردنی شوێن و

جێگایەك بوو ئەگەر هەوڵی دەرکردنی درا لە میسر (لەلایەن نورەدین زەنگیەوە، ن.س).

هەروەکو (بیومی) دەڵێت گومانی خراپ کەوتە نێوان هەردووکیان و بڕوا و متمانە نەما لە نێوانیاندا. لە ساڵی (٥٦٩)ی کۆچی (١١٧٤ز) نورەدین زەنگی نوێنەرێکی خۆی نارد بۆ میسر بۆ دەرخستنی هەواڵ و کارەکانی سەلآحەددین و پشکنینی دارایی و دەسکەوتەکانی و چی بۆ خۆی لێ هەڵگرتووە، بەم شێوەیە نورەدین زەنگی نا ئومید بوو لە جێگرە کوردەکەی لە میسر، وە دەترسا سەربەخۆیی ئاشکرا بکات و جیا ببێتەوە لە وڵاتەکەی.

لەگەڵ ئەوەی کە هەندێك لە ڕەگەزی تورکان مابوون لە ناو سوپای ئەیووبیان، بەلآم پێشبڕکێ و ڕەگەز پەرستی نێوان تورکان و کورد و دووبەرەکیان ئاشکرا بوو بە تایبەتی لە دوای ئەو پێشبڕکێ سیاسیەی کە باس کرا.

هەتا وای لێهات بە ئاشکرا کوردان قەرزیان بە تورکان نەدەدا، وە تورکانیش بە هەمان شێوە، ناکۆکی و ئاژاوەیەکی وا دروست بوو لە نێوانیاندا وەکو ناکۆکی و ئاژاوەکەی ساڵی (٥٨١)ی کۆچی (١١٨٥ز) کە ڕووی داو و هەرێمەکانی جەزیرە و دیار بەکر و شام و شارەزووری گرتەوە و چەندین ساڵ درێژەی کێشا، وە ئەو هەموو ڕووداوانەی کە باس کرا لە ناکۆکی ڕەگەزایەتی نێوان تورکان و کوردان، یەکێك بوو لە گرنگترین هۆی یەك گرتنی کوردان، و کۆبوونەوەیان لە دەوری سەلآحەددین ئەیووبی و پیشتگیری کردنی، هەر ئەوەش بوو بەهۆی ئەوەی کە ئەیووبیەکان وا لێ بکات کە دەست بەرداری میسر نەبن و بۆ خۆیان بپارێزن و کیانی سیاسی بەهێز پێك بێنن، وە کوردەکان هەموو کۆبوونەوە و بوون بە یەك دەنگ و یەك قسە و پشتگیری سەرۆك و سەرکردەکانی خۆیان دەکرد هەر وەکو نەتەوە و گەلانی تری ئەو سەردەمە.

# دامەزراندنی ئەنجومەنی سەرکردایەتی سەربازی دەوڵەتی ئەیووبی کوردی

[1]ئەو دوو تیپە سەربازییەی سەلاحەددین ئەیووبی(الاسدیە و الصلاحیە) بوون بە سەرەتای دامەزراندنی سوپای دەوڵەتی ئەیووبی کوردی لە میسر و بەردەوام بوو بۆ بەهێزکردنی سوپاکەی لە هەندێك دۆستانی خۆی مەمالیکە تورکەکان.

سەلاحەددین ئەیووبی لە ڕۆژی ٨ی موحەڕەمی سالّی (٥٦٧)ی کۆچی ١١ی ئەیلولی (١١٧١ز) خۆپێشاندانێکی سەربازی ئەمایش کرد و پێشاندا لە ناو شاری قاهیرە و زۆربەی لەشکرەکەی لە تازە و کۆن بەشداریان تیایدا کرد بە سوارە و پیادە و بە هەموو چەکێکی جەنگی ئەو سەردەمەوە، بۆ بینینی ئەم خۆ پێشاندانە سەربازییەی هەموو نوێنەرانی دەوڵەتانی ئەورووپا و بێزەنتینییەکانی بانگ کێش کردبوو بۆ شاری قاهیرە و ئامادەبوون لە سەیرکردنی.

ئەم خۆپێشاندانە گەورەیە بەو هەموو چەکەوە جێگای سەرسوڕمانی نوێنەرانی دەوڵەتان بوو کە لەوێ ئامادەبوون، وە بوو بە هۆی نا ئومێدبوونیان بۆ داگیرکردنی ڕۆژهەلات و ولآتانی ئیسلامی و میسر، نوێنەرانی دەوڵەتان هەموو نامەیان

ناردبوو بۆ ولآتەکانی خۆیان و ئاگاداریان کردبوونەوە بۆ ئەوەی ئەگەر تەگبیری خۆیان نەکەن ئەو ولآتانەی کە لەژێر دەستیاندایە لە ڕۆژهەلآت لە دەستیان دەچێت.

هەر لە هەمان سالّدا لە (٥٦٧)ی کۆچی (١١٧١ز) سەلاحەددین ئەیووبی لە شاری ئەسکەندەریە ئەنجومەنێکی سەرکردایەتی سەربازی دامەزراند لە: ١-

[1] الدولة الايوبية وفق نظرية الدولة لابن خلدون الدكتور حكيم عبدالرحمن بابير ص ١٠٤

نەجمەدین ئەیوب باوكی ٢-حازم خالۆی ٣-تەقیە دین برازای ٤-سەلاحەددین ئەیووبی خۆی، بۆ سەركردایەتی سوپا و بەرێوەبردنی ئیداری ولات و دارشتنی نەخشە و پیلان بۆ فراوان كردنی سنوری دەسەلاتی دەولەتەكەی.

(٢)مەمالیك ئەو مندال و گەنجە توركانە بوون كە لەو سەردەمەدا دەیان فرۆشتن و دەیان كرین دەسەلاتدار بۆ سەربازی خزمەت كردنی خۆیان لە ناو كۆشكەكانیاندا، فێری خوێندن و ئایینی ئیسلامیان دەكردن و مەشقی سەربازی و چۆنیەتی هەلسوكەوت لە ناو كۆشكەكانیاندا، ن.س) سەلاحەددین ئەیووبی هەر لە سالی (٥٦٧)ی كۆچی (١١٧١ز) لەشكرێكی گەورەی پێك هێنا بە سەرۆكایەتی تۆران شای برازای بۆ گرتن و كردنەوەی ولاتی (نۆبە) و ناردنی و بە ماوەیەكی كەم و زیانی كەمەوە- چوونە ناو شارەكە و قەلای (ئەبریم)یان داگیر كرد و دەستیان گرت بە سەر هەموو ولاتەكەدا و سپاردیان بە ئیبراهیم كوردی و دەسەلاتی ناوچەكەی گرتە دەست.

هەر لە هەمان سال و هێرشدا تۆران شا لەگەل بەشێك لە لەشكرەكەی لە سوار چاكانی كورد رووپان كردە باشوور و بەرەو شاری (دەنقەلە) و گرتنی و سپاردنی بە فەرماندەیەكی تری كورد لەگەل كۆمەلێك سەربازی كوردا. لە سالی (٥٦٧)ی كۆچی (١١٧١ز) تۆران شا ناوچەكانی باشووری نیوە دوورگەی عەرەبی گرت وەكو حیجاز و هەندێك لە ولاتی یەمەن. هەر لە هەمان سالدا تۆران شا هەرێمی (حەزەر مەوت)ی گرت و سپاردی بە ئەمیر هاروون كوردی.

لە سالی (٥٨٣)ی كۆچی (١١٨٧ز) (تەگتەگین) پاشای كوری نەجمەدین ئەیوب زۆربەی ناوچەكانی یەمەنی گرت و خستیە پال دەولەتی ئەیووبی، تەنها شاری (سەنعا) خۆیان نادەن بەدەستەوە.

هەندێك لە سەرچاوەكان دەلێن لە سەدەی پێنجی كۆچی یانزەی زایینی چەند بنەمالەیەكی كورد چوو بوون بۆ یەمەن و لەوێ نیشتەجێ ببوون و زۆر ببوون، لە سالی (٥٨٣)ی كۆچی (١١٨٧ز) كە تەگتەگین پاشا شاری یەمەنی گرت

---

(٢) ن.س

هەموو ئەو کوردانەی یەمەن پێشوازیان لێ کردبوو، وە پەیوەندییان پێوەکردبوو وە زۆربەی کاروباری سەربازی و دەوڵەتیان سپاردبوو بە کوردەکانی یەمەن و درانە پاڵ دەوڵەتی ئەیووبی کوردی.

نورەدین زەنگی لە ١٠ی شەوالی ساڵی (٥٦٩)ی کۆچی (١١٧٣ز)کۆچی دوایی کرد لە دیمشق، لە پاش ساڵێك بە مردنی نورەدین زەنگی (سولتلنی دەوڵەتی زەنگی تورکی ئیسلامی، ن.س) سەلآحەددین ئەیووبی بیر لەوە دەکاتەوە کە هەموو سنوری دەوڵەتی زەنگی تورکی بخاتە ژێر دەسەلآتی خۆیەوە و کۆتایی بە دەوڵەتی زەنگی بێنێت وە تەنها (دەوڵەتی ئەیووبی کوردی دەسەلآتدار بێت، ن.س) لە پاش مردنی نورەدین زەنگی لە ساڵی (٥٦٩)ی کۆچی (١١٧٣ز) میر و سەرکردە تورکەکان لە دیمشق و ولآتای شام، ویستیان دەوڵەتی زەنگی لە ولآتی شام بە دەستی خۆیانەوە بمێنێتەوە بە ناوی کوڕە بچوکۆلەکەی نورەدین– زەنگییەوە (کە ناوی ئیسماعیل بوو، وە تەمەنی لە حەوت ساڵ تێپەر نەدەبوو، ن.س) وە دەیان ویست بەرەنگاری سوپای سەلآحەددین ببنەوە و بەرهەڵستی بکەن و نەیەڵن شام و دیمشق بگرێت.

لە دیمشق لە ناو میرە تورکەکاندا میرێکی کورد هەبوو بە ناوی کەمالەدین موحەمەد شارەزووری و هەوڵی زۆری دابوو لەگەڵ میر و سەرکردە سەربازیە تورکەکان بۆ ئەوەی کە بەشێوەیەکی ئیجابی و لە رێگای گفتوگۆوە پێك بێت لەگەڵ سەلآحەددین ئەیووبی، وە ئامۆژگاریانی کردبوو و گوتبووی پێیان پێویستە پرس و راوێژ بکەین بە سەلآحەددین لەبەر ئەوەی کە ئەمڕۆ ئەو بە هێزترین دەسەلآتە لە ناوچەکەدا و کەڵك و سوود لە ئامۆژگاریەکانی ئەو وەربگرین و خۆمان بپارێزین و لابدەین لەبەرنگاربوونەوە و بەرهەڵستی کردنی، بەلآم ئامۆژگاری و هەوڵەکانی کەماڵەدین شارەزووری سوود و کەڵکی نەبوو (بۆ میر و سەرکردە تورکەکان، ن.س) بەلآم هەوڵێکی ژیرانە و ئیجابی بوو بۆ بەرژەوەندی کورد و یەك گرتنەوەی موسڵمانان و نزیك کردنەوەیان لەیەك تر.

سەلآحەددین ئەیووبی ئاگادار کرابوو لە هەوڵ و ئامۆژگاریەکانی کەمالەدین شارەزووری لەگەڵ میر و سەرکردە تورکەکاندا لە دیمشق و شام، وە دەیزانی

کە بە ئاسانی خۆیان نادەن بە دەستەوە. لە ساڵی (٥٧٠)ی کۆچی (١١٧٤ز) سەلاحەددین ئەیووبی لەشکرێکی گەورەی پێك هێنا لە میر و سەرکردە کوردەکان و شام و دیمەشق یان گرت، وە سەلاحەددین دیمەشقی کرد بە مەڵبەند و بنکەی سەربازی ئەیووبییەکان لە وڵاتی شام و دەوروبەری. وە هەموو شار و شارۆچەکەکانی شام و دیمەشق میر و سەرکردەی کوردی دانا بۆیان (وە دەسەڵاتی لە میر و سەرکردە تورکەکان وەرگرتەوە، ن.س).

هەر لە پاش گرتنی شام و دیمەشق لەساڵی (٥٧٠)ی کۆچی (١١٧٤ز) لەشکرەکەی سەلاحەددین ئەیووبی ڕوو دەکەنە جەزیرەی (بۆتان مەڵبەندی ئێستای بەدرخانیەکان، ن.س)و بەبێ شەڕو بەرهەڵستی کردن پێشوازیان لێ دەکەن، سەلاحەددین ئەیووبی هەموو ناوچەکە دەسپێرێتەوە بە میرە کوردەکانی جەزیرەی (بۆتان، ن.س) و ناوچەکە دەبێت بە بەشێك لە دەوڵەتی ئەیووبی کوردی. لە ساڵی (٥٨٢)ی کۆچی (١١٨٧ز) دەوڵەتی ئەیووبی کوردی لەشکرێکیان پێك هێنا بە سەرکردایەتی (تەقیەدین عومەر) برازای سەلاحەددین و ڕوویان کردە ئەفریقیا بۆ گرتنی شاری (بەرقە) و ناوچەکانی، هەموویان گرت و میر و سەربازی کوردیان بۆی دانا.

لە ساڵی (٥٧٩)ی کۆچی (١١٨٣ز) سەلاحەددین ئەیووبی، ئیبراهیم شەروەی (کوردی، ن.س) دامەزراند بە والی شاری (الحارم) وە کوڕەکەشی (حاجب ئیبراهیم شەروە)ی دامەزراند بە والی (حمص) حمس، لە ساڵی (٥٨٣)ی کۆچی (١١٨٦ز) میر سەیفەدینی مشتوب (ی کوردی، ن.س) دامەزراند بە والی سەیدا و بەیروت.

سەلاحەددین ئەیووبی هەموو کات هەوڵی دەدا کە بڕیار و ڕەزامەندی خەلیفەی عباسی (لە بەغدا، ن.س) وەربگرێت بۆ گرتن و کردنەوەی هەرێم و ناوچەکان (ئەگەر چی خەلیفەکانی عەباسی لەو سەردەمەدا هیچ دەسەلاتێکیان نەمابوو بەسەر وڵاتانی ئیسلامدا، تەنها بەناو بوون، بەلام هەموو دەسەلاتدارانی وڵاتانی ئیسلامی وەکو سەلجوقیە تورکەکان و فاتمیە شیعەکان و زەنگیە تورکەکان و ئەیووبیە کوردەکان بۆ وەرگرتنی بەڵگەی شەرعی ئایینی ئیسلامی و یاسای

ئەو سەردەمە دەبوایە پرسیان بکردایە بە خەلیفەی عەباسی کە لە بەغدا دادەنیشت گوایە لە بنەماڵەی پێغەمبەرن درودی خوای لێ بێت، پرسە گورگانەیان پێیان دەکرد، خەلیفەی عەباسیش لەبەر مانەوەی خۆی و بێ دەسەلأتی هەموو داوایەکیانی قەبوڵ دەکرد، ن.س). بەلأم جارێك نورەدین زەنگی پرسی کردبوو بە خەلیفەی عەباسی لە بەغدا بۆ لابردن و دوور خستنەوەی بنەماڵەی ئەیووبی لە میسر، خەلیفەی عەباسی ڕازی نەبوو بە لابردن و دوور خستنەوەیان لە میسر.

[٣]لە دوای ئەوەی کە دەوڵەتی ئەیووبی کوردی بوون بە هێزێکی بە توانا و ڕاستی و کۆنترۆڵی میسر و ولأتانی شام و یەمەن و نیوە دوورگەی عەرەبیان کرد، چالاکی و نموونەیەکی سەربازییان بینی بە خۆیانەوە، وە بیریان کردەوە لە زیاتر فراوان کردنی دەوڵەتەکەیان، لە دوای ولأتی شام و دیمەشق، سەلأحەددین ئەیووبی ڕووی کردە ولأتی جەزیرەی بۆتان و ئەو ولأتانەی کە هاوسێی نزیکی ولأت و زەوییەکانی باپیرانی (کوردی، ن.س) بوون بۆ ئەوەی کە بیان خاتە سەر دەوڵەتەکەی (و پشتیان پێ ببەستێت و خۆی پێ بەهێز بکات، ن.س). ٠

سەلأحەددین ئەیووبی کە شارو شارۆچکەکانی ولأتی شامی گرت و دابەشی کردن بەسەر تاکەکانی بنەماڵەی ئەیووبی و میرەکان (ی کورد، ن.س) بەلأم ئەمجارە سیاسەتی سەلأحەددین جیاواز بوو، کاتێك کە ولأتی جەزیرەی بۆتانی گرت وەکو شارەکانی ئامێدی و ئەربل (ئەربیل، ن.س) و سنجار و هەریر و ناوچەکانی (ی تری کوردستان بەبێ شەڕ بەرهەڵستی کردن، ن.س) لە پاشا چوونە ناو شارەکانەوە، هەموو شارو شارۆچکەکانیان دایەوە بە دەستی خاوەنەکانی خۆیان (کە کورد بوون و بوون بە سەر بە دەوڵەتی ئەیووبی کوردی، ن.س).

[٣] الدولة الايوبية وفق نظرية الدولة لابن خلدون، الدكتور حكيم عبدالرحمن البابير ص١٤١

بە ڕای دکتۆر موحەسن موحەمەدی حوسێن دەڵێت: هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە (سەلاحەددین لە کوردان، ن.س) دڵنیا بوو لە میر و دەسەلآتدارانی ئەو شارو شارۆچکانە لەبەر ئەوەی کە لە ڕەگەزی خۆی بوون، و دڵنیا بوو لە دانیشتوانەکەی.

پێویستە باسی ئەوە بکەین کە سەلاحەددین ئەیووبی زۆر بە ئاسانی زۆربەی ناوچەکانی جەزیرەی بۆتانی خستە پاڵ دەوڵەتەکەی، تەنها موسڵ نەبێت- چەند ساڵێك یاخی بوون لێی لەبەر ئەوەی بنەماڵەی زەنگیەکان دەسەلاتیان بە دەست بوو لەگەڵ خەڵکانی تری سەر بە ئەوان، وە نەیان دەویست خۆیان بدەن بە دەستەوە بە سەلاحەددین ئەیووبی، لە ساڵی (٥٨١)ی کۆچی (١١٨٥ز) عیزەدین مەحمود ئەتابکی تورك نوێنەرێکی پێکهێنا لە کۆمەڵێك لە ژنانی زەنگی و ناردنی بۆ لای سەلاحەددین ئەیووبی بۆ ئەوەی کە گەمارۆیان لەسەر هەڵبگرێت و وازیان لێ بێنێت.

سەلاحەددین ئەیووبی خەریك بوو داواکاریەکەیان قەبوڵ بکات و دەستیان لێ هەڵ بگرێت و ڕێزلێنانێك بێت بۆ ئەوان (کە ژنن، ن.س).

بەپێی هەندێك سەرچاوە و باس دەڵێن هەندێك لە سەرکردە کوردەکان کە نزیك بوون لە سەلاحەددینەوە وەکو مەلا عیسای هەکاری و عەلی کوڕی ئەحمەد مەشتوب و کەسانی تر سەلاحەددینیان ڕازی کرد کە وەلآمی داواکارەکەیان نەداتەوە بۆ لابردنی گەمارۆ لەسەریان.

وە هەندێکی تر دەڵێن ئەوە هەڵوێستی هەندێك لە میرە کوردەکان بوو کە هەستی نەتەوایەتی پاڵی پێیانەوە ناو هانی سەلاحەددینیان دا کە داواکەیان قەبوڵ نەکات. لەکاتی هێرشی بەردەوامدا بۆ سەر موسڵ سەلاحەددین ئەیووبی بیری لەوە کردەوە کە هەندێك شارو شارۆچکەکانی دەوری موسڵ داگیر بکات و بیخاتە ژێر دەسەلآتی خۆیەوە (بۆ لاواز کردنی زەنگیە تورکەکانی ناو موسڵ، ن.س). بۆ ئەم مەبەستە میر مەشتوب هەکاری لەگەڵ چەند سەرکردەیەکی تر لە هۆزی هەکاری ناردنی بۆ گرتن و کردنەوەی وڵاتی هەکاری.

هەروەها کۆمەڵێکی تری لە میرەکانی حەمیدییەی کوردی نارد بۆ ئاکرێ و ناوچەکانی دەوروبەری بۆ ئەوەی کە بیانخاتە پاڵ دەوڵەتی کوردی ئەیووبی، (ئەم شار و شارۆچەکە کوردانە خۆیان پێشوازیان کرد لەو میر و سوپایانەی کە سەلاحەددین ناردبووی بۆ لایان و چوونە پاڵ دەوڵەتی کوردی ئەیووبی، ن.س).

هەروەها لەساڵی (٥٨١)ی کۆچی (١١٨٥ز) سەلاحەددین فەرمانی دا بە موحەمەد کوڕی ئەسەدەدین شێرکۆ کە بەهێزێکەوە ڕوو بکاتە شاری خەلات (خلاط) لەبەر ئەوەی میرەکەی کۆچی دوایی کردبوو( بۆ ئەوەی میرێکیان بۆ دابنێت سەر بە دەوڵەتی ئەیووبی، ن.س) لەبەر ئەوەی کە هەندێك لە گەورەکانی خۆیان داوایان کردبوو کە شارەکەیان بخەنە پاڵ دەوڵەتی ئەیووبی، کاتێك کە لەشکری ئەیووبی گەیشتنە سنوری شارەکە کۆمەڵێك لە دانیشتوانی شارەکە ڕازی نەبوون بەوە کە خۆیان بدەن بە دەستەوە بە سوپاکەی سەلاحەددین، وە قەلا و سەنگەرەکانیان چاك کردبوون وە خۆیان تیادا مەلاس دابوو بۆ بەرگری کردن لە خۆیان و شارەکە، سوپاکەی سەلاحەددین نەچوونە ناو شارەکەوە لەبەر ئەوەی لە ساڵی (٥٦٨)ی کۆچی لە (١٧٢)بۆ (١٧٦) ئەتابکە تورکەکانی ئازربایجان بەسەرکردایەتی (موحەمەد پاڵەوان) بە سوپایەکەوە دەوری شەرەکەیان گرتبوو بۆ داگیرکردنی، سەلاحەددین ئەیووبی خۆی لادا لە ئەوەی کە بڕواتە ناو شارەکەوە و بیگرێت، لەبەر ئەوەی نەی ویست بکەوێتە شەڕەوە لەگەڵ ئەتابگە تورکەکانی ئازربایجان.

بۆ ئەو مەبەستە (مەلا عیسای هەکاری) نارد بۆ شاری خەلات بۆ ووتوێژکردن لەگەڵیاندا، لە ئەنجامدا هەردوولا (سەلاحەددین و ئەتابگەکان، ن.س) پێك هاتن لەسەری کە هەردوو لایان شاری خەلات بەجێ بێڵن بۆ دانیشتوانەکەی (کە کورد بوون، ن.س) بۆ ئەوەی کەس دەست درێژی نەکات بەسەریاندا، بەڵام شاری (میافارقین)ی گرت لە هەرێمی جەزیرەی (بۆتان، ن.س). خۆ بەدەستەوەدانی ئەو شارو چارۆچکانە بەهۆی پەیوەندی و پێك هاتن و یارمەتی

دانی هەندێك لەو ئەمیر و سەركردە كوردانەوە بوو كە لە ناو شارەكاندا بوون (لەگەڵ سەلاحەددین ئەیوبی، ن.س) لە ساڵی (٥٧٨)ی كۆچی (١١٨٢ز) دەسەلاتدارانی زەنگی تورك لە ناو شاری سنجار و دەوروبەری بەرەو ڕووی سوپاكەی سەلاحەددین وەستانەوە و نەیان دەویست خۆ بدەن بە دەستەوە، بەلام یەكێك لە ئەمیرە كوردەكانی ناو شاری سنجار بەرپرسی پاراستنی یەكێك لە بورجەكانی ناو شار بووە و ئاسانكاری كرد بۆ ڕۆیشتنە ژوورەوەی سوپاكەی سەلاحەددین و خۆ بەدەستەوەدانیان.

سەلاحەددین ئەیوبی دوای ئەوەی كە زۆربەی شارو شارۆچكە كوردییەكانی گرت سپاردیەوە بە سەركردە و میرە كوردەكانی خۆیان، بۆ نموونە شاری (نەسیبین)ی سپارد بە میر و حوسامەدین ئەبوو هەیجای قەڵەو، وە شاری (میافارقین) و (مینج) و شاخی (جوری) سپارد بە عومەری كوڕی شاهەنشای برازای، و دەڵێن لە ساڵی (٥٨٢)ی كۆچی (١١٨٦ز) ئاژاوە و ناكۆكی دروست بوو لە نێوان كورد و توركدا لە ناوچەی جەزیرەی (بۆتان، ن.س) بەهۆی گرتنی شاری جەزیرە و ناوچەكانی لەلایەن سوپای سەلاحەددین ئەیوبییەوە و سپاردنیان بە میر و سەركردە كوردەكان، وە توركەكانیان بێبەش كرد لە حوكمڕانی و دەسەلات.

هەرێمی جەزیرەی (بۆتان، ن.س) سێیەم هەرێم بوو لە هەرێمە ئیسلامیەكان بۆ گەورەیی كە دەوڵەتی ئەیوبی دەستی گرت بەسەریا. وە لەبەر ئەوەبوو زۆربەی دانیشتوانەكەی كورد بوون و دەستی هاوكاری و یارمەتیان هەبوو بە شێوەیەكی فراوان لەگەڵ سوپاكەی سەلاحەددین ئەیوبیدا، وە هەموو دەرگای شارو شارۆچكەكانیان كردەوە لە ڕووی سوپاكەی سەلاحەددین و یارمەتی دەریان بوون بۆ دەركردنی توركە ئەتابكی و زەنگییەكان كە ڕازی نەبوون و نەیان دەویست خۆ بدەن بە دەستەوە بۆ سەلاحەددین.

بەو شێوەیە سەلاحەددین ئەیوبی توانی دەست بگرێت بەسەر ولاتانی میسر و شام و جەزیرەی (بۆتان، ن.س) و نیوە دوورگەی عەرەب و یەمەن و بەشێك لە ئەفریقا ولاتی فەلەستین و قودس، ئەم سەركەوتنانە زۆربەی دەگەڕێتەوە بۆ

هەست و سۆزی نەتەوایەتی سەلاحەددین ئەیووبی و باوەڕ و متمانەی بە نەتەوەکەی و پشتگیری کردنیان بۆ دامەزراندن و پاراستنی دەوڵەتی ئەیووبی کوردی، وە کۆبوونەوە و دەوردانی میران و سوار چاکانی کورد لە دەوری سەلاحەددین، بوون بە بەردی بنچینەی سەرکەوتن بۆی، لەگەڵ ئەوەی زۆر لە عەرەبەکان و تورکە مەمالیکەکان پشتگیرییان دەکرد بەهۆی هەستی ئایینی ئیسلام و دادوەری سەلاحەددین و پاراستنی ولاتانی موسڵمان ( لە داگیرکەرانی خاچپەرستانی ئەورووپا) لە زۆر شوێن و هەڵویستدا تورکەکانی ئەتابك و زەنگییەکان بەرهەڵستیان دەکرد و سەرپێچیان دەکرد لە فەرمانەکانی سەلاحەددین ئەیووبی.

# سەلاحەددین ئەیووبی و بایەخ دانی بە سوپاو هێزی دەریایی

[(١)] سەلاحەددین ئەیووبی کە دەسەڵاتی گرتە دەست لەگەڵ بەهێزکردنی هەر دوو تیپەکەی (الاسدیە و الصلاحیە) و بایەخدانی بە سوپای سوارە و پیادە و بەهێزکردنیان، بایەخی تایبەتی دا بە هێزی دەریایی و کەشتی و پاپۆڕێکی زۆری دروست کرد، (وە سوپای لە تورکە مەمالیکەکان دامەزراند و مەشقی پێیان دەکرد و شارەزایانی دەکرد بۆ جەنگی ناو دەریا و شێوەکانی، ن.س) دوایش بەشداریان کرد لە گرتن و کردنەوەی شارەکانی ولأتانی مسر و شام، کە نزیك بوون لە دەریا و دەریاچە و رووبارە گەورەکانەوە، وە ئەو هێزە دەریاییە لەو رۆژانەدا بە باڵێك لە باڵە بەهێزەکانی ئیسلام (و دەوڵەتی ئەیووبی کوردی، ن.س) دادەنرێت. لەگەڵ ئەوەی کە قالخانێکی پاراستن بوو بۆ رێگرتن و بەرەنگاربوونەوەی هێرشەکانی خاچپەرستانی ئەورووپا بۆ سەر شارەکانی نزیك دەریا و دەریاچەکانی میسر و ولاتی شام لە رێگای دەریاوە.

سەلاحەددین ئەیووبی بە پێویستی دەزانی دامەزراندن و بوونی سوپایەکی بە هێز و توانا لە هەموو روویەکەوە بۆ پاراستنی دەوڵەتەکەی، لەبەر ئەوەی بەردەوام هەڕەشەی خاچپەرستانی ئەورووپای لەسەر بوو (بۆ داگیرکردنی ولأتانی ئیسلام و میسر و شام، ن.س).

لەسەردەمی سەلاحەددین دا بەردەوام سوپاکەی لە بەهێزکردن و گەشەکردن و پێشکەوتندا بوو، لە هەموو لایەنێکەوە بایەخی پێی دەدا.

سەلاحەددین ئەیووبی بەشێوەیەکی پلە پلە و لەسەرخۆ هەموو لەشکر و سوپاکەی دەوڵەتی فاتمی (شیعە کە پێك هاتبوون لە تورکی مەمالیك و عەرەب و بەربەر و ئەرمەنی و سودانی، ن.س) تێك داو هەڵی وەشاندەوە و دووری خستنەوە لە سوپا و دەسەلأتی سەربازی لەبەر ئەوەی کە بڕوا و متمانەی پێیان نەبوو (وە وە سێتەکەی

---

[(١)] الدولة الايوبية وفق نظرية الدولة لابن خلدون، الدكتور حكيم عبدالرحمن البابير ص، ٢٧٠-٢٧١.

باوكی بەجێ هێنا، ن.س) وە هەموو باوەڕ و متمانـەی كـردە سـەر ڕەگـەزی كـورد، لـە نەتەوە و خوێن و گۆشتی خۆی بوون، بەتایبەتی پلەبەرزەكانی سەركردەكانی سەربازی (ناو سوپاكەی، ن.س).

وە لە كارە گرنگەكانی سەلاَحەددین ئەیووبی بایەخ دان بو بە فێركـردن و ڕۆشـنبیركردن و ئاگادار كردنەوەی تاكەكانی نـاو لەشـكرەكانی بـۆ ئـەوەی كـە هـەوڵ و تێكۆشـان بـە پێویست بزانن لە ڕێگای خودا و ئیسلامدا وە پـەروەردە كردنیـان بـە بـاوەڕ و عەقیـدە (بەخودا و بە ئاینی ئیسلام، ن.س).

بۆ ئـەم مەبەسـتانە سـەلاَحەددین ئـەیووبی مـەلا و فـەقێ و وتاربێـژێكی زۆری (كـوردی، ن.س) دامەزراند لە ناو هەموو بەشەكانی سوپاكەیدا (وە پارەیـەكی زۆری بۆیـان خـەرج دەكرد و مانگانە موچەیان بـۆ خـەرج دەكرا بـۆ هانـدانی بـەردەوامی بۆیـان، ن.س) وە درێخـی نـەدەكرد لـە خـەرج كردنـی پـارە بـۆ سـوپاكەی و زیـادكردنی موچـەیان، وە بەخـشینی دیـاری و دابەشـكردنی زەوی بەسـەر ئـەمیر و سـەركردەكانی سـوپاكەیدا (بەتایبەتی ئەوانەی كـە دەركـەوتن و دڵسۆز و چالاكیان دەنوانـد، ن.س). وە زیـاد لـە توانای خۆی بایەخی دەدا بە هەموو بەشەكانی سوپاكەی و ڕاگرتنی كێش لە نێوانیاندا.

هـەروەها سـەلاَحەددین بایـەخی تایبـەتی دەدا بـە دەزگاكـانی هـەواڵگری و ڕاگەیانـدن و زانیاری سەربازی و پاراستن، بۆ ئەم مەبەستە دەزگا و بەشـێكی تایبـەتی دامەزرانـدبوو بە نهێنی دەیناردن بۆ هەواڵگری و زانیاری سەربازی بۆ ناوچەكانی سنورە هاوبەشەكانی نێوان خۆیان و دوژمنەكانیان.

وە بایەخی زۆری دەدا بە دەزگا ڕاگەیانـدن و میـدیاكان (وە پـارەی زۆری بۆیـان خـەرج دەكرد، مەلا و فەقێ و وتاربێژەكانی دەنارد بۆ ناو لەشكرەكەی و بـەركانی شـەڕ و ئـەو ناوچانەی كە نزیكی بەرەكانی شەڕن بۆ بلاَوكردنەوەی ڕاگەیانـدن و بـەهێزكردنی وورەی لەشكرەكەیان و خەڵكی شارو شارۆچكەو گوندەكانی نزیـك بـە ناوچـەی شـەڕەكانن، بـۆ بەهێزكردنی باوەڕیان بەخودا و ئایینی ئیسلام و پاراستنی خـاك و نیـشتیمانەكەیان، وە ناشرین كردنی باوەڕ و بۆچوونەكانی نا موسڵمانان و دوژمنەكانیان، ن.س).

# سەلاحەددین ئەیووبی و بایەخ دانی بە زانست

[١]لەسەردەمی سەلاحەددین ئەیووبیدا بایەخی زۆر دەدرا بە زانایان و زانست و ئەدەب و شیعر و هونەر و پیشەسازی.

سەلاحەددین زۆرجار زانایانی بانگ دەکرد بۆ کۆشکەکەی خۆی بۆ باس کردنی زانست و ئەدەب و شیعر بە هەموو بەشەکانیەوە هەر وەکو نووسەری ژیاننامەکەی، قازی زانا (بەهادین کوڕی شەداد)ی کوردی باسی دەکات و دەی گێڕێتەوە و دەڵێت: سەلاحەددین لەکاتی دانیشتن و باس کردنی زانستەکاندا بانگی کارمەندان و ئەوانەی دەوری خۆی دەکرد و کۆیانی دەکردەوە و فەرمانی پێیان دەدا کە لەگەڵیدا دابنیشن و گوێ ڕابگرن لەو زانا و باسە زانستیانەی کە باس دەکرێت، وە خۆیشی بە سرنجە و گوێی ڕادەگرت بۆیان، لەسەردەمی سەلاحەددین ئەیووبی کۆمەڵێك لە پیاوانی زانا و بە توانای گەورە دەرکەوتن وەکو قازی زانا (بەهادین شەدادی کورد) و (دەباس هەزبانی شافعی) لە عەشیرەتەکەی خۆی، وە (مەلا عیسای هەکاری) وە (قازی فازڵ) و (عیماد ئەسفەهانی) و (شارەزووری). مەلا عیسای هەکاری نوێنەری تایبەتی خۆی بوو بۆ هەموو کاروبارێکی ووتوێژو گیروگرفتێك هەروەها لەگەڵ عیماد ئەسفەهانی نووسینگەی سەرۆکایەتی دیوانیان دەبرد بەڕێوە، وە سەلاحەددین لە هەموو فەرمانە گرنگ و سەربازییەکانی پرسی دەکرد بە مەلا عیسای هەکاری وە لەکاتی ئامادە نەبوونی خۆی، دای دەنا بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەت لەباتی خۆی.

سەلاحەددین بایەخی زۆری دەدا بە دەزگا کۆمەڵایەتیەکان کە پەیوەندیان هەبوو بە ژیانی دانیشتوانی دەوڵەتەکەی. نەخۆشخانەیەکی زۆری کردەوە لە هەموو شارەکانی ژێر دەسەڵاتی، وە پزشکی پسپۆری بۆیان دەهێنا، بە

[١] العالم و بناء الامم، الدكتور راغب السرحاني،٤١٧

نەخۆشخانەیان دەگوت (بیمارستان) گەورەترین نەخۆشخانەی کردەوە لە شاری قاهیرە و سەرپەرشتیار و پزشکی پسپۆر و زانای زۆری بۆی دابین کرد، وە کۆگای دەرمانی بۆیان دانا و دەرمانی زۆری بۆیان دابین دەکرد، وە جێگای خەوتنی زۆر بۆ نەخۆشەکانی دابین کردبوو و پێشوازیان لێ دەکرا.

وە یارمەتی هەژاران و نامۆیان (غەریبان)ی دەدا. مزگەوتی (ئەحمەد تۆلۆن)ی تایبەت دانابوو بۆ هەژار و لیقەوماوان و ڕێبواران و خزمەتیان دەکردن، باج و گومرگی هەلگرت لەسەر حاجیان کە لە میسرە و بەسەر میسردا تێپەر دەبوون و دەڕۆیشتن بۆ حەج، لەگەل قوتابخانەی زۆر و بایەخدان بە مامۆستایان و زانایان و نووسەران و شاعیران و پیشەسازان لە هەموو بەشەکاندا.

وە بایەخی زۆری دەدا بە وەرگێڕانی هەموو جۆرە کتێبێک و بلاوکردنەوەی کتێبە و کردنەوەی کتێبخانە لە بازارەکانی میسر و قاهیرە بۆ کرین و فرۆشتنی هەموو جۆرە کتێبێک و قەلەم و خامەی نووسین و پەرا و پێویستیەکانی نووسەران و قوتابیان و خوێنەران.

# دەوری کورد لە دامەزراندنی سوپا و دەوڵەتی ئەیوویی کوردی

[١] کورد دەوری باڵایان هەبوو لە دامەزراندنی سوپا و دەوڵەتی ئەیوویی کوردی، هەروەها لە دامەزراندنی دەزگاکانی دادوەری و زانستی و بیر و بۆچونیدا.

لە ساڵی (٥٦٦)ی کۆچی (١١٧١ز) کە سەلاحەددین ئەیوویی بوو بە وەزیری میسر (ئیسماعیل)ی قازی میسر بوو لای برد لە قازیەتی و سەدرەدین عەبدولمەلك کوڕی دەرباس هەزبانی شافعی (کوردی لە عەشیرەتەکەی خۆی، ن.س) کرد بە قازی و داینا لە جێگاکەی و بوو بە قازی میسر و قاهیرە، وە زۆر لە بنەماڵە کوردەکان ناویان دەرکردبوو بە قازی و دادوەر لەکاتی دەسەڵاتی نورەدین زەنگی و دەوڵەتی ئەیوویی کوردی دا وەکو بنەماڵەی (شارەزووری) و (هەزبانی کوردی) و (هەکاری). وە لەو سەردەمەدا پلەی قازی و دەسەڵاتی دادوەری لە گرنگترین پلەی دەزگاکانی دەولات بوون، دەسەڵاتێکی فراوانیان بوو لە دادوەری و جێبەجێکردندا، و کەس نەی دەتوانی دەست لەکارو دەسەڵاتیان وەربدات. کاتێك کە نەجمەدین ئەیوب باوکی سەلاحەددین ڕۆیشت بۆ میسر لە ساڵی (٥٦٥)ی کۆچی (١١٦٩ز) لەگەڵ بنەماڵە و خێزان و کوردێکی زۆر لە عەشیرەت و دۆستانی، سەلاحەددین هەموو پلە و دەسەڵاتە هەستیار و گرنگەکانی دابەش کرد بەسەریاندا وە شوێنی گرنگیان گرت لە دەوڵەتەکەیدا وە گرنگترین پلە لەو پلانە پلەی سەرپەرشتیاری دارایی (بێت المال)بوو دای بە دەستی یەکێك لە بنەماڵەکەی خۆی.

---

[١] الدولة الايوبية وفق نظرية الدولة لابن خلدون، الدكتور حكيم عبدالرحمن البابير ص، ١٠٤-١٠٦.

كورد بەشداریەكی ڕوون و ئاشكرایان كرد لە بزووتنەوەی زانستی و ڕۆشنبیری و سیاسیدا، هەر لە كاتی سەلاحەددین ئەیووبی هەتا دوایین پاشای ئەیووبیەكان، (بنەماڵەی سەلاحەددین هەر لە باپیرانیانەوە دەسەلاتیان بووە و خوێندەوار بوون و بایەخیان داوە بە خوێندن و زانست و شارەزایی، وە زۆربەیان خوێندەوار و ڕۆشنبیر بوون، ن.س). وە بەتایبەتی ئەوانەی كە لە سەرەتاوە هەوڵیاندا بۆ دامەزراندنی دەوڵەتەكەیان (دەوڵەتی ئەیووبی كوردی، ن.س) لە سەر بنچینەی بیر و بۆچوونێكی نوێ بوو لە ڕێگای پشتگیری كردنی زانایانی (كوردەوە، ن.س) بوو كە پشتگیری دەكران بە ماڵ و پلەی هەستیاری پێیان دەدا، وە كۆمەڵێك زانا و خاوەن بیرو بۆچوونیان لە دەور خۆیان كۆ دەكردەوە بیرو رایان وەردەگرتن لە كاروبارەكانیاندا، لە سەردەمی سەلاحەددین ئەیووبی هەر یەكە لە پاشایان و میرانی ئەیووبی بەردەوام كۆمەڵێك زانا و خاوەن بیرو بۆچوون و پیاوانی شارەزایان لە دەوری خۆیان كۆ دەكردەوە و ڕاوێژیان دەكردن و پرسیاریان لێیان دەكرد و گوێیان بۆ ڕادەگرتن و ڕایان وەردەگرتن و بەشداری باس و لێكۆڵینەوەكانیان دەكردن، بۆیە ئەیووبیەكان لەو سەردەمەدا پلەیەكی باشی زانستی و زانیاریان هەبوو.

زۆر لە سەرچاوە ئیسلامیەكانی ئەم دواییە ناوی دەوڵەتی ئەیووبی دەبەن بە (دەوڵەتی كوردی ئەیووبی) هۆیەكەیشی دەگەڕێتەوە بۆ دامەزرێنەرەكەی (كە سەلاحەددین ئەیووبیە، ن.س) كە لە ئەسڵ و ڕەسەندا كوردن و خۆیان و نەوەكانیان یەك لە دوای یەك دەسەلاتیان گرتوەتە دەست، ئەمەش هیچ جیاوازییەكی نییە لەگەڵ ڕووداوە مێژووییەكان و ڕاستیەكاندا. وە لە پرۆگرامەكانی زانستیدا ناخرێتە لاوە و جیا ناكرێتەوە.

پاشایانی دەوڵەتی ئەیووبی لە ڕەسەندا كورد بوون، وە ئەو دەوڵەتەش لەسەر شانی كورد پێكهات و دروست بوو، وە كۆڵەكەكانی لەلایەن كوردەوە دامەزرا و پارێزرا لە مەترسیەكانی دەرەوە و ناوخۆ، وە شوێن و جێگای كورد دیار و لەبەرچاو بوو لە دەوڵەتی ئەیووبی كوردییدا هەتا كۆتایی دەسەلاتیان.

وەكــو باسمــان كــرد لەشــكرەكەی شــێركۆ و ســەلاحەددین لــەكاتی دەســەلاتی نــورەدین زەنگیــدا كــە هێرشــی ســێیەمیان كــرد بــۆ میــسر بــۆ بــەرگری كــردن لــە هێرشــی خاچپەرســتان و شــێركۆ پلــەی وەزیــری وەردەگــرت لــە خەلیفــەی فاتمیــەكان عــازد (عاضــد) ئــەو ســەردەمە لەشــكرەكەی شــێركۆ و ســەلاحەددین ئــەیووبی هەشــت هــەزار جــەنگاوەری كــورد بــوون، وە هــەر ئــەو لەشــكرەو ســەركردەكانیان لــە دوای مردنــی شــێركۆ ســەلاحەدنیان هەڵبــژارد و پــشتگیریان كــرد بــۆ وەرگــرتنی پلــەی وەزیــری میــسر لەگــەڵ ئــەو هــەموو ململانێــی لەگــەڵ (عــین الدولــە قوتبــەدین یــاروقی) و توركانــدا و گەڕانــەوەیان بــۆ شــام و دیمــشق، هــەر بــە پــشتیوانی ئــەو لەشــكرە كــوردە بــۆ ســەلاحەددین ئــەیووبی تــوانی ئامادەكــاری خــۆی بكــات و ڕابوەســتێت بەرامبــەر لەشــكری فاتمیــەكان و بەربــەرەكانی كردنیــان، كــە پێــك هــاتبوون لــە ســودانی و عــەرەب و بەربــەر و ئەرمــەنی و مــەمالیكی تــورك. وە تــوانی ســوپاكەیان هەڵبوەشــێنێتەوە. هــەر بــە پــشتیوانی ئــەو لەشــكرە كــوردە بــوو توانیــان خۆیــان ڕابگــرن بەرامبــەر ئــەو هــەموو فــشارە سیاســی و پیلانانــەی نــورەدین زەنگــی لــە نــاوە و دەرەوەی میــسر، وە هێرشــەكانی خاچپەرستانی ئەوروپا بۆ سەر میسر و وڵاتانی موسڵمانان.

# سەلاحەددین ئەیووبی و
# بایەخدانی بە خوێندەوارانی کورد و پێگەیاندنیان

[1]لـە پـاش گەیـشتنی نەجمـەدین ئـەیووبی بـاوکی بـۆ میـسر و دامەزرانـدنی سـەرکردایەتی گـشتی سـەربازی لـە شـاری ئەسـکەندەریە لـە نەجمـەدینی ئـەیووبی و حازم خالۆی سەلاحەددین و تەقیەدین برازای و سەلاحەددین ئەیووبی خۆی.

بـــۆ پێگەیانـــدن و ڕۆشـــنبیرکردنی خوێندنـــەوارانی کـــورد و ئامادەکردنیـــان. ســـەلاحەددین ئـــەیووبی بڕیـــارێکی فـــەرمی بـــە دەســـت نووســـی خـــۆی دەرکـــرد بـــۆ زانکـۆی (ئەزهـەر) بـۆ وەرگـرتنی هـەر کوردێـك لـە هـەر وڵاتێکـەوە بێـت و بیـەوێت بخوێنێـت لـە زانکـۆی (ئەزهـەر) دەبـێ وەر بگیرێـت و لەسـەر ئـەرکی دەوڵـەت و زانکـۆی ئەزهـەر بخوێنێـت هـەتا پلـەکانی زانکـۆ تـەواو دەکـات بـەبێ بەرامبـەر، ئـەم بڕیـارەی سـەلاحەددین ئـەیووبی و بـە دەسـت نووسـی خـۆی پـارێزرابوو دانرابـوو لـە نـاو جـامێکی شووشـەدا لەبـەردەم ئیـدارەی زانکـۆی ئەزهـەر و کـاری پێـدەکرا هـەتا ساڵی (١٩٨٠).

[2] سـەلاحەددین ئـــەیووبی لـــە ســـاڵی (٥٧٢)ی کۆچـــی (١١٧٦ز) قوتابخانـــەی (الـــصلاحیە)ی دامەزرانـــد لـــە نـــاو مـــەزاری (ئیمـــامی شـــافعی). زانـــای گـــەورە (ئەسـیوتی) وەسـفی ئـەو قوتابخانەیـە دەکـات و دەڵێـت: ئـەم قوتابخانەیـە تـاجی هـەموو قوتابخانەکانـە و زانـای بـەناوبانگی وەك (ئەحمـەد خـابوش)ی وانـەی تیـادا دەگوتەوە.

هـەروەها قوتابخانـەی (مەشـهەد ئەلحوسـێن)ی کـردەوە کـە هـەر دوو مەزهـەبی سـونە و شـیعە دەیـان خوێنـد تیایـدا. وە قوتابخانـەی (دارا الحـدیث) کامـل عـادل پاشـای ئـەیووبی دایمەزرانـد، لـە سـاڵی (٦٢٢)ی کۆچـی (١٢٢٥ز)، وە قوتابخانـەی (الـصلاحیە) لـە سـاڵی (٦٣٩)ی کۆچـی (١١٤١ز) سـالح نەجمـەدین کـوڕی کامـل

[1] قوتابیانی زانکۆی ئەزهەر.

[2] صلاح الدین الایوبي الدکتور علي محمو الصلابي، ص٢٥٣.

پاشا دایمەزراند لە جێگای کۆشکی فاتمیەکان لە رۆژهەلاتی میسر و هەر چوار مەزهەبەکە تیایدا دەیان خوێند، وە قوتابخانەی (المالكية) لە دیمشق و چەندین قوتابخانەی تر لە شام و دیمشق.

[٣] لە سالی (٢٠٠٣)لە کاتێکدا کە جەلال تالەبانی سەرۆکی ئەنجومەنی حوکم بوو لە عێراق سەردانی میسری کرد. لە چاوپێکەوتنەکەیدا لەگەل محمد حوسنی موبارەك سەرۆك کۆماری میسر داوای لێی کردبوو بۆ گەرانەوەی ئەو مافەی کە سەلاحەدین ئەیوبی دابووی بە پیاوای ئاینی و قوتابیانی کورد لە زانکۆی (ئەزهەر)لە قاهیرە کە ماوەیەکی زۆرە داخراوە (بە روویاندا، ن.س)و کاری پێ ناکرێت بگەرێتەوە (بۆیان، ن.س)و کاری پێ بکرێتەوە. حوسنی موبارەك بەلێن و رەزامەندی گەرانەوەی (ئەو مافەی، ن.س)دەربریبوو.

---

[٣] طريق الي الامام، جلال الطالباني، ص١١١

# گرتن و ئازادکردنی بەیت مەقدس (شاری قودس، ن.س)

[١]سەلاحەددین ئەیووبی لە دوای سەرکەوتنەکەی شەری حەتین (سحرکە الحطین) دا لە مانگی رەجەبی سالی (٥٨٣)ی کۆچی ئازاری (١١٨٧ن لە مێشکی خۆیدا نەخشەی گرتن و ئازادکردنی شاری قودسی کێشابوو، وە چۆنیەتی گرتن و ئازادکردنی لە دەستی خاچپەرستان کە لە سالی (٤٩١)ی کۆچی داگیریان کردبوو لە موسلمانان، یانی لە پێشی (٨٢)سال دا.

سەلاحەددین ئەیووبی ویستی ئەو لەشکرەی کە لەمیسر و شام (و کوردستانەوە، ن.س) هاتوون و کۆبوونەتەوە بلاوەی لێ نەکەن و نەگەرێنەوە بۆ شوێنەکانی خۆیان، وە بەردەوام بن لە ئازادکردنی ناوچەکانی دەور و پشتی شاری قودس.

بۆ ئەم مەبەستە لە (٢٥)ی رەبیع الاخری سالی (٥٨٣)ی کۆچی (٥)ی تەمموزی (١١٨٧ن) هێرشیان کردە سەر شاری تەبەریە (طبرية) و قەلاگەیان ئازاد کرد.

هەر لە پاش سێ رۆژ لە (٢٨)ی رەبیع الاخر (٥٨٣)ی (٨)ی ئازاری (١١٨٧ن) شاری (عەکە)یان گرت و ئازادیان کرد، وە خەلکەکەیان لە ناو شارەکە دەرکرد، وە چوار هەزار دیلی موسلمانی تیادا بوو ئازادیان کردن.

وە هەر لەوێوە هێرشەکەیان رانەگرت و بەردەوام بوون ناوچەکانی الناسیرە- قیساریە- حەیفا- الشەقیف- الغول- الطور و دیهاتەکانیان گرت و ئازادیان کرن لە خاچپەرستەکان.

وە هەر لەو هێرشانەدا شارەکانی سەیدا و بەیرووت و ناوچەکانی جوبەیل یان ئازاد کرد.

وە رومێلە و قەلای نەبین و بەیت لەحم و شاری خەلیل یان گرت و ئازادیان کردن، وە شاری عەسقەلان بەبێ شەر خۆیان دا بە دەستەوە.

---

(١٩) هەمان سەرچاوەی پێشوو. ص،٥٣٢

هــەروەها لــە مــانگی ڕەجــەبی ســاڵی (٥٨٣)ی کۆچــی ئــەیلولی (١١٨٧ن) شــارو شارۆچــکەکانی غــەززە- دارم- ارســوف- نــەئتروح- بــەیت جبریــل یــان گــرت و ئازادیان کردن.

وە عــادل پاشــای بــرای ســەلاحەددین ئــەیوبی بــە لەشــکرێکەوە هــات لــە میــسرەوە و شاری یافای ئازاد کرد.

بــەم شــێوەیە هــەموو شــارو شارۆچــکەکان گــیران و ئــازاد کــران و خۆیــان دا بــە دەســتەوە، تــەنها شــارەکانی (شــەوبك و کــرك) خۆیــان نــەدا بــە دەســتەوە و بــەرگریان کــرد لــە خۆیــان ئــەوانیش قــەڵا و ســەنگەرەکانیان قــایم بــوو، وە جــەنگاوەرێکی زۆری خاچپەرســتانی تیــادا بــوو، لــە بەیروتــەوە هــەتا یافــا دەســت گیرا بە سەریاندا و ئازادکران تەنها شاری سور نەبێت بەرگریان کرد لە خۆیان و دیــواری قــەڵا و ســەنگەرەکانیان قــایم بــوون وە خاچپەرســتێکی زۆری تیــادا بــوو، بــەڵام ســەلاحەددین ئاگــاداری کردنــەوە کــە دەســتیان لــێ هەڵــدەگرێت و ئــازادن شــاری ســور بــەجێ بــێڵن، یــان بمێننــەوە، ئــەوانیش زۆربــەیان لــە نــاو شــارەکەدا مانەوە و سەلاحەددین دەست کاری نەکردن.

هــەر وەکــو ئــەبو شــامە باســی دەکــات و دەڵێــت: شــاری قــودس لــە پــێش گــرتن و ئــازادکردنی لەلایــەن ســەلاحەددین ئەیووبیــەوە زیــاتر لــە شەســت هــەزار جــەنگاوەری خاچپەرســتانی تیــادابوو بێجگــە لــە ژن و منــداڵ، ئەوانــەی کــە هــەڵهاتبوون لــە شــارو شارۆچــکە ئــازاد کراوەکانــەوە هــەموو ڕۆیــشتبوونە نــاو شــاری قودسەوە.

سـەلاحەددین لـە پێـشدا هـەموو شـارو شارۆچـکەکانی دەور و پـشتی شـاری قودسـی گرتبـوو بـۆ ئـەوەی هـیچ هێزێـك و فریاکـەوتنێك لـە ناوچـەکەدا نـەبێت بـۆ یارمـەتی و فریاکـەوتنیان، وە لای دەریـا و ئاوەکـانی لێیـان گرتبـوو ئـەوەکو لـە ڕۆژئـاواوە لـە ڕێگــای دەریــاوە ســوپای خاچپەرســتان لــەمینای شــامەوە فریایــان بکــەوێت، چــونکە شــاری قــودس بایــەخێکی تایبــەتی زۆری هــەبوو لــەلای خاچپەرســتانی ئــەوروپا لەبــەر ئــەوەی کــە تیپــەکانی (قەیامــەت اللاهــوت و تالــە الناســوت و قیــام

السەلیب)بی تیادا بوو لەلای مەسیحیەکان و خاچپەرستانی ئەوروپا زۆر پیرۆز بوو.

لە پاش جیا کردنەوەی شاری قودس لە هەموو شارو شارۆچکەکانی ناوچەکە و گەیشتنی یارمەتی و فریاکەوتنی موسلمان، سەلاحەددین ئەیووبی بایەخی تایبەتی دا بە میدیا و راگەیاندنی دەروونی و دەستیان کرد بە بلاوکردنەوەی راگەیاندنی دەروونی و بلاوکردنەوەی پروپاگەندەی سەرکەوتن و جیهاد لە رێگای خودا دا بە رێگای مامۆستایانی ئاینی و وتاربێژانی رۆژانی هەینی و فەقێکان و پیاوانی قسەزان و زیرەکەوە لە هەموو جیهانی ئیسلامی بۆ کۆکردنەوەی موسلیمان لە دەور سەلاحەددین ئەیووبی و یارمەتی و پشتگیریان، وە هاندانی موسلمانان بۆ تێکۆشان (جیهاد) لە پێناوی خودا و ئایینی ئیسلام و ئازادکردنی شاری قودس و مزگەوتی ئەقسا لە خاچپەرستان، وە هاندانی خەلکی بۆ خۆبەخشین بە مال و بەگیان.

لە رێگای خودا دا، سەلاحەددین لەلای رۆژئاوای شاری قودسەوە سوپاکەی دامەزراند و ئامادەی کرد.

وە بە راوێژکردن لەگەل سەرکردەکانی سوپاکەیدا نەخشەو پیلان و جۆری دەست پێ کردنی جەنگ و هێرش کردن بۆ سەر شاری قودس و ئازادکردنی یان دانا.

لە بەیانی رۆژی (٢١)ی رەجەبی سالی (٥٨٣)ی کۆچی (٦)ی ئەیلولی (١١٨٧ز) سەلاحەددین فەرمانی دا بە سوپاکەی کە بکەونە رێ بەرەو دیوار و قەلا و سەنگەرەکانی شاری قودس، وە لە پێشەوە بە گورز و گۆپالی ئاگر و بەرد هاوێژ لە هەموو لایەکەوە دایان گرتن لەگەل بەکارهێنانی هەموو جۆرە چەکێکی ئەو سەردەمە وەکو رم و تیروکەوان، لەم شەرەدا دوانزە گورز و گۆپالی ئاگر و بەردی گەورە هاوێژ بە بەردەوامی بۆردومانی سەربازگە و قەلا و سەنگەرەکانی ناو شاری قودسیان دەکرد، وە لە ژێر ئەم بۆردومانە خەستەوە ئەو سەربازانەی کە مەشقی دیوار کونکردنیان کردبوو، دیوار کونکردنیان پێ

سەپێردرا و لە ژێر ئەو بۆردومان کردنەوە کەوتنە ڕێ بەرەو دیواری قەلاّ و سەنگەرەکانی شاری قودس.

شەڕی قودس دەستی پێ کرد لە نێوان هەردوو لایاندان. سوپا سەلاّحەددین لە دەرەوەی شاری قودس و دەوری شارەکەی داوە و هێرش دەبەن، سوپای خاچپەرستانیش لە ناو سەنگەر و قەلاّی شارەکەوە بەرگری لە خۆیان و شارەکە دەکەن.

چەند جارێك جەنگاوەرانی سوپای سەلاّحەددین لە دیوار و پەرژینی شاری قودس نزیك بوونەوە و جەنگاوەرانی خاچپەرستان لێیان دەدان بە تیروکەوان و ئاوی گەرمیان لە سەنگرو قەلاّکانەوە دەڕژاند بەسەریاندا و پاشە کەشەیان پێیان دەکرد و دیسانەوە هێرشیان دەکردەوە بۆیان، هەر دوو لایان شەڕی مان و نەمانیان دەکرد، زۆر لە سوارچاکانی خاچپەرستان لە ناو شارەکەوە دەردەچوونە دەرەوە و بە شمشێرو ڕمەوە بەرنگاری سوپای سەلاّحەددین دەبوونەوە و جەنگیان لەگەڵدا دەکردن.

جەنگی وا توند و تیژ و بە وەرەبەرزی و ئازایەتی و لەخۆ بوردن لەوە و پێش نەبوو و نەکرابوو و نەبینرابوو.

لە هەردوو لایان کوشتاری زۆر دەکرا، سوپای سەلاّحەددین قەلاّ و دیوار و سەنگەرەکانیان بە گورز و گۆپاڵ ئاگر و بەرهاوێژ بەسەریان دەڕوخاند و لەژێر ئەو بۆردومانەشەوە فیدارکارانی دیوار بڕوو کونکەر لە زۆر شوێن کونیان کرد لە دیوارەکانی شار و قەلاّ و سەنگەرەکانیان بۆ چوونە ژوورەوەی لەشکرەکەیان.

بەردەوام بوونی هێرشی فیداکارانەی سوپا سەلاّحەددین بە گورز و گۆپاڵی ئاگر و بەرد هاوێژ و تیروکەوان و ڕم و کونکردنی دیواری قەلاّ و سەنگەرەکانیان بوو بەهۆی زاڵبوونی سوپای سەلاّحەددین بەسەر جەنگاوەرانی خاچپەرستانی ناو شاری قودس.

بۆ هەردوو لایان دەرکەوت و ئاشکرا بوو تێکشاندنی خاچپەرستان و سەرکەوتنی سوپای سەلاّحەددین و مسۆگەر بوونی گرتنی شاری قودس.

هەنـدێك لـە سـوار چـاکانی خاچپەرسـتانی نـاو شـارەکە لـە بـەگزادەکانیان ویـستیان هێرشـێکی خۆکـوژی و فیـداکاری بکـەن بـۆ سـەر سـوپاکەی سـەلآحەددین لـە دەرەوەی شـار لـە پـێش هاتنـە ژوورەوەی لەشـکرەکەی سـەلآحەددین بـۆ نـاو شـاری قـودس، بـەلآم بەتریقەکـەیان (هـەرقال) رێگـای پێیـان نـەدا و پێیـانی گـوت ئەمـە کـارێکی قارەمانیـە، بـەلآم هـیچ گۆرانکاریـەك دروسـت ناکـات، تـەنها ئـەوە نەبێت کە ئێوە ژن و منداڵەکان بەجێ دێلن بۆ دوژمن بەبێ بەرگری.

# هێرشی کۆتاییهێنان بە شەڕ

[١]لە دوای ئەم جەنگە قورس و گرانە و کوشتنی یەکێك لە فەرماندەکانی سوپای سەلاحەددین بەناو (میر عزەدین کوڕی مالك (ی کوردی، ن.س) سەلاحەددین بڕیاری دا هێرشێکی کۆتایی بکات بۆ سەر شاری قودس و بیگرێت و ئازادی بکات، لە پێشدا شارەکەیان بۆردومان کرد بە گورز و گۆپاڵی ئاگر و بەرد هاوێژ و تیروکەوان و بە ڕم و چەرچی و ماوەیان پێیان نەدا چاو بکەنەوە و سەر هەڵبڕن، لەژێر ئەو بۆردومانە خەستەشەوە بە سوار و پیادە هێرشیان کرد بۆ سەر قەڵا و سەنگەری ناو شارەکە لە هەموو لاوە، لەگەڵ بەرگری کردنێکی زۆری خاچپەرستانی ناو سەنگەر و قەڵای شارەکە، سوپاکەی سەلاحەددین توانیان دیوار شارەکە لە چەند لایەکەوە کون بکەن و بڕۆنە ژوورەوە بە سەرکەوتوویی و ئاڵای سوپای سەلاحەددین هەڵکەین لەسەری.

بەلام بەرگری کەران جارێکی تریش لە ناو شارەکەوە خۆیان کۆ کردەوە و هێرشێکی توندیان کردەوە سەریان و هێرشبەرانی سوپای سەلاحەددین یان گەڕاندەوە بۆ دەرەوەی دیواری شارەکە، بەلام لە هەموو لایەکەوە هێرشی سوپای سەلاحەددین بەردەوام بوو خاچپەرستان نائومێد بوون لە سەرکەوتن و زانیان کۆتاییانە و تەواو دەبن ئەگەر لە شەڕ بەردەوام بن و چارەسەری خۆیان نەکەن.

خەڵکی ناو شارەکە ژنان و پیاوانی بێ دەسەلات دەچوونە ناو کنیسەکانەوە و نوێژیان دەکرد و دەپاڕانەوە و ددانیان دەنا بە تاوانەکانیاندا و داوای یارمەتیان لە خودا دەکرد، وە ژنەکانیان پرچی کچەکانیان دەبڕی بۆ ئەوەی کە زیاتر غیرەت و وورەی پیاوەکانیانی پێ بەرز بکەنەوە بۆ بەرگری کردن لێیان بۆ ئەوەی کە بەدیل نەگیرێن و نەکرێن بە کەنیزە بۆ کڕین و فرۆشتن.

---

[١] صلاح الدين الايوبي، الدكتور علي محمد الصلابي، ص٥٣٢

# ووتوێژکردن بۆ خۆ بەدەستەوەدان و تەسلیم کردنی شاری قودس

گەمارۆدانی شاری قودس و شەڕی بەردەوام دوانزە رۆژی خایاند. خاچپەرستانی ناو شاری قودس لە ناو خۆیاندا کۆبوونەوە و پێکهاتن لەسەر ئەوەی کە نوێنەری خۆیان بنێرن بۆ لای سەلاحەددین ئەیووبی بۆ ئەوەی ئومێدی ژیانیان پێ بدات و نەیان کوژێت و بیان بەخشێت، بەرامبەر بە خۆ بەدەستەوەدان و تەسلیم کردنی شاری قودس.

نوێنەرەکانیان رۆیشتن بۆ لای سەلاحەددین و داوای ووتوێژیان کرد، سەلاحەددین وەلامیانی نەدایەوە، لەگەڵ ئەوەشدا گوتی پێیان: هیچتان لێ ناکەم تەنها وەکو ئەوە نەبێت کە ئێوە کردتان بە خەڵکی شارەکە لەساڵی (٤٩١)ی کۆچی لە کوشتن و تالآن کردن و دیلی و سوکایەتی پێ کردن، سزای خراپە بە خراپە دەدرێتەوە، کە سەلاحەددین نوێنەرانی گەڕاندەوە بە نا ئومێدی، جارێکی تر خاچپەرستان کۆبوونەوە لە ناو (بەیت المقدس)دا بۆ هێرش کردنێکی لەناکاو و کتوپڕ، بەلآم (بە بتریك هەرقل) بەو بڕیارە ڕازی نەبوو، وە گوتی ئەگەر ئەوە بکەن ژن و منداڵەکانتان دەدەنە بەر و دەیان بەن و دەیانکەن بە بەندە و کەنیزە (بۆ کڕین و فرۆشتن)، وە داوای کرد لێیان کە بڕۆنەوە بۆ لای سەلاحەددین و داوای لێ بکەنەوە بۆ پەنا و پاراستنی گیانیان.

(بالیان دی ئەبلین) سەرکردەیەکی دەسەلآتداری خاچپەرستان بوو لە ناو شاری قودسدا، ن.س) یەکێکی بە ناوی خۆیەوە نارد بۆ لای سەلاحەددین ئەیووبی داوای پەنا و پاراستنی بۆ خۆی لێ کرد بۆ ئەوەی کە خۆی ئامادە بێت بۆ گفتوگۆکردن و ووتوێژکردن لەگەڵیدا.

سەلاحەددین وەلامی دایەوە و گوتی با بێت، گیانی پارێزراو دەبێت (بالیان) کە ئامادەبوو لەلای سەلاحەددین داوای پەنا و پاراستنی گیانی خاچپەرستانی کرد، بەرامبەر بە خۆیان شارەکە دەدەن بە دەستەوە.

بەلام سەلاحەددین لەسەر قسەی خۆی بوو گوتی ئێمە شارەکە بەهێزی شمشێر وەردەگرینەوە.

بالیان کە گوێ بیستی وەلامەکەی سەلاحەددین بوو ویستی بە هەڕەشە هەستی سەلاحەددین بجزوێنێت و گوتی: ئەی سولتان سەلاحەددین باش بزانە کە ئێمە خەلکێکی زۆرین لە ناو شارەکەدا، کەس ژمارەمان نازانێت مەگەر خودا خۆی، ئەو خەلکە حەز لە شەڕ و کوشتن ناکەن، بۆیە داوای پەناو پاراستنی گیانیان لە ئێوە دەکەن.

ئەو خەلکە گومانیان وابوو کە ئێوە بە چاکە وەلامیان دەدەنەوە و (داواکەیان قەبول دەکەن، ن.س) هەر وەکو وەلامی کەسانی ترتان دایەوە، ئەوان حەز لە مردن ناکەن و ژیانیان پێخۆشە.

خۆ ئەگەر بزانین وەلامیان نادەنەوە و بەردەوام دەبن لەسەر بڕیارەکەی خۆتان، وەللاه (سوێند بە خودا) هەموو ژن و منداڵانی خۆمان لە ناو شارەکەدا دەکوژین، وە هەرچی لە ناو شارەکەدا هەیە لە خانوو و ماڵ و سامان و خۆراك هەمووی دەڕوخێنین و دەسوتێنین و نایێلین بایی یەك دینار یان درهەمێك شتتان دەست بکەوێت وە لە دوای تەواو کردنی ئەوانەش بەردەکەی مسجد ئەقەسا (مسجد الاقصى) دەردەکەین و دەیشکێنین، وە دار و دیواری دەڕوخێنین و وێرانی دەکەین دوایش، دیلتان هەیە لەلامان لە موسلمانان، ژمارەیان پێنج هەزار کەسن دەیان کوژین، دوایش خۆمان دەکوژین بۆ ئەوەی کە بە سەربەرزی بمرین، بەم شێوەیە نەبێت خۆمان نادەین بە دەستەوە.

سەلاحەددین ئەیووبی ڕاوێژکاران و سەرکردەکانی سوپاکەی کۆکردەوە و قسەکانی (بالیان)ی باس کرد بۆیان و پرس و ڕایانی وەرگرت، ئەوانیش گوتیان چاکەکردن باشترە لە ئەوەی کە بە شمشێر شاری قودس وەربگرینەوە و زیانی گیانی زیاترمان لێ بکەوێت.

گوتیان هەندێك مەرج بەسەریاندا بسەپێنە وەکو ئەوەبێت کە بەشەڕ شارەکەمان گرتووە، لەم حاڵەتەدا دانیشتوانی شارەکە بە دیلی جەنگ ئەژمار دەکرێن و سەرانەی ئازادکردنی خەلکەیان لێ وەردەگرین.

سەلاحەددین ئەیووبی لە پاش ڕاوێژکردن بە ڕاوێژکاران و سەرکردەکان سوپاکەی و دیاریکردنی مەرجەکانی دەگەڕێتەوە بۆ لای (بالیان) و مەرجەکانی خۆیانی پێ ڕادەگەیەنێت بەم شێوەیە:

١-ئێمە وای ئەژمار دەکەین کە شارەکەمان بەشەڕ گرتووە.

٢-گیانی هەموو خاچپەرستانی ناو شاری قودس پارێزراو دەبێت.

٣-ماوە دەدەین بە ڕۆیشتنی خاچپەرستان و دەرچوونیان لەناو شاری قودس و ئازاد دەبن بۆ هەر کوێیەك بچن بە ئەم مەرجانەی خوارەوە سەرانەی ئازادکردنیان لێ وەردەگرین.

أ- سەرانەی ئازادکردنی هەر پیاوێك (١٠)دینار دەوڵەمەند و هەژار بەبێ جیاوازی.

ب- سەرانەی ژنان (٥)دینار دەبێ.

ج- هەر منداڵێك (٤)دینار بۆ کچ و کوڕ، هەندێك دەڵێن بۆ منداڵ دوو دینار بوو، بەلام هەژاران ئەگەر پارەیان نەبوو سەرانەی خۆیان بدەن دەبێ (بالیان)خۆی بۆ سەرجەم هەژارەکانیان (٣٠)هەزار دینار بدات لە باتی سەرانەی ئازادکردنیان

سەلاحەددین ماوەی سێ ڕۆژی دیاریکرد بۆ (بالیان) بۆ ئەوەی سەرانەی خۆی و هەژارەکان بدات، ئیتر ئازاد دەبن و دەتوانن بڕۆن و شاری قودس بەجێ بلێن، و لە دوای ئەو ماوەی کە دیاری کراوە ئەوەی لەناو شاری قودس دا بمێنێتەوە بە بەندە (عەبد)ئەژمار دەکرێت، (و مولکی موسلمانانن چیان لێ بکەن یان نا بۆ کڕین و فرۆشتن، ن.س).

هەر دوولا (سەلاحەددین و بالیان، ن.س) پێکهاتن لەسەر مەرج و داواکانی سەلاحەددین ئەیووبی بۆ خۆ بەدەستەوەدانی خۆیان و شاری قودس، وە ئەو مەرجانەی کە دیاریکراون لەسەرەوە.

لە ڕۆژی (٢٧)ی ڕەجەبی سالی (٥٨٣)ی کۆچی ١٢ی ئەکتوبەری (١١٨٧ز) خاچپەرستان دەرگای شاری قودسیان کردەوە و فەرمان درا بە سەرکردە و سەربازەکانیان کە لە دەرگاکانەوە چەکەکانیان تەسلیم بکەن بە سەربازەکانی سەلاحەددین ئەیووبی.

وە هـەر لـە هـەمان ڕۆژدا سـەلاحەددین کلیلـی شـاری قودسـی لـە خاچپەرسـتان وەرگـرت و چـووە نـاو شـارەکەوە و لـە مزگـەوتی اقـسا (مـسجد الاقـصی) نوێـژی سـوپاس گـوزاری کـرد بـۆ خـودا، لەگـەڵ پێکهـاتن و ئیمزاکردنـی سـەلاحەددین ئەیووبی و بالیان بۆ خۆ بە دەستەوەدان و تەسلیم کردنی شاری قودس.

(خاچپەرسـتانی نـاو شـارەکە، ن.س) دەسـتیان کـرد بـە چـۆلکردنی ماڵـەکانیان و فرۆشـتنی شـت و مـەکی نـاو مـاڵ و جـل و بـەرگ و خۆراکـەکانیان، ئـەوەی کـە هەیان بوو بە نرخێکی هەرزان و تالآن فرۆش فرۆشتیان.

لـە پاشـا چـل ڕۆژ بـە تەسـلیم کردنـی شـاری قـودس، و سـەرانەدانی ئـازادکردنی خاچپەرستان و دەرچوونیان لەناو شارەی قودس.

سـەلاحەددین ئـەیووبی بڕیـاری دا ئـەوەی کـە مـاوە و هـەژارە لـە خاچپەرسـتان و ناتوانێـت سـەرانەی ئـازادکردنی خـۆی بـدات لێیـان دەبورێـت و ئـازادن بـا لـە دەرگـای پیـشتەوە بڕۆنـە دەرەوە، دەرگـا کراوەیـە بۆیـان هـەر لـە خۆرهـەلآتی بەیانیەوە هەتا ئێوارە بۆ ڕۆیشتنیان.

# ( هێرشی خاچپەرستان بۆ سەر ڕۆژهەلآت و شام )

[1] کە جەنگی حەتین و (حطین)دەستی پێی کرد و سەلاحەددین ئەیووبی سەرکەوت بەسەر خاچپەرستاندا لە شاخی (حطین) کۆمەلێك لە خاچپەرستان خۆیان گەیاندە ئەورووپا و پەیوەندیان کرد بە پاشایانی ئەورووپاوە و حالْ و هەوالْی جەنگی حەتین و سەرکەوتنی سەلاحەددین بەسەریاندا (وە نیازی سەلاحەددین بۆ پاککردنەوەی ناوچەکە و شاری (قودس) لە خاچپەرستان، ن.س) وە زیان و چەوساندنەوەی مەسیحیەکان لە ناوچەکانی ڕۆژهەلآتدا گەیاندیانە ئەورووپاو بە جۆرێك ڕاپانگەیاند توانیان هەست و سۆزی پاشایانی ئەورووپاو مەسیحیەکان ببزوێنن و ڕابکێشن بەلای خۆیاندا و یەك بگرن و بێنە وەلآم بۆ پشتگیریان لێ بکەن.

هەر لەو ماوەیە لە ناوەڕاستی سالْی (٥٨٣)ی کۆچی (١١٨٧ز) (کۆنراد دی مۆنتیفرات) (جۆسیاس) سەرۆکی ئەسقەفەکانی شاری سور (صور)نارد بۆ ڕۆژئاوای ئەورووپا بۆ لای پاپا و پاشایانی ئەورووپا بۆ فریاکەوتنیان بە پەلە، (جۆ سیاس) گەیشتە (سەقەلیە)و لەگەلْ پاشاکەیدا (ولیەمی دووەم) کۆبوویەوە و وەلآمی داواکارییەکەی دایەوە و بڕیاری یارمەتیدانی پێیاندا، لە دوای ئەوەی کە باسی هەوالەکانی بۆی کردبوو کەچی لێقەومانێك ڕووی کردۆتە خاچپەرستانی ڕۆژهەلآت، لەو کاتەشدا (سەقەلیە) لە جەنگدابوو لەگەلْ (بێزنتینیەکان)و داوای ئاشتەوایی کرد لێیان بۆ ئەوەی کە خۆیان تەرخان بکەن بۆ کێشەی خاچپەرستان (ی ڕۆژهەلآت، ن.س)، لەگەلْ (ئەسحاق ئەنجلوس)ئیمپراتۆری (بێزنتین)پێکهاتن و ئیمزایان کرد (بۆ ڕاوەستانی جەنگی نێوانیان، ن.س). لە مانگی موحەڕەمی (٥٨٤)ی کۆچی ئازاری (١١٨٨ز)پاشای (سەقەلیە) چەند پاپۆڕو کەشتی و چەند سەد سەربازێکیان نارد بۆ (تەرابلس) بۆ ئەوەی کە سەلاحەددین ئەیووبی نەتوانێت داگیری بکات، هەرواش بوو لەوەدا سەرکەوتنیان بەدەست هێنا.

---

[1] صلاح الدين الايوبي، دكتور علي محمد الصلابي، ص٥٧٨.

# خۆ ئامادەکردنی ئەلْمانیاو فەرەنساو ئینگلترا بۆ بەشداریکردنیان لە جەنگی خاچپەرستان

[١] (جۆسیاس) لەگەلْ کۆمەلْێك لە نوێنەرانی (سەقەلیە) کەوتنە رێ بۆ رۆما بۆ لای (پاپا ئۆربانی سێیەم) بۆ باس کردنی باری ئالۆز و ترسناکی مەسیحیەکانی رۆژهەلاَت و شام (دەلْێن پاپا بەرگەی هەوالْی کارەساتەکەی نەگرتبوو لە رۆژی ١٤ی شەعبان سالْی (٥٨٣)ی کۆچی تشرینی یەکەمی (١١٨٧ن)کۆچی دوایی کردبوو.) بەلاَم جێگرەکەی (جریجۆری هەشتەم) دەستوبرد پەیوەندی کردبوو بە پاشایانی ئینگلیز و فەرەنساو ئیمپراتۆری ئەلْمانیاوە و هەوالْی بارودۆخی خاچپەرستانی ولاَتی شام و رۆژهەلاَتی بۆیان باس کردبوو، وە پێیانی راگەیاندبوو کە دەبێ ناکۆکی و جیاوازی نێوانیان بخەنە لاوە و لە بیری بکەن و هێزەکانیان یەك بخەن و خۆیان ئامادە بکەن بۆ جەنگی سەلاحەددین ئەیووبی و موسلْمانان (و فریاکەوتنی خاچپەرستانی رۆژهەلاَت و شام، ن.س).

هەر لەو ماوەیەدا لە ١٣ی شەوالی سالْی (٥٨٣)ی کۆچی ١٧ی کانوونی یەکەمی (١١٨٧ن) (جریجۆری هەشتەم)یش کۆچی دوایی دەکات و جێگرەکەی (کلمینتی سێیەم) جێگای دەگرێتەوە و بە پەلە پەیوەندی کردبوو بە ئیمپراتۆری ئەلْمانیاوە (فریدریکی یەکەم بەربروسا)و رازی کردبوو بۆ بەشداری کردنی ئەلْمانیا لە شەری خاچپەرستانی رۆژهەلاَت.

(جۆسیاس)یش رێیشتبوو بەرەو رۆژئاوا بۆ چاوپێکەوتنی پاشایانی فەرەنسا (فلیب ئەگستس)و ئینگلترا (هێنری دووەم)و کۆببووە لەگەلْیاندا لە شارۆچکەی (جێرۆرز)لە سنوری فەرەنساو نورمندیاو هەردوو لایانی رازی کردبوو کە ناکۆکی و جیاوازی نێوانیان بخنە لاوە و بەشداری بکەن لەم شەرەی

---

[٢١] هەمان سەرچاوە پێشوو، ص٥٨٢.

خاچپەرستاندا بۆ لێدانی سوپای سەلاحەددین و سەرخستنی خاچپەرستانی رۆژهەلات و شام.

لە ساڵی (٥٨٥)ی كۆچی (١١٨٩ز) هێنری دووەم پاشای ئینگلترە كۆچی دوایی كرد و ریتشارد دۆگرا بواتۆ (شێردڵ)جێگای باوكی گرتەوە و لەگەڵ فەرەنسادا پێكهاتنێكیان مۆر كرد و خۆیان ئامادە كرد بە لەشكرێكی گەورەوە بۆ بەشداریكرن لە جەنگی خاچپەرستانی رۆژهەلات.

# خۆ ئامادەکردنی ئیمپراتۆری ئەڵمانیا و ڕۆیشتنی بۆ ڕۆژهەلات

[1]لە بەهاری ساڵی (٥٨٥)ی کۆچی (١١٨٩ز) (فریدریك بەر بەرۆسا)ئەمپراتۆری ئەڵمانیا لەگەڵ یەکێك لە کورەکانیدا و بە لەشکرێکی گەورەوە و لە ڕێگای دەشتەوە کەوتنە ڕێ بەرەو (قستەنتینیە)و لەوێوە بەرەو وڵاتی ئەرمەنستان.

وا ڕێککەوت لە ڕێگا (فریدریك بەر بەرۆسا) لە ڕێگا لەسەر رووبارێکی بە تەوژم بەسەردا دەکەوێتە ناو رووبارەکەوە و دەخنکێت و دەمرێت، وە هەندێك لە لەشکرەکەی دەگەڕێنەوە دواوە بۆ ئەڵمانیاو ئەوانی تریان بە سەرۆکایەتی (فریدریك –سەوابی)کوڕی بەرەو (ئەنتاکیا)و لەوێوە بەرەو شاری (حەلەب)دەڕۆن، کوڕی ئیمپراتۆری ئەڵمانیاو لەشکرەکەی وایان دەزانی شاری حەلەب بە دەست خاچپەرستەکانەوەیە، بەڵام لە حەلەب سوپای سەلاحەددین ئەیووبی لێیان هاتنە دەست کوشتارێکی زۆریان لێ کردن.

لە پاشا ئەو شەڕە لە ٢٥ی ڕەجەبی (٥٨٦)ی کۆچی (١١٩٠ز) فریدریك– سەوابی دەکەوێتە ڕێ بەرەو شاری (عەکا) لە ڕێگای (جلەو لازقیە)وە گەیشتنە (تەربلس–طرابلس)و لەوێ سەربازگەی دامەزراند بۆ پشوودان.

لە پاش چەند ڕۆژێك پشوو نەخۆشی کەوتە ناو سەربازەکانی و زۆربەیان مردن، نزیکەی هەزار سەربازێکان مانەوە و کەوتنە ڕێ بەرەو شاری (عەکا) بۆ بەشداریکردن لە جەنگی خاچپەرستانی ڕۆژهەلات و گەمارۆی شاری (عەکە)یانداو لە ١٦ی رەمەزانی ساڵی (٥٨٦)ی کۆچی ئەکتوبەری (١١٩٠ز)شاری عەکەیان داگیرکرد و چوونە ناو شارەکەوە.

سەلاحەددین ئەیووبی ئاگادار دەبێت بە هاتنی سوپای ئەڵمانیا بۆ ڕۆژهەلات وڵاتی شام و بەشداری کردن لە جەنگی خاچپەرستاندا، نامە دەنێرێت بۆ

[1] هەمان سەرچاوە، ص٥٨٥.

خەلیفە (ناصرالدین ابو عباس) لە بەغداو ئاگاداری دەکاتەوە، وە قازی کوڕی شەدادی کوردی دەنێرێت بۆ موسڵ و سنجارو جەزیرەی (بۆتان، ن.س)و ئەربل (ئەربیل–هەولێر، ن.س)و داوایان لێ دەکات بۆ خۆ ئامادەکردن و خۆبەخشین بۆ تێکۆشان (جیهاد)لە ڕێگای خودا داو پاراستنی وڵاتی ئیسلام لە داگیرکەرانی خاچپەرستانی ئەوروپا و ڕۆژئاوار، هەموو وەلامیان دایەوە و ئامادەیی خۆیان دەربڕی (بە تایبەتی ئەمیر و مەلاکانی کورد، ن.س)کەوتنە ڕێ بۆ لای سەلاحەددین ئەیووبی بۆ بەشداری کردن لە جەنگی خاچپەرستان.

سەلاحەددین ئەیووبی جێگرەکانی خۆی لە وڵاتی شام نارد بۆ چاودێریکردنی سوپای خاچپەرستانی ئەڵمانیا لە ناوچەکەدا و هەواڵگری و سیخوری بڵاوکردەوە لە هەموو ناوچەکاندا بۆ هێنانی شارەزایی و هەواڵ و دەنگ و باس و زانیاری، وە بڵاوکردنەوەی پروپاگەندە لەبەرژەوەندی سوپای سەلاحەددین ئەیووبی لە ناوچەکەدا، وە ڕێگا گرتن لە بڵاوبوونەوەی سوپای ئەڵمانیا.

هەر لەو سەردەمەدا تیپێك لە سوپای ئەڵمانیا دەرچووبوونە دەرەوە لە سەربازگەکەیان بۆ گەڕان بە شوێن لەوەڕ و ئالف بۆ ئاژەڵ و ئەسپەکانیان و تووشی لەشکری سەلاحەددین بوون و کەوتبوونە کەمینیانەوە و نزیکەی پێنج سەد کەسیان لێ کوژرابوو و ژمارەیەکی کەمیان ڕایان کردبوو بۆ ناو سەربازگەو قەلاْکانیان.

سەلاحەددین ئەیووبی فەرمانیدا بوو بە سوپاکەی کە هەموو دیوار و پەرژین و سەنگەر و قەلاْکانی (تەبەریە و یافا و وارسوف و قیساریە و سەیدا و جوبەیل بڕوخێنن و تێکیان بدەن نەوەکو خاچپەرستان داگیریان بکەن و سوودیان لێ وەربگرن لە جەنگدا.

سوپای ئەڵمانیا هەر لە سەرەتاوە بەهەڵە هاتبوون بەبێ پیلان و چاو ساغ و شارەزایی کەوتنە ڕێ بەرەو ڕۆژهەلات بۆیە هەر لە سەرەتاوە هەتاکو دوایی شکستیان هێنا:

١– دەرچوونیان لە سەرەتای بەهاردا بوو ئەوروپا هێشتا زۆر سارد بوو.

٢-خنكاندنی ئیمپراتۆری ئەڵمانیا فریدریك بەر بەرۆسا، لە ڕێگا لەناو ڕووباری ئاودا.

٣-نە شارەزایی ڕیگاویان و چوونیان بۆ شاری (حەلەب)بەبێ ئەوەی كە بزانن سوپای سەلاحەددینی تیادایە و لەوێش تووشی زیانێكی زۆر بوون.

٤-بڵاوبوونەوەی نەخۆشی لەناو سەربازەكانیاندا و زۆربەیان مردن.

لە ئەنجامدا فەشەلیان هێناو نەیان توانی بەشداری بكەن لە شەڕی خاچپەرستاندا و بگەیەنە شاری قودس، بۆیە ژمارەیەكی كەمیان لەگەڵ فریدریك-سوابی گەڕانەوە (بۆ ئەڵمانیاو ئەوروپا، ن.س).

# هاتنی سوپاکانی فەرەنسا و ئینگلترە بۆ رۆژهەلآت

[1] لە هاوینی سالّی (٥٨٦)ی کۆچی (١١٩٠ز) پاشای فەرەنسا (فلیب ئۆگستس) و پاشا ئینگلترە (ریتشارد دۆگ بواتو- شێر دلّ)بە رێگای دەریاوە کەوتنە رێ بەرەو رۆژهەلآت.

پاشای فەرەنسا (فلیب)لە شاری (جنوا)ی فەرنسیەوە لەگەلّ لەشکرێکی زۆری دەریایی کەوتنە رێ و گەیشتنە (سەقلیە)و لایاندا، پاشای ئینگلترەش (ریتشارد شێر دلّ) لە شاری (ماسیلا)وە کەوتە رێ لە رێگای دەریاوە و هەردوو لایان لە شاری (سەقلیە) بە سوپاکانیانەوە یەکیان گرت و شەش مانگ هەردوو لایان مانەوە لە سەقەلیە هەتا زستانی ئەو سالّە بەسەرچوو.

لە دووی رەبیعی اول سالّی (٥٨٧)ی کۆچی ٣١ی ئازاری (١١٩١ز)پاشای فەرەنسا لە میناوە کەوتە رێ و گەیشتە شاری (سوور-صور)و پاشای شار (کۆنراد مۆنتفیرات) پێشوازی گەرمی لێیان کرد و لەوێوە بردنی بەرەو شاری (عەکا)و پێشوازییەکی گەرمیان لیّ کرا لەلایەن خاچپەرستانەوە.

بە گەیشتنی پاشای فەرەنساو لەشکرەکەی موسلّمانانی ناو شاری (عەکا)و دەوروبەری کەوتنە ژێر فشارو تەنگی و ناخۆشیەوە، سوپای سەلاحەددین لەناو شارەکەدا سەنگەرەکانی خۆیان قایم کرد بۆ بەرگری کردن لە خۆیان و شارەکە.

پاشای فەرەنسا (فلیب ئەکستس)چاوەرێی پاشای ئینگلترەی نەکردو دەستبەجێ ئابلوقەی توندو تیژی خستە سەر شاری (عەکا)و خاچپەرستانی ناوچەکەیان رێکخستنەوە، وە چوار دەوری شارەکە چالّ بوو و هەلّکەندرابوو لەلایەن موسلّمانەکانەوە بۆ بەرگری کردن، خاچپەرستان دەستیان کرد بە پڕکردنەوەی چالّەکان و سەنگەریان لیّ دا لە دەوروپشتی شارەکە کە

---

[1] هەمان سەرچاوە، ص٦١٩.

دانیشتوانەکەی موسڵمان بوون، وە لەشکری سەلاحەدین تیادا بوو بەڵام خاچپەرستان هێرش کردنی ناو شارەکەیان دواخست هەتا ١٠ی جەمادی ئاخری ساڵی (٥٨٧)ی کۆچی ٢٥ی ئایاری (١١٩١ز) پاشای ئینگلترا (ریشتارد شێر دڵ)لەگەڵ سوپاکەیدا لە ڕێگای دەریاوە گەیشتنە (عەکا)و ئومێدیان بۆ خاچپەرستان دروست کرد.

سوپای سەلاحەددین ئەیووبی دەستیان کرد بە خۆپیشاندانی سەربازی لە ناوچەکەداو بڵاوکردنەوەی ڕاگەیاندنی دەروونی و هاندانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن کە مەلاو فەقێ و وتار بێژەکان بوون لەگەڵ پیاوانی قسەزان و چالاك، دەیانویست بیسەلمێنن بۆ سوپاکانی خاچپەرستان و (ریتشارد شێر دڵ و فلیب ئۆکتس) کە سوپاکەیان بەهێز و توانایە و دەتوانێت بەرەنگاری سوپای خارچپەرستان ببێتەوە و بەرگری بکات لە شارەکانی ژێردەسەڵاتیان.

وە باشای ئینگلترەش (ریتشاد شێر دڵ) لەلای خۆیەوە بە سوپایەکی زۆری دەریاییەوە، وە بە چەکی باش و جبل و بەرگی سەربازی ئەو سەردەمەی ئەوروپاوە دەیویست توانای سەربازی خۆی دەربخات و داواکارییەکانی خۆی بسەپێنێت بەسەر سەلاحەددین ئەیووبیدا بەهێزی سەربازی. لەدوای شکستی سەربازی ناچاری بکات بۆ ووتوێژکردن و قەبووڵکردنی مەرجەکانی.

چەند جارێك لە دەوری شاری (عەکا)شەڕی گەورە ڕووی دا و کوشتاری باشیان کرد لە یەکتر و خاچپەرستان سەرکەوتنیان نەبینی بەخۆیانەوە. ریتشارد شێر دڵ داوای ووتوێژی کرد و داوای کرد کە چاوی بە سەلاحەددین ئەیووبی بکەوێت بە ئومێدی ئاشتەوایی و پێکهاتن، بەڵام سەلاحەددین ئەیووبی بە ئاگادارییەوە وەڵامی دایەوە و پێی ڕاگەیاندن و گوتی: دانایی و ژیری نییە هەر دوو پاشای شەڕ فرۆش پێکەوە دابنیشن هەتا شەڕی نێوانیان ڕانەوەستێت، لەگەڵ ئەوەشدا سەلاحەددین ئامادەیی خۆی دەربڕی بۆ ووتوێژکردن و (عادل پاشا)ی برای نارد بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ ریتشارد شێر دڵ، هەردوو لایان بریاری ڕاوەستانی شەڕیان دا بۆ ماوەی سێ ڕۆژ.

هەر لەو ماوەیەدا هەردوو پاشای فەرەنسا و ئینگلترە نەخۆش کەوتن، بەڵام ریتشادر شێر دڵ نەخۆشیەکەی گرانتر بوو.

شاری (عەکا)نزیکەی دوو ساڵ بوو گەمارۆ درابوو لەلایەن خاچپەرستانەوە وە لەشکرەکەی سەلاحەددین ئەیووبی بە سەرۆکایەتی سەیفەدین عەلی بەرگریان دەکرد و خۆیان ڕاگرتبوو.

بەڵام بەهۆی بۆردومانکردن و فشارخستنە سەر شارەکە لەلایەن خاچپەرستانەوە، وە گەمارۆدانی شارەکە نزیکەی دوو ساڵ و نەگەیشتنی فریاکەوتن و خۆراك، وە ماندووبونی سەربازەکانی ناو شارەکەو دانیشتوانەکەی، سەرکردەکانی ناو شارەکە (سەیفەدین هەکاری و بەهادین قەرەقوش)ناچار بوون کە داوای ووتوێژ بکەن و شارەکە بدەن بە دەستەوە بەرامبەر بە پاراستنی گیانی خۆیان و دانیشتوانی شارەکە.

وە سەرانەی ئازادکردنی خۆیان و خەڵکی شارەکە بدەن، وە دیلەکانی هەر دوولا بگۆڕنەوە، خاچپەرستانی بەو مەرجانە ڕازی بوون و سوێندیان خوارد بۆ نوێنەرانی سوپای سەلاحەددین کە (سەیفەدین مەشتوب ی کوردی، ن.س)بوو کە ئەوانیش پابەند بن بەو خاڵانەی کە پەیوەندیان هەیە بە خۆیانەوە جێبەجێیان بکەن و دەستکاری دانیشتوانی ناو شارەکە نەکەن سەیفەدین مەشتوب شاری عەکار بەبێ شەڕ دا بەدەستەوە و خاچپەرستان چوونە ناویەوە.

وە سەلاحەددین ئەیووبی بەشێك لە پارەی سەرانەی ئازادکردنی خەڵکی ناو شارەکەی نارد بۆیان و بەشێك لە دیلەکانی ئەوانی بەردا و ئازادی کردن، بەڵام خاچپەرستان نەیان هێشت کەس لەناو شارەکە دەربچێتە دەرەوە و ماڵ و سامانەکەشیان داگیرکردن و بردیان بەتاڵان، وە زوڵم و زۆری بێ ئەندازەیان کرد لە ژن و منداڵ و پیر و لاو، وە دیلەکانی موسڵمانانیشیان بەرنەدا.

سەلاحەددین کە ئەمەی بیستەوە بەردانی دیلەکانی تری ئەوانی ڕاگرت و پارەکەی تری نە نارد بۆیان و داوای کرد لێیان کە ئەو بەندانەی کە پەیوەندی بە ئەوانەوەیەو پێکهاتوون لەسەری جێبەجێی بکەن و زوڵم و زۆر نەکەن لە

دانیشتوانی شارەكە بۆ ئەوەی ئێمەش پاش ماوەی دیل و بەندەكانی لای خۆمان بەر بدەین، وە بەندەكانی تر كە پەیوەندیان بە ئێمەوەیە جێبەجێیان بكەین.

خاچپەرستان وەڵامی سەلاحەددین یان نەدایەوە و هەموو دانیشتوانی ناو شارەكە و دیلەكانی عەكایان كۆ كردەوە نزیكەی (٣٠)هەزار ژن و منداڵ و پیاو دەبوون هەموویان كوشتن و هەتكیان كردن و ئەوەی كاری نامرۆڤانە بوو كردیان بەرامبەریان.

دەنگوباس و هەواڵی ئەم كردەوانەیان گەیشتە هەموو وڵاتانی ئیسلام و هەموو بەتێكڕا ئامادەیی خۆیان دەربڕی بۆ پشتگیری كردنی سەلاحەددین ئەیووبی بۆ بەشداری كردن لە شەڕی خاچپەرستانی ئەورووپا.

شەڕ درێژەی كێشاو ریتشارد شێر دڵ بە لەشكرەكەیەوە لە شاری (عەكا)وە كەوتە ڕێ بەرەو (حەیفا)و داگیری كرد، بەڵام شارەكە بە تەواوی چۆڵ كرابوو، وە سەنگەرو دیوارەكانی هەموو ڕووخابوو لەلایەن سوپای سەلاحەددینەوە.

ریتشارد شێر دڵ هەر لەوێوە كەوتە ڕێ بەرەو (قیسارە)و لەوێ چەند ڕۆژێك شەڕ درێژەی كێشا لە نێوانیاندا و پاشان سوپاكەی سەلاحەددین خۆیان بۆ ڕانەگیرا و كشانەوە لەبەر بێ توانایی و زۆری هێزەكانی خاچپەرستان.

سوپاكەی سەلاحەددین شارو سەنگەرەكانیان بە ڕووخاوی بەجێ هێشت.

ریتشارد شێر دڵ بەردەوام بوو لە هێرش كردن بەرەو شاری (ئەرسوف) و داگیری كرد ئەویش هەر چۆڵ كرابوو و ڕووخابوو.

ریتشارد شێر دڵ هەستی بە مناوەرەیەكی سەربازی گەورە و بەهێز كرد لەلایەن سەلاحەددین ئەیووبییەوە بە شار چۆڵكردنی و ڕووخاندنی قەڵا و سەنگەرەكانی و كشانەوە بۆ دواوە، ئەمانە وای كرد كە هێرشەكەی ڕابگرێت و داوای گفتوگۆ و ووتووێژكردنی بكات لەگەڵ سەلاحەددین، وە داوای هێزی فریاكەوتنی كرد لە شاری (عەكا).

سەلاحەددین، عادل پاشای برای نارد بۆ ووتووێژكردن لەگەڵ ڕیتشارد شێر دڵ، بەڵام ووتووێژەكەیان سەری نەگرت و نەگەیشتنە ئەنجام بەهۆی ڕەقی شێر

دڵـەوە، داوای دەکـرد و دەیگـووت دەبـێ دەسـت هـەڵبگرن و بکـشێنەوە لـەو شوێنانەی کە گرتوویانەو ئازادیان کردوون، لە دەور و پشتی شاری قودس.

خاچپەرستان هێرشیان کردە سەر شاری (عەسقەلان) و سەنگەرەکانی (دارمان) و داگیریان کرد بە چۆڵی و رووخاوەی، دیسانەوە ریتشارد شێر دڵ داوای ووتوێژی کردەوە و سەلاحەددین- عادل پاشای برای ناردەوە بۆ ووتوێژکردن، بەلام ئەم جارەیان ریتشارد شێر دڵ هەندێك بۆچوونی تری خستەڕوو لەوانە:

١- عادل پاشای برای سەلاحەددین ئەمیرە (جوان)خوشکی ریتشارد شێر دڵ بخوازێت، کە بێوەژنی پاشای شاری (سەقەلیە)بوو و مێردەکەی مردبوو.

٢-سەلاحەددین ئەیووبی ئەو شار و شارۆچکانەی کە گرتوونی و ئازادی کردوون بەشاری قودسیشەوە بیدات بە عادل پاشای برای، وە ریتشارد شێر دڵیش ئەو شار و شارۆچکانەی کە داگیری کردوون بە شاری (عەسقلان)یشەوە بیدات بە جوانی خوشکی.

٣-ئاهەنگی شاییەکەیان لەناو شاری (قودس)بکرێت.

٤-مەسیحیەکان هاتووچۆی کەنیسەی (قەیامەت)بکەن.

٥-خاچی سەلبوت (صلیب الصلبوت) کە لەلایەن سەلاحەددین ئەیووبیە بیگەڕێننەوە بۆ مەسیحیەکان.

٦-هەردوولا (سەلاحەدین و خاچپەرستان، ن.س)دیلەکانیان ئازاد بکەن.

٧-هەندێك دێهات بگەڕێننەوە بۆ (داویە)کان و (ئەسبەتەری)یەکان بەبێ دیوار و پەرژین و سەنگەر.

عادل پاشا ئەم بۆچوون و خاڵانەی بەباش دەزانی لەلای وابوو کە دەبێتە هۆی یەکگرتنی موسڵمانان و مەسیحیەکان و دەبێتە هۆی ئاشتەوایی و ئاشتی لە ناوچەکەدا.

بەلام سەلاحەددین بە جۆرێك لە گاڵتەکردن و مناوەری سەربازی دەزانی، لەگەڵ ئەوەشدا رەزامەندی خۆی دەربڕی بە رەزامەندی و قەبووڵکردنی.

لە دوای ڕەزامەندی هەردوو لایان بۆ خاڵەکانی سەرەوە (جوان)خوشکی ڕیتشارد شێر دڵ بیستیەوە و ناڕەزایی دەربڕی و گوتی: من چۆن شوو دەکەم بە پیاوێکی موسڵمان.

ئەمەش وای کرد کە ڕیتشارد شێر دڵ داوا بکات لە عادل پاشای برای سەلاحەددین کە ببێت بە مەسیحی، عادل پاشا ئەم داواکارییەی ڕەتکردەوە و دایە دواوە.

ڕیتشارد شێر دڵ حەزی لە پێکهاتن و کۆتاییهێنان بە شەڕ دەکرد، بۆ خۆتەرخانکردنی کێشەی ناکۆکی و جیاوازی خاچپەرستان، لە نێوان (کۆنرا دی مونتفیرات) و (جای لۆزینا) ووتوێژ سەری نەگرت و شەڕ درێژەی کێشا لە نێوان سوپای سەلاحەددین و خاچپەرستانی ئەورووپا.

# جەنگی یافا

جـەنگی یافـا دوا جـەنگ بـوو بـەلام جـەنگێکی گـەورەبوو لـە نێـوان سـوپای سـەلاحەددین ئـەیووبی و سـوپای خاچپەرسـتانی ئـەورووپا و کوشـتارێکی زۆری پـێ ئەنجام کرا لە نێوان هەردوو لایاندا.

ریتـشارد شـێر دڵ هـەواڵی پێگەیـشتبوو کـە براکـەی لـە ئینـگلترە هەسـتاوە بـە کودەتـا و شـۆڕش دژی، وە بـاری ئاسایـشی ئیـنگلترە تێکـچووە و نـاخۆش و ئـاڵۆزە، وە پێویـست دەکـات کـە خـۆی بـە زووتـرین کـات بگەڕێتـەوە بـۆ وڵاتەکـەی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ناوخۆی.

بـەلام ریتـشارد شـێر دڵ حـەزی دەکـرد پـێش گەڕانـەوەی بـۆ ئیـنگلترە کێـشەی نێوان خاچپەرستان و موسڵمانان چارەسەر بکات.

وە کێشەی نێـوان خاچپەرسـتان خۆیـان کۆتـایی پـێ هـات بـە کوشـتنی (کـۆنراد دی مـونتفیرات)ٰ بـەلام کێـشەی خۆیـان لەگـەڵ سـەلاحەددین دەبـێ بـەهێزی سـەربازی چارەسەر بکرێت و شاری قودس داگیر بکرێت.

ریتـشارد شـێر دڵ هـەموو هێزەکـانی خاچپەرسـتانی کـرد بـە یـەك و هێرشـیان کـردە سـەر قـەلای (دارم) و لـەپاش شـەڕێکی گـەورە و زیـانی گیـانی و مـاڵی زۆر لـە هـەردوو لایـان قـەلای (دارم)یـان داگـیر کـرد و کەوتنـە رێ بـەرەو شـاری (عەسـقەلان)و داگیریـان کـرد. لـە رۆژی ٢٧ی جـەمادی یەکـەمی سـاڵی (٥٨٨)ی کۆچی ١١ی حوزێرانی (١١٩٢ز) گەیشتنە (بیت نۆبە)ی نزیك بە شاری قودس.

سـەلاحەددین ئـەیووبی بـە لەشـکرەکەیەوە خـۆی ئامـادە کـرد بـۆ بـەرگرییکردن لەشاری (قودس)و ئەم ئامادەکارییانەی کرد:

١-سـەنگەرو قـەلاو دیوارەکـانی نـاو شـارەی (قـودس)ی دابەشـکرد بەسـەر ئـەمیرەکانی سـوپاکەیدا و هـەر کـەس بەرپرسـی بێـت لـە پاراسـتنی ئـەو شـوێن و جێگـای دیـاری کـراوە و پێـی سـپێردراوە، وە هـەموو خـۆراك و پێویـستیەکی جەنگی ئامادەکرد بۆیان.

٢-سەرچاوەی هەموو ئاوەکانی دەوری شاری قودسی تێکداو پیسی کرد و هیچ ئاوێک نەما لە دەرەوەی شاری قودس کە بە کەڵکی خواردنەوە بێت ئەگەر هەوڵی هێرشکردنیاندا بۆ ناو شاری قودس.

٣-هەموو ئەو هێزانەی کە هاتن لە دوایدا لە (کوردستان، ن.س) لە موسڵ و جەزیرەی (بۆتان، ن.س) و هەکاری و گەیشتن، سەلاحەددین و سەربازگە و سەنگەری بەهێزی دروست کرد بۆیان و دایمەزراندن لە دەرەوەی شاری قودس.

٤-سوارچاکانی لەشکری سەلاحەددین دەستیان کرد بە هێرشکردن و شەڕی پارتی زانی لە ناکاو بۆ سەر سوپای ڕیتشارد و خاچپەرستان و دەستی چاکیان لێ دەوەشاندن.

لە ١٩ی جەمادی ئاخیری ساڵی (٥٨٨)ی کۆی یەکی تەمموزی (١١٩٢ز) سەلاحەددین هەموو سەرکردەکانی سوپاکەی کۆکردەوە لەناو شاری (قودس)و داوای کرد لە قازی کوڕی شەدادی (کوردی، ن.س) کە وتارێکیان بۆ بدات و هانیان بدات بۆ خۆ ڕاگری و فیداکاری.

قازی کوڕی شەدادیش لە سەرەتای کۆبوونەوە دەستی پێی کرد بە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز و حەدیسەکانی پێغەمبەر (د.خ)لێ بێت و باسی خێرو چاکەو کرێی هەوڵ و تێکۆشانی کرد لە ڕێگای خودادا، وە نموونەی هەڤاڵانی پێغەمبەر و قوربانی دانیانی کرد بە گیان و بە ماڵ لەو ڕێگایەدا.

لە پاشا تەواوبوونی قازی کوڕی شەدادی (کوردی، ن.س)و بێ دەنگ بوونێکی کەم، سەلاحەددین ئەیووبی هەستایە سەر پێ و گوتی: برایانی موسڵمانم خوێنی موسڵمانان و منداڵەکانیان و ماڵ و سامان و نیشتیمانیان لە ئەستۆی ئێوەدایە لە دنیاو لە ڕۆژی ڕاستبوونەوەدا، ئێوە لێیان بەرپرسیارن لەلای خودای مەزن (و میللەت و مێژوو، ن.س)ئەم دووژمنە کە هاتوونەتە سەرمان هیچ موسڵمانێکی تر نییە بێجگە لە ئێوە بەرەنگاریان ببێتەوە و بەرهەڵستیان بکات تەنها ئێوە نەبێت. ئەگەر کەم تەرخەمی و سستی بکەن تێک دەشکێن و لەناو دەچن.

نیشتیمانی موسڵمانان دەپێچێتەوە وەکو پێچانەوەی کتێبێك، ئەوەش لە ئەستۆی ئێوەدایە، وە هەر ئێوەش تاوەکو ئێستا بەرگریتان کردوە (لەم ئاین و نیشتیمانە و پاراستووتانە لە داگیرکەران، ن.س). وە تاوەکو ئێستا ماڵ و سامانتان پێکەوە ناوە و خواردنتان لە بەیت ئەلمال بووە.

موسڵمانان لە هەموو ولاتانی ئیسلامدا چاوەڕێی دەستی ئێوەن (و پاراستنیان لە دەستی ئێوەدایە، ن.س)وەسەلام.

لە پاشا تەواوبوونی سەلاحەددین لە قسەکانی سەیفەدین مەشتوی (کوردی، ن.س) هەستایە سەر پێ و گوتی: ئەی گەورە و مەزنمان ئێمە هەموو موڵك و بەندەی تۆین، تۆ هەموو شتێکت داوە بە ئێمە و گەورەت کردین، وە پلە و پایەت پێمان بەخشی، وە ماڵ و سامانت دا پێمان و دەوڵەمەندت کردین.

ئێمە هیچمان نییە تەنها سەر و ماڵمان نەبێت ئەوانەش لەبەر دەستی تۆدایە- وەڵلاهی هیچ کەسێکمان نا گەڕێینەوە لە پێناوی سەرکەوتنی (ئایینی ئیسلام و، ن.س)تۆدا، تەنها مردن نەبێت.

هەموو سەرکردەکانی سوپا بڕیاریان دا لەسەر ئەو قسانەی سەیفەدین- مەشتوب (ی کوردی، ن.س).

بەلاّم لە ڕۆژی دواییدا هەندێك لە میر و سەرکردەکان (ی تورك، ن.س)لە گفتو بەڵێنی خۆیان پەشیمان بوونەوە و گوتیان نابێت ئێمە لەناو شارەکە (ی قودس، ن.س)دابین و دەوربدرێن و وەکو شاری (عەکا)مان لێ بێت (و دەستگیر بکرێین، ن.س)وایان بە باش زانی کە لە دەرەوەی دیوارەکانی شاری (قودس)بەرنگاری سوپای ڕیتشارد شێر دڵ و خاچپەرستان ببنەوە و جەنگیان لەگەڵدا بکەن.

(سەرکردە تورکەکان، ن.س)گوتیان لەم حاڵەتەدا ئەگەر خودا سەرکەوتنی بۆمان نووسی بێت دەیان شکێنین و ڕاویان دەنێین و شارەکانی تریشیان لێ وەردەگرینەوە، وە ئەگەر بە پێچەوانەشەوە بێت سەربازگەکە دەدەین بە دەستەوە و قودسمان لە دەست دەچێت (بەلاّم خۆمان دەتوانین هەڵ بێین و خۆمان ڕزگار بکەین، ن.س).

بەڵام سەلاحەددین ئەیویست بەم وەڵامەی میرە (توركەكان، ن.س)ڕازی نەبوو. لەبەر ئەوەی كێشەی قودس و بە دەستەوەدانی زۆر گەورە بوو لەلای سەلاحەددین و كێوەكان هەڵیان نەدەگرت ئەوانیش (میرو سەركردە توركەكان، ن.س)بەرەقی وەڵامی سەلاحەددین یان دایەوە.

وا دەردەكەوت ناكۆكی و ناحەزی هەبوو لە نێوان میرو سەركردەكانی كورد و میرەو سەركردە توركەكان، ناكۆكییەكە پەرەی سەندوو گەیشتبووە پلەیەكی ترسناك لە قسەكان (ی سەركردە توركەكان، ن.س) وا دەردەكەت كە بە سەلاحەددینیان دەگوت دەتەوێت لە ناو شار (ی قودس، ن.س)دا شەڕ بكەیت دەبێ خۆت لەگەڵماندا بێت، یان هەندێك لە براو برازاكانت لەگەڵماندا بێت.

سەلاحەددین ئەیویست ناحەزی و ناكۆكی نێوان كورد و توركی بۆ دەركەوتبوو لەناو سوپاكەیدا، وای لێهاتبوو لە هیچ ڕاو بۆچوونێكدا پێكەوە نەدەگونجان.

قازی كوڕی شەداد (ی كوردی، ن.س) هەستی كردبوو كە سەلاحەددین ئەم كێشەی نێوان كورد و توركی بە ئاسانی بۆ چارەسەر ناكرێت و پێی گەتبوو ئەم فەرمانە بدە بە دەستی خوداو لێی بپارێرەوە بەڵكو داواكاریەكەت قەبوڵ بكات و چارەسەری ئەم كێشەیە بكات.

قازی شەداد (ی كوردی، ن.س) مێژوونووسی سەلاحەددین ئەیویست دەبینێ لەكاتی نوێژدا سەلاحەددین دەپاڕایەوە لە خودا لەكاتی ڕكوع دا فرمێسك لە چاوەكانی دەكەوتە سەر بەرماڵی نوێژەكەی (ئەوەندە بە كوڵ دەپاڕایەوە لە خودا، ن.س).

لە پاش ماوەیەكی كەم پیاوانی هەواڵگری سوپای سەلاحەددین هەواڵیان گەیاندە سەلاحەددین ئەیویست كە سوپاكەی ڕیتشارد شێر دڵ و خاچپەرستان هێرشەكەیان ڕاگرت، بەرەو شاری قودس و ڕاوەستاون.

كوڕی ئەسیر (ابن اثیر) دەڵێت ڕیتشارد شێر دڵ لە پێش هێرشكردن بۆ سەر شاری (قودس) ناردبووی بە شوێن هەندێك لە خاچپەرستانە كۆنەكان (ی ناو شاری قودس، ن.س)و داوای كردبوو لێیان كە باس و وەسفی دیوارو سەنگەر و

پەرژین و ئەو هێزانەی ناو شاری قودسی بۆ بكەن لەگەڵ ووزە و باوەڕ و چەكی ئەو لەشكرەی كە لەناو شارەكەو دەوروبەریدایە.

خاچپەرستانی ناو شارەكە بە فراوانی و شیكراوەیی باسی بۆ دەكەن و وەسفی هەموو ئەو قەلاو سەنگەرانەو باوەڕ و وورەی جەنگاوەرەكان و چەكەكانیان بۆ دەكەن، وە نەخشەو وێنەی هەموو شوێنەكانیان بۆ دەكێشن و باسی ئەوەیان بۆ دەكەن كە سەلاحەددین چۆن شارەكەی لە هەموو رووبەكەوە توندو قایم كردوە، لە پاش گەیشتنی زانیارییەكان بە دەستی و گەڕانەوەی خاچپەرستان بۆ ماڵەكانیان.

ریتشارد شێر دڵ دادەنیشێت دیراسەتێكی باشی شارەكە و ژمارەی سوپاو چەك و دیوارو قەلاو سەنگارەكانی دەكات و ئەو لەشكرەی كە لە ناوەوە و دەوری شارەكەدایە.

پاشان شێر دڵ دەڵێت ئەم شارە گەمارۆ نادرێت و ناگیرێت مادەم سەلاحەددینی تیادایە و زیندوە و موسڵمانەكان لە دەوری كۆبوونەتەوە، ئەم هەڵوێستەی ریتشارد شێر دڵ بوو بەهۆی ئەوەی كە خاچپەرستان ببن بە دوو بەشەوە، بەشێكیان سەر بە (فلیب) پاشای فەرەنسا بوون و داوای هێرش كردنیان دەكرد بۆ سەر شاری قودس و بەهێزی سەربازی داگیری بكەن.

دەیان گوت ئێمە ولاتی خۆمان بەجێ هێشتووە و هاتووین بۆ گرتنی شاری قودس و ئازادكردنی لە موسڵمانان، وە نەگەڕێینەوە هەتا نەیگرین و ئازادی نەكەین. بەشی دووەمیان ریتشارد شێر دڵ و سوپاكەی بوون لەگەڵ هێرش كردندا نەبوون و دەیانزانی سەركەوتن بەدەست ناهێنن و پێیانی گوتبوو ئێمە هەموو سەرچاوەی ئاوەكانمان لێ گیراوە و پیس كراوە و هیچ ئاوێكی خواردنەوەمان نییە بۆ خۆمان و ئەسپ و ئاژەڵەكانمان. فەرەنسییەكان دەیان گوت جۆگەڵە ئاوێك هەیە لە (نقوع)لە نزیك شاری قودس و لەوێ ئاو دەهێنێت و رۆژی یەكجار ئاو دەخوێنەوە، لە ئەنجامی ناكۆكی و لێكۆڵینەوەی نێوانیان و نەگەیشتنیان بە ئەنجام گوتیان دەیخەینە دەنگەوە، كێ دەنگی زۆر بوو ڕای ئەو لایە پەسەند دەكەین.

کە بڕیارەکەیان خستە دەنگەوە ڕیتشارد شێر دڵ زۆربەی دەنگەکانی بە دەست هێنا بۆ ڕاگرتنی هێرش کردن و شەڕ و گەڕانەوە بەرەو (الرملە).

سەلاحەددین ئەیووبی بەم هەواڵە دڵ خۆش بوو.

ڕیتشارد شێر دڵ لەشکرەکەی کشاندەوە و گەڕایەوە بۆ شاری (عەکا)و داوای وتووێژی کرد لەگەڵ سەلاحەددین. وە شێر دڵ نەخشەی دانابوو ئەگەر وتووێژەکەیان لەگەڵ سەلاحەددین سەر نەگرێت هێرش دەکەنە سەر شاری بەیروت و داگیری دەکەن و لەوێوە شێر دڵ دەڕواتەوە بۆ ئینگلترە بۆ وڵاتەکەی خۆی.

# دوا جەنگی یافا

سەلاحەددین کە سەیری شاری یافای کرد ڕیتشارد شێر دڵی تیادا نەماوە [1] هێرشی کردە سەر شارەکەو گرتی و چووە ناو شارەکەوە.

بە گرتنی شاری یافا ڕیتشارد شێر دڵ بە هێزێکی گەورەوە خۆی گەیاندە شاری یافاو سوپاکەی سەلاحەددینی ناچار کرد بەکشانەوە لە شارەکە.

ڕیتشارد شێر دڵ کە شاری (یافا)ی گرتەوە نەخۆش دەکەوێت و باری تەندروستی خراپ دەبێت و دکتۆرەکانی خۆیان چارەیان بۆ ناکرێت.

سەلاحەددین ئەیووبی کە دەبیستێت ڕیتشارد شێر دڵ نەخۆشەو چارەیان بۆی نەدۆزیوەتەوە و دکتۆری باشیان نییە بەبێ ئاگاداری ئەو دکتۆرەکەی خۆی دەنێرێت بۆ لای بۆ چارەسەرکردنی و چارەی دەکات و دەرمانی بۆ بەجێ دێڵێت و دوعا خوازی لێ دەکات، ڕیتشارد شێر دڵ دەپرسێت لە دکتۆرەکە و پێی دەڵێت: تۆ ناوت چییە؟ وە کێ تۆی نارد بۆ لای من؟ دکتۆرەکەش دەڵێت من دکتۆری سوڵتان سەلاحەددین ئەیووبیم و ئەو منی ناردووە بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشیەکەی تۆ.

ڕیتشارد شێر دڵیش ئەم کارە مرۆڤایەتییەی دوژمن لەگەڵ دوژمنەکەیەدا زۆر بەلاوە سەیر دەبێت ڕیتشارد شێر دڵ بەهۆی نەخۆشیەکەوە حەز لە میوە و بەفر دەکات و بیر لە مرۆڤایەتی سەلاحەددین دەکاتەوە و یەکێك بە نامەیەکەوە دەنێرێت بۆ لای سەلاحەددین و داوای بەفرو میوەی لێ دەکات، بە تایبەتی حەزی کردبوو لە (قۆخ و هەرمێ و بەفر).

سەلاحەددین ئەیووبیش بە زیادەوە میوە و بەفری بۆی ناردبوو ڕیتشارد شێر دڵ کە چاك دەبێتەوە دیسانەوە داوای ووتوێژ دەکات لەگەڵ سەلاحەددین و دەیەوێت زوو پێك بێت لەگەڵیدا لەبەر ئەم هۆیانە:

[1] هەمان سەرچاوەی پێشوو.

١- ریتشارد شێر دڵ بەهۆی نەخۆشییەکەیەوە تووشی لاوازی ببوو نەیدەتوانی وەك جاران سەرکردایەتی لەشکرەکەی بکات. وە پێویستی بە پشوودانێکی درێژخایەن هەبوو.

٢- یارمەتی سەربازیان لێ بڕی بوو لە ئەورووپاوە و بۆی نەدەهات.

٣- لە ئینگلترەوە هەواڵی پێ گەیشتبوو کە (یوحنا)ی برای کودەتای کردووەتە سەری و باری ولاتەکەی ئالۆزەو پێویستە بە پەلە بگەڕێتەوە بۆ ئینگلترە.

٤- نائومێد بوونی لە سەرکەوتن و داگیرکردنی شاری قودس.

٥- دروستبوونی کێشە لە نێوان هێزی خوشکەزاکەی و هەندێك لە کۆمەڵە ئایینیە مەسیحیەکان و سەرکردە سەربازییەکاندا.

٦- کەم بوونی باوەڕ و متمانەی خاچپەرستان بە سیاسەتی ریتشارد شێر دڵ، هۆیەکانی قەبوولکردنی سەلاحەددین ئەیوبی بۆ ووتوێژکردن لەگەڵ ریتشارد شێر دڵ و خاچپەرستان، ئەمانە بوون:

١- دروست بوونی دوو بەرەکی و ناکۆکی و ناحەزی لە نێوان سەرکردە و سەربازەکانی کوردان و تورکان لەناو لەشکری سەلاحەددین ئەیوبی.

٢-سەرکێشی کردن و گوێڕایەڵی نەکردنی سەرکردە و سەربازەکان (ی تورك، ن.س) بۆ فەرمانەکانی سەلاحەددین ئەیوبی.

٣-زۆربوونی لەشکری خاچپەرستان کە بە خۆبەخشن لە ئەورووپاوە دەهاتن بۆ بەشداری کردنی شەڕی خاچپەرستان.

٤-سەلاحەددین دەترسا لە دوای مردنی خۆی دووبەرەکی و جیاوازی بکەوێتە ناو بنەماڵەکەیەوە و دوور بکەونەوە لەبەرژەوەندیە گشتیەکان.

# پلەکانی ووتوێژکردن

[1] ووتوێژی نێوان سەلاحەددین ئەیووبی و ڕیتشارد شێر دڵ پانزە مانگ درێژەی کێشا و ٤٢ نوێنەر لە هەردوو لایان بەشداریان تیادا کرد. ووتوێژ دەوەستاو دەستی پێ دەکردەوە.

شەڕ بەردەوام بوو بەبێ ڕاوەستان لە نێوان لەشکری سەلاحەددین و خاچپەرستاندا. هەموو جارێك داواکردنی گفتوگۆ و ووتوێژ لەلایەن ڕیتشارد شێر دڵەوە بوو داوای دەکرد لە سەلاحەددین.

لە پاش دەست پێکردنی گفتوگۆ بە ١٠ ڕۆژ ڕیتشارد شێر دڵ نوێنەری نارد بۆ لای سەلاحەددین ئەیووبی و داوای چاوپێکەوتنی لێی کرد. نوێنەرەکە چوو بۆ لای عادل پاشای برای سەلاحەددین و ئەویش بردی بۆ لای سەلاحەددین و نامەکەی ڕیتشاردی پێی گەیاند و بە کورتی نامەکە دەڵێت: پادشای ئینگلترە داوا دەکات لەگەڵ سەلاحەددین دا کۆ ببێتەوە و گفتوگۆ بکەن.

سەلاحەددین وەڵامی دەداتەوە و دەڵێت: پاشایان دانانیشن پێکەوە و کۆ نابنەوە ئەگەر ئاشتەوایی و پێکهاتن نەکرێت و ئاشکرا نەبێت، ئەگەر پاشای ئینگلترە دەیانەوێت دانیشن و کۆببنەوە لەگەڵ سەلاحەددین دەبێ لە پێشدا پێکهاتن و ئاشتەوایی ئاشکرا بکرێت لە نێوان هەردوو لاماندا، وە دەبێ وەرگێڕێکی باوەڕ پێکراو لەلای هەردوو لامان ئامادەبێت و هەردوو لامان بە باشی لێی تێبگەین کە چی بە یەکتر دەڵێین، ئەگەر لە داواکارو بۆچوونەکانمان گەیشتین بە یەك و پێکهاتین و ئاشکرا کرا ئەوا چاوپێکەوتن و کۆبوونەوە دەکرێت لە نێوان سەلاحەددین ئەیووبی و ڕیتشارد شێر دڵ پاشای ئینگلترە.

نوێنەرەکە گەڕایەوە بۆ لای ڕیتشارد شێر دڵ و داواکارەکەی سەلاحەددینی پێگەیاند و جارێکی تر نوێنەرەکە گەڕایەوە بۆ لای عادل پاشاو پێکهاتن لەسەر

---

[1] هەمان سەرچاوە، ص،٦٢٤-٦٣٠

ئـەوەی کـە عـادل پاشـا دانیـشتن بکـات لەگـەڵ ڕیتـشارد شـێر دڵ لـە ناوچـەی (عـەکا)لـە نێـوان سـەربازگەی هـەردوو لایـان و وەرگێـڕی بـاش ئامـادە بێـت لـە نێوانیاندا.

ووتوێژەکـەیان چـەند ڕۆژێـك دواکـەوت بـەهۆی نەخۆشـی (ڕیتـشارد شـێر دڵ، ن.س).

لـەو هـاتوو چـۆیەدا سـەلاحەددین ئـەیووبی و ڕیتـشارد شـێر دڵ دیاریـان نـارد بـۆ یەکتر (بە ئومێدی باوەڕ و متمانە بە یەك گەیشتن، ن.س).

## پلەی دووەمی ووتوێژکردن

لـە ٩ی جەمـدی ئـەخیر سـاڵی (٥٨٧)ی کۆچـی ٤ی ئـەیلولی ١٩٩١ز عـادل پاشـا و ڕیتـشارد شـێر دڵ دانیـشتنێکی تریـان کـرد، بـەلآم شـەڕو کوشـتار هـەر بـەردەوام بوو لە نێوانیاندا لە نزیك شاری (عەکا).

دیـسانەوە ڕیتـشارد شـێر دڵ نـەخۆش کەوتـەوە و سـێ کەسـی نـارد بـۆ لای سـەلاحەددین و داوای مێـوە و بـەفری لێـی کردبـوو، (سـەلاحەددین بـۆی ناردبوو، ن.س).

## پلەی سێیەمی ووتوێژ

لـە ١٠ی شـەعبان سـاڵی ٥٨٧ی کۆچـی ٢ی سـێپتێمبەری ١٩٩١ز چـەند نوێنـەرێك لـە خاچپەرسـتان ڕۆیشتن بـۆ لای عـادل پاشـای بـرای سـەلاحەددین، بـە کـورتی داوا و قسەکانیان ئـەوەی دەگەیانـد کـە ئـەم شـەڕە زۆر درێـژەی کێـشاو زۆر کـەوتووە لەسـەر هـەردوو لایـان، وە پیـاوانی ئـازا و پاڵـەوانی زۆر لـە هـەردوو لایـان کـوژراوان. وە ئـەم شـەڕە هـەتا ئێـستا هـیچ ئـەنجامێکی نییـە، ئێمـە لـە ئـەورووپاوە هـاتین بـۆ پـشتیوانی و یارمـەتی فەرەنـسیەکان، ئێـستاش ئێـوە (سـەلاحەددین و ڕیتـشارد، ن.س)پێـك بـێن لـەناو خۆتانـدا بـۆ ئـەوەی ئێمـەو ئێـوەش بگەڕێنـەوە بـۆ شـوێن و جێگای خۆمان.

سەلاحەددین ئاگادار کرایەوە دەربارەی داوا و بۆچوونەکانی نوێنەری خاچپەرستان، ئەویش دەنووسێت بۆ عادل پاشای برای کە درێژە بدات بە گفتوگۆ و ووتوێژکردن لەگەڵیاندا هەتا فریاکەوتنە ئیسلامییەکانیان پێ دەگەیەت، بۆ ڕۆژی دووەم عادل پاشا لەگەڵ ڕیتشارد شێر دڵ دانیشت و وەرگێر (هەمفری سید تبنی)لە نێوانیاندا دەبێت.

عادل پاشا دەپرسێت لە ڕیتشارد شێر دڵ ئەو مەرجانەی ئێوە چین دەربارەی پێکهاتن و ئاشتەوایی نێوانمان؟

ڕیتشاردیش دەڵێت: لە ڕاستیدا دەبێ ئێوە ئەو شارو شارۆچکانەی کە داگیرتان کردوە (لە دوای شەڕی حەتین–حطین، ن.س) بگەڕێنەوە بۆ ئێمەو ئێوەش بگەڕێنەوە بۆ وڵاتانی خۆتان (بۆ میسر و وڵاتی شام، ن.س) وە بارودۆخەکە بگەڕێتەوە بۆ پێش شەڕی حەتین.

عادل پاشا بە ڕەقی وەڵامی دایەوە و بە ناخۆشی لە یەك جیابوونەوە و ڕیتشارد و هاوڕێکانی هەڵسان و ڕۆیشتن.

لە دوای هەشت ڕۆژی ئەو دانیشتنەیان خاچپەرستان بە سەرۆکایەتی ڕیتشارد شێر دڵ کۆبوونەوە (بۆ دانانی نەخشە و هێرشێکی تر، ن.س) وە سەلاحەددین ئەیووبیش خەریکی ڕووخاندن و تێکدانی شاری (عەسقلان)بوو دەی ڕووخاند.

لە ڕۆژی ١٩ی شەعبانی ساڵی ٥٨٧ی کۆچی ١٠ی سێپتێمبەری ١١٩١ز عادل پاشا یەکێك دەنێرێت بۆ لای سەلاحەددین و پێی دەڵێت: خاچپەرستان هاتوون بۆ لای و داوای گفتوگۆ و ووتوێژیان کردوە لەگەڵیدا بۆ پێکهاتن، وە مەرجەکانیان ئەوەیە کە هەموو ئەو شارو شارۆچکانەی کە لە قەراخی دەریان بۆیان بگەڕێنێنەوە.

سەلاحەددینیش پێی دەڵێت دەرگای ووتوێژ بکەرەوە بۆیان و درێژەی پێ بدە هەتا ڕووخاندنی شاری (عەسقلان)تەواو دەبێت. وە هەر لەم ڕۆژانەدا نوێنەرێکی (کۆنراد)دەڕوات بۆ لای سەلاحەددین و داوای پێکهاتنی لێی کردبوو لەسەر ئەوەی کە سەلاحەددین شاری سەید (صیدا) و بەیروتی بداتێ بەرامبەر

بە ئەوەی کە ئەویش (کۆنرادیش، ن.س)دژی ڕیتشارد شێر دڵ بووەستێتەوە و شاری (عەکا)داگیر بکات و و تەسلیمی بکات بە سوپای سەلاحەددین.

(سەلاحەددین ئەیووبی ویستی مەبەستی بزانێت و تاقی بکاتەوە، ن.س) گوتی: دەبێ لە پێشدا کۆنراد شاری (عەکا)داگیر بکات و دیلە موسڵمانەکانی ناو عەکا و سوور ئازاد بکات، دوای ئەوە سەلاحەددین هەڵدەستێت بە تەسلیم کردنی سەیدا و بەیرووت بۆ دەستی ئەوان.

کۆنراد گفتی ئەوەی دابوو کە ئەو داواکارییەی سەلاحەددین جێبەجێ بکات، ڕێتشارد شێر دڵ بە ڕێگای سیخور و هەواڵگرییەوە ئاگاداری ئەو کۆبوونەوە و پێکهاتنەی (کۆنراد)و سەلاحەددین دەبێت و هەر ئەو ڕۆژە نوێنەریان دەنێرن بۆ لای عادل پاشا و داوای ووتوێژو ئاشتەوایی لێ دەکەن، وە ڕیتشارد خۆیشی بە پەلە دەگەڕێتەوە بۆ شاری (عەکا)و دڵی کۆنراد دەداتەوە و دەی گەڕێنێتەوە بۆ ڕێزی خاچپەرستان.

ئەم پەیوەندی کردن و داواکارییەی کۆنراد کاری زۆری کردە سەر ڕیتشارد بۆ دەست پێکردنەوەی ووتوێژ و مەرجەکانی دا هاتووی.

# پلەی چوارەمی ووتویژ

لــە رۆژی ٢٤ی رەمــەزانی ســالی ٥٧٨ی كۆچــی ١٥ی ئەكتۆبــەری ١١٩١ز نوێنــەری ریتــشارد شــێر دڵ گەیــشتە نــاو ســوپای ســەلاحەددین ئــەیووبی و ئەســپێكیان هێنـابوو بـە دیـاری بـۆ عـادل پاشـا، بەرامبـەر بـەو دیارییـەی كـە لـەوە و پـێش عـادل پاشـا نـاردبووی بـۆ ریتـشارد شـێر دڵ، ئـەوەش پێشەكیەك بـوو بـۆ ووتوێـژكردن، لـە دوای دوو رۆژ ریتـشارد شـێر دڵ داواكارییـەكی نـاردبوو بـۆ عـادل پاشـا و داوای لێـی كردبـوو كـە نوێنـەری خۆیـان بنێـرن بـۆ گفتوگـۆكردن و پێكهـاتن، عـادل پاشـا وەلامـی دایـەوە و نوێنـەری خۆیـانی نـارد بـۆ گفتوگـۆكردن لەگـەڵ ریتـشارد شـێر دڵ، لــە دانیــشتن كۆبوونەوەكــەدا ریتــشارد شــێر دڵ دەڵێــت: موســڵمان و مەســیحیەكان هــیلاك بــوون و فــەوتان، ولات تێــك دراو كــاول بــوو و لــە دەســتی هــەردوو لامــان دەرچــوو، وە مــاڵ و ســامانی هــەردوو لامــان فــەوتاو نــەما، وە ئــەم كارەشمـان مـافی خـۆی پـێ درا و بـردی، هـیچ قـسەیەكمان نـەماوە كـە بیكـەین و لەســەری پێــك بــێین تــەنها شــاری (قــودس)و خــاجی ســەلبوت (صــلیب الصلبوت)نەبێت.

ولات و شـاری قـودس هـەولی مانـدوبوونی ئێمەیـە و دەسـتی لـێ هـەڵناگرین ئەگـەر یـەك كەسـێكمان مابێـت و بمێنێـت، ولاتەكـەمان بـۆ بگەرێننـەوە لەگـەڵ ناوچـەی ئۆردونـدا، بـەلام خـاجی سەلبوت دارێكـەو لـەلای ئێـوە هـیچ نـرخ و بایـەخێكی نییـە، بـەلام لـەلای ئێمـە شـتێكی پـیرۆز و مەزنـە: دەبـێ سـوڵتان سـەلاحەددین، ن.س) منـەت بكـات بـە سـەرماندا و بمـان داتـێ، ئـیتر بـا هـەردوو لامـان پیـشوو بـدەین و بـسرەوین، كـە داواكارییەكـەی ریتـشارد شـێر دڵ گەیـشتە دەسـتی عـادل پاشـا ئەویش لەلای خۆیەوە ناردی بۆ سەلاحەددین ئەیووبی.

لـە پـاش خوێندنـەوەی داواكارییەكـەی ریتـشارد لەلایـەن سـەلاحەددینەوە وەلامـی ریتـشارد دەداتـەوە و دەڵێـت: شـاری قـودس هـی ئێمـە و هـی ئێوەشـە، لـەلای ئێمـە پــیرۆز و مــەزنتر هــەتا لــەلای ئێــوە، ئــەو شــوێنە پێغەمبــەری ئێمــەی لێــوە

سـەرکەوتووە (بـۆ ئاسمـان شـەوی میحـراج، ن.س)لەگـەڵ کۆمـەڵی فریـشتەکاندا، قـەت بـڕوا مەکـەن کـە ئێمـە دەسـتی لـێ هـەڵبگرین، وە نـاتوانین بـە زمانیـشماندا بێـت لـەناو موسـڵماناندا، وە وڵاتەکـەش لـە ئەسـڵدا هـی ئێمەیـە بـەڵام ئێـوە داگیرتـان کـرد لـە کـاتێکی نـەگونجاودا، ئـەو کاتـەی کـە موسـڵمانانی نـاوی لاواز و بیّ هێز بوو (ئێوە داگیرتان کرد، ن.س).

بـەڵام خاچـەکە (الـصلیب)بـوونی لـەلای ئێمـەوە نزیـك بوونەوەیـە لێـی، شـتێکی مـەزن و پـیرۆزە نـابیّ دەسـتی لـێ هـەڵبگرین تـەنها لـە پێنـاوی بەرژەوەندییـەك نەبێت کە پەیوەندی بە ئیسلامەوە بێت و لەو باشتر بێت.

# پلەی پێنجەمی ووتوێژ

گفتوگۆ و ووتوێژی ئەم جارە دوو لایەنەو کراوە بوو. لایەنی یەکەم لەگەڵ ریناڵدا گەرینە حاکمی سەیدا (صیدا)بوو، وە لایەنی دووەمی ووتوێژ لەگەڵ نوێنەری ریتشارد شێر دڵ بوو.

ئەم پلەیەش لە ١٥ی شەوالی ساڵی (٥٨٧)ی کۆچی ٥ی نوفەمبەری (١٩٩١ن)دەستی پێی کرد، ریناڵد گارینە حاکمی سەیدا گەیشتە ناو سوپای سەلاحەددین و بە گەیشتنی پێشوازییان لێی کرد و مایەوە هەتا ماوەیان بۆی رەخساندو لە پاش چوار رۆژ سەلاحەددین ئەیووبی پێشوازی لێی کرد و زۆر رێزی لێی گرت و دانیشت لەگەڵیدا و کەوتنە گفتوگۆ کردن.

سەرچاوەکان دەڵێن ریناڵد جارینە توندو تیژترین کەس بوو لە ناو خاچپەرستاندا، وە باشترین کەسیان بوو لە جەنگدا، وە لە هەموویان ژیرتر بوو لە قسەکردن و نەخشەدانان و تەگبیرکردندا، داواکاری ریناڵد جارینە لە سەلاحەددین ئەیووبی ئەمانە بوو:

١-سەلاحەددین دەست لە شاری (سەیدا)هەڵبگرێت بۆی و خۆی بە حاکمی سەیدا بمێنێتەوە.

٢-دەبێت بە هاوپەیمانی سەلاحەددین دژی گەلە کۆمەکردنی خاچپەرستانی سێیەم و دوژمنایەتی خۆی ئاشکرا دەکات لە دژیان.

سەلاحەددین ئەیووبی گوێی لە داواکاریەکانی راگرتبوو، وە گفتی پێی دابوو کە دوایی وەڵامی بداتەوە.

هەر ئەو رۆژە بۆ ئێوارەکەی نوێنەری ریتشارد شێر دڵ (هەمفری سید تبنی)گەیشتە بارەگای سەلاحەددین و پێشوازی لێ کراو چاوی کەوت بە سەلاحەددین ئەیووبی و ئەوەی کە پێیان سپاردبوو پێشکەشی کرد، لەگەڵ ئەم هاتووچۆ و ووتوێژانەدا شەڕ بەردەوام بوو بەبێ راوەستان لە نێوان سوپای سەلاحەددین و خاچپەرستاندا.

لە ٤ی رەبیعی ئەوەلی ساڵی (٥٨٨)ی کۆچی ٢٠ی مارسی (١١٩٢ز) عادل پاشا لە شاری (قودس)ەوە دەڕوات بۆ لای ریتشارد شێر دڵ بە کۆمەڵێك بۆچوونەوە بۆ پێکهاتن و ئاشتەوایی ئەمە ئەو بۆچوونانەیە کە پێی ڕادەگەیەنێت.

١-شاری (بەیروت)یان دەدرێتێ و بە رووخاوی دەمێنێتەوە (بۆیان چاك ناکەنەوە، ن.س).

٢-خاجی سەلبوت یان بۆ دەگەڕێننەوە و تەسلیمان دەکەن.

٣-قەسێك دیاری بکرێت لەلایەن خاچپەرستانەوە و بینێرن بۆ کەنیسەی قەیامەت (لەناو شاری قودس، ن.س).

٤-دەرگای شاری قودس کراوە دەبێت بۆ هەموو مەسیحیەکان بۆ زیارەت کردن بە مەرجێك بەبێ چەك دەرۆنە ناویەوە.

ئەم بۆچوونانەی عادل پاشا کە پێشکەشی کرد بە ریتشارد شێر دڵ پاشای ئینگلترە بوو بە هۆی زیاتر هاندان و حەز لێ کردنی ریتشارد شێر دڵ بۆ بەیەك گەیشتن و پێکهاتن و ئاشتەوایی یەکجاری.

(لەبەر ئەوەی ریتشارد شێر دڵ گیروگرفتی لە وڵاتەکەی خۆی ئینگلترە هەبوو وە پێویستی بوو بە گەڕانەوە بۆ چارەسەرکردنی، لەگەڵ ئەوەشدا نەی دەویست شەڕ و کێشەو گیروگرفت لە پاش خۆی بەجێ بێڵێت بۆ خاچپەرستانی رۆژهەلات، ن.س). جەنگی سەلاحەددین ئەیوبی لەگەڵ خاچپەرستاندا نزیکەی پێنج ساڵی خایاند لە ساڵی (١١٨٧ز) بۆ (١١٩٢ز).

# پلەی شەشەمی ووتوێژكردن و پێك هاتن

ئـەم پلەیـە پلەیـەكی زۆر قـورس و ئـاڵۆز بـوو وە نزیكـەی پێـنج مـانگ درێـژەی كێـشا، لـە ٢٢ی شـەعبانی سـاڵی (٥٨٨)ی كۆچـی ٢ی ئـەیلولی (١١٩٢ز)سـەلاحەددین ئـەیووبی ئـەنجامی پێكهـاتن و ئاشـتەواییەكەی نووسـیەوە بـە نـاوی خـۆی و (ئەنجومـەنی سـەركردایەتی سـوپاكەیەوە، ن.س). و ئیمزایـان كـرد و ناردیـان بـۆ ڕیتـشارد شـێر دڵ پاشـای ئینـلگترە و ئـەوانیش بـە نـاوی ڕیتـشارد شـێر دڵ و پاشـای فەرەنـسا (فلیـب )و ئەنجومـەنی سـوپاكەیانەوە ئیمزیـان كـردو ئاشـكرایان كـرد بـۆ جیهـانی ئیـسلامی و مەسـیحی، ئەمـەش دەقـی خاڵەكانە كە پێكهاتن لەسەری:

١-شاری سەقەلیە بە دەستی موسڵمانەكانەوە دەمێنێتەوە.

٢-شـارو ناوچـەكانی (ئەلـد و ڕومێلـە)بـەش دەكرێـت لـە نێـوان موسـڵمانان و مەسیحیەكان، وە تیایدا هاوبەش دەبن.

٣-مەسـیحیان بۆیـان هەیـە و دەتـوانن بـە ئـازادی سـەردان و زیـارەتی شـاری (قـودس)بكـەن، وە شـوێنە پیرۆزەكـانی تـر، (بـەبێ چـەك دەچـنە نـاو شـارەكەوە، ن.س).

٤-موسـڵمانان و مەسـیحیان هـەردوو لا بۆیـان هەیـە هاتۆچـۆی وڵاتـی یـەكتر بكـەن (بۆ مەبەستی بازرگانی و كۆمەڵایەتی، ن.س).

٥-ئـەم پـەیمان و پێكهاتنـە بـۆ مـاوەی سـێ سـاڵ و سـێ مـانگ بـەردەوام دەبێـت و كاری پێ دەكرێت.

سـەلاحەددین ئـەیووبی لـەناو پێكهاتنەكـەدا مـەرجی دانـابوو كـە وڵاتـی (حەشیـشەكان)بـە بەشـێك لـە وڵاتـی موسـڵمانان دابنرێـت، بەرامبـەر بـەوە ڕیتـشارد شـێر دڵ مـەرجی كـە شـارەكانی (ئەنتاكیـە و تـەرابلس)یـش لـەناو پێكهاتنەكـەدا بێت.

(هـەردوو لا سـەلاحەددین ئـەیووبی و ڕیتـشارد شـێر دڵ پاشـای ئینـگلترە پێكهـاتن و كۆتاییان هێنا بە جەنگی موسڵمانان و خاچپەرستان، ن.س).

# گەڕانەوە و مردنی ڕتشارد شێر دڵ پاشای ئینگلترە

[1] لە پاش پێکهاتنەکەی نێوان سەلاحەددین ئەیووبی و ریتشارد شێر دڵ و ڕاوەستانی شەڕ بە یەکجاری لە ٢٢ی ئەیولی (١١٩٢ز).

ریتشارد شێر دڵ لە ڕێگای دەریاوە دەگەڕێتەوە بەرەو ئەورووپا بۆ وڵاتەکەی خۆی (ئینگلترە)و لە ڕێگا لەناو دەریادا پاپۆرەکەی دەشکێت و نوقمی ناو دەریا دەبێت، بەڵام خۆی و چەند کەسێکی کەم، خۆیان دەگەیەننە لێواری دەریا و دەردەچن و ریتشارد شێر دڵ خۆی دەگەیەنێتە ناو سنوری دەوڵەتی (نەمسا)و خۆی ئاشکرا ناکات و دەڕوات بۆ شاری (ڤیینا-ڤین)ی پایتەخت و لەوێ لە یەکێك لە بارەکاندا ئاشکرا دەبێت و پۆلیسی نەمسا دەیگرن و دەینێرن بۆ لای دۆك (پاشای، ن.س) نەمسا و لەوێش تاوانباری دەکەن بە کوشتنی (کۆنراد مونتفرات) لە ڕۆژهەلاّت (لەکاتی جەنگی سەلاحەددین و خاچپەرستان، ن.س).

دۆك (پاشای نەمسا، ن.س)دەیەوێت بە پارە بیفرۆشێت بە دوژمنەکانی، بەڵام ئیمپراتۆری ئەڵمانیا (هێنری شەشەم) دەبیستێت و پێی دەزانێت و لە دۆك پاشا وەری دەگرێت و بە دیل ئەژماری دەکات و بەندی دەکات لە بەندیخانە.

لە پاش ماوەیەك دەوڵەتی ئینگلترە بە پارەیەکی زۆر دەیکڕنەوە لە ئەڵمانیا و لە مانگی ئازاری (١١٩٤ز)لە بەندیخانە دەری دەکەن و دەگەڕێتەوە بۆ ئینگلترە.

ریتشارد شێر دڵ بە گەڕانەوەی بۆ ئینگلترە دەکەوێتە ناو گێژاوی ناکۆکی و گیرو گرفتی وڵاتەکەیەوە لەگەڵ ناحەزەکانیدا دەکەونە شەڕەوە و تیرێکی ژەهراوی بەر دەکەوێت و بە بریندارى مایەوە هەتا ٢٦ی ئازاری ساڵی (١١٩٩)ز کۆچی دوایی کرد.

---

[1] هەمان سەرچاوە، ص، ٦٣٥

# کۆچی دوایی سوڵتان سەلاحەددین ئەیوبی

[1] یوسف- سەلاحەددین کوری نەجمەددین ئەیووب کوری شادی کوری مەروان کوری یەعقوب لە عەشیرەتی هەزبانی کوردی خەڵکی گوندی (دوین) سەر بە شاری هەولێر ناوچەی زرارەتی، لە دایك بووی رۆژی (١١٣٨/٢/١٠ن)لەناو قەلای تکریت لە عێراق.

لە پاش تەواوبوونی شەرێکی گەورەی پێنج سالی بێ راوەستاو ووچان لەگەڵ خاچپەرستانی ئەوروپا بە یەك سالْ سولْتان و پاشا و دامەزرێنەری دەولەتی ئەیووبی کوردی ئیسلامی (سەلاحەددین ئەیووبی)نەخۆش کەوت هەندێك لە سەرچاوەکان دەڵێن تووشی نەخۆشی زەردویی بوو و دانزە رۆژ لەسەر جێگا کەوت و لە شەوی چوار شەممەی رێکەوتی ٢٧ی سەفەری سالی (٥٨٩)ی کۆچی بەرامبەر[2] (٩١١٩٣/٣/٤ن)کۆچی دوایی کرد و گیانی پاکی لە دنیا دەرچوو، (خودا لێی خۆش بێت لە شاری دیمشق لە سوریا بە خاکیان سپارد، ن.س).

دەڵێن لەسەر داوای قازی فازڵ (ی کوردی ن.س)شمشێرە تایبەتیەکەی خۆی، ئەو شمشێرەی کە ئەو هەموو شەرانەی پێ کردبوو لەگەڵ تەرم و لاشەکەیدا خستیانە ناو گۆرەکەیەوە و بە خاکیان سپارد.

لە پاش کۆچی دوایی و مردنی سەلاحەددین ئەیووبی بە سێ رۆژ بە ئامادەبوونی چەندین کور و کورەزا و براو برازا و قازی و پیاوانی دەولەتەکەی ژوورە تایبەتەکەی سەلاحەددین ئەیووبی یان کردەوە و قاسەی پارەکەیان کردەوە و سەیریان کرد تەنها یەك دیناری زێرین و سیی و شەش درهەمی تیادا بوو، دوایش فەرمانگەکانی قاهیرە و دیمشق گەران هیچ ملك و خانوو و باخێکیان نەدۆزییەوە بە ناوی سەلاحەددین ئەیووبیەوە.

---

[1] هەمان سەرچاوە، ص، ٦٤٢

[2] هەندێك لە زانیاریە سیاسی و مێژوویەکان، شەعبان عەلی شەعبان، ل٤٦.

سەلاحەددین ئەیووبی لە ساڵی (١١٦٩ز) دەوڵەتی ئەیووبی کوردی ئیسلامی دامەرزاند لە میسر لە ساڵی (١١٩٣ز)کۆچی دوایی کرد و لە دنیا دەرچوو.

سەلاحەددین ئەیووبی خۆی تەنها ٢٤ساڵ حوکمڕانی کرد، بەلام سەرجەم حوکمڕانی و دەسەلاتی بنەماڵەی ئەیووبییەکان ٩٥ ساڵ و ١٧ رۆژ بوو هەتا کوشتنی دوا پاشای ئەیووبییەکان (تۆرانشای ئەیووبی)بە دەستی تورکە مەمالیکەکانی دەریا لە ساڵی (١٢٤٠ز).

# دەوڵەتی ئەیووبی کوردی

## لە پاش کۆچی دوایی سەلاحەددین، ن.س

لە پاش کۆچی دوایی سەلاحەددین ئەیووبی بنەماڵەی ئەیووبیەکان ناکۆکی و جیاوازی و دوو بەرەکی کەوتە ناویان. برا و برازاو مام و ئامۆزا لەسەر کورسی و دەسەلات.

لەسەرەتادا پیاوانی ناودار و دەست رۆیشتووی ناو دەوڵەتی سەلاحەددین کەوتنە نێوانیان و وڵات و دەوڵەتی ئەیووبیان دابەش کرد بەسەریاندا و هەر یەکە هەرێمێك و دووانی بەرکەوت.

بەڵام لە پاش ماوەیەك بنەماڵەی ئەیووبی هەر یەکە بە جیا هەوڵی بۆی خۆی دەدا بۆ داگیرکردنی شارو شارۆچکە و هەرێمەکانی دەڵەتی ئەیووبی و داگیرکردنی بۆ خۆی، وە پێشبرکێ کردن بۆ دەسەلات، باوەڕ و متمانەو خۆشەویستی و کەسایەتی نەما لەناویاندا، بڕواو متمانەیان کردە سەر بێگانە و ئەو تورکە مەمالیکانەی کە خۆیان بە پارە دەیان کڕین بۆ پاراستن و خزمەتی خۆیان و ناو کۆشکەکانیان، وە فێری خوێندن و مەشقی سەربازی و ئایینی ئیسلام و بەڕێوەبردنی کاروباری فەرمانگەکانیان کردن. لە باتی خزم و کەس و کارو نەتەوە و خەڵکی کوردی وڵاتەکەیان.

وەسێتەکەی باپیرەیان نەجمەدین ئەیووب لەبیر کرد و شکاند، کە لەو کاتەی کە شێرکۆی برای و سەلاحەدینی کوڕی جاری سێیەم ڕۆیشتن بۆ میسر و پێیانی گوت (وەسێتێکتان بۆ دەکەم بە قسەم بکەن، ئێوە دەڕۆن بۆ میسر و دەسەلات دەگرنە دەست، بڕوا و متمانە بە بێگانە و نا کورد مەکەن لەناوتان دبن).

بەڵام لە دوای سەلاحەددین وەسێتەکەیان شکاند و تۆران شای ئەیووبی پشتی کرد لە نەتەوەکەی خۆی و هەموو باوەڕ و متمانەی خستە سەر تورکە

مەمالیکەکانی دەریاوان، دوایش پیلانیان کردە سەری و توران شایان کوشت و کۆتاییان هێنا بە دەوڵەتی ئەیووبی و دەوڵەتی مەمالیکی تورکیان دامەزراند و دەسەلأتیان گرتە دەست هەتا عوسمانییەکان هاتنە سەر دەسەلأت و لە دوای ئەوان ٦٢٢ ساڵ حوکمڕانی جیهانی ئیسلامیان کرد، هەتا کۆتایی جەنگی جیهانی یەکەم و بە دەستی مستەفا کەمال ئەتا تورک دوا خەلیفەیان لابرد لەسەر دەسەلأت و دەوڵەتی کۆماری تورکی عیلمانی دامەزراند، ن.س.

# بابە ئەردەڵان لە ١٥٨٣-١٨٨٤ز

[1] شـەرەف خـانی بەدلیـسی دەڵێـت: بابـە ئـەردەڵان لـە بنەماڵـەی (ئەحمـەد مـەڕوان)ە کـە دەوڵـەتی مەڕوانییـەی کـوردی دامەزرانـد لـە بـاکووری کوردسـتان لـە شـاری دیـار بکـر. بەهـەر هۆیەکـەوە بێـت بابـە ئـەردەڵان بـاکووری کوردسـتان بـەجێ دێڵێـت و ڕوو دەکاتـە باشـووری کوردسـتان و دەڕوات بـۆ شـارەزوور بـۆ نـاو عەشـیرەتی گـۆران (لـەو سـەردەمە لـەناو کوردەواریـدا ئـەو عەشـیرەتانەی کـە نیـشتەجێ بـوون و کۆچـەر نـەبوون و پێیـان دەگـوتن گـۆران، ن.س) بابـە ئـەردەڵان لـەوێ دەمێنێتـەوە و نـاو بـانگ دەردەکـات و خـەڵکی ناوچـەکە پشتگیری دەکەن و میرنشینی ئەردەڵان دادەمەزرێنێت لە شارەزوور.

هەنـدێك سەرچـاوەکان دەڵـێن لـە دوای دامەزرانـدنی میرنـشینی ئـەردەڵان لـە شـارەزوور بـە ماوەیـەکی کـەم بابـە ئـەردەڵان و سـوپایەکی بـەهێز دادەمـەزرێنێت و خـۆی قـایم دەکـات، هـەر لـەو سـەردەمەدا سـوپایەکی زۆری مەنگولیـەکان هێـرش دەکەنـە سـەر ئێـران و داگـیری دەکـەن (و دەبیـنن بابـە ئـەردەڵان فـارس نیـە، ن.س)و دەیکەن بە حاکمی میرنشینی ئەردەڵان لە شارەزوور.

لونکریـك لـە کتێبەکەیـدا (چـوار سـەدە لـە مێـژووی عێـراق) هـەمان ڕای شـەرەف خـانی بەدلیـسی هەیـە کـە دەڵێـت بابـە ئـەردەڵان خانـەدانێکی کـۆنی شـاری دیـار بکرە.

بـەڵام (مـستەر ریـچ)دەڵێـت بابـە ئـەردەڵان هـەر خـەڵکی شـارەزوورە و لـە ڕەسـەندا لـە بنەماڵـەی (مـۆبین)ـەو بـە پـشتیوانی خێـڵ و عەشـیرەتەکەی خـۆی و ناوچـەکە میرنشینی ئەردەڵانی لە شارەزوور دامەزراندوە بەناوی خۆیەوە.

---

[1] کورد و کوردستان، موحەمەد ئەمین زەکی، ل٢٣٥-٢٤١

(ڕای مستەر ريچ پەسەنترە لەو دوو ڕاكەی تر، ئەگەر بابە ئەردەلآن خەڵكی ناوچەكە نەبێت و عەشیرەت و كەس و كاری خۆی پشتگیری نەكەن ناتوانێت بەو شێوە دەسەلآت پەیدا بكات و میرنشینی ئەردەلآن دابمەزرێنێت، ن.س).

ئەم میرنشینە وەكو سەرچاوەكان باسی دەكەن لە ساڵی (٩٨٣)كۆچی بەرامبەر بە (١٥٨٣ز)دامەزراوە، وە دوا دەسەلآتداری ئەم بنەماڵەیە (ئیمان ئەللا خان)بووە كە لە ساڵی (١٢٦٥)كۆچی هەتا ساڵی (١٢٨٤)ی كۆچی فەرمان ڕەوایی میرنشینی ئەردەلآنی كردوە.

لە ساڵی (١٢٨٤)ی كۆچی دەسەلآتی ئێران كەوتە دەستی (شا تەهماس قولی)و لەشكری دەوڵەتی عوسمان لەناو خاك و سنوری ئێران دەركردە دەرەوە و میرنشینی ئەردەلآنی داگیر كرد و نەسەرەدین شای (فارسی، ن.س)كرد بە حاكمی شارەزوور و پایتەختی میرنشینی ئەردەلآن. لە ساڵی (١٢٨٤)ی كۆچی كۆتایی هات بە دەسەلآتی بنەماڵ ئەردەلآنیەكان.

## تێبینی ن.س لەسەر ئەردەلآنیەكان

ئەردەلآنیەكان نزیكەی ٣٠٠ ساڵ حوكمڕانیان كردو و خاوەنی دەسەلآت بوون لە نێوان سەركەوتن و شكست و تێك شكاندا و ڕووخان و نەمان هەڵسانەوە، بەلآم ناوی بنەماڵە ئەردەلآنیان پارستوە لەبەر ئەوەی لە نێوان دوو دەوڵەتی ئیمپراتۆری گەورەی نا كوردا بوون وەكو دەوڵەتی عوسمانی تورك و دەوڵەتی فارسی ئێرانی.

ئەم دوو دەوڵەتە هەموو كاتێك دەستیان دەخستە ناو كاروباری ناوخۆی دەوڵەت و بنەماڵەی ئەردەلآنیان و هەردوو لا هاوڵیان دەدا هەر یەكە كۆمەڵێكیان لە بنەماڵەی ئەردەلآن بەلای خۆیاندا ڕادەكێشا، وە ئەردەلآنیەكانیش كە لایەكیان تەنگاو دەكران لەلایەن یەكێك لەو دوو دەوڵەتەوە یان لەناو خۆیاندا پەنایان دەبرد بۆ یەكێك لەو دەوڵەتانە و پشتی

خۆیان پێ قایم دەكرد بۆ هاتنە سەر دەسەلات، هەموو كاتێك ناكۆكیان هەبوو لە نێوان باوك و برا و كوڕ و مام و ئامۆزا لەسەر كورسی دەسەلات.

لەم نێوانەدا ڕووداوی زۆر دڵتەزێن ڕووی داوە لە نێوان باوك و برا و مام و ئامۆزا لەسەر دەسەلات و حوكمڕانی كەشایەنی باس كردن نییە.

لەبەر نەبوونی مێژووی تەواوی بنەماڵە و دامەزرێنەرانی ئەردەلان، وە میرنشینی و دەوڵەتەكانی ئەو سێ سەد ساڵەی بنەماڵەی ئەردەلان وە نەبوونی سەرچاوەی باوەڕ و متمانە پێكراوی كوردی بۆ نووسینی ئەم هەواڵانە لەو سەردەمەدا، یان بووە و لە ناوچوون.

وە ئەوەی كە نووسراوە دەربارەی ئەردەلانیەكان زۆربەی هەواڵ و باسەن لەلایەن گەریدە و ڕۆژهەلاتناسەكانی بێگانەوە نووسراون و ڕێك نەخراون بەپێی مێژووی ڕوودا و گۆڕانكارییەكان.

بۆیە ئێمە هەموو ڕووداوەكان باس ناكەین، ئەوانە نەبێت كە زیاد زەق و دیار بوون. وە داوای لێبووردن دەكەم لە شارەزایانی مێژوو ئەگەر لەم هەواڵانەدا شتی نادیار و كەم و كوڕی هەبێت، لەبەر ئەوەی منیش متمانەم كردووەتە سەر ئەو سەرچاوانەی كە لەبەر دەستمدان لەگەڵ هەندێك شارەزایی خۆم و پرسیاركردن لە شارەزایان، ن.س).

# میرنشینی ئەردەلان

بابە ئەردەلان لە ساڵی (٩٨٣)ی کۆچی میرنشینی ئەردەلانی دامەزراند، وە لەشکرێکی بەهێزی دامەزراند و ناوچەی هەورامانی خستە ناو دەسەلاتی میرنشینەکەیەوە. هەر لەو سەردەمەدا بوو سوپای مەنگۆلیەکان ئێرانیان داگیر کرد (سەیریان کرد بابە ئەردەلان خاوەنی سوپایەکی بەهێزە و دەسەلاتی هەیە بەسەر ناوچەکەی خۆیدا و فارس نییە، ن.س).

[1]بابە ئەردەلانیان کرد بە حاکمی میرنشینی ئەردەلان لە شارەزوور بە ناوی خۆیانەوە و دەسەلاتی بەردەوام بوو.

(لۆن کریک لە کتێبەکەیدا، چوار سەدە لە مێژووی عێراق) دەڵێت لە پاش مردنی بابە ئەردەلان (کلول بەگ)ی کوری دەسەلاتی میرنشینەکەی گرتە دەست و هەولێری هێنایە ژێر دەسەلاتی دەوڵەتی ئەردەلانەوە.

١-لە پاش ماوەیەک جەلائیرییەکان (ی تورک، ن.س)هێرشیان کردە سەر دەوڵەتی ئەردەلان، بەلام تێکشکان و هیچیان بۆ نەکرا و ئەردەلانیەکانیش سنورەکانی خۆیان فراوان کردەوە و گەیشتنە زێی بادینان (زێی گەورە) و دواتر رەواندزیان گرت و خستیانە سەر سنوری دەسەلاتەکەیان، لەو سەردەمەدا لە سەرووی زێی بادینانەوە ئەم میرنشینانە هەبوون:

٢-میرنشینی ئاکرێ.٢-میرنشینی ئامێدی. ٣-میرنشینی دێر. ٤-میرنشینی دهۆک. ٥-میرنشینی زاخۆ).ئەم میرنشینانە هەموو چوونە پاڵ دەوڵەتی ئەردەلان و نزیکەی (٢٠٠)ساڵ بەیەک پارچەیی مانەوە لەگەڵ دەوڵەتی ئەردەلان لە دوای ئەم سەردەمە جەلائیریەکان (ی تورک، ن.س)سەردەمێک دەسەلاتیان گرتە دەست، بەلام لەبەر بەرگری کردن و بەر بەرەکانی کردنیان

[1] کوربو کوردستان، ئەمین زەکی بەگ. ل٣٢٨

لەلایەن ئەردەڵانیەکانەوە نەیان توانی بەردەوام بن و بمێننەوە لەسەر خاکەکەیان.

٣- لونکریک دەڵێک: لە دوای شەڕی چاڵدێران دەوڵەتی ئەردەڵان و میرنشینەکانی تری کورد سەر بە دەوڵەتی عوسمانی بوون.

لە ساڵی (٩٢٦-٩٧٤)ی کۆچی مەئمون بێگ بەگ (ئەردەڵانی، ن.س) دەسەڵاتی گرتە دەست و سنوری دەوڵەتەکەی شارەزوور و کۆیە و هەورامان و قەرەداخ و دەشتی گەرمیان و کەرکوك و کفری گرتەوە و لە ژێر دەسەڵاتیدا بوون.

فراوان بوونی دەوڵەتی ئەردەڵان بوو بە جێگای مەترسی بۆ دەوڵەتی عوسمانی تورك و بەناوی ئەوەی کە ئاسایشی ڕێگاو بانی نێوان ئەستەمبۆڵ و بەغدا تێك دەچێت، عوسمانییەکان هێرشیان کرد و کەرکوك و کفری و خانەقین یان داگیر کرد، وە هەر لەو هێرشەیاندا شارەزوور و مەریوان و سنەیان داگیر کرد. مەئمون بەگ ناچار بوو کشایەوە و ناوچەکەی بەجێ هێشت و خۆی گەیاندە ئەستەمبۆڵ و لەوێ دەوڵەتی عوسمانی گرتیان و خستیانە بەندیخانەوە بەند کرا.

٤- بە بەندکردنی مەئمون بەگ لەلایەن سوڵتانی عوسمانیەوە.

سەر خاب بەگی مامی ئەمون بەگ پەیوەندی کردبوو بە شا (تەهماس)ی ئێرانەوە و یارمەتی دابوو و میرنشینی ئەردەڵانی دامەزراندەوە.

هەواڵی دامەزراندنەوەی میرنشینی ئەردەڵان گەیشتەوە بە سوڵتانی عوسمانی و ئەوانیش مەئمون بەگ یان ئازاد کرد و کردیان بە سنجاقی (پارێزگاری)شاری حلە، وە (سەرخاب بەگ یارمی) کوڕیشی کرد بە حاکمی ڕەواندز. لە پاش مردنی سەرخاب بەگ، عەلی و تەمورخانی کوڕی سەرخاب بەگ، لەگەڵ (باست بەگ)ی مامیان لەسەر دەسەلات پشێوییان تێ کەوت و لە ئەنجامدا دەسەلات کەوتە دەست هەڵۆ خانی کوڕی سەرخابی ئەردەڵانی برایان.

٥-لە ساڵی (١٠١٤)ی کۆچی (١٦٠٥ز) دەسەڵات کەوتە دەستی خان ئەحمەد خان (ی ئەردەڵانی، ن.س) و لەگەڵ شا عەباسی ئێراندا ڕێککەوتن و بوون بە هاوپەیمان و پشتی پێی بەست.

خان ئەحمەد خان هێرشی کردە سەر ناوچەی مۆکریان و میرنشینی ڕەواندز و ئامێدی و کۆیە و حەریر و گرتنی و خستنیە پاڵ دەوڵەتی ئەردەڵان و نزیکەی ٢٠ساڵ بە ئارامی و ئاسایش و بەبێ شەڕ و دەست درێژی کردن بۆ سەر سنورەکانی دەوڵەتی عوسمانی ژیان. وە سنوری هەموو وڵاتی ئەردەڵانی کۆنی پاراست.

٦- لە ساڵی (١٠٣٤)ی کۆچی (١٦٣٤ز) شا عەباسی ئێران لەشکرێکی پێك هێنا، وە خان ئەحمەد خانیش بە لەشکرێکی بەهێزی ئەردەڵانەوە هێرشیان کردە سەر قەڵاو شاری کەرکوك و گرتیان (و خستیانە پاڵ دەوڵەتی ئەردەڵان، ن.س) و بەردەوام بوون لە هێرش کردن بەرەو شاری بەغدا و داگیریان کرد، وە بەردەوام بوون لە هێرش کردن بۆ شاری بەغدا و داگیریان کرد، و شارەزووریشی گرت، وە دەسەڵاتی خان ئەحمەد خان لە ڕۆژئاوای ئامێدییەوە هەتا سنوری کرمان شان و هەمەدان و لوڕستان و دەریاچەی وورمێی گرتەوە و بەردەوام بوون هەتا ساڵی (١٠٣٧)ی کۆچی، پاش مردنی شا عەباس.

٧- لە ساڵی (١٠٣٩)ی کۆچی سەدر ئەعزەم خەسرەو پاشا بۆ گرتنەوەی بەغدا لە دەستی ئێران هات بۆ موسڵ و بە هاندانی میرانی کورد وەکو سەید خانی ئامێدی و میر بەگی سۆران بە لەشکرێکەوە ڕوویان کردە وڵات و دەوڵەتی ئەردەڵان.

خان ئەحمەد خان پەیوەندی دۆستانەی کردەوە لەگەڵ دەوڵەتی ئێران و ئەوەی خستەوە پێش چاو کە لەگەڵ شا عەباسدا بەغدایان گرتووە و پشتیوانی ئێران بووە.

زۆر لە میرنشینەکانی کورد پشتگیری حکومەتی سوونە مەزهەبی عوسمانیان دەکرد و خۆیان نزیك کردەوە لە خەسرەو پاشای عوسمانی، خەسرەو پاشا ئەمەی بەهەل زانی و سوپای عوسمانی و هەندێك لە میران و خانەدانەکانی

کوردستان بە لەشکرەکانیانەوە کەوتنە ڕێ بەرەو شارەزوور و داگیریان کرد و قەڵای (گوڵ عەنبەر) یان چاك کردەوە و سەدر ئەعزەمی عوسمانی هێرشی کردە سەر قەڵای (میهرەبان) و داگیری کرد، لەگەڵ ئەوەی کە هێشتا لەشکری سەرەکیان لە شارەزوور بوو.

سەرداری ئێران زەینەڵ خان و خان ئەحمەد خان بە لەشکرێکی چل هەزار کەسیەوە لە هەمەدانەوە کەوتنە ڕێ و لە (میهرەبان) لەگەڵ سوپای عوسمانی کەوتنە ناو شەڕێکی سەختەوە و هێزە یەدەکییەکانی خەسرە و پاشا فریاکەوتن و لەشکری ئێران بە سەرکردایەتی زەینەڵ خان تێك شکاو چەند هەزار کەسێکیان لێ کوژرا و هەڵهاتن، وە زینەڵ خانیش لە سێدارە درا لەلایەن شای ئێرانەوە.

وە ڕۆستەم خان کرا بە سەرداری سوپای ئێران و شای ئێرانیش لە (ئەسفەهان)ەوە کەوتە ڕێ بۆ بەرەی شەڕەکە.

لە دوای ئەم سەرکەوتنە گەورەیە خەسرەو پاشا ڕووی کردە مەڵبەندی ئەردەڵان و قەڵای (حەسەن ئاباد) کە مەڵبەند و جێگای خان ئەحمەد خان بوو داگیری کرد و تالانی کرد، لە حوزێرانی ساڵی (١٦٣٠ز-١٠٤٠)ی کۆچی سوپای عوسمانی گەیشتە هەمەدان و داگیری کردو تالانی کرد، لە پاش کوشتار و تالانێکی زۆر سەدر ئەعزەم خەسرەو پاشا گەڕایەوە و ڕووی کرد شاری بەغدا و چل ڕۆژ گەمارۆی دا هەتا شارەکە خۆیان دا بە دەستەوە و داگیری کرد و والی بۆی دانا و لە ڕێگای موسڵەوە گەڕایەوە بۆ دواوە.

لە (١٦٣١ز) هێشتا خەسرەو پاشا لە موسڵ بوو خان ئەحمەد خان هێرشی کردە سەر شارەزوور و ئازادی کردەوە.

٨-ئەمین زەکی دەڵێت شارەزاییەکی ئەوتۆمان دەست نەکەوت دەربارەی کۆتایی حکومەتەکەی خان ئەحمەد خان.

بەڵام ناکۆکییەك کەوتە نێوان خان ئەحمەد خان و شا سەفی ئێران، خان ئەحمەد خان پەنای برد بۆ سوڵتانی عوسمانی و لە موسڵ دایان نا.

حکومەتی ئەردەلآن کەوتە دەست سلێمان خانی ئەردەلآن کە هەر لەو بنەماڵە بوو.

لە ساڵی (١٦٩٤ن) سلێمان بەگی بەبە هێرشی کرد بۆ سەر ناوچەی ئەردەلآن و بەشێکی لە ناوچەکەی گرت، بەلآم بۆ ساڵی دووەم حاکمی ئەردەلآن بە پشتیوانی ئێران ناوچەکەی گرتەوە و لەشکرەکەی بەبە سلێمانی تێك شکاند.

لە ساڵی (١١٤٣)ی کۆچی عەلی قولی خان دەسەلآتداری ئەردەلآن بوو. بە فەرمانی شای ئێران دوور خرایەوە لە دەسەلآت و ئەویش پەنای برد بۆ دەوڵەتی عوسمانی و پشتگیریان کرد و ئەردەلآنی گرتەوە و ئەمیرەکانی ناوچەکە چوونە ژێر فەرمانی و پشتگیریان کرد.

لەساڵی (١٧٩٣ن)سلێمانی پاشای بەبە سەلیم پاشای مامی لە فزلجە شکاند و ولآتی ئەردەلآنی داگیر کرد.

موحەمەد پاشای بەبەش لە قەلآ چۆلانەوە بە لەشکرێکەوە کەوتە ڕێ بەرەو شاری (سنە)لە ڕێگا لە شاری (بانە)تووشی شەڕێکی گەورە بوو لەگەڵ سوپای ئەردەلآنیەکاندا و تێکی شکاندن.

بەلآم لەشکری کەریم خان لە قومانداری (کەلپەوە)گەیشتە سەریان و لەشکرەکەی موحەمەد پاشای بەبەی تێکشکاندوو میرنشینی ئەردەلآنی لێیان وەرگرتەوە و هەتا دەوروبەری کەرکوکی داگیر کرد و ئیمانە ئەڵلآ خانی ئەردەلآن دەسەلآتی گرتەوە دەست.

لە ساڵی (١٢١٤)ی کۆچی (١٨١٤ن) هەتا (١٢٤٠)ی کۆچی (١٨٤٠ن)سنووری ولآتەکەی ئیمان ئەڵلآ لە شاری (سنە)ەوە هەتا شاری کەرکوك بە دەستیەوە بوو، ئیمان ئەڵلآ خان پیاوێکی داناو زانا و ئەدەب دۆست بوو وە ئاوەدانی و شارستانیەکی باشی لە ولآتەکەیدا دروست کرد، وە شاری (سنە)لەو سەردەمەدا مەڵبەندی زانست و ئەدەب و شارستانی بوو، مستەر (ڕیچ) و (سێر جون ماکلولم)لەو سەردەمەدا میوانداری ئیمان ئەڵلآ خانیان کردبوو ، وە زۆر مەدحی بەڕێوەبردن و پێشکەوتنی دەسەلآتەکەیان کردبوو.

٩-لە دوای ئیمان ئەڵلا خان (خسرەو خان)ی کوڕی کە بە (ناکام) بەناوبانگ بوو دەسەلآتی گرتە دەست لە جێگای باوکی و نزیکەی دە ساڵ حوکمڕانی دەوڵەتی ئەردەلآنی کرد، وە خاتوو (مەھا شەرەف خان)ی شاعیر خێزانی بوو.

لە پاش مردنی خەسرەو خان (ناکام) ڕەزا قولی خانی کوڕی خسرەو خان دەسەلآتی گرتە دەست، لەم سەردەمەدا ناکۆکی و پشێوی کەوتە ناو ئەردەلآنیەکان و بەگزادەکانەوە، لە ئەنجامدا (ئیمان ئەڵلا)ی دووەم لە ساڵی (١٢٦٥)ی کۆچی (١٨٦٥ز)دەسەلآتی گرتە دەست.

لە ساڵی (١٢٨٤)ی کۆچی (١٨٨٤ز) دەسەلآتی ئێران کەوتە دەستی شا (تەماس قولی) و لەشکری دەوڵەتی عوسمانی دەرکرد لەناو خاك و سنوری ئێران.

ئەو سەردەمە دەوڵەتی ئەردەلآنیەکان سەر بە دەوڵەتی عوسمانی بوون (تەماس قولی خان)ئەوانیشی داگیر کرد و نەسرەدین شا (ی فارس، ن.س)ی کرد بە حاکمی شارەزور پایتەختی میرنشینی ئەردەلآن لە ساڵی (١٢٨٤)ی کۆچی (١٨٨٤ز) کۆتایی ھات بە دەسەلآتی بنەماڵەی ئەردەلآنیەکان.

# سەدەها ساڵ خۆ پاراستنی کورد

[1]کوردستان لە پێش هاتنی ئایینی ئیسلام هەموو شارو شارۆچکەکانی میرنشین بوون و نیمچە سەربەخۆ بوون. وە ملکەچ نەبوون بۆ دەوڵەتی ئیمپراتۆری فارسی ئێران و بێزەنتینیەکان.

وە لە دوای هاتنی ئایینی ئیسلام و سەردەمەکانی خەلافەتی ڕاشدین و ئەمەویەکان و عەباسیەکان و فاتمیە شیعە عەرەبەکان و دەوڵەتی سەلجوقی تورکی و زەنگی تورکی و بووە هی فارسی.گەلی کورد هەر لەسەر خاکی خۆی بووە کە کوردستانە و شارو شارۆچکەکانی میر و میرنشینیان بووە، وە گوندەکانیشی بە دەستی ئاغاو دەرەبەگی کوردانەوە بووە، وە کاتێکیش کە دەوڵەتی ئەیووبی کوردی ئیسلامی دامەزرا لە میسر لە ساڵی (١١٦٩ز) لەسەر دەستی سەلاحەددین ئەیووبی.

دەوڵەتی کوردی ئەیووبی ئەوەندەی کە ڕەنگ و بۆی کوردی و کوردایەتی پێوە دیار بوو، ئەوەندە ڕەنگ و بۆی نا کوردی پێوە دیار نەبوو.

لەسەردەمی سەلاحەددین ئەیووبی هەموو وڵاتانی میسر و شام و حیجاز و یەمەن و بەشێك لە ئەفریقا و باکوور و باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان هەموو پاشا و قازی و میر و سەرکردەکانی سوپاکانیان کورد بوون و بەرگی کوردیان لەبەر دەکرد و بە کوردی دەدوان لەناو خۆیاندا.

تەنها ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەژێر دەستی ئێراندا بوو، لە دوای لەناوچوونی دەوڵەتی ئەیووبی کوردیش لە سەردەمی مەمالیکە تورکەکان و عوسمانیە تورکەکانیش هەتا ساڵی (١٨٥٠ز) میرنشینەکانی کورد هەر سەربەخۆ بوون و کورد لەناو شارو شارۆچکە و گوندەکانی خۆیاندا بوون.

---

[1] کوردەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، دکتور جەلیلی جەلیلی، وەرگێڕانی دکتۆر کاوس قەفتان، ل٤٩.

بۆ نموونە (ب.نی. نەڤیر بانۆف) دەڵێت کوردان لە ماوەی ساڵەهای ساڵدا توانیویانە خۆیان بپارێزن لە دەسەڵاتی دەوڵەتی ئێران و بەتایبەتی دەوڵەتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی هەتا سەرەتای سەدەی نۆزەدەهەم.

سەدەها ساڵ بەشێکی زۆری کوردستان هەتا ڕادەیەك تەواو سەربەخۆ بوون، ئەگەر جار جارێك چەکداریان بدایە بە دەوڵەتی عوسمانی یان ئێران بەهۆی زۆرلێکردنەوە و ناچار بوونیانەوە داویانە.

# بابانییەکان و میرنشینی بابان

[1]شەرف خانی بەدلیسی لە شەرەفنامەدا دەڵێت: بابان ناوی دامەزرێنەری بنەماڵەی بابان و میرنشینەکەیەتی کە ناوی (پیر بۆ داق بەبە)بووە، لەلایەکی تریشەوە دەڵێت بابان ناوی ئەو عەشیرەتەیە کە میرنشینی بابانیان دامەزراندوە و هەر لە کۆنەوە بوون (٣٢).

مستەر (ج ئەدمونس)دەڵێت ناو بابان لە بابە سلێمانەوە هاتووە (کە باوکە گەورەی ئەو بنەماڵەیە).

هەندێکیش دەڵێن بنەماڵەی بابان لە نەوەی فەقێ ئەحمەدی دارەشمانن لە گوندی دارشمانەی سەر بە قەڵادزەوە هاتوون بۆ قەلاچوالان و میرنشینی بابانیان دامەزراندوە و دواتر سلێمانیان ئاوەدان کردۆتەوە و کردویانە بە پایتەختی بابان.

مستەر (ك.ریچ)دەڵێت عەشیرەتی بابان لەسەرەتای سەدەی هەژدەوە لە ناوچەی پشدەرەوە هاتن بۆ قەڵاچوولان و ئاوەدانیان کردەوە و کردیان بە پایتەختی میرنشینەکەیان و دەسەڵاتیان گرت بەسەر ناوچەکانی شارەزوور و دەوروبەری.

متسر (ك.ریچ)دەڵێت: لە ساڵی (١٨٢٠ن) سەری داوە لە شاری سلێمانی، لەو سەردەمەدا دانیشتوانی شاری سلێمانی دوو هەزار بنەماڵە بوون و زۆربەیان کورد بون، وە نزیکەی (١٣٠)بنەماڵەی جوولەکە و (٩)بنەماڵەی ئەرمەنی و (٩)بنەماڵەی کلدانی تیادا بوو. سلێمانی لە نیوەی سەدەی نۆزدەهەمدا بوو بە یەکێك لە شارە ناسراوە گەورەکانی کورد.

---

[1] کوردەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، دکتۆر جەلیلی جەلیلی، وەرگێڕانی دکتۆر کاوس قەفتان، ل٩٢

# مێژووی میرنشینی بابان

مێـژووی بابـان بـە تایبـەتی لـە سـەدەی هەژدەهەمـدا بـریتی بـوو لـە ململانـێ و[1] پێـشبڕكێتی لـەناو خۆیانـدا لەسـەر پلـەو دەسـەلات، (لایـەنێك سـەر بـە دەوڵـەتی فارسـی ئێـران بـوون و لایەكـەی تریـان سـەر بـە دەوڵـەتی عوسمـانی تـورك بـوون، ن.س).

وە شـەڕ بـەردەوام بـوو لـە نێـوان سـەرداری كرماشـانی سـەر بـە ئێـران و بەغـدای سـەر بـە دەوڵـەتی عوسمـانی لەسـەر دەسـەلاتی میرنـشینی بابـان هـەر یەكـەیان هەوڵی دەدا بەلای خۆیدا ڕای بكێشێت و دەسەلاتدارانی بابان سەربەخۆ بێت.

لـە دوای پـەیمانی سـاڵی (١٦٣٩ن) نێـوان دەوڵـەتی عوسمـانی تـوركی و دەوڵـەتی ئێرانـی فـارس هەرێمـەكانی میرنـشینی بابانیـان دابـەش كـرد لـەناو خۆیانـدا و دەسەلاتی بابانیەكان لاواز بوو.

موچـە خۆرەكـانی تـورك و فـارس و ئـەو كوردانـەی كـە سـەر بـە دەوڵـەتی عوسمـانی و ئێـرانیش بـوون لـەناو میرنـشینی بابانـدا دەسـتیان دەخـستە نـاو كاروبـاری ڕۆژانـەی دەسـەلاتدارانی بابانـەوە و لـە ئەنجامـدا مـیری بابـان سـەربەخۆیی میرنشینەكەی لە دەستدا.

لـە سـاڵی (١٧٨٨ن) عوسمـان پاشـای بابـان و مـستەفا بـەگ كـە كـورد بـوو وە موتەسـەریفی (پارێزگـای، ن.س) شـاری (بەسـرا)بـوو پێكهـاتن لەسـەر ئـەوەی كـە عوسمـان پاشـای بابـان بـەخۆی و لەشـكرەكەیەوە لـە سـلێمانیەوە هێـرش بـەرێت بـۆ بەغـدا، وە مـستەفا بـەگیش لـە بەسـراوە بـەخۆی و لەشـكرەكەیەوە هێـرش بێنێـت بـۆ بەغـدا و بـە هـەردوو لایـان داگـیری بكـەن و بیكـەن بـە یـەك دەوڵـەتی كوردی سەربەخۆ.

لە پێش دەست پێكردنی ئەم شۆڕشە سلێمان پاشای بچووك والی عوسمانییەكان لە بەغدا ئاگادار دەكرێتەوە و بە لەشكرێكی گەورەوە هێرش دەبات بۆ سەر لەشكرەكەی مستەفا بەگ لە بەسرە و لە پاش شەڕێكی گەورە مستەفا بەگ خۆی بۆ ڕاناگیرێت و ڕادەكات بۆ ناو میرنشینی كوێت و والی بەغدا عیسی بەگ (ی كوردی، ن.س) خەڵكی ماردین دەكات بە موتەسەریفی بەسرە لە جێگای مستەفا بەگ (عوسمان پاشای بابانیش لە جێگای خۆی لە سلێمانی نەجولا بوو، ن.س).

[٢]ئەورەحمان پاشای كوڕی مەحمود پاشای بابان لە ساڵی (١٧٨٩-١٨٠٢ز)دەسەلاتی میرنشینی بابانی گرتە دەست، ئەورەحمان پاشا سەر بە والی عوسمانییەكان بوو لە بەغدا و بەشداری كرد لە شەڕی وەهابیەكان لەگەڵ عەلی پاشای والی بەغدا.

لەكاتی شەڕەكەدا جیاوازی و ناكۆكی كەوتە نێوانیان و ئەورەحمان پاشای میری بابان شەڕەكەی بەجێهێشت و بە لەشكرەكەیەوە گەڕایەوە بۆ سلێمانی و خۆی بەهێز كرد و بڕیاری دا حیسابی خۆی لەگەڵ موحەمەد پاشای میری (كۆیە)یەكلایی بكاتەوە، لەبەر ئەوەی موحەمەد پاشا سەر بە دەوڵەتی عوسمانییەكان بوو وە ئەمیش دەیویست دەوڵەتێكی كوردی سەربەخۆ دابمەزرێنێت. وە پەیوەندیەكانی موحەمەد پاشای لەگەڵ عوسمانییەكاندا بە كۆسپ دادەنا بۆ دامەزراندن و یەكگرتنەوەی كورد و دەوڵەتی سەربەخۆی.

عەلی پاشا والی عوسمانییەكان لە بەغدا بە نیازی ئەورەحمان پاشای بابانی دەزانی كە بە تەمای دامەزراندنی دەوڵەتێكی كوردی سەربەخۆیە، فەرمان دەردەكات و ئەورەحمان پاشا لەسەر میری میرنشینی سلێمانی لا دەبات و خالید پاشای خزمی ئەورەحمان پاشا كە پیاوێكی سەر بە عوسمانییەكان بوو لە جێگای دایدەمەزرێنێت بە میری میرنشینی بابان و لەشكرێكی پێ دەدات و

[٢] هەمان سەرچاوە، ل٩٧-١٠١

دەینێرێت بۆ داگیرکردنی شاری سلێمانی و خۆی لەباتی ئەورەحمان پاشا بێت بە میری بابان.

لەشکری ئەورەحمان پاشای بابان و خالید پاشای خزمی لە پردێ لە نێوان کەرکوک و هەولێر ڕووبەڕووی یەك دەبنەوە و شەڕێکی قورس ڕوو دەدات لە نێوانیاندا و لەشکرەکەی ئەورەحمان پاشا سەردەکەوێت بەسەر لەشکرەکەی خالید پاشا و دەکشێنەوە و هەڵدێن.

لە ساڵی (١٨٠٥ز) عەلی پاشای والی عوسمانییەکان لە بەغدا بە لەشکرێکی گەورەوە هێرشیان کرد بۆ سەر شاری سلێمانی و ئەورەحمان پاشا بەرامبەر بەو هێزە زۆرە خۆی بۆ ڕانەگیرا و ناچار بوو خۆی و لەشکرەکەی کە نزیکەی (٧٠٠)سەد سوار چاك دەبوون بکشێنەوە و ڕوویان کردە شاخی ئاوەگرد لە ڕۆژی ئاوای کویسنجاق (کۆیە).

ئەورەحمان پاشا لە پاش ماوەیەك دەڕوات بۆ ناو عەشیرەتی بالباس لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و داوای پشتگیری و یارمەتیان لێ دەکات، بەڵام عەشیرەتی بلباس یارمەتیان نادەن و پشتگیریان ناکەن.

ناچار ئەورەحمان پاشا دەڕوات بۆ تاران بۆ لای فەتح عەلی شای ئێران و داوای یارمەتی و سوپای لێ دەکات.

لەو سەردەمەدا فەتح عەلی سەری قاڵ بوو بە شەڕی ئێران و ڕووسیاوە و نەیتوانی یارمەتی سوپایی بدات، بەڵام عاقڵ پەنابەری دا پێیان، وە بەردەوام پەیوەندی دەکرد بە عەلی پاشای والی بەغداوە و داوای لێبوردنی دەکرد بۆ ئەورەحمان پاشا و بیکاتەوە بە میری بابان.

بەڵام عەلی پاشا بایەخی نەدەدا بە داواکارەکانی شای ئێران و داوای دەکرد کە ئێران ئەورەحمان پاشا تەسلیم بکاتەوە بە ئەوان. بەهۆی ئەورەحمان پاشاوە ناکۆکی دروست بوو لە نێوانیاندا.

عەلی پاشای والی بەغدا بە لەشکرێکی گەورەوە لە خانەقینەوە هێرشی کردە سەر ئێران و لە ساڵی (١٨٠٦ز)شەڕ دەستی پێ کرد.

هەر لە سەرەتای دەست پێكردنی شەڕی نێوانیان هێزەكەی عەلی پاشا والی بەغدا سەركەوت بەسەر سوپای ئێران بە سەرۆكایەتی موحەممەد عەلی میرزاو لەشكرەكەی ئەورەحمان پاشای بابان. بەهۆی ئەو شەڕەوە پەیوەندی نێوان ئێران و دەوڵەتی عوسمانی بە تەواوی تێك چوو.

سوڵتانی عوسمانی لە ئەستەمبوڵ داوای كرد لە عەلی پاشا والی بەغدا كە لەشكرەكەی لە خانەقین بكشێنێتەوە و شەڕی نێوانیان ڕابگرێت.

بە كشانەوەی سوپای عوسمانییەكان لە خانەقین ئەورەحمان پاشا هێرشی كرد بەرەو شاری سلێمانی بۆ گرتنی، بە بیستنی ئەم هەواڵە عەلی پاشای والی بەغدا بە لەشكرێكی گەورەوە لە مەریوانەوە هێرشی كرد بۆ سەر ئێران، بەڵام ئەم جارەیان تووشی بەرهەڵستیەكی ڕاستەقینە بوونەوە لەگەڵ لەشكری ئێران و ئەورەحمان پاشای بابان، لەشكری والی بەغدا تێكشكاو دیلێكی زۆریان لێ گیرا لەلایەن لەشكرەكەی ئەورەحمان پاشای بابانەوە (وە لەناو دیلەكاندا یەكێكیان سلێمان پاشای بچووك بوو كە دوایی دەبێت بە والی بەغدا و باسەكە دێتە سەری، ن.س).

لە پاش تێكشكاندنی لەشكرەكەی عەلی پاشای والی بەغدا ناچار دەكشێنەوە بەرەو بەغدا و سنوری ئێران بەجێ دێڵن.

بە گەیشتنی هەواڵی تێكشكاندنی لەشكری والی بەغدا و گرتنی دیلێكی زۆر لێیان، سوڵتانی عوسمانی لە ئەستەمبوڵ ناچار دەبێت فەرمان بدات بە والی بەغدا كە ددان بنێت بە دەسەلاتی ئەورەحمان پاشا كە میری میرنشینی بابانە.

ئەورەحمان پاشا گەڕایەوە بۆ سلێمانی بوو بە میری میرنشینی بابان و كاروباری دەسەلاتی گرتەوە دەست.

لە ساڵی (١٨٠٨ز) عەلی پاشای والی عوسمانییەكان لە بەغدا كوژرا و سلێمان پاشای بچوك (كە بە دیل گیرابوو لەلایەن ئەورەحمان پاشای بابان و ئێرانەوە و گۆڕیانەوە لەگەڵ دیلەكاندا، ن.س) بوو بە والی بەغدا لەلایەن سوڵتانی عوسمانییەوە لە ئەستەمبۆڵ و دەسەلاتی ولایەتی بەغدای وەرگرت و ویستی تۆڵەی دیلێتی خۆی بكاتەوە لە ئەورەحمان پاشای بابان.

سلێمانی پاشای بچوك لە بەغدا لەشکرێکی گەورەی پێکهێنا و کەوتە رێ بەرەو شاری سلێمانی بە نیازی داگیرکردنی.

ئەورەحمان پاشای بابانیش ئاگاداری ئەو هێرشەی سلێمانی پاشای بچوك بوو. لەشکرێکی باشی ئامادەکرد بۆ بەرەنگاربوونەوەیان و هەموو رێگا و دەربەنەکانی باسەڕە و بازیان (و دەربەندیخانی، ن.س)گرت و قایمی کردن.

ئەورەحمان پاشا دڵنیا بوو لەوەی کە لەشکری والی بەغدا لە رێگای کەرکوکەوە هێرش دەکەن و دێن بەرەو دەربەندی بازیان بۆ داگیرکردنی سلێمانی، بۆ بەرگریکردن لەو هێرشە ئەورەحمان پاشا دیوارێکی بەرز و پان و پتەوی دروست کرد بۆ دەربەندی بازیان و گرتیان (بە بەرد و گەچ، ن.س). و تۆپەکانیان لەبان دیوارەکە دامەزراند بۆ بەرگریکردن لەشاری سلێمانی.

ئەو تۆپانەی ئەورەحمان پاشا توانای ئاگر بارانکردنی هەموو.ئەو دەشتانەی ئەو دیوی دەربەندی بازیان یان (تەکیەی کاکەمەندیان) هەبوو وە دڵنیابوون لەوەی کە دوژمن ناتوانێت بە ئاسانی لەو رێگایەوە بێت بۆ سلێمان، بەلام مەحمود بەگ کوری خالد پاشای بابان خیانەتی کرد لێیان و خۆی فرۆشتبوو بە سلێمانی پاشای والی بەغدا و پێشی لەشکری عوسمانی کەوتبوو، وە شارەزای ناوچەکە بوو، لە کاتی هاتنیان لە دەربەندی بازیانەوە لە شاخەوە سەرکەوتبوون و پشتیان لێیان گرتبوو.

لەپاش شەرێکی گەورە و زیانێکی زۆر لەشکرەکەی ئەورەحمان پاشای بابان شکاو ناچار لەگەڵ پاشماوەی لەشکرەکەیدا کشایەوە بەرەو ئێران، ئەم خیانەتەی مەحمود بەگی خالد پاشا و تێکشکاندنی لەشکرەکەی ئەورەحمان پاشای بابان لە دەربەنی بازیان و کشانەوەی بۆ دیوی ئێران وای کرد کە زۆر لەو سەردار و سەرۆك عەشیرەتانەی کە لەگەڵ ئەورەحمان پاشادا بوون متمانە و باوەڕیان پێی نەمێنێت و چاوترسێن بن و دەست لە ئەورەحمان پاشا هەڵبگرن و پەنا ببەن بۆ لای سلێمان پاشا والی بەغدا.

لە پاش گرتنی دەربەنی بازیان لەلایەن والی عوسمانییەکانەوە دیوارەکانی دربەنی بازیانیان رووخاند و تێکیاندا بۆ ئەوەی جارێکی تر کورد سوودی لێ نەبینێت.

لە دوای تێکشاندنی لەشکرەکەی ئەورەحمان پاشای بابان و هەلهاتنی بۆ ئێران، سلێمان پاشای کوڕی ئیبراهیم پاشای بابان و دامەزرێنەری شاری سلێمانی (کە ئامۆزا و جێگری ئەورەحمان پاشا بوو، ن.س)دەسەلاتی میرنشینی بابانی گرتە دەست لە سلێمانی.

سلێمان پاشا والی بەغدا نیازی وابوو یەکێك بکات بە میری بابان کە ناحەزو دوژمنی ئەورەحمان پاشا بێت و دووبەرەکی بخاتە ناو بنەماڵەی بابانەوە، بەلام بۆی نەکرا و کەس پێشبڕکێی سلێمان پاشای بابانی نەکرد.

لە پاش کشانەوەی لەشکرەکەی والی بەغدا لە سلێمانی و گەڕانەوەیان بۆ بەغدا لە ساڵی (١٨٠٩ز) ئەورەحمان پاشا بە ئاسانی گەڕایەوە بۆ سلێمانی و دەسەلاتی میرنشینی بابانی گرتەوە دەست.

لە ئابی ساڵی (١٨١٠ز)خالد ئەفەندی نوێنەری سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم بە دەسەلاتێکی تەواو بە لەشکرێکی زۆرەوە کەوتە رێ بەرەو بەغدا بۆ لێکۆڵینەوەی ئەو سکالانەی کە دژی سلێمان پاشای بچوك کرابوون و نووسرابوون، وە بۆ چەسپاندنی ئاسایشی بەغدا.

خالد ئەفەندی لە ئەستەمبوڵەوە هات و گەیشتە موسڵ و چاوی کەوت بە هەندێك لە خاوەن سکالاکان و بۆی دەرکەوت کە ئەو سکالانە هەموو راستن و خاوەنەکانیان لەسەر هەقن خالد ئەفەندی هەر لە موسڵەوە فەرمانی تاوانباری سلێمان پاشای بچوك و کوشتنی دەرکرد.

سلێمان پاشای بچوکیش بڕیاری دا بەهێزی لەشکرەکەی بەرگری لەخۆی و مانەوەی دەسەلاتەکەی بکات و فەرمانەکەی نوێنەری سوڵتانی عوسمانی بگۆڕێت.

وە خالد ئەفەندیش نەیویست بڕیارەکەی خۆی بشکێنێت و پەنای برد بۆ ئەورەحمان پاشای بابان و سەردار و سەرۆك عەشیرەتەکانی کورد لە

ناوچـەكان (ی موسـڵ و كـەركوك و سـلێمانی، ن.س) و داوای لـێ كـردن كـە بـەهێزی چەك فەرمانەكەی سوڵتانی ئەستەمبوڵ جێبەجێ بكرێت.

ئـەورەحمان پاشـای بابـان بـەهێزێكی بیـست هـەزار سـوار و پیـادەی بابانـەوە لـە نزیـك شـاری كـەركوك لەگـەڵ هێزەكـەی خالـد ئەفەنـدی یـەكیان گـرت و پێكـەوە كەوتنـە رێ بـەرەو شـاری بەغـدا و لـە رێگـا بـەرەنگاری هێزەكـەی سـلێمانی پاشـای بـچوك بوونـەوە و شـەڕ دەسـتی پێكـرد و لەشـكرەكەی سـلێمان پاشـای بـچوك تێكشكاو خۆیشی لە شەڕەكەدا كوژرا.

لـە پـاش كوشـتنی سـلێمان پاشـای بـچوك بـە ناوبـانگترین كـەس خـاوەن نـاو و توانـای لێهـاتویی لـە ناوچـەكەدا ئـەورەحمان پاشـای بابـان بـوو بـۆ پۆسـتی والـی بەغـدا. بـەلاَم خالـد ئەفەنـدی نوێنـەری سـوڵتانی عوسمـانی لـە بەغـدا ڕازی نـەبوو ئـەو پۆسـتە بـدات بـە ئـەورەحمان پاشـای بابـان و ببێـت بـە والـی ولایـەتی بەغـدا (لەبـەر ئـەوەی كـورد بـوو، وە جێگـای بـاوەڕ و متمانـەیان نـەبوو، ن.س) دەڵـێن لەبـەر ناوبـانگ و ئازایـەتی و لێهـاتوویی بـوو. خالـد ئەفەنـدی حەسـوودی پێـی دەبـرد و حـەزی لێـی نـەدەكرد، بۆیـە عەبـدوڵلا پاشـای خەزنـەداری (تـوركی، ن.س)كرد بە والی ولایەتی بەغدا لە جێگای سلێمان پاشای بچوك.

بـەلاَم عەبـدوڵلا پاشـای خەزنـەدار هـەر لـە كۆنـەوە دۆسـت و بـرادەری ئـەورەحمان پاشـای بابـان بـوو، وە پەیوەنـدیان بـەردەوام بـوو لـەكاتی تێكشكاندنەكەیـشیدا، وە بابانییـەكانیش بەگـشتی پـشتگیری عەبـدوڵلا پاشـای خەزنـەداریان كـرد بـۆ دانانی بە والی ولایەتی بەغدا.

عەبـدوڵلا پاشـای خەزنـەداریش كـە بـوو بـە والـی بەغـدا بـە فـەرمی ئـەورەحمان پاشـای بابـانی كـرد بـە مـیری میرنـشینی بابـان و بـە هـەموو شـێوەیەك پـشتگیری كرد و یارمەتی دا.

لـە سـاڵی (١٨١٢ز) دەڵـەتی عوسمـانی و ڕوسـیا پـەیمانی ئاشـتی (بوخارسـت)یـان بەسـت و مـۆركرد بـۆ كۆتـایی هێنـان بـە شـەڕ و نـاكۆكی نێوانیـان كـە لـە سـاڵی (١٨٠٦-١٨١٢ز)درێـژەی كێـشابوو. پەیوەنـدی دبلۆماسـیان دەسـتی پـێ كـردەوە، فـەتح عـەلی شـای ئێـران نـاڕەزایی دەربـڕی بەرامبـەر بـە دەوڵـەتی عوسمـانی

دەربارەی ئەو پەیمان و ڕێکەوتنەیان لەگەڵ ڕوسیا، بەو بەهانەیەوە گوایە سوڵتان مەحمودی دووەم پێکهاتووە لەگەڵ دەوڵەتێکدا کە ئێران لەگەڵیدا لەشەڕدایە، وە ئەو پەیمان و ڕێکەوتنە بە دوژمنایەتی لەگەڵ ئێراندا ئەژمار دەکات.

ئاڵۆزی و ناکۆکی پەیوەندییە دبلۆماسیەکانی نێوان ئێران و دەوڵەتی عوسمانی هەر زوو دەرکەوت لە پەیوەندییەکانی ناوچە سنوریەکاندا. ئەم بارودۆخە وای کرد کە فەتح عەلی میرزا سەرداری کرماشان بە ئارەزوی خۆی دەست بخاتە ناو کاروباری مرنشینی بابانەوە لە سلێمانی، لەبەر ئەوەی کە ئەورەحمان پاشای بابان سەر بە عەبدوڵلا پاشای خەزنەداری عوسمانیەکانە لە بەغدا.

فەتح عەلی میرزا لەلای خۆیەوە بریاری دا کە ئەورەحمان پاشای بابان بگۆڕێتەوە و بیکات بە میر و سەرداری حەریر و کۆیە (کویسنجاق)وە خالد پاشای بابان لە جێگای ئەورەحمان پاشا بکات بە میری میرنشینی بابان لە سلێمانی.

ئەورەحمان پاشای بابان پشتی قایم بوو بە والی عوسمانییەکان لە بەغدا کە عەبدوڵلا پاشای خەزنەدار بوو لەبەر ئەوەی دۆست و یارمەتی دەری کۆنی بوو و لێی نەدەترسا، بۆیە لەگەڵ ئێرانییەکاندا ڕێکەوت و بڕیارەکەی فەتح عەلی میرزای سەرداری کرماشانی نەشکاند و جێبەجێی کرد بۆ ئەوەی کە دووبەرەکی نەکەوێتە ناو بنەماڵەی بابانەوە.

ئەورەحمان پاشا کە بوو بە میر و سەرداری کۆیە و حەریر زیاتر هەستی کرد بە ئازادی بۆ فراوانکردنی سنورەکانی دەسەلأتی.

ئەورەحمان پاشای بابان هەر بە گەیشتنی بە دەسەلأتە تازەکەی لە کۆیە لەشکرێکی بەهێزی پێکهێنا و هێرشی کردە سەر شاری هەولێر و ناوچەکانی و گرتی و خستیە ژێر دەسەلأتی خۆیەوە، بە پلەی دووەم هێرشی کرد بۆ سەر شاری کەرکوك و ناوچەکانی و گرتنی و خستیە ژێر دەسەلأتی خۆیەوە و سنوری دەسەلأتەکەی فراوان کردەوە.

ئـەم فراوانکردنانـەی ئـەورەحمان پاشـا و پەیوەنـدی باشـی لەگـەڵ فـەتح عـەلی مـیرزای سـەرداری کرماشـان و هەوڵـدانی بـێ ووچـانی بـۆ فراوانکردنـی سـنورەکانی دەسـەڵاتی بـوون بـەهۆی تێکـچوونی دۆسـتایەتی و هـاوڕێیتی نێـوان ئـەورەحمان پاشـای بابـان و عەبـدوڵلا پاشـای خەزنـەداری والـی عوسمانییـەکان لـە بەغـدا و چـەند جارێـك ئـەورەحمان پاشـا ئاگـادار دەکاتـەوە بـۆ ڕاگـرتنی فراوانکردنـی سـنورەکانی، بـەڵام ئـەورەحمان پاشـا بایـەخ نـادات بـە داواکارییـەکانی و خـۆی لـێ گلْ دەکات.

عەبـدوڵلا پاشـای والـی بەغـدا لـەژێر فـشاری سـوڵتانی عوسمـانی لـە ئەسـتەمبۆڵ بـۆ ڕاگـرتنی ئـەورەحمان پاشـای بابـان لـە چـالاکیەکانی ناچـار دەبێـت لـە سـاڵی (١٨١٣ز)بـەهێز و لەشـکرێکی زۆرەوە هێرشـی بـرد بـۆ سـەر سـنوورەکانی ئـەورەحمان پاشـا و شـارەکانی هـەولێر و کـەرکوك و ناوچـەکانی ژێـر دەسـەڵاتی ئـەورەحمان پاشـای داگـیر کـرد. ئینجـا هێرشـیان بـرد بـەرەو شـاری سـلێمانی و داگیریان کرد.

ئـەورەحمان پاشـا بـەخۆی و لەشـکرەکەیەوە پاشـە کـشەیان کـردو خـۆی گەیانـدە کرماشـان، بـە گەیـشتنی ئـەورەحمان پاشـا بـۆ کرماشـان پێشوازییەکی گـەرمیان لـێ کـرد و بـە لەشـکرێکی گـەورەوە گەڕایـەوە بـەرەو شـاری سـلێمانی و ئـازادی کردەوە و خستیە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە.

لـە پـاش گـرتنی سـلێمانی زۆری پـێ نەچـوو ئـەورەحمان پاشـای بابـان کۆچـی دوایـی کـرد، بـە مردنـی ئـەورەحمان پاشـا بۆشـایەکی گـەورە دروسـت بـوو لـەناو بابانییەکاندا.

بـەپێی داب و نـەریتی ئـەو سـەردەمە دەبوایـە لـە پـاش مردنـی بـاوك کوڕەکـەی جێنـشینی بێـت و دەسـەڵات بگرێتـە دەسـت. مـەحمود پاشـای کـوڕی ئـەورەحمان پاشـا و جێگـری بـاوکی لـە زەمـانی باوکیـدا بارەمتـە بـوو لـەلای فـەتح عـەلی مـیرزای سەرداری کرماشان، ئەو توانا و شارەزایی و ئازەیەتییەی نەبوو وەکو باوکی.

لـە سـەردەمی دەسـەڵاتی مـەحمود پاشـای بابـان سـەڵتی لاوازی و بـێ دەسـەڵاتی میرنـشینی بابـان بـوو. موچـە خۆرەکـانی فـارس و تـورك لـەناو شـاری سـلێمانیدا

هەموو کات دەستیان دەخستە ناو کاروباری میرنشینی بابانەوە، لە سالی (١٨١٢ن) داود پاشا بوو بە والی بەغدا لە جێگای عەبدوللا پاشای خەزنەدار، وە مەحمود پاشای بابان پەیوەندی باشی هەبوو لەگەل مستەر (ك.ریچ)ی بەریتانی کە سەرۆکی کۆمپانیای هند بوو لە رۆژهەلات، داود پاشای والی بەغدا زۆری هەولدا کە مەحمود پاشا لا بدات و دووری بخاتەوە لە میری میرنشینی بابان و براکەی دابنێت لە جێگای، بەلام (ك.ریچ)پشتگیری کردو نەیان توانی لای بدەن.

لە سالی (١٨٢٠ن)داود پاشا لەشکرێکی زۆر بەهێزی پێکهێنا بە سەرۆکایەتی موحەمەد پاشا کە وەزیری بوو ناردی بۆ سەر میرنشینی بابان، بەلام لەشکری مەحمود پاشای بابان بە پشتگیری لەشکری سەرداری کرماشان لەشکرەکەی داود پاشایان تێك شکاندو هەلهاتن.

بۆ جاری دووەم لە سالی (١٨٢٢ن)دیسانەوە لەشکری عوسمانییەکان بە سەرۆکایەتی هەمان موحەمەد پاشای وەزیر هێرشیان هێنایەوە بۆ سەر میرنشینی بابان لە سلێمانی و نزیکەی پێنج سەد کەس لە سوپای عوسمانییەکان کوژران، بەلام ئەم جارە سەرکەوتن بەسەر سوپاکەی مەحمود پاشای بابان و سەرداری کرماشان و سلێمانیان داگیر کرد.

لە پاش ماوەیەکی کەم مەحمود پاشای بابان بە پشتگیری سەرداری کرماشان لەشکری عوسمانیان لە سلێمانی دەرپەراند و مەحمود پاشای بابان دەسەلاتی میرنشینی بابانی گرتەوە دەست. مەحمود پاشای کوری ئەورەحمان پاشای بابان لە سالی (١٨١٣-١٨٣٤ن)میری میرنشینی بابانی بە دەستەوە بوو. لە سالی (١٨٣٤ن) مەحمود پاشای بابان کۆچی دوایی کرد و مرد، سلێمان پاشای برای لە جێگای دانرا بە میری میرنشینی بابان و هەشت سال دەسەلاتی بردەرێوە. لە سالی (١٨٤٢ن) سلێمان پاشای بابان کۆچی دوایی کرد و ئەحمەد پاشای کوری بوو بە میری میرنشینی بابان لە جێگای باوکی.

ئەحمەد پاشای بابان پیاوێکی داناو ئازا و لێهاتوو بوو. لەشکرێکی بەهێزی دامەزراندبوو، هێرشی کردە سەر کۆیە (کویسنجاق)ی خستە پال میرنشینی

بابـان، وەکـو سـەربەخۆیەکی تـەواو هەڵسوکەوتی دەکـرد و بایـەخی نـەدەدا بـە فـەرمانی نـەجیب پاشـای والـی بەغـدا. عوسمانییـەکان ئـەوەیان پـێ خـۆش نابێـت کە کـەس لـە ناوچـەکەدا بـالا دەسـت بێـت و دەسـتی بـڕوات ئەگـەر سـەربەخۆییان نـەبێت. لـەژێرەوە پەیوەنـدی دەکـەن بـە عەبـدوڵلا پاشـای بـرای ئەحمـەد پاشـای بابان و گفتی میری میرنشینی بابانی پێدەدەن و بەلای خۆیاندا ڕای دەکێشن.

لـە سـاڵی (١٨٥١ن)نـەجیب پاشـای والـی دەوڵـەتی عوسمـانی لـە بەغـدا بـە لەشـکرێکی گـەورەوە لەگـەڵ عەبـدوڵلا پاشـای بـرای [٣]ئەحمـەد پاشـای بابـان هێرش دەێنن بۆ سەر شاری سلێمانی و گەمارۆی دەدەن.

ئەحمـەد پاشـا کـە دەبینێـت گـەمارۆی شـاری سـلێمانی دراوە و ئـەو لەشـکرەی هەیـەتی بـەرگری بـۆ ناکرێـت ڕوو دەکاتـە شـارەزوور بـۆ یارمـەتی و کۆکردنـەوەی لەشـکر، هـەتا دەگەڕێتـەوە بـۆ سـلێمانی دەبینێـت نـەجیب پاشـای والـی بەغـدا شـاری سـلێمانی داگـیر کـردوە و فـەرمانی دەرکـردوە بـۆ عەبـدوڵلا پاشـای بـرای و کردوویەتی بە قایمقامی سلێمانی.

بـەم شـێوەیە لـە سـاڵی (١٨٥١ن)کۆتـایی هـات بـە میرنـشینی بابـان و بـە تـەواوی سلێمانی کەوتە ژێر دەسەلاتی دەوڵەتی عوسمانییەوە.

---

[٣] کورد و کوردستان، ئەمین زەکی بەگ، ل٤١٢.

# میرانی میرنشینی ڕەواندز یان سۆران

میر موحەمەدی ڕەواندز کە تورکەکانی عوسمانی ناویان لێ نا بە (پاشا کوێرەی ڕەواندن)ئەم ناوە دەستکیسەی عوسمانییەکان بوو بۆ شکاندنەوە و سووککردنی لەناو کورداندا، گوایە یەك چاوی هەیە و شەیتانە و دژی ئاییینی ئیسلام و خەلیفەی عوسمانیە. بەلاَم بەپێچەوانەوە میر موحەمەدی ڕەواندز پیاوێکی جوان و لێهاتوو بوو، وە ئازاو میرزادەبوو، ن.س.

میر موحەمەدی ڕەواندز کوڕی مستەفا بەگی سۆرانە، (ن.أ.خلفین)لە کتێبەکەیدا (خەبات لەڕێ کوردستان لاپەرە ٦٤دەلێت: بنەماڵەی میر موحەمەدی کوڕی مستەفا بەگ لە نەوەی سەلاحەددین ئەیووبیە لە عەشیرەتی مەروانیەی کوردیە (لە تیرەی رەوەند لە گوندی (دوین)لە نزیك شاری هەولێر لە ناوچەی زرارەتی، ن.س).

مستەفا بەگ باوکی میر موحەمەدی ڕەواندز دەیوست هەموو دەسەلاَت بۆ کوڕ و براو برازاکانی خۆی بێت، بەلاَم هەر لە سەرەتای لاویەوە ڕاوبۆچوونی میر موحەمەد جیاواز بوو لەگەڵ بۆچوونەکانی باوکیدا، وە باوکیشی هەستی کردبوو بە زیرەکی و لێهاتوویی میر موحەمەدی کوڕی لە قسەکردن و ڕاو بۆچوونیدا، وە جیاوازی هەبوو لەگەڵ کوڕەکانی تریدا.

مستەفا بەگی سۆران مزگەوتێکی گەورەی دروست کرد لە ڕەواندز و (مەلا موحەمەدی ئادەم)ی دێلێژەیی بۆی هێناو کردی بە ئیمام و وتاربێژی مزگەوتێکی و مامۆستای میر موحەمەد بۆ فێرکردنی خوێندنی قورئانی پیرۆز و زانستیە ئایینیەکان و نووسین و خوێندن.

لە پاش چەند ساڵێك مستەفا بەگی سۆرانن میر موحەمەدی کوڕی کرد بە بەڕێوەبەری گوندەکانی دۆڵی خانەقاو سەرچیا لە ناوچەکانی چۆڵەمێرگ.

لە پاش چەند ساڵێك مستەفا بەگ هەستی کرد بە تێپەربوونی تەمەنی و ماندوبوونی، کە وەکو جاران توانای نەماوە بۆ بەڕێوەبردنی میرنشینەکەی و

ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی، وە هەست دەکات بە دروست بوونی ناکۆکی و دووبەرەکی نێوان کوڕ و براو برازا و خزمانی لەسەر وەرگرتنی دەسەلاتی میرنشینەکەی، وە بیری لەوە دەکردەوە کە یەکێکی بە توانا لە هەموو ڕوویەکەوە دەستنیشان بکات بۆ ئەوەی ئەرکی میرنشینەکەی پێ بسپێرێت و خۆی رزگار بکات لەم کێشانە و بحەسێتەوە. بۆ ئەم مەبەستە لە سالی (١٨١٣ز) ناردی بە شوێن میر موحەمەدی کوڕی و هەموو باسێکی بۆی کرد و ڕای سپارد بۆ ئەوەی کە میرنشینی ڕەواندزی پێبسپێرێت لەبەر ئالۆزی ناو بنەماڵەکەیان و میرنشینەکەیان. میر موحەمەد هەندێ مەرجی دانا بۆ باوکی بۆ وەرگرتنی میرنشینەکە و باوکیشی ڕازی بوو بە مەرجەکانی.

[1]مستەفا بەگی سۆران هەموو براو برازا و خزم و کەس و کارەکانی و سەرۆك عەشیرەتەکانی ناوچەکەو پیاوانی دەم ڕاست و کارمەندانی میرنشینەکەی کۆ دەکاتەوە لەبەردەم بارەگای میر و پێیان ڕادەگەیەنێت کە لە ئەمڕۆ بەدواوە میر موحەمەد میری میرنشینی ڕەواندزە و دەبێ هەموو کەسێك گوێڕایەلی فەرمان و قسەکانی بێت.

میر موحەمەدی ڕەواندز بە وەرگرتنی دەسەلاتی میرایەتی دەستیکرد بە چاکسازی و ئاشتەوایی لە نێوان خزمانی و سەرۆك عەشیرەتەکان و دانیشتوانی میرنشینەکەی و نەهێشتنی ناکۆکی و گەڕانەوەی مافە زەوتکراوەکانی خەلکی کە لەلای خزمانی خۆیەوە داگیر کرابوون، وە دامەزراندنی ئاسایش و دادپەروەری بۆ میرنشینەکەی. ئەم کارانەی میر موحەمەدی ڕەواندز لەبەرژەوەندی هەندێك لە براکانی و خزمانی نەبوون وە ناڕەزاییان دەربڕی بەرامبەر بە میر موحەمەد، وە مستەفا بەگی باوکیشی پشتگیری خزم و کەس و کارانی خۆی دەکرد و دەیویست دەست بخاتە ناو ئیش و کارەکانی میر موحەمەدەوە بۆ بەرژەوەندی خزمەکانی. بەلام میر موحەمەد بۆ ئەوەی کە

---

[1] کوردەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، دکتۆر جەلیلی جەلیلی، وەرگێڕانی دکتۆر کاوس قەفتان، ل١٣٢-١٦٥

یەك دەست و یەك ڕا بێت و بتوانێت کاروباری میرنشینەکەی ببات بەڕێوە.
ئاگاداری مستەفا بەگی باوکی کردەوە و سێ مەرجی بۆی دانا:

١-نابێ باوکی داکۆکی بکات لە کەسوکاری و دەست بخاتە کاروباری میرنشینەکەی.

٢-دەبێ مانگی شەش هەزار ڕیالْ (ملکانە، ن.س)بدات بە ئیداری میرنشینی ڕەواندز.

٣-دەبێ ڕەواندز بەجێ بێڵێت و بڕوات لە گوندی (ئۆکان)دابنیشێت.

# میرنشینی ڕەواندز

[1]میر موحەمەد کوڕی مستەفا بەگی سۆران کە تورکە عوسمانییەکان ناوی (پاشا کوێرەی ڕەواندن)یان لێی نابوو لە ساڵی (١٨١٣ن)دەسەلاتی میرنشینی ڕەواندزی لە باوکی وەرگرت.

میر موحەمەد لە پێش هەموو شتێکەوە دەستی کرد بە چاکسازی ناوخۆی میرنشینەکەی و نەهێشتنی کێشەی موڵك و زەوی و زارو گەڕاندنەوەیان بۆ خاوەنەکانی خۆیان.

وە نەهێشتنی ناکۆکی نێوان خزمانی خۆی و عەشیرەتەکانی سنوری میرنشینەکەی و دروست کردنی ئاشتەوایی و یەك ڕیزی و تەبایی لە نێوانیاندا، بەتایبەتی لەگەڵ خزمانی خۆیدا بە زۆر و بەخۆشی بێ دەنگی کردن.

بە پلەی دووەم دەستی کرد بە بەهێزکردنی مەڵبەندەکەی خۆی کە ڕەواندز بوو بۆ دروستکردنی قەلا و شووراو سەنگەری قایم بۆ بەرگری کردن و پاراستنی شاری ڕەواندز لە هێرشی داگیرکەران.

پلەی سێیەم دامەزراندنی سوپایەکی فەرمی پڕ چەك و بەهێز و ڕێکخراو بەیەك جل و بەرگ، وە مەشق پێکردنی سەربازی و فێرکردنی بەکارهێنانی چەك و هونەری جەنگی سەربازی، وە دەستی کرد بە کڕین و کۆکردنەوەی چەك و جبەخانەی سەربازی و ڕێکخستنی هێزە جەنگاوەرەکانی، وە دیاریکردن و برینەوەی موچەی مانگانە بۆیان، هەموو مانگێك لەکاتی خۆیدا بۆیانی خەرج دەکرد.

لەسەرەتادا هەزار سەربازی سوارە و دوو هەزار سەربازی پیادەی هەبوو.

میر موحەمەد باوکی لەبیر نەکردبوو، پارەیەکی باشی بۆی دیاری کردبوو، وە میوانخانەی باشی بۆی دامەزراندبوو، وە کارمەندی باش و خزمەتکاری لە

---

[1] هەمان سەرچاوە.ل١٤١

ماڵەوە و لە میوان خانەكەیدا هەبوو. سەرۆك عەشیرەتەكان و پیاوانی دەم ڕاست هاتووچۆیان دەكرد و هەموو كاتێك میوان خانەو دانیشتنەكانی گەرم بوون.

٣-میر موحەمەد بۆ ئەوەی كە شاری ڕەواندز بپارێزێت لە هێرشی لەناكاوی دوژمن شورایەكی بەرز و بەهێزی بە دەوری شارەكەدا دروست كرد لەگەڵ قەلا و چەند بورج و سەنگەری بەرز و قایم بە چوار دەوری شارەكەدا. وە شارەكە تەنها سێ دەرگای هەبوو بۆ هاتووچۆكردن، وە هەر دەروازەی بورجێكی سەربازی هەبوو بۆ پاراستنی دەروازەكان.

ئەوەی كە سەرنج ڕاكێشەربوو ئەو كەناڵەبوو كە بە ناوەڕاستی شارەكەدا دەڕۆیشت بۆ ئەوەی كە پەیوەندی نێوان ناو شاری ڕەواندز و هەرێمەكانی دەورووپشتی نەبچرێت.

وە لە نێوان هەموو شارو شارۆچكەو گوندێكدا بنكەی سەربازی دامەزراندبوو لێی و ئەركی پاراستنی ناوچەكەیان پێیان سپاردبوو لە دزوو جەردە و ڕێگر و نەناسراو كە دێن بۆ ناوچەكە.

(ئۆكایا)نووسەری مێژووی میر موحەمەدی ڕەواندز لە دەست نووسەكەیدا كە ناوی (مالیخا)یە كە دێتە سەر باسی ئەو هەنگاوانەی كە میر موحەمەد ناویەتی بۆ ڕێكخستن و گەشەپێدانی ئەو هەرێمانەی كە لە سنوری دەسەلآتیدا بوون، وە لەوە دەدوێت كە میر موحەمەد چۆن بەرێزەوە ئاوڕی دەدایەوە لە زانایان و نووسەران و شاعیران و هونەرمەندان و پیشەوەران و لە دەوری خۆی كۆی دەكردنەوە و لەژێر سایەی خۆیدا دەژیان و پشتگیری دەكردن.

میر موحەمەد دیوانێكی لە ڕەواندز دامەزراند و كاروباری ناوخۆی خستبووە ئەستۆی خۆی و بەڕێوەی دەبرد مێژوونووسێك دەنووسێت و دەڵێت: میر موحەمەد دەرگای بۆ هەموو سكالایەك هەموو كات لەسەر پشت بوو، هەموو كەسێك لە هەموو كاتێكدا بۆی هەبوو شكاتی خۆی بكات لەلای، وە زانیاریش هەیە دەربارەی ئەوە كە میر موحەمەد نوێژكردنی ژنان و پیاوانی لە مزگەوت

پێکەوە قەدەغە کردبوو، هەروەها هەڵپەرکێ و ڕەش بەڵکی ژن و پیاو پێکەوە قەدەغە کردبوو.

نوسەری مێژوونووسی میر (ئۆکایا)لەم ڕووەوە پشتگیری لە میر دەکات و ئەو فەرمانەی بە ڕاست دەزانێت.

ئامانجە دوورەکانی میر موحەمەد هەموو ئەوانەی تۆقاندبوو کە چاویان بریبووە میراتی میرنشینەکەی.

تەمر خانی مامی زیاتر لە هەموویان ڕووبەڕووی میر موحەمەد دەوەستاو بەرهەڵستی دەکرد و لە گوندی (هاودیان)خۆی قایم کردبوو و لەشکرێکی بۆ خۆی دامەزراندبوو.

تەمر خان پەیوەندییەکی بەهێزی هەبوو لەگەڵ عەبدوڵلا ئاغای خەزنەداری میر موحەمەد، ئەم پەیوەندییەیان هەر لە زەمانی دەسەلأتی مستەفا بەگی باوکی میرەوە هەبوو، میر موحەمەد چەند جاری عەبدوڵلا ئاغای خەزنەداری ئاگادار کردوە کە دەست هەڵبگرێت و واز بێنێت لەو پەیوەندییە، بەلأم عەبدوڵلا ئاغا گوێی نەدا بە ئاگادارییەکانی میر موحەمەد و بەردەوام بوو لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ تەمرخانی مامی میر.

میر موحەمەدیش لەناو بازاڕی ڕەواندزدا لەبەرچاوی .خەڵکی عەبدوڵلا ئاغای خەزنەداری لە سێدارەدا و هەڵی واسی هەتا گیانی دەرچوو.

میر موحەمەد ئەمەی کرد بۆ چاوشکاندنی ئەو کەسانەی کە بەرهەڵستیان دەکرد و نیازیان بەریەرەکانی کردن و دژایەتی بوو. بەلأم لە سێدارەکانی عەبدوڵلا ئاغای خەزنەدار زیاتر دوژمنەکانی میر موحەمەدی کرد بە یەك بۆ پشتگیری کردنی یەکترو دژایەتی میر موحەمەد و دەسەلأتەکەی، وە شەڕی ناوخۆ دەستی پێ کرد لەگەڵ خزمەکانی خۆیدا.

میر موحەمەد بە پشتیوانی لەشکرەکەیەوە کەوتە گیانی ئەو خزمانەی کە بەرهەڵستیان دەکرد و ددانیان نەدەنا بە دەسەلأتەکەیدا.

٦-لە ساڵی (١٨١٥ن)میر موحەمەد بە لەشکرەکەیەوە ڕووی کردە گوندی (هاودیان) ئەو گوندەی کە لە ژێر دەسەلأتی (تەمر خان)ی مامیدا بوو و خۆی

تیایدا قایم کردبوو. میر موحەمەد لە پێشدا لەشکرەکەی دامەزراند لە گوندی (هاودیان)و باڵەکیان و داوای کرد لە تەمرخانی مامی کە بەبێ شەڕ و خوێن ڕشتن خۆی بدات بە دەستەوە، بەلام تەمر خان گوێی ڕانەگرت بۆ داواکارییەکەی و بە لەشکرەکەیەوە چووە ناو قەلای (شێن)و خۆی قایم کرد بۆ بەرگری کردن و بەرەڵستی کردنی میر موحەمەد و لەشکرەکەی.

بەلام میر موحەمەد دەستی لێ هەڵنەگرت و لە ڕۆژی ۲۸ی حوزێرانی ساڵی (۱۸۱٥ز)قەلاگەی ڕووخاند بەسەریاندا و داگیری کرد و گرتی و سپاردی بە موحەمەد ئاغا کە یەکێك بوو لە پیاوەکانی و دەسەلاتی ناوچەکەی پێ سپارد.

۷-لە دوای گرتنی گوندی (هاودیان)و گوندەکانی دەوروبەری میر موحەمەد سوپاکەی ڕێکخستەوە و ڕووی کردە گوندی (ڕۆستێ)کە لەژێر دەسەلاتی (یەحیا بەگی)مامیدا بوو و ددانی نەدەنا بە میرێتی میر موحەمەدی برازای و ڕازی نەبوو بڕواتە ژێر فەرمانییەوە.

یەحیا بەگ خۆی باش قایم کردبوو لەناو قەلا و سەنگەرکانیدا. میر موحەمەد سێ جار هێرشی کردە سەریان بەلام قەلا و گوندەکەی بۆ داگیر نەکرا و بەخۆی و لەشکرەکەیەوە کشایەوە بەرەو ڕەواندز، یەحیا خان خۆی بە سەرکەوتوو زانی و کەوتە شوێن لەشکرەکەی میر موحەمەد هەتا گوندی (زێوێ)ی نزیك بە ڕەواندز.

لە پاش ماوەیەکی کەم میر موحەمەد لەشکرێکی هەزار کەسی پێك هێنا بە سەرکردایەتی (ئەحمەد چاوش)و ناردی بۆ سەر گوندی (ڕۆستێ)و لە پاش شەڕێکی کەم لەشکرەکەی یەحیا بەگ تێك شکاو گوند و قەلاکەیان گرت و یەحیا بەگ و سەرکردەکانی سوپاکەی گیران بەدیل و ناردنی بۆ ڕەواندز و زیندانی کران لەپاش ماوەیەکی کەم میر موحەمەد فەرمانی کوشتنی یەحیا بەگ و سەرکردەکانی داو کوژران.

۸-میر موحەمەد لەپاش گرتنی ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی مامەکانی و لەناوبردنی ناحەزو نەیارەکانی لە خزمانی خۆی لە ناوچەکەدا، لەشکرەکەی ئامادەکرد بۆ گرتنی هەرێمە سەربەخۆکانی دراوسێ و دەوروو پشتی، بە

لەشکرێکی گەورەوە ڕووی کردە (برا دۆست) کە (مەحمود بەگی کوڕی سەلیم بەگ) سەرداری بوو، لە پاش شەڕێکی زۆر و بەکارهێنانی فرۆفێڵ و تاکتیکی شەڕ قەلای (هەرکیلا)ی برا دۆستی گرت و مەحمود بەگ و سەلیم بەگی باوکی لەناو قەلاکەدا بە دیل گرت و ڕووی کردە قەلای (سەراو)ی سەر بە برادۆست کە حەسەن بەگ سەرداری بوو ئەویشی گرت و پیاوانی خۆی لێ دنا.

لە ڕۆژی (١٨١٥/٩/٢ز)قەلای (سەراو)ی گرت و هەموو ناوچەکانی برادۆست کەوتنە ژێر دەسەلاتیەوە، وە گوندی (سەراو)ی کرد بە مەڵبەندی ناوچەکەو بەرپرسێکی خۆی بۆی دانا بە لەشکرێکەوە، هەر لەم هێرشەدا میر موحەمەد هەتا ناوچەی شنۆ و مەرگەوەری (ڕۆژهەلاتی کوردستان، ن.س)ی گرت لەگەڵ قەلای (نالۆس)هەندێکیان بە شەڕ و هەندێکیان خۆیان دا بەدەستەوە بەبێ شەڕ و کوشتار.

داویش هێرشیان کرد بۆ سەر قەلای (کاکلا)و لە پاش شەڕێکی گەورە و کوشتنی (ئەحمەد بەدین)کە یەکێك بوو لە سەرکردەکانی سوپاکەی میر موحەمەد قەلاکەیان گرت.

وە غازی زێباری بەبێ شەڕ خۆی و عەشیرەتەکەی خۆیان دا بە دەستەوە و پێشوازیان کرد لە میر موحەمەد و لەشکرەکەی، وە سەید موسا سەرۆکی عەشیرەتی (شێروانی)بەخۆی و عەشیرەتەکەیەوە پێشوازیان کرد لە میر موحەمەد و لەشکرەکەی و بەبێ شەڕ و کوشتار خۆیان دا بەدەستەوە و پشتیوانی خۆیان دەربڕی بۆ میر موحەمەد.

٩-لەساڵی (١٨١٥ز) میر موحەمەدی ڕەواندز کە ناوچەکانی برادۆستی گرت و خستیە ژێر دەسەلاتی خۆیەوە بە ڕێکەوت کانێکی (مس)و کانێکی (قورقورشم)ی دۆزییەوە لە ناوچەی برادۆست و بیری کردەوە لە دامەزراندن و دروستکردنی کارگەیەکی چەك و تۆپ دروستکردن بۆ بەهێزکردنی سوپاکەی و متمانە کردنە سەر بەرهەم هێنانی خۆماڵی، بۆ ئەم مەبەستە میر موحەمەد دەستی کرد بە دەرکردن و هێنانی ئەو مس و قورقۆشمانە لە برادۆستەوە بۆ

ڕەوانـدز و بـە دەیـان کـاروانی هێـستر و گـوێ درێـژی خـستە ڕێ بـۆ هێنـانی و پارەیەکی زۆری خەرج کرد بۆ هاوردنی.

ئینجـا مـیر موحەمـەد بـەهۆی شـارەزایانەوە و بـەپارە کەوتـە گـەڕان و هـەواڵ پرسـین بەشـوێن ئـەو وەسـتا شـارەزایانەی کـە شـارەزان لـە چـەك دروسـتکردندا، وە هـەر یەکـە بـەپێی شـارەزایی خـۆی و لـە هـەر جێگایـەك بوایـە دەیـانی هێنـا بـۆ ڕەوانـدز و پـارەی باشـی بۆیـان خـەرج دەکـرد، یەکـەم وەسـتای چـەك دروسـتکردن لـەو سـەردەمەدا وەسـتا (ڕەجـەب)بـوو کـە کتـێبی (مالینـا)ی مێـژووی میرنـشینی سۆران ناوی بردووە و باسی دەکات.

١٠-مـیر موحەمـەد بـە سەرپەرشـتی و شـارەزایی و زانیـاری وەسـتا ڕەجـەب کارگەیـەکی دروسـتکردنی چـەکی دامەزرانـد لـە شـاری ڕەوانـدز و دەسـتیان کـرد بـە دروسـتکردنی چـەك و داڕشـتنی قـاڵبی لولـە تـۆپ و گوللـە تـۆپ و پێویستیەکانیان.

لـە سـاڵی (١٨١٦ز) دەسـتیان کـرد بـە دروسـتکردنی تـۆپ پێـچکەی تـۆپ ڕاکێـشان و تفـەنگی کـورت و شمـشێر و خنجـەر و چـەکی تـری ئـەو سـەردەمە، مـیر موحەمـەد بـۆ زیـاتر هانـدانی وەسـتا و شـاگردەکانی کارگـەی چـەکی ڕەوانـدز خـانووی بـۆ هەموویان دروسـت کـرد و جـل و بـەرگی تایبـەتی بۆیـان دا بـە دروون و دروسـت کـرد بـۆ ئـەوەی دیـارین لـەناو خەڵکدا. وە موچـەی مانگانـەی بۆیـان بڕییـەوە و دیـاری کـرد و هـەموو مانگێـك لـەکاتی خۆیـدا وەریـان دەگـرت، وە خـەڵاتی دەکـردن بـە پـارە، مـیر موحەمـەد پارەیـەکی بـاش و ئەسـپێکی گرانبـەهای پێـشکەش کـرد بـە وەسـتا (ڕەجـەب)ی تـۆپ سـاز و هـانی دەدان بـۆ زیـادکردنی بەرهەمـەکانیان و دروست کردنی بەرهەمی نوێ و چاکسازی کردن.

١١-مـیر موحەمـەد ئەنجومـەنێکی تـری پێـك هێنـابوو بـۆ چاکـسازی و تازەکردنـەوەی میرنـشینەکەی، وە بایەخـدان بـە ژیـانی دانیـشتوانی سـنوری دەسـەلات و میرنـشینەکەی، بـۆ ئـەم مەبەسـتە ئەنجومـەنێکی دامەزرانـد لـە شـەش ئەنـدام بـە نـاوی کۆمیتـەی سـەردارانەوە و پێـك هـاتبوون لـەو کەسـانەی کـە زۆر

نزیـك بـوون لـە مـیرەوە، وە خـۆی سـەرۆکی کۆمینەکـە بـوو، وە ئـەرکی بەڕێوەبردنی ئەنجومەنەکەی سپاردبوو بە (ڕەسول بەگ)ی برای.

١٢-وە ئـەرکی تازەکردنـەوە و دروسـت کردنـی قـەلآکان و شـورا و پـەرژینی دەوری شـار و قـایم کـردن و چـاککردنی سـەنگەرەکان و دروسـتکردنی پـرد و چاککردنی ڕێگاوبانی سپاردبوو بە وەستا برایم ماویلی.

وە کاروباری بازرگاری و هاوردن و بردنی سپاردبوو بە حاجی مستەفا ئاغا.

بـەپێی ئـەو هەوالآنـەی کـە لـە لاپـەرەکانی کتێبەکـەی ئۆکایـادا (کتـێبی مالیخـا)دا هـاتووە کۆمیتـەی سـەرداران دەبوایـە هەفتـەی جارێـك کۆبوونـەوەی خۆیـان سـاز بدایـە بـۆ لێکۆڵینـەوە و کێـشە ڕاسـتەقینەکان، ئەنـدامانی ئـەم کۆمیتـە بـەرگی تایبـەتیان لەبـەردابوو، لـە بـان مێـزەرو سەرپێـچەکەیانەوە دوو قـەیتانی ڕەش و سپی لێدرابوو، لەلای ڕاستەوە چمکی مێزەرو سەرپێچەکەیان درێژتر بوو.

# ئەنجومەنی سەربازی میر موحەمەدی ڕەواندز

[١]میـر موحەمـەدی ڕەوانـدز ئەنجومـەنێکی سـەربازی جـەنگی پێکهێنـابوو بـۆ کاروباری سەربازی و جەنگ لەم ناوانەی خوارەوە:

١-ئەحمە بگەی برای میر موحەمەد. سەرۆکی ئەنجومەن. وە بە ئەندامێتی.

٢-حمادی شێروانی.

٣-میس سوراو.

٤-عەبدوڵلا ئاکۆیی.

٥-خدری مەمەدی.

٦-سائی ئاغا.

مـیر موحەمـەد ئەنجومـەنێکی تـری پێـك هێنـا بـۆ چاکـسازی و تازەکردنـەوەی میرنـشینەکەی و بایەخـدان بـە ژیـانی دانیـشتوانی سـنوری میرنـشینەکەی، بـۆ ئـەم مەبەسـتە ئەنجومـەنێکی دامەزرانـد لـە شـەش ئەنـدام بـە نـاوی کۆمیتـەی سـەرداران، وە پێکهـاتبوو لـەو کەسـانەی کـە زۆر لـە مـیرەوە نزیـك بـوون، وە خـۆی سـەرۆکی کۆمیتەکـە بـوو، وە ئـەرکی بـەڕێوەبردنی ئەنجومەنەکـەی سـپارد بە ڕەسوڵ بەگی برای.

---

[١] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٢

# ئاشکراکردنی سەربەخۆی میری ڕەواندز

[٢] میر موحەمەد بۆ ئاشکراکردنی سەربەخۆیی میرنشینەکەی لە دەوڵەتی عوسمانی و جیابوونەوەی، سکەی پارەی کوردی بە ناوی خۆیەوە لێدا. وە لەو پارانەش هەتا ئەمڕۆ لێیان ماون، کە نووسراوی (نالیخا)دەڵێت جۆری ئەو پارانەی میر موحەمەد حەوت جۆر بوون.

هەندێکیان لە زێڕ دروست کرابوون، و هەندێکی تریان لە زیو دروست کرابوون. وە هەندێکێکی تریان لە (مس)دروست کرابوون، وە نرخی پارەکانیش بەم شێوە بوو:

١-سەد قورشی (یوزلی) کە دەکاتە پانزە قورشی عوسمانی تورکی.

٢-پانزە ریاڵی.

٣-حەوت قورشی.

٤-چوار تاگیری.

٥- ¾ سێچارەکە جلیك.

٦- ¼ خودا بەندی.

٧-شایی کە نیو سەد (١٠٠)قورشیەکەی میر موحەمەد بە لیرەیەکی زێڕینی عوسمانی تورکی دەچوو.

ڕوویەکی پارەکە نیشانەی سەربەخۆیی میرنشینەکەی میر موحەمەدی لەسەر هەڵکەندرابوو و نووسرابوو (میر مەنسور-موحەمەد بەگ) لە ڕووەکەی تری نووسرابوو (ضرب في رەوەندز- لە ڕەواندز لێ دراوە).

لە وتارەکانی ڕۆژی هەینی وەکو سەرۆکێکی سەربەخۆی خاوەن دەسەلآت زنایانی ئایینی ناویان دەهێنا.

---

[٢] هەمان سەرچاوە.

میر موحەمەد هەموو کاتێک کە دەردەچووە دەرەوە چوار پاسەوان لە پشتیەوە دەرۆیشتن و پارێزگاریان لێی دەکرد.

میر موحەمەد ئەنجومەنی زانایانی دامەزراندبوو، وە ئەنجومەنەکەش (وەکو پەرلەمانی ئێستا، ن.س) کۆمەڵێك یاسا و بڕیاریان دەرکردبوو بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمەڵایەتی، دەبوایە دانیشتوانی میرنشینەکە هەموویان پەیڕەویان بکردایە و سەرپێچیان نەکردایە لێی.

میر موحەمەد پردێکی زۆری دروست کرد لەسەر رووبارەکان.

هەروەها دروستکردنی بەنداو چۆگا هەڵبەستن، وە قەڵا و کەنار و شوورەیەکی زۆری دروست کردبوو.

# دەوڵەتی کوردی میر موحەمەدی ڕەواندز

[١] لە ساڵی (١٨١٨ز) میر موحەمەد ناوی خۆی نا (میر مەنسور-میری سەرکەوتوو، ن.س)وە بانگی سەربەخۆیی میرنشینەکەی ئاشکرا کرد وەکو دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی لە ناوچەکەدا.

ئەم ئاشکراکردنەش ڕێگای بۆ دوژمنان و ناحەزانی کورد و میر موحەمەد خۆش کرد و کەوتنە هاندانی سوڵتان مەحمود بۆ لێدان و داگیرکردنی دەوڵەتی میر موحەمەدی ڕەواندز.

میر موحەمەد کە ئاگادار کرایەوە لە هەڵوێستی سوڵتان مەحمودی عوسمانی تورکی، بە گورجی کەوتە یەکخستن و ڕێکخستنی ناوچە کوردییەکانی سنورەکانی ژێر دەسەلاتەکەی بۆ فراوانکردن و بەهێزکردنی دەوڵەتەکەی لە سنورەکانی دەوڵەتی عوسمانی تورکی و دەوڵەتی ئێرانی فارسییەوە.

# ئەو هۆیانەی کە یارمەتی میر موحەمەدیان دا

[٢] ئەو هۆیانەی ناوخۆ و دەرەوە کە یارمەتی میر موحەمەدی ڕەواندزیان دا بۆ ئاشکراکردنی دەوڵەتەکەی و سەربەخۆیی کورد لە نێوان دوو دەوڵەتی ئیمپراتۆریەتی گەورەی عوسمانی و تورکی و ئێرانی فارسیدا ئەمانە بوون:

١-میر موحەمەد لە ناوخۆی سنورەکانی میرنشینەکەی هیچ کێشەیەکی دووبەرەکی و ئاسایش و ئارامی و کۆمەلایەتی نەمابوو کە بیری لێ بکاتەوە.

وە ئیدارەیەکی باشی دامەزراندبوو لە سنوری ژێر دەسەلاتەکەیدا، وە ئەوانەی کە لێپرسینەوەی خستبووە ئەستۆیان و پێیانی سپاردبوو هەموو جێگای باوەڕ و متمانەی خۆی بوون.

---

[١] هەمان سەرچاوە، ل١٤٠-١٥٠

[٢] هەمان سەرچاوە.

٢-میر موحەمەد لە کارەکانیدا هەول و کاتی لە دەست نەدەدا، میر موحەمەد کە ئاگادار بوو لە دەولەتی عوسمانی تورکی کە چۆن کەوتۆتە ناو شەڕێکی درێژخایەن لەگەڵ دەولەتی گەورەی ڕووسیادا لە ساڵی (١٨٢٠-١٩٨٣٠ن)ئەم شەرە درێژخایەنە وای کردبوو لە دەولەتی عوسمانی کە بە تەواوی باری ئاسایش و ئابووری و کۆمەلایەتی تێك بدات.

خەڵك بە زۆر بردن بۆ بەرەکانی شەڕی ڕووسیا، نەبوونی ئیشوکارو بلاوبوونەوەی برسێتی و هەژاری، زۆربوونی پیاوی خراپ و دزو جەردە و ڕێگر وایان کردبوو دەولەتی عوسمانی دەسەلاتی نەمێنێت بەسەر ئەو ناوچە فراوانەی کە بەناو لە سنوری ژێر دەسەلاتیدا بوون.

دزی و جەردەیی و تالان کردن زۆر ببوون لە سنورەکانیدا لەگەڵ ناعەدالەتی و زولم و زۆری دەسەلاتدارانی دەولەتی عوسمانی و جەندرمەکانی.

٣-دەولەتی عوسمانی تورکی هێشتا لە شەڕی ڕووسیا رزگاری نەببوو تووشی شەڕو کێشەی میسر بوو لەگەڵ موحەمەد عەلی پاشای میسر، لەشکری عوسمانی تورکی بە جۆرێك لەو شەڕەی میسردا تێکشکا، بوو بە هەڕەشەیەکی گەورەی پڕ مەترسی بۆ سەر دەولەتی عوسمانی و داگیرکردنی ئەستەمبوڵ بە پێچەوانەی ویستی دەولەتی عوسمانییەوە.

لە سنوری میرنشینەکەی میر موحەمەدی ڕەواندز بەهۆی بوونی یاسا (کە ئەنجومەنی زانایان وەکو پەرلەمانی ئەمڕۆ)دەریان دەکرد بە توندو تیژی بەرامبەر بە سەرپێچی کەران و دزو جەردە و ڕێگران و پیاو خراپ ببوو بەهۆی دروست بوونی ئارامی و ئاسایشێکی تەواو لە سنوری دەسەلاتی میر موحەمەد لەگەڵ باشی ژیان و باری ئابووری و کۆمەلایەتی و ئیش و کار، لەگەڵ پاراستنی عەدالەتی کۆمەلایەتیدا.

ئەم هەوالانەی باری ژیانی دانیشتوانی سنوری میرنشینی ڕەواندز گەیشتبووە هەموو سنورەکانی دەورووبەری و دانیشتوانەکانی ئاواتەخواز بوون کە دەسەلاتەکەی میر موحەمەد بگاتە ناوچەکانی ئاوانیش.

بۆیە لەشكرەكەی میر موحەمەد بە زۆری ڕووی دەكردە هەر شارو دێهاتێك بە تایبەتی دانیشتوانەكەی پێشوازیان دەكرد لە میر و لەشكرەكەی، وە دەسەلاتەكانیش هەندێكیان ناچار دەبوون بەبێ شەڕ خۆیان بدەن بە دەستەوە و بڕۆنە ژێر سایەی دەسەلاتەكەیەوە.

٤-بەهۆی سەر قالبوون و گەلانی دەوڵەتی عوسمانی بە شەڕی درێژخایەنی لەگەڵ دەوڵەتی ڕوسیا و كێشەو شەڕی لەگەڵ موحەمەد عەلی پاشای میسر و كێشەو گیروگرفتی نەتەوەكانی ناو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و لاوازی باری ئابووری، وە نەبوونی ئارامی و ئاسایش لە سنورەكانی دەوڵەتی عوسمانی، ئەمانە هەموو بوون بەهۆی لاوازبوونی دەسەلاتی سوڵتان و كاربەدەستانی دەوڵەتی عوسمانی لە ئەستەمبۆڵ.

وە ئەم لاواز بوونە لە هەموو ڕوویەكەوە بوو بە هۆی ڕێگاخۆشكردن بۆ (داود پاشا)ی والی بەغدا بۆ ئاشكراكردنی جیابوونەوە و سەربەخۆیی ولایەتی بەغدا لە دەوڵەتی عوسمانی.

ئەمەش زیاتر هانی میر موحەمەدیدا بۆ ڕاگەیاندن و ئاشكراكردنی دەوڵەتی كوردیی و جیابوونەوە لە ولایەتی بەغدا و دەوڵەتی عوسمانی لە ئەستەمبۆڵ.

٥-كێشە و ئاژاوە و گیروگرفتی ئەو سەردەمەی ناو ئێران لە خۆراسان لەسەر تەختی شاهەنشایی ئێران كەوتبوونە گێژاوی شەڕێكی گەرمی ناوخۆوە.

نەبوونی دەسەلاتی ناوەند و لاوازی باری ئابووری و زۆربوونی بێكاری و هەژاری و تێكچوونی باری ئاسایش و ئارامی، وە زۆربوونی دزو جەردە و ڕێگر لە ناوچەكانی ڕۆژهەلاتی كوردستان لە ئێران.

ئەمانە هەموو هۆ بوون بۆ ئەوەی دانیشتوانی ڕۆژهەلاتی كوردستان حەز بكەن بە ئەوەی كە بێنە ژێر سایەی دەوڵەتی كوردی پڕ لە ئاسایش و ئارامی ڕەواندز و فراوانكردنی سنورەكانی دەسەلاتی میر موحەمەد و دەوڵەتەكەی.

١-میر موحەمەد كە بیستیەوە داود پاشای والی بەغدا سەربەخۆیی و جیابوونەوەی ولایەتی بەغدای لە دەوڵەتی عوسمانی ئاشكرا كردوە.

ئەمە بوو بەهۆی زیاتر هاندانی بۆ فراوانكردنی سنورەكانی لە ناوچە كوردیەكاندا بە پشت بەستن بە سیاسەت و هێزی سوپاكەی.

بۆیە لە پێشدا میر موحەمەد دەستی كرد بە بەكارهێنانی سیاسەت و دبلۆماسیەت بۆ بەهێزكردنی پەیوەندییەكانی لەناو دەسەلآتداران و سەرۆك عەشیرەتەكان و دەم ڕاست و دەست ڕۆیشتوەكانی ناوچە كوردیەكان.

میر موحەمەد بۆ ئەم مەبەستە كۆمەڵێك لە پیاوانی ئایینی و زانا و قسەزان و زمان شرینی كۆ كردەوە و هەر دووان و سیانی پێكەوە نارد بۆ شارو شارۆچكەو دێهاتە كوردیەكان بۆ پەیوەندی كردن و چاوپێكەوتنی دەسەلآتدارەكانیان و قسەكردن لەگەڵیاندا و باسكردنی دەسەلآتی میر موحەمەد و بەرپابوونی ئاسایش و ئارامی و عەدالەت لەناو سنورەكانی دەسەلآتیدا.

وە باس كردنی زوڵم و زۆری كار بەدەستانی تورك و فارس و ناحەزی و ناكۆكیان بەرامبەر بە كورد.

وە داوا كردن لێیان بۆ ئەوەی خۆیان بێنە پاڵ دەوڵەت و دەسەلآتی كوردی میر موحەمەد.

بە واتەی نووسراوی (مالیخا)ئەم هەنگاوە دبلۆماسیەی میر موحەمەد ئەنجامێكی باشی هەبوو، زۆر لە دەسەلآتدار و سەرۆك عەشیرەتەكانی و پیاوانی دەم ڕاستی كورد پەیوەندیان پێوە كردو هاتنە ژێرسایەی دەسەلآتەكەی بەبێ شەڕو كوشتار، پشتیوانی خۆیان دەربڕی بۆی.

وە میر موحەمەدیش بەوپەڕی دەستكراوەیی و بەخشەندەییەوە خەلآتی ئەوانی دەكرد كە دانیان بە دەسەلآتەكەیدا دەناو پشتگیری خۆیان ڕادەگەیاند و دەهاتنە ژێرسایەو دەسەلآتەكەیەوە.

لە پاش ئەم پەیوەندی و دبلۆماسیەتەی میر موحەمەد بە لەشكرێكی گەورەوە ڕووی كردە ناوچەكانی حەریر و خۆشناوەتی و بە ئاسانی خۆیان دا بە دەستەوە و پشتیوانی خۆیان ڕاگەیاند بۆ میر موحەمەد و دەسەلآتەكەی.

سەرداری سنجاقی ئەربیل (پارێزگای هەولێر، ن.س)کە ناوبانگی میر موحەمەدی بیستبوو بۆ بەهێزو توانایی و خۆشەویستی لەناو خەڵك و حەزکردنی لە ڕاستی و عەدالەت، بڕیاری دابوو کە بەبێ شەڕ و کوشتار پێشوازی لێ بکات و پشتگیری خۆی بۆ ئاشکرا بکات و بڕواتە ژێرسایەی دەسەڵاتەکەیەوە.

بەلام ئەو هێزە سەربازییەی کە لەناو قەڵای هەولێردا بوون نارەزایی خۆیان دەربڕی و خۆیان قایم کرد بۆ بەرهەڵستیکردنی میر موحەمەد و لەشکرەکەی.

دکتۆر جەلیلی جەلیل دەڵێت: لەبەر ئەوەی ناوچەی هەولێر ناوچەیەکی بەپیت و بەرەکەت بوو بۆ کشتوکاڵی گەنم و جۆ وەکو ناوچەی ئالتونکۆپری (پردێ و دەشتی هەولێر و قەراج و ناوچەی دەزیی و...هتد.ن.س)میر موحەمەد بە پێویستی زانی کە دەبێ هەولێر بگیرێت و بخرێتە سەر سنوری دەوڵەتەکەی.

بۆیە بڕیاری داگیرکردنی قەڵای هەولێری دا و گرتی و هەولێر و ناوچەکانی بوون بە بەشێك لە دەسەڵاتی میر موحەمەد، وە ئەحمەد بەگی برای کرد بە سەرداری سنجاقی (پارێزگای، ن.س)هەولێر.

لە دوای گرتنی هەولێر و دروستبوونی ئاسایش و ئارامی، میر موحەمەد بڕیاری دا کە شاری کەرکوك ئازاد بکات، لەشکرەکەی کۆ کردەوە و ئامادەی کرد بۆ ڕۆیشتن بەرەو کەرکوك.

هەر لەو کاتەدا نامەیەکی پێ دەگەیەنن دەربارەی تێکچوونی بارودۆخی میرنشینی بابان و شاری سلێمانی، وا هاتووە لە نامەکەدا گوایە هێزەکانی ئێران بەرەو سلێمانی دەڕۆن بۆ پشتگیریکردنی میرنشینی بابان دژی داود پاشای والی بەغدا.

میر موحەمەد بڕیاری دا ئەم هەلە لە دەست نەدات شەڕی نێوان والی بەغدا و ئێران و بابانییەکان وایان لێ دەکات کە نەپەرژێنە سەر لەشکرەکەی میر موحەمەد.

میر موحەمەد بە لەشکرەکەیەوە ڕووی کردە ناوچەکانی کۆیەو ڕانیە و بەبێ شەڕ و خوێن ڕشتن گرتی و بەرپرس و لێپرسراوی بۆیان دانا و خستیە سەر دەوڵەتەکەی.

داود پاشای والی بەغدا پیرۆزبایی کرد لە میر موحەمەد بەهۆی گرتنی کۆیە و رانیەوە. میر موحەمەد بە یادی ئەم سەرکەوتنانەیەوە دوو تۆپی گەورەی دروست کرد بۆ یادگاری و لەسەری نووسیبووی (نصر من الله و فتح قریب)یانی سەرکەوتن لە خوداوەیە و کردنەوەی (شارەکان، ن.س)بەم نزیکانە دەبێت.

دکتۆر (رووس)لە بیرەوەرییەکانیدا نووسیویەتی و دەڵێت: لە رۆژی ٦ی حوزێرانی (١٨٢٣ز) میر موحەمەد شاری ئامێدی گرت و سەید بەگ سەرداری شارەکە بوو گرتی و موسا بەگی برای کە سەر بە میر بوو داینا لە جێگای بە سەرداری ئامێدی، لە پاش گرتنی ئامێدی میر موحەمەد بە لەشکرەکەیەوە رووی کردە شاری (شنۆ) لە (رۆژهەلاتی کوردستان، ن.س)و بەبێ شەڕ و بەرگری پێشوازیان لێ کرد و خستیە ژێر دەسەلاتی خۆیەوە، هەر لەو رۆژانەدا بەهۆی پەیوەندی کردن و دبلۆماسیەتەوە لە ناوچەکانی باکووری کوردستان شارەکانی ئاکرێ و دیار بەکر و ماردین ئامادەیی و پشتگیری خۆیان دەربڕی بۆ هاوکاری کردنی میر موحەمەد و هاتنە ژێر دەسەلاتەکەیەوە. وە رێگای بازرگانی هاتووچۆ کرایەوە بۆ هەموو سنورەکانی ژێر دەسەلاتی میر موحەمەد.

میر موحەمەد لە هەموو ناوچە کوردیەکاندا ناوبانگی دەرکرد بۆ بەهێزی و توانا و میهرەبانی و عەدالەت لەگەڵ دانیشتوانەکەیدا، رووی لە هەر ناوچەیەك دەکرد میللەتەکە بە زۆری پێشوازیان لەخۆی و لەشکرەکەی دەکرد و سەردارەکانیشیان ناچار دەکرد سەری بۆ دابگرن و خۆیان بدەن بە دەستەوە و پشتگیری خۆیان ئاشکرا بکەن، میر موحەمەد تەنها بە شەڕ ناوچەکانی نەدەگرت بۆ فراوانکردنی دەسەلاتەکەی، بەڵکو سوود و کەڵکی وەرگرتبوو لەوانەی کە بە رێگای دبلۆماسیەوە دەینارن و پەیوەندیان دەکرد بەسەردارو سەرۆك عەشیرەتەکانەوە، وە کەڵکی وەردەگرت لەو سەردار و سەرۆك عەشیرەتانەی کە ناحەز و دژی دەسەلاتی دەوڵەتی عوسمانی بوون و رایانی دەکێشا بەلای خۆیدا، ئەوانیش ئەو پەناو سێبەرەی کە دەیانویست لەلای میر موحەمەد بەدیان دەکرد. وە هەڵوێستی ئەم سەردار و سەرۆك عەشیرەتانە دەورێکی گەورەیان هەبوو بۆ فراوان کردنی دەسەلاتی میر موحەمەدی رەواندز

بـــەهۆی ئـــەو ســـوپا بـــەهێزو توانایـــەی کـــە دایمەزرانـــد بـــوو، وە رێکخـــستنی بـــەڕێوەبردنی ئیـــدارەی ئـــەو شـــارو شارۆچـــکەو دێهاتانـــەی کـــە لـــە ســـنوری دەسەلآتەکەیدا بوون.

وە بـــەکارهێنانی شـــێوەی دبلۆماســـی و گفتوگـــۆ و نـــاردنی ئـــەو کۆمەڵـــە پیـــاوە ئـاییني و زانـاو قـسەزان و زمـان شـیرینانە بـۆ لای سـەردار و سـەرۆك عەشـیرەتە کوردەکـــانی ناوچـــە کوردیـــەکان و بـــەکارهێنانی پەیوەنـــدی دبلۆماســـی و خـــەلآتکردنی ئـــەو ســـەردار و ســـەرۆك عەشـــیرەتانەی کـــە دانیـــان دەنـــا بـــە دەســـەلآتەکەیدا و ئامـــادەیی خۆیـــان دەردەبـــڕی بـــۆ یارمـــەتی و پـــشتگیری کردنـــی، ئەمانـــە هـــەموو هـــۆی ســـەرکەوتنی مـــیر موحەمـــەدی ڕەوانـــدز بـــوون بەســـەر دوژمنەکانیدا وە فراوانکردنی سنورەکانی دەسەلآتی.

کتـێبی (مالیخـا)باسـی سـوپاکەی مـیر موحەمـەد دەکـات و دەڵێـت:.لـە پـاش ئـەوەی مـیر موحەمـەد بەسـەرکەوتوویی لـە هـەموو ناوچـە کوردیەکانـدا گەڕایـەوە بـۆ ڕەوانـدز. هێزەکـانی مـیر موحەمـەد بـریتی بـوون لـە (٣٠)هـەزار سـەرباز، لەمانـە (٢٠)هەزار سەربازی پیادە بوون، وە (١٠)هەزاری سوارە بوون.

بـەلآم (فرایـزەر)دەڵێـت: مـیر محمـد (٥٠)هـەزار سـەربازی هـەبوو، وە هـەمووی لـە ژێـر سـەرکردایەتی خۆیـدا بـوون، وە زیـاتر لـە نیوەیـان سـوپای فـەرمی بـوون و مانگانە لەکاتی خۆیدا موچەیان وەردەگرت.

دەسـەلآتی مـیر موحەمـەد ڕژێمێکـی ناوەنـد (مرکـزی)بـوو، ناوچـەکانی سـنوری دەسەلآتی لەژێر سایە و پەیوەندی ئەو ناوەندیەدا بوون.

وە بەڕێوەبەرایەتیـــەکی ئیـــداری و دادپـــەروەری و ئـــابووری ڕێـــك و پێکـــی دامەزرانـدبوو لەگـەڵ یاسـای چـۆنیەتی کۆکردنـەوەی دارایـی بـاج و موڵکانـە و پارەی سزادان و هەموو داهاتی دەوڵەتەکەی.

وە چـۆنیەتی دابەشـکردن و خـەرج کردنـی بوجـەی وڵاتەکـەی و دابـەش کردنـی بەسەر هەموو بەشەکانی ئیدارەی وڵاتەکەیدا.

میر موحەمەدی ڕەواندز خۆی قایم کردبوو لە سنور و ناوچە کوردیەکانی ژێر دەسەلاتی دەوڵەتی عوسمانی، وە هەڕەشەو مەترسیەکی وەهای نەدەبینی لەلایەن دەوڵەتی عوسمانی تورکیەوە بۆ سەر دەسەلاتەکەی.

چونکە دەوڵەتی عوسمانی کێشەی لەوە گرنگتر سەری قاڵ کردبوون، ئەویش کێشەی موحەمەد عەلی پاشای میسر بوو، لە ساڵی (١٨٣١ز)موحەمەد عەلی پاشا لەشکرێکی گەورەی بە سەرۆکایەتی ئیبراهیم پاشای کوڕی نارد بۆ سەر سوریا و گەمارۆی دا و عوسمانیەکانی خستە مەترسیەکی گەورەوە.

لە ساڵی (١٨٣٢ز) لە پاش ساڵێك ئیبراهیم پاشا هەموو ولاتی سوریای داگیرکرد و کەوتە ژێر دەسەلاتی موحەمەد عەلی پاشای میسرەوە، وە ڕێگای خۆش کرد بۆ ڕۆیشتن بەرەو ئەستەمبۆڵ.

ئامانجی میر موحەمەدی ڕەواندز و موحەمەد عەلی پاشای میسر (سەرچاوەکان دەڵێن موحەمەد عەلی پاشا لە بنەماڵەیەکی کوردی میسر بوو، ن.س)لە یەکەوە نزیك بوون هەردوو لایان هەر یەکە بەجیا دەیانویست لە دەوڵەتی عوسمانی جیا ببنەوە و سەربەخۆبن.

بۆیە بە واتەی هەندێك لەسەر چاوەکان دەڵێن میر موحەمەدی ڕەواندز پەیوەندی نامە گۆڕینەوەی هەبووە لەگەڵ موحەمەد عەلی پاشای میسردا و پەیوەندیان باش بووە.

هەروەها دەڵێن ئیبراهیم پاشای کوڕی موحەمەد عەلی پاشا کاتێك کە گەمارۆی سوریای داوە بۆ داگیرکردنی، هانی کوردەکانی ئەو ناوچەی داوە و پشتگیری کردوون دژی دەسەلاتی عوسمانیەکان لە ناوچەکانیاندا بۆ ڕاپەرین و ڕزگار بوونیان.

هەروەها (پ.لێرخ)لە نووسینەکانیدا دەڵێت: هەموو سوپاکەی ئیبراهیم پاشای کوڕی موحەمەد عەلی پاشا لەکاتی شەڕەکانیدا بۆ داگیرکردنی سوریا بە گۆشتی مەڕی کورد دەژیان، وە کوردەکان دەستی یارمەتیان بۆ درێژ دەکردن و خواردنیان پێ دەدان.

لە ساڵی (١٨٢٣ن)ئێران و ڕوسیا پەیمانێکی ئاشتیان مۆرکرد بە ناوی پەیمانی (تورکمان چای)و شەڕو ناکۆکی نێوانیان ڕاوەستا، لە دوای مۆرکردنی ئەم پەیمانەو ڕاوەستانی شەڕی نێوانیان هەردوو لایان کشانەوە بۆ ناو سنورەکانی خۆیان، وە بەرژەوەندی ڕوسیا وای پێویست دەکرد کە ڕوسیا پشتگیری کار بەدەستانی ئێران بکات لە ڕۆژهەڵاتدا بۆ داگیرکردنی (هیرات) لەلایەن ئێرانەوە، بۆ بەربەرەکانی کردن و بەرهەڵستی کردنی بەرژەوەندیەکانی بەریتانیا لەناوچەکەدا، وە دەستی خستە ناو باری ئاڵۆزی سیاسی ناوچەکانی ڕۆژئاوا و باشووری ئێران (ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ن.س)وە باشووری دەوڵەتی عوسمانی تورکی (باکووری کوردستان، ن.س) بە هۆی دوو بەرەکی نێوان میر موحەمەدی ڕەواندز کە سەر بە داود پاشای والی عوسمانی بوو لە بەغدا، وە میری میرنشینی بابان سەر بە دەوڵەتی ئێران بوو.

(دۆلگەرۆك)بریکاری وەزیری ڕوسیا لە ئێران ڕاپۆرتێکی نووسی بوو بۆ دەوڵەتی ڕوسیا و دەڵێت: خاوەن شکو: سەرەڕای ئەو هەموو کێشەو گیروگرفتانەی کە سەرمانی قاڵ کردوە، کێشەیەکی تریش سەری هەڵداوە، ئەویش لەبەر بەرژەوەندی (دەوڵەتی ڕوسیا، ن.س)ناچار بووین دەست بخەینە ناو کاروباری مەحمود پاشای (بابان، ن.س).

والی بەغدا پشتگیری میر موحەمەدی ڕەواندز دەکات، ئەو میر موحەمەدەی کە بە سوارەکانیەوە پەلاماری ناوچەی (شنۆ)ی داو داگیری کرد، ئەو دەنگ و باسانەش لە ئارادایە کە میر موحەمەدی ڕەواندز کەوتۆتە ڕێ بەرەو شاری (سۆڵد)بۆ داگیرکردنی، داوا دەکەم کە کۆتایی بەم کێشەو گیروگرفتانە بهێنرێت، ئەوەندەی کە من دەیزانم پەیوەندی دروست بووە لە نێوان داود پاشای والی بەغدا و عەباس میرزای ئێران.

داود پاشا وای پێخۆشە کە عەباس میرزا دەست هەڵبگرێت و واز بێنێت لە سلێمانی (میرنشینی بابان، ن.س)و ناوچەکە، وە داود پاشایش ئامادەیە کە دۆستایەتی و پەیوەندی لەگەڵیدا (لەگەڵ عەباس میرزای ئێران، ن.س)ببەستێت، چونکە (داود پاشای بەغدا، ن.س)کاری زۆری هەیە لەگەڵ

سولّتانی عوسمانی لە ئەستەمبۆڵ (مەبەستی جیابوونەوە و ئاشکراکردنی سەربەخۆیی داود پاشایە لە دەلّەتی عوسمانی، ن.س)یەکلایی بکاتەوە.

هەر لەم سەردەم و کاتەدا میر موحەمەدی ڕەواندز نوێنەرێکی زۆری نارد بۆ شارو شارۆچکەو دێهاتەکانی ڕۆژهەلآتی کوردستان کە لە ژێر دەسەلآت و سنوری ئێراندا بوون بۆ وتوێژکردن لەگەڵ سەردار و سەرۆك عەشیرەتەکاندا بۆ ڕازیکردنیان و پشتگیری کردنی میر موحەمەد و پێشوازیکردنی سوپاکەی ئەگەر هاتن بۆ ناوچەکانیان.

وە میر موحەمەد لەشکرێکی بەهێزی ئامادەکرد بە سەرۆکایەتی موراد بەگ و ناردی بۆ ڕۆژهەلآتی کوردستان و ناوچەکانی (لاهیجان و مۆکریان)بەبێ شەڕ و کوشتار هەردوو ناوچەکەیان گرت و خەڵکی ناوچەکە پێشوازیان کرد لە لەشکرەکەی میر و پێخۆشحالّیان دەربڕی.

هەر بە گەیشتنیان بۆ ناوچەی لاهیچان و مۆکریان و بینیان هیچ هێزیك بەرهەڵستی و بەربەرەکانیان ناکات میر موحەمەد دەستی کرد بە دروستکردنی قەلا و سەنگەری قایم لە ناوچەکەدا بۆ پاراستنی هێزەکانی و پاشکۆی هێزەکانی لە هەموو هێرش و بەربەرەکانیەکی کوتوپڕ و لەناکاودا.

وە هەموو قەلاّ کۆنەکانی ناوچەکەی تازەکردەوە و ئاوەدانی کردەوە بە لەشکرەکەی.

فەتح عەلی شای ئێران هەوالّی پێگەیشتبوو کە سوپای میر موحەمەدی ڕەواندز ناوچە و شارەکانی لاهیچان و مۆکریانی داگیر کردوە و دانیشتوانی ناوچەکەیش پێشوازیان لێیان کردوە و نیازیان زیاتر بەرەوپێش چوونە.

بۆیە فەرمانی دا و نائب سەلتەنەی کرد بە سەرکردەی هێزەکانی ئێران و بە سوپایەکی زۆرەوە ناردی بەرەو ڕۆژهەلآتی کوردستان.

وە فەرمانی دا بە خەسرەوخان والی ئێران لە کوردستان، (والی شاری سنە=سنندج، ن.س)بەخۆی و لەشکرەکەیەوە وە مەحمود خان کوڕی عەباس میرزا سەرکردەی هێزەکانی تەبریز بەخۆی و لەشکرەکەیەوە بۆ پالّپشتیکردنی

یەکتری و بۆ لێدانی سوپاکەی میر موحەمەد بە سەرکردایەتی مراد بەگ، لە ناوچەکدا و ڕاگرتنی هێرشەکانی و دەرکردنیان لەناو سنورەکانی ئێران.

هەر سێ لەشکرەکەی ئێران و سوپاکەی میر موحەمەدی ڕەواندز بە سەرکردایەتی موراد بەگ لە نزیک گوندی مەحمود شا بەرەنگاری یەك بوونەوە و شەڕێکی گەورە دەستی پێ کرد لە نێوانیاندا.

حوسێن حوزنی مۆکریانی ئەم هەواڵەی لە مێژووی (قاجارەکانەوە)وەرگرتووە و دەڵێت: ئەم شەڕەی لەشکرەکانی ئێران لەگەڵ سوپاکەی میر موحەمەد بە سەرکردایەتی موراد بەگ، لەشکرەکانی ئێران بە تەواوی تێك شکان و هەڵهاتن، بە تایبەتی ئەو لەشکرەی کە لە تەبریزەوە هاتبوون بەشێوەیەك شکان و هەڵهاتن تالآنێکی زۆریان لە پاش خۆیان بەجێهێشت.

لە ساڵی (١٨٣٥ز)فەتح عەلی شای ئێران کۆچی دوایی کرد و مرد، وە موحەمەد شا جێگای گرتەوە و بوو بە شای ئێران و پەیمانێکی ئاشتی مۆرکرد لەگەڵ میر موحەمەدی ڕەواندز.

بەپێی ئەم پەیمانە لاهیجان و ناوچەکەی درانەوە بە ئێران و میر موحەمەد سوپاکەی لێی کێشایەوە.

هۆی پێکهاتن و مۆرکردنی ئەم پەیمانە لە نێوان موحەمەد شای ئێران و میر موحەمەدی ڕەواندز ئەم دوو هۆیە بوو:

١-موحەمەد شای تازەی ئێران هەر لەکاتی دەسەلآتی فەتح عەلی شاوە کێشەو گیروگرفت و شەڕی ناوخۆی شارەکانی یەزد و کرماشان و خۆراسانی بۆ مابووە، بۆیە ئەو پەیمانەی مۆرکرد لەگەڵ میر موحەمەددا بۆ ئەوەی سوپاکەی تەرخان بکات بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو کێشە ناوخۆییانەی ئێراندا.

٢-میر موحەمەدی ڕەواندزیش ئاگادار کرابووە و بۆی دەرکەوتبوو کە سوڵتانی دەوڵەتی عوسمانی تورك لە ئەستەمبوڵ نیازی داگیرکردنی میرنشینی ڕەواندز و میرنشینی بابانە لە سلێمانی و نەهێشتنی دەسەلآتی کورد لە ناوچەکەدا.

# هێرشی دەوڵەتی عوسمانی
# بۆ کۆتایی هێنان بە دەسەلاتی میر موحەمەدی ڕەواندز

[١] لە ساڵی (١٨٣٣ن) سوڵتانی عوسمانی سوڵتان مەحمودی دووەم بڕیاری دا کە میرنشینە کوردیە سەربەخۆکان لەناو ببات و بیانخاتە پاڵ دەوڵەتی عوسمانی تورکی، وە بۆ لابردنی ئەو کۆسپانەی کە لە ڕێگەیاندایە بۆ ئەو مەبەستە لە پێش هەموو شتێك داود پاشای بەغدایان لابرد کە دۆست و هاوپەیمانی میر موحەمەدی ڕەواندز بووە، وە بە نیازی ئاشکراکردنی جیابوونەوە بوو لە دەوڵەتی عوسمانی و سەربەخۆیی بوو. لایان برد و عەلی میرزا پاشایان دانا لە جێگای بە والی ولایەتی بەغدا.

ئینجا سوڵتان مەحمودی دووەم سوپایەکی گەورەی پێکهێنا بە سەرۆکایەتی (ڕەشید پاشا)ی والی شاری سیواس، رشید پاشا ئەم ئەرك و فەرمانەی بە هەل زانی و بەخۆشیەوە قەبوڵی کرد لەبەر:

١-ڕەشید پاشا چەند جارێك شکستی هێنابوو، وە لەشکرەکەی تێکشکابوو لە شەڕدا لەگەڵ موحەمەد عەلی پاشای میسر.

٢-لە شەڕی عوسمانییەکاندا لەگەڵ موحەمەد عەلی پاشای میسر بە دیل گیرابوو (بەترسنۆك و بێ غیرەت ناویان دەبرد، ن.س) ڕەشید پاشا بۆ ئەوەی باوەڕ و متمانەی بگەڕێنەوە بۆ لای سوڵتانی عوسمانی.

٣-حیسابی تایبەتی هەبوو لەگەڵ سەردار و سەرۆك عەشیرەتەکانی کورد، لەبەر ئەوەبوو کاتێك کە ڕەشید پاشا سەرکردەی سوپای عوسمانیەکان بوو دەجەنگی لەگەڵ موحەمەد عەلی پاشای میسر، کوردەکانی سوریا پشتگیریان نەکردبوو یارمەتیان نەدابوو، وە دژایەتیان کردبوو و یارمەتی ئیبراهیم پاشای کوڕی موحەمەد پاشای میسریان دابوو بە نان و خواردن، بە قسەی ڕەشید

[١] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٥

پاشا خـۆی گرتبـووی: كوردەكـان بـوون بـە هـۆی شكستی و بـەدیل گـرتنی لـەو جەنگەدا.

٤-رەشـید پاشـا دەویـست ئـەم هەلـە لـە دەسـت نـەدات بـۆ گەڕانـەوەی بـاوەڕ و متمانەی خۆی بۆ سوڵتانی عوسمانی.

٥- (رشـید پاشـا پیـاوێكی ڕەگـەز پەرسـت و ڕق و كینـە لـە دڵ بـوو، بەرامبـەر بـە كـورد و دەیویـست ئـەو ڕق و كینـەی خـۆی دابمركێنێتـەوە بـەو هێرشـەی كـە دەیكات بۆ سەر میرنشینەكانی كورد و میر موحەمەدی ڕەواندز، ن.س).

ئـەم هێزانـەی دەوڵـەتی عوسمـانی دوو هێزبـوون ئامـادە كرابـوون بـۆ سـەر كوردسـتان و میرنـشینی ڕەوانـدز، بـە سـەرۆكایەتی رەشـید پاشـا و سـامی پاشـای یاوەری سوڵتان، ئامادەكران بە چەك و جبەخانە و یەدەگی تەواوە.

وە پـێش دەرچـوونیان نەخـشەی جـەنگیان دانـاو ناوچـەكانیان دابـەش كـرد لەسـەر خۆیـان كـە چـۆن دەسـتی پـێ بكـەن و ڕێگـای خۆیـان پـاك بكەنـەوە و بەرهەڵـستكاران لـە دوای خۆیانـەوە بـەجێ نـەهێڵن، وەپـێش و دوای خۆیـان پـاك بكەنـەوە، بۆیـە وا دانرابـوو ئـەم هێزانـە بـە هەرێمـەكانی بـاكووری ڕۆژهـەلأتی ئیمپراتۆریـەتی عوسمانیـدا بـڕوات و لـە (تـەلابزوین)ەوە دەسـت پـێ بكـات بـۆ (ئەرزنجان)دوایی بەرەو گۆماوی (وان).

قـەلأ سـەختەكانی سـەر شـاخەكانی (دەرسـیم)كەوتنـە سـەر ڕێـی سـامی پاشـا و دەبوایـە بیـانی گرتایـە، بـەلأم ئـەم قەلأیانـە بـە دەسـتی سـەردار و سـەركردە كـورد و ئەرمەنییەكانـەوە بـوو و مـاوەی مانگێـك بـەرگریان كـرد و سـامی پاشـا ناچـار بـوو كـشایەوە و ڕووی كـردە ناوچـە دەشـتاییەكان، ئـەو شـوێنانەی كـە گرتنیـان ئاسـان بوو.

وە ئـەم جێگانـە دیـاری كرابـوون بـۆ سـوپاكەی ڕەشـید پاشـا بـۆ ئـەوەی بـە سـەریاندا بـڕوات و لەبـەر هەڵـستكارانی كـورد و ئەرمـەنی پاكیـان بكاتـەوە. ١- سـامۆ ٢-سـیواس ٣-مەلاتیـە بـەرەو ڕۆژهـەلأت و خـوارووی ڕۆژهـەلأت هـەتا دەگاتە سنورەكانی ژێر دەسەلأتی میر موحەمەدی ڕەواندز.

لە هاوینی ساڵی (١٨٣٤ن) بە سەرۆکایەتی ڕەشید پاشا چل هەزار سەربازی عوسمانی کەوتنە ڕێ بۆ پەلاماردانی هەرێم و ناوچە کوردییەکان.

ڕەشید پاشا نەخشە و پیلانەکەی وا دانابوو پێش ئەوەی ڕوو بکاتە سوپاکەی میر موحەمەدی ڕەواندز و بکەوێتە جەنگەوە لەگەڵیدا.

پەلاماری ئەو سەردار و سەرۆك عەشیرەتە کوردانەی دا کە دڵسۆزی و پشتگیری خۆیان دەربڕیبوو بۆ میر موحەمەد و نەیان دەویست مل کەچ بکەن بۆ ڕەشید پاشا و دەسەلاتی دەوڵەتی عوسمانی، وە خۆیان ئامادەکردبوو بۆ بەرهەڵستی و بەربەرەکانی کردنی لەشکرەکەی ڕەشید پاشای سەر لەشکری عوسمانییەکان پێش ئەوەی کە هێرش ببات بۆ سەر شارو شارۆچکەو دێهاتە کوردەکان دەسەلاتی دا بە ئەفسەر و سەربازەکانی کە سەرپشك بن هەر گوند و شارو شارۆچکەیەکی کوردستانشینیان گرت دەست نەپارێزن لە کوشتن و تالآن کردن و ڕووخان وێرانکاری. بەم جۆرە هەموو ئەو ناوچە کوردنشینانەی کە سوپاکەی ڕەشید پاشا پیادە ڕۆیشت و داگیری کردن وێران و تالآن کران. بە هەزاران گەنج و پیر و ژن و منداڵیان کوشت بەشێوەیەکی درندانە و بێ بەزەییانە.

لە ئەنجامی ئەم زوڵم و زۆرە، زۆر لە سەردار و سەرۆك عەشیرەتەکانی کورد دەستیان دایە چەك لەوانە سەرداری شاری (بەتلیس).

بەشی زۆری لەشکرەکەی ڕەشید پاشا بە سەرکردایەتی خۆی ڕوویان کردە ناوچەی (سیعرت)بۆ لێدانی کوردە یەزیدییەکان و ئەرمەنییەکان لە ناوچەکەدا، کوشتارێکی زۆریان لێیان کرد و دەستیان گرت بەسەر ناوچەکەدا و زۆر لە کوردە یەزیدییەکان و ئەرمەنییەکان پەرش و بڵاو بوونەوە و ڕۆیشتن بەرەو سنورەکانی ڕوسیا.

ڕق و کینەی عوسمانییەکان و رشید پاشا بەرامبەر بە کوردە یەزیدییەکان هەر لەو ڕۆژانەوە دەستی پێ کرد کە لە ساڵی (١٨٢٨-١٨٢٩ن)شەڕی نێوان دەوڵەتی عوسمان و ڕوسیا دەستی پێ کرد.

شێخ میرزا سەرۆکی کوردە یەزیدییەکان چەند جارێك بە نامە پەیوەندی کردبوو بە (پاسکیڤچ)سەرکردەی سوپای ڕوسیا لەبەر قەفقاس و ئامادەیی خۆی و عەشیرەتەکەی دەربڕیبوو بۆ یارمەتیدان و پشتگیریکردنیان بە ئومێدی ڕزگارکردنیان لە ژێر دەستی دەوڵەتی عوسمانی.

لە دوای تەواوبوونی شەڕی عوسمانییەکان و ڕوسیا نەیانتوانی ئەو تۆڵە لە کوردە یەزیدییەکان بکەنەوە لەبەر شکست و سەر لێ شێواوی خۆیان هەتا ئەم هێرشەی ڕەشید پاشا.

لە پێش هاتنی ڕەشید پاشا بۆ ناوچەی (سیعرت)دەوڵەتی عوسمانی زۆریان هەوڵدا لەگەڵ کوردە موسڵمانەکاندا کە پێکەوە لە کوردە یەزیدییەکان بدەن، بەڵام کوردە موسڵمانەکان بەقسەیان نەکرد.

لە کۆتایی ساڵی (١٨٣٤ز) ڕەشید پاشا بەخۆی و سوپایەکەوە کە پێکهاتبوون لە دە هەزار سەربازی سوارە و شەست تۆپ و ڕوویان کردە سنجاقی (ئەتاگ)بۆ داگیرکردن و پاککردنەوەی لەسەردار و سەرۆك عەشیرەتە کوردە چەکدارەکان، بەڵام سەرداری کورد (ڕەجەب بەگ) لەو ناوچەیەدا بنکەیەکی بەهێزی دامەزراندبوو لەناو شاخ و شوێنە سەختەکاندا دژی دەوڵەتی عوسمانی و بەرگرییان کرد لە خۆیان.

هێزەکانی ڕەشید پاشا چەند هێرشێکیان کردە سەریان لەناو شاخ و دۆڵە سەختەکاندا تێك شکان و هیچیان بۆ نەکرا و هەڵهاتن.

جەنگاوەرەکانی ڕەجەب بەگیش سەنگەرو شوێن قایمەکانی خۆیان بەجێ هێشت کەوتنە شوێنیان بۆ دەشتاییەکان و بوون بە نیشان و هەدەف بۆ تۆپەکانی ڕەشید پاشا، لە پێشەوە و لە دواوە تۆپ بارانیان کردن و کوشتارێکی زۆریان کرد لێیان و زۆریشیان بە دیل گیران. لە ناو دیلەکاندا ڕەجەب بەگی سەرکردەی تیادا بوو لەگەڵ چەند پیاوێکی ناسراو و بەناوبانگی سنجاقی (ئەتاگ) ڕەشید پاشا بە دیل ناردنی بۆ سوڵتانی عوسمانی لە ئەستەمبوڵ.

ئەم هێرشانەی رەشید پاشا بۆ سەر شارو شارۆچکەو گوندەکانی سەر رێگاکەی کە دەڕۆیشت بەرەو سنورەکانی دەسەلاَتی میر موحەمەدی رەواندز چەند مانگێك دواکەوت لە هێرشەکانیدا.

سەرمای زستان و کەم بوونی خۆراکی لەشکرەکەی و شەڕی پارتی زانی کورد لەگەڵیاندا و گوێ نەدانی میللەتی کورد بە فەرمانەکانیان ئەمانە هەموو وایان کرد کە رەشید پاشا هێرشەکەی رابگرێت بۆ بەهاری ئەو ساڵە، هەتا ئەو کاتەش خۆیان کۆ دەکەنەوە و ئامادە دەکەن.

لە ساڵی (١٨٣٥ن) (نیاز فرانگیل)ی روسی لە بەشێك لە نامەکەیدا کە نووسیبووی بۆ (بارۆن رۆزین)ی برادەری دەربارەی چالاکیەکانی رەشید پاشای سەرلەشکری عوسمانییەکان لە کوردستاندا و سەرکەوتنەکانی لەو سنجاقانەی کە داگیری کردوون لە کوردەکان و باروذۆخی شاری (موش) و کردەوەکانی رەشید پاشا کە چۆن پەلاماری سنجاقی (ئەتاگ)و ناوچەکانی تری داوە و چی بەسەر کورد و ئەرمەنییەکاندا هێناوە لە ناوچەکاندا.

وە باسی ئەوەی بۆ کردوە کە هۆی سەرکەوتنەکانی رەشید پاشا لە کوردستان یارمەتی و پشتگیری دەوڵەتانی رۆژئاوایە.

رۆژئاواییەکان نەك تەنها راوێژکاری بوون بەڵکو رێ و شوێن نیشاندەری راستەقینەی بوون، هەروەها نووسیویەتی و دەڵێ ئەو رۆژئاوایانەی کە لەگەڵ رەشید پاشادان لە ئۆپراسیۆنە سەربازییەکانیدا بۆ سەر ناوچە کوردنشینەکان یەکێکیان ناوی (ئارکۆ)یەو پسپۆری سەربازی جەنگی بەرەیە. وە ئەوەی تریان ناوی (پێتین)ەوە پسپۆری ئەندازیاری رێگاو بان و جموجۆڵی سەربازییە و هەردووکیان تەواو زیرەك و شارەزان، وە لەگەڵ ئەمانەشدا چەند پزیشکێکی بێگانەیان لەگەڵدایە.

کە زستان هات رەشید پاشا خۆی لە شاری (ماردین)مایەوە، وە لەشکرەکەیشی دابەش کرد بەسەر شارو شارۆچکەو دێهاتەکاندا هەتا بەهاری ساڵی (١٨٣٦ن). هەر لە ماوەی ئەو زستانەدا رەشید پاشا دەستی کرد بە

گواستنەوەی زۆر لە دێهات و خێزانە کوردەکان و لە ناوچەکانی خۆیان دووریان دەخستنەوە.

هەروەها رەشید پاشا فەرمانی وەرگرت لە سولتانی عوسمانی لە ئەستەمبۆڵ کە داوا لە هێزەکانی (قارس) و (ئەرز رووم)بکات کە برۆنە ژێر فەرمانیەوە لەکاتی پێویستدا بۆ تەواوکردنی کەم و کورپی هێزەکانی لە کوردستان، وە داوای سەربازی تازەی کرد لە ئەستەمبۆڵ و سێ فەوج سەرباز و سێی تۆپیان نارد بۆی.

وە هەر لەو زستانەدا سولتان مەحمودی دووەم فەرمانی دا بە والی بەغدا و والی موسڵ بۆ ئەوەی ئامادەبن بە خۆیان و سوپاکانیانەوە بۆ بەهاری داهاتوو برۆنە پاڵ هێزەکانی رەشید پاشا بۆ ئەو ئۆپراسیۆنە سەربازییە بۆ داگیرکردنی میرنشینە سەربەخۆکانی کورد.

# هێرشی عوسمانییەکان

## لە بەهاری ١٨٣٧ز بۆ سەر جەزیرەی بۆتان

[1] لە بەهاری ساڵی (١٨٣٧ز) ڕەشید پاشا هێزەکەی کرد بە دوو بەشەوە، بەشی سەرەکی و زۆرەکەی خۆی سەرکردایەتی دەکرد و والی بەغدا و موسڵ لەگەڵیدا بوون و ڕوویان کردە جەزیرەی بۆتان بۆ سەر میر بەدرخان و داگیرکردنی دوورگەی بۆتان و ناوچەکانی بۆ نەهێشتنی هێزو دەسەلاتی کوردی تیایدا. وە بڕینی ڕێگای یارمەتی و پشتیوانی بەدرخانی‌‌‌‌ەکان لە میر موحەمەدی ڕەواندز. بەشی دووەمی هێزەکانی ڕەشید پاشا بە سەرکردایەتی حافیز پاشا ڕوویان کردە ناوچەکەی خان مەحمود کە هاوپەیمانی میر بەدرخان بوو، بەو نیازەی کە ڕێگای یارمەتی و پشتگیری لە میر بەدرخان ببڕێت، وە پیلانەکەشیان وا دانابوو کە هەردوو لایان لە (ئامێدی)یەك بگرنەوە بۆ لێدانە گەورەکەی میر موحەمەدی ڕەواندز. لە لایەکی ترەوە ڕەشید پاش سوود و کەڵکی وەرگرت لە دەربەگە کوردە خۆ فرۆشەکان، ئەوانەی کە ناحەز و ناکۆك بوون لەگەڵ میر بەدرخان و میر موحەمەدی ڕەواندز، وەکو شارەزاو چاو ساخ دەکەوتنە پێشی لەشکرەکانی ڕەشید پاشای عوسمانییەوە و هەموو ڕێگا و شاخ و دۆڵ هەر دێیەك شارەزا بوون.

ڕەشید پاشا و لەشکرەکەی بەدەم ڕێگاوە بەرەو جەزیرەی بۆتان هەرچی گوند و شارۆچکەی کورد دەهاتنە ڕێگای دەیان ڕووخاند و وێرانیان دەکردن و تالاَنیان دەکردن وە هەرچییان دەست بکەوتایە دەیان کوشت. بەردخانییەکان شەڕ و بەرگری باشیان کرد لەگەڵ سوپاکەی ڕەشید پاشا و چاوەڕێی یارمەتی و پشتیوانی هێزەکەی خان مەحمودیان دەکرد کە پێکهاتبوون لە کورد و ئەرمەنی و ئاسوری بۆ فریاکەوتنیان.

---

[1] هەمان سەرچاوە.

بەلآم هێزەكەی حافیز پاشا پێشی لێیان گرتبوو و نەیان دەتوانی لەو شوێنەوە كە ڕووباری بۆتان دەچێتە ناو ئاوی دجلەوە بپەڕنەوە بۆ دوورگەی بۆتان بۆ یارمەتیدانی میر بەدرخان، وە پردەكەش بە بەردەوامی تۆپ باران دەكرا لەلایەن تۆپەكانی سوپای عوسمانییەوە.

وە لافاوی بەهاریش ڕێگای نەدەدا لە روبارەكان بپەڕینەوە و فریای میر بەدرخان بكەون، ناچار میر بەدرخان بە لەشكرەكەیەوە كشایەوە بۆ شاخی (گودی)و لەوێ خۆیان قایم كرد بۆ بەرگری كردن، سوپاكەی رەشید پاشا شاری بۆتانی تۆپ باران كرد و وێرانیان كرد و لەشكری عوسمانییەكان كەوتنە كوشتنی خەڵكی شارەكەو تالآن كردنی بازاڕەكان.

# هێرشی عوسمانییەکان
# بۆ سەر شاری ڕەواندز و داگیرکردنی

میر موحەمەدی ڕەواندز کە ئاگادار دەکرێتەوە لەم هێرشانەی ڕەشید پاشای عوسمانی بۆ سەر ناوچەکانی جەزیرەی بۆتان و بەدرخانییەکان، لەشکرێکی پێکهێنا بە سەرۆکایەتی ڕەسول بەگی برای و ئیسماعیل بەگی بادینان و سەید حەسەن و کەوتنە ڕێ بەرەو جەزیرەی بۆتان.

کاتێک گەیشتنە سنوری جەزیرەی بۆتان سوپاکەی ڕەشید پاشای عوسمانی شارو دێهاتەکانی جەزیرە و ناوچەکەی وێران کردبوو و ڕۆیشتبوون بەرەو موسڵ و گەیشتبووە ئامێدی.

ڕەشید پاشا بەدەم ڕێگاوە بۆ ئامێدی هەرچی گوند و دێهاتی کوردی بەر دەست کەوتبوو خەڵکەکەی کوشتبوو وە ماڵ و ئاژەڵ و سامانەکانیانی تالان کردبوو.

سەرداری ئامێدی (ئیسماعیل بەگ)بوو بە خۆی هێزەکەیەوە ناو شاری ئامێدی چۆڵ کردبوو و ڕۆیشتبوو بۆ گوندی (نێرڤان) و لەوێ خۆی قایم کردبوو. وە ڕەشید پاشایش بەبێ شەڕ و بەرگری ڕۆیشتە ناو شارەکەوە و داگیری کرد و تالانی کرد. دوایش کەوتنە ڕێ بەرەو ڕەوانداز.

لە دوای داگیرکردنی ئامێدی ڕوویان کردە شاری زاخۆ و ئاکرێ، شاری زاخۆیان داگیرکرد، بەلام شاری ئاکرێ (پیربال چاوشین)سەرداری بوو بە خۆی و هێزەکەیەوە سێ مانگ بەرگریان کرد لە شارەکەو کوشتارێکی زۆریان کرد لە سوپای عوسمانی، بە هۆی خیانەتی زێباریەکانەوە بوون بە چاو ساغ و ڕێنیشاندەری لەشکرەکەی ڕەشید پاشای عوسمانی لە پاشا سێ مانگ شاری ئاکرێیان داگیر کرد و دەستیان کرد بە کوشتن و وێرانکاری و تالانکردنی شارەکە.

میر موحەممەدی ڕەواندز بیری لەوە كردەوە كە سوود و كەلك وەربگرێت لە ناحەزی و ناكۆكی نێوان دەولەتی ئێران و دەولەتی عوسمانی، داوای یارمەتی و پشتگیری كرد لە ئێران.

بەلأم دەولەتی ئێران ئەوەیان خستەوە پێش چاوی كە چۆن پەلاماری ناوچە كوردیەكانی ناو سنوری ئێرانیان داو داگیریان كردن.

وە ئێران خۆیشیان بە نیاز بوون لەلای خۆیانەوە هێرش بكەنە سەریان بۆ وەرگرتنەوەی ناوچە كوردییەكانی ناو سنوری ئێران.

لەلایەكی ترەوە بەریتانیا و ڕوسیا ئاگاداری دەولەتی ئێرانیان كردوە كە یارمەتی و پشتگیری میر موحەممەدی ڕەزاندز نەكەن، چونكە بەرژەوەندی هەردوو لایان (بەریتانیا و ڕوسیا، ن.س)لە ناوچەكەدا وا پێویست دەكات كە ئەو میرنشینە سەربەخۆ كوردانە نەمێنن.

لەو سەردەمەدا فشار و پالە پەستۆی بەریتانیا و ڕوسیا لەسەر دەولەتی ئێران و عوسمانییەكان كاریگەری زۆر بوو.

هەر لە مانگی مارت-ئازاری سالی (١٨٣٦ن)دەولەتی ئێران بۆیان دەركەوتبوو كە عوسمانییەكان نیازیان داگیركردنی میرنشینە كوردییەكانە میر نیزام سەرداری تەوریز خۆی ئامادەكردبوو بۆ هێرش كردنە سەر ئەو ناوچە كوردییانەی كە لەناو سنوری ئێراندان و میر موحەممەدی ڕەواندز ئازادی كردوون بۆ وەرگرتنەوەی لە دەستی سەردارانی كورد.

هەروەها میر نیزامی ئێرانی ئاگاداری هەلوێستی ڕوسیا بوو بەرامبەر بەو هێرشانەی كە دەولەتی عوسمانی دەیكات بۆ سەر نارچەكانی ژێر دەسەلأتی میر موحەممەدی ڕەواندز، میر نیزامی ئێران داوای كرد لەبەرپرسی ڕوسیا لە تەوریز (سیمۆنیچ)كە یارمەتی ئێران بدات بە چەك و جبەخانە، (سیمۆنیچ)نووسیبووی بۆ كاربەدەستانی سەربازی ڕوسی لە قەفقاس بۆ بریاردان لەسەر داواكارییەكەی میر نیزام كە لەو چەك و جبەخانەی كە لە ئێرانەوە نزیكە بیدەنێ و پشتگیری بكەن.

کاربەدەستانی ڕوسیا لە قەفقاس بڕیاریاندا لەسەر یارمەتیدانی ئێران بۆ لێدانی میر موحەمەدی ڕەواندز و لە ناوبردنی.
لەسەر ئەو داوکارو بڕیارە (١٥٠٠)هەزار و پێنج سەد گوللە تۆپی عەیار (٢٤)و (٣٠٠٠)سێ هەزار گوللە تۆپی عەیار ١٤ درا بە میر نیزامی ئێران، وە میر نیزام لەشکرێکی پێکهێنا لە دە هەزار سەرباز و جاش و ڕوویان کردە سنورەکانی ژێر دەسەلآتی میر موحەمەد و لەشاری (لاهیجان)سەربازگەی سوپاکەی دامەزراندن کە نزیك بوو لە سنوری عوسمانییەکانەوە. ئینگلترەکان و ڕوسەکان هەوڵی نزیکبوونەوەی دەوڵەتی ئێران و عوسمانییەکانیان دەدا بۆ هاوبەشی کردنیان لەم شەڕەی دژ بە میر موحەمەدی ڕەواندز، هەر بۆ ئەم مەبەستەش کار بەدەستانی ئینگلیز لە ئێران کەوتنە نێوان ڕەشید پاشای عوسمانی و میر نیزامی ئێران بۆ ئەوەی کە هەردوو لایان هێزەکانیان بکەن بە یەك بۆ لێدانی میر موحەمەدی ڕەواندز و سەرکەوتنی ئەم شەڕە، ئەرکی ئەم پێکهێنانەی ئێران و عوسمانییەکانیان سپارد بە (کابتن شیل)سکرتێری یەکەمی نوێنەرانی ئینگلیز لە تەوریز، لە مانگی تەمموزی ساڵی (١٨٣٦ز) (کابتن شیل)لە تەوریزەوە کەوتە ڕێ بۆ لای ڕەشید پاشای عوسمانی بۆ ڕازیکردنی بۆ یەکگرتنی هێزەکانی ئێران و عوسمانییەکان و هاوکاری کردنی نێوانیان.
میر نیزامی ئێران تێکشکاندنی لەشکرەکانی میر موحەمەدی ڕەواندزی لە ناوچەکانی ئامێدی و ئاکرێ و زاخۆ بە هەل زانی بوو، وە خۆی بۆ ڕانەگیرابوو چاوەڕوانی ئەنجامی وتوێژەکەی (کابتن شیل)بکات بە لەشکرێکەوە پەلاماری ناوچە کوردییەکانی ژێر دەسەلآتی میر موحەمەدی دابوو لەناو سنورەکانی ئێران.
میر موحەمەدی ڕەواندز نوێنەرێکی پێکهێنا بە سەرپەرشتی مامی و ناردنی بۆ لای میر نیزامی ئێران بە دیارییەکی زۆرەوە، وە داوای لێی کردبوو کە پشتگیری و یارمەتی بدات دژی دەسەلآتی عوسمانییەکان، یان هەر نەبێت با سوپای ئێران بەشداری نەکەن لەم شەڕداو بێلایەن ڕاوەستن.

وە لە داواکارییەکەیدا میر موحەمەدی ڕەواندز بەڵێنی دابوو بە میر نیزامی ئێران ئەگەر ئەم داخوازیە قەبوڵ بکات هەموو ساڵێك بەشێك لە دەستکەوتەکانی میرنشینی ڕەواندز دەدات بە ئێران، میر نیزامی ئێران داواکارییەکەی میر موحەمەدی دایە دواوە و قەبوڵی نەکرد، بەڵام دیارییەکانی وەرگرتبوو.

میر نیزامی ئێران لە (لاهیجان)داوای کردبوو لە ڕەشید پاشای عوسمانی بۆ ئەوەی کە بە هەردوو لایان بە هاوبەشی پەلاماری هێزەکانی میر موحەمەدی ڕەواندزی بدەن، بەڵام ڕەشید پاشا داواکەی میر نیزامی قەبوڵ نەکردبوو، وە دڵنیابوو لە سەرکەوتن و ویستبووی سەرکەوتنەکە تەنها بۆ خۆی بێت و کەسی تر بەشداری تیادا نەکات. میر نیزامی ئێران کە زانی ڕەشید پاشا ماوەی بەشداری کردنی نادات پەلاماری ناوچە کوردییەکانی ناو سنوری ئێرانی دابوو کە لە ژێر دەسەلاتی میر موحەمەدا بوون و داگیری کردن و لەشکرەکەی لەسەر سنوری ئێران ڕاگرت.

لە مانگی ئابی (١٨٣٦ز) ڕەشید پاشای عوسمانی بە هەموو هێزەکانیەوە ڕووی کردە ئەو ڕێگا و شوێنانەی کە بەرەو ڕەواندز دەڕۆن بۆ داگیرکردنی پایتەختی میرنشینی ڕەواندز.

میر موحەمەدیش هەموو ئەو ڕێگانەی کە بۆ ڕەواندز دەڕۆیشتن قایمی کردن و لەشکری تیادا دامەزراند، بە تایبەتی گەلی عەلی بەگ. بە بۆچوونی میر موحەمەد خۆی دەبوایە شەڕی کۆتایی لە چەمی حەریر یەکلایی ببوایە و کۆتایی بهاتایە. [1]لەشکرەکەی میر موحەمەد نزیکەی چل هەزار جەنگاوەری کورد بوون بە سەرکردایەتی ئەحمەد بەگی برای میر موحەمەد کەوتنە ڕێ بۆ بەرەنگاری لەشکری عوسمانی.

ڕەشید پاشا کە ئەم لەشکرە زۆرەی بینی بەرەو ڕوویان دێن هێرشی ڕاگرت و دەستی کرد بە پاشەکشەکردن و دواخستنی هێرشەکەی، وە بیرکردنەوە لە فروفێڵ کردن، یەکەم هەنگاوی نامەیەکی ڕازاوەی پڕ لە ئایەتی قورئانی

(١) هەمان سەرچاوە، ل١٨٣

پیرۆزی نارد بۆ میر موحەمەدی ڕەواندز و لە نامەکەدا داوای لێ دەکات وەکو موسڵمانێکی لەخودا ترس با نەبێتە هۆی خوێن ڕشتنی موسڵمانان.

وە لە نامەکەیدا ئەوەی بیر خستبوو کە دەست ڕاست کردنەوەی لە ڕووی سوڵتان و خەلیفەی موسڵمانان تاوان و کوفرکردنە.

(دەڵێن چەند مەلایەکی دەورووبەری میر موحەمەد لەوەوپێش بەنهێنی پەیوەندیان بووە بە رەشید پاشای عوسمانییەوە و خۆیان پێی فرۆشتووە و زانیویانە میر موحەمەد بە چ جۆرێك دەگیرێت، هەر ئەوان ئەو ڕێگایان دانا بۆ رەشید پاشا کە ئەو نامەی بۆ بنووسێت و بینێرێت، ن.س).

چەند مەلا و پیاوێکی ئایینی ئەم نامەیان قۆستەوە و داوایان کرد لە میر موحەمەدی ڕەواندز کە نەبێتە هۆی خوێن ڕشتنی ئەو خەڵکە و گوناح و تاوانیان نەخاتە ئەستۆی خۆی.

دەڵێن میر موحەمەد پیاوێکی خوداناس بووە و بۆ هەموو یاسا و فەرمانەکانی پرسی بە چەند مەلایەکی شارەزا کردوە کە لە خۆیەوە نزیك بوون، وە مەلاکان هەموو یاسای بەڕێوەبردنی وڵاتیان بۆی داناوە بەپێی شەریعەتی ئیسلام لە باتی پەرلەمانی ئێستا.

نووسەرانی کورد بە زۆری (مەلای خەتێ) کە یەکێك بوو لەو مەلایانەی کە زۆر نزیك بوون لە میر موحەمەدەوە تاوانباری دەکەن و دەڵێن زیاتر قسەکانی ئەو کاری کردوەتە سەر میر موحەمەد کە شەڕ نەکات و نەوەستێت دژی عوسمانییەکان و بەخاین و نیشتیمان فرۆش دایدەنێن، وە دەڵێن لەکاتی خۆیشیدا مەلای خەتێ پێشی چەند ساڵ پیاوی عوسمانییەکان بووە و ئەوان ناردوویانە بۆ لای میر موحەمەد بەبێ ئەوەی کە میر پێی بزانێت.

میر موحەمەد لە سەرەتاوە ڕازی نەبوو بە نامەکەی رەشید پاشا بۆ ئەوەی کە خۆی بدات بە دەستەوە و داوای گفتوگۆ و وتوێژی کردبوو لە رەشید پاشا.

بەڵام عوسمانییەکان هانی هەندێك لە مەلاکانی سەر بەخۆیاندابوو بۆ بڵاوکردنەوەی ڕاگەیاندن و پروپاگەندە لەناو خەڵك و سوپاکەی میر موحەمەد کە هەر کەسێك دژی سوڵتان و خەلیفەی موسڵمانان ڕاوەستێ و بەرهەڵستی

بكات بەر غەزەبی خودا دەكەوێت، لەسەر ئەم فتوایە میر موحەمەد و مەلای خەتێ تێك چوون.

كاتێك كە میر موحەمەد ڕازی نەبوو بەبێ مەرج و گفتوگۆ خۆی بدات بە دەست ڕەشید پاشای عوسمانییەوە، مەلای خەتێ ئەو فتوای بلاوكردەوە كە دەڵێت (ئەوەی شەڕ لەگەڵ خەلیفەی ئیسلامدا بكات كافرە و تەلاقی دەكەوێت)ئەم فتوای مەلای خەتێ كاری خۆی كرد و زۆر لە سەربازەكانی میر موحەمەد لەبەرەكانی شەڕدا چەكیان دانا و ڕازی نەبوون شەڕ لەگەڵ لەشكری عوسمانییەكاندا بكەن، وە لە هەموو لایەكەوە سوپاكەی میر موحەمەدی ڕەواندز بەرەكانی شەڕەیان بەجێ هێشت و بەرەو ڕەواندز گەڕانەوە و خۆیان كشاندەوە، میر موحەمەد ماوەیەك لەناو قەلا و سەنگەرەكانی ڕەواندزدا خۆی ڕاگرت و بەرگری كرد. بەلام لە ئەنجامی تەواوبوونی ئاو و خواردن میر موحەمەد و ئەوانەی كە لەگەڵیدا بوون لەناو قەلاو سەنگەرەكانی ڕەواندز خۆیان ڕاگرتبوو و بەرگرییان دەكرد ناچار بوون لە كۆتایی مانگی ئابی سالی (١٨٣٦ن)خۆیان دا بەدەستەوە و تەسلیم بوون بە ڕەشید پاشای عوسمانی.

ڕەشید پاشا ئاگاداربوو لە ناوبانگ و پلەو پایەی بەرزی میر موحەمەد لەناو دەولەتی عوسمانی و جیهانی ئیسلامیدا (وە لەوانەیە لەسەر فەرمانی سولتانی عوسمانی سولتان مەحمودی دووەم بۆ بێت بۆ تاكتیك و سیاسەت، ن.س)ڕەشید پاشا بەوپەری ڕێزەوە پێشوازی كرد لە میر موحەمەدی ڕەواندز كاتێك كە لە قەلاكەی دابەزی و خۆی دا بەدەستەوە، لەسەر فەرمانی سولتانی عوسمانی میر موحەمەد بەدیل گیراو ڕەوانەی ئەستەمبۆلیان كرد، لە ئەستەمبۆلیش سولتان مەحمودی دووەم پێشوازی گەرمی لێی كردبوو، لەپاش ماوەیەك ڕێگای پێی دا بوو بۆ گەڕانەوەی بۆ كوردستان، لە گەڕانەوەدا لە ڕێگا (ترابیزۆن)میر موحەمەد كوژرابوو، (كوشتنی میر موحەمەد بە فەرمانی سولتانی عوسمانی خۆی بوو، بەلام لەبەر لۆمەی جیهانی ئیسلامی و زڕاندنی ناوبانگی خۆی، وە نەبێت بە ڕق و كینە لە دلی گەلی كوردا لە ئەستەمبۆل

نەی کوشت و بە نهێنی فەرمانی دابوو بە پاسەوانەکانی کە لەگەڵیدا بوون لە ڕێگا بیکوژن، ن.س).

کە میر موحەمەد خۆی دا بە دەستەوە هەموو زێڕ و سامانەکەی لەناو قەڵاکەدا بوو رەشید پاشای عوسمانی بەخۆی تالآنی کرد و بردی بۆ خۆی. لە پاش تالآنکردنی شاری ڕەواندز (عەلی رەزا)ی والی بەغدا گەڕایەوە بۆ بەغدا و موحەمەد پاشای والی موسڵ بە هێزێکی کەمەوە لە ڕەواندز مایەوە.

(میر موحەمەد لە ساڵی (١٨١٣-١٨٣٧ن)دەسەلآتی میرنشینی ڕەواندزی گرتە دەست یانی ٢٤ ساڵ دەسەلآت و حوکمڕانی کرد، ن.س).

# میرنشینی بۆتان

[1]میرنشینی بۆتان دەکەوێتە باکووری کوردستانەوە و پایەتەختەکەی شاری جەزیرەیە (جەزیرەی بۆتان، ن.س).

ئەم شارە دەکەوێتە سەر ڕووباری دجلە، وە شارێکی پلەو پایە بەرز و بەناوبانگە لە مێژووی خەباتی ئازادیخوازی نەتەوایەتی کوردا.

(بۆتان)ناز ناوی عەشیرەتێکی ناودار و خەباتگێرو کۆڵنەدری دێرینی کوردە.

لە بارەی میرنشینی بۆتانەوە سەرچاوە مێژووییەکان ڕاوبۆچوونی جیاوازیان هەیە.

بەلاّم بەپێی ئاماژە کردن و بۆچوونی شەرەفخانی بەدلیسی (کە بە کۆنترین مێژوونووسی کورد دەژمێردرێت، ن.س) دەڵێت: ئەم میرنشینە (ی بۆتان، ن.س) لە سەرەتای سەدەی چوارەمی زایینی دامەزراوە و بەردەوام میرنشین بووە تاوەکو ساڵی (١٨٤٧ن).

ئەم میرنشینە نزیکەی ٥٥٠ ساڵ دەسەلاّتدار بووە، تەمەنی کردوە.

بێگومان لەو ماوە دوور و درێژەدا چەندین کەس لە بنەماڵەی ئازیزان (عەزیزان—ئەرزیزان)فەرمانڕەوای ئەم میرنشینە بوون.

شاری جەزیرەی بۆتان شارێکی پێشکەوتوو ئاوەدان بووە، مزگەوت و گەرماو (حمام)و کلیسەی تیادا بوو (هەروەها ئاسنگەرو دارتاش و بەرگ دروو و نانەواوخانەو...هتد.، ن.س)وە جموجۆڵی بازرگانی باشی تیادابوو.

بازرگانەکان کەلوپەلیان لە ئەستەمبوڵەوە دەهێناو دەیان نارد بۆ موسڵ و بەغدا و بەسرە، وە لەوێشەوە چیان دەست بکەوتایە دەیان هێنایەوە.

میرنشینی بۆتان باجی باشیان دەست دەکەوت لەو بازرگانی بردن و هاوردنی نێوان ئەستەمبوڵ و بۆتان و موسڵ و بەغداو بەسرە.

---

[1] کوردەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، دکتۆر جەلیلی جەلیلی، وەرگێرانی دکتۆر کاوس قەفتان، ل١٢٦.

میرنشینی بۆتان پردێکی هەبوو لەسەر ڕووباری دجلە لە بەلەم دروست کرابوو، وە بە سیم بەسترابوو بە یەکەوە بەهاران ئاوی دجلە هەڵدەساو دەوری شاری بۆتانی دەگرت لە هەر چوار لاوە و بۆتان دەبوو بە دوورگە (جەزیرە، ن.س).
دەوری شاری بۆتان بە دیوار و شورایەکی گەورە گیرابوو، وە قەڵایەکی سەختی هەبوو لە باشووری شارەکە بەتاشە بەردی گەورە دروست کرابوو، ناوی (قەڵای فێنک)بوو، وە چەند بورجێکی بەرزی تیادا بوو بۆ پاسەوان و پاراستنی شارەکە.
لە ساڵی (١٨٣٧ز)کە ڕەشید پاشای عوسمانی هێرشی کردە سەر میرنشینی بۆتان لە پاش تالآن کردن و کاولکردنی شارەکە شوراو قەڵاو بورجەکانی شەرەکەی ڕوخاند و تێکیدان و بەجێیان هێشت و ڕۆیشتن بەرەو ڕەواندز.




بنەماڵەی میر بەدرخان

# بنەماڵەی میر بەدرخان

[1]میرنشینی جەزیرەی جەزیری (دوورگەی بۆتان، ن.س)بۆتان لەسەردەمی (میر بەدرخان)دا لە ماوەی دە ساڵدا لە (١٨٣٧-١٨٤٧ان) گەیشتە بەرزترین پلەی شارستانیەتی ئەو سەردەمەی خۆی، وە بەهێز و دەسەڵات بوون.

میر بەدرخان کوڕی عەبداڵ خان کوڕی مستەفا خان کوڕی ئیسماعیل خان کوڕی مەنسور خان کوڕی شەرەف خانی یەکەم بوو. جیاوازی زۆرە لەسەر مێژووی لەدایک بوونی میر بەدرخان.

[1] هەمان سەرچاوە، ل١٢٩

بلەچ شێرکۆ دەڵێت: میر بەدرخان لەساڵی (١٨٢١ز) دەسەڵاتی گرتە دەست و بوو بە میری میرنشینی بۆتان، وە تەمەنی ١٨ساڵ بوو. کەواتە دەبێ لە ساڵی (١٨٠٣ز) لەدایك بووبێت.

علادین سوجادی دەڵێت: میر بەدرخان لە ساڵی (١٨٠٢ز)لەدایك بووە و لە ساڵی (١٨٢١ز)کاروباری میرنشینی بۆتانی گرتووەتە دەست.

عەبدولرەحمان بەدرخان لە رۆژنامەی کوردستان ژمارە (١٢)دا دەڵێت میر بەدرخان لە ساڵی (١٨٦٩ز)کۆچی دوایی کردوە لە تەمەنی (٦٣)ساڵیدا بووە، لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە لە ساڵی (١٨٠٦ز)لەدایك بووبێت.

میر بەدرخان لە ساڵی (١٨٢١ز) دەسەڵاتی میرنشینی جەزیری بۆتانی لە (میر ساڵح)ی برای وەرگرتووە لە دوای دەست هەڵگرتنی لە فەرمانڕەوایی میرنشینەکەو میر بەدرخانی کردوە بە جێگری خۆی، بە نەوەکانی بنەماڵەی فەرمانڕەوایی میرنشینی بۆتان دەڵێن بنەماڵەی (عزیزان-ئەزیزان)ئەمین زەکی بەگ دەڵێت: ناوی ئەزیزان یەکێك بووە لە دامەزرێنەرانی میرنشینی بۆتان.

پرۆفیسۆر کامەران بەدرخان دەڵێت: ئازیزان-ئەزیزان-عزیزان لە ناوی گوندێکی بچوکی نزیك بە شاری بۆتانەوە هاتووە و ناوی (ئەزیزانە) شاری بۆتانە نزیکەی (٢٥٠٠)خێزانی تیادا بووە لەسەردەمی میر بەدرخان، زۆربەی دانیشتوانەکەی کورد بوون، وە ئەرمەنی و ئاسوریشی تیادا بووە و پێکەوە دەژیان. شاری بۆتان لەسەر ڕووباری دجلەیە لە نزیك شاری دیاربەکر و موسڵ.

# خەباتی ئازادیخوازی میر بەدرخان لە ١٨٣٧-١٨٤٧ز

[1] لە ساڵی (١٨٣٧ن)ڕەشید پاشای عوسمانی بە لەشکرێکی زۆر و بەهێزەوە ڕوویان کردە میرنشینی جەزیرەی بۆتان و لە پاش، شەڕو بەرگرییەکی زۆر داگیریان کرد.

لەو لایشەوە سوپاکەی حافیز پاشای عوسمانی ڕێگای یارمەتی و فریاکەوتنی خان مەحمودی یان لە میر بەدرخان بڕی و هیچ کۆمەك و یارمەتیەك فریای میر بەدرخان نەکەوت.

ناچار میر بەدرخان بە دەم شەڕەوە پاشەکشەیان کرد و ڕۆیشتن بۆ شاخی (گودی)و لەوێ خۆیان قایم کرد بۆ شەڕو بەرگری کردن لە خۆیان.

بەوەش میر بەدرخان توانی خۆی و لەشکرەکەی بپارێزێت لە کوشتن و زیانی زیاتر.

ڕەشید پاشای عوسمانی کە میرنشینی جەزیرەی بۆتانی داگیر کرد و هێزی بەرگری تیادا نەما لە پاش تالآنکردن و کاولکردنی شارەکە بە لەشکرەکەیەوە شارەکەیان بەجێ هێشت و ڕۆیشتن بەرەو ڕەواندز.

بە چۆڵکردنی شارەکە میر بەخان بەخۆی و لەشکرەکەیەوە گەڕانەوە بۆ ناو شاری بۆتان و دەستی کردەوە بە ڕێکخستنی ناو شارەکەو ئیدارەی بەڕێوەبردنی و ڕێکخستنەوەی لەشکرەکەی و پەیوەندیکردن بە سەردار و سەرۆك عەشیرەتە کوردەکانەوە لە شارۆ شارۆچکەو گوندەکانی دەوروبەری شاری بۆتان.

میر بەدرخان پێش وەخت هەوڵیدا بە زۆر و بەهێز ئاسایش و ئارامی و یاسا بەسەر میرنشینەکەیدا بسەپێنێت.

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل٢٠٩

میر بەدرخان نەك هەر توانی دەسەلاتی خۆی لە شاری بۆتان بچەسپێنێت بەلكو فراوانتریشی كرد، پاشایانی بەغداو موسڵ حیسابیان بۆی دەكرد، لەوەش زیاتر دانیشتوانی كوردی ناوچەكانی دیاربەكر و سەرۆك عەشیرەتە كوردەكانی دەوروبەری كە لە ژێر دەسەلاتی توركەكاندا بوون زیاتر گوێڕایەڵی میر بەدرخان بوون و بە قسەیان دەكرد و فەرمانەكانیان بەجێ دەهێنا.

پاشای بەغدا بەوپەڕی ئاگادارییەوە لەگەڵ میر بەدرخان هەڵسوكەوتی دەكرد و دەجولایەوە.

(ڤ.دیتیل)دەڵێت: خۆم بە چاوی خۆم بینیم كە پاشای بەغدا دیاری بە نرخی بۆ میر بەدرخان دەنارد، لەو دیارییانە دەستەیەك كویلە و زینێك (ی ئەسپ، ن.س)بێ هاوتا و چەند ولاخێك (چەن ئەسپ و ماین و هێسترێك، ن.س)بۆی نارد.

میر بەدرخانیش هەوڵی ئەدا ڕێزی خۆی بەرامبەر پاشای بەغدا دەربخات و بنوێنێت وەكو هاوشان و دەسەلاتدارێكی سەربەخۆ.

كاتێك كە بەدووەكان (عەرەبە كۆچەرەكان، ن.س)هێرشیان كرد بۆ سەر بەغدا و پاشای بەغدایان تەنگاو كرد و بوون بە سەرچاوەی هەڕەشە بۆ شاری بەغدا.

میر بەدرخان بەهێزێكی گەورەوە فریای پاشای بەغدا كەوت و بەدووەكانی ڕاونا لەلای گوندی (حلە)و تێكی شكاندن ئەمەش بوو بە هۆی ڕەزامەندی و دڵخۆشی پاشای بەغدا.

ئەم سەركەوتنە وای كرد كە سەربەخۆیی میر بەدرخان لە پاشای بەغدا زیاتر بێت و بچەسپێت.

سوڵتانی عوسمانی ئەو یارمەتی و سەركەوتنی میر بەدرخانی پێخۆش نەبوو كە یارمەتی پاشای بەغدای داوە سەركەوتنی بەدەست هێنا.

وە چاویان هەڵ نەدەهات بەو هێز و توانا و پێشكەوتنەی میر بەدرخان، وە حەزیشیان نەدەكرد بە ئاشكرا دژایەتی بكەن لەبەر بارودۆخی جەنگ و لاوازی خۆیان.

# سەربەخۆیی میر بەدرخان

[١]میر بەدرخان بەرامبەر بە سوڵتانی عوسمانی خۆی بە ئازاد و سەربەخۆ دەزانی، لە هیچ کاروبارێکدا پرسی بە سوڵتانی عوسمانی نەدەکرد.

وە هەر نوێنەر و گەڕۆکێکی ئەو ئەورووپایی بهاتایە بۆلای و فەرمانی سوڵتانی عوسمانی پێبوایە میر بەدرخان پێشوازی لێی نەدەکرد، یان بە ساردیەوە پێشوازی لێی دەکرد و لەبەرشانی گران بوو.

کۆلۆنیلی ئینگلیزی (ک.ریچ)چوو بۆ لای میر بەدرخان و فەرمانی سوڵتانی عوسمانی پێ بووە (بۆ یارمەتیدانی لە ڕێگاو بان و ئاسانکاری بۆکردنی ئیش و کارەکانی، ن.س)وە بەسەرهاتەکەی دەگێڕێتەوە بۆ (ف.دیتل)ی هاوڕێی کە ئەویش دەیەوێت سەردانی بۆتان بکات و پێی دەڵێت: ئەگەر ڕۆیشتیت بۆ میرنشینی بۆتان بۆ لای میر بەدرخان فەرمانی سوڵتانی عوسمانی لەگەڵ خۆت نەبەبێت، چونکە میر بەدرخان ڕێزت لێ ناگرێت و حەز لە وەسایەو (ڕاسپاردن)ی فەرمانی سوڵتانی عوسمانی ناکات.

لە سنورەکەی خۆیدا خۆی بە ئازاد و سەربەخۆ دەزانێت و بە ئارەزووی خۆی دەجولێتەوە و ڕازی نییە کەس حیسابی لەگەڵدا بکات.

(ک.ریچ)بەم شێوەیە باسی بەسەرهاتەکەی خۆی دەکات لەگەڵ میر بەدرخان و دەڵێت: چووم بۆ جەزیرەی بۆتان و ماندوو بووم و حەزم دەکرد لە شارۆ شارۆچکەیەك ، گوندێك لابدەم و پشوویەك بدەم و بحەسێمەوە.

کە گەیشتمە شاری بۆتان پرسیارم کرد ئایە لێرە یەکێك هەیە میواندارییم بکات، گوتیان خان (میر بەردخان، ن.س)لێرەیە، بەو نیازەی کە بمنێرن بۆلای ئەو.

منیش یەکێم نارد بۆلای بۆ ئەوەی کە ئاگاداری بکات کە ئینگلیزێکی گەڕۆك دەیەوێت چاوی پێی بکەوێت، کە چووم بۆ لای لە شوێنەکەی خۆی دانیشتبوو، منیش فەرمانەکەی سوڵتانم بە دەستەوە بوو بۆ ئەوەی کە هەڵبستێتە سەر پێ و بیدەمە دەستی، هەر لێی نزیك دەبوومەوە ئەویش لە شوێنی خۆی هەڵنەسایە سەرپێ زۆر لێی

---

[١] هەمان سەرچاوەی پێشوو.

نزیك بوومەوە، بەسستی و گرانیەوە هەستایە سەرپێ و منیش فەرمانەکەی سولتانم دا بەدەستی.

کە فەرمانەکەی لێم وەرگرت و خوێندیەوە و سەیری کردم و بە سەرپێوە کەوتە قسەکردن و دواندم و داوای دانیشتنی لێم نەکرد.

(ئەوەش لەیاد مەکە کە لە رۆژهەلاتدا تەنها کوێلە بەپێوە دەوەستێت و داوای دانیشتنی لێ ناکرێت.

هەتا میوانێکی بێ رێزو حورمەتیش بێت داوای دانیشتنی لێ دەکرێت و قاوەیەك یان سەبیلێکی بۆ بانگ دەکەن، بەپێی شوێن و جێگای میوانەکە.

میر بەدرخان لێمی پرسی، بۆچی هاتوویت؟ هاتووم بۆ ئەوەی میوان خانەیەك پەیدا بکەم، لەلای من؟.

میوان خانە؟ بە روو گرژی و رقەوە گوتی بۆ ئێرە کاروان سەرایە؟ بۆچی من کوێخام. من هیچ سولتانێك ناناسم.

ئەمە چ سولتانێکە؟ ئەم سولتانە کێیە؟ من هیچ کارێکم بە سولتان نییە، من خاوەن و سەرداری ئێرەم بە ئارەزووی خۆم (نەك بە فەرمانی سولتان، ن.س)میوانداری خەلکی دەکەم، من میوانداریتی ئەو کەسانە دەکەم کە دێن بۆ لای خۆم، نەك بە فەرمانی سولتانەوە بێن بۆ لام.

نەسیحەتەکەی کۆلونێل (ك.ریچ) (ڤ.دیتل)ی رزگاری کرد لەو تورەیی و رەزیل کردنی میر بەدرخان.

وە بۆیان دەرکەوت تا چ رادەیەك میر بەدرخان ئازاد و سەربەخۆیە و سەر بۆ سولتانی عوسمانی داناگرێت، میر بەدرخان بە هیچ شێوەیەك رازی نەبوو باج و سەرانەو سەرباز بدات بە دەولەتی عوسمانی، وە خاوەنی دەسەلات و سوپای تایبەتی خۆی بوو.

کوردەکانی سنوری دەسەلاتەکەی بەوپەری لەخۆبوردنەوە فەرمانەکانیان بەجێ دەهێنا و خزمەتیان دەکرد. میر بەدرخان سوودی لە پشتگیری کردنی سەردار و سەرۆك عەشیرەتە کوردەکانی دەراوسێی وەردەگرت.

هەروەها سوودی لە تازە بوونەوەی شەری نێوان سولتانی عوسمانی و میسر وەرگرت، ئەو شەرەی کە ئەنجامەکەی سەرکەوتنی میسر بوو بەسەر سولتاندا.

میر بـەدرخان چـالاکانە کەوتـە خـۆی بـۆ ئـەوەی سـوود لـەو بارودۆخـە هەلّکـەوتووە وەربگرێت و دەسەلآتی خۆی ئەوەندەی تر فراوان بکات.

میر بەدرخان هەولّ و توانایەکی زۆری خستە کـار بـۆ کۆکردنـەوەی عەشـیرەتە پـەرت و بلآوەکان لە دەوری خـۆی، وە تـوانی یـەکیان بخـات و نـاکۆکی و دووبـەرەکی نێوانیـان نەیەلّێت و ئەوەی ناحـەزی و نـاکۆکی هـەبوو ئاشـتی کردنـەوە و هاتنـە ژێـر دەسـەلآتی خۆیەوە.

هۆی سەرەکی سەرکەوتنی میر بەدرخان کۆبوونەوەی عەشـیرەتەکان بـوو لـە دەوری بـە زۆری ئەوەبوو سالّی (١٨٣٧-١٨٣٨)لەشکرەکەی رەشید پاشای عوسمـانی کـە هاتنـە ناوچەکە ئەوەی دەستیان بکەوتایە تالآنیان دەکرد و زۆر شوێنیان وێـران و کـاول کـرد، وە زۆربەی زۆری عەشـیرەتە گـەورە سـەربەخۆکانی خـاوەن هێـزو توانایـان لـە پـەلوپۆ خست، یان دوور خرابوونەوە لە دێهات و ولآتەکەیان.

وە دانیـشتوانە بـێ دەسـەلآتەکەش زولّـم و زۆریـان لـێ دەکرا لەلایـەن فەرمانبـەران و جەندرمەو سەربازە تورکەکانەوە. پـشتگیری و پـەناو ئامـانجی دووا رۆژیـان لـەلای مـیر بەدرخان دەبینی.

بارودۆخەکە هەتا دەهات لە سوود و بەرژەوەندی میر بەدرخان بوو. بەتایبەتی بەشـێکی زۆر سوپای عوسمانی سەرقالّ بـوو بـە شـەڕی میـسر و شـەڕی کوژاندنـەوەی ڕاپـەڕینی عەرەبەکان دژی دەسەلآتی عوسمانی.

میر بەدرخان ماوەیەکی زۆر بوو ناکۆکی و ناحەزی هەبوو لەگەلّ (نورەللآ بەگ)سـەرداری (هەکاری)ئاشتەوایی کرد لەگەلّیدا، وە هەردوو لا رێککەوتن لەسـەر بـەرپاکردنی شـۆڕش دژی عوسمانییەکان و ئاشکراکردنی ئازادی کوردستان، هەروەها (عەبـدول خـان)شـەش برای هەبوو، وە دەسەلآتی هەبوو بەسەر ناوچەیەکی فراوانی خواروو گۆماوی (وان).

وە خان مەحمود خان برای سەرداری شاری (وان)بـوو، مـیر بـەدرخان لەگـەلّ ئەوانیـشدا پێکهـات و پـەیمانیان بەسـت بـۆ پـشتیوانی و هاوکـاری کـردن دژی دەسـەلآتی عوسمانییەکان و ئازادکردنی کوردستان.

## پەیمانی پیرۆز

[1]زۆری پێ نەچوو میر بەدرخان پەیوەندییەکانی فراوان بوو توانی لەگەڵ زۆربەی عەشیرەت و سەرۆك خێڵەکاندا گفت و بەڵێن بکەن بە یەك و کۆیانی کردەوە و پەیمانێکیان بەست بەناوی (پەیمانی پیرۆز)بۆ ئازادی کوردستان، وە ئەوانەی کە لە کۆبوونەوەکەدا ئامادەبوون بۆ بەستنی پەیمانی پیرۆز: ١-میر بەدرخان ٢-مستەفا بەگ ٣-دەروێش بەگ ٤-خان مەحمود ٥-نورەڵلا بەگ ٦-فەتاح بەگ هەکاری ٧-خالد بەگ لە خێزاناوا ٨-شەریف بەگ لە موش ٩-کوێر حەسەن بەگ سەرۆك عەشیرەتی کوردانی ناوچەی قارس، میر بەدرخان بوو بە سەرۆکی هاوپەیمانان، هەروەها میر بەدرخان بانگێشتی سەرداری ئەردەلأنی کرد لە رۆژهەلأتی کوردستان لە ناو سنوری دەولّەتی ئێران بۆ ناو پەیمانی پیرۆز و بوو بە هاوپەیمانیان

## هەنگاونان بۆ خۆ ئامادەکردن

[2]میر بەدرخان هەموو زانایان و پیاوانی ئایینی کۆکردەوە لە دەوری خۆی و قسەی بۆیان کردو رێنمایی دەکردن بۆ ناردنیان بۆ ناو ئەو عەشیرەتانەی کە ناکۆکی و ناحەزی هەبوو لە نێوانیاندا و ئاشتی دەکردنەوە.

(بەلەج شێرکۆ)ی مێژوونوس لە کتێبی کوردەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لاپەرە (٢١٤) دەلێت: میر بەدرخان بۆ ئامادەبوون لەو کۆبوونەوەیەدا پەیوەندی کردبوو بە شێخ مەحمود لە موسڵ و شێخ یوسف لە زاخۆ بۆ هەمان مەبەست. (ئەم بۆچوونەی بەلەج شێر دوورە لە راستیەوە لەو سەردەمەدا لە سالأنی (١٨٣٧-١٨٤٧ن)شێخ مەحمود لە دایك نەبیوو. شێخ مەحمود بۆ

---

[1] هەمان سەرچاوەی پێشوو.

[2] هەمان سەرچاوە.

یەكـەم جـار لـە سـالّی (١٩١٨ن)دەركـەوت و پەیوەنـدی كـرد بـە ئینگلیزەكانـەوە، ن.س).

ئەنـدامانی پـەیمانی پـیرۆز هـەر یەكـە لـە ناوچـەی خـۆی دەسـتیان كـرد بـە كـرِینی چـەك و خـەڵك كۆكردنـەوە بـۆ چـەكداری و چـاككردنی قـەلا كـۆن و رووخاوەكـان و دروسـتكردنی قـەلآی تـازە و نـویّ و پەیوەنـدی كـردن لـە نێـوان خۆیانـدا بـۆ یـەككرتن و بـەهێزكردنی پەیوەنـدی نێوانیـان و خـۆ ئامـادەكردن بـۆ شـەرِی بەرگری ئەگەر هات و دەوڵەتی عوسمانی هێرشی هێنا بۆ سەر كوردستان.

وە ئـەوەی كـە زۆر پێویـست بـوو بـۆ سـوپای كوردسـتان چـەكی بـاش و نـویّ بـوو، وە مەشق كردن لەسەر چەك و چۆنێتی بەكارهێنانی لەشەرِدا.

مـیر بـەدرخان هـەروەكو (مـیر موحەمـەدی رەوانـدن)بـیری لـەوە كـردەوە كـە دەبـێ سوود لە سامانی كوردستان وەربگرێت و كارگەی چەك دابمەزرێنێت.

بـۆ ئـەم مەبەسـتە شـارەزایانی چـەك دروسـتكردنی پەیـدا كـرد و دوو كارگــەی دروسـت كـرد یـەكێكی بـۆ دروسـت كردنـی بـاروت ئـەوی تریـان بـۆ دروسـتكردنی چـەك—تفـەنگ و تـۆپ و شمـشێر. دروسـتكردنی ئـەم كارگانـە زیـاتر بـاوەرِ و متمانـەی دروسـت كـرد بـۆ مـیر بـەدرخان لـەناو میللـەتی كـورد و سـەركردایەتی پەیمانی پیرۆز.

مـیر بـەدرخان بایـەخی دا بـە خوێنـدن و كردنـەوەی قوتابخانـە، هـەروەها برِیـاری دا كۆمـەڵێك لاوی كـورد لـە قوتابیـان و خوێنـدەواران بنێرێـت بـۆ ئـەوروپا بـۆ فێربـوون و شارەزایی پەیداكردن و هاتنەوەیان بۆ كوردستان.

مـیر بـەدرخان لـە پرۆگرامـە سیاسـیەكەیدا ئـاورێكی مرۆڤانـەو دۆسـتانەی دایـەوە لـە ئەرمـەنی و ئاسـوریەكان كـە سـەدەها سـاڵە لەگـەڵ كـوردا دەژیـن. دڵنیـایی كـردن لە پاراستنی ماف خۆیان و ژیانی برایەتی و پێكەوە ژیان.

مـیر بـەدرخان ئـەوەی زۆر لـەلای گـرنگ بـوو كـە ئەرمـەنی و ئاسـوریەكان بـەلای خۆیـدا رابكێـشێت. یـەك بـۆ بـەهێزكردنی سـوپاو یـەكێتی و یـەككرتنی دانیـشتوانی كوردسـتان. دوو بـۆ رای جیهـانی ئـەوروپا، كـە كـورد رەگـەز پەرسـت نییـە و

باوەڕی بە پێکەوە ژیان هەیە، میر بەدرخان نیازی وابوو لە پاش کوردستانێکی سەربەخۆ و ئازاد ڕوو بکاتە (ڕۆژهەلاتی کوردستان، ن.س)ئێران.

(شاخ باتیان)دەلێت: میر بەدرخان بەتەمای ئەوەبوو کە هەموو ناوچەکانی، وان، بتلیس، مووش، دیاربەکر هەتا گۆماوی ورمێ (رەزائیە)بخاتە ناو چوارچێوەی دەولەتە کوردیەکەیەوە.

میر بەدرخان لە حکومەتەکەیدا پلەو پایەی گرنگ و بەرزی دانا بوو بۆ ئەرمەنییەکان، لەبەر ئەوەی خاوەنی شارستانی و لکتوری کۆن بوون و شارەزایی باشیان بۆ لە کارگێری و سیاسەت و پیشەسازی و بازرگانی، وە خاوەنی ڕابوردوویەکی کۆن بوون، هەروەها ژمارەیەکی زۆر لە ئەرمەنییەکان لەناو سوپای میر بەدرخاندا بوون و زۆربەیان خەلکی (دیخ)بوون.

چاککردنی باری ئابووری و ئاسایش و خۆشگوزەرانی خەلکی بەندێك بوو لە پرۆگرامەکەی میر بەدرخان و جێبەجێ کرد، وە بلأوکردنەوەی ئاسایش و رزگارکردنی دانیشتوانی ناوچەکەی ژێر دەسەلأتی لە ترس و مەترسی بۆ پاراستنی مالّ و مولکیان، وە لەناوبردنی دزو جەردەو ڕێگر و پیاو خراپ.

هەروەها ڕێکخستنی باج و گومرگ و سەرانەی ئاژەلّ و...هتد. بەشێوەیەکی دادپەروەرانە و عادیلانە.

میر بەدرخان بە دەستی پۆلأینەوە کەوتە گیان دزو ر جەردە و ڕێگر و پیاو خراپان و بەبێ بەزییانە دەستی لێیان نەدەپاراست.

(ق. دیتل)ی گەرۆك و گەشتیاری ئینگلیز لە ڕۆژانی میر بەدرخان گەشتی دەکرد لە کوردستاندا لەو ناوچە رزگار کراوانەدا و دەلێت: لە ڕێگاوبان دەستە دەستەو کۆمەلّ کۆمەلّ ئەو کوردانەم دەبینی کە کۆچیان دەکرد و دەڕۆیشتن بەرەو ناوچەکانی ژێر دەسەلأتی میر بەدرخان.

هەروەها دەلێت: بەلأم هەموو کەسێك ئەوەی بۆ نەدەچووە سەر بۆ ئەوەی بگاتە لای میر بەدرخان و ئەو ناوە گەورە بەدەست بێنێت.

ئەوەی بڕۆیشتایە بۆ لای میر بەدرخان دەبوایە ولأخێك و چەکێکی ببوایە (شمشێر یان دەمانچە یان تەفەنگ) واتە دەبوو سوارێکی چەکدار بێت و بچێتە

ناو سوپاکەیەوە، هەروەها (ق.دیتل)دەڵێت: میر بەدرخان بەدەستی پۆڵایی و بێ بەزەییانە کەوتە گیان دزو جەردە و رێگرەکان و ئارامی و ئاسایشی لە وڵاتەکەیدا چەسپاند.

هەروەها شایەتی دەدات و دەڵێت ئەو رێگاو بانەی کە پیا دەرۆیشت (دیتل)لە نێوان دیار بەکر و موسڵ کەم و زۆر مەترسی تیادا نەبوو (لە دزو جەردە، ن.س). وە ئەم ئاسایش و ئارامیە جێگای سەر سورمان بوو لەلای،.

(وە زۆر باس و نموونەی تری ئاسایش و ئارامی سنورەکانی میر بەدرخان هەیە کە گەرۆك و گەشتیار و ئەوروپاییەکان باسی دەکەن لەبەر دوور و درێژی دەوەستین، ن.س).

هەر جوتیارێك برۆیشتایە بۆ لای میر بەدرخان پارچەیەك زەوی کشتوکاڵی پێدەدا بە پارەیەکی کەم، وە باجێکی کەمیشی دەدا بۆ مەرو ئاژەڵەکان. ئەم باج و ملکانە کە دەیان دا بە دەوڵەتی میر بەدرخان زۆر کەمتر بوو لەوەی کە دەوڵەتی عوسمانی تورکی لێیانی وەردەگرت.

هەروەها میر بەدرخان بە پارەو خۆراك یارمەتی هەژاران و بێوەژنان و پەککەوتووان و بێکەسانی دەدا، مانگ بە مانگ.

## هێزی دەریایی میر بەدرخان

(٣)میر بەدرخان گەورەترین پرۆژەی کارکردنی دامەزراندنی هێزی دەریایی بوو لە گۆماوی (وان)دا. میر بەدرخان بەهەموو توانایەوە هەوڵی دا کە ئەم پرۆژەیە سەر بگرێت و بێتە دی، وە سەرداروو سەرۆك عەشیرەتە کوردەکان و دانیشتوانی ناوچەکە بەگشتی پشتگیری میر بەدرخانیان کرد بۆ ئەم پرۆژەیە.

دروستکردن و سەرکەوتنی ئەم پرۆژەیە دەبوو بەهۆی بوژاندنەوەی ئابووری و بازرگانی ناوچەکانی دەوروبەری گۆماوی وان، لەلایەکی تریشەوە ئەو

(٣) هەمان سەرچاوە.

ناوچانەی بە جۆرێك دەبەست بە یەكەوە لەكاتی پێویستدا بە ئاسانی بتوانن یارمەتی یەكتری بدەن و بە دەنگی یەكەوە بێن.

وە بۆ ئەوەی كە ئەم پرۆژەیە لەسەر بناغەیەكی بەهێز و بتەو دابمەزرێت، میر بەدرخان كۆمەڵێك لە قوتابیانی نارد بۆ ئەوروپا بۆ ئەوەی فێری هونەری تازترین پاپۆرو كەشتی دروستكردن ببن و بێنەوە بۆ كوردستان و دروستی بكەن.

وە بەنیاز بوو كەشتیە كۆنەكان كە بە چارۆكەو باو هەوا كاریان دەكرد لە ناویان بدات و تازەترین پاپۆر و كەشتی نوێ بخاتە جێگایان كە بە نوێترین تەكنیك دروست كرابێت و بەكاری بێنن.

## چاكسازییەكانی میر بەدرخان

[4] لە ساڵی (١٨٣٧-١٨٤٧ز)میر بەردخان بۆ بەهێزكردنی دەسەلآتەكەی و فراوانكردنی سنوری دەسەلآتی میرنشینەكەی و خۆئامادەكردنی بۆ ئاشكراكردنی دەوڵەتی سەربەخۆی كوردی ئەم كارانەی، تەواوكرد لە ماوەی ١٠ ساڵدا.

١-چاكسازی و ئیدارە، رێكخستنەوەی ناو شاری بۆتان و رێكخستنەوەی سوپاكەی و بەهێزكردنی، وە دروستكردنەوەی قەلآو بورج و شورە و دیوارەكانی دەوری شاری بۆتان.

٢-ئاشتبوونەوە و ئاشتەوایی لە نێوان خۆی و سەردارو سەرۆك عەشیرەتە كوردەكان و نەهێشتنی ناكۆكی و ناحەزی لە نێوانیاندا.

٣-بەستنی پەیمانی پیرۆز لە نێوان میر بەدرخان وسەردار و سەرۆك عەشیرەتەكانی كورد و دانانی ئەنجومەنی پەیمانەكە.

[4] هەمان سەرچاوە، ل٢٢٦

٤-دابینکردنی ئارامی و ئاسایش و هێمنی لە سنورەکانی دەسەلاتی میرنشینی بۆتان و نەهێشتنی دزو جەردە و ڕێگر لە ناوچەکەدا.

٥-دابەشکردنی زەوی بەسەر جوتیاراندا بە نرخێکی کەم.

٦-پەیوەندیکردن بە ڕۆژهەلات و باشووری کوردستانەوە.

٧-برینەوەی موچەو یارمەتی بۆ هەژاران و لێقەوماوان.

٨-دامەزراندن و دروستکردنی کارگەی چەك دروست کردن.

٩-دروستکردنی یەکێتی نیشتیمانی بە نزیك کردنەوەی ئەرمەنی و ئاسورییەکان و بەشداری کردنیان لە دەسەلاتی میرنشینەکەیدا و دروستبوونی باوەڕ و متمانەی ڕاستەقینە لە نێوانیاندا.

١٠-دامەزراندنی هێزی دەریایی لە گۆماوی (وان)و ناردنی قوتابیانی کورد بۆ ئەوروپا بۆ فێربوونی دروست کردنی پاپۆر و کەشتی بەشێوەیەکی نوێ.

١١-دیاریکردنی شاری جەزیرەی بۆتان بە پایتەختی دەولەتی کوردی.

١٢-دارشتنی سککەی پارەی کوردی بەناوی میر بەدرخان، دیوێکی نووسرابوو (میری بۆتان-بەدرخان)دیوەکەی تری نووسرابوو (١٢٥٨)کۆچی یانی (١٨٤٢ز).

١٣-میر بەدرخان و هەموو سەردار و سەرۆك عەشیرەتەکانی کورد سوێندی فەرمیان خوارد کە پشتیوانی و پشتگیری ئەم حکومەتە کوردیە بکەن و بیپارێزن.

١٤-ئالآیەکیان دیاری کرد بۆ کوردستان و لەسەر کۆشك و قەلآکانی فەرماندەیی میری بۆتان هەلکراو لە سالی (١٨٤٢ز)حکومەتی بۆتانی کوردی ئاشکرا کرا و دەنگوباسی ئەم سەرکەوتن و ئاشکراکردنە گەیشتە هەموو کوردستانی گەورە و دەولەتانی دراوسێ و ئەوروپا.

میر بەدرخان دەولەتی کوردی بۆتانی دامەزراند و مەترسی و دلەڕاوکێی خستە ناو دەولەتی عوسمانییەوە.

هیچ گومانی تیادا نەما، لەناوبردنی ئەم دەولەتە کوردیە ساوایە بوو بە ئامانج و هەدەف و پیلانی دەولەتی عوسمانی تورکی بۆ لەناوبردنی.

# دەست تێوەردانی ئەمەریکا و ئەوروپا بۆ لەناوبردنی دەوڵەتی کوردی بۆتان

[1]هـەر لـە سـەرەتای سـەدەی نـۆزەوە ئەمـەریکا و بـەریتانیا و فەرەنـسا مـژدە دەرە مەسـیحیەکانیان دەنـارد بـۆ رۆژهـەلات بـە نـاوی (میـسێنیرەکان)ەوە، بەتایبـەتی بـۆ کوردسـتان بـەهۆی ئـەو ئاسـوری و ئەرمەنیەیانـەوە کـە لـەناو کوردسـتاندا دەژیـان، ئەمـەریکا لـە دوای بـەریتانیا و فەرەنـساوە دەسـتیان کـرد بە ناردنی مژدە دەرە مەسیحیەکان بۆ کوردستان.

ئـەوەبوو لـە سـاڵی (١٨٣٠ن) (مـستەر سمیـت و وایـت)بـۆ یەکـەم جـار نێـردران لەلایـەن مەکتـەبی ئەمەریکیـەوە بـۆ رۆژهـەلات نزیـك بـە ئـەرمێنا و کوردسـتان و گەشـت و گـەڕانی خۆیـان دەکـردو بلاویـان دەکـردەوە کـە دەتـوانن پڕوپاگەنـدەی خۆیان بکەن (بۆ بلاوکردنەوەی ئایینی مەسیحی لە کوردستاندا، ن.س).

لـە ڕووی پەیوەنـدی سیاسـیەوە ئاسـورییەکان بـە فـەرمی و ئاشـکرا لـەژێر دەسـەلات و سـایەی پاشـای ئـەرز ڕومـدا بـوون، بـەلام ئـەو ئاسـوریيانەی کـە لەناوچـەکانی هـەکاری و جـەزیرەی بۆتانـدا بـوون لـەژێر فـەرمان و سـایەی (مـار شـەمعون بـەتریار)دابـوون کـە سـەرۆکی ئایینیـان بـوو، وە تـەنها ددانیـان بـە دەسـەلاتی مـیری هەکاریـدا دەنـا کـە نورەئـەللا بـەگ بـوو، دوایـی سـلێمان بـەگی برای بوو بە میری هەکاری.

لـەپێش سـاڵەکانی (١٨٤٠ن)پەیوەنـدی نێـوان کـورد و ئاسـورییەکان لـە ناوچـەی هەکاری زۆر باش بوو، دۆستانە پێکەوە دەژیان.

بـەلام مـژدە دەرەکـانی ئەمـەریکا و ئـەوروپا بـە هـەموو جـۆرێکی دبلۆماسـییەوە دەهـاتن بـۆ ناوچـەکە و بـوون بـە هـۆی تێکـچوونی پەیوەنـدی دۆسـتانی کـورد و ئاسـورییەکان، دیکـۆمێنتی ئـەو سـەردەمە هەیـەو شـایەتی دەدات کـە چـۆن

---

(1) کوردەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، دکتۆر جەلیلی جەلیل، وەرگێرانی دکتۆر، کاوس قەفتان، ل١٣٩.

مـژدەدەران و نوێنـەرانی ئـەوروپا و ئەمـەریكا سـوودیان لـە جیـاوازی ئـایینی نێـوان كورد و ئاسوریەكان دەبینی و دەیانكردن بەگژی یەكتریدا.

لـە ئـەنجامی دەسـت تێـوەردانی مـژدە دەرەكـانی ئـەوروپا و ئەمـەریكا لـە سـاڵی (١٨٤٢ز)بـە رێگـای مـار شـەمعونەوە پەیوەنـدی كـورد و ئاسـورییەكان بـە تـەواوی شێواو ئاڵۆز بوو.

مـیر بـەدرخان دوو نوێنـەری نـارد بـۆ لای مـار شـەمعون بـۆ وتوێـژكردن و ئاشـتەوایی و پشتگیری كردنی بۆ سەركەوتن و پاراستنی دەوڵەتەكەی.

بـەڵام مـار شـەمعون ڕازی نـەبوو چـاوی بـە نوێنـەرەكانی مـیر بـەدرخان بكـەوێت (لەبـەر ئـەوەی نوێنـەرێكی ئینگلیـز (بـێجیر)ناوێـك لـەلای بـوو، ن.س). نوێنـەری بەریتانیا بێجیر بە مار شـەمعونی گوتبـوو لـە هـەموو كـات و ڕووداوێكتـدا پـشت بـە بـەریتانیا ببەسـتە ئـیتر پێویـستت بـە چـاوپێكەوتن و كۆبوونـەوە نییـە لەگـەڵ نێردراوی میر بەدرخاندا.

بـێجیر لـە كتێبەكەیـدا نووسـیویەتی و دەڵێـت: نوێنـەرەكانی مـیر بـەدرخان چـاویان كـەوتبوو بـە براكـەی مـار شـەمعون و هـۆی هاتنەكـەیان بـاس كردبـوو بـۆی، وە ئاگاداریـان كردبـوو لـەوەی كـە میللـەتی كـورد حـەز لـە گفتوگـۆ و ڕێكـەوتن دەكـات چـونكە خـاكی هـەكاری هـی كـوردە و هـی ئاسـوری نییـە. لـە دوایـشدا مـار شـەمعون ئاڵای بەریتانیای لەسەر بارەگاكەی هەڵكردبوو (لەناوچەی هەكاری، ن.س).

وە بەمەبەسـتی لـە هـەڵكردنی ئـاڵای بـەریتانیا ئـەوەبوو كـە بـە كـوردی ڕابگەیـەنێت كە بەریتانیا پشتیوانی و پارمەتیدەریەتی.

وە ئەگـەر كـورد حـەز بكـەن ئاسـورییەكان بـرەنجێنن ئـەوە دەبـێ ڕووبـەڕووی دەوڵەتـە ئەوروپاییـەكان بوەسـتن و ببنـەوە. لـە سـاڵی (١٨٤٣ز)پەیوەنـدی نێـوان كورد و ئاسورییەكان بە تەواوی ئاڵۆز بوو.

(بـێجیر)ی ئینگلیـز كـە گـەڕابووە و سـەری لـە ئاسـورییەكاندابوو هێزەكـانی مـیر بـەدرخان و نـورەڵلا بـەگی بینیبـوو كـە تـەواو لـە ئامـادە باشـیدان، بـۆ ئـەوەی ئەگەر پێویستی كرد پەلاماری ئاسورییەكان بدەن.

(مستەر گرانت)یش هەر وەکو (مستەر بێجیر)دەستی هەبوو لە تێکدانی پەیوەندییەکانی کورد و ئاسورییەکان. (مستەر گرانت) کە زانی بارودۆخەکە ئالۆز بووە بە ئاشکرا گوتی ئەگەر کورد و ئاسورییەکان لە یەك بدەن ئەو دوورە پەرێز دەوەستێت، بە ئاگر خۆشکردنی مژدە دەرە مەسیحیەکانی ئەوروپا و ئەمەریکا و کورتبینی کورد و ئاسورییەکان لە دوای گەشتەکەی (مستەر گرانت)هێزەکانی کورد و ئاسورییەکان پەلاماری یەکیاندا و بە هەزاران ئاسوری تیا چوون و زۆریش لە دێهاتەکانیان تووشی تالآن و وێرانکاری بوون، ئینگلیزەکان کە بەڵێنیان دابوو بە (مار شەمعون)و ئاسورییەکان کە هەتا سەر پشتگیریان دەکەن و یارمەتی دەریان دەبن، چاوەڕوانی ئەوەیان دەکرد کە بزانن شەڕ و ڕووداوەکە بەرەو کوێ دەڕوات.

لە پاش شکست و تیاچوونی ئاسورییەکان هەموو یارمەتی و پشتگیری ئینگلیزەکان بۆ ئەرمەنییەکان هاتە سەر ئەوە هەندێك پارەیان دابەش کرد بەسەر لێقەوماوەکان.

لێدانی دووەمی ئاسورییەکان لە ساڵی (۱۸٤٦ز)بوو. ئەنجارەیان لێدانەکە ئاراستەی ئاسورییەکانی (تحوما)کرا، لێدانەکەیان ئەوەندە توندو تیژ بوو مار شەمعون زۆر بە شپرزەیی خۆی دەرباز کرد و خۆی گەیاندە شاری (وورمێ).

(مستەر جۆزین)کەوتە شوێن لێکۆڵینەوەی شەڕەکەی نێوان کورد و ئاسورییەکان و پەنجەی تاوانبارکردنی بۆ مژدە دەرە ئەمەریکاییەکان و ئینگلیزەکان درێژ کرد و ئەوانی تاوانبار کرد لەو ڕۆژەدا.

کۆمەڵگای تورکیا و ئەوروپا هاتنە سەر هەڵسەنگاندنی شەڕی نێوان کورد و ئاسورییەکان، وە هاتنە سەر ئەوەی کە میر بەدرخان زیانێکی زۆری گەیاندە ئەو ئامانجە دوورەی کە خەباتی بۆی دەکرد بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی.

ئینگلیزەکانیش کوردیان تاوانبار دەکرد لەو شەڕانەدا و وایان دەخستە پێش چاو گوایە لەلایەن کاربەدەستانی عوسمانییەوە هاندراون بۆ لێدانی ئاسورییەکان و لەناوبردنیان.

وە (ئـی. سـۆن)بـەردەوام دەینووسـی بـۆ بـەریتانیا و ئـەوروپا و کـوردی تاوانبـار دەکـرد لـە کێشەی ئاسورییەکاندا و داوای دەکـرد کـە فـشار بخەنـە سـەر دەوڵـەتی عوسمـانی لـە ئەسـتەمبۆڵ بـۆ ئـەوەی کـە دژی مـیر بـەدرخان بوەسـتێت و بـچێتە سەریان بۆ تۆڵەکردنەوەی ئاسورییەکان.

ئـەم ڕووداوە وای کـرد کـە بـەریتانیا زیـاتر لـە جـاران کـار بکاتـە سـەر سـوڵتانی عوسمانی و پەیوەندییەکانی زیاتر بەهێز بکات لەگەڵ ئاسورییەکان.

ئەسـورییەکان پەیوەنـدیان کـرد بـە کۆنـسڵی بـەریتانیاوە لـە موسـڵ. کونـسڵی بـەریتانیاش بـە ڕێگـای نوێنەرەکەیانـەوە لـە ئەسـتەمبۆڵ داوایـان کـرد لـە سـوڵتانی عوسمـانی بـۆ ئـەوەی بـە ڕاسـتی بڕواتـە پێـشەوە بـۆ سـزادانی مـیر بـەدرخان و لێدانی.

# هێرشی عوسمانییەکان و کۆتایی دەسەلاتی میر بەدرخان

[1] دەوڵـەتی عوسمـانی تـورکی نزیکـەی ١٠ سـاڵ بـوو چـاوەڕێی هـەلێکی لـەباری دەکـرد بـۆ ئـەوەی هێـرش بکەنـە سـەر دەوڵـەتی سـاوە و بـێ پـشتیوانی کـورد لـە جەزیرەی بۆتان و میر بەدرخان و دەوڵەتەکەی لەناو بدەن.

نـاکۆکی نێـوان کـورد و ئاسـوری و پـشتیوانی و یارمـەتی و پـشتگیری کردنـی بـەریتانیا و دەوڵـەتانی ئـەوروپا بـۆ عوسمانییـەکان دژی دەسـەلاتەکەی مـیر بەدرخان، عوسمانییەکان ئەمەیان بەهەل زانی و لە دەستیان نەدا.

بـۆ ئـەم مەبەسـتە دەوڵـەتی عوسمـانی فـەرمانیان دا بـە (مارشـاڵ حـافیز پاشـا بـۆ ئـەوەی پەیوەنـدی بکـات بـە مـیر بەدرخانـەوە بـە ڕێگـای نامـە نـاردن و خەڵکـەوە و داوا بکـات لـە مـیر بـەدرخان بـۆ ئـەوەی ددان بنێـت بـە دەڵـەتی عوسمانیـدا و بڕواتـە ژێـر فەرمانیـەوە. حـافیز پاشـا لەشـکرێکی گـەورەی کـۆکردەوە و بارەگـای لەشـکرەکەی بـردە (ئـەرز ڕووم)و پەیوەنـدی کـرد بـە (مـەلا مـەحمودی بایزیدی)یـەوە بـۆ ئـەوەی گفتوگـۆ بکـات لەگـەڵ مـیر بـەدرخان بـۆ ددانـنـان و ملکـەچ کردنـی بـۆ دەوڵـەتی عوسمـانی و سـوڵتانەکەی. بـە قـسەی کونـسڵی ڕوسـیا (ئـە. ژاپا)لە ئەرز ڕووم.

دەڵـێن: مـەلا مـەحمود بایزیـدی ئـەم ڕاسـپاردەی بـەجێ هێنـاو گەیاندیـە مـیر بەدرخان، بەلام وەلامی نەبوو.

لـە پـاش ماوەیـەك کامیـل بـەگ سـەرداری ئـەرز ڕووم مـەلا مـەحمودی بایزیـدی نـارد بۆ لای نورەڵلا بەگ لە هەکاری بۆ ئەوەی لەو بارەوە گفتوگۆی لەگەڵدا بکات.

(ئـە. ژاپـا)دەڵێـت: ڕۆیـشتنی مـەلا مـەحمودی بایزیـدی و ئەنجامەکـەی بـە دڵـی کامـل بـەگی سـەرداری ئـەرز ڕووم بـوو. هـەر لـەو ماوەیـەدا یـەکێك لـە کـار بەدەسـتانی

---

[1] کوردەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، دکتۆر جەلیلی جەلیل، وەرگێرانی دکتۆر، کاوس قەفتان، ٢٤٢

دەوڵەتی عوسمانی توانی خان مەحمود (ئەندامی پەیمانی پیرۆز)بانگ بکات بۆ ئەرز ڕووم.

خان مەحمود لە زمانی کوردی بەو لاوە هیچ زمانێکی تری نەدەزانی. مەلا مەحمودی بایزیدیان هێنا بۆ تەرجومانکردنی و پێشوازیەکی گەرمیان کرد لە خان مەحمود.

وە مەلا مەحمودی بایزیدی ترجومان بوو لە نێوانیاندا. لە دوای قسەکردن و گفتوگۆیەکی زۆر خان مەحمود گەڕایەوە بەرەو بۆتان و گەیشتە شارۆچکەی (خافاس)کە نزیکەی ١٠ کیلۆ مەتر دوورە لە ئەرز ڕوومەوە.

شارۆچکەکەی داگیرکرد و فەرمانبەرە تورکەکانی دەکرد و ئالای ڕاپەڕینی هەڵکرد دژی عوسمانیەکان. کامیل بەگ سەرداری ئەرز ڕووم گومانی پەیدا کرد لە مەلا مەحمودی بایزید (کە لەگەڵ میر بەدرخان بێت و وەکو پێویست تەرجومانی نەکردبێت، ن.س).

بە تایبەتی لە پاش ڕاپەڕینەکەی خان مەحمود فەرمانی گرتنی مەلا مەحمودی بایزیدی دا و ١٥ ڕۆژ زیندانی کرا و دوایی بەریدا. مەلا مەحمودی بایزید لە دوای بەربوونی لە زیندان دەیویست نۆکەری بکات بۆ تورکەکان، بەلام تورکەکان باوەڕیان پێی نەدەکرد و تاوانباریان دەکرد.

سەرداره تورکەکان بە فەرمانی سوڵتانی عوسمانی دەڕۆیشتن بۆ لای سەرۆک عەشیرەتە کوردەکان بە ناوی سوڵتانەوە و دیارییان بۆیان دەبرد و ڕێزیان لێیان دەگرت بۆ ئەوەی دڵسۆزی خۆیان دەربڕن بۆ خەلیفەو سوڵتانی عوسمانی، بەلام هەوڵەکانیان پێ ئەنجام بوو کەس لە سەرۆک عەشیرەتەکان ڕوویان پێیان نەدابوو.

مێژوونووسی تورک (لوتفی)دەڵێت: چەند جار سوڵتان لە ئەستەمبوڵەوە کەمال پاشای ئەندامی شورای سوڵتانی ناردوە بۆ لای میر بەدرخان بۆ ڕازی کردنی بۆ دانانان بە دەسەلاتی سوڵتانی عوسمانیدا.

بەلام میر بەدرخان داواکاریەکەیانی داوەتە دواوە و ئەنجامی نەبوو. لە مانگی مارت-ئازاری (١٨٤٧ز)عوسمانی پاشا بوو بە فەرماندەی هێزەکانی عوسمانی

تورك لە ئەرز ڕووم. وە هەموو ڕۆژنامەکان باسی ئەوەیان دەکرد کە دەوڵەتی عوسمانی هێرش دەکاتە سەر جەزیرەی بۆتان و دەوڵەتەکەی میر بەدرخان.

ڕۆژنامەنووسی ئەرمەنی (ئارشا لویس ئارتیان)بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە و لەو دەنگوباسانە دەدوا کە دەوڵەتی عوسمانی هەوڵی زۆری داوە لەگەڵ میر بەدرخان بە ڕێگای ئاشتیانەو گفتوگۆ و پێشنیارکردن، وە بە ڕێگای هەڕەشە و بەکارهێنانی هێز و چەکەوە، نەیانتوانی میر بەدرخان ڕازی بکەن بۆ ئەوەی ددان بنێت بە دەسەڵاتی سوڵتانی عوسمانیدا بۆیە دەوڵەتی عوسمانی بەنیازە بەهێزێکی گەورەوە بە سەرکردایەتی عوسمان پاشا بدات بەسەر شاری جەزیرەی بۆتان، وە لەکاتی پێویستدا سەرداری دیار بەکر یارمەتی و پشتگیری دەکات، لەگەڵ کۆتایی مانگی ئایاری ساڵی (١٨٤٧ز) عوسمانی پاشا بە لەشکرێکی گەورەوە گەیشتە ئەرز ڕووم و دەستی کرد بە ڕەش بگیرکردن بۆ سەرباز کۆکردنەوە لە ناوچەکەدا.

[٢]لە سەرەتای مانگی حوزێرانی ساڵی (١٨٤٧ز)عوسمان پاشا بە لەشکرێکی گەورەوە هێرشی کرد و هەر لە سەرەتای هێرشەکەیەوە کەوتە لێدانی ئەو شارۆچکە و گوندانەی کە هاوپەیمانی میر بەدرخان بوون لە باکووری جەزیرەی بۆتان، لە پێش هەموویانەوە پەلاماری (عەبدالْ خان)ی سەرداری (هەکاری میوکیوس)ی داو هەموو ناو ناوچەکەیانی داگیرکرد و عەبدال خانیان گرت بە دیل و لەگەڵ بنەماڵەکەیدا ڕەوانەی دوورگەی (ڕۆس)یان کردن و دووریان خستنەوە لە کوردستان زۆری نەبرد مستەفا بەگ و چەکدارەکانی خۆیان دا بەدەستەوە.

هێزەکانی عوسمان پاشای تورك لە سێ لاوە گەمارۆی شاری جەزیرەی بۆتانیاندا و هێرشیان بۆی کرد، لەلای ڕاستەوە بە سەرکردایەتی عومەر پاشا هێرشیان کرد، لەلای چەپەوە هێزێك بە سەرکردایەتی سابیر پاشا هێرشیان کرد. لە ناوەندیشەوە بۆ ناو جەرگەی شاری بۆتان بە سەرکردایەتی عوسمانی

---

[٢] هەمان سەرچاوە، ل٢٤٤

پاشا خۆی، لە هەر سێ لاوە پەلاماری شاری بۆتانیاندا پایتەختی میری بەدرخانیان.

لەم هێرشە گەورەیەدا بۆ سەر جەزیرەی بۆتان و میر بەدرخان دەوڵەتی عوسمانی هەموو سوپا و سەردارەکانی ناوچەکانی خەربووت، ئۆرفە، دیار بەکر، ئەرز ڕووم، بەغدا، موسڵی کۆ کردەوە و بەشداریان کرد لە داگیرکردنی شاری بۆتان.

لەم هێرشە گەورەیەدا سوپای عوسمانی بە سەرکردایەتی عوسمانی پاشا پێك هاتبوو لە ٢٥ هەزار سەرباز و جاش. هەرچی هێزەکانی میر بەدرخان بوو خۆی دەدا لە (١٥-١٧)هەزار چەکدار.

هێزەکانی عوسمان پاشا بەشێکیان ڕوویان کردە ناوچەکانی هەکاری بەو نیازەی کە ڕێگا بگرن لە نورەڵلا بەگ و خان مەحمود ئەندامانی پەیمانی پیرۆز و سەرکردە لە سوپای میر بەدرخان بۆ ئەوەی ڕێگای فریاکەوتن بگرن لە میر بەدرخان.

بەڵام ئەوانیش دامەزرابوون لە شاخەکان بۆ بەرگریکردن لە خۆیان، میر بەدرخان ئامادەکاری باشی کردبوو لە شوێنە شاخاوییە سەختەکاندا.

لە یەکەم هێرش و پەلاماردانەدا سوپای میر بەدرخان سەرکەوتنیان بەدەست هێنا و سوپای عوسمانییەکان تێکشان.

بەڵام لە بەردەوام بوونی شەڕدا (یەزدان شێر)ئامۆزای میر بەدرخان و سەرکردەی هێزەکانی دەستی ڕاستی خیانەتی کرد و کەوتە پێش سوپای عوسمانییەکانەوە و پشتیان گرت لە هێزەکانی میر بەدرخان و تێکیان شکاندن و زۆریان خۆیان دا بە دەستەوە. میر بەدرخان خۆی و (٥-٦)هەزار کەس لە لەشکرەکەی خۆیان قایم کرد بۆ شەڕ و بەگریکردن لەناو قەڵای (ئارۆخ) عوسمان پاشا بە لەشکرەکەیەوە دەستوبرد لە چوار لاوە ئابلوقەی قەڵاکەیان دا و هەموو ڕێگایەکیان لێی بڕی. لە پاش سێ ڕۆژ شەڕو بەرگری لەناو قەڵای (ئارۆخ)و نەبوونی فریاکەوتن و تەواوبوونی ئاو و خۆراك میر بەدرخان ناچار بوو داوای گفتوگۆ و ڕێکەوتنی کرد لە عوسمان پاشای تورك و لە ٢٧ی تەمموزی

ساڵی (١٨٤٧ن)پێکهاتن و میر بەدرخان گفتی وەرگرت لە عوسمان پاشا کە گیان و ژیانی خۆی و ئەوانەی کە لەگەڵیدا بوون لەناو قەلاکەدا پارێزراو بێت، بەو مەرجە دەرگای قەلأی (ئارۆخ)یان کردەوە و میر بەدرخان خۆی و چەکدارەکانی خۆیاندا بە دەستەوە و تەسلیم بوون بە عوسمان پاشا عوسمانی تورك.

میر بەدرخان لە (١٨٤٧/٧/٢٧ن)خۆی دا بە دەستەوە، لەگەڵ خۆ بەدەستەوەدانی میر بەدرخان هێزەکانی عوسمانی دەستیان کرد بە تالأنکردنی دێهاتە کوردەکان.

وە هەرچی موڵك و ماڵ و سامانی میر بەدرخان کە هەیبوو خستیانە زیادکردنەوە بۆ فرۆشتن، و بە گەیشتنی دەنگوباسی سەرکەوتنی عوسمانییەکان و بەدیل گرتنی میر بەدرخان، عوسمانییەکان لە ئەستەمبوڵ ئاهەنگی سەرکەوتنیان ساز کرد.

میر بەدرخان بەخۆی و بنەماڵەکەیەوە بە پاراستنێکی زۆرەوە ڕەوانەی ئەستەمبوڵ کران و لە ڕۆژی (١٨٤٧/٩/٩ن)گەیشتنە ئەستەمبوڵ و پێشوازییان لێ کرا لەلایەن ڕەشید بەگ کۆنە قایمقامی دیار بەکر و عەبدول قادر کە لە بەغداوە هاتبوو.

میر بەدرخان خۆی و بنەماڵەکەی لە پاش ماوەیەکی کەم لە ئەستەمبوڵەوە دوور خرانەوە بۆ دوورگەی (کریت کران). وە دەوڵەتی عوسمانی یەزدان شێریان کرد بەسەرداری جەزیرەی بۆتان لە دوای خیانەتەکەی. میر بەدرخان لەکاتی شەڕی گاور و موسڵمانەکاندا یارمەتییەکی زۆری گاورەکانی دابوو وە هێنابوونی بۆ لای خۆی و پەنایانی دابوو، وە گاور و موسڵمانەکانی ئاشت کردبووە.

کە میر بەدرخان بەخێزانەوە گەیشتە دوورگەی (کریت کران)ڕێزێکی زۆریان لێ دەگیرا لەلایەن دانیشتوانەکەوە کە زۆربەیان گاور بوون. میر بەدرخان تەمەنێکی درێژی لە دوورگەی (کریت کران)بردەسەر و لە پاش ماوەیەکی زۆر

داوای کرد لە دەوڵەتی عوسمانی بیان گوێزنەوە بۆ سوریا و بڕیاریان لەسەری داو و لە سوریا جێنشین بوون.

میر بەدرخان لە ساڵی (١٨٦٨ز)لە سوریا کۆچی دوایی کرد و لە دنیا دەرچوو.

## یەزدان شێرو ڕاپەرینەکەی ساڵی (١٨٥٣ز)

[١]یەزدان شێر ئامۆزای میر بەدرخان بوو کە ساڵی (١٨٣٧-١٨٤٧ز)دەوڵەتی جەزیرەی بۆتانی دامەزراند لە باکووری کوردستان.

یەزدان شێر یەکێك بوو لەسەر لەشکرەکانی دەستی ڕاستی سوپاکەی میر بەدرخان، وە جێگای متمانەو باوەڕی میر بوو، لەکاتی هێرشکردنی سوپای دەوڵەتی عوسمانی تورك بە سەرکردایەتی عوسمان پاشای فەرماندەی سوپای عوسمانی تورك.

یەزدان شێر سەرلەشکری دەستە ڕاستی میر بەدرخان و ئامۆزای بەنهێنی پەیوەندی کردبوو بە دەوڵەتی عوسمانیە و گفتی لێیان وەرگرتبوو کە یارمەتیان بدات بۆ داگیرکردنی جەزیرەی بۆتان و بەدیل گرتنی میر بەدرخان بە مەرجێك میرێتی میرنشینی بۆتان بدەن بەو لە دوای گرتنی میر بەدرخان و تەسلیم کردنی لەشکرەکەی.

ئەوە بوو یەزدان شێر ئامۆزای میر بەدرخان و سەرکردەی دەستی ڕاستی خیانەتی لێی کرد و کەوتە پێش لەشکری عوسمانییەکانەوە و پشتیان گرت لە میر بەدرخان و هێزەکانی و گەمارۆی قەڵاکەیان دا لە هەموو لایەکەوە و تێکشکان و زۆریان خۆیان دا بەدەستەوە. وە میر بەدرخان ناچار کرا و خۆیدا بەدەستەوە و کۆتایی هات بە دەسەڵاتەکەی. وە یەزدان شێریان کرد بە سەرداری شاری بۆتان.

---

[١] کوردەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، دکتۆر جەلیلی جەلیل، وەرگێرانی دکتۆر، کاوس قەفتان، ٢٤٤.

# راپەرینی یەزدان شێر لە ساڵی (١٨٥٣ز)

[1] لە دوای گەمارۆدانی شاری جەزیرە و قەلای (ئارۆخ)بە خیانەت و یارمەتیدانی یەزدان شێر و تێکشکاندنی هێزەکانی میر بەدرخان و خۆبەدەستەوەدانی و دوورخستنەوەی بۆ دوورگەی (کریت کران)دەوڵەتی عوسمانی یەزدان شێریان کرد بە سەرداری شاری بۆتان.

بەلام لە پاش پێنج ساڵ سەرداری یەزدان شێر لە شاری بۆتان دەوڵەتی عوسمانی هەستیان کرد بە بەهێزبوونی یەزدان شێر و میرنشینی بۆتان و زۆربوونی جەماوەر لە دەوری و سەپاندنی دەسەلاتی بەسەر ناوچەکەدا.

دەوڵەتی عوسمانی ترسیان لێنیشت لە یەزدان شێر لێیان هەڵبگەرێتەوە و سەربەخۆیی ئاشکرا بکات.

بۆیە لەسەرداری میرنشینی بۆتان دووریان خستەوە و سەردارێکی تورکیا بۆ دامەزراند و شاری بۆتانیان بە سوپای عوسمانی تەنییەوە.

زوڵم و زۆری کار بەدەستان و سەرباز و پۆلیسی عوسمانی لە ناوچەکەدابوون بە هۆی پشێوی و نارەزایی دەربرینی ناوچەکە و بێزاربوونیان لە دەسەلاتی دەوڵەتی عوسمانی.

بە راگەیاندن و بلاوبوونەوەی دەنگوباسی شەڕی نێوان روسیا و دەوڵەتی عوسمانی و کشانەوەی بەشێك لە هێزەکانی کوردستان و ناردنیان بۆ بەرەی شەڕی روسیا لە کفکاسیا.

یەزدان شێر ئەمەی بەهەل زانی و لە دەستی نەداو لە ساڵی (١٨٥٢ز)دەستی دایە چەك و راپەرینی بەرپاکرد دژی دەوڵەتی عوسمانی، وە بەماوەیەکی کەم شاری بۆتانی لە سوپا و کاربەدەستانی عوسمانی پاککردەوە و خێڵ و عەشیرەتەکانی ناوچەی بەتلیس و عەشیرەتەکانی یەزیدیش چوونە ریزی راپەرینەکەوە و پشتیوانی خۆیان دەربری بۆ یەزدان شێر.

وە هەموو ئەرمەنی و ئاسورییەکانی ناوچەکەیش پەیوەندییان بە راپەرینەکەوە کرد و بەشداریان کرد لە شەرەکاندا.

لەساڵی (١٨٥٤ز)هێزەکانی راپەریوی یەزدان شێر بەتلیس و شارۆچکەکانی دەوری موسڵ یان ئازادکرد. لەشکرەکەی یەزدان شێر گەیشتە ٣٠ هەزار جەنگاوەر. سوڵتانی عوسمانی هەوڵی زۆریدا بۆ ئەوەی دووبەرەکی دروست بکات لەناو لەشکرەکانی یەزدان شێردا. بەلام سەری نەگرت.

---

[1] جولانەوەی رزگاری نیشتیمانی کوردستان، دکتور عەزیز شەمزینی، ل٧٩

دەوڵەتی عوسمانی ناچار بوو پەنای برد بۆ لەشکرەکانی بەغداو بەسراو ناوچەکانی تری ژێر دەسەلاتی بۆ بەشداریکردنیان بۆ لێدانی لەشکرەکەی یەزدان شێرو لەناوبردنی. وە شاری (سیرت)یان کرد بە ناوەندی کۆکردنەوەی سوپای عوسمانی بۆ پەلاماردانی لەشکری راپەریوی یەزدان شێر.

لە ناوەراستی ساڵی (١٨٥٤ن)کوردە یەزیدییەکان بە سەرکردایەتی (میر ماریەزدین)هێرشیان کردە سەر سوپای عوسمانی و لە ناوچەکەدا و دەریان پەراندن و ناوچەیەکی فراوانیان ئازاد کرد و هەموو فەرمانبەرو کاربەدەستانی عوسمانی کە لە ناوچەکەدا بوون دەریان کردن.

لەشکری راپەریوی یەزدان شێر بە چەکی عوسمانییەکان خۆیان پڕ چەك کرد و لەشکرەکەی لە (٦٠–١٠٠)هەزار چەکدار پێهاتبوو.

سەرکەوتنەکانی لەشکری راپەریوی کورد و شکستەکانی سوپای عوسمانی، دەوڵەتی عوسمانی بە تەواوی شپرزە کردبوو.

بە تایبەتی ئەو سوپای عوسمانییەی کە لەبەرەکانی شەڕی کفکاس (قەفقاس)ی ڕوسیا کە لە شەڕدابوون یەزدان شێر بیری لەوە کردەوە کە سوود وەربگرێت لە دوژمنی دوژمنەکەی و هاوکاری بکات لەگەڵ سوپای ڕوسیا و یەك بگرن بەهەردوو لایان و بکەونە شەڕ بەرامبەر بە سوپای عوسمانی کە دوژمنی هاوبەشیانە.

یەزدان شێر لە ماوەیەکی کەمدا پێنج نامەی ناردبوو بۆ سەرکردەی هێزەکانی ڕوسیا لە یەریڤان و لە نامەکانیدا داوای پەیوەندی دوو قۆڵی لێ کردبوو بۆ هاریکاری و یارمەتیدانی یەکتر دژی دوژمنی هاوبەشیان کە دەوڵەتی عوسمانیە.

یەزدان شێر لە نامەکانیدا بۆی نووسیبوو کە لەشکری کورد لە ناوچەکانی وان و بەتلیسەوە هێرش دەبەن و پشت لە سوپای عوسمانی دەگرن لە کەفکاسیاو لێی دەدەن. وە ڕوسیاش لە پێشەوە لێیان بدات.

بەڵام سەرکردەی سوپاکانی ڕوسیا وەلامی نامەکانی یەزدان شێریان نەدایەوە بەهیچ جۆرێك. یەزدان شێر کە نائومێد بوو لە وەڵامی سەرکردەی سوپاکانی ڕوسیا لە یەریڤان.

نامەی ناردوو پەیوەندی کرد بە (ببۆتۆف)لێپرسراوی ستادی سوپای ڕوسیا لە کەفکاسیا و داوای هاریکاری و پشتگیری لێی کرد دژی سوپای عوسمانی و دوژمنی هاوبەشیان.

(ببۆتۆف)لە وەڵامەکەیدا داوای کردبوو لە یەزدان شێر دەست لەشەڕ هەڵبگرێت دژی دەوڵەتی عوسمانی و بڵاوە بە هێزەکانی بکات و کۆتایی بە راپەرینەکەی بێنێت لە ناوچەکەدا.

لە دوایيدا بۆ یەزدان شێر دەرکەوتبوو کە (ببۆتۆقی)نەك نەی ویستبوو هاریکاری و یارمەتی یەزدان شێر بدات، بەڵکو بە درێژی ئەو ماوەی کە یەزدان شێر ڕاپەریوە لە کوردستان ببۆتۆقی نەی هێشتبوو هێزەکانی ڕوسیا هێرش بکەن بۆ سەر سوپای عوسمانی و فشار بخەنە سەریان. ئەم هەڵویستەی ببۆقی دەرفەتێکی باش بوو بۆ عوسمانییەکانی سازکرد بۆ ئەوەی کە بەشێك لە هێزەکانی لە قەفقازیان بکشێتەوە بۆ باکووری کوردستان و دژی ڕاپەرینەکەی یەزدان شێر بەکاریان بێنێت.

کونسولی بەریتانیا (نمرود ڕوسانی)لە شاری موسڵ ئاگادار کرابوو بەو پەیوەندییانەی یەزدان شێر و بێ ئەنجامیەکەی لەگەڵ سەرکردەکانی سوپای ڕوسیا لە یەریڤان و قەفقاسیا.

کونسولی بەریتانیا لە موسڵ پەیوەندی کردبوو بە یەزدان شێرەوە و ئامادەیی خۆی دەربڕیبوو بۆ دروستکردنەوەی پەیوەندی نێوان کورد و دەوڵەتی عوسمانی. وە ئامادەیی و یارمەتی بەریتانیای دەربڕی بوو بۆ یەزدان شێر.

بۆ ئەم مەبەستە داوای کردبوو لە یەزدان شێر کە سەردانی بکات بۆ کونسوڵخانەی بەریتانیا لە موسڵ بۆ ئەوەی هەردوو لایان پێکەوە لە کێشەکە بکۆڵنەوە و چارەسەری بۆ بدۆزنەوە.

یەزدان شێر باوەڕ و متمانەی کردبوو بە نامە و قسەکانی کونسولی بەریتانی و ڕۆیشتبوو بۆ موسڵ بۆ چاوپێکەوتن و گفتوگۆکردن لەگەڵیدا.

بەلام کوسنولی بەریتانیا (نمرود ڕوسیانی)لە باتی وتوێژکردن و گفتوگۆ و چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی، خیانەتی کردبوو لە یەزدان شێر و لە ناو کونسولخانەکەدا کەمینی بۆی دانابوو یەزدان شێری گرتبوو و بەدیلی ڕەوانەی ئەستەمبۆلی کردبوو، بە گرتنی یەزدان شێر و تەسلیم کردنی بە دەوڵەتی عوسمانی لەشکرەکەی بلاوەیان لێی کرد و ڕاپەرینەکەی دامرکایەوە و کۆتایی هات بە ڕاپەرینەکەی یەزدان شێر.



شێخ عوبدیدوڵلای نایری سەرۆکی شۆڕشی باکووری کوردستان لە (١٨٨٠ز) بۆ (١٨٨١ز)

# شێخ عوبەیدوڵلای نایری یان شەمزینی لە ساڵی (١٨٨٠-١٨٨١ز)

[1]شێخ عوبەیدڵلای نایری کوڕی شێخ تەهایە سەرۆکی ئایینی ڕێگای نەقشبەندی لە باکووری کوردستان لە ناوچەکانی شەمزینان و هەکاری و دیار بەکر...هتد.

شێخ عوبەیدوڵلا هەر لە منداڵیەوە باوکی مەلا و مامۆستای باشی بۆی دابین کردوە و فێری خوێندەوارییەکی باش بووە. وە شارەزاییەکی باشی هەبوو لە

[1] ڕاپەڕینی کوردەکان لە ساڵی ١٨٨٠ز، دکتۆر جەلیلی جەلیلی، وەرگێرانی دکتۆر کاوس قەفتان. ل٧٧

ئـاییني ئیـسلام و قورئـاني پـیرۆز و حەدیـسەکاني پێغەمبـەر درووديی خـوداي لـێ بێت.

شـێخ عوبەیـدوڵلا بێجگـە لـە زمـاني کـوردي زمانـەکاني تـورکي و فارسـي و عـەرەبي دەزانـي بـە قـسەکردن و خوێنـدن و نووسـین. شـێخ عوبەیـدوڵلا هـەر لـە سـەرەتاي لاويـەوە بـە پیـاوێکي ڕوو خـۆش دادپـەروەر ناسـرابوو، وە خـەڵکي خۆشـیان دەویست. وە بڕواو متمانەیان بە قسەکاني هەبوو.

شـێخ عوبەیـدوڵلا نزیکـەي ٢٠٠ گونـدي هـەبوو لـە ناوچـەي شـەمزینان، ئـەم گوندانەي شێخ عوبەیەدوڵلا لە شێخ تەهاي بەوکیەوە بۆي مابوویەوە.

سـوڵتاني عوسمـاني لـەکاتي خۆیـدا چـەند گونـدێکي دابـوو بـە شـێخ تـەهاي بـاوکي شـێخ عوبەیـدوڵلا بـەناوي خـەرجي و مەسـرەفي تەکیەکـەوە لـەباتي موچـەي مانگانەي دەوڵەت.

وە شـێخ تـەها خۆیـشي چـەند گونـدێکي کـڕي بـوو یـان داگـیري کردبـوو. لـەکاتي شـێخ عوبەیـدوڵلادا ببـوو بـە نزیکـەي ٢٠٠ گونـد. شـێخ عوبەیـدوڵلا لـە دواي بـاوکي بـوو بـە سـەرۆکي ئـاییني ڕێگـاي نەقـشبەندي و خەلیفـەو دەروێـشێکي زۆري هـەبوو لـە ناوچـەکەدا و لـەناو شـارەکاني تـري تورکیـا. شـێخ عوبەیـدوڵلا بـە تـەواوي لـە ناوچـەکەدا دەسـەلاتي هـەبوو و دەسـتي دەڕۆیـشت. دزو جـەردە و ڕێگـر و پیـاو خراپـي نەهێـشتبوو لـە ناوچـەکەدا. بـەبێ بـەزەیي دەسـتي لێیـان دەوەشـاند و ئاسایش و ئارامي تەواوي لە ناوچەکەیدا دابین کردبوو.

وە هـەموو کێـشەو گێروگـرفتي دانیـشتواني گونـدەکاني ناوچـەکە هـەبوو لـە نـاکۆکي و کێـشەو دوژمنایـەتي هـەموو خـۆي چارەسـەري دەکـردن و نەدەگەیـشت بـە پـۆلیس و دادگاکـاني دەوڵـەتي عوسمـاني. خـۆي سەرچـاوەي هـەموو پـرس و چارەسەرکردنێك بوو.

شـێخ عوبەیـدوڵلا ناوبـانگ و شـوێنێکي بـەرزي هـەبوو لـە نـاو کـورداني بـاکوور و بەشـێك لـە ڕۆژهـەلاتي کوردسـتان بـیرو بۆچـوونەکاني شـێخ عوبەیـدوڵلا بـۆ ڕزگـارکردني کوردسـتان بـە ڕێگـاي ئـاییني ئیـسلام و دادپەروەرییـەوە دەسـتي پێي کرد بۆ بەرگري کردن لە ماف خەڵکي کوردستان.

لـەو سـەردەمەدا دەسـەلاتي دەوڵـەتي عوسمـاني تـورك لـە هـەموو وڵاتـاني ئیـسلامدا ناوبـانگي دەرکردبـوو بـۆ زوڵـم و زۆري کـار بەدەسـتان و موچـە خـۆران و جەندرمـەو سـەربازەکاني بـۆ وەرگـرتني بـەرتیل و سـەرانە و داگیرکردنـي موڵـك و ماڵ و ساماني خەڵکي و تالان کردن و ڕاو و ڕووتکردن.

# خۆ ئامادەکردنی شێخ عوبەیدوڵڵای نایری بۆ ڕاپەرین و شۆڕش

[(١)] زوڵـم و زۆری دەوڵـەتی عوسمـانی و موچـەخۆر و جەندرمـەو سـەربازەکانی، وە شـەڕی نێـوان دەوڵـەتی عوسمـانی و ڕوسـیا، وە شـەڕی نێـوان دەوڵـەتی عوسمـانی و میـسر و لاوازبـوونی دەوڵـەتی عوسمـانی لـە هـەموو ڕوویەکـەوە بـوون بـەهۆی هانـدانی شـێخ عوبەیـدوڵڵا بـۆ جێبـەجێکردنی بیروبۆچـوونە ئازادیخوازەکـانی و بـەرپاکردنی ڕاپـەرین و شۆڕشـی چـەکداری بـەرفراوان بـۆ ڕزگـاری و ئـازادکردنی کوردسـتان، بـۆ ئـەم مەبەسـتە شـێخ عوبەیـدوڵڵا دەسـتی کـرد بـە خۆئامـادەکردن بـۆ شۆڕشـێکی بـەرفراوان و درێژخایـەن. بـۆ ئـەم مەبەسـتە شـێخ عوبەیـدوڵڵا پێشوەخت پەیوەنـدی کـرد بـە بنەماڵـەی مـیر موحەمـەدی ڕەوانـدز و بنەماڵـەی مـیر بـەدرخانی بۆتـان لـە جـەزیرەی بۆتـان و گـەورە پیـاوانی شـاری بـەتلیس و سـاوج بلاخ (سابلاخ–مهاباد) و وورمێ و شنۆ و...هتد.

زۆر لـە سـەرۆك خێـڵ و عەشـیرەتەکانی کوردسـتان، هـەر هـەموو ئەوانـەی کـە شـێخ پەیوەنـدی کردبـوو پێیانـەوە بـە گەرمیـەوە پێـشوازیان لـێ کـرد و ڕەزامەنـدیان دەربڕی بۆ پشتگیری کردنی.

[(٢)](گریلـی)کوسـنولی ڕوسـیا لـە ئێـران لـە کـانوونی یەکـەمی سـاڵی (١٨٧٩ز) ڕاپۆرتێـك دەنووسـێت بـۆ وەزارەتـی دەرەوەی ڕوسـیا و دەڵێـت (شـێخ عوبەیـدوڵڵا)بـەنیازە دەسـت بـە ڕاپـەرین بکـات دژی دەوڵـەتی عوسمـانی بـۆ دامەزرانـدنی دەوڵـەتێکی کـوردی سـەربەخۆ لـە کوردسـتانی عوسمـانی بـە سەرۆکایەتی خۆی، وە شاری موسڵ بکات بە پایتەختی.

شـێخ عوبەیـدوڵڵا لـە ڕووی سیاسـیەوە بـاوەڕ و متمانـەی زیـاتر بـە ڕوسـیا بـوو نـەك بـەریتانیا. شـێخ عوبەیـدوڵڵا چـەند جارێـك پەیوەنـدی کردبـوو بـە کونـسولی

---

[(١)] ڕاپەرینی کوردەکان، ساڵی (١٨٨٠ز)، دکتۆر جەلیلی جەلیل، وەرگێرانی، دکتۆر کاوس قەفتان، ل٧٩

[(٢)] هەمان سەرچاوە.

ڕوسیاوە لە شاری ئەرز ڕووم و داوای یارمەتی و پشتگیری ڕوسیای لێی كردبوو بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێكی كوردی.

كاتێك كە كونسولی ڕوسیا گراپەوە لە شاری (وان)شێخ زیاتر هەوڵی خۆ نزیك كردنەوەی دابوو، دووجار یوسف ئاغای نوێنەری خۆی ناردبوو بۆ لای كونسولی ڕوسی لە شاری (وان)، بۆ جاری سێیەم شێخ عوبەیدوڵلا بە نوێنەری خۆی سەید موحەمەد سەیدی ناردبوو بۆ لای كونسولی ڕوسیا لە (وان) سەید موحەمەد سەید لە لەكاتی گفتوگۆكانیدا لەگەڵ كونسولی روسیا لە وان، ویستبووی سەرنجی كونسول ڕابكێشێت، گوتبووی شێخ لەم شۆڕش و ڕاپەرینەدا دژی دەوڵەتی عوسمانی پشت بە ڕوسیا دەبەستێت بۆ پشتیوان و یارمەتیدان و لێپرسینەوە، وە هەمیشە حیسیابی بۆ ڕوسیا كردوە لەبەر ئەوەی هاوسێ و هاوسنوری كوردستانن. لەبەر ئەوە هەموو كاتێك زیاتر لەبەریتانیا ڕێزی لێ دەگرێت.

هەروەها سەید موحەمەد گوتبووی ئەگەر هات و ڕوسیا كەوتە شەڕەوە لەگەڵ دەڵەتی عوسمانی كورد بۆی هەیە كار بكاتە سەر چارەنووسی شەڕەكە.

لەبەر ئەوەی كە هەموو ڕێگا شاخاوییە سەخت و گرنگەكانی وان و دیار بەكر بە دەستی ئەوانەوە (كوردەوە)دەبێت بەڵام كونسولی ڕوسیا لە وان هەموو كاتێك كە ئاگاداری باڵوێزی ڕوسیای لە ئەستەمبوڵ دەكردەوە دەربارەی نوێنەرەكانی شێخ و گفتوگۆكانی نێوانیان، ڕای خۆی دەردەبڕی و دەی گوت باشتر وایە ئاوڕ لە داواكارەكانی كورد نەدرێتەوە و كێشەی كورد نەكات بە كێشەی خۆی، باشتر وایە كە كێشەی مەسیحیەكانی ڕۆژهەلآت بكەن بە ئامانج و هەدەف و پشتگیری بكرێت.

(ن ا. خەلیفین)دەڵێت: ئەم سیاسەتی كونسولی ڕوسی لە وان لەسەرچاوەی وەزارەتی دەرەوەی قەیسەری ڕوسیاوە هەڵقولآبوو (بۆ ئەوەی یارمەتی كورد نەدرێت لە ڕاپەرینەكانیدا، ن.س).

بە بیروو بۆچوونی شێخ عوبەیدوڵلا باكوور و رۆژهەلاتی كوردستان بە یەك پارچەیی دەست بەدەنە ڕاپەڕین و شۆڕش دژی حكومەتی عوسمانی و دەوڵەتی ئێران، و دامەزراندنی یەك دەوڵەتی كورد بۆ كوردستان.

وە شێخ عوبەیدوڵلا هەوڵی ئەوەشی دەدا كە میللەتە چەوساوەكانی تری ژێردەستی دەوڵەتی عوسمانی وەكو عەرەب و ئەرمەنی و ئاسوورییەكان بەشداری بكەن لەم ڕاپەڕین و شۆڕشەدا.

وە هەوڵی ئەوەشی دابوو كە پشتگیری میللەتانی دراوسێش دەسگەر بكات.

بۆ ئەم مەبەستە شێخ پەیوەندی كرد بە مار شمعون سەرۆكی ئایینی ئاسوورییەكان و شەریفی مەكە و عەرەبەكانی بەغداو دەورووپشتی بە ڕێگای فەرغان پاشای سەرۆكیانەوە، وە خدیوی میسر.

ئەمانەی كە شێخ پەیوەندی پێوە كردبوون هەموو ئامادەیی و پشتگیری خۆیان دەربڕیبوو بۆیٚ، بە دامەزراندن و دروست كردنی ئەم بزووتنەوەیە و هاتوچۆكردن و پەیوەندییەكانی نەك تەنها دەوڵەتی عوسمانی خستبووە دڵەڕاوكێوە، بەڵكو دبلۆماسیە ئینگلیزەكانیش كەوتنە جموجوڵكردن بۆ كۆكردنەوەی زانیاری و شارەزایی لەو بارەیەوە.

بۆ ئەم مەبەستە باڵوێزخانەی بەریتانیا لە ئەستەمبوڵ دوو ئەفسەری ملازمی پلە یەك (دوو ئەستێرە، ن.س) (كرومیدز و فۆزین)ی نارد بۆ ناوچەكانی رۆژهەلاتی دەوڵەتی عوسمانی بۆ پشكنین و لێكۆڵینەوە و پەیداكردنی زانیاری دەربارەی ئەو ڕاپەڕینەی كە خەریكە دروست دەبێت و دەست پێ دەكات، ئایە ڕاستە یان نا. هەر دوو ئەفسەری ناوبراو گەشتەكەیان دەست پێ كرد لە (سامسۆن)ەوە بۆ ئەماسیا و سیواس و ئەرزنجان و موش و بەتلیس و وان. لە (مەلازگیر)ەوە بەرەو ئەرز ڕووم گەڕانەوە.

وە دەوڵەتی عوسمانیش زانیارییەكی باشی پەیداكردبوو دەربارەی خۆ ئامادەكردنی شێخ عوبەیدوڵلا بۆ ڕاپەڕینەكەی لە پایزی ساڵی (١٨٧٩ن)دەوڵەتی عوسمانی موشیر سامی پاشای لە جێگای دەروێش پاشا

دامەزراند و کوردی بە فەرمانـدەی لەشـکری چواری ئەنەدۆڵ و دەسەڵاتێکی فراوانی پێیدا.

سامی پاشا بەهێزێکی گەورەوە گەیشتە شاری (وان)و بە ناوی فریاکەوتن و یارمەتییەوە بە هێزێکی پیادەو دوو بەتەریەوە کەوتنە ڕێ بەرەو شاری وان.

سامی پاشا چەند بەتالیۆنێکی سەربازی کۆکردەوە لە دیار بەکر و زنجان و موسڵ و پاشان گەیشتە شاری وان داوای کرد لە شێخ عوبەیدوڵلا کە کۆببێتەوە لەگەڵ (بەحری بەگ)نوێنەرو یاوەری سوڵتان و گفتوگۆی لەگەڵدا بکات.

و بەحری بەگ کە نوێنەری سوڵتانی عوسمانی بوو بۆلای شێخ عوبەیدوڵلا هەموو دەسەلاتێکی پێدرابوو لەلایەن سوڵتانەوە بۆ گفتوگۆکردن و هەر مەرجێك کە شێخ داوای بکات و بیەوێت ئەو بیداتێ، پارە بێت یان پلەو دەسەڵات، یان هەر جۆرە بەخشینێك بێت، بۆ ئەوەی کە دەست هەڵبگرێت لەو راپەرینەی کە بەتەمایەتی دەستی پێ بکات.

بەڵام ئەنجامی ڕۆیشتن و دانیشتەکانی بەحری بەگ لەگەڵ شێخ عوبەیدوڵلا بڵاونەکرایەوە لە ڕاگەیاندنەکاندا و ئاشکرا نەبوو. بەڵام لە راپۆرتێکی ژەنەراڵ (مایو زیلونی)لە ١٥ی شوباتی ساڵی (١٨٨٠ن)کە نووسیویەتی بۆ فەرماندەی گشتی ئەرکانی ڕوسیا لە قەفقاس دەربارەی دانیشتنەکانی شێخ عوبەیدوڵلا و بەحری بەگ دەڵێت: لەناو خەڵکا بڵاوە و باسی ئەوە دەکەن گوایە شێخ عوبەیدوڵلا ئاگادار کراوەتەوە لەلایەن بەحری بەگەوە کە موچەی خانەنشینی بۆ براوەتەوە لەلایەن سوڵتانی عوسمانییەوە، وە دیاری و خەڵاتی هێناوە بۆ شێخ لەلایەن سوڵتانەوە. وە دیاریەکانیش بریتی بوون لە (شمشێر و مەدالیا)ی سوڵتان.

وە لە هەمان راپۆرتدا دەڵێت: شێخ عوبەیدوڵلا نیازی وایە سوود لەبێ هێزی و بێ دەسەلاتی ئەمڕۆی دەوڵەتی عوسمانی وەربگرێت، کە بەرەو ڕووخاندنی تەواو دەڕوات، وە مەبەستی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ (ی کوردیە، ن.س). هەروەها دەڵێت: ئەو ڕاستیانە دەخەینە ڕوو کە شێخ عوبەیدوڵلا لە

سنوری شارو ناوچەو گوندەکانیدا سنوری داناوە بۆ ئەو خەڵکانەی کە خراپە دەکەن لەگەڵ دانیشتواندا و بە توندی و بەبێ بەزەیی لێیان دەدات، وە خواردنەوەی (کهول)ی قەدەغە کردوە لە ناوچەکەدا.

(شێخ عوبەیدوڵلا، ن.س)بەو دادپەروەرییەی کە دەینوێنێت، وە بەو ژیانە ساکارو دڵ فراوان و ڕێزەوە خەڵکەکەی ناچار کردوە کە ڕێزی زۆری لێ بگرن. شێخ مرۆڤێکی ڕۆشنبیرە، هەوڵ دەدات لە بیرو باوەڕ و جۆری کۆمەڵگای شارستانی نزیك ببێتەوە، وە دژی ڕێگر و جەردە و تالان کردنە. حەزی دەکرد میللەتەکەی ببێتە میللەتێکی دامەزراو و پێشکەوتوو.

ناوبراو باسکردنی شێخ عوبەیدوڵلا وەکو پیاوێکی دادپەروەر و پارێزەری ماف گەل لە دەست درێژی و زۆرداری و ڕوتاندنەوە لەناو دەزگاکانی دەوڵەتی عوسمانی ناو دەبرد. ناوی شێخ عوبەیدوڵلا ئەوەندە بەرز بوو لە ناوچەکەدا بە هەزاران کورد ڕوویان تێی دەکرد لە هەموو لایەکەوە پشتگیرییان دەکرد و بە باوك ناویان دەبرد، وە ناوەکەی ببوو بە نیشانەی خۆشەویستی و ڕێز لێ گرتنی. هەر کاتێك کە ناویان دەهێنا خەڵکی دانیشتوان بە ڕێزەوە ڕاست دەبوونەوە لە شوێن و جێگای خۆیاندا.

(٣)کونسول و باڵوێزخانە و دەزگا سیخورییەکانی بەریتانیا لەناو سنورەکانی دەوڵەتی عوسمانی و ئێران بایەخێکی تایبەتیان دابوو بە خۆئامادەکردنەکەی شێخ عوبەیدوڵلا و بزووتنەوەکەی، بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و هەواڵ و دەنگوباس و گەیاندنی بە سەرووی خۆیان و دەزگا سیخوری و سەربازییەکانی دەوڵەتی عوسمانی بۆ یارمەتی دانیان بۆ لەناوبردنی ئەو ڕاپەرینەی کە هێشتا دەستی پێ نەکرابوو.

(مێجەر ترۆتێر)کونسولی بەریتانی لە (ئەرز ڕووم)لە نامەیەکدا بۆ باڵوێزخانەی بەریتانیا لە ئەستەمبوڵ نووسی بووی:

---

(٣) هەمان سەرچاوە، ٨٤

سامی پاشای سەركردەی سوپای عوسمانی لە وان نازانێت چۆن ئەو ڕاپەڕینەی شێخ عوبەیدوڵلاّ هەڵ بسەنگێنێت و نرخی خۆی بداتێ و نەخشەی بۆ دابنێت بۆ لەناوبردنی، بەلای (ترۆتێر)ەوە بزووتنەوەكە زۆر ترسناك بوو بۆیە ماوەیەكی زۆر مایەوە لە ئەرز ڕووم و بەشداری ئەو هەموو خۆئامادەبوونەی كرد بۆ لێدان و لەناوبردنی ڕاپەڕینەكە.

هەموو ئەو زانیاری و دەنگوباس و هەوڵ كۆكردنەوانەو ئاگادار كردنەوەی دەزگا سەربازییەكانی دەوڵەتی عوسمانی لە ناوچەكەدا لەلایەن پیاوانی بەریتانیاوە كۆ دەكرانەوە و دەدران بە سامی پاشا بۆ دانانی نەخشەو پیلان بۆ لێدانی ڕاپەڕینەكەی شێخ عوبەیدوڵلاّ لەكاتی بەرپابونیا.

سامی پاشا داوای كردبوو كە چاوی بە شێخ عوبەیدوڵلاّ بكەوێت، بەلاّم شێخ ڕەزامەندی دەرنەبڕیبوو بۆ ئەو چاوپێكەوتنە، لە راپۆرتێكی تردا دەڵێت: شێخ عوبەیدوڵلاّ ناوچەكانی ژێر دەسەلاّتی خۆی بەڕێوەدەبرد و بووە بە نموونەیەكی تایبەت.

خۆی و كوڕەكەی (عەبدولقادر،ن.س)میوانداری ئەو كەسانە دەكەن كە بۆ چارەسەری كێشەكانیان ڕوویان تێدەكەن، بە یەك چار سەیری هەموو كەسێك دەكەن بۆ چارەسەركردنی كێشەكانیان كە ڕوویان تێ دەكردن بەبێ جیاوازی و ناو و پلەی كۆمەلاّیەتیان دادپەروەرانە وەكو سەركردەیەكی ڕاستەقینە دەجوڵێنەوە و ڕەفتار دەكەن.

# چاوپێکەوتنی شێخ عوبەیدوڵلا بە نوێنەری بەریتانیا

[1] لــە مــانگی تــەمموزی ســاڵی (١٨٨٠ن) (گلایتــون)ی بــەریتای گەشــتێکی دوور و درێــژی کــرد بــە نیــازی کۆکردنــەوەی زانیــاری و شــارەزایی دەربــارەی خــۆ ئامادەکردنەکــەی شــێخ عوبەیــدوڵلا و بزووتنەوەکــەی لــە ناوچــەی هــەکاری دا. گلایتـون دوو مــانگ مایـەوە لـە (کوجـانیس)و چـەند جـار دانیـشتنی کردبـوو لەگـەڵ (مــار شــەمعون)ی ســەرۆکی ئــایینی ئاســورییەکان، دوایــش ڕۆیــشت بــۆ لای شــێخ عوبەیــدوڵلا لــە (شــەمزینان)و پێــشوازییەکی گــەرمیان کردبــوو لــە خــۆی و یاوەرەکەی بە درێژی ڕێگا سەدان چەکداری شێخ پێشوازییان لێی کردبوو.

بـە گەیـشتنی و دانـشتنی یەکـەمیان کـورت و سروشـتی بـوو. وە شێخ عوبەیـدوڵلا بـە کـوردی قـسەی کردبـوو و ئاغـا سـەید موحەمـەد وەرگێڕیـان بـوو. لـە دانیـشتنی دووەمـــدا (گلایتـــون)کـــەوتبووە باســـکردنی بـــەریتانیا و هەڵوێـــستی و پەیوەندییـــەکانی لەگـــەڵ دەوڵـــەتی عوسمانیـــدا. دوایـــی دووبـــارەی کردبـــووە و گوتبـــووی بـــەریتانیا ئامادەیـــە ڕووبـــەڕووی هـــەموو بزووتنەوەیـــەکی بـــێ یاســـایی ببێتـەوە کـە ببێتـە هـۆی هەڕەشـەو مەترسـی بـۆ سـەر یـەك پارچـەیی دەوڵـەتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی.

دوایـیش گلایتـون ئـەوەی ڕوون کـردەوە کـە مەبەسـت لـە هاتنەکـەی بـۆ هـەکاری (بـۆ چـاوپێکەوتنی شـێخ عوبەیـدوڵلا بـوو، ن.س) بـۆ ئـەوەی کـە ڕاسـتەوخۆ بارودۆخەکە بە چاوی خۆی ببینێت.

بازرگـانی ئەرمـەنی (بەگـدا سـاریانی)لـە کـاتی گفتوگـۆ و چـاوپێکەوتنەکەی شـێخ عوبەیـدوڵلا و گلایتـون لـەوێ ئامـادە دەبێـت و دەڵێـت: شـێخ عوبەیـدوڵلا زۆر لەسـەر خـۆی گـوێی لـە وتـارە دوور و درێژەکـەی کلایتـون گـرت و پـاش تـەواوبوونی هاتــە وەڵام دانــەوە و سوپاســی حکومــەتی بــەریتانیای کــرد بــۆ ئــەو پەیوەندیــە دۆستانەی کە بەرامبەر بە دەوڵەتی عوسمانی دەینوێنێت.

---

[58] ڕاپەڕینی کوردەکان، ساڵی (١٨٨٠ن)، دکتۆر جەلیلی جەلیل، وەرگێڕانی، دکتۆر کاوس قەفتان، ل١١١-١١٣.

وە شێخ لە وەڵامەکەیدا ئەو دەنگ و باسانەی بەدرۆ خستەوە دەربارەی هەواڵی ئەو لە یاسا لادانەی کە بڵاو کراوەتەوە لە هەکاری.

(گلایتون)یش لە دوا قسەکانی شێخ لەوە دڵنیابوو کە لە ڕووی ئاسایشەوە وڵاتەکە هیچ کەم و کورتییەکی نییە. وە گلایتون گوتبووی کوردەکان مافی خۆیانە نارەزایی دەربڕن چونکە دام و دەزگاکانی فەرمانڕەوایی عوسمانی لە دەستیان نایەت کە بەباشی فەرمانڕەواییان بکەن.

لە وەڵامدا شێخ گوتبووی کورد گلەیی لەکارو بەدەستانی عوسمانی نییە و بە تەواوی لێیان ڕازین. هەروەها (بەگدا سەریانی)دەڵێت: لە پاش تەواوبوونی قسەکان خێرا قاوەیان هێنا، ئەمەش مانای ئەوە بوو کە گفتوگۆ کۆتایی پێ هات و تەواو بووە. لە دوای دوو ڕۆژ گلایتون شەمزینانی بەجێ هێشت و ڕۆیشت.

(دکتۆر کاوس قەفتان)دەربارەی ئەو چاوپێکەوتنەی گلایتون و شێخ عوبەیدوڵلا دەڵێت: من تێنەگەیشتووم لە شێخ عوبەیدوڵلا کە داوای چی دەکات و چی دەڵێت؟ ئەگەر ڕسواکردنی دەوڵەتی عوسمانییە ئەوە گلایتونی بەریتانی لەبەردەمیدایە با شێخ بەبێ سڵ کردنەوە و ترس و شەرم کێشەی کوردی ڕوون و شی بکردایەتەوە و لە ڕێگای گلایتونەوە بیگەیاندایە بە دەوڵەتانی ئەوروپا.

شێخ کوردی لەوە ئاگادار دەکردەوە کە دەوڵەتی عوسمانی مافی ئەوەی پێ نادرێت فەرمان ڕەوایی کورد بکات. وە لەوە دەدوا کە دەیەوێت کێشەی میللەتی کورد بەگەیەنێتە دەوڵەتانی ئەوروپا.

کەچی ئەو هەڵەی بۆ هەڵکەوت (لەگەڵ بەرپرسێکی بەریتانیدا و لە دەستی خۆی دا، ن.س)کەوتە مەدح کردن و هەڵدان بەسەر دەوڵەتی عوسمانیدا.

شێخ بەم مەدح کردنەی عوسمانییەکان هۆیەکانی ڕاپەڕینەکەی خۆی بەتاڵ کردەوە و هیچی بۆ کورد نەهێشتەوە.

ئەگەر شێخ گلایتونی بە دەسەڵاتدار دادەنا دەبوایە هەموو شتێکی بۆ ڕوون بکردایەتەوە (دەربارەی کێشەی کورد و زوڵم لێ کردن، ن.س). خۆ ئەگەر بەهیچی دانەدەنا بۆ چی ئەو پێشوازیە گەورەی لێی کرد؟. سەردانەکەی

گلایتـون لـەو ڕۆژانـەدا بـوو کـە شـێخ عوبەیـدوڵلا خـەریك بـوو بـە کۆنگـرەی سـەردار و سەرۆکە کوردەکان پێك بهێنێت.
گلایتـــون لـــە شـــەمدینان زۆر لـــە ســـەردار و ســـەرۆکە کوردەکـــانی بـــینی بـــوو. وە گفتوگـــۆی لەگەڵیانـــدا کردبـــوو. لەوانـــە ســـەرۆکی کوردەکـــانی ســـلێمانی، ئامێـــدی، هـــەوراامان، بۆتـــان، سامـــسۆن، ســـیحرت، مـــوش و ولایـــەتی وان. هـــەروەها ســـەردار و سەرۆکەکانی کوردانی ئێران (ڕۆژهەلاتی کوردستان، ن.س).

# کۆنگرەی نەتەوایەتی کورد لە نایری

[1]لـــە ســـاڵی (١٨٨٠ن) شـــێخ عوبەیـــدوڵلا بانگـــەوازی کۆنگرەیـــەکی نەتەوایـــەتی کـــوردی کـــرد و داوای کـــرد لەســـەردار و ســـەرۆك عەشـــیرەتەکانی کـــوردانی بـــاکوور و باشـــوور و ڕۆژهـــەلاتی کوردســـتان بـــۆ ئامادەبوونیـــان لـــەو کۆنگرەیـــەدا، نوێنـــەرانی ئـــەم شـــارانەی کوردســـتان ئامـــادەبوون لـــە کۆنگرەکـــەدا. ســـلێمانی، ئامێـــدی، ئورامـــار، بۆتـــان، سامـــسۆن، ســـیحرت، مـــوش، ولایـــەتی وان. هـــەروەها کـــوردانی کوردستانی ئێران (ڕۆژهەلاتی کوردستان، ن.س).
بـــە بڵاوبوونـــەوەی هـــەواڵ و دەنگوباســـی کـــۆنگرەی نەتەوایـــەتی کـــورد لـــە (نـــایری)و ئاگـــادار کردنـــەوەی ســـەردار و ســـەرۆك عەشـــیرەتەکانی کـــورد بـــۆ کۆنگرەکـــە، دەوڵـــەتی عوسمـــانی کەوتنـــە خۆیـــان و ویـــستیان ئـــەم هەلـــە بقۆزنـــەوە بـــۆ بەرژەوەنـدی خۆیـان و سـوود لـەم کـۆنگرە وەربگـرن. بـۆ ئـەم مەبەسـتە دەوڵـەتی عوسمـانی موشـیر سـامی پاشـا و بـەکر بـەگ یـاوەری سـوڵتانی ڕاسـپارد بـە پـارە و تـــەماح کەوتنـــە پەیوەنـــدی کـــردن و گفتوگـــۆکردن لەگـــەڵ ســـەردار و ســـەرۆك عەشـیرەتەکانی بـاکووری کوردسـتان بـۆ ئـەوەی کـە بـەلای خۆیانـدا ڕایـان بکێـشن و ئامـــانجی ڕاســـتەقینەی کۆنگرەکـــەو بەرنامـــە و پرۆگرامـــی کۆنگرەکـــەیان بگـــۆڕن بۆ بەرژەوەندی دەوڵەتی عوسمانی تورك.

---
[1] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١١٤.

لە پێش بەستنی کۆنگرەکە سامی پاشا و بەکر بەگ هەموو تەگبیرو پیلانێکیان دانا بۆ سەردارو سەرۆك عەشیرەتەکان کە پەیوەندیان پێیانەوە کردبوو و پێیان سپاردبوون کە چۆن نەخشەو پیلانەکەیان جێبەجێ دەکەن.

لە کۆتایی مانگی ئەیلولی سالّی (١٨٨٠ن)کۆنگرە‌ی نەتەوەیی کورد لە (نایری)دەستی پێ کرد. ئەم کۆنگرە ڕووداوێکی مێژوویی بوو لەو سەردەمەدا لە مێژووی گەلی کورد و لەسەدەی نۆزدەهەمدا. بە ڕاو بۆچوونی شێخ عوبەیدوللا ئەو کۆنگرەیە بۆ یەکگرتنی گەلی کورد بوو بۆ پێکهێنانی ڕاپەڕینێکی گشتی گەلی کورد و دامەزراندنی دەولّەتێکی سەربەخۆی کوردی.

بەلّام هەر لە سەرەتای کۆنگرەکەدا ئامادەبووان بوون بە دوو بەشەوە بەشێکی ئەوانە بوون کە سامی پاشاو بەکر بەگ کاریان تێیان کردبوو بە پارە و تەماح لایان دابوون بەلای دەولّەتی عوسمانی و خۆیان فرۆشتبوو.

هەر لە سەرەتای کۆنگرەکە ئەوەیان خستەڕوو و بەردەم کۆنگرەکە، کە دەبێ ئەم یەکگرتن و یەکێتیەی گەلی کورد کە بە دەستەوەیە لەم کۆنگرەیەدا و بڕیاری لەسەر دەدرێت دەبێ دژی ئەرمەنی و گاورەکان بەکاری بێنن و قەلّاچۆ بکرێن و ئەمێنن.

ئەوەیان کردبوو بە بەلّگەی دەستیان گوایە ئەورووپایەکان دەیانەوێت بەبێی بەندی ٦١ی پەیمانی بەرلین بۆ پێکهێنانی دەولّەتێکی خود موختاری، ئۆتۆنۆمی بۆ ئەرمەنییەکان دەستەبەر بکەن لەناو خاکی ئەرمنستانی و کوردستانی عوسمانیدا.

وە کار بەدەستانی دەولّەتی عوسمانی پڕوپاگەندای ئەوەیان دەکرد لەناو کوردانی باکووری کوردستان گوایە ئەو بڕیارەی پەیمانی بەرلین دژی کورد و مافەکانیەتی، و بەنیازن بەشێك لە شارەکانی باکووری کوردستان بخەنە پالّ ئەو خود موختاریەی ئەرمەنییەکان.

شێخ عوبەیدوللا بە توندی دژی ئەو ڕاو بۆچوون و هەلّوێستە بوو کە پیاوانی سەر بە دەولّەتی عوسمانی داوایان دەکرد. وە ڕوونی کردەوە بۆ کۆنگرەکە کە

هەڵوێست و کاری لەم جۆرە دژی ئەرمەنی و ئاسوورییەکان تیاچوون و لەناوبردنی گەلی کوردی تیادایە لەدوا ڕۆژدا.

شێخ عوبەیدوڵلا لە قسەکانیدا گوتی ئەگەر دەوڵەتی عوسمانی و ئەستەمبوڵ هەتا ئەم ساتە بەسەر زاری و بە زمان پشتی کوردیان گرتبێت ئەوە تەنها بۆ ئەو مەبەستە بووە کە دژی ئەرمەنی و ئاسوورییەکانی ئەنادۆڵ ڕاستیان بکاتەوە و بەکاریان بێنێت.

خۆ ئەگەر ئەرمەنییەکان لە ئەنجامی ئەو هەڵوێستەدا تیابچن و نەمێنن ئەم کوردە نرخی نامێنێت لەلای دەوڵەتی عوسمانی و بە فلسێك دایان کڕن.

هەروەها ئەو ڕاستیەشی خستەڕوو و گوتی ئەگەر بێت و ڕاپەڕینی کورد ئاراستەی ئەرمەنییەکان بکرێت ئەوا دەوڵەتە ئەورووپایەکان ڕاست دەبنەوە لە کورد و دەبن بە دوژمنی گەلی کورد. (ئەوەش عوسمانییەکان دوو جار سوودی لێ وەردەگرن یەکەم ئەرمەنییەکانی پێ لەناو دەبن کە بە دوژمنی خۆیانی دەزانن. دووەم کوردی پێ ڕسوا دەکەن لەلای ئەورووپایەکان، ن.س).

وتارەکەی شێخ عوبەیدوڵلا و خواست و داواکانی بۆ دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ لەلایەن زۆربەی دانیشتوانی کۆنگرەکەوە پەسەند کرا.

شێخ عوبەیدوڵلا گەیشتبووە ئەو قەناعەت و بڕیارە کە مافی ڕەوای خۆیەتی سەرۆك و سەرکردایەتی کورد بکات. چونکە سوڵتانەکانی دەوڵەتی عوسمانی بە زۆری زۆرداری ناوی خەلیفەیان بۆ خۆیان داگیر کردوە لە ژێر پەردەی خەلافەتی و دەسەلاتی ئایینی یان بەسەر کوردا سەپاندووە.

١-شێخ عوبەیدوڵلا لە پێش بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد لە نایری و دەست پێکردنی ڕاپەڕینەکەی هەستی بەو لەشکرە زۆرە کردبوو کە سامی پاشا کۆی کردبووە لە شاری (وان)و دەورووبەری.

٢-ناردنی بەحری بەگ لەلایەن سوڵتانی عوسمانییەوە بۆ لای شێخ بە کۆمەڵێك تەماح و دیارییەوە.

٣-هاتنی نوێنەری بەریتانیا (گلایتون)بۆلای شێخ و هەڕەشەکردنی دژی هەر لاپەڕینێکی نایاسایی کە یەك پارچەیی دەوڵەتی عوسمانی بخاتە مەترسییەوە،

وە بێ دەنگی شێخ لە ڕاستی ئەو ئامانجەی کە نەخشەی بۆ دانابوو لەلای (گلایتون)ی ئینگلیز و نکۆڵی کردنی شێخ عوبەیدوڵلا لە ڕاپەڕین و شۆڕشەکەی.

٤-فشاری هەندێك لە سەرۆك عەشیرەتەکانی باکووری کوردستان کە سەر بە دەوڵەتی عوسمانی بوون لەناو کۆنگرەکەدا.

٥-ئاگادربوون و لەبەرچاوگرتنی شێخ عوبەیدوڵلا بۆ هێزەکانی دەوڵەتی عوسمانی و ئامادەباشیان لە سنورو ناوچەکەدا. وە هەڕەشەکردنی نوێنەری بەریتانیا بۆ هەر ڕاپەرینێکی نایاسایی. وە سەردان و هاتووچۆکردنی نوێنەری سوڵتانی عوسمانی بۆلای شێخ عوبەیدوڵلا بە دیاری و خەلاتەوە، وە تەماح خستنەبەر شێخ بۆ هەر داواکارییەك کە بۆ خۆی داوای بکات.

٦-باوەڕ و متمانە نەبوونی شێخ عوبەیدوڵلا بەخۆی و کوردانی باکووری کوردستان، ئەمانە هەموو فشار بوون بۆ سەر گۆڕینی ڕاو بڕیار و بۆچوونەکانی شێخ عوبەیدوڵلای نایری کە لە سەرەتادا بە نیاز بوو ڕاپەڕین و شۆڕشەکەی باکوور و ڕۆژهەلاتی کوردستان بگرێتەوە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی لە کوردستاندا، ن.س).

شێخ عوبەیدوڵلای نایری بەبێ پرس و ڕاوێژ کردن بە ئەندامانی کۆنگرەکەی، هەر لەناو کۆنگرەکەدا نەخشەو پیلانی ڕاپەڕین و شۆڕشەکەی گۆڕی و ئاشکرای کرد کە هەموو هێزەکانیان ڕوو بکەنە ڕۆژهەلاتی کوردستان، ناو سنوری دەوڵەتی ئێران، (ئەمەش سەرکەوتنێکی مەزن بوو بۆ نەخشەو پیلانەکانی دەوڵەتی عوسمانی کە لەوەوپێش دایان ڕشتبوو، ن.س).

# ڕاپەڕین و شۆڕشەکەی شێخ عوبەیدوڵلای نایری ساڵی (١٨٨٠ز)

[1]لە پاش کۆنگرەکەی نایری و یەکلایکردنەوەی بڕیارەکەی شێخ عوبەیدوڵلا بۆ گواستنەوەی ڕاپەڕینەکەیان تەنها بۆ (ڕۆژهەلاتی کوردستان، ن.س)ناو سنوری ئێران، وە دواخستنی باکووری کوردستان بۆ ڕاپەرینی دووەم.

شێخ عوبەیدوڵلا و هەڤالانی دەستیان کرد بە خۆئامادەکردن و چەك و جبەخانە پەیداکردن و دانانی نەخشەو پیلان و دابەشکردنی بەرپرسانی ناوچەکان و ناردنی کەسانی باوەڕپێکراو وەکو سەدید سادق بۆ (سەلماس)و شێخ بەهادین بۆ (وورمێ)و سەید عەبدولرەحمان لەلای شێخ عوبەیدوڵلا بمێنێتەوە.

هەمزە ئاغا سەرۆکی عەشیرەتی مەنگور لە پاش گەڕانەوەی لە کۆنگرەکەی نایری بۆ ناوچەکەی خۆی دەستی کرد بە خۆئامادەکردن و پەیوەندی کردن بە سەرۆك خێلّ و عەشیرەتەکانەوە و هاندانیان بۆ خۆ ڕێکخستن و کۆکردنەوەی چەك و جەنگاوەران.

بەڕێوەبەرو سەرداری دەولّەتی ئێران لە سابلاخ (مهاباد)کەوتە بەربەرەکانی کردنی هەمزە ئاغاو دۆستانی ڕاپەرینی کورد. هەمزە ئاغای مەنگوریش بانگی ڕاپەرین و شۆڕشی کوردی ئاشکرا کرد و داوای لە شێخ عوبەیدوڵلا کرد بۆ پشتگیری و یامەرتی دانی.

لە مانگی ئابی (١٨٨٠ن) شێخ عوبەیدوڵلا هەزار چەکداری بە سەرۆکایەتی عەبدولقادری کوری نارد بۆ پشتیوانی و یارمەتی هەمزە ئاغای مەنگور.

بەپێی ئەو نەخشەو پیلانەی کە دانرابوو یەکەم هێزەکانی عەبدولقادر و هەمزە ئاغا بۆ ناوچەی شاری سابلاخ (مهاباد)دوایی شاری تەوریز و ناوچەکانی ئازاد بکەن...هتد.

---

[1] ڕاپەرینی کوردەکان، ساڵی (١٨٨٠ن)، دکتۆر جەلیلی جەلیل، وەرگێرانی، دکتۆر کاوس قەفتان، ل١١٢.

هێـزی دووەم موحەمـەد سـدیق دووەم کـوڕی شـێخ عوبەیـدوڵلا شـاری وورمــێ و ناوچـەکانی ئـازاد بکـەن. هێـزی سـێیەم خەلیفـە موحەمـەد سـەید گـرتنی ئـەو ناوچانەی بۆ دانرابـوو کـە دەکەونـە ڕۆژئـاوای شـاری وورمێـوە لەگـەڵ گـرتنی شـاری (سەلماس).

وە شـێخ عوبەیـدوڵلا خـۆی سەرپەرشـتی هێـزی دووەم و سـێیەم بکـات. هێزەکـانی عەبـدولقادر و هـەمز ئاغـا لـە سنور پەڕینـەوە بـۆ دیـوی ئێـران بـەبێ ئـەوەی کـە هێـزە سـنورییەکانی ئێـران بەرهەڵـستیان بکـەن و گەیـشتنە ناوچـەی مەرگـەوەر و مـەحمود ئاغـا بـە ٥٠٠ چـەکدارەوە چـووە ڕێزیانـەوە و ڕوویـان کـردە ناوچـەی شـنۆ و لەوێـشدا ٤٠٠ چـەکدار لـە ١٠ی ئـەیلولی سـاڵی (١٨٨٠ن)هێزەکـانی عەبـدولقادر و هەمزە ئاغا ناوچەی مەنگوڕیان ئازاد کرد.

لـە ١٥ی ئـەیلول شـاری (لاهیجـان)و ناوچـەکەیان ئـازاد کـرد کـە عەشـیرەتی (پـیران)لـە ناوچـەکەدان ئـەوانیش بـە دوو هـەزار پیـادەی چـەکدارو هـەزار سـوارەوە چوونە ریزیانەوە بۆناو شۆڕشەکە.

ڕاپەرینەکـەی شـێخ عوبەیـدوڵلا لـە ماوەیـەکی کەمـدا گەیـشتە سـنورێکی فـراوان. شـێخ عوبەیـدوڵلا لـە ٢٥ی ئـەیلولی سـاڵی (١٨٨٠ن)لـە سـەرەتای ڕاپەرینەکەیـدا نامەیـەکی نـارد بـۆ کاربەدەسـتانی ئێـران و وێنـەی لێـی نـارد بـۆ کونـسولی بـەریتانیا و ڕوسـیا و مـژدەدەرانی مەسـیحی ئەمـەریکی لـە شـاری وورمــێ و هۆیـەکانی ڕاپەرینەکـەی و زوڵـم و زۆری کاربەدەسـتانی ئێـران و نـەبوونی دادپـەروەری و زۆربـوونی دزو جـەردە و پیـاو خـراپ لـە ئـەنجامی خراپـی دەسـەڵاتدارانی دەوڵـەتی ئێران تیایدا نووسیبوو.

شـێخ عوبەیـدوڵلا بـۆ پەیـداکردنی دۆسـت و پـشتیوان، وە زۆر کردنـی ئۆپۆزسـیۆن و دوژمـن بـۆ دەوڵـەتی ئێـران دەسـتی کـرد بـە پەیوەنـدی کـردن لەگـەڵ گـەورە پیـاوانی نـاکۆك و ناحـەزان و ئەوانـەی کـە بەرژەوەنـدییان لێـدراوە لەلایـەن دەوڵەتی ئێرانەوە.

شـێخ لـە ڕۆژی ٢٩ی تـشرینی یەکـەم سـاڵی (١٨٨٠ن)نامەیـەکی نـارد بـۆ عـەباس مـیرزا ئـەوەی کـە خـۆی بـە خـاوەنی ڕاسـتەقینەی تـەختی شاهانەی ئێـران دەزانـێ

بە دەستی حوسێن گولی و عەبدولرەحیم. شێخ عەبدولرەحیمی ڕاسپاردبوو کە بەناوی خۆیەوە داوا بکات کە عەباس میرزا کە پشتگیری کورد بکات و لەگەڵیاندا بێت بۆ ئەوەی کە شای ئێران بڕوخێنن و ئەو بکرێت بە شای ئێران. بەلام عباس میرزا هەردوو نوێنەرەکەی شێخ عوبەیدوڵلای گرت و بە بەندکراوی لەگەڵ نامەکەی شێخ ناردیانی بۆ لای شای ئێران و دابوونی بە دەستەوە.

# ڕاپەڕین و ئازادکردنی شارەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان

[1] ڕاپەڕینەکەی شێخ عوبەیدوڵلا بە ماوەیەکی کەم هەموو ناوچەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستانی گرتەوە. لەسەرەتای مانگی ئەیلولی ساڵی (١٨٨٠ن)پێشمەرگەکانی شۆڕشەکەی شێخ عوبەیدوڵلا شارەکانی سەردەشت و لاهیجان و ناوچەکانیان ئازاد کرد و دانیشتوانەکانیان ئەوانەی کە چەکیان هەبوو بوون بە پێشمەرگە. وە عەشیرەتەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان وەکو مەنگور، مامش، زارزا، مۆکری، دیبۆکی، گاورێك، شکاك، جاف، پیران، ئاکۆ...هتد. هەموویان ئامادەیی خۆیان دەربڕی بۆ پشتگیری کردنی ڕاپەڕین و شۆڕشەکەی شێخ عوبەیدوڵلا، وە بنکەو بارەگای پێشمەرگە لە ناوچەکانیاندا دامەزرا و کرایەوە. لەشکری پێشمەرگە ڕوویان لە هەر ناوچەو شارێکی کورد دەکرد بە بەرهەڵستیەکی کەمەوە خۆیان دەدا بە دەستەوە.

لەشکری پێشمەرگە ڕوویان کردە شاری سابلاخ (مهاباد)و ئازادیان کرد. دوابەدوای سابلاخ ڕوویان کردە شاری گەورەی کوردستان (سنە-سنندج)و ئابلوقەیان دا. پارێزگاری شارەکە سەیری کرد هەموو میللەت لەگەڵیاندایە کەوتە گفتوگۆکردن لەگەڵ بەرپرسانی پێشمەرگەو داوای کرد لێیان کە ماوە بدەن بەخۆی و کاربەدەستەکانی بۆ ئەوەی شارەکە بەجێ بێڵن و هیچ چەك و پێویستیەکی شەڕ لەگەڵ خۆیاندا نەبەن. پارێزگار و کاربەدەستانی ڕۆیشتن و شاری کوردستان (سنە)ئازاد کراو هاتنە ڕیزەوە. کە ئەو ناوچە فراوانەی ڕۆژهەلاتی کوردستان ئازاد کرا لەلایەن پێشمەرگەی کوردستانەوە شێخ عوبەیدوڵلا ئەنجومەنێکی پێکهێنا بە سەرۆکایەتی (عەبدولقادر حەکیم)و حکومەتێکی کاتی کوردستانی دامەزراند لە ناوچە ئازاد کراوەکاندا و دەستیان کرد بە ڕێکخستنی کاروباری ناو شارو فەرمانگە فەرمییەکان و پاراستنی ناو شارو شارۆچکەکان و دابین کردنی ئاسایش و ئارامی ناوچە ئازادکراوەکان بە ئازادکردنی شاری (سنە-سنندج)مەلا و ئیمامی مزگەوتی شارەکە بەبێ ئاگادارکردنەوە و مۆڵەتی

[1] ڕاپەڕینی کوردەکان، ساڵی (١٨٨٠ن)، دکتۆر جەلیلی جەلیل، وەرگێڕانی، دکتۆر کاوس قەفتان، ل١٢٥.

لێپرسراوان و کاربەدەستانی پێشمەرگەی شارەکە بەیاننامەیەکی بڵاوکردبووە و تیایدا بانگەوازی کردبوو بۆ شەڕی پیرۆز دژی شیعە مەزهەبەکان. ئەم بەیاننامەیە زۆر بە زوویی بڵاوبوویەوە و گەیشتە ناوچە کوردنشینەکانی شیعە مەزهەب لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ڕەنگو دەنگێکی خراپی دایەوە، وە دەورێکی نەخوازراو و نەویستی بینی و بوو بەهۆی لاوازبوونی هەستی نەتەوایەتی و دوورکەوتنەوەی کوردانی شیعە مەزهەب لە ڕاپەڕین و شۆڕشەکەی شێخ عوبەیدوڵڵا و ووژاندنی بارودۆخەکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

(ئەو بەیاننامە لەگەڵ ئامانج و بیروبۆچوون و بەرژەوەندییەکانی ڕاپەڕین و شۆڕشی کوردا نەبوو، تەنها لەبەرژەوەندی دوژمنان و داگیرکەرانی کوردستان بوو، ن.س).

لە ٢٣ی ئەیلولی ساڵی (١٨٨٠)لەشکری پێشمەرگەی کوردستان ناوچەی (شوشەوان)یان ئازادکرد. لە ٢٧ی ئەیلولی (١٨٨٠)شاری (ئەشتاوگیان)یان ئازاد کرد. لەشکری پێشمەرگە ویستیان لە ڕووباری (تاتاو)بپەڕنەوە کوردە شیعە مەزهەبەکانی ناوچەکە و دەورووبەری بەرهەڵستیان کردو ڕێگایان نەدا پێیان.

هەمزە ئاغا کە سەر لەشکری پێشمەرگەی کوردستان بوو کە زانی (لە ئەنجامی بەیاننامەی مەلاکەی شاری سنەیە) بەرهەڵستی دەکرێت لەلایەن کوردانی شیعە مەزهەبەوە، نەیویست کورد بە کورد بکوژێت و کشایەوە و ڕووی کردە شاری (زارا)و لە پاش دوو هەفتە گەمارۆ خۆیاندا بەدەستەوە و شارەکە ئازاد کرا.

هەر لە دوای شاری زاراوە هەمزە ئاغا بە لەشکرەکەیەوە ڕووی کردە شارو شارۆچکەو ناوچەی میاندواو و ئازادی کرد. هێزە ئێرانیە شکاو و هەڵهاتووەکانی زاراوە و میاندواوە خۆیان کۆکردەوە و ڕێکخستەوە لەناو شاری (مەلیک-کاندا)بۆ ئەوەی بەرگری لە شارەکەن بکەن و نەیەڵێن پێشمەرگە بێتە ناویەوە و ئازادی بکات.

لە ناوەڕاستی مانگی ئەیلول (١٨٨٠)لەشکری پێشمەرگە ڕوویان کردە شاری (مەلیک-کاندا)و لە پاش شەڕێکی گەورە شارەکەیان ئازاد کرد. دوابەدوای ئازادکردنی شاری (مەلیک کاندا)لەشکری پێشمەرگە گەیشتە شاری (تەورێز)و ئابلۆقەی شارەکەیان دا. کونسولخانەکانی دەوڵەتان لەناو شارەکەدا کەوتنە کۆکردنەوەی خۆیان و ئەرشیفەکانیان بەنیازی دەربازبوون و ڕاکردن. ئەو ترس و پەشۆکان و پەژارەیان بوو

بەهۆی ڕاوەستانی چالاکی و گواستنەوەی هەواڵەکانیان بۆ بالۆێزو دەوڵەتەکانیان.
پەیامنێری ڕۆژنامەی (تایمس)لە وتارێکدا دەڵێت: هۆی سەرکەوتنی کوردە ڕاپەریوەکان ئەوەیە کە هەموو کورد لە وڵاتەکەدا بەچاوی ڕزگارکەر سەیری شێخ عوبەیدوڵلا دەکەن. وە لە ڕۆژانی پەلاماردانی کوردەکان بۆ سەر سنورەکانی ئێران سەرباز و ئەفسەرە کوردە ئێرانییەکان هەڵدەهاتن و خۆیان دەچوونە ناو ڕیزەکانی ڕاپەریوەکانەوە.

هەروەها ڕۆژنامەکە دەڵێت: لەو ڕۆژانەی کە هێزە ڕاپەریوەکانی کورد بەرەو ناوچە کوردنشینەکان و ئێران دەکشان بۆ داگیرکردنی، هەموو جارێك شێخ عەبدولقادر ئەوەی دووبارە دەکردەوە کە نابێ هێزەکانی کورد دەستدرێژی بکەنە سەر ژیان و ماڵ و موڵکی خەڵکی .

ئەو ماڵ و خێزانە ڕوسانەی کە لەناو شارە کوردییەکاندا بوون لە ناو سنوری ئێران سوودیان وەرگرتبوو لەو بڕیارە و بانگەوازەی شێخ عەبدولقادر و هەموویان ماڵ و گیانیان پارێزراو بوو.

(شۆلژێڤلی)کارمەندی ڕوسیا لە شاری تەورێز لە بیرەوەرییەکانیدا لە (٢٠/١١/١٨٨٠ن)نووسیبووی و دەڵێت (ئارتیون نزار بەگ)هاونیشتیمانیەکی ڕوس بوو بە درێژی ئەو ماوەیە لە سابلاخ (مهاباد)بوو. وە چەند جارێك شێخ عەبدولقادری دیبوو و چەند چەکدارێکی ناردبوو لەگەڵیدا بۆ گەڕەکی ڕوسەکان لەناو شارەکەدا بۆ ئەوەی بیان پارێزن لە دەستدرێژی کردن، وە داوایشی لێی کردبوو ئەگەر هێزەکان پێویستیان بوو بە گەنم و جۆ پێیان بفرۆشێت و پسولەیان لێ وەربگرێت.

# دبلۆماسیەتی شێخ عوبەیدوڵلا

[1] ئەو لەشكرەی كە شێخ عوبەیدوڵلا خۆی سەرۆكایەتی دەكرد پەلاماری شاری (وورمێ)یان دا بۆ ئازادكردنی، بەلام ئیقبال ئەلدولەی بەڕێوەبەری شاری وورمێ لەگەڵ سوپاو كاربەدەستانی ناو شار خۆیان قایم كرد و دەستیان كرد بە بەرگری كردن لەخۆیان و شارەكە، وە خۆیان نەدەدا بە دەستەوە شێخ عوبەیدوڵلا نەیویستبوو بە شەڕ شارەكە ئازاد بكات و زیان بكەوێت لە لەشكرەكەی و دانیشتوانی شارەكە.

بۆیە دوو كەسی بە نامەوە نارد بۆ ناو شاری وورمێ و داوای كردبوو لە لێپرساو و دانیشتوانی شارەكە كە بە خواست و ئارەزووی خۆیان شارەكە بدەن بە دەستەوە با خوێن نەڕژێت و خەڵكیش زیانی لێ نەكەوێت. مەلا گەورەی شارەكە ئامادەیی و دڵسۆزی خۆی دەربڕیبوو.

بەلام ئیقبالی ئەلدولە ڕازی نەبوو خۆی بدات بە دەستەوە. شێخ عوبەیدوڵلا ئاگاداری نارد بۆیان كە بە زۆر هێزی چەكداری شارەكە ئازاد دەكات ئەگەر خۆیان نەدەن بە دەستەوە.

ئیقبال ئەلدولە بە نیازی ئەوەی كە كات و ماوە بۆ خۆی بەرخسێنێت هەتا بتوانێت داوای یارمەتی و فریاكەوتن لە تاران بكات. بۆ ئەم مەبەستە پەنای برد بۆ (ئابۆت)كونسولی بەریتانیا لە شاری وورمێ و داوای لێی كرد كە بكەوێتە نێوانیان و ناوبژیان بكات.

(ئابۆت)لە نامەكەیدا لە ٢٢ی تشرینی یەكەم (١٨٨٠ز)نووسیویەتی دەڵێت: ئیقبال ئەلدولەی شاری وورمێ داوای لێم كرد كە پیاوەتی لەگەڵدا بكەم و لەگەڵیدا بڕۆمە مەیدانی گفتوگۆكردنەوە لەگەڵ شێخ عوبەیدوڵلا و ڕازی بكەم

[1] سەرچاوەی پێشوو.

کە بۆ ماوەیەك شەڕ و هێرش ڕابگرێت بەڵکو لەو ماوەیەدا دەنگی خۆی بگەیەنێتە پایتەخت یان تەورێز.

ئابۆت دەڵێت: گورج هاتمە مەیدان و هەر ئەو ڕۆژە لەسەر داوای ئیقبال ئەلدولە کەوتمە ڕێ بۆ لای شێخ عوبەیدوڵلا و داوام لێی کرد بۆ ماوەیەك شەڕو هێرش کردن ڕابگرێت لەسەر شارەکە بۆ ئەوەی ئیقبال ئەلدولە تەگبیرو ڕای خۆی بکات.

بەلام شێخ گفتی ئەدا بۆ ئەوەی شەڕ ڕابگرێت و دانیشێت لەگەڵ ئیقبال ئەلدولە و گفتوگۆی لەگەڵدا بکات. هەروەها ئابۆت دەڵێت: شێخ عوبەیدوڵلا ئامانجی ڕاپەرینەکەی گەلی کوردی بۆم ڕوون کردەوە و باسی زوڵم و زۆری کاربەدەستانی ئێرانی کرد بەرامبەر بە گەلی کورد و نەبوونی دادپەروەری و زۆربوونی خراپەکاری و دزی و جەردەیی لە ئەنجامی خراپی بەکارهێنانی دەسەلاتیان و وەرگرتنی بەرتیل و چەوساندنەوەی دانیشتوانی کورد.

## نوێنەری شێخ عوبەیدوڵلا بۆ لای کونسولی بەریتانیا لە شاری وورمێ

[1] هەر دوابەدوای دانیشتنەکەی شێخ عوبەیدوڵلا لەگەڵ ئابۆت و گەڕانەوەی بۆ شاری وورمێ شێخ ئەم چاوپێکەوتنە ڕاستەوخۆیەکەی لەگەڵ ئابۆت کونسولی بەریتانی لە شاری وورمێ بە هەل زانی و نوێنەری خۆی (خەلیفە سەید موحەمەد)ی نارد بۆ لای بەنیازی ئەوەی کە کارێکی وا بکات کە ئابۆت بڕوا بە نیازپاکی و پەیوەندی چاکخوازی شێخ بکات بەرامبەر بە بەریتانیاو دەوڵەتە ئەوروپاییەکان، وە عەدالەتی ڕاپەرینی گەلی کوردی بۆ دووبارە بکاتەوە و بسەلمێنێت.

[1] ڕاپەرینی کوردەکان، سالی (١٨٨٠ان)، دکتور جەلیلی جەلیل، وەرگێرانی، دکتور کاوس قەفتان، ل١٣٢.

خەلیفە سەید موحەمەد کە دەڕوات بۆ لای ئابۆت کونسولی بەریتانیا لە شاری وورمێ زۆر لەسەرخۆ و بەشێوەیەکی فراوان باسی کێشەی کورد و دابەشکردنی ولاتەکەی بەسەر دەولەتی عوسمانی و دەولەتی ئێران دەکات وە کورد لە هەردوو دەولەت نائومێدن لە ئازادی و ئاسایش و خوێندن و هەلسوکەوتی مرۆڤایەتی، وە جیاوازی کردنی نەتەوایەتی و بێ یاسایی و بەرتیل و سەرانە وەرگرتن و نەبوونی کارو ئاسایش و ئارامی لە ولاتدا. وە زۆربوونی دزو جەردەو ڕێگر بەهۆی نەبوونی یاساو دادوەرییەوە.

لە ئەنجامی چاوپێکەوتنەکەی نوێنەری شێخ و ڕاکێشانی سرنجی ئابۆت بۆ لای قسەکانی خەلیفە سەید موحەمەد. ئابۆت لە بیرەوەرییەکانیدا ئەمانە دەنووسێت و وێنەی دەدات بە بالوێزی بەریتانیا لە تاران و دەلێت: شێخ عوبەیدوللا نیازی وایە کە لە هەموو ئەو عەشیرەتانەی ناو دەولەتی عوسمانی و ئێران بدات کە خەریکی تالان و جەردەیی و ڕێگرین، چونکە ئەو دوو دەولەتە لە دەستیان نایەت و توانای ئەوەیان نییە ولاتەکانیان بپارێزن لە دزی و جەردەیی و تالان کردن، وە یاسا بچەسپێنن و ماف ڕەوای گاور و موسلمانەکان بەدەن و بە یەکسانی سەیریان بکەن. وە ڕێگا خۆش بکەن بۆ گەشەکردنی خوێندەواری و کردنەوەی قوتابخانەو بایەخ دان بە پیشەسازی، وە پاککردنەوەی کلێسەکان (ی مەسیحیەکان، ن.س).

شێخ عوبەیدوللا تەنیا یەك شتی دەوێت لە دەولەتانی ئەورووپا ئەویش ئەوەیە کە پشتگیری معنەوی بکەن. شێخ داوا لە دەولەتانی ئەورووپا دەکات کە تاقی بکەنەوە ئەگەر نەیتوانی کوردستان بکات بە دەولەتێکی بەهێزو توانا (و خاوەن یاساو دادوەر و پارێزەری ماف ئایین و نەتەوە جیاوازەکان، ن.س). ئامادەیە لەبەردەم دادگای نوێنەرانی ئەورووپا دادگایی بکرێت و خۆی لە ئەنجامەکەی بەرپرسیار دەبێت.

لە ٢٣ی ئەیلولی سالی (١٨٨٠ز)عوبەیدوللا بڕیاری گرتن و ئازادکردنی شاری (وورمێ)یدا و پێش وەخت ئاگاداری (ئابۆت)ی کردەوە بۆ ئەوەی لە پێش هێرشکردن ئامادەکاری خۆی و کاربەدەستانی کونسولخانە بێگانەکان و

کە بۆ ماوەیەك شەڕ و هێرش ڕابگرێت بەڵکو لەو ماوەیەدا دەنگی خۆی بگەیەنێتە پایتەخت یان تەورێز.

ئابۆت دەڵێت: گورج هاتمە مەیدان و هەر ئەو ڕۆژە لەسەر داوای ئیقبال ئەلدولە کەوتمە ڕێ بۆ لای شێخ عوبەیدوڵلا و داوام لێی کرد بۆ ماوەیەك شەڕو هێرش کردن ڕابگرێت لەسەر شارەکە بۆ ئەوەی ئیقبال ئەلدولە تەگبیرو ڕای خۆی بکات.

بەلام شێخ گفتی ئەدا بۆ ئەوەی شەڕ ڕابگرێت و دانیشێت لەگەڵ ئیقبال ئەلدولە و گفتوگۆی لەگەڵدا بکات. هەروەها ئابۆت دەڵێت: شێخ عوبەیدوڵلا ئامانجی ڕاپەڕینەکەی گەلی کوردی بۆم ڕوون کردەوە و باسی زوڵم و زۆری کاربەدەستانی ئێرانی کرد بەرامبەر بە گەلی کورد و نەبوونی دادپەروەری و زۆربوونی خراپەکاری و دزی و جەردەیی لە ئەنجامی خراپی بەکارهێنانی دەسەلاتیان و وەرگرتنی بەرتیل و چەوساندنەوەی دانیشتوانی کورد.

## نوێنەری شێخ عوبەیدوڵلا بۆ لای کونسولی بەریتانیا لە شاری وورمێ

[1] هەر دوابەدوای دانیشتنەکەی شێخ عوبەیدوڵلا لەگەڵ ئابۆت و گەڕانەوەی بۆ شاری وورمێ شێخ ئەم چاوپێکەوتنە ڕاستەوخۆیەکەی لەگەڵ ئابۆت کونسولی بەریتانی لە شاری وورمێ بە هەل زانی و نوێنەری خۆی (خەلیفە سەید موحەمەد)ی نارد بۆ لای بەنیازی ئەوەی کە کارێکی وا بکات کە ئابۆت بڕوا بە نیازپاکی و پەیوەندی چاکخوازی شێخ بکات بەرامبەر بە بەریتانیاو دەوڵەتە ئەوروپاییەکان، وە عەدالەتی ڕاپەڕینی گەلی کوردی بۆ دووبارە بکاتەوە و بسەلمێنێت.

---

[1] ڕاپەڕینی کوردەکان، سالی (١٨٨٠ان)، دکتۆر جەلیلی جەلیل، وەرگێرانی، دکتۆر کاوس قەفتان، ل١٣٢.

خەلیفە سەید موحەمەد كە دەڕوات بۆ لای ئابۆت كونسولی بەریتانیا لە شاری وورمێ زۆر لەسەرخۆ و بەشێوەیەكی فراوان باسی كێشەی كورد و دابەشكردنی ولاتەكەی بەسەر دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتی ئێران دەكات وە كورد لە هەردوو دەوڵەت نائومێدن لە ئازادی و ئاسایش و خوێندن و هەڵسوكەوتی مرۆڤایەتی، وە جیاوازی كردنی نەتەوایەتی و بێ یاسایی و بەرتیل و سەرانە وەرگرتن و نەبوونی كارو ئاسایش و ئارامی لە ولاتدا. وە زۆربوونی دزو جەردەو ڕێگر بەهۆی نەبوونی یاساو دادوەرییەوە.

لە ئەنجامی چاوپێكەوتنەكەی نوێنەری شێخ و ڕاكێشانی سرنجی ئابۆت بۆ لای قسەكانی خەلیفە سەید موحەمەد. ئابۆت لە بیرەوەرییەكانیدا ئەمانە دەنووسێت و وێنەی دەدات بە بالوێزی بەریتانیا لە تاران و دەڵێت: شێخ عوبەیدوللا نیازی وایە كە لە هەموو ئەو عەشیرەتانەی ناو دەوڵەتی عوسمانی و ئێران بدات كە خەریكی تالان و جەردەیی و ڕێگرین، چونكە ئەو دوو دەوڵەتە لە دەستیان نایەت و توانای ئەوەیان نییە ولاتەكانیان بپارێزن لە دزی و جەردەیی و تالان كردن، وە یاسا بچەسپێنن و ماف ڕەوای گاور و موسڵمانەكان بەدەن و بە یەكسانی سەیریان بكەن. وە ڕێگا خۆش بكەن بۆ گەشەكردنی خوێندەواری و كردنەوەی قوتابخانەو بایەخ دان بە پیشەسازی، وە پاككردنەوەی كڵێسەكان (ی مەسیحیەكان، ن.س).

شێخ عوبەیدوللا تەنیا یەك شتی دەوێت لە دەوڵەتانی ئەورووپا ئەویش ئەوەیە كە پشتگیری معنەوی بكەن. شێخ داوا لە دەوڵەتانی ئەورووپا دەكات كە تاقی بكەنەوە ئەگەر نەیتوانی كوردستان بكات بە دەوڵەتێكی بەهێزو توانا (و خاوەن یاساو دادوەر و پارێزەری ماف ئایین و نەتەوە جیاوازەكان، ن.س). ئامادەیە لەبەردەم دادگای نوێنەرانی ئەورووپا دادگایی بكرێت و خۆی لە ئەنجامەكەی بەرپرسیار دەبێت.

لە ٢٣ی ئەیلولی سالی (١٨٨٠ن)عوبەیدوللا بریاری گرتن و ئازادكردنی شاری (وورمێ)یدا و پێش وەخت ئاگاداری (ئابۆت)ی كردەوە بۆ ئەوەی لە پێش هێرشكردن ئامادەكاری خۆی و كاربەدەستانی كونسولخانە بێگانەكان و

گاورەکانی ناو شارەکە بکات بۆ بەجێهێشتنی شارەکە و دوورکەوتنەوەیان لە ئاگری شەڕو زیان پێکەوتن.

(ئابۆت)لە بیرەوەریەکەیدا دەڵێت لە (١٨٨٠/٩/٢٤ز، ن.س)کاتژمێری ٩ی بەیانی خۆم و دکتۆر گۆهران و دوو پۆستەچی ئێرانی بەنیازی ڕۆیشتن و دەرچوون لەناو شار ڕومان کردە دەروازەی شار بۆ خۆ رزگارکردن لە ئاگری شەڕو هێرش کردن.

بەلام سەربازەکانی ئیقبال ئەلدولە کەوتنە گوللە باران کردنمان و ناچاریان کردین بگەڕێینەوە بۆ ناو شارەکە. شێخم لەمە ئاگادار کردەوە. شێخ داوای لێم کرد کە نووسراوێکی بدەمێ وەکو بەلگەنامە بۆ دوارۆژ بە دەستیەوە بێت کە شێخ ئاگاداری کردوینەتەوە و یارمەتیمانی داوە (بۆ دەرچوون لەناو شارەکە، ن.س)ئەوەم بۆی نەکرد، بەلام گفتم پێی دا کە گەشتێك بە کوردستاندا (لەناوچە ئازادکراوەکان، ن.س). دەکەم بۆ ناسینی کورد و کێشەو بارودۆخەکەی، وە دەست نیشانکردنی دوارۆژی، وە هەلوێستی شێخ بۆ دەولەتانی ئەوروپا. لە پاش ماوەیەکی کەم دەستم کرد بە گەشتەکەم لە شاری تەورێزەوە بۆ تەرگەوەرو شنۆ و سۆلدز و شاری سنە و گەڕامەوە بۆ تەورێز.

# خۆ ئامادەكردنی هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و ئێران بۆ لەناوبردنی شۆڕشەكەی شێخ عوبەیدوڵڵای نایری

[1] دەوڵەتی عوسمانی هەر لە سەرەتای بزووتنەوەكەو كۆنگرەی نەتەوایەتی كوردەوە بەوپەڕی ئاگاداری و ورياييەوە دەیانڕوانیە ئەو ڕاپەڕینەی كە شێخ عوبەیدوڵلا بەتەمای بەرپاكردنیەتی. لە دوای بەستنی كۆنگرەی نایری و گۆڕانی بەرنامەو پرۆگرامی ڕاپەڕینەكە و گواستنەوەی تەنها بۆ ڕۆژهەلآتی كوردستان، وە یارمەتیدانی دەوڵەتی عوسمانی بۆ ڕاپەڕینەكە. (دەوڵەتی عوسمانی بەنیازی ئەوەبوون كە ڕاپەڕینەكە تەنها دژی ئێرانی دراوسێی بێت، نەك بۆ ئازادی كورد و كوردستان لە ئەنجامی سەركەوتن و ئازادكردنی زۆر لە شارو ناوچەكانی ڕۆژهەلآتی كوردستان لە ماوەیەكی كەمدا، ن.س)دەوڵەتی عوسمانی كەوتنە سڵ كردنەوە و مەترسی لە ڕاپەڕینەكەی شێخ عوبەیدوڵلا و سەركەوتنەكانی.

هەر لە سەرەتای بزووتنەوەكەی شێخ عوبەیدوڵلا و لە پێش كۆنگرەی نایری گۆڕینی بەرنامەی ڕاپەڕینەكەی، هێزەكانی دەوڵەتی عوسمانی كۆبوونەوە لە ئەرز ڕووم و وان و ئەرزنجان و موش و بەتلیس، دەوڵەتی عوسمانی پێشوەخت ١٦ بەتالیۆن سەربازیان نارد بۆ ئەرز ڕووم و لە ئەرزنجان و مام خاتوون دامەزران، وە ٢٨تۆپی قورسیان بۆ هات، وە بارەگەی هێزی چواری سەربازی لە زنجان گوێزرایەوە بۆ ئەرز ڕووم.

وە هێزێكی زۆریان نارد بۆ شاری (وان) و ناوچەكانی كە نزیكترین شوێن بوو لە ناوچە ڕووداوەكانی ڕۆژهەلآتی كوردستان و جێگیریان كردن بەشێوەیەكی هەمیشەیی و خۆیان قایم كرد و مەلآسەدا بۆ كاتی پێویست. لەلایەكی ترەوە شای ئێران بە تەواوی مەترسی لێ نیشتبوو، وە پەنای برد بۆ

(1) ڕاپەڕینی كوردەكان، سالی (١٨٨٠ن)، دكتۆر جەلیلی جەلیل، وەرگێرانی، دكتۆر كاوس قەفتان، ل١٣٥.

دەوڵەتی ڕوسیا و بەریتانیا بۆ ئەوەی کە بەهەردوو لایان فشار بخەنە سەر دەوڵەتی عوسمانی بۆ لەناوبردنی شۆڕشی کورد بە سەرۆکایەتی شێخ عوبەیدوڵڵای نایری.

(لەسەر داواو فشاری بەریتانیا و ڕوسیا بۆ سەر دەوڵەتی عوسمانی، دەوڵەتی ئێران و عوسمانی پێکهاتن لەسەر ئەوەی کە ئێران هێرش بکات بۆ سەر شارەکانی خۆی لە ڕۆژهەلآتی کوردستان کە ئازادکراون لەلایەن پێشمەرگەکانی کوردستانەوە بە سەرۆکایەتی شێخ عوبەیدوڵڵای نایری و داگیریان بکاتەوە. وە دەوڵەتی عوسمانیش سنورەکانی خۆی بگرێت و یارمەتی کوردان نەدات، ن.س).

دەوڵەتی ئێران بە فەرمانی شای ئێران هەموو هێزە سەرەکییەکانی ئێرانی کۆکردەوە بە سەرکردایەتی سەرۆکی گشتی سوپا (ئیعتماد ئەلسەلتەننە)و کەوتنە ڕێ بەرەو شاری (تەورێز). هێزێکی تری سوپای ئێران بە سەرکردایەتی (هەمزە میرزا)و ئەفسەرێکی ڕاوێژکاری سەربازی نەمساوی لە تارانەوە کەوتنە ڕێ بەرەو شاری تەورێز.

وە هێزێکی تری سوپای ئێران بە سەرۆکایەتی (تەمرخان)لەهەمەدانەوە کەوتنە ڕێ بۆ شاری تەورێز و هەموویان لە شاری تەورێز یەکیان گرتەوە. هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان گەمارۆی شاری تەورێزیان دابوو بۆ ئازادکردنی.

لەپاش شەڕێکی گەورە لەگەڵ هێزەکانی ئێران پێشمەرگەکانی کوردستان لە شەڕی بەرەو ڕووبەڕووبوونەوەدا خۆیان بۆ ڕانەگیرا بەرامبەر بەو هێزە زۆرەی ئێران و هەڵهاتن بەرەو ناوچەکانی ئازربایجان و شاری ورمێ.

شێخ عوبەیدوڵڵا و هەمزە ئاغای مەنگوریش لە ڕێگای شنۆ و لاهیجانەوە کشانەوە بۆ ناوچەی مەرگەوەر. چوار فەوجی سەربازی پیادەی ئێران و ١٥٠٠ سەربازی سوارە بە چوار تۆپەوە بە سەرۆکایەتی (سەرتیپ ئاغا خان) و (ناسر ئەلملوك)کەوتنە شوێنیان، وە ئەو سەرۆك عەشیرەت و خیلآنەی کە چوونە پاڵ دەوڵەتی ئێران بوون بەچاو ساغی سوپای ئێران و کەوتنە پێشیانەوە و

فشاریان بۆیان هێناو ناچار خۆیان بۆ ڕانەگیرا. شێخ عوبەیدوڵڵا و زۆربەی سەرلەشکرەکانی لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی (١٨٨٠ز)سنوریان بڕی و چوون بۆ ناو (باکووری کوردستان، ن.س)سنوری دەوڵەتی عوسمانییەوە و لە شەمدینان دانیشتن. شای ئێران داوای کرد لە سوڵتانی عوسمانی لە ئەستەمبوڵ بۆ ئەوەی شێخ عوبەیدوڵڵا و سارکردە بەشداربووەکانی ڕاپەرینەکە تەسلیم بکەن بە ئێران.

وە هەردوو دەوڵەتی بەریتانیا و نەمسا پشتگیری ئەو داواکارییان کردبوو وە باڵوێزی بەریتانیا لە ئەستەمبوڵ داوای کردبوو لە سوڵتانی عوسمانی کە خۆیان سزای شێخ عوبەیدوڵڵا بدەن یان تەسلیمی بکەن بە دەوڵەتی ئێران، (بەڵام دەوڵەتی عوسمانی هیچیانی نەکرد، ن.س).

# بەرگریکردنی هەمزە ئاغای مەنگور و پیلانی کوشتنی

[1] لە پاش کشانەوەی شێخ عوبەیدوڵلا و زۆربەی سەرلەشکرەکانی بۆ ناو سنوری دەوڵەتی عوسمانی زۆربەی سەرۆک عەشیرەتە کوردەکانی (ی رۆژهەلاتی کوردستان، ن.س)ناو سنوری ئێران مل کەچی و پشتگیری خۆیان دەربڕی بۆ شا و دەوڵەتی ئێران.

تەنها هەمزە ئاغای مەنگور مایەوە و بەرهەڵستی دەوڵەت و سوپای ئێرانی دەکرد. سوپای ئێران بەهێزێکی زۆری پیادە و سوارەوە بەسەرکردایەتی (عەلی خان ئەفشار)پەلاماری گوندەکانی هەمزە ئاغایان دا لە ناوچەی مەنگور و دەستیان کرد بە کوشتن و تاڵانکردن و وێرانکاری گوندەکان. وە هەمزە ئاغا و لەشکرەکەی بەدەم شەڕەوە خۆیان گەیاندە ناوچە شاخاوییەکانی سەر سنورو دەستیان کرد بە شەڕی پارتی زانی و بەردەوام بوون دژی سوپای ئێران و ترسیان خستە دڵیانەوە.

دەوڵەتی ئێران بۆ لەناوبردنی هەمزە ئاغای مەنگور پەنایان برد بۆ (حەسەن عەلی خان) پارێزگاری شاری (سنە-سنندج) (بەڵام حوسێن مەدەنی لە بەشی یەکەمی کتێبەکەیدا لە لاپەڕە (١٨٦) دەڵێت: هەمزە ئاغا پەیوەندی کردبوو بە وەزیری فەوائیدی عامەوە (بۆ لێبوردن و لێ خۆشبوون لە خۆی و ئەوانەی کە لەگەڵیدا، ن.س)وەزیری فوائیدیش سوێندی بۆی خواردبوو کە لێی دەبوورن، وە میوانداری (هەمزە ئاغای مەنگور، ن.س)کردبوو بۆ شاری سابلاخ (مهاباد)و خۆی پێشوازی لێیان کردبوو (وە لە دەرەوەی ماڵەکەیدا،ن.س)خێوەتی (چادری)بۆیان هەڵدابوو و دایان نابوون لەناو چادرەکەدا و لە ناکاودا لە چوار لاوە دەست درێژیان لێیان کردبوو، هەمزە ئاغای مەنگور و برازا و خوشکەزاکانی دەکوژن و سەری هەمزە ئاغایان بڕی

[1] ڕاپەڕینی کوردەکان، ساڵی (١٨٨٠ان)، دکتۆر جەلیلی جەلیل، وەرگێرانی، دکتۆر کاوس قەفتان، ١٤٩.

بوو و کردبوویان بە نێزەیەکەوە لەناو شەقامەکانی شاری مهاباد پێشانی خەڵکی شارەکەیان دابوو.

لەپاش کشانەوەی لەشکرەکەی شێخ عوبەیدوڵلا لەناو سنورەکانی رۆژهەلاتی کوردستان زیاتر لە ٦٠ هەزار کەس لە دانیشتوانی شاری ورمێ و ناوچەکانی ڕوویان کردە سنورەکانی دەوڵەتی عوسمانی و پەنایان برد بۆیان. وە نزیکەی دوو هەزاریان ڕوویان کردە ناوچەکانی هەکاری.

حەسەن عەلی خان پارێزگاری شاری سنە پەیوەندی دەکات بە هەمزە ئاغای مەنگوڕەوە و سوێندی بۆ دەخوات بە قورئان و شەرەفی خۆی کە بەبۆنەی هاتنی جەژنەوە لێبوردنیان بۆ دەردەکرێت لەلایەن شای ئێرانەوە بۆ خۆی و سوارەکانی، وە داوای لێ دەکات کە رۆژی جەژن خۆی و سوارەکانی بڕۆن بۆ لای بۆ شاری (سنە)و لێی دەبورن و هیچ مەترسیەك نابێت بۆ خۆی و سوارەکانی. لە رۆژی جەژنی رەمەزان هەمزە ئاغای مەنگور لەگەڵ چەند سوارێکدا دەڕۆن بۆ شاری سنە بۆ ماڵی حەسەن عەلی خان و خۆی دێت بۆ پێشوازیان و لە پاش نان خواردن گوللە بارانیان دەکەن و هەموویان دەکوژن، وە سەری هەمزە ئاغا دەبڕن و دەینێرن بۆ سەرکردەی گشتی سوپای ئێران و کۆتایی دێت بە شەڕی پارتی زانی هەمزە ئاغای مەنگور.

# خۆ ئامادەکردنی شێخ عوبەیدوڵڵای نایری بۆ ڕاپەڕین و شۆڕشێکی تر

[1] شێخ عوبەیدوڵڵا کە کشایەوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و گەیشتەوە (شەمدینان)جارێکی تر کەوتەوە خۆئامادەکردن بۆ ڕاپەرینێکی تر و دەستی کرد بە پەیوەندی کردن بە سەرۆك عەشیرەتە کوردەکان و نامەناردن بۆ سەرۆك عەشیرەتە عەرەبەکانی دەوری موسڵ و ئەرمەنی و ئاسوورییەکان بۆ بەشداری کردنیان لە ڕاپەرینەکەی و پشتگیری کردنی.

هەروەها لە سەرەتای بەهاری ساڵی (١٨٨١ن)شێخ عوبەیدوڵڵای نایری نوێنەری خۆی (سەید خەلیفە موحەمەد سەید)ی نارد بۆ لای کونسولی ڕوسیا لە شاری (وان) و داوای لێی کردبوو کە دەوڵەتی ڕوسیا ماوە بدات بەو کوردانەی کە لە دوای شکستی ڕاپەرینەکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پەنایان برد بۆ ڕوسیا یارمەتیان بدەن بۆ گەڕانەوەیان بۆ هەکاری.

کونسولی ڕوسیاش داواکارەکەی گەیاندبوو بە باڵوێزی ڕوسیا لە ئەستەمبوڵ. ڕۆژنامەی (مشاك)ی ئەرمەنی بڵاوی کردەوە و دەڵێت: مار شەمعون سەرۆکی ئایینی ئەرمەنییەکان لەگەڵ ١٥ لە مەلیکەکانیان بەڵێنیاندا بە شێخ عوبەیدوڵڵا کە پشتگیری بکەن ئەگەر ڕاپەرینەکەی دژی دەوڵەتی ئێران بێت.

گفتوگۆی کاربەدەستانی دەوڵەتی عوسمانی و ئێران دەربارەی کێشەی ڕاپەرینەکەی شێخ عوبەیدوڵڵاو داواکارییەکانی ئێران و فشاری بەریتانیاو ڕوسیا لەسەر دەوڵەتی عوسمانی بۆ تەسلیم کردنی شێخ و سەرکردەکانی درێژەی کێشا. وە پەیوەندییەکانی شێخ و خۆ ئامادەکردنی، دەوڵەتی عوسمانی خستبووە مەترسیەوە. بۆیە سوڵتانی عوسمانی ئەحمەد بەگی

[1] ڕاپەرینی کوردەکان، ساڵی (١٨٨٠ن)، دکتۆر جەلیلی جەلیل، وەرگێرانی، دکتۆر کاوس قەفتان، ١٥٢

یاوەری خۆی نارد بۆ هەکاری بۆ لای شێخ عوبەیدوللا بە نیازی ڕازیکردنی شێخ کە لەگەڵیدا بڕوات بۆ ئەستەمبۆڵ بۆ لای سوڵتان. بەلام شێخ بە بەهانەی نەخۆشییەوە خۆی لەو ڕۆیشتنە رزگار کرد.

بەلام شێخ دڵسۆزی و دۆستایەتی خۆی بۆ سوڵتانی عوسمانی نواندو دەربڕی بوو لەلای ئەحمەد بەگی یاوەری سوڵتان. لە بەهاری ساڵی (١٨٨١ز)لەژێر فشاری زۆری سوڵتانی عوسمانی شێخ عوبەیدوللا ناچار بوو لەگەڵ یەکێك لە سەرکردەکانی سوپا و بە لەشکرێکەوە ڕۆیشت بۆ ئەستەمبۆڵ بۆ لای سوڵتانی عوسمانی لە ئەستەمبۆڵ.

بە گەیشتنی شێخ پێشوازییەکی فەرمی گەرمیان لێی کرد بە تۆپ و فیشەك تەقاندن و پێشاندانی سەربازیەوە. بەلام زۆری پێ نەچوو شێخ بۆی دەرکەوت کە دەست بەسەرەو لەژێر چاودێریدایە لە ئەستەمبۆڵ، شێخ عوبەیدوللا بەنهێنی پەیوەندی دەکات لەگەڵ شێخ عەبدولقادری کوڕی و ئاگاداری هەموو شتێکی دەکاتەوە.

# خۆ ئامادەکردنی شێخ عوبەیدوڵلا بۆ خۆ رزگارکردن لە دەستبەسەری تورکان

[1] شێخ عوبەیدوڵلا مانگی ڕەمەزانی کردبوو بە بەهانە و بیانو کە کەس لەم مانگەدا سەردانی نەکات چونکە بە ڕۆژو و نوێژو قورئان خوێندنەوە سەرقاڵ دەبێت، وە داوای کردبوو لە خزم و کەس و کارو برادەرەکانی کە لەم مانگەدا هەتا ڕۆژی جەژنی ڕەمەزان سەردانی نەکەن.

شێخ عوبەیدوڵلا لە مانگی ڕەمەزاندا پاسەپۆرتێکی دروست کراوی بۆ پەیدا دەکەن بە ناوی بازرگانێکەوە و بە جل و بەرگی بازرگانییەوە ڤیزە وەردەگرێت لە کونسولی ڕوسیا لە ئەستەمبۆڵ و سواری پاپۆڕێکی کۆمپانیای (پاك)ی فەرەنسی دەبێت و خۆی دەگەیەنێتە شاری (پۆتی)ڕوسی و لەوێوە دەکەوێتە ڕێ بۆ تەفلیس و لەوێوە بۆ یەریڤان و بایزیدی و هەکاری هەر ئەوەندە دەنگوباس بلاوکرایەوە کە شێخ عوبەیدوڵلا بینراوە لە سنورەکانی دەوڵەتی عوسمانی و ڕوسیا کوردستان بە جارێك هاتە هەژین، زۆر لە عەشیرەتە کوردەکان لە خۆشیا هێزی چەکداریان پێکهێنا بۆ پێشوازی کردن و ڕێز لێ گرتنی شێخ عوبەیدوڵلای نایری.

هەروەها شێخ عەبدولقادری کوڕی بە چەکدارێکی زۆرەوە پێشوازی کرد لە باوکی. شێخ عوبەیدوڵلا لە هاتنەوەکەیدا بۆ کوردستان سەردانی کڵێسەی ئەرمەنییەکانی کردبوو لە هەرێمی (وان)و ئەوانیش پێشوازییەکی گەرم و دۆستانەیان لێی کردبوو.

شێخ عوبەیدوڵلا هەر لەناو کڵێسەکەدا وتارێکی خوێندەوە و سوپاسی ئەو پێشوازییە گەرم و دۆستانەی برا ئەرمەنییەکانی کردبوو. وە باسی دۆستایەتی و هاوسێتی و پێکەوەژیان و برایەتی دێرینی کورد و ئەرمەنی کردبوو، وە گوتبووی من برا ئەرمەنییەکان دڵنیا دەکەم کە لەلایەن میللەتەکەمانەوە (میللەتی کورد مانەوە، ن.س)زیانیان لێ نادرێت و مافیان دەپارێزرێت، وە داوای کردبوو لەگەلی کورد کە ئەرمەنییەکان بە براو دۆستی خۆیان بزانن.

---

[1] ڕاپەڕینی کوردەکان، ساڵی (١٨٨٠)، دکتۆر جەلیلی جەلیل، وەرگێرانی، دکتۆر کاوس قەفتان، ١٥٠

# جارێکی تر خۆ ئامادەکردنی دەوڵەتی عوسمانی و ئێران

[1] بە بیستن و گەیشتنەوەی شێخ عوبەیدوڵلا بۆ کوردستان و ناوچەی هەکاری، وە کۆبوونەوەکردنی یەك لە دوای یەکی لەگەڵ سەرۆك عەشیرەتەکانی کورد و ئەرمەنی و ئاسورییەکان و خۆ ئامادەکردنی، وە کۆبوونەوەی چەکدارێکی زۆر لە دەوری.

کاربەدەستانی دەوڵەتی عوسمانی خستە مەترسیەوە، بەو پەڕی ئاگاداری و چاودێریکردنەوە هەنگاو بە هەنگاو کەوتنە شوێن جولانەوە و چالاکیەکانی شێخ عوبەیدوڵلا. وە دەوڵەتی عوسمانی دەستیان کرد بە بلاوکردنەوەی ڕاگەیاندن و پروپاگاندەی خراپ و تاوانبارکردنی شێخ بەهەموو شێوەیەك. لەلایەکی ترەوە کاربەدەستانی ئێران بە فەرمانی شا کەوتنە خۆ قایم کردن و ئامادەکاری و هێز کۆکردنەوە لەسەر سنورەکانی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و ئێران بەناوی مەشقی سەربازی و تاقیکردنەوەی توانای هێزەکانیان.

بە سوپایەکی زۆرەوە ڕوویان کردە ناوچەکانی (سەلماس) و (میرزا نیزام). وە دەوڵەتی ئێران بەیاننامەیەکی توندو تیژیان بلاوکردەوە بۆ (دانیشتوانی رۆژهەلاتی کوردستان، ن.س)ناو سنوری ئێران و هەڕەشەی ئەوەیان دەکرد کە هەر کەسێك سەردانی شێخ عوبەیدوڵلا بکات توندترین سزا دەدرێت لەلایەن دەوڵەتەوە.

وە فەرمانیاندا کە بە زووترین کات شووراو قەلاگانی شاری وورمێ چاك بکرێتەوە. وە دەوڵەتی عوسمانیش بە هێزێکی گەورەوە ڕوویان کردە باکووری کوردستان بەرەو شاری وان و هەکاری. وە لە ئەرز ڕووم و ئەرزنجانیشەوە چوار بەتالیۆن سەرباز و ١٤ تۆپی گەورەیان نارد بۆ شاری وان.

وە لەشکرەکەی (موسا پاشا کوندۆ خۆف)لەناو شاری واندابوو ناردیان بۆ ناوچەکانی هەکاری و شاخەکانی و سەربازگەیان دامەزراند و خۆیان قایم کرد. سولتانی عوسمانی بەشێوەیەکی فەرمی (کولۆنیل یوسف بەگی)نارد بۆ لای شێخ عوبەیدوڵلا و

[1] هەمان سەرچاوە.

بەناوی سولتانەوە داوای لێی کرد کە دەست هەڵبگرێت و وازبێنێت لە خۆئامادەکردن بۆ شەڕ؛ بەلام شێخ عوبەیدوڵلا بایەخی نەدا بە داواکارییەکەی سولتانی عوسمانی و نوێنەرەکەی.

لە ناوەڕاستی مانگی ئابی ساڵی (١٨٨١ز)جارێکی تر سولتانی عوسمانی (کەمال بەگ)سێیەم سکرتێری خۆی نارد بۆ (وان)بۆ چاوپێکەوتنی شێخ عوبەیدوڵلا و ڕازی کردنی کە بەخێزانەوە بڕوات بۆ یەکێك لە شارە پیرۆزەکانی عەرەب و لەوێ دابنیشێت. وە دەوڵەتی عوسمانی هەموو خەرج و ئەرکێکی دەگرێتە ئەستۆ، بێجگە لە خەرجی بنەماڵەکەی هەموو مانگێك موچەیەکی ١٥٠٠ لیرەی (زێرینی، ن.س)بۆ دەبڕێتەوە. شێخ عوبەیدوڵلا بەم داواکارییەی سولتانی عوسمانی ڕازی نەبوو و کەوتە خۆ ئامادەکردن بۆ بەرهەڵەستی کردنی هێزەکانی دەوڵەتی عوسمانی و قەلای (ئۆرامار)ی ئاوەدان کردەوە و بارەگای خۆی گواستەوە بۆ ناو قەلاکە.



شێخ عوبەیدوڵلای نایری لەکاتی بەدیل گرتنی لەلایەن سوپای تورکانەوە لە ساڵی (١٨٨١ز)

# خۆ بەدەستەوەدانی شێخ عوبەیدوڵلا به دەوڵەتی عوسمانی

[١]دەوڵەتی عوسمانی كە ئاگادار كراوە (بە ئاوەدانكردنەوەی قەڵای ئۆرامار و خۆ ئامادەكردنی شێخ عوبەیدوڵلا بۆ بەرهەڵست كردنی دەوڵەتی عوسمانی، ن.س)لەسەر فەرمانی سوڵتان گەمارۆ و ئابلوقەی قەڵای ئۆرامارییان دا لە چوار لاوە و ئابلوقەیان خستە سەری و كەوتنە گفتوگۆكردن لەگەڵیدا بۆ دیاری كردنی شوێنێك كە شێخ خۆی دیاری بكات و بڕوات و دابنیشێت.

شێخ عوبەیدوڵلا ناچاركرا و داوای كرد كە لە موسڵ دابنیشێت. كاربەدەستانی عوسمانی بە ئەمە ڕازی بوون، بەلام شێخ دەیویست ڕۆیشتنەكەی بۆ موسڵ دوا بخات و هەندێك بیانوی دەهێنایەوە و ساردی دەنواند بۆ ڕۆیشتنەكەی، موسا پاشا كە ئابلوقەی قەڵاكەی دابوو لە پاش هەژدە ڕۆژ ئابلوقەدان قەڵاكەی بە تۆپی قورس بوردوومان كرد و لە هەموو لایەكەوە ڕووخاندی بەسەر شێخ و لەشكرەكەیدا و قەڵاكەیان داگیركرد و شێخ خۆی دا بەدەستەوە و بە دیل گرتیان و لەگەڵ چوار بەتالیۆنی سەربازی سوارە ناردیان بۆ شاری موسڵ.

مەحەمەد سدیق كوڕی گەورەی شێخ عوبەیدوڵلا بارەمتە بوو لەلای سوڵتانی عوسمانی لە ئەستەمبوڵ. شێخ عەبدولقادری كوڕی دووەمی بوو بە جێگری باوكی لەنایری، دەوڵەتی عوسمانی سوپایەكی زۆریان نارد بۆ نێوان قەڵای ئۆرمار و نایری بۆ ئەوەی تیایدا بمێننەوە بە هەمیشەیی، وە دوو بەتالیۆنی سەربازیان نارد بۆ نایری بۆ چاودێریكردنی شێخ عەبدولقادری كوڕی شێخ عوبەیدوڵلا.

دەوڵەتی ئێران دانشتنی شێخ عوبەیدوڵلای بەدڵ نەبوو لە موسڵ. پیاوانی هەواڵگری و سیخوری ئێرانی ڕۆژ بە ڕۆژ دەنگوباسی شێخ یان دەنارد بۆ تاران.

---

[٦٩] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٤

وە دانیشتنی شێخ عوبەیدوڵلاش لە موسڵ هەر وەکو ناوچەی هەکاری عەشیرەتەکانی کورد و عەرەبی ولایەتی موسڵ هاتوچۆیان دەکرد و لە دەوری شێخ کۆ دەبوونەوە و چاوەڕوانی فەرمانی شێخیان دەکرد.


موحسین خان بالوێزی ئێران لە ئەستەمبوڵ بەناوی شای ئێرانەوە داوای کرد لە کاربەدەستانی عوسمانی کە شێخ عوبەیدوڵلا بگوێزێتەوە بۆ شوێنێکی دوور لە سنوری ئێران چونکە ئێستا لە موسڵ جەماوەرێکی زۆری هەیە و هەر کاتێك مەبەستی بێت ڕاپەرینێکی تر بەرپا دەکات.

دەوڵەتی عوسمانیش وەلامیان دانەوە کە بەم نزیکانە شێخ عوبەیدوڵلا بۆ جێگایەکی دوورتر دەنێرن بۆ ولاتانی عەرەبی و دووری دەخەنەوە.

وەزیری کاروباری دەوڵەتی ئێران جارێکی تر داوای کرد لە دەوڵەتی عوسمانی کە شێخ عەبدولقادری کوڕی شێخ عوبەیدوڵلا بگرن چونکە خەڵکێکی زۆری لەگەڵدایەو وەکو باوکی جێگای مەترسیە. لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی (١٨٨١ز)بەنیازی گواستنەوەی شێخ عوبەیدوڵلا (لە موسڵەوە بۆ ئەستەمبوڵ، ن.س)لەشکرێکیان پێکهێنا بە سەرکردایەتی (کەمال پاشا)بۆ گواستنەوەو پاراستنی شێخ عوبەیدوڵلا لە ڕێگاوبان.

شێخ عەبدولقادری کوڕی شێخ ئاگادار دەبێت لە گواستنەوەی باوکی و پیلانی ڕزگارکردنی بۆ دادەنێت و بە کۆمەڵێك چەکدارەوە کەمین دادەنێت لە ڕێگایاندا لە نزیك گوندی (شێپاتان)و بە گەیشتنی هێزەکەی کەمال پاشا کە باوکی لەگەڵیاندایە پەلاماریان دەدات و باوکی ڕزگار دەکات و دەچنە ناو گوندەکەوە و دەست دەکەن بە شەڕ و بەرگری کردن. لەشکرەکەی کەمال پاشا دەوری گوندەکەیان دابوو هەتا چوار بەتالیۆن سەرباز لە موسڵەوە فریایان دەکەون، لە پاش شەڕێکی شەش کاتژمێری لە ڕۆژی ١٣ی تشرینی دووەمی ساڵی (١٨٨١ز)شێخ عوبەیدوڵلا و شێخ عەبدول قادری کوڕی خۆیان دا بەدەستەوە و بردنیانەوە بۆ موسڵ لە پاش ماوەیەك دوور خرانەوە بۆ شاری (مککە)و شۆڕش و ڕاپەرینەکەی شێخ عوبەیدوڵلا کۆتایی هات.

بەلاّم حوسێن مەدەنی لە كتێبەكەیدا لە لاپەرە (١٨٤)دەڵێت: لە ئەنجامی فشاری دەوڵەتاندا بوو دەوڵەتی عوسمانی گەمارۆی (نەهری)یان داو شێخ عوبەیدوڵلایان بە دیل گرت. بەلاّم هەر دوو كوڕەكانی شێخ موحەمەد و سدیق و عەبدولقادر هەڵهاتن. وە شێخ عوبەیدوڵلایان گرت و ناردیان بۆ ئەستەمبۆڵەوە لەوێوە بۆ ئەسكەندەرۆنەو لەوێشەوە بە پاپۆر بۆ بەیروت وە لەوێشەوە ناردیان بۆ شاری (مەككە)لەگەڵ خێزانەكەیدا لەپاش ماوەیەكی كەم شێخ عوبەیدوڵلا لە ساڵی (٨٨٢ز)لە شاری مەككە كۆچی دوایی كرد..



مستەفا کەمال ئەتاتورك
دامەزرێنەری کۆماری علیمانی
تورکیا لە ساڵی (١٩٢٢ز)

# سەرکەوتنی مستەفا کەمال ئەتاتورك و دامەزراندنی کۆماری تورکیای عیلمانی ( ن.س )

لە پاش بزووتنەوەکەی مستەفا کەمال ئەتاتورك و سەرکەوتنی و لەناوبردنی خیلافەتی دەوڵەتی عوسمانی تەمەن شەش سەد ساڵەو نەمانی دەسەلاتی سوڵتانەکانی تورك بەناوی خەلیفەو سوڵتانی ئیسلامەوە.

لە ساڵی (١٩٢٢ز)مستەفا کەمال ئەتاتورك کۆماری تورکیای علیمانی دامەزراند و وەرچەرخانێکی گەورە و گۆڕانکاریەکی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا لە تورکیا.

مستەفا کەمال کە بە تەواوی دەسەستی گرت بەسەر دەسەلاتدا، ئەوەی کە لە ناخی دەرونیدا بوو لە بیرو باوەڕی تورك چێتی و شۆڤێنیەت و ڕەگەز

پەرستی و ڕق و کینەی بەرامبەر بە نەتەوە جیاوازەکانی ناو سنوری کۆماری تورکیای نوێ نەخشەو پیلانی بۆی دارشت.

بۆ گەڕانەوەی ئابرو ناو و وشەی بەدناوی دەسەلاتی دەولەتی عوسمانی تورکی لە جیهاندا. وە رسوابوونیان لە جەنگی جیهانی یەکەمدا و ڕووخاندنی ئیمپیراتۆریەتی شەش سەد ساڵەی عوسمانی تورکی و لە دەستدانی ناو و بالاّ دەستی تورك و ئەو سنورە گەورە و فراوانە لە دەست چووەی‌ن .

مستەفا کەمال ویستی بۆ بژاردنی ئەم زیانانەی کە لە تورك کەوتووە چریان بکاتەوە لەو سنورە نوێیەی کە دیاری کراوە بە ناو کۆماری تورکیاوە.

بۆ گەڕانەوەی متمانەو باوەڕ بەخۆکردنی تورکان. بۆ ئەم مەبەستە مستەفا کەمال ئەتاتورك دەستی کرد بە گۆڕانکارنکارییەکی بنچینەیی لە هەموو ڕوویەکەوە بۆ کۆماری تورکیای نوێ.

١- بایەخ دان بە گۆڕانکاری سەروسیماو ڕەوالەت و شێوەی جل و بەرگی تورکی.

بە نەهێشتنی سەرو سیماو ڕەوالەتی ڕوو و شێوەی جل و بەرگی دەولەتی عوسمانی بۆ تورکانی کۆماری تورکی علیمانی نوێ، بە قەدەغەکردنی و نەهێشتنی ئەو جل و بەرگانەی کە لەسەردەمی دەولەتی عوسمانیدا لەبەر دەکران و دەپۆشران وەکو کراسی درێژ و چاکەت لەبەرکردن، عەبا لەشان کردن و عەمامەو فێس و کلاو جامەدانی و چەفتەی سپی و سەرپۆشی سپی لەسەرکردن و نەهێشتنی ڕیش و سمێلی زل و جل و بەرگی ئایینی و مێزەری سەوز و سپی لەسەر کردن.

وە نەهێشتنی سەرپۆش و حیجاب و بەرگی درێژی ئافرەتان لەناو فەرمانگەو قوتابخانەو زانکۆکەکاندا. لە باتی ئەو جل و بەرگانە هانی خەلکیان دەدا بۆ لەبەرکردنی کراس و پانتۆل و لە مل کردنی کەرەوێتەو لەسەرکردنی شەبقەی ئەورووپی.

مستەفا کەمال خۆی لە بازاڕەکاندا دەگەڕا و لە ناوخەلکدا ئەوەی فێس و مێزەری سپی و سەوز و کلاو و چەفتەو جامەدانی لەسەردابووایە بەبزە

خەندەکـەوە بەدەسـتی خـۆی لای دەبـرد لەسـەری و شـەبقەیەکی ئـەورووپی دەکـردە سـەری، وە ئەگـەر ڕیـش و سمێڵـی ببوایـە پێـی دەگـوت بیتاشـە بـا پـاك بێـت. مستەفا کـەمال لـە ماوەیـەکی کەمـدا تـوانی لـەناو شـارەکانی تورکیـادا جـل و بـەرگ و سـەرو سمیـا و ڕەواڵـەتی دانیـشتوانی شـارەکان بگۆڕێـت، بەتایبـەتی تورکـەکان، بـۆ جیاکردنـەوەیان لـە میللـەتانی تـری ئاسـیا و ناوچـەکە و سـرنج ڕاکێـشانی ئـەورووپا بـەلای سـەرو سـیماو ڕەواڵـەتی تورکـان و جیاوازیـان لەگـەڵ دەوڵەتی ئیسلام و کیشوەری ئاسیادا.

لەبـەر ئـەوەی کـە بەشـێك لـە سـنوری ئیـستای تورکیـا دەکەوێتـە کیـشوەری ئـەورووپاوە، مـستەفا کـەمال لافی ئـەورووپایی لێـدەداو دەیویـست بیـسەلمێنێت کـە تورکـان زیـاتر ئـەورووپایین، لـەوەی کـە ئاسـیایی بـن، وە بـۆ ڕاکێـشانی سـرنجی ئـەورووپا بـەلای تـورك و دەوڵـەتی تورکیـا، وە بـۆ سـەلماندانی ئـەم لاف لیدانـە مـستەفا کـەمال لـە کۆتـایی بـەهاری سـاڵی (١٩٢٤ز)مـستەفا کـەمال ئـەتاتورك گەشـتێکی سـێ مـانگی پێکهێنـا لەسـەر ئـەرکی دەوڵـەت بـۆ قوتابیـانی زانکۆکـانی ئەسـتەمبۆڵ بـۆ کـوڕان و کـچان بـە پـاپۆڕو لـە دەریـاوە، زیـاتر لـە هـەزار لاوی هەڵبـژادەی جـوان و بـالاّ بـەرز و پـرچ زەردیـان کـۆکردەوە و بـە پێـنج پـاپۆڕی گـەورە بـۆ مـاوەی سـێ مـانگ گەشـت و گـەڕانی هـەموو پایتەختـەکانی بـەریتانیاو ئـەڵمانیاو فەڕەنـساو ئیتالیـاو هۆڵنـدا و دەوڵـەتانی تـری ئـەورووپای پێیـان کـردن بـە نـاوی لاوانـی تورکـەوە لەگـەڵ دەزگـای ڕاگەیانـدن و بڵاوکردنـەوەی پروپاگانـدەو وێنـەی تورکـان و ئەسـتەمبۆڵ و ئـاڵای تورکیـا، بـۆ ناسـاندنی تـورك و کۆمـاری تورکیای نوێ و ناسینی شارستانیەتی تورك بە جیهانی ئەورووپا.[1]

٢-گۆڕینی پیتـەکانی خوێنـدن: دەوڵـەتی عوسمـانی تـورکی لـە مـاوەی شـەش سـەد ساڵ دەسەلاّتیدا بەپیتی ئەلیف بای عەرەبی دەیان خوێندو دەیان نووسی.

لەسـەر فـەرمانی مستەفا کـەمال پـیتی عـەرەبیان گـۆڕی بـە پـیتی لاتـینی لـە هـەموو قوتابخانـەکانی دەوڵەتـدا. وە هـەموو ئـەو کتێـب و بەڵگەنامانـەی کـە بـە زمـانی تـورکی و بـەپیتی عـەرەبی نووسـرابوون لـە ناویـان بـردن و شـاردیانەوە لەبەرچـاوی

خەڵكی توركیا. ئەمەش هەر بۆ دووركەوتنەوە بوو لە كلتووری عەرەبی و ئیسلامی و ئاسیایی و نزیك بوونەوە لە ئەورووپا.

٣-گۆڕینی شێوە زمانی توركی عوسمانی بۆ زمانێكی دەستكاری كراوی نوێ.

بۆ ئەم مەبەستە هەموو دەزگا ڕۆشنبیرییەكان و نووسەران و ئەدیبانی تورك پێیان سپێردرا بۆ چاككردنەوەی زمانی توركی لە زمانی عەرەبی و فارسی و كوردی، وە دروستكردنی زمانێكی ستانداری توركی نوێ.

بۆ ئەم مەبەستە كۆمەڵێك وشەی عەرەبی و فارسیان لابرد و و كۆمەڵێك وشەی ئەورووپییان خستە ناو زمانەكەیانەوە (لەگەڵ ئەوەشدا تاوەكو ئێستاش لە ٤٠٪ی ووشەكانی تورك كە بەكاری دێنن بە ووشەی توركی دەزانن كوردی و عەرەبیە، ن.س).

٤-گۆڕینی پرۆگرامی خوێندن: هەموو كتێبەكانی خوێندنیان گۆڕی لە سەرەتاییەوە تا دووا قۆناخی خوێندن و بەشێوەیەكی ڕەگەز پەرستی و تورك چێتی و دروستكردنی ڕق و كینە لە دڵی مندالآنی توركان بەرامبەر بە هەموو نەتەوەكانی تری ناو دەوڵەتی توركیا و دەورووبەری، وە نەهێشتنی ناوی هیچ نەتەوەیەكی تر لەناو كتێبەكانی مێژوو و ئەدەب و كلتوور و كۆمەلآیەتی قوتابخانەكاندا. تەنها ڕەگەزی تورك و تورك چێتی نەبێت.

٥-گۆڕینی یاساكان: هەموو یاساكانی دەوڵەتی عوسمانی توركی خرایە لاوە و سەر لە نوێ یاساكانیان دارشتەوە و پەنایان برد بۆ یاساكانی ئەورووپا.

بۆ نموونە: بۆ یاسای شارستانی پەنایان برد بۆ یاسای شارستانی سویسرا. بۆ یاسای سزادان پەنایان برد بۆ یاسای سزادانی ئیتالی.

بۆ یاسای بازرگانی پەنایان برد بۆ یاسای ئەڵمانی و...هتد.. ئالۆگۆڕێكی تەواویان كرد لە یاسا بنچینەیەكاندا.

مستەفا كەمال توانی لە ماوەی دە ساڵدا گۆڕانكاری بكات لە ژیانی خەڵكی توركیادا. مستەفا كەمال ئەتاتورك لە ماوەیەكی كەمدا توانی پەیوەندیە سیاسیەكانی دەرەوەی لەگەڵ ڕوسیا و ئەمەریكا و فەرەنسا و ئیتالیا و بەریتانیا چاك بكات و لە پەیمانی لۆزان دا سوودیان لێ وەربگرێت.

١-ئەوەبوو لە ٢٥ی تشرینی دووەمی ساڵی (١٩٢٢ن)پەیمانی لۆزان بەسترا لە سویسرا و ولآتانی هاوپیمانی جەنگی جیهانی یەکەم کۆنگرەیەکیان بەست بەناوی پەیمانی (لۆزان)بە ئامادەبوونی نوێنەرانی ئەمەریکا و ڕوسیا و بەریتانیا و فەرەنسا و ئیتالیا و تورکیا. مستەفا کەمال ئەتاتورك خۆی ئامادەبوو لە کۆنگرەکەدا بە نوێنەری تورکیا.

لەم کۆنگرەیەدا تورکیا دەستی هەلگرت لە ولایەتی موسلّ و ئەو گرێبەستانەی کە دەولّەتی عوسمانی لە پێش جەنگی جیهانی بەستبووی لەگەڵ ئەلّمانیا و بەریتانیا بۆ دەرکردنی ئاسن و نەوت لە سنورەکانی دەولّەتی عوسمانیدا (لە ولایەتی موسلّ، ن.س). بەرامبەر بە دەست هەلگرتنی ولآتانی هاوپەیمانی جەنگی جیهانی یەکەم لە خالّەکانی پەیمانی سیڤەر بۆ دامەزراندنی دوو دەولّەتی کوردی و ئەرمەنی لەناو سنوری ئیستای تورکیادا.

لە کۆنگرەکەدا ڕوسیا و ئەمەریکا پشتگیری تورکیا و مستەفا کەمالیان گرت و میراتی دەولّەتی عوسمانیان لە بەشە نەوت بەسەر دەولّەتانی هاوپەیمانی جەنگ دابەش کرد و پەیمانی سیڤەریان خستە ژێرەوە هەر وەکو نەبوو. تەنها لە مادەکانی پەیمانی لۆزان (٣٨-٣٩)دەلّێت: لەسەر حکومەتی تورکیایە پەیمان بدات بۆ پاراستنی هەموو دانیشتوانی تورکیا، پاراستنێکی تەواو بۆ مالّ و گیان و ئازادیان، بەبێ جیاوازی کردن لە زمان و ڕەگەز و ئایین، وە نابێ هیچ یاسایەك دەربکرێت دژ بە ئازادی ئەو میللەتانە بێت کە هان لەژێر دەسەلآتی حکومەتی تورکیا، بۆ بەکارهێنانی ئەو زمانانەی کە خۆیان دەیانەوێت بەکاری بێنن و پێی بدوێن لەکاروبارەکانیاندا بەتایبەتی بازرگانی و ئایینی و ڕۆژنامەنووسی و نووسراوە سیاسیەکانیان.



شێخ سەعیدی پیران
سەرۆکی شۆڕشی
باکووری کوردستان،
ساڵی (١٩٢٥ز)

# دامەزراندنی حیزبی تەعالی کوردستان و بەرپابوونی شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران

[1]لە دوای واژووکردنی پەیمانی (لۆزان) لە (١٩٢٢/١١/٢٥ز) لە نێوان دەوڵەتانی هاوپەیمانی جەنگی جیهانی یەکەم و دەوڵەتی تورکیا. وە پشتگوێ خستنی مافی نەتەوایەتی گەلی کورد، و پێشێلکردنی بەندەکانی پەیمانی (سیڤەر).

نیشتیمان پەروەران و ڕۆشنبیران و سیاسەتمەدارانی کورد یەکیان گرت و لە پاش چەندین کۆبوونەوە و لێکۆڵینەوە حیزبی (تەعالی کوردستان)نیان دامەزراند، وە لەم حیزبەدا دەیان دکتۆر و یاسا ناس و مامۆستا و ئەفسەرانی نیشتیمان پەروەران و پیاوانی ئایینی و سەرۆک خێڵەکانی کورد بەشداریان تیادا کرد و سەرکردایەتی حیزبی تەعالی کوردستانیان هەڵبژارد لەم ناوانەی خوارەوە:

(1) خەباتی چەکداری و ڕامیاری نەتەوایەتی کورد، نەجم سەنگاوی، ل٣٦

١-شێخ عەبدولقادر شەمزینی ٢-ئەمین عالی ٣-موحەمەد عەلی ٤-خەلیل رامی ٥-کامەران بەدرخان ٦-ژەنەراڵ فوئاد پاشا ٧-سەید عەبدوڵلا و سەید موحەمەد کوڕانی شێخ عەبدولقادر شەمزینی ٨-میرالای خەلیل بەگ دێر سمیلی ٩-شێخ سەعیدی پیران ١٠ رەمەزی بەگ ١١-ئەکرەم بەگ ١٢-جەمیل پاشازادە ١٣-نەجمەدین حوسێن ١٤-مەمدوح سلیم ١٥-حەسەن حامد ١٦-حوسێن عەونی ١٧-میرالای موحەمەد ١٨-ئەمین زەکی ١٩-مەحمود نەدیم پاشا ٢٠-جەنەراڵ مستەفا پاشای سلێمانی٢١-ژەنەراڵ حەمەدی پاشا ٢٢-موحەمەد ئەمین بەگ سلێمانی ٢٣-شێخ عەلی شێخ شەفیق و...هتد.

سەرکردایەتی حیزبی تەعالی کوردستان بڕیاریان دا شۆڕشێکی بەرفراوان بەرپا بکەن بۆ سەربەخۆیی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی، وە سەرکردایەتی حیزب و شۆڕشیان هەڵبژارد بەم شێوەی خوارەوە:

١-شێخ عەبدولقادر شەمزینی رابەر و بەرپرسی حیزبی تەعالی کوردستان بێت و لە رێگای حیزبەوە جەماوەری کورد رێك بخەن و هانیان بدەن بۆ پشتگیری کردنی شۆڕش و هاندانی لاوانی کورد بۆ پێشمەرگایەتی و بەشداری کردن لە شۆڕش. وە کۆکردنەوەی پیتاك و یارمەتی بۆ شۆڕش.

٢-شێخ سەعیدی پیران سەرۆکی سەرکردایەتی شۆڕش.

٣-ئیحسان نوری پاشا رابەرو سەرۆکی سوپای کوردستان بێت، وە ئامادەکاری بکەن بۆ بەرپاکردنی شۆڕشی کوردستان، وە رۆژی راپەرین و بەرپاکردنی شۆڕش دیاری کرا بۆ یەکەم رۆژی جەژنی نەورۆز ٢١ی ئازار ١٩٢٥. وە ئەم بڕیارەیان راگەیاند بە هەموو مەڵبەندو رێکخراوەکانی حیزبی تەعالی کوردستان و ئەفسەرو رۆشنبیران و سەرۆك خێڵە نیشتیمان پەروەرەکان و ئەوانەی کە گفت و بەڵێنیان دابوو بۆ بەشداری کردن لە راپەرین و شۆڕشەکەدا، وە پێیان راگەیاندن بۆ خۆ ئامادەکردن بۆ رۆژی ناوبراو، و داوایان کرد کە نهێنیەکان بپارێزرێن هەتا رۆژ و کات و ساتی دەست پێکردنی راپەرین و شۆڕش.

بەڵام بەپێچەوانەی خواست و ویستی سەرۆك و سەرکردایەتی حیزب و شۆڕش و پێشمەرگە، ئەو نەخشەو پیلانەی کە دانرابوو بۆ رۆژی راپەرین و دەست بەکاربوونی شۆڕش هەڵوەشایەوە.

لە بەختی تورکان و دەوڵەتەکەی مستەفا کەمال ئەتاتورك رووداوێکی چاوەڕوان نەکراو و نەخوازراو روویدا. پۆلێك (مفرەزەیەك)سەربازی تورکیا بەسەر گوندەکاندا دەگەڕان لە ناوچەکەدا بۆ دەرخستن و بوونی دەسەڵاتی دەوڵەتی تورکیا، یانی ئێمە هەین و کەس سەرکێشی نەکات.

وا رێك دەکەوێت ئەو پۆلە سەربازە لە رۆژی (١٩٢٥/١/١٣)روو دەکەنە گوندی پیران بەبێ ئەوەی ئاگایان لە هیچ شتێك هەبێت.

شێخ سەعیدی پیران لەناو گوندەکەدا دەبێت لە ماڵەکەی خۆی و ئاگای لە هیچ نابێت، خزم و کەس و لایەنگرانی شێخ سەعید لەناو گوندەکەدا چەکدار دەبن و وا دەزانن نەخشەو پیلانی شۆڕشەکەیان ئاشکرا بووە و ئەم پۆلە سەربازە هاتوون بۆ گرتنی شێخ سەعیدی پیران و دەستیان دابووە چەك بۆ گیانی سەربازەکان و شەڕ دەستی پێ کردبوو لە نێوانیاندا، وە ناچار بوون رۆژی (١٩٢٥/١/١٣)بکەن بە رۆژی بەرپابوونی شۆڕش و شەڕ دەستی پێ کرد و گەورە بوویەوە و شێخ سەعیدی پیران و ئەو کۆمەڵە چەکدارەی کە لە دەوری بوون لە ناو گوندەکەدا روو دەکەنە شاخ و حکومەتی تورکیا ئاگادار دەبێتەوە و هەموو نەخشەو پیلانەکانیان لەبەر یەك هەڵوەشایەوە و ناچار رۆژی راپەرین و شۆڕ پێشکەوت و لە گوندی پیرانەوە دەستی پێی کرد.

سەرکردایەتی حیزبی تەعالی کوردستان و سەرکردایەتی سەربازی پێشمەرگە جەنەراڵ نوری ئیحسان پاشاو ئەفسەر نیشتیمان پەروەرەکان هەموو لە ئەستەمبوڵ و شارەکانی تری تورکیا و ناوچەکانی کوردستان بوون و بێ ئاگابوون لەم رووداو و شەڕو پێکدانەی گوندی پیران. وە نەیان توانی وەکو پێویست ئەو نەخشەو پیلانەی کە دایان نابوو جێبەجێ بکەن، وە راپەرین و شۆڕشەکە لەکاتی دیاری کراوی خۆیدا دەستی پێ نەکرد کە بە تێکڕا و یەك دەست پێکەوە هەموو راپەرین. سەرکردایەتی حیزبی تەعالی کوردستان و

ئەنجومەنی سەرکردایەتی پێشمەرگە نەیانتوانی نەخشەو پیلانەکەیان جێبەجێ بکەن و بگەیەنە ئەو ناوچانەی کە بۆیان دیاری کرابوو بۆ بارەگای سەرکردایەتی حیزب و شۆڕش.

وە زۆر لە ئەندامانی سەرکردایەتی حیزب و پێشمەرگە شارەزایی ناوچە شاخەواییەکان و شوێن و جێگای شێخ سەعیدی پیران نەبوون و نەیانتوانی خۆیان بگەیەننە ناوچەکانی شۆڕش و سەرکردایەتی بۆ بەشداریکردنیان.

بەلام لەگەڵ ئەو ڕووداوە چاوەڕوان نەکراوە و پێشکەوتنی شۆڕش لەکاتی دیاریکراوی خۆی، لە ماوەیەکی کەمدا لە (١٩٢٥/١/١٣-١٩٢٥/٣/٢٦)شۆڕشەکەی شێخ سەعیدی پیران هەموو ناوچەکانی باکووری کوردستانی گرتەوە.

[٢]لە سەرەتای مانگی ئازای ١٩٢٥ سەرکردایەتی شۆڕش و حیزبی تەعالی کوردستان و سەرکردایەتی پێشمەرگە بەشێوەیەکی فەرمی داخوازییەکانی شۆڕشی کوردستانیان ڕاگەیاند کە بریتی بوو لە ئازادکردنی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ.

وە سەرکردایەتی پێشمەرگەی کوردستان بە سەرۆکایەتی جەنەڕاڵ نوری ئیحسان پاشا ڕایان گەیاند کە بیست هەزار پێشمەرگەیان هەیە بۆ بەرگری لە شۆڕشی کورد و کوردستان.

وە دانیشتوانی باکووری کوردستان بەگشتی باوەشیان گرتبووە بۆ ئەو شۆڕش و پێشمەرگانە و چاوی ئازادی و سەرفەرازییان تێیان بڕیبوو. وە بە هەموو شێوەیەك ئەرك و خزمەتی ئەو شۆڕشەیان گرتبووە ئەستۆ.

---

[٢] جولانەوەی ڕزگاری نیشتیمانی کوردستان، دکتۆر عەزیز شەمزینی، ل١١٤



شێخ سەعیدی پیران لەکاتی بەدیل گرتنی لە ساڵی (١٩٢٥ز)لەلایەن سوپای تورکانەوە.

# نەخشەو پیلانەکانی مستەفا کەمال ئەتاتورك بۆ لەناوبردنی شۆڕشەکەی شێخ سەعیدی پیران

[1] حکومەتەکەی مستەفا کەمال ئەتاتورك دەستیان کرد بە خۆ ئامادەکردن بۆ سەرکوت کردن و لەناوبردنی شۆڕشەکەی شێخ سەعیدی پیران و هەنگاونان بۆ زاڵبوون بەسەر هەموو ناوچەکانی باکووری کوردستان بەم شێوەیە:

١-هەشتا هەزار سەربازیان ئامادەکرد بە نوێترین چەکی ئەو سەردەمە بۆ تێك شکاندن و لەناوبردنی شۆڕشەکەی شێخ سەعیدی پیران.

٢-هێرشێکی بەرفراوانیان کرد بە هەموو چەکێکەوە بۆ سەر باکووری کوردستان، هەرچی گوند و دێهات دەهاتە سەر ڕێگایان بە دەم هێرشکردنەوە

---

[1] جولانەوەی ڕزگاری نیشتیمانی کوردستان، دکتۆر عەزیز شەمزینی، ل١١٨.

دەیان سوتاندو تالآنیان دەکردن و دەیان ڕووخاندن و دانیشتوانەکەی ئەوەی بەردەستیان بکەوتایە دەیان کوشتن لە ژن و منداڵ و پیاو بۆ ئەوەی جێگای حەوانەوە و خواردنی پێشمەرگەکان نەمێنێت.

لە ماوەی ئەو هێرشەدا (٤٣٠)گوندیان سوتاند و تالآن کرد.

٣-نزیکەی یەك ملیۆن دانیشتوانی خەڵکی گوندەکانی باکووری کوردستانیان لە گوند و ناوچەکانی خۆیا دوورخستەوە بۆ شوێنە دوورەکانی تورکیا. دوایش ئەو تورکانەی کە لە بەلکان (بلقان)و گریگۆ دەرکرابوون لە گوندە چۆڵکراوەکانی کوردستان جێنشینان کردن و دایان نان.

٤-بە یەکجار دوو هەزار ژن و منداڵ و پیرو لاویان زیندە چاڵ کرد.

٥-پێنج سەد نیشتیمان پەروەری کوردیان لە سێدارەدا لەبەردەم مزگەوتی گەورەی دیاربەکر.

٦-(٣٠٠٠٠)هەزار سەربازی تورك بە ڕەزامەندی فەرەنسا کە ئەو کاتە سوریای لەژێر دەستی فەرەنسادا بوو بە شەمەندەفەر گوێزرانەوە بۆ سوریا و لە (حەلەب)ەوە پشتیان گرت لە شۆڕشگێرەکانی کورد و لەچوار لاوە هێرشیان کرد بۆیان و گەمارۆ و ئابلۆقەدران و تەوقیان کردن. ئەوەی کوژراو شەهید بوو کوژرا. ئەوەی توانی خۆی دەرباز بکات هەڵهات و ڕای کرد، ئەوەی هیچی بۆ نەکرا خۆی دا بە دەستەوە و گیرا. شێخ سەعیدی پیرانیش لەناو گیراوەکاندا بوو و خۆی دا بەدەستەوە.

یەکەم ڕۆژ (٥٠٠)کەس لە دیلە نیشتیمان پەروەرەکانیان لە سێدارەدا لەبەر چاوی خەڵکی، لە ڕۆژی ٢٤ی سێپتێمبەری ساڵی ١٩٢٥ شێخ سەعیدی پیران و ٢٥ کەس لە هەڤالآنی بە یەك ڕۆژ لە شاری دیاربەکر لە سێدارەدران لەبەردەم مزگەوتی گەورەی شارەکەو لەبەرچاوی خەڵکی شارەکە.

لە دادگاییەکی سەرپێیدا دادوەر پرسی بووی لە شێخ سەعیدی پیران، تۆ پیاوێکی ئاینی و زاناو خواپەرست بوویت چی وای لێت کرد چەك هەڵبگرێت دژی کۆماری تورکیا و ئەم ئاژاوەیە دروست بکەیت؟ شێخ سەعیدی لە وەڵامدا گوتبووی: زوڵم و زۆری و کردەوەی ستەمکاری ئێوە و کوشتن و لەناوبردنی

کـورد پاڵیـان پێوەنـام بـەناوی خـودا شـۆڕش بکـەم و مـاف و تۆڵـەی گەلەکـەم بسێنمەوە.

بـە بیروبـاوەڕی خـۆم دەسـتم دایـە جێبـەجێکردنی ئـەم شۆڕشـە، زوڵـم و زۆرتـان کـرد لـە کـورد، لـە ماڵـەکانی خۆیـان و لەسـەر موڵـك و دێهـاتی خۆیـان دەرتـان کـردن، دەسـتان بـۆ ناموسـی ئـەفرەتانی کـورد بـرد، منـیش بڕیـارم دا لـە یـاتی کوردێـك شەسـت تـورك بکـوژم. وە تـا مـردن هـەوڵی دامەزرانـدنی حکومـەتێکی کـوردی سـەربەخۆ بـدەم. ئەمـەش ئـەرکی سەرشـانی ئێمـەبوو. وە ئەمـەش دەقـی بڕیارەکـەی دادوەری دادگـا سـەرپێیەکەی حکومەتەکـەی مـستەفا کەماڵـە.

دادوەر: هەنـدێك لـە ئێـوە خـەڵکیتان [٢] لـە ڕێگـا دەرکـرددوە و ئـەفرەتان داوون بـۆ بەرژەوەنـدی و مەبەسـتی خۆتـان. وە هەنـدێکی ترتـان بـە فـیتی بێگانـە هانـدراون و چاوتان بڕیوەتە دەستکەوتی سیاسی.

بـەڵام هـەمووتان لەیـەك خاڵـدا هاوبەشـن و یـەك دەگرنـەوە، ئـەویش دامەزرانـدنی کوردسـتانێکی سـەربەخۆیە، ئێمـەش بـۆ ئـەوەی کـە دادوەری بـچەسپێنێن بـۆ ئـەو خوێنـەی کـە ڕشـتووتانەو ئـەو ماڵانـەی کـە کاولتـان کـردوون بڕیارمـان دا کـە هەمووتان لە سێدارە بدرێن.

(٢) کوردستان و ستراتیژی دەوڵەتان، حوسێن مەدەنی، ل٢٧٠

# گرتنی سەركردایەتی حیزبی تەعالی كوردستان

[1] لـە ١٢ی نیـسانی سـاڵی (١٩٢٥ز)حكومەتەكـەی مـستەفا كـەمال ئـەتاتورك و عیـسمەت ئینۆنـۆ شـاڵاوێكی فراوانیـان كـردە سـەر ئەنـدامانی حیزبـی تـەعالی كوردسـتان لـە ئەسـتەمبوڵ و زۆربـەی ئەنـدامانی سـەركردایەتیان گـرت لەوانـە: ١- شـێخ عەبـدولقادر شـەمزینی رابـەری حیـزب ٢-دكتـۆر فوئـاد ئەنـدامی كۆمیتـەی ناوەنـدی ٣-كـەمال فـەوزی سەرنووسـەری رۆژنامـەی (ژیـن) ٤-مـەحمود عەبـدولقادر شـەمزینی ئەنـدامی كۆمیتـەی ناوەنـد ٥-حمـە تۆفیـق پـارێزەر و مـاف نـاس ئەنـدامی كۆمیتـەی ناوەنـدی ٦-خۆجـە عەسـكری ئەنـدامی كۆمیتـەی ناوەنـد ٧-حاجی ئەختی پارێزەر و ماف ناس ئەندامی كۆمیتەی ناوەندی.

لـە ٢٧ی ئایـاری سـاڵی (١٩٢٥ز) بـە دادگاییـەكی سـەرپێی لەگـەڵ ٥١ كەسـدا لـە هـەڤاڵانیان لــە سـێدارەدران لەبـەردەمی مزگەوتێكـدا و لەبەرچـاوی خـەڵكی شـارەكە، شـێخ عەبـدولقادر شـەمزینی لەبـەردەم پـەتی سـێدارەكەیدا هـاواری كـرد لــە كەمالیـستەكان و گـوتی (جـەلادەكان سـەر بەرزیـە بـۆ ئێمـە لـەپێناوی نیـشتیمانەكەماندا پـەتی سـێدارە لـە مـل بكـەین، بـەڵام ئێـوە بـە هەڵواسـینمان لـە رق و تـوڕەیی گـەلی كـورد بـەو لاوە هیـچی ترتـان دەسـت ناكـەوێت و پـێ نابڕێـت ئێـوە بـەم كردەوانـەتان هـانی گـەلی كوردمـان دەدەن بـۆ سـەربەخۆیی و ڕزگـاری تێبكۆشن، بژی خەباتی ئازادیخوازی گەلی كورد.

دكتـۆر فوئـادیش لەبـەردەم پـەتی سـێدارەكەیدا هـاواری كردبـوو و گوتبـووی (خـوێن رێـژان هـەرگیز وا تێمەگـەن نـوكی نێـزەی توركـان كێـشەی كـورد لـەناو دەبـات، گـەلی كـورد بـە ڕق و كینەیـەكی تونـدو تیـژ تـرەوە تێدەكۆشـێت و ئـازادی و سـەربەخۆیی بەدەسـت دێنێـت، ئێـوە خـوێن ڕێـژن تـەنها ڕوو ڕەشـیتان بـۆ دەمێنێتەوە لە مێژوودا.

[1] جولانەوەی ڕزگاریخوازی نیشتیمانی كوردستان، دكتور عەزیز شەمزینی، ل١٢٠.

کەمال فەوزی بەوپەڕی ئازایەتییەوە لەبەردەم سێدارەکەیدا هاواری کردو گوتی (سەربەرزی بۆ ئێمە کە لە پێناوی ڕزگاری کوردستان بمرین بژی کوردستان، بژی خەباتی گەلی کورد لە پێناوی ئازادی و سەربەخۆیی.

زیانەکانی گەلی کورد لە شۆڕشەکەی شێخ سەعیدی پیرانی ساڵی (١٩٢٥ز)بەم شێوەی خوارەوە بوو:

١-شەهید بوونی (١٥٢٠٦)پێشمەرگەو و دانیشتوانی کورد.

٢-سوتاندنی (٨٧٥٨)گوندو دێهات.

٣-کاولکردن و ڕووخاندنی بەیەکجاری (٢٠٦)گوند و دێهات.

٤-لەساڵی (١٩٢٥-١٩٢٦ز)یەك ملیۆن کورد بە خێزانەوە گوێزرانەوە لە کوردستان بۆ ناوچە دوورەکانی تورکیا و لەکاتی بەفرو سەرمایی زستاندا بوو نیوەیان لە ڕێگا بە نەخۆشی و سەرما مردن. زیانەکانی دەوڵەتی تورکیا لە شۆڕشەکەی شێخ سەعیدی پیرانی ساڵی (١٩٢٥ز)بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

١-کوشتنی (٥٠)هەزار ئەفسەرو سەرباز.

٢-زیاتر لە شەش ملیۆن جوونەیهی ستەرلینی خەرج کرد لەو شەڕانەدا.

## شۆڕشی جەنەراڵ ئیحسان نوری پاشا



جەنەڕاڵ ئیحسان نوری پاشا، سەرۆکی ڕابەری شۆڕشی ئاگریداخ (ئەرارات) لە ساڵی (١٩٢٦-١٩٢٨)

[1]لە پاش گەماڕۆدانی شۆڕشەکەی شێخ سەعیدی پیرانی ساڵی (١٩٢٥)لە هەموو لایەکەوە و شێخ سەعیدی پیران و هەڤاڵان گیران، ئەو پێشمەرگانەی کە دەرباز بوون ڕوویان کردە شاخی (ئەرارات)لە ساڵی (١٩٢٦)بە سەرۆکایەتی جەنەڕاڵ ئیحسان نوری پاشا شۆڕشیان بەرپا کردەوە و دەستیان کرد بە شەڕی پارتی زان دژی حکومەتی تورکیا و حکومەتێکیان ئاشکرا کرد بە ناوی (حکومەتی ئەرارات)ەوە.

لە ساڵی (١٩٢٧)هەموو کۆمەڵ و پارتە سیاسیەکان و پاشماوەی حیزبی تەعالی کوردستان پێکهاتن لەسەر هەڵوەشاندنەوەی حیزب و ڕێکخراوەکانیان و هەموو لەژێر ئالای یەك حیزبدا خەبات بکەن، هاموویان پێکهاتن حیزبی (خویبوون)یان دامەزراندن بۆ ڕابەرایەتی و پشتگیری کردنی شۆڕشی ئەرارات بە سەرۆکایەتی ئیسحاق نوری پاشا.

لە پاش ماوەیەك جیاوازی کەوتە نێوانیان لەسەر ئایدیۆلوجیەی حیزب و شۆڕش، ڕۆژهەڵاتی بن یان ڕۆژئاوایی. سەر بە یەکێتی سوڤیت و ڕوسیا بن یان بەریتانیا و ئەمەریکا.

---

(١) جولانەوەی ڕزگاری نیشتیمانی کوردستان، دکتۆر عەزیز شەمزینی، ل١٢٤.

لە پاش خەبات و قوربانیدانێكی زۆر بلاوەیان لێی كرد و كۆتاییان هێنا بە ڕاپەڕینەكەیان. لە ناوچەی (شەمزینان)یش شێخ عەبدوللا كوڕی شێخ عەبدولقادر هەر لەكاتی شۆڕشی ئەراراتدا لە سەركردایەتی شۆڕشی دەكرد لە ناوچەكەی خۆیدا لە شەمزینان، دادگای كە مالیستەكان لە پاش فەرمانی لە سێدارەدانیان بۆی دەكرد و ئەویش لەگەڵ شۆڕشی ئەراراتدا دەستی هەلگرت و كۆتاییان هێنا بە ڕاپەڕین و خەباتی چەكداری.

دكتۆر عەزیز شەمزینی لە كتێبەكەیدا لە لاپەرە (١١٢)دەڵێت:

١-سوپای توركیا پێكهاتبوون لەسەد هەزار سەرباز و بە ماوەیەكی كەم واتە لە مانگی كانوونی یەكەم (١٩٢٥ن)هەتا تەمموزی (١٩٢٥ن)شۆڕشەكەی كوردستان كپ كرایەوە، هەر خۆیشی دەڵێت: لە لاپەرە (١١٨)شۆڕش لە ماوەیەكی كەمدا واتە لە ١٣ی كانوونی دووەم (١٩٢٥ن) هەتا ٢٦ی مارتی (١٩٢٥ن)شۆڕش هەموو ناوچەكانی كوردستانی توركیای گرتەوە.

٢-هەروەها لە لاپەرە (١٢٠)دەڵێت: لە ١٢ی نیسانی (١٩٢٥ن)هەموو ئەندامانی حیزبی تەعالی كوردستان لە ناویاندا ڕابەری حیزب شێخ عەبدولقادر شەمزینی گیران و لە ٢٧ی ئایاری (١٩٢٥ن)درانە دادگا و فەرمانی لە سێدارەدانیان دا بە سەریاندا.

٣-هەروەها لە لاپەرە (١٢٢)دەڵێت: شێخ سەعیدی پیران لە ٢٧ی حوزێرانی (١٩٢٥ن)لەگەڵ ٤٨ كەس لە هەڤاڵانی لە سێدارە دران.

وە بەڕێز جەلال تاڵەبانییش دەڵێت شۆڕشەكە لە مانگی تەمموز كۆتایی هات. ئایە ئەو بەڵگانەی سەرەوە ئەوە ناسەلمێنێت كە شۆڕەكە لە ١٣ی كانوونی یەكەم دەستی پێ كردوە و لە ٢٦ی مارتی (١٩٢٥ن)كپ بۆتەوە؟ ن.س.

# کورد وەکو نەتەوە-ن.س

کورد وەکو نەتەوە میللەتێکی ڕەسەن و زیندووە هەر وەکو هەموو نەتەوە زیندووەکانی جیهان. کورد خاوەنی کولەکەکانی مانەوە و بەرگرییە و تاوەکو ئەمڕۆ ماوەتەوە و زمان و ڕەسەن کلتووری خۆی لە دەست نەداوە و پاراستویەتی وە نەتواوەتەوە لەناو بۆدەقی بە عەرەب و تورك و فارس کردندا. دەسەلاتی عەرەبی ئیسلامی زیاتر لە هەزارو چوارسەد ساڵە لە جیهان و کوردستاندا.

توانیان زۆر لە نەتەوەکانی ئەو ولاّتانەی کە داگیریان کردون بیانکەن بە عەرەب، چ بە زۆر و زاڵبوون بەسەریاندا، چ لەژێر کارتێکردنی بیروباوەڕی ئیسلامیەتدا بۆ لەبیر بردنەوەی زمان و کلتوور و مێژووی نەتەوایەتی خۆیان.

بۆ نموونە: ١-ولاّتی میسر لەپێش هاتنی ئیسلام و داگیرکردنی لایەن عەرەبە موسڵمانەکانەوە خاوەنی شارستانیەکی مێژوویی فیرعەونی هەزاران ساڵ بوون.

وە بە زمانی (قیبتی)تایبەت بەخۆیان دەدەوان کە زۆر جیاواز و دوورە لە زمانی عەرەبیەوە، وە مێژووی پڕ لە شارستانیەتی خۆیان هەبوو کە ئەهرامەکانی ئێستای میسر شایەتیان بۆ دەدات و فیرعەونیەکان لە قورئانی پیرۆزدا باس کراون.

ئێستا قیبتیەکان زمانەکەی خۆیان لەبیر کردوە و بە زمانی عەرەبی دەدوێن و قسە دەکەن، وە بە ڕۆشنبیری عەرەبی پەروەردە کراون. ژمارەیەکی کەمیان لەناو خۆیاندا بە زمانی قیبتی دەدوێن و قسە دەکەن و بە زۆری ناڵێن ئێمە عەرەبین، وە ناشڵێن ئێمە نەتەوەیەکی ترین کەمیان نەبێت کە دەیان دەوێنیت دەڵێن ئێمە بە ڕەسن عەرەب نین و قیبتین.

٢-لبنانیەکان و سوریەکان، میللەتی ئەم دوو دەوڵەتە نە بە خوێن و ڕەنگ و بۆنەو بە ڕەسەن و زمان عەرەب نین، بەلاّم کراون بە عەرەب. لە ڕەسەندا عیبری و فینتیقی و ڕۆمانین. لەکاتی داگیرکردنی ولاتەکانیان لەلایەن عەربە

موسڵمانەکانەوە زمانی عەرەبیان بە سەریاندا سەپاند و زمانەکەی خۆیان لەبیر کرد و لەناو بۆدەقی عەرەبدا توانەوە و بوون بە عەرەب.

لبنانی و سنوریەکان ئەگەر تێبینی قسەکانیان بکەین تاوەکو ئێستاش زۆر پیت و وشەی نا عەرەبی بەکار دێنن، وە هەندێك پیتی عەرەبی هەیە وەکو (ض.ظ.ذ)تاوەکو ئێستاش ناتوانن بەکاری بێنن، بە پیتی (ز)بەکاری دێنن و لە خوێندنەوە و ئاخافتن و قسەکردنیاندا.

هەروەها دەسەڵاتی تورك بەسەر جیهانی ئیسلامی و کوردستاندا بەناوی خیلافەتی ئیسلامی عوسمانییەوە نزیکەی ٦٢٢ ساڵ دەسەڵاتیان گرتە دەست و حوکمڕانی بەشێکی زۆر لە کیشوەری ئاسیاو ئەفریقاو ئەورووپای رۆژهەڵات و رۆژئاوایان کرد.

وە ناوی بەشێکی زۆری شارو شارۆچکەو قەڵاو گوندو دێهاتەکانیان گۆڕیێ و کردیان بە توركی. بۆ نموونە: زۆر لە شارۆچکەو گوندو شاخ و شوێنانی تری کوردستانیان لە کوردییەوە گۆڕی و کردیان بە توركی. وەك شاخی (قەرەداخ، یانی شاخەڕەش)شارۆچکەی (ئاغجلەر-یانی دارەکان، شارۆچکەی (قەرەتەپە یانی گردەڕەش)شارۆچکەی (ئاڵتون کۆپری-پردی زێڕین)بە دەیان ناوی تری کە تا ئێستاش بە ناوی تورکییەوە ناو دەبرێن. ئەمانە هەموو نموونەو بەڵگەن بۆ هەوڵدانی بە تورك کردنی میللەتی کورد، بێجگە لە کوشتن و زیندە چالکردنی بە هەزاران کورد و گواستنەوەی سەدان گوند و دێهاتی کورد و دەرکردنیان لە زێدی باوك و باپیرانیان، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا نەیانتوانی زمان و خۆ و ڕەوشتی کوردایەتی و کلتووری ڕەسەنی خۆمان لەبیر بەرنەوە، ئەمەش بوونی ڕەسەنایەتی و کۆڵەکەی خۆ ڕاگرتن و زیندوویی نەتەوەی کورد دەسەلمێنێت. من لێرەدا نامەوێت بدوێم لەسەر ڕەسەنی کورد و لە کوێوە هاتوون و چین و چۆن هاتونەتە ئەم وڵاتە و چۆن بە کوردستان ناونراوە، لەبەر ئەوەی زۆر لە مێژوونووسانی کورد و بێگانە و رۆژهەڵاتناسان و گەڕیدە و شارەزایانی بێلایەن و دۆست و دوژمن هەر یەکە بەپێی شارەزایی و بۆچوون و ووژدانی خۆی باسیان لێوە کردوە لە کتێب و یاداشت و

بیرەوەرییەکانیاندا. بەلام من لەم کتێبەدا بەشێك لە راپۆرتەکەی (مێجەر نۆئێل)دەخەمە پێش چاو کە لە ١٩ی تەمموزی ساڵی (١٩١٩ن)پێشکەشی کردوە بە مەندوبی سامی بەریتانی لە بەغدا و وێنایەکی لەناو بەڵگەنامە نهێنیەکانی بەریتانیادایە و خوا لێی خۆش بێت دکتۆر وەلیدی حەمەدی لە کتێبەکەیدا (کورد و کوردستان)لە بەڵگەنامەکانی بەرینانیا کە موحەمەد نوری تۆفیق وەری گێڕاوە بۆ سەر زمانی کوردی لە لاپەرە (٨-١٤)و بلاوی کردۆتەوە، دەیخەمە پێش چاوی خوێنەرانی بەرێز.

# راپۆرتەکەی A.W.C نۆئێل
# کوردستانی باشوور-عێراق

[1]فەسڵی یەکەم بنەمای مێژوویی، ڕانیدی بەریتانی (A.W.C نۆئێل)کە نێردراوی حکومەتی هند بوو لە کوردستان لە نامەکەیدا بە ناونیشانی (یاداشتێك دەربارەی هەڵوێستی کورد)کە لە ١٩ی تەمموزی ساڵی (١٩١٩ز)داویەتی بە مەندوبی سامی بەریتانی لە بەغدا و لە نامەکەیدا دەڵێت: وشەی کورد لەوانەیە یۆنانیەکان لە کۆندا بەکاریان هێنا بێت چونکە (هیرۆتیس)ئاماژەی بە ئەوە کردوە کە کوردان گەلێکن لە نەتەوەی کوردیون و زۆر حەزیان لە شەڕ بووە و جەنگاوەر بوون. وە کاتێ کە بەریان لە سوپاکەی (هیرۆتیس)گرتووە لەکاتی کشانەوەیدا لە ساڵی (٤٠٠-٤٠١)پ.ز. ژمارەیان ١٠ هەزار جەنگاوەر بوون.

ئەم کوردانە خۆیان بە گۆتوز، واتە شەڕەکەر و جەنگاوەر ناو دەبەن. کوردەکان لە ناوچەیەکدا دەژین کە دەکەوێتە نێوان (دەریاچەی وان)و ئەو چیایانەی کە سەرچاوەی هەردوو ڕووباری دجلەو فوراتن تا زنجیرەی شاخی (زاگرۆس)لەوێوە بۆ سنوری عەشیرەتەکانی (لوڕ)کە لە باکووری ئێراندا نیشتەجێن. لە سەدەی شەشەمی لە دایك بوونەوە (میلادی)تاوەکو پەیدابوونی ئاینی ئیسلام قەبیلەی (عەشیرەتی)گۆڕان بە سەرکردایەتی (کواتانزە)دەوڵەتێکی گەورەیان دامەزراند کە هەتا شاری تەورێزی ئێران و دەوروبەری دەگرتەوە.

پایتەختی ئەو دەوڵەتەیان کرمانشاه- کرماشان بوو. داگیرکردنی ئەو ناوچەیە لەلایەن ئیسلامەوە لە سەدەی حەوتەم و هەشتەمی دوای لەدایك بوون بوو

[1] کورد و کوردستان، لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیا، دکتۆر ولید حمدی، وەرگێڕانی محەمەد نوری تۆفیق، ل٨

(ئـەو داگیركردنــە، ن.س)كــارێكی وای كــرد لــە بــاری كۆمەلآیــەتی و سیاســی و كلتووری و مەعنەوی كورد تێك بدات.

لەدوایشدا پـاڵی پێوەنـان كـە كوردەكـان لەگـەڵ توركەكانـدا رێـك بكـەون، ئـەوە بـوو لـە دواییـدا توركـەكان پـشتیان لێیـان كـرد و بـوون بـە دوژمنیـان و هـەوڵێكی زۆریـان دا كـە لـە ناویـان بـدەن. لـە سـاڵەكانی (٨٨٨-٩٠٥ن)بەشـی زۆری خێڵـە كوردەكـان راپەرین دژی كاربەدەستانی عەرەب و داوای ئازادیان كرد.

وە ســەلآحەددین ئــەیووبی (كــورد، ن.س)تــوانی ئمپراتۆریــەتێكی ئیــسلامی بــەرفراوان دابمــەزرێنێت. وە تــوانی بەربــەرەكانی مــەلیكی (پاشـــای، ن.س)ئیـنگلترا ریتـشارد شـێر دڵ قلـب الاسـد بكـات و سـوپاكەی تێـك بـشكێنێت، وە بـەوەش توانـای لـەو سـەردەمەدا دەسـەلآتی كوردەكـان لـە ولآتـی فـارس و خۆراسـانەوە گەیانـدە میـسرو رۆژئـاوای سـوریا، بۆیـە سـوڵتانی عوسمـانی سـەلیمی یەكـەم لـە سـاڵی (١٥١٤ن)سـەركردایەتی هەڵمـەتێكی كـرد دژی فارسـە شـیعەكانی ئێران كە لە ژێر دەسەلآتی شا سمایل سەفەویدا بوون.

رێگـای ئـەو هەڵمەتـە سـەربازییەی (سـەلیم)ی یەكـەم لـە ناوچـەو خێڵـە كوردیـە ئـازا و سـەربەخۆكانەوە تێدەپـەڕی. بـەوەش زەحمـەت بـوو كـە ئـەوان (كوردەكـان، ن.س)لـەو شـەڕەدا بێلایـەن بـن. كـە زۆران بازییـەك بـوو لـە نێـوان دوو دەوڵـەتی فارسی شیعە و توركی سوونە.

دەبوایـە كوردەكـان لـە نێـوان ئـەو دوو مەزهەبـەدا یـەكێكیان هەڵبژاردایـە، لـە دواییـدا چـوونە پـاڵ توركـەكان. بۆیـە سـەركردە و خێڵـە كوردەكـان پێـشوازیەكی گـەرمیان لـە سـوڵتانی سـەركەوتووی توركـان كـرد كـە لـە گەڕانەوەیانـدا لـەو هەڵمەتە سەربازیەدا.

سـوڵتانی تـوركیش سوپاسـی كـردن و خۆشـحاڵی خـۆی دەربـڕی بـۆ ئـەو یارمەتیدانـەیان و بـەڵێنی پێیانـدا كـە رێـز لـەو نیمـچە سـەرخۆیەیان بگرێـت. وە كوردەكانیش هاوكاری سیاسی و سەربازییان دەربڕی بۆ سوڵتان سەلیم.

ئـەویش پـەیمانێكی لـە نێـوان دەوڵـەتی عوسمـانی و ٢٣ میرنـشینە كوردیەكانـدا ئیمزا (واژوو، ن.س)كرد كە پەیمانێكی دۆستایەتی و هاوسێتی بوو.

نووسینەوەی ئەم هاوپەیمانیە لە سالّی (١٥١٤ز)ڕاوێـژكاری سولّتانی توركی (ئیدریس)ئامادەی كردبوو، وە سولّتان سەلیم ئیمزای لەسەر كرد. وە گرنگترینی بەندەكانی (پەیمانەكە، ن.س)ئەمانە بوون:

١-هەموو ئەو میرنشینە كوردانەی كە ئیمزایان كردوە لەسەر (ئەم پێكهاتنە، ن.س)سەربەخۆیی خۆیان دەبێ.

٢-حوكم (و دەسەلآتی، ن.س)ئەو میرنشینە كوردیانە لە باوكەوە بۆ كوڕەكانیان دەبێت، یان بەپێی یاسای ولآت دەبێ كە سولّتان بە فەرمانی سولّتانی دای دەنێت و ددان دەنێت بە سەرۆكی میرنشینەكەدا.

٣-كوردەكان هاوبەش دەبن لە هەموو ئەو شەڕانەدا كە توركیا بەشداری تیادا دەكات.

٤-توركیاش هەموو پالّپشتی و یارمەتیەكی ئەو میرنشینە كوردیانە دەدات لە هەر كێشەیەك كە بەرەو ڕوویان دەبێتەوە.

٥-كوردەكان لە هەموو ئەو دیاریە ئاینیانەدا هاوبەشی دەكەن بەشێوەیەكی لاسایی (تقلیدی)كردنەوە و و عورف و پێشكەش بە خەزینەی خەلیفەی (سولّتان)دەكرێن.

كوردەكان بۆ ماوەی ١٥٠ سالّێك پابەندی ئەو پەیمانە بوون كە لە سالّی (١٥١٤ز)لە نێوان سولّتانی عوسمانی و میرنشینە كوردەكاندا ئیمزا كرابوو. لە هەموو شەڕێكدا كە عوسمانییەكان دەیانكرد، پەلاماردان یان بەرگری كردن (كورد و تورك، ن.س)هاوبەش بوون. وە لەو پێناوەشدا گیانی هەزاران لاوی كوردیان بەخشی. بەلآم توركەكان هەر وەكو پیشەی كۆنیان پابەندی ئەو خالآنە نەبوون كە پێویست بوو پابەندی بن.

بۆیە لە كاتێكدا هێشتا سولّتا سولەیمان لە سالّی (١٦٨٣.ز)دەروازەی ڤیەننای (پایتەختی نەمسا، ن.س)بەجێ نەهێشتبوو دەستی كرد بە دروستكردنی پیلان دژی ئەو میرنشینە (كوردیانە، ن.س)و دروستكردن و نانەوەی دووبەرەكی و ڕق و كینە لە نێوان تورك و كوردا.

هەر لەو ساڵەدا سوڵتان سولێمان حاكمێكی گشتی (توركی، ن.س)دانا لە كوردستاندا و بارەگاكەی لە شاری دیاربەكر(ی كوردی، ن.س)دانا، بەوەش ئەو حاكمە گشتیە بەرپرس بوو لە پەیوەندییەكانی نێوان ئەستەمبۆڵ و ئەو میرنشینانە (ی كورد، ن.س)لە دواییشدا سوڵتانی عوسمانی دەستی كرد بە سیاسەتی (پەرتكە-فرق واغر)جیاوازی و دووبەرەكی دروست كردن، لەوەشدا سەركەوتنیان بەدەست نەهێناو سوپای تورك پەلاماری ئەو میرنشینە كوردانەیان داو هەموویان وەكو ئەو هەرێمانە لێكرد كە سەر بە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بوون (و دەسەلاتی كوردیان نەهێشت، ن.س). هەر لە ناوەڕاستی سەدەی هەژدەوە و لەو كاتەدا كە سوڵتان (عەبدولحەمید)حوكمڕانی دەكرد هەموو ناوچە كوردنشینەكانی خستە پاڵ توركیا و دەسەلاتی سەركردەكانی كوردی تەسك كردەوە، هەر بەناو دەسەلاتێكی ئۆتۆنۆمی دابوو پێیان، بۆیە لە ساڵی (١٨٤٧ن) لە ساڵی (١٨٣٧-١٨٤٧ز، ن.س)میر بەدرخان حوكمڕانی دوو میرنشینی كوردی كرد و توانی سوپای تورك تێك بشكێنێت و سەرشۆڕیان بكات و ئابڕوویان ببات كە ژمارەی (ژمارەی سەربازانی تورك، ن.س)زیاتر لە سەد هەزار سەرباز بوون، بەڵام لە دواییدا لە ئەنجامی خیانەتكاری برازاكەی (ئامۆزاكەی كە شێر دڵی ناوبوو، ن.س)سەركەوتنی بەدەست نەهێنا، بەوەش میرنشینە سەربەخۆكەی لە دەستدا.

ئیتر لەو ساڵەوە هەتا ئێستا ساڵی (١٩١٩ن)یە نە سەركردەو نە فەرماندەیەك نەیان توانیوە سەركردایەتی ئەم نەتەوە پارچە پارچە (و دابەش كراوە، ن.س)بكەن كە دووچاری جۆرەها چەوساندنەوە و تواندنەوە و ئەشكەنجەو ئازاری گەورە بوون.

هەروەها ئەو دیراسەت و لێكۆڵینەوانە سەلماندویانە كە زمانی كوردی زمانێكی سەربەخۆیەو تایبەتمەندی نەتەوایەتی خۆی هەیە وەك زمانەكانی توركی و فارسی و گەشەی كردوە، هەر وەكو ئەم دوو زمانەش چەند شێوەی ئاخافتنی تیادایە (لهجات)كە ئەویش لە ئەنجامی لەیەك دووربوون و تایبەتی كۆمەڵایەتی دروست بووە.

دوژمنانی ئەم نەتەوەیە دەیانەوێت جیاوازی و دووبەرەکی بخەنە ناویانەوە و نایانەوێت ئەو زمانە بکرێت بە زمانێکی یەکگرتوو (ستاندارد).

هەروەها دەسەلأتدارانی تورك هەر لەو کاتەوە رێگایان گرتووە لە چاپەمەنی و کتێبی کوردی و نەیان هێشتووە لە سنوری ئیمپراتۆریاکەیدا زمانێکی نووسین و خوێندن (ی کوردی، ن.س)هەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا کەسانێکی زۆری غەیری کورد لە ئاخافتن و قسەکردندا زمانی کوردی بەکار دێنن وەك ئەرمەنی و ئاسورییەکان.

لە هەندێك لە ناوچە ئەرمەنییەکان لە کوردی بەو لاوە زمانێکی تر نازانن. سەرەرای ئەو هەموو شەر و تێك هەڵچوونانەی یەك لەدوای یەکەکانی کوردەکان بە درێژی سەدەی پێشوو کەچی کوردەکان توانیویانە نەتەوەی خۆیان و نیمچە سەربەخۆیی خۆیان بپارێزن، جیاوازی لە نەتەوەکانی تری هاوسێ و دراوسێیان.

هەر چەندە کوردەکان وەکو بولگار و چیکەکان بە درێژی مێژوو مەلیك و ئیمپراتۆریان نەبووە، وە عەرش و دەستوریان نەبوو کە دروشمێك بێت بۆ شانازی کردنیان. کەچی لەسەر ئەوەشەوە پارێزگاریان کردوە لە قەوارەی کوردایەتی خۆیان.

هەر لە سەدەی نۆزدەهەمدا سێ راپەرینیان بەرپا کردوە دژی سوڵتانەکانی تورك لە پێناوی مافی نەتەوایەتیان.

١- بە سەرۆکایەتی موحەمەد پاشای رەواندزی بوو لە رەواندز.

٢-بە سەرۆکایەتی ئەحمەد پاشا میری میرنشینی سلێمانی بوو، کە ئەمەیان سوپایەکی بەهێزی نیزامی پێکهێنابوو کە لە چەند فەوجێکی پیادە و تۆبخانە و سوارە. وە لە ساڵی (١٩٨٣ن)بەرەو بەغدا کەوتە رێ بە مەبەستی داگیرکردنی.

وە لە ساڵی (١٨٤٧ن)گەورەترین راپەرینی کوردەکان روویدا (مەبەستی شۆرشەکەی میر بەدرخانە، ن.س).ئەمە بێجگە لە چەندین راپەرینی تر لە ساڵەکانی (١٨٧٥-٨٧٩ن)کە هەر دوو برا حوسێن بەگ و عوسمان بەگ لە

ناوچەی (سرت)ڕاپەڕین و سەرکردایەتیان کرد. وە لە ساڵی (١٨٨٠-١٨٨١ز، بوو، ن.س) شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری ڕاپەڕینێکی تری بەرپاکرد لە ناوچەی هەکاری.

وە لە ساڵی (١٨٩٥ز)ڕاپەڕینی سەرنەکەوتووی (بەتلیس). لە ساڵی (١٩١٤ز)بە توندترین شێوەی دڕندانە سەرکوت کران لەلایەن سوڵتانی عەبدول حەمیدەوە، ئەو سوڵتانەی کە ساڵی (١٨٩١ز)سوارەی حەمیدی دروست کرد لە کوردەکان، لەو کاتەدا وا دەزانرا ئەو هێزە سوارەی حەمیدیە لە کوردە ئیسلامییەکان دروست بووە، گوایە بۆ کوژاندنەوەی (ڕاپەڕینی ئەرمەنی و، ن.س)مەسیحیەکانە. بەڵام لە ڕاستیدا هەر بۆ دوژمنایەتی کوردەکان خۆیان (و ئەرمەنییەکان، ن.س)بوو بەکار دەهێنران دژی یەکگرتنەوەی خێڵە کوردەکان (و ئەرمەنیەکان، ن.س)لە ساڵی (١٨٠٨ز)سەرکردەکانی کورد ڕابەرایەتی بزووتنەوەیەکی کوردیان کرد بۆ گەڕانەوەی داب و نەریت و کەلتووری کوردی و ژیانی کوردایەتی لەو شێوەی ئەو بزووتنەوە تورکیەی کە تۆرانیەکان دەیانویست بە زۆر بیسەپێنن بەسەر کوردەکاندا، وە ئەو بزووتنەوەش ئامانجی سەربەخۆیی و ئازادی کوردستان بوو. سیاسەتی (تورکیای لاو)بەرامبەر بە کوردەکان لە ساڵی (١٩١٧ز)بوو بەهۆی لەیەك ترازانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بە ئەوەی کۆمەڵێك ناویان لە خۆیان نابوو (تورکیای لاو)لە دەرەوەی وڵات لە ئەوروپا دەژیان.

بانگەوازیان کرد بۆ کورد و ئەرمەنی و یۆنانی و مەقدونیەکان و داوایان دەکرد کە هەموویان یەك بگرن بۆ ڕووخاندنی حوکم و توندوتیژی حەمیدیەکان (سوڵتان عەبدول حەمید)تێبکۆشن لەپێناوی ڕژێمێکی دەستووریدا کە لە سایەیدا بەیەك سانی و برایەتی و ئازادی بژین.

بۆ ئەم مەبەستەش کۆمەڵی (تورکیای لاو)ئیمزای بەیاننامەی کۆنگرەی پاریسیان کرد، کە کۆنگرەیەکی مێژوویی بوو. لە ساڵی (١٩٠٧ز)بۆ بەپیرەوەچوون و لایەنگری ئەو بەیاننامەیە. کۆمەڵێك لە سەرکردەکانی

کەمایەتییە نەتەوەکان ئیمزای یاداشتەکەیان کرد بەوەی کە (تورکیای لاو)خەبات دەکات لە پێناوی ئامانجەکانیاندا.

لە تەمموزی (١٩٠٨ن)ڕاپەڕینی سالۆنیك ڕوویدا ئەویش بەرهەمی ئەو کۆنگرەیە بوو. بۆیە سوڵتان عەبدول حەمید لە ٢٤ی تەمموزی (١٩٠٨ن)ناچاربوو کە دەستورێك بۆ حکومەتەکەی جاڕ بدات. بەوەش دەسەڵات کەوتە دەستی کۆمەڵی (تورکیای لاو)کەچی هەر ئەو کۆمەڵە هێشتا بە تەواوی دەستی بەسەر هەموو وڵاتدا نەگرتبوو بە توندی ناڕەزاییان دەربڕی بەرامبەر بە کۆنگرەکەی پاریس و سەرپێچی کردنیان لە جێبەجێکردنی بەندەکانی (بۆ نەتەوەکانی تری نا تورك، ن.س) ئەو کۆمەڵە ڕوونیان کردەوە کە گوایە باوەڕیان نییە بە مانەوەی حوکمی عەبدول حەمید، گوایە بەناوی ئیسلامەوە حوکم دەکات. کەواتە ئەو کۆمەڵە سیاسەتی بە عوسمانی و تورك کردنە بەرامبەر بە کەمایەتییە نەتەوەکان و دەیانەوێت ئەو کەمایەتییانە بتوێننەوە لە بۆدەقی بە تورك کردندا، ئەگەر پێیان بکرێت هەموو ئەوانە بکەن بە تورك.

لە ساڵی (١٩٠٨-١٩١٤ن)ئەو کۆمەڵە بەنیاز بوون سیاسەتی تواندنەوەی کورد و لەناوبردنی ئەرمەنییەکان جێبەجێ بکەن، بەڵام ئەو ماوەیان بە زۆر زانی شتێکی ئەوتۆیان دەست نەکەوت.

بۆیە دەستیان دا بە شەڕێکی خوێناوی دژی کورد و ئەرمەنی و یۆنانییەکان، ئەوەش یەکەم و سەرەتابوو، بۆ بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی (تۆرانیەتی و تورك چێتی)کە ئامانجی ئەو حکومەتە تازەیە (ی تورکیا لاو، ن.س)بوو لە پاش کۆتایی هێنان بە کێشەکانی ناوخۆی تورکیا، بۆ ئەوەی کە پەل بهاوێت بۆ دەرەوەی سنورەکەی تا بگاتە ئەو تورکە فارسانەی کە لە ئازربایجانی ڕوسیا و دەریاچەی قەزوێندا نیشتەجێ بوون، بەتایبەتی لەو سەردەمانەدا کە باری ناوخۆی ئێران ئاڵۆز بوو لەدوای ڕاپەڕینەکەی سالار ئەلدەولەی ساڵی (١٩١١-١٩١٣ن)ڕووی دا بوو و تێکچوون بوون، A.W.C. تۆنێل.

# تێبینی: ن.س

مێجەر نۆئێل ئەفسەرێکی بەریتانی بوو، لە کۆتایی جەنگی جیهانی یەکەم لە هندەوە گواستیانەوە بۆ عێراق و ناردیان بۆ باشووری کوردستان. لە کۆتایی ساڵی (١٩١٨ز)مێجەر نۆئێل لەناو جەماوەرێکی زۆری شاری سلێمانی حکومەتەکەی شێخ مەحمودی ڕاگەیاندو خۆی مایەوە وەکو ڕاوێژکار بۆ سەرپەرشتکردنی کێشەی کورد و حکومەتەکەی شێخ مەحمود.

ڕاند نۆئێل پیاوێکی بە ووژدان و دۆستی کورد بوو، وە هەوڵێکی زۆری دا بۆ یەکگرتنی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ.

ڕاند نۆئێل بۆ ئەم مەبەستە لە ساڵی (١٩١٩ز)لە پێش مۆرکردنی پەیمانی سیڤەر لەگەڵ جەلادەت بەدرخان و دکتۆر کامەران بەدرخان و ئەکرەم جەمیل پاشا گەشتێکیان کرد بە کوردستاندا بۆ ناسینی کورد و ناوچەکانی کوردستان و داوا و بۆچوونەکانی گەلی کورد بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی.

بەلام زۆری پێ نەچوو مەندوبی سامی بەریتانی ڕاند نۆئێلی گواستەوە و دووری خستەوە لە کوردستان و نەیتوانی ئەوەی کە مەبەستی بوو بۆ کورد تەواوی بکات، ن.س.

# نەخشەکانی هاوپەیمانان و بەریتانیا بۆ ئایندەی بارودۆخی سیاسی لە عێراق ساڵی ١٩١٩

[1] لە داگیرکردنی بەغدا لەلایەن بەریتانیا لە مانگی ئازاری ساڵی (١٩١٧ن)پێکهاتە سەربازییەکان زاڵبوون بەسەر سیاسەتی بەریتانیادا بەرامبەر بە کوردستانی عێراق.

یەکەم پەیوەندی نێوان ئینگلیزەکان و کوردان لەگەڵ شێخ مستەفای باجەلاندا بوو کە لەو ڕۆژەدا کەسایەتیەکی ناسراوی کورد بوو لە خانەقین، ئەویش لە پاش ماوەیەك بە داگیرکردنی بەغدا کە (شێخ مستەفا، ن.س)بەخۆی هات و داوای یارمەتی کرد بۆ ئاوەدانکردنەوەی شاری خانەقین لەو خراپ کردن و تێکدانەی کە هێزەکانی ڕوسی لەو شەڕەدا کردبوویان لە پاش داگیرکردنی (شاری خانەقین، ن.س)ئەو هێزانەش هاوپەیمانی هێزەکانی بەریتانیا بوون لە جەنگدا.

نەخشە سەرەکییەکانی سیاسەتی بەریتانیا بەرامبەر بە کوردستان لەسەر ڕۆشنایی ئەم زانیارییە بنەڕەتیانە بوو.

١-لە مانگی مایسی (١٩١٩ن)دا وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا دەسەلآتی دا بە نوێنەرەکانی خۆی لە عێراق بەوەی کە گرەنتی تایبەت (ضمانات خاصە)بدەن بە کوردان کە بەریتانیا لە سیاسەتی خۆی کەمتەرخەمی ناکات بەرامبەر بە کوردان و ناشبێتە دوژمنیان.

٢-لە ٧ی مایسی (١٩١٩ن)وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا دەسەلآتی دا بە (مەندوبی بالآ مەندوبی سامی)بەریتانی لە بەغدا عەقید (وێلسن)کە موعامەلەی ولایەتی عێراق بکات، کە بە تەنیشتیەوە (لە پاڵیدا، ن.س)دەوڵەتێکی

---

[1] کورد وکوردستان لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیا، دکتۆر وەلید حەمەدی، وەرگێڕانی موحەمەد نوری تۆفیق، ل٦١

ئۆتۆنـۆمی کـوردی دابمـەزرێت لـەژێر سـەرکردایەتیەکی کـورد و ڕاوێـژکارەکانی ئینگلیز بن.

٣-لـە ڕۆژی ٥ی حـوزێرانی (١٩١٩ن)دەسـەڵات درایـە مەنـدوبی سـامی بـەریتانی لـە بەغـدا کـە سەرپەرشـتی و هەڵسوڕاندنی کاروبـاری کـوردان بکـات بـە ڕاوێـژکاری مەنـدبی سـامی بـەریتانی لـە ئەسـتەمبوڵ، چـونکە بـەبێ ڕاوێـژکردنی ئـەو ناتوانرێـت کارە گرنگەکان ئەنجام بدرێت.

پێویـست بـوو لەسـەر مەنـدوبی سـامی لـە عێـراق ئاگـاداری فەرمانـدەی گـشتی هێزەکـانی بـەریتانیا بکـات لـە میـسر و هەڵوێـست (و ئارەکانیـان، ن.س)بـەڵام فەرمانـدەی گـشتی هێزەکـانی بـەریتانیا لـە میـسر ئـەو فەرمانـدەی پـەیڕەو و جێبـەجێ نـەکرد، بـەڵکو پێـشنیازی ئـەوەی کـرد کـە چـەند ئەفـسەرێکی سیاسـی بنێرن بۆ ئەو ناوچانەی ژێر دەسەڵاتی خۆی.

٤-لـە مـانگی ئـابی سـاڵی (١٩١٩ن)بـەریتانیا ڕێکەوتنامەیـەکی لەگـەڵ حکومـەتی ئێرانـدا واژوو کـرد، بـەپێی مـاددەی ١ی ئـەو ڕێکەوتننامەیـە دووپـاتی ئـەو بەڵێنانـەیان کـردەوە کـە لـە پێـشدا دابوویـان لـەبارەی سـەربەخۆیی و سـەروەری ئێـران؛ لەبـەر ئـەو بەڵێنـە ناکرێـت بـەریتانیا لایـەنگری و یارمـەتی پێـشکەش بـە کوردسـتانی یـەکگرتوو بکـات بـەپێی ئـەو بەشـەی کوردسـتانی ئێـران کـە دەکەوێتـە ژێر دەسەڵاتی ئێرانەوە.

لـە ٢٢ی تـشرینی دووەمـی سـاڵی (١٩١٩ن)وەزیـری دەرەوەی بـەریتانیا سیاسـەتی بـەریتانیای بەرامبـەر بـە کوردسـتان ڕوون کـردەوە لەسـەر ڕونـاکی مێڵـە گـشتیەکانی سیاسـەتی حکومـەتی خـاوەن شـکۆ، ئـەو سیاسـەتەی بـە بروسـکە گەیاندە مەندوبی سامی بەریتانی لە بەغدا و ئەمەی خوارەوە دەقەکەیەتی:

لـە وەزیـری دەرەوە بـۆ مەنـدوبی سـامی. بەغـدا ٢٢ی تـشرینی دووەمـی سـاڵی (١٩١٩ن)بـێ (٧٢٩٥)دەربـارەی سیاسـەتمان بـۆ کوردسـتان (هـەموو کوردسـتان)ئێـستا لێـرە (لەبـەریتانیا، ن.س)لـەژێر لێکۆڵینەوەدایـە، بـە بۆچـوونی حکومـەتی خـاوەن جـەلال بـەرەو ئـەوە دەچێت کـە لـەم پێنج خەڵـەدا دیـاری کـراوە و نەگۆڕە ئاگادارتان دەکەمەوە.

١-لەبەر هۆی سەربازی و سیاسی لە ئێستادا وا چاکترە کە سنوری عێراق کورت بێت بەپێی توانا.

٢-ئێمە ناتوانین سیاسەتی جموجۆڵی سەربازی لە ناوەوە و لە دوای ئەو سنورە بگرینەبەر.

٣-حکومەتی خاوەن جەلالە لە ئایندەدا لەهەر بارودۆخێکدا بێت پێی ناکرێت بەرپرسی ڕاسپاردەیی کوردستان بگرێتە ئەستۆی خۆی.

٤-ئەگەر هێزێك لە هێزەکانی ڕاسپاردەی ئەرمێنیا پێی بسپێردرێت باوەڕ ناکرێت سنوری عێراق درێژ بکرێتەوە.

٥-ڕێگا نادرێت بە تورکیا بگەڕێتەوە بۆ کوردستانی باشوور.

لەم پێنج خاڵەدا دەتوانرێت بگوترێت دەست لەکاروباری کوردستان هەڵ بگیرێت و وازی لێ بهێنرێت. ئەو پرسیارەش کە پێویستە بکرێت ئەوەیە کە چۆن دەتوانرێت ئەو کارە بکرێت لەگەڵ گرەنتی کردنی زەوی و ئاشتی لەسەر سنوری عێراق؟.

مێجەر (نۆئێل)دەڵێت: دەتوانرێت ئەوە بکرێت بە سێ مەرج، یەك دوورخستنەوەی دەسەلاتی تورکیا لە کوردستان، دوو کوردستان دابەش نەکرێت، سێ ڕەسمی سنورەکان بکرێت بەپێی ڕەگەز لە نێوان کورد و عەرەباندا.

# ڕێکەوتنی بەریتانیا و فەرەنسا

[1] ڕێکەوتنی بەریتانیا و فەرەنسا لە ساڵی (١٩١٩ن)دەربارەی کوردستان لەناو بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیادا کە باسی ئەو کۆبوونەوەیە دەکات لە نێوان وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا و سەرۆکی دائیرەی سەربازی و بازرگانی لە وەزارەتی دەرەوەی فەرەنسا لە بارەی کێشەی کوردەوە، ئەمەش دەقی پێکهاتنەکەیانە:

یاداشتی دووەم دەربارەی هەڵوێست لە کوردستان لە کۆبوونەوەی ئێمەدا کە لە ڕۆژی ٢٣ی کانوونی یەکەمی ساڵی (١٩١٩ن)بەسترا لە نێوان نوێنەرانی هەردوو حکومەتی بەریتانیا و فەرەنسادا، (لورد کرزن)پێشنیارێکی پێشکەش کرد بە (بێرتیلۆن)کە پێکهاتبوو لەم هێڵە سیاسیە بەگشتی کە یانەی هەردوو حکومەتی بەریتانیا و فەرەنسا پەیرەوی دەکەن بۆ گەیشتن بە دوا بڕیارەکانیان:

١-نابێت و پەسەن نییە کە هیچ سپاردەیەکی بەریتانیا یان فەرەنسا بەسەر هەموو کوردستاندا بسەپێندرێت بێجگە لەو ناوچانەی کە لەبارەی هێمنیدان لە باشووری کوردستان.

٢-تاقیکردنەوەکانی ڕابووردوو ڕوونیان کردوەتەوە کە حکومەتی تورکیا ناتوانێت لە کوردستان بەردەوام بێت تەنانەت بە ناویش.

٣-کوردەکان توانایان هەیە لەگەڵ ئەرمەنییەکاندا لەلایەك و لەگەڵ ئاشوریەکاندا لەلایەکی ترەوە ڕێگا و شوێنی پێویست دابین بکەن بۆ پێکەوە ژیانیان. ---

٤-بیروبۆچوونی (لورد کرزن)ئەوەبوو کە ڕێگا بدرێت بە بڕیارێك بۆ دامەزراندنی یەك دەوڵەتی کوردی لە ناوچەیەکی بچووك و نزیك لە یەك

---

[1] کورد و کوردستان لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیا، دکتۆر وەلید حەمدی، وەرگێڕانی، موحەمەد نوری تۆفیق، ل٧٥

ئاینـدەدا. زەمـان دەری دەخـات كـە كـوردان توانایـان هەیـە بـۆ بـەڕێوەبردنی كاروبارەكانی خۆیان ئەگەر توركەكان دەست نەخەنە ئیش و كارەكانیان.

٥-پێویـستە دەسـتەبەری پاراسـتنی كـوردان بـین هـەتا پێمـان دەكرێـت دژ بـە توركـان، وا باشـترە كـە راوێـژكاری فـەرمیمان نـەبێت (بـۆ كـوردان، ن.س)لەبەریتانی و فەرەنسییەكان.

٦-لـە دواییـدا بۆچـوونەكانی بـەریتانیا و فەرەنـسا رێـك بـوون لەسـەر ئـەوەی كـە بەلایانـەوە بـاش نـەبوو كـە كێـشەی ئـەوتۆیان بـۆ دروست بێـت وەك ئـەو كێـشانەی كە لـە هنـد دروست كرا بـۆ بـەریتانیا. (بێرتـی لـۆن)وەڵامـی ئـەم پرسـیارەی دایـەوە بـە ئـەوەی كـە لەگـەڵ ئـەم پێـشنیازانەدایەو لەگـەڵ پێـشنیازێكی تـردا، كـە (لـۆرد كـرزن)وەلامـی دایـەوە ئـەویش ئەوەیـە كـەوا باشـترە كـە ئـەم باسـە وازی لـێ بهێنرێـت هـەتا دوای باسـەكانی موسـڵ و چـەند خـاڵێكی تـر كـە پەیوەنـدیان هەیـە بە عەرەبەكانەوە، لە دواییدا بگەڕێینەوە سەر ئەم باسە.

# لە ئێرل کراوزن بۆ جێگری ئەدمیرال سێرجی ڕۆبیك، ئەستەمبوڵ

[1] وەزارەتـی دەرەوە لـە ٢٦ی ئـازاری سـاڵی (١٩٢٠ن) ژمـارە (٣٥٤) نامەکـەتان ژمـارە (٢١١)ڕۆژی ٢٨ی کـانوونی دووەم و نامەکـەی ترتـان ژمـارە (٣٠٦)لـە ڕۆژی ٢ی ئـازاری سـاڵی (١٩٢٠ن)ئـەو سیاسـەتەی کـە بـەنیازن بەرامبـەر بـە کوردسـتان بیخەینـە پـێش چـاوی کـۆنگرەی ئاشـتی. مـن نامـەوێت کوردسـتان بکـەین بـە پـارێزراو بـۆ بـەریتانیا و فەرەنـسا، یـان بـە دابەشـکراوی لـەژێر سـایەی دەوڵەتـە ئەورووپیەکانـدا بێـت، بـەڵکو دەمانـەوێت حکومـەتێکی ئۆتۆنـۆمی بـۆ دەسـتەبەر بکرێـت. تەنانـەت نـابێ لـەژێر دەسـەڵاتی تورکیاشـدا بێـت، بـۆ سـەرکەوتنمان لـەم سیاسـەتدا بەشـێوەیەکی کاریگـەر بتـوانین ڕێککـەوتنێك دابـین بکـەین بـۆ بەرژەوەندییـەکانی کـورد و ئەرمـەن و کەمایەتیـە مەسـیحیەکان کـە لـە نێوانیانـدا دەژیـن، ئێمـە حـەز دەکـەین گـوێ لـە ڕاوێـژکارێکی فەرمانـدەی بەرپرسـەکانی گـشتی لۆردەکـان بگـرین، چـونکە کـارێکی وا بـاش ناکـەین ئەگـەر بێـت و شـتێکی وا بەکەڵك بکەین بۆ گەلێك کە خۆی نەیەوێت و سوودی لێ وەرنەگرێت.

ئایـە ڕێگـا دەدەن بـەوەی کـە دەعـوەتی (عەبـدولقادر)یـان کەسـێکی تـری کـوردان بکـەین بـۆ لەنـدن؟ لەگـەڵ ئـەوەی کـە ئێـستا شـەریف (مەبەسـتی شـەریف پاشـا)یـە لە لەندنەو دەتوانرێت پەیوەندی پێوە بکەن ئەگەر پێویستی کرد.

ئێمـە پەیوەنـدی بـە بەغداشـەوە دەکـەین و هـەمان پرسـیاریان لـێ دەکـەین کـە پەیوەنـدی بـە ڕۆژهـەڵات و باشـووری کوردسـتانەوە هەیـە، ئـەم پرسـیارە پەلەیـەو نابێت بەهیچ شێوەیەك وەڵامەکەی دوابخرێت.

---

[1] کورد و کوردستان، دکتۆر ولید حمدی، وەرگێڕانی موحەمەد نوری تۆفیق، ل٨٣

# بروسكەی وەزیری دەرەوەی بەریتانیا

[٢]لە وەزیری دەرەوە بۆ مەندوبی سامی بەریتانی وێنەیەك بۆ حاكمی هیند. بروسكەتان بە ژمارە (١٥٥٥)لە رۆژی ٢٤ی شوبات لە رۆژی ٢٣ی ئازاری سالی (١٩٢٠ن) ٤ بۆ مەندوبی سامی بەریتانی دەربارەی ئایندەی كوردستان، وە ئامادەكردنی هەموو پێشنیازو پێویستیەكان بۆ ئەوەی بخرێتە بەردەم كۆنگرەی ئاشتی و باسیان لێوە بكرێت، ئەو نامە نووسراوانەی كە پەیوەندیان هەیە بە كوردستانەوە. حكومەتی خاوەن جەلالە جارێكی تر دەستی كردەوە بە لێكۆڵینەوە دەربارەی كێشەی ئایندەی كوردستان كە لەم نزیكانەدا ئەو پێشنیازانە پێشكەش دەكرێت بە كۆنگرەی ئاشتی لە پاریس، حكومەت (ی بەریتانیا، ن.س)دژ بەو بریارانەیە كە لە وەزارەتی هیندەوە دراوە بە وەزارەتی دەرەوە لە كانوونی یەكەم، وە وێنەیەكی دراوە بە ئێوە لە رۆژی ٢٥ی هەمان مانگدا.. بۆچوونی یەكەم پێویستیەكی زۆر گرنگەو بە پەلەیە كە ئەویش دەبێتە هۆی كەم بوونەوەی خۆ بەستنە سەربازی و سیاسیەكان بۆ كەمترین رادە، بۆیە وای بەباش دەزانین كە بەیەكجاری لە كوردستان بكشێنەوە و هیچ لێپرسینەوەیەك هەڵ نەگرن بۆ كارگێری، تەنانەت لە ناوچەی سلێمانیشدا. چونكە حكومەتی خاوەن جەلالە واهەست دەكات ئەگەر حوكمێكی ئۆتۆنۆمی بە زیادەوە ببەخشرێت بە باشووری كوردستان لەژێر سپاردەی بەریتانیا لەوە زیاتر بێت كە دراوە بە گەلی عێراق نارەزایی دروست دەكات و دەبێتە هۆی دروست بوونی كێشەكان..

حكومەتی خاوەن جەلالە لەم بارەیەوە ئامادەیە مەرجێك دابنێت: ئەگەر هات و كوردان حەزیان كرد بە رزگاری لەژێر دەستی توركان ئەوا لە پەیمانی توركیا ئەو كاتە پاڵپشتی مەعنەوی تەواو دەكرێت بۆ كوردان بۆ جێبەجێكردنی

---

[٢] هەمان سەرچاوە.

ئامانجەکانیان، بەڵام حکومەت (ی بەریتانیا، ن.س)لەم بارەیەوە هەست دەکات و بەستراوە بەوەی کە زانیاری ئەوتۆ نییە لەبەردەستدا لە بارەی ئارەزووەکانی کوردانەوە، لەبەر ئەوەی کە سیاسەت مەدارێکی کوردی بەهێز نییە نوێنەرایەتی کوردان بکات بۆ ئەوەی کە داواکانیان بخاتە بەردەم کۆنگرەی ئاشتی.

ئەو پێشنیازە پەسند کراوە کە لەگەڵ (شەریف پاشا)دا کە ئێستا لە (لەندن)ە کۆبوونەوە بکرێت بۆ ئەوەی لەم بارەوە گوێ لە ڕاو بۆچوونەکانی بگیرێت، ئەگەر لەگەڵ ئەودا (شەریف پاشادا)ڕێک کەوتین لەسەر ئەو دەعوەت نامەیە کە پێشکەش بکرێت بە نوێنەرانی (یانەی کوردان)لە ئەستەمبوڵ ئەوا هیچ ناڕەزاییەك بۆ ئەمە نابێت.

ئایە ئێوە دەتوانن (بێجگە لە شەریف پاشا، ن.س)چەند ناوێکمان بۆ دەست نیشان بکەن لە کەسایەتیە کوردەکانی تر کە بتوانن بەناوی گشت یان بەشێك لە کوردستان قسە بکەن؟.

ئەگەر ئەوە نەکرا ئایە دەتوانن ئامازەیەکی گشتیمان بدەنێ لەبارەی ئارەزووەکانی ئاغاو سەرۆك عەشیرەتەکانی کوردەوە لە ڕێگای ئەفسەرەکانتانەوە دەربارەی هەڵوێستیان؟ (بۆ کێشەی کورد، ن.س).

بڕیاردراوە کە دەبێ جۆرێك پێشخستنی ئابووری هەبێت بۆ بەریتانیای مەزن، ئیتر ئەو حکومەتەی کە بۆ کوردستان دادەمەزرێت هەر چۆنێك بێت دەبێ نفوس و دەسەڵاتی بەریتانیا لە ناوچەکەدا باڵا دەست بێت.

# عەقید ویلسن مەندوبی سامی بەریتانی لە بەغدا

[1]یاداشتەکەی وەزیری دەرەوەی بەریتانیا لە رۆژی ٢٣ی ئازاری (١٩٢٠ن)دەربارەی کشانەوەی هێزەکانی وڵاتەکەی لە کوردستان رەت دەکاتەوە.

(R) (١٣٧٤٦)بروسکەتان لە رۆژی ٢٣ی ئازاری (١٩٢٠ن)کوردستان.

١-تکایە سەیری بروسکەی ١٣ی شوباتی ژمارە (١٩٧٥)مان بکەن ئەوەی کە پەیوەندی هەیە بە کشانەوەو وازهێنان لە ناوچە کوردیەکاندا کە کەوتوونەتە ژێرسایەی سەربازی ئێمەوە.

ئەم بروسکەیەو بروسکەی رۆژی ٣ی شوباتی ژمارە (١٥٥٠)هەردووکیان رای گشتییە کە هەموو رێکن لەسەری ئەفسەران و پیاوانی شارەزا.

٢-ئەرکەکانی سەر شانم رێگام پێ دەدەن کە دەری برِم بۆ حکومەت (ی بەریتانیا، ن.س)کە قەناعەتی من وایە ئەو سیاسەتەی کە حکومەت پەیرەوی دەکات بەم نزیکانە مەترسی زۆری لێ دەکەوێتەوە بۆ مەسەلەی پارێزگاری لە عێراق.

٣-ئەو هێزانەی کە ئێستا لە هەردوو لیوا (پارێزگا)ی سلێمانی و هەولێردان تەنها یەك فەوجی پیادەی هندی و دوو پۆل فڕۆکەو دوو تۆپە لە رێگای کەرکوك و سلێمانی دا، هەروەها دوو سرییەی پیادە لە هەولێرە، بڕیار لەسەر کشانەوەی هەردوو سرییەکە دراوە هەرکاتێك دەسەلأتدارانی سەربازی بەلایانەوە پەسەند بێت.

٤-ئاسایش و نیزام پارێزراوە هەتا سنوری ئێران لە هەردوو لیواکە لەلایەن هێزەکانی (لیڤی)کوردەوە و لەژێر فەرماندەی ئەفسەرە بەریتانی و کوردان.

٥-کشانەوە لە سلێمانی و کشانەوەی کارگێری لەوێدا کێشەمان بۆ دروست دەکات کە گەورەترە لە قەوارەی هێزەکانی ئێستامان لەسەر سنورەکانی کوردستان و عێراق.

٦-من لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا نیم کە خاوەن جەلالە هەیەتی بۆ ئەوەی ئۆتۆنۆمیەکی گەورەتر بدرێت بە کوردستانی باشوور، گیروگرفتمان بۆ دروست دەکات لە ناوچەکەدا.

---

[1] هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل٧٩-٨٤

٧-هەرسێ ولایەتەكەی بەغدا و بەسرا و موسڵ لەكاتی توركاندا بەڕێوەیان دەبرد یەك پارچە بوون و جیا نەدەكرانەوە.

٨-ئەو پێشنیازانەی كە ئێستا لەژێر لێكۆڵینەوەدان لەلایەن حكومەتی خاوەن جەلالەوە نیزامی كۆن هەڵدەوەشێنێتەوە. چاكەی زۆرە بۆ دروستكردنی ناوچەیەكی ئەوتۆ كە ئاژاوەی تیادا بێت كە دەكەوێتە نێوان پێدەشتەكانی عێراق و سنورەكانی ئێرانەوە، ئەوەش بوونیان دەبێتە قورستركردنی كێشەكان و ڕوودانی ڕق و كینەی خەڵكی لە دژمان لەو ناوچانەی كە كارتێكراون لە عێراقدا. بۆیە من ناتوانم ئەم كارانە ئاسان بكەمەوە.

٩-ناتوانرێت نەخشەی هێڵێكی ئەوتۆ بكێشرێت كە ڕوون و ئاشكرا بێت لە نێوان كوردستان و عێراق.

١٠-كوردێكی ئەوتۆ لەوێدا نییە كە لە توانایدا بێت بەناوی هەموو كوردستانەوە قسە بكات، من نازانم كێ دەتوانێت بەناوی ناوچەیەكی گەورەوە قسە بكات، كوردەكان بەگشتی هەستی ڕەگەزایەتیان تیادا هەیە، نەك نەتەوایەتی، وە بارودۆخی جوگرافی سیاسی هەمیشە كۆسپی ڕێگا بوون بۆ دروستكردنی یەكەیەكی گەورەی سیاسی.

١١-بەڕای من و ئەفسەرانم كە ئاگاداری هەڵوێستەكەین، وە ڕای گشتی میللەت لەو باوەڕەدام كە هەلی تایبەتیمان بۆ ڕەخساوە بۆ جێبەجێكردنی قازانجی درێژ پێدانی ڕژێمی ئێستا لەگەڵ بوونی ڕووخسارێكی كوردی كە بەپێی توانا هەستە نەتەوایەتیەكە بەرەو پێشەوە دەبات، وە ووچانێك دەدات بە توانای ئەوەی لاو كە ئەمەش جێبەجێ كراوە.

١٢-هیچ سوودو كەڵكێك وەرناگیرێت لەو قسانەی كە دەگوترێت یان بەنیازی ئەو ئامانجەوە دەكرێت گوایە دەستەبەری دەسەلاتی ئابووری یان سیاسی بەریتانی لە كوردستانی باشووردا دەكات.

ئەگەر ئیمزای ئاشتی بكرێت لەگەڵ توركیادا بۆ بەجێهێشتنی ئەم ناوچانە كە ئێمە چاك كاری ئیداریمان تیادا دامەزراندوە بە خوێن و سامان، لە حاڵەتی نەبوونی ئارامی و ئاسایش و داگیركردن ڕزگارمان كردوون، ئەگەر ئیمزای ئاشتی بكرێت لەگەڵ توركیادا ئەو كاتە بەرەو حاڵەتێكی پڕ لە ئاژاوەی زیاتر دەبینەوە كە زۆر لەوە خراپتر دەبێت.

١٢-تکا لە حکومەت دەکەم کە چاو بخشێنێتەوە (بە بڕیارەکەیدا)یان لەدوا ساتەکانیشدا بێت لەو سیاسەتەی کە دەبێت لە ساڵەکانی داهاتوودا، یان بگۆڕێت بەپێدانی پارە و ئەرکێکی یەکجار زۆر و تیاچوونێکی مرۆڤایەتی تیادا دەبێت یان دەبێ دەست لە ولایەتی موسڵ هەڵبگرێت. لەوانەیە دەست لە عێراقیش هەڵبگرین، ئەوەش دەبێتە هۆی شلۆقی پلەو پایەی ناوبانگمان کە ئێستا لە ئێراندا بەرەو خراپی دەڕوات. وە لێرەش ئەنجامی خراپی لێدەبێتەوە، هەر ئەو سیاسەتەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە نەتوانین پەنجا هەزار پەناهەندەی مەسیحی کە ئێستا لەژێر سایەی ئێمەدان لە (بەعقوبە)کە ساڵانە سێ ملیۆن و نیو جونەی ئەستەرلینی خەرج و مەسرەفیانە، دەبێ بیان گەڕێنینەوە و نیشتەجێیان بکەین. هیوادارم لە مانگەکانی ئیندەدا دەست بکرێت بە گەڕانەوەیان.

ئەمە بەشێکە لە بروسکەی وەزیری مستەعمەرەکان سێر و نستون چەرچل بۆ مەندوبی سامی بەریتانی لە عێراق-ژمارە (١٠٩)لە ٢٥ی مارت (١٩٢١)لەبارەی لیڤییەوە.

ئایە چیتان کردوە دەربارەی کەرکوك؟ ئایە وەك بەشێك لە کوردستان بمێنێتەوە؟. یان بەشێك لە عێراق؟.

لە بیروڕاو بۆچوونی مندا کەڵك و قازانجی دەبێت بۆ ئێمە ئەگەر کەرکوك جیا بکرێتەوە لە عێراق (و بدرێت بە کوردستان، ن.س)بیرو وێنەی دامەزراندنی دەوڵەتێك هەیە بۆ کوردان کە ببێتە دیوارێك لە نێوان عێراق و تورکیا، بۆ دروستکردنی ئەمەش گیروگرفتی ناوچەیی زۆر لەبەردەماندا هەیە.

# شەریف پاشای خەندان و کۆنگرەی ئاشتی پاریس



جەنەڕاڵ شەریف پاشای خەندان، سەرۆکی نوێنەرانی کورد لە کۆنگرەی ئاشتی لە (سان ڕیمۆ)لە فەرەنسا، ساڵی (١٩٢٠ز)

[1]شەریف پاشا کوڕی سەعید پاشای خەندانە و خەڵکی شاری سلێمانیە لە باشووری کوردستان. لە عەشیرەتی جاف. لە شاری ئەستەمبوڵ لەدایك بووە، وە کۆلیژی سەربازی لە فەرەنسا تەواو کردوە و بووە بە ئەفسەر لەناو سوپای عوسمانیدا هەتا گەیشتوتە پلەی جەنەڕاڵ.

شەریف پاشا کوردێکی نیشتیمان پەروەر بووە، وە یەکێك بوو لە کۆمەڵی تورکیای لاو، لەگەڵ لیژنەیەکی کۆمەڵەکەدا تێك دەچێت (لەسەر کێشەی کورد، ن.س)و هەڕەشەی کوشتنی لێ دەکەن و تورکیا بەجێ دەهێڵێت و دەڕوات بۆ فەرەنسا و لەوێ جێگر دەبێت و دەبێت بە سەرۆکی (یانەی کوردان)لە پاریس. وە هەوڵێکی زۆری داوە بۆ سەربەخۆیی کوردستان لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم. تورکەکان هەوڵی کوشتنیان داوە لە پاریس و ڕزگاری بووە لە کوشتن.

لەدوای جەنگی جیهانی یەکەم و بڵاوبوونەوەی پرۆژە چواردە خاڵەکەی سەرۆکی ئەمەریکا (و درۆولسن)بۆ ئازادی و سەربەخۆیی نەتەوە چەوساوەکانی ژێر دەستی عوسمانیەکان، وە دامەزراندنی کۆنگرەی ئاشتی لە پاریس.

[1] خەباتی چەکداری و ڕامیاری نەتەوایەتی کورد، نەجم سەنگاوی، ل٣١

(یانەی كوردان)لە ئەستەمبۆل و زۆربەی پیاوانی نیشتیمان پەروەری كوردستان شەریف پاشایان هەلبژارد بۆ سەرۆكایەتی نوێنەرانی كورد بۆ كۆنگرەی ئاشتی لە پاریس بۆ سەرخستنی كێشەی كورد(و دامەزراندنی دەولەتی كوردستان، ن.س).

كۆنگرەی ئاشتی لە پاریس لە مانگی كانوونی دووەمی سالی (١٩١٩)دەستی كرد بە كارەكانی، وە نوێنەرانی كوردیش زۆر چالاكانە هاتنە ئەو گۆرەپانەوە بەشێوازێكی بێ وێنە لە مێژووی رابوردوویاندا. هەنگاوی چاكیان نا بەرەو پێشەوە، وە بوون بەهۆی سەرنج راكێشانی دبلۆماسی و رۆژنامەنووسە بیانیەكان بەلای خۆیاندا راكێشا، وە لە سەرەتایشەوە (كێشەی كورد، ن.س)بوو بە بابەتێكی، پر لە زانیاری ئەو بەلگەنامە دبلۆماسییانەی بەریتانیا كە لە پاریس و ئەنكەرە و واشنتۆن و بەغداو شوێنەكانی تر. كورد لەلای هەمووان بوون بە ژمارەیەكی سەنگدار هەتا كار گەیشتە ئەوەی كە ئینگلیزەكان لە سالی (١٩١٩ن)پێشنیازی دانانی والییەكی كوردیان كرد بۆ شاری (وان-یان بەتلیس)لە پێش راوەستانی جەنگ.

یانەی كوردان لە ئەستەمبۆل خۆیان دوور راگرت لە داواكردنی دەولەتی سەربەخۆی تەواو بۆ كوردستان، وە هەندێك لە ئەندامانی یانەكەش كە لەگەل بیروبۆچوونی سەربەخۆییدا بوون هەرگیز ئەوەیان نە دەدركاندو بە ئاشكرا دەریان نەدەبری هەتا پاش بلاوبوونەوەی چواردە خالە بەناوبانگەكەی سەرۆكی ئەمەریكا (ودرۆ وێلسن)بۆ ئازادكردنی نەتەوە چەوساوەكانی ژێر دەستەی عوسمانییەكان، وە ئاشكراكردنی دامەزراندنی كۆنگرەی ئاشتی لە پاریس.

لە پاش راوەستانی شەری جیهانی یەكەم و بلاوبوونەوەی پرۆژە چواردە خالەكەی سەرۆكی ئەمەریكا (وێلسن)و كۆنگرەی ئاشتی لە پاریس راوبۆچوونی زۆربەی كوردان گۆرا بەتێكرا.

شــەریف پاشــایان هەڵبــژارد بــۆ ســەرۆکی نوێنــەرانی کــورد بــۆ وتوێــژکردن و سەرخــستنی کێــشەی کــورد لــە کــۆنگرەی ئاشــتی پــاریس. شــەریف پاشــا سەرکەوتوانە ئەرکەکانی خۆی بەجێ هێنا.

١- توانی ناکۆکی سنور نەهێڵێت لە نێوان کورد و ئەرمەنیەکاندا.

٢-بــەهاوکاری لەگــەڵ (نۆگــۆس پاشــا نۆبــار)دا کێــشەی کــوردو ئەرمــەنیان پێــشکەش کــرد بــە کــۆنگرەی ئاشــتی و پێیــانی ســەلماند کــە کــورد خــاوەنی مــافی ڕەوایــە، وە گفــتی لێیــان وەرگــرت و لــە بەڵگەنامــەکانی پــەیمانی ســیڤەر لــە بەنــدەکانی (٦٢-٦٣-٦٤)دیــاری کــرا. ئەمــە بــۆ یەکــەم جــارە و گــەورەترین دەست کەوت بوو بۆ گەلی کورد لە مێژووی کۆن و نوێیدا.

# پەیمانی سیڤەر ١٩٢٠

[1] لـە سـێبەری ئـەو بارودۆخـەدا دەوڵەتـە سـوێند خۆرەکـان لـە نیـسانی سـاڵی (١٩٢٠ن)لەشـاری (سـان رمـۆ)فەرەنـسا کۆبوونـەوە لەسـەر چـەند برگەیـەك لەگـەڵ تورکەکانـدا رێـك کـەوتن لـە دوایـدا ئـەم پەیمانـە لـە شارۆچـکەی (سـیڤەر)لـە فەرەنـسا لــە رۆژی ١٠ی ئـابی (١٩٢٠)ئیمـزا کـرا بـەپێی ئـەم پەیمانـە چـەند پارچـەیەك لـە زەوی و زاری ئـەرمینیای تـورکی بخرێتـە سـەر جمهـوری یـەتی ئـەرمینیایی (روسـیا)کـە لـە مایـسی (١٩١٨ن)دامـەزرابوو وە دەوڵەتـە هاوپەیمانـەکان و ولآتـانی تـریش ددانیـان پێـدانابوو. مەسـەلەی کێـشەی ئـەو جمهـوری یەتـە بـەرەو رووی ولآتـە یـەکگرتووەکانی ئەمـەریکا کرابـووە. وە برگـەکانی پەیمانەکـە (٦٢،٦٣،٦٤)لـە فەسـڵی سـێیەمدا تایبـەت بـوو بـە نـاوی کوردسـتانەوە تۆمـار کـراوە وە ئـەو پەیمانـە بریـاری دامەزرانـدنی دەوڵـەتێکی سەربەخۆی کورد بووە. لە خوارەوە دەقەکەی دەنووسین:

# پەیمانی سیڤەر

## کوردستان فەسلی سێیەم ماددەی٦٢

[2] پێویـستە لەسـەر ئـەو لیژنەیـەی کـە بارەگاکـەی لـە ئەسـتەمبوڵ کەلەسـێ ئەنـدام پێـك هـاتووە لـە حکومەتـەکانی بـەریتانیا و فەرەنـسا و ئیتاڵیـا دەسـت نیـشانی دەکـەن لائیحەیـەك لـە مـاوەی ٦ مانگـدا لـە رۆژی جێبـەجێ کردنـی ئـەم پەیمانـەوە ئامـادەی بکـات بـۆ پێـرەوی کـردن و جێبـەجێ کردنـی حکـومی ئـەو ناوچـانەی کـە

(١) کورد و کوردستان لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیا، دکتۆر ولید حەمدی، وەرگێرانی محەمەد نوری تۆفیق، ل١٩
(٢) هەمان سەرچاوە.

زۆربــەی دانیــشتوانی کــوردن و دەکەوێتــە ڕۆژهــەلاتی ڕووبــاری فــورات و باشــووری سنووری ئەرمینیاوە. لە دوایدا دەست نیشان دەکرێت.

وە بــاکووری ســـنووری تورکیــا لەگــەڵ ســوریا و عێــراق وەکــو ئــەوەی کــە لــە بڕگەکانی (٣،٢)لەماددەی (٢٧)لە فەسلی دووەمدا دیاری کراوە.

ئەگــەر هــاتوو لیژنەکــە نەگەیــشتنە ڕێــك کــەوتنێك بــە ســەرجەمی دەنگــەکان بــۆ هــەموو بابەتــەکان ئــەو کاتــە پێویــستە لیژنەکــە ئــەو بابەتــە بــەرەو ڕووی حکومەتــەکانیان بکەنــەوە. هــەروەها پێویــستە ئــەو پــەیڕەوە کــە تایبەتــە بــە (حــوکمی نــاوخۆی)چــەند مــەرجێك دیــاری بکرێــت بــۆ پاراســتنی ئاشــوریەکان و کلدانییــەکان و کەمایەتییــە ڕەگــەز و ئــایینی یــەکانی تــر لــەو ناوچــانەدا. بــۆ ئــەم مەبەســتە پێویــستە بــە لیژنەیــەك کــە نوێنــەرانی بــەریتانیا و فەڕەنــسا و ئیتالیــا و فــارس (ئێــران)و کــوردی تیــادا بێــت. ئــەو لیژنەیــە ســەردانی ناوچــەکان (کوردســـتان، ن.س)بکــات بــۆ لێکۆلینــەوە و گۆڕانکــاری پێویــست لەســەر ســنوورەکانی تورکیــادا کــە تێکــەڵن لەگــەڵ ســنوورەکانی ئێــران ئەگــەر هــەبوو بــەپێی دەقــەکانی ئــەم پەیمانە.

مادەی ٦٣.

حکومــەتی تورکیــا بڕیــار لەســەر جێبــەجێ کــردن و پەســەندکردنی ئــەو بڕیارانــەی هــەردوو لیژنــەی نــاوبراو دەدات کــە لــە مــادەی ٥٢ دیــاری کــراوە، لــە مــاوەی ســێ مانگدا لە ڕۆژی ناردنییەوە بۆ حکومەتی ناوبرا.

مــاددەی ٦٤ ئەگــەر گــەلی کــورد لەناوچــە باســکراوانەدا لــە مــادەی ٦٢ لــە مــاوەی ســالێکدا لــە پــاش جێبــەجێ کردنــی پەیمانــە کــە ئاگــاداری کۆمەڵــەی نەتــەوەکانی کــردەوە بەشــێوەیەك کــە دەربکــەوێت کــە زۆربــەی دانیــشتوانی ئــەو ناوچــانە حــەز بەسەر بەخۆی دەکەن.

ئەگــەر ئەنجومــەن بڕیــاری دا کــە ئــەو دانیــشتوانە دەتــوانن ئــەو ســەربەخۆیی یــە بپــارێزن ئــەوا (ئەنجومــەن ، ن.س)داوا لــە تورکیــا دەکــات کــە ئــەو داخوازییــەی جێبــەجێ بکــات و دەســت هــەلبگرێت لــە هــەموو ئــەو مــاف و ناوانــەی ئــەو ناوچــانەی کە لەوەو پێش هەیان بوو.

درێژە بەبەندەکانی ئەو دەست هەڵگرتن واز هێنانە دەبێتە ڕێك کەوتنێکی تر لە نێوان دەوڵەتە هاوپەیمانەکان و تورکیادا.

ئەگەر ئەوان (تورکەکان، ن.س)وازیان هێناو جێگیر بوون لەو کاتەدا هیچ ناڕەزایی یەك نابێت لەلایەنی دەوڵەتە هاوپەیمانەکانەوە بۆ خۆبەستن بەو دەوڵەتە کوردییە سەربەخۆیەی ئەو بەشەی کوردستان کە هاوسنووری ولایەتی موسڵە.

بۆ جاری دووهەم لە ڕۆژی ١٠ی کانونی یەکەمی (١٩١٩ز)شەریف پاشا لە باتی گەلی کورد و بۆغۆس نوبار پاشا لە باتی گەلی ئەرمەنی پێکەوە یاداشتێکی تری هاوبەشیان پێشکەش کرد بە کۆنگرەی ئاشتی لە پاریس وە دووبارەیان کردەوە کە بەرژەوەندی ئاواتی کورد و ئەرمەن وەکو یەکن بۆیە داوای ڕزگاربوون دەکەن. داوای دوو دەوڵەتی سەربەخۆی کورد و ئەرمەن دەکەن لەژێر سایەی دەوڵەتانی هاوپەیماندا. سنووری ئەو دوو دەوڵەتە دەهێڵنەوە بۆ بڕیارەکانی کۆنگرەی ئاشتی چونکە هەردوو لایان ڕێکن لەسەر ئەو باوەڕەی کە کۆنگرە داوای دەکات کە ئەویش ڕێز گرتنە لە مافەکانی کەمایەتێکانی ناو هەردوو دەوڵەتەکە.

# دوورکەوتنەوەی ژەنەراڵ شەریف پاشای خەندان لە نوێنەرایەتی کورد لە کۆنگرەی ئاشتی پاریس

[١]لە بەشێك لە بروسکەکەی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا ژمارە (٢٥٤) لە ٢٦ی مارتی (١٩١٩)ی ئی (٤٤/١١/١٧٧٦)دەڵێت: گومانێکی زۆر لەوە دەکرێت کە هیچ شتێك دەربارەی سەربەخۆیی یان خود موختاری کوردستان لە ئارادا نەبێت، وە لە کوردستاندا ڕای یەکگرتووی خۆیشیان نییە، زۆرینەی کورد چاوەڕوانی ئەوە دەکەن کە لایەنێکی دەسەڵاتداری بەرز (وەکو بەریتانیا و فەرەنسا، ن.س)حوکمڕانیان بکات. ئەو ژمارە کوردانەی کە لە دەرەوەی وڵاتیان دەژین بیروبۆچوونی جیاوازیان هەیە لە ژمارەی نووسینیاندا زیاد لە ئەوەی کە هەیە باسی دەکەن.

هەرچی شەریف پاشایە بەهۆی مەیلی ئیستایەوە بەرامبەر بە تورکان زۆر شایستەی بایەخ پێدان نییە. (ئەمە بوختان بوو بۆیان دروست کردبوو ناحەزەکانی، ن.س).

لەلایەکی ترەوە ڕاپۆرتەکە دەڵێت ڕێکەوتنەکەی شەریف پاشاو نۆبار پاشای ئەرمەنی دووبیر و بۆچوونی جیاوازی (لەناو کورندا، ن.س)دروست کردوە. هەرچی کوردە جیاوازی خوازەکانە لە ئەستەمبوڵ بەختەوەرن بەو ڕێکەوتن نامەیە. وە ئەو کوردانەی کە دژوارن (بۆ ڕێکەوتنەکەی شەریف پاشا و نۆبار پاشای ئەرمەنی، ن.س)لە ئەندامانی بنەماڵەی بابانن وەکو مستەفا پاشا و نەعیم پاشای بابان زادە.

وە لەگەڵ ئەم نامەیەدا لیستی ئیمزای ئەو بروسکانەتان بۆ دەنێرین کە لە ئەستەمبوڵ دژایەتی کردنی ڕێکەوتن نامەکە دەکەن و بەستراوە بە بنەماڵەی بابانەوە.

---

[١] خەباتی چەکداری و ڕامیاری نەتەوایەتی کورد، نەجم سەنگاوی، ل٣٤.

لەلایەكی ترەوە ژمارەیەك لە ڕابەرانی جیاوازی خواز (ی كورد، ن.س)هەڵوێستی گشتی ئەم دواییەی شەریف پاشایان بە دڵ نییە. لەهەمان كاتدا لە خۆیانم بیستووە كە شەریف پاشا كار دەكات بۆ خزمەتی توركان، ئەوە ئەو گومانەی لە دڵمدا دروست كرد كە خۆیشم هەمبوو، وە ئەوەشم زانی كە زۆر نییە شەریف پاشا بووە بە سەرۆكی (كۆمەڵەی ئیسلامی)لقی پاریس كە دەرچوو زۆر نزیكە لە (كۆمەلی ئیسلامی ناوەندیەوە)كە وان لە خانوو بەرەی ژمارە (١٥٦)لەسەر شەقامی (فلیب)، وە دەڵێت وا لەگەڵ ئەم نامەیەدا لیستی ئەو ناوانەتان بۆ دەنێرین لەگەڵ ئیمزا و مەڵبەندەكانیان كە دژی هەڵوێستی شەریف پاشان بەبۆنەی ڕێكەوتن نامەكەی نێوان كورد و ئەرمەنیەكانەوە.

هەروەها ژمارەی ئەو كەسانەی كە بروسكەیان ناردوە نزیكەی ١٤٠ كەس دەبن.

لە لاپەرەی (٢٠٦)ی ڕاپۆرتەكەدا دەڵێت ئەو ناكۆكیانەی كە كەوتبووە نێوان ڕابەرانی ئەو كاتەی كوردەوە شەریف پاشا وازی هێنا لە نوێنەرایەتی كورد لەبەردەم كۆنفرانسی ئاشتی لە پاریس، بەرزترین دەزگای حكومەتی بەریتانیای ئاگادار كردەوە دەربارەی ناكۆكی و جیاوازی كوردان (و دەست هەڵگرتنی شەریف پاشا لە نوێنەرایەتی كورد لە كۆنفرانسی ئاشتی پاریس، ن.س).

شەریف پاشا لە ڕۆژی ٢٧ی نیسانی ساڵی (١٩٢٠)وازی هێنا لە سەرۆكایەتی نوێنەرانی كورد بۆ كۆنفرانسی ئاشتی لە پاریس، وە لە سەرۆكایەتی بیرۆی مەكتەبی ڕاگەیاندنی ئیسلامی و (یانەی كوردان، ن.س)لە پاریس، وە دەقی وازهێنان و دەست هەڵگرتنەكەی شەریف پاشا بە زمانی فەرەنسی نووسرابوو بۆ كۆنفرانسی ئاشتی لە پاریس لە ڕۆژی ٢٧ی نیسانی ساڵی (١٩٢٠)لە بەڵگەنامەكەدا.

لەهەمان ڕاپۆرتدا دەڵێت: لەگەڵ هەواڵی دەركردنی سەید عەبدولقادر لە سەرۆكی یانەی كوردان لە ئەستەمبۆڵ، دەستەی بەدرخانیەكان و ڕۆشنبیرانی كورد ڕایان گەیاند كە شەریف پاشا ئیتر نوێنەری كوردان نییە لە پاریس.

(لە پاش دەست هەڵگرتنی شەریف پاشای خەندان لە سەرۆکایەتی نوێنەرانی کورد لە کۆنفرانسی ئاشتی لە پاریس و دروست بوونی چەند لایەنێك لەناو کورداندا وەکو سەید عەبدولقادر و بەدرخانیەکان و بابانیەکان، هەر کۆمەڵە و لایەنێك راو بیرو بۆچوونی خۆی هەبوو، بەهۆی شەلەلی و ئیفلیج بوونی کوردەوە لە کۆنفرانسی ئاشتی لە پاریس، بەهۆی نەبوونی کەسێکی تری لێهاتوو زمان زان و بەتوانا و ناسرا لەلای کۆنفرانسی پاریس کە بتوانێت ئەو ئەرك و بەرپرسینەوە بگرێتە ئەستۆ، کێشەی کورد لە کۆنفرانسی ئاشتی لە پاریس بەبێ خاوەن مایەوە و کەس گوێی لە ئەوانی تر رانەگرت و بە هەموویان نەیان توانی جێگای شەریف پاشا بگرنەوە، درێژەی کێشا و بوو بە هەلێك بۆ مستەفا کەمال ئەتاتورك و دوژمنانی کورد هەڵکەوت هەتا پەیمانی (لۆزان)هاتە پێشەوە و بەندەکانی پەیمانی (سیڤەر)کە بە هەوڵ و تێکۆشانی شەریف پاشا هاتە کایەوە و دروست بوو خرایە ژێرەوە هەر وەکو نەبوو، ن.س).

# جارێکی تر شەریف پاشای خەندان لە ساڵی ١٩٤٥ لە باڵوێزخانەی بەریتانیا لە قاهیرە

[١] لە ٢٩ی تشرینی دووەمی ساڵی (١٩٤٥ن)لە ولتر سماتەوە. یاداشتی شەریف پاشا لە ڕۆژی (٢٤/١١/١٩٤٥ن).

ئەم بەیانیە ژەنەڕاڵ شەریف پاشا سەردانی کردم، ناوبراو سەرۆکی لیژنەی کوردی بوو لەکاتی گفتوگۆکانی پەیمانی ڤەرسای کە لە پاریس دامەزرا، جەنەڕاڵ ئەو کەسەیە کە لەگەڵ سەرۆکی ئەمەریکی (وردۆ وێلسن)دا لەبارەی سەربەخۆیی کوردستانەوە وتوێژی دەکرد، پێی ڕاگەیاندم کە داواکارییەکی وەرگرتووە لە کەسە ناودارەکانی کوردەوە (لە مستەفا بارزانی و حیزبی هیوا و حیزبی ڕزگاری کوردەوە بوو لەکاتی شۆڕشی بارزانی ساڵی (١٩٤٥ن)بەناوی، ن.س) لە کەسە ناودارەکانی کوردەوە لە لیوای کەرکوك و سلێمانی و موسڵەوە بۆ ئەوەی لەبەردەم پەیمانی ئاشتیدا پێشکەش بکرێت، وە تیایدا داوای حوکمێکی ئۆتۆنۆمی دەکات بۆ کوردستانی عێراق لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا.

هەروەها ڕایگەیاند کە نامەی ئیمزاکراوی پێ دەگات کە تیایدا دەسەڵاتی دەدەنێ کە بەناوی ئەوانەوە ڕێگای پێ بدرێت کە لەو بارەیەوە قسە بکات..

شەریف پاشا گوتی ئەو هەمیشە لەگەڵ ئێمەدا بووە و لەمەودوایش هیچ کارێك بەبێ ئێمە ناکات، بۆیە حەز دەکات هەرچی لەو بارەیەوە پێی دەگات لەو نامانەی کە لە باوەڕپێکراوە نهێنیەکانەوە پێی دەگات و گومانیان لێ دەکرێت ئەو نامانە بدات بە ئێمەو ئاگادارمان بکاتەوە، وە گوتی هەڵوێست لە کوردستاندا زۆر مەترسی لێ دەکرێت. وە کوردەکان هەرگیز لەو قەسابخانەیە نابورن کە تورکیا بۆیانی دروست کرد، وە ڕەفتاری دڕندانەیان لەبیر ناچێتەوە کە لە دوای ساڵانی بیستدا کردیان بەرامبەر بە کورد.

[١] کورد و کوردستان لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیا، دکتۆر وەلید حەمەدی، وەرگێڕانی، موحەمەد نوری تۆفیق، ل٢١٠

لیژنەی کورد لە دیمشق بە سەرۆکایەتی بەدرخان بەردەوامە لە هاندانی کوردان بۆ بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی سەربەخۆیی کورد لە کوردستانی باکوور. لە ئێران ڕوسەکان بە پارە و هۆیەکانی تر خەریکن زاڵ دەبن بەسەر کوردانی ئێران، ئەگەر بەریتانیای مەزن نەکەوێتە خۆی و شتێکی بە پەلە نەکات ئەوە ڕوسەکان بەشێوەیەکی تری ناڕاستەوخۆ دەگەیەنە شاری کەرکوك و دەست دەگرن بەسەر نەوتی عێراقدا. ژەنەراڵ شەریف پاشا لە ساڵی (١٩١٩ز)ئیدارەی گفتوگۆکانی دەکرد لە پێناوی کوردستانێکی سەربەخۆ کە هەر سێ پارچەی کوردستانی عێراق و ئێران و تورکیا دەگرێتەوە، (شەریف پاشا، ن.س)داخی خۆی لەوە دەردەبڕی کە بەریتانیای مەزن هیچ یارمەتیەکی ئەو بزووتنەوەی (کوردی، ن.س)نەدا، ئێستا کوردستان بە خۆی لە توانایدا نییە بەو شێوە کە بتوانێت خۆی ئازاد بکات.

بەڵام شتێکی گرنگ لە توانادایە ئەمڕۆ کە کوردستانی عێراق لەلایەن بەریتانیاوە بکرێت بە شوورایەکی پۆڵاینی ئەوتۆ کە پێش لە هاتنی ڕوسەکان بگرێت.

عەرەبەکان (لە عێراق، ن.س)معامەلەی کوردەکان بەشێوەیەکی باش ناکەن وە مافی خۆیان نادەنێ، ئێستا عەرەبەکانی عێراق فێری زمانی کوردی دەکرێن بۆ ئەوەی بکرێن بە فەرمانبەر بۆ ئەوەی حوکمی ناوچە کوردیەکان بکەن، بۆیە زۆر پێویستە کوردەکان بە زمانی خۆیان بخوێنن و لە ناوچەکانی خۆیاندا دابمەزرێن بە فەرمانبەر.

ژەنەراڵ شەریف پاشا دەیەوێت هەڵوێستی ئێمە بزانێت بۆ هەڵوێست و پێشنیازی ئێمە دەربارەی مافی ئۆتۆنۆمی (بۆ کوردستانی باشوور، ن.س)لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراق.

من پێم گوت: من ئەو دەسەڵاتەم پێ نەدراوە هەتا بتوانم وەڵامت بدەمەوە، بەڵام ئێمە هاوسوێندی عێراق و تورکیا و ئێرانین، بێگومان کارێکی وا ناکەین کە ببێتە هۆی لاواز بوونی هاوسوێندەکانمان، بێجگە لە ئەمەش ئەگەر کوردستانی عێراق حوکمێکی ئۆتۆنۆمی پێ بدرێت لەوانەیە ببێت بە مەڵبەندێك بۆ گواستنەوەی جیابوونەوە لە کوردستانی ئێران و تورکیا، ئایە وانیە؟ ئەویش گوتی لەوانەیە گیروگرفت بەو جۆرەیە بێت. ئەو (شەریف پاشا، ن.س)گوتی لە پاش ئەوەی کە ئەو نامانەی پێ دەگەیەنن کە

تیایدا دەسەلاتی ئەو ناودارانەی کوردی پیَ دەدەن جاریَکی تر دەگەریَتەوە بۆ لاومان.
ژەنەرال شەریف پاشا یەکێك بوو لە ئەندامانی (کۆمەڵەی تورکیای لاو)بەلاّم لەگەلّ لیژنەیەکی کۆمەڵەکەدا (لەسەر کێشەی کورد، ن.س)تێك چوون و لە تورکیا هەڵهات بۆ فەرەنسا و لەویَ جیَنشین بوو. تورکەکان چەند جاریَك هەولّی کوشتنیان داوە.
ئەو (ژەنەرالّ شەریف پاشا، ن.س)کوردیَکی خەڵکی سلیَمانیە، بەپیَی زانیارییەکانی مـن یەکێکە لەو کەسانەی کە هەولَیَکی زۆری داوە بۆ داواکردنی سەربەخۆیی کوردستان لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم. شەریف پاشا وا خۆی پیَشاندەدات کە دۆستی ئیَمەیە، هەر چەندە لە راپۆرتە نهیَنیەکانیشدا هەیە کە لەکاتی جەنگدا پەیوەندی لەگەلّ ئەلّمانەکاندا بووە لە دژی روسەکان سەیری راپۆرتی ژمارە (٦٠٠/٦/٤٢)بکەن لەگەلّ ئەم یاداشتنەدا، وا دەردەکەویَت کە بە هیچ شیَوەیەك دوژمنی بەریتانیا نەبووە، لەبەر ئەوەی هەموو کات لە هاتووچۆکردندا بووە بۆ هاندان و بلاوکردنەوەی بەرژەوەندیەکانی کوردان، لەم بارەیەوە بروانە راپۆرتی ژمارە (١١٢١/٣/٤٤.ئا.ئی.ئای.ئیَ)لە حیزبی رزگاری کوردەوە لە کوردستانی عیَراق کە بەرگری لیَ دەکات، وە (شەریف پاشا، ن.س)یاداشتیَکی داوە بە کۆمەلّی نەتەوە یەکگرتووەکان بە ئیمزای (O.W.S)لە ٢٦ی تشرینی دووەمی سالّی (١٩٤٥)بە ناوی حیزبی رزگاری کوردستان لە عیَراق کە بەشیَوەیەکی نهیَنی کاری دەکرد.
(شەریف پاشا، ن.س)لە رۆژی ١٨ی کانوونی دووەمی سالّی (١٩٤٦)لە ریَی بالّویَزخانەی بەریتانیا و ولاّتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و چین و یەکیَتی سوفیەتەوە یاداشتیَکی داوە بە کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان و تیایدا باسی ئەو زولّم و زۆرانەی کردوە کە حکومەتە نا دیموکراتیەکان دەیکەن بەرامبەر بە گەلی کورد لە تورکیا و ئیَران و عیَراق. هەروەها باسی ئەو دابەشکردانە دەکات کە کوردستان تووشی بووە لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە بەسەر حکومەتەکاندا بەبیَ ئەوەی کە گویَ لە رای کورد رابگرن.

# پەیمانی لۆزان

[1] لە رۆژی ٢٥ی تشرینی دووەمی سالّی (١٩٢٢)لە شاری (لۆزان)لە سویسرا ولآتانی هاوپەیمانی جەنگی جیهانی یەكەم كۆنگرەیەكیان بەست بە ئامادەبوونی نوێنەرانی ئەمەریكا و روسیا و بەریتانیا و فەرەنسا و ئیتالیا و توركیا. مستەفا كەمال ئەتاتورك خۆی ئامادەبوو لە كۆنگرەكەدا بۆ ئیمزاكردنی بڕیارەكانی كۆنگرەكە.

لەو كۆنگرەیەدا توركیا دەستی هەلگرت لە ولایەتی موسلّ و ئەو گرێبەستانەی كە دەولّەتی عوسمانی بەستبووی لەگەلّ ئەلّمانیا و بەریتانیا لە پێش جەنگی جیهانی یەكەم بۆ دەركردنی نەوت و ئاسن، بەرامبەر بە دەست هەلگرتنی ولآتانی هاوپەیمان لە دامەزراندنی دوو دەولّەتی كوردی و ئەرمەنی (لەناو سنوری ئێستای توركیا، ن.س)وە یۆنانیەكانیش بكشێنەوە (لەو زەوییانەی كە داگیریان كردوە لە توركیا، ن.س)بۆ شوێنەكانی خۆیان.

لە كۆنگرەكەدا ئەمەریكا و روسیا پشتگیری توركیا و مستەفا كەمالیان كرد. (میراتی نەوتیان دابەش كرد لەناو خۆیاندا، ن.س)ئەمەریكا چوار یەكی نەوتی ولایەتی موسلّ (كەركوك، ن.س)ی بەركەوت، وە بەریتانیا مافی دەست بەسەرگرتنی (ئنتداب)عێراقی پێدرا، بەوە هندی بۆ خرایە سەرپشت. وە بەریتانیا بەردەوام دەبێت لەسەر دەست بەسەراگرتنی كەنداوی سوێس(ی میسری، ن.س)و سودان، وە بەشێك لە نەوتی ولایەتی موسلّی پێدرا، وە فەرەنساش بەشێك لە نەوتی موسلّی پێدرا و دەست بەسەراگرتنی سوریا و لبنانیش. وە ئیتالیاش بەردەوام كرا بە دەست بەسەراگرتنی دوورگەكانی (دۆكانین)ی یونانی.

[1] خەباتی چەكداری و رامیاری نەتەوایەتی كورد، نەجم سەنگاوی، ل٣٦.

بەم شێوە کۆتاییان هێنا بە کێشەی کورد هەر وەکو نەبووبێت، لەباتی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانی سەربەخۆ هاتە سەر چەند ڕاسپاردنێك بۆ کەمایەتیەکانی ناو تورکیا، ئەوەبوو لە بەندەکانی (٣٨-٣٩)ی پەیمانی لۆزان بەم شێوە دیاری کرا، ماددەی (٣٨)دەڵێت: دەبێ حکومەتی تورکیا پەیمان بدات بۆ پاراستنی هەموو دانیشتوانی تورکیا پاراستنێکی تەواو بۆ ماڵ و گیان و ئازادیان، بەبێ جیاوازی کردنی زمان و ڕەگەز و ئاین. ماددەی (٣٩)دەڵێت: هیچ یاسایەك دەرناکرێت دژ بە ئازادی ئەو میللەتانە بێت کە هان لەژێر دەسەلاتی حکومەتی تورکیا بۆ بەکارهێنانی ئەو زمانانەی کە دەیانەوێت بەکاری بێنن و پێی بدوێن لە کاروباریاندا، بەتایبەتی لە بازرگانی و ئایینی و ڕۆژنامەو نووسراو و کۆبوونەوە سیاسییەکانیاندا. بەم شێوەیە لەناو ئیمپراتۆرییەتی دابەشکراوی عوسمانی میللەتی کورد خۆیان بە دابەش کراوی بینی لە نێوان چوار وڵاتی بێگانەی سەربەخۆی وەکو تورکیا و عێراق و ئێران و سوریا. دوابەدوای پەیمانی لۆزان میللەتی کورد خۆپێشاندان و جموجۆڵێکی زۆریان کرد لە تورکیا لەو جموجۆڵانە ڕاپەڕینەکانی شێخ سەعیدی پیرانی بوو لە ٢٣ی شوباتی (١٩٢٥)دەستی پێ کرد. ئەم بزووتنەوە ڕزگاریخوازە زۆر لە ئەفسەرو سەرباز و ڕۆشنبیرانی کورد بەشداریان تیا کرد، بەلام حکومەتی تورکیا بە هێرشی دڕندانەیی و زۆری ئاگرو ئاسن توانیان بزووتنەوەکە لەناوبەرن و شێخ سەعید و هەڤاڵانی بگرن. لە ٢٧ی ئایاری (١٩٢٥)شێخ سەعید و دکتۆر فوئاد و چل و چوار کەسی تر درانە دادگای تورکیا و بڕیاری لە سێدارەدانیان دەرچو، لە ڕۆژی ٢٥ی ئابی (١٩٢٦)لە سێدارەدران، و گیانی پاکیان لە پێناوی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان بەخت، کرد لە ساڵی (١٩٣٣)بزووتنەوەی شێخ فەخری دەستی پێ کرد لە ناوچەی دیاربەکرو سەرکەوتنی بەدەست هێنا. لە ساڵی (١٩٣٥)بزووتنەوەکەی شێخ بەدیع زەمانی کورد دەستی پێ کرد لە کوردستانی باکور بەلام ئەم بزووتنەوە زۆر درێژەی نەکێشاو بە زۆری ئاگرو ئاسن سەرکوت کرا. وە هەر لە ساڵی (١٩٣٥)حکومەتی تورکیا بڕیارێکیان دەرکرد بۆ دوورخستنەوەی ٥٪ی

دانیشتوانی هەموو دێیەکانی کوردستانی باکوور دەستیان کرد بە سیاسەتی کورد بە تورك کردن. ئەم بزووتنەوە رزگاریخوازانەی کورد لە کوردستانی گەورەدا وایان کرد کە عێراق و ئێران و تورکیا لەبەك نزیك بکاتەوە بۆ پالپشتکردنی یەکتری دژی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازەکانی کورد.

ئەوەبوو لە سالی (١٩٣٢) لە ٢٣ی کانونی یەکەم لەسەر ڕێکخستنەوەی سنوور لە شاخەکانی ئاراراتەوە پێکهاتن. لەسەر ئیمزاردنی پەیمانی سەعد ئاباد سالی (١٩٣٧)پێکهاتن. لە نێوان ئێران و عێراق و تورکیا و ئەفغانستان بەسترا بۆ نەهێشتن و لەناوبردنی هەر جموجۆلێك ئاسایشی هەریەکە لەم دەولەتانە بخاتە مەترسییەوە. لە هەمان سالّ (١٩٣٧)جموجۆلی ڕزگاریخوازی (دەرسیم)دژی حکومەتی تورکیا دەستی پێ کرد. ئەوەبوو هەزاران لە نەوەکانی کوردیان کوشت و لە شاخەکان بەریاندانە خوارەوە و سەدان دێهاتی کوردیان سوتاندو ئاگریان لە دارستانەکان بەردا تاوەکو جموجۆلی ناوبراویان سەرکوت کرد.

# پەیمانی سیڤەر و هەڵوێستی کورد و دەوڵەتانی هاوپەیمان، ن.س

دوو ساڵ بەسەر واژووکردنی پەیمانی سیڤەردا تێپەڕی نە کورد و نە دەوڵەتانی هاوپەیمان و نە دەوڵەتی تورکیا هیچ هەنگاوێکیان نەنا بۆ جێبەجێکردنی بەندەکانی پەیمانی سیڤەر بۆ دامەزراندنی دوو دەوڵەتی کوردی و ئەرمەنی بەپێی بەندەکانی ئەو پەیمانە کە دەبوایە لە ماوەی ساڵێکدا هەردوو دەوڵەتی کوردی و ئەرمەنی دابمەزرایە، هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ:

١-سەرکردەکانی کورد لە ئەستەمبوڵ و باکووری کوردستان بە دەستی خۆیان یەکێتی و یەك دەنگی و ماڵی کوردیان تێکدا و هەڵیان وەشاندەوە بەدوور خستنەوەی سەرکردەی سەربازی و سیاسەتمەدار و دبلۆماتکارو زمان زان و بە توانا (ژەنەراڵ شەریف پاشای خەندان)کە سەرۆکی نوێنەرانی کورد بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە کۆنگرەی ئاشتی لە پاریس. لە دوای دوورخستنەوە شەریف پاشای خەندان لە سەرۆکی نوێنەرانی کورد لە پاریس.

سەرکردەکانی کورد لە ئەستەمبوڵ و باکووری کوردستان بە هەموویانەوە نەیانتوانی جێگای شەریف پاشای خەندان بگرنەوە و یەك هەنگاو بنێن بۆ کۆنگرەی ناوبراو و بەدواداچونی بۆ جێبەجێکردنی ئەو بەندانەی کە بە هەوڵ و توانای شەریف پاشا و بۆ یەکەم جار سەلمێندرا و ددانی پیادانرا و دیاری کران لە بەندەکانی سیڤەر.

٢-[1]هاوپەیمانانی جەنگی جیهانی یەکەم پێنج دەوڵەتی سەرەکی بوون (ئەمەریکا، بەریتانیا، فەرەنسا، ڕوسیا، ئیتالیا).

١-ڕووسیا لە ساڵی (١٩١٧)بەهۆی شۆڕشی ئەکتۆبەرەوە و کێشەی ناوخۆی کشایەوە و بەشداری نەکرد لە کۆنگرەی ئاشتی پاریس.

[1] ذكرياتي في العراق، ساطع الحصري، م.ث.ص٢٠٠

٢-ئەمەريكا خۆى كشايەوە لە كۆنگرەى پاريس و ئالا بەگيروگرفتى ناوخۆى وڵاتەكەى و چارەسەركردنى.

٣-ئيتاليا لە پێشدا هاوپەيمانى ئەڵمانيا بوو، دەستى لە ئەڵمانيا هەڵگرت چووە ڕيز هاوپەيمانان و دەنگى بەرەو لاوازى و كزى دەچوو، لەكاتى جەنگى جيهانى يەكەمدا يارمەتى بەرچاوى نەبوو لە دواى تەواوبوونى جەنگيش لەناو خۆوە تووشى دووبەرەكى و لاوازى بوون لەبەر ئەوەى كە نەيانتوانى دەنگى خۆيان بەرز بكەنەوە بەرامبەر بە هاوپەيمانەكانيان، وە لە كيشوەرى ئاسيادا هيچ بەشێكى بەر نەكەوت.

٤-فەرەنسا لە تاك تيكو فروفێڵا چارى بەريتانياى نەدەكرد. بەريتانيا توانى تەفرەى بدات و ڕازى بكات بە سوريا و لبنان و فەلەستين و بەشێك لە ئەفريقياى پێسپارد و خۆى بوو بە خاوەن هەموو بڕيارێك لە ڕۆژهەڵاتى ناوەڕاستدا. چارەنووسى كورد و ئەرمەنييەكان و ئاسوريەكان كەوتنە ژێر دەستى بەريتانيا و ئەفسەر سەربازييەكانى لە ڕۆژهەلاتدا.

چۆن خۆيان بيانويستايە بەو شێوە ياريان دەكرد بە دوارۆژى ميللەتانى ڕۆژهەلات.

وە بەريتانيا خۆيشى دەستى گرت بەسەر سەرچاوە نەوتەكانى سعوديە و ميرنشينەكانى كەنداوى عەرەبى وەكو كوێت و قەتەر و شاريقەو ئەبو زەبى و عومان و ولايەتەكانى بەسرەو بەغدا و موسڵ (باشوورى كوردستان، ن.س)كە دەڵەتى عێراقيان لێى دروست كرد و مەليك فەيسەڵى سعوديان بۆى هێنا لە سعوديەوە و كرديان بە مەليكى عێراق، لە دواى ئەوەى كە (فەيسل)يان لە سوريا دەركرد وپێى ڕازى نەبوون ببێت بە مەليكيان و سەپانديان بەسەر عێراقدا.

بەريتانيا لەكاتى جەنگى جيهانى يەكەمدا و داگيركردنى ولاتانى كەنداو عێراق، جيلۆجى و پسپۆڕ و زاناو شارەزاييەكى زۆرى لە هەموو ڕوويەكەوە هێنابوو لەگەڵ سوپا داگيركەرەكەيدا بۆ دۆزينەوەى كانزا سروشتييەكان و نەوت و ئاسن و گۆگرد و شوێن هەوارە كۆنەكان...هتد. وە بۆى دەركەوتبوو كە ئەم

ولاتانە سامانێکی سروشتی نەوتی لەبن نەهاتووی تیادایە، بۆیە هەر لە سەرەتای هاتنیان و داگیرکردنی رۆژهەلات بۆ چاوبەستنی نەتەوە چەوساوەکانی ژێر دەستی دەولەتی عوسمانی رووخاو. بانگەوازی ئازادی و چاکسازی بلاوکردەوە و گفتیان دا بە کورد و ئەرمەنی و ئاسورییەکانی ناو سنوری ئێستای تورکیا و عێراق کە دوو دەولەتی کوردی و ئەرمەنی دادەمەزرێنن و ئازادیان دەکەن لە دەستی تورکان.

لە ولایەتەکانی بەغداو بەسرە هەموو ئەرمەنی و ئاسورییەکانیان کۆکردەوە و بردنیان بۆ (بەعقوبە)پارێزگای دیالە و ماوەیەك خەرج و مەسرەفیان کردن و گفتیان پێیاندا کە شارێکیان بۆ دروست دەکەن لە نزیك شاری موسلّ و هەموو ئەرمەنی و ئاسورییەکانی تیادا کۆ دەکەنەوە لەژێر چاودێری و پاراستنی خۆیاندا دەبێت و نیمچە سەربەخۆییەکیان دەبێت و جارێکی تر چەوسانەوە و ژێردەستی نابینن.

زۆریان لە ئەرمەنی و ئاسورییەکان کرد بە سەربازی (لیڤی)و لە شۆرشەکانی عەرەبەکانی باشووری عێراق سالی (١٩٢٠)و شۆرشی شێخ مەحمودی مەلیك دایانن بە کوشت و داویش لێیان نەپرسینەوە، ئێستاش کە سالی (٢٠١١)یە عەرەبەکانی باشوور و ناوەراستی عێراق لێیان دەکوژن و کنیسەکانیان دەتەقێننەوە و هەموو ئەرمەنی و ئاسورییەکان بە خێزانەوە هەلهاتن بۆ باشووری کوردستان و پەنایان لەناو گەلی کورد دۆزیەوە لەناو شارەکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆك، وە کەسیش نەهاتە وەلام لەسەریان، وە خەویش بەو شارەوە دەبینن کە ئینگلیزەکانی بەریتانیا بۆیان دروست دەکەن لە نزیك شاری موسلّ.

کاربەدەستانی حکومەتی بەریتانیا لە عێراق کە کەوتنە سەرخۆیان و زالبوون بەسەر ولایەتەکانی بەناو عێراق ئیتر دەستیان هەلگرت لەو لاف و گزافەی کە لێیاندەدا بۆ رزگارکردنی نەتەوە چەوساوەکانی وەکو کورد و ئەرمەنی و ئاسوریەکان.

مێـژوو شـایەتە کـە بـەریتانیا چـیان کـردوە بەرامبـەر بـە کـورد و ئەرمـەن و ئاسوریەکان و ئێستاش پێیانەوە دیارە.

وە کردەوەکـانی دەوڵـەتی عیلمـانی و ڕەگـەز پەرسـت و شـۆڤینی مـستەفا کـەمال ئـەتاتورك کـە لـە دوای لەناوچـوونی دەوڵـەتی عوسمـانی و خەلافـەتی هاتنـە سـەر دەسـەلات کـە چـۆن دەسـتیان هـەلگرت لـە ولایـەتی موسـڵ لـە کۆنگرەی (لـۆزان)بـۆ ڕازیکردنـی ولاتـانی هاوپـەیمانانی جـەنگی جیهـانی یەکـەم بـۆ ئـەوەی دەسـت هـەڵبگرن لـە پـەیمانی (سـیڤەر)بـۆ دامەزرانـدنی دوو دەوڵـەتی کـوردی و ئەرمـەنی لـەناو سـنوری ئێـستای تورکیـادا، وە ولایـەتی موسـڵیان دا بـە دەوڵـەتی دروستکراوی بەناو عێراق.

وە مـستەفا کـەمال ئـەتاتورك لـە دوای مـۆرکردنی پـەیمانی (لـۆزان)چـی بەسـەر گـەلی کوردهێنـا لـە بـاکووری کوردسـتان، چ بـە گفـتی درۆو تـەفرەدانی مـەلیك مـەحمود و چ بـە کوشـتنی هـەزاران کـورد و دوورخـستنەوەی هـەزان و کـاول کـردن و چـۆلکردنی سـەدان گونـدی کـورد و دوورخـستنەوەی هـەزاران خێزانـی کـورد لـە زێـدی بـاوك و بـاپیرانی لـەکاتی دامرکاندنـەوەی شۆڕشـەکانی شـێخ عوبەیـدوڵلای نـایری و شـێخ سـەعیدی پـیران و ژنـەڕاڵ نـوری پاشـا و ڕاپەڕینەکـەی دەرسـیم و کوشـتن و لەسـێدارەدانی سـەدان ئەفـسەر و ڕۆشـنبیر و سیاسـەتمەدارو پیـاوانی نیـشتیمان پـەروەری کـورد. وە لـە نـاودانی چـەندەها پـارت و ڕێکخـراوی سیاسـی کـورد لـەناو تورکیـا و بـاکووری کوردسـتان و ڕشـتنی خـوێنی بێتاوانـانی کـورد، ن.س) .



شێخ مەحمودی یەکەم، مەلیکی کوردستان

# شێخ مەحمودی مەلیك و ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی

[1] شێخ مەحمود کوڕی شێخ سەعید کوڕی کاك ئەحمەدی شێخ)ە (کە مزگەوت و مەرقەدەکەی لە ناوەڕاستی شاری سلێمانیدایە)کوڕی شێخ مارف نۆ دێیە.

کاك ئەحمەدی شێخ زانایەکی ئاینی پایە بەرز بوو لە سلێمانی، شێخ مارف نۆ دێ شێخی ڕێ نیشاندەری ڕێگای قادری بوو. وە پیاوێکی زاناو شارەزای ئاین بوو.

کاك حمەدی شێخ و شێخ مارف نۆ دێ زۆر خواناس و خواپەرست و پیاو چاك بوون، وە بەناو بانگ بوون لە باشووری کوردستان. لەلای خەڵکی کوردستان خۆشەویست بوون.

[1] پادشات، رەفیق حلمی. بەرگی یەکەم، ل٣٣

وە ئـەم خۆشەویـستیە بـۆ کـورو کوڕەزاکانیـان مایـەوە. شـێخ مـەحمود هـەر لـە منالییـەوە بلیمـەت و ووریـاو بزێـو بـوو ناوبـانگی ئازایـەتی و گـورج و گـۆڵی دەرکـەوتبوو لـەناو عەشـیرەتەکانی باشـوور و رۆژهـەلاتی کوردسـتان، وە سـوود و کـەلکی لـە ناوبـانگی بـاوك و بـاپیرانی وەرگرتبـوو، وە گەیـشتبوو بـە پەلەیـەکی بەرزی سەرکردەیی عەشایەری.

هێشتا لاوێکی تـازە پێگەیـشتوو بـوو جارێـك چـوو بـوو بەگـژی عەشـیرەتی جـاف و جارێکیش چوو بوو بەگژی عەشیرەتی هەمەوەندا.

شـێخ مـەحمود بـەهۆی نـاو و ناوبـانگی زانـاییی و ئـاییدی باپیرانیـەوە و گـورج و گۆڵی و بزێوی خۆی، تا دەهات ناوی لە پەرەسەندا بوو.

سـولتان مـەحمودی دووەم سـولتانی عوسمـانی بـەپێی سیاسـەتی دەوڵـەتی عوسمـانی کـە هـەر لـە سـەرەتاوە دایـان ڕشـتبوو و پـەیڕەویان دەکـرد وەکـو بەرنامەیـەك پیـاوانی بـەناو بـانگ و خـاوەن دەسـەلات و عەشـیرەتەکانیان لـەخۆیان نزیـك دەکـردەوە و بانگیـان دەکـردن بـۆ ئەسـتەمبۆڵ بـۆ لای خۆیـان و دیـاری و خـەلات و بەخـشینی نازناویـان پێیـان دەبەخـشی، وە خـەلاتیان دەکـردن و ڕێزیـان دەگـرتن (بـۆ پاڵپـشتی خۆیـان و دەوڵەتەکـەیان لـە ترسـی شـۆڕش و ڕاپـەڕینی میللـەتانی نـاً تـورك، ن.س)شـێخ مـەحمود زمـانی فارسـی و تـورکی و عـەرەبی دەزانـی بێجگـە لـە زمانەکـەی خـۆی هـەر وەکـو ئەحمـەد خواجـە لـە کتێبەکەیـدا (چـیم دی)لاپـەرە (٢٠)بـاس دەکـات و دەڵێـت: شـێخ مـەحمود شـیعری زۆری نووسیوە بە زمانی کوردی و فارسی.

شـێخ سـەعید بـاوکی شـێخ مـەحمود، سـولتان عەبدولحەمیـدی دووەم دەعـوەتی دەکـات بـۆ ئەسـتەمبۆڵ بـۆ لای خـۆی. شـێخ سـەعیدیش کۆمـەڵێك لـە پیـاو مـاقوولانی خزمـانی خـۆی لەگـەڵ شـێخ مـەحمودی کـوڕی دەبـات بـۆ ئەسـتەمبۆڵ بـۆ کۆشکی سولتانی عوسمانی.

شـێخ مـەحمود لـەپێش ئـەم دەعوەتـەش جـارێکی تـر بـە منـداڵی لەگـەڵ باوکیـدا ڕۆیـشتبوو بـۆ ئەسـتەمبۆڵ و میوانـداری سـولتانی عوسمانیـان کردبـوو، وە چـاوی

کەوتبوو بەو کۆشك و تەلارەی سولتان و دەسەلات و ڕابواردنیان، وە تەماحی پلەو پایەی هەبوو بۆ داهاتووی خۆی.

لەکاتی گەڕانەوەی شێخ سەعید لە ئەستەمبۆڵەوە بۆ سلێمانی لەگەڵ خزمانی، سولتان عەبدولحەمید هەموویانی خەلات کردبوو و موچەی بۆیان بڕیبووە و بەرێیانی کردبوو.

سولتان عەبدولحەمید شەفرەی سڕی موخابەراتی (کلیلی نهێنی هەوالگری خۆی)دەدات بە شێخ سەعید بۆ ئەوەی لەکاتی پێویست و تەنگانەدا ڕاستەوخۆ بە (تەلەگراف)بێتەل پەیوەندی پێوە بکات و ئاگاداری بکاتەوە. وە پلەی (نەقیب)ی پێی بەخشی بوو(ئەم پلەو متمانەیە بە هەموو کەس نەدەدرا ئەگەر پیاوی خۆیان نەبوایە، ن.س).

ئەم پلەو نازناوە و شەفرە سڕییە کە درا بە شێخ سەعید باوکی شێخ مەحمود ئەوەندەی تر ناوبانگی دەرکرد و ترس و سامی لێ دەکرا و دەستی دەڕۆیشت لەلای کاربەدەستانی دەوڵەتی عوسمانی لە ناو شاری سلێمانی و ناوچەکەدا.

موتەسەریف (پارێزگا)و ئەفسەرەکانی پۆلیس و سەربازی لەناو سلێمانی و ناوچەکەدا خۆیان دەپاراست لە تووڕە بوون و دلگرانی شێخ سەعید و زۆر کات بۆ ئیش و کارەکانیان پرسیان پێی دەکرد.

ئەمەش گومانی تیادا نییە کە فەرمانبەرە بچوکەکان و خەڵکانی ڕەش و ڕووت و نەزان بۆ ڕیایی و مەرامی خۆیان چوبوونە ریزی خزمەتکارانەوە بۆ شێخ و بنەماڵەکەی.

لە دوای ساڵی (١٩٠٨)کۆمەڵی سەرکەوتن دەسەلاتیان گرتە دەست و حیزبی (اتحاد و تەرقیان)دامەزراند و سولتان عەبدول حەمیدی دووەمیان لابرد لەسەر حوکم. وە لە سلێمانیش (اتحادی تەرقی)دامەزرا و باری بنەماڵەی شێخ سەعید کەوتە لێژی.

هەندێك لە بازرگان و ئەفسەرە لاوەکان کەوتنە بەربەرەکانیکردنی ئەوانەی کە سەر بە سولتان عەبدولحەمید بوون. بێگومان لەناو ئەوانەدا کەوتنە

بەریەرەكانى شێخان و بنەماڵەى شێخ سەعید باوكى شێخ مەحمود و فشارەیان خستە سەریان لەلایەن كۆمەڵى (اتحاد تەرەقى)یەوە.
شێخ سەعید خۆى و كورەكانى و هەندێك لە كەس و كارى بە فەرمانى دەوڵەتى نوى (ى اتحاد تەرەقى)ناردیانن بۆ شارى موسڵ، و ئەو ماوەیە بە ئاسوودەیى دەژیان و چاوەروانى ئەوەیان دەكرد كە گۆرانكاریەك دروست ببێت لەبەرژەوەندییان.
كاربەدەستانى (اتحاد تەرەقى)لە موسڵ بۆ هەل و بەڵگە دەگەران كە بیكەن بە بیانوو بۆ لەناوبردنى شێخ سەعید و بنەماڵەكەى لە شارى موسڵ. لە سەرەتاى رۆیشتیان بۆ شارى موسڵ كۆمەڵى اتحاد و تەرەقى هانى خەڵكیان لییان دەدا بۆ دروستكردنى بوختان و رق و كینە دەژیان و زۆر درۆ و دەڵەسەیان بۆیان دروست كرد و هەڵبەست و بوختانى نا رەوایان بۆیان دەكرد و بەناو خەڵكاندا بلآویان دەكردەوە.
زۆرى پێ نەچوو بوختانێكیان بۆیان دروست كردوبوو بەهۆى سەر لێشێوان و لەناو چونیان.

# کارەسات و ڕووداوەکەی موسڵ

[٢]لە سالی (١٩٠٨)ن)ڕێکەوتی ڕۆژی دووەمی جەژنی قوربان بوو شێخ مەحمود و شێخ ئەحمەد برای و بەها ئەفەندی باش کاتبی براد«ریان لە مالی مستەفا بەگی قایمقامی سەربازی میوان دەبن لە موسڵ لە مەیدانی (باب الطوب)لە نزیک جێگای سەیرانگاو کۆبوونەوەی خەلکی لە ڕۆژانی جەژنەدا. شێخ ئەحمەد و بەها ئەفەندی و هاوڕێکانیان لەلای سەیرانگاکەوە تێدەپەرن و بەها ئەفەندی سەرخۆش دەبێت و قسەو توانج دەگرێتە ئافرەتێکی «وسلاوی و بەو هۆیەوە بەها ئەفەندی تووشی شەڕ دەبێت لەگەڵ موسلاوەیەکانداو د«یانەوێت بیکوژن.

شێخ ئەحمەد و هاوڕێکانیشی لەسەری دێنە وەلام و شەڕ دەگاتە خنجەر و دەمانچە ڕاکێشان و چەند کەسێك بریندار دەبێت و خەلکی موسڵ دەوریان دەدەن و هەندێك سەربازو جەندرمەی کورد لەو ناوەدا فریایان دەکەون و پشتگیریان لێ دەکەن و شەڕ گەورە دەبێتەوە و زۆر کەس لە هەردوو لا دەکوژرێت و بریندار دەبێت..

خەلکی موسڵ دەست دەدەنە چەك و دەوری سەربازو جەندرمەکان دەگرن و ئەوانیش خۆیان دەکەن بەناو سەرای موسڵدا و دەرگا لەخۆیان دەگرن.

لە ڕۆژی دووەم خەلکەکە دەست هەلناگرن وازناهێنن و دەوری سەرای موسڵ دەدەن و داوا لە والی موسڵ دەکەن کە سەربازو جەندرمە شەڕکەرەکان بدەن بە دەستیانەوە بۆ ئەوەی تۆلەیان لێ بکەنەوە.

والی موسڵ دەرگایان بۆ ناکاتەوە و سەرباز و جەندرمەکان نادات بە دەستەوە. ئینجا داوا لە والی دەکەن شێخ ئەحمەد و بەها ئەفەندی و هاوڕێکانیان بدەن بە دەستەوە.

---

[٢] هەمان سەرچاوەی پێشوو.

والی موسڵ فەریق (زەکی پاشا)دەبێت، لەباتی چارەسەرکردنی کێشەکە، لە کۆڵی خۆی دەکاتەوە و پێیان دەڵێت بڕۆن ئەوان لێرەن خۆتان بیان دۆزنەوە و بیان کوژن خەڵکەکەیش دەڕۆن دەوری ماڵی شێخ سەعید دەدەن. هەر لەو کاتەدا والی موسڵ سێ پیاو لە ناودارانی موسڵ دەنێرێت بەشوێن شێخ سەعید بۆ ئەوەی بڕوات بۆلای بۆ سەرای موسڵ.

کە شێخ سەعید دەڕوات بۆ سەرا و دەگاتە ئەوێ دەرگای سەرای لێ ناکەنەوە و لەناو خەڵکەکەدا دەمێنێتەوە و یەکێك لە خەڵکەکەی بەر دەرکی سەرا بەردێك دەدات بە سەر شێخ سەعیدا و دەیکوژێت و پیاوەکەشی کە لەگەڵیدا دەبێت بە خەنجەر دەیکوژن.

وە ئەو خەڵکەی کە دەوری ماڵی شێخ سەعیدیان دابوو دەبێ بە شەڕیان لەگەڵ ئەوانەی کە لەناو ماڵەکەدان و شێخ ئەحمەدی کوڕیشی دەکوژرێت. شێخ سەعید کۆمەڵێك پیاوی دەبێت لەناو خانیەکدا دەبن خەڵکی موسڵ دەوریان دەگرن و هەمووویان دەکوژن. بەها ئەفەندی باش کاتب هەر یەکەم ڕۆژی ئاژاوەکە خۆی دەشارێتەوە و ڕزگاری دەبێت.

بەلام شێخ مەحمود لەناو ڕووداو و کارەساتەکەدا ناوی نییە و لەوێ نابێت. ڕەفیق حلمی دەڵێت من خۆم لە شێخ مەحمودم بیستووە کە ئەو لەناو بەسەرهات و کارەساتەکەدا نەبووە.

مامۆستا (عبدالمنعم الغلامی)دەڵێت: لەکاتی ڕووداو و کارەساتەکەدا شێخ مەحمود لەماڵی (مەحمود خدر هەمەوەندییدا)دەبێت و نایەڵێن دەربچێتە دەرەوە هەتا ڕووداو و کارەساتەکە سارد دەبێتەوە و بلاوەی لێ دەکەن.

(مەحمود خدر هەمەوەندی)لەو سەردەمەدا ئەفسەری جەندرمەی عوسمانی بووە لە موسڵ.

لەپاش تەواوبوونی کارەساتەکە شێخ مەحمود لە ماڵی مەحمود خدر هەمەوەندییەوە دەڕوات بۆ ماڵی (حاجی موحەمەد چەلەبی جادر)و ئەوان دەیبەن و دەیگەیەنن بۆ سەرای حکومەت لە موسڵ.

لە پاش ماوەیەکی کەم شێخ مەحمود و شێخ قادری برای لەگەڵ خێزان و ئەو کۆمەڵەی کە لەگەڵیاندا مابوونەوە لە موسڵ بەرەو سلێمانی گەڕانەوە، لە ڕێگا لە کەرکوک لایاندابوو، وە خەڵکێکی زۆر پێشوازی ماتەمینی و خەمباریان لێیان کردبوو.

لەبەر زۆری خەڵکەکەی کە لەگەڵیاندابوون بەشێکیان لە کەرکوک لەگەڵ شێخ مەحمود چوون بۆ تەکیەی (شێخ عەلی تاڵەبانی)وە بەشەکەی تریان لەگەڵ شێخ قادر برای چوون بۆ خانەقای (سەید ئەحمەد)و لە پاش دوو ڕۆژ گەڕانەوە بۆ سلێمانی.

# دەست بەکاربوونی شێخ مەحمود و پەیوەندی کردنی

[1] لە ساڵی (١٩١٨ن)کە بەریتانیا بەغداو کەرکوکیان داگیرکرد جاری یەکەم و تورکەکان شکان، شێخ مەحمود دوو نامەی نارد بۆ بەرپرسانی ئینگلیز. یەکەمیان بۆ حاکمی عامی (ئینگلیز لە، ن.س)بەغدا بەهۆی سەید موحسن ئاغای کفریەوە، دووەمیان بۆ فەرماندەی گشتی (ئینگلیز، ن.س)لە کەرکوك بەهۆی عەبدوللا ساق یەعقوبیەوە لە کەرکوك. تورکەکان جارێکی تر گەڕانەوە و کەرکوکیان گرتەوە. عەبدوللا سامی نامەکەی شێخ مەحمودی دابوو بە فەرماندەی سوپای تورکان لە کەرکوك. ئەویش ئاگاداری (مستەفا بەگ)موتەسەریفی (پارێزگاری)سلێمانی دەکاتەوە بۆ گرتنی و ناردنی بۆ کەرکوك.

مستەفا بەگ دەنێرێت بەشوێن شێخ مەحمود بە بیانوی تەگبیر و چارەسەرکردنی هەندێك کێشەی ناوچەکە. شێخ مەحمودیش بە بڕواو متمانەوە دەڕوات بۆ فەرمانگەی موتەسەرف و بەگەیشتنی دەیگرن و بە بەندکراوی دەینێرن بۆ کەرکوك، لەسەر داوای فەرماندەی لەشکری تورکان بە دادگایەکی سەرپێی بڕیاری لە سێدارەدانی شێخ مەحمود دەدەن، وە جێبەجێکردنەکەی ڕادەگرن لەبەر بارودۆخی خۆیان لە ناوچەکەدا و حیسابی دوا ڕۆژیان.

[2] هەر لەهەمان ساڵدا (١٩١٨ن) (علی ئیحسان پاشا) کرا بە فەرماندەی سوپای عوسمانی لە جێگای (خەلیل پاشا) لە موسڵ، عەلی ئیحسان پاشا کە بوو بە سەرلەشکری تورکان داوای کرد لە کەرکوك کە شێخ مەحمودی بۆ بنێرن بۆ موسڵ.

کە شێخ دەبەن بۆ لای عەلی ئیحسان پاشا بەری دەدات و لێی دەبورێت و ئاشتی دەکاتەوە و خەلاتێکی باشی دەکات (٥٠٠٠)هەزار لیرەی زێرینی دەداتێ و کردبووی بە سەرکردەی مەدەنی و پلەی نەقیبی پێی دابوو و ناردبوویەوە بۆ سلێمانی.

---

[1] چیم دی، ئەحمەد خواجە، ل٢٠

[2] یاداشت، رەفیق حلمی، بەرگی یەکەم، ل٥٤

وە هەروەها عەلی ئیحسان فەرمانی دابوو بە سەرکردەی سوپای عوسمانی لە شاری سلێمانی کە شێخ مەحمود نەقیب هەر چەنێك چەك و یارمەتی پێویست بوو بێداتێ، وە شێخ بوو بە (شێخ مەحمودی نەقیب)ناسرا.

شێخ مەحمود کە گەڕایەوە بۆ سلێمانی دەستی کرد بە پەیوەندی کردن بە سەرۆك عەشیرەتەکانەوە و کۆکردنەوەی خەڵکی لە دەوری خۆی و ڕێکخستنی چەکدارەکانی.

لە ٣١ی تشرینی دووەم ساڵی (١٩١٨ن)عەلی ئیحسان پاشا بە (تەلەگراف=بێتەل)فەرمانی دا بە (علی ڕەزا بەگ)موتەسەریفی (پارێزگای)سلێمانی کە ئیدارەی بەڕێوەبردنی سلێمانی بدات بە دەستی شێخ مەحمود و خۆی بگرێتەوە بۆ موسڵ.

شێخ مەحمود بەناوی دەوڵەتی عوسمانیەوە بوو بە موتەسەریفی سلێمانی. فەوجێك سەربازی عوسمانی لەناو شاری سلێمانی مایەوە لەژێر فەرماندەی (ساڵح بەگ-تاپۆ ئاغاسی).

بەداگیرکردنی کەرکوك بۆ جاری دووەم لەلایەن سوپای بەریتانیاوە، شێخ مەحمود بڕیاری دا پەیوەندی بکاتەوە بە سوپای بەریتانیاوە، بۆ ئەم مەبەستە نامەیەکی نووسی و بە دەستی (عزەت تۆپچی بەناوبانگ بوو بە عیزەتی فاتە)وە (ئەحمەد فایەق=فایەقی تاپۆ)ناردی بۆ سەرلەشکری بەریتانیا لە شاری (کفری)و داوای کرد لێیان کە ئامادەیە هەموو یارمەتیەکیان بدات بە مەرجێك حکومەتێکی کوردی دابمەزرێنن و خۆی سەرکردایەتی بکات.

وە داوای کردبوو کە نوێنەری خۆیان بنێرن بۆ سلێمانی بۆ هەمان مەبەست. سەرکردەی سوپای بەریتانیا نامەکەی شێخیان پێ خۆش بوو بەلآم بە ئاگاداریەوە وەریان گرت، چونکە ئاگاداری ئەوە بوون کە (عەلی ئیحسان پاشا)شێخ مەحمودی لە بەندیخانە دەرکرد و پلەی نەقیبی پێ بەخشیوە و کردویەتی بە سەرکردەی سوپای مەدەنی و دوایش لە جێگای مەتەسەریفی سلێمانی دایناوە.

بۆیە فەرماندەی سوپای بەریتانیا نامەکەی شێخی ناردبوو بۆ بەغدا بۆ حاکمی گشتی (وێلسن)و وەلآمی نامەکەی بۆ شێخ نوسیبووە کە چاوەڕوانی وەلآمی (وێلسن) بکات و ئارام بێت هەتاکو وەلآم و بڕیاری حاکمی گشتی لە بەغدا دێتەوە.

بەگەیشتنی نامەكەی شێخ مەحمود بە دەستی (ویلسن).حاكمی گشتی لە عێراق، دەستوبرد مێجەر (نۆئێل)ئەفسەری شارەزا بە كوردستان و زمانزانی فارسی نارد بۆ سلێمانی بەناوی خۆیەوە لەگەڵ چەند كەسێك یارمەتیدەرو كاركەری بەردەستی.
بەگەیشتنی نۆئێل بۆ سلێمانی–گوندی داری كەلی–سەربازە كوردەكانی ناو فەوجە سەربازە توركەكەی سلێمانی هەموو جل و بەرگی كوردیان لەبەركرد و سەربازگەیان بەجێهێشت. وە شێخ مەحمود سەربازە توركەكانی چەك كرد و ناردنی بۆ كەركوك لە رۆژی یەكی تشرینی دووەم (١٩١٨ز)لەبەر دەركی سەرای سلێمانی جەماوەرێكی زۆر كۆبوویەوە لە پێشنیانەوە پیاوانی ئایینی و مامۆستایان و بازرگان و ناودارانی شاری سلێمانی و حاجی مەلا سەعیدی كەركوكی زادە و عزت بەگی وسمان پاشا و سەید نوری نەقیب و سەرۆك عەشیرەتەكانی كورد لە ناوچەكەدا ئامادەبوون.
مێجەر نۆئێل و شێخ مەحمود لە پێشیانەوە لە جێگایەكی بەرز راوەستا بوون. مێجەر نۆئێل بە ناوی دەوڵەتی بەریتانیای مەزن و حاكمی گشتی (ویلسن)لە بەغدا و بەزمانی فارسی وتارێكی دوورو درێژی خوێندەوە، وە هەر لەو وتارەدا بەناوی حاكمی گشتی بەریتانیا لە عێراق شێخ مەحمودی بە حوكمداری كوردستان ناساند و بلاوی كردەوە (و پیرۆزبایی لە گەلی كورد كرد بۆ ئازاد بوونیان لە دەستی زوڵم و زۆری–دەوڵەتی عوسمانی، ن.س).
(رەفیق حلمی)دەڵێت: هەر ئەو رۆژە خەڵكێكی زۆری شاری سلێمانی و دەوروبەری بەهەموو چینەكانیەوە لە ماڵی شێخ مەحمود كۆبوونەوە و دڵسۆزی و پشتگیری (بەیعەت)خۆیان دەربڕی بۆ حوكمداری شێخ مەحمود.
رفیق حلمی دەڵێت خۆم لەگەڵ ئەحمەد ئاغای كەركوكی زادە لەم دەبڕینی دڵسۆزی و پشتیوانی كردنەدا ئامادەبووم. وە هەر ئەو رۆژ بڕیاردرا كە رائد نۆئێل بگەڕێت بە شارەكانی تری باشووری كوردستان و دەست بكات بە رێكخستنیان لەگەڵ ئەم دەسەلاتە تازەی كوردستاندا (لە سلێمانی، ن.س)و چی پێویست بێت بیكات (بۆ كورد، ن.س).

# دەوڵەتی شێخ مەحمود و شێخان

[1] لە ڕۆژی (١/١٠/١٩١٨)بە ئامادەبوونی نوێنەری بەریتانیای مەزن (مێجەر نۆئێل)دەوڵەتەکەی شێخ مەحمود و شێخان بەم شێوەی خوارەوە دامەزرا و لەبەر دەرکی سەرای سلێمانی و لەناو جەماوەرێکی زۆردا بڵاو کرایەوە و ئاشکرا کرا.

١-شێخ مەحمودی شێخ سەعید حوکمداری کوردستان و (١٥٠٠٠)هەزار ڕوپیە موچەی مانگانەی بۆ برایەوە.

٢-سەید عومەر مامەی شێخ مەحمود کرا بە موتەسەریفی سلێمانی (پارێزگاری سلێمانی، ن.س).

٣-سەید حەسەن مامەی دووەمی شێخ مەحمود کرا بە حاکمی سلێمانی بۆ کاروباری دادگایی و شەرعی.

٤-شێخ قادر شێخ سەعید، برای شێخ مەحمود کرا بە سەرداری لەشکری (سوپا سالاری)کوردستان.

٥-سەید عەلی بیسم الله (خزمی نزیکی شێخ مەحمود، ن.س)کرا بە قۆمی سەر (ئەفسەرو بەڕێوەبەری پۆلیسی سلێمانی، ن.س).

٦-مێجەر نۆئێل حاکمی سیاسی کوردستان بارەگاکەی بردە ناو قوتابخانەی ئامادەیی سلێمانی هی سەردەمی عوسمانییەکان.

٧-ڕەفیق حلمی دەڵێت: بەم جۆرە حکومەتی یەکەمی شێخ مەحمود دامەزرا لە خزم و کەس و کارەکانی خۆی.

وە شێخ مەحمودی حوکمدار چاوپێکەوتنی خزمان و شێخانی بۆ ساز دەکرا بۆ دامەزراندنیان لە فەرمانگەکانی حکومەتەکەیدا، هەروەها ڕەفیق حلمی دەڵێت: (مێجەر نۆئێل)پیاوێکی زۆر هێمن و شارەزا و بە ئەدەب بوو، ڕێزی

---

[1] یادداشت، ڕەفیق حلمی، بەرگی یەکەم، ل٦٢

هەڵسوکەوت و داب و نەریتی کوردایەتی دەگرت، وە ڕێزی زۆری شێخ مەحمودی حوکمداری دەگرت، وە بۆ هەموو کاروبارێك پرس و ڕای وەردەگرت و ئاگاداری دەکردەوە.

هەروەها ڕەفیق حلمی دەڵێت: مەپرسە، خزمانی شێخ هەریەکە بەناوێکەوە، نۆکەر، خزمەتکار، کارەکەر (مەبەستی ئافرەتی کاردکەرە، ن.س)دایەن (ی منداڵ بەخێوکەر، ن.س)و مامان و کەنیزەکان هەر یەکە لە ڕاستی خۆی سەریان بەرز کردەوە (گڤەیان)دەکرد و موچەی مانگانەیان بۆ بڕایەوە، نۆکەرەکان بە خەنجەر و دەمانچەو شەڕواڵ و مرادخانی و چەفتەو مشکی سورمەدار و هەورێشمی دەستەی شێخان و دەست و پێوەندەکانیان دیمەنێکی تری دابوو بە شاری سلێمانی.

هەروەها دایەن و کەنیزەکان بە هارەی خشڵ و هەیاسە (پشتێنی زێڕین و زیو، ن.س)و لاگیرەی زێڕینەوە کەوتنە کەش و فش.

هەژاری و ڕووت و قوتی و ڕوشك هەلاتووەکان و (تەرم و جەنازە)ئاوساوشین هەڵگەڕاوەکانی مردوەکانی ناو مزگەوت و (کڵاوە)و لاکۆلانەکانی دوێنێشیان لەبیر کرد.

دەستەی دایەرەی نەفام و نەزان بەرەو یاخی بوون دەڕۆیشتن و لە (ووزە)دەرچووبوونە دەرەوە. حوکمداری کوردستانیش (مەبەستی شێخ مەحمودە، ن.س)بەپێی هەوا دەڕۆیشت بەرێوە، بە ڕۆژ لەگەڵ تاقمێك نۆکەر و دەستەو دایەرەکەیدا ڕووی دەکردە دەشتی کانیە سکان (ی سلێمانی، ن.س)بۆ سەیر کردن و گاڵتەو گەپەوە ڕای دەبوارد، بە هیوای ئەوەبوو کە هەتا سەر بەم شێوەی بۆی بچێتە سەر و بژیت و خودا بە گەورەیی و قودرەتی خۆی کوردستانی گەورەی بۆ دروست بکات و ئەویش تاجی حوکمداری بخاتە سەر سەری.

# دەوری یەكەمی شێخ مەحمودی حوكمدار

[1] شێخ مەحمود خاوەنی تاقیكردنەوە و ئەزمونی ڕابوردوو نەبوو لە مەیدانی سیاسەت و كاروباری حوكمڕانیدا.

وە بێكەس بوو، وە بڕواو متمانەشی بەكەس نەبوو. وە گرێی نەفسی لەگەڵدا بوو. پێی خۆش نەبوو پرس و ڕاوێژ بكات بە كەسانی شارەزا و ڕۆشنبیر و خاوەن ئەزموون.

وە ئەوانەی كە لە دەوری بوون (خزم و كەسانی خۆی بوون)نەخوێنەوار و نەزان و چاو پرسی بوون، دوای دەسكەوت و تالآن كەوتبوون، هەموو تۆكەر و خەنجەرو دەمانچە لەپشت و عەشایەری تفەنگ لەشان بوو.

ئەگەرچی لەو سەردەمەدا كۆمەڵێك لە پیاوانی ئەفسەری عوسمانی و ڕۆشنبیر و سیاسەتمەدار و خاوەن ئەزموون و نیشتیمان پەروەری كورد لە ئەستەمبۆڵ و بەغداوە هاتبوونەوە بۆ سلێمانی و دەیانویست پشتگیری و یارمەتی شێخ مەحمودی حوكمدار بكەن.

بەلآم كۆمەڵی خەنجەرو دەمانچە لەپشت و مشكی لەسەر دیوارێكیان دروست كردبوو لە نێوان شێخ و ئەو كۆمەڵە پیاوانەدا، وە شێخ خۆیشی لەبەر گرێی نەفسی و خۆ بەزل زانی ڕێگای بەخۆی نەدەدا كە ئەو دیوارە بروخێنێت و شارەزا و ڕۆشنبیران لەخۆی نزیك بكاتەوە و پرس و ڕاوێژیان پێ بكات، وە خۆیشی جۆرێك ڕق و كینەشی هەبوو بەرامبەر بەو كۆمەڵە ئەفسەرە كوردانەی كە دەوڵەتی عوسمانیان بەجێ هێشتبوو و هاتبوونەوە بۆ سلێمانی و (مەترسی دروست كردبوو لە دڵی خۆیدا كە جێگای پێ لەق بكەن و خۆیان شوێنی بگرنەوە، ن.س)ئەمەش گرێیەكی تازە نەبوو بەڵكو لەو ڕۆژانەدا پەیدا بوو لەلای شێخ مەحمود كە لقی كۆمەڵی (اتحاد تەرقی)دامەزرا لە سلێمانی و شێخ مەحمود خۆی دوور گرت لێیان و حەزی لێیان نەدەكرد.

---

[1] یادلشت، ڕەفیق حلمی، بەرگی یەك،ل٦٢–٦٧

# گەشتەکەی مێجەر نۆئێل و هەڵوێست و کارەکانی

[١] مێجەر نۆئێل هەر لە دوای ئاشکرا کردن و بڵاوکردنەوەی ئەندامانی حکومەتەکەی شێخ مەحمود و دامەزراندنی فەرمانگەکان، گەشتێکی کرد بە ناوچەکانداو هەتا ڕەواندز ڕۆیشت بۆ ڕێکخستنی کاروباری شاروشارۆچکەو دێهاتەکان و بەستنیان بە شاری سلێمانیەوە لەژێر دەسەڵاتی حوکمڕانی شێخ مەحمودی حوکمدرا. وە هەوڵێکی زۆریدا بۆ ڕازیکردن و ڕێکخستنیان.

بەڵام کاتێك کە مێجەر نۆئێل گەڕایەوە بۆ سلێمانی شێخ مەحمود لە وێنەیەکی تری تازەدا هاتە بەرچاوی، وای بۆ دەرکەوت کە شێخ مەحمود لە بەزم و هەوایەکی تردایە (و میوانداری تورکانی کردوە و لە ماڵەکەی خۆیدا و گفتوگۆی لەگەڵیاندا کردوە، ن.س)و خەریکە لە ڕێگا دەردەچێت (و پشت لە ئینگلیزەکان دەکات، ن.س)مێجەر نۆئێل پیاوێکی زۆر شارەزابوو لە کێشەی کوردا (وە دڵسۆز بوو بۆ کورد و کوردستان، ن.س)ئەم کارو پەیوەندی بە تورکانەوە نەدرکان لەلای شێخ مەحمود و نەیدا بە ڕوویدا هەتا ئەو ماوەی کە لە سلێمانیدا بوو. وە هەوڵی ڕاستکردنەوەی شێخ مەحمودی دەداو دەیویست پێی بگەیەنێت و ئامادەی بکات بۆ دوارۆژ(ی کوردستان، ن.س).

ڕەفیق حلمی دەڵێت: ئەگەر دەسەڵات بە دەستی مێجەر نۆئێل بوایە بناغەی کوردستانێکی گەورەی دادەمەزراند لەژێر دەسەڵات و حوکمداری شێخ مەحموددا، وە ڕەفیق حلمی دەڵێت: من خۆم فەرمنسیم دەزانی و لە تەرجومەکردندا یارمەتی شێخ مەحمودم دەدا، بێجگە لە نووسین و تەرجومەکردن، دەرسم دەگوتەوە بە مێجەر نۆئێل بۆ فێربوون و نووسینی زمانی کوردی، وە شەوان لە پاش تەواوبوونی دەرسی کوردی مێجەر نۆئێل لەگەڵمدا دەکەوتە سەرباسی باکووری کوردستان و لە بیرو خەیاڵ ئەوەدا بوو

---

[١] هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل٧٠

كە بۆ ئەويش شتێك بكات (بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێكی كوردی، ن.س)وە دەيويست شارەزايی پەيدا بكات لەبارەی كوردو ناودارانی كورد لە توركيا، (باكووری كوردستان، ن.س).

وەكو بەدرخانيەكان و جەميل پاشا و بابانيەكان لە ئەستەمبوڵ. وە دەربارەيان پرسياری زۆری لێم دەكرد، بۆم دەركەوتبوو كە ئەو لەمن زياتر شارەزايی هەبوو لەو بارەيەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هەر دەيپرسی و چاوەڕێی وەلامی دەكرد لەمن. مێجەر نۆئێل (لەبارەی ئەو پەيوەندی و كۆبوونەوانەی شێخ مەحمود لەگەڵ توركاندا، ن.س)خۆی تێك نەداو ريز نەكرد لە شێخ مەحمود و نەيدەويست دەستكاری ئەو بابەتە بكات، وە توانی ماوەيەكی باش لەو بارەوە دڵی (وێلسن)حاكمی گشتی بەريتانی لە بەغدا ڕابگرێت (بەرامبەر بە شێخ مەحمود و پەيوەندی و كۆبوونەوەكانی لەگەڵ توركاندا، ن.س) بەلام هەوڵەكانی نێوان شێخ مەحمود و حاكمی گشتی لە بەغدا بەرهەمی نەبوو.

(وێلسن)لەو ڕۆژانەدا ئاگادار كرابوويەوە هەستی كردبوو بە پەيوەنديیەكانی شێخ مەحمود و توركان و بەچاوی باش سەيری مەحمودی نەدەكرد و دەيويست كۆتايی بێنێت بە حوكم و دەسەلاتەكەی لە سلێمانی.

وێلسن بڕياری دا ڕاستەوخۆ دەست بخاتە ناو كارو بارەكانی شێخ مەحمود (بۆ لابردنی لەسەر دەسەلات، ن.س). بۆ ئەم مەبەستە (وێلسن)مێجەر نۆئێل لێ بانگ كرد بۆ بەغدا و ئەم ئەفسەرە ئینگلیزانەی كۆكردەوە، ١-مێجەر نۆئێل ٢-مێجەر ليچمن ٣-مێجەر سوون ٤-گۆردن واكر. و كۆبونەوەيەكی كرد لەگەڵياندا ولە دوای لێكۆڵینەوە و گفتوگۆيەكی زۆر، وێلسن بڕياريدا و مێجەر نۆئێل لێ لابرد لە ڕاوێژكاری شێخ مەحمودو (مێجەر سون)كە خۆی ناحەزی شێخ مەحمود بوو ناردی بۆ سلێمانی بۆ جێگاكەی مێجەر نۆئێل بە حاكمی سياسی، وە مێجەر نۆئێل يان گواستنەوە بۆ باكووری كوردستان.

مێجەر نۆئێل لە مانگی شوباتی ساڵی (١٩١٩)لەگەڵ (فايەقی تاپۆ) لە ڕێگای ڕەواندز و موسڵەوە ڕۆيشتن بۆ باكووری كوردستان. مێجەر نۆئێل پيلانی

دانابوو گەورە پیاوان و نیشتیمان پەروەرانی كورد كۆ بكاتەوە بۆ پیلان دانان و تەگبیركردنی دامەزراندنی كوردستانی گەورە و سەربەخۆ.

مێجەر نۆئێل و فایەق ئەحمەدی تاپۆ گەیشتنە باكووری كوردستان و بە ئاشكرا رۆیشتبوونە ناو كۆمەڵە سیاسەتمەدارەكانی كورد و پێشوازیان لێی كردبوو لەلایەن (جەلادەت بەدرخان)ەوە و دوو رۆشنبیری تری كورد (كامەران بەدرخان و ئەكرەم جەمیل پاشا، ن.س)وە و دەستیان كرد بە گەڕان و كۆبوونەوە لەناو شارەكانی (خەربوت و دیاربەكر)و كەوتنە گفتوگۆكردن لەگەڵ كوردانی ئەو ناوچانەدا دەربارەی دامەزراندنی دەوڵەتێكی كوردی لە باكووری كوردستانی گەورەدا.

مستەفا كەمال ئەتاتورك لەو سەردەمەدا بە لەشكرێكەوە یاخی بوو لە خەلیفەی عوسمانی و لەناوچەكەدا بوو، زانیبووی بە هاتنی مێجەر نۆئێل و هاورێكانی بۆ ناوچەكە و گەڕانیان لە شارەكاندا و هانی خەڵكی كوردستان دەدەن بۆ دامەزراندنی كوردستانێكی سەربەخۆ.

مستەفا كەمال ئەتاتورك فەرمانی دابوو بە سەرۆك ئەركانی بەرەی دیاربەكر (كەنعان بەگ)بۆ دەستگیركردن و گرتنی مێجەر نۆئێل و هاورێكانی، بۆ ئەو مەبەستە چەند مەفرەزەیەك سەربازی ناردبوو بە شوێنیاندا بۆ ناوچەكە بۆ گرتن و دەستگیركردنیان.

مێجەر نۆئێل و هاورێكانی ئاگادار كرابوونەوە و پێیانزانی بوون، بە یارمەتی و شارەزایی كوردانی ناوچەكە رزگاریان ببوو لە دەستگیركردن و خۆیان گەیاندبووە شاری (حەلەب)و لەوێوە رۆیشتبوو بۆ ئەستەمبۆڵ.

# سلێمانی لە دوای ڕۆیشتنی مێجەر نۆئێل

[1] لەدوای ڕۆیشتنی مێجەر نۆئێل لە سلێمانی، حاکمی گشتی لە بەغدا (مستر ویلسن)و کۆمەڵێك خەڵکی هەمە ڕەنگی (بێگانەی، ن.س)نارد بۆ سلێمانی لەگەڵ چەند ئەفسەرێکی بەریتانی، وە ئەو خەڵکانەی کە ناردبوویان بۆ سلێمانی هندی وَ ئەفغانی و عەرەب و ئەرمەنی و ئاسوری و جولەکە بوون لە هەموو ڕەگەزەکانی تیادا بوو.

ئەم خەڵکە هەمەڕەنگەیان دابەش کرد بەسەر فەرمانگەکانی حاکمی سیاسی و سەربازی و فەرمانگەکانی گومرگ و پۆست و هەموو بەشەکانی کارگێڕیدا لە سلێمانی. وە هەر یەکە لە لێپرسراوانی ئەم بەشانە یاریدەرێك یان ڕاوێژکارێکی ئینگلیزیان بۆی دانا.

لەپاش ماوەیەکی کەم (کابتن بێل)داوا دەکات لە ڕەفیق حلمی بۆ ئەوەی پێکەوە گەشتێك بکەن بۆ شار و شارۆچکەو دێهاتەکانی باشووری کوردستان بۆ ناوچەکانی سلێمانی و کەرکوك و هەولێر.

(ئەم گەشتە بۆ زانین بوو بۆ دەرکەوتنی جەماوەری شێخ مەحمودی حوکمدار بوو لە کوردستاندا، ن.س)کابتن بێڵ زۆربەی گوندو شارۆچکەکان گەڕا و سەردانی کردن. وە دەفتەرێکی سپی گەورەی پێبوو و هەموو پرسیارێکی (لە دانیشتوانەکان، ن.س)دەکرد و وەڵامەکەی دەنووسییەوە، وە پرسیاری هەموو شتێکی دەکرد ئەوەی پەیوەندی بە ژیانەوە بوایە، وەکو ناو، ژمارەی خێزان، ماڵ و سامان و ئاژەڵ بە هەموو جۆرەکانیەوە، وە کشتوکاڵ و چەك و عەشیرەت و ژمارەیان و خزمایەتی و دۆستایەتی و دوژمنایەتی و ژن و ژن خوازی و حەزو ئاوات و خوێندن و پیشەسازی و هتد... یەکێك لەو پرسیارانە ئەوە بوو، ڕات چیە بەرامبەر بە دەسەلاَت و حوکمی شێخ مەحمود؟ بۆچی؟ و هۆیەکەی چیە؟.

ئەم پرسیارو لێکۆڵینەوانە وەکو سەرژمێرو ڕاپرسییەکی گشتی تەواو بوو. ڕەفیق حلمی دەڵێت: ئەو پرسیارو سەرژمێر و ڕاپرسیەی کە کابتن بێڵ کردی خەزنەیەکی زانیاری زۆر بە نرخ و سوودمەند بوو بۆ کار بەدەستانی حکومەتێکی خزمەتگوزاری سیاسی.

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل٧٥

# شێخ مەحمود چی كرد بۆ خۆی و بۆ سلێمانی

[1] شێخ مەحمود لە ساڵی (١٩١٨-١٩١٩، ن.س)لە ماوەی ئەو ساڵەدا هیچ هەوڵێكی نەدا و هیچ گۆڕانكارییەكی نەكرد لە حوكم و دەسەلاتەكەیدا لەناو شارو فەرمانگەكانی شاری سلێمانی بە هەموو بەشەكانیەوە، تەنانەت بۆ مانەوەی خۆی و دەسەلاتەكەشی، ئەو فەرمانگانەی كە پەیوەندی بە بەرژەوەندی خۆیانەوە بوو ڕاستەوخۆ بەكەیف و ئارەزووی خۆیان پیاوێكی خۆیانی بۆ دادەنا و هەڵی دەسوڕاند بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان.

ئینگلیزەكانیش چاوپۆشیان لە هەموو شتێك دەكرد و خۆیان لێیان تێ نەدەگەیاند.

هەتا بە تەواوی شارەزای ناو خەڵك و عەشایەرەكان بوون (و خەڵكانی خۆفرۆش و بێگانە پەرستیان لە خۆیان كۆكردەوە و دوژمنیان بۆ شێخ مەحمود زۆر كرد، ن.س).

لە پاش ماوەیەكی كەم ئینگلیزەكان دامەزران و جێگای خۆیان كردەوە و شارەزایی تەواویان پەیداكرد لە بارەی وڵاتەكە و عەشیرەتەكان و خەڵكانی ناو شار.

بەتایبەتی شارەزابوونیان لە بارەی شێخ مەحمودەوە بۆیان دەركەوت كە شێخ مەحمود بە تەنگی دوارۆژی خۆیشیەوە نییە. هەر ئەو ڕۆژەی لەبەرچاوە كە تیایدا دەژیت. لە دوای ڕۆیشتنی (مێجەر نۆئێل)شێخ مەحمود ڕابەر و ڕێ پێشاندەر و دڵسۆزی وەكو ئەوی دەست نەكەوت و هەموو كەم كورتیەكانی دەركەوت و دەنگی ناڕەزایی لە هەموو لایەكەوە بەرزەوە بوو و دەركەوت.

ئینگلیزەكانیش چاوەڕوانی ئەوەیان دەكرد كە چەپۆكێك بوەشێنن و كۆتایی بە دەسەلاتی شێخ مەحمود بهێنن. شێخ مەحمودیش دەنگی ناڕەزایی و مقۆمقۆی خەڵكی دەبیست، بەلام ئەوانەی كە لە دەوری بوون نەزان و نەفام بوون لەباتی یارمەتی دان و ڕاستكردنەوەی هەڵەكان و چارەسەركردنی گیروگرفتەكان، وە دەست هەڵگرتن و كشانەوەی خۆیان لە دەست درێژی و خراپەكاری لەگەڵ خەڵكدا و وازهێنان لە بەد زمانی و زوڵم و زۆركردن، ئەوەندەی تر خراپەو بەد ڕەفتاریان دەكرد لەگەڵ خەڵكدا و بە خەنجەرو دەمانچەوە خۆیان دەنوادو بادەدا، وە هانی (حوكمداریان)دەدا بۆ زیاتر

[1] هەمان سەرچاوە، ل٨٥

شێواندن و سزادان و خراپەكردن لەگەڵ خەڵكیدا، وە بارودۆخەكەیان زیاتر ئاڵۆز دەكرد لە شێخ مەحمود.

لەلایەكی ترەوە ئەفسەرە ئینگلیزەكان بەناو و لەڕوو لەژێر فەرماندەی شێخ قادری برای حوكمدار دابوون، لە ڕاستیشدا بە فەرمانی (مێجەر دانالس)خەریكی دامەزراندنی هێزی سوارەو پیادەبوون و پێویستیان بە ئەفسەرێكی زۆری كورد هەبوو.

بۆ ئەو مەبەستە هەر ئەفسەرێكی كورد سەردەمی عوسمانیەكان بوون لەناو سلێمانیدا، چاك و خراپ وەریان دەگرتن بۆ ئەو هێزە سوارەو پیادەیە. بەهۆی هاندانی ناحەزانی شێخ مەحمودەوە زۆر لەو ئەفسەرانە زیزو دڵگیر ببوون لە شێخ و خۆیان كرد بەناو ئەو هێزانەی (مێجەر دانالس)و ئەفسەرو خوێندەوارانە دووركەوتنەوە لە شێخ مەحمود و دەسەلاتەكەی.

لەدوای دامەزراندنی ئەم لەشكرە سوارە و پیادەیە (مێجەر سۆن)هات و وردە وردە دەستی كرد بە بیانووگرتن و دەستدرێژی كردن، وە كەوتە تەگبیركردنی بلاوكردنەوەی كۆمەڵ و دەستەو دایەرەكانی (حوكمدار–شێخ مەحمود، ن.س)شێخ مەحمودیش كە بۆی دەركەوت ئینگلیزەكان وا خەریكن لەشكری سوارەوەو پیادە دروست دەكەن و هەموو ئەفسەرە كوردەكانی ناو شاری سلێمانیان ڕاكێشاوە بەلای خۆیانداو خۆیان قایم دەكەن و خەڵك دەكڕن بە پارە و دوژمنی بۆ دروست دەكەن لەناو عەشایەرو شارەكاندا.

شێخ مەحمود كەوتە خۆ ئامادەكردن و هەموو ئەو سەرۆك عەشیرەتانەی كە هاوپەیمانی بوون لەوەوپێش بانگی كردن بۆ سلێمانی، تەنها بابەكر سەلیم ئاغای پشدەر و هەندێك لە عەشیرەتی جاف نەبێ. هەر هەموو سەرۆك عەشیرەتەكان ئامادەبوون، ئەوجارەیان زۆر لە سەرۆك عەشیرەتەكانی كوردانی ڕۆژهەڵاتی كوردستانیشیان لەگەڵدا بوو...

بەناوی (٤٠)سەرۆك عەشیرەتی كوردەوە ڕاپۆرتێكیان نووسی و ئیمزایان كردو ناردیان بۆ (كۆلۆنێل وێلسن)حاكمی گشتی لە بەغداو داوایان لێی كردبوو بۆ یەكگرتنی ڕۆژهەڵات و باشووری كوردستان (بە سەرۆكایەتی شێخ مەحمودی مەلیك، ن.س)

تازەكردنەوەی ئەم هاوپەیمانییەی شێخ مەحمودو سەرۆك عەشیرەتەكانی كورد و ناردنی ئەو ڕاپۆرتە بۆ وێلسن ئاگادارییەك بوو بۆ ئینگلیزەكان كە ناتوانن بە ئاسانی شێخ مەحمود دووربخەنەوە لە كێشەی كورد و كۆسپی زیاتر دێتە ڕێگایان.

# یەکەم هەنگاوی ئینگلیزەکان بۆ دوورخستنەوەی شێخ مەحمود

[1] رەفیق حلمی دەڵێت: مستەر (بێل)داوای لێم کرد کە گەشتێکی لەگەڵدا بکەم بۆ کۆیە و رانیە و رەواندز، یەکەم جار من داواکەیم رەت کردەوە، بەلام ئەو وازی لێم نەهێنا، منیش پرسم کرد بە شێخ مەحمود، شێخ دەیزانی کە من دڵسۆزی ئەوم رەزامەندی دەربڕی، بەناو و رەواڵەت من یاریدەری مستەر (بێل)م لە راستیشدا من (تەرجومان)وەرگێر بووم.

لە ٢٠ی شوباتی (١٩١٩)گەشتەکەمان دەستی پێکرد لە کۆیەوە، بەلام ئەم گەشتە یەکەم هەنگاوی بۆ دوورخستنەوەی لایەنگرانی شێخ مەحمود بوو لە رانیەوە دەستی پێی کرد.

(شێخ ئەمین)ی سندوڵلان یەکێك بوو لە خزمانی شێخ مەحمود و کردبووی بە قایمقامی (رانیە)شێخ ئەمین شتی زۆر لەسەر بوو لەوەوپێش چاوپۆشیان لێی دەکرد.

بەلام ئێستا (بێل)هەموو بەلگەکانی هێناوەتە پێشەوە و تاوانباری دەکات و دەیەوێت دەری بکات لە قایمقامی. بەپێی یاسای ئەو رۆژە بەبێ فەرمانی حوکمدار (شێ مەحمود، ن.س)دەرنەدەکراو دوورنە دەخرایەوە.

مستەر (بێل)هەموو ئاغاو سەرۆك خێڵەکانی کۆکردەوە و ویستی رەزامەندی و ئیمزای هەموویان وەربگرێت کە ئەوان بە (شێخ ئەمین)ی قایمقام رازی نین و نایانەوێت، بەلام ئاغاو سەرۆك عەشیرەتەکان رازی نەبوون بە داواکاریەکەی مستەر (بێل)و گوتیان ئێمە سوێند خۆرو هاوپەیمانی شێخ مەحمودین و ئەویش شێخ داینـاوە بە قایقام، مستەر (بێل) و (پارکر)بۆیان دەرکەوت کە سەرۆك عەشیرەتەکان رازی نین و ئیمزایان بۆ ناکەن.

---

[1] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٩٥

ویستیان بە تەنیا یەکە یەکە چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا بکەن، بە ئەمەش نەیانتوانی لە خشتەیان بەرن و رایان بگۆرن، ئێنجا (بێل)کەوتە فروفێل، توانی بەهۆی حاکمی سیاسی سلێمانیەوە (تەلەگرافێل-بروسکەیەکی بێتەل)بە شێخ مەحمود بنووسێت و داوا لە سەرۆک عەشیرەتەکان بکات کە سەرپێچی (بێل)نەکەن و بریاری لابردنی (شێخ ئەمین)بدەن.

بەم شێوە (شێخ ئەمین)ی قایمقام و لایەنگری شێخ مەحمودیان لابردو دووریان خستەوە.

# ڕۆیشتنی حاكمی گشتی بەریتانی
# ( كۆلۆنێل وێلسن ) بۆ سێمانی

[١] لە یەكی كانونی یەكەمی سالَی (١٩١٨ز) (كۆلۆنێل وێلسن)حاكمی گشتی بەریتانی لە بەغدا ڕۆیشت بۆ سلێمانی بەناوی چاوپێكەوتنی شێخ مەحمودی حوكمدار و كۆبوونەوە لەگەڵیدا دەربارەی چۆنیەتی حوكمڕانی كورد و گیروگرفتەكانی.

(وێلسن)بەهۆی (كابتن بێل)و ئەفسەرەكانی تری بەریتانیاوە لە سلێمانی و ناوچەكانی توانیان كۆمەڵێك ئاغاو كوێخاو پیاوانی خۆفرۆش و سەر بە ئینگلیز ئامادە بكەن، وە ڕێگایان بۆیان كێشابوو كە چۆن لەكاتی كۆبوونەوەكەیاندا بەرهەڵستی شێخ مەحمود بكەن و بەرپەرچی بدەنەوە و ڕەخنەی لێ بگرن.

بۆ ئەم مەبەستە زیاتر لە ٦٠ كەسیان لە پیاوانی دەم ڕاست و ئاغاو كوێخا و سەرۆك عەشیرەتەكان ئامادەكرد لەسەر داوای شێخ مەحمود و حاكمی بەریتانی (وێلسن)بۆ لێكۆڵینەوە و چارەسەركردنی دوا ڕۆژی كورد.

بەلاَم هاتنی (وێلستن)بۆ سلێمانی و كۆكردنەوەی ئەو خەڵكە بۆ ئەو كۆبوونەوە بۆ دروستكردنی بەڵگەو بەهانە بوو لەسەر شێخ مەحمود بۆ كەمكردنەوەی بایەخ و دەنگ و جەماوەری بۆ دوورخستنەوەی لە دەسەلاَت و حوكمڕانی.

شێخ مەحمودیش ئومێدی نەمابوو بە ئینگلیزەكان، هەڵسوكەوت و بیروڕای بەرامبەر بە ئینگلیزەكان وای دەردەخست ئەگەر دەسەلاَتی تەواو هەبێت پشت لەبەریتانیا دەكات و ئینگلیزەكان لە كوردستان دەردەكات.

(كۆلۆنێل وێلسن)لە كتێبەكەیدا دەڵێت: لەو كۆبوونەوەیەدا بۆم دەركەوت كە شێخ مەحمود حوكمڕانیەكی دەربەگایەتی و عەشایەری و دكتاتۆری دەكات. وە سەرۆك عەشیرەتەكان هەر یەكە داوای جۆرێك لە حوكمڕانی و دەسەلاَت

---

[١] هەمان سەرچاوەی پێشوو.

دەکەن. کۆمەڵێك داوا دەکەن کە کوردستان حکومەتێکی سەربەخۆ بێت، کۆمەڵێکی تر دەڵێن با کوردستان ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە بەریتانیاوە بێت، کۆمەڵێکی تر داوای ئەوە دەکەن کە کوردستان ببەسترێت بە حکومەتی دامەزراوی عێراقەوە.

وە هەندێك کەس لەناو کۆبوونەوەکەدا ناڕەزایی خۆیان دەربڕی بەرامبەر بە دەسەلأت و حوکمڕانی شێخ مەحمود (لە عەشیرەت چێتیەکەی و نەبوونی دادوەری لە دەسەلأت و کۆمەلأیەتیدا، ن.س).

لەو کاتەدا هەردوو ڕاوێژکارەکە (سیاسی و سەربازی، ن.س)شێخ مەحمود ئینگلیز بوون، وە زۆربەی حاکمەکانی سیاسی قەزاو ناحیەکان ئینگلیز بوون و تێکەڵی خەڵکی ناوچەکان ببوون و خەڵکێکی زۆریان بە پارەو تەماح بەلای خۆیاندا ڕاکێشابوو.

بڕوای نێوان شێخ مەحمود و ئینگلیزەکان بەرەو نەمان دەچوو هۆیەکانیشی:

١-نەزانی شێخ مەحمود بە زمانی ئینگلیزی بۆ گفتوگۆکردنی ڕاستەوخۆ لە نێوانیاندا بۆ ئەوەی کە مەبەست بێگەیەنن بە یەکتر وەکو پێویست و لەیەکتر تێبگەن، وە نەبوونی تەرجومانی (موتەرجوم)ی بەنوناو دڵسۆز بۆ شێخ مەحمود لەکاتی گفتوگۆکردن لەگەڵ ئینگلیزەکاندا (ڕەفیق حلمی تەرجومانی بوو، ئەویش تەنها فەڕەنسی و فارسی دەزانی، ن.س).

٢-سستی شێخ مەحمود و نەزانی هەڵسوکەوتی لەگەڵ ئینگلیزەکاندا.

٣-شێخ مەحمود هاوپەیمانی ئینگلیز بوو گفتیان بەیەك دابوو بە فەرمی کردبوویان بە حوکمداری سلێمانی. لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەندی کردبوو بە سەرکردەی سوپای تورکە دۆڕاوەکانی جەنگی جیهانی یەکەم (ئۆزدەمیر)و لە ماڵەکەی خۆیدا لە سلێمانی کۆبوونەوەی لەگەڵدا دەکردن و چەند ڕۆژ دەمایەوە لەلای، ئەم هەواڵانەش بەهۆی سیخوری و خۆفرۆشانەوە دەگەیشتەوە بە دەستی ئینگلیزەکان.

٤-شێخ مەحمود هاوپەیمانی ئینگلیزەکان بوو گفت و بەڵێنی دابوو پێیان کە پشتیوانیان بێت و ئەوانیش یارمەتیدەری بن. لەگەڵ ئەوەشدا شێخ مەحمود

بەنهێنی پەیوەندی دەکرد بە کونسولی ڕوسیاوە لە ئێران و نامەی بۆیان دەنارد و زەم و خراپەی ئینگلیزەکانی دەکرد لەلایان، وە داوای یارمەتی و پشتگیری لە ڕوسەکانی دەکرد، هەواڵ و پەیوەندی و نامەکانی شێخ مەحمودیش بە ڕێگای هەواڵگری سیخوڕەکانی بەریتانیاوە دەگەیشتەوە دەستی ئینگلیزەکان لە بەغدا.

ئەمانە هەموو بەڵگەو بەهانە بوون بە دەستی ئینگلیزەکانەوە کە سوود لە شێخ مەحمود وەرناگرن و بەرژەوەندیان ناپارێزێت. بۆیە ئینگلیزەکان کەوتنە بەهانەو بیانوگرتن و نەخشەدانان بۆ دوورخستنەوە و لابردنی شێخ مەحمود لە دەسەلات و حوکمڕانی.

# راپەڕینی شێخ مەحمود و گرتنی شاری سلێمانی

(١٠٠) شێخ مەحمود بە تەواوی بۆی دەرکەوتبوو کە ئینگلیزەکان نیازیان دوورخستنەوە و نەمانی دەسەلآتەکەیەتی لە کوردستان، بۆیە بەنهێنی پەیوەندی کردبوو بە (مەحمود خانی دزلی)یەوە کە هاوپەیمانی بوو پێی ڕاگەیاندبوو کە بە زووترین کات لەشکرێکی گەورە پێك بێنێت و بێت سلێمانی بگرێت.

لە ڕۆژی (١٩١٩/٥/٢٣)مەحمود خانی دزلی بە لەشکرێکی گەورەوە دەوری سلێمانی گرت و گەمارۆی دا بۆ گرتنی. ئینگلیزەکان ئاگادار کرانەوە لە لەشکرەکەی مەحمود خانی دزلی و (مێجەر سون)داوای کردبوو لە شێخ مەحمود، کە نەیەڵن لەشکرەکەی مەحمود خانی دزلی بێنە ناو شاری سلێمانی. شێخ مەحمودیش پێیان دەڵێت ئەوان بۆ زیارەتی کاك ئەحمەدی شێخ هاتوون، نەبووە و نەکراوە بە عادەت ڕێگا بگیرێت لەو کەسانە کە دێن بۆ شاری سلێمانی بۆ زیارەتی کاك ئەحمەدی شێخ، ئەو لەشکرو سوپای کە ئینگلیزەکان لە سلێمانی دایان مەزراندبوو نزیکەی (٢٠٠٠)پیادەو (٤٠٠)سوارە دەبوون لەژێر فەرمانی (مێجەر دانالس)دابوون، ویستیان نەیەڵن لەشکرەکەی مەحمود خانی دزلی بێنە ناو شاری سلێمانیەوە، بەلآم لەشکرەکەی مەحمود خانی دزلی دەستیان لێیان وەشاندو ملازم ڕەشید ئەفەندی-ڕەشەی عاسیە خان و دوو ئەفسەری تری ئینگلیزەکان کوژران، وە سەربازە کوردەکانی ناو سوپاکەی ئینگلیزەکان لەگەڵ لەشکرەکەی مەحمود خان بوون بەیەك و سوپاکەی (مێجەر دانالس)تێکشکاو تەفروتونا بوون، وە مێجەر دانالس خۆیشی بە دیل گیرا. مەحمود خان بە سەرکەوتوویی خۆی و لەشکرەکەی هاتنە ناو شاری سلێمانیەوە. لەدوای هاتنە ژوورەوەی لەشکرەکەی مەحمود خانی دزلی بۆناو شاری سلێمانی، شێخ مەحمودی حوکمدار بە بیانووی پارێزگاری کردن لەگیانی ئینگلیزەکان لە دەستدرێژی کردنی لەشکرەکەی مەحمود خان دزلی ئینگلیزەکانی کۆکردەوە و کردیانیە ناو (دەبۆکەوە)و دەرگای داخست لێیان و بەندی کردن.

---

(١) یادداشت، ڕەفیق حلمی، بەرگی یەك،ل١١٠

# هێرشی لەشکری شێخ مەحمود بۆ گرتنی چەم چەماڵ و کەرکوك

[1] شێخ مەحمودی حوکمدرا ئەم سەرکەوتنەی گرتنی شاری سلێمانی بەهۆی لەشکرەکەی مەحمود خانی دزلیەوە بەهەل زانی و هەموو سوپاکەی کۆکردەوە و کەوتنە ڕێ بەرەو بازیان بۆ گرتنی چەم چەماڵ و کەرکوك، لە تاسلوجە نزیك بە شاری سلێمانی بەرەنگاری سوپایەکی ئینگلیزەکان بوونەوە کە لە کەرکوکەوە هاتبوون و زۆربەیان کورد بوون، ئەوانیش خۆیان کرد بەناو لەشکرەکەی شێخ مەحمودا، وە ئەوانی تریان کۆتاییان پێهات و کوژران.

لەشکرەکەی شێخ مەحمود گەیشتنە بازیان و ئاگادار کرانەوە، کە سوپایەکی ئینگلزەکان وا بەڕێوەن بۆ سلێمانی، شێخ مەحمودو لەشکرەکەی لە دەربەندی بازیان دامەزران و سەنگەریان کرد و خۆیان ئامادەکرد بۆ بەرەنگار بوونەوەی سوپای ئینگلیزەکان.

سەرکردەی سوپاکەی ئینگلیزیش ئاگاداری لەشکرەکەی شێخ مەحمود بوون کە لە دەربەندی بازیان خۆیان ئامادە کردوە بۆ لێدان و بەرەنگاربوونەویان.

بەشێك لە سوپاکەی ئینگلیز لەسەر شەقامی سەرەکی کەرکوك–سلێمانی بەرەو دەربەندی بازیان دەڕۆن، وە بەشەکەی تریشی لە پشتی تەکەیەی کاکەمەندەوە بەشاخدا سەر دەکەون و پشت لە لەشکرەکەی شێخ مەحمود دەگرن بەبێ ئەوەی کە شێخ مەحمود و لەشکرەکەی ئاگاداری ئەم نەخشەو پیلانە بن.

لەکاتی دیاریکراودا سوپای ئینگلیزەکان لە تەکیەوە بەرەو دەربەنی بازیان هێرش دەکەن. وە لەسەر شاخەکەشەوە بەشی دووەمی لەشکرەکەی ئینگلیزەکان پشتیان لێ دەگرن و شەڕ دەستی پێ کرد لە نێوان سوپای

---

[1] یادداشت، ڕەفیق حلمی، بەشی یەکەم، ل١١٠–١٢٧

ئینگلیز و لەشکری شێخ مەحمود، سوپای ئینگلیز بە تۆپ و فڕۆکەو ڕەشاش و چەکی سوکی هەمەجۆری ئەو سەردەمە، وە لەشکرەکەی شێخ مەحمودیش بە تەفەنگی (یایلی)و (قەسەلی) و (ماوزەڕ) و (یەك تیری فەڕەنسی)کۆنەوە، شەڕ زۆر بە توندی دەستی پێ کرد، لەشکری شێخ مەحمود و سوپای ئینگلیز لەیەکیان دەدا.

لە پاش شەڕێکی قورس و گران و کوشتارو بریندارێکی زۆر لەهەر دوو لایان، لەشکرەکەی شێخ مەحمود تێکشکاو ئەوەی بۆی کرا هەڵهات و ڕای کرد. کوژراوێکی زۆر و بریندارێکی زۆر لەهەر دوولا لە مەیدانی شەڕەکەدا کەوتبوون.

لەناو بریندارەکاندا شێخ مەحمودی حوکمدار بریندار کرابوو و کەوتبوو لەبن بەردەقارەمانی دەربەندی بازیاندا. (حمەی نێرگەلە)کە پیاو ماقول و کەسی نزیکی شێخ مەحمود بوو وای زانیبوو کە شێخ مەحمود کوژراوە لە شەڕەکەدا، سواری ئەسپەکەی شێخ مەحمود ببوو و هاڵهاتبوو و خۆی لە دیلی ڕزگار کردبوو، سەربازو ئەفسەرەکانی ئینگلیز شێخ مەحمودیان نەدەناسی بەشێوەو ڕەنگ و بۆ دەڵێن (موشیر ئاغای هەمەوەند)لەگەڵ سوپای ئینگلیزەکاندا بوو، شێخ مەحمودیش بریندار بوو لەبن بەردی قارماندا کەوتبوو، موشیر ئاغای هەمەوە ناسیبوویەوە و ئاشکرای کردبوو و دابووی بەدەستی ئینگلیزەکانەوە.

[٢]ئەحمەد خواجە لە کتێبەکەیدا (چیم دی)دەڵێت: لەژێر جڵەوکێشی (ڕێنەمایی کردن و پێشکەوتنی سوپای ئینگلیزە، ن.س)موشیر ئاغای هەمەوەند کە بە فەرمانی حوکمداری کوردستان شێخ مەحمود کرابوو بە سەرۆکی هێزی سوارە لە چەم چەماڵ (خیانەتی کرد لە شێخ مەحمود، ن.س)لەلای ڕاست و چەپی دەربەند (ی بازیان،ن.س)ەوە بە هێزێکی سوارەی هندییەوە لەگەڵ سپێدەی ئاسمان (لەبەرەبەیاندا، ن.س)هێرشیان هێنا بە هەموو چەکێکی نوێی ئەو سەردەمەوە، سوارەو پیادە لەگەڵ چەندین فڕۆکەی جەنگی بەریتانی و زاڵبوون بەسەر دەربەندی بازیاندا و شەڕ بوو بە دەستەویەخە بە خەنجەر و

[٢] چیم دی، ئەحمەد خواجە، ل٤٠

سونگی تفەنگ. ئەوەی كوژراو برینداربوو، وە ئەوەی كە هەڵهات و خۆی ڕزگار كرد.

لەناو بریندارەكاندا شێخ مەحمود و شێخ حمە غەریب گیران لەسەر پێشاندان و ئاشكرا كردنی (مشیر ئاغای هەمەوەند)وە ئەمانەش گیران بەدیل و نێردران بۆ بەغدا. ١-ئەدهەم ئەفەندی ٢-قادر ئەفەندی قەرەداخی ٣-عیزەت تۆپچی ٤-ڕەشید سدیق. بەدەمی موشیر ئاغای هەمەوەند دەیگێڕنەوە و دەڵێن ئینگلیزەكان لەپاش سەركەوتنیان بەسەر لەشرەكەی شێخ مەحمودا دەگەڕان بەناو كوژراو بریندارەكاندا ئەوەی بریندار بوو گیانی تیادابوو نێزەیەكیان دەكرد بە زكیا و دەیان كوشت، بۆیە منیش شێخ مەحمودم ئاشكرا كرد بۆ ئەوەی وەك بریندارەكانی تر نەیكوژن.

بەهەرحاڵ لەو شەڕەی دەربەندی بازیاندا شێخ مەحمودی حوكمدار بە برینداری گیراو لەگەڵ دیلەكانی تردا ناردنیان بۆ بەغدا و لە پاش چاك بونەوەیان شێخ مەحمود و شێخ حمە غەریب یان دوورخستنەوە بۆ هندستان هەتا ساڵی (١٩٢٢ن)گەڕانەوە بۆ سلێمانی.

# كوردستان لە سێبەری پێسپاردندا

[1] لە ٢٥ی نیسانی ساڵی (١٩٢٠ن)ولاَتانی هاوپەیمانی جەنگی جیهانی یەکەم کۆبوونەوە و بڕیارندا لەسەر ئەو ولاَتانەی کە لە دەوڵەتی عوسمانی جیا کرانەوە هەریەکە بەجیا بکرێن بە دەوڵەت و بیان سپێرن بە یەکێك لە دەوڵەتانی هاوپەیمان بە ناوی سەربەخۆییەوە.

عێراقیش یەکێك بوو لەو ولاَتانە و کردیان بە دەوڵەت و ناویان لێی نا (دەوڵەتی عێراق)و سپاردیان بە بەریتانیا، هەموو یارمەتی و پشتگیرییەکیان لەلایەن بەریتانیاوە بوو هەتا خۆیان گرتەوە و توانای بەڕێوەبردنیان بوو. ئەویش بەپێی برگەی چوار لە ماددەی ٣٢ی بڕوانامەی کۆمەڵی نەتەوەکان، وە لە هەمان بڕیاردا لە ماددەی ١٦ دەڵێت ڕێگا لە ولایەتی پێسپێردراو ناگیرێت بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی سەربەخۆی ئیداری لە ناوچە کوردنشینەکاندا (لە باشووری کوردستان، ن.س).

---

[1] خەباتی چەکداری و رامیاری نەتەوایەتی کورد، نەجم سەنگاوی، ل٤٦

# لەکاتی دامەزراندنی حکومەتی کاتی بۆ عێراق

[٢]باسیل نیکستن دەڵێت: لە ٢٥ی تشرینی یەکەمی ساڵی (١٩٢٠ن)دەسەڵاتدارانی بەریتانیا لە عێراق و حکومەتە کاتیەکەی عێراق بە سەرۆکایەتی (نەقیب)دەستیان کرد بەسەر ژمێری و دەنگ کۆکردنەوە بۆ دانانی (فەیسل)بۆ مەلیکی عێراق.

لەو کاتەدا بەریتانیا دەیانویست شتێکی تایبەتی بکەن بۆ کورد. بۆ ئەم مەبەستە مەندبووبی سامی بەریتانی نووسراوێکی بلاوکردەوە و تیایدا دەڵێت: مەندوبی سامی بەریتانی دەڕوانێتە کێشەی کورد (ی باشووری کوردستان، ن.س)بۆ تەگبیرو دابینکردنی ئیدارەیەك کە پێویستە بۆ بەڕێوەبردنی دوا ڕۆژی ناوچە کوردییەکانی عێراق، لەبەر ئەوەی لەوانەیە ناوچە کوردیەکان ببەسترێن بە عێراقەوە، ئەم مەترسیە وای کردوە کە هەندێك لە کوردان داوای سەربەخۆیی بکەن. وە هەندێکیان داوا دەکەن کە ببەسترێن بە عێراقەوە، وە هەندێکی تریان داوا دەکەن کە ڕاستەوخۆ ببەسترێن بە بەریتانیاوە.

حکومەتی بەریتانیا ئامادەیە بەم شێوەی خوارەوە دەیخاتە پێش چاوی دەوڵەتان:

١-ئەوەی کە دەبەسترێت بە ناوچە کوردیەکانەوە و دەکەوێتە سەر ناوچەی موسڵ، وە لە سنوری پێسپێردراوی بەریتانیادایە لیوایەکی (پارێزگایەکی)تری بۆ دادەمەزرێت و قەزاکانی زاخۆ و ئاکرێ و ئامێدی و دهۆکی پێوە دەبەسترێت، وە قەزای دهۆك بکرێت بە لیوا (پارێزگا)وە لەژێر دەسەڵاتی یارمەتیدەری موتەسەریف (پارێزگار)ی بەریتانیدا دەبێت، وە قایمقامەکان بەریتانی دەبن هەتا فەرمانبەری کورد و عەرەب دێنە کایەوە لە ئەوانەی کە کوردی بەباشی دەزانن و لەلایەن خەڵك و دانیشتوانەکەوە پەسەند دەکرێن.

---

[٢] هەمان سەرچاوەی پێشوو.

وە لیواکە لەبارەی ئابووری و دادگاییەوە پەیوەندی بە حکومەتی بەغداوە دەبێت، وە نوێنەری خۆیان دەنێرن بۆ کۆمەڵی (پەرلەمانی، ن.س)حکومەتی دامەزراوی عێراق لە بەغدا. وە دەربارەی بەڕێوەبردنی گشتی قایمقامەکان پەیوەندیان بە موتەسەریفەوە دەبێت.

وە دامەزراندنی ئیدارە لەلایەن مەندوبی سامی بەریتانیەوە دەبێت لە پاش راوێژکردن لەگەڵ حکومەتی ناوخۆ (حکومە المحلیە)و دەسەلاتی ناوچەیی.

٢-مەندوبی سامی بەریتانی بەخۆی و ئەفسەرەکانی بەریتانیا ئیدارەی کویسنجاق (کۆیە) و ڕەواندز و هەولێر دەبەن بەڕێوە، وە پەیمان دەدەن بۆ چاودێری کردنی داواکاری و پێویستییەکانی دانیشتوانی ناوچەکە دەربارەی دامەزراندنی فەرمانبەرانی حکومەت. بەلام شێکردنەوەی ئەم باسە بەشێوەیەکی تەواو لە کاتێکدا دەکرێت و دادەنرێت کە بارودۆخکە گونجاو بێت و ماوە بدات.

٣-سلێمانی بە موتەسەرفییەت (پارێزگا)دادەنرێت.

# یاسای هەڵبژاردن لە عێراق و كوردستان ساڵی (١٩٩٢ز)

[1] (ونستون چەرچل)وەزیری مستەعمەرەكانی بەریتانی لە نامەیەكدا بۆ مەندوبی سامی بەریتانی لە عێراق (سێر پرسی كۆكس)نووسیبوو و بە دوور و درێژی هەڵوێستی خۆی دەربڕیوە و تێبینیەكانی ڕوونكردۆتەوە بەرامبەر بە یاسای هەڵبژاردن لە عێراقدا.

وەخۆی چاوی بە ڕەشنووسەكەی كەوتووە و حیسابی بۆ كاردانەوەی ئەو یاسایە كردوە لەسەر سیاسەتی بەریتانیا بەرامبەر بە كوردستانی عێراق و لێی تێگەیشتووە، لەوەوپێش (چەرچل)ئاگاداری مەندوبی سامی كردبوو كە بەهیچ شێوەیەك لە كوردستاندا لەو بارەیەوە هیچ كارێك نەكەن هەتا ئەم نامەیەیان پێ دەگات.

لەم نامەیەدا چەرچل سیاسەتی حكومەتی بەریتانیای بەرامبەر بە كوردستانی عێراق ڕوون كردۆتەوە. ئەمەی خوارەوە دەقی ڕاپۆرتەكەیە دەربارەی یاسای هەڵبژاردن لە كوردستان و لە عێراق.

داوننگ سترێت.

٢٧ی تەمموزی (١٩٢٢ن) ژمارە (٥٦٦).

بۆ مەندوبی سامی (لیوا سێر پرسی كۆكس)لە عێراق شەرەف مەندم بە ئەوەی كە پێتان ڕابگەیەنم كە نامەی ژمارە (سی، شۆ، ٣٩٦)لەرۆژی ٢٠ی حوزێرانم وەرگرت كە تیایدا نوسخەی ئینگلیزیەكەتان بۆم ناردبوو لە مەلیك فەیسەڵەوە لە مانگی ئازاری (١٩٢٢ن)بڕیاری لەسەر دابوو.

سیاسەتی حكومەتی خاوەن جەلام دەربارەی كوردستانی باشوور بە خۆم لەبەردەم ئەنجومەنی بەریتانی لە رۆژی ١١ی ئەیلولی (١٩٢٢ن)دا وەك لای خوارەوە ڕوونم كردوتەوە بەم شێوەیە:

---

[1] كورد و كوردستان لە بەڵگەنامەكانی بەریتانیا، وەرگێرانی موحەمەد نوری تۆفیق، ل١٢٨.

(ئـەوەی کـە پەیوەنـدی بـە کوردسـتانی باشـوورەوە هەیـە ئێمـە هـیچ نیازێکمـان نییـە لـەوەی کـە خۆمـان تووشـی دەسـت تێـوەردان و خـۆ هەڵقورتانـدن بکـەین لـەو بارەوە.

ئێمـە هـەموو هـەوڵێك دەدەیـن لـەپێناوی کوردسـتانی باشـووردا. بـەڵام خۆمـان نابەسـتین بـە هـیچ ئیلتیزامێکـەوە. تـەعلیماتی (ڕێنمـایی، ن.س)ئاشـکرام دەرکردوە بۆ ئەوەی کە بە هیچ شێوەیەك ئێمە تێنەکەوین.

ئێمـە حـەز ناکـەین بـە زۆر داوا بکـەین لەگـەلی باشـووری کوردسـتان بـۆ ئـەوەی کـە بەشـداری بکـەن لـە هەڵبـژاردنی حکومـەتی (فەیـسەڵ)دا، چـونکە ئـەوان، گـەلی باشـووری کوردسـتان ئـازادن لـە بەشـداری کـردن یـان بەشـداری نـەکردنیان لـەو هەڵبژاردنەدا کە لەوێ ئەنجام دەدرێت.

ئێمـە بـە پەرۆشـین بـۆ جێبـەجێکردنی ئارەزووەکانیـان بـۆ پێکهێنـانی حـوکمێکی ناوخۆیـان و خۆیـان پێکـی بێـنن. ئێمـە لـەو باوەرەشـداین کـە بەرژەوەندییـەکانی باشـووری کوردسـتان بەسـتراوە بـە بەرژەوەندییـەکانی عێراقـەوە بـەبێ هـیچ دەست تێوەردانێکی ئێمە.

چەرچـل لـە برگـەی ٦ی ڕاپۆرتەکەیـدا دەڵێـت: پێویـستە ئـەو بەیاننامانـەش کـە قایمقامـەکان دەری دەکـەن و بـڵاوی دەکەنـەوە لـە قـەزا کوردیەکانـدا بـە ئاشـکرا تیایـدا سیاسـەتی حکومـەتی خـاوەن حـەڵاڵ (بـەریتانیا)و مـەلیك فەیـسەڵ ڕوون بکەنـەوە کـە وەکـو یـەکن لـە ناوچـە کوردییەکانـدا، ئـەویش ئەوەیـە کـە هـەر دوو حکومـەتی (بـەریتانیا و عێـراق)نیازیـان نییـە کـە بـە زۆر داوا بکـەن لـە باشـووری کوردسـتان کـە دەبـێ ملکەچـی بـن بـۆ حکومـەتی عێـراق یـان بـە زۆر لـە دەرەوەی حکومەتدا بن، ئەوان ئازادن کە بە چ شێوەیەك بەشداری لە هەڵبژارندا بکەن.

وە هـەر لـەو بەیاننامەیـدا داوا لـە گـەلی کـورد بکرێـت کـە ئـەو (بەدیلـە)و گۆڕانـەی کـە دەیانـەوێت چـیە؟ ئەمەشـیان خـاڵێکی گرنگـە کـە نـابێ ڕێگـا بـدرێت شـیکردنەوەی خراپـی بـۆ بکرێـت، بـە بۆچـوونی مـن بـۆ ئـەم بابەتـە ئێـستا هـیچ شـتێك نییـە لـە بـاتی لەبـەردەم گـەلی کـوردا بـۆ ئـەو»ی یەکـسەر نەڕۆنـە پـاڵ حکومەتی عێراق و شتێکی تر هەڵبژێرن.

موتەسەریفی هەمیشەیی بۆ دادەمەزرێت، وە دەسەلآتی موتەسەریف لەلایەن مەندوبی سامی بەریتانیاوە دیاری دەکرێت، لە دوای ڕاوێژکردن لەگەڵ موتەسەریف و کۆڕی دەوڵەت. وە قایمقامەکان بەریتانی دەبن لەم کاتەدا هەتا لە کوردان پیاوی لێهاتوو دەست دەکەن و جێگایان دەگرنەوە.

کوردەکانی لیوای موسڵ و هەولێر بڕیاریان داوە کە لەسەر ئەو نەخشەو پیلانەی کە مەندوبی سامی بەریتانی دایناوە بۆ حوکمڕانی ناوچەی کوردستان. بەلآم کوردەکانی ناوچەی سلێمانی ناکۆکن لەسەر ئەوەی کە بخرێنە پاڵ عێراق و بەغدا. وە ناڕەزاییان دەربڕیوە، وە داوایان کردوە کە ببەسترێن بە بەریتانیاوە و بەرپرسێکی بەریتانی بیان بات بەڕێوە لەگەڵ کۆمەڵێك لە هەڵبژێردراوی مللی کورد بۆ یارمەتیدانی کاروباری بەڕێوەبردن.

کاتێك کە هەڵبژاردن و دەنگ دان دەستی پێ کرد بۆ دامەزراندنی (مەلیك فەیسەل)بۆ مەلیکی عێراق هەموو لیواکان بەشداریان کرد و دەنگیان دا. تەنها لیوای سلێمانی نەبێت بەشداریان نەکرد لە هەڵبژاردن و دەنگیان نەدا.

# هۆیەکانی هێنانەوەی شێخ مەحمود بۆ سلێمانی، ن.س

لە دوای گەمارۆدانی دەربەندی بازیان لەلایەن سوپای ئینگلیزەوە و تێکشکانی لەشکرەکەی شێخ مەحمود و بەدیل گرتنی شێخ مەحمود بە برینداری و هەڤاڵانی. وە ناردنی بۆ بەغدا و دادگاییکردنی و فەرمانی لە سێدارەدانی.

دەوڵەتی بەریتانیا دووربین بوون لە حیسابەکانیاندا، فەرمانی لە سێدارەدانەکەیان بۆی کرد بە دە ساڵ حوکم و دوورخستنەوەی لە کوردستان و عێراق و ناردیان بۆ هندستان.

مستەفا کەمال ئەتاتورك پیاوێکی بەتواناو لێهاتووی تورك بوو بە لەشکرێکی گەورەی تورکەوە لە باکووری کوردستان یاخی بوو دژی سوڵتان و خەلیفەی عوسمانی بۆ لەناوبردنی دەسەڵاتەکەیان و دامەزراندنی دەوڵەتێکی کۆماری عیلمانی تورکی. مستەفا کەمال لەم یاخیبوونەیدا دەجەنگی لەگەڵ:

١-دەسەڵاتی خەلیفەی عوسمانی لە ئەستەمبوڵ بۆ ڕووخاندیان.

٢-لە ناوخۆوە دەجەنگی دژی هاوپەیمانانی جەنگی جیهانی یەکەم کە وڵاتەکەیانی داگیرکردبوو.

٣-دەجەنگی دژی یۆنانییەکان بۆ دەرکردنیان لە ناوچەی ئەنەدۆڵی تورکی.

٤-لە سنووری (حەلەب)ەوە دەجەنگێن دژی فەڕەنسیەکان.

٥-لە باکووری کوردستانەوە دەجەنگی دژی بزووتنەوەی ئازادیخوازەکانی کورد و ئەرمەنیەکان.

٦-لە باشووری کوردستانەوە بە سەرۆکایەتی (ئۆزدەمیر)ڕەواندز و ڕانیە و کۆی سنجاق و ناوچەی پشدەری داگیرکردبوو، وە دەجەنگی دژی ئینگلیزە بەریتانیەکان و داوای ولایەتی (موسڵ)ی دەکرد بەپێی بڕیاری ڕۆژی ڕاوەستانی جەنگی جیهانی یەکەم، کە پێش ڕاوەستانی جەنگ موسڵ بە دەستی عوسمانییەکانەوە بوو، لەپاش دوانزە ڕۆژ بە ڕاوەستانی شەڕ سوپای بەریتانیا چووە ناو موسڵەوە، لەلایەکی ترەوە بەپێی بروانامەی (میشاق)مللی تورکی دەستیان لە موسڵ هەڵنەگرتبوو.

مستەفا کەمال ئەفسەرو سەرکردەیەکی یاخی بووی چالاك بوو، جەماوەری لاو و زۆربەی سوپای تورك پشتیوانیان لێی دەکرد، خۆیشی پەیوەندی پتەوی هەبوو لەگەڵ ڕوسیا و

حكومەتە تازەكەی شۆڕشی ئەكتۆبەری ساڵی (١٩١٧ن. جێگای مەترسیەكی گەورە بوو بۆ بەریتانییەكان لە عێراق ئینگلیزەكان هیچیان بەدەستەوە نەمابوو خەریك بوو نائومێد دەبوون لە ولایەتی موسڵ، مەترسی داگیركردنی هەموو ولایەتەكەیان هەبوو لەلایەن سوپاكەی مستەفا كەمال ئەتاتورك و ئۆزدەمیرەوە.

لەلایەكی تریشەوە پیاوەكانی (ئۆزدەمیر)لە ناوچەكەدا و فەرمانبەرە كۆنەكانی دەوڵەتی عوسمانی لەناو شاری سلێمانیدا بەرژەوەندیان لێ درابوو، بەناوی ئیسلامەوە پروپاگەندەیان بۆ توركان دەكرد دژی ئینگلیزەكان.

لە بەهاری ساڵی (١٩٢٢ن)شاری سلێمانی راپەڕین دژی ئینگلیزو حكومەتی بەریتانیا و داوای گەڕانەوەی شێخ مەحمود و دامەزراندنی دەوڵەتێكی كوردیان دەكرد.

بارودۆخی سلێمانی بە تەواوی شێوابوو. دەسەلآتی ئیداری و پاراستنی ئاسایشی تیادا نەمابوو. ئینگلیزەكان لە (١٩٢٢/٩/٢٢ن)شاری سلێمانیان بەجێهێشت و هەموو گەڕانەوە بۆ بەغدا.

جەماوەری راپەڕیوی سلێمانی كۆمەڵكیان پێكهێنا بە سەرۆكایەتی شێخ قادری برای شێخ مەحمود بۆ بەڕێوەبردن و پاراستنی ئاسایشی ناو شاری سلێمانی.

ئەوەی كە مابوو بەدەستی حكومەتی بەریتانیاو ئینگلیزەكانی عێراقەوە بۆ بەرگریكردن لە ولایەتی موسڵ تەنها بەندەكانی پەیمانی سیڤەر (بوو كە كردبوویان بە بەڵگەی دەستیان و دەیان گوت بەپێی بەندەكانی (٦٤،٦٣،٦٢)پەیمانی سیڤەر)دەوڵەتێكی كوردی دادەمەزرێنین لە ولایەتی موسڵ و تورك مافیان بەسەر موسڵەوە نەماوە.

بۆیە ئینگلیزەكان پێویستیان بە شێخ مەحمود بوو كە بێتەوە بۆ سلێمانی و جەماوەری كوردی لە دەوری كۆ بكەنەوە و لەشكرێكی لێ پێك بێنن و سوپای توركی پێ دەر بكەن لە ڕەواندز و ڕانیە و كویسنجاق و پشدەر دەوڵەتی بەریتانیا لە پێناوی بەرژەوەندی خۆیان و مانەوەیان لە ولایەتی موسڵ (باشووری كوردستان، ن.س)بڕیاریاندا كە شێخ مەحمود بگەڕێننەوە بۆ شاری سلێمانی.

حكومەتی بەریتانیا شێخ مەحمودیان هێنایەوە لە هندستان بۆ كوێت و لەوێوە بۆ بەغدا و چەند ڕۆژێ لە بەغدا هێشتیانەوە. لەو ماوەیەدا كە لە بەغدا بوو چەند دانیشتنێكی كردبوو لەگەڵ مەندوبی سامی بەریتانی و مەلیك فەیسەڵ مەلیكی عێراقی تازە دامەزراو.

وە لە دانیشتنەکاندا کۆمەڵێك مەرجیان دانابوو بۆ شێخ مەحمود بۆ گەڕانەوەی بۆ سلێمانی، لەو مەرجانە:

١-شێخ مەحمود بگرێتەوە بۆ شاری سلێمانی بە ناونیشانی (سەرۆکی ئەنجومەنی مللی)بەلأم کە هەستیان کردبوو کە شێخ مەحمود ئەم ناوەی لەلای کەمەو پێی ناخۆشە، ناونیشانەکەیان گۆڕی بوو بە (حوکمدار)ی کوردستان.

٢-شێخ مەحمود سوپای کوردستان دابمەزرێنێت و هانی سەرۆك عەشیرەتەکان بدات بۆ چەك هەڵگرتن دژی تورکان بە یارمەتی ئینگلیز بۆ دەرکردنیان لە ناوچەو شارەکانی رەواندز و ڕانیە و پشدەر و کویسنجاق (کۆیە)و دووریان بخەنەوە لە سنوورەکانی ولایەتی موسڵ، وە مانەوەی شاری موسڵ لەژێر دەسەلأتی دەوڵەتی عێراقی تازە دامەزراو.

٣-بە شێخ مەحمودیان ڕاگەیاندبوو کە داوای شاری کەرکوك و هەولێر نەکات چونکە تەنها کوردیان تیادا نیە.

٤-لەکاتی دروستبوونی ئارامی و ئاسایش لە ناوچەکەدا ئۆتۆنۆمییەکی فراوان دەدەن بە کوردستان.

حکومەتی بەریتانیاو عێراق لە پێش گەڕانەوەی شێخ مەحمود بۆ سلێمانی ئەم ئەفسەرە کوردانەی ناو سوپای عێراقیان ناردەوە بۆ سلێمانی بۆ ئامادەکاری و یارمەتیدانی شێخ مەحمود بۆ دامەزراندنی (حوکمداری)ئیداری شاری سلێمانی.

١-تۆفیق وەهبی ٢-ئەمین ڕەواندزی ٣-عەزیز قەزاز ٤-فایەق کاك ئەمین ٥-سدیق پاشا خەڵکی ناوچەی سلێمانی بوو گوندی مۆتکە. وایان دانابوو کە ئەم ئەفسەرە کوردانە یارمەتی دەرین بۆ دامەزراندنی حکومەتە تازەکەی کوردستان بە سەرۆکایەتی شێخ مەحمود.

وە سدیق پاشا لەلایەن مەندوبی سامی بەریتانیەوە لە بەغدا دانرابوو بۆ ئەوەی کە لەژێر چاودێری ئەودا حکومەتی کوردستان بڕوات بەڕێوە.

ئەم مەرجانەیان ڕاگەیاند بە شێخ مەحمود و ئینجا ناردیانەوە بۆ سلێمانی بە ناوی (حاکمداری)ی کوردستان، ن.س.

# گەیشتنەوەی شێخ مەحمود بۆ سلێمانی

[1] بە بیستنی دەرچوونی شێخ مەحمود لە بەغدا بەرەو کوردستان بە هەزاران سوارەی کورد بە ئەسپ و ماینەوە ڕۆیشتن بۆ پێشوازیکردنی لە نزیک شارۆچکەی کفری و بە لەشکرێکی زۆرەوە شێخ مەحمود هاتەوە بۆ ناو شاری سلێمانی.

لە ڕۆژی ٣٠ی ئەیلولی ساڵی (١٩٢٢ز)شێخ مەحمود گەشتەوە ناو شاری سلێمانی بە چەفتەو عەگالێکی سوورمەدارەوە لەگەڵ مێجەر نۆئێل ئەوەی کە ڕاوێژکاری بوو لە حوکمداری یەکەدا و لە ئەسپەکەی دابەزی و سلاوی کرد لەو جەماوەرە زۆرەی کە کۆببوونەوە بۆ پێشوازیکردنی. وە لەگەڵ مێجەر نۆئێل چوون بۆ ئەو ژوورەی کە بۆیان ئامادەکرابوو و تاوێک پشوویان داو حەسانەوە. لەپاش ماوەیەکی کەم خۆی و مێجەر نۆئێل هاتنە دەرەوە بۆ سەیرکردنی جەماوەر و گوێ گرتن لە وتارو شیعر و سروودی نیشتیمانیان، وە خۆشحاڵی دەربڕینیان. بەلام شێخ مەحمود هیچ قسەیەکی نەکرد بۆ ئەو جەماوەرە زۆرە و هیچ وتارو قسەیەکی نەکرد بۆیان لە بارەی چۆنێتی شەڕی دەربەندی بازیان و برینداربوونی و گرتنی بەدیل و دادگایی کردنی و بڕیاری لە سێدارەدانی و ناردنی بۆ هندستان و گەڕانەوەی بۆ عێراق و کوردستان، یان باس کردنی بەرنامەو پیلانی داهاتووی چیە؟ و ە بەتەمای چیە؟.

[2] بەلام ئەحمەد خواجە لە کتێبەکەیدا (چیم دی)لاپەرە (٧٩)دەڵێت: شێخ مەحمود لە ڕۆژی ٢٢ی ئەیلولی ساڵی (١٩٢٢ز)گەیشتەوە شاری سلێمانی و لەبەردەم دیوانەکەی خۆیدا ڕاوەستاو ڕووی کردە جەماوەرەکەو گوتی (براکانم لە پێناوی گەل و نیشتیمانەکەمان لەبەر بەرەکانی چەکبازی دوا نەکەوتم، بە

---

[1] یادداشت، ڕەفیق حلمی، بەشی دووەم، ل٥١٣.

[2] چیم دی، ئەحمەد خواجە، ل٧٩

برینداری لە خنکانەوە بۆ هندستان ئاوارە کرام، چونکە لە ڕێگای ئازادی و سەربەستی گەلەکەمدا بوو، پێم ناخۆش نەبوو، وە یەکەم جاریش نەبوو، ئێستا هاتمەوە بۆ ناوتان، باوەڕم پێ بکەن هەتا دەگەین بە ئاواتی ئازادی من لەم داواو پیشەیە لانادەم، ئەگەر هەقمان نەدەنێ، گیانمان دەدەین تا دەیسێنین.

ئیتر زۆر سوپاسی دڵسۆزیتان دەکەم خواتان لەگەڵ. بۆ حەسانەوە).ڕەفیق حلمی ڕاست دەکات یان ئەحمەد خواجە؟ هەردوو لە شێخ مەحمودەوە نزیك بوون و ئامادەی پێشوازیەکە بوون. (ڕەفیق حلمی دەڵێت)لە پاش تەواوبوونی ئاهەنگی پێشوازی کردن و بلاّوەکردنی جەماوەری سلێمانی شێخ مەحمود هیچ قسەو باس و بڕیارێکی نەبوو بۆ ماوەی ١٠ ڕۆژ چووە (خەڵوەتەوە)و خۆی ونکرد لەبەر چاوە، وە کەس نەیبینی و خۆی لە کەس تێنەگەیاند و لەکەسی نەپرسیەوە، لە پاش دە ڕۆژ شێخ مەحمود هاتەوە بۆ شوێنی دانیشتنی خۆی و کۆمەڵێکی دامەزراند بەناوی سەرکردایەتی (هەئتی ڕوئوسا)ەوە وەکو کابینەی وەزارەت و لە ڕۆژنامەی (بانگی کوردستان)ژمارە ١٠ بلاّو کرایەوە بەم شێوەی خوارەوە:

١-شێخ قادری حەفید برای شێخ مەحمود ڕەئیسی ڕوئوسا (سەرۆکی سەرۆکەکان، لەباتی سەرۆك وەزیران، ن.س).وە سوپا سالاری سەرکردەی گشتی سوپای کوردستان.

٢-شێخ حمەغەریب ڕەئیسی داخلی (لەباتی وەزیری ناوخۆ، ن.س).

٣-عەبدولکەریم عەلکە (پیاوێکی بازرگانی مەسیحی خەڵکی سلێمانی بوو، ن.س)ڕەئیسی مالیە (وەزیری ئابووری، ن.س).

٤-مستەفا پاشا یامالکی ڕەئیسی معاریف (وەزیری زانست و پەروەردە، ن.س).

٥-ساڵح ساحێب قران ڕەئیسی قوای مللی (سەرۆکی هێزی مللی، ن.س).

٦-موحەمەدی ئاغای ئەورەحمان ئاغا ڕەئیسی نافعە، (وەزیری باج و گومرگ، ن.س).

# شێخ مەحمود و ئاشکرا کردنی خۆی بە مەلیکی کوردستان

[١] شێخ مەحمود لە پاش گەڕانەوەی لە هندستان بۆ سلێمانی سەیری دەکرد مەندوبی سامی بەریتانی لە بەغدا ئەو بایەخەی پێ نادەن (کە شایستەی شوێن و پلەو ناوی بێت کە حوکمداری کوردستانە، ن.س). وە پەیمانی ساڵی (١٩٢٢ن)نێوان بەریتانیا و عێرافیان مۆرکرد و بلاویان کردەوە کە پەیوەندی هەبوو بە دوارۆژی هەموو عێراق و هیچ حیسابێکیان نەکردبوو بۆ کورد لە پەیمانەکەیاندا و باسی دوارۆژی نەکرابوو، وە لە پەیمانەکەیاندا بە ئاشکرا بۆنی ئەوەی لێ دەهات کە کوردستان دەخەنە پاڵ عێراق.

سمکۆی شکاك لە دوای نسکۆ و شکستەکەی مانگی ئابی ساڵی (١٩٢٢ن)و هەڵهاتنی لە گەمارۆدانی دەوڵەتی ئێران و خیانەتی حکومەتی تورکیا و کوشتنی یەکێك لە ژنەکانی و بەدیل گرتنی یەکێك لە کوڕەکانی و دەست گرتن بەسەر سامان و ماڵەکەیدا لەلایەن سوپای تورکیاوە.

لەسەرەتای مانگی تشرینی دووەمی ساڵی (١٩٢٢ن)سمکۆی شکاك لەگەڵ دوو سەد سوار گەیشتنە شاری سلێمانی بۆ لای شێخ مەحمود و مانەوە هەتا بەهاری ساڵی (١٩٢٣ن).

لە بەهاری ساڵی (١٩٢٣ن)ئینگلیزەکان سلێمانیان بەجێهێشت و گەڕانەوە بۆ کەرکوك و بەغدا. شێخ مەحمود بۆ بەهێزکردنی ناوەندی دەسەلاتی خۆی و دروستکردن و بەلگەی شەرعییەت ناردی بەشوێن سەرۆك عەشیرەتەکان و پیاوانی دەم ڕاستی کوردستان، وە بە ئامادەبوونی سمکۆی شکاك لە ماڵەکەی خۆیدا لە سلێمانی کۆنگرەیەکی بەست و داوای کرد لە ئامادەبووانی کۆنگرەکە بۆ ئەوەی کە دەنگ و دەسەلاتی بدەنێ بۆ ئاشکرا کردنی خۆی بە مەلیکی کوردستان بۆ ئەوەی کە بتوانێت بەناوی گەلی کوردەوە قسە بکات و وتوێژ

---

[١] یاداشت، ڕەفیق حلمی، ل٦٣٦.

بكـات بـۆ دامەزرانـدنی دەوڵـەتێكی كـوردی سـەربەخۆ، وە گفتوگـۆكردن لەگـەڵ مەندوبی سامی بەریتانی لە بەغدا و لایەنەكانی تر.

ئەوانـەی كـە ئامـادەبوون لـە كۆنگرەكـەدا زۆربـەیان دەنگیـان دا بـە شـێخ مـەحمود (بـەبوونی بـە مـەلیكی كوردسـتان و بـەناوی كـوردەوە دەوڵـەتی كوردسـتان دابمـەزرێنێت، ن.س)ئـەنجامی كۆنگرەكـەیان كـرد بـە راپـۆرتێكی دوور و درێـژ و نـاوی ئامادەبووانیـان نووسـی و لەبەرامبـەر ناوەكـەدا هـەموو ئیمـزا (واژوو)یـان كرد. ئەوانەی كە راپۆرتی كۆنگرەكەیان ئیمزا كرد ئەم ناوانەی خوارەوە بوون.

١-سمایـل ئاغـای شـكاك (سمكـۆی شـكاك) ٢-بابـەكر ئاغـا ٣-عـەباس ئاغـا ٤-سالح ئاغـا ئـەم چـوارە نوێنـەری ناوچـەی پـشدەر بـوو. ٥-بـایز ئاغـا (ئـەوجاغ) ٦-حمـە ئاغـای ئـەورەحمان ئاغـا ٧-جەعفـەر ئاغـا عەشـیرەتی هەمەوەنـد٨-سـوڵتان نوێنـەری هـەورامان ٩-ئـەمین مـەحمود ئاغـا، نوێنـەری عەشـیرەتی هەمەوەنـد ١٠-موحەمـەد تالیـب، نوێنـەری جـاف سمایـل عـوزیری ١١-لـە سـادات قایمقـامی پێشووی شـارباژێر ١٢-حامیـد بـەگی مەجیـد بـەگ نوێنـەری حـاف ١٣-عزیـز ئاغـا رەئیـسی داودە ١٤-عـەلی حەسـەن ئاغـا رەئیـسی زەنگنـە ١٥-موحەمـەد ئاغـا رەئیـسی زەنگنـە ١٦-رۆسـتەم رەئیـسی جـاف رۆغزایـی ١٧-موحەمـەد رەئیـسی جـاف ١٨-فـارس ئاغـا رەئیـسی بـەیات ١٩-سـلێمان بـەگ رەئیـسی بـەیات ٢٠-سـادق ئاغـا رەئیـسی زەنـد ٢١-رۆسـتەم ئاغـای ئـەورەحمان ئاغـا رەئیـسی پـالآن ٢٢-رەشـید ئاغـا رەئیـسی پـالآن ٢٣-سـەید خـەلیل ئاغـا رەئیـسی كاكـەیی ٢٤-موحەمەد سالح ئاغا رەئیسی....هتد.

كۆنگرەكـە كۆتـایی هـات و هـەموو بڕیارەكـەیان واژوو كـرد و سـێ وێنـەیان گرتـەوە لەسەری (كۆپی)و ناردیان بۆ:

١-بۆ مەندوبی سامی بەریتانی لە بەغدا.

٢-وێنەیـەك بـۆ (ئـوزدەمیر سـەركردەی توركـان (بـۆ مـستەفا كـەمال ئـەتاتورك، ن.س).

٣-وێنەیەكی بۆ شێخ مەحمود خۆی.

[٢] شێخانی تاڵەبانیش دەنگی خۆیان خستە پاڵ دەنگی شێخ مەحمود و نوێنەری خۆیان نارد بۆ لای شێخ مەحمود بۆ سلێمانی و هاوپەیمانی و پشتگیری کردنی خۆیان دەربڕی و دووبارە کردەوە ئەمەیان زۆر پێ ناخۆش بوو.

شێخ مەحمود لە رۆژی ٤ی تشرینی دووەمی سالی (١٩٢٢ز)و بە ئامادەبوونی سمکۆی شکاك و سەرۆك عەشیرەتەکانی کورد، وە بەبێ ئاگادارکردنەوەی مەندوبی سامی بەریتانی لە بەغدا و نوێنەری تورکان (ئۆزدەمیر-عەلی شەفیق)لە ڕەواندز، لەلایەن خۆیەوە جاڕی مەلیکی خۆی داو ئاشکرای کردو ناوی خۆی نا (مەلیك مەحمود مەلیکی کوردستان)و دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانی دامەزراند و ئەنجومەنی وەزیرانی پێکهێنا لەم ناوانەی خوارەوە:

١-لەژێر ناوی (هەیئەتی رۆسا)و لەرۆژی ١٥ی تشرینی دووەمی سالی (١٩٢٢ز)و لە رۆژنامەی بانگی کوردستان ژمارە ١٠ بلآوکرایەوە بەم شێوەی خوارەوە:

١-شێخ قادری حەفید (برای شێخ مەحمود، ن.س)رەئیسی رۆسیا (سەرۆك وەزیرانی ئێستا، ن.س).

٢-شێخ موحەمەد غەریب، رەئیسی داخلیە (وەزیری ناوخۆ).

٣-عەبدولکەریم عەلکە، رەئیسی مالیە (وەزیری دارایی).

٤-مستەفا پاشا، رەئیسی مەعارف (وەزیری پەروەردە و زانست).

٥-سالح زەکی ساحێب قران رەئیسی قوای مللی (وەزیری بەرگری).

٦-موحەمەد ئاغای عەبدولرەحمان ئاغا رەئیسی نافعە (وەزیری دەستکەوتەکان=باج و گومرگ).

٧-حاجی مەلا سەعید کەرکوکی زادە، رەئیسی محاکم و شەرع(وەزیری داد).

٨-سەید ئەحمەد بەرزنجی رەئیسی ئەمنیەی عمومی (وەزیری ئاسایشی گشتی).

[٢] کورد و کوردستان، دکتۆر وەلید حمدی، وەرگێڕانی موحەمەد نوری تۆفیق، ل١٣٢

ئینجا دەستی کرد بە داواکردنی شارەکانی کەرکوك و هەولێر و بەشێك لە موسڵ هەتا زنجیرە شاخی حەمرین. وە مەلیك مەحمود دەستی کرد بە نامە ناردن و پەیوەندی کردن بە دەوڵەتانی دراوسێ و دەرەوەی وڵات.

(مێجەر ئەدمەندس)راوێژکاری وەزارەتی ناوخۆی عێراق لە لەندن وتارێکی بلاوکردەوە لە رۆژنامەی (The middle East loral لەژێر ناونیشانی (کوردانی عێراق)و دەڵێت: هەواو نەشئەی شاخەکانی سلێمانی شێخ مەحمودی سەرمەست کرد و گفت و بەڵێنەکانی کە دابووی بە گەورەکانی بەغدا زۆری پێ نەچوو لەبیری کردن و ناوی خۆی نا (مەلیکی کوردستان)و دەستی کرد بە داواکردنی شارەکانی تری هەموو ئەو خاکەی کە بە کوردستان ناو دەبرێت هەتا سنووری زنجیرە شاخی حەمرین درێژ دەبێتەوە.

مەلیك مەحمود ئالایەکی هەڵبژارد بۆ کوردستان تەختەکەی سەوز بوو، وە وێنەی مانگێکی تیادا بوو، وە لە سەرووی ئالاکەوە تاجێکی نەخش کراو بوو و هەڵیان کرد لەسەر تەلاری مەلیك مەحمود و فەرمانگە فەرمیەکانی شاری سلێمانی.

# نامەی مەلیك مەحمود بۆ سۆڤیەت

[1] مەلیك مەحمود لە پاش ئاشكرا كردنی خۆی بە مەلیكی كوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتی كوردی و هەڵكردنی ئاڵای كوردستان لەسەر تەلارو فەرمانگەكانی دەوڵەت لە شاری سلێمانی، نامەیەكی نارد بۆ دەوڵەتی سۆڤیەت و داوای ددان پیادانان و پشتگیری و یارمەتی كرد لێیان، ئەمەش دەقی نامەكەی مەلیك مەحمودە بۆ سۆڤیەت (ڕوسیا)نامەی مەلیك مەحمود (مەلیكی كوردستان، ن.س). بۆ دەوڵەتی سۆڤیەتی مەزن. ٢٠ی كانونی دووەم ساڵی (١٩٢٣ن).

بۆ پایە بەرز جەنابی كونسولی ڕوسیای باڵا دەست و شكۆدار، لەگەڵ جەخت كردنەوەم لە ڕێزی زۆرم سەلامی خۆمتان پێ ڕادەگەیەنم.

لە ساڵی (١٩١٧ن)دا لە كاتێكدا كە دەنگی ئازادی ڕاستەقینە گەیشتە بەرگوێی جیهان و گەلانی ژێر دەستە، تاوانباران و ستەمكارانی ڕسوا كرد بۆ ڕزگاركردنیان، هەموو گەلانی ژێر دەستەكانی سەر زەوی پێشوازیان لێی كرد، پێشوازیەكی زۆر هەست كردن بە تێكۆشان و قوربانی دان لە پێناوی ئازادیدا، وە ئومێدەواربوون (هیواو ئومێدیان پەیدا كرد، ن.س)لە شەرەف و نیازی باشی گەلی ڕوسیا كە خواست و داواكانیان بێنێتە دی.

بەڵام ئەوەی كە پەیوەندی بە مافی ئێمەوە هەیە لە زۆربەی ڕۆژنامەكاندا نووسراوە كە چۆن بەریتانیەكان تینوی خوێن ڕشتن و خوێن ڕژینی گەلانن.

ئەو گورزە بەهێز و كوشندەیان وەشاند لە گەلی كورد بە تۆپ و بۆمبای سوتێنەر (لەناو شاری سلێمانی، ن.س)بەبێ ئەوەی كە جیاوازی بكەن لە نێوان منداڵان و پیاواندا، ئەوەش لە ساڵی (١٩١٩ن)واتە لەپێش چوار ساڵ.

---

[1] كوردستان و بزووتنەوەی نەتەوایەتی كورد، جەلال تاڵەبانی، ل٢١٨، كوردیەكەی.

لەكاتێكـدا بـوو كـە گـەلی كـوردی ژێـر دەسـتە ويـستی مـاف و داخوازيیـە ڕەواو ياساييەكانی لە پايتەخت (ی كوردستان، ن.س)لە سلێمانی بەدی بهێنێت.

لـەبێ بـەختی گـەلی كـورد بـوو لـەو ڕۆژانـەدا ڕەوشـی نـاوخۆی حكومـەتی ڕوسـيای شـكۆدار بـەو شـێوەيە بـوو و ڕێگـای نـەدا بـە ئـەوەی كـە بپەرژێتـە سـەر ڕەوشـی گـەلانی ژێـر دەسـتەو چەوسـاوە، ئـەو ڕەوشـە بـەردەوام بـوو هـەتا ئـەو كاتـەی گـەلی ڕوسيا بە هێزی سروشتی خۆی و نيازی باشی و ڕاستی ئامانجەكانی دەركەوت.

سـوپاس بـۆ خـودا تـوانی هێـز و توانـا مەزنـەكانی خـۆی ئاشـكرا بكـات. گـەلی كـوردی بـە كۆيلـەكراو شـەرەف مەنـد دەبێـت بـە ئـەوەی كـە لـە بـارەی ئـەم كێشانەوە ڕاوێژتان پێ بكات.

هـەموو گـەلی كوردسـتانی باشـور زۆر ئارەزوومەنـدن بـۆ دۆسـتايەتی و يارمەتيـدانی حكومـەتی ڕوسـيای شـكۆدار، وە بـۆ قوربـانی دان لـە پێنـاوی ئـەو دۆسـتايەتيەدا، وە جێبـەجێكردنی بـە دڵ و بـەگيان، وە بـە بـەردەوامی و بـەو شـێوەی كـە ئـەو دۆسـتايەتيە دەيخوازێـت لێـی. ئەمـەش وەكـو مـەرجێكی بنـچينەيی پێويـستە كـە بـە فـەرمی ددان بنرێـت بـە مافـە نەتەوايەتيەكـەمان و دەسـەلاتماندا و دەرخـستنی ئەم پەيوەنديەمان بۆ ڕای گشتی جيهان.

وە بـە هێزكردنـی تواناكانمـان و دەسـەلاتمان بـە شـێوەيەكی گـشتی و لاوازكردنـی توانای دوژمن.

لايـەنی ئێمـە پێويـستی بـە هەنـدێك تـۆپ هاوێـژ و ڕەشـاش و فرۆكـە و چـەك و كەرەسـتە و تفاقـەكانی هەيـە و دەبێـت. ووردەكاريـەكان (ی ئـەم باسـەش، ن.س)عەقيـد ڕەشـيد ئەفەنـدی و سـكرتێرەكەی عـارف ئەفەنـدی بـە سـەرزارەكی پێتان ڕا دەگەيەنن.

لـە كۆتاييـدا ئێمـە ئومێـدمان هەيـە كـە بگـەين بـە مـافی نەتەوايـەتی و ياسـايی بـۆ گـەلی كـورد كـە هـەر ئێـستا دەسـتی دۆسـتايەتی و برايـەتيتان بـۆ درێـژ دەكـات، ئـەو برايـەتی و هاوڕێيەتيـەی يـەككرتن كـە حـەزی پێـدەكات بـە دڵ و بـەگيان و ئارەزوو دەكات كە لەگەڵ ئێوەدا بێت.

وە لەلای ئێوەش ئاشکرایە کە کێشەی ئاگر بەست و شەڕی ئێمە لەگەڵ کێدایە لە کوردستانی باشوور. هەروەها پەیوەندیەکانی حکومەتەکانی دراوسێکانمان هەموو ئەمانە.

هەڵبەتە ناکرێت ووردەکاری کارەکانمان بنووسین بۆ ئێوە لە کاتێکدا کە لە نێوان ئێمەو حکومەتی سۆڤیەتدا کە ئێمە پشتی پێ دەبەستین و بە پشتیوانی خۆمانی دەزانین، هیچ پەیوەندیەکی دبلۆماسیمان نییە تاوەکو ئێستا. بەلام دەتوانم یەك شت بڵێم ئەویش ئەوەیە کە هەموو گەلی کورد گەلی ڕوسیا بە ڕزگارکەری خۆرهەلات دەزانن.

لەبەر ئەوەی ئامادەیە چارەنووسی خۆی بە چارەنووسی ئەودوە ببەستێتەوە.

ئەوەی کە زۆر بیرمان لەلایەتی و سەرقاڵمان دەکات ئەوەیە کە دەربارەی یارمەتی دانمانەو پشتگیری کردنمان. گەلی کورد بەوپەڕی ئارامییەوە چاوەڕوانی دامەزراندنی پەیوەندیەکانی نێوانمانە.

وە ئەگەر ئەو پەیوەندییانە بەرپابوون و هاوکاری نێوانمان هاتەدی کە خەونی پێوە دەبینم ئەوا ئەو کاتە گەلی کورد ڕزگار دەبێت. شایەنی باسیشە ئەگەر ئەم ڕووداوە گرنگە بەدی هات ئەوا هەوڵ و تێکۆشانی هەموومان بەپیتی زێرین دەنووسرێت لە مێژوودا.

ئمیزا

مەلیکی کوردستان

<u>تێبینی:</u>

**ئەم نامەیە دکتۆر شەمزینی لە رۆژنامەی نوێنەری کۆماری ڕوسیای سۆڤیەتی فیدرالیەوە وەری گرتووە کە خاوەنی هەموو دەسەڵاتەکانە لە ئێراندا. لە بەرواری ٣ی مارتی (١٩٢٨ز)لە پاشکۆی ١٢ای هەمان بلاوکراوەدا بە ڕووسی نووسرابوو.**

# شێخ مەحمودی مەلیك چۆن پشتی لە ئینگلیزەکان کرد؟

[(١)] شێخ مەحمود مەلیك کە گەڕایەوە بۆ سلێمانی تەنها (مێجەر نۆئێل)ی لەگەڵدا بوو وەکو ڕاوێژکاری سیاسی و نوێنەری مەندوبی سامی بەریتانی لە بەغدا. دوایش (کابتن چەپمەن)هات بۆ سلێمانی و بوون بە دوو ئەفسەری ئینگلیز لە سلێمانی و لە دەوری شێخ مەحمود مانەوە.

فەرمانبەران و کارمەندانی دەوری شێخ مەحمودی مەلیك ئەو فەرمانبەرە کۆنانەی زەمانی عوسمانی بوون لەگەڵ پیاوانی تورك خوازی کورد. ئەمانە بەرژەوەندیان لێی درابوو لە دوای دەسەڵاتی عوسمانییەکان. ئەم فەرمانبەرە کۆنانەی عوسمانی و پیاوانی تورك خوازی کورد ببوون بە پەرژین و دیوار لە نێوان مەلیك مەحمود و مێجەر نۆئێل و مستەفا پاشای یامولکی کە ئەویش لە ناحەزانی تورك و ئۆزدەمیر بوو.

ئەوەی کە زۆر نزیك بوو لە مەلیك مەحمودەوە و متمانەی پێی بوو (تایر عەلی ئەمین مەسرەف)بوو سەرنووسەری نوسینگەی مەلیك مەحمود بوو (باش کاتب)تایر عەلی ئەمین تورك خوازبوو و خزمەتی بەرژەوەندییەکانی تورکی دەکرد لەناو دەسەڵاتی مەلیك مەحمودا.

تایەر عەلی ئەمین دەسەڵاتی زۆرتر بوو لە مێجەر نۆئێل لەلای مەلیك مەحمود و قسەکانی ڕەواجی هەبوو، هەموو ئیش و کارەکانی مەلیك مەحمود بە پەنجەی ئەو هەڵدەسوڕان و دەڕۆیشت بەڕێوە. بۆیە تورکەکان جارێکی تر تای تەرازوویان لە سلێمانی سەرکەوت و بەرز بوویەوە.

لەلایەکی ترەوە ڕۆژنامەکانی بەریتانیا (وەکو سیاسەتی ڕۆژنامەیان بۆ ڕازی کردنی گەلی بەریتانی، ن.س)هەموو جارێك بڵاویان دەکردەوە گوایە ئینگلیزەکان نایانەوێت هێزو سەربازەکانیان لە ناو عێراق و کوردستان بمێننەوە، (وەك تورکانیش هەمان

[(١)] یاداشت، ڕەفیق حلمی، بەشی دووەم، ل٥٦٥

پروپاگەندەیان دەکرد بۆ گەڕانەوەی سوپای ئینگلیز و هاتنەوەی تورکان بۆ ولایەتی موسڵ و داگیرکردنەوەی، ن.س).

وە شێخ مەحمودیش خۆش باوەڕ بوو بەو پروپاگەندەی ڕۆژنامەکانی ئینگلیز و تورکان کە ئینگلیزەکان دەکشێنەوە لە ولایەتی موسڵ (باشووری کوردستان، ن.س)و عێراق، وە تورکان دێنەوە بۆ ناوچەکە.

وە سستی ئینگلیزەکانی بەغدا لە یارمەتیدانی مەلیك مەحمود بۆ خزمەتگوزاری و پێشخستنی دەسەلاتەکەی و بایەخ پێنەدانی، وە مۆرکردنی پەیمانی نێوان بەریتانیا و عێراق (و گوێ نەدان بە ڕای کورد و کێشەکەی، ن.س).

مەلیك مەحمود ناحەزی تورکان بوو و حەزی پێیان نەدەکرد، بەلام دەترسا ئینگلیزەکان دەستبەرداری بن و بەجێی بێڵن و تورکان بگەڕێنەوە بۆ ولایەتی موسڵ و بەگورکان خواردیان بدەن، مەلیك مەحمود لەبەر نەبوونی ئەزمونی سیاسی و نەبوونی ڕاویژکاری کوردی دڵسۆز بۆ پرس پێکردن و ڕێنمایی کردن، وە بێ باوەڕی و بێ متمانەیی خۆیشی بە سیاسەت مەداران و ڕۆشنبیرانی کورد، وە خۆیشی بە گەورەو زانا دەزانی. وە فیزو هەوای هەبوو و پێی نەنگ بوو پرس بە کەسانی تر بکات لە گفتوگۆکاندیدا لەگەڵ ئینگلیزو تورکاندا، تەنها ڕای خۆی بوو. متمانە و باوەڕی نەبوو نە بەخۆی و نە بەو کۆمەڵە ئەفسەرو ڕۆشنبیران و نیشتیمان پەروەرانەی کورد کە لەناو شاری سلێمانیدا بوون، وە نە بە ئیگلیز و تورکان. گوێی لە هەموو کەس ڕادەگرت بەبێ وەلام و لێکۆڵینەوە. هەر ڕۆژە ڕایەکی بوو، جارێك بۆ لای ئینگلیزەکان و جارێك بۆ لای تورکان.

بەلام تورك خوازەکانی دەوری زۆر بوون وەکو تایر عەلی ئەمین مەسرەف و فەرمانبەرە کۆنەکانی دەوڵەتی عوسمانی لەناو سلێمانیدا، وە ئۆزدەمیردو ئەو ئەفسەرە تورکانەی کە هاتوچۆیان دەکرد و میوانداریانی دەکرد و قسەیان بۆی دەکرد و ئەویش گوێی بۆیان ڕادەگرت.

ئۆزدەمیر و ئەفسەرە تورکەکان بە ئاشکرا هاتوچۆی مەلیك مەحمودیان دەکرد و لەگەڵی دادەنیشتن. سیخورەکانی ئینگلیزیش ڕۆژ بە ڕۆژ ڕاپۆرتی خۆیان دەنووسیەوە بۆ ئینگلیزەکانی بەغدا.

وە لەلایەكی ترەوە كۆمەڵێك لە ئاغاو سەرۆك عەشیرەتەكانی ڕەواندزو ڕانیە و پشدەر و ناوچەكانی تری كوردستان لە پاش گرتن و دوورخستنەوەی مەلیك مەحمود لە سلێمانی و كوردستان پەیوەندیان كردبوو بە توركان و ئۆزدەمیرەوە و زیاتر سرنجی مەلیك مەحمودیان ڕاكێشابوو بۆ لای توركان بە ناوی ئاین و ئیسلام و غەزاو تۆڵە سەندنەوە، بەم وشانە شێخ مەحمودیان سەرمەست كردبوو.

ئینگلیزەكانیش كە سەیری مەلیك مەحمود و ئەو خەڵكانەی دەوریان دەكرد بە چاوی ڕق و كینەوە سەیریان دەكەن و ناویان بە كافرو غەیرە دین دێنن و دەبەن لە كوشتن و گیانی خۆیان دەترسان، شێخ مەحمودیش پیاوێكی ئازاو چاو نەترس و نیشتیمان پەروەر بوو، وە حەزی بە دەسەلآت و پلەو پایە بوو و دەویست ببێت بە مەلیكی كوردستان و خزمەتی میللەتەكەی پێ بكات. وە خۆیشی بەخت كرد لە پێناویا و لە دەربەندی بازیان گیراو دوورخرایەوە لە كوردستان هەر لەو پێناوەدا.

مێجەر نۆئێل ڕاوێژكاری سیاسی مەلیك مەحمود بوو وە نوێنەری مەندوبی سامی بەریتانی بوو لە بەغدا. ئەرك و فەرمانی گوێ گرتن بوو لە شێخ مەحمود و ڕێنمایكردنی بوو بۆ چۆنیەتی فەرمانڕەوایی و نزیك كردنەوەی شێخ لە مەندوبی سامی، و دانانی پرۆگرامی سیاسی و سەربازی و ئیداری بۆ مەلیك مەحمود.

مێجەر نۆئێل چەند جارێك هاتوچۆی نێوان بەغداو سلێمانی كرد و زانی هیچی پێ ناكرێت (كابتن چەپمەن)ی كرد بە وەكیلی خۆی و سلێمانی بەجێ هێشت و گەڕایەوە بۆ بەغدا.

كابتن چەپمەنیش بە هاندانی كوردە تورك خوازەكان كەوتە ژێر چاودێری كردنەوە و ماوەیان پێی نەدەدا وەكو پێویست هەڵسوكەوتی خۆی بكات بە ئاسانی و چاوی بە شێخ مەحمود مەلیك و كار بەدەستانی تر بكەوێت.

لە پاش ماوەیەكی كەم كابتن چەپمەنیش ڕۆیشت بۆ كەركوك بەناوی كاروبارەوە و نەگەڕایەوە و ئینگلیزەكان هیچیان لە سلێمانیدا نەمان.

# نوێنەری مەلیك مەحمود

# بۆ لای مەندوبی سامی بەریتانی لە بەغدا.

[1]هەر لە دوای کۆنگرەکەی سلێمانی و ئیمزاکردنی لەلایەن سەرۆك عەشیرەتەکانی کورد و مەلیك مەحمودەوە و ئاشکراکردنی خۆی بە مەلیکی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان و هەڵکردنی ئاڵای سەربەخۆیی کوردستان.

مەلیك مەحمود نوێنەرێکی پێکهێنا لە حمە ئاغاو تایر ئەمین ئاغا کە دوو پیاوی ناسراو و بەناوبانگی ناو شاری سلێمانی بوون.

لەگەڵ داواکارییەك و ناو و ئمیزاکانی ئامادەبوانی کۆنگرەکەی سلێمانی، ناردنی بۆ بەغدا بۆ وتوێژ و گفتوگۆکردن لەگەڵ دەسەڵاتدارانی بەریتانیا لە عێراق دەربارەی کێشەی کورد و ددان نان بە مەلیك مەحمود و دەوڵەتی کوردستان، وە هەڵوێستیان بەرامبەر بە بەریتانیا.

بە گەیشتنی نوێنەرەکانی مەلیك مەحمود بۆ شاری کەرکوك ڕاستەوخۆ خۆ داوایان کردبوو لە کاربەدەستانی بەریتانیا کە بەیاننامەیەك بلاّو بکەنەوە و تیادا ددان بنێن بە سەربەخۆیی کوردستان بە سەرۆکایەتی مەلیك مەحمود کە مەلیکی کوردستانە.

لەوەوپێش مەندوبی سامی بەریتانی لە بەغدا داوای کردبوو لە مەلیکی بەریتانیا کە ماوەی پێبدەن بەناوی حکومەتی بەریتانیاو عێراقەوە بەیاننامەیەك بلاّو بکاتەوە دەربارەی ددان پیانانی بەریتانیا و عێراق بە مافەکانی کوردان و دامەزراندنی حکومەتێکی کوردی لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراق. وەکو (ئۆتۆنۆمی یان فیدرالی، ن.س)بۆ ئەوەی کوردیش لایەنگیریان بکات و هەوڵەکانی تورکان پوچەل بکەنەوە بۆ داگیرکردنی ولایەتی موسڵ، وە دەرکردنیان لە ڕەواندز و ڕانیە و کویسنجاق و شوێنانی تری کوردستان.

---

[1] یادلشت، رەفیق حلمی، بەشی دووەم، ل٥٦٧

# هەوڵی مەندوبی سامی بەریتانی لە عێراق

# بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی کوردی لەناو عێراق

[1] بە گەیشتنی هەواڵی کۆنگرەی شێخ مەحمود لە ماڵەکەی خۆیدا لە شاری سلێمانی و بە ئامادەبوونی سمایل ئاغای شکاک (سمکۆی شکاك)و سەرۆك عەشیرەتەکانی کوردستان و متمانەو دەنگدان بە شێخ مەحمود کە سەرۆك و مەلیکی کوردستانە، وە ئاشکراکردنی شێخ مەحمود خۆی لە رۆژی (١٩٢٢/١١/١٨ن)بە مەلیکی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی لە باکووری کوردستان.

مەندوبی سامی بەریتانی لە بەغدا ترسی لێ نیشت بۆ سەرکەوتنیان و زیادبوونی نفووسی تورکان لە ناوچەکەدا، وە داگیرکردنی ولایەتی موسڵ (باشووری کوردستان)لەلایەن تورکانەوە.

بۆیە مەندوبی سامی بەریتانی بە پەلە داوای موافەقەی هەردوو حکومەتی بەریتانیاو عێراقی کرد بۆ ئەوەی کە ددان بنێنن بە مافی کوردان لە چوارچێوەی سنووری عێراق.

ئەم دەقی داواکارییەکەی مەندوبی سامی بەریتانیە لە عێراق، بۆ وەزیری مستەعمەرەکان.

**رۆژی ١٦ی ت ٢ ساڵی (١٩٢٢ن).**

**ژمارە (٨٠٤).**

ئێوە باش ئاگادارن لەو هەستە نەتەوایەتیەی کوردان کە ئێستا لە ئارادایە، وە ئاگاداریشن لەو هاندان و پشتگیری کردنەیان کە بۆ بزواندنی ئەو هەستە دەکرێت بەرامبەر بە سەرکەوتن و گفتوگۆکانمان لەگەڵ فەیسەڵدا (مەلیك فەیسل)وەبلاوبوونەوەی پەیمانی ساڵی (١٩٢٢ن)ی نێوان بەریتانیا و عێراق، لەبەر ئەوە کوردان باوەڕیان پێمان نەماوە، بۆیە کەسانی ڕووناکبیریان لێمان

---

[1] کورد و کوردستان، دکتۆر وەلید حەمەدی، وەرگێڕانی محەمەد نوری تۆفیق، ل١٣٢.

دوو دڵن و نایانەوێت پەیوەندیمان پێوە بکەن بۆ ئەوەی بەرنامەیەکی دەست و نیشانکراو دابنێین.

[٢]لەلایەکی ترەوە کەسانی نەخوێندەوار و توندڕەوەکانیان وەك شێخ مەحمود و کۆمەڵەکەی داوای خەیاڵمان لێ دەکەن و دەڵێن ئەو داواکارییانە داواو داخوازی هەموو کوردانە.

بۆیە من وای بەباش دەزانم کە بەیاننامەیەك دەربکەن و بڵاوی بکەمەوە، وە تیایدا ددان پیانانی هەر دوو دەوڵەتی بەریتانیاو عێراق ئاشکرا بکەم (بۆ مافی گەلی کورد لە باشووری کوردستان، ن.س). بۆیە ئەگەر من بەیاننامەیەکی لەم شێوە دەربکەم و تیایدا ددان پیانانی هەر دوو حکومەتی بەریتانیا و عێراق ئاشکرا بکەم. ئەمەش هەڵوێستەکە دەگۆڕێت و کەسانی میانڕەو (مام ناوەند)هاندەدات کە پێشنیاز و داخوازی هێمنانەمان بدەنی لەبارەی چارەسەرکردنی کێشەکەیانەوە. ئەو بەیانەش کاریگەرییەکی باشی دەبێت لەناو کوردانداو با دەدەنەوە بۆ لای ئێمە، ئەوەش چەکێکی کوشندەیە بەرامبەر بە هەڵسوکەوتەکانی تورکان کە ئێستا بە دەستیەوە دەناڵێنین، وە بەربەستێکی لەباریشە بۆ هەموو خەتەرییەکی چاوەڕێ کراو، لەو بارەیەوە ئەگەر فەیسەڵ (مەلیك فەیسڵ، ن.س)دەستەبەری موافەقی ئەنجومەنی وەزیرەکانی بکات. ئایە ڕێگام دەدەن بۆ دەرکردنی ئەو بەیاننامەو بڵاوکردنەوەی لە دوای بڕیارو موافەقەی فەیسەڵ؟.

کۆکس

١٩٢٢/١١/١٦ز

---

[٢] هەمان سەرچاوە، ل١٣٣.

# بەیاننامەی مەندوبی سامی و حکومەتی عێراق دەربارەی حکومەتێکی کوردی لەناو سنوری عێراقدا.

[1] دەقی بەیاننامەکە: هەر دوو حکومەتی خاوەن جەلالە (حکومەتی بەریتانیا، ن.س)و حکومەتی عێراق ددان دەنێن بە ماف ئەو کوردانەی لە چوارچێوەی سنووری عێراقدا دەژین بە دامەزراندنی حکومەتێکی کوردی لەناو سنوور(ی دەوڵەتی عێراق، ن.س)دا. وە داوا دەکەین لە هەموو کەسایەتیە کوردیە جیاجیاکان کە بە زووترین کات پێك بێن لەناو خۆیاندا لەسەر کێشەی دامەزراندنی حکومەتێك(ی کوردی، ن.س)بۆ خۆیان، وە نوێنەری (هەڵبژێراوی، ن.س)خۆیان بنێرن بۆ بەغدا بۆ گفتوگۆکردن دەربارەی ئەو پەیوەندییانەی کە پێویستە (بکرێت، ن.س)لە نێوان ئەوان و هەردوو حکومەتی خاوەن جەلالە (حکومەتی بەریتانیا، ن.س)و حکومەتی عێراقدا، کە لە پاشە ڕۆژدا دروست دەبێت.

(بەیاننامەکە تەواو بوو، ن.س).

لە پاش بلاوبوونەوەی بەیاننامەکە مەلیکی بەریتانیا داوای کردبوو لە مەندوبی سامی بەریتانی لە عێراق کە دەستەبەری ئەوە بکات (و ڕای بگەیەنێت، ن.س)کە ئەم جاڕدانە (ئەم بەیاننامەیە، ن.س)جیا بوونەوەی سیاسی و ئابووری نارچە کوردیەکان لە عێراق ناگرێتەوە.لەپاش بلاوکردنەوەی بەیاننامەکە مەلیك مەحمود نامەیەکی نارد بۆ مەلیك فەیسەڵ (مەلیکی عێراق، ن.س)و داوای لێی کردبوو کە لەباتی ئەو (لەباتی مەلیك مەحمود، ن.س)هەوڵ بدات لەگەڵ دەسەڵاتدارانی بەریتانیا بۆ چاککردنی پەیوەندیە تێکچوەکانی لەگەڵیاندا (و ئاسایی کردنەوەی نێوان مەلیك مەحمود و دەسەڵاتدارانی بەریتانیا لە عێراق، ن.س)، وەڵامەکەی مەلیك فەیسەڵ (بۆ مەلیك مەحمود هەر ئەوەندە بوو، ن.س)ئەمە بوو، وشەی گەل هەموو شتێکە (ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت یانی من گەل هەڵی بژاردووم و دەبێ تۆش گەل هەڵت بژێرن، ن.س).

[1] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٤

# نوێنەرانی مەلیك مەحمود و ئالۆزبوونی ووتوێژەكان

[٢] لە رۆژی (١٩٢٣/١/١٩)نوێنەرانی مەلیك مەحمود كەپێك هاتبوون لە (كەریم بەگی جاف و تایر ئەمین)گەیشتنە شاری كەركوك بۆ وتوێژ و گفتوگۆكردن لەگەڵ دەسەلأتدارانی بەریتانیا لە عێراق، و مەلیك مەحمود خۆیشی لە چەم چەماڵ چاوەڕێ دەكرد بۆ ئەوەی ئەگەر پێویستی كرد بە ئامادەبوونی خۆی بۆ گفتوگۆكردن ئامادەبێت.

بەلأم بەریتانییەكان لە كەركوك چەند جارێك دانیشتنەكەیان دواخست هەر جارەو بە بەهانەیەك. رۆیشتنی نوێنەرانی كورد بۆ كەركوك بۆ وتوێژكردن بوو دەربارەی ئەو بەیاننامەی مەندوبی سامی بەریتانی و حكومەتی عێراق كە بلأویان كردەوە دەربارەی دامەزراندنی حكومەتێكی كوردی لە چوارچێوەی عێراق.

وتوێژەكە تووشی تەنگژە و گیروگرفت بوو بەهۆی ناردنی هێزێك لەلایەن حكومەتی عێراقەوە بۆ موسڵ، وە ناردنی هێزێكیش بۆ دەوری كەركوك لەلایەن مەلیك مەحمودەوە.

وە مەندوبی سامی بەریتانی فەرمانی كشانەوەی نوێنەرەكانی خۆیانی دەركرد لە سلێمانی و گەڕانەوەیان بۆ كەركوك و بەغدا.

وە حكومەت ناردنی وەزیرەكانی بۆ كەركوك بۆ وتوێژكردن لەگەڵ نوێنەرانی كوردا دواخست بۆ ماوەیەكی دیاری نەكراو، بۆ گوشارخستنە سەر مەلیك مەحمود و داواكارییەكانی كورد.

لەلایەكی ترەوە وەزارەتی دارایی عێراق بەیاننامەیەكی بلأوكردەوە و تیایدا داوای باجی بازرگانی و كشتوكاڵی لە جوتیارانی كوردستان دەكات، وە ئەو قەرزانەی كە كۆبوەتەوە و لەلایانە دەبێ بە زووترین كات بیدەنەوە بە حكومەتی عێراق و وەزارەتی دارایی.

---

[٢] هەمان سەرچاوە، ل١٣٦

مەلیك مەحمود نیازو پیلانی دەسەلاتدارانی حکومەتی عێراق و ئینگلیزەکانی بۆ دەرکەوت و زانی نیازیان خراپە بەرامبەری و لە هەموو لایەکەوە فشار دەخەنە سەری بۆ لەناوبردنی. مەلیك مەحمود پەیوەندی کردەوە بە تورکەکان و نامەی نارد بۆیان و داوای کرد لێیان کە هاوکاریان دەکات بە مەرجێك بە حاکمی کوردستان قەبوڵی بکەن.

هەر لە هەمان کاتدا مەلیك مەحمود پەیوەندی کرد بە (شێخ مەهدی خاڵسی)یەوە سەرکردەی ئاپینی شیعەکان لە بەغدا و نامەی نارد بۆی و داوای کرد لێی بۆ هاوپەیمانی، وە هێزەکانیان ڕێکبخەنەوە بۆ فشار خستنە سەر دەسەلاتدارانی ئینگلیز و حکومەتی عێراق بۆ جێبەجێکردنی داخوازییەکانیان.

شێخ مەهدی خاڵسی لەوەوپێش خۆی ئامادەکردبوو بۆ بەرپاکردنی ڕاپەڕینێك دژی ئینگلیزەکان و حکومەتی عێراق.

# نامەی مەلیک مەحمود بۆ مەندوبی سامی بەریتانیانی

[1] لـە ڕۆژی (١٩٢٣/٧/١٧ن)مـەلیك مـەحمود نامەیـەکی نـارد بـۆ مەنـدوبی سـامی بەریتانی لە عێراق و داوای لێی کرد کە نوێنەرەکەیان بگەڕێتەوە بۆ سلێمانی.

وە ئامـادەیی خۆیـشی دەربـڕی بـوو بـۆ نـاردنی نوێنـەری خۆیـان بـۆ بەغـدا بـۆ سـەر لــە نــوێ گفتوگــۆکردن و وتوێــژکردن، وە نیگــەرانی خــۆی دەربــڕی بــوو بــۆ سەرنەگرتنی وتوێژەکەی کەرکوکیان.

وەڵامـی مەنـدوبی سـامی بـەریتانی لـە بەغـدا بـۆ نامەکـەی مـەلیك مـەحمود ئـەوە بـوو داوەتــی کردبــوو بــۆ ئــەوەی کــە بــڕوات بــۆ بەغــدا بــۆ چــاوپێکەوتن و دانیــشتن لەگەڵیانـدا بـۆ بـاس کردنـی کێـشەی کـورد و ئـەو بەیاننامـەی کـە بڵاویـان کـردەوە (بـەناوی حکومـەتی بـەریتانیاو عێراقـەوە، ن.س)وە گفـتی ڕێزگـرتنی پێـی دابـوو لـە نامەکەیدا.

وە هــەر لــە هــەمان نامــەدا ئاگـاداری مـەلیك مـەحمودی کردبـوو کـە ئەگـەر پابەنـدی داوەتەکـــەی نـــەبێت (و نـــەڕوات بـــۆ بەغـــدا، ن.س)ئـــەوا هـــەنگاوی پێویـــست هەڵدەگرن بەرامبەری.

مــەلیك مــەحمود وەڵامــی نامەکــەی مەنــدوبی ســامی بــەریتانی دابــووە و گوتبــوی هۆیـەکی ئـەوتۆ لـە ئـارادا نییـە کـە بـڕوات بـۆ بەغـدا، وە گوتبـووی نوێنـەرەکانمان دەســەڵاتی تــەواویان هەیــە و دەتــوانن لەســەر هــەموو کێـشەو گیروگرفتێـك بـدوێن لەگەڵیاندا.

[1] هەمان سەرچاوە، ل١٣٧

# راپۆرتی سیخوری

[1] بەناوی چەند رەئیس عەشیرەتێکەوە و لە ناویاندا (شێخ عەبدولکەریمی قادر کەرەم) و (بابەکر ئاغا)ئاگاداری دەسەلاتدارانی بەریتانیان کردبوو گوایە مەلیك مەحمود نەخشەی داناوە و بەنیازە بە یارمەتی و هاریکاری مەحمود خانی دزلی و عەباسی مەحمود ئاغای پشدەر هێرش بکەن بۆ شاری کەرکوك و هەولێر لەپاش کشانەوەی تورکان لە ناوچەکەدا.

هەروەها قایمقامی خانەقین بەلیوای (پارێزگای)کەرکوکی راگەیاندبوو گوایە عەشایەرەکانی کفری و ناوچەکانی خۆیان ئامادە کردوە (لەگەل فەرمانی مەلیك مەحمود، ن.س)بەرەو کەرکوك بکشێن و برِن بۆ داگیرکردنی.

# بەیاننامەی هەرەشەو ئاگاداری

[2] مەندوبی سامی بەریتانی لە بەغدا کە ئەو راپۆرتانەی پێ دەگات گوایە مولیك مەحمود بەنیازە شاری کەرکوك و هەولێر بگرێت و عەشایەرەکانی کفری و ناوچەکانی دەکشێن بەرەو کەرکوك، بۆ ریَ گرتن و دەست پێشخەری بۆ لاوازکردنی دەسەلاتی مەلیك مەحمود.

فەرمانی دابوو بە نوێنەری بەریتانیا لە سلێمانی کە لە کەرکوك دادەنیشت لە (٢٤-٢٥ی شوباتی ١٩٢٣ز)بەیاننامەیەکی هەرەشەو ئاگاداری بلاوکردەوە و بە فڕۆکە لە ئاسمانەوە بەریاندایە خوارەوە لە سلێمانی و ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی مەلیك مەحمود، ئەمەش دەقی بەیاننامەکەیە:

١-لەسەر ئەو رێنماییانەی کە پێم گەیشتوون لەلایەن بەختەوەرە (سەعادەت)مەندوبی سامیەوە. ئەم ئاگادارییە بەرەو رووی هەموو دانیشتوانی لیوای (پارێزگای)سلێمانی دەکەینەوە، سلێمانیمان تەسلیم کرد بە ئەنجومەنی لیوا.

---

[1] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٧
[2] هەمان سەرچاوە.

حکومەتی بەریتانیا بەچاوی سۆز و بەزییەوە ڕوانیە کێشەی گەڕانەوەی شێخ مەحمود (لە هندستانەوە بۆ سلێمانی، ن.س)بۆ ئەوەی کە بکرێت بە سەرۆکی ئەم ئەنجومەنە، بۆ ئەوەی کە ئەم ئیدارە کوردیە بەردەوام بێت بەپێی یاسا بۆ بەرژەوەندییەکانی خەڵکی (سلێمانی و ناوچەکانی، ن.س).

بەڵام بەداخەوە کارەکە بە پێچەوانەوە جێبەجێکرا، تەنها چەند کەسێك نەبێت لە ئەنجومەنەدا ڕاسپاردەکانی ئەفسەرەکانی بەریتانیایان جێبەجێ کردوە و یارمەتی حکومەتی لیوایان داوە.

ئەوانی تریان کارەکانیان سەرپێچی کردن و دوژمنایەتی کردن بووە بەرامبەر بە یاسا. ئەم کردەوانەیان وای کرد کە بەختەوەر مەندوبی سامی بەچاوی گومانەوە سەیری ئەو کەسانە بکات کە کاروباری لیواکە هەڵدەسوڕێنن.

لەبەر ئەوە خاوەنی بەختەوەری فەرمانیداوە کە لە دوای ئەم ئاگاداری و ڕاگەیاندنە پێویستە لەسەر شێخ مەحمود ئەفەندی (مەلیك مەحمود، ن.س)و ئەندامانی ئەنجومەنی لیوا لە ڕێگای کەرکوکەوە بەرەو بەغدا بڕۆن بەبێ دواکەوتن و هیچ بیانویەك.

لەوێ (لە بەغدا، ن.س)ئامادەبن و ڕاپۆرتێك بنووسن و بیدەن بە خاوەن بەختەوەریان دەربارەی لیواکە. لەپێشی ئەوەی کە ئەنجومەن (ی لیوا، ن.س)بەجێ بێڵن پێویستە (مەلیك مەحمود، ن.س)چەند کەسێك دەست نیشان بکات بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری لیواکەو پارێزگاری کردنی ئاسایش و ئارامی شاری سلێمانی، بۆ ئەوەی هەر سەرپێچیەکی یاساکرا یان تاوانێك ڕوویدا لێی بەرپرس بن.

٢-وە لەمە بەدوا پەیوەندیە فەرمیەکانیان لەگەڵ ڕاوێژکاری بەریتانیا دەبێت لە لیوای کەرکوك لە ڕێگای قایمقامی کۆیەوە (جەمیل ئاغا)وە دەبێت.

٣-ئاگاداری سەرۆکەکانی جاف کرایەوە کە هەڵەبجە جیا کراوەتەوە لە ئیدارەی سلێمانی، وە داوایان لێ کرابوو کە فەرمانبەران دابمەزرێنن (بۆ هەڵەبجەو ناحیەکانی، ن.س)وە نووسراوەکانیان و پەیوەندیان لەگەڵ ئەفسەرە بەریتانیەکاندا دەبێت لە ڕێگای کفرییەوە.

٤-قایمقامی چەم چەماڵ وەکو جاران دەست بەکار دەبێت لە کارەکانیدا (و پەیوەندی بە لیوای کەرکوکەوە دەبێت، ن.س).

٥–ئاگاداری سوار ئاغا کرایەوە کە بەشێوەیەکی کاتی قەزای ڕانیە جیا بکرێتەوە لە حکومەتەکەی سلێمانی.

٦–شێخ عەبدوللا قایمقامی ڕانیە کە شێخ مەحمود دایمەزراندبوو پێیان ڕاگەیاند کە لێپرسینەوەکەی تەسلیم بکات بە گەورەترین ئەفسەری هێزەکانی لیڤی لە ڕانیەو خۆی بگەڕێتەوە بۆ سلێمانی.

لە پاش بڵاوبونەوەی ئەو ئاگاداری و ڕێنەماییانە مەلیك مەحمود ئاگاداری دەسەلآتدارانی ئینگلیزی کردەوە و ئامادەیی خۆی دەربڕی بۆ ئەوەی کە نوێنەرێکی تر بنێرێت بۆ بەغدا بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵیاندا.

وە بۆیانی نووسیبوو ئەگەر گفتوگۆکەیان سەری نەگرت ئەو کاتە ئەو دەست هەڵدەگرێت لە بەرپرسی و دەکشێتەوە لە سلێمانی بۆ ئەوەی خراپەو وێرانکاری نەکرێت بەرامبەر بە دانیشتوانەکەی. وە داوای مۆڵەت و ماوەی کردبوو بۆ کشانەوەی خۆی و خێزانەکەی بۆ گوندێك لە گوندەکانی خۆی.

وە هەر لەو ڕۆژانەدا کۆمەڵێك لە پیاوە ناسراوەکانی شاری سلێمانی کە ژمارەیان دەگەیشتە (٥٠)کەس لە ئەوانەی کە ئەندامی ئەنجومەنی حکومەتەکەی مەلیك مەحمود بوون بروسکەیەکیان نارد بۆ مەندوبی سامی بەریتانی لە بەغدا و سەر سورمانی خۆیانیان تیایدا دەربڕی بوو کە چۆن لە دڵسۆزیان گومانیان کردوە.

هەر لەو ڕۆژانەدا ئینگلیزەکان شێخ قادر (ی قازنقایە، ن.س)بەڕێوەبەری ناحیەی سەنگاویان نارد بۆ سلێمانی بۆ وەرگرتنەوەی ئیدارەی لیوا (ی سلێمانی، ن.س)و تەسلیم کردنی بە کۆمەڵێکی تر.

بەلآم شێخ مەحمود ئیدارەکەی تەسلیم نەکردبوو (بە شێخ قادری قازان قایە، بەڕێوەبەری ناحیەی سەنگاو، ن.س).وە داواکرابوو لە مەلیك مەحمود کە بەخێزانەوە بڕوات بۆ ئەو گوندەی کە پێکهاتبوون لەسەری، کە دەبێ هەتاکو ئێوارەی ڕۆژی یەکی ئازاری (١٩٩٣ز)سلێمانی بەجێ بێڵێت و بەخێزانەوە بڕۆن (و لە سلێمانی نەمێنن، ن.س).

# بۆردومانی شاری سلێمانی لەلایەن دەوڵەتی بەریتانیاوە

[1] مەلیک مەحمود بەتەمای ئەوە نەبوو کەوا زوو ئینگلیزەکان سلێمانی بۆردومان بکەن. لەرۆژی (١/٣/١٩٢٣ز)بە پەلە مەلیک مەحمود نوێنەرێکی پێکهێنا لەم ناوانەی خوارەوە هەر هەمان رۆژ ناردنی بۆ کەرکوک بۆ وتوێژکردن لەگەڵ لێپرسراوانی بەریتانیا.

١-شێخ قادر برای مەلیک مەحمود. سەرۆکی نوێنەران.

٢-مستەفا پاشای یامالکی.

٣-ئەحمەد بەگی فەتاح بەگ.

٤-کەریمی عەلکە، کوردێکی مەسیحی بوو، وە بازرگانێکی گەورەی سلێمانی بوو. وە وەزیری دارایی حکومەتەکەی مەلیک مەحمود بوو.

٥-حمە ئاغا.

نوێنەرانی مەلیک مەحمود لە رۆژی ٣ی ئازار (١٩٢٣ز)گەیشتە شاری کەرکوک، هەر لە هەمان رۆژ لە (٣/٣/١٩٢٣ز)هێزەکانی ئاسمانی بەریتانیا شاری سلێمانیان بۆردومان کرد بەبێ دەست پاراستن و کوشتارێکی زۆر کرا لە دانیشتوانی بێ دەسەلات لە ناو شارەکەدا و ڕووخاندن و کاول کردنی دەیان خانوو ماڵ.

لە بەیانی رۆژی ٤ی ئازاری (١٩٢٣ز)لە بەربەیاندا مەلیک مەحمود لەگەڵ هێزێکدا سلێمانی بەجێ هێشت و کشایەوە بۆ سەرچاوە.

بە رێکەوت ئینگلیزەکان لەسەر رێگای ڕەواندز دەست دەگرن بەسەر جانتایەکی پۆستدا کە لە ڕەواندزەوە نێردرابوو بۆ جەزیرەی بۆتان لە باکووری کوردستان (تورکیا)کە دەیکەنەوە و دەبیشکنن نووسراوێکی مەلیک مەحمودی

[1] کورد و کوردستان، لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیا، دکتۆر وەلید حەمدی، ل١٤٠

تیادا دەبێت کە بۆ سەرکردەی سوپای تورکان (ئۆزدەمیر)ناردبووی و تیایدا پشتگیری خۆی دەربڕی بوو بۆ تورکان.

وە ئەوەی بۆیان باس کردبوو لە نووسراوەکەیدا کە بەنیازن هێرش بکەن بۆ گرتنی کەرکوك و کفری و کۆیە بە هاوکاری کردن لەگەڵ (سەید ئەحمەدی خانەقا)کە یەکێکە لە کەسایەتیە ناسراوەکانی کەرکوك، وە نازم بەگی نەونچی زاد کە پێشتر ئەندامی پەرلەمان بوو.

لە ١٠ی ئایاری (١٩٢٣ن)مەلیك مەحمود لە سورداشەوە نامەیەکی تری ناردبوو بۆ مەندوبی سامی بەریتانیانی لە بەغدا بەهۆی دەسەلأتدارانی بەریتانیاوە لە کۆیە لە نامەکەیدا داوای ڕاگرتنی خوێن ڕشتن و شەڕی تیادا کردبوو.

نامەکە گەیشتبووە دەستی مەندوبی سامی لە بەغدا و ئەویش وەلأمی دابوویەوە وەك وەلأمەکانی پێشووی کە مەلیك مەحمود بڕوات بۆ بەغدا و پێکەوە دابنیشن یان بڕوات بۆ لای ئەو ئەفسەرە سیاسیەی کە بەڕێوەیە بۆ سلێمانی، وە گفتی پێی دابوو کە ڕێزی لێ دەگرێت و گیان و ژیانی خۆی پارێزراو دەبێت.

(لە دوای مەلیك مەحمود، ن.س)ئەو لێپرسراوانە سزا دەدرێن. بەلأم بۆ بەڕێوەبردنی ئیدارەی ئەو شوێنانەی کە لە دەرەوەی شارن (شاری سلێمانین، ن.س)فەرمانمان دەرکردوە بۆ قایمقام و بەڕێوەبەرەکانی ناحیەکان.

بۆیە بەپێی ئەم ئاگاداری کردنەوە ئەگەر شێخ مەحمود ئەفەندی و ئەندامانی ئەنجومەنی لیوا لە ماوەی پێنج ڕۆژ لە دەرچوونی ئەم ئاگاداریە نەگەیەنە کەرکوك و لەوێشەوە بۆ بەغدا ئەوا حکومەت بۆ دەرخستنی دەسەلأتی خۆی و بۆ ڕوونەدانی کاری ناهەموار کە ئێوە لێپرسراون بەرامبەری.... وە هەر کەسیش بەزوویی بگات (ە بەغدا، ن.س)زەرەرو و زیانی پێ ناگەیەت.

هەر لە هەمان ئەم ئاگادارییە توندو تیژەدا، بە نامەیەکی جیاواز بۆ شێخ مەحمود نێردرابوو. وە چەند نامەیەکی تریش نێردرابوون بۆ:

١-شێخ عەبدولقادر لە ناحیەی سەنگاو (شێخ قادری قازانقایە، ن.س).

٢-بابەكر ئاغا. ٣-عەباس مەحمود ئاغا ٤-ئاغاكانى جاف. (لە هەڵەبجەو كەلار و شارەزوور ن.س)ە عەبدوڵلاّخان بەهار ٦-موحەمەد ئەمين ئاغاى هەمەوەند ٧-سوار ئاغاى بلباس. كە تيايدا ئاگادار كراون لەوەى كە حكومەتەكەى شێخ مەحمود هەڵوەشاوەتەوە. لەگەڵ هەندێك ئاگادارى و ڕاگەياندن دەربارەى بەڕێوەبردنى ئيدارەى تازە بۆ كورد وەكو:

١-شێخ عەبدولقادرى قازانقايە لێپرسينەوەى بەڕێوەبەرايەتى ناحيەى سەنگاو و قەرەداخ دەگرێتەوە ئەستۆ.

٢-ئاغاكانى پشدەر ئاگادار كرانەوە لێپرسينەوەى قەزاى قەلاّ دزە و مەرگە و پشدەر وەردەگرن.

لە پاش گەيشتنى هێزەكانى بەريتانيا بۆ سلێمانى شێخ قادرى براى شێخ مەحموديان كرد بە حاكمى شارى سلێمانى و (٥٠)سەربازى ليڤى يان بۆى دانا بۆ پاراستنى ئاسايشى ناو شارى سلێمانى و هێزەكانى ترى ئينگليز ڕوويان كردە ناوچەكانى سورداش و مەرگە و داگيريان كرد و لە ڕۆژى ٢٩ى مايسى (١٩٢٣ز)گەڕانەوە بۆ سلێمانى.

# بەیاننامەی لێبوردن بۆ مەلیک مەحمود

[1] لە پاش داگیرکردنی ناوچەکانی سورداش و مەرگە، مەندوبی سامی بەریتانی لە بەغدا بەیاننامەیەکی لە ڕۆژنامەکانی بەغدا بلاو کردەوە و داوای کردبوو لە مەلیک مەحمود کە دەست هەلبگرێت لە شەڕی هەردوو لا (ئینگلیزەکان و حکومەتی عێراق، ن.س)، و بەریتانیاش نیەت پاکی خۆیان دەردەبڕن بەرامبەری، ئەمەش دەقی بەیانەکەیە:

زانیومانە کە شێخ مەحمود چەند نامەیەکی ناردوە بۆمان و لە نامەکاندا، پشتگیری خۆی دەربڕیوە بۆ حکومەت و حەز دەکات خزمەت بکات.

ئێمەش وەلأممان داوەتەوە کە هیچ سزایەك نادرێت دەربارەی ئەو بەریەرەکانیانەی کە کردویەتی بەرامبەر بە حکومەت، ئەگەر بیەوێت بێت بۆ بەغدا، ئەو کاتە ڕێگا دەدرێت کە لە بەغدا خۆی و خێزانەکەی بمێننەوە و دابنیشن، وە ڕێزیان لێ دەگیرێت و ئازادیشە، (شێخ مەحمود، ن.س)کە لە بەغدا هاتووچۆ بکات بەبێ مۆلەت، کاتێك کە هەولی ئەوە نەدات کە بەغدا بەجێ بێلێت.

---

[1] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٤.

# هەوڵێكی تر بۆ ئەوەی سلێمانی بخەنە سەر عێراق

[٢] لە ٢٩ی مایسی (١٩٢٣ز)سەرۆك وەزیرانی عێراق (عەبدول موحسن سەعدون)وەزیری ناوخۆی عێراق و ڕاوێژكاری بەریتانیا بۆ كاروباری ناوخۆ (ی عێراق، ن.س)و موتەسەریفی بەغدا گەیشتنە شاری سلێمانی چەند كۆبوونەوەیەكیان كرد لەگەڵ پیاو ماقوڵان و كەسایەتییە ناسراوەكانی ناو شاری سلێمانی دەربارەی چۆنێتی بەڕێوەبردنی شاری سلێمانی و ناوچەكانی.

سەرۆك وەزیران ( و ئەوانەی كە لەگەڵیدا هاتبوون، ن.س).بۆیان دەركەوتبوو كە دانیشتوانی شاری سلێمانی حەز ناكەن بە هیچ شێوەیەك بخرێنە پاڵ حكومەتی عێراق و دەسەلآتیان هەبێت بەسەر شارو ناوچەكانیاندا.

لەهەمان كاتدا پشتگیری خۆیان دەربڕی بوو بۆ مەندوبی سامی بەریتانی لە بەغدا. لەو كۆبوونەوانەی كە ئەنجام دران لەگەڵیاندا بە هیچ شێوەو جۆرێك ناوی (مەلیك فەیسەڵ)یان نەهێنا بۆ دۆزینەوەی ڕاوبۆچوونێكی جیاوا.

بۆیە لێپرسراوانی عێراق و بەریتانیا بڕیاریان دا كە سلێمانی وەكو خۆی بمێنێتەوە هەتا چارەسەرێكی بۆ دەدۆزنەوە كە هەموو لایەك بڕیاری لەسەر بدات.

لە ٢ی حوزەیرانی ساڵی (١٩٢٣ز)ڕاوێژكاری بەریتانی بۆ وەزیری ناوخۆ (ی عێراق، ن.س)و ئەو ئەفسەرەی كە سەرپەرشتی هێزەكانی بەریتانیا دەكات لە سلێمانی پێشنیازێكیان پێشكەش كرد بە كەسایەتیە ناسراوەكانی سلێمانی دەربارەی ئەم خاڵانەی خوارەوە:

١-پێكهێنانی ئەنجومەنێكی ئیداریی كورد (ی بۆ شاری سلێمانی، ن.س).

[٢] هەمان سەرچاوە، ل١٤٦.

٢-سەرۆکایەتی و سەرۆکێکی کورد بۆ ئیدارەکانی سلێمانی... (پەیوەندی ببێت، ن.س)مەندوبی سامی بەریتانی لە بەغدا. وە مەلیك فەیسەڵ بریار بدات لەسەر ئەو سەرۆکە کوردەی کە بۆ سەرۆکی ئەنجومەنەکە دادەنرێت.

٣-زمانی کوردی زمانی فەرمی دەبێت لە لیوای سلێمانی.

٤-سلێمانی دەبێ بە لیوایەك لە لیواکانی عێراق و بوجەی بۆ دادەنرێت.

٥-ئەوەندە خەرج بکرێت بۆ کاروباری لیواکە (ی سلێمانی، ن.س)بگاتە ئەو دەستکەوتانەی کە لە باج و داهاتەکانیدا دەست دەکەوێت،

٦-دەبێ خەڵکی لیواکە (ی سلێمانی، ن.س)بێت ئەو نوێنەرانەی کە خۆیان هەڵدەبژێرن بۆ ئەوەی کە بیان نێرن بۆ پەرلەمانی عێراق.

٧-نوێنەرانی هەڵبژێردراوی سلێمانی سوێندی دڵسۆزی و لایەنگری ناوخۆن لە پەرلەمانی عێراق بۆ مەلیك فەیسەڵ.

لە ٣ی حوزێرانی ساڵی (١٩٢٣ز)ئەم پێشنیازە تازانە لە کۆبوونەوەیەکدا خوێنرانەوە کە هەردوو لا عێراق و کوردی تیادا بەشدار بوون.

لایەنی کوردی گوتیان ئەگەر مەندوبی سامی بەریتانی لە بەغدا ئەم پێشنیازانە پەسەند بکات و ئیمزای بکات ئێمەش ئیمزای لەسەر دەکەین.

دوا داواکارو مەرجی نوێنەرانی کورد ئەوەبوو کە دەبێ ئەو هێزانە (ی بەریتانیا، ن.س)کە ئێستا لێرەن (لە سلێمانی، ن.س)بمێننەوە، یان بەقەد ئەو هێزانە لە سوپای بەریتانی لە سلێمانی بمێننەوە بۆ جێگیربوونی ئاسایش و ئارامی شارەکە، ئەم خۆبەستنە کە (التزام)کە مەندوبی سامی بەغدا بریاری لەسەر نادات بوو بە هۆی رێك نەکەوتن لەسەر ئەم مەرجانە، بوو بە هۆی جیاکردنەوەی ئەو قەزاو ناحیانەی کەسەر بە سلێمانی بوون و دران بە لیوای هەولێر و کەرکوك بۆ ئەوەی حکومەت بە تەواوی دەست بگرێت بەسەر سلێمانی.

لە رۆژی ١٥ی حوزێرانی ساڵی (١٩٢٣ز)سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەنی ئیدارەی کوردی (لە سلێمانی، ن.س)سەرجەم پێکەوە دەستیان لەکار

کێشایەوە و سلێمانی بەبێ دەسەلآتی ئیداری مایەوە و هەموو ئیش و کارێك ڕاوەستا.

لە ڕۆژی ١٩ی حوزەیرانی (١٩٢٣ز)ئینگلیزەکان هێزەکانیان لەناو شاری سلێمانی کشانەوە و شارەکەیان بەجێ هێشت. وە شێخ مەحمودیش گەیشتە دامێنی چیاکانی هەورامان و لە گوندی (پیران) لە نزیك پێنجوێن بارەگای خۆی دانا.

شێخ مەحمود هەر لەو ماوەیەدا بروسکەو نامەی نارد بۆ هەموو باڵوێزخانەو کونسوڵەکان. و ناڕەزایی دەربڕی بوو بەرامبەر بە کار بەدەستانی بەریتانیا و حکومەتی عێراق و داوای پشتیوانی و یارمەتی کردبوو لێیان بۆ پشتگیری کردنی.

هەر بە دەرچوونی ئینگلیزەکان لەناو شاری سلێمانی کەریم بەگی فەتاح بەگی هەمەوەند گەیشتە ناو شاری سلێمانی و داوای کرد لە دانیشتوانی شارەکە کە ڕێز لە ئاسایش و ئارامی شارەکە بگرن، وە ڕێز لەو کەسانە بگرن کە لەناو شارەکەدا ماونەتەوە، وە هەڕەشەی کرد لەو کەسانەی کە هاوکاری و یارمەتی ئینگلیزەکانی کردبوو، وە هەر لەو بەیاننامەیەدا داوای کردبوو لە بازرگانەکانی توتن کە باجی ئەو توتانە بدەن کە فرۆشتویانە یان بۆ دەرەوەی سلێمانی ناردویانە.

# گەڕانەوەی مەلیك مەحمود بۆ دەسەلات

[1] هەر لەو ماوەیەدا مەلیك مەحمود گەڕانێكی كرد بەسەر گوندەكانی ناوچەی سلێمانی و لە ڕۆژی ١١ی تەمموزی ساڵی (١٩٢٣ز)گەیشتەوە ناو شاری سلێمانی، بە گەیشتنەوەی مەلیك مەحمود بۆ سلێمانی مەندوبی سامی بەریتانی ئەم بڕیارەی بلاو كردەوە كە هەڵوێستی حكومەتی بەریتانیا و عێراقە بەرامبەر بە شێخ مەحمود تیایدا ڕوونی كردوتەوە:

أ–بەهۆی سەرنەگرتنی ئەو هەولانەی كە تا ئێستا دراون بۆ ئەوەی كە سلێمانی بخرێتە سەر عێراق كە دواتریان ئ

ەو پێشنیازە بوو كە لە سەرەتای مانگی حوزێران (ی ١٩٢٣ز، ن.س)خرایە بەردەستی خەڵكی سلێمانی و ئەوان پێی ڕازی نەبوون و پەسەندیان نەكرد.

بۆیە پێویستە شاری سلێمانی بگەرێتەوە بۆ باروِدۆخەكەی پێش هەڵمەتەكەی بەریتانیا كە دژی شێخ مەحمود ئەنجام درا. بۆیە هیچ پەیوەندییەك و بەیەك گەیشتنێك ناكرێت لە نێوان حكومەتی عێراق و ئەواندا (كوردانی سلێمانیدا، ن.س).

وە مەندوبی سامی بەریتانی ئەو فەرمانانە دەر دەكات كە پەیوەندیان بەم كێشەوە هەیە، وەكیلەكەیشی بۆ كاروباری سلێمانی وەك پشكێنەری ئیداری لە كەركوك دەمێنێتەوە و بەردەوام دەبێت بۆ كاروبارەكانیان.

ب–ئەوانەی كە لە سەرەوە باس كران جێبەجێ دەكرێن لەسەر بەشێك لە لیواكە (ی سلێمانی، ن.س).

تەنها شاری سلێمانی ڕێگا نادەن كە بخرێنە سەر عێراق و سەیتەری عێراقەوە.

بەلام ئەو قەزاو ناحیانەی كە لە سلێمانی جیا كراونەتەوە هەموویان ئیش و كارەكانیان لە ڕێگای حكومەتەوە (حكومەتی عێراقەوە، ن.س)دەكرێت و دەڕوات بەڕێوە لە ڕێگای پشكێنەرێكی ئیداریانەوە دەینێرن بۆ وەزارەتی ناوخۆ (ی عێراق، ن.س)و وێنەی دەدرێت بە مەندوبی سامی و وەزیری ناوخۆ (ی عێراق، ن.س)وە بە ڕاوێژكردن لەگەڵ مەندوبی سامی و پێكەوە بڕیاری كێشە گرنگەكان دەدەن.

ت–ئاگاداری شێخ مەحمود بكرێتەوە كە تا ئێستا حاكمی سلێمانیە وە وازنەهێنراوە لە خۆی و كارو ئیشەكانی ئەگەر دەست درێژی نەكاتە سەر دەرەوەی سنوری مەركەزی سلێمانی.

[1] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٧.

# جیاکردنەوەی قەزاو ناحیەکان لە شاری سلێمانی

[١] مەندوبی سامی بەریتانی لە بەغدا لە پێش بڵاوکردنەوەی بەیاننامەکەی گەڕانەوەی مەلیك مەحمود بۆ حاکمی سلێمانی بە نامەیەکی تایبەت ئاگاداری کردبوو کە بگەڕێتەوە بۆ سلێمانی و ئەو (شێخ مەحمود، ن.س)هەر حاکمی سلێمانیە، لەگەڵ ئەوەشدا پێی ڕاگەیاندبوو کە ئەم قەزاو ناحیانەیان لە سلێمانی جیا کردۆتەوە.

١-قەزای ڕانیە ٢-قەزای قەڵادزە ٣-قەزای چەم چەماڵ ٤-قەزای هەڵەبجە ٥-ناحیەی قەرەداغ ٦-ناحیەی سەنگاو ٧-ناحیەی ماوەت. وە بە توندی ئاگاداری مەلیك مەحمودیان کردبوو کە نابێ بە هیچ شێوەیەك دەست بخاتە ناو کاروباری ئەو ناوچانەی سەرەوە و گوندەکانی شێخانی سەرگەڵوو.

لە کۆتایی مانگی تەمموزی ساڵی (١٩٢٣ز)مەلیك مەحمود دەستی کردەوە بە پەیوەندی کردن بەو قەزاو ناحیانەی سەرەوە کە جیا کراونەتەوە لە سلێمانی بۆ گەڕانەوەیان بۆ سەر سلێمانی و ژێر دەسەڵاتی خۆی.

وە شێخ مەحمود بەشێوەیەکی فەرمی ئاشکرای کردو بڵاوی کردەوە کە هێزە گەورەکان ئەویان داناوە بە مەلیکی کوردستان.

بەڵام مەندوبی سامی بەریتانی لە بەغدا بە بەیاننامەیەکی فەرمی قسەکانی مەلیك مەحمودی ڕەت کردەوە و بەفرۆکە بڵاوی کردەوە لە سلێمانی و ناوچەکانداو دەڵێت: شێخ مەحمود هیچ جۆرە دەسەڵاتێکی لەو جۆرەی پێ نەدراوە و پێویستە خەڵکەکە گوێڕاڵی نەبن، وە ئاگاداری نزیکترین دەسەڵاتی حکومەت (ی عێراق، ن.س)بکەنەوە لە هەموو سەر پێچییەك کە دەکرێت بەرامبەریان.

---

[١] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٨.

# مەلیك مەحمود چۆن دەستی هەلگرت لە دەسەلآت و مەلیكی كوردستان.

[1] (پەیوەندی كردنەوەی مەلیك مەحمود بەو قەزاو ناحیانەی كە ئینگلیزەكان دایان بریبوو لە حكومەتەكەی مەلیك مەحمود و شاری سلێمانی و بەهێزكردنی پەیوەندی و دەسەلآتەكانی لە ناوچەكەدا. وە پەیوەندی كردنی مەلیك مەحمود بە روسیای سۆڤیەتیەوە و داواكردنی پشتگیری كردن و ددان نان بە حكومەتەكەیدا و یارمەتی دانیان، وە دەربرینی نارەزایی دژی دەسەلآتدارانی ئینگلیز بەرامبەر بە گەلی كورد و بۆردومانكردنی شاری سلێمانی و زولم و زۆریان بەرامبەر بە گەلی كوردا.

وە مل كەچ نەكردنی مەلیك مەحمود بۆ داواكارو فەرمانەكانیان، وە نە گونجانی مەلیك مەحمود لەگەڵ بیروباوەڕ و بۆچوونەكانی ئینگلیز. ئەمانە هەموو ئینگلیزەكانی نائومێد كردبوو لە مەلیك مەحمود.

لەلایەكی ترەوە گیروگرفتی جەنگی جیهانی یەكەم كۆتایی هاتبوو ئینگلیزەكان بەرژەوەندیان نەمابوو لەگەڵ گەلی كورد و مەلیك مەحمود. وە مەندوبی سامی بەریتانیش لە عێراق پێكهاتبوو لەگەڵ حكومەتە دامەزراوەكەی عێراق و مەلیك فەیسەڵ كە باشووری كوردستان بخەنە سەر عێراق و جیا نەكرێتەوە، وە كێشەی كوردیان بۆ یەك لای بكەنەوە، وە لە بزووتنەوەی ئازادیخوازی كورد و مەلیك مەحمود رزگاریان بكەن، ن.س).

وە بەلای بەریتانیاشەوە گرنگ بوو كە پەیمانی ئۆكتۆبەری سالی (١٩٢٢ز)بسەپێنن بە سەر عێراقدا لەگەڵ پرۆتوكۆلی (١٩٢٣/٤/٣ز)ی نێوان بەریتانیا و عێراق.

---

[1] المشكلة الكردية في الشرق الاوسط، دكتور حامد محمود عيسى، ل١٠٧.

وە مستەفا كەمال ئەتاتورك ڕازی ببوو بە ئەوەی كە كێشەی موسڵ بخرێتە بەردەم كۆمەڵی نەتەوەكان بۆ چارەسەركردنی ئەمانە هەموو بەریتانیایان دڵنیا كردبوو بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەكانی و مانەوەی لە كوردستان و عێراق

وە نەمانی حكومەتی كوردستان و مەلیك مەحمود بەریتانیا و عێراق نزیك دەكاتەوە لە توركیا و ئێران كە هەردوو لایان كێشەی كوردیان هەیە.

وە ئەیان دەویست ئەو دوو دەوڵەتە بكەن بە ناحەزی خۆیان لە پێناوی كورد و حكومەتەكەی مەلیك مەحمود دا. ئینگلیزەكان بڕیان كردەوە لەوەی كە دەبێ مەلیك مەحمود دەسەلاتەكەی نەمێنێت لە باشووری كوردستان، وە لێی دڵنیا بوون كە بۆ هەموو فەرمانێك ملیان بۆ كەچ ناكات، وە نیازی فراوان كردنی سنووری دەسەلاتەكەی هەیە بۆ كەركوك و هەولێر و ناوچەكانی تری كوردستان. وە هەستیان كردبوو بە زۆربوونی لایەنگرو جەماوەری مەلیك مەحمود لە هەموو شارەكانی كوردستانا، وە نارەزان لە دەسەلاتی ئینگلیزو دەوڵەتی عێراق.

[٢]بۆیە ئینگلیزەكان دەستیان كرد بە بەهێزكردنی ناحەزو نەیارانی مەلیك مەحمود بە چەك و پارەو تەماحی دوارۆژ و پشتگیری كردنیان بە هەموو شێوەیەك، وە دەستیان كرد بە هاندانی لایەنگرانی خۆیان و ناوچەكانیان داگیركرد بە هۆی:

١-بابەكر ئاغاو لە ناوچەی پشدەر.

٢-ناوچەی سەنگاو و قەرەداخ بەهۆی شێخ قادری قازاننقایەوە.

٣-ناوچەی قادر كەرم بەهۆی شێخ عەبدولكەریمی قادر كرمەوە.

٤-ناوچەی چەم چەمال بەهۆی ئەمین ئاغای رەشید ئاغاوە.

٥-ناوچەی شێخ بزەینی و ئاغجەلەر بەهۆی سوپای لیڤی كوردەوە بە سەركردایەتی سالح زەكی ساحیب قرانەوە و ئەم ناوچانەیان داگیر كردو سوپای مەلیك مەحمودیان تیادا نەما.

---

[٢]كورد و كوردستان، لە بەڵگەنامەكانی بەریتانیادا، دكتۆر وەلید حەمەدی، وەرگێڕانی، موحەمەد نوری تۆفیق، ل١٣٨

لــە هــاوینی ســاڵی (١٩٢٤ز)ســوپای عێـراق بــە پـشتیوانی هێزەكـانی ئاسمــانی بـەریتانی كەوتنـە ڕێ بـەرەو سـلێمانی، كـە مـەلیك مـەحمود ئاگـاداری ئـەو سـوپا زۆرە بــوو خــۆی و لەشــكرەكەی نــاو شــاری ســلێمانیان بــەجێ هێــشت و دەوروپــشتی شـاریان گـرت بـۆ ئـەوەی كـە شـەڕ نەكەوێتـە نـاو شـار و خـەڵكی زیـانی لێ بكەوێت.

بـەرگریان كـرد لـە شـاری سـلێمانی و سـوپاكەی بـەریتانیا و عێراقیـان ناچـار كـرد بـە كـشانەوە. بـۆ جـاری دووەم هێرشـیان هێنایـەوە بـۆ سـلێمانی و داگیریـان كـرد و لەشـكرەكەی مـەلیك مـەحمود بڵاوەیـان لێـی كـرد و مـەلیك مـەحمود بـەخۆی و هێزیكەوە ڕوویان كردە ڕۆژهەڵاتی كوردستان (سنووری ئێران).

چــەند جارێــك لەشــكرەكەی مــەلیك مــەحمود هێرەشــیان كــردەوە بــۆ ســەر ناوچەكانی پێنجوین و شارباژێر و دەوری سلێمانی.

بـەڵام هێزەكـانی بـەریتانیا و عێـراق بـە پاڵپـشتی هێـزە ئاسمانییـەكانی نـەیان تـوانی كۆتایی بە بزووتنەوەكەی مەلیك مەحمود بێنن.

مەنـدوبی سـامی بـەریتانی لەبەغـدا وای پێـشنیاز كردبـوو كـە دەبـێ مـەلیك مـەحمود بـە زینـدوویی یـان مردوویـی بگیرێـت. ئـەم پێـشنیازەی مەنـدوبی سـامی خرایـە پـێش چـاوی ئەنجومــەنی وەزیــران (ی عێــراق، ن.س)لــە دانیــشتنی ڕۆژی ١٣ی یونیــوە (١٩٢٥ز)ئەنجومــــەنی وەزیرانــــی عێــــراق ڕەزامەنــــد،یان دەبــــڕی لەســــەر داواكارەكەیەكــەی مەنــدوبی ســامی و (١٠٠)ســەد هــەزار ڕووپییــان بــۆی تــەرخان كـرد، (٦٠)هـەزاری بـۆ گـرتنی مـەلیك مـەحمود، وە ٤٠ هـەزاری بـۆ گـرتن و كوشـتنی (كەریم بەگی فەتاح بەگی هەمەوەند)و سایر...

وە ئەنجومـەنی وەزیـران ئـەم فـەرمانی سـپارد بـە ڕاوێـژكاری پارێزگـای سـلێمانی لەبـەر ئــەوەی شــارەزایی هەیــە لــەم بــارەوە. وە دەبــێ ئــەوەی بــەم كــارە هەڵدەستێت نابێ لە تاكەكانی هێزی لیڤی بێت.

حكومـــەتی عێـــراق لـــەكاتی وەزارەتـــی یەكـــەمی هاشمیـــدا لـــە (١٩٢٤/٨/٢ز)سـەركەوتنی بـە دەسـت نـەهێنا بـۆ كۆتـایی هێنـان بـە بـەرگری كردنـی مەلیك مەحمود یان گرتنی، لەگەڵ ئەوەی كە سلێمانیان داگیر كرد.

بەلأم وەزارەتی دووەمی (عەبدول موحسن سەعدون)کە لە رۆژی (١٩٢٥/٦/٢٦ن)دامەزرا پێیان وابوو بە سیاسەتی توندو تیژی و کوشتن نایان گەینێتە ئەنجامێکی باش.

بۆیە سەرۆك وەزیرانی عێراق (عەبدول موحسن سەعدون)کەوتە گفتوگۆکردن لەگەڵ خانەی متمانەی ئینگلیز (دار الاعتماد الانكليزي)بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە (ی مەلیك مەحمود)هەر لەبەر ئەو هۆیە بوو راوێژکاری وەزیری ناوخۆ (ی عێراق، ن.س) (مستەر کیناهان کرنەوالس)ڕۆیشت بۆ سلێمانی و مانگی ئەکتۆبەری ساڵی (١٩٢٦ن)لە نزیك شاری سلێمانی لەگەڵ مەلیك مەحمود کۆبوویەوە و خۆ بەدەستەوەدانی خستە بەردەست مەلیك مەحمود لەگەڵ هەندێك دەستکەوتدا (امتیازات)دا لەلایەن حکومەتی عێراقەوە.

بەلأم مەلیك مەحمود خۆ بەدەستەوەدانی ڕەت کرد،وە و ڕازی نەبوو. ئەمە وای کرد کە حکومەتی عێراق بەتالوێنێك سوپای سەربازی بنێرێت بۆ پێنجوێن و لە (١٩٢٧/٤/٢١ن)گوندەکەی مەلیك مەحمود یان داگیرکرد و مەلیك مەحمود کەوتە گفتوگۆکردن لەگەڵ ئەفسەرانی ئینگلیز و نوێنەرانی عێراق و پێك هاتن لەسەر:

١-مەلیك مەحمود و خزمانی نایەنە ناو (باشووری کوردستان، ن.س)خاکی عێراقەوە بەبێ بڕیار و ڕەزامەندی (حکومەتی عێراق، ن.س).

٢-شێخ بابە عەلی کوڕی مەلیك مەحمود بنێرن بۆ بەغدا بۆ خوێندن لەسەر ئەرکی حکومەتی عێراق. هەر هەمان ساڵ شێخ بابە عەلی یان نارد بۆ ئەمەریکا بۆ خوێندن.

٣-نابێ بەهیچ شێوەیەك مەلیك مەحمود دەست بخاتە ناو کاروباری حکومەتی عێراقەوە، وە هانی کەس نادات و خۆی دوور دەگرێت لە سیاسەت.

٤-لێبوردن دەردەکرێت بۆ خۆی و کۆمەڵەکەی لە هەموو کردەوەیەکی ڕابوروو کە کردویانە بەرامبەر بە ئینگلیزو حکومەتی عێراق.

بەلأم ئەم لێبوردنە ئەوە ناگەیەنێت ئەگەر مافی خەڵکیان بە سەرەوە بێت، وە لە ڕێگای دادگاوە داوا لەسەریان بەرز دەکرێتەوە.

٥-حکومەتی عێراق پەیمان دەدات لەباتی حکومەتی بەریتانیا و مەندوبی سامی بەریتانی لە عێراق کە شێخ مەحمود ئەو ماڵ و زەوی و ملکانەی کە هەیەتی و دەست بەسەریانا گیراوە بۆی دەگەڕێتەوە.

لە رۆژی ٢٨ی یونیوی ساڵی (١٩٢٧ز)جەعفەر عەسکەری (کورد بوو خەڵکی گوندی عەسکەر لە ناحیەی ئاغجەلەر، ن.س). سەرۆك رەزیرانی عێراق بەفرۆکە گەیشتە سلێمانی و لەگەڵ مەلیك مەحمود کۆبووەوە و رێك هاتن لەسەر ئەوەی کە لە رۆژی ٤ی ئەیلولی (١٩٢٧ز)مەلیك مەحمود بڕوا بۆ بەغدا و بابە عەلی کوڕی ببات و تەسلیمی بکات (بۆ خوێندن، ن.س)بەپێی ئەو مەرجانەی ٢ی یونیۆ (١٩٢٧ز)کە پێك هاتوون لەسەری.

بەو شێوە لە رۆژی ٢٢ی یونیۆی ساڵی (١٩٢٧ز)بزوتنەوەی ئازادیخوازی مەلیك مەحمود کۆتایی هات.

# ڕاپەڕینی بەر دەرگی سەرای سلێمانی ساڵی (١٩٣٠)، ن.س

لە ڕاپۆرتێكدا لە بەگەڵەنامەكانی ناو كتێبەكەی دكتۆر كەمال مەزهەر كورد و كوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەكانی حكومەتی بەریتانیا دەڵێت: (لە نامەكەی ڕۆژی یەكی تەمموزی (١٩٣٠ن)ئاماژەم كردوە بە ئەوەی كە برێوی لە ئارادایە، وە ئەوەی كە پێویستە بۆ دابینكردنی مەرجەكانی هەڵبژاردن كردوومانە. بەلأم زۆربەی زۆری خەڵكەكە(ی شاری سلێمانی، ن.س)ڕەفزیان كردوە و هیچ جۆرە بەشداریەك ناكەن لە هەڵبژاردنەكەدا هەتا چارەسەری كێشەی كورد نەكرێت، ئەمانە لای خوارەوە دیارترینی ئەوانەن كە ناڕەزاین و ئۆپۆزسیۆن بوون (لە هەڵبژادنەكەدا، ن.س).

١-شێخ قادر (برای مەلیك مەحمود، ن.س) ٢- میرزا تۆفیق قەزاز. ٣-ڕەمزی ئەفەندی (مەبەستی ڕەمزی فەتاحە،ك.م). ٤-حەمە ئاغا ٥-عەزمی بەگی بابان ٦-عیزەت بەگی وەسمان پاشا ٧-ئەورەحمان ئاغای ئەحمەد پاشا ٨-مەحەمەد سالح بەگ ٩-مەجید ئەفەندی كانی ئەسكان (مەجیدی حاجی ڕەسول بەگ، ك.م) ١٠-فایەق بەگی بابان ١١-شێخ موحەمەد گولأن. وە ئەفسەرێكی تۆبچی سوپای عێراق بەناوی (عیزەت)كە بە مۆڵەت هاتۆتەوە بۆ سلێمانی، كۆمەڵەیەكیان پێك هاتبوون بۆ هاندان (ی جەماوەر، ك.م)لە دوای بلأوكردنەوەی ناونیشانە سەرەكییەكانی پەیمانی (١٩٣٠ن)لە ڕۆژی یەكی تەمموز (لە نێوان بەریتانیا و عێراق، ن.س)عیزەت (تۆبچی، ن.س)خۆی ئیمزای نەكردبوو لەسەر هیچ كام لە بروسكەو مەزبەتە زۆرەكان كە لەلایەن كۆمەڵەكەیانەوە ناردویانە بۆ (كۆمەڵەی گەلان)و وەزیری مستەعمەرات و مەندوبی سامی و سەرۆك وەزیری عێراق.

لەلایەكی ترەوە ژمارەیەك ئامادەی ئەو دوو كۆبوونەوەیە بوون كە هەڵبژاردنیان كرد (لەناو سەرای سلێمانیدا، ن.س)و خەڵكەكە ناڕەزاییەكی زۆریان دەربڕی بەرامبەریان، بەلأم ئەوان لایەنگری خۆیانیان پێشاندان بۆ هەڵبژاردنەكە.

دیـاری تـرین کەسـانی ئـەم دەسـتەیە (ئـەو دەسـتەی کـە ڕازی بـوون و لەگـەڵ هەڵبژاردنەکـەی شـاری سـلێمانیدا بـوون، حـاجی موحیـەدین (بـاوکی تـەها موحیـەدین مـەعروف بـوو کـە بـوو بـە جێگـری سـەرۆك کۆمـاری عێـراق لـە دوای (١٩٧٤ن)و پێـك هاتنەکـەی ٦ی ئـازاری (١٩٧٥ن)نێـوان عێـراق و ئێـران لـە جەزائیر، ن.س)کـە یەکێکـە لـە بازرگانـە هـەرە دەوڵەمەنـدەکانی شـاری سـلێمانی و پیـاوێکی خـاوەن هەڵوێـستە (بـۆ ئینگلیزەکـان و عێـراق، ن.س) لەگـەڵ حـاجی مستەفا پاشا کە کاتی خۆی جەنەڕاڵ بوو لە سوپای عوسمانیدا.

هـەر لـە ڕۆژی (١٩٣٠/٨/١٧ن)یـانی نـۆزدە ڕۆژ پـێش ڕاپەڕینەکـەی شەشـی ئـەیلولی بـەر دەرکـی سـەرا (ی سـلێمانی، ن.س) (تۆفیـق وەهـبی مـەعروف)موتەسـەریفی سـلێمانیان لابـرد لەسـەر فەرمانەکـەی لەبـەر ئـەوەی پیـاوێکی نیـشتیمان پـەروەری کـورد بـوو، (دەرکردنـی ئـەویش، ن.س)یـەکێك بـوو لـە هۆیـەکانی جـەماوەر (ی سلێمانی، ن.س)و ناڕەزیبوون بەلابردنی (لە موتەسەریفی سلێمانی، ن.س).

# ڕۆژی شەشی ئەیلولی ساڵی (١٩٢٠ز)

[(١)] پـــشكێنەر و خـــاوەنی ڕاپۆرتەكـــە دەڵێـــت: بـــەیانی شەشـــی ئـــەیلولی (١٩٣٠ز، ن.س)دەعـوەت نامـەمان نـارد بـۆ حـاجی موحیـەدین و نزیكـەی (٣٠)كەسـی تـر لـە ئەشـراف شـارەكە و ئـەوانیش نوێنـەری گەڕەكـەكان (ی سـلێمانی، ن.س)بـوون و هـەموویان لـەكاتی دیـاریكراودا ئامـادەبوون و دەسـت كـرا بـە هەڵبـژاردن بـە سەرپەرشتی سەرۆكی شارەوانی سلێمانی.

بـەپێی ئـەو ڕاپۆرتانـەی كـە بۆمـان دەهـات بارودۆخەكـەی نـاو شـار ئاسـایی بـوو، هـیچ نیـشانەیەكی بزووتنـەوە لـە ئـارادا نـەبوو، لەبـەر دەركـی سـەرا (ی سـلێمانی، ن.س)و نـاو بـازاڕ پۆلیـسێكی زۆر بـڵاو كرابوونـەوە، بـۆ ئـەوەی نەیـەڵن دوكانـدارەكان دوكانـەكانیان دابخـەن و خەڵكەكـەش كـۆ نەبنـەوە لەبـەر دەركـی سـەرا (ی سـلێمانی، ن.س)لەبـەر ئـەوەی هەڕەشـە كرابـوو لـە هـەموو ناسـراوەكان (كـە بەشـداریان كردبـوو لـە هەڵبژاردنەكـەدا، ن.س)نزیكـەی (١٠٠)پـۆلیس لـەناو سەرادا ئامادەبوو.

پێمـان وابـوو ئـەو كارانـەمان بـاش و پەسـەند بـوو بـۆ دابینكردنـی ئـارامی و هـێمنی (ناو شاری سلێمانی، ن.س).

---

[(١)] كورد و كوردستان لە بەڵگەنامە نهێنیەكانی حكومەتی بەریتانیا، دكتۆر كەمال مونهر، ل١٦٢

# شەڕی بەر دەرکی سەرای سلێمانیساڵی (١٩٣٠ز)

[٢] لە ٦ی ئەیلولی ساڵی (١٩٣٠ن)حکومەتی عێراق ٣٠ کەسی کۆ کردەوە لەناو شاری سلێمانی، یەکێك لەوان حاجی محێدین مەعروف (باوکی تەها محێدین مەعروف کە لە دوای ساڵی (١٩٧٤ن)بوو بە جێگری سەرۆك کۆماری عێراق، ن.س)لەناو سەرای سلێمانی بە ناوی پیاوانی دەم ڕاستی سلێمانیەوە بۆ هەڵبژاردنیان بۆ پەرلەمانی عێراق. حکومەت دەوری سەرای سلێمانیان گرت بە پۆلیس بۆ پاراستنیان.

بەلاّم جەماوەری کورد ئاگادار بوون بە کارەکانیان و لەوەوپێش ئامادەکاریان کردبوو بۆ خۆپێشاندان و بەرەنگاربوونەوەیان.

وە حکومەتی عێراقیش نزیکەی ١٠٠ پۆلیسی خستبووە ناو بازاڕ و دەورووبەری سەرای سلێمانی بۆ ڕیگرتن لە داخستنی دووکانەکان و خۆپێشاندانی جەماوەر.

لە دوای هەڵبژاردنەکە لەناو سەرای سلێمانیا بە ماوەیەکی کەم قوتابیانی شاری سلێمانی لە پێشیانەوە شاعیری شۆڕشگێر فایەق بێکەس ڕوویان کردبووە بەر دەرکی سەرای سلێمانی و جەماوەریش لە دوایانەوە بە بەرد و دارو کورسی چاپخانەکان و قەڵماسن (قۆچەقانی)پۆلیسەکانی بەر دەرکی سەرایان دابووە بەر بەرد. پۆلیسەکانیش بە گولله و نێزەی سەر تفەنگ پەلاماری جەماوەریان دابوو.

لە ئەنجامدا ١٣ کەس لە جەماوەری کورد کوژران. ٨یان بە گولـلەی تفەنگ و ٥یان بە نێزە کوژرابوون. لەو ١٣ کەسە ١٠یان یەکسەر گیانیان لەدەست داو و ٣یانەکەی تریان بە برینداری لە نەخۆشخانە گیانیان لە دەستدا. وە ٢٣کەس بریندار کرابوون، ١٢یان لە نەخۆشخانە کەوتن و ئەوانی تریان خۆیان شاردەوە. پێکراوەکانی پۆلیسەکانی عێراق: ١ پۆلیس کوژراو ٢ پۆلیس بریندار کرابوون بە گولله و ١ پۆلیس بریندار کرابوو بە بەرد.

---

[٢] هەمان سەرچاوە. ل١٦٨

# ڕاپەڕینی مەلیك مەحمود لە ساڵی (١٩٣٠ز)

[1] لە ٦ی ئەیلولی ساڵی (١٩٣٠ز)هەڵبژاردن بۆ نوێنەرانی پەرلەمانی عێراق لە سلێمانی دەستی پێی کرد بۆ جێبەجێکردنی پیلانە نوێیەکەیان بۆ ئەوەی کە کوردستان ببەستنەوە بە عێراق.

بۆ ئەم مەبەستە حکومەتی عێراق و ئینگلیزەکان لە سلێمانی نزیکەی ٣٠ کەسیان کۆکردبووە بەناوی پیاوە گەورە و ناسراوەکانی کورد لەناو سەرای سلێمانی بۆ ئەوەی هەڵیان بژێرن بۆ پەرلەمانی عێراق بەناوی شاری سلێمانی و ناوچەکانیەوە.

لە پاش ئاشکرابوونی ئەم پیلانە و ناسینی هەڵبژێردراوەکان دانیشتوانی شاری سلێمانی دەستیان کرد بە خۆپیشاندان و دەربڕینی ناڕەزایی و هێرش کردنە سەر سەرای سلێمانی بۆ بەرد باران کردنی ئەو کۆمەڵە خۆفرۆشەی کە کۆیان کردبوونەوە.

ئاکامەکەی گەیشتە شەڕو پێکدادان، جەماوەری سلێمانی بە دارو بەرد، پۆلیس و سەربازو پیاوانی بەکرێ گیراوی حکومەتیش بە گوللە باران کردنی هێرشبەران و جەماوەر دەیان هاولاتی کوژران و بریندار بوون. سەدان کەسیان گرت و لە بەندیخانەکانا زیندانیان کرد.

مەلیك مەحمود ئەم خۆپیشاندانەی بە هەل زانی و سەرلەنوێ دەستی دایەوە چەك بۆ گیانی داگیرکەرانی کوردستان و ئەو پەیمانەی شکاند کە دابووی بە مەندوبی سامی بەریتانی و حکومەتی عێراق.

[2] مەلیك مەحمود داوای کرد لە مەندوبی سامی بەریتانی لە عێراق کە حکومەتی عێراق دەست لە ناوچەکانی کوردستان هەڵبگرێت لە خانەقینەوە تاوەکو زاخۆ،

---

[1] خەباتی چەکداری و ڕامیاری نەتەوایەتی کورد، نەجم سەنگاوی، ل٥٥

[2] محمود درة، القضية الكردية، ص١٥٧

وە حكومەتێكی كوردی پێك بێت لەژێر سپاردەو چاودێری بەریتانیا هەتا كۆمەڵی نەتەوەكان بڕیاری سەربەخۆیی عێراق بلاو دەكەنەوە.

شەڕ بەردەوام بوو زۆر لە سەرۆك عەشیرەتەكانی كورد پشتگیریان كرد. [٣] هەندێك لە ئەفسەرە كوردەكانی ناو سوپای عێراق وەكو مەحمود جەودەت حەمید جەودەت و كامل حەسەن...تاد، پشتگیریان كرد. حكومەتی عێراق بە یارمەتی هێزی ئاسمانی بەریتانیا و بەكرێ گیراوەكان لەشكری زۆریان نارد بۆ ناوچەی سلێمانی بۆ گەمارۆدان و لێدانی لەشكرەكەی مەلیك مەحمود.

لەبەر فشاری هێزی ئاسمانی بەریتانیا و زۆری هێزەكانی عێرق، مەلیك مەحمود و لەشكرەكەی چوونە ناو سنوری ئێرانەوە. [٤] لە مانگی مارسی سالی (١٩٣١ن) مەلیك مەحمود بە لەشكرەكەیەوە خۆی گەیاندە ناوچەكانی كفری و خانەقین و سەرۆك عەشیرەتەكان پشتگیریان كرد و لە سنورەكانی عێراق و ئێرانەوە دەستیان كرد بە چالاكی، بەلام هێزەكانی عێراق و فرۆكەكانی بەریتانیا تەنگیان لێیان هەڵچنی و لە دوای شەڕێكی گەورە لە (ئاوبارێك)لەشكرەكەی مەلیك مەحمود تێك شكاو و هەوڵیان دا بپەڕنەوە بۆ ناو سنورەكانی ئێران، بەلام سوپای ئێران بەرهەڵستی كردن و نەیان هێشت بڕۆنە ناو خاكی ئێرانەوە، مەلیك مەحمود ناچار بوو جارێكی تر خۆی دا بەدەستەوە بە سوپای عێراق و بە دیلی ناردیان بۆ بەغدا و لەوێوە بۆ سماوە و دوایی بۆ ناسریە و عانە لە پارێزگای رۆمادی (انبار، ن.س)تاوەكو مانگی مایوی (١٩٤١ن)كودەتاكەی رشید عالی گەلانی ڕوویدا، مەلیك مەحمود گەڕایەوە بۆ شاری سلێمانی وە بەیەك جاری دانیشت، هەتا كۆچی دوایی كرد لە ٩ی ی ئەكتۆبەری سالی (١٩٥٦ن).

---

[٣] المشكلة الكردية في الشرق الاوسط، دكتور حامد محمود عيسى، ص١٤٦

[٤] هەمان سەرچاوە.

# هۆیەکانی سەرنەکەوتنی ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی مەلیك مەحمود

[١] ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی مەلیك مەحمود زیاتر لە ١٢ساڵی خایاند بێجگە لەوەی کە حکومەتی عوسمانی لە ساڵی (١٩١٨ن)گرتبوویان لەسەر یەکەم پەیوەندی کردنی بە ئینگلیزەکانەوە.

بەلام هۆیەکانی سەرنەکەوتنی مەلیك مەحمود لە ماوەی ئەو دوانزە ساڵەدا دژ بە حکومەتی بەریتانیا و عێراق وەکو سەرچاوەکان و ڕای پیاوانی بەشداربووانی ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی مەلیك مەحمود و شارەزاییان، ئەو خاڵانە خاڵی سەرەکی بوون بۆ سەرنەکەوتنی:

١-نەبوونی پارتێکی شۆڕشگێڕی هەڵقوڵاوی ناو کۆمەلانی خەڵکی کوردستان و خاوەن پەیڕەو و پرۆگرامێکی یان ڕێبازێکی ئازادیخوازی کوردی بێت و هەڵقوڵاوی ناو هەموو چینەکانی میللەتی کورد بێت و قاڵ بووبێتن بە بیروباوەڕی نەتەوایەتی.

٢-بەربلاوی ڕێژەی نەخوێندەواری، بەتایبەتی لەو ڕۆژانەدا گەیشتبووە (٩٥٪)ئەم ڕێژە نەخوێندەوارییەش وای کردبوو لەو ڕۆژانەدا کورد لە هەموو ڕوویەکەوە دواکەوتوو بێت، وە بە هۆی دواکەوتنیانەوە زۆرینەی خەڵکی کوردستان لەژێر فەرمان و بڕیاری ئاغاو دەرەبەگ و خاوەن زەوییە کشتوکاڵی و سەرۆك خێڵەکاندا بوون، بەتایبەتی دانیشتوانی دێهاتەکانی کوردستان.

٣-مەلیك مەحمود سیاسەت مەدار نەبوو، خاوەنی تاك و تیك و بیروبۆچوونی ئەو سەردەمە نەبوو تاوەکو بتوانێت لەگەڵ باروودۆخی ئەو ڕۆژانەدا و لەگەڵ ئینگلیزەکاندا خۆی بگونجێنێت و دەسەلاتەکەی بپارێزێت.

---

[١] بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد، جەلال تاڵەبانی، ل٩٨

مەلیك مەحمود سەرۆکێکی دووربین و پێچ و پەنا زان نەبوو و نەیدەزانی هەل بقۆزێتەوە بۆ بەرژەوەندیەکانی، بە گومان و بێ متمانەی بەخۆی و ڕا ڕاو هەر جارە بیرو بۆچوونێك وای لێ کردبوو کە نەزانێت بەرژەوەندیەکانی لەکوێدایە لەگەڵ ئەوەشدا بڕواو متمانەی بەکەس نەبوو. ڕاوێژ و پرسی بەکەس نەدەکرد لە کارو بڕیارەکانی، پیاوانی شارەزا و سیاسی خاوەن، ئەزموونی لە خۆی نزیك نەدەکردەوە بۆ پرس و ڕاوێژکردن، گرێیەکی دەروونی لە دڵدابوو بەرامبەر بەو ئەفسەرە کوردانەی ناو شاری سلێمانی کە لە سوپای عوسمانی هەڵهاتبوون و شارەزاو خاوەن ئەزموون بوون، هەروەها شێخ خۆی دوور دەگرت لە ڕۆشنبیران و سیاسەت مەدارانی کورد لە شاری سلێمانیدا.

شێخ مەحمود بڕواو متمانەی تەواو نە بەخۆی بوو نە بە تورك و ئینگلیزەکان، وە دەستیشی لەهەر دوو لایان بەرنەدەدا، ئەوە بوو مەلیك مەحمود لە ساڵی (١٩١٨ز)کە زانی عوسمانییەکان شکاون لە شەڕدا پەیوەندی کرد بە ئینگلیزەکانەوە و گفتیان پێیدا و کردیان بە حوکمداری سلێمانی، لەپاش ماوەیەکی کەم تورکەکان هێرشیان کردەوە و کەرکوکیان وەرگرتەوە لە ئینگلیزەکان شێخ مەحمودیان گرت و بەندیان کرد.

بۆ جاری دووەم ئینگلیزەکان کەرکوکیان گرتەوە، عوسمانییەکان شێخ مەحمودیان لە بەندیخانە دەرکرد و خەڵاتیان کرد و دەسەلاتیان پێی داو ناردیانەوە بۆ سلێمانی، بە گەیشتنەوەی شێخ مەحمود بۆ سلێمانی پەیوەندی کردەوە بە ئینگلیزەکان و ئەوانیش کردیانەوە بە حوکمداری سلێمانی.

لەپاش ماوەیەك کەم شێخ مەحمود دیسانەوە پەیوەندی کردەوە بە مستەفا کەمال ئەتا تورك بە ڕێگای فەرماندەی سەربازی تورك (ئۆزدەمیر)ەوە و لە ماڵەکەی خۆیدا لە سلێمانی دانیشتن و کۆبوونەوەی لەگەڵدا ساز دەکرد و هانی شێخ مەحمودیان دەدا دژی ئینگلیزەکان بەناوی ئاین و غەزاکردنەوە.

هەروەها زۆر لە موچە خۆرەکانی عوسمانییەکان لەناو شاری سلێمانیدا کۆببوونەوە لە دەوروپشتی شێخ مەحمود و زیاتر لایەنگیری و پشتگیری عوسمانییەکانیان دەکرد و هانی شێخ مەحمودیان دەدا دژی ئینگلیزەکان.

ئــەم هاتووچــۆی (ئــۆزدەمیر)و ئەفــسەرە تورکــەکان بــۆ لای شــێخ مــەحمود و دانیــشتن و کۆبوونــەوە لەگەڵیانــدا. وە لەلایــەکی تــرەوە شــێخ مــەحمود بــەنهێنی پەیوەنــدی هــەبوو لەگــەڵ دەوڵــەتی ئێــران و کونــسولی ڕوســیا لــە ئێــران و داوای یارمــەتی و پــشتگیری دەکــرد لێیــان و نوێنــەر و نامــەی بۆیــان دەنــارد دژی ئینگلیزەکـان، ئەمانــە هــەموو بــە ڕێگـای ســیخوڕی و هەواڵگریەکانــەوە دەگەیــشتنە دەســتی مەنــدوبی ســامی بــەریتانی لــە بەغــداو بــوون بــەهۆی ئــەوەی کــە بــڕواو متمانــە نــەمێنێت بــە شــێخ مــەحمود لــەلای ئینگلیزەکـان و بــەریتانیا و هــەوڵی دوورخستنەوەو لابردنی بدەن لە دەسەڵات.

# ڕای ن.س لەسەر هۆیەکانی سەرنەکەوتنی مەلیك مەحمود

یەکەم مەلیك مەحمود خاوەنی ئەزموون و تاقیکردنەوە و سیاسەتمەدار نەبوو، وە یەکەم هەلی نەقۆستەوە کە لە ساڵی (١٩١٨ان)بۆ جاری دووەم پەیوەندی کردەوە بە ئینگلیزەکانەوە.

دەبوایە لەگەڵ هاتنی مێجەر نۆئێل بۆ سلێمانی و ئاشکراکردنی مەلیك مەحمود بە حوکمداری کوردستان دەبوایە ڕۆشنبیرانی کورد و ئەو ئەفسەرە کوردانەی ناو سوپای عوسمانی کە هاتبوونەوە بۆ ناو شاری سلێمانی بیانی گرتایەتە خۆی و ڕاوێژی پێیان بکردایەو بەشداری بکردنایە لە دەسەلات و حکومەتەکەی یەکەمیدا.

وە حکومەتی خزمان و شێخانی پێك نەهێنایە و لە سەرەتاوە هەوڵی بەهێزکردنی خۆی بدایە و خەریکی فیزو هەواو خۆ دەرخستن و پیاسەکردنی کانی ئاسکانی سلێمانی نەبووایە هەروەکو ڕەفیق حلمی دڵسۆزو دۆستی نزیکی باسی دەکات لە یادەشتەکەیدا بەشی یەکەم لاپەرە ٦٢.

دووەم: لەگەڵ دامەزراندنی یەکەم جاری حکومەتەکەی شێخ مەحمود گەشتەکەی مێجەر نۆئێل بە ناوچەکاندا هەتا ڕەواندز، بۆ خستنەسەر هەموو ناوچەکانی بۆ ژێر دەسەلاتی مەلیك مەحمود و بەهێزکردن و فراوانکردنی دەسەلاتەکەی، هەتا مێجەر نۆئێل هاتەوە شێخ مەحمود (عەلی شەفیق-ئۆزدەمیر)هێنابووە ماڵەکەی خۆی و کۆبوونەوەی کردبوو لەگەڵیدا و باوەڕو متمانەی ئینگلیزەکانی نەهێشتەوە بۆ خۆی و خستیانەوە ژێر چاودێری سیخورەکانیان و متمانەی خۆی لەدەستدا.

سێیەم: ڕاگەیاندنی ڕۆژنامەو بلاوکراوەکانی حکومەتی بەریتانیا بۆ ڕازیکردنی ئۆپۆزسیۆنی ناوخۆیان و گەلی بەریتانیا هەر ماوەی جارێك بلاویان دەکردەوە کە بەریتانیا سوپاکەی دەگەڕێتەوە و عێراق بەجێ دێلن و سەربازو ئەفسەرەکانیان دەگەڕێنەوە بۆ ناو کەس و کاریان.

تورکەکان ئەم ڕاگەیاندنەی حکومەتی بەریتانیایان قۆستەوە بۆ بەرژەوەندی خۆیان و سوودیان لێی وەرگرت لە پڕوپاگەندەکانیانا بۆ ڕووخاندنی وورەی شێخ مەحمود و

متمانەو باوەڕنەكردنی بە ئینگلیزەكان و مانەوەیان لە عێراق و ولایەتی موسڵ (باشووری كوردستان)وە توركەكان و كوردە تورك خوازەكان هەموو كات باسیان دەكرد و دەیان گەیاند بە مەلیك مەحمود و دەیان گوت ئەوەتا بەریتانیا خۆیان دەڵێن سوپاكەمان دەگەڕێنینەوە بۆ بەریتانیا. وە بە گەڕانەوەی سوپاكەیان توركانیش دەگەڕێنەوە بۆ ولایەتی موسڵ، ئەم ڕاگەیدنانەی بەریتانیا و توركان باوەڕو متمانەیان نەهێشت بە مەلیك مەحمود بۆ مانەوەی ئینگلیزەكان لە عێراق و ولایەتی موسڵ و پشتگیری كردنیان هەتاسەر لە شێخ مەحمود و حكومەتەكەی، بۆیە شێخ مەحمود دەستبەرداری توركان و ئۆزدەمیر و مستەفا كەمال ئەتا تورك نەدەبوو.

وە كوردە تورك خوازەكانی دەوری شێخ مەحمودیش دەوری باڵایان بوو بۆ گەیاندنی ئەم هەواڵانەو سەلماندنی بە شێخ مەحمود بۆ گەڕانەوەی توركان بۆ ولایەتی موسڵ و نائومێدبوونی شێخ لە ئینگلیزەكان.

چوارەم: نەزانی زمانی ئینگلیزەی، شێخ مەحمود (زمانی كوردی و فارسی و توركی دەزانی)زمانی ئینگلیزی نەدەزانی، وە یەكەم ڕاوێژكاری شێخ مەحمود (مێجەر نۆئێل)بوو كە ئینگلیز بوو، وە زمانی فارسی و فەڕەنسی دەزانی.

شێخ مەحمود نەیتوانی وەكو پێویست ئەوەی كە خۆی مەبەستی بوو بیگەیەنێت بە ئینگلیزەكان و تێیان بەگەیەنێت و لێیان تێ بگات.

هەموو قسەكردن و پەیوەندی و پێكهاتنەكانی شێخ مەحمود بە ڕێگای وەرگێر (تەرجومان)ەوە بوو، وە یەكەم وەرگێر و دڵسۆزی شێخ مەحمودیش (ڕەفیق حلمی)بوو كە ئەویش زمانەكانی فارسی و توركی و فەڕەنسی دەزانی.

شێخ مەحمود لەكاتی دانیشتنەكانیدا لەگەڵ ئینگیزەكان نەخۆی ئینگلیزی دەزانی و نە وەرگێرێكی كوردی دڵسۆزو قسەزان و ئینگلیزی زانی هەبوو بتوانێت هەموو متمانەو باوەڕێكی پێ بكات و هەموو كات لەگەڵیدا بێت بۆ وەرگێڕان و قسەكردن.

پێنجەم: نە شارەزایی شێخ مەحمود و سەركردە سەربازییەكانی لە نەخشەكێشانی شەڕ و جۆری شەڕی پارتی زانی و تاكتیكی شەڕ و دابەشكردنی لەشكرەكەی بەسەر بەرپرسانی سەربازی شارەزاو لێهاتوو، وە دابەشكردنیان بەسەر هەموو ناوچەكانی ژێر

دەسەلأتیان و دەرەوەی دەسەلأتیان، وە لە هەموو شوێنێك بڕۆیشتنایەتە سەر دوژمن و لێیان بدایەو هەر لە ناوچەکەدا خۆیان حەشار بدایە بۆ دەست وەشاندنێکی تر.

بەلأم بەپێچەوانەوە لەشکرەکەی شێخ مەحمود بە زۆری سوارە بوون، بەسواری ئەسپ و ماین و هێستر دەڕۆیشتن بۆ شەڕەکان، وە لەهەر شەڕێکدا ڕوو لە شکست بوونایە پێیان لە ئاوزەنگی (زینی بان پشتی ئەسپ و ماینەکان)ترند دەکردو هەڵدەهاتن و ناوچەکەیان بەجێ دەهێشت و نەدەگەڕانەوە بۆی.

زۆربەی شەڕەکانی شێخ مەحمود شەڕی بەرەیی بوو. شەڕی بەرەیی بۆ لەشکرێکی بچوکی بێ مەشق ڕێکخستن وەکو لەشکرەکەی شێخ مەحمود بەبێ چەکی قورس و تۆپ و دژە ئاسمانی ناتوانێت خۆی ڕابگرێت بەرامبەر بە سوپای پڕ چەکی نوێی بەریتانیاو عێراق لە شەڕی بەرەییدا.

شەشەم: بەشداریکردنی شێخ مەحمود خۆی لەهەموو شەڕەکاندا ڕاستەوخۆ ئازایەتی و قارەمانیەتی دەنوێنێت، بەلأم تیاچوون خۆی و شۆڕشەکەی لەدوا بوو، دەبوایە شێخ مەحمود و کۆمەڵێك لە پیاوانی ڕۆشنبیر و خاوەن ئەزموون تەنها سەرکردایەتی ڕاپەڕین و شۆڕشەکەیان بکردایە بۆ پاراستنی گیانی خۆیان و مانەوە و بەردەوام بوونی ڕاپەڕێن و شۆڕشەکەیان.

حەوتەم: ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی شێخ مەحمود بە زۆری لە سنوری شاری سلێمانیدا بوو. بایەخی نەدابوو بە قەزاو ناحییەو دێهاتەکانی کەرکوك و هەولێر، وە ڕانیە و قەلأدزەو ڕەاندز و کویسنجاق کە بەدەستی تورکەکانەوە بوو، لەگەڵ ئەوەدا، دۆست و هاوپەیمانی زۆری هەبو شێخ مەحمود لەناو ناوچانەدا، دەبوایە لەو ناوچانەشدا هانی دۆستانی خۆی بدایە بۆ دروستکردنی شانەی چەکداری و لە تورك و ئینگلیزەکانی بدایە بەپێی کات و سات و بارودۆخی شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی، چونکە ماوەی دوانزە ساڵ زۆر بو بۆ بیرکردنەوەی فراوانکردنی شۆڕش و دەسەلأتەکەی.

هەشتەم: دڵنەرمی و لێبوردنی شێخ مەحمود بەرامبەر بە پیاوانی سیخوڕو خۆفرۆش لە سنووری دەسەلأتیدا، شێخ مەحمود هەتا ساڵی (١٩٣٠)و ناچارکردنی بۆ دەست هەڵگرتن و کۆڵدانی لە شۆڕشی ئازادیخوازی کورد نەبینراو نەبیسترا کە هیچ سیخوڕو پیاو خراپ و خۆفرۆشێك بگرێت و سزای کوشتنی بەسەردا بدات یان بەندیان بکات بۆ

ئەوەی خراپەکارانی تر چاوترسێن بن پێی، شێخ مەحمود گیانی شۆڕشگێڕی تیادا نەبوو بەرامبەر بە خاین و خۆفرۆشانی کورد.

چەندەها کەس دەهاتن بۆ ناوچە ڕزگارکراوەکانی کوردستان بان هەر لە ناوچەکەدا بوون و لە دەورووپشتی خۆی بوون بە ئاشکرا پیاوی تورك و ئینگلیز بوون سیخوریان دەکرد دژی شێخ مەحمود و دەسەلاتەکەی.

کاتێك کە شێخ مەحمودیان ئاگادار دەکردەوە لێیان یان دەیان بردن بۆ لای، شێخ خۆی بەدەم هەڕەشەی لێیان دەکرد و بەری دەدان بەبێ سزاو بەند کردنیان.

ئەم کەم تەرخەمییەی شێخ بەرامبەر بە سیخورو پیاو خراپان بوو بەهۆی زۆربوونی سیخورو پیاو خراپ و خۆفرۆشێکی زۆر لە ناوچەکەدا، نەنانەت لەناو فەرمانگەو سوپاکەشیدا و هەموو هەواڵ و باسێکیان دەگەیاند بە تورکان و ئینگلیزەکان لە هەموو شوێنێکی کوردستان، بەتایبەتی قەزاو ناحیەکان کە زۆریەی حاکم و بەڕێوەبەرەکانیان ئینگلیز بوون.

تۆیەم: شێخ مەحمود خۆی بە مەلیکی کوردستان دەزانی لەگەڵ ئەوەشدا بیروباوەڕێکی ئاغایەتی و دەرەبەگایەتی هەبوو، بەرژەوەندییەکانی خۆی لەپێش هەموو بەرژەوەندییەکەوە بوو بۆ داگیرکردنی موڵك و زەوی و جۆگاو بەر ئاوەکان، ئەم خاڵەش بەڵگەیەکی ئاشکرایە کە تاوەکو ئێستاش جۆگاو بەر ئاوەکانی ئاوبارەو زەوییەکانی بازیان و دەربەندی باسەرە و خوێی خوێلینەکە و گوندەکانی سیتەك و داری کەلی و هەندێك لە گوندەکانی قەرەداغ زۆر زەوی و بەراوی تر هەر بەناوی شێخ مەحمودو شێخ قادری برایەوە ماون، لە هەموو گوندو دێیەك سەرکارێکی تایبەتی خۆی هەبوو بۆ سەرپەرشتی زەوی و موڵکەکانی و کۆکردنەوە موڵکانە لە جوتیارەکان.

ئەم خاڵە زۆر گرنگ بوو، ببووە هۆی ڕانەگرتنی دڵی زۆر لە دانیشتوانی دێهاتەکان و سەرۆك عەشیرەتەکان بۆ بەشداری نەکردنیان لە ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی شێخ مەحمود و دەسەلاتەکە، وە زۆرجاریش پشتگیری کردنی دوژمنەکانی.

دەیەم: شێخ مەحمود سێ کۆمەڵی لە دەوری خۆی کۆکردبوو،:

١-شێخان، ئەوەی شێخ بوایە بەچاوێکی تایبەت سەیر دەکرا، لە زۆر ئیش و کاردا دەست نەدەخرایە ڕێگایان ئەوانیش بە پشتیوانی شێخ مەحمودەوە خۆیان لە هەموو

ئیش و کارێك هەڵدەقورتاند، و زوڵم و زۆریان دەکرد کە کەسانی نا شێخ. زۆر کات بەناوی شێخ مەحمودەوە زۆر کاری نابەجێیان دەکرد بەبێ ئاگاداری شێخ مەحمود. کاتێکیش کە شێخ ئاگادار دەکرایەوە دادپەروەری تەواوی نەدەکرد و پشتی شێخانی بەر نەدەدا.

٢-فەرمانبەران و موچەخۆرانی عوسمانییەکان (کوردە تورك خوازەکان)ئەم کۆمەڵە دەوری شێخ مەحمودیان دابوو بە تایبەتی ئەوەی کە قسەی دەڕۆیشت لەلای شێخ مەحمود و سەر نووسەری بوو (تایەر ئەمین ئەفەندی مەسرەف)بوو کە ڕەفیق حلمی لە یاداشتەکەیدا بەرگی دوو لاپەرە (٥٤١)باسی دەکات زیاد کاریان دەکردە سەر شێخ مەحمود و هانی دەدا بۆ نزیك بوونەوە لە تورکان کە موسڵمانن و ئینگلیزەکان کافرن، ئەم کۆمەڵە دەورێکی بالآیان هەبوو بۆ دوو دڵی و گۆڕینی شێخ مەحمود بەرامبەر بە ئینگلیزەکان و بوون بەهۆی دروستبوونی ڕق و کینەی ئینگلیزەکان بەرامبەر بە شێخ مەحمود و دەسەلآتەکەی.

٣-شێخ مەحمود هەر لە سەرەتای هاتنی و دامەزراندنی یەکەم حکومەتی، ڕۆشنبیران و ئەفسەرە کوردەکانی دەوڵەتی عوسمانی و خەڵکی شاری سلێمانی لەخۆی کرد، بە دامەزراندنی براو مام و ئامۆزا و خزمانی خۆی و شێخان، لەگەڵ ئەوەی زۆربەیان نەخوێندەوار بوون، ئەمەش بوو بەهۆی دوورکەوتنەوەی ڕۆشنبیران و ئەفسەرانی کورد و دانیشتوانی شاری سلێمانی لە جاف و بابان و تیرەکانی تر، لە دەوری شێخ مەحمود و حکومەتەکەی، ن.س.

# هەوڵدانێکی تری کورد

[1] لە مانگی ئایاری ساڵی (١٩٣١ز)حکومەتی عێراق تۆفیق وەهبی کە موتەسەریفی (پارێزگا)ی سلێمانی بوو، دوایی بوو بە وەزیری دارایی لە وەزارەتەکەی ساڵح جەبرەوە بوو بە ئەندامی ئەنجومەنی ئەعیان گیرا لەگەڵ دکتۆر شوکری موحەمەد و سەید نامیق بە تاوانی هەوڵدانیان بە ڕێگای کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتوەکانەوە بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی کوردی و ئاسووری.

لە تاوانبار کردنەکەدا دەڵێت: ئەمانە هان دراون لەلایەن (مستەر ماریکۆ)وە کە ئەفسەرێکی ئینگلیزی بوو لە هەمان ساڵدا هاتبوو بۆ عێراق بۆ هەمان هەوڵ و مەبەست.

[1] خەباتی چەکداری و ڕامیاری نەتەوایەتی کورد، نەجم سەنگاوی، ل٦٠

# کورد و نەتەوە یەکگرتووەکان

[٢] لە سـاڵی (١٩٤٥ن)لە کاتێکـدابوو نەتـەوە یـەکگرتوەکان دامـەزرا لـە فرانـسیکۆ، تێکۆشـەرانی کـورد بـە هـەلیان زانـی داواکاریـەکیان ئاراسـتەی کۆبوونەوەکـە کـرد بـەناوی میللـەتی کـوردەوە لەگـەڵ وتارێکـدا و نەخـشەیەکی کوردسـتان و داوای سـەربەخۆیی و رزگـاری نەتـەوەی کوردیـان کردبـوو. لـە داخوازییەکەیانـدا چەوسانەوە و ژێر چەپۆکی کوردیان خستبووە ڕوو.

وە پێیـان ڕاگەیانـدبوون کـە ئاشـتی و ئاسـایش لـە رۆژهـەلاتی ناوەڕاسـتدا نابێـت بـەبێ چارەسـەرکردنی گیروگرفـت و کێـشەی میللـەتی کـورد و نابینرێـت. بـەلام دانیـشتوانی کۆبوونەوەکـە هـیچ بایـەخ و بڕیارێکیـان نـەدا دەربـارەی داواکارییەکەیان و وەلأمیان نەداوە.

بـەلأم کـورد بـۆ ئـەوەی کـە بۆیـان بسەلمێنن کـە میللـەتی کـورد دەسـتبەردار نییـە لـە مـافی نەتەوایـەتی خـۆی و هـەموو کاتێـك توانـای هەیـە بزووتنـەوەی ئـازادیخوازی بەرپا بکات.

ئـەوەبوو لـە ١٦ی ئـابی سـاڵی (١٩٤٥ن)بـانگی میللـەتی کـورد بـەرز بوویـەوە و پیـاوانی خـەبات گێـڕی کـورد و خوێنکـاران لـە دەرەوەی ڕلأت لـە (بـاکۆ)پایتـەختی ئازربایجـانی سـۆڤیەت کۆنگرەیـەکیان بەسـت بـۆ کێـشەی کـورد و چـۆنیەتی و خەباتی داهاتووی و دانانی پرۆگرامێکی نوێ..

[٢] هەمان سەرچاوە.

# لیژنەی دیاری کردنی سنووری ولآتان

[1] لە کاتێکدا کە کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتوەکان بڕیاریان دا بۆ ناردنی ئەندامانی بۆ کێشەی ناکۆکی نێوان عێراق و تورکیا دەربارەی موسڵ، ئەوەبوو لە کانوونی دووەمی ساڵی (١٩٢٥ن)هاتن بۆ عێراق و لە راپۆرتێکیاندا دەربارەی کێشەی کورد دەڵێت: پێویستە چاودێری کوردان بکرێت دەربارەی فەرمانبەرانی کورد و دامەزراندنیان بۆ بەڕێوەبردنی ولآتەکەیان، وە ڕێکخستنی کاروباری دادگایی و فێرکردن لە قوتابخانەکانیاندا، وە دەبێ زمانی کوردی زمانی فەرمی بێت لەم ڕووانەوە.

کە کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتوەکان کۆڵینەوە دەربارەی ناکۆکی نێوان عێراق و تورکیا بڕیاریان دا بە مانەوەی موسڵ لەسەر عێراق بە مەرجێك حکومەتی بەریتانیا بەشێوەیەکی فەرمی نێو دەوڵەتی خۆی بە بەرپرس بزانێت و بیخاتە پێش چاوی کۆڕی ولآتانی هاوپەیمان جۆری ڕێکخستنی ئیدارەی کوردانی عێراق، وە جۆری ئیدارەیان بپارێزێت هەر وەکو لیژنەی دیاریکردنی سنوورەکان لە دیاری کردنەکەی دواییدا بۆی دەرکەوتووە.

---

[1] هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٥١

# یاسای زمانەکانی ناوخۆ

[1]لە مانگی شوباتی ساڵی (١٩٢٩ز)نایبە کوردەکان لە کۆڕی نایبەکانی عێراق داواکارییەکیان ئاراستەی سەرۆك وەزیرانی عێراق کردو داوای ئەم خاڵانەیان کردبوو تیایدا:

١-زیادکردنی ئەرکی خوێندن و فێرکردن لە کوردستان.

٢-پێکهێنانی یەکەییەکی ئیداری بۆ لیواکانی (پارێزگاکانی)سلێمانی و کەرکوك و هەولێر، وە دامەزراندنی لیوایەکی تری نوێ لە قەزا کوردییەکانی لیوای موسڵ. وە بۆ بەڕێوەبردنی ئەم یەکە ئیداریانە پشکێنەرێکی گشتی کوردی بۆ دابمەزرێت بۆ بەستن و پەیوەندی کردنی ئەم ناوچە کوردیانە لەگەڵ حکومەتی بەغدا.

٣-زیادکردنی ئەرکی بەرژەوەندییە گشتییەکانی ناوچە کوردییەکان، داواکارەکە،ئیمزاکرابوو لەلایەن ئەم نایبانەی خوارەوە:

١-جەمال بابان کە وەزیری داد بوو لە وەزارەتەکەی نوری سەعید.

٢-سەیفوڵلا خەندان وەزیری متمانە پێکراوی عێراق بوو لە پاریس و مەدرید.

٣-حازم شەمدین ئاغا وەزیری دەوڵەت بوو لە وەزارەتەکەی ،ساڵح جەبر.

٤-ئیسماعیل ڕەواندزی کە لە ساڵی (١٩٣١ز)کوژرا.

٥-موحەمەد جاف.

٦-موحەمەد ساڵح-موحەمەد عەلی.

لەپاش لێکۆڵینەوەی داواکارەکەیان لەلایەن حکومەتی عێراق و مەندوبی سامی بەریتانی لە عێراق، داواکارییەکەیان پەسەند نەکرد؛ تەنها بڕیارێکیان بڵاو کردەوە بەناوی لابردنی هۆی شکات کردن و یاسای زمانەکانی ناوخۆ کە زمانی کوردی زمانی فەرمی دەبێت لە دادگاکانی ئەو قەزایانەی کە زۆبەی دانیشتوانەکەی کوردن.

---

[1] القضية الكرية، محمود درة، ص١٢٠

# جارێکی تر کێشەی کورد لە کۆمەڵی نەتەوەکان

[1]لەکاتی وەزارەتی یەکەمی نوری سەعید دەست کرا بە وتوێژکردن بۆ بەستنی پەیمانی ساڵی (١٩٢٠ن)بۆ ئەوەی جێگای پێسپاردن بگرێتەوە و پێشەکییەك بێت بۆ وەرگرتنی عێراق لە کۆمەڵی نەتەوەکان، خەباتگێرانی کورد ئەمەیان بە هەل زانی و دەستیان کرد بە هەوڵ و کۆشش و بروسکە ناردن بۆ حکومەتی عێراق و مەندوبی سامی بەریتانی و کۆمەڵی نەتەوەکان و داوای جێبەجێکردنی بڕیارە ڕابوردوەکەی کۆمەڵەی نەتەوەکانیان کرد بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ، بەڵام کۆمەڵی نەتەوەکان لە داواکاریەکە کۆڵینەوە و وەڵامەکەیان دانەوە و دەڵێت هیچ داواکاری کۆنیان نەدۆزیوەتەوە لەو بابەتەوە کە کوردان ئاراستەی کۆمەڵی نەتەوەکانیان کردبێت بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی لەژێر چاودێری کۆمەڵی نەتەوەکان، بەڵام چەند بڕیارێکیان دۆزیوەتەوە و تیادا دیاری کراوە و دەڵێت: کوردان دەبێ ڕەفتاری تایبەتیان لەگەڵدا بکرێت، بەڵام جۆری ڕەفتارەکەش دیاری نەکراوە کە ئەو ڕەفتارکردنە چۆن دەبێت. وە هەندێك ئاگاداری لەلایەن دەوڵەتانی پێسپێردراو دەڵێت: هەندێك مافیان دەپارێزرێت دەربارەی ئیدارەی ناوخۆیان، وا دەردەکەوێت تاوەکو ئێستا جێبەجێ نەکراوە، لەبەر ئەوە ئەم ڕاسپاردانەی خوارەوە دەسپێرین بە لیژنەکە:

١-وەڵام دانەوەی ئەو داواکارەی کە داوایان کردوە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ لەژێر چاودێری کردنی کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتوەکان.

٢-داوا بکرێت لە دەوڵەتی پێسپێردراو (بەریتانیا)بڕوانێتە ئەو یاسا ئیدارییەی کە دایناوە بۆ پاراستنی ماڧ کورد کە بایەخ پێدانە و چارەی بکرێت بەبێ کەم و کورتی و پشت گوێ خستن، دابنرێت و جێبەجێ بکرێت.

٣-دەڕوانرێتە جێبەجێکردنی جۆری پاراستنی مافەکانیان بە مەرجێك کاری پێ بکرێت کوردان دڵنیا بکرێن کە بەو شێوە دەمێنێتەوە ئەگەر عێراقیش بە یەکجاری لەژێر دەوڵەتی پێسپێردراو (بەریتانیا، ن.س)دەرچوو.

---

[1] خەباتی چەکداری و ڕامیاری نەتەوایەتی کورد، نەجم سەنگاوی، ل٥٤

## سمایل ئاغای شکاك=سمکۆی شکاك کێیە؟



سمایل ئاغای شکاك (سمکۆی شکاك) و پاسەوانەکانی

[1]عەشیرەتی شکاك یەکێکە لە عەشیرەتە دێرینەکانی کورد، زۆر لە کۆنەوە نیشتەجێ و دانیشتووی ناوچەی سۆماو برادۆستن. چەند جارێك دەسەلآتی ناوچەی (وورمێ)یان گرتووەتە دەست.

ناودارترین کەسیان لە پێشی سمکۆی شکاك کە هەتا ئێستاش شانازی پێوە دەکەن (ئەمیر خانی برادۆستە)کە لە نزیك شنۆ،(وورمێ)لەسەر کێوی دەم دەم قەلآیەکیان هەبوو بە ناوی (قەلآی دەم دەم)ەوە.

میرنشینێکی سەربەخۆ بوو هەرچەندە توانای ئەوەیان نەبوو بتوانن بە تەنها خۆیان بپارێزن و بەربەرەکانی دەوڵەتی ئێران بکەن.

بەلآم قەلآی دەم دەم وەکو ناوەندێکی دەسەلآت هەتا ماوەیە بەدەستی دەوڵەتی ئێران و عەشیرەتی شکاکەوە دەستی دەکرا.

سەرۆك عەشیرەتەکانی شکاك لەبەر ئەوەی کە لەسەر سنوور بوون و ناوچەکەیان کەوتۆتە نێوان دەوڵەتی ئێران و دەوڵەتی عوسمانی تورکەوە. ملیان بە کەسیان نەدەدا و لە نێوان هەردوو دەوڵەتدا سەربەخۆ بوون. لەلایەن

[1] کورد و کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی بەریتانیا، دکتۆر کەمال مەزهەر، ل١٨٠

دەوڵەتی ئێرانەوە فشار بخرایەتە سەریان پەنایان دەبرد بۆ دەوڵەتی عوسمانی و ئەوانیش پشتگیریان دەکردن لەبەر بەرژەوەندی و ناکۆکی نێوانیان.

لەلایەن عوسمانیەکانیشە فشار بهاتایە سەریان پەنایان دەبرد بۆ ئێران، لەبەر ئەوەی کە لەناو سنووری ئێراندا بوون بە هەمان شێوە ئێران پشتگیری لێیان دەکرد.

لەناو عەشیرەتی شکاکدا هەستی نەتەوایەتی و ئازادی و سەربەخۆیی زۆر بەهێز بوو لەبەر ئەوەی لە نێوان دوو دەوڵەتی داگیرکەردابوون، هەر لایەنێکیان پەلاماریانی بدایە بۆ ئەوەی کە ملیان پێ کەچ بکات بەرەنگاری دەبوونەوە و ملیان بۆ کەچ نەدەکرد.

سمایل ئاغای شکاك (سمکۆی شکاك)چوار پشتی لەسەر دەسەڵات و ئازادی و سەربەخۆیی میرنشین و عەشیرەتەکەیان بەدەستی دەوڵەتی ئێران کوژراوون و لەناوچوون. سمایل ئاغای شکاك کوڕی موحەمەد پاشا کوڕی عەلی خان کوڕی سمایل ئاغای ئەمیرخانی برادۆستە. لەدایك بووی ساڵی (١٨٧٥ز).

دکتۆر کەمال موزهر لە کتێبەکەیدا (کورد و کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنیەکانی بەریتانیا)دەڵێت: ناوی سمکۆی شکاك لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیدا بە ژمارە یەك لە کەسایەتیە کوردەکان هاتووە، دووەم کەس شێخ مەحمودی مەلیکە.

لە راپۆرتەکەی (گلاوین جێب)دا لە هەمان فایلی بەڵگەنامەکانی بەریتانیا دەڵێت: سمایل ئاغای شکاك رابەرێکی بەناوبانگە و ساڵ و نیوێکە ناوی لەناو ناواندا نەماوە، بەڵام هەر چۆنێك بێت هەموو کاتێك دەتوانێت بێتەوە مەیدان. (سمایل ئاغای شکاك)دەتوانێت ئەوەندەی شێخ مەحمود لە سلێمانی گێرمەو کێشە بۆ دەوڵەتی ئێران و تەنانەت بۆ عێراقیش دروست بکات هەمان سەرچاوە لە بیرەوەرییەکانی (مێجەر نۆئێل)لە فایلی (٩٣/٢٥١)ی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا دەڵێت: سمکۆی شکاك لە پێش جەنگی جیهانی یەکەم دەیتوانی نزیکەی دوو هەزار چەکداری سوارە و پیادە کۆ بکاتەوە، بەڵام ئێستا لەوانەیە (واتە لە دوای پێنج ساڵ).

پیاوەکانی لە (١٠٪)ئەو ژمارەیەن. هەروەها دەڵێت لە ڕێگای پۆستەوە بۆمبێك نێردراوە بۆ سمکۆی شکاك، کاتێك کە زەرفەکە دەکەنەوە دەتەقێتەوە و ٢٥ کەس لە پیاوەکانی سمکۆ دەکوژرێت و ژمارەیەکیش لەوە زیاتر بریندار دەبن.

وەك دەڵێن ئەو کارە پیلانی کاربەدەستانی دەوڵەتی ئێران بووە.

(٢)جەعفەر ئاغای برای سمکۆ بە بارەمتە دانراوە لەباتی باوکی لە تەورێز و بەدەست کیسەی والی تەورێز دەکوژرێت.

(موحەمەد پاشای باوکی سمکۆ کۆچی دوایی کردبوو، ن.س)جەعفەر ئاغای برایشی کوژرابوو لە تەورێز. سمکۆ لە تەمەنی بیست ساڵیدا بوو بە سەرۆکی عەشیرەت لە جێگای جەعفەری برای. مردنی باوکی و کوژرانی جەعفەری برای هەستی تۆڵەکردنەوەیان دروست کردبوو لەلای سمکۆی شکاك دژی دەوڵەتی ئێران.

(٣)سمکۆی شکاك لە پێش جەنگی جیهانی یەکەم دەستی زۆر دەڕۆیشت، پەیوەندی زۆر بەهێز بوو لەگەڵ عەبدولرەزاق بەدرخان و هەستی نەتەوایەتیەکەی و بیرو بۆچوونەکانی کاریان تێی کردبوو.

بە پارمەتی سمکۆی شکاك و قەیسەری ڕوسی (عەبدولرەزاق بەدرخان)قوتابخانەیەکی کردبووە بۆ منداڵانی کورد بە زمانی کوردی لە (خویە)لەسەر پەیڕەوی ئەوروپایی.

پێگەی کۆمەڵایەتی سمکۆی شکاك بەهۆی ژن خوازییەوە لە بنەماڵەی شێخانی نەهری سنووری عەشیرەتی شکاکی بەزاندبوو. بنەماڵەی نەهری کەسایەتیەکی زیاتر بەهێزو بەناوبانگی بۆی پێك هێنابوو.

---

(٢) کوردستان و ستراتیژی دەوڵەتان، حوسێن مەدەنی، ل٧٦

(٣) هەمان سەرچاوە، ل٨٠

# یارمەتی سمکۆی شکاك و هاتنی بۆ سلێمانی

[1] شێخ مەحمود لە ساڵی (١٩١٩ن)لە شەڕی دەربەندی بازیان گیرا بەدیل و ڕەوانەی هندستان کرا، شێخ قادری برای شێخ مەحمود خێزانەکەی خۆی و شێخ مەحمود دەبات بۆ ڕۆژهەلآتی کوردستان لە دیوی ئێران. شێخ قادر ئاشکرا دەبێت و دەیگرن و تەسلیمی دەکەنەوە بە دەسەلآتدارانی ئینگلیز لە سلێمانی.

ژن و منداڵەکانی شێخ مەحمودیش ڕوو دەکەنە ماڵی سمکۆی شکاك و لەوێ وەکو باوك و برا پەنایان دەدات و نایەڵێت کەم و کورتیان هەبێت هەتا شێخ مەحمود لە هندستان دەگەڕێننەوە بۆ سلێمانی.

ساڵی (١٩٢٢ن)سمکۆی شکاك کە هات بۆ سلێمانی جل و بەرگی سەربازی لەبەردابوو، لەگەڵ کلاوێکی کوردی شکاکی و مێزەرێکی تێکەلآوی مشکی و هەوری بەستبوو بەسەریەوە. دانیشتوانی شاری سلێمانی پێشوازیەکی گەرمیان لێی کرد.

یاوەر و پاسەوانەکانیشی بە جل و بەرگی کوردیەوە و تفەنگ و فیشەك لفەوە خۆیان بەستبوو بە سواری ئەسپ و ماین هاتن بۆ سلێمانی.

---

[1] کوردستان و ستراتیژی دەوڵەتان، حوسێن مەدەنی، ل٨٥

# سمكۆی شكاك و جەنگی جیهانی یەکەم

[٢]سمکۆی شکاك لە پێش جەنگی جیهانی یەکەم ناوچەی (قوتور)کە میرنشینی بوو، وە بەشێك بوو لە سنووری ئێران لەژێر دەسەلاتیدا بوو.

دەوڵەتی عوسمانی هەوڵی دا قوتور داگیر بکات و داوای کردبوو لە سمکۆی شکاك و گوتبووی ئەگەر دەست لە ئێران هەڵبگرێت و بچێتە پاڵ دەوڵەتی عوسمانی سەرداری (قوتور و سۆماو چەهریق)ی پێ دەدەن بەدرێژی ژیانی. بەلام سمکۆ داواکاریەکەیانی ڕەتکردەوە و برواو متمانەی نەبوو بە عوسمانییەکان و داوای لە ئێران کرد یارمەتی بدات بۆ دەرکردنی عوسمانییەکان لە ناوچەکەدا. بەلام ئێران وەلامی نەدایەوە.

لەمانگی تشرینی یەکەم ساڵی (١٩١١ز)سمکۆ نامەیەکی ناردبوو بۆ کونسولی ڕوسیا لە وورمێ و تیایدا گوتبووی دەوڵەتی عوسمانی هەلی وەرگرتووە لە بارودۆخی لاوازی و بێ دەسەلاتی ئێران و بە ئاشکرا شەرم پێ دەفرۆشێت.

دەوڵەتی ئێرانیش لەژێر پاراستنی ئێوەدایە.

تکایە نیازی ناپاکی دەوڵەتی عوسمانی ڕابگەیەنن بە دەوڵەتی ڕوسیا بۆ ئەوەی کە هێرشەکانیان ڕابگرن بۆ سەرمان. کونسولی ڕوسیا لە وورمێ هاتبوو بە هانای سمکۆی شکاکەوە لەم بارەیەوە گوتبووی، سمکۆی شکاك تاقە کەسێکی شکاکە دۆستی ئێرانەو لایەنگری حکومەتی ڕوسیاشە، دەبێ سوپاسی بکەن کە عوسمانییەکان بەهۆی سمایل ئاغای شکاکەوە نەیان توانیوە (قوتور)داگیر بکەن.

لە مانگی مەی ساڵی (١٩١٢ز)دەوڵەتی ئێران فەرمانی دابوو بۆ دوورخستنەوەی سمکۆ لە قوتور بۆ شاری وورمێ، وە سزایش بدرێت. بەلام شجاع الدولە فەرمانەکەی جێبەجێ نەکردبوو.

وەزارەتی دەرەوەی ڕوسیا نووسیبووی دوورخستنەوەی سمکۆی شکاك لە قوتور کارێکی زیان بەخشە نەك تەنها بۆ ئێران، بۆ بەرژەوەندییەکانی ئێمەش.

لە ساڵی (١٩١٢ز)ڕوسەکان سمکۆی شکاکیان دەعوەت کرد، بۆ ڕوسیا و سەرکردەی هێزی سوارەی (نێژە گورد)لە تفلیس بەگەرمییەوە پێشوازیان لێی کرد و لەلایەن حاکمی تفلیسەوە مەدالیەیان خەلات کردبوو، وە کردبوویان بە سەرۆکی پاسەوانی قوتور.

---

[٢]هەمان سەرچاوە.ل٨٠.

# سمکۆی شکاك و ڕاپەڕینەکانی

[1]سمکۆی شکاك لەکاتی جەنگی جیهانی یەکەمدا خۆی لاداو پاراست لە شەڕی ناوچەیی ڕوسیاو دەوڵەتی عوسمانی و لایەنگری کەسیانی نەکرد.
ڕوسەکان سمکویان گرت لە تفلیس و بەندو زیندانیان کرد، لە پێش شۆڕشی ئەکتوبەری ساڵی (١٩١٧ن)ی ڕوسی ئازادیان کردو گەڕایەوە بۆ (جەهریق).
لەکاتی کشانەوەی ڕوسەکان لە سنووری ئێران سمکۆ چەك و جبەخانەیەکی زۆری ڕووسی دەست کەوت.
عوسمانییەکانیش کە لە شەڕدا تێك شکان و ناوچەی (وورمێ)یان بەجێ هێشت سەربازێکی زۆری عوسمانییەکان نەگەڕانەوە بۆ وڵاتەکانی خۆیان، بە خۆیان و چەکەکانیانەوە چوونە پاڵ سمکۆی شکاك و چەکەکانیان تەسلیمی ئەوکرد.
ئاڵۆزبوونی بارودۆخی ئێران لە ڕووی سەربازی و ئابوورییەوە. وە بڵاوبوونەوەو پەرەسەندنی هەستی نەتەوایەتی کورد و دەرکەوتنی کۆمەڵێك لە پیاوانی سەرکردەو سیاسەت مەداری کورد (وە جاڕنامە ١٤ خاڵەکەی سەرۆکی ئەمەریکا بۆ ماف گەلانی چەوساوەی ژێر دەستی عوسمانییەکان، ن،س).
ئەمانە هەموو هەل و مەرجی ڕاپەڕین و شۆڕشی سمکۆی شکاك بوون.
(هەر لە ساڵی (١٩١٧ن)بەهۆی شۆڕشی ئەکتوبەری ڕوسیەوە، ن.س)دەوڵەتی ڕوسیا کشایەوە لە سنوورەکانی ئێران و ئاڵان بە گێروگرفتی ناوخۆیاندا. وە سمکۆی شکاکیش دەستی کرد بە پاککردنەوەی ناوچەکەی و ئازادکردنی لە سوپای ئێران.
ئینگلیزو فەرەنسیەکان بەنیاز بوون ئەرمەنییەکانی ئێران و ناو دەوڵەتی عوسمانی لە سنوورەکانی باکووری کوردستان و قەفقازیای ڕوسی بکەن بە یەك و دەوڵەتێکیان بۆ دابمەزرێنن کە ناوچەی وورمێ (یشی بەردەکەوت کە

[1] هەمان سەرچاوە، ل٨٦

شارێکی کوردە و دانیشتوانەکەیشی زۆربەی کوردن و لە سنووری دەسەلاتی سمکۆی شکاکدان، ن.س).

ئەم دەوڵەتە ئەرمەنییە قەفقازیشی بەر دەکەوێت کە بەشێکە لە خاکی ڕوسیا و پێی قەبووڵ ناکرێت لێی دابڕێن.

دەوڵەتی عوسمانیش لەوەو پێش دەستیان چوو بووە خوێنی ئەرمەنییەکان و ئاسوورییەکانی ناو سنووری دەوڵەتەکەیان و ناحەز بوون بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی ئەرمەنی.

ئێرانیش ناوچەی وورمێ بە خاك و سنووری خۆی دەزانی پێی خۆش نەبوو لێی دابڕن و بیخەنە سەر ئەو دەوڵەتە ئەرمەنیە.

(لە چوار لاوە، ڕوس، عوسمانییەکان، ئێران، سمکۆی شکاك ناڕازی بوون بۆ دروست کردنی دەوڵەتی ئەرمەنی لە ناوچەکەدا. سمکۆی شکاك ناوچەکەی کەوتبووە ناو سێ کوچکەی سێ دەوڵەتەوە، ڕوسیا لە باکوورەوە، عوسمانییەکان لە رۆژئاواوە. ئێران لە رۆژ هەلاتەوە، ن.س).

ئینگلیزەکان لە ڕێگای (میسیو نێرەکانیانەوە)مژدەدەرە مەسیحیەکانەوە، ن.س پەیوەندیان کردبوو بە سمکۆی شکاکەوە بۆ ئەوەی کە ڕەزامەندی دەربڕێت بۆ دامەزراندنی ئەو دەوڵەتە ئەرمەنییەو ڕێك بێت لەگەڵ (مار شەمعون)سەرۆکی ئایینی مەسیحیەکان لە ناوچەکەدا.

لە ٢٥ی ڕەشەمێی ساڵی (١٢٩٦)مار شەمعون لەگەڵ کۆمەڵێك چەکدار دەڕوات بۆ لای سمکۆی شکاك بۆ وتوێژکردن و ڕازیکردنی (بۆ ئەوەی کە شاری وورمێ بخرێتە سەر ئەو دەوڵەتە ئەرمەنییەی کە لەو سەردەمەدا ئەرمەنی و ئاسوورییەکان بەهۆی ئینگلیزو فەرەنسیەکان و مژدەدەرە مەسیحیە ئەمەریکاییەکانەوە هاندەدران لە ناوچەکانی ناو سنوورەکانی دەوڵەتی عوسمانی و ئێران، وە زیاد پێیان ڕادەکێشاو لە سەرچاوەی هێزەوە قسەیان دەکرد و هەوڵی خۆسەپاندن و زاڵبوونیان دەدا، سمکۆی شکاکیش لە گفتوگۆکانیدا لەگەڵ مار شەمعون ڕێك نەکەوتبوو و ڕەزامەندی دەرنەبڕی بوو، وە ددانی بە ئەوەدا نەنابوو کە شاری وورمێ بخرێتە سەر ئەو دەوڵەتە

ئەرمەنیــەی کــە ئینگلیــزو فەڕەنــسیەکان و ئەمــەریکا بــەنیازن دایبمــەزرێنن بــۆ ئەرمەنیەکان.

دیـار مـار شـەمعون لـە سەرچـاوەی هێـزەوە هەڕەشـەی کردبـوو لـە سمکـۆی شـکاك لەبـەر ئـەوەی ڕەزامەنـدی دەرنـەبڕیبوو بـۆ داواکارەکـەی) سمکـۆی شـکاك پیلانـی کوشـتن دادەنێـت بـۆ مـار شـەمعون و چـەکدارەکانی و لـە ڕێگـا لـەکاتی ڕۆیـشتنیاندا کەمینی بۆیان دانابوو و هەموویانی کوشتبوو.

لـە سـەرەتای سـاڵی (١٩١٨ز)سمکـۆی شـکاك چـەند جارێـك داوای کردبـوو لـە ضـیاء ئەلدولــە (ی ئێــران، ن.س)بــۆ دامەزرانــدنی فەرمانبــەرانی شــیاو پــسپۆڕو خــەڵکی شــاری وورمــێ بــۆ شــارەکەیان، وە لــە شــارە دوورەکــانی ئێرانــەوە فەرمانبــەری بێگانەیان بۆ نەهێنن.

لەســـەرەتای مـــانگی حـــوزێرانی ســـاڵی (١٩١٨ز)لایـــەنگران و دۆســـتانی سمکـــۆی شـــکاك بەشـــێوەیەکی ئاشـــکراو فـــراوان دەســـتیان کـــرد بـــە بڵاوکردنـــەوەی بیروبۆچـــوونی سیاســـی و چاکـــسازی و خزمـــەتگوزاری و دژایـــەتی کردنـــی بێگانـــە و چەوساندنەوە و بەرتیل خواردن و زوڵم و زۆرکردن.

وە داوایــان دەکــرد کــە دەبــێ هــەموو فەرمانبــەرو کاربەدەســتانی شــار خــەڵکی وورمــێ بــن و بێگانــە کــارو فــەرمانی شــارەکەیان نــەکات، بــە زۆری درووشمــی ژیانــەوە و بریقــەدار تــەنگیان هەڵچنی لــە ضــیاء الدولــە بــۆ دەرکردنــی لەســەر کــار. بــەلام ضــیاء الدولــە هێزێکــی پێــك هێنــا بــە یارمــەتی (مــستەر پاکــاردی)ئەمــەریکایی و چەك و جبەخانەی دابین کردبوو و کەوتە بەرگری کردن لەخۆی و شارەکە.

سمکـــۆی شـــکاك ٢٥ ڕۆژ گـــەمارۆی شـــاری ورمێـــی دا. لـــە ڕۆژی ١٨ی ژوئیـــەی (١٩١٩ز)کونـسولی بـەریتانی کەوتـە نێـوان هێزەکـانی دەوڵـەت و سمکـۆی شـکاك.

وە ضـیاء الدولـەی دوورخـستەوە و سـەردار (فـاتح)یـان لـە جێگـای دانـاو سمکـۆ لەشـکرەکەی کـشاندەوە لـە شـاری وورمـێ. سمکـۆ لـە پـاش کـشانەوەی لـە وورمـێ بیروبۆچـوونی چاکـسازی و خزمـەتگوزاری گـۆڕی بـە بیروبـاوەڕی نەتەوایــەتی و ئازادی و سەربەخۆیی.

لـەمانگی شـوباتی سـالّی (١٩١٩ن)سـەرۆك عەشـیرەتەکانی کـوردی کـۆکردەوە و کۆبوونەوەیـەکی فراوانـی پێیـان کـردو بڕیاریانـدا ئامادەکـاری بکـەن بـۆ ڕاپـەڕینێکی نەتەوایەتی و سازکردنی هەل و مەرجێکی گونجاو بۆی.

لەگـەڵ پـرس و ڕاو هەڵـسەنگاندنی ولاتـانیش. لـە مـانگی مـەی (١٩١٩ن)سمکـۆی شـکاك بـەناوی خۆیـەوە سـەید تـەهای نـارد بـۆ بەغـدا بـۆ ڕاوێـژکردن و داواکـردن لـە مەنـدوبی سـامی بـەریتانی لـە بەغـدا بـۆ پـشتگیری کـردن و یارمـەتی دانیـان بـۆ دامەزرانـدنی دەوڵـەتێکی کـوردی سـەربەخۆ لـەناو سـنووری ئێـران (ڕۆژهـەلاتی کوردسـتان، ن.س).بـەلام ئینگلیزەکـان هـیچ وەلامێکیـان نەدایـەوە و بـەبێ ئـەنجام گەڕایەوە.

لـە ٢١ی سـێپتێمبەری سـالّی (١٩٢٠ن)بـۆ جـاری دووەم سمکـۆی شـکاك سـەید تـەهای نـاردەوە و پەیوەنـدی کـرد بـە ئەفـسەری سیاسـی بـەریتانیاوە لـە هـەولێر و کۆمـەڵێك داخـوازی و باسـی خـستبووە ڕوو و گفتوگـۆی کردبـوو لەگەڵیـدا، دەربارەی ڕۆژهەلاتی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ.

ئـەوەی کـە گـرنگ بـوو ئـەوەبوو ئەفـسەری سیاسـی بـەریتانی ڕایگەیانـدبوو بـە سـەید تـەها و گوتبـووی: بـەریتانیا و ئێـران گفتوگـۆ و پـەیمان هەیـە لـە نێوانیانـدا و نـاتوانن ئـەو گفتـو پەیمانـە بـشکێنن (بـۆ کـورد، ن.س)چـونکە ئێـران بەشـداری نەکردوە لە جەنگی جیهانی یەکەمدا و دژی هاوپەیمانان نەوەستاوە.

# ڕا پەڕین و شۆڕشی سمکۆی شکاك

[1] لە ناوەڕاستی ساڵی (١٩١٩ن)سمکۆی شکاك نا ئومێد بوو لە یارمەتی و پشتگیری کردنی بەریتان و ئاگاداری سەرۆك عەشیرەتەکانی کردەوە و ئامادەکاری خۆیان کرد و ڕاپەڕینێکی چەکداری بەرپا کردو لە ماوەیەکی کەمدا شارەکانی (وورمێ و سەلماس)ی ئازادکرد و ئیدارەو فەرمانگەکانی تیادا دامەزراند و ڕۆژنامەیەکی بەناوی (کورد)زمان حاڵی شۆڕشەکەی بلاو کردەوە لە شاری (وورمێ)و دەنگوباسی شۆڕش و ڕاپەڕینەکەی تیایدا بلاو دەکردەوە.

سمکۆی شکاك بە لەشکرێکەوە ڕووی کردە ناوچەی سابلاغ (مهاباد)و عەشیرەتەکانی ناوچەکە پشتگیری کردو شاری سابلاخ یان ئازاد کرد بەبێ شەڕو زیان.

لە ٢٠ی ڕەمەزانی ساڵی (١٩١٩ن)سمکۆی شکاك لە شەڕێکی گەورەدا سەرکەوت بەسەر لەشکری ئێراندا کە (قولی قوربانی)فەرماندەی لەشکری ئێران بوو، لە شەڕێکی چەند کاتژمێریدا لەشکرەکەی سمکۆی شکاك حاکمی شاری سابلاخ (سەتۆ سەڵتەنە)و (٢٠٠)سەد سەرباز و ئەفسەریان گرت بەدیل.

فەرماندەی لەشکرەکەی ئێران و ئەفسەرو سەربازێکی زۆری کوژران. دەست کەوتیان لەم شەڕەدا (٧٠٠)سەد تفەنگ بوو، لە شەڕێکی تردا لە ناوچەی بۆکان لەشکری ئێرانیان تێك شکاند و کوشتارێکی زۆریان لێیان کردو (٥٦)ئەفسەر و سەربازیان گرت بە دیل. دەستکەوتیان لەم شەڕەدا یەك تۆپی شاخی و رشاشێك و تفەنگێکی زۆربوو.

[1] خەباتی چەکداری و ڕامیاری نەتەوایەتی کورد، نەجم سەنگاوی، ل٤٥

[1] کوردستان و ستراتیژی دەوڵەتان، حوسێن مەدەنی، ل٩١

# شەڕەکانی ئازادکردنی شاری سابلاخ-مهاباد

[1] لە پایزی ساڵی (١٩٢١ز)بەرامبەر بە (١٣٠٠)هەتاوی لەشکری ئازادی خوازی سمکۆی شکاك هێرشیان کردە سەر شاری سابلاخ (مهاباد)بۆ ئازادکردنی.

لەناو شارەکەدا هێزێکی ٥٥٠ کەسی لە ئەفسەرو سەربازی تیادا بوو بە ناوی تیپی (تابان)و بەرگریەکی زۆریان کرد لە خۆیان و لە شارەکە، بەڵام لەشکری ئازادیخوازی سمکۆی شکاك لەپاش شەڕێکی گەورە و خۆڕاگرتن توانیان زاڵبن بەسەر تیپی تابانـدا و تێکیان شکاندون و تەفرو تونایان کردن، تەنها فەرماندەی تیپەکەو دوو سەرباز ڕزگاریان بوو لە مردن.

دەوڵەتی ئێران بۆ داگیرکردنەوەی سابلاخ (مهاباد)و تۆڵەسەندنەوەی تیپە تێك شکاوەکەی دوو سوپای گەورەیان پێك هێنا، یەکێکییان بۆ سەر شاری سابلاخ و بە سەرکردایەتی سەرهەنگ (لوئید بێرگی سویدی)بە چەکی نوێی ئینگلیزی و فەرەنسی و ڕوسی یەوە دووەمیان بۆ سەر شاری سەڵماس، سمکۆی شکاکی لێبوو هەردوو لەشکرەکە تێك شکان و تەفرو تونا بوون و هەموو چەکەکانیان کەوتە دەست لەشکری ئازادیخوازی سمکۆی شکاك. سەید تەها لە ناوچەی مۆکریاندا مایەوە بۆ سەرپەرشتی کردن و ڕێکخستن و چاکسازی و پاکسازی، لە خاکە. لێوەی ساڵی (١٣٠١)هەتاوی (١٩٢٢ز)ڕەزا خان لەشکرێکی چوار هەزار (جاشی، ن.س)چەکداری پێك هێنا بە سەرکردایەتی (خالۆ قوربانی کرماشانی)لە کورد و ئازارەو قاراخ ناردنی بۆ داگیرکردنی شاری سابلاخ (مهاباد)لەشکری خالۆ قوربانی لە دوو لای ستراتیژی شاری سابلاخدا (شا مەجید و خەزایی)مۆڵگەیان دامەزراند. شەڕ دەستی پێ کرد لە نێوان لەشکری

ئازادیخوازی سمکۆی شکاك و (خالۆ قوربانی جاش، ن.س)ئەم شەڕەیان جیاواز بوو لەگەڵ شەڕەکانی تردا، نیشانەی یەکگرتن و نەتەوایەتی و ئازادیخوازی تیادا بوو. خەڵکی شاری سابلاخ (مهاباد)بەتێکڕا لەگەڵ هەموو سەرۆك عەشیرەتەکانی هەرکی-برادۆست-مامش-دێبۆکری-مەنگور-زەرزا یەکیان گرتبوو بۆ پشتیوانی لەشکرەکەی سمکۆی شکاك کە لە ناو شاری سابلاخ (مهاد)دابوون.

وە لەشکرەکەی (خالۆ قوربانی جاش، ن.س)تەفرو توانا کردو دەستیان گرت بەسەر هەموو چەك و جبەخانەکانیاندا و لەلایەن خەڵکەوە تالان کران. وە خالۆ قوربانیش بوو بە قوربانی و کوژرا.

شاری مهاباد بوو بە پایتەختی سمکۆی شکاك (و شۆڕشی ئازادیخوازی کورد، ن.س)وە هەمزە ئاغای مامش بوو بە فەرماندەی شاری سابلاخ، وە شارۆچکەکانی، میاندواو و مەراغەو بنار، نامەیان نارد بۆ فەرماندەی سابلاخ و پشتیوانی و دڵسۆزی خۆیانیان دەربڕیبوو بۆ شۆڕش و سمکۆی شکاك و چوونە پاڵ شاری سابلاخ، هەتا شاری سەقز لەژێر دەسەڵاتی سمکۆی شکاکدا بوو.

سمکۆی شکاك لە ساڵی (١٩٢٢ز)سەردانی مەلیك مەحمودی کردبوو لە شاری سلێمانی و لە هەڵبژاردنەکەیدا بۆ مەلیکی کوردستان ئامادەبوو و بەشداری کردبوو. یەکێك بوو لە دەنگدەران و واژەی کردبوو بۆ مەلیك مەحمود بۆ ئەوەی کە ببێت بە مەلیکی کوردستان. سمکۆی شکاك لە ماوەی چوار ساڵ شۆڕش و خۆڕاگری گەورەترین سەرکەوتنی بەدەست هێنا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ناوبانگی بڵاوبوویەوە لە کوردستان و جیهان و هاوپەیمانانی جەنگی جیهانی یەکەم.

# نسکۆ و شکستی شۆڕشەکەی سمکۆی شکاک

[1] سمکۆی شکاک هەوڵێکی زۆریدا لەگەڵ مەندوبی سامی بەریتانی بۆ پشتگیری کردن و یارمەتیدانی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ لە ڕۆژهەلاتی کوردستان.

بەلام بەهانەی ئینگلیزەکان ئەوەبوو کە دەیان گوت ئێران بەشداری نەکردوە لە جەنگی جیهانی یەکەم دژی هاوپەیمانان. وە پەیمان هەیە لە نێوان بەریتانیاو دەوڵەتی ئێران کە دەست نەخەینە ناو کاروباری ناوخۆی یەکتری. سمکۆی شکاک نائومێد بوو لە یارمەتی و پشتیوانی بەریتانیا و ئینگلیزەکانی عێراق.

(ناچار سمکۆی شکاک پەنای برد بۆ لای خەلیفەی عوسمانی لە: ئەستەمبوڵ بۆ یارمەتی و پشتگیری کردنی یان هەر نەبێ دوژمنایەتی نەکەن، ن.س).

ڕەزاخان لە (١٩٢١/١/٢٢ن)بە یارمەتی ڕاستەوخۆی بەریتانیا کودەتایەکی سەربازی کرد و دەسەلاتی قاجەریەکانی ڕووخان و خۆی بوو بە شای ئێران و دەسەلاتی گرتە دەست.

هەر بە گەیشتنی بە دەسەلات دەستی کرد بە پێك هێنانی سوپایەکی بەهێز بە یارمەتی بەریتانیا لە ئەرتەش و سەربازو جەندرمەو قازاخ و چریك (جاش، ن.س)پانزە هەزار چەکداری پێك هێنا بە چەکی بەریتانی و فەرەنسی و جل و بەرگی پۆستەی نوێی فەرمییەوە، وە ئەحمەد شای کرد بە سەرداری سوپاو دەستیان کرد بە لێدان و دامرکاندنەوەی بزووتنەوەکانی گەیلان و خۆراسان و ئازەرەکانی ئەزربایجان و سەرکەوتنیان بە دەست هێنا و هەموویان دامرکاندەوە، ئینجا دەستیان کرد بە ئامادەکاری بە هەمان گۆڕو تەوژمەوە و ڕوویان کردە ڕۆژهەلاتی کوردستان و هێزەکانی سمکۆی شکاک.

---

[1] کوردستان و ستراتیژی دەوڵەتان، حوسێن مەدەنی، ل٩٩. لە کتێبی کوردەاو یەك پرسی، تاریخ و سیاسەت حەسەن ئەرفع، ل٦٢، وەرگیراوە

سوپای ئێران لە شەڕەكانی دامركاندنەوەی ئەو بزووتنەوانەی كە باسمان كردن تاقی كردنەوە و شارەزایی و زانیاری باشیان پەیدا كردبوو، شارەزای خاڵە لاوازەكانی خۆیان و دوژمنانیان ببوون لە شەڕی بەرەیی و پارتی زانیدا.

سوپای ڕەزا شای ئێران هەر بەو (١٥٠٠٠)هەزار لەشكر، پۆستەو پرچەكەكەیەوە ڕوویان كردە ڕۆژهەلآتی كوردستان بۆ لێدانی سوپای شۆڕشگێری سمكۆی شكاك و لەناو بردنی.

شەڕی ئەم جارەی دەوڵەتی ئێران و لەشكرەكانی سمكۆی شكاك بە شەڕی دوو دەوڵەتی دژ بەیەك دەچوو، هەر دوولا شەڕی بەرەیی و مان و نەمانیان دەكرد.

كۆنفراسیۆنی گەورەی سەرۆك عەشیرەتەكانی كورد بۆ شەڕی ڕزگاریخوازی نەتەوایەتی لە ناوچەی مۆكریانەوە هەتا ناوچەی قوتور هەموویان ئازادكردبوو و دەستیان بە سەریاندا گرتبوو.

وە هێزێكی (١٠٠٠٠)دە هەزار كەسیان ئامادەكردبوو بۆ لێدان و پەرچ دانەوەی سوپاكەی ڕەزا شای ئێران و هەموو لە دەووری سمكۆی شكاك كۆ ببوونەوە.

(٢) دكتۆر ڕەزا فیازمەند هێزەكانی سمكۆی شكاكی بەم شێوە هەڵسەنگاندبوو.

لەشكرەكەی سمكۆی شكاك پێك هاتبوو لە هەشت هەزار چەكداری كورد بەسەركردایەتی سمكۆ بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێكی كوردی سەربەخۆ.

عەشیرەتەكانی كوردیش لە هەموو كات و پێویستیەكدا یارمەتی و پشتیوانیان دەكردن. لەشكرەكەی سمكۆی شكاك بەهۆی سەركەوتنی یەك لەدوای یەكیانەوە وورەیان زۆر بەرز بوو، شارەكانی سەڵماس و وورمێ و (مهاباد و بۆكان و سەقز ن.س)وە هەموو گوندو دێهاتی ناوچەكەیان بەدەستەوەبوو هەتا دەگەیشتە سنورەكانی توركیا.

لە ڕۆژی ٣ی گەلاوێژ (١٣٠١)هەتاوی (٢٥ی ژوئیەی ١٩٢٢ز)هێرش سوپای دەوڵەتی ئێران دەستی پێی كرد بۆ سەر لەشكرەكانی سمكۆی شكاك و شەڕ بەرپابوو لە نێوانیاندا.

---

(٢) كوردستان و ستراتیژی دەوڵەتان، حوسێن مەدەنی، بەشی دووەم، ل١٠٠، وەرگێڕاوە لە كتێبی ڕەزا شاه از تولدتا سلطنط تألیف، دكتۆر ڕەزا نیاز مەند، جنگهای ازربایجان، ل٣٤٨

کوردەکـــان بەهـــەمان وورەی بـــەرز و دڵـــی گـــەرم و بـــیری بـــاوەرەوە بـــەرەنگاری هێزەکـانی دەوڵـەتی ئێـران بوونـەوە. شـەر ئەوەنـدە بـە تونـدو تیـژی دەسـتی پێـی کـرد لـە هەنـدێك شـوێن لـە شـەرە تفـەنگ دەرچـوو بـوو بـە تێـك ڕژان و شـەری دەستەو یەخە بە چەکی سپی خنجەرو رم و شمشێر لە یەکیان دەدا.

کوردەکـان لـە ٢٤کاتـژمێری یەکەمـدا سـەرکەوتوو بـوون لـە شـەرەکانداو وورەیـان زۆر بـەرز بـوو، ئەوەنـدەی نـەمابوو هێزەکـانی دەوڵـەتی ئێـران بکـەن بـە دوو کەرتەوە و تێکیان بشکێنن.

بـەڵام بـەهۆی تەقاندنـەوەی تۆپـەکانی تۆپخانـەی سمکـۆی شـکاك (لەلایـەن هێزەکـانی ئێرانـەوە، ن.س)لەشـکرەکەی کـورد سـارد بوونـەوە و وورەیـان بـەرداو خۆیـان بـۆ ڕانـەگیراو تووشـی پاشەکـشە بـوون و شکـستیان هێنـا. تـەنها ئـەو هێـزەی کـە سمکـۆی شـکاك خـۆی سـەرکردایەتی دەکـردن نزیکـەی هـەزار کـەس دەبـوون لـە مەیـدانی جەنگـدا مانـەوە و بـەرگریان دەکـرد. لەشـکرەکەی تریـان لەگەڵ عەشایەرەکاندا بەرەی شەریان بەجێهێشت و بلاوەیان لێی کرد.

قـەلای (چـەهریق)کـە چـوار سـاڵ بـوو بـە دەسـتی هێزەکـانی سمکـۆی شـکاکەوە بـوو، هێزەکـانی ئێـران داگیریـان کـرد و دەسـتیان گـرت بـە سـەریاو وێرانیـان کـرد. سـەرتیپ (امـان الله جهانیـان)فەرمانـدەی گـشتی هێزەکـانی ئازربایجـان هـەواڵی گـرتنی قـەلای (چـەهریق)ی ڕاگەیانـد بـە مەڵبەنـدی هـەواڵگری (موخابـەرات)ی ئێران بەم شێوەی خوارەوە:

ژمـارە (٦٤١)لـە جەهریقـەوە. بـە عـەرزی پیرۆزتـان ڕادەگەیـەنین کـە ئـەمرۆ هێزەکـانی ئێمـە ٢٠ی بـورجی ئەسـەد کاتـژمێری ١١ی بـەیانی هێزەکـانی دوژمـنی ڕاماڵی و قەلای چەهریقیان گرتەوە.

هەرچـی تـۆپ و جبەخانـەو کەرەسـتەکانی سـەربازگەکە پێـشتر گرتبوویـان لـە هێزەکـانی دەوڵـە لێیمانـەان سـەندەوە و گرتمانـەوە، وە دوژمـن سـەرکوت کـراو ڕایـان کـرد و هـەڵهاتن و هێزەکـانی ئێمـەش بـۆ ڕاماڵینیـان بـەرەوپێش دەڕۆن، وە کەوتوونەتە شوێنیان.

# کشانەوەی سمکۆی شکاك و پاشماوەی لەشکرەکەی بۆ ناو سنووری تورکیا

[1] لەپێش هێرشکردنی سوپای دەوڵەتی ئێران بۆ سەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەشکرەکەی سمکۆی شکاك، ڕەزا شای ئێران داوای کردبوو لە تورکیا و مستەفا کەمال ئەتاتورك بۆ یارمەتیدانی بۆ لێدان و لەناوبردنی شۆڕشەکەی سمکۆی شکاك. مستەفا کەمال ئەتاتورك بەڵێن و گفتی بەشداریکردنی شەڕی نەدابوو بەهۆی بارودۆخی ناوخۆی تورکیاوە.

بەڵام گوتبووی ئەگەر هاتن بۆ ناو سنووری تورکیا ئێمە لە سەر سنوور ماوەیان نادەین و هەوڵی دەستگیرکردنیان دەدەین، (بۆ ئەو مەبەستە مستەفا کەمال ئەتاتورك لەشکرێکی زۆری ئامادەکردبوو لەسەر سنوور بۆ پێش گرتن لە سمکۆی شکاك و لەشکرەکەی، ن.س).

لە ڕۆژی (١٣٠١/٥/٢٠)ڕێکەوتی (١٩٢٢/٨/٤)ن سمکۆی شکاك لەگەڵ خێزان و پاشماوەی لەشکرەکەی کشانەوەی بۆ ناو سنووری تورکیا.

بە گەیشتنیان بۆ ناو سنووری تورکیا ئەو لەشکرە تورکەی کە ئامادە کرابوون لەسەر سنوور ڕووی چەکەکانیان کردە سمکۆی شکاك و لەشکرەکەی و پەلاماریاندان و داوای خۆ بەدەستەوەدانیان کرد لێیان. بەڵام سمکۆی شکاك و لەشکرەکەی لێیان هاتنە دەست و هەردوو لا پەلاماری یەکتریان داو لە ئەنجامدا ژنێکی سمکۆی شکاك کوژرا و کوڕێکیشی گیرا بەدیل.

وە ئەو وڵاخ هێسترانەی کە ماڵ و پارەو زێڕو جوبەخانەی سمکۆی شکاکی لێ بار کرابوون هەموو کەوتنە دەستی تورکیاو دەستیان گرت بەسەریاندا، وە سمکۆی شکاك و لەشکرەکەی بە دەم شەڕەوە پاشەکشەیان کرد بۆ ناو سنووری عێراق-باشووری کوردستان.

---

[1] کوردستان و ستراتیژی دەوڵەتان، بەرگی دووەم، حوسێن مەدەنی، ل١٠١، وەرگێڕاوە لە کتێبی مێژوویی، وەرگێڕانی موحەمەد ڕەیانی، ل١٠١

# لێبوردن بۆ سمكۆی شكاك و گەڕانەوەی بۆ گوندەكەی

[1] سمكۆی شكاك لەپاش شكست نسكۆكەی لە شۆڕشەكەیدا و هەڵهاتنی لە دەستی توركان ڕۆیشت بۆ سلێمانی و ماوەیەك لەوێ مایەوە. (نزیكەی هەشت مانگ مایەوە لە سلێمانی، ن.س)مەلیك مەحمود لە ڕێگای (ئۆزدەمیر)ەوە لێبوردن و ئاشتەوایی بۆ سمكۆی شكاك لەگەڵ توركاندا دەستەبەر كرد لەلای مستەفا كەمال ئەتاتورك بۆ خۆی كۆمەڵەكەی و ئازادكردنی كوڕەكەی و گەڕاندنەوەی ماڵ و پارەو زێڕەكانی كە دەستی توركان كەوتبوو.

بە نزیك بوونەوەی سمكۆی شكاك لە مەلیك مەحمود و لێبوردن و ئاشتەوایی سمكۆی شكاك لەگەڵ توركاندا بەهۆی مەلیك مەحمودەوە لە ڕێگای ئۆزدەمیرەوە.

ئینگلیزەكان مەترسیان لێ نیشت لە ئەوەی كە مەلیك مەحمود و سمكۆی شكا یەك بگرن و بڕۆنە پاڵ توركان. وە كوردی باشوور و ڕۆژهەڵاتی كوردستان یەك بگرن و دژیان ڕابوەستن. ئینگلیزەكان بۆ ئەوەی كە خۆیان لەم مەترسیە دوور بخەنەوە و مەلیك مەحمودو سمكۆی شكاك لەیەك جیا بكەنەوە و لە یەك دووریان بخەنەوە. ئینگلیزەكان پەیوەندیان كرد بە شای ئێرانەوە و داوایان لێی كرد كە لێبوردن دەربكەن بۆ سمكۆی شكاك و بنەماڵەكەی و بگەڕێتەوە بۆ گوندەكەی خۆیان.

ئینجا ئینگلیزەكان پەیوەندیان كرد بە سمكۆی شكاكەوە پێیان ڕاگەیاند كە لێبوردنیان بۆ خۆی و بنەماڵەكەی وەرگرتووە لە ڕەزا شای ئێران و دەتوانن بەگەڕێنەوە بۆ گوندەكانی خۆیان و موڵك و زەوییەكانی بۆ دەگەڕێننەوە و كەس دەست ناخاتە ڕێگایان و ناویان ناهێنن.

سمكۆی شكاك نەی دەویست دوژمنایەتی توركان بكات. یەك لەبەر ئەوەی هیچ ئومێدێكی بە ئینگلیزەكان نەمابوو بۆ پشتگیری كردن و پاراستنی لە دەوڵەتی

---

[1] كوردستان و ستراتیژی دەوڵەتان، بەشی دووەم، حوسێن مەدەنی، ل١٠٩، وەرگێڕانی لە كتێبی بزووتنەوەی سیاسی و ڕۆشنبیری كورد، ڕەمزی قەزاز، ل١٩٦

ئێران. دوو لەبەر ئەوەی کوڕەکەی دیل بوو لەلای تورکان و دەبێ ئازادی بکات لە بەندیخانە. سێ ماڵ و پارەو زێڕەکانی تورکان دەستیان گرتووە بە سەریاو دەبێ وەری بگرێتەوە لێیان. چوار وڵاتەکەی و عەشیرەتەکەی سنوورێکی درێژیان هەیە لەگەڵ تورکیادا و ئەی دەویست لەوە زیاتر باری ژیانیان لێ تێکبدات.

تورکانیش لەو کاتەدا بۆچوونێکی تریان هەبوو بەرامبەر بە سمکۆی شکاك و گەڕاندنەوەی بۆ گوندو جێگاکەی خۆی، وە بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆیان لەلای مەلیك مەحمود بە ئومێدی یارمەتی دانی و جەماوەری لە ناوچەکەدا بۆ گەڕاندنەوەی ولایەتی موسڵ بۆ سەر تورکیا. مەلیك مەحمود داوای ئاشتەوایی و گەڕانەوەی سمکۆی کردبوو. وە بۆ ئەوەی کە بتوانن لە دوارۆژیشدا داوای هاوکاری و یارمەتی لێ بکەن، بۆیە وایان بەباش دەزانی لە پاش ئازادکردنی کوڕەکەی و گەڕاندنەوەی ماڵەکەی بە ڕێزو حورمەتەوە بینێرنەوە بۆ گوندەکەی خۆی و شوێن و پێگەکەی خۆی پێ بدەنەوە.

ئەمەش هەلێکی باش بوو بۆ سمکۆی شکاك. بەلای کەمەوە دەگەڕێتەوە بۆ شوێن و جێگاکەی خۆی بۆ ماوەیەك پشوو دەدات، وە شێخ مەحمود بەهێز بکرێت دژی ئینگلیزەکانی عێراق بۆ دەرکردنیان لە ولایەتی موسڵ.

# گەڕانەوەی سمكۆی شكاك بۆ توركیا و سیاسەتی مستەفا كەمال ئەتاتورك

[1] لە بەهاری ساڵی (١٩٢٣ن)سمكۆی شكاك سلێمانی بەجێ هێشت بەخۆی و خێزان و چەكدارەكانیەوە گەڕایەوە بۆ ناو خاكی توركیا لەسەر ئەو گفت و بەڵێن و لێبوردنەی كە درابوو بە مەلیك مەحمود بەهۆی فەرماندەی تورك (ئۆزدەمیر)ەوە بۆ ئاشتەوایی سمكۆی شكاك لەگەڵ توركاندا.

مستەفا كەمال ئەتاتورك دەیویست مەلیك مەحمود و سمكۆی شكاك لەخۆی نەكات بۆ ئەوەی ئەگەر پێك نەهات لەگەڵ ئینگلیزەكان دەربارەی موسڵ، پشتگیریان بكات و بیان كات بە گژیانداو بەكاریان بێنێت بۆ دەركردنی ئینگلیزەكان لە شاری موسڵ.

لە مانگی تەموزی ساڵی (١٩٢٣ن)لە پاش مۆركردنی پەیمانی (لۆزان)لە نێوان هاوپەیمانان و مستەفا كەمال ئەتاتورك. مستەفا كەمال بروسكەیەكی ناردبوو بۆ فەرماندەی گشتی توركان و تیایدا دەڵێت: سیاسەتی نێودەوڵەتی ناچاری كردوین كە فەرمانتان بدەینێ بۆ ئەوەی كە بزووتنەوەكەی سمایل خان (سمكۆی شكاك، ن.س)دوا بخەن و خۆتان و سەربازەكانتان بڕۆن بۆ مەڵبەندی ولایەت.

سڵاومان بگەیەنن بە سمایل خان و ڕێزی لێ بگرن و چی پێویست بوو بۆی بكەن. لەگەڵ ڕێزو ژیانێكی پڕ لە كامەرانی.

مستەفا كەمال

---

[1] كوردستان و ستراتیژی دەوڵەتان، بەشی دووەم، حوسێن مەدەنی، ل١١١

## دوا هەواڵی سمكۆی شكاك لەگەڵ ڕوسیا

[٢] لە دوای مۆركردنی پەیمانی لۆزان و گۆڕكردن و بێ دەنگ بوون لە پەیمانی سیڤەر، وە دەست هەڵگرتن لە ولایەتی موسڵ لەلایەن توركیاوە بەناوی گەڕانەوەی كێشەكەی بۆ كۆمەڵی نەتەوەكان بۆ چارەسەركردنی، وە كۆتایی هێنان بە ناكۆكی و كێشەی ئینگلیز و توركان لەسەر سنووری عێراق و توركیا.

سمكۆی شكاك ترسی لێ نیشت و هەستی كرد كە لە توركیا جێگای نابێتەوە و پێویستە جارێكی تر شانس و بەختی خۆی تاقی بكاتەوە، بۆ ئەم مەبەستە سمكۆی شكاك بە ڕێگای كونسولی ڕوسیاوە لە توركیا پەیوەندی كردەوە بە ڕوسیای سۆڤیەتەوەو دوو داخوازی كرد لێیان، یەكەم پشتگیری و یارمەتی كورد بدەن بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێكی كوردی سەربەخۆ، وە سمكۆ بەڵێن دەدات بە ڕوسیا كە هەموو كورد بخاتە پاڵ ڕوسیای سۆڤیەتی بۆ هاوپەیمانی و پشتگیری كردن.

دووەم ئەگەر ئەوەش نەكرا یارمەتی شەخسی خۆی بدەن بۆ گەڕانەوەی بۆ ئێران بۆ سەر گوندەكەی خۆی و لێی ببورن و موڵك و زەوییەكانی بۆ بگەڕێننەوە. لەو سەردەمەدا پەیوەندی نێوان ڕوسیا و ئێران و توركیا دۆستانە بوو، هیچ گیروگرفت و كێشەیەك نەبوو لە نێوانیاندا. دەوڵەتی ڕوسیا بەم شێوە وەڵامی (سمكۆی شكاك)یان دایەوە: بە (سمكۆی شكاك)سمایل خان بڵێن: داوای یەكەم لەگەڵ سیاسەتی ئەمڕۆی ڕوسیا ناگونجێت، وە نایانەوێت درۆی لەگەڵدا بكەن چونكە پاشە ڕۆژ كورد و ڕووس دەبێ ڕێك بكەون. وە نایانەوێت بە درۆزن دەربچن.

بەڵام داوای دووەم دەكرێت هەوڵی بۆ بدەین، با سمایل خان پەیوەندیمان هەبێت لەگەڵیدا، وە پەیوەندیمان لێ نەبڕێت.

---

[٢] هەمان سەرچاوە. ل١١٢

لــە دوای مــۆرکردنی لــۆزان پــەیمانی کۆتــایی هــات بــە نــاکۆکی نێــوان تورکیــاو ئینگلیــزو عێــراق دەربــارەی موســڵ و ســنوور، سمکــۆی شــکاك و مــەلیك مــەحمود ئەو بایەخەیان نەما لەلای ئینگلیزو تورکان.

بەتایبــەتی سمکــۆی شــکاك نــە لــەناو ولاَتــی خۆیــدا بــوو نــە توانــای ســەربازی و دەســەلاَتی مــابوو. وە لــە ئینگلیــز و تورکــانیش نائومێــد ببــوو. ڕوســیاش وەلاَمــی مــسۆگەری پێــی نــەدابوو، تــەنها بــیری لــەوە دەکــردەوە کــە چــۆن بتوانێــت بگەڕێتەوە بۆ گوندەکەی خۆی و موڵك و زەوییەکانی بۆ بگەڕێتەوە.

(بــەهۆی داواکردنــی ئینگلیــزو ڕوســەکانەوە لــە ڕەزا شــای ئێــران بــۆ لێبــوردنی سمکــۆی شــکاك و گەڕانــەوەی بــۆ گوندەکــەی[1] خــۆی و گەڕانــەوەی موڵــك و زەوییــەکانی، ن.س)وە گفــتی پاراســتنی ژیانیــان پێــی دابــوو، ئــەوەبوو لــە ســاڵی (١٩٢٤ن)سمکۆی شکاك گەڕایەوە بۆ ئێران بۆ سەر گوندەکەی خۆی.

---

[1] هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل١١٣

# ڕاپەڕینی سمكۆی شكاك لە ساڵی (١٩٢٥ز)

[1] لە سەرەتای ساڵی (١٩٢٥ن)سمكۆی شكاك ئاگادار دەكرێتەوە لەلایەن سەركردایەتی حیزبی تەعالی كوردستان و شێخ سەعیدی پیرانەوە كە لە ڕۆژی نەورۆز ڕێكەوتی (١٩٢٥/٣/٢١ن)شۆڕشی باكووری كوردستان بە سەرۆكایەتی شێخ سەعیدی پیران و حیزبی تەعالی كوردستان بەرپا دەبێت و دەستی پێ دەكرێت،ن.س) سمكۆی شكاك بەهەست و سۆزی شۆڕشی شێخ سەعیدی پیرانەوە ڕادەپەڕێت و ئاگاداری سەرۆك عەشیرەتەكانی ڕۆژهەلآتی كوردستان دەكاتەوە بۆ پشتیوانی و پشتگیری كردنی.

ئەم جارەیان سەرۆك عەشیرەتەكان وەكو جاری پێشوو نەهاتن بەدەم بانگەوازو داواكاریەكەیەوە بۆ پشتگیری كردنی. سمكۆی شكاك بەو لەشكرەی كە لە عەشیرەت و كەس كاری خۆی پێكی هێنابوو پەلاماری سەربازەگەو پۆلیسخانەكانی دەوڵەتی ئێرانی دا و لە سەرەتاوە هەندێك سەركەوتنی بەدەست هێنا.

هەتا سوپایەكی زۆری ئێران گەیشتە ناوچە و لەشكرەكەی سمكۆی شكاك تەنگاو كراو ڕوویان كردە سنوورەكانی توركیا. لەو كاتەدا شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران بەرپا ببوو، سوپای توركیا سنوورەكانی خۆیان گرتبوو، ماوەیان نەدا بە سمكۆی شكاك و لەشكرەكەی بڕۆنە ناو سنووری توركیاوە، ناچار گەڕانەوە و لە نێوان سنوورەكانی ئێران و توركیا و عێراق خۆیان ڕابگرن و تەنها بەرگری لە خۆیان بكەن بە (٢٠٠)سەد چەكدارەوە.

# پەیمانی ئێران و تورکیای ساڵی (١٩٢٦ز)ن.س

لە ٢٢ی ئایاری ساڵی (١٩٢٦ن)ئێران و تورکیا پەیمانێکیان بەست بەناوی (معاهده نامەی و دادیە و تأمینیە)بۆ ماوەی پێنج ساڵ بۆ یارمەتی و پشتیوانی کردنی یەکتری دژی هەر یاخی بوون و چەکدارییەك لەسەر سنوورەکانی هەردوو دەوڵەتی ئێران و تورکیا ڕوو بدات.

(لەو سەردەمە شۆڕشەکەی شێخ سەعیدی پیران و ڕاپەڕینەکەی سمکۆی شکاك بەردەوام بوو. وە حکومەتەکەی مەلیك مەحمود لە سلێمانی هێشتا بە تەواوی خۆی ساغ نەکردبووە کەسەر بە تورکانە یان ئینگلیزەکان، شۆڕشەکەی مەلیك مەحمودیش هەر بەردەوام بوو ئەم پەیمانەی نێوان ئێران و تورکیا بۆ لێدانی هەرسێ پارچەی کوردستان بوو، لە هەر لایەکیانەوە چەکدار بڕواتە ناو سنوورەکانیان بە هەردوو لایان لێی بدەن، ن.س).



کوشتنی سمکۆی شکاك لە ساڵی (١٩٣٠ز)لە شاری شنۆ بە دەستی دەوڵەتی ئێران

# خۆ بەدەستەوەدانی سمکۆی شکاک

سمکـۆی شـکاک هـەتا سـاڵی (١٩٢٩ن)بزووتنەوەکـەی بـەردەم بـوو لـە نێـوان سـنوورەکانی ئێـران و تورکیـا و عێـراق بـە ٢٠٠ چـەکدارەوە هـەر لـە سـاڵی (١٩٢٩ن)سمکـۆی شـکاک نامەیـەکی نـاردبوو بـۆ سـادق خـان نـەورۆزی فەرمانـدەی پادگای شاری شنۆ و داوای لێی کردبوو چاوپێکەوتنی لەگەڵ بکات.[1]

سادق خـان نـەورۆزی داواکـەی قـەبووڵ کردبـوو و ڕۆیـشتبوو بـۆ لای سمکـۆی شـکاک کـە لەسـەر سـنووری ئێران و تورکیـا و دانیـشتبوو لەگـەڵ سمکـۆ و خورشـید ئاغـای سـەرۆکی عەشـیرەتی هـەرکی. سمکـۆی شـکاک داوای گفتـو بـەڵێنی لێبـوردنی شـای ئێرانی لێی کردبوو کە بۆی وەربگرێت و بڕوات لە شاروچکەی شنۆ دابنیشێت.

سـادق خـان نـەورۆزی لێبـوردنی بـۆ خـۆی و چـەکدارەکانی وەرگـرت بـە مـەرجێك لـە شنۆ دابنیشێت و هەندێك لە چەکدارەکانی بمێنن بۆ پاراستنی خۆی.

لـە پـاش ماوەیـەك فەرمانـدەی لەشـکری تـەورێز (حەسـەن مقـدم)فـەرمانی دابـوو پاسـەوانەکانی سمکـۆی شـکاکیان چـەك کردبـوو وە فـەرمانی دابـوو کـە چـاودێری تونـدی سمکـۆی شـکاك بکـەن. لـە سـاڵی (١٩٣٠ن)ڕێکـەوتی ٣٠ی پوشـپەڕی (١٣٠٩)بـە پیلانـی کاربەدەسـتانی ئێـران لـەناو بـازاڕی شـاری شـنۆ سمکـۆی شـکاك کوژرا و خەسرەوی کوڕی بریندار بوو و خۆی گەیاندە تورکیا.

[1] کوردستان و ستراتیژی دەوڵەتان، بەشی دووەم، حوسێن مەدەنی، ل١١٨.

# بارزان و تیرەکانی بارزانیان

ناحیەی بارزان سەر بە قەزای مێرگەسوورە، پارێزگای هەولێرە، (دەکەوێتە باکوور و ڕۆژهەڵاتی باشووری کوردستان، ن.س)

[1] دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی عێراقەوە. لەقەد پاڵەکانی باشووری شاخەکانی شیرینەو زنجیرە شاخەکانی شێروانە کە سنووری باشووری کوردستان و عێراق لەگەڵ تورکیا جیا دەکاتەوە.

بارزان دەور دراوە بە شاخە سەربەرزەکانی پێرس و زێبارو شێروانە لە خۆرئاواو باشوورەوە. وە لە ڕۆژهەڵاتەوە شاخە سەر بەرزەکانی شیرین و ناپووش و برادۆست و پیران و شاخی کەڵەشین لە سەرچاوەکانی ڕووباری زابی گەورە و ڕووباری ڕەواندز و شەمزینان لە سنوورەکانیەوە ڕەت دەبن و تێدەپەڕن.

## [2]تیرەکانی بارزانیان پێك هاتبوون لە:

١-تیرەی بە ڕۆژی بنەماڵەی مستەفا بارزانین لە بارزان و دەوروبەری نیشتەجێن

٢-تیرەی شێروانی لە ڕۆژهەڵاتی بارزان و باکووری زێی گەورە نیشتەجێن.

٣-تیرەی مزوری نیشتەجێی ڕۆژئاوای بارزانن.

٤-تیرەی دۆڵەمەڕی. ئەم تیرەیە لە باشووری مزووریەکان و ڕۆژئاوای ڕەواندز نیشتەجێن.

٥-تیرەی نزاری[3].

٦-تیرەی، گەردی.

٧-تیرەی، هەر بنەجێ.

---

[1] المشكلة الكردية في الشرق الاوسط، دكتور حامد محمود عيسى، ص١٥١.

[2] لە مهابادی خوێناوییەوە تا کەنارەکانی ئاراس، نەجەف قلی پیسیان گێڕینی حەمەکەریم عارف، ل١٢

[3] حەمەد ئەمین بارزانی بە تەلەفۆن لە (٢٠١١/١٠/٥)

# کورتەیەك لە مێژووی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد لە ناوچەی بارزان

[1] لە ساڵی (١٩٠٠)کەلە پیاوێکی لێهاتووی ئایینی و نیشتیمان پەروەر دەرکەوت لە ناوچەی بارزان بەناوی (شێخ عەبدوسەلام بارزانی)شێخ عەبدولسەلام بارزانی لە بارزان و گوندەکانی ناوچەی بارزان دەستی کرد بە چاکسازی و ڕێکخستنی باری کۆمەلایەتی بۆ پتەوەکردنی پەیوەندیەکانی نێوان عەشیرەت و تیرەکانی ناوچەو دەوروبەری بارزان.

شێخ عەبدول سەلام بارزانی دەستی کرد بە دابەشکردنی زەوی و زاری هەموو گوندەکان بەسەر جوتیاراندا، وە نەهێشتنی ژن بە ژن و کچ بە زۆر بە شوودان و کچ بە شوودان بە پارەی زۆر. وە بلاوکردنەوەی دادپەروەری و ڕاستی، وە دروستکردنی مزگەوت لە هەموو گوندەکانی بە هەرەوەزی.

وە دامەزراندنی ڕاوێژکاری (شورا)وە دیاریکردنی بەرپرس بۆ هەموو گوندەکانی، وە ڕێکخستنی شانەی چەکداری لەناو خێڵ و تیرەکانی ناوچەی بارزان و دیاریکردنی بەرپرسی چەکداری. لە ساڵی (١٩٠٧ز)شێخ عەبدول سەلام بارزانی کۆبوونەوەیەکی فراوانی ساز کرد لەگەڵ خێڵ و تیرەکان و پیاوانی دەم ڕاستی ناوچەی بارزان و داواکارییەکیان ئاراستەی (باب العالی)کرد لە (ئەستانە)و تیایدا داوای جێبەجێکردنی ئەم خالانەی خوارەوەیان کردبوو لە دەوڵەتی عوسمانی:

١-زمانی کوردی لە ناوچە کوردیەکاندا زمانی فەرمی بێت.

٢-خوێندن و فێرکردن لە ناوچە کوردیەکاندا بە زمانی کوردی بێت.

٣-فەرمانبەرو بەرپرسانی فەرمانگەکانی ناوچە کوردیەکان دەبێ کورد بن یان کوردی بەباشی بزانن.

٤-کاروباری ولات بە یاسای ئیسلام ببرێت بەڕێوە لەبەر ئەوەی ئاینی دەوڵەت ئیسلامە.

٥-لەباتی خزمەتی سەربازی پارەیان لێ وەربگرن هەتا ڕێگاوبانی ناوچە کوردیەکان چاك دەکرێن.

---

[1] هەندێك زانیاری سیاسی و مێژوویی، شەعبان عەلی شەعبان، ل٥٠

٦-قوتابخانە بکرێتەوە لە ناوچە کوردیەکاندا و بایەخ بدرێت، بە خوێندن (ی کوردی، ن.س)دەوڵەتی عوسمانی تورك ئەم داواکارییانەیان کرد بە بەڵگەو بەهانەی دەستیان و شێخ عەبدولسەلام بارزانیان پێی تاوانبار کرد بە جیاوازی خوازو تێکدەرو کەوتنە تەگبیرکردن و پیلان دانان بۆ گرتن و لەناوبردنی. لە کۆتایی ساڵی (١٩٠٧ز)دەوڵەتی عوسمانی بە سەرۆکایەتی (موحەمەد پاشا داغستانی)لەشکرێکی زۆری عوسمانیان نارد بۆ سەر ناوچەی بارزان بۆ لێدانی شێخ عەبدولسەلام بارزانی و هەڤاڵانی و شەڕ لە نێوانیاندا بەرپابوو بۆ ماوەی دوو مانگ درێژەی کێشاو سوپای دەوڵەتی عوسمانی ناوچەکەیان داگیرکرد و هەموو گوندەکانی ناوچەکەیان سوتاندو وێران کرد، شێخ عەبدولسەلام بارزانی ناوچەکەی بەجێ هێشت و پەنای برد بۆ لای (مار شەمعون)سەرۆکی ئایینی مەسیحیەکان لە ناوچەی (پیان).

لە ساڵی (١٩٠٨ز)شێخ عەبدولسەلام بارزانی گەڕایەوە بۆ ناوچەی بارزان و دەستی کردەوە بە بزووتنەوەی چەکداری دژی دەوڵەتی عوسمانی و دەسەڵاتدارانی لە ناوچەکەدا.

لە ساڵی (١٩١٣ز)دەوڵەتی عوسمانی زۆریان هێنا بۆ شێخ عەبدولسەلام بارزانی ناچار بوو ڕووی کردە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پەنای برد بۆ لای (سەید تەهای نایری)و لەوێوە ڕۆیشت بۆ (سەڵماس)بۆ لای (سمکۆی شکاك)و پێکەوە ڕۆیشتن بۆ شاری (وورمێ)و چاویان کەوت بە جێگری قەیسەری ڕوسیا (کونسولی ڕوسیا)شێخ عەبدولسەلام داوای یارمەتی و پشتگیری کردبوو لە ڕوسیا و کونسولی ڕوسیاش گفتو بەڵێنی پێی دابوو کە یارمەتی و پشتگیری خەباتی ئازادیخوازی کورد بکەن. شێخ عەبدولسەلام بارزانی لە پاش چاوپێکەوتنەکەی بە کونسولی ڕوسیا لەگەڵ سمکۆی شکاك گەڕایەوە.

[٢] بە ڕۆیشتنی شێخ عەبدولسەلام بارزانی بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان والی عوسمانیەکان لە موسڵ (سلێمانی نەزیف بەگ) کەوتە چاودێری کردنی شێخ عەبدولسەلام بارزانی و بڵاوکردنەوەی پیاوانی هەواڵگری و سیخوری دەوڵەتی عوسمانی بە شوێنیدا.

---

[٢] يقظە الكرد، ١٩٠٠-١٩٢٥، جرجيس فتح الله، ص٦٧

وە دەوڵەتی عوسمانی پارەیەکی زۆریان تەرخان کردبوو بۆ ئەو کەسەی کە شوێن و جێگای شێخ عەبدولسەلام بارزانی بزانێت و بیدات بە دەستەوە بە زیندویی یان مردویی.
لە سەرەتای ساڵی (١٩١٤ز)شێخ عەبدولسەلام بارزانی لە دوای چاوپێکەوتنەکەی بە کونسولی ڕوسیا لەگەڵ چەند کەسێك لە هەڤاڵانی دەگەڕان و سەردانی سەرۆك عەشیرەت و دۆستانی دەکرد لەسەر سنوورەکانی دەوڵەتی عوسمانی و ئێران.
١-شەعبان عەلی شەعبان لە کتێبەکەیدا (هەندێك زانیاری سیاسی و مێژوویی) لە لاپەرە (٥٠)دەڵێت: لە دوای ماڵ ئاوایی کردنی شێخ عەبدولسەلام بارزانی لە سمکۆی شکاك خۆی و هاوڕێکانی بەلای گوندی (گەنگەچین)دا تێدەپەڕن و (سۆفی عەبدوڵلا)ی خاوەن گوندەکە زۆر لێی دەپاڕێتەوە کە ببێت بە میوانی، شێخ عەبدولسەلام بارزانیش میوانداریەکەی قەبوڵ دەکات و لەلای دەمێنێتەوە، کەچی هەر ئەو شەوە خانە خوێکەی، خاوەن گوندەکە شێخ عەبدولسەلام و هاوڕێکانی دەگرێت و ڕادەستی تورکانی عوسمانی کردبوو لە (سیرو)و پارەی خیانەتەکەی وەرگرتبوو.
٢-جەرجیس فتح الله لە کتێبەکەیدا (یقظە الکرد ١٩٠٠-١٩٢٥)لە لاپەرە (٦٧)دەڵێت: چەند جەردەو ڕێگرێك لە پیاوەکانی (سمکۆی شکاك)ئاگاداربوون بەو پارەی کە تەرخان کراوە لەلایەن دەوڵەتی عوسمانیەوە بۆ گرتن و بەدەستەوەدانی شێخ عەبدولسەلام بارزانی و دەکەونە شوێنی و کەمینی بۆ دادەنێنن لە گوندی (گەنگەچین)و شێخ عەبدولسەلام و هاوڕێکانی دەستگیر دەکەن و دەیان بەن بۆ شاری (وان)و لەوێ تەسلیم والی (وان)جەودەت پاشای دەکەن و ئەوانیش دەیان نێرن بۆ موسڵ لە ڕۆژی (١٩١٤/٢/١٤ز)شێخ عەبدولسەلام بارزانی و هەڤاڵانی لە سێدارە دران لە شاری موسڵ، بۆ زیاتر زانیاری سەیری کتێبەکەی جەرجیس فتح الله (یقظە الکرد)لاپەرە (٦٧-٧٥)بکە.
٣-هەموو سەرچاوەکانی مێژوویەك بۆ چوونیان هەیە کە شێخ عەبدولسەلام بارزانی و هەڤاڵانی لە گوندی (گەنگەچین)دەستگیر کراون و دراون بە دەستی دەسەڵاتدارانی دەوڵەتی عوسمانیەوە، بەڵام ناوی کەسیان نەهێناوە تەنها شەعبان عەلی شەعبان و جەرجیس فتح الله نەبێت.

# دەرکەوتنی شێخ ئەحمەد بارزانی

[1] لە ساڵی (١٩٣٠)حکومەتی عێراق سەیریان کرد شێخ ئەحمەد بارزانی جێگای شێخ عەبدولسەلام بارزانی برای گرتووەتەوە بۆ دەم ڕاستی و سەرپەرشتی کردنی عەشیرەت و تیرەکانی بارزانیان لە ناوچەکەدا، وە مل کەچ نابێت بۆ بڕیارو فەرمانەکانی حکومەتی عێراق و باج و سەرباز نادات بە حکومەت و هەوڵی بەهێزکردنی تیرەکانی بارزانیان دەدات و خۆی بەهێز دەکات.

حکومەتی عێراق بۆ ئەوەی بەهانەو بەڵگەیەك بدۆزێتەوە بۆ لێدان و سەرکوتکردنی شێخ ئەحمەد بارزانی و نەیەڵن سەر بەرز بکاتەوە و خۆی بەهێز بکات، هانی شێخ ئەحمەدی لۆلان یان لێی داو چەکێکی زۆریان دابەش کرد بەسەر خێڵەکەیاندا و کردنی بە گژی شێخ ئەحمەد بارزانیدا، لە پاش شەڕێکی زۆر بارزانییەکان سەرکەوتن بەسەر لۆلانیەکانداو تێکیان شکاندن.

حکومەتی عێراق ئەمەیان کرد بە بەهانەو بەڵگەی دەستیان و لەشکری سەربازی و پۆلیسی زۆریان نارد بۆ سەر گوندەکان و ناوچەی بارزان بۆ سەرکوت کردنی بارزانیان. وە بۆ زاڵبوون و دەست گرتن بەسەر ناوچەکەدا.

حکومەتی عێراق بڕیاریاندا لە هەموو ناوچەکانی بارزان و مێرگە سوور و بلەو گوندە گەورەکانی پۆلیسخانەو سەربازگە دروست بکات، شێخ ئەحمەد بارزانی بەرامبەر بەم بڕیارنا ڕەزایی دەربڕی و داوای کرد لە حکومەت دەست هەڵبگرێت لە دروستکردنی پۆلیسخانەو سەربازگە بەبێ چارەسەرکردنی کێشەی کورد و گیروگرفتی دووبەرەکی لە ناوچەکەدا، وە ڕاگرتنی یارمەتی ئەو خێڵانەی کە دژی بارزانیانن.

---

[1] البارزاني و الحركة التحررية الكردية، (١٩٣١-١٩٣٢)، مسعود البارزاني.

بەلأم حكومەتى عێراق گوێيان ڕانەگرت لە داواكارييەكەى شێخ ئەحمەد بارزانى، وە داوايان كرد لەو فەوجە سەربازەى كە مۆڵگەيان كردووە لە ناحيەى بلە بدە لە بارزانيان هەتا سوپاى تريان فريا دەخەن.

ئەوەبوو فەوجە سەربازەكەى ناحيەى بلە لەگەڵ پۆليسى ناوچەكە و بە يارمەتى و پشتگيرى جاش و بەكرێ گيراوەكان هێرشيان كرد بۆ سەر ناحيەى بارزان و شەڕێكى گەورە بەرپابوو، لە ئەنجامى شەڕەكەدا (١٥٠)پۆليس و سەرباز كوژران. وە (٢٠٠)سەد سەربازو پۆليس بريندار بوون.

لە مانگى نيسانى ساڵى (١٩٣٢ز)هێزێكى سەرەكى عێراقيان نارد بۆ ناوچەكەو نەيان توانى زاڵ بىن بەسەر بارزانيانەدا. هەر لە ساڵى (١٩٣٢ز) (كابتن هۆلت)ڕاوێژكارى باڵوێزخانەى بەريتانيا لە بەغدا دۆستايەتى هەبوو لەگەڵ شێخ ئەحمەد بارزانى و گفتو بەڵێنى دا بە شێخ ئەحمەد و بارزانيان كە هەموو داواكارييەكانيان بۆ جێبەجێ بكات.

كابتن هۆلت توانى شەڕى نێوان بارزانيان و حكومەت ڕابگرێت، بەلأم ڕاوەستانى شەڕ زۆرى نەخەياند كابتن هۆلت لە عێراق گوێزرايەوە و حكومەتى عێراق سەر لە نوێ بەهێزى سەربازى و پۆليسەوە هێرشيان هێنايەوە بۆ ناوچەى بارزان بە يارمەتى خێڵەكانى لۆلان و زێبارييەكان..

شێخ ئەحمەد بارزانى زۆرى بۆ هات و ناچار بوو خۆى و كۆمەڵەكەى بە چەكەوە پەڕينەوە بۆ ناو سنوورى توركيا و لە (١٩٣٢/٦/٢٢ز)خۆيان دا بەدەستەوە بە حكومەتى توركيا و لەوێ مانەوە.

# ڕاپەڕینی شێخ ئەحمەد بارزانی لە ساڵی (١٩٢٠-١٩٣٣ز)

[1] شێخ ئەحمەد بارزانی لە دوای گرتنی مەلیك مەحمود و ناردنی بۆ هندستان لە ساڵی (١٩٢٠)ڕاپەڕی دژی حکومەتی عێراق و ئینگلیزەکان و لە شەڕێکدا شێخ ئەحمەد بارزانی حاکمی سیاسی بەریتانی (مستەر بێل)و یاریدەرکەی (کابتن سکۆت)ی کوشت لە ئاکرێ، دوایش لە ساڵی (١٩٢٢ز)هێرشێکی تری کردە سەر ئینگلیزەکان لە ئامێدی.

لە کۆتایی ساڵی (١٩٢٧ز)جارێکی تری شێخ ئەحمەد بارزانی دەرکەوت بەخۆی و هێزێکەوە، بەلآم مەندوبی سامی لە بەغدا نامەیەکی بۆی نووسیبوو و ئاگاداری کردبوو کە حکومەتی عێراق هیچ دوژمنایەتیەکی نییە لەگەڵیدا. شێخ ئەحمەدی بارزانیش وەلآمی دابوویەوە و داوای لێی کردبوو کە نوێنەرێك بنێرێت بۆ لای لەباتی خۆی بۆ جێگایەك لە نزیکی بارزان بۆ ئەوەی کە لەگەڵیدا دابنیشێت و گفتوگۆی لەگەڵدا بکات.

هەر لەو سەردەمەدا لەسەر ئەو داواکردنەی شێخ ئەحمەد بارزانی پشکێنەری ئیداری پارێزگاری موسڵ (مێجەر وێلسن) لە ٣١ی مارس ساڵی (١٩٢٨ز) لە (بلە)چاوی کەوتبوو بە شێخ ئەحمەد بارزانی و هەندێك داواکاری پێشکەش کردبوو بۆ چاکسازی کردنی ناوچە کوردییەکان.

بەلآم (مێجەر وێلسن)گوتبووی من دڵنیام کە حکومەتی عێراق ئەمانە قەبوڵ ناکات. لە پاش ماوەیەکی کەم سەر لەنوێ بزووتنەوەکەی شێخ ئەحمەد بارزانی دەستی پێ کردەوە و حکومەتی عێراق بەهێزێکی سەربازی زۆرەوە گوندی بارزانیان داگیرکرد و سوتاندیان.

لە ئەبریلی ساڵی (١٩٣١ز)شێخ ئەحمەد بارزانی و مەلاکانی داواکارییەکیان پێشکەش کرد بە کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان و داوای مافی ئۆتۆنۆمیان

[1] المشكلة الكردية في الشرق الاوسط، دكتور حامد محمود عيسى، ص١٥٤

كردبـو بـۆ كوردسـتانی عێـراق. لـە سـاڵی (١٩٣٢/٦/٢٢)ز مـستەفا بـارزانی لەگـەڵ هـەموو خێزانـە بارزانییەكانـدا خۆیـان تەسـلیم كـرد بـە حكومـەتی توركیـا. لەبـەر ئـەوەی كـە شـێخ ئەحمـەدی بـرای لـەوەوپێش پـەنای بردبـوو بـۆ توركیـاو لـەوێ بوو.

لـە سـاڵی (١٩٣٣ن)حكومـەتی توركیـا شـێخ ئەحمـەد بـارزانی دەگرێـت و تەسـلیمی دەكاتـەوە بـە حكومـەتی عێـراق. مـستەفا بـارزانیش كـە شـێخ ئەحمـەد تەسـلیم دەكرێتـەوە بـە عێـراق بـە یارمـەتی كـوردانی بـاكووری كوردسـتان هـەموو خێزانـە بارزانییەكان دەرباز دەكات و دەگەڕێنەوە بۆ بارزان.



مستەفا بارزانی، سالی (١٩٤٦ز) لە کۆماری کوردستان لە مهاباد

# مستەفا بارزانی کێیە؟

مستەفا بارزانی ناسراوە بە (مەلا مستەفای بارزانی)شەکەوت مەلا ئیسماعیل حەسەن لە کتێبەکەیدا (ڕۆژانێ لە مێژووی شۆڕشی ئەیولی لە ١٩٦١-١٩٧٥)لاپەرە ٢٤٣ دەڵێت: لە سالی (١٩٦٦ان) بە ڕێزەوە لە بارزانیم پرسی قوربان بۆچی باوکت و براکانت نازناوی (شێخ)یان هەیە، وەك شێخ موحەمەد و شێخ عەبدولسەلام و شێخ ئەحمەد و شێخ بابۆ، ئەی جەنابتان بۆ شێخ مستەفا نەبوویت؟.

(بارزانی، ن.س)فەرمووی لە پێش لەدایك بوونم مەلایەکی زۆ. بە ئایین و لەخواترس و پیاو چاك لە بارزان بووە. خەڵکەکە زۆر ڕێزیان لێی گرتووە و خۆشەویست بوو لەلایەن،

ناوی مەلا مستەفا بوو. کە من لەدایك بووم لەسەر ناوی ئەو پیاو چاکە ناویان ناوم مەلا مستەفا.

[1]مستەفا بارزانی کوڕی شێخ موحەمەد کوڕی شێخ عەبدولرەحمان کوڕی شێخ عەبدولسەلام بارزانی یەکەمەو لە (١٩٠٣/٣/١٤ز)لە گوندی بارزان لە دایك بووە.

[2]مستەفا بارزانی پیاوێکی گەنم و ڕەنگ بوو. توێڵ و ناوچەوانی کراوەبوو دووچاوی گەش و درشتی پێوە بوو. برۆکانی چڕ و پەیوەست بوون. هەموو پیاو چاکی و جەنگاوەری و تفەنگ چێتی و کارزانی و سیاسەتمەداری لە سیمایدا دەردەکەوت.

[3]مستەفا بارزانی لە تەمەنی سێ ساڵیدا لە ساڵی (١٩٠٦ز)لەگەڵ دایکیدا بەندکراون لە موسڵ لەلایەن کاربەدەستانی دەوڵەتی عوسمانیەوە بەهۆی بزووتنەوەی شێخ عەبدول سەلام. مستەفا بارزانی لە ساڵی (١٩١٩ز)بە فەرمانی شێخ ئەحمەد بارزانی برای دەڕوات لەگەڵ (عەبدولرەحمان سەرنەخی)کە نوێنەری بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد بوو بۆ باکووری کوردستان بۆ شاری (موش)و لەوێ چاوی دەکەوێت بە سەرکردەو سیاسەت مەدارانی کورد شێخ سەعیدی پیران و شێخ عەبدول قادری نایری، هەر لە هەمان ساڵدا ساڵی (١٩١٩ز)شێخ مەحمودی مەلیك لە سلێمانی ئاگاداری شێخ ئەحمەد بارزانی دەکاتەوە کە ئینگلیزەکان بەنیازن هێرش بکەن بۆ سەر شاری سلێمانی. شێخ ئەحمەد بارزانی بە پەلە مستەفا بارزانی برای لەگەڵ (٢٠٠)سەد کەسی چەکدار دەنێرێت بۆ فریاکەوتن و یارمەتیدانی مەلیك مەحمود دژی ئینگلیزەکان.

مستەفا بارزانی لە ڕێگا هێزەکەی دەکاتە دوو بەشەوە بۆ ئەوەی لە ڕێگاوبان زۆر دەرنەکەون، بەشێکیان لە ڕێگای (بیاو)وە دەڕۆن بەرەو سلێمانی، وە بەشەکەی تریان لە ناوچەی (باڵەك)ەوە دەڕۆن بەرەو سلێمانی، لە ڕێگا تووشی شەڕ دەبن لەگەڵ عەشیرەتەکانی سەر بە ئینگلیز و چەند شەهیدێك دەدەن هەتا دەگەیەنە ناوچەی سلێمانی و لەوێ هەواڵیان پێ دەدەن کە مەلیك مەحمود شەڕەکەی دەربەندی بازیانی

---

[1] بارزانی ئەمرو ژیان و خەباتی، لە بلاَوکراوەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان.

[2] البارزاني الحركة التحررية الكردية، مسعود البارزاني.

[3] لە مهابادی خوێناویەوە هەتا کەناری ئاراس، ئەجەف قلی پیسیان، وەرگێڕانی حەمە کەریم عارف.

کردوە و شکستی هێناوە و خۆیشی بە بریندارى بەدیل گیراوە و بردویانە بۆ بەغدا، ناچار مستەفا بارزانی و هەڤالانی ڕێگای گەڕانەوەیان دەگۆڕن و دەگەڕێنەوە بۆ بارزان.
مستەفا بارزانی جارێك دەرمان خوارد (کراوە لەلایەن کاربەدەستانی عێراقەوە لە ناوەڕاستی سالی (١٩٣٦ن)موتەسەرەیف (پارێزگا)ی موسڵ ناردی بەشوێن مستەفا بارزانیدا بۆ فەرمانگەکەی خۆی و ژەهری بۆی کردە ناو (قاوە)و دەرخواردی دا بەسەر سوڕمانەوە لە مردن ڕزگاری بوو.
مستەفا بارزانی سێ ژنی هێناوە، ژنی یەکەم و دووەمی خزمی خۆی بوون لە بنەماڵەی بارزانیان، ژنی سێیەمی کچی مەحمود ئاغای زێباری بوو.
ژنی یەکەمی (مەحبوبە)خان بوو دایکی عوبەیدوڵلا بارزانی و لوقمان بارزانی و سابیر بارزانی. ژنی دووەمی (حەفسە)خان بوو دایکی ئیدریس بارزانی. ژنی سێیەمی (حەمایل)خان بوو دایکی مەسعود بارزانی و نیهاد بارزانی و دڵشاد بارزانی و سیهاد بارزانی و سیداد بارزانی و جیە (وەجی)بارزنی، مستەفا بارزانی سەرجەم ١٠ کوڕی بوو.
هەتا مێژووی ئەم نووسینە (٢٠١٢/١٠/١٠)ئەم کوڕانەی مستەفا بارزانی کۆچی دواییان کرد.
ئیدریس بارزانی لە سالی (١٩٨٧ن)کۆچی دوایی کرد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان لە گوندی (سلیڤانا)لە ناوچەی مرگەوەر.
لە سالی (١٩٧٣ن)بە پیلان و دەست کیسەی حکومەتی عێراق و سەدام و حوسێن جیاوازی کەوتە نێوان مستەفا بارزانی و کوڕەکانی عوبەیدوڵلا و لوقمان بارزانی و هەردووکیان باوك و براکانیان بەجێ هێشت و بەخێزانەوە ڕۆیشتن بۆ بەغدا. عوبەیدوڵلا بارزانی بوو بە وەزیری دەوڵەت لە حکومەتی عێراق، وە لوقمان بارزانی کاری بازرگانی دەکرد لە بەغدا. لە پاش نسکۆکەی شۆڕشی ئەیلولی سالی (١٩٧٥ن)سابیر بارزانیش گەڕایەوە بۆ عێراق و ڕۆیشت بۆ بەغدا بۆ لای براکانی. لە سالی (١٩٨٨ن)حکومەتی عێراق و سەدام حوسێن هەر سێکیانی کوشت و لەناوی بردن لە بەغدا.
مستەفا بارزانی بەشداری کردوە لە ڕاپەڕینەکانی سالانی (١٩٢٠-١٩٢٣ن)ی بارزان دژی حکومەتی بەریتانیاو عێراق بەسەرکردایەتی شێخ ئەحمەد بارزانی برای.

مستەفا بارزانی خۆی سەرکردایەتی شۆرشەکانی (١٩٤٣--١٩٤٥ن)ی بارزانی کرد و چەندین ئەفسەرو رۆشنبیری کورد بەشداریان تیادا کرد لە گەڵیدا.
مستەفا بارزانی بەشداری کرد لە دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مهاباد ساڵی (١٩٤٦ن) بە سەرۆکایەتی پێشەوا قازی موحەمەد و دەوری باڵایان تیادا بینی خۆی و هەڤاڵە ئەفسەرەکانی و ئەو لەشکرەی کە لەگەڵیدا رۆیشتن بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان. وە هەر لە کۆماری کوردستان لە مهاباد پلەی جەنەراڵی وەرگرت و بوو بە سەرکردەی گشتی سوپای کوردستان لە مهاباد. لە پاش داروخانی کۆماری کوردستان مستەفا بارزانی لەگەڵ هەموو بارزانیان و خێزانەکانیدا رۆیشتەوە بۆ ناو سنووری عێراق (باشووری کوردستان)و داوای گفتوگۆ ووتوێژی کرد لە حکومەتی عێراق، بەلام داواکارەکەیان دایە داواوە و خۆی زیاتر لە (٥٠٠)سەد کەس لە پێشمەرگەو هەڤاڵانی گەرانەوە دواوەو رۆیشتن بۆ یەکێتی سۆڤیەت (روسیا)و نزیکەی دوانزە ساڵ ئاوارەو دوور بوون لە کوردستان و کەس و کاریان هەتا ساڵی (١٩٥٨)لە پاش شۆرشی ١٤ی تەمموزی (١٩٥٨ن)گەرانەوە بۆ عێراق و کوردستان.
[4]مستەفا بارزانی لە ساڵی (١٩٥٩ن)چوو بۆ شاری کەرکوك بۆ بەسەرکردنەوەی دانیشتوانی شارەکەو لە یانەی ئەفسەرانی کەرکوك دابەزی و لە پیلانێکی کوشتن رزگاری بوو کە لەلایەن فەرماندەی انظابط العسكري کەرکوك (عەقید هیدایت ئەرسلان)کە بە رەگەز تورکمان بوو پیلانی کوشتنەکەی بۆ دارێژابوو. هەر ئەو رۆژە عەقیدی ناوبراو سەربازێکی کورد دارێکی دا بەسەریا و کوشتی و گوتیان لە ترسا دڵی وەستاوە و مردوە، ن.س
مستەفا بارزانی سەرکردایەتی شۆرشی ئەیلولی کرد لە ساڵی (١٩٦١ن)بۆ ئازاری (١٩٧٥ن)وە دووجار حکومەتی عێراقی ناچار کردووە بە دداننان بە ماف نەتەوایەتی بۆ کورد، یەکەمیان بەیاننامەی ٢٩ی حوزێرانی ساڵی (١٩٦٦ن)بوو. دووەمیان بەیاننامەی

(٤) ن.س

١١ی ئازاری ساڵی (١٩٧٠)بوو بۆ یەكەم جار ددانیان نا بە ماف ئۆتۆنۆمی بۆ كوردستان.

مستەفا بارزانی لە (١٩٧١/٩/٢٩)لە پیلانێكی كوشتن ڕزگاری بوو كە حكومەتی عێراق بۆیان دارشتبوو، كۆمەڵێكیان نارد بۆلای مستەفا بارزانی بە حاجی ئۆمەران بەناوی پیاوانی ئاینیەوە و هەندێكیان لەناو ژووری دانشتنەكەدا خۆیان تەقاندەوە و هەموویان كوژران كە ژمارەیان ١٢ كەس بوون كوژران و مردن لە ناو ژوورەكەدا. لە دانیشتوەكانی ناو ژوورەكە تەنها مستەفا بارزانی و دكتۆر مەحمود عەلی عوسمان بە سەرسوڕمانەوە ڕزگاریان بوو لە مردن.

مستەفا بارزانی لە ساڵی (١٩٣٣-١٩٤٣)لە شاری سلێمانی خوێندویەتی لەسەر ئەركی حكومەتی عێراق. وە لە ساڵی (١٩٥٣)لە پەیمانگەی زانستە سیاسیەكان وەرگیراوە لە مۆسكۆ تەواوی كردوە. وە شارەزایی تەواوی هەبوو لە ئایینی ئیسلام، وە زمانەكانی كوردی و عەرەبی و فارسی و ڕووسی بە خوێندن و نووسین زانیوە. وە زمانی ئازەری (توركی)و هەندێك لە زمانی ئینگلیزی كە قسەی پێ كردوە لەگەڵ میوان و ڕۆژنامەنووسلندا.

مستەفا بارزانی هەموو تەمەنی لە شەڕ و شۆڕش و خەباتی سیاسی بێ ووچاندا بوو. لە ڕۆژی (١٩٧٩/٣/١)لە تەمەنی (٧٦)ساڵیدا كۆچی دوای كرد لە نەخۆشخانەی (جۆرج تاوان)لە ئەمەریكا بە نەخۆشیەكی كوشندەی درێژخایەن. لە ڕۆژی (١٩٧٩/٣/٤)تەرمەكەی گەیشتەوە ڕۆژهەلآتی كوردستان و لە ڕۆژی (١٩٧٩/٣/٥)لە نزیك شاری شنۆ لە گۆڕستانی (بارزان ئاباد)سپاردیان بە خاك.

لە ڕۆژی (١٩٩٣/١٠/٦)لە پاش دامەزراندنی یەكەم حكومەتی هەرێم لە باشووری كوردستان تەرمەكەی مستەفا بارزانی و ئیدریس بارزانی كوڕی گوێزرانەوە بۆ بارزان و سپاردیانەوە بە خاك لە زێدی باوك و باپیرانی بەڕێو ڕەسمێكی شایستەو گەورەوە.

# راپەڕینی مستەفا بارزانی ساڵی ١٩٣٥

[١] لە ساڵی (١٩٣٥)لەکاتی وەزارەتەکەی (یاسین الهاشمی)دا حکومەتی عێراق سەر لەنوێ بیریان کردەوە لە دروست کردنی پۆلیسخانە و سەربازگە لە ناوچەکانی بلەو بارزان لەبەر ئەوەی لەو سەردەمەدا بزووتنەوەی چەکداری کەم بوو لە ناوچەکەداو بە ماوەیەکی باشیان زانیبوو بۆ جێبەجێکردن و تەواوکردنی ئەو پرۆژەیە، هەرچەندە لەو سەردەمەدا (خەلیل خۆشەوی)لە ناوچەکەدا یاخی بوو لە حکومەتی عێراق و هەر ماوەی جارێك دەستێکی دەوەشاندو خۆی دەگەیاندەوە حەشارگەو شاخەکان، بەڵام زۆر بایەخیان پێی نەدەدا، وە حکومەتی عێراق زۆر مەبەستی بوو دروستکردنی پۆلیسخانەو سەربازگە، وە ئاگاداری بەرپرسانی ناوچەکەی کردەوە بۆ نەخشەدانان و دروست کردنی، لەو سەردەمەدا مستەفا بارزانی لەباتی شێخ ئەحمەدی برای کاروباری سەرکردایەتی بارزانیانی گرتبووە ئەستۆ و ئاگاداربوو بە نیازی حکومەت و دروست کردنی پۆلیسخانەو سەربازگە لە ناوچەکەدا، بۆیە مستەفا بارزانی نوسراوێك ئاراستەی حکومەتی عێراق دەکات و داوایان لێ دەکات کە دەست هەڵبگرن لە دروست کردنی پۆلیسخانەو سەربازگە.

وە لە نوسراوەکەیدا هەڕەشەی کردبوو لەو کەسانەی کە دێن بۆ ناوچەکە بۆ مەبەستی ناوبراو، بەڵام حکومەتی عێراق گوێیان نەدابوو بە داواکارو هەڕەشەکەی مستەفا بارزانی. قایمقام و ئەندازیارێکیان ناردبوو لەگەڵ تیپێك پۆلیس بۆ ناوچەی (بلە)بۆ دیاریکردنی شوێن و جێگای پرۆژەی ناوبراو، مستەفا بارزانیش بەخۆی و چەند کەسێك بۆیان دادەنیشن و بە گەیشتنی قایمقام و ئەندازیارو پۆلیسەکان و دەست ڕێژیان لێ دەکەن و هەموویان دەکوژن.

---

[١] خەباتی چەکداری و رامیاری نەتەوایەتی کورد، لە (١٨٨٠-١٩٩٤)، نجم سەنگاوی، ل٦٤

لە ئەنجامی کوشتنی ئەمانە حکومەتی عێراق لە ساڵی (١٩٣٦ز)سەر لەنوێ سوپایەکی زۆریان نارد بۆ ناوچەی بارزان و هەموو ناوچەکەیان داگیرکرد و بارزانیەکانیان گرت و ڕەوانەی باشووری عێراقیان کردن و دابەشیان کردن بەسەر پارێزگاکانی باشوورداو لەژێر چاودێریدا مانەوە، مستەفا بارزانیان نارد بە خێزانەوە بۆ پارێزگای (ناسریە)لەکاتی بەرپابوونی جەنگی جیهانی یەکەم لە ساڵی (١٩٤٠ز)مستەفا بارزانی و ئەوانەی کە دوور خرابوونەوە هێنایانن بۆ سلێمانی و لەوێ خۆیان و خێزانەکانیان نیشتەجێیان کردن. ڕۆیشتنی مستەفا بارزانی بۆ شاری سلێمانی هەلێکی زۆر بەنرخ و باش بوو بۆی، بۆ ناسینی پیاوانی نیشتیمان پەروەرو سیاسەتمەدارانی کورد لە سلێمانی وەکو شێخ لەتیف شێخ مەحمود و ڕەفیق حلمی و هەڤاڵانیان.

لە ساڵی (١٩٤٠-١٩٤٣ز)ماوەیەکی باش بوو بۆ مستەفا بارزانی و توانی لەو ماوەیەدا زۆر لە پیاوانی سیاسەتمەدارو ڕۆشنبیر و سەرۆک خێڵەکانی ناوچەی سلێمانی بناسێت و پەیوەندی دۆستانەو هاوبیریان بەهێزتر بێت، شاری سلێمانیش لەو سەردەمەدا مەڵبەندی ڕۆشنبیری و چالاکی سیاسی و کوردایەتی بوو.

شەڕی جیهانی دووەم بەردەوام بوو، مستەفا بارزانی و نیشتیمان پەروەران و سیاسەتمەدارانی کورد لە شاری سلێمانی وایان بەباش زانی ئەو هەلەی کە دروست بووە لە دەستی نەدەن شەڕی جیهانی بەرپا بووەو ئەنجامەکەی دیار نییە، وە پێویستە گەلی کورد بزووتنەوەیەکی ئازادیخوازی هەبێت و دەرکەوێت لەناو دەوڵەتان و میللەتانداو بناسرێت بۆ ئەوەی کە ئەنجامی شەڕەکە دەرکەوت و کۆتایی هات و لێکۆڵینەوەیەك کرا دەربارەی مافی میللەتانی چەوساوەو ژێردەست حیسابێکیش بۆ گەلی کورد بکرێت.

لەلایەکی تریشەوە نیشتیمان پەروەران و سیاسەتمەدارانی کورد وایان دانابوو کە بەهۆی بارودۆخی جەنگی جیهانیەوە دەوڵەتی عێراق بەرەو لاوازبوون دەچێت تا کۆتایی جەنگەکە، ئەگەر دەوڵەتانی سەرکەوتووی دوای جەنگیش بیرنەکەنەوە لە میللەتانی چەوساوەو ژێر دەست، گەلی کورد بە پشتیوانی

شۆڕش و لەشکرەکەی حکومەتی عێراق ناچار بکات بۆ وتووێژکردن و دادانان بە مافی نەتەوایەتی کوردا.

بۆیەلە ناوەڕاستی سالی (١٩٤٣ن)بە ڕەزامەندی مستەفا بارزانی دوای ئەوەی کە گفتی هەموو جۆرە پشتگیرییەکیان پێی دا، سیاسەتمەدارانی کورد و سەرکردایەتی پارتی هیوا و کۆمەڵ و ڕێکخراوە سیاسیەکانی کوردستان لە سلێمانی بریاریاندا لەسەر ئەوەی کە ڕاپەڕین و شۆڕش دەست پێ بکات بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی و پشتگیری بکرێت و بگەڕێتەوە بۆ ناوچەی بارزان و لەوێوە دەستی پێ بکەن.

پارتی هیوا کە ڕەفیق حلمی سەرکردایەتی دەکرد ڕێکخستن و ناردنی سەربازو پۆلیس و ئەفسەرانی کوردو خەڵکانی نیشتیمان پەروەر و دڵسۆزانی کوردی خستە ئەستۆی خۆی بۆ پاکانە کردنیان و ناردنیان بۆ ناو شۆڕشی کورد.

نیشتیمان پەروەرانی کورد لە سلێمانی و مستەفا بارزانی پێکهاتن لەسەر پەیرەو و پروگرامی شۆڕش و چۆنیەتی دەست پێکردنی، وە پشتگیری کردنی مستەفا بارزانی بۆ گەڕانەوەی لە سلێمانیەوە بۆ ناوچەی بارزان و بەرپاکردنی شۆڕش.

# دامەزراندنی حیزبی هیوا

لە ساڵی (١٩٣٦)کۆمەڵێك لە پیاوانی نیشتیمان پەروەرانی کورد لە سیاسەتمەداران و ڕۆشنبیرانی بەناوبانگی کورد و ئەفسەرە شۆڕشگێڕەکان لەناو حکومەتی عێراق و دەرەوەی بڕیاریاندا بۆ دامەزراندنی (حیزبی هیوا)و کۆنگرەیەکیان بەست بەنهێنی و سەرکردایەتی (حیزبی هیوا)یان هەڵبژارد لەم ناوانەی خوارەوە، ن.س).

[1] ١-ڕەفیق حلمی، سەرۆك و ڕابەری حیزب ٢- ئیسماعیل حەقی ٣-تۆفیق وەهبی ٤-معروف چیاوك ٥-ئەمین ڕەواندزی ٦-ئیسماعیل حەقی شاویس. دەبێ هەر ئیسماعیل حەقی شاویس بێ و دووبارە بوو بێتەوە، ن.س، وە لە ئەفسەرو خەبات گێڕو شۆڕشگێڕەکانی کورد- ٧-مستەفا خۆشناو ٨-عیزەت عەبدولعەزیز ٩-نوری مەلا مارف ١٠-نوری ئەحمەد تەها ١١-نوری مەلا حەکیم ١٢-ڕەفیق کۆیی ١٣-موحەمەد سالح ١٤-عەبدولڕەحمان قازی ١٥-ماجد مستەفا ١٦-شێخ قادر بەرزنجی،(نووسراوە برای شێخ مەحمودی حەفید)ئەگەر ئەفسەر بێ عەقید شێخ قادرە کە خاوەنی ڕۆژنامەی (شەفەق)بوو لە ساڵی (١٩٥٨)بۆ (١٩٦٠)لە کەرکوك دەردەچوو، وە لە ساڵی (١٩٦٩)خاوەنی هەفتەنامەی (ژین)بوو کاکەی فلاح سەرنووسەری بوو. ئەم حیزبە دوو باڵی هەبوو باڵی یەکەمیان ڕاستەو ڕەو بوون زۆرینە بوون، وە لەو باوەڕەدا بوون کە پێویستە خۆیان لە بەریتانیا نزیك بکەنەوە بۆ ئەوەی دان بە داخوازییەکانی گەلی کوردا بنێن و پشتگیریان بکەن. باڵی دووەمیان چەپ ڕەو بوون سەر بە حیزبی شیوعی و باوەڕیان بە شۆڕشی سۆسیالستی بوو.

[1] کورد و کوردستان لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیان، دکتۆر وەلید حمەدی، وەرگێڕانی موحەمەد نوری تۆفیق، ل٢٠٠

# مستەفا بارزانی و شۆرشی ١٩٤٣-١٩٤٥

[1] لە رۆژی ١٢ی تەمموزی ساڵی (١٩٤٣ز) بە یارمەتی و پشتیوانی حیزبی هیوا و کۆمەڵی برایەتی کە شێخ لەتیف شێخ مەحمودی مەلیك دایمەزراندبوو لە سلێمانی، وە بە رەزامەندی و پشتگیری کردنی مەلیك مەحمود.

مستەفا بارزانی بە جل و بەرگی ئایینیەوە لەگەڵ عەبدوڵلا و سلێمانە سوور لە سلێمانی دەرچوون و کەوتنە رێ بەرەو پێنجوێن، لەوێوە بۆ مەریوان و سنەو پاش هەفتەیەك گەیشتنە شاری مهاباد و بوون بە میوانی حاجی بابەشێخ (ئەوەی کە لە ساڵی ١٩٤٦ز لە کۆماری کوردستان لە مهاباد بوو بە سەرۆك وەزیرانی کوردستان، ن.س).

وە لە مهابادەوە کەوتنە رێ بەرەو نەغدەو شنۆ و لە گوندی (گولیج)مستەفا بارزانی و هەڤاڵانی لایان دابووە ماڵی مامەند ئاغای گولیج سەرۆك عەشیرەتی (مامش)و لەوێ چاویان کەوتبوو بە کۆمەڵێك لە بارزانیان و پێشوازی گەرمیان لێیان کربوو لەگەڵ دەبرینی خۆشەویستی، ئەمە قسەی مستەفا بارزانیە کە مەسعود بارزانی لەخۆی بیستووە و دەڵێت: دانیشتبووین لە میوان خانەکەی مامەند ئاغای گولیج و قەرەنی ئاغای مامش هاتە ژوورەوە و مستەفا بارزانی و هاورێکانی نەناسیبوو.

زۆر بە پەلە هەواڵی دابوو بە مامەند ئاغا کە مستەفا بارزانی لە شاری سلێمانیەوە هەڵهاتووە بەنهێنی و حکومەتی عێراقیش پەنجا هەزار دیناری عێراقی کردوە بە دیاری و دەیدەن بەو کەسەی کە مستەفا بارزانی بگرێت بە زیندوویی یان بە مردوویی، وە داوای کردبوو لە مامەند ئاغا کە ئەم هەلە لە دەستی خۆی نەدات. مامەند ئاغایش گوتبووی ئەوەی کە مستەفا بارزانی دەگرێت هێشتا لەدایك نەبووە، لە دوایدا قەرەنی ئاغا مستەفا بارزانی ناسی بوو لە دوای ئەو قسە یەك ووشەی بەدەمەدا نەهاتبوو.

مامەند ئاغای گولیج داوای کردبوو لە مستەفا بارزانی بۆ ئەوەی کە لەگەڵیدا بروات بۆ بارزان، مستەفا بارزانی رێگای پێ نەدابوو کە لەگەڵیدا بروات، ئەویش گفتی دابوو بە

---

[1] البارزاني و الحركة التحررية الكردية، (١٩٤٣-١٩٤٥)مسعود البارزاني، ص٩-١٦

مستەفا بارزانی کە ژیانی خێزانەکەی بۆ دابین دەکات، وە تفەنگێکی برنەوی دابوو بە مستەفا بارزانی بە دیاری.

لە رۆژی ٢٨ی تەمموزی ساڵی (١٩٤٣ز)مستەفا بارزانی گەیشتەوە ناو سنووری عێراق و یەکەم قۆناخی هاوینە هەوارەکانی خەیلانیەکان بوو لە نزیك شاخی هەڵگوردی سەربەرز و چووبوو بۆ ناو دەوراو چادرەکەی (مامك خەیلانی)و ببوو بە میوانی ئەو.

بە گەیشتنی مستەفا بارزانی بۆ ماڵی مامك خەیلانی پێیان ڕاگەیاندبوو کە (وەسی عەبدولئیلا)خاڵۆو ڕاوێژکاری مەلیك فەیسەڵ مەلیکی عێراق لە مێرگەسوورە لە هاوینە هەواری مەحمود بەگ. مستەفا بارزانیش زۆر بە پەلە خۆی گەیاندبووە مێرگەسوور بۆ دەستگیرکردنی عەبدولئیلاو گرتنی بە بارمەتە لەلای خۆی دای بنێت.

بەلآم شانس یاوەری نەبوو بە گەیشتنی بۆ مێرگەسوور هاوینە هەواری مەحمود بەگ پێیان ڕاگەیاندبوو کە عەبدولئیلا ڕۆیشتووە و گەڕاوەتەوە بۆ ڕەواندز هەر ئەو بەیانیە لەگەڵ مەحمود بەگ.

مستەفا بارزانی لە پاش پشوودانی لە ماڵی مەحمود بەگ دەکەوێتە ڕێ بەرەو بارزان و گوند بەگوند هاوڕێ و دۆست و برادەری خەبات و سەنگەری بەسەر دەکاتەوە و پێشوازی گەرمی لێ دەکەن و شارەزایی و زانیاری و هەواڵی ناوچەو بارودۆخەکەی پێ ڕادەگەیەنن.

مستەفا بارزانیش هەواڵ و دەنگوباسی خۆی و تەگبیرو ڕای خۆی و نیشتیمان پەروەرانی شاری سلێمانی و نەخشەو پیلانەکانیان باس دەکات بۆیان کە چۆن شۆڕشی ئەم جارە سنووردار نابێت و پشتگیری و یارمەتی و جەماوەرێکی زۆریان دەبێت لە ڕۆشنبیران و ئەفسەران و نیشتیمان پەروەرانی کورد لە هەموو چینەکان.

بە گەیشتنی مستەفا بارزانی بۆ ناوچەی بارزان هەواڵی پێ گەیشت لە مێرگەسوورەوە کە ئەو هێزە پۆلیسەی کە لە (بلە)ن کەوتوونەتە ڕێ بۆ مێرگەسوور بۆ پشتگیری کردنی پۆلیسەکانی مێرگەسوور بە سەرکردایەتی موحەمەد ئاغا مێرگەسووری بۆ لێدانی کۆمەڵێك چەکدار کە خۆیان دامەزراندبوو لە شاخی برادۆست دژی حکومەتی عێراق لە پێش ئەوەی کە مستەفا بارزانی پەیوەندیان پێوە بکات، وە حکومەتی عێراقیش ئاگادار نەبوو بە گەیشتنەوەی مستەفا بارزانی بۆ ناوچەکە. مستەفا بارزانی نامەی نارد

بۆ دەسەلآتدارانی حکومەت لە مێرگەسووڕو ئاگاداری کردنەوە. بۆ گەڕانەوەی خۆی بۆ ناوچەکە، وە دەقی نامەکەی مستەفا بارزانیان نارد بە بروسکە بۆ هەولێر و حکومەتی عێراقیان ئاگادار کردەوە بۆ گەڕانەوەو گەیشتنەوەی مستەفا بارزانی بۆ ناوچەکە.

حکومەتی عێراقیش دەستیان کرد بە ناردنی هێزێکی زیاتر بۆ بەهێزکردنی پۆلیسخانەو ڕەبایە سەربازیەکانیان لە ناوچەکەدا، وە خواردنی زۆریان نارد بۆ هێزەکانیان بۆ ئەوەی بەشی ماوەیەکی زیاتریان بکات و بتوانن خۆیان ڕابگرن.

مستەفا بارزانی کە گەیشتەوە ناوچەی بارزان هەتاکو مانگی ئەیلولی (١٩٤٣ن)دەستی کرد بە گەڕان بەسەر گوندو ناوچەکاندا بۆ پەیوەندی کردن و کۆبوونەوەو ئاگادارکردنەوەی جەماوەری کورد لە ناوچەکەدا، وە شیکردنەوەی بارودۆخی کورد و جیهان، وە ڕاگەیاندن و بەرپابوونی شۆڕشی ئازادیخوازی کورد. وە ئاگادارکردنەوەی جەماوەری کورد بە ئەوەی کە شۆڕشی ئەم جارەیان شۆڕشێکی بەرفراوان دەبێت و وەکو جارەکانی تر نابێت، ئەم جارەیان پارت و ڕێکخراوە سیاسیەکان کوردستان و نیشتیمان پەروەرانی کورد پشتیوان و یارمەتیدەریان دەبن.

وە هەر لەو ماوەیەدا مستەفا بارزانی پەیوەندی کردبوو بە کۆمەڵی (ژ-ك)لە ڕۆژهەلآتی کوردستان و ئاگاداری کردبوونەوە کە شۆڕشی کوردستان دەست پێ دەکات و داوای پشتگیری و یارمەتی کردبوو لێیان، ئەوانیش گفتو بەڵێنیان پێی دابوو کە بە هەموو شێوەیەك پشتگیریان بکەن.

مستەفا بارزانی و پێشمەرگەکانی لە ماوەی ئەو دوو مانگەدا خۆیان لادابوو لە هەموو شەڕو پێکدادانێك لەگەڵ حکومەتی عێراق لە ناوچەکەدا.

[٢] مستەفا بارزانی لە دوای تەواوکردنی گەڕان و بەسەرکردنەوەی گوندو ناوچەکان، دڵنیابوو لە پشتگیری و هاوکاری سەرۆك خێڵەکان و گەنجەکانی ناوچەکەو لە باری کات و ساتەکە. بۆیە بڕیاریدا هێزەکانی ئامادە بکات و ڕێکیان بخات.

هەموویانی کۆکردەوە و قسەی بۆیان کردو هەر کەسە ئەرکی خۆی پێ سپاردو دابەشی کردن بەم شێوەی خوارەوە. فەرماندەکان ١-موحەمەد ئەمین میرخان ٢-مامەند

[٢] البارزاني والحركة التحررية الكردية، ١٩٤٢-١٩٤٥، مسعود البارزاني، ص١٧-٢٣

مەسیح ٣-ساڵح کانی لنجی، تیپەکان لە ١٥ بۆ ٣٠ چەکدار پێکی هێنان و دابەشی کردن، وە بەڕێوەبردنی ئیدارەی سپارد بە (ڕەشۆ خاڵ هەمزە)وە ئەرك و فەرمانی هەریەکەی دیاری کرد بەم شێوەیەی خوارەوە:

١-لەسەر هەموو تاکێکی پێشمەرگەیە مل کەچی فەرمانەکانی لێپرسراوەکەی بێت و فەرمانەکانی جێبەجێ بکات.

٢-لەسەر لێپرسراوەکانە لەگەڵ پێشمەرگەکانی بێت و لێیان دوور نەکەوێتەوەو وەکو برا هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکات و بەیەکسانی سەیریان بکات و فەرمان بدات بەسەریاندا.

٣-هیچ شتێك بە زۆر و بەهێز لە هیچ کەسێك وەرناگرن لە دانیشتوانی گوندەکان.

٤-دەستەکەوتەکانی جەنگ بە دادوەری دابەش دەکەن بەسەر تاکەکانی پێشمەرگەداو بەپێی پێویست.

٥-لەگەڵ دیلەکاندا هەڵسوکەوتی مرۆڤایەتی دەکەن و نابێ دەست بگرن بەسەر هیچ شتێکی تایبەتی خۆیان.

٦-هەر هەموو ئەم بڕیارانە جێبەجێ دەکات و خۆی پێوە دەبەستێ.

مستەفا بارزانی وەکو پێشمەرگەیەکی ئاسایی لەگەڵ پێشمەرگەکاندا دەژیا و تێکەڵیان دەبوو نانی لەگەڵیاندا دەخوارد و زۆر جار بۆ ئەرك و پاسەوانی شەو نۆرەی بۆ خۆی دادەناو دەیگرت لەگەڵیاندا.

# مستەفا بارزانی و پەیوەندی کردنی بە حکومەتی عێراقەوە

[(١)] مستەفا بارزانی لەوە دڵنیا بوو کە ئامادەکاری خەڵکی ناوچەکە بۆ پشتیوانی و یارمەتی کردنی، وە توانای هێزەکانی ئامادە بکات بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەموو رووداوێك، بڕیاری دا ئەو بەرنامەو پرۆگرامەی کە دایناوە دەست بکات بە جێبەجێ کردنی.

مستەفا بارزانی پێش وەخت پەیوەندی کرد بە حکومەتی عێراقەوە، و نامەیەکی نارد بۆیان بە رێگای فەرماندەی پۆلیسخانەی (شێتنە)وە (مفەوەز قادر بەگ رەواندزی)یەوە بۆ ئەوەی کە بینێرێت بۆ لایەنی پەیوەندیداری سەرووی خۆی و ئەوانیش بینێرن بۆ بەغدا. نامەکەی بارزانی پێك هاتبوو لە ئامادەکاریەکی تەواو لەلایەن خۆیەوە بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی ئاشتیانە بۆ ئەم کێشەیە لەگەڵ ئەوەی کە لە ماوەی ئەو دوو مانگانەی رابوردوودا بارزانی و پێشمەرگەکانی خۆیان لادابوو لە هەموو شەڕو ئاژاوە و گیروگرفتێك لە ناوچەکەدا.

مستەفا بارزانی پێك هاتبوو لەگەڵ (قادر بەگ رەواندزی)کە لە ماوەی سێ رۆژ دا لە جێگایەکی دیاریکراو وەڵامەکەی بۆ بێنێتەوە، لەکاتی هێنانەوەی وەڵامەکەدا حکومەتی عێراق پیلانی گرتنی ناوچەکەیان دانابوو لە نزیك (مەزنە)لە شاخی برادۆست. بەڵام نیازە خراپەکەیان ئاشکرا بوو و پوچەڵ کرایەوە.

بارزانی کە نائومێد بوو لە وەڵامی ئاشتیانەی حکومەتی عێراق و بۆی دەرکەوت کە دەبێ بەهێزو توانا بیسەلمێنێت بۆ ئەوەی کە حکومەت مل کەچ بکەن بۆ وەڵام دانەوەی ئاشتیانەیان.

مستەفا بارزانی هێزەکانی کۆ کردەوە و وتارێکی بۆیاندا و تیادا گوتی ئێمە دوو مانگە بە هەموو شێوەیەك خۆمان لا داوە لە بەرەنگاربوونەوەو شەڕ لەگەڵ

[(١)] البارزاني والحركة التحررية الكردية، ١٩٤٢-١٩٤٥، مسعود البارزاني، ص٤٣-٤٥

حکومەتی عێراقدا بۆ ئەوەی کێشەی کورد بە چارەسەرکردنی ئاشتیانە چارەسەر بکرێت.

بەڵام وا دەردەکەوێت کە حکومەتی عێراق گوێ نادات بەخوێنی هێزەکانی خۆی و لەناوچوونیان، ئێمەش ناتوانین لەمە زیاتر چاوەڕوانی بکەین... وە منیش پرس و ڕای ئێوە وەردەگرم بۆ ئەوەی کە دەست بکەین بە لێدانی پۆلیسخانەو هێزەکانی حکومەت و داگیریان بکەین و ناوچەکەمان پاك بکەینەوە لە داگیرکەران. هەموو هێزەکەی داواکاریەکەیان قەبوڵ کرد و ئامادەیی تەواوی خۆیان دەربڕی.

لە ساڵانی پێشوو ژمارەیەك لە بارزانیان ببوون بە پۆلیس بۆ ئەوەی کە ژیانی ماڵ و منداڵیان دابین بکەن و خۆیان دوور بخەنەوە لە فشارو چاودێری کردنی حکومەت و یارمەتی خەڵکی ناوچەکەیان بدەن. دابەش کرابوون بەسەر پۆلیسخانەکانی ناوچەکەدا.

بوونی ئەم پۆلیسانە زۆر خەتەری و کارەساتی دوور خستەوە لە ناوچەکەداو بوون بە یارمەتی و پشتگیری بۆ شۆڕش.

## یەکەم دەست بەکاردان

لــــە ڕۆژی (١٩٤٣/١٠/٢ز)یەکــــەم هێــــرش کــــرا بــــۆ داگیرکردنــــی پۆلیــــسخانەی (شـانەدەر)ئـەم هێرشـەیان سپارد بـە موحەمـەد ئـەمین میرخـان و مامەنـد مەسیح و عەزیز ئاغا زراری.

پۆلیــسێکیان لــەخۆیان ئامــادەکردبوو بــە فــەرمانی بــارزانی بــەپێی نەخــشەیەکی داڕێــژراو پۆلیــسخانەکەیان گــرت و دەســتیان گــرت بەســەر هــەموو چــەك و ئازوقەکانی.

بـەبێ ئـەوەی یـەك گوللـە بەتـەقێت، هـەموو پۆلیسەکانیان دەستگیرکرد و بردیـانن بـۆ لای بـارزانی، ئـەویش فـەرمانی دا کـە هـەموویان بـەر بـدەن و ئازادیـان بکـەن. وە فەرمانی دا چەکە گیراوەکان دابەش بکەن بەسەر بێ چەکەکاندا.

## شەڕی بەناوبانگی خێر زووك

ئەمـە دووەم شـەڕو سـەرکەوتنیان بـوو لـە (١٩٤٣/١٠/١٢ز)مستەفا بـارزانی کەوتـە ڕێ بـۆ گونـدی (بیرسـیاف)و لـەوێ نەخـشەی گـرتنی پۆلیـسخانەی (خێـر زووك)ی داناو هێزەکانی کەوتنە ڕێ بۆ داگیرکردنی پۆلیسخانەکە.

بـەڵام پۆلیسەکانی نـاوی خۆیـان نـەدا بەدەسـتەوە و بـەرگریان کـرد لـە خۆیـان و داوای فریاکەوتنیان کرد لە مێرگەسوور و شێروان.

مـستەفا بـارزانی هەسـتی بـەوەکردو لــە شـوێنە گرنگەکانـدا پێـشمەرگەکانی دامەزرانـد لەسـەر ڕێگاکانیانـدا هـەتا هێزەکـەی حکومـەت گەیـشتە ئـەو شـوێنەی کـە بـارزانی مەبەسـتی بـوو. بـە گەیـشتنیان دەسـتیان لێیـان کـردەوە لـە هـەموو لایەکـەوە، شـەڕ دەسـتی پـێ کـرد، ئـەم شـەڕە بـەناوبانگترین شـەڕو سـەرکەوتن بـوو لـەو ڕاپەڕینـەدا، مـستەفا بـارزانی خـۆی بـە کـردەوە بەشـداری تیـادا کـرد، شـەڕەکە

درێــژەی كێــشا هــەتا ڕۆژ ئــاوابوو و كۆتــایی هــات بــە شكــست و لێقــەومانێكی گەورەی هێزەكانی عێراق.

لـەم شـەڕەدا زیـانی حكومـەتی عێـراق (١٢٠)كـوژرا بـوو لـە ناویانـدا فەرمانـدەی فەوجەكە بوو خەڵكی موسڵ بوو لەگەڵ دیلێكی زۆر.

زیانی پێشمەرگە یـەك شـەهید و چـوار برینـداربوو یـەكێكی ن مـستەفا بـارزانی خـۆی بـوو، بـەلأم برینەكـەی سـووك بـوو، وە ئـەو پۆلیـسەی كـە مـستەفا بـارزانی برینـدار كردبـوو یـەكێك بـوو لـە دیلـەكان و مـستەفا بـارزانی بایـەخی تایبـەتی پێـی داو مـاوەی نـەدا كـەس بەرامبـەری هەڵـە بكـات، وە دوایـش لـە مێرگەسـوور هـەموو دیلـەكان ئـازاد كـران و بـەریان دان و هـەموو ناوچـەكەش ئـازاد كـراو و كەوتـە بەردەسـتیان. لـەدوای شـەڕی (خێـر زووك)وورەی پێـشمەرگەو ناوچـەكە بەتـەواوی بەرزەوە بوو و باوەڕ و متمانەیان زیاتر بوو.

لـە ڕۆژی (١٩٤٣/١٠/٢٠)بـە سـەركردایەتی مـستەفا بـارزانی خـۆی شـەڕی دەورووبـەری (شـێروان)ەیـان كـردو بـۆ یەكـەم جـار فرۆكـەكانی حكومـەت بەشـداریان تیـادا كـرد، بـەلأم لـە ناوچـەكەدا سـەركەوتنی باشـیان بەدەسـت هێنـا. وە هـەر لـەو ماوەیـەدا ئەسـعەد خۆشـەوی و خـەڵكێكی زۆر خۆیـان گەیانـدە نـاو شـۆڕش و بـەردەوام بـوون لـە گـرتن و ئـازادكردنی ناوچـەكە و داگیركردنـی پۆلیسخانەكان.

لـە مـانگی تـشرینی یەكـەمی سـاڵی (١٩٤٣)بـە مـانگی سـەركەوتن دانـراو لـەم مانگـەدا توانیـان هـەموو ناوچـەكە ئـازاد بكـەن تـەنها مەڵبەنـدی پۆلیـسی (مێرگەسوور و بارزان و بلە)نەبێت.

ئـەم مەڵبەنـدەكانی پۆلیـسخانانە گـیران و پـاك كرانـەوە: ١-پۆلیـسخانەی شـانەدەر ٢-خێـر زووك ٣-براكـەبرا ٤-زیـت ٥-چـەمێ ٦-سـیلكی ٧-مـیروز ٨-ئـەرگوش ٩-تیـل ١٠-شـنگیل ١١-كـاتی بـوت ١٢-بیـدیال ١٣-شـێروان ١٤-ڕێـزان ١٥-شـێتنە ١٦-بێدەروون ١٧-كـانی ڕەش هـەر لـەم مانگـەدا ئـەم دەسـت كەوتانـەیان بـوو: ١- ٦٨٠ تفـەنگی هەمـەجۆر ٢- ٢٤ ڕەشـاش لەگـەڵ جبەخانـەو ئازوقەیـەكی

زۆر، ئازوقـەکان دابـەش کـران بەسـەر ئـەو گوندانـەی، کـە بنکـەی سـەرەکی پێشمەرگەی لێ بوو، وە ئەرکی پێشمەرگەیان بەسەرەوە بوو

لـە (١٩٤٣/١١/٦ز)سـوپای سـەربازی عێـراق هێرشـیان کـرد بـۆ گونـدەکانی ناوچـەی مێرگەسـوور و شـێروان و شـەڕ بـەرپا بـوو لـە نێـوان پێـشمەرگەی ئـازادیخوازی کوردسـتان و هێزەکـانی داگیرکـەری عێـراق هـەتا ئێـوارە سـوپای عێـراق خۆیـان ڕاگـرت کـەس سـەرکەوتوو نـەبوو کـە شـەوی بەسـەردا هـات پێـشمەرگەی کوردسـتان لـە هـەموو لایەکـەوە هێرشـیان بۆیـان بـرد و تێکیـان شـکاندن و سـوپای عێـراق هـەڵهاتن و کـشانەوە بـۆ نـاو سـەربازگەی مێرگەسـوور و کوژراوەکانیـان لـە دوای خۆیانـەوە بـەجێ هێـشت و فریـای بردنیـان نەکـەوتن. دەسـتکەوتی پێـشمەرگە لـەو شـەڕەدا ٥٠ تفـەنگ و ٤ ڕەشـاش بـوو لەگـەڵ جبەخانەیـەکی زۆر و ١١ دیل سەرباز.

لـە ڕۆژەکـانی (٦-٨-١٩٤٣/١١ز)دوو شـەڕی تـر ڕووی دا لـە شـاخی پـیران و لـە هـەردوو شـەڕەکەدا سـوپای عێـراق تێـك شـکان و زیـانێکی زۆر و کوژراویـان لـێ کـەوت. دەسـتکەوتی پێـشمەرگە ٤٠ تفـەنگ و ٣ ڕەشـاش بـوو لەگـەڵ جبەخانەیەکی زۆردا.

پێـشمەرگە دەوری سـەربازگەی مێرگەسـووریان گرتبـوو و گـەمارۆیان دا بـوو تەنانـەت لـەناو سـەربازگەکەش نـەیان دەتـوانی سـەر دەربکـەن، حکومـەتی عێـراق هێزێکـی زۆری نـارد بـۆ ڕزگارکردنیـان لـە گـەمارۆدان لـە ڕەوانـدزەوە، وە سـەربازەکانی نـاو سـەربازگەکەیش بـەرگریان دەکـرد، لـە ڕۆژی (١٩٤٣/١١/١٠ز)دەسـتیان کـرد بەجێبـەجێکردنی نەخـشەکەیان بـۆ ڕزگـارکردنی سەربازگەکە.

شـەڕ دەسـتی پـێ کـرد، ئـەم شـەڕە بـە گـەورەترین شـەڕ ئـەژمار دەکـرێن لـەو ماوەیـەدا. شـەڕ درێـژەی کێـشا لـە باڵەکیانـەوە هـەتا مێرگەسـوور، هـەموو هێزەکـانی پێـشمەرگەو حکومـەت بەشـداریان تیـادا کـرد و هێـزە ئاسمانیـەکانی عێـراقیش زۆر بەتونـدی دەسـتیان دەوەشـاند، شـەڕ لـە هـەموو قۆڵەکانـەوە درێـژەی کێشا هـەتا شـەو داهـات بـەبێ سـەرکەوتنی هـیچ لایـەکیان، بـەڵام کـە شـەو

داهات و تاریک بوو هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان هێرشێکی بێ وێنەیان کردە سەر دوژمن و سەرکەوتنێکی گەورەیان بەدەست هێناو هێزەکانی دوژمنیان ناچار کرد هەڵبێن و بکشێنەوە بۆ ناو سەربازگەکانی خۆیان لە باڵەکیان و مێرگەسوور، ئۆتۆمبێلەکەی فەرماندەی ایوا (زەعیم ئەحمەد حمەدی)بەر گوللەی شۆرشگێران کەوت و پاسەوانەکەی کوژرا و خۆیشی تێکچوو و شێت بوو بە کەم ئەقڵی مایەوە هەتا مردن.

لەم شەرە گەورەیەدا ژنانی گوندەکانیش بەشداری قارەمانانەیان تیادا کرد، لەژێر گوللەو تۆپ و فرۆکەوە هەر لە بەیانیەوە هەتا ئێوارە شاو و نانیان فریای پێشمەرگەکان دەخست. لەو شەرە گەورەیەدا تەنها چوار پێشمەرگە بریندار بوون، شەهیدیان نەبوو، ئەنجامی ئەم شەرە هەڵوێستی دیاریکرد لە بەرژەوەندی پێشمەرگەی کوردستان و هەموو ناوچەکانیان ئازاد کرد و کەوتە ژێر دەستیان، وە مستەفا بارزانی لە دوای شەرەکە گەڕایەوە بۆ بارەگاکەی خۆی لە گوندی (بێستری)لە دوای دڵنیابوونی لە بارودۆخی بەرەکەو ناوچەکە.

لە رۆژی (١٩٤٣/١١/١٢ز)مستەفا بارزانی نامەیەکی پێ گەیشت لە سەرکردە سەربازی ناوچەی ڕەواندزەوە و داوای لێی کردبوو کە بریار بدات بۆ گواستنەوەی لاشەی سەربازە کوژراوەکانیان. مستەفا بارزانیش لە سەرچاوەی مرۆڤایەتییەوە وەڵامی دایەوە و گوتبووی با بێن کوژراوەکانیان ببەنەوە، فەوجێك سەربازی بێ چەکیان نارد و مستەفا بارزانیش فەرمانی دا بە خەڵکی گوندەکان بۆ ئەوەی یارمەتی سەربازەکانی عێراق بدەن بۆ گواستنەوەی کوژراوەکانیان و ئاسانکاریان بۆیان کرد.

# مستەفا بارزانی و وتوێژكردن

[1] لە دوای ئەو سەركەوتنە یەك لە دوای یەكەكانی پێشمەرگەكانی كوردستان و ئازادكردنی ناوچەكان. حكومەتی عێراق ناچار بوو دەرگای گفتوگۆ بكاتەوە لەگەڵ مستەفا بارزانی، بۆ ئەو مەبەستە (وەهاب موحەمەد عەلی جوندیانی)نارد بۆ لای مستەفا بارزانی بۆ ئەوەی كە بزانێت ئایە ئامادەیە بۆ گفتوگۆكردن لەگەڵ حكومەتی عێراقدا.

مستەفا بارزانیش وەڵامی دانەوەو ئامادەیی خۆی دەربڕی بوو بۆ پێشوازی كردنی نوێنەرانی عێراق بۆ گفتوگۆكردن بۆ چارەسەركردنی كێشەی كورد. لە ڕۆژی (١٩٤٣/١١/٢٩ز)حكومەتی عێراق (نوری باوێل ئاغای ڕەواندن)یان نارد بۆ بارەگای بارزانی لە گوندی (بێستری)و ئاگاداری مستەفا بارزانی كردەوە كە حكومەتی عێراق ئامادەییە بۆ وتوێژكردن بە شێوەیەكی ئاشتیانە، وە مستەفا بارزانیش ئامادەیی خۆی دووبارە كردەوە بۆ چارەسەری ئاشتیانەی كێشەی كورد، وە بۆیانی ڕوون كردەوە كە كێشەكەیان پەیوەندی هەیە بەماڧ گەلی كوردەوە بەگشتی و كێشەی تایبەتی خۆی نییە.

نوری باوێل ئاغا وەڵامەكەی مستەفا بارزانی بردەوە بۆ حكومەتی عێراق و لە دوای هەفتەیەك حكومەت نوری باوێل ئاغاو پوشۆی سەید تەهایان ناردەوە و داواكارییەكی حكومەتیان هێنابوو بۆ مستەفا بارزانی، ئەویش هەڵگرتنی گەمارۆ بوو لەسەر سەربازگەی مێرگەسوور كە ماوەیەك بوو گەمارۆ درابوو وەكو هەنگاوی یەكەم بۆ سەلماندنی نیاز پاكی. مستەفا بارزانیش ئەم داواكارییەی دایە دواوە و گوتبووی دەبێ حكومەتی عێراق هەنگاوی یەكەم بنێت بۆ پێشەوە چونكە ئەوان زاڵم و دەست درێژكەر نین، نوێنەرانی حكومەت بەبێ ئەنجام گەڕانەوە بۆ بەغدا. عێراق ناچاربوو بە فڕۆكەو پەرەشووت ئازوقەو خۆراك فڕێبداتە خوارەوە بۆ سەربازگەی مێرگەسوور، وە ئەو ئازوقانەی كە فڕیاندەدا زۆربەی دەستی پێشمەرگەكان دەكەوت چونكە زۆر لە سەربازگەكەوە نزیك بوون.

---

[1] بارزاني و الحركة التحررية الكردية، مسعود بارزاني، ص٣٢

# چالاکیەکانی حیزبی هیوا و پەیوەندییەکانی

[٢] حیزبی هیوا کەوتنە چالاکی نواندن و هاندانی جەماوەری کورد و کۆکردنەوەیان بۆ پشتگیری کردنی راپەڕین و شۆڕشەکەی مستەفا بارزانی، وە سەرکەوتنەکانی پێشمەرگەکانی کوردستان کاریگەری زۆریان هەبوو بۆ بەهێزکردنی حیزبی هیواو کۆبوونەوەی جەماوەری کورد لە دەوری و زیادبوونی چالاکیان.

پارتی هیوا دەستیان کرد بە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەو نووسراوەکانیان لە ناو شاری بەغداو هەموو شارەکانی تری عێراق (و ناردنیان بۆ باڵوێزخانەکانی دەوڵەتان لە بەغدا بە رێگای پۆست و فرێدانی بە دەست بۆ ناو باڵوێزخانەکان و دەورووبەریان، ن.س). بۆ پشتگیری کردنیان بۆ کێشەی کوردو راپەڕین و شۆڕشەکەی مستەفا بارزانی، وە ناڕەزایی دەربڕین بەرامبەر بە هێرش و پەلاماردانەکانی حکومەتی عێراق بۆ سەر ناوچەی بارزان و گەلی کورد، ئەم بەیاننامەی حیزبی هیوا سرنجی هەردوو دەوڵەتی بەریتانیاو عێراقی راکێشاو هەستیان کرد بە گۆڕانکاری نوێ و گرنگ لە بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد و راپەڕین و شۆڕشەکەی ئەم جارەیان، وە هەستیان کرد بە ئەوەی کە لە کوردستاندا رووی داوە یاخی بوونێکی عەشایەری نییە. بەڵکو بزووتنەوەیەکی چەکداری نەتەوایەتی کوردەو گەلی کورد پشتگیری دەکات بە تایبەتی رۆشنبیرانی کورد. وە ئاواتی گەلی کوردی تیادا بەدی دەکرێت.

بەرامبەر بەم رووداوە نوێیە باڵوێزخانەی بەریتانیا لە بەغدا پەیوەندیان کرد بە مستەفا بارزانیەوە و بە نامەیەك ئاگاداریان کردەوە کە حکومەتەکەی (بەریتانیا، ن.س)حەز دەکات بە کۆتایی هێنان بە شەڕو کوشتار، وە داوای لێی کردبوو کە روو بکەنە گفتوگۆ و وتووێژکردن لەگەڵ حکومەتی عێراق، باڵوێزی بەریتانیا پەنجەی راکێشابوو بۆ شوێن و جێگای ستراتیژی عێراق بۆ

[٢] هەمان سەرچاوە، ل٣٥

بەریتانیا و هاوپەیمانان بۆ ناردنی یارمەتی هاوپەیمانان بۆ یەكێتی سۆڤیەت بەسەر عێراقدا لە كوردستانەوە، وە باڵوێزی بەریتانیا لە نامەكەیدا گوتبووی درێژدان بە شەڕو كوشتار لەگەڵ عێراق یانی شەڕ و كوشتار لەگەڵ بەریتانیاو هاوپەیمانان دایە، وە لە كۆتایی نامەكەیدا دووبارەی كردبوو و دەڵێت: حكومەتی بەریتانیا هەڵدەستێت بە بەكارهێنانی نفوسی خۆی لەگەڵ حكومەتی عێراق بۆ دابینكردنی مافی نەتەوایەتی بۆ گەلی كورد ئەگەر مستەفا بارزانی وەڵامی ئەم نامەیەمان بە ئیجابی بداتەوە، حكومەتی بەریتانیا فشاریان خستە سەر حكومەتی عێراق بۆ پێك هێنانی تاكتیكێك پێش ئەوەی بزووتنەوەی كورد هەموو كوردستان بگرێتەوە، وە یەكێتی سۆڤیەتیش پشتگیری ئەم تاكتیكەی بەریتانیای كرد. لەو سەردەمەدا سوپای بەریتانیا لەسەر سنووری عێراق و ئێران بوو (لە كرماشان و قەسری شیرین، ن.س).

# وەزارەتی نوری سەعیدو هەوڵدانی وتوێژكردن

[1] لە (١٩٤٣/١٢/٢٥)ن نوری سەعید سەرۆك وەزیرانی عێراق وەزارەتێكی نوێی پێك هێنا و سێ وەزیری كوردی تیادا دامەزراند، ١-ئەحمەد موختار بابان وەزیری داد ٢-عومەر نەزمی وەزیری ناوخۆ ٣-ماجد مستەفا وەزیری دەوڵەت بۆ چارەسەری كێشەی كورد.

ماجد مستەفا ئاگاداری مستەفا بارزانی كردەوە بۆ ئەو ئەركەی كە پێیان سپاردوە، وە داوای لێی كرد كە یارمەتی بدات بۆ سەركەوتنی ئەركەكەی، وەكو هەنگاوی یەكەم لە ڕێگای جێبەجێكردنی ئاشتیدا.

هەردوو لا عێراق و مستەفا بارزانی پێك هاتن لەسەر ڕاوەستانی شەڕ. ماجد مستەفا پێش وەخت ڕۆیشت بۆ لای شێخ ئەحمەد بارزانی بۆ شاری (حلە)و داوای لێی كرد كە یەكێك لە كوڕەكانی بنێرێت بۆ لای مستەفا بارزانی بۆ ئەوەی كە ئاگاداری بكاتەوە بۆ ئەوەی كە وەڵامی حكومەتی عێراق بداتەوە بۆ گەیشتن بە ئاشتی.

یەكەم جار شێخ ئەحمەد داواكارییەكی دایە دواوە بەلأم لە دوای هەوڵێكی زۆری ماجد مستەفا و تكاكردنی، قەبوڵی كرد كە موحەمەد خالید كوڕی بنێرێت.

لە (١٩٤٧/١٢/٢٩)ن موحەمەد خالد گەیشتە مێرگەسوور لەگەڵ ئەفسەری پۆلیس فازڵ عەلی ئەفەندی، مستەفا بارزانی پێشوازی لێیان كرد لە گوندی مێرگەسووری خواروو، لە دوای دابڕانێكی دووردرێژ، چەند ڕۆژێك موحەمەد خالید مایەوە لەلای مستەفا بارزانی مامی و فەرمان و ڕێنماییەكانی باوكی پێ ڕاگەیاند و گەڕایەوە بۆ بەغدا.

بە گەڕانەوەی موحەمەد خالید بۆ بەغدا ماجد مستەفا كەوتە ڕێ بۆ لای مستەفا بارزانی بۆ دانانی بنچینەو شێوەی پێكهاتنەكەیان.

[1] البارزاني و الحركة التحررية الكردية، ١٩٤٢-١٩٤٥، مسعود البارزاني، ص٣٧

# مستەفا بارزانی و یەکەم چاوپێکەوتنی بە ماجد مستەفا

[1] لە (١٩٤٤/١/٧ن)ماجد مستەفا بە نوێنەری فەرمی حکومەتی عێراق گەیشتە مێرگەسوور و دەسەڵاتی تەواوی پێ درابوو بۆ باس کردنی هەموو خاڵ و داواکاریەکانی مستەفا بارزانی، وە دانانی هێڵی فراوان بۆ پێك هاتن. لە پێشی گەیشتنی ماجد مستەفا بۆ مێرگەسوور. مستەفا بارزانی هەڵوێستی خۆی یەك خستبوو لەگەڵ پارتی هیوا و پێك هاتبوون لەسەر داڕشتنی داواکارییەکانی گەلی کورد.

مستەفا بارزانی لە گوندی (سپیندار)لە نزیك مێرگەسوور پێشوازی کرد لە ماجد مستەفا و کۆمەڵێك ئەفسەر کە لەگەڵیدا هاتبوون.

لەدوای گۆڕینەوەی بۆچوونەکان و گفتوگۆ و لێکۆڵینەوە، مستەفا بارزانی داواکاری گەلی کوردی بەم شێوە پێشکەش کرد:

١-گواستنەوەو دوور خستنەوەی ئەو فەرمانبەرانی کە بەناوبانگن بۆ بەکارهێنانی ئەو دەسەڵاتەی کە پێیان دراوە بۆ بەرتیل وەرگرتن و خراپەکاری.

٢-ولایەتی کوردستان دابمەزرێت لە لیوا (پارێزگا)کانی کەرکوك و سلێمانی و هەولێر و قەزاو ناحیە کوردیەکانی لیوای موسڵ کە ئەوانیش: زاخۆ و ئامێدی و دهۆك و ئاکرێ و شێخان و سنجار دەگرێتەوە، لەگەڵ قەزای خانەقین و مەندەلی لە لیوای دیالە.

٣-زمانی کوردی بە زمانی فەرمی دادەنرێت لە ولایەتی کوردستان.

٤-دامەزراندنی جێگری وەزیرێکی کورد بۆ هەموو وەزارەتێك لە وەزارەتەکان.

٥-وەزارەتێکی نوێ دابمەزرێت و بدرێت بە وەزیرێکی کورد بۆ کاروباری ولایەتی کوردستان.

٦-زیانی زیان لێکەوتووان ببژێرن.

---

[1] البارزاني و الحركة الحررية الكردية، ١٩٤٢-١٩٤٥، مسعود البارزاني، ص٣٨

٧-قوتابخانەو نەخۆشخانە دروست بکرێت بۆ ناوچەکانی کوردستان لەگەڵ بڕین و چاککردنی ڕێگاو بانەکانی ناوچەکەو چاککردن و دروستکردنەوەی ناوچەکە.

٨-کاروباری سەربازی و ئابووری و دەرەوە تایبەت دەبێت بە ناوەندی دەوڵەت.

٩-ئازادکردن و بەردانی بەندکراوەکان و گەڕانەوەی دوور خراوەکان بۆ ناوچەکە.

ماجد مستەفا ئەم داواکارییەی سەرەوەی لەگەڵ خۆی برد بۆ بەغدا، و لە دوای ئەو فەرمان درا بە یەکە سەربازیەکانی ناوچەکەو دەستیان کرد بە کشانەوە بۆ شوێنە کۆنەکانی خۆیان.

وە ئەمین ڕەواندزی دانرا بە ئەفسەری پەیوەندیەکان و سەرپەرشتیاری کشانەوەی سوپا. سوپای مێرگەسوور گەڕانەوەی بۆ ڕەواندز، وە سوپای بلە گەڕانەوە بۆ ئاکرێ و ناوچەکە هیچ هێزێکی حکومەتی تیادا نەما.

# حكومەتی عێراق و هەنگاونانی

[1] لـە دوای گەڕانـەوەی ماجـد مـستەفا بـۆ بەغـدا لـە (١٩٤٤/١/٢٥)ئەنجومـەنی وەزیرانی عێراق ئەم بڕیارەی داو بلاوی كردەوە:

١-دانـانی خـەڵكانی نـوێ بـۆ بـەڕێوەبردنی قـەزاكانی، ئامێـدی و ڕەوانـدز و مێرگەسوور و ئاكرێ، وە دامەزراندنی ئەفسەری پەیوەندیدار بۆ ئەو قەزایانە.

٢-كردنەوەی مەڵبەندە پۆلیسەكانی ناوچەی بارزان.

٣-كردنەوەی ڕێگاوبان لە نێوان مەڵبەندەكانی پۆلیسی ناوچەكە.

٤-دوورخستنەوەی مستەفا بارزانی لە ناوچەی بارزان.

٥-گەڕانەوەی شێخ ئەحمەد بارزانی و بارزانیەكان بۆ شوێنەكانی خۆیان.

٦-گەڕانەوەی چەكەكان بۆ حكومەت.

٧-حكومـەت بڕیـاری لێبـوردنی گـشتی دەدات، بـەلام فەرمانبـەران و تاكـەكانی هێـزی چـەكداری (سـەربازو پـۆلیس و ئەفـسەر، ن.س)ئەوانـەی كـە چـوونەتە پـاڵ مستەفا بارزانی بەر ئەم بڕیارە ناكەوێت.

٨-وەزیـری دەوڵـەت (ماجـد مـستەفا، ن.س)سەرپـشك دەكرێـت و دەتوانێـت بەندەكانی (٤-٥)جێبەجێ بكات لە كاتێكدا كە بەگونجاوی بزانێت.

(مەسـعود بـارزانی دەڵێـت ئـەم خالانـەی سـەرەوە ناگونجێـت لەگـەڵ ئـەو داواكارییـەی كـە مـستەفا بـارزانی داویـەتی بـە ماجـد مـستەفا كـە بیگەیـەنێت بـە حكومـەت، ئایـە ماجـد مـستەفا ئـەم بڕیارانـەی داوە بـە مـستەفا بـارزانی و پـارتی هیوا یان نا؟.

حكومـەتی عێـراق ئـەم هەنگاوانـەی نـا، بڕیاریـدا بـە نـاردنی ئـەم ئەفـسەرە كوردانـە كـە ناویـان نووسـراوە بـە ئەفـسەری پەیوەنـدی بـۆ ئـەو ناوچـانەی كـە بەرامبـەر

[1] البارزاني و الحركة التحررية الكردية، ١٩٤٢-١٩٤٥، مسعود البارزاني، ص٤٣

ناوکانیانـــە، وە بڕیـــاریوو کـــە پەیوەنـــدیان بـــە وەزیـــری دەوڵەتـــەوە (ماجـــد مستەفا)وە بێت.

١-لیوا بەهادین شێخ نوری بۆ سلێمانی.

٢-عەقید ئەمین ڕەواندز بۆ ڕەواندز.

٣-نەقیب سەید عەزیز سەید عەبدوڵلا بۆ مێرگەسوور.

٤-نەقیب میرحاج ئەحمەد بۆ ئاکرێ.

٥-نەقیب مستەفا خۆشناو بۆ بارزان.

٦-ڕاید عیزەت عەبدولعەزیز بۆ بلە.

٧-نەقیب فوئاد عەلی بۆ ئامێدی.

٨-نەقیب فوئاد عارف بۆ پشدەر.

# مستەفا بارزانی و ڕۆیشتنی بۆ بەغدا

[1] لـە (١٩٤٤/٢/٢٢ن)مـستەفا بـارزانی لەگـەڵ ماجـد مـستەفا ڕۆیـشت بـۆ بەغـدا، وە مەبەسـتیش لـەو سـەردانە بـۆ ئـەوەبوو کـە گومـان نـەمێنێت و متمانـەو بـاوەڕ دروسـت ببێـت لـە نێـوان سـەرکردایەتی کـورد و حکومـەتی عێـراق وە ئیمزاکردنـی پێکهاتنەکە.

ئەمـە هـەلێکی بـاش بـوو بـۆ گەیـشتنی مـستەفا بـارزانی بـە سـەرکردەکانی پـارتی هیـوا و پیـاوانی نیـشتمان پـەروەرانی کـورد و گۆڕینـەوەی بـیرو بۆچـوون لەگەڵیاندا.

مـستەفا بـارزانی لـە بەغـدا لـە هوتێـل شـط العـرب دابـەزیبوو و پێـشوازیەکی گـەرمی لـێ کرابـوو، وە کۆبوونـەوەی کردبـوو لەگـەڵ نـوری سـەعید سـەرۆك وەزیرانـی عێـراق و ئـەو وەزیرانـەی کـە پەیوەندیـدارن، وە حکومـەت گفـتی دا بـۆ جێبەجێکردنی ئـەو خاڵانـەی کـە پێـك هـاتبوون لەسـەری لەگـەڵ ماجـد مـستەفا. مـستەفا بـارزانی هەفتەیـەك مایـەوە لـە بەغـداو گەڕایـەوە بـۆ بـارزان. وە ئـەو

[1] البارزاني و الحركة التحررية الكردية، ١٩٤٣-١٩٤٥، مسعود البارزاني، ص٤٤

هەنگاوانـــەی ماجـــد مـــستەفا ئیجـــابی بـــوو، ئـــەوەبوو لـــە مـــانگی ئـــازاری (١٩٤٤ن)ســـەرۆك عەشـــیرەتێکی زۆری کـــوردی دەعـــوەت کـــرد بـــۆ شـــاری کـــەرکوك، وە داوای کـــرد لـــە نـــوری ســـەعید ســـەرۆك وەزیرانـــی عێـــراق کـــە وتارێـــك بـــدات بـــۆ ئامـــادەبوان و باســـی گـــەلی کـــوردی کـــردو گفـــتی پێیانـــدا بـــۆ جێبـــەجێکردنی پێکهاتنەکـــە (ی نێـــوان ســـەرکردایەتی کـــورد و حکومـــەتی عێـــراق، ن.س). وە پابەند بوونی حکومەتەکەی بۆ جێبەجێکردنی.

بـــەلام زۆربـــەی ئەنـــدامانی حکومـــەتی عێـــراق ناڕەزاییـــان دەربـــڕی دەربـــارەی وتارەکـەی نـوری سـەعیدو بـە دابـەزیینیان بـۆ کـورد، بۆیـە لـە پـاش ماوەیـەکی کـەم ناچـاریان کـرد دەسـت لـە پۆسـتەکەی هـەلبگرێت، وە حمـەدی پاچەچـیان دانـا لـە جێگای.

# دەست هەڵگرتنی نوری سەعید لە پۆستەکەی و پۆستەکەی حەمدی پاچەچی

[٢] لە ٣ی حوزێرانی ساڵی (١٩٤٤ز)نوری سەعید دەستی هەڵگرت لە پۆستەکەی و حەمدی پاچەچی وەزارەتێکی نوێی پێك هێنا و ماجد. مستەفای تیادا نەبوو، تەنها دوو وەزیری کوردی تیادا بوو، ١-ئەحمەد موختار بابان وەزیری داد ٢-تۆفیق وەهبی وەزیری ئابووری.

هەر وەکو مەسعود بارزانی دەڵێت (لەو ڕۆژانەدا عێراق بە فەرمان و ڕێنمایی بەریتانیا بەڕێوە دەچوو، وە هەر ئەوانیش لە پشتی ئەم پیلانەوە بوون).

کە جەنگی جیهانی دووەم کۆتایی هات هاوپەیمانانی جەنگ هیچ لایەکیان نەکردەوە بەلای کورد و ئەو میللەت و نەتەوانەی کە وەکو کورد ژێر دەستەو چەوساوەبوون، وەکو حکومەتی بەریتانیا نەیان دەویست چارەسەری کێشەی کورد بکەن لە عێراق، وە مەترسیشیان هەبوو کە باشووری کوردستانیان لە دەست دەربچێت بەهۆی :

١-بڵاوبوونەوەو دەنگدانەوەی شۆڕشەکەی مستەفا بارزانی لەناو هەموو عێراق و دەرەوەی، وە ناچارکردنی حکومەتی عێراق بە وتوێژکردن لەگەڵیانداو سەلماندنی ئەوەی کە داوایان کردبوو.

٢-بەریتانیا و عێراق هەستیان کردبوو بەوەی کە گەلی کورد بە هەموو چینەکانیەوە پشتگیری لەو شۆڕشە دەکەن.

٣-بەهێزبوون و چالاکی حیزبی هیوا و بڵاوبوونەوەی لەناو چینی ڕۆشنبیران و ئەفسەرانی کوردا، بەتایبەتی لە دوای ئەو سەرکەوتنانەی شۆڕشی کوردو ناچارکردنی حکومەتی عێراق بۆ وتوێژکردن لەگەڵیاندا و ڕاوەستانی شەڕ، زیاتر

[٢] هەمان سەرچاوە، ل٤٣-٤٥

خەڵكی كوردستان باوەڕو متمانەیان پەیدا كرد بەو شۆڕشەو حیزبی هیواو دەوریاندا.

٤-لە دوای ڕاوەستانی شەڕ لە نێوان شۆڕشی كورد و حكومەتی عێراق دەركەوت بۆ حكومەتی بەریتانیاو عێراق كە ئەو ئەفسەرە كوردانەی كە دانرابوون بۆ پەیوەندییەكانی قەزاكان هەر هەموو سەر بە شۆڕشی كوردن و لەگەڵ مستەفا بارزانی و حیزبی هیوادان.

ئەمەش خاڵێكی گرنگ بوو بۆ سەلماندنی دەرچوونی شۆڕشی كورد لە قاڵبی عەشایەریەوە بۆ قاڵبێكی جەماوەری و ڕۆشنبیری و سەربازی.

٥-بوونی سوپای سووری یەكێتی سۆڤیەت لە ڕۆژهەلاتی كوردستان و هەوڵدانیان بۆ پێك هێنانی كۆمەڵێكی بەتوانا بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێكی كورد لە ڕۆژهەلاتی كوردستان، ئەوەبوو بۆ یەكەم جار كۆمەڵێكیان پێك هێنا لە ساڵی (١٩٤١ن)و ناردنیان بۆ باكور بۆ ئەو مەبەستە كە پێك هاتبوون لە: ١-قازی موحەمەد لە مهاباد ٢-داوود مەجید خان لە میاندواو ٣-حاجی بابەشێخ لە مهاباد ٤-شێخ پوشۆ كوڕی سەید تەهای شەمزینان، سەرجەمیان دوانزە كەس بوون لە سەرۆك عەشیرەت و ئاغاكان. ٥-لەلایەكی ترەوە ئاگاداربوون بە ئەوەی كە مستەفا بارزانی پەیوەندی بەردەوامی هەیە لەگەڵ كۆمەڵی (ژ-ك)لە ڕۆژهەلاتی كوردستان بۆ پشتگیری كردنی، ئەمانە هەموو مەترسی بوون لەلایەن حكومەتی بەریتانیا بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێكی كوردی لە باشوور و ڕۆژهەلاتی كوردستان بە پشتیوانی یەكێتی سۆڤیەت كە لە ناوچەكەدان، ن.س).

# وەزارەتەکەی حەمدی پاچەچی و گۆڕانکارییەکان

[1] حەمدی پاچەچی کە وەزارەتێکی نوێی پێك هێناو زۆر توندوتیژ بوو بەرامبەر بە کێشەی کورد، وە ئەو چارەسەرەی کە حکومەتەکەی نوری سەعید دایناُبوو بۆ کێشەی کورد حکومەتەکەی پاچەچی دایە دواوەو پابەندی خاڵەکانی نەبوو، وە بڕیاریان دەرکرد بۆ هەموو ئەو ئەفسەرە کوردانەی کە دانرابوون بۆ پەیوەندیەکان کە بە زووترین کات بگەڕێنەوە بۆ سەربازگە کۆنەکانیان، وە هەموو ئەفسەرەکان گەڕانەوە بۆ سەربازگەکانیان و وەزارەتی بەرگری عێراق بە ئاگاداریەوە هەڵسوکەوتی دەکرد لەگەڵیانداو لەژێر چاودێریدا بوون.

لەو بارەیەوە مستەفا بارزانی و سەرکردایەتی حیزبی هیوا گفتوگۆیان کرد و لێی کۆڵینەوەو بڕیاریاندا کە داوا بکەن لە: ١-ڕائید عیزەت عەبدولعەزیز ٢-نەقیب مستەفا خۆشناو ٣-نەقیب میرحاج ئەحمەد بۆ ئەوەی هەریەکەیان دوو مانگ مۆڵەت وەربگرن لە حکومەتی عێراق، وە ئەفسەرەکانی تر بگەڕێنەوە بۆ سەربازگەکانیان، لە پاش وەرگرتنی مۆڵەت بە فەرمانی مستەفا بارزانی و حیزبی هیوا، عیزەت عەبدولعەزیزیان نارد بۆ سوریا بۆ پەیوەندی کردن بە (کۆمەڵی خۆیبون) بۆ ئاگادارکردنیان لە بارودۆخەکە و پەیوەندیەکانیان، وە میرحاج ئەحمەدیان نارد بۆ مهاباد بۆ پەیوەندی کردن بە کۆمەڵی (ژ-ك)ەوە لە دوای گەڕانەوەی مستەفا خۆشناو و میرحاج ئەحمەد، بۆ سەربازگەکانیان بە ماوەیەکی کەم بڕیاری دەرکردنیان لە ئەفسەری دەرچوو لە سوپای عێراقەوە، وە بدرێن بە دادگای سەربازی، میرحاج ئەحمەدیان گرت و ناردیان بۆ بەندیخانەی (عیمارە)مستەفا خۆشناو لە موسڵ بوو کەبیستیەوە هەڵهات بۆ (بێتواتە)و بەکر عەبدولکەریم یش گەیشتە لای و پێکەوە ڕۆیشتن بۆ لای مستەفا بارزانی.

---

[1] هەمان سەرچاوە.

عیـزەت عەبدولعـەزیزیش لـە سـوریا گەڕایـەوە و ماوەیـەکی کـەم لـە بەغـدا بـوو گەڕایـەوە بـۆ بـارزان، وە حکومـەتی عێـراق میرحـاج ئەحمـەدیان دەرکـرد لـە بەندیخانـەو لـە وەزارەتـی بـەرگری دا مایـەوە لـەژێر چـاودێریدا، ئـەویش هـەلێکی بـۆ هەلکەوت و خۆی گەیاندەوە بۆ لای مستەفا بارزانی و هەڤالانی.

بـەپێی ئـەو ڕاپۆرتانـەی کـە دەهـاتن بـۆ سـەرکردایەتی شۆڕشـی کـورد لـە شـوێن و جێگـا هەسـتیارەکانەوە دەرکـەوتبوو بـۆ سـەرکردایەتی شـۆڕش و مـستەفا بـارزانی کـە حکومـەتی عێـراق مافـەکانی گـەلی کـورد پـشت گـوێ دەخـات و نیازیـان هێـرش کردنێکـی فراوانـە بـۆ سـەر ناوچـە ئـازاد کراوەکـان بـە پـشتگیری کردنـی ڕاسـتەوخۆی بـەریتانیا، بۆیـە سـەرکردایەتی شـۆڕش و مـستەفا بـارزانی ئامادەکاری خۆیان کرد و هێزەکانیان خستە ئامادەباشیەوە.

لەپێش هـەموو شتێکەوە مـستەفا بـارزانی ئـەوەی خـستە پـێش چـاوی کـە دەبـێ ڕیزەکـانی گـەلی کـورد یـەك بخرێـت و هـەولی یـەکێتی نیـشتیمانی بـدرێت، وە نـاکۆکی و جیـاوازی و دوویـەرەکی کـۆن بخرێتـە لاوە و نـەمێنێت لـە نێـوان عەشیرەت و تیرەکاندا و هەموو کون و کەلەوەرێك دابخەن لە ڕووی دوژمناندا.

بـۆ ئـەم مەبەسـتە مـستەفا بـارزانی بڕیـاری دا کـە دەسـت بکـات بـە گـەڕان و سـەردانی هـەموو ناوچـەکانی کوردسـتان بـۆ ئاشـتەوایی و یـەکگرتن و کۆکردنـەوەی جـەماوەر لـە دەوری سـەرکردایەتی شۆڕشـی کـورد، وە ڕاکێـشانی سەرۆك عەشیرەتەکانی کورد بەلای شۆڕشی کورددا.

مـستەفا بـارزانی دلنیـابوو لـە هەلوێـستی پـارت و ڕێکخـراوە سیاسـیەکانی کـورد و جـەماوەری کرێکـاران و جوتیـارانی گـەلی کـورد، بـەلام گومـانی هـەبوو لـە هەنـدێك لە سەرۆك عەشیرەتەکانی کورد.

# مستەفا بارزانی و گەڕان و سەردانەكانی بە ناوچەكاندا

[1] لە مانگی حوزێران و تەمموزی ساڵی (١٩٤٤ن)مستەفا بارزانی دەستی كرد بە گەڕان و سەردانی سەرۆك عەشیرەتەكانی سورچی و زێباری و داوای كرد لێیان كە ناكۆكی و جیاوازی و دووبەرەكی نێوانیان چارەسەر بكەن و نەیەڵن. وە ئاشتەوایی نێوانیان بكەن و ڕق و كینەی ڕابوردووی نێوانیان لەبیر بكەن، وە كێشەی كورد بخەنە سەر هەموو كێشەكانەوە، وە ئاگاداری كردنەوە لەوەی كە حكومەت بە پارەو تەماح تەفرەیان بدەن و لە ڕێگا لایان بدەن.

دوو لە عەشیرەتەكان بەڵێنیان دابوو بە مستەفا بارزانی بۆ پشتگیری كردنی كێشەو شۆڕشی كورد.

مستەفا بارزانی سەردان و گەڕانی دووەمی دەست پێ كرد بۆ ناوچەكانی هەولێر و چاوی كەوت بە سەرۆك عەشیرەتەكانی خۆشناو لە شەقلاوە و عەشیرەتەكانی دەشتی هەولێر و كۆبوونەوەی كرد لەگەڵیاندا، وە گفتو بەڵێنی پشتگیری لێیان وەرگرت و گەڕایەوە بۆ شاری هەولێر و سەردانی موتەسەریف (پارێزگار)ی هەولێر سەعید قەزازی كرد و گەڕایەوە بۆ ناوچەی بارزان.

مستەفا بارزانی لە كۆتایی مانگی تشرینی یەكەم (١٩٤٤ن)پێشنیازێكی ئاراستەی وەزیری ناوخۆی عێراق كرد و ڕووداو و دەست درێژی و كردەوە نابەجێیەكانی حكومەتی تیادا دەست نیشان كردبوو لەگەڵ پشتگوێ خستنی پێكهاتنەكەیان، بەڵام هیچ وەڵامێكی نەدرایەوە لەلایەن وەزیری ناوخۆی عێراقەوە.

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل٥٠.

# مستەفا بارزانی و پێکهێنانی لیژنەی ئازادی

[1] مستەفا بارزانی هەوڵێکی بێ وچانی دا لەگەڵ دەسەلاتدارانی عێراق بە ڕێگای پەیوەندی کردن و گفتوگۆی ڕاستەوخۆ و نامە ناردن و پیاوانی نیشتیمانی بۆ خۆ لادان لە شەڕو کوشتارو وێرانکاری، وە جێبەجێکردنی ئەو خاڵانەی کە پێك هاتبوون لەسەری. بەلام حکومەتی عێراق هیچ وەلامێکی بەجێیان نەبوو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە، تەنها خەرکی خۆ بەهێزکردن و ئامادەکاری و پیلان بوون بۆ لەناوبردنی شۆڕشی ئازادیخوازی کورد و مستەفا بارزانی. بۆیە لە دوا کۆبوونەوەدا لە ڕۆژی (١٩٤٥/١/١٥ن)سەرکردایەتی شۆڕشی کورد بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی بڕیاری دامەزراندنی لیژنەی (ئازادی)یان دا لە باتی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی ئازادیخوازی کورد. وە پرۆگرامێکیان بلاو کردەوە لە شەش خاڵ پێك هاتبوو لەوانە:

١-ڕزگارکردنی کوردستان لەژێر دەستی و چەوسانەوە.

٢-دامەزراندنی لەشکری چەکداری بۆ بەرگری کردن لە کوردستان.

٣-تێکۆشان لە پێناوی بەرژەوەندی نیشتیمانی بەگشتی.

٤-پەیوەندی کردن لەگەڵ هەموو پارت و ڕێکخراوە نیشتیمانی و پێشکەوتوو خوازەکان لە هەموو بەشەکانی کوردستان.

٥-گەیاندنی دەنگی کورد و زوڵم و چەوساندنەوەی بەڕای گشتی عێراق و دەوڵەتان بە ڕێگای باڵوێزخانەکانەوە لە بەغدا.

٦-ڕوونکردنەوەی سیاسیەتی دوژمنکاری حکومەتی عێراق و ئاشکرا کردنی دژ بە گەلی کورد بە ڕێگای میدیاو بلاوکراوەکان، وە داواکردن بۆ جێبەجێکردنی پێکهاتنەکەی ساڵی (١٩٤٤ن)کە شەڕی پێ ڕاگیرا (لە نێوان شۆڕشگێڕانی کورد و حکومەتی عێراق، ن.س).

---

[1] خەباتی چەکداری و ڕامیاری نەتەوایەتی کورد، نەجم سەنگاوی، ل٧٠

# نامەی سەرۆکی حیزبی هیوا بۆ مستەفا بارزانی

بەشێك لە ناوەڕۆکی نامەکە:[1]

ژمارە (٩)

بەرواری (١٩٤٥/١/٣٠)

سەرۆك بارزانی لە (١٩٤٥/١/١٨ن)دوو کەسمان نارد بۆ لاتان لە ئەندامانی پارتیمان ئەوانیش (بروسکەو هەندرێن)بوون لەگەڵ نامەیەکی پێچراودا بۆ بەرێزتان، بەڵام بەداخەوە دەسەڵاتدارانی حکومەت هەستیان پێیان کردبوو ناچار لە هەولێر گەڕانەوە.

دەستکردنمان بە پەیوەندی کردن بە بەرێزتانەوە ئەوەیە کە:

بە چاوی بایەخەوە بڕوانرێتە بەرنامەکانی پارتی هیوا. ئاشکرایە لەلاتان کە هەموو بزووتنەوەیەکی نەتەوایەتی ئەگەر دووربینی و پەیڕەو و پرۆگرامێکی ڕوونی نەبێت گومانی تیادا نییە کە تووشی نسکۆ و شکست دەبێت. ئێوە دەزانن کە بزووتنەوەکەمان بەهێزە و پێویستی بە سەرکردەیەکی چاو نەترس و بەتوانایە، وە دوو دەستی بەهێز، دەستێکی سەربازی ئەوی تریان سیاسی.

دەستی سیاسی پێویستیەکانی بەرگری دابین دەکات و پەیوەندی کردن بە دۆست و دڵسۆزانەوە، وە دانانی پرۆگرامی سیاسی بۆ هێزی چەکداری.

بەڵام دەستی سەربازی و چەکداری بەرگری کردنی لەسەرە، هێزی چەك بکار بێنێت بۆ وەرگرتنی مافی گەل لە داگیرکەران. هەموو جیهان پەیڕەوی ئەمە دەکەن.

وە ئێمە ئەم بۆچوونەمان هەیە کە هەردوو لامان ئاگاداری بزووتنەوەی و ئیش و کارەکانی یەکتر بین، وە شارەزایی و زانیاری بگۆڕینەوە لە نێوانماندا، وە هەوڵبدەین کە هەردوو ڕێکخراوەکانمان (پارتی هیواو لیژنەی ئازادی)بکەین بەیەك و مەڵبەندی سەرکردایەتی لە بارزان بێت.

---

[1] البارزاني و الحركة الحررية الكردية، ١٩٤٣-١٩٤٥، مسعود البارزاني، ص٥٤

# وەلآمی لیژنەی ئازادی بۆ حیزبی هیوا

ژمارە (١) بەرواری (١٩٤٥/٢/١٥ن)[1]

١-نامەکەتانمان وەرگرت بە ژمارە (٩) لە بەرواری (١٩٤٥/١/٣٠ن)تێگەیشتین لە ناوەڕۆکەکەی.

٢-بە گونجاوی نازانین بارەگای هیوا بگوێزرێتەوە بۆ بارزان لەم کاتەدا.

٣-گومانی تیادا نییە کە ڕزگارکردنی کوردستان پێویستی بە ئامادەکاری و قوربانیدانە. من سوپاسی خودا دەکەم بۆ ئەو بەشەی کە بە ئێمەی داوە لە باوەڕو متمانە بە کێشەی ڕەوای گەلەکەمان وە قوربانیدان لە پێناویدا.

٤-من و هەڤاڵانم لە لیژنەی ئازاد بڕیارماندا کە گەشت و سەردانێك بکەین بە گشت کوردستاندا بۆ گەیاندن و تێگەیشتنی ڕۆڵەکانی لە پرۆگرامەکەمان.

٥-تکا دەکەین لە لقەکانی کۆمەڵە (ی هیوا، ن.س)کە ڕاو زانیاری و شارەزایی مەڵبەندی هیوا بنێرن بۆمان بە زووترین کات.

٦-لەگەڵ دەست کردن بە شۆڕش تکایە بەیاننامە و نووسراوەکان بڵاو بکەنەوە بە گوندو شارەکانی کوردستان و هەموو ناوچەکانی عێراق.

٧-تکا دەکەین لەو برایانەی کە دەیانەوێت بێن بۆ ناو شۆڕش با بە زووترین کات خۆیان بگەیەنن پێمان چونکە کاتی هاتووە.

٨-تکایە لە هەموو شارێکدا کەسێکی باوەڕپێکراو دیاری بکەن بۆمان بۆ ئەوەی لێپرسراو بێت بۆ پەیوەندی کردن لەگەڵماندا.

٩-تکا دەکەین لە مەڵبەندی کۆمەڵەی (K.H.K)ئامێرێکی چاپ کردنمان بۆ بنێرن، داوامان کردبوو لە (D) مۆرێکمان بۆ بنێرێت بەناوی (هێنە ئازادی)تکایە بە زووترین کات بۆمانی بنێرن.

١٠-ئاگادار کراینەوە کە هەندێك کەس سەردانتان دەکەن بەناوی ئێمەوە، ئەمە بە فەرمانی و ئاگاداری حکومەت دێن بۆ لاتان. تکایە بڕواو متمانە بە هیچ کەسێك مەکەن ئەگەر نیشانەی ئێمەی پێ نەبوو.

---

[1] البارزاني و الحركة التحررية الكردية، ١٩٤٣-١٩٤٥، مسعود البارزاني، ص٥٥

١١-ڕێگای پەیوەندی کردن بە ئێمەوە بەم شێوانەی خوارەوە دەبێت، (نەمان نووسین، ن.س)

١٢-باش دەزانین کە حکومەت بە هەموو شێوەیەکی جیاواز هەوڵ دەدات بۆ لەناوبردنی کێشەکەمان و دوور خستنەوەی بارزانی لە کوردستان، ئێمە کێشەکەمان یەک کێشەیە، ئامانجی ئێمە ڕزگارکردنی کوردستانەو هیچی تر، تکایە ئاگاداری ئەم هەوڵانە بن.

١٣-تکایە شانەکانی خوارەوەتان چالاک بکەن لە پێناوی شکست هێنان بە هەوڵەکانی حکومەت و پوچەڵ کردنەوەی پروپاگەندەکانیان.

١٤-تکایە ئامێرێکی ڕادیۆمان بۆ بنێرن بۆ ئەوەی کە ئاگاداری هەواڵەکان و دەنگوباسی جیهان بین. وە بە بەردەوامی ڕۆژنامەو گۆڤارەکانمان بۆ بنێرن.

١٥-هەواڵەکانی خۆمان دەنێرین بۆتان بەڕێگای بەشی (٨)تکایە پەیوەندیان پێوە بکەن لەمەودوا.

١٦-تکایە ئەو یاداشتەی کە نێردراوە بۆ پیاوانی عێراق و خاوەن بیرو ڕاکان دابەشیان بکەن و بلاویان بکەنەوە. بەلام بەیاننامەکەی تر بلاو مەکەنەوە.

١٧-ئێوە باش دەزانن کە ژمارەیەکی زۆر لە تێکۆشەران و خەبات گێڕان لە دەورمان کۆبوونەتەوە، وە لیژنەی ئازادی بەرپرسەو لەسەریەتی کە هەموو شتێکیان بۆ دابین بکات. وە بۆ ئەوەی کە توانای گەلەکەمان بسەلمێنین بۆ دابینکردنی پێویستیەکان، تکا دەکەم لە هەموو کوردێکی دڵسۆزو تێکۆشەر کە دەستی یارمەتیمان بۆ درێژ بکات. وە تکا دەکەم لە پارتی هیوا دەورێکی گەورە ببینێت بۆ کۆکردنەوەی ئابوونەو پیتاك لەناو جەماوەردا بۆ شۆڕش.

١٨-بەم دواییە هەندێك سستی و ساردی دەبینین لە چالاکی (S)لەگەڵ ئەوەی کە لە ڕابوردوودا چالاکترین بەش بوون، وە جێگای ڕێزو پێزانینی هەموو لایەك بوون، تکایە پەیوەندیان پێوە بکەن بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ نواندنی ئەو چالاکیانەی کە پێیان سپێردرابوو. هیوادارم پەیوەندیمان بەردەوام بێت.

**سەرۆکی لیژنەی ئازادی**

**مستەفا بارزانی**

# مستەفا بارزانی و سەردانەکانی بۆ ناوچەکانی برادۆست و باڵەکایەتی

[1] لە ناوەڕاستی مانگی شوباتی ساڵی (١٩٤٥ن)مستەفا بارزانی گەڕان و سەردانێکی کرد بۆ ناوچەکانی برادۆست و باڵەك. مستەفا بارزانی لە برادۆست توانی ناکۆکی نێوان مەحمود بەگ و کوڕەکانی سەید تەها نەیەڵێت و ئاشتیان بکاتەوە، دوایی سەردانی ناوچەی باڵەکی کردو لەگەڵ سەرۆك عەشیرەتەکاندا کۆبونەوەی کردو گفتی هاوپەیمانی و یارمەتی کردنی وەرگرت لێیان و گەڕایەوە بۆ ناوچەکانی بارزان.

لە ڕۆژی (١٠/٢/١٩٤٥ن)موحەمەد قودسی و جەلال ئەمین خۆیان گەیاندەوە ناو لیژنەی ئازادی و نامەیەکی حیزبی هیوایان پێ بوو بۆ مستەفا بارزانی.

---

[1] البارزاني و الحركة التحررية الكردية، ١٩٤٢–١٩٤٥، مسعود البارزاني، ص٥٦

# كۆبوونەوەی گرنگی لیژنەی ئازادی

[1] لە دوای گەڕانەوەكەی مستەفا بارزانی لە ناوچەكانی برادۆست و باڵەك، لە كۆتایی مانگی شوباتی ساڵی (١٩٤٥ز)لیژنەی ئازادی بە سەركردایەتی مستەفا بارزانی كۆبوونەوەیەكی فراوان و گشتیان كرد و لەم كۆبوونەوەیەدا ئەم بڕیارانەیان دا:

١-دامەزراندنی مستەفا خۆشناو بۆ سەركردایەتی بەرەی مێرگەسوور-ڕەواندز، موحەمەد قودسی یاریدەری بێت.

٢-عیزەت عەبدولعەزیز بۆ سەركردایەتی بەرەی ئامێدی، عەبدول حەمید باقر یارمەتیدەری بێت.

٣-شێخ سلێمان بارزانی بۆ سەركردایەتی بەرەی ئاكرێ یەكێك لە ئەفسەرەكان یارمەتیدەری بێت.

٤-ئەم سەركردانە پەیوەندیان بە مستەفا بارزانی سەركردەی گشتی شۆڕشەوە دەبێت، هەموو سەركردەكان كەوتنە ڕێ و ڕۆیشتن بۆ ناوچە دیاریكراوەكانیان بۆ تێڕوانینی باروبۆخەكەو ئامادەكاری پێویست بۆ بەرگری كردن و ڕاپۆرتەكانیان بەرز بكەنەوە بۆ سەركردایەتی گشتی، وە فەرمانیان پێدرا كە هیچ جموجموڵێكی سەربازی نەكەن تەنها مافی بەرگریان بۆ هەیە.

[1] هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل ٥٨

# نامەی حیزبی هیوا بۆ سەرکردایەتی شۆڕش

لە سەرەتای مانگی ئازاری (١٩٤٥ن)سەرکردایەتی شۆڕش نامەیەکیان لە پارتی (هیوا)وە پێگەیشت و دەڵێت: بەشەکانی سەربازی حکومەتی عێراق بە بەهانەی مناوەرو مەشقی سەربازییەوە بەنیان، داگیرکردنی شوێنە ستراتیژیەکانن لە ناوچەی ڕەواندز وەکو کێوەکانی قەلەندەرو برادۆست لە ٥ی ئازارەوە هەتا ١٤، بە گەیشتنی نامەکە مستەفا بەرزانی فەرمانێکی ڕوون و ئاشکرای دەرکرد بۆ مستەفا خۆشناو ئەمەش دەقەکەیەتی:

بۆ مستەفا خۆشناو سەرکردەی بەرەی ڕۆژهەلات.

١-ئاگادار کراینەوە بەشێوەیەکی دڵنیایی کە ئەو بەشە سەربازیانەی کە لە ڕەواندز دانراون هەڵدەستن بە داگیرکردنی شوێنە ستراتیژیەکان لە ناوچەکانتاندا بە بەهانەی هەڵسوکەوت و مەشقی سەربازی ئاساییەوە لە ڕۆژی ٤ی ئازار هەتا ١٥ی ئازاری (١٩٤٥ن)وە ئەم هێزانە بەشداری تیادا دەکەن لیوای چوار-هێزی مودەرەع-کە تیپەی تۆپ هاوێژی شاخی عەیار ٣/٧ ملم-یەکەیەکی ئەندازیاری-یەکەیەکی مەیدان-لەوانەیە لیوایەکی پۆلیسی پیادە-بەشداری تیادا بکات.

٢-دەبێ ڕێگایان نەدەن ئەم نەخشە جێبەجێ بکەن بەهەر ناوێکەوە بێت، وە ئێمە دەسەڵاتی تەواوتان دەدەینێ بۆ ئەوەی کارو تەگبیری پێویست بکەن بۆ بەرگری کردن لە ناوچەکە، وە ئێمە وای بەباش دەزانین کە ئێوە ئاگادارییەك بنێرن بۆ سەرکردەی سوپای سەربازی لە ڕەواندز و ئاگاداری بکەنەوە لە ئەنجامی خراپەکانی ئەم کارە.

٣-لە کاتێکدا سوپای عێراق بەهەر بزووتنەوەیەك هەڵسا دەبێ ئێوە دەستوبرد مێرگەسوور بگرن.

٤-نابێ هێزەکانتان بە کۆمەڵی زۆر لە هیچ خاڵ و شوێنێکدا بوەستن و کۆببنەوە بۆ خۆ پاراستن لە زیانی زۆر لە کاتی بۆردومان کردنی تۆپ و فڕۆکە.

٥-بــا دانیــشتوانی گونــدەکان دەربــچن لــە مالــەکانیان و دابــەش بــن لــە دەوری گونــدەکانیان، و لــە هــەموو گونــدێك لیژنەیــەك پێــك بێــنن و لێپــسراو بــن بــۆ پاراستنی مالّ و شتومەکی گوندەکان.

٦-تەقە لە تەیارە مەکەن، لە کاتێکدا نەبێت کە زۆر نزم دەبنەوە.

٧-لیژنەیــەك دابمــەزرێنن بــۆ کاروبــاری دیلــەکان و گواســتنەوەیان بــۆ بارەگــای سەرکردایەتی گشتی.

٨-بــۆ هــەموو ڕووداو و شــتێکی تــازە ئاگادارمــان بکەنــەوە، بــە گەیــشتنی ئــەم ڕێنەماییانە لەم نامەیەدا ئاگادارمان بکەنەوە.

مستەفا بارزانی

١٩٤٥/٣/٣ز

مــستەفا خۆشــناو ڕێنەماییــەکانی جێبــەجێکرد و ئاگاداریــەکی نــارد بــۆ ڕەفیــق عــارف ســەرکردەی ســەربازی ناوچــەی ڕەوانــدز و ئاگــاداری کــردەوە بــۆ ڕووداونــی هەر بزووتنەوەیەکی سەربازی.

لــە ڕۆژی (٥/٣)وەلامەکــەی وەرگرتــەوە لــە ڕەفیــق عــارف، و دلّنیــای کــردەوە کــە هــیچ نیازیــك نییــە لــە ئــارادا بــۆ بزووتنــەوەی منــاوەڕێ مەشــقی ســەربازی لــە ناوچەکەدا.

# نامەی لیژنەی ئازادی بۆ حیزبی هیوا

[1] لە ڕۆژی (١٩٤٥/٣/٣ن)لیژنەی ئازادی نامەیەکی نارد بۆ پارتی هیوا ئەمە هەندێکیەتی:

١-دەسەلات دەدەین بە پارتی هیوا بۆ پەخش و بلاوکردنەوەی ئەو بەیاننامانەی کە بە گونجاوی دەزانن (بۆ ئەمڕۆی شۆڕش، ن.س).

٢-نوێنەری لقی هیوا بنێرن بۆ بارزان بۆ بارەگای لیژنە (ی ئازادی، ن.س)بۆ هاوکاری.

٣-پەیوەندی کردن بە نوێنەرانی دەوڵەتانی بێگانەوە بۆ باس کردن و شیکردنەوەی کێشەی کورد.

٤-ئاگادارکردنەوەی ئەوانەی کە حەز دەکەن بێنە ناو شۆڕشەوە با بڕۆن بۆ لای (پلنگ)لەلای ئەو سەلامەتیان دەپارێزرێت هەتا دەگەنە بارزان.

٥-کە شۆڕش دەستی پێ کرد دەبێ بەیاننامەی لیژنە (ی ئازاری، ن.س)بلاو بکەنەوە لە هەموو عێراق.

٦-هەواڵ و دەنگوباسەکانی شۆڕش بگەیەنن بە هەموو خەڵکی، بەتایبەتی قوتابیان.

٧-ئامادەکاری بکەن بۆ خۆپیشاندان و ناڕەزایی دەربڕین.

٨-هێڵی تەلەفۆنەکان (ی سەربازگەو دائیرە فەرمیەکانی حکومەت، ن.س)ببڕن و ڕێگاو بانەکان (ی سەربازی، ن.س)تێك بدەن.

٩-بەتوندی بدەن لە بەرژەوەندییەکانی ئەو کۆمپانیانەی کە یارمەتی حکومەت (ی عێراق، ن.س)دەدەن و نەخشەو پیلان دابنێت بۆ گرتن و داگیرکردنیان.

١٠-خراپە مەکەن لەگەڵ نوێنەران و کارمەندانی بێگانەی دەرەوە.

---

[1] هەمان سەرچاوە،ل٥٩

# مستەفا بارزانی و چاوپێکەوتنی بە نوێنەری باڵوێزخانەی بەریتانیا

[1] لە رۆژی (١٩٤٥/٣/٢٤ن)مستەفا بارزانی بروسکەیەکی پێ گەیشت لە موتەسەریف (پارێزگار)ی هەولێرەوە و داوای لێی کردبوو کە کات و جێگایەك دیاری بکات بۆ ئەوەی کە لەگەڵ نوێنەری باڵوێزخانەی بەریتانیا کۆ ببێتەوە.

مستەفا بارزانیش گوندی (شاوراو)ی دیاری کرد.

لە رۆژی (١٩٤٥/٣/٢٥ن)کاپتن (ستوکس)ئامادەبوو لە گوندی ناوبراو بە نوێنەری باڵوێزخانەی بەریتانیا لە بەغدا.

وە مستەفا بارزانی لەگەڵ مستەفا خۆشناو موحەمەد قودسی ئامادەبوون.

کاپتن (ستوکس)گوتی بە بارزانی من بەناوی حکومەتی مەزنی بەریتانیاوە داوات لێ دەکەم:

١-دەست مەخەرە رێگای سوپای عێراق کە هەڵدەستێت بە مەشق کردنی شەری شاخەکان لە ناوچەی بارزاندا بە سەرپەرشتی ئەفسەرەکانی بەریتانیا، وە بە بەشداری کردنی یەکە سوپاکەی بەریتانیا بە مەشق پێکردنی سوپای عێراق و فێرکردنی هونەری جەنگی نوێ.

٢-هیچ مەبەستێکی سیاسی و سەربازی تر نییە لەم مەشق کردنەدا، دەبێ گومان دروست نەبێت لەلاتان.

٣-باڵوێز(ی بەریتانیا لە بەغدا، ن.س)بەشێوەیەکی تایبەت-ئامۆژگاریت دەکات کە فەرمانەکانی حکومەتی عێراق جێبەجێ بکەن و لەگەڵیدا پێك بێن.

٤-دەبێ ئەفسەرە (کوردە، ن.س)کان بگەرێنەوە بۆ سەربازگەکانیان (بۆ لای حکومەتی عێراق، ن.س).

مستەفا بارزانیش بەم شێوەی خوارەوە وەڵامی داواکارەکەی دایەوە:

---

[1] هەمان سەرچاوە،ل.٦٠

١-تەقەکردن و شەڕ لەلای ئێمەوە دەستی پێ نەکراوە.

٢-ئێمە فەرمانەکانی حکومەت (ی عێراق، ن.س)جێبەجێ دەکەین، ئەگەر ئەوەی کە لەگەڵیدا پێك هاتووین لەسەری جێبەجێی بکات.

٣-گەڕانەوەی ئەفسەرە (کوردە)کان (بۆ ناو سوپای عێراق، ن.س)بەستراوە بە ئاسانکاری وەزارەتی بەرگری (عێراقەوە، ن.س).

٤-گومان لەلامان دروست بوو لەو کاتەوە کە هێزەکانی سەربازی (عێراق، ن.س)خۆیان ئامادە کردوە لە ڕەواندز بۆ داگیرکردنی ناوچەکە بە بەهانەی مەشق و مناوەرە کردنەوە.

ئێمە دوو ڕێگامان لە پێشە، ئازادکردنی کوردستان یان مردن، ئێمە تێرمان خواردووە لە گفتو بەڵێن.

بۆچی بەتایبەتی ناوچەی بارزانی هەڵدەبژێرن بۆ مەشق کردن بەبێ ناوچەکانی تری عێراق.

ئێوە باش دەزانن کەچی نا ئارامییەك دروست بووە و کەوتوتە ناوچەی بارزان بە دروست بوونی ئەو حەساسییەی کە دروست بوو لە ڕاوبوردوودا. ئێمە مافی خۆمانە کە گومان بکەین، وە ئامادەین بۆ بەرگری کردن لە خۆمان.

چاوپێکەوتنەکە بەبێ ئەنجام کۆتایی پێ هات.

هەر لە دوای ئەو چاوپێکەوتنە بە چەند ڕۆژێك سەعید قەزار موتەسەریفی (پارێزگار)ی هەولێر داوای چاوپێکەوتنی کرد و چاوی کەوت بە مستەفا بارزانی لە گوندی (مەزنە)سەعید قەزاز و بەڕێوەبەری پۆلیسی لیوایشی لەگەڵدا بوو، هەمان قسەکانی کاپتن (ستوکس)ی کردەوە و هەمان وەڵامی لە مستەفا بارزانی وەرگرتەوە و گەڕایەوە بۆ هەولێر بەبێ ئەنجام.

# دەست پێ کردنەوەی پەیوەندی کردن لەگەڵ مستەفا بارزانی

[١] لە رۆژی (١٩٤٥/٤/٢٠)موتەسەریفی (پارێزگار)ی هەولێر بروسکەیەکی نارد بۆ مستەفا بارزانی و داوای لێی کرد کە عیزەت عەبدولعەزیز بنێرێت بۆ (حەریر)بۆ چاوپێکەوتنی (مێجەر مۆر)لە پاش کۆبوونەوە بە بڕیاری لیژنەی ئازادی عیزەت عەبدولعەزیز و موحەمەد قودسی ڕۆیشتن بۆ حەریر بە گەیشتنیان (مێجەر مۆر)گەڕابوویەوە بۆ هەولێر، وە پێیان ڕاگەیاندبوون کە سەرۆکی ئەرکانی عێراق (ئیسماعیل نامیق)چاوەڕێیانە لە پیرمام ئەمانیش هەردوو ڕۆیشتن بۆ پیرمام و دانیشتنێکی دوور درێژیان کرد لەگەڵ سەرۆکی ئەرکانی عێراق و عیزەت عەبدولعەزیز دەرچووە دەرەوەو بە دڵێکی خۆشەوە گوتی بارودۆخی سیاسی گونجاوە و حکومەت بڕیاری داوە کە پێك بێت لەگەڵ لیژنەی ئازادیا.

عیزەت و موحەمەد قودسی هەردوو لەوێوە ڕۆیشتن بۆ هەولێر بۆ ئاگادارکردنەوەی سەرکردایەتی پارتی هیوا ڕاوێژکردنیان، وە لە هەولێریش چاویان کەوتبوو بە (مێجەر ولسن)یاریدەری ڕاوێژکاری سیاسی لە کەرکوك، ئەویش گوتبووی بارودۆخەکە گونجاوە و پێویستە کە لە دەستی نەدەن.

عیزەت عەبدولعەزیز و موحەمەد قودسی لەگەڵ (مێجەر مۆر)گەڕانەوە بۆ بارزان لە رۆژی (١٩٤٥/٤/٥)بۆ چاوپێکەوتنی شێخ ئەحمەد و مستەفا بارزانی.

لەم چاوپێکەوتنەدا (مێجەر مۆر)ڕووی کردبووە شێخ ئەحمەد بارزانی و گوتبووی (من بەناوی حکومەتی بەریتانیاوە داواتان لێ دەکەم چەکەکانتان دابنێن و فەرمانەکانی حکومەتی عێراق جێبەجێ بکەن)شێخ ئەحمەدیش گوتبووی (ئێمە فەرمان لە باڵوێزی بەریتانیا وەرناگرین، کەی بینیمان عەشایەرەکانی دەوروپشتمان چەکیان دانا ئێمەش چاویان لێ دەکەین و ناگەڕێنەوە)شێخ ئەحمەد دانیشتنەکەی بەجێ هێشت و ڕۆیشت و نەگەڕایەوە.

---

[١] هەمان سەرچاوە.

(مێجەر مۆر)دوایی پەشیمان بوویەوە لە قسەکانی خۆی و داوای لێبووردنی کردبوو، بەو قسەی (مۆر)جارێکی تر نائومێدی دروست بوو بۆ چارەسەرکردنی ئاشتیانەی کێشەی کورد. لەگەڵ ئەوەش کاتێك کە گەڕایەوە بۆ هەولێر گفتی داوە دووبارەی کردەوە و گوتی بەناوی حکومەتەکەیەوە هەموو هەوڵێك دەدرێت لەگەڵ حکومەتی عێراق بۆ جێبەجێکردنی پێك هاتنەکەی ساڵی (١٩٤٣ز).

لە دوایشدا گوتی وا بەباش دەزانم ئەو ئەفسەرانەی کە خۆیان گەیاندووەتە ناو شۆڕش بگەڕێنەوە بۆ بەغدا بۆ ئەوەی کە حکومەتی عێراق دڵنیا بن و گومانیان نەمێنێت. وە مستەفا بارزانیش گەڕان و سەرانی ناوچەکان ڕابگرێت.

## گەڕانەوەی ئەفسەرانی کورد بۆ بەغدا

[1] لە ڕۆژی (١٩٤٥/٤/٣٠ز)لیژنەی ئازادی کۆبوونەوە. لە کۆبوونەوەکەدا بۆ ئەوەی شەڕ نەبێتەوە، وە هەموو پەڵ پوو بەهانەیان ببڕن، وە وەکو دوا هەوڵیش بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد (ئەمەش بە گەورەترین فیداکاری و خۆ بەختکردن دەژمێردرێت، ن.س). لیژنەی ئازادی بڕیاریاندا بۆ گەڕانەوەی ئەفسەرەکان بۆ بەغدا بۆ لای حکومەتی عێراق، بێجگە لە مستەفا خۆشناو میرحاج ئەحمەد بەهۆی جیاوازی بارودۆخەکەیانەوە کە سەردانی مهابادو سوریایان کردبوو.

لە ڕۆژی (١٩٤٥/٥/٢ز)ئەفسەرە (گیان بەخشەکان، ن.س)گەیشتنەوە شاری کەرکوك و (مێجەر وڵسن)پێشوازی کرد لێیان و خۆی بردیانی بۆ بەغدا و لەوێ ناردنیان بۆ وەزارەتی بەرگری.

لە دوای ماوەیەك لە چاوەڕوانی لە دیوانی وەزارەتی بەرگری فەرمانیان بۆ دەرکردن کە بدرێن بە دادگای سەربازی و ڕۆژی (١٩٤٥/٥/٢٠ز)یان دیاری کرد بۆ دادگایی کردنیان، بەڵام بەند نەکرابوون، وەکو دەست بەسەر لەناو وەزارەتدا بوون. ئەم دادگا کردنە بە پەلە گومانی دروست کرد لەلایان و هەستیان کرد بە نیازی خراپی حکومەت بەرامبەریان بۆیە ناچار بوون کە جارێکی تر بەغدا بەجێ بێڵن و بگەڕێنەوە بۆ بارزان.

[1] هەمان سەرچاوە، ل٦٦

# مستەفا بارزانی و پەیوەندی کردنی بە سوپای سۆڤیەتەوە

[٢] بۆ لیژنەی ئازادی سەرکردایەتی شۆڕش دەرکەوت کە هەواڵەکەی دوایشیان ئەنجامی نابێت، و لەلایان ئاشکرابوو کە حکومەتی عێراق بە پشتیوانی بەریتانیا خەریکی خۆ ئامادەکردنن بۆ هێرشێکی فراوان بۆ سەر کوردستان.

مستەفا بارزانی هیچ ئومێدێکی نەما نە بە بەریتانیا و نە بە دەسەلآتدارانی عێراق، بۆیە بیری کردەوە لە پەیوەندی کردن بە یەکێتی سۆڤیەتەوە (روسیا).

لە رۆژی (١٩٤٥/٥/٧ز)مستەفا بارزانی (مامەند مەسیح)ی نارد بۆ رۆژهەلآتی کوردستان بۆ چاوپێکەوتنی ئەفسەرانی سۆڤیەت و دەعوەت کردنیان وەکو نوێنەری حکومەتی سۆڤیەت بۆ بارزان.

دەعوەتەکەی مستەفا بارزانیان قەبوول کرد و دوو ئەفسەریان نارد لەگەڵ مامەند مەسیح بۆ بارزان و لە دوای چەند کۆبوونەوەیەك و لەیەك گەیشتن نوێنەرانی سۆڤیەت گفتیان دا کە پشتگیری شۆڕشی کوردستان بکەن و یارمەتیان بدەن دژی هەر دوژمنکاریەك. هەروەها بڕیاریاندا کە بە کردەوە و بەشێوەیەکی زیاتر هاوکاری بکرێت لەگەڵ (ژ-ك)دا.

وە رێگای ناردنی یارمەتیان دیاری کرد لە رێگای خرێنەوە بۆ دەشتە-هێرت بۆ مێرگەسوور. وە حیسابی ئەوەشیان کردبوو کە ئەگەر هات و حکومەتی عێراق بە پشتیوانی بەریتانیا زۆریان بۆیان هێناو نەیانتوانی خۆیان رابگرن شۆڕشگێڕەکان بگوێزنەوە بۆ رۆژهەلآتی کوردستان (ناو سنووری ئێران).

لە دوای گەڕانەوەی ئەو دوو ئەفسەرەی سۆڤیەتیە بە ماوەیەك مستەفا بارزانی خۆی رۆیشت بۆ ناوچەی خرێنەو بوو بە میوانی فەتاح ئاغای هەرکی و لە مالی ئەوان چاوی کەوت بە جەنەڕاڵ سیامندۆف و گفتوگۆیان کرد دەربارەی شۆڕشی کورد و حکومەتی عێراق.

وە بارزانی، مستەفا خۆشناویشی نارد بۆ شاری مهاباد بۆ ئاگادار بوون لە رووداوە نوێیەکان و بارودۆخەکە، لە (١٩٤٥/٦/١٠ز)مستەفا بارزانی گەڕایەوە بۆ بارزان.

---

[٢] هەمان سەرچاوە، ل٦٧

# چاوپێكەوتنێكى ترى مستەفا بارزانى لەگەڵ پارێزگارى هەولێر

[١] لەسەر داواكردنى سەعید قەزار پارێزگارى هەولێر و كاپتن جاكسن دانیشتنێكیان كرد لەگەڵ مستەفا بارزانى لە ڕۆژى (١٧/٦/١٩٤٥)ن لە مێرگەسوور، لەو دانیشتنەدا وەلى بەگ ئامادەبوو.

لە ئەنجامى بەیەك نەگەیشتن و قسەى ڕەق بوو بە شەڕە قسەو توڕەبوون لە نێوان مستەفا بارزانى و سەعید قەزاز ئەگەر كاپتن جاكسن نەكەوتایەتە نێوانیان مەگەر خودا بزانێت كەچى ڕووى دەدا. سەعید قەزاز بە قسەى ڕەق و نابەجێ پەنجەى درێژكردبوو بۆ بارزانى و گوتبووى تۆ ڕۆیشتوویت بۆ سنوورى ئێران و كۆبوونەوەت كردوە و دانیشتویت لەگەڵ ئەفسەرانى سۆڤیەتدا. بارزانى هەوڵى دابوو كە قسەكردنەكە لەسەر خۆبێت و دوور لە توڕەیى و هەڵچوون.

بەڵام سەعید قەزار قسەى ڕەق و نابەجێى كردو بارزانى ڕاچڵەكاند و ڕق و توڕەیى لێ دەركەوت و وەڵامى سەعید قەزازى دایەوە و گوتى (ئێوە خیانەتتان كرد لە گفت و باوەڕ و بەڵێنەكانى خۆتان، هەموو دەرگاكانتان داخست لە ڕوومان، هیچ هەوڵێكمان بۆ نەماوەتەوە بۆیە دەبێ لە هەموو دەرگایەكى تر بدەم لە پێناوى كێشەى عادیلانەى گەلى كورد).

من لە هەڕەشەى گەورەكانى تۆ نەترساوم، ئیتر چۆن دەترسم لە هەڕەشەى تۆ كە تۆكەرو خزمەتكارێكى زەلیلیت. وەلى بەگ ڕاپەڕى، و هەستایە سەرپێ بۆ ئەوەى كە لە سەعید قەزاز بدات، بەڵام بارزانى ڕێگاى پێ نەدابوو، دانیشتنەكەیان كۆتایى پێ هات بەبێ ئەنجام.

---

[١] هەمان سەرچاوە.

# مستەفا بارزانی و گەڕان و سەردانی بۆ ناوچەکانی موسڵ

[٣] لە کۆتایی مانگی حوزێرانی ساڵی (١٩٤٥ن)مستەفا بارزانی لەگەڵ موحەمەد قودسی و ٢٥٠ پێشمەرگە دەستیان کرد بە گەڕان و سەردانی قەزاو ناحیەکانی ناوچەی موسڵ و دەستی کرد بە ئاشتەوایی کردنی ئەو سەرۆك عەشیرەتانەی کە ناکۆکی هەبوو لە نێوانیاندا و ئاشتی کردنەوە و بە نیاز بوو کە بەردەوام بێت لە گەڕان و سەردانەکەیدا.

بەلام لە ناکاوێکدا نامەیەکی شێخ ئەحمەد بارزانی پێ دەگەیەت و هەواڵی کوشتنی (وەلی بەگ)ی پێگەیاندبوو کە لەناو پۆلیسخانەی مێرگەسوور لە رۆژی (١٩٤٥/٨/٨ن)کوژراوە، بووە بەهۆی بەرەنگاربوونەوەی بارزانیەکان و هێزەکانی حکومەتی عێراق لە مێرگەسوور و بلە و بارزان، وە فەرمانی پێی کردبوو کە بە زووترین کات بگەڕێتەوە بۆ بارزان، دەست بەجێ مستەفا بارزانی گەڕایەوە و لە رۆژی (١٩٤٥/٨/١٨ن)گەیشتەوە بارزان کۆبوونەوەی کرد لەگەڵ ئەندامانی لیژنەی ئازادی و بڕیاریان دا کە بە هەموو توانا هەوڵبدەن ئارامی بپارێزن و خۆیان لابدەن لە بەرەنگاربوونەوەی هێزەکانی حکومەتی عێراق، وە ئەو هەنگاوانەی کە نایان پێشکەش کردنی یاد نامەیەك بوو دایان بە حکومەتی عێراق و باڵوێزخانەی بەریتانیا لە بەغدا، وە وێنەیان لێی نارد بۆ باڵوێزخانە بێگانەکان لە بەغدا و لە ناو شارەکاندا بلاویان کردەوە و ئەمانەی تیادا بوو:

١-لە رۆژی (١٩٤٤/١/٢٥ن)وەزارەتەکەی بەڕێز نوری سەعید لە دانیشتنەکەیدا پابەندبوونی خۆی دەربڕی بوو بۆ دەست کردن بە چاکسازییە پێویستیەکان لە ناوچەکەدا، بەلام چاوەڕوان کردنەکەمان درێژەی کێشا بەبێ ئەنجام.

٢-وەزارەتەکەی بەڕێز حمەدی پاچەچی ئەو بەڵێنەی دووبارە کردەوە کە پابەندن بە پێك هاتنەکە، بەلام بە کردەوە خەریکی خۆئامادەکردنە بۆ

---

[٣] هەمان سەرچاوە، ل٧٠

هێرشێکی سەربازی بەرفراوان، لەباتی دەست کردن بە چاککردن و چاکسازی وە لە باتی دروست کردنی قوتابخانەو نەخۆشخانە دەستیان کردوە بە دروستکردنی پۆلیسخانەو سەربازگە کردن لە ناوچەکەدا، وە سوپایەکی زۆریان کۆ کردوەتەوە بۆ داگیرکردنی شوێن و جێگا ستراتیژییەکان بە بەهانەی مەشق و مناوەرەکردنی سەربازییەوە.

٣-لە کاتێکدا مستەفا بارزانی هەڵسابوو بە سەردانی ئەو سەرۆک عەشیرەتانەی کە سەریان لێی دابوو، وەڵامدانەوەیەك بۆ سەردانەکەیان، حکومەتی عێراق ئاگاداری کردۆتەوە کە سەردانەکەی ڕابگرێت، لەگەڵ ئەوەی کە هیچ یاسایەك نییە کە ڕێگر بێت بۆ ئەو مەبەستە.

٤-موتەسەریف (پارێزگار)ی هەولێر فەرمانی دەرکردوە بۆ هەموو فەرمانگەکانی دەوڵەت کە ئاسانکاری نەکەن بۆ بارزانییەکان بۆ ئیش و کارەکانیان ئەوانەی کە سەردانیان دەکەن، وە بیانگرن و بەندیان بکەن.

٥-وەلی بەگ سەردانی پۆلیسخانەی مێرگەسووری کردبوو بۆ هەندێك ئیش و کاری هاووڵاتیان، لەناو پۆلیسخانەکەدا گوللە بارانیان کردبوو و گیانی لە دەستدا.

٦-هەوڵی گرتنی ئەسعەد خۆشەوی یان دابوو بەبێ هیچ هۆیەك.

٧-هێزەکانی سەربازی کۆکراونەتەوە لە ڕەواندز و ئاکرێ و ئامێدی و ئامادەکراون بۆ هێرشێکی گەورە بۆ سەر ناوچەی بارزان.

٨-فڕۆکەکانی حکومەت بە بەردەوامی بۆردومانی گوندەکان دەکات و بووە بەهۆی کوشتنی ژن و منداڵێکی زۆر.

٩-داوا دەکەین لە حکومەتی عێراق کارو کردەوە سەربازییەکان ڕابگرێت، وە داوا دەکەین لە چاکەکاران هەوڵ بدەن بۆ ڕاگرتنی جمرجۆڵە سەربازییەکان لە ناوچەکەدا.

١٠-داوا دەکەین لە هەموو باڵوێزخانەکانی دەوڵەتان دەستی یارمەتی درێژ بکەن بۆ گەلە زوڵم لێکراوەکەمان و پاراستنیان لە قڵاچۆکردن و لەناوبردن.

# ڕووداو و كوشتنی وەلی بەگ

[1] وەلـی بـەگ یـەكێك بـوو لـە پیـاوە دەم ڕاسـت و ئازاكـانی ناوچـەكە ڕۆژانـە سـەردانی دائیـرەكانی حكومـەتی دەكـرد بـۆ جێبـەجێكردنی كاروبـاری دانیـشتوانی ناوچـەكەی، لـە هـەر كوێیـەك كارەكانیـان گـیری بخواردایـە وەلـی بـەگ بەهۆی ناسین و زمان زانیەوە ئیشەكانی بۆیان جێبەجێ دەكرد.

لـە ڕۆژی (١٩٤٥/٨/٨)هـەروەكو ڕۆژانـی تـر وەلـی بـەگ لەگـەڵ چـوار پاسـەوانی خـۆی ڕوو دەكاتـە پۆلیـسخانەی مێرگەسـوور بـەبێ ئـەوەی كـە خـۆی چـەكی پـێ بێت بۆ ئیش و كاری دانیشتوانی ناوچەكە.

لەسـەر ڕاسـپاردنی سـەعید قـەزاز بـۆ كوشـتنی وەلـی بـەگ. ئەفـسەری پـۆلیس (معـاونی پۆلیـسی پۆلیـسخانەی مێرگەسـوور، ن.س)ببـوو بـە دەمـەقاڵی لەگـەڵ یـەكێك لـە پاسـەوانەكانی وەلـی بـەگ. وەلـی بـەگ بـەگیش گـوێی لـە دەنـگ و هاواریـان دەبێـت لـەناو پۆلیـسخانەكەدا و دەڕوات بـە دەم دەنگەكـەوە بزانێـت چـی بووە.

ئەفـسەرەكەش دەمانـچەكەی دەردەكـات بـەبێ قـسەكردن وەلـی بـەگ دەداتـە بـەر گوللـەو دەیكوژێـت لەگـەڵ پاسـەوانێكیدا ئـەو سـێ پاسـەوانەكانی تـری وەلـی بـەگ لـەناو پۆلیـسخانەكەدا كـە دەبیـنن وەلـی بـەگ كـوژرا پـەلامار دەدەن و ئەفـسەرەكە دەكوژنەوە لەگەڵ چەند پۆلیسێك.

بـە كوشـتنی وەلـی بـەگ پیـاو و ژنـی مێرگەسـوور پـەلاماری پۆلیـسخانەكەیان دابـوو و داگیریـان كردبـوو، وە پۆلیـسەكانی تریـان بـە دیـل گرتبـوو، وە هـەمان شـت ڕووی دابوو لە بارزان بەبێ فەرمانی سەركردایەتی و چاوەڕوان كردنی.

---

[1] هەمان سەرچاوە.

مستەفا بارزانی کە گەڕایەوە بۆ بارزان لەگەڵ ئەوەی کە زۆر دلگران بوو بە کوشتنی وەلی بەگ و زیانێکی زۆر بوو بۆ ئەو، بەلآم هەوڵێکی زۆری دابوو بۆ ڕاگرتنی هەڵوێستەکەو ئارام کردنەوەی بارودۆخەکە.

بەلآم حکومەتی عێراق بە هاندان و پشتیوانی کردنی بەریتانیا ئەم ڕووداوەیان کرد بە بەهانەی دەستیان و بانگەوازی شەڕیان کرد و دەستیان کرد بە بۆردومانکردنی ناوچەکەو هێرشکردن بۆ سەر کوردستان و شەڕ دەستی پێ کردەوە.

# شۆڕشی ساڵی ١٩٤٥ز مستەفا بارزانی

[1] لە ڕۆژی (١٩٤٥/٨/٨ن)وەزارەتەکەی حەمدی پاچەچی ئەم بڕیارەی خوارەوەی بلآوکردەوە:

لە دوای بینینی ڕاپۆرتەکان و تێڕوانینی ناوەڕۆکی پڕ لە تێکدان و شێواندنی ئاسایش لە ناوچەی بارزان و دەورووبەری، بەهۆی کاروکردەوە تاوانکارییەکانی مەلا مستەفای بارزانی و کۆمەڵەکەی کە پێی هەڵساون بۆ تێکدانی ئاسایشی گشتی.

وە بەوەی کە پێویستە ئاسایش و ئارامی بگەڕێتەوە، وە ڕێگا بگیرێت لە دووبارە کردنەوەی. بڕیاردرا کە ناوچەی بارزان داگیر بکرێت بە داگیرکردنی سەربازی، وە تاوانباران بگیرێن و ڕەوانەی دادگاو دادوەری بکرێن.

وەزیری بەرگری دەسەلآتی پێدەدرێت بۆ هەڵسانی بەکاری پێویست بۆ جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە.

*حەمدی پاچەچی*

*سەرۆك وەزیرانی عێراق*

*١٩٤٥/٨/٨ز*

---

[1] البارزاني و الحركة التحررية الكردية، ١٩٤٢–١٩٤٥، مسعود البارزاني، ص٧٣

سـەعید قـەزاز پارێزگـاری هـەولێر ئاگادارییـەکی ئاراسـتەی مـستەفا بـارزانی کـردو دەڵێـت: پێویـستەو دەبـێ خـۆی بـدات بـە دەسـتەوە بـە دەسـەڵاتداران (ی حکومـەتی عێـراق، ن.س). وە ئاگـاداری هـەموو سـەرۆك عەشـیرەتەکانی کـردەوە بۆ خۆ دوورگرتن لە مستەفا بارزانی.

وە هەڕەشـەی کـرد لێیـان بـە تونـدترین سـزا ئەگـەر بـە پێچەوانەوە بجولێنـەوە. لـە ڕۆژی (١٩/٨/١٩٤٥ن)دەسـەڵاتەکانی عـورق (نائاسـایی)لـە موسـڵ و هـەولێر بڵاوکرایـەوە. لـە دوای ئـەم بڕیارانـە فـەرمان درا بـە سـوپای عێـراق کـە بکەونـە ڕێ بـۆ داگیرکردنـی ناوچـەکە. سـوپای عێراقیـان کـۆ کـردەوە و ئامادەیـان کـرد بـۆ هێرشی گەورە بۆ سەر ناوچەی بارزان.

# هەڵوێست و دەست بەکاربوونی سەرکردایەتی شۆڕش

[1] لەگەڵ ئەوەی پێش خۆئامادەکردنی سەرکردایەتی شۆڕشی کورد بۆ شەڕ، حکومەتی عێراق هێرش و پەلاماردانەکەی پێش خست، سەرکردایەتی شۆڕشی کورد بەم شێوەی خوارەوە هەڵوێستی خۆی وەرگرت و دەست بەکاربوو:- دامەزراندنی سەرکردایەتی بەرەکانی شەڕ:

١-موحەمەد سدیق بارزانی بۆ سەرکردایەتی بەرەی مێرگەسوور و ڕەواندز.

٢-حاجی تەها ئامێدی بۆ سەرکردایەتی بەرەی باڵەندە و ئامێدی.

٣-مستەفا بارزانی بۆ سەرکردایەتی ئاکرێ لەگەڵ سەرپەرشتی کردنی هەموو بەرەکانی شەڕ و سەرپەرشتی لیژنەی ئازاد بۆ کاروباری شۆڕش بە یارمەتی ئەفسەرە شۆڕشگێڕەکان.

٤-ئەسعەد خۆشەوی بۆ گەمارۆدانی سەربازگەی (بلە)ی پێ سپێردرا لەگەڵ ئامادەکردن و ناردنی ئازوقە بۆ بەرەکانی ئاکرێ.

٥-ناردنی نامە بۆ هەموو سەرۆک عەشیرەتەکان ئەوانەی کە سوێندیان خواردوە و گفتیان داوە کە پشتیوانی شۆڕش بن، داوایان لێ کرابوو کە دەوری خۆیان ببینن بۆ بەرگری کردن لە کوردستان.

٦-پەیوەندی کردن بە ڕێکخراوە نیشتیمانیەکانەوە، وە ڕۆشنبیرەکانی ناو شارەکان بۆ دەرخستنی هەڵوێستی نیشتیمانیان و ڕسواکردنی هێرشەکانی سوپای عێراق بۆ سەر کوردستان و ناوچەی بارزان.

ئەو سەرۆک عەشیرەتانەی کە سوێندیان خواردو گفت و بەڵێنیان دابوو بە مستەفا بارزانی بۆ پشتگیری و یارمەتی شۆڕش تەنها ژمارەیەکی کەمیان نەبێت ئەویش بۆ ماوەیەکی کەم هەموویان گفتیان نەبردە سەر و چوونە پاڵ حکومەت و چەکیان هەڵگرت و بوون بە جاش.

یەکەم ڕۆژ بوو ڕێکانییەکان و سورچییەکان چوونە پاڵ حکومەت و چەکی جاشێتی و خیانەتیان هەڵگرت و عەشیرەتەکانی تر لە دوای ئەوانەوە دەستیان پێ کرد.

---

[1] البارزاني و الحركة التحررية الكردية، ١٩٤٢-١٩٤٥، مسعود البارزاني، ص٧٧

# بەرپابوونی شۆڕشی بارزانی ساڵی ١٩٤٥ز و ئەنجامەکانی

[٢] دوابەدوای بەیاننامەکەی ئەنجومەنی وەزیرانی حەمدی پاچەچی لە رۆژی (١٩٤٥/٨/٨ن)هێزەکانی ئاسمانی عێراق بە یارمەتی و پشتگیری هێزەکانی ئاسمانی بەریتانیا (R.A.F)و تۆپە دوورهاوێژەکان دەستیان کرد بە بۆردوومان کردنی ناوچەکانی رەواندز–مێرگەسوور–بلە–بارزان، هەتا هێرشی بەشەکانی تری سوپای عێراق دەستی پێ کرد لە هەموو بەرەکانەوە. هەڵوێستی شەڕەکان بەم شێوەیە بوو:

لە شاخی قەلەندەرەوە هەتا شاخی برادۆست و شەقامی گشتی هاودیان بە دەستی پێشمەرگەی کوردستانەوە بوو کە نزیکەی هەزار پێشمەرگە بوون بە سەرکردایەتی موحەمەد سدیق بارزانی، بارەگای سەرکردایەتیان لە گوندی (شێتنە)بوو بەرامبەر بە لیوای سێ و چواری سەربازی، وە لیوای پانزەی پۆلیس لە رۆژی (١٩٤٥/٨/٢٥ن)یەکەم شەڕ دەستی پێ کرد لەم بەرەیە بەم شێوە: لیوای سێ لەگەڵ فەوجێك پۆلیس بە سەرکردایەتی عەفیدی روکن حەسیب روبێعی هێرشیان بۆ بەرزاییەکانی بادلیان کرد بۆ گرتنی رۆژهەلاتی شاخی قەلەندەر، پێشمەرگەکان پێشیان گرت لێیان و بوو بە شەڕێکی توندوتیژ لە نێوان پێشمەرگەو سوپای عێراق هەتا ئێوارەی هەمان رۆژ، شەڕ کۆتایی هات بە هەڵهاتن و ناچارکردنی دوژمن بۆ گەلی عەلی بەگ، بەسەدان لاشەی کوژراویان لە دوای خۆیانەوە بەجێ هێشت لە مەیدانی شەڕەکەدا، لەناو کوژراوەکاندا لاشەی (موقەدەم هرمز قەیسەر)بوو فەرماندەی فەوجی دوو، لەگەڵ دیلێی زۆر، بەلام بۆردومانی تۆپ و فرۆکە دیلەکانی رزگارکرد.

لەم شەڕەدا پێشمەرگەیەك شەهید بوو لەگەڵ برینداربوونی چوار پێشمەرگە، لەناویاندا سەرکردەی هێزەکە (موحەمەد سدیق بارزانی) بوو بە خەستی بریندار ببوو.

هەموو ئەو شوێنانەی کە سوپای عێراق گرتنی لە سەرەتای شەڕەکەدا پێشمەرگە هەمووی گرتەوە. دەستکەوتی پێشمەرگە ژمارەیەکی زۆر تفەنگ و شتومەکی سەربازی بوو. سوپای عێراق راوەستان لە هێرشکردن لەم بەرەیە هەتا (١٩٤٥/٩/٥ن).

---

[٢] البارزاني و الحركة الحررية الكردية، ١٩٤٢–١٩٤٥، مسعود البارزاني، ص٧٨

# شەڕی بەناوبانگی مەیدان مۆڕێك

شەڕی مەیدان مۆڕێك بە شەڕێکی کەم وێنەو قارەمانی و خۆڕاگرتنی[1] پێشمەرگەی کوردستان دادەنرێت، مەیدان مۆڕێك دەکەوێتە نێوان هاودیان و مەزنە، لە رۆژی (١٩٤٥/٩/٥)ن هەموو هێزەکانی ناوچەی ڕەواندز بەهەموو بەشەکانییەوە لەم شەڕەدا بەشداریان کرد بە سەرکردایەتی (زعیم ڕوکون ئیسماعیل سەفوەت)ئەم هێزانە لە سێ شوێنەوە هێرشیان کرد بۆ داگیرکردنی شاخەکانی برادۆست و قەلەندەر. هێزە سەرەکییەکەیان لەگەڵ تۆپ و ئامێرەکانیان کەوتنە ڕێ لە ڕێگای (هاودیان و مەزنە)وە.

پێشمەرگەکان خۆیان ڕاگرت و بەرگریان کرد بەرامبەر بە هێرشەکان، بەتایبەت لە ڕێگای شێو و دۆڵەکان نەیان هێشت سوپای عێراق بڕواتە پێشەوە. بەڵام بەرامبەر بەهێزە سەرەکییەکان پێشمەرگەکان کشانەوە لە شێو و دۆڵەکاندا بەشێوەیەکی ڕێکخراو و بەجێ بۆ جێگایەکی گونجاو بۆ گەمارۆدانیان، ئەو جێگایەش (مەیدان مۆڕێك)بوو سوپای عێراق ماوەیەکی باش چوونە پێشەوە، وایان دەزانی سەرکەوتنێکی باشیان بە دەست هێناوە و بەرگری پێشمەرگەیان نەهێشتووە لە شێو دۆڵەکاندا، وە ڕێگاکەیان کردەوە بە ڕووی ئۆتۆمبێل و ئامێرەکانیاندا.

فڕۆکەکان بە ئاسمانەوە پارێزگاریان دەکردن. ئۆتۆمبێل و تۆپ و ئامێرەکانیان گەیشتە (مەیدان مۆڕێك)و دابەزین ویستیان سەربازگەیەکی بەهێزی تیادا دابمەزرێنن.

سەعاتێك ڕۆژی مابوو بۆ ئەوەی تاریك دابێت پێشمەرگەکان دەستیان کرد بە هێرشێکی گشتی لە هەموو لاوە بۆ سەر هێزەکانی ڕەواندز لە بەرزاییەکانەوە، وە لە شێو و دۆڵەکانەوە لە هێڵەکانی دواوە لەیەك کاتدا و هەموو بە یەکجار.

---

[1] البارزاني و الحركة التحررية الكردية، ١٩٤٢-١٩٤٥، مسعود البارزاني، ص٧٩

شەڕەكە ئەوەندە توندوتیژبوو لە هەندێك شوێندا لەیەك نزیك بوونەوە و بوو بەشەڕی دەستەو یەخەو بە چەكی سپی بە قۆناخە تفەنگ و خەنجەرو نێزە لە یەكیان دەدا.

سەربازەكانی عێراق تووشی شكست و سەر لێشێوانێكی توندوتیژ بوون، سەنگەرەكانی خۆیان یەك لە دوای یەك چۆڵ كرد و تێك شكان و بوو بە بەرەلایی لەناو ریزەكانی یەكە سەربازیە هەڵهاتووەكانی حكومەت.

هەموو هێزەكانیان بەبێ گوێدان بە رێكخستن و فەرمانی سەركردەكانیان هەڵهاتن بۆ ناو رەواندز و سەربازگە كۆنەكانیان و كوژراوەكانیان لە مەیدانی شەڕەكەدا بەجێ هێشت. لەم شەڕەدا زیانی دوژمن بەم جۆرە بوو:

١-كوشتنی (٤٨٠)سەربازو ئەفسەر.

٢-(٨٠)دیل گیران لە سەربازو ئەفسەر.

٣-گرتنی بە تەریبەكی تۆپی دوورهاوێژ بە تەواوی.

٤-دەست كەوتنی بە سەدان رەشاش و تفەنگ

٥-كۆمەڵێكی زۆر لە گوللە تۆپ و فیشەك و كەل و پەلی سەربازی.

٦-هەموو سەربازو ئەفسەرە كوژراوەكانیان لە مەیدانی شەڕەكەدا بەجێ هێشتبوو.

زیانەكانی پێشمەرگەی كوردستان بەم شێوە بوو:

١-شەهید بوونی (٥)پێشمەرگە.

٢-برینداربوونی چەند پێشمەرگەیەك.

ئەم شەڕە لێدانێكی كوشندەبوو بۆ حكومەتی عێراق و وورەی سوپاكەی بە جارێك رووخاند، هەڵهاتن و خۆشاردنەوە دەستی پێ كرد لەناو ریزەكانی سوپای عێراق.

# سەركەوتنی شەڕی ئاكرێ

مستەفا بارزانی خۆی سەركردایەتی بەرەی شەڕی ئاكرێی دەكرد لەگەڵ هەندێك لە ئەفسەرەكانی لیژنەی ئازادی.[1]

بارەگای لیژنەی سەركردایەتی شۆڕشیان گواستەوە بۆ ناوچەی ئاكرێ دۆڵی (نەهلە)لەگەڵ هەزارو دووسەد پێشمەرگەی جەنگاوەر.

لە ڕۆژی (١٩٤٥/٩/٤)ن)سوپای عێراق كە پێك هاتبوون لە لیوای یەك و لیوای پێنج و هێزێكی پۆلیس بە سەركردایەتی (زعیم یاسین حەسەن) لە شاخی سەری ئاكرێوە كەوتنە ڕێ و هێرشیان هێنا بۆ دۆڵی نەهلە. هەر لە ڕۆژی ناوبراو بەیانی زوو شەڕ دەستی پێ كرد و درێژەی كێشا هەتا ئێوارە ڕۆژئاوابوو سوپای عێراقیان تێك شكاندو زیانی حكومەتی عێراق لەم شەڕەدا، ١-زیاتر لە ٥٠٠ سەربازو ئەفسەر كوژران ٢-بریندارێكی زۆر لە سەربازو ئەفسەر و پۆلیس ٣-گرتنی بەسەدان ڕەشاش و تفەنگی هەمەجۆر ٤-گرتنی یەك تۆپ بە ساغی ٥-كەل و پەلێكی زۆری سەربازی لەگەڵ فیشەك و گوللە تۆپ ٦-سەركردەی سوپاكەی عێراق لە شەڕەكەدا تێكچوو و شێت بوو.

زیانەكانی پێشمەرگە لەم شەڕەدا: ١-دوو پێشمەرگە شەهید بوون ٢-پێنج پێشمەرگە بریندار بوون.

---

[1] البارزاني و الحركة التحررية الكردية، ١٩٤٢-١٩٤٥، مسعود البارزاني، ص٨١

# هێرش و سەرکردایەتی جەنەراڵ (ڕنتن)ی بەریتانی

[٢]لە ڕۆژی (١٩٤٥/٩/١٢)سوپای عێراق و هێزەکانی ئاسمانی عێراق و بەریتانیا بە سەرکردایەتی جەنەڕاڵ (ڕنتن)ی بەریتانی هێرشیان کرد بۆ (زنتە)ی سەر بە ناوچەی ئاکرێ. بۆ ئەم مەبەستە بەم شێوەی خوارەوە بوو:

١-لیوای پێنج هێرشیان کرد لە ئاکرێوە بەرەو (زنتە).

٢-لیوای پانزە لە دینارتاوە هێرشیان کرد بەرەو (زنتە).

٣-لیوای یەك لەسەری ئاکرێوە هێرشیان کرد بۆ دۆڵی (نەهلە).

کە بارەگای سەرکردایەتی شۆڕشی لێ بوو بۆ فشار خستنە سەر هێزەکەی نەهلە، تۆپە دوور هاوێژەکانی حکومەت و فڕۆکەکانی عێراق و بەریتانیا بەبێ ووچان بۆردوومانیان دەکرد.

پێشمەرگە گیان لەسەر دەستەکانی کوردستان لە دۆڵ و شێوەکاندا خۆیان مات کردو حەشاردا بەبێ تەقەو بەرگری کردن هەتا سوپاکەی حکومەت کەوتنە بەردەستیان و ناوەڕاست-هێزەکانیان، ئینجا لە یەك کاتداو بە یەك دەست هاتنە دەست بۆیان و لە هەموو لایەکەوە لێیاندان و تێکیان شکاندن و تەفرو توانایان کردن و سەریان لێیان شێواندو نەیاندەزانی کە چۆن هەڵ بێن و لە مردن خۆیان ڕزگار بکەن. هەرسێ لیواکە بە تەواوی تێك شکان و تەفرو توانا بوون، لاشەی کوژراوەکانیان و ئۆتۆمبێل و ئامێرەکانیان لە مەیدانی شەڕەکەدا بەجێ هێشت و بەبێ فەرمانی سەرکردە و ئەفسەرەکانیان هەڵهاتن و سەر لێشێوان دروست بوو لە ناویاندا.

لەم شەڕەدا زیانەکانی دوژمن بەم شێوەی خوارەوە بوو:

١-بە سەدان ئەفسەر و سەرباز کوژران و لە مەیدانی شەڕەکەدا بەجێ مان.

٢-پەنجا دیل سەرباز و ئەفسەر دەستگیر کران.

(٢) البارزاني و الحركة التحررية الكردية، ١٩٤٢-١٩٤٥، مسعود البارزاني، ص٨٣

٣-بە سەدان تفەنگی هەموجۆر و ڕەشاش و تۆپی هاوەن دەستی پێشمەرگەکانی کوردستان کەوتن.

٤-تێك شکاندنی چەندەها ئۆتۆمبێل و عەرەبانەی سەربازی.

٥-جبەخانەو کەل و پەلێکی زۆری سەربازی،

خەڵکی گوندەکانیان بانگ کرد بۆ کۆکردنەوەی کوژراوەکانیان بۆ دواوەی شەڕەکە. زیانی پێشمەرگە گیان لەسەر دەستەکان:

١-شەهیدبوونی سێ پێشمەرگە یەکێکیان سەرکردەیەکی ئازاو دلێر بوو.

٢-برینداربوونی سێ پێشمەرگەی قارەمان.

سوپای عێراق بە تەواوی وورەیان ڕووخابوو و خۆیان بۆ ڕانەدەگیرا لە بەرەکانی شەڕدا بەرامبەر بە پێشمەرگە ئازادیخوازەکانی کورد.

حکومەتی عێراق ئومێدی سەرکەوتنی نەماو دەستیان کرد بە پەیوەندی کردن بە شێخ ڕەشیدی لۆلان و مەحمود بەگ خەلیفەو شێخ و سەرۆك عەشیرەتەکانی سورچی و هەرکی و زێباریەوە چ بە گفتی پارەو تەماح و چ بە هەڕەشەکردن و تۆقاندن چەکیان دا بە سەریاندا بە هەزاران جاش و خۆ فرۆش دروست بوو، بۆ بەهێزکردنی بەرەکانی شەڕ و خۆ ڕاگرتنی سوپاکەیان. جاشەکانیان دەخستە پێش سەربازەکانیانەوە، هەتا سەربازێکی سوپای عێراق دەکوژرا بەدەیان جاشی کورد دەکوژران شەڕەکە بوو بە شەڕی کورد بە کورد کوشتن.

# بڕیاری کشانەوەی لەشکری پێشمەرگەی ئازادی خوازی کوردستان بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

[١] مستەفا بارزانی و لیژنەی ئازادی سەرکردایەتی شۆڕش کە سەیریان کرد شەڕەکە بووە بە شەڕی براکوژی کورد بە کورد کوشتن و ئەو سەرۆک خێڵ و عەشیرەتانەی کە هەتا دوێنێ سوێندیان دەخوارد و بەڵێنیان دابوو کە لەگەڵ شۆڕشی کوردا بن هەندێکیان چەکیان هەلگرتووە بۆ حکومەتی عێراق (و بوون بە جاش، ن.س)دژی شۆڕشی ئازادی خوازی کورد، وە هەندێکیان بوون بە سەیرکەرو گفت و سوێندو بەڵێنەکانیان لەبیر کردوەو دەکەونە پێش سوپای عێراق بۆ شارەزایی و ڕێنەمایی کردنیان بۆ سەر پێشمەرگەی ئازادیخوازی کورد.

مستەفا بارزانی پەیوەندی بەردەوامی هەبوو لەگەڵ کۆمەڵەی (ژ-ک)حیزبی دیموکراتی کوردستان-ئێران، وە ئاگاداری بارودۆخی ڕۆژهەلاتی کوردستان و بزووتنەوەی ئازادیخوازەکەی بوو.

مستەفا بارزانی دەستی کرد بە پەیوەندی کردن لەگەڵ بەرپرسانی سەربازی و سیاسی سۆڤیەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و باوەڕ پێکراوانی خۆی نارد بۆ لایان، وە لەوەو پێش هەندێك ئەفسەری سۆڤیەت سەردانی بارزانیان کردبوو، وە لەم پەیوەندیانەدا عەبدوڵلا ئەفەندی گەیلانی و شێخ عەبدوڵلای زینۆ دەوری چالاکیان بینی.

مستەفا بارزانی و لیژنەی ئازادی و کۆمەڵی (ژ-ک)و ئەفسەرانی سۆڤیەت بەهەموو لایان پێك هاتن لەسەر ئەوەی کە هەموو خێزانەکان و هێزەکانی پێشمەرگە بکشێنەوە بۆ ڕۆژهەلاتی کوردستان (ناو سنووری ئێران)مستەفا بارزانی کەوتە تەگبیرکردن و ڕاوێژکردنی بە پەلە لەگەڵ لیژنەی ئازادی و پرس و ڕا وەرگرتنی شێخ ئەحمەد بارزانی و سەرۆك خێڵ و تیرەکانی بارزانیان بۆ کشانەوەیان بۆ ڕۆژهەلاتی کوردستان لە پێش هاتنی زستان و سەرماو باران و بەفرو ڕێگایان لێ بگیرێت لەلایەن حکومەتی عێراق و سروشتەوە.

---

[١] البارزاني و الحركة التحررية الكردية، ١٩٤٢-١٩٤٥، مسعود البارزاني، ص٨٩

لە بەشی سێیەمی مانگی ئەیلولی ساڵی (١٩٤٥ن)مستەفا بارزانی فەرمانی دا بە سەركردەكانی سوپای شۆڕشگێڕی كوردستان بۆ ئەوەی هێزەكانیان ئاگادار بكەنەوە بۆ كشانەوەی بۆ سنووری ئێران بەشێوەیەكی دروست و ڕێكخراو، لە پاش گواستنەوەو دەركردنی خێزانەكان لە ناوچەكەدا و پەڕینەوەیان لە سنوور.

لە كۆتایی مانگی ئەیلولی (١٩٤٥ن)هێزەكانی پێشمەرگەی ئازادیخوازی كورد لە هەموو بەرەكانەوە بەپێی نەخشەیەكی داڕێژراو دەستیان كرد بە كشانەوە بەرەو سنوورەكانی ئێران و لە زۆر شوێن تووشی شەڕی قورس و گران بوون لەگەڵ سوپای عێراق و جاشە خۆ فرۆشەكان.

لە (١٩٤٥/١٠/١١ن)هەموو خێزانەكان و هێزەكانی پێشمەرگە گەیشتنە ناو سنووری ڕۆژهەلاتی كوردستان و خێزانەكانیان دابەش كرد بەسەر گوندو شارەكانی شنۆ و نەغەدە و مهاباد...هتد. پێشوازی گەرمیان لێ كرا لە ڕۆژهەلاتی كوردستان. مستەفا بارزانیش بە خۆی ڕۆیشت بۆ گوندی (نێرگی)كە جێگای سەركردایەتی سوپای سۆڤیەت بوو وە داوای كرد لێیان بۆ ناردنی چەند تیمێك دكتۆر بۆ چارەسەكردنی بریندارو نەخۆشەكانی بارزانیان.

لە پاش هێوربوونەوەی بارودۆخەكە دەستیان كردەوە بە ڕێكخستنەوەی هێزەكانیان و دابەش كردنی چەكی نوێ بەسەریاندا.

لە بەهاری ساڵی (١٩٤٦ن)فەرماندەی فەوجەكانیان دامەزراند لەو ئەفسەرە تێكۆشەرانی كە لەگەڵ مستەفا بارزانی دابوون. وەك: (عیزەت عەبدولعەزیز و سەید عەزیز عەبدوللا و مستەفا خۆشناو و میرحاج ئەحمەد و موحەمەد قودسی و عەبدولرەحمان موفتی و جێگری ئەفسەر شەكەوت ئەفەندی، وە لە ڕۆژهەلاتی كوردستانیش ئەم ئەفسەرانەش لە عێراقەوە خۆیان گەیاندە لایان (بەكر عەبدولكەریم و خەیرولا عەبدولكەریم و نوری ئەحمەد تەها و موحەمەد سالح و جێگری ئەفسەر ئەحمەد ئەفەندی كۆیی، وە لە سەرۆك خێڵەكان وەهاب ئاغای جوندیانی و سلێمان بەگ دەرگەلە و خزمانیان خۆیان گەیاندە ناویان بۆ ڕۆژهەلاتی كوردستان.

هێزەكانی مستەفا بارزانی بوون بە هێزێكی سەرەكی لە كۆماری كوردستان لە مهاباد و لە پێناویدا باشترین قوربانیاندا و پێشكەش كرد.

# داگیرکردنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

[(١)] لە سەرەتای ساڵی (١٩٤١ز)لەکاتی جەنگی جیهانی دووەم سوپای سووری سۆڤیەت (ڕوسیا)هێرشیان کردە سەر ئێران و ناوچەکانی ئازربایجانی ئێران و بەشێك لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان داگیر کرد هەتا پارێزگای (سنە–سنندج–کوردستان).

سوپای بەریتانیاش لە خانەقینەوە هێرشیان کردە سەر ئێران و پارێزگای کرماشانیان داگیر کرد و کەوتنە ڕێ بەرەو شاری سنە، ڕوسەکان و ئینگلیزەکان هەر یەکە بە ناوێکەوە هەوڵیان دەدا بۆ داگیرکردنی کوردستان و وڵاتانی تری جیهان.

ئینگلیزەکان بە ناوی چاکسازی و ئاوەدانکردنەوە و مافی میللەتان، ڕوسەکانیش بەناوی ڕزگارکردنی نەتەوە چەوساوە و ژێر دەستەکان و بیروباوەڕی دیموکراتی و سۆسیالستی و نەتەوایەتیەوە. ڕوسەکان زیاتر لە ئینگلیزەکان هەوڵیان دەدا سرنج و باوەڕی گەلی کورد بەلای خۆیاندا ڕابکێشن، لەبەر ئەوەی سوپای ڕوسیا لەکاتی جەنگی جیهانی یەکەمدا کاولکردنەوەی زۆر خراپ و ناهەمواریان کردبوو بەرامبەر بە گەلی کورد، دەیانویست ئەو ڕابوردوو و خراپەی خۆیان بسڕنەوە و سرنج و سۆزی گەلی کورد بە لای خۆیاندا ڕابکێشن.

بۆ ئەم مەبەستە لە ساڵی (١٩٤١ز)یەکێتی سۆڤیەت بە ڕێگای سوپاو ئەفسەرەکانیەوە لە ناوچەکانی ئازربایجان و ڕۆژهەلاتی کوردستان داوایان کرد لە سەرۆك هۆزەکان و پیاوانی دەم ڕاستی کورد لە شارەکانی مهاباد و وورمێ و سەردەشت و بۆکان و میاندواو...هتد. بۆ ئەوەی نوێنەری خۆیان بنێرن بۆ (باکۆ)پایتەختی ئازربایجانی سۆڤیەت بۆ ئەوەی تێبگەن لە بیروڕاو بۆچوونی یەکێتی سۆڤیەت بەرامبەر بە گەلی کورد و دڵ نەوایی کردنیان، وە ئامادەیی و ڕێنمایی خۆیان پێشاندا بۆ تەگبیرکردن و ڕزگارکردنی گەلی کورد لە ژێر دەستی فارسەکان لە ئێران.

---

[(١)] خەباتی چەکداری و ڕامیاری نەتەوایەتی کورد، نەجم سەنگاوی، ل٧٧، لە کۆماری کورد، ویلیام ئەیگلتون جۆنیز، وەرگێڕاوە– سەید موحەمەد سەمەدی

وە لاپەرەیەکی نوێ هەڵبدرێتەوە لە نێوان گەلی کورد و یەکێتی سۆڤیەت. بۆ ئەم مەبەستە لە رێگای ئەفسەرە سیاسیەکانیانەوە و کوردناسە سۆڤیەتیەکانەوە کە بە نهێنی لە ناوچە کوردییەکاندا دەگەران ئەم ناوانەی خوارەوەیان هەڵبژاردو ناردنیان بۆ (باکۆ)پایتەختی ئازربایجانی سۆڤیەت:

١-قازی موحەمەد لە شاری مهاباد.٢-داوود مەجید خان لە میاندواو. ٣-عەلی ئەمیر ئەسعەد لە بۆکان. ٤-حاجی بابەشێخ.٥-رەشید بەگ ئەمیرۆ بەگ ٦-تەها لەلایەن سیّ تیرەوە لە تیرەکانی هەرکی ٧-موحەمەد سادق ٨-شێخ پۆشۆ کوری سەید تەها شەمزینان ٩-حەسەن هونەر و حەسەن تیلەکۆ لە هۆزی زازا لە تیلەکۆ ١٠-موسا ١١-حاجی قەرنی ئاغا ١٢-هەمزە ئەلوسی لە هۆزی مامشە، ئەم ناوانەی سەرەوە هەموو کۆبوونەوە و پێکەوە کەوتنە رێ بەرەو تەورێز و لەوێوە بۆ (باکۆ)بە گەیشتنیان بۆ باکۆ پێشوازیان لیّ کرا لەلایەن لێپرسراوانی سۆڤیەتەوە بەگەرمی و میوانداریان کردن و دانیشتن و گفتوگۆیان لەگەڵیاندا کرد و دەم و دوویان تاقی کردنەوە و بۆیان دەرکەوت کە ئەم کۆمەڵە بێجگە لە قازی موحەمەد ئەوانی تریان هیچ یان لەباردا نییە و سوودیان لیّ وەرناگیرێت لە رووی سیاسیەوە. ئەوانی تر هەریەکە بەجیا داوای پارمەتی و دەستکەوتی بۆ خۆی و عەشیرەتەکەی دەکرد.

سەرۆك كۆماری ئازربایجانی سۆڤیەت (جەعفەر باغیرۆف)لە ماڵەکەی خۆیدا میوانداریانی کرد و لە پاش چەند رۆژێك سەردانی چەند کارگەو مۆزەخانەو سینەما و شوێن هەوارە کۆنەکانیان پێیان کرد و لە پاش دوو هەفتە گەرانەوە بۆ رۆژهەلاتی کوردستان لەگەڵ هەندێك دیاری لە شەکری قەند (کلۆ)و هەر یەکە چەند تۆپێك قوماش و تفەنگێکی تاپری راو، بەلام هیچ گفتو بەڵێنێکیان پێیان نەدابوو لەلایەن لێپرسراوانی یەکێتی سۆڤیەتەوە، بۆ پشتگیری کردنی ماف نەتەوایەتی کورد، لە پاش دوو هەفتە گەرانەوە بۆ رۆژهەلاتی کوردستان و هەر یەکە بۆ ماڵی خۆی بلاوەیان لیّ کرد.

# دامەزراندنی ژ-ك حیزبی دیموکراتی کوردستان

[1] لە سالانی (١٩٢٩-١٩٤٢ز)بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان زۆر لاواز بوو، تەنها ڕێکخراوێکی سیاسی بچوك هەبوو بە ناوی (حیزبی ئەحرار کوردستان)بە سەرۆکایەتی (دکتۆر عەزیز زەندی)ئەم ڕێکخراوە هیچ پەیڕەو و پرۆگرامێکی تایبەت و ئاشکرای نەبوو.

ئەوەی کە ئاشکرا بوو تەنها بلاوکراوەیەکیان بلاو کرد،وە بەناوی حیزبی حرار کوردستان بەبۆنەی هاتنی سوپای سووری سۆڤیەتەوە بۆ ناو ڕۆژهەلاتی کوردستان-ئێران.

لە نووسراوەکەیاندا داوای ماف چارەنووسی گەلی کوردیان تیادا کردبوو، بەلام بلاوبوونەوەی ئەم نووسراوە بوو بەهۆی هاندانی نیشتیمان پەروەرانی کورد بۆ دروست کردنی کۆمەلێکی نیشتیمانی و سیاسی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان.

ئەوەبوو لە پاش سەردانەکەی میرحاج ئەحمەد ئەندامی لیژنەی مەرکەزی پارتی هیوا لە باشووری کوردستان بۆ شاری مهاباد و پەیوەندی کردنی بە هەندێ لە پیاوانی نیشتیمان پەروەری کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بەشێوەیەکی نهێنی، لەو پیاوانەی کە لەناو خۆیاندا ئیشیان کردبوو لەناو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد.

ئەوەبوو لە ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢١ك (١٦ی ئەیلولی ١٩٤٢ز)کۆمەلەی (ژ-ك)ژیانەوەی کوردیان دامەزراندن لە پاش گەڕانەوەی میرحاج ئەحمەد بۆ باشووری کوردستان.

ویلیام ئینگلتون جونیز دەربارەی دامەزراندنی کۆمەلی (ژ-ك)دەلێت لە ١٦ی ئەیلولی سالی (١٩٤٢ز)کۆمەلێك هاولاتی کورد لە شاری مهاباد لە چینەکانی

[1] خەباتی چەکداری و ڕامیاری نەتەوایەتی کورد، نەجم سەنگاوی، ل٧٧، لە کۆماری کورد، ویلیام ئەیگلتون جۆنیز، وەرگێڕاوە- سەید موحەمەد سەمەدی، وەری گێڕاوە بۆ سەر زمانی شیرینی کوردی.

ناوەڕاست کۆبوونەوە لەناو باخچەکەی حاجی داوود لە نزیک ڕووباری سابڵاغ نزیکەی ١٥ کەس دەبوون کۆمەڵەی (ژ-ك)یان دامەزراند لەم ناوانەی خوارەوە:

١-عەبدولرەحمان حەلوی ٢-موحەممەد ئەمین شەریفی ٣-موحەممەدی نانەوا زادە ٤-عەبدولرەحمان زبیحی ٥-نەجمەدینی تەوحیدی ٦-ڕزگار ٧-عەبدولرەحمان ئیمامی ٨-مەلا عەبدوڵڵا داوودی ١٢-موحەممەدی یاهو.

بەڵام عەبدولرەحمان زبیحی لە نامەیەکدا نووسیبووی بۆ جەلال تاڵەبانی دەربارەی دامەزراندنی کۆمەڵی (ژ-ك)و دەڵێت: کۆمەڵی (ژ-ك)لەم ناوانەی خوارەوە پێك هاتبوون:

١-حەسەن ڕزگار ٢-عەبدولرەحمان زبیحی ٣-عەبدولرەحمان ئیمامی ٤-عەبدولقادر مودەرسی ٥-نجمەدین تەوحیدی ٦-موحەممەدی نانەوا زادە ٧-عەلی مەحمودی ٨-موحەممەد ئەسحابی ٩-عەبدولرەحمان کەیانی ١٠-سەدیق حەیدەری ١١-قاسمی قادری.

لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی (١٩٤٤ز)لە بۆنەیەکی شایی و زەماوەندا چەند ئەندامێکی کۆمەڵی (ژ-ك)داوایان کردبوو لە قازی موحەممەدی پێشەوا بۆ ئەوەی کە بێت بۆ ناو کۆمەڵی (ژ-ك)ەوە، قازی موحەممەدیش ڕاستەوخۆ ڕەزامەندی دەربڕی بوو و بە ئەندام وەریان گرت لەناو کۆمەڵی (ژ-ك).

قازی موحەممەد لەبەر ئەوەی کە پیاوێکی بەناوبانگ بوو لە ناو شاری مهاباد و دەوروبەری، وە لە بنەماڵەیەکی قازی زادەبوو، وە ناسراوبوو لەلایەن یەکێتی سۆڤیەتەوە بۆ ڕۆشنبیری و زانایی و نیشتیمان پەروەری بایەخێکی تایبەتیان پێی دەدا، وە خاوەنی هۆزێکی گەورە بوو، وە خێڵ و عەشیرەتەکانی ناوچەکانی مهابادیش ڕێزی زۆریان لێی دەگرت و پشتگیریان دەکرد و خاوەنی جەماوەرێکی زۆر بوو، وە هەر بەهۆی هاتنی قازی موحەممەد بۆ ناو (ژ-ك)خەڵکێکی زۆر لە هەموو چینەکانی ناوچەکە هاتنە ناو ڕیزەکانی کۆمەڵی (ژ-ك)ەوە، کاتێکیش کە هەڵبژاردن دەستی پێ کرد بۆ سەرکردایەتی نوێی (ژ-ك)قازی موحەممەد زۆرینەی دەنگی هێنا و بوو بە سەرۆك و پێشەوای

کۆمەلی (ژ-ک)و لقی کۆمەڵ لە باکوور و باشووری کوردستانیش دامەزرا بە سەرۆکایەتی قازی موحەمەد.

لە سالی (۱۹٤٤)لە مانگی ئازاردا نوێنەری (ژ-ک)موحەمەد ئەمین شەریفی سەردانی باشووری کوردستانی کرد و لە شاری کەرکوک چاوی کەوتبوو بە ئەمین ڕەواندزی و عیزەت عەبدولعەزیز و مستەفا خۆشناو و شێخ قادری سلێمانی و سەید عەبدولعەزیز گەیلانی و ڕفیق حلمی سەرۆك و ئەندامانی سەرکردایەتی پارتی هیوا، هەر لە هەمان سالدا پارتی هیوا نوێنەری خۆیان ئیسماعیل شاویس و عوسمان دانیش یان نارد بۆ شاری مهاباد بۆ پێداگرتن و تازەکردنەوەی پەیمان و خەباتی هاوبەشیان.

لە دوای سال و نیوێك هەمزە عەبدوللا وەردی لە عێراقەوە، وە قەدری بەگ نەوەی جەمیل پاشای دیاربەکر لە سوریاوە، وە مەلا وەهاب لە تورکیاوە ڕۆیشتن بۆ مهاباد بۆ چاوپێکەوتنی ڕابەرانی کورد و گۆڕینەوەی بیروڕایان دەربارەی سنوورو ناوچەکانی کوردستان و دوا ڕۆژی گەلی کورد.

لەمانگی ئابی سالی (۱۹٤٤)کۆبوونەوەیەکی سێ قۆلی نهێنی بەسترا لە چیای دالانپەر لە سێ سوچەی سنوورەکانی نێوان عێراق و ئێران و تورکیا دەربارەی یەکگرتنی کوردستانی گەورەو پشتیوانیکردنی یەکتر و خەباتی هاوبەشیان، وە دیاریکردنی سنوورەکانی کوردستان، وە هەرسێ لایان پێك هاتن لەسەر ئالایەکی تایبەتی بۆ هەموو بەشەکانی کوردستان.

نوێنەری ڕۆژهەلاتی کوردستان لەلایەن (ژ-ک)ەوە قاسم قادری بوو، نوێنەری باشووری کوردستان شێخ عوبەیدوللا خەلکی گوندی زینۆ بوو، نوێنەری باکووری کوردستان مەلا وەهاب بوو، بەناوی هەرسێ پارچەی کوردستانەوە پەیمانی سێ قۆلیان مۆرکرد، ئەم پەیمانە بە پەیمانی (سێ سنوور)ناسراوە.

لەمانگی ئەیلولی سالی (۱۹٤٥)جەنەڕال (ئاتا کچینۆف)ئەفسەری سیاسی سۆفیەتی لە ناوچەی ئازربایجانی ئێران بە قازی موحەمەدی ڕاگەیاند کە دەبێ دەستەیەك لە پیاوانی سیاسی و زانای کورد لە کۆمەلەی (ژ-ک)کۆ بکاتەوە و بڕۆن بۆ یەکێتی سۆفیەت بۆ وتوێژکردن و لێکۆلینەوە بۆ دوارۆژی کوردستان.

بۆ ئەم مەبەستەش کاپیتان (نەماز عەلیوف)ڕۆیشت بۆ مهاباد و قازی موحەمەد و هەڤالأنی بانگێش کرد بۆ تەورێز و لەوێشەوە بەرەو باکۆ بکەونە ڕێ بۆ ئازربایجانی سۆڤیەت بۆ بینین و چاوپێکەوتنی (جەعفەر باغیرۆف)سەرۆك وەزیرانی ئازربایجان بۆ دوان و لێکۆڵینەوەی دوا ڕۆژی ڕۆژهەلأتی کوردستان.

بۆ ئەم مەبەستە قازی موحەمەد ئەم ناوانەی هەڵبژارد بۆ نوێنەرایەتی کورد و لەگەڵ خۆیدا بردنی بۆ ئازربایجانی سۆڤیەت:

١-قازی موحەمەد-سەرۆکی نوێنەران ٢-میرزا مەناف کەریم-ئەندام ٣-میرزا عەلی ڕەیحانی-ئەندام ٤-قاسم ئاغا ئیلیخانی زاد-ئەندام ٥-سەیف قازی-ئەندام ٦-عەبدوڵلای قادری-خەڵکی جەڵدیان-ئەندام ٧-هەمزە نەڵوسی-ئەندام ٨-نوری بەگی بەگزاد-ئەندام.

بە گەیشتنی نوێنەرانی کورد قازی موحەمەد و هەڤالأنی بۆ باکۆ پایتەختی ئازرباجیانی سۆڤیەت لەلایەن عەلایوف و ئەیووب کەریملیەوە پێشوازیان لێ کرا و میوانداری کردن، بۆ ڕۆژی دووەم نوێنەرانی کورد پێشنیازێکیان ئاراستەی سەرۆك وەزیرانی ئازربایجان (جەعفەر باغیرۆف)ی کرد بە ڕێگای عەلایوفەوە.

وە لەناو خۆیاندا کۆبوونەوەیەکیان کرد و قاسم ئیلیخانی زادەیان هەڵبژارد بۆ گفتوگۆکردن و شیکردنەوەی پێشنیازەکەیان لەگەڵ سەرۆك وەزیرانی ناوبراو دەربارەی ئازادی و سەربەخۆیی ڕۆژهەلأتی کوردستان.

لەکاتژمێری حەوتی ئێوارەی هەمان ڕۆژ چاویان کەوت بە جەعفەر باغیرۆف و لەگەڵیدا کۆبوونەوە و زۆر بە گەرمی بەخێرهاتنیان لێ کرا لەلایەن سەرۆك وەزیرانەوە و باسی بیروڕای یەکێتی سۆڤیەتی بۆ کردن دەربارەی مافی نەتەوە چەوساوەکان و گەیشتنیان بە مافی ئازادی خۆیان.

جەعفەر باغیرۆف لە کۆبوونەوەکەدا پەیمانی دا بە گەلی کورد و گوتی (هەتاوەکو یەکێتی سۆڤیەت مابێ دەبێ گەلی کورد خاوەنی مافی ڕەوای خۆی بێت و مافی پارێزرابێت).

قازی موحەمەد لە وەلامی ئەو گفتو بەلێنەی سەرۆك وەزیران بەناوی خۆی و هەڤالانیەوە سوپاسی بیروڕاو بۆچوونی یەکێتی سۆڤیەتی کردو گوتی (هەموو گەلێکی چەوساوەو لاواز هەر دەستێکی یارمەتی بۆ درێژ بکرێت بە گەرمیەوە وەری دەگرێت، نەك هەر وەری دەگرێت بەلکو ماچیشی دەکات).

قازی موحەمەد داوای کرد لە یەکێتی سۆڤیەت کە بە هەموو شێوەیەك یارمەتیان بدات لەلایەنی ئابووری و سوپایی و چەکەوە. سەرۆك وەزیرانی ئازربایجان دووپاتی کردەوە کە یەکێتی سۆڤیەت بە هەموو توانایەوە یارمەتی گەلی کورد دەدات و ئەو چەکانەی کە پێویستە لە تانك و زرێپۆش و چەکی سوك بە زووترین کات بۆیان دەنێرێت بۆ مهاباد و یارمەتی ئابووریشیان بەردەوام دەبێت.

هەروەها سەرۆك وەزیران گوتی: زانکۆی ئەفسەرانی باکۆ دەرگای کراوەیە بۆ هەموو قوتابیانی کورد بۆ ئەوەی کە ببن بە ئەفسەر لە حکومەتی کوردستان، هەروەها پەیمانی زۆر شتی تریشی پێیاندابوو.

بۆ رۆژی دووەم کەریملی هەوالی گەیاندە قازی موحەمەد و هەڤالانی کە بارزانیەکان بە خێل و تیرەو هاوپەیمانەکانیانەوە بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی باشووری کوردستانیان بەجێ هێشتووە و لە رێی کێلەشینەوە هاتوونەتە دیوی رۆژهەلاتی کوردستان بۆ شنۆ و مهاباد.

بە بیستنی ئەم هەوالە قازی موحەمەد و هەڤالانی بریاریاندا کە بە زووترین کات بگەڕێنەوە بۆ مهاباد، قازی موحەمەد و هەڤالانی چوونە سەر گۆڕی عەزیز ئۆف لە نزیك کیرۆف و دەستەیەك گولیان خستە سەر گۆڕەکەی و خۆیان ئامادە کرد و گەرانەوە بۆ مهاباد. بە گەیشتنیان بۆ مهاباد بە گەرمی پێشوازی و بە خێرهاتنی مستەفا بارزانی و هەڤالانیان کرد.

هەر لە دوای سەردانەکەی قازی موحەمەد و هەڤالانی بۆ باکۆ و گەرانەوەیان بۆ مهاباد لەسەر پێشنیاری یەکێتی سۆڤیەت ناوی کۆمەلی (ژ-ك)یان گۆڕی بە (حیزبی دیموکراتی کوردستان)و قازی موحەمەد بوو بە سەرۆکی حیزب و

پەیڕەو و پرۆگرامی تایبەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانیان دانا و ئەمەش چەند خاڵێکە لە خاڵە گرنگەکانی پەیڕەوی ناوبراو:

١-دەبێ گەلی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان حکومەتێکی ئۆتۆنۆمی (خود موختاری هەبێت بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ئیدارەی نەتەوایەتی).

٢-دەبێ زمانی کوردی زمانی فەرمی بێت و بەکار بهێنرێت بۆ فێرکردن و خوێندن.

٣-دەبێ پەلە بکرێت بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پاسادانان بۆ کوردستان بەپێی دەستووری دەوڵەتی ئێران، وە دەسەلاتی بەکار بێنێت بۆ سەرپەرشتی کردنی کاروبارە گشتیەکان.

٤-دەبێ کارمەندو فەرمانبەرانی کوردستان کورد بن.

٥-ئەو دەستکەوتانەی کە کۆ دەکرێتەوە لە کوردستان دەبێ بۆ کوردستان خەرج بکرێت.

٦-حیزبی دیموکراتی کوردستان هەوڵ دەدات بۆ باشترین پەیوەندی و دۆستایەتی برایانە لەگەڵ گەلی ئازربایجان و برا کەمایەتیەکانی تر کە لەگەڵیاندا دەژین.

٧-حیزبی دیموکراتی کوردستان هەواڵ دەدات بۆ پەرەپێدان و فراوانکردنی باری رۆشنبیری و تەندروستی و ئابووری و بازرگانی و کشتوکاڵی بۆ گەلی کورد، لە پاش گۆڕینی ناوی (ژ-ك)بە حیزبی دیموکراتی کوردستان.

## ( قازی موحەمەدی پێشەوا و کۆماری کوردستان )

[١] قازی موحەمەد کوڕی عەلی قازی کوڕی میرزا قاسمی قازی کوڕی ئەحمەد قازیە، قازی موحەمەدی پێشەوا لە پێشدا ناوی میرزا موحەمەد هومامی قازی بوو، دواتر بە قازی موحەمەد ناوبانگی دەرکرد.

[٢] قازی موحەمەد لەدایك بووی (١٩٠٠/٥/١)لە شاری مهاباد، قازی موحەمەد یەك برای هەبوو ئەویش سەدری قازی بوو، وە یەك کوڕی بوو کە ئەویش عەلی قازیە کە تا (٢٠١٣)لە ژیاندا ماوە. قازی موحەمەد هەر لە منداڵیەوە لەلای عەلی قازی باوکی لە شاری مهاباد خوێندویەتی، وە ماوەیەکیش لەگەڵ موحەمەد حوسێن خانی قازی و سەیفی قازی لە خانەقای شەرەف کەندی خوێندویەتی. قازی موحەمەد قورئانی پیرۆز و شەریعەت و ئەدەبیاتی فارسی لەلای عەلی قازی باوکی خوێندوە لە شاری مهاباد.

[٣]قازی موحەمەد بێجگە لە زمانی کوردی زمانەکانی فارسی و عەرەبی و تورکی و ڕوسی و ئینگلیزی زانیوە. قازی موحەمەد بە بنەماڵە قازی زادە بووە و شارەزایی باشی بووە لە شەریعەت و یاساکانی ئیسلام و مێژوو و ئەدەبیاتی فارسی، وە پیاوێکی ئەدەب دۆست بووە.

قازی موحەمەد هەموو کاتێك پشتیوان و یارمەتیدەری قوتابیان و فەقێیان بووە لە شاری مهاباد و یارمەتی داوون و هانی داون بۆ خوێندن، وە قوتابیان و فەقێیان هەموو کات قازی موحەمەدیان بە مامۆستای خۆیان داناوە لە شاری مهاباد و ڕێزیان لێی گرتووە.

---

[١] بنەماڵەی قازی، خەلیل فەتاحی قازی، ل٩٠

[٢] هەندێك زانیاری سیاسی و مێژوویی، شەعبان عەلی شەعبان، ل٤٧

[٣] ئینسایکلوپیدیای گلشن، یاسین سابیر سالح، بەرگی دووەم، چ٢، ل١٢٧٠

قـــازی موحەمـــەد هـــەموو کاتێـــك حـــەزی دەکـــرد لـــە خوێندنـــەوەی کتێـــب و ڕۆژنامـەکان، وە شـارەزایی باشـی بـوو لـە مێـژوو و جوگرافیـا و بیرکـاری و ئـابووری و ئەدەب و دۆست بوو.

قـازی موحەمـەد حـەزی لـە وەرزش و مەلـەوانی دەکـرد، قـازی موحەمـەد لـە سـاڵی (١٩٢٦ن)بـوو بـە بەڕێوەبـەری زانـستەکان (معـارف)لـە شـاری مهابـاد، وە هـەوڵی زۆری دابوو بۆ کردنەوەی قوتابخانەی کوردی.

لـە ساڵی (١٩٣١ن) قـازی موحەمـەد کـراوە بـە قـازی ناوچـەی مۆکریـان هـەتا سـاڵی (١٩٤٥ن). قـازی موحەمـەد لـە سـاڵی (١٩٤٤ن)پەیوەنـدی کـردوە بـە کۆمـەڵی (ژ-ك)ەوە لـە پاشـان کـە کۆمەڵـەی (ژ-ك)بـوو بـە حیزبـی دیمـوکراتی کوردسـتان قـازی موحەمـەد بـەهۆی توانـاو لێهـاتوویی و ناوبـانگی لـە شـاری مهابـادو ناوچـەکانی، وە پـشتگیری کردنـــی لەلایـەن جـەماوەری مهابـاد و ناوچـەکانی هـەڵیان بـژارد بـە سەرۆك و ڕابەرو ڕێنیشاندەری حیزبی دیموکراتی کوردستان.

قازی موحەمەد لە ڕۆژی (١٩٤٦/٢٢/١ن)دامەزرانـدنی کۆمـاری کوردسـتانی ڕاگەیانـد. لـە شـاری مهابـاد، لـە مەیـدانی چوارچـرا، وە خـۆی بـوو بـە یەکـەم سـەرۆك کۆمـاری کـورد لـە مێـژووی نوێدا.

قـازی موحەمـەد لـە پـێش ئاشـکراکردنی کۆمـاری کوردسـتان لـە مهابـاد دووجـار سـەردانی ئازربایجـانی سـۆڤیەتی کـردوە و دانیـشتنی کـردوە لەگـەڵ (جەعفـەر بـاغیرۆف)سـەرۆك وەزیرانـی ئازربایجـانی سـۆڤیەتی بـۆ پـشتیوانی و پـشتگیری کردنـی گـەلی کـورد، وە مـل ملانـێتی زۆری کـردوە لەگەڵیانـدا بـۆ ئـەوەی کوردستان نەخەنە پاڵ ئازربایجانی ئێران.

قـازی موحەمـەد لـە دادگـایی کردنیـدا لەلایـەن دادگـای سـەربازی ئێرانـەوە دامەزرانـدنی کۆمـاری کوردسـتان و ئاشـکراکردنی خـستە ئەسـتۆی خـۆی، بـۆ ئـەوەی تـاوان و تۆڵەکـەی نەکەنـەوە لـە کەسـوکارو خـەڵکی شـاری مهابـاد و دانیـشتوانی ناوچـەکە، لـە پێنـاوی میللەتەکەیـدا لـە ڕۆژی (١٩٤٧/٣/٢٠ن)پـەتی سێدارەی کردە ملی خۆی و خۆی کرد بە قوربانی گەلی کورد و کوردستان.



قازی موحەممەدی پێشەوا،
سەرۆکی کۆماری کوردستان لە
مهاباد، سالی (١٩٤٦ز)



جەنەرال مستەفا بارزانی سەرۆکی گشتی فەرماندەی هێزە چەکدارەکانی کۆماری کوردستان، مەهاباد 1946پلەی جەنراڵی لە کۆماری کوردستان درا بە چوارکەس :مستەفا بارزانی و موحەمەدی سەیفی قازی ، سەدری قازی ، حەمەرەشید خانی بانە




پێشەوا قازی محەمەد لەڕۆژی 22ی کانونی دوهەمی 1946 لەناوەڕاستی شاری مهابادا
لەمەیدانی چوارچرا کۆماری کوردستان ئاشکرا دەکات بۆ جەماوەری کوردو جیهان

## ئاشکراکردنی کۆماری کوردستان لە مهاباد

[1] لـە ڕۆژی ٢٢ی کـانوونی دووەمـی سـاڵی (١٩٤٦ز)لـە کۆبوونەوەیـەکی فراوانـدا لـە شـاری مهابـاد لـە مەیـدانی چوارچـرا قـازی موحەمـەدی پێـشەوە دامەزرانـدنی کۆمـاری کوردسـتانی ڕاگەیانـدو ئاشـکرای کـرد، وە حکوسـەتێکی شـێوە فیـدراڵی دامەزرانـد و یەکـەم سـەرۆک کۆمـاری کوردسـتان و سـەرۆک وەزیـران و ئەنجومـەنی وەزیرانی بەم شێوەی خوارەوە ئاشکرا کرد:

١-قـازی موحەمـەدی پێـشەوا، سـەرۆکی حیزبـی دیمـوکراتی کوردسـتان و سـەرۆک کۆمار.

٢-حاجی بابەشێخ، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران.

[1] خەباتی چەکداری و ڕامیاری نەتەوایەتی کورد، نەجم سەنگاوی، ل٨١، لە کۆماری کورد، ویلیام ئەیگلتون جۆنیز، وەرگێڕاوە-سەید موحەمەد سەمەدی-وەری گێڕاوە بۆ سەر زمانی شیرینی کوردی.

٣-موحەمەد حوسێن سەیفی قازی جێگری سەرۆك وەزیران و وەزیری بەرگری.

٤-مەنافی کەریمی، جێگری سەرۆك وەزیران و وەزیری فەرهەنگ.

٥-سەید موحەمەدی ئەیووبیان، وەزیری تەندروستی.

٦-عەبدولڕەحمان ئیلیخان زادە، وەزیری دەرەوە.

٧-ئیسماعیل ئیلیخان زادە، وەزیری ڕێگاوبان.

٨-ئەحمەد ئیلاهی، وەزیری ئابووری.

٩-خەلیل خەسرەوی، وەزیری کارکردن.

١٠-کەریم ئەحمەدین، وەزیری پۆست و بروسکەو تەلەگراف.

١١-حاجی مستەفا داوودی، وەزیری بازرگانی.

١٢-موحەمەد ئەمین موعینی، وەزیری ناوخۆ.

١٣-مەلا حوسێن مەجدی، وەزیری داد.

١٤-موحەمەد وەلی زادە، وەزیری کشتوکاڵ

# ڕێکەوتنی ساڵی (١٩٤٤ز)ی نێوان ئێران و یەکێتی سۆڤیەت

[1]لە مانگی نیسانی ساڵی (١٩٤٤ز)سەرۆك وەزیرانی ئێران ڕێکەوت نامەیەکیان لەگەڵ باڵوێزی یەکێتی سۆڤیەت لە تاران (ئای.جی، سەد جیکۆف)مۆر کرد دەربارەی دامەزراندنی کۆمپانیای هاوبەشی نەوتی ئێرانی و سۆڤیەتی لە ئێران بەرامبەر بە کشانەوەی سوپای سووری یەکێتی سۆڤیەت لەناو خاکی ئێران هەتاوەکو مانگی مایسی هەمان ساڵ.

١ وە بریار وابوو ئەم ڕێکەوت نامەیە بدرێت بە ئەنجومەنی پازدەهەمی (پەرلەمانی)ئێران بۆ پەسەندکردنی و بریاردان لەسەری.

وە کێشەی ئازربایجان دابنرێت بە کێشەی ناوخۆی ئێران، ئەم ڕێکەوتنەی سەرۆك وەزیرانی ئێران و باڵوێزی یەکێتی سۆڤیەت لەلایەن ئێرانەوە پشت گوێ خراو بایەخیان پێی نەداو ددانیان پیادا نەنا. دەوڵەتی ئێران داوایان کرد لە باڵوێزی یەکێتی سۆڤیەت لە تاران بۆ کێشەی کۆمپانیای هاوبەشی نەوتی (ئێران سۆڤیەت)بکەوێتە پاش تەواوبوونی جەنگی جیهانی دووەم، یەکێتی سۆڤیەت بۆیان دەرکەوت کە حکومەتی ئێران بە ئاسانی مل کەچ ناکەن بۆ دامەزراندنی کۆمپانیای ناوبراو.

بۆیە میدیاو دەزگاکانی ڕاگەیاندنی یەکێتی سۆڤیەت، کەوتنە بڵاوکردنەوەی پروپاگەندەو هێرش کردنی ڕاگەیاندن بۆ سەر دەوڵەتی ئێران و ناوزڕاندنی لە ڕۆژنامەو دەزگاکانی میدیا و ڕاگەیاندنی سۆڤیەت لە ڕادیۆ و ڕۆژنامەکاندا و تاوانبارکردنی سەرۆك وەزیرانی ئێران و دام و دەزگاکانیان.

سەرۆك وەزیرانی ئێران ناچار بوو لە ترسی هێرشی یەکێتی سۆڤیەت دەستی هەلگرت لە پۆستەکەی، وە ئەنجومەنی (پەرلەمانی)پازدەی ئێران بریاری قەدەغەکردنی دامەزراندنی هەموو جۆرە کۆمپانیایەکی نەوتی ئێران لەگەڵ

---

[1] کۆماری کورد، ویلیام ئینگلتن جۆنیر، وەرگێڕانی، لە خەباتی چەکداری و ڕامیاری نەتەوایەتی کورد، نەجم سەنگاوی، ل٨٢

دەوڵەتە بێگانەکاندا لەناو خاکی ئێران بڵاو کردەوە، لە پاش بڵاوکردنەوەی بڕیارەکەی ئەنجومەنی پازدەهەمی ئێران، یەکێتی سۆڤیەت بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆیان و بە دەست هێنانی بەشێك لە نەوتی ئێران لە پێش تەواو بوونی جەنگی جیهانی دووەم، پەنایان برد بۆ بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد و ئازەر لەناو سنووری ئێراندا و هاندان و یارمەتیدانیان بۆ دامەزراندن و ئاشکرا کردنی هەر دوو کۆماری کوردستان و ئازربایجان، بۆ فشار خستنە سەر دەوڵەتی ئێران و ناچارکردنی بۆ مل کەچ کردنیان بۆ دامەزراندنی کۆمپانیای نەوتی (ئێرانی–سۆڤیەتی)هاویەش.

# پیلانی دەوڵەتی ئێران و پێك هاتنی لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت

[1] لە ڕۆژی (١٩٤٦/١/٢٢ن)کۆماری کوردستان لە مهاباد ئاشکرا کراو دامەزرا لە سەرەتای مانگی شوباتی ساڵی (١٩٤٦ن)دەوڵەتی ئێران بۆ خۆ ڕزگارکردن لە هەر دوو کۆماری کورد و ئازەر و هێرشی سوپای سووری سۆڤیەت و دەرکردنیان لەناو خاکی ئێران کەوتنە خۆیان بۆ نەخشەو پیلان دانان، بۆ ئەم مەبەستە (ئیبراهیم حەکیم حەکیمی)سەرۆك وەزیرانی ئێران بوو دەستیان پێی کێشایەوە لە کابینەکەی و لایان برد و (ئەحمەد قەوام سەڵتەنە)یان هێناو کردیان بە سەرۆك وەزیرانی ئێران و وەزارەتێکی نوێی پێك هێنا بۆ جێبەجێکردنی پیلانەکەیان، بۆ ئەم مەبەستە لە وەزارەتەکەیدا سێ وەزیری لە پارتی (تودە-پارتی شیوعی ئێران)خستە ناو وەزارەتەکەیەوە، ئەمانەش ناوی ئەو وەزیرانەیە کە سەر بە (پارتی تودە)بوون.

١-دکتۆر یەزدی، وەزیری تەندروستی.

٢-ئەیرەجی ئەسکەندەر، وەزیری پیشەسازی.

٣-وەکشا، وەزیری فەرهەنگ.

وە دەستیان کرد بە بەردان و ئازادکردنی هەموو بەندکراوە سیاسیەکان بە تایبەتی ئەندامانی پارتی تودە کە سەر بە یەکێتی سۆڤیەت بوون، وە دەستیان کرد بە بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی ئازادی و دیموکراتی و سۆسیالستی، وە ئازادی بیروباوەڕ و دامەزراندنی (سەندیکاکانی)کرێکاران و پیشەییەکان و دانانی ١ی ئایار بە جەژنی کرێکاران، وە دیاریکردنی هەشت کاتژمێر بۆ ئیشکردنی کرێکاران و پشوودانی کرێکاران و ماوەدان بە پارتە سیاسیەکان لەناو ئێران بۆ ڕێکخستنی پارتایەتی بە شێوەیەکی ئاشکراو

---

[1] خەباتی چەکداری و ڕامیاری نەتەوایەتی کورد، نەجم سەنگاوی، ل٨٢

ئازادانــــە، هــــەروەها پەیمانیانـــدا بـــە گـــەلی ئێـــران ئـــە هەڵبـــژاردنی ئـــازاد لەسەرانسەری ئێراندا دەست پـێ دەکـات بـۆ هەڵبـژاردنی پەرلـەمانی ئێـران، وە گفت و بەڵێنیان دا بە گەلی ئێران کە جارێکی تر حوکمڕانی دکتاتۆری لە ئێران نابینرێت، بەم گفتو بەڵێنانە دڵی گەلی ئێرانیان خۆش کرد و ئومێدی ئازادیان لـەلا دروست بـوو، وە جـەماوەری ئێـران دادەبەزینـە سـەر شـەقامەکان بـۆ دەربـڕینی ڕاو داواکارەکانیان و پشتگیری کردنی بڕیارەکانی حکومەتەکـەی قەوام سەڵتەنە و هەڵمژینی هەوای ئازادی و دیموکراتی.

لـە سـەرەتای مـانگی مـارت-ئـازاری (١٩٤٦ز)قـەوام سـەڵتەنە سـەرۆك وەزیرانـی ئێران لەگەڵ چەند وەزیرێکدا ڕۆیشتن بـۆ یـەکێتی سـۆڤیەت بـۆ مۆسکۆ و لەگەڵ (ئەسـتالین)دانیـشتن و کۆبوونـەوە بـەناوی حکومـەتی ئێـران و یـەکێتی سـۆڤیەتەوە، وە هـەردوو لا پێکهـاتن و پـەیمانی دامەزرانـدنی کۆمپانیـای نـەوتی ئێران سۆڤیەتیان بەم شێوەی خوارەوە مۆرکرد:

یەکـەم: هـەر دوولا دەوڵـەتی ئێـران و یـەکێتی سـۆڤیەت بـۆ دامەزرانـدن و دروستکردنی کۆمپانیایەکی هاوبەشی نـەوت بـەناوی (کۆمپانیـای نـەوتی ڕوسـی و ئێرانـی)لـە تـاران، پێك هـاتن لەسـەر ئـەوەی کـە دەوڵـەتی ئێران مـافی گـەڕان دەدات بـە دەوڵـەتی سـۆڤیەت بـۆ گـەڕان و دۆزینـەوەی نـەوت و دەرهێنـانی، وە دەستگیربوونی نـەوت و پێـك هاتـەکانی کـە لێـی دەردەهێنرێـت لـەو زەویانـەی بەشی یەکەم لە مادەی دووەمی ئەم پێکهاتنە دیاری دەکات، هەروەها مافی فرۆشتن و گواستنەوەی نـەوت و ئـەو ماددانـەی کـە لێـی دەردەهێنرێـت لـەناو ئێـران و دەرەوەی ئێـران دەدرێـت بـە ڕوسـیا. وە دامەزرێنـەری کۆمپانیاکـە ئەمانەن:

لایەنی یەکەم: وەزارەتـی دەوڵـەتی یـەکێتی سـۆڤیەت ئیش و کـاری دەرهێنـانی نەوتـە (پـترۆل)بـەناوی (نـەوتی ئەسـتالین)ەوە وەکـو کۆمپانیـای گـشتی سـۆڤیەت کە ناوی (کۆمپانیای ناردنە دەرەوەی نەوتی سۆڤیەتە).

**لایەنی دووەم:** دەوڵەتی ئێرانە کە بەپێی ئەم پەیمانە لە ماوەی سێ مانگدا کۆمپانیا دادەمەزرێت و لە دوای ئەوە هەردوو دەوڵەت ئیمزای دەکەن و دەکەوێتە کار.

**ماددەی دووەم:** سنوری ئیمتیازی کۆمپانیا، سنووری ئەو نەخشەیە کە لەگەڵ ئەم پەیمانەدایە، وە بەشێکی جیانەکراوەیە لە پەیمانەکە.

دەبێ دەوڵەتی ئێران پەیمان بدات کە سنووری زەوییەکانی رۆژئاوای ئازربایجان کە لە خەتی لەیەکدانی سنووری روسیای سۆڤیەتی و تورکیا و ئێرانەوە درێژ دەبێتەوە بۆ خوارەوەی رۆژهەلاتی گۆماوی رەزئیە (وورمێ، ن.س)هەتا زەویەکانی نێوان هەردوو ئاوی (میاندواو)وەکو لە نەخشەی ناوبراو نەخشەی کێشراوە، لەو شوێنانەی کە دیاری کراون، هیچ ئیمتیازێك نادرێت بە هیچ کۆمپانیایەکی بێگانە، یان ئێرانی و بێگانە. هەروەها کەڵکیش لەسەرمایەی بێگانە وەرناگیرێت. وە لە ماوەی (١٠)ساڵی یەکەمی جێبەجێکردنی ئەم پەیمانەدا کۆمپانیا لە زەوی بەشی یەکەمدا دەگەڕێت بۆ نەوت، وە ئەو زەویانەی کە بۆ ئیش و کاری نەوت دەرهێنان و پاڵاوتنی پێویست بێت هەڵ دەبژێردرێت هەروەها چەند پارچەیەك زەوی کە کۆمپانیا پێویستی دەبێت بۆ دامەزراندنی دەزگاکانی و ئیش و کارەکانی هەڵدەبژێردرێت.

لە کاتێکدا ئەو زەوییەی کە هەڵدەبژێردرێت مولکی دەوڵەت نەبوو ئەوا کۆمپانیا نرخی زەویەکە دەداتە خاوەنی مولکەکە و بۆیان دەبژێردرێت بەپێی ئەو نرخەی کە دەوڵەت دیاری دەکات، لە پاشان ئەو زەوییانە دەبنە مولکی کۆمپانیا.

**ماددەی سێیەم:** أ-دەستکەوت و سەرمایەی کۆمپانیا بەپێی رێککەوتنی هەر دوو لای هاوپەیمان دەبێت لە ٢٥ ساڵی یەکەمدا بەشی ئێران ٤٩٪ی بەش (سەهم)دەبێت.

ب-سەرمایەی دانراوی هاوبەش لە کۆمپانیاکەدا بەم جۆرە دەبێت:

سەرمایەی ئێران زەویەکانیەتی کە لە ماددەی دووەمدا دەست نیشان کراون لە پاش تەواوبوونی کاری تەکنیکی و هەڵکەندنی بیرەکانی نەوت وە بە دەست هێنانی نەوتی بەسوود و کەڵك.

**سەرمایەیەی روسیا:** هەموو خەرج و مەسرەف و موچەی فەرمانبەران و کرێکاران دەبێت لەگەڵ ئەو کەرەستانەی کە بۆ دۆزینەوەی نەوت و بەرهەمەکانی نەوت بەکار دێت و پێویست دەبێت، وە هەموو پێویستیەکی تریش.

**ماددەی چوارەم:** پوختی قازنج بەپێی بەش و سەهمی هەر لایەك دابەش دەکرێت.

**ماددەی پێنجەم:** دەوڵەتی ئێران لێپرسراوە لە پارێزگاری کردن و دابینکردنی پاراستنی کۆمپانیا و بیرەکان و هەموو دامەزراوەکانی کۆمپانیا بەهۆی هێزی پۆلیسی ناوخۆوە.

**ماددەی شەشەم:** کۆمپانیا بۆی هەیە هەموو پێویستی ئامراز و کەرەستەی خاو و هەر شتێکی تر و هەموو ئامرازەی دەرمان و پێویستیەکانی تەندروستی گشتی لە دەرەوە بهێنێت (بۆ ئێران، ن.س)بەبێ باج و گومرگ، هەروەها کۆمپانیا بۆی هەیە نەوت و بەرهەمەکانی نەوت و بەرسەمی دەزگاکانی نەوت بنێرێت بۆ دەرەوە بەبێ ئەوەی وێنەی گومرگ و باج بدات (بە دەوڵەتی ئێران، ن.س)وە کرێکارانی روسیا و وڵاتانی یەکێتی سۆڤیەت دەبێ لە پێش هەموو کرێکارێکی ترەوەبن (بۆ دامەزراندن و کارکردن لە کۆمپانیای ناوبراو، ن.س).

**ماددەی حەوتەم:** دەوڵەتی ئێران دەبوورێت لە پارەی هەموو باج و گومرگ و وێنەی هەموو باجێکی تر.

**ماددەی هەشتەم:** لە پاش تەواو بوونی ماوەی ئەو پەیمانە دەوڵەتی ئێران بۆی هەیە هەموو بەش و سەهمەکانی روسیا بکڕێتەوە ئەگەر ویستی، وە دەتوانێت ماوەی پەیمانەکە درێژە پێ بدەدات بە ڕەزامەندی هەر دوولا (ئێران و سۆڤیەت، ن.س).

**ماددەی نۆیەم:** هەر بە ئیمزاکردن و سەلماندنی ئیمزاکان لەلایەن ئەنجومەنەوە (پەرلەمانی ئێرانەوە، ن.س)پەیمانەکە جێبەجێ دەکرێت.

ئەم پەیماننامەیە بە دوو زمان نووسراوەتەوە، یەکەمیان بە زمانی فارسی و دووەمیان بە زمانی روسی، وە هەر دوو نووسراوەکە بە هەردوو زمان وەکو یەکن لە رووی یاسا و باوەرپێکردنەوە، ئەم پەیمان و بریارەی ئێران و یەکێتی سۆڤیەت بەستیان بۆ دامەزراندنی کۆمپانیای هاوبەشی نەوتی ئێران و سۆڤیەت دەبێ لەگەڵ ئیمزاکردن و ئاشکراکردنی هەموو سوپای سووری سۆڤیەت لە ماوەی ٣-٤ مانگ بکشێتەوە لەناو خاکی ئێران (رۆژهەلاتی کوردستان و ئازربایجان، ن.س)هەروەها کێشەی کورد و ئازەر دادەنرێت بە کێشەیەکی ناوخۆی ئێران، وە ئێران خۆی چارەسەری دەکات بە رێگای هەڵبژاردنی پەرلەمانەوە، وە لەسەر دەوڵەتی یەکێتی سۆڤیەتە کە هەموو جۆرە یارمەتیەك ببرێت لە هەردوو (کۆماری کوردستان و ئازربایجان).

وە دەوڵەتی ئێران لێبووردنی گشتی دەردەکات بۆ ئەوانەی کە بەشداریان کردوە لە دامەزراندنی هەردوو کۆماری کوردستان و ئازربایجان. وە پەیمانی دامەزراندنی کۆمپانیای نەوتی هاوبەشی ئێران و سۆڤیەت لەلایەن دەوڵەتی ئێرانەوە لە پاش ساڵێك بەکشانەوەی سوپای سووری سۆڤیەت لەناو خاکی ئێراندا جێبەجێ دەکرێت، بۆ ئەوەی کە پەرلەمانی نوێی ئێران هەڵبژێردرێتەوە و پەسەندی بکات و بریاری لەسەر بدات و واژوو و (مۆری)بکەن.

ئیمزاکەران:

١-لەباتی دەوڵەتی یەکێتی سۆڤیەت (ساوجیکۆف)باڵوێزی یەکێتی سۆڤیەت لە تاران.

٢-لەباتی دەوڵەتی ئێران (ئەحمەد قەوام سەڵتەنە)سەرۆك وەزیرانی ئێران.

لە پاش تەواوبوونی نەخشەو پیلانەکەی ئێران بۆ کشانەوەی سوپای سووری سۆڤیەت لەناو خاکی ئێران و لەناوبردنی هەر دوو کۆماری کوردستان و کۆماری ئازربایجان سەرۆك وەزیرانی ئێران (ئەحمە قەوام سەڵتەنە)و وەزیرەکانی دەستیان هەڵگرت لە پۆستەکانیان. لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی (١٩٤٧ز)ئەو پێکهاتن و پەیمانەی ئێران و یەکێتی سۆڤیەت بۆ دامەزراندنی

کۆمپانیـای نـەوتی هاوبـەش دایـان بـە پەرلـەمانی نـوێی ئێـران بۆ پەسـەند کـردن و بڕیاردان لەسەری.

بـەپێی ئـەو نەخـشەو پیلانـەی کـە دەوڵـەتی ئێـران داینـابوو بـۆ تـەفرەدانی یـەکێتی سـۆڤیەت (ڕوسـیا)پەرلـەمانی هەڵبـژێردراوی نـوێی ئێـران بـە کـۆی دەنـگ پێکهاتنەکـەی سـەرۆك وەزیرانـی (ئەحمـەد قـەوام سـاڵتنە)یـان ڕەتکـردەوە و پەسندیان نەکردو بڕیاریان نەدا لەسەری.

پەسـەند نـەکردن و بڕیارنـەدانی پەرلـەمانی ئێـران لەسـەر دامەزرانـدنی کۆمپانیـای نـەوتی هاوبەشـی (ئێـران و سـۆڤیەت)بـڵاو کرایـەوە لـە دەزگاکـانی ڕاگەیانـدنی ئێـران لـە ڕادیـۆ و ڕۆژنامـەکانی ئێـران و میـدیاکانیان، وە وێنەیـەکی کـاری کـاتێری سـەرۆك وەزیرانـی پێـشوو (ئەحمـەد قـەوام سـەڵتەنە)یـان لـە ڕۆژنامـەی کیهـانی ئێـران بـە دوو تەنەکـە نەوتـەوە بـڵاو کـردەوە و لـە خـوارەوەی وێنەکـە نووسـرابوو (ئـەوەی پـەیمانی کۆمپانیـای هاوبەشـی نـەوتی ئێـران سـۆڤیەتی واژوو (مـۆر)کـردوە با یەکێتی سۆڤیەت بەشە نەوتەکەی خۆی لێ وەربگرێت).

# كۆماری كوردستان و كۆماری ئازربایجان

كۆماری كوردستان لە مهاباد لەسەر بنچینەو بیروباوەری نەتەوایەتی دیموكراتی پێكهاتبوو و دامەزرابوو، وە ئامانجەكانی ئازادكردنی كوردستان و دوارۆژێكی رزگاری و سەربەخۆیی هەموو بەشەكانی تری كوردستان و یەكگرتنی گەلی كورد بوو.

ئەم بیروباوەر و بۆچوونانەش هەر لە سەرەتای دامەزراندنی كۆماری كوردستانەوە دەركەوت كە بەشەكانی تری كوردستان بەشداریان كرد لە دامەزراندنیدا وەكو بەشداری كردنی مستەفا بارزانی و دوانزە ئەفسەری پلەداری باشووری كوردستان و زیاتر لە سێ هەزار پێشمەرگە لەگەڵیاندا بوو لەگەڵ كۆمەڵێك لە پیاوانی رۆشنبیر و سیاسی و نیشتیمان پەروەری هەموو بەشەكانی تری كوردستان، بەڵام مستەفا بارزانی و هەڤاڵانی دیارو ئاشكرا بوون و دەوری كاریگەریان بینی لە دامەزراندنی كۆماری كوردستان و هێزی سەرەكی بوون و فیداكاری و قوربانیاندا لە پێناوی پاراستنیدا.

لەبەر سیاسەتی ئەو رۆژانەی نێودەوڵەتی و بارودۆخی كۆماری كوردستان ناوی پیاوانی سیاسی و رۆشنبیر و نیشتیمان پەروەرانی بەشەكانی تری كوردستانیان ئاشكرا نەكرد، لەگەڵ ئەوەی هەندێكیان لەناو شاری مهاباد دا بوون و كاری سیاسیان دەكرد و هەندێكی تریان پەیوەندی و پشتیوانی بەردەوامیان هەبوو لەگەڵ سەركردایەتی كۆماری كوردستان.

بەڵام كۆماری ئازربایجان لە تەورێز ئازەر بوون و زمانەكەیان توركی بوو، هاوسنوور بوون لەگەڵ كۆماری ئازربایجانی سۆڤیەتی هاوزمان و نەتەوەیان. بەهۆی ئازربایجانی سۆڤیەتەوە بیروباوەری ماكسیزم و شوعیەت (حیزبی تودەی ئێران)لە ناویاندا بلاو ببووەو كۆماری ئازربایجانیان لەسەر بنچینەی ماركیسزم و شوعیەت دامەزراندبوو، وە بەربەرەكانی سەرمایەداری و موڵكداری و دەربەگایەتی و رۆژئاواو ئەمەریكایان دەكرد.

لەسەرەتادا سەرۆك وەزیرانی ئازربایجانی سۆڤیەت (باغیرۆف)هەوڵی زۆری دا بۆ ئەوەی كۆماری كوردستان بكات بە بەشێك لە كۆماری ئازربایجانی ئێران و كوردیش جۆرێك لە ئۆتۆنۆمی (خود موختاری)یان هەبێت لە چوارچێوەی كۆماری ئازربایجان.

بەلام سەركردايەتی كۆماری كوردستان لە مهاباد پێيان داگرت لەسەر ئەوەی كە دەبیٚ كۆماری كوردستان فيدراليەتی سەربەخۆ بێت و ژێردەستەی ئازربايجان نەبێت. هەندێك جياوازی و ناكۆكی هەبوو لە نێوان كۆماری كوردستان و كۆماری ئازربايجان دەربارەی سنووری نێوانيان و شوێن و جێگاكانی ئەو ناوچانەی كە كورد و ئازەر تێكەڵ بوون، ن.س.

[1] لە ناوەڕاستی مانگی نيسان ئەبريلی ساڵی (١٩٤٦ز)بە ناوبژی و يارمەتی ڕاوێژكارو كونسوڵی يەكێتی سۆڤيەت (هاشم ئۆف)لە تەوريز، وە بە ئامادەبوونی بەرپرسانی هەردوو كۆمار پێكهاتن لەسەر:

١-لە هەر ناوچەو جێگايەك كە هەردوو حيزب (ی ديموكراتی كوردستان و تودەی ئازربايجان، ن.س)بە پێويستيان زانی نوێنەری هەردوو لايان تيادا دەبێت لە هەردوو ناوچەی ژێر دەسەلاتی هەردوو لايان و دەسەلاتی پێويستيان هەبێت.

٢-لە ناوچەكانی ئازربايجان لە هەر شارو جێگايەك ژمارەو سەر ژمێری كورد زياتر بێت دەبیٚ كورد هەڵبژێردرێت بۆ سەرۆكی ئيداری شارەكە، وە هەر ناوچەيەكی كوردستانيش زۆربەی ئازەر بن بە پێچەوانەوە دەبێت (لە ئازەر هەڵدەبژێردرێت بۆ سەرۆكی ئيداری شارەكە، ن.س).

٣-هەردوو حكومەت (كوردستان و ئازربايجان، ن.س)يەك كۆميتەی هاوبەشی ئابووريان دەبێت بۆ چارەسەركردنی گيروگرفتی (ی بازرگانی، ن.س)نێوانيان، وە بڕياری كۆميتەكە ڕێزی لیٚ بگيرێت لەلايەن بەرپرسانی هەردوو لا و بخرێتە بەرچاو.

٤-(هەردوو لا هاوپەيمان دەبن، ن.س)لەكاتی پێويستدا هاوكاری سەربازی يەكتر دەبن وە هەردوو لا پشتگيری يەكتر دەكەن (ئەگەر دەوڵەتی ئێران هێرشی كرد بۆ سەر هەر لايەكيان، ن.س).

٥-لەكاتی هەر جۆرە وتوێژ و پێكهاتنێك لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی (ئێران، ن.س)دەبیٚ بە ئاگاداری و ڕاوێژكاری و ڕەزامەندی و بەشداری هەردوو لا بێت.

---

[1] كۆماری كوردستان، ساڵی (١٩٤٦ز)، ويليام ئەيگلتون جۆنێز، وەرگێرانی سەيد موحەمەد سەمەدی، ل٣٨

٦-دەبێ حكومەتی ئازربایجان گەشە بدات بە فەرهەنگ و زمانی كوردی لەو شوێن و جێگانەی كە زۆربەی دانیشتوانی كوردن، وە هاوكاری پێویستیان بكات، وە ئەو شوێن و جێگانەی كە زۆربەی دانیشتوانی ئازەرن بە هەمان شێوە دەبێ حكومەتی كوردستان گەشە بدات بە فەرهەنگ و زمانی ئازەری و هاوكاری پێویستیان بكات.

٧-هەركەس و لایەنێك هەوڵی تێكدانی دۆستایەتی مێژوویی و یەكێتی ئەو دوو گەلە (ی كوردی و ئازەر، ن.س)بدات یان نكوڵی یەكێتی و نەتەوایەتیان بكات پێویستە بەهەردوو لایان بەرەنگاری ببنەوە و سەركوتی بكەن.

لە دوای پێكهاتن و ئیمزاكردنی لەلایەن نوێنەرانی كورد و ئازەرەوە، نوێنەرانی كورد گەڕانەوە بۆ مهاباد و قازی موحەمەد و سەركردەكانی سوپای كوردستانی كۆ كردەوە و باسی ئەنجامی كۆبوونەوە و پێكهاتنەكەی تەوریزی لەگەڵ سەركردەكانی كۆماری ئازربایجان كرد بۆیان، وە پێیانی ڕاگەیاند كە ئێمە لەگەڵیاندا هاوپەیمانین، وە سوێندی دان كە هەر كاتێك هێرش كرایە سەر كۆماری ئازربایجان ئەوان (وەكو سوپای كوردستان، ن.س)ئامادەبن و بەرگریان لێ بكەن.

هەر لە پاش مانگێك بە پێكهاتنەكەی نێوانیان لە تەوریز، [٢] لە كۆتایی مانگی مایسی (١٩٤٦ن)و لە پاش بڵاوبوونەوەی وتارێكی سەرۆك وەزیرانی ئێران (ئەحمەد قەوام سەڵتەنە)كە دەڵێت: پێویستە هەوڵی چارەسەرێك بدرێت بۆ كێشەی ئازربایجان لەگەڵ دەوڵەتی ئێران بۆ گەڕانەوەی ئاسایش و ئارامی، حكومەتی ئێران (موزەفەر فەیروزی)یان نارد بۆ تەوریز و سەرۆك كۆماری ئازرباجیان (جەعفەر پێشەوەری)پێشوازی لێی كرد بەبێ پرس و ڕاوێژكردن لەگەڵ سەركردە و بەرپرسانی كۆماری كوردستان، دەستیان كرد بە وتوێژكردن لەگەڵ موزەفەر فەیرۆزیدا و پێكهاتن هەر لەو ڕۆژانەدا دەستیان كرد بە بڵاوكردنەوەی یەك پارچەیی خاكی ئێران و پێداگرتن لەسەر ئەوەی كە ئازربایجان بەشێك بووە لە خاكی ئێران، وە ئەو كێشەو گیروگرفتانەی كە دروست بوون لەگەڵ ئێران هەموو كێشەی ناوخۆیین و دەبێ چارەسەر بكرێن.

---

[٢] هەمان سەرچاوە، ل٥٠

لە ٢٧ی مایسی ساڵی (١٩٤٦ز)(جەعفەر پێشەوەری)بڵاوی کردەوە و ڕاگەیاندن و گوتی: بۆ پاراستنی ئازرباجیان زۆر پێویستە وتوێژ بکرێت لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی ئێران، چونکە ئەمەریکا و بەریتانیا دەیانەوێت سوودو کەڵك وەربگرن، لە کێشەی ئازربایجان و گرێ کوێرە دروست بکەن بۆ دەوڵەتی ئێران، وە سوود و کەڵك وەربگرن دژی دۆست و پشتیوانی گەورەی ئێمە کە یەکێتی سۆڤیەتە.

وە یەکێتی سۆڤیەت هەوڵی دەدا کە ئەمەریکا و بەریتانیا نفوسیان نەمێنێت لەناو ئێراندا، وە ئێرانیش دەست بکات بە هەڵبژاردنی پەرلەمانی نوێ، چونکە ڕوسەکان وایان دانابوو ئەگەر هەڵبژاردنی پەرلەمانی نوێی ئێران بکرێت حیزبی (تودە)ی ئێران سەرکەوتن بەدەست دێنێت و ئەندامێکی زۆری حیزبی تودە لەناو پەرلەمانی ئێراندا دەبن و ئێران بەرەو یەکێتی سۆڤیەت دەبەن، وە ڕێگا خۆش دەکەن بۆ ڕێکەوتنی دامەزراندنی کۆمپانیای نەوتی (ئێرانی–سۆڤیەت).

لە ئەنجامدا لە ١٣ی نیسانی ساڵی (١٩٤٦ز)جەعفەر پێشەوەری ڕێکەوت لەگەڵ موزەفەر فەیروزی، وە ڕێکەوتن لەسەر پانزە خاڵ و و هەردوو لایان ئیمزایان کرد.

لە پێکهاتنەکەیان یەکێك لە خاڵەکان دەڵێت هێزی چەکداری ئازربایجان بوو بە بەشێك لە ئەرتەشی ئێران، خاڵێکی تر دەڵێت: کۆمەڵێك لە باوەڕپێکراوانی ئازربایجان لەلایەن ئەنجومەنی ئازربایجانەوە بناسرێن بە دەوڵەتی ناوەندی ئێران، وە لە ناویاندا یەکێك هەڵدەبژێرن بۆ ئۆستانداری ئازربایجان.

لە بەندی ١٣ی ڕێکەوتنەکەدا ڕوونکردنەوەیەك بۆ کوردانی ناو ئازربایجان کرابوو ئەویش دەڵێت ئەو کوردانەی کە لەناو ئازربایجان دەژین دەتوانن سوود وەربگرن لە ڕێکەوتن نامەکە.

# داڕووخانی كۆماری كوردستان و لێقەومانی گەلی كورد

[1] ئـا بـەم شـێوە دوو كۆمـاری سـاوای دوو نەتـەوەی چەوسـاوە و ژێـر دەسـتی وەكـو كـورد و ئازەریـان پێـشێل كـرد، تـەفرەیان دان و دایـان بـە دەم گورگـەوە لـە پێنـاوی بەرژەوەنـدی تایبـەتی و كۆمپانیـای نـەوتی هاریەشـی ئێـران و ڕوسـی دۆڕاو.

لـە دوای واژوو (مـۆر)كردنـی سـەرەتایی پێكهـاتنی پـەیمانی نـاوبراو لەلایـەن (ساوچـیكۆ)بـالوێزی ڕوسـیا لـە تـاران و (ئەحمـەد قـەوام سـەڵتەنە)سـەرۆك وەزیرانـی ئێـران، ڕوسـیای سۆڤیەتی ئاگـاداری بەرپرسـانی هـەر دوو كۆمـاری كـورد و ئازەریـان كـردەوە بـە ئـەوەی كـە گوایـە دەوڵـەتانی هاوپـەیمانی جـەنگی جیهـانی دووەم بڕیاریـان داوە ناوچـەكانی كوردسـتان و ئازربایجانـبـان خـستوەتەوە سـەر سـنووری دەوڵـەتی ئێـران، وە سـوپای سـووری سۆڤیـەت و بـەریتانیا دەكـشێنەوە لـەناو سـنوورەكانی ئێـران، بـا هـەردوو كۆمـاری كـورد و ئـازەر چارەسـەری خۆیـان بكـەن، چـونكە یـەكێتی سـۆڤیەت ناتوانێـت بڕیـاری هاوپـەیمانان بـشكێنێت و یارمەتیان بدات و بیان پارێزێت.

بـە ئیمزاكردنـی سـەرەتایی پێكهاتنەكـەیان لـە مـاوەی دوو مانگـدا سـوپای سـووری سۆڤیەت كشایەوە لەناو خاك و سنوورەكانی ئێران و بەجێیان هێشت.

دەوڵـەتی ئێـران كـە دڵنیـا بـوون لـەوەی كـە سـوپای سـووری یـەكێتی سـۆڤیەت لـە هـەموو خـاكی ئێـران دا كـشاونەتەوە و پـشتیان هـەڵكردوە لـە هـەردوو كۆمـاری كورد و ئازەر.

لـە ڕۆژی ١٣ی كـانوونی یەكـەمی سـاڵی (١٩٤٦ز)سـوپای ئێـران ڕوویـان كـردە شـاری تـەورێز پایتـەختی كۆمـاری ئازربایجـان و بـەبێ تەقـە و بـەرگری كـردن چوونە ناو شارەكەوە و داگیریان كرد.

---

[1] خەباتی چەكداری و ڕامیاری نەتەوایەتی كورد، نەجم سەنگاوی، ل٨٦

جەعفەر پێشەوەری سەرۆك کۆماری ئازەربایجان و هەموو ئەندامانی دەوڵەتەکەی هەڵهاتن و ڕۆیشتن بۆ یەکێتی سۆڤیەت، لە دوای داگیرکردنی شاری تەوریز و ناوچەکانی ئازربایجان دەبوایە قازی موحەمەدی پێشەواو سەرکردایەتی کۆماری کوردستان هەڵوێستی خۆیان ڕوون بکردایەتەوە، بۆ ئەو مەبەستە قازی موحەمەدی پێشەوا کۆبوونەوەیەکی کرد بە ئەنجومەنی وەزیران و ڕابەر و سەرکردەکانی سوپای کوردستان و لە سەرەتادا داوای شورایەکی بەرگری کرد لێیان.

لە کۆبوونەوەی شورادا گەیشتنە ئەو بڕیارەی کە بەرەنگاری سوپای ئێران ببنەوە و بەرگری بکەن لە کۆماری کوردستان، بەڵام قازی موحەمەدی پێشەوا بڕیارەکەی هەڵگرت بۆ ڕای گشتی لە مزگەوتی (هەباس ئاغا)، پێشوەخت ئاگاداریان بڵاو کردەوە بۆ ئامادەبوونی خەڵکی لە مزگەوتەکەدا.

خەڵکێکی زۆر لە بەرپرسانی کۆمار و ئاغاو سەرۆك عەشیرەتەکان و پیاوانی دەم ڕاستی مهاباد و ناوچەکە لە مزگەوتەکەدا ئامادەبوون و کۆبوونەوە و قازی پێشەوا قسەی بۆیان کرد و باسی باروودۆخی کوردستان و ئازربایجان و ناوچەکەی کرد بۆیان، وە دەربارەی کشانەوەی سوپای سووری سۆڤیەت لە ناوچەکەداو بێ گفت و بەڵێنیان، وە پێك هاتنیان لەگەڵ دەوڵەتی شاهەنشایی ئێران و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان و دامەزراندنی کۆمپانیای هاوبەشی نەوتی ئێران سۆڤیەت لە نێوانیاندا، وە باسی کردبوو بۆ خەڵکەکەو گوتبووی ئێمە لە کۆبوونەوەی شورادا بڕیاری بەرگری کردنمان داوە لە کۆماری کوردستان، ئایە ڕای ئێوە چییە؟ بە گشتمانەوە بەرگری بکەین بۆ مانەوەی کۆماری کوردستان یان نا؟.

قازی موحەمەدی پێشەوا ئاگاداری ئەوەبوو کە زۆربەی ئاغاو سەرۆك عەشیرەتەکان پێشوەخت پەیوەندیان کردوە بە سوپاو حکومەتی ئێرانەوە و دڵسۆزی و پشتگیری خۆیان دەربڕیوە بۆ شاو دەوڵەتی ئێران. بەڵام بۆ ئەوەی کە ئەو ڕاستیانە بسەلمێنێت بۆ جەماوەر و خەڵکی مهاباد کۆبوونەوەیەکەی

مزگـەوتی هـەباس ئاغـای کـرد، ئاغـاو سـەرۆك خێڵـەکان لـە کۆبوونەوەکـەدا ڕایـان نەدا بۆ بەرگری کردن لە مانەوەی کۆماری کوردستان.

قـازی موحەمـەدی پێـشەواش نائومێـد بـوو لـە پـشتیوانی و پـشتگیری خـەڵکی ناوچـەکە، بۆیـە لـە کۆتـایی وتارەکەیـدا داوای کـرد لـە خەڵکەکـەو جـەماوەر، کـە لەسـەر خـۆبن و نـەژەلاژێن، وە گـوتی هـەر بڕیـارێکی بـە پەلـە دوا ڕۆژێکـی مزەشـێنەو خەفـەتباری بـەدواوە دەبێـت لـە وتارەکەیـدا ئـەوەی پێـشاندا و گـوتی لەوانەیـە مەترسـیەکی زۆر لـەوە بکرێـت کـە دەسـەلات لـە دەسـت بـدەین لـە ناوچەکەدا، بەلام من لەناو ئێوەدا نارۆمە دەرەوە و گیانم فیدای ئێوە دەکەم.

# دوا چاوپێکەوتنی قازی موحەمەدی پێشەوا به مستەفا بارزان

[(١)] لە ڕۆژی (١٦/١٢/١٩٤٦ن)مستەفا بارزانی بۆ دواجار لەگەڵ قازی موحەمەدی پێشەوا یەکیان بینی و گفتوگۆیان کرد، مستەفا بارزانی گوتبووی بە قازی موحەمەد دەتەوی چی بکەیت؟ قازی پێشەوا گوتبووی: دەمەوێت لە پێناوی خوێنی خەڵکی مهاباد خۆم بکەم بە فیداو تەسلیم بم بە ئەرتەشی ئێران، بەم زووانە ئەم هەواڵە ڕادەگەیەنم بە جەنەڕاڵ هەمایونی (سەرکردەی سوپای ئێران، ن.س)لە میاندواو. وە قازی موحەمەد گوتبووی بە مستەفا بارزانی بێجگە لە جەماعەتەکەی خۆت بڕواو متمانە بەکەس مەکە.
هەموو ئەوانەی کە سوێندیان خوارد کە دۆست و پشتیوان بن: (بۆ کۆماری کوردستان، ن.س)خیانەتیان کرد، وا پێشبڕکێیانە بۆ ڕاگەیاندنی خزمەتی ئەرتەشی ئێران.
قازی پێشەوا گوتبووی بە مستەفا بارزانی: تکایە لە مهاباد زوو بڕۆ و بەدەرکەوە، خۆت لە شەڕی ئەرتەشی ئێران لابدە، لە پاشا قازی پێشەوا لە مستەفا بارزانی پرسی بوو: تۆ دەتەوێ چی بکەیت؟ مستەفا بارزانی گوتبووی: ئێمە هێزەکانمان بە خێزانەکانەوە لە ناوچەی شنۆ و مەرگەوەر کۆ دەکەینەوە هەتاکو بەهار دادێت (و بەفری شاخەکان دەتوێنەوە، ن.س)خۆیشمان لە ئەرتەشی ئێران دەپارێزین، لە پاشان هەوڵی گەڕانەوە دەدەین بۆ دیوی عێراق، ئەگەر لەوەش نائومێد بووین ئەوا ڕوو دەکەینە یەکێتی سۆڤیەت. مستەفا بارزان گوتبووی: من بڕوام بە تەسلیم بوون نییە نە بە عێراق و نە بە ئێران.
مستەفا بارزانی زۆر داوای کردبوو لە قازی موحەمەدی پێشەوا بۆ ئەوەی کە لەگەڵیدا بڕوات و تەکیان بکەوێت، وە بەڵێنی شەڕەڵ پێی دابوو و گوتبووی: لەبەر ئەوەی کە تۆ ڕەمزی نەتەوەی کوردیت هەتاکو لەگەڵمدا بیت لە فیداکاریت درێغی ناکەم.

---

[(١)] خەباتی چەکداری و ڕامیاری نەتەوایەتی کورد، نەجم سەنگاوی، ل٨٧، لە کۆماری کورد، ویلیام ئەیگلتون، وەرگێڕاوە، سەید موحەمەدی.

قازی پێشەوا لە شوێنەکەی خۆیدا هەستابوو و چووبووە پێشەوە و گوتبووی: با ژیانی من فیدای هاونیشتیمانانم بێت و دەبێتە هۆی کەم بوونەوەی ئەو ترس و کوشتارەی کە بەسەریاندا دێت ئەوەندەی گوت و ئاڵای کوردستانی هێنار دای بە دەستی مستەفا بارزانی و پێی گوتبوو ئەمە ڕەمزی کوردستانە و لێم وەربگرە و ئامانەت بێت لە ئەستۆت، چونکە تۆ باشترین پارێزەریت.

لە دوای ئەو چاوپێکەوتنە خەماویە مستەفا بارزانی، قازی موحەمەدی پێشەوای بەجێ هێشت و کەوتە ڕێ بەرەو شارۆچکەی (نەغدە).



لە ڕۆژی (١٩٤٧/٣/٣١ز)دەوڵەتی ئێران پێشەوا قازی موحەممەدیان لە سێدارەدا لە شاری مهاباد لە مەیدانی چوارچرا



ئارامگەی شەهیدانی ئازادی کۆماری کوردستان لە مهاباد قازی موحەمەد:ی پێشەواو موحەمەد حوسێن

# خۆ بەدەستەوەدانی پێشەوا قازی موحەمەد بە ئەرتەشی ئێران و لە سێدارەدانی

[1]لە رۆژی ١٣ی کانوونی یەکەمی ساڵی (١٩٤٦ز)سوپای ئێران ئازربایجانیان داگیرکرد و کەوتنە رێ بەرەو سنوورەکانی کۆماری، کوردستان، هەر لە سەرەتاوە بە مەبەستی تۆقاندن و چاوترساندنی خەڵکی کوردستان دەستیان کرد بە گرتن و کوشتنی پیاوانی دڵسۆز و نیشتیمان پەروەر و پشتیوانانی کۆماری کورد و ئازادیخوازان بە دادگایی کردنێکی سەربازی سەرپێی لە ناوچەکەدا لەوانەی کە پێشوەخت بەر ئەم دادگایی و کوشتنە کەوتن لە ناوچەکانی سەقز و بۆکان ئەمانە هەندێکیانن ١-ئەحمەد خانی فاروقی ٢-حمە ئەمین بەگی باخان بەگ ٣-حمەخانی دانیشتوەر ٤-عەبدوڵڵا خانی مەتین ٥-ئەحمەدخانی شەحەبچی ٦-شێخ ئەمینی کەسنەزان ٧-ئاغا سدیقی سابلاخی ٨-عەلی ئاغای جوانمەرد ٩-رەسوڵ ئاغای دێرە دێ ١٠-عەلی خانی فاتیح

---

[1] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٨٧

١١-حوسێن خانی جەلالی، لە بۆكان عەلی بەگی شێرزاد، لە ناوچەی مهاباد چوار ئەفسەری قارەمانی هێزی بەرگری كوردستان ١-موحەمەد نازمی ٢-حەمید مازوچی ٣-عەبدوڵلا ڕۆشن فكر ٤-ڕەسوڵ نەغەدەیی لە سێدارە دران.

لە ڕۆژی (١٩٤٦/١٢/١٦ن)لە دوای ڕۆیشتنی مستەفا بارزانی بەرەو نەغەدە سوپای ئێران ناو شاری مهابادیان داگیركرد و قازی موحەمەدی پێشەواو چەند كەسێك لە وەزیرەكان و پیاوانی نیشتیمانی كورد خۆیان دا بە دەستەوە بە فەرماندەی سوپای ئێران (هەمایونی)و پشتیان بەستبوو بەو لێبوردنە گشتیەی كە شای ئێران بڵاوی كردبووە بۆیان. كۆتایی هات بە دەسەلآتی كۆماری كوردستان و كۆماری ئازربایجان.

قازی موحەمەدی پێشەوا و هەڤالآنی كە خۆیان دا بە دەستەوە بە سەركردەی سوپای ئێران (هەمایونی)هەموویانی بەندكرد لە زیندانی سەربازگەی مهاباد.

دوایی هەرسێ قازی ١-قازی موحەمەدی پێشەوا ٢-سەڤی قازی ٣-سەدری قازی، هەرسێكیان بەنهێنی دادگایی كران و دادوەریفەرمانی كوشتنی دا بەسەریاندا. بەلآم جێبەجێ كردنی فەرمانەكە دواخرا بە بڕیاێك كە لە تارانەوە پێیان درابوو.

لە ڕۆژی (١٩٤٧/٣/٣١ن)بڕیاری لە سێدارەدانی قازی موحەمەدی پێشەوا جێبەجێكرا لە مەیدانی چوارچرادا لە ناوەڕاستی شاری مهاباد لە سێدارەیان دا، لەو مەیدانەی كە قازی پێشەوا لە ڕۆژی (١٩٤٦/١/٢٢ن)كۆماری كوردستانی تیادا ئاشكرا كرد.

# وەسێتەكەی قازی موحەمەدی پێشەوا

(١) هەروەكو نەریتی رۆژهەلات و ئەو سەردەمەی دەولەتی ئێران ئەوەی فەرمانی كوشتنی بەسەردا بدرایە لە پێش جێبەجێكردنی فەرمانەكە بە ٢٤ كاتژمێر داوایان لێی دەكرد و پێیان دەگوت دەتەوێ كێ ببینیت و وەسیەت بۆ كێ دەكەیت بانگی بكەین بۆت. بەهەمان شێوە لە پێش ٢٤ كاتژمێر بۆ لەسێدارەدانی قازی موحەمەد داوایان كردبوو لە قازی موحەمەدی پێشەوا كە كێی دەوێت بیبینێت و وەسیەتی بۆ بكات، قازی پێشەوا داوای كردبوو كە مامۆستا مەلا سدیق سدیقی بۆ بانگ بكەن، كە مامۆستا مەلا سدیق بانگ دەكەن قازی موحەمەدی پێشەوا پێی دەلێت چیت پێ دەلێم ئەوە بنووسە، وە لە دوای خۆم بیدە بە خێزانەكەم.

مەلا سدیقیش بە دەست و خەتی خۆی و بە زمانی فارسی وەسیەت نامەكە دەنووسێت، ئەمەش دەقی وەسیەت نامەكەیە كە لە رۆژی ١٠ی خاكە لێوە نووسراوە، وە قازی پێشەوا دەلێت: موحەمەد سدیق سدیقی بە ئامادەبوونی خۆم ئەم وەسیەت نامەی نووسیوە.

---

(١) كوردستان و ستراتیژی دەولەتان، بەرگی دووەم، حوسێن مەدەنی، ل٣٢٥

# دەقی وەسیەت نامەکەی قازی موحەمەدی پێشەوا

[٢] یەك پارچە یان دوو پارچە فەرش یان قالیچەی سەید ڕەحیمی سەید حاجی لەگەڵ شتەکانی مندایە بیدەنەوە بە خۆی، ئەویش چەند پولێکم پێ قەرزارە ئەگەر دایەوە باشە، ئەگەر نەشیدایەوە ئەختیار بەخۆیەتی، گەنمێکی کە لە تەسبیت دایە هی خۆمە ئەگەر دایانەوە وەری بگرنەوە.

ماشینێکی فورد ٤٦ماڵی خودی خۆمە، کاتێك کە دەست بە سەریان کردم پێنج هەزار و پێنج سەت تومەن لە گیرفانمدابوو لێیان وەرگرتم، فەقەرەیەکیش سەدو پەنجا تومەن سەروان شەریف بە نێوی حق الوکالە، وە دە هەزار تومەنی لە خێزانم وەرگرتووە ئەوانیش وەربگرنەوە.

موعینی سێ هەزار تومەنێك شتێك زیاد یان کەم قەرزارە پێم، ئەویش شتێکی داوەتەوە، وە سەعاتێکی بە دیاری بۆم هێنابوو لە دەفتەری شیرکەت دایابوو، من لەگەڵ ئەو لە شیرکەتە تەرەف نەبووم.

ئەوەندەی بیزانم هەشت هەزار تومەنێك یان شتێك کەمتر قەرزارم بە سەید سەلامی، هەرچەندی داوای کرد بیدەنێ، تەلەفۆنەکەیان بردوە وە دوای بکەون. ئەو ماشینەی کە لە بابەشێخ یان سەندوە ئەویش هەر هی خۆیەتی.

چوار جێب کە بۆ خۆم و لە ئیختیاری خۆمدا بوون ئەوانیش ماڵی شەخسی خۆمن. سەروان شەریفی لەبەر زەحمەتی سەد تومەنێکی بدەنێ، هەر کاتێك ئەو پازدە هەزار تمەنە وەرگیرایەوە سەعید هەمایونی و میرزا ڕەحیم هەر نەفەری هەزار تومەنی بدەنێ، زەحمەتیان کێشاوە، وە پێنج سەد تومەنیش بدەن بە موحەمەد فەیرۆز خانمی.

بەشی خوشکەکەم بێجگە لە غەلیان کە بەناوی خۆمەوە دیاری کراوە، هەرچی ئیرسی باوکمە بەشی خۆی پێ دەبڕێت ئەویش ڕازی بکەن.

---

[٢] هەمان سەرچاوە.

خێزانەکەم دایکی منداڵەکانم سەر وەسیەت بێ، با منداڵەکان بەخێو بکات. وە مەلا عەولاش چاودێریان بکات. چاپخانەکە خۆم کڕیوە وماڵی خۆمە. مام عەزیز قەرنی ئاغا ئەوەی کە بە سەری هاتووە وا دەزانێت من دەستم تیایدا بووە، هەرچەندە من ئاگام لێی نییە، بەلام کارێك بکەن گەردنم ئازاد بکات.

تۆکەرەکان لەو ماوەیەدا خزمەتیان کردوە و زەحمەتیان کێشاوە لەگەڵمدا چاکەیان بدەنەوە و دڵیان ڕازی بکەن، لە دوایدا چەند هەزار تومەنێکم بۆ بکەن بە ئیسقاو تەلیلە.

شەوی ١٣٢٦/١/١٠

ئیمزا

مەلا سدیق سدیقی و قازی موحەمەد

# هۆیەکانی داڕووخاندنی کۆماری کوردستان لە مهاباد

[1] ئەگەر چی ئەوانەی کە پەلاماری سنوورەکانی ئێرانیان دا لە ساڵانی سەرەتای جەنگی جیهانی دووەم بەریتانیا بوو لە خانەقینەوە قەسری شیرین و شاری کرماشانیان داگیرکرد و هەوڵی پێشتنیان دەدا بەرەو شاری (سنە-سنندەج-پارێزگای کوردستان)بڕۆن و داگیری بکەن. وە سوپای سووری یەکێتی سۆڤیەت (ڕوسیا)لە ئازربایجانەوە گرتی تاوەکو سنەو سەقز و بۆکان و مهاباد و وورمێ (ڕەزائیە)لە ڕۆژهەلاتی کوردستان و داگیریان کرد، هەر دەوڵەتە هەوڵیان دەدا بۆ دەستکەوتی سامان بۆ ولاتەکەی خۆیان و پاراستنی بەرژەوەندی ولاتەکانیان لە ناوچەکەدا بە قوڵ بڕینی میللەتان بە گفتو بەڵێنی درۆ و دەلەسە بۆ بەرژەوەندیەکانی خۆیان.

بەلام هۆ سەرەکییەکانی داڕووخاندنی کۆماری کوردستان لە شاری مهاباد بە ڕای زۆربەی سیاسەت مەداران و شارەزایان و ئاگاداربووانی باروذۆخەکە و مێژوونوسان ئەم خاڵانەی خوارەوە بوون:

١-ساوایی کۆمەڵەی (ژ-ك)ژیانەوەی کورد کە لە پاشان بوو بە حیزبی دیموکراتی کوردستان. دامەزراندنی ئەم پارتە لە ساڵی (١٩٤٢ن)دابوو هەتا سەرەتای ساڵی (١٩٤٦ن)ماوەیەکی زۆر کەم بوون بۆ بلاوکردنەوە و هۆشیار کردنەوەی جەماوەری کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان و دروست کردنی هەستی نەتەوایەتی و نیشتیمان پەروەری و بیروباوەری شۆڕشگێڕی و ئازادیخوازی.

کۆمەڵەی (ژ-ك)بە زۆری چالاکیان لە سنووری شارو شارۆچکەکانی مهاباد و سەقز وبۆکان و سەردەشت و بانە و دەورووبەری وورمێ بوو بەلام شارە گەورەکانی تری ڕۆژهەلاتی کوردستان وەکو کرماشان و سنەو ئیلام و شارۆچکەکانیان چالاکی (ژ-ك)ی تیادا نەبوو، وە کورد هیچ دەسەلاتی نەبوو لەو شارە گەورانەدا کە سێ بەشی

[1] خەباتی چەکداری و ڕامیاری نەتەوایەتی کورد، نجم سەنگاوی، ل٩٢

ڕۆژهەلأتی کوردستانن. بۆ ئەوەی پشتگیری کۆماری کوردستان بکەن لەکاتی لێقەوماندا، وە سەرکردایەتی کورد پەنایان بۆ ببەن.

٢-پەلەکردن و فشاری یەکێتی سۆڤیەت بۆ سەر سەرکردایەتی کورد و ئازەر بۆ ئاشکراکردنی هەردوو کۆماری کوردستان و کۆماری ئازربایجان، بۆ ئەوەی زیاتر و زووتر فشار بخەنە سەر دەوڵەتی ئێران بۆ جێبەجێکردنی دەستکەوتەکانیان لە نەوتی ئێران.

ئەم پەلەکردن و فشاری ڕوسیا بۆ ئاشکراکردنی هەردوو کۆماری کورد و ئازەر بوو بەهۆی ئەوەی کە حیزبی دیموکراتی کوردستان نەیان پەرژێتە سەر ڕێکخستنی پارتایەتی و بیرکردنەوە لە شارە گەورەکانی تری ڕۆژهەلأتی کوردستان و پەیوەندی کردن پێیانەوە.

بە زۆری خۆیان ئالأند بە خۆئامادەکردن بۆ دامەزراندنی کۆماری کوردستان و فەرمانگەو ئیدارەکانەو لە خاڵێکی سفرەوە. وە پەیوەندی کردن بە یەکێتی سۆڤیەتەوە و چارەسەرکردنی گیروگرفتی سنوورەکانی نێوان کوردستان و ئازربایجان و کێشەکانی ئیدارەی ناوخۆی کوردستان.

٣-کۆماری کوردستان لە مهاباد و لەو بەشە بچوکەی ڕۆژهەلأتی کوردستان ماوەکەی زۆر کەم بوو تەنها (١١)مانگ حوکمڕانیان کرد، ماوەکەیان ئەوەندە نەبوو هەتا بتوانن زاڵبن بەسەر گیروگرفتەکانیدا و پەیوەندی بکەن بە شارە گەورەکانی کوردستانەوە و بیان خەنە پاڵ کۆماری کوردستان.

ئەگەرچی لەو ڕۆژانەدا پارێزگاری کرماشان بە دەستی بەریتانیاوە بوو، وە پارێزگاری سنە بەدەستی یەکێتی سۆڤیەتەوە بوو، ڕوسیا ئەگەر مەبەستیان سەرکەوتنی کورد بوایە دەیانتوانی پارێزگای سنە بخەنە پاڵ کۆماری کوردستان.

٤-ئەو سەردەمە سەرۆک عەشیرەتەکان بوو لە هەموو دێهات و شارۆچکەکاندا، جوتیاران و دانیشتوانی گوندەکان لەژێر فەرمانی سەرۆکەکانیاندا بوون، ئەگەر سەرۆک عەشیرەت و ئاغا لەگەڵ حیزب و کۆماردا بوایە ئەوا هەموو عەشیرەت لەگەڵیدا بوون، ئەگەر نا بەپێچەوانەوە، ئەمەش خاڵێکی لاوازی گەورە بوو بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستان و کۆماری کورد.

وە چـالاكى (ژ-ك)حيزبـى ديمـوكراتى كوردسـتان بـە زۆرى لـە سـالآنى (١٩٤٤-١٩٤٦ن)دەستى پىّ كرد بەهۆى هاتنى قازى موحەمەدى پێشەواوە بوو بۆ ناو (كۆمەڵەى ژ-ك)حيزبـى ديمـوكراتى كوردسـتان و ڕاكێـشكردنى ئاغـاو سـەرۆك عەشـيرەتەكان و بازرگان و مەلا و فەقێكان و خەڵكێكى زۆرى شارى مهاباد و دەوروبەرى.

وە زۆر لەو كەسانەى كـە بـەهۆى قـازى موحەمـەدەوە هـاتن و لێپرسـينەوەى حيزبـى و دەسەلآتيان وەرگرت بۆ نموونە حەمە ڕەشيد خانى بانـە سـەرۆك عەشيرەت بـوو پلـەى جەنەڕاڵى وەرگرت لە كۆمارى مهاباد، ن.س.

بەلآم شارە گەورەكانى ڕۆژهەلآتى كوردستان وەكو سنە و كرماشان و ئيلام و وورمىّ لـە سنوورى كۆمارى كوردستاندا نەبوون و دەستى يارمەتى و ڕێكخستنى حيزبيـان نـەبوو، وە لە دامەزراندنى كۆمارى كوردستاندا بەشداريان نەبوو.

٥-وەرگرتن و هاتنى قازى موحەمەدى پێشەوا بۆ ناو (ژ-ك)لە سالّى (١٩٤٤ن)يەكێك بوو لـە هۆيـەكانى داڕووخانـدنى كۆمـارو حيزبـى ديمـوكراتى كوردسـتان، (بـۆ؟ ن.س)قـازى موحەمەدى پێشەوا پياوێكى زاناو ڕۆشنبير بوو لە ناوچەى مهابـاد دا، بـە بنەماڵـە قـازى زادەبوو، خاوەن عەشيرەت و جەماوەرێكى زۆر بـوو لـەناو مهابـاد و دەوروبـەرى، داراو دەوڵەمەند بوو، بەنازو نيعمەت پەروەردە كرابوو، بە ڕۆشـنبيرو زانـا ناسـرابوو لەلايـەن يەكێتى سۆڤيەتەوە، ئەم سفەتانەى هەموو تيادا بوو.

بەلآم تاقيكردنەوەى خەباتى نهێنى سياسى و بزووتنەوەى چەكدارى و برسێتى و ترس و لەرز و لێقەومانى نەديبوو، تەنها بەدەم و بە قەڵەم ئيشى دەكرد.

كاتێك كە هاتە ناو (ژ-ك)حيزبى ديموكراتى كوردستان بەهۆى ئەوەوە خـەڵكێكى زۆر لـە سەرۆك عەشـيرەت و ئاغـاو بازرگـان و مـەلاو فـەقىّ لـە هـەموو چـينەكانى نـاو مهابـاد و دەوروبەرى هاتنە ناو حيـزب و كۆمـارەوە و زۆربـەى زۆريـشيان پـشتيوان و لايـەنگيرى قازى پێشەوا بوون.

كاتێكيش كە (ژ-ك)بوو بە حيزبى ديمـوكراتى كوردسـتان ئێـران و هەڵبـژاردن كـرا لـەناو حيزبـدا قـازى موحەمـەد زۆرينـەى دەنگـى هێنـابوو بـە سـەرۆكى حيـزب و پێـشەوا و ڕێنيـشاندەرى حيـزب، وە لـە دامەزرانـدنى كۆمـارى كوردسـتان قـازى موحەمـەد خـۆى

کۆماری ئاشکرا کرد لە شاری مهاباد لە مەیدانی چوارچرا و خۆی بوو بە سەرۆك کۆمار، وە سەرۆك وەزیران و ئەنجومەنی وەزیرانی دیاری کرد.

بەهۆی قازی موحەمەدی پێشەواوە ئەو کۆمەڵە زۆرە هەمەڕەنگە بەبێ ڕێکخستن و رابوردووی سیاسی هاتنە ناو حیزبی دیموکراتی کوردستان و پلەو پایەیان وەرگرت لەناو کۆماردا.

ئەم ئاغاو سەرۆك عەشیرەت و بازرگان و سەرمایەدارانە زۆربەیان بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان هاتنە ناو حیزبی دیموکرات و دەسەلاتیان لەناو حکومەتی کوردستان وەرگرت، بەبێ ئەوەی کە بە پلەی حیزبایەتیدا تێپەر ببوبن و پەروەردەکرابن بە بیروباوەڕی نەتەوایەتی و شۆڕشگێڕی و نیشتیمان پەروەری.

بۆیە کاتێك کە هەستیان کرد بە پێکهاتنی ڕوسیاو ئێران لە پێش داڕووخانی کۆماری کوردستان زۆربەی ئەو خاوەن بەرژەوەندیانە بە نهێنی پەیوەندیان کرد بە سوپاو دام و دەزگای دەوڵەت و شای ئێران و دڵسۆزی و پشتیوانی و ئامادەیی خۆیان دەربڕی بوو بۆ شاو دەوڵەتی ئێران.

وە ئەوانەی کە کۆمەڵەی (ژ-ك)یان دامەزراند لە ساڵی (١٩٤٢ز)لەبەر ئاغاو سەرۆك عەشیرەت و بازرگان و سەرمایەدار هەر دیار نەبوون لەناو حیزب و دەسەلاتدا.

کاتێکیش کۆماری کوردستان لێی قەوما هەموو خۆیان کشاندەوەو کەسیان ئامادەی بەرگری کردن نەبوون لە کۆماری کوردستان.

٦-دامەزراندنی کۆماری کوردستان و ئاشکراکردنی وەکو باسمان کرد لەژێر فشارو پاڵەپەستۆو پەلەکردنی یەکێتی سۆڤیەتدابوو بۆ بەرژەوەندی خۆیان، بە ساوایی هاتەکایەوە بەبێ ئەوەی شارە گەورەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان بەشداری تیادا بکەن و بیروباوەڕی نەتەوایەتی و ئازادیخوازی و شۆڕشگێڕی تیادا بچەسپێت.

دامەزراندن و ئاشکراکردنی کۆماری کوردستان لە شاری مهاباد لە مەیدانی چوارچرا وەکو خۆپێشاندانێکی جەماوەری هاتەکایەوە بەبێ ئەوەی کە حیسابێك بۆ ئەگەری کشانەوەی سوپای سووری سۆڤیەت بکەن لە کوردستان و ڕازی نەبوونی دەوڵەتی شاهەنشایی ئێران بۆ ئەم جۆرە دەسەلاتەی کورد لە ناوچەکەدا، وە بەبێ ئەوەی کە

خاوەنی بەرنامەیەکی داڕێژراوی بەرگریکردن بن بۆ کاتی لێقەومان، بەرگری بکەن لە خۆیان و کۆماری ساواکەیان.
هەموو متمانەو باوەڕیان بەوەبوو کە سەرۆکی ئازربایجانی سۆڤیەت (جەعفەر باغیرۆف)گوتبووی بە قازی موحەمەد و هەڤالآنی (هەتا یەکێتی سۆڤیەت مابێ دەبێ گەلی کورد خاوەنی مافی ڕەوای خۆی بێت و پارێزراو بێت).
گەلی کورد لە رۆژهەلآتی کوردستان بە خەباتی سیاسی و چەکداری نەهاتبوونە سەر دەسەلآت و خۆیان نەناسیبوو بە دەولەتی ئێران کە دەتوانن بەگری بکەن لە مافی ڕەوای خۆیان بۆ پاراستنی کۆماری کوردستان.
بەبێ خەباتی چەکداری و قوربانیدان و ماندووبوون کۆماری کوردستانیان دەسکەوت و ئاشکرایان کرد، هەروەها بە ئاسانی دایان بە دەستەوە و خۆیان دا بەدەست دوژمنی داگیرکەری ولآتەکەیان و تەسلیم بوون بە پەتی سێدارەیان کردە ملی خۆیان.
٧-هەلهاتنی سەرکردەکانی کۆماری ئازربایجان و بەدەستەوەدانی کۆمارەکەیان و بەرگری نەکردنیان لەخۆیان و کۆمارەکەیان خەلکێکی سەرەکی بوو بۆ وورە رووخاندنی قازی پێشەواو ئەندامانی شوورای بەرگری کۆمار و خۆڕانەگرتنیان. دەبوایە کاربەدەستانی هەردوو دەولەتی کوردستان و ئازربایجان بە بیستنی هەوالی پێکهاتنی دەولەتی ئێران و یەکێتی سۆڤیەت ئامادەکاری خۆیان بکردایە بۆ خەباتی چەکداری هاوبەش و بەهەردوو لایان بەرگرییان بەکردایە لە خۆیان و مانەوەو پاراستنی هەردوو کۆماری کوردستان و کۆماری ئازربایجان.
بەلآم بە بیستنی هەلهاتنی سەرکردایەتی کۆماری ئازربایجان و بە دەستەوەدانی ولآتەکەیان قازی موحەمەدی پێشەواو سەرکردەکانی کۆماری کوردستان وورەیان بەرداو خۆیان بۆ ڕانەگیرا بۆ خەباتی چەکداری و بەرگری کردن لە خۆیان و لە کۆماری کوردستان. وە ئومێدیشیان هەبوو بە لێبوردنەکەی شای ئێران و ئەو هەلبژاردنەی کە میدیاکانی ئێران باسیان دەکرد.
بەلآم دەبوایە کورد و ئازەر خەباتی چەکداری هاوبەشیان بگرتایەتەبەر هەتا دەولەتی ئێرانیان ناچار دەکرد بە وتوێژ و پێکهاتن بۆ جۆرێك لە دەسەلآت بۆ ولآتەکانیان، هەروەکو مستەفا بارزانی بە قازی موحەمەدی ڕاگەیاندبوو بۆ ئەوەی کە خۆیان بە

دەستەوە نەدەن و شەڕی پارتی زانی بكەن لەگەڵ دەوڵەتی ئێراندا هەتا ناچاریان دەكەن بۆ وتوێژكردن و پێكهاتن لەسەر جۆرێك لە مافی كورد و دەسەلاتی كوردی لە كوردستان.

چونكە ئەو سەردەمە دەوڵەتی ئێران لەوپەڕی لاوازیدا بوون، وە ئەو هێزە چەكدار و ئەفسەرانەی كە لەگەڵ مستەفا بارزانییدا بوون زیاتر لە (١٥٠٠)جەنگاوەری خاوەن ڕابوردوو و شەڕی پارتی زانی بوون فێری برسێتی و تەنگانەو خۆڕاگری بوون.

وە مستەفا بارزانی و ئەو كۆمەڵە ئەفسەرو پیاوە ڕۆشنبیرانی كە لەگەڵیاندا بوو دەیانتوانی بەهۆی پارتی دیموكراتی كورد–عێراق كە تازە دامەزرابوو لە پاش ماوەی پارتی هیوا–پارتی شۆڕش و پارتی ڕزگاری و كۆمەڵی برایەتی و پەیوەندی كردن بە سیاسەتمەدارانی كورد لە باشووری كوردستان بۆ كاتی پێویستی چەكداری زیاتریان بۆ بێت لە باشووری كوردستانەوە.

هەروەها خەڵكێكی زۆر لە ئەندامانی حیزبی دیموكراتی كوردستان و نیشتیمان پەروەرانی خەڵكی ڕۆژهەلاتی كوردستان ئەوانەی كە بەرژەوەندی تایبەتیان نییە دەكەوتنە شوێن قازی موحەمەد و هەڤالانی و پشتگیریان دەكرد بۆ خەباتی چەكداری و بەردەوام بوونایە هەتا دەوڵەتی ئێرانیان ناچار دەكرد بە مافی ئۆتۆنۆمی (خود موختاری)بۆ كوردستان و مانەوەی خۆیشیان دەپاراست، قازی موحەمەد سەرۆك كۆمار و سەرۆكی حیزبی دیموكراتی كوردستان هەروەكو باسمان كرد پیاوێكی ڕۆشنبیرو زاناو لێهاتوو بوو، بەلام دەركەوت كە توانای خەباتی چەكداری دوورو درێژو بڕواكردنە سەر خۆی و نەتەوەكەی نەبوو بۆیە بە ئاسانی خۆیدا بەدەستەوە بە دەوڵەتی ئێران و پەتی سێدارەی كردە ملی خۆی بەبیانووی كەم كردنەوەی خوێن ڕشتنی خەڵكی مهاباد و خۆی كرد بە قوربانیان.

٨–داگیركەر هەر داگیركەرە ڕۆژهەلاتی بێت یان ڕۆژئاوایی باری ئەو ڕۆژی كۆماری كوردستانی تیادا ئاشكرا كرا كاتی جەنگی جیهانی دووەم بوو، بەریتانیا و فەرەنسا ڕوسیا داگیركەری ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بوون، هەریەكە بەجیا هەوڵی ئەوەی دەدا كە خۆی بسەپێنێت بەسەر ئەو ولاتانەی كە داگیریان كردوە بۆ ئەوەی كۆنترۆڵیان بكەن بۆ دەست بەسەراگرتنی سامانە سروشتیەكانیان وەكو نەوت و ئاسن و گۆگرد...هتد. بە

زۆر فشاریان دەخستە سەریان بۆ بەشداری کردنیان لـە کۆمپانیـای نـەوت و کردنـەوەی بازاڕی نوێ بۆ سەرفکردنی پیشەسازییەکانیان، لەو ڕۆژەدا.

کوردستان بەگشتی خاوەنی هیچ سامانێکی نەوتی نەبوو کە لەژێر دەسەلاَتی خۆیدا بێت بۆ ئەوەی دەوڵەتانی زل هێز بۆ تەماحی خۆیان و سامان و بازاڕی نـوێ پـشتگیری لـێ بکەن.

کورد لەناو دەوڵەتە زل هێزەکانا پشتیوانی ڕاستەوقینەی نەبوو، وە دەوڵەتێکی دۆستی هاوسنووریشی نەبوو کە پشتگیری لێ بکات، یان هەر نەبێت دوژمنایەتیان نەکەن.

لە باشوورەوە دەوڵەتی عێراق و ئینگلیز بوو کە ساڵێك لەوەوپێش فـشاریان هێنـابوو بـۆ سەر مستەفا بارزانی و شۆڕشەکەی و بەخۆی بنەماڵـەو لەشـکرەکەیەوە هـەڵهاتبوون بـۆ ڕۆژهەلاَتی کوردستان، لە ڕۆژئـاوا و ڕۆژهەلاَتـەوە دەوڵـەتی شاهەنـشای ئێـران بـوو، بـە کشانەوەی سوپای سووری سۆڤیەت لە کوردستان و ئازربایجـان لـەناو سـنووری ئێـران، دەوڵەت و ئەرتەشی سوپای ئێران هەلی تەواویان بـۆ هەڵکـەوت و بـە ئـارەزووی خۆیـان کەوتنە هێرشـکردن و پـەلاماردانی هـەردوو کۆمـاری کـورد و کۆمـاری ئـازەر و لـەناویان بردن.

# رۆیشتنی مستەفا بارزانی بۆ تاران لە ١٩٤٦/١٢/٢١ز

[1] سەركردەی سوپای ئێران جەنەراڵ (هەمایونی)پەیوەندی كردبوو بە مستەفا بارزانی و شێخ ئەحمەد بارزانیەوە و داوای چاوپێكەوتنی كردبوو لێیان بۆ دانیشتن و گفتوگۆكردن، ئەوانیش ڕەزامەندییان دەربڕیبوو، وە كۆبوونەوەكەیان لە شارۆچكەی نەغدە بێت لە ماڵی (قولیخان قەرەباخ)لە ئامادەبووانی دەوڵەتی ئێران (جەنەراڵ هەمایونی و عەقید غەفاری)بوون.

هەمایونی پرسیاری كردبوو لە شێخ ئەحمەد بارزانی، نیازتان چیە؟ و چی دەكەن؟ شێخ ئەحمەد بارزانیش گوتبووی: نامانەوێت بكەوینە شەڕەوە لەگەڵ سوپای ئێران، ئەوەی كە دەمانەوێت ئەوەیە كە مۆڵەتمان بدەنێ هەتا بەهار خاكی ئێران بەجێ دێڵین ئەگەر پێكهاتین لەگەڵ حكومەتی عێراق یان نا، هەمایونی لە وەڵامدا گوتبووی: من وای بەباش دەزانم كە مستەفا بارزانی خۆی بڕوات بۆ تاران و ئەم كێشەیە لەگەڵ شای ئێراندا جێبەجێ بكات. شێخ ئەحمەد بارزانیش ئەم بۆچوونەی هەمایونی بەباش زانی بوو و ڕەزامەندی دەربڕی بوو.

لە رۆژی (١٩٤٦/١٢/٢١ن)مستەفا بارزانی كەوتە ڕێ بەرەو تاران لەگەڵ ١- عیزەت عەبدولعەزیز ٢-نوری ئەحمەد تەها ٣-میرحاج ئەحمەد ٤-موحەمەد ئەمین میرخان ٦-جەمیل تۆفیق بامەڕنی ٧-خالد زراری و عەقید (عفاری)ش لەگەڵیاندا ڕۆیشتن بۆ تاران و لەوێ پێشوازی گەرمیان لێ كراو لە یانەی ئەفسەران لە تاران دابەزین و نیشتەجێ بوون، هەر لەوێ چاویان كەوتبوو بە سەرۆك وەزیرانی ئێران و سەرۆكی ئەركانی سوپاو بەرپرسانی تر.

لە دانیشتنێكدا شای ئێران دوو ڕێگای دانابوو بۆیان:

---

[1] البارزاني و الحركة التحررية الكردية، ١٩٤٥-١٩٥٨، مسعود البارزاني، ص٤٩

١-بارزانییەکان چەکەکانیان دابنێن بە خێزانەکانیانەوە لە ناوچەی (هەمەدان)نیشتەجێ بکرێت و زەویان بە سەردا دابەش بکەن و خەریکی کشتوکاڵی بن، یان دەبێ بە زووترین کات خاکی ئێران بەجێ بێڵن.

مستەفا بارزانی لە وەڵامدا گوتبووی: من ناتوانم هیچ وەڵامێك بدەمەوە بەبێ گەڕانەوەم و پرس کردن بەشێخ ئەحمەد بارزانی، ئەو خۆی دەسەڵاتی بڕیاردانی هەیەو کەسی تر دەسەڵاتی نییە. ماوەیەك مستەفا بارزانی و هەڤاڵانی مانەوە لە تاران و دەنگوباس بڵاوبوویەوە کە مستەفا بارزانی و هەڤاڵانی دادگایی کراون و فەرمانی کوشتنیان بەسەردا دراوە

مستەفا بارزانی دەڵێت: ڕۆژێك نوری ئەحمەد تەها هات بۆ لام بەگریانەوە، لێم پرسی چیە چی بووە، چی ڕووی داوە؟ لە وەڵامدا گوتی: یەکێك لە بەرپرسانی یانەکە پێمیان ڕاگەیاندوە کە فەرمانی لەسێدارەدانتان دەرچووە.

بارزانیش دەڵێت: منیش پێم گوت ئەمە شتێکی ئاساییەو دەبێ ببێت، هیچ جیاوازییەك نییە لە نێوان ئەمڕۆ و سبەینێ، پێویست بە گریان ناکات.

دەڵێ نوری ئەحمەد تەها گوتی من دەترسم لە دوای تۆ من بکوژن و مردنی تۆ بەچاو ببینم، دوایی تکای کرد لێم کە داوا بکەم لەبەرپرسانی ئێران کە ئەو لەپێش من بکوژن، لەسەر ئەو فەرمانەی شای ئێران نرێنەریان نارد بۆ نەغدە بۆ لای شێخ ئەحمەد بارزانی بۆ گەیاندنی بڕیارو فەرمانەکەی شای ئێران، ئەویش ئەوەیە کە دەبێ بە زووترین کات چەکەکانیان تەسلیم بکەن و خۆیان ئامادە بکەن بۆ ئەوەی کە بیان گوێزنەوە بۆ هەمەدان، ئەگینا ژیانی مستەفا بارزانی لە مەترسیدا دەبێت.

شێخ ئەحمەد بارزانی وەڵامیان دەداتەوە و دەڵێت: ئێمە مل کەچ نابین بە هەڕەشەو ترساندن، هەموو تاکێك لە جیلی بارزانیان مستەفا بارزانیە، ئەوەی کە دەتوانن بیکەن و درێغی مەکەن، ئێمە چەك دانانێین، وە ئێمە هەتا یەك کەسمان دەمێنێت شەڕ دەکەین و بەرگری لە خۆمان و خێزانەکانمان دەکەین.

ئەم هەڵوێستەی شێخ ئەحمەد بارزانی دەسەڵاتدارانی ئێرانی نائومێد کرد و دوایش گەڕانەوە بۆ نەرمی نواندن بەرامبەر بارزانیان.

لە رۆژی (١٩٤٧/١/٢٩ز)مستەفا بارزانی و هەڤالانی لەگەڵ عەقید غەفاری گەڕانەوە بۆ (نەغەدە)و جەنەڕاڵ هەمایونی پێشوازی گەرمی کرد لێیان.

غەفاری فەرمانی ئەوەی هێنابوو بۆ هەمایونی کە بەزووترین کات بارزانیان بگوێزنەوە بۆ (هەمەدان). بە گەڕانەوەی مستەفا بارزانی ئەنجامی رۆیشتن و گفتوگۆکانی لە تاران باس کردبوو بۆ شێخ ئەحمەد بارزانی و هەڤالانی، هەموویان بە تێکڕا بڕیارەکەی شای ئێرانیان رەتکردەوە و دایانە دواوە بۆ رۆیشتن بۆ هەمەدان.

## گەڕانەوەی مستەفا بارزانی و بارزانیان بۆ ناو سنووری عێراق

[1] لە هەفتەی یەکەمی مانگی شوباتی ساڵی (١٩٤٧ز)مستەفا بارزانی دەستی کرد بە گەڕانێکی بە پەلە بەسەر عەشیرەتەکانی مامش و پیران و مەنگور لە ناوچەکەدا و دانیشتنی کرد لەگەڵیاندا و پێیانی ڕاگەیاندبوو کە بە نیازن بارزانیان بە خێزانەوە خاکی ئێران بەجێبێڵن لە بەهاردا، وە داوای کردبوو لێیان کە یارمەتی سوپای ئێران نەدەن دژیان و نەبن بە کۆسپ لە ڕێگایاندا لەکاتی کشانەوەیان، هەموو سەرۆک عەشیرەتەکان گفتیان پێی دابوو، بەلام نەیان بردە سەر ژمارەیەکی کەمیان نەبێت.

لە ناوەڕاستی مانگی شوباتی (١٩٤٧ز)هەمایون و غەفاری رۆیشتن بۆ (نەغەدە)و چاویان کەوتبوو بە مستەفا بارزانی و شێخ ئەحمەد بارزانی و لەم دانیشتنەدا (هەمایونی)سێ مەرجی دانابوو بۆ مستەفا بارزانی و شێخ ئەحمەد بارزانی:

١-بارزانیان بە زووترین کات ئێران بەجێ بێڵن و بڕۆن.

٢-یان چەکەکانیان تەسلیم بکەن بە حکومەتی ئێران و ڕازی بن بە گواستنەوەیان بۆ هەمەدان.

٣-یان خۆیان ئامادە بکەن بۆ بەرەنگاربوونەوەی سوپای ئێرن.

---

[1] البارزاني و الحركة التحررية الكردية، ١٩٤٥-١٩٥٨، مسعود البارزاني، ص٤٩-٧٠

شێخ ئەحمەد بارزانی وەڵامی هەمایونی دابوویەوە بەم شێوەیە: یەکەم داواکارتان بەجێیەو قەبوڵمانە، بەڵام لە دوای تواندنەوەی بەفری شاخەکان، داواکاری دووەمتان دەدرێتە دواوە و قەبوڵی ناکەین، داواکاری سێیەمتان جەنگاوەرانی ئێمە دەست پێکەر نابن بۆ شەڕ کردن، بەڵام بەرگری لە خۆیان دەکەن لە کاتێکدا ئەگەر هێرش بکرێتە سەریان. کۆبوونەوەکەیان بەبێ ئەنجام کۆتایی پێهات و دەست پێکردنی شەڕ روون و ئاشکرابوو، بارزانیان نەغەدەیان بەجێ هێشت و گواستیانەوە بۆ شارۆچکەی شنۆ و ئامادەکاریان کرد بۆ بەرگری کردن لە خۆیان.

١ هەواڵ و زانیاری گەیشتە مستەفا بارزانی و بارزانیان کە هەندێك لە ئاغاکانی مامش چەکیان وەرگرتووە لە حکومەتی ئێران و گفتیان پێیان داوە کە ڕێگا گرنگ و ستراتیژیەکانی شاخی سەریز و گادر بگرن، ئەوەش دەبێتە هەڕەشەیەکی ترسناك لە ڕێگای بارزانیاندا.

لە ڕۆژی (١٩٤٧/٢/٢٢)ن هێزێك لە بارزانیان گەیشتنە گوندی (سێلو)لەو کاتەدا ئاغاکانی مامش و قەرەنی کۆبوونەوەیان دەکرد بۆ ئەو مەبەستە، وە فەرمانی مستەفا بارزانیش ئەوەبوو کە ئاغاکان بگرن بەدیل و بیان نێرن بۆ شنۆ وەکو بارمەتە بۆ تێکدانی نەخشەو پیلانەکانیان و بەشداری نەکردنیان لە شەڕدا، بەڵام فەرماندەی هێزەکەی بارزانیان کە فەرمانی دابوو بۆ گرتنی ئاغاکان و خۆ بەدەستەوەدانیان یەکێك لە ئاغاکان دەمانچەکەی ڕاکێشابوو تەقە دەستی پێ کردبوو لە ناوەوە و دەرەوەی دیوەخانەکە و لە هەموو لایەکەوە تەقە دەستی پێ کرد و دوانزە کەس لە ئاغاکان کوژران و دوو کەس لە بارزانیان کوژران دوو کەسیش بریندار بوون.

وە ئەوانەی کە زیندوو بوون گرتنیان بەدیل و ناردنیان بۆ شنۆ، وە هەندێکی تریان گرت لە گوندەکانی شاوڵەو نالۆس و پسوە و ناردنیان بۆ شنۆ. مستەفا بارزانی کوشتنی کوژراوەکانی پێ ناخۆش بوو: بەڵام بوون بەهۆی چاوترساندنی سەرۆك عەشیرەت و ئاغاکانی تری ناوچەکە بۆ چەك هەڵگرتن و

یارمەتیدانی دەوڵەتی ئێران، دوایش مستەفا بارزانی فەرمانی کردو هەموو گیراوەکانیان بەرداو ئازادیان کردن.

لە سەرەتای مانگی ئازاری (١٩٤٧ز)مستەفا بارزانی خۆی کەوتە گەڕان بەسەر عەشیرەتەکانی باکوور بۆ تاقیکردنەوەی ڕێگاکان و قسەکردن لەگەڵ ئاغاو سەرۆك عەشیرەتەکان دا، بۆ ئامادەکاری، چونکە بەتەمابوون بەخێزانەوە هەموو بڕۆن بۆ یەکێتی سۆڤیەت. لەم سەفەرەدا مستەفا بارزانی کۆبوویەوە لەگەڵ سەرۆك عەشیرەتەکانی هەرکی و بەگزادەو شکاك و دیری و هەموو گفتو بەڵێنیان پێدا کە یارمەتی و پشتگیری بکەن و دریغی نەکەن، وە هەندێکیان داوایان کردبوو لە مستەفا بارزانی کە خێزانەکانیان بێنن بۆ ناوچەکانی شێران و جەلالیەکان لە باکووری ماکو و دەست بکەنەوە بە شۆڕش دژی شای ئێران.

ئاشکرابوو بۆ حکومەتی ئێران کە بارزانیان چەك دانانێن و خۆیان نادەن بە دەستەوە بۆیە دەوڵەتی ئێران لە ناوچەی مهاباد و وەرمێوە خۆیان بەهێز کرد و پشتیوانی و کۆمەکیان بۆ هات لە سوپا و دەبابە و چەکی هەمەجۆری قورس، وە جەنەڕاڵ هامایونی سەرکردایەتی سوپای ئێرانی گرتە دەست و عەمیدەکان (بێگەری و نیشاپوری و زەنگەنە)یارمەتیدەری بوون لەگەڵ کۆمەڵێك ئەفسەری پلەداری تردا. بەڵام بارزانیان هێزەکانیان دابەش کرد بەسەر بەرەکاندا بۆ بەرگری کردن لە خۆیان و خێزانەکانیان.

لە سەرەتای مانگی ئازار لە ناوچەی (نەلۆس)ەوە حکومەتی ئێران هێرشیان هێنا بۆیان و شەڕ زۆر بە توندی دەستی پێ کرد و ئەم شەڕە کۆتایی پێهات بە زیانی لەشکری ئێران و سەدان سەربازو ئەفسەر کوژران و گیران شەش لە پێشمەرگەی بارزانیان کوژران و شەهید بوون، لە مانگی ئازارەوە هەتا (١٩٤٧/٤/١٠ز)تووشی ئەم شەڕانە بوون: ١-شەڕی نەلۆسی ٢-شەڕی گۆچار ٣-شەڕی بەرەی شنۆ، دوا شەڕیان دوو شەڕ بوو لە (١٩٤٧/٣/٢٥ز)بوو.

هەموو ڕێگاکان بەسترابوون لە ڕووی بارزانیان بۆ ئەوەی کە بڕۆن بۆ یەکێتی سۆڤیەت و ناچار بوون کە بگەڕێنەوە بۆ عێراق، وە حکومەتی عێراقیش لە بەیاننامەیەکی فەرمیدا بڵاوی کردبووەوە کە ئامادەن پێشوازی بکەن لە

بارزانیـان، بـەلآم بـەبێ هـیچ مـەرجێك، لەسـەر ئـەو بڕیـارەی حکومـەتی عێـراق بارزانیـان ناچـار بـوون بـە خێزانـەوە کەوتنـە ڕێ بـەرەی ڕوبـاری (گـادر)لەسـەر سنووری عێراق و هەموو گەیشتنە شوێنی دیاریکراو بۆیان.

بەڕێوەبـەری گـشتی پۆلیـسی عێـراق (عـەلی حیجـازی)لەبـەری عێراقـەوە لەسـەر ڕوبـاری (گـادر)چـاوەڕوانی دەکـردن و لەگـەڵ شـێخ ئەحمـەد بـارزانی گەیـشتن بەیەك و کەوتنە گفتوگۆکردن بۆ چۆنیەتی پەڕینەوەی خێزانەکان.

عـەلی حیجـازی بەڕێوەبـەری گـشتی پۆلیـسی عێـراق داوای کردبـوو کـە لـە پێـشدا شـێخ ئەحمـەد بـارزانی و مـستەفا بـارزانی بـرای بپەڕنـەوە بـۆ بـەری عێـراق، بـەلآم شـێخ ئەحمـەد پـێ ڕاگەیانـدبوو کـە مـستەفا بـارزانی لـە دوای دواوەی خێزانەکانـەو لەشـکرەکەوەیە، شـێخ ئەحمـەد بـارزانی ئەفـسەرە دیلـەکانی ئێرانـی بـەردابوو، وە دوو تـۆپی هـاوەنی ٧٥ ملـم یـان پـێ بـوو تەقاندیانـەوە و خێزانـەکان دەسـتیان کـرد بە پەڕینەوە لە ڕوبارەکە بۆ بەری عێراق.

[٢]سـەرجەم بارزانیـان کـە لەگـەڵ شـێخ ئەحمـەد بـارزانی خۆیـان دا بەدەسـتەوە بـە حکومـەتی عێـراق بـەپێی بەیاننامـەی فـەرمی عێـراق (٤٤٤٥)کـەس بـوون (١٥٥٠)کەسـی پیـاو بـوون، وە (١٦٧٦)کەسـی ژن بـوون، وە (١٢١٩)کەسـیان منـداڵ بـوون. لـە ڕۆژی (١٩٤٧/٤/٢٤)شـێخ ئەحمـەد بـارزانی و (١٨)کـەس لـە بنەماڵـەو خزمـانی نزیکـی بـە بەنـدکراوی دوورخرانـەوە بـۆ باشـووری عێـراق هـەتا شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ساڵی (١٩٥٨)ی عەبدلکەریم قاسم.

لـە ڕۆژ (١٩٤٧/٤/١٥)مـستەفا بـارزانی و زیـاتر لـە (٥٠٠)کـەس لـە پێـشمەرگەکانی خـودا حافیزیـان کـرد لـە شـێخ ئەحمـەد و خێـزان و خـزم و هاوڕێیانیـان و کەوتنـە ڕێ بەرەو داهاتێکی مەترسیدراو نادیار.

[٢] گۆڤاری سەدەی ٢١، ژمارە ٩، ساڵی ٢٠١٠، ل٤٨٩



ئەفسەرانی 19ی حوزەیرانی ساڵی 1947 عیزەت عەبدول عەزیز، مستەفا خۆشناو، خەیروڵا عەبدول کەریم موحەمەد قودسی ئەو ئەفسەرانەن لە شۆڕشییەکانی 1939-1945 لەگەڵ بارزانی لەکۆماری کوردستان لە مەهاباد بەشداریان کردووە لەپاش تواندنەوەی کۆماری کوردستان خۆیان تەسلیم کردەوە بە حکومەتی پاشایەتی عێراق وە حکومەتی عێراقیش لە مێژووی ناوبراوە بەغداد لە سێدارەی دان. گیانی پاکیان لەپێناوی ئازادی کوردستان بەخت کرد.

# خۆ بەدەستەوەدانی ئەفسەرانی کورد بە عێراق

[1] مستەفا بارزانی هەوڵی زۆری دابوو لەگەڵ ئەو ئەفسەرە خەباتکەرو شۆڕشگێڕانەی کە لەگەڵیدا بوون لە شۆڕشی (١٩٤٣-١٩٤٥ن)وە لەگەڵیدا ڕۆیشتن بۆ رۆژهەلاتی کوردستان و بەشداریان کرد لە دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مهاباد بۆ ئەوەی کە نەگەڕێنەوە بۆ عێراق و خۆیان نەدەن بەدەستەوە و لەگەڵیدا بڕۆن بۆ یەکێتی سۆڤیەت، یان خۆیان حەشار بدەن و بشارنەوە، لەبەر ئەوەی ئەوان ئەفسەر بوون لەناو سوپای عێراق و بارودۆخیان جیاوازە لەگەڵ عەشایەراندا و ئەوانی تر.

وە ئەوانەی کە ڕازی بوون بڕۆن لەگەڵ مستەفا بارزانی بۆ یەکێتی سۆڤیەت لە ئەفسەران تەنها میرحاج ئەحمەد و عەبدولڕەحمان موفتی بوو، وە بەکر

[1] البارزاني و الحركة التحررية الكردية، ١٩٤٥-١٩٥٨، مسعود البارزاني، ص٧١

عەبدولکەریم و نوری ئەحمەد تەھاو جەلال ئەمین و محەمەد ساڵح بەنهێنی گەڕانەوە بۆ عێراق و خۆیان ئاشکرا نەکرد و ڕزگاریان بوو لە سێدارەو کوشتن.
بەڵام شەهیدان عیزەت عەبدولعەزیز و مستەفا خۆشناو و موحەمەد قودسی و خەیروڵلا عەبدولکەریم پشتیان بەستبوو بەو لێبوردنەی (عەبدولئیلا-وەسی)دابووی و خۆیان دا بەدەستەوە و لە ١٩ی حوزێرانی ساڵی (١٩٤٧ن)لە سێدارەدران و ئەو ڕۆژە بوو بە ڕۆژی شەهیدانی کوردستان.

# ڕۆیشتنی مستەفا بارزانی و هەڤالآنی بۆ یەکێتی سۆڤیەت

[٣] لە ڕۆژی (١٩٤٧/٤/١٩ز)مستەفا بارزانی و ئەو پێشمەرگانەی کە لەگەڵیدا بوون لە دوای پەڕینەوەی هەموو خێزانەکان هاتن بۆ ناو سنووری عێراق و ڕۆیشتن بۆ شاخی (خواکورک)و مستەفا بارزانی لەوێ هەموو پێشمەرگەکانی کۆکردەوە و وتارێکی بۆیانداو گوتی: براکانم ئێمە لە پاش کەمێکی تر دەچینەوە ناو خاکی عێراقەوە، وە حکومەتی عێراقیش هەموو توانای ماددی و مرۆڤی بەکار دێنێت دژی ئێمە، وە سوود وەردەگرێت لە جاش و خۆ فرۆشان لەگەڵ هێزەکانی سەربازی و فرۆکەکانی، هەروەها داوای یارمەتیش دەکات لە حکومەتەکانی تورکیا و ئێران بۆ لەناوبردنمان، وە یارمەتیشی دەدەن.

بەلآم ئێمە لەسەرمانە بەپێی توانا خۆمان لا بدەین لە شەڕ و ڕووبەڕووبوونەوەی سوپاو چەکدارانی حکومەتی عێراق. ئێمە پشتمان چۆڵەو هیچ یارمەتی و پشتیوانێکمان نییە، ئەوەی کە هەمانە لە فیشەك و پێویستی لەگەڵ خۆماندا هەڵمان گرتووەو هیچی تر نایەتە شوێنی، بۆیە دەبێ خۆڕاگربین، وە پابەند بین بە فەرمانەوە.

من هەوڵ دەدەم کە پەیوەندی بکەم بە حکومەتی عێراقەوە و لەوانەیە بگەینە چارەسەرێکی گونجاو، بەلآم ئەنجامی سەرکەوتنمان زۆر کەمە، لە دوای ئەوە بیر لە چارەسەرێکی تریش دەکەینەوە.

برایان من کەوتومەتە شوێن دوارۆژو ئەنجامێکی نادیار، نازانم لەبرسا دەمرم یان لەسەرما، یان بە گوللەی دوژمن، مردن نزیك ترە لەم بارودۆخەی ئێمەدا، بەلآم خودا گەورەترو بەهێزتر لە هەموو دوژمنان، وە بە پشتیوانی ئەو خودایە من بەرەنگاربوونەوە و خۆڕاگرتنم هەڵبژاردوە، ئەوەی کە باوەڕ و متمانەی هەیە بە خۆی و توانای هەیە ئەم ئەرکە قورسە هەڵبگرێت و بکەوێتە شوێن ئەم

---

[٣] هەمان سەرچاوە، ل٧٨

دوا ڕۆژە سەخت و نادیارە با خۆی ئاشکرا بکات و بەڵێن و گفت بدات، وە ئەوەی کە ناتوانێت و متمانەی بەخۆی نییە ئەم ئەرکە قورسە هەڵبگرێت، دەتوانێت بگەڕێتەوە و خۆی بدات بە دەستەوە بە حکومەتی عێراق، من ئەم قسانە دەکەم وە سوپاسی ئێوەش دەکەم بۆ هەر بڕیارێك کە ئێوە بۆ خۆتانی بدەن.

ئەوانەی کە لەو ڕۆژەدا لەگەڵ مستەفا بارزانیدا بوون (٥٦٠)کەس بوون و هەموویان بەیەك دەنگ گوتیان ئێمە لەگەڵ تۆداین، مردنمان پێ خۆشترە بەبێ تۆ، لە دوای ئەم وتارە مستەفا بارزانی هێزەکەی کرد بە پێنج بەشەوە و هەر بەشەی بەرپرسێکی بۆ دانا.مستەفا بارزانی پەیوەندی کرد بە حکومەتی عێراقەوە و داوای ڕێکەوتنی کرد لێیان و وەڵام دانەوەی.

لە ڕۆژی (١٩٤٧/٤/٢٣ن)حکومەتی عێراق نوێنەری خۆیان ئەفسەری پۆلیس (عەلی بەگ والی و والی ئیبراهیم)یان نارد بۆ لای مستەفا بارزانی لەگەڵ وەڵامی حکومەتی عێراق بەم شێوەی خوارەوە:

١-حکومەتی عێراق ڕەزامەندی خۆی دەردەبڕێت بۆ گەڕانەوەی مستەفا بارزانی و هەڤاڵانی بەبێ هیچ مەرجێك و پێکهاتنێك، وە دەبێ خۆیان بدەن بە دەستەوە و چەکەکانیان تەسلیم بکەن بە حکومەتی عێراق.

٢-بڕیاری لە سێدارەدانەکەی مستەفا بارزانی لە ساڵی (١٩٤٥ن)کە بڕیاری لەسەر دراوە جێبەجێ ناکرێت.

٣-بە پێچەوانەی ئەم بڕیارە عێراق هەڵدەستێت بەجێبەجێکردنی کاری پێویستی خۆی.

لەلایەکی ترەوە مستەفا بارزانی ئاگادار کرابوویەوە کە شێخ ئەحمەد بارزانی و هەموو پیاوان و خێزانەکان لە (دیانە)حکومەت لەناو سەربازگەیەکدا داینـاون و چواردەوریان گیراوە بە تلبەن و پۆلیس و سەربازێکی زۆرەوە و کەس بۆی نییە نە بڕواتە ژوورەوە و نە دەربچێت بۆ دەرەوە بەبێ پرسی دەسەلاتداران.

عەلی بەگ وەڵامەکەی حکومەتی گەیاندە مستەفا بارزانی و پێی ڕاگەیاند کە حکومەت نیازی هێرش کردنە بۆ ناوچەکە و داگیرکردنی بەهێزی سەربازی،

ئەگەر نائومێد بێت لە خۆ بەدەستەوەدانی مستەفا بارزانی، مستەفا بارزانیش گوتی بە عەلی بەگ: ئێمە داواکاری حکومەت دەدەینە دواوە و بەبێ مەرج و پێکهاتن خۆمان نادەین بە دەستەوە، هەروەها گوتی (بە پشتیوانی خودا هەتا یەکێك لەو گەنجانە دەکوژرێن هەزاران خاین و خۆ فرۆش دەکوژرێن).

وەڵامەکەی مستەفا بارزانیان گەیاندەوە بە حکومەتی عێراق و حکومەتی عێراقیش هەموو هێزەکانی سەربازی و جاشە خۆ فرۆشەکانی کوردی کۆ کردەوە و بە پشتیوانی فڕۆکەکانی لە سێ لاوە هێرشیان برد بەرەو ئەو ناوچەی کە هێزەکەی مستەفا بارزانی لێ بوو، وە حکومەتی تورکیا و ئێرانیش ئامادەکاریان کرد بۆ یارمەتیدانی حکومەتی عێراق و لێدانی هێزەکەی بارزانی، وە چەند جارێ بەرەنگاربوونەوە ڕووی دا لە نێوانیاندا.

لە ڕۆژی (١٩٤٧/٥/٦)مستەفا بارزانی هێزەکەی کۆکردەوە لە شاخی (ئەرکوش)و بڕیاری مێژوویی خۆی پێیان ڕاگەیاند کە دەڕۆن بۆ یەکێتی سۆڤیەت، وە هۆیەکانی ئەم بڕیاری باس کرد و شیکردەوە بۆیان، هەر لە هەمان ڕۆژدا هێزەکەی دابەش کرد و ڕێکخستن و کەوتنە ڕێ لە نێوان سنووری عێراق و تورکیاوە بەرەو سنووری ئێران، لە ڕۆژی (١٩٤٧/٥/٢٤)گەیشتنە گوندی (پێداو)کە دوا گوندی عێراق بوو لەسەر سنووری عێراق و تورکیا. لە ڕۆژی (١٩٤٧/٥/٢٧)گەیشتنە گوندی (جێرم)لەناو سنووری ئێران یەکەم گوند بوو.

بە گەیشتنی هێزەکەی مستەفا بارزانی بۆ گوندی جێرم لە ناوچەی (ماکۆ)دەوڵەتی ئێران هەموو ناوچەکەی گەمارۆدا بە سوپا و دەبابەو بە پشتیوانی فڕۆکە بۆ ئەوەی کە نەیەڵن مستەفا بارزانی و هێزەکەی بگەیەنە سەر ئاوی ئاراس و بپەڕێنەوە بۆ یەکێتی سۆڤیەت.

لە ڕۆژی (٩-١٩٤٧/٦/١١)شەڕێکی گەورە بەرپا بوو لە نێوان هێزەکەی مستەفا بارزانی و سوپای ئێران، بارزانی و پێشمەرگەکانی شەڕی مان و نەمانیان دەکرد، لەم شەڕەدا گەورەترین سەرکەوتنیان بەدەست هێنا و لەشکری ئێرانیان تێکشکاند و تەفروتونا کرد.

بە سەدان کوژراو و بریندارایان لەمەیدانی شەڕەکەدا کەوتبوون، وە (٢٧١)سەربازو ئەفسەریان بەدیل گرت لێیان، لەو شەڕەدا فرۆکەیەك و چەند دەبابەیەك تێك شکێنرا، بەسەدان تفەنگی هەمەجۆریان دەستکەوت، (٥٠)هێستریان دەست کەوت بە بارەوە لە فیشەك و خۆراك.

سوودیان لە هێسترەکان وەرگرت بۆ هەڵگرتنی برینداره‌کان و خۆراکەکانیان، لەم شەڕە گەورەدا چوار پێشمەرگە شەهید بوون وە چواردەش بریندار بوون.

لە شەوی (١١-١٢/٦/١٩٤٧ز)پردی ماکۆیان داگیرکرد و لە روباری (زەنگی)پەڕینەوە، لە رۆژی (١٢/٦/١٩٤٧ز)بەیانیەکەی گەیشتنە گوندی (هاسون)و دوور کەوتنەوە لە مەترسی و دیلەکانی ئێرانیان بەردا. لە رۆژی (١٦/٦/١٩٤٧ز)مستەفا بارزانی، میرحاج ئەحمەدی نارد بۆ بنکەی پۆلیسی (سراجلو)ی سۆڤیەتی بۆ ئەوەی کە ئاگاداری دەسەڵاتدارانی یەکێتی سۆڤیەت بکاتەوە بە گەیشتنی مستەفا بارزانی و هەڤاڵانی بۆ گوندی (سوکتلی)و داوا دەکات کە ماوە و مۆڵەتیان بدەن بۆ پەڕینەوەیان لە ئاوی (ئاراس)و پەنایان بدەن.

لە رۆژی (١٧/٦/١٩٤٧ز)بڕیاری پەڕینەوەیان لە ڕوباری ئاراس بۆ بەری یەکێتی سۆڤیەت هات و لە رۆژی (١٨/٦/١٩٤٧ز)کۆمەڵی یەکەمیان پەڕینەوە، مستەفا بارزانی لەگەڵ دوا کۆمەڵی هێزەکەیدا پەڕینەوە لە ڕوباری ئاراس، بە (٤٢) رۆژ لە عێراقەوە گەیشتنە سەر ڕوباری ئاراس و پەڕینەوە بۆ بەری یەکێتی سۆڤیەت و بردنیان بۆ سەربازگەیەکی سۆڤیەتی و دایان نان.

ئێزگەی ڕادیوی (لەندن)هەواڵەکانی شەڕەکانی بارزانی و سوپای ئێران و پەڕینەوەیان لە ڕوباری ئاراس لە رۆژی (١٨/٦/١٩٤٧ز)بڵاو کردەوە، دوابەدوای ئێزگەی لەندن ئێزگەو رۆژنامەکانی جیهان بڵاویان کردەوە هەر یەکە بەپێی بۆچوون و ئارەزوو و بەرژەوەندی خۆیان.

# ژیانی مستەفا بارزانی و هەڤالانی لە پاش پەڕینەوەیان لە ڕوباری ئاراس

[1] لە پاش پەڕینەوەی مستەفا بارزانی و هەڤالانی لە ڕوباری ئاراس و ڕۆیشتنیان بۆ ناو خاکی یەکێتی سۆڤیەت، مستەفا بارزانیان گواستەوە بۆ شاری (نەخجوان)لە کۆماری ئەرمینیای سۆڤیەتی و لەوێ ماوەیەك بە توندی نەخۆش کەوت، وە هەڤالانیشی لە دەشتێکدا دەیانکەنە ناو سەربازگەیەکەوە و دەوریان تەل بەن دەکەن و پاسەوانیان بۆ دادەنێن و ڕۆژی (٥٠٠)گرام بۆ هەر یەکەیان نان و قاپێك شۆربایان پێ دەدەن هەروەکو دیلی لە جەنگ گیراو ڕەفتاریان لەگەڵدا دەکەن و هەر یەکە بەجیا لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا کرابوو.

لە ڕۆژی (١٩٤٧/٧/١٢)ن مستەفا بارزانی لەگەڵ چەند بەرپرسێکی سۆڤیەتی سەردانی سەربازگەکە دەکەن و سەیری باروذۆخی ژیانیان دەکەن، بەرپرسە سۆڤیەتیەکان فەرمانیان دابوو تەل بەنەکەیان لابردبوو، وە جۆرو شێوەی خواردنەکەیان بۆیان گۆڕی بوو، لەگەڵ چاککردنی شوێن و باری ژیانیان.

مستەفا بارزانی نزیکەی چل ڕۆژ لەگەڵیاندا لە سەربازگەکە دەمێنێتەوە و دوایی هەموویان دەگوێزنەوە بۆ ئازربایجانی سۆڤیەت و دابەشیان دەکەن بەسەر ناوچەکانی (ئاغا دام و لاچین و ئایولاخ)وە مستەفا بارزانی و چوار لە هەڤالانی دەگوێزنەوە بۆ شاری (شوش).

لە (١٩٤٧/٩/٢٩)ن مستەفا بارزانیان گواستنەوە بۆ (باکۆ)و چەند جارێك بەرپرسانی ئازربایجان چاوپێکەوتنیان کرد لەگەڵیدا و چاوەڕوانی ئەوەبوون کە لە (مۆسکۆ)وە وەلامیان بدەنەوە.

---

[1] البارزاني و الحركة التحررية الكردية، ١٩٤٥-١٩٥٨، مسعود البارزاني، ص٨٢

هەر لەو سەردەمەدا مستەفا بارزانی چەندین نامەو داواکاری ناردبوو بۆ مۆسکۆ و باکۆ بۆ (ستالین)و باقرۆف و هۆی هاتنی خۆی و هاڤالأنی و بارودۆخی کورد و کوردستانی بۆیان باس کردبوو تیایاندا، وە داوای یارمەتی و پشتگیری یەکێتی سۆڤیەتی کردبوو بۆ گەلی کورد و کوردستان.

لە کۆتایی مانگی تشرینی دووەمی ساڵی (١٩٤٧ن)مستەفا بارزانی بۆ یەکەم جار چاوی کەوتبوو بە (باقرۆف سەرۆك وەزیرانی ئازرباجیانی سۆڤیەتی و سەردانەکەی چەند جارێك دووبارە دەبێتەوە و داوای پشتگیری و یارمەتی حکومەت و گەلی سۆڤیەت دەکات بۆ گەلی کورد، وە چەوسانەوە و زوڵم و زۆرکردن لە گەلی کورد دەخاتە پێش چاویان و داوا دەکات لە (باقرۆف)و پێی دەڵێت ئێمە پێویستمان بە زانست و هونەری سەربازی هەیە، تکاتان لێ دەکەین یارمەتیمان بدەن و کێشەی گەلی کورد بگرنە ئەستۆی خۆتان، ئەم داواکاریانەی من بەناوی گەلی کوردەوەیە، تکاتان لێ دەکەم ئەم داواکاریانەمان بگەیەنن بە سەرکردایەتی باڵا لە مۆسکۆ.

لە مانگی تشرینی دووەم ساڵی (١٩٤٧ن)حکومەتی ئازربایجانی سۆڤیەت دەستیان کرد بە بایەخ دان بە مستەفا بارزانی و هەڤالأنی و وەکو تێکۆشەران رەفتاریان دەکرد لەگەڵیانداو هەموویان کۆکردنەوە لەیەك شوێندا و ماوەیان بۆیان رەخساند بۆ مەشقی سەربازی و خوێندن. حکومەتی ئازربایجان دەستیان کرد بەجێبەجێکردنی فەرمانەکانی مۆسکۆ.

لە رۆژی (١٩٤٧/١٢/٢ن)هەموو پێشمەرگەکانیان گواستەوە بۆ باکۆ پایتەختی ئازربایجانی سۆڤیەت و فەوج و سریەی سەربازیان لێیان دامەزراند، وە بەرپرسیان لە خۆیان و لە ئەفسەرانی سۆڤیەتی بۆیان دیاری کرد، وە جل و بەرگی سەربازی و چەکیان دابەش کرد بە سەریاندا و دەستیان کرد بە مەشقکردنی سەربازی نوێ رۆژی هەشت کاتژمێر، وە چوار کاتژمێریش بۆ فێربوونی خوێندن و نووسین بە زمانی کوردی، وە مامۆستایان لە خۆیان دانا بۆیان لە ئەوانەی کە خوێندەوار بوون. وە شارەزایی باشیان لە مەشقی

سەربازی پەیدا کرد بێجگە لە شارەزایی خۆیان لە شەڕی پارتی زانیدا. وە فێری خوێندن و نووسینی کوردی بوون و باروذۆخیان باش بوو.

لە ڕۆژی (١٩٤٨/١/١٩ن)هەموو کوردانی کوردستانی باشوور و ڕۆژهەلات کە لە سۆڤیەت بوون ئامادەبوون لە شاری (باکو)و کۆنفراسێکیان بەست و سەرکردایەتی سیاسییان هەڵبژارد بۆ بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی.

وە لە ئێزگەی ڕادیۆی (باکو)ماوەیەك دیاری کرا بۆ پرۆگرامی کوردی و بلاوکردنەوەی دەنگوباس و چالاکیان، وە ڕۆژنامەیەك بە زمانی کوردی. ئەم هەنگاوانە ئومێدیان دا بە بارزانی و هەڤالانی بۆ بەردەوام بوونی خەباتی ئازادیخوازی کورد و گەڕانەوەیان بۆ کوردستان و بە ڕیاکردنی شۆڕشی کورد سەر لەنوێ. باقیرۆف سەرۆك وەزیرانی ئازربایجانی سۆڤیەت (خۆی ئازەر بوو کە بەشێکن لە تورك، ن.س). دەیویست دەست بگرێت بەسەر سەرکردایەتی کورداو بیان خاتە ژێر دەسەلاتی ئەو ئازەرانەی کە لە ئازربایجانی ئێرانەوە هەڵهاتبوون و لە سنووری یەکێتی سۆڤیەتدا بوون، وە ئەوانیش سەرکردایەتیەکیان لە باکۆ دامەزراندبوو بۆ ئازادکردنی ئازربایجانی ئێران.

بەلام مستەفا بارزانی مل کەچی داوا و فشاری باقیرۆف نەبوو و داواکارو فەرمانەکەی بە توندی دایە دواوە و پێی گوتبوو کێشەی ئێمە جیایە لەگەل کێشەی ئازەر، ئێمە کوردین و ئەوان ئازەر.

ئەم بەرپەرچ دانەوەی مستەفا بارزانی بۆ باقیرۆف و مل کەچ نەکردنی بۆی، لە دانیشتنێکدا باقیرۆف هەڕەشەی کردبوو لە مستەفا بارزانی و گوتبووی ئەگەر داواکار و بڕیارەکەی جێبەجێ نەکات دەبێ ئەنجامەکەی هەڵبگرێت.

مستەفا بارزانیش پێی گوتبوو (ئەی هاوڕێ ئێمە نەهاتووین بۆ ئێرە بۆ ئەوەی هەڕەشەمان لێ بکەیت، ئێمە ئەگەر لە هەڕەشە بترساینایە ئێمەت لێرە نەدەبینی، ئێمە هاتین بۆ یەکێتی سۆڤیەت بۆ ئەوەی دەنگی گەلی کوردی زوڵم و زۆر لێکراو بگەیەنین بە گەل و دەوڵەتی سۆڤیەت.

بۆ ئەوەی کەرامەتی خۆمان بپارێزین. تکایە لێمان تێبگەن، ئێمە مل کەچ نابین بە هەرەشەکردن، وە رازیش نابین بکەوینە شوێن گەلێك کە لە گەلەکەی خۆمان زیاتر نییە با دۆست و هاورێشمان بن وەکو گەلی ئازەر. ئێمە گەلێکی جیاواز و سەربەخۆین، بەشێك نین لە گەلی ئازەر.

مستەفا بارزانی بە هەموو جۆرێك داواکاریەکەی باقیرۆفی دابووە دواوە بۆ ئەوەی گەلی کورد نەبێت بە بەشێك لەو دەوڵەتەی کە بۆ ئازەرەکان دادەمەزرێت لەناو سنووری ئێراندا، ئەم دانیشتنەی مستەفا بارزانی لەگەڵ باقیرۆف و لەیەك نەگەیشتنیان سەرەتای کارەساتێکی تر بوو بۆ مستەفا بارزانی و هەڤاڵانی.

لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك لە کوردانی رۆژهەلاتی کوردستان کە لەناو سەرکردایەتی بزووتنەوەی سیاسی کوردابوون لە باکۆ کەوتنە شوێن داواکانی باقیرۆف و پشتگیریان کردو بوو بەهۆی هەڵوەشاندنەوەی سەرکردایەتی سیاسی کورد لە باکۆ.

# ڕۆیشتنی مستەفا بارزانی و هەڤالانی بۆ کۆماری ئۆزبەگستانی سۆڤیەت

[1] لە ئەنجامی فشاری باقیرۆف و دژایەتیکردنی لەگەڵ مستەفا بارزانی و هەڤالانی، وە دروست کردنی کۆسپ و هەرەشەکردن. مستەفا بارزانی ناچار بوو داوای کرد لە دەسەلاتدارانی یەکێتی سۆڤیەت بۆ ئەوەی کە خۆی هەڤالانی بگوێزنەوە بۆ کۆمارێکی تری یەکێتی سۆڤیەت.

ئەوەبوو لە ڕۆژی (١٩٤٨/٨/٢٩ز)مستەفا بارزانی و هەڤالانی گوێزرانەوە بۆ کۆماری ئۆزبەگستانی سۆڤیەتی و لە سەربازگەی (چرچوك)لە نزیك (تاشقەند)ی پایتەخت دایان نان و مالێکیان دیاری کرد بۆ نیشتەجێکردنی مستەفا بارزانی لە نزیك سەربازگەکە.

وە بەردەوام بوون لە مەشقکردنی سەربازی هەروەکو بۆیان دیاریکرابوو، وە مامۆستایان بۆیان دابین کرد، بۆ فێربوونی زمان و خوێندن و نووسینی ڕوسی، وە مستەفا بارزانی بە تەواوی فێری زمان و خوێندن و نووسینی ڕوسی بوو، وە هیچ گیروگرفتێکیان نەمابوو لەلایەن زمانی ڕوسیەوە.

مستەفا بارزانی چاوپێکەوتنی کردبوو لەگەڵ بەرپرسانی سۆڤیەتی (ڕینازۆف و یوسفۆف سکرتێری حیزبی شوعی ئۆزبەگی و سەرۆك وەزیرانی کۆماری ئۆزبەگستان لە ڕۆژی (١٩٤٨/٩/٢٤ز)یوسفۆف گفت و بەڵێنی دابوو بە مستەفا بارزانی کە پشتگیری بکات و یارمەتی بدات.

بەلام باقیرۆف لە کۆماری ئۆزبەگستانیش وازی نەهێنا لە دوژمنایەتی کردن و بەربەرەکانی کردنی مستەفا بارزانی، باقیرۆف دۆستی نزیکی ستالین و یوسفۆف بوو، ئەوەی کە مەبەستی بوو دژ بە بارزانی و هەڤالانی بە ڕێگای ئەوانەوە جێبەجێ دەکرد.

---

[1] البارزاني و الحركة التحررية الكردية، ١٩٤٥-١٩٥٨، مسعود البارزاني، ص١٠٧

لە ڕۆژی (١٩٤٩/٣/١٣ن)جەنەڕاڵێكی سۆڤیەتی گەیشتە تاشقەند و ئاگاداری مستەفا بارزانی كردەوە بۆ ئەوەی كە خۆی ئامادە بكات و بە فڕۆكە بڕۆن بۆ مۆسكۆ بۆ چاوپێكەوتنی ستالین و سەركردایەتی یەكێتی سۆڤیەت، وە دوو كەس لەگەڵ خۆیدا ببات. مستەفا بارزانیش دوو كەس لە هەڤاڵانی هەڵدەبژێرێت و بۆ ئێوارەكەی ڕوو دەكەنە فڕۆكەخانەی تاشقەند و مژدەی خۆشی دەدەن بە یەكتر، بەڵام بەپێچەوانەوە فڕۆكەكەی مستەفا بارزانی و هەڤاڵانی تیادا ڕووی نەكردە مۆسكۆ، بە پێچەوانەوە ڕووی كردە شاری (چەمبای)لە نزیك دەریاچەی (ئۆرال)وەكو دوورخستنەوەیەكی بە زۆر و فەرمی.

وە هەڤاڵانی مستەفا بارزانیش بەهەمان شێوە هەر دوو كەس و سێ كەس بۆ شارو ناوچەیەك دابەشیان كردن و بڵاوەیان كرد پێیان و لەو شارو ناوچانە دابەشیان كردن بەسەر كارگەو پرۆژەكانی هەرەوەزی كشتوكاڵی و شوێنانی تر، وایان بڵاوە پێكردن كەسیان هەواڵی ئەوانی تریان نەدەزانی كە لە كوێن، و هەمووشیان لەژێر چاودێری ئاسایش و پۆلیسدا بوون، وە بۆیان نەبوو كەسیان ناونیشانی ئەوانی تریان بزانن و پەیوەندی بكەن بە یەكەوە، وە هەڵسوكەوتی نا مرۆڤانەیان دەكرد لەگەڵیاندا و هەواڵیان بڕابوو لە جیهاندا.

هەڤاڵانی مستەفا بارزانی بەبێ ئەوەی كەسیان ئاگایان لە ئەوانی تریان بێت هەر دووان و سێیان لە ئاستی خۆیان دەستیان كرد بە مانگرتن و خۆپێشاندان و ناڕەزایی دەربڕین، وە داواكردنی مستەفا بارزانی و (كۆكردنەوەیان، ن.س).

لەو سەردەمەی ستالین مان گرتن و خۆپێشاندان تاوانێكی گەورەبوو، وە بەخیانەت ئەژمار دەكرا، وە تاوانەكەش كوشتن و لەسێدارەدان بۆ هاونیشتیمانانی سۆڤیەت.

وە ئەوەی كە جێگای سەر سوڕمان بوو لەلای بەرپرسانی یەكێتی سۆڤیەت ئەوەبوو كە هەڤاڵانی مستەفا بارزانی هیچ پەیوەندییەكیان نەبوو بەیەكەوە و هەمووشیان لە یەك ڕۆژ و كات و ساتدا مان گرتن و خۆپێشاندانیان دەكرد و

داواکاری هەموویشیان هەر یەك بوو بۆ مستەفا بارزانی و کۆکردنەوەیان لەیەك شاردا.

ئەم بلآوە پێکردن و دووری و فشاری سەریان درێژەی کێشابوو هەتا سالّی (١٩٥١ز)مستەفا بارزانی هەلّێکی بۆ هەلّدەکەوێت بەهۆی ناسراوێکی ئۆزبەکییەوە کە دەڕوات بۆ مۆسکۆ و مستەفا بارزانیش نامەیەکی دوورو درێژ دەنووسێت بۆ (ستالین)و باسی هەموو بەسەرهاتەکانی خۆیانی بۆ دەکات لە کۆمارەکانی ئازربایجان و ئۆزبەکستانی سۆڤیەتی بەدەستی باقیرۆف و یوسفۆف، وە ناسراوەکەی لە مۆسکۆ بۆی دەخاتە ناو سندوقی پۆستەوە و بۆی دەنێرێت بۆ کرملن بۆ ستالین، وە ئەمەش یەکەم نامەی مستەفا بارزانی دەبێت لەناو دەیان نامەیدا کە دەگاتە دەستی ستالین. نامەکانی پێشووی هەموو چاودێرانی پۆست دەستیان گرتبوو بە سەریاندا و نەیان ناردبوو بۆ ستالین.

# گەیشتنی نامەکەی مستەفا بارزانی بە مۆسکۆ و کاریگەری کردنی

[1] بە گەیشتنی نامەکەی مستەفا بارزانی و خوێندنەوەی ستالین فەرمان دەدات بۆ لێکۆڵینەوەی و ژیان و بارودۆخی ئەو پەنابەرانەی کە لەگەڵ مستەفا بارزانیدا هاتوون بۆ یەکێتی سۆڤیەت.

لە مانگی ئازاری ساڵی (١٩٥١ن)دەوڵەتی سۆڤیەت لیژنەیەکیان پێك هێناو دەستیان کرد بە سەردانی هەڤاڵانی بارزانی و هەر کۆمەڵە بە جیا لێکۆڵینەوەیان کردبوو لەگەڵیاندا و پرسیاری ئەوەشیان کردبوو کە چۆن بووە کە هەموویان لەیەك ڕۆژ و کات و ساتدا پێکەوە مانیان دەگرت و خۆپیشاندانیان دەکرد و کەسیشیان ئەوانی تریان نەدەبینی.

هەموویان یەك وەڵام بوون و گوتبوویان: ئێمە لەگەڵ مستەفا بارزانیدا هاتووین و کەوتووینەتە شوێن مافی گەلی کوردمان، وە دەمانەوێت مستەفا بارزانی سەرۆك و سەرکردەمان بێت و لەگەڵماندا بێت.

لیژنەکە دەگەڕێتەوە بۆ مۆسکۆ و ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەیان دەبەنەوە و ڕاستیەکانیان بۆ دەردەکەوێت کە ڕەفتاری خراپیان لەگەڵدا کراوە لەلایەن بەرپرسانی ئازربایجان و ئۆزبەکستانەوە.

لە مانگی ئابی (١٩٥١ن)سەرکردایەتی سۆڤیەت لە مۆسکۆ پلەدار (فینۆگرادۆف)دەنێرن بۆ لای بەرپرسانی تاشقەندان و فەرمانی سەرکردایەتی باڵای یەکێتی سۆڤیەتیان پێ ڕادەگەیەنێت بۆ گەڕانەوەی هەموو هەڤاڵانی مستەفا بارزانی و کۆ کردنەوەیان لە تاشقەند و باشکردنی باری ژیانیان. لە ڕۆژی (١٩٥١/٩/١ن) (فینۆگرادۆف)فڕۆکەیەکی نارد بە شوێن مستەفا بارزانی و هێنایەوە بۆ تاشقەند و داوای لێبوردنی کردبوو لێی بۆ ئەو هەڵسوکەوت و ڕەفتارەی کە لەگەڵیاندا کرابوو، وە گوتبووی مۆسکۆیش بە داخەوەیە بۆ ئەو ڕووداوانە.

وە ماڵێکیان دیاری کرد بۆ مستەفا بارزانی لە نزیك شاری تاشقەندو مەڵبەندی هاریکاریان دامەزراند بۆ هەڤاڵانی بارزانی و هەموو پێویستیەکیان بۆیان دابین کرد. وە نەخۆش و تەمەندارەکان موچەیان بۆیان دابین کرد و گەنجەکانیان ناردن بۆ خوێندن لە کۆلیژ و پەیمانگاکان.

---

[1] البارزاني و الحركة التحررية الكردية، ١٩٤٥–١٩٥٨، مسعود البارزاني، ص٨٨–١٠٨

# ڕۆیشتنی مستەفا بارزانی لە ساڵی ١٩٥٣ز بۆ مۆسکۆ

[1] لە دوای مردنی ستالین لە ساڵی (١٩٥٣ز)بە ماوەیەکی کەم مستەفا بارزانی هەستی کردبوو کە چاودێری ئاسایشی تاشقەند کەم کراوەتەوە لەسەریان و وەکو جاران چاودێریان لەسەر نییە، بڕیاری دابوو کە بڕوات بۆ مۆسکۆ و هەوڵێك بدات بە ئومێدی کە خۆی و هەڤاڵانی ڕزگار بکات، وە گەیشتن بەو ئامانجەی کە لە پێناویدا هاتوون بۆ یەکێتی سۆڤیەت.

بەلام لەگەڵ ئەوەی کە چاودێری و فشاری دەزگاکانی هەوالگری و پۆلیسی ئاسایش لەپاش مردنی ستالین کەمی کردبوو لەناو کۆمارەکانی یەکێتی سۆڤیەت. بەلام مۆسکۆی پایتەخت و کرملن شوێن و جێگای سەرکردایەتی بالای یەکێتی سۆڤیەت هەر لەژێر چاودێری توندوتیژدا بوون.

مستەفا بارزانی لە دڵی خۆیدا بڕیاری دابوو ئەو سەفەرەی کە دەیکات بۆ مۆسکۆ و کرملن بۆ کەس باسی نەکات و نەی درکێنێت و نهێنی بێت هەتا ئەنجامەکەی بۆ دەردەکەوێت. لە دوای مردنی ستالین هاتوچۆکردن لە کۆمارەکانی یەکێتی سۆڤیەتەوە بۆ مۆسکۆ ئاسانکاری بۆ کرابوو بەتایبەتی بە فڕۆکە.

ئەوەی مەبەستی ڕۆیشتن بوایە بە فڕۆکە بۆ مۆسکۆ تەنها پێویستی بە تەکتیکی فڕۆکە هەبوو بۆ سەرکەوتن بۆ ناو فڕۆکەکە، تەنانەت داوای ناسنامەشیان نەدەکرد، ئەگەرچی لەو سەردەمەدا مستەفا بارزانی نە ناسنامەو نە کارتی پەناهەندەیی نەبوو. ئەوەش کێشە نەبوو بۆ کڕینی تەکتیکی فڕۆکە بۆ سەرکەوتن، مستەفا بارزانی بۆ ئەم سەفەرەی بۆ مۆسکۆ تەنها پێویستی بە دەستەیەك جل و بەرگی نوێ و کەرەڤیتەی مل و جوتێك پێلاوی نوێ و جانتایەکی بچوکی دەستی هەبوو بۆ پێویستیەکانی تایبەتی خۆی، ئەمانەشی هەموو دابین کردبوو بەهۆی هەڤاڵانیەوە کە لێیەوە نزیك بوون و سەردانیان

---

[1] البارزاني و الحركة التحررية الكردية، ١٩٤٥-١٩٥٨، مسعود البارزاني، ص١٠٨.

دەکردن. مستەفا بارزانی ئامادەکاری خۆی دەکات و تەکتیکی سەفەرکردن بە فڕۆکە دەکرێت و دەڕوات بۆ فڕۆکەخانەی تاشقەند و سەردەکەوێت بۆ ناو فڕۆکە و دەڕوات بەرەو مۆسکۆ.

مستەفا بارزانی لەکاتی کرینی تەکتیکی فڕۆکە و ڕۆیشتنی بۆ ناو فڕۆکەخانەو سەرکەوتنی بۆ ناو فڕۆکەکە دەزگاکانی ئاسایش و پاراستنی دەوڵەت ئاگادار دەبن و چاودێریان کردبوو وە ئاگاداری سەرکردایەتی سۆڤیەتیان کردبوو لە مۆسکۆ، بەڵام نەیاندەزانی هۆی ڕۆیشتنەکەی چییەو بۆ کوێ دەچێت لە دوای دابەزینی لە مۆسکۆ.

وە دەستیان نەخستبووە ڕێگای و پرسیاریان لێی نەکردبوو، مستەفا بارزانی دەگەیەتە مۆسکۆ و لە فڕۆکەخانە دادەبەزێت و ڕاستەوخۆ ڕوو دەکاتە مەیدانی (کرملن)شوێن و جێگای سەرۆك و سەرکردایەتی یەکێتی سۆڤیەت و بەبێ ئاگادار کردنەوە و مۆڵەت وەرگرتن لە دەرگای (سپاسکیە)یەوە دەڕواتە ژوورەوە.

لەو سەردەمەدا تەنانەت نەیان دەهێشت باڵندە بەسەر ئاسمانی ئەو شوێنەدا بڕوات، وە سام و ترسی کاتی ستالین لە ناوچەکەدا هەرمابوو، کەس بەبێ مۆڵەت و بڕیار نەیدەتوانی ڕوو بکاتە ئەو شوێنە، ئەمەش بۆ یەکەم جارو دواجار بوو کە پیاوێك بەبێ مۆڵەت و بڕیار بگەیەتە ئەو جێگایە، کە ئەویش مستەفا بارزانی بوو کە بە هەموو ئازایەتی و چاو نەترسانەوە ڕووی کردە ئەو شوێنە قەدەغەکراوە و سامناکە.

مستەفا بارزانی خۆیشی باش دەیزانی ئەگەر پێی بزانن و ئاشکرا بێت کە هاتۆتە ناو (کرملن)ەوە پێشی ئەوەی کە چاوی بکەوێت بە بەرپرسانی بالآی سۆڤیەت بەلای کەمەوە دەیگرن و دەینێرنەوە بۆ کۆماری ئۆزبەکستان بۆ تاشقەند بۆ شوێن و جێگاکەی خۆی.

وە دەیزانی ئەگەر کێشەیەکی نا ئاسایی دروست نەکات لەکاتی چوونە ژوورەوەی بۆ ناو کرملن ناتوانێت سەرکردایەتی سۆڤیەت ناچار بکات بۆ ئەوەی کە پێشوازی لێ بکەن و چاوی پێیان بکەوێت.

[٢] مستەفا بارزانی دەرواتە ناو کرملن و راستەوخۆ روو دەکاتە نوسینگەی پرسگەی سەرکردایەتی یەکێتی سۆڤیەت و خۆی ئاشکرا دەکات و بە زمانی رووسی دەڵێت (من مەلا مستافی بارزانیم)، هاتووم کێشەی گەلێکی ژێر دەستەو زوڵم لێکراو بخەمە بەر دەستی گەلی (لینین)و حیزبەکەی (و سەرکردایەتی یەکێتی سۆڤیەت، ن.س)کە لە بیروباوەرەکەیدا گفتی یارمەتی و پشتگیری کردنی داوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی گەلانی چەوساوە و ئازادکردنیان لە زوڵم و زۆرداری.

بەرپرسی پرسگەکە مستەفا بارزانی دەبینێت کە بەبێ مۆڵەت هاتووتە ژوورەوە بەبێ ترس و شڵەژان ئەم قسانە دەکات تووشی شۆك دەبێت و سەری سوور دەبێت لەم کارە. کەس لە پێشی ئەم پیاوە نەهاتووەتە ئەم جێگایە بەم شێوەیەو ئەم قسانە بکات.

دەست بەجێ بەرپرسی پرسگەکە ئاگاداری سەرووی خۆی دەکاتەوە کە پیاوێکی بەم ناوە و بەبێ مۆڵەت هاتووە و ئەوە داواکارییەکانیەتی. دەست بەجێ چەند بەرپرسێکی پلەدارو شارەزا و پسپۆر ئامادە دەبن و مستەفا بارزانی دەبەنە ژوورەوە و دەست دەکەن بە پرسیار کردن و لێکۆڵینەوە لەگەڵیدا و دوایش دەیبەن بۆ وتێلێك و جێگای بۆ دابین دەکەن و چەند جارێك بانگی دەکەن بۆ (کرملن)بۆ پرسیارو لێکۆڵینەوە، لە دوایدا دیبەنەوە بۆ کرملن بۆ چاوپێکەوتنی سەرکردایەتی حیزبی شوعی و دەوڵەتی یەکێتی سۆڤیەت. مستەفا بارزانیش کێشەی گەلی کورد دەخاتە پێش چاویان و بۆیان شی دەکاتەوە، وە باسی زوڵم و زۆری باقیرۆف و یوسفۆف یان بۆ دەکات لە ئازربایجان و ئۆزبەگستان کە چیان هێناوە بەسەرخۆی و هەڤاڵانیدا.

بەرپرسانی یەکێتی سۆڤیەتیش بەباشی گوێ بۆ قسەکانی رادەگرن و چەند جارێك دانیشتنی لەگەڵدا دەکەن، لە دانیشتنێکدا (نیکیتا خورەشۆف)سکرتێری گشتی حیزبی شوعی و سەرۆکی یەکێتی سۆڤیەت داوا

[٢] دوسیة البارزاني في محفظة ستالين الفولاذية، ترجمة و تقديم الدكتور اسماعيل حصاف، ص٢١

دەکات لە مستەفا بارزانی کە باسی هەموو ئەو بەرسەرهات و ڕووداوانەی خۆی و هەڤالآنی بکات لەو ڕۆژەوە کە هاتوونەتە ناو سنووری یەکێتی سۆڤیەتەوە وە چۆن توانی بگەیەتە مۆسکۆ و بڕواتە ناو (کرملن)ەوە؟ مستەفا بارزانیش بە درێژو شیکراوەیی باسی بۆی کردبوو. وە لە کۆتایی قسەکانیدا گوتبووی (من خۆم و هەڤالآنم بەرەنگاری حەوت دەوڵەت بووینەتەوە و شەڕو ملاملانێمان کردوە لەگەڵیاندا هەتا گەیشتوومەتە مۆسکۆ و ناو کرملن. خۆرەشۆف پێی دەڵێت کێن ئەو دەوڵەتانە؟ مستەفا بارزانیش دەڵێت: ئەمەریکا و بەریتانیا و عێراق و ئێران و تورکیا و ئازەربایجان و ئۆزبەگستان.

لە خورەشۆفیش پێدەکەنێت و دەڵێت بە مستەفا بارزانی چۆن تێگەیشتی لە کەسایەتی باقیرۆف و دەست نیشان کردنی! مستەفا بارزانیش دەڵێت: ئێمە شارەزای بیروباوەڕی یەکێتی سۆڤیەتین بۆ یارمەتیدان و پشتگیری گەلانی چەوساوەو زوڵم لێکراو لە پێش هەموویانەوە گەلی کوردمان، هەر لەبەر ئەوەش بوو ئێمە ڕوومان کردە یەکێتی سۆڤیەت بۆ ئەوەی کە کێشەکەمان بخەینە بەردەستیان بۆ چارەسەرکردنی. بەلآم بەداخەوە بە گەیشتنمان بۆ ناو خاکی یەکێتی سۆڤیەت هەڵسوکەوتی خراپمان لەگەڵدا کرا لە کۆماری ئازربایجان و کۆماری ئۆزبەگستانی سۆڤیەتی کە بەهیچ شێوەیەك لایەق و شیاو نەبوو بۆ یەکێتی سۆڤیەت و ئەوەی کە (لینین)دایمەزراند و دەست نیشانی کرد، ئەو کارانە (ی باقیرۆف و یوسفۆف، ن.س)شکاندنەوەیە بۆ ناوبانگی مەزنی یەکێتی سۆڤیەت.

خۆرەشۆف گوتبووی بە مستەفا بارزانی ئێمە هەموو ئەو نامانەی کە تۆ ناردبووت بۆ مۆسکۆ و دەست بەسەریاندا گیرابوو لەلایەن دەزگای (پیریا)وە هەموومان بینی و چاومان پێیان کەوت.

[3] مستەفا بارزانی داوای کردبوو لە (نیکاتا خۆرەشۆف)سکرتێری گشتی حیزبی شوعی سۆڤیەتی کە دەست هەڵبگرن لەو بۆچوونە هەڵەیانەی سەرکردایەتی

---

[3] البارزاني و الحركة التحررية الكردية، ١٩٤٥-١٩٥٨، ص١١٧

یەکێتی سۆڤیەت لەکاتی ئەستالین دا بەرامبەر بە بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد کە دەیان گوت بزووتنەوەیەکی دەرەبەگایەتییەو نۆکەری ئەمەریکاو بەریتانیایە. ئەم لەیەك نزیك بوونەوەی مستەفا بارزانی و خورەشۆف و سەرکردایەتی یەکێتی سۆڤیەت بوو بەهۆی گۆڕینی هەڵوێستیان بەرامبەر بە بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کورد و دایان دەنا بە بزووتنەوەیەکی نیشتیمانی و نەتەوایەتی ڕەوا.

وە ئەم باوەڕو متمانەی نێوان مستەفا بارزانی و خۆرەشۆف و سەرکردایەتی یەکێتی سۆڤیەت درێژەی کێشا هەتا سالّی (١٩٦٤ز)، لە پاش ئەو چاوپێکەوتن و گفتوگۆیانە و لەیەك نزیك بوونەوەی مستەفا بارزانی و سەرکردایەتی یەکێتی سۆڤیەت و دروستبوونی باوەڕو متمانە لە نێوانیاندا، داوایان کرد لە مستەفا بارزانی کە لە مۆسکۆ بمێنێتەوە، وە خانوو و ئۆتۆمبێلیان بۆ دابین کرد لەگەلّ موچە، وە لە ئەکادیمییەی سیاسی وەریان گرت و دەستی کرد بە خوێندن و پەرەپێدانی شارەزایی ڕامیاری و یاساکانی نێودەولّەتی.

مستەفا بارزانی لە دوای ئەو هەموو گفتوگۆ و سەرکەوتنەی پەیوەندی کردبوو بە هەڤالآنیەوە لە تاشقەند پایتەختی کۆماری ئۆزبەگستان و سەرکەوتنی هەولّ و تێکۆشانەکەی پێیان ڕاگەیاندبوو.



شەهیدی ڕێگای ئازادی، دکتۆر عەبدولرەحمان قاسملۆ لە ساڵی (١٩٨٩ز)تیرۆرکرا بە دەستی پیاو کوژانی دەوڵەتی ئێران لە شاری ڤییەنا پایتەختی نەمسا

# عەبدولڕەحمان قاسملۆ و ڕاپەڕین و شۆڕش

[1] عەبدولڕەحمان قاسملۆ کوڕی مەمەد ئاغای قاسملۆوە، لە (١٩٣٠/١٢/٢٢ز)ڕێکەوتی شەوی زستانی (شەوی یەلدا)،ساڵی (١٣٠٩)هەتاوی لە شاری وورمێ لە ڕۆژهەلاتی کوردستان لە بنەماڵەیەکی خاوەن زەوی و زار و دەست ڕۆیشتوو لە دایك بوو.

مەمەد ئاغای قاسملۆی باوکی پیاوێکی زیرو نیشتیمان پەروەر بوو هەستی بەوە کردبوو کە بەبێ خوێندن و زانیاری میللەتی کورد ناگات بە ئامانجی ئازادی و سەرفرازی، هەر لەبەر ئەوەش بوو چوار کوڕی، بوو هەموو قوتابخانەی

---

[1] چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی، دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملۆ، ل٦١-٦٢

پێیان تەواو كرد و بۆ تەواوكردنی خوێندنی زانستی هەر یەكە ناردنی: ١- عەبدولڕەحمان قاسملۆ بۆ پاریس -فەرەنسا ٢-حوسێن بۆ ئەستەمبوڵ ٣- عەلی بۆ تەورێز ٤-ئەحمەد قاسملۆ بۆ تاران، بۆ تەواوكردنی خوێندن. عەبدولڕەحمان قاسملۆ سەرەتایی و ناوەندی لە شاری، وورمێ خوێند و دواتر ئامادەیی لە تاران تەواو كرد.

قاسملۆ هەر لە منداڵیەوە لەگەڵ بابەتە سیاسیەكان ئاشنابوو، وە بیروباوەڕی ئازادی لە مێشكدا جووڵابوو، لە كتێبەكەیدا (چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی)دا دەڵێت: لە دوای باسی سەفەر و ڕۆیشتنی (٣٠)كەسی وەكو یەكەم كۆمەڵ كە ساڵی (١٩٤١ز)لە عەشیرەت و پیاوانی دەم ڕاستی كورد بانگهێشت كران لەلایەن یەكێتی سۆفیەتەوە بۆ (باكۆ)پایتەختی ئازربایجانی سۆفیەت.

دكتۆر قاسملۆ دەڵێت هەرچەندە ئەو كاتە تەمەنم یازدە ساڵ بوو بەڵام وەكو زۆر لە منداڵانی ئەو سەردەمە سیاسەت سەرنجی ڕاكێشابووم، بابم یەكێك بوو لە ئەندامانی ئەو كۆمەڵە، زۆر باش لەبیرمە كە بابم لە (باكۆ)هاتەوە چەند قەندی شەكری لەگەڵ خۆیدا هێنابوو لەگەڵ تفەنگێكی ڕاوی باشدا، وا دەردەكەوت كە سۆڤیتیەكان قەندو تفەنگ و شتی تریان دابوو بە هەموو ئەندامانی كۆمەڵەكە بە دیاری، لەو سەر دەمەدا قەند زۆر بە نرخ بوو چونكە لە ئێران زۆر گران بوو، لە ماڵی ئێمەدا براكانم و ئامۆزاكانم كە لە من گەورەتر بوون باسی ئەوەیان دەكرد كە بابم لەگەڵ چەند كەسێكی تردا چوون بۆ باكۆ بۆ داواكردنی مافی ئازادی كورد، بۆیە منیش ڕاست و ڕەوا لە بام پرسی ئەی مافی كورد چی لێهات؟.

عەبدولڕەحمان قاسملۆ لە ساڵی (١٣٢٤)لە شاری وورمێ یەكێتی لاوانی دیموكراتی دامەزراند. لە ساڵی (١٣٢٥) (مانگی كانوونی یەكەمی ساڵی (١٩٤٦ز، ن.س).لە پاش داڕووخانی كۆماری كوردستان لە مهاباد عەبدولڕەحمان قاسملۆ ڕۆیشت بۆ تاران بۆ خوێندن.

لە ساڵی (١٩٢٧ز)عەبدولڕەحمان قاسملۆ ڕیشت بۆ پاریس پایتەختی فەرەنسا بۆ تەواوكردنی خوێندن بە گەیشتنی بۆ پاریس هاوكات بوو لەگەڵ تەقەكردن

لە شای ئێران لە زانکۆی تاران. لە ٢٥ی ڕێبەندان (١٣٢٧)کە بوو بە هۆی لەناوچوونی ئازادی دیموکراتیەکان لە سەرانسەری ئێراندا بەو بۆنەیەوە کۆبوونەوەیەکی بەرفراوانی خوێنکارانی ئێران لە پاریس پێکهات و عەبدولڕەحمان قاسملۆ بەشداری تیادا کرد و بە درێژی دابەزینە سەر شای ئێران و ڕژێمەکەی، وە خوێنکاران پەیامێکی ناڕەزاییان نارد بۆ حمە ڕەزا شای ئێران، ئەم کارە بوو بەهۆی فشار هێنانی باڵوێزخانەی ئێران بۆ سەر حکومەتی فەڕەنسا، وە حکومەتی فەڕەنسایش فشاریان هێنا بۆسەر عەبدولڕەحمان قاسملۆ و لە ئەنجامدا ناچار بوو پاریسی بەجێ هێشت و ڕۆیشت بۆ براگ پایتەختی چکسلۆڤاکیا، وەکو یەکەم پرۆسەی یەکێتی نێو نەتەوەیی خوێنکارانی ئێران.

هەر لەو ماوەیەدا کە لە فەڕەنسا بوو بە هاوکاری چەند خوێندکارێکی تری کورد کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردیان دامەزراندن لە ئەورووپا. لەو ماوەی کە خەریکی خوێندن بوو لە (براگ)بەشداری کرد لە خەبات و تێکۆشانی نێونەتەوەیی خوێندکاران.

لە ساڵی (١٣٣٠ن)هەتاوی بەشداری کرد لە دووەم کۆبوونەوەی ئەم ڕێکخراوە وەکو نوێنەری خوێنکارانی ئێران کە لە شاری براگ بەسترابوو، وە عەبدولڕەحمان قاسملۆ بەشداری کرد لە کۆنفراسی فیدراسیۆنی جیهانی لاوان لە شاری (بۆدابێست)پایتەختی مەجەرستان.

لە ساڵی (١٣٣١)ی هەتاوی لەسەر دەمی حکومەتەکەی دکتۆر موسەدەق، عەبدولڕەحمان قاسملۆ لە پاش وەرگرتنی بڕوانامەی زانستی کۆمەڵایەتی و سیاسی (لەشاری براگ)گەڕایەوە بۆ ئێران، لەو سەردەمەدا یەکگرتنی ڕێکخستن هەبوو لە نێوان حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی توودەی (حیزبی شوعی ئێران، ن.س).ئێران.

لە پاش شەش مانگ لە خەبات و تێکۆشان لە تاران گەڕایەوە بۆ شاری مهاباد و بوو بە بەرپرسی کاروباری حیزبی دیموکراتی کوردستان لە شارەکەدا. عەبدولڕەحمان قاسملۆ لە پاش کودەتاکەی ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی

(۱۳۳۲)ناچار بوو خۆی بشارێتەوە و بەنهێنی خەریکی کاری حیزبی بێت لە نێوان تاران و کوردستان.

لەو ماوەیەدا قاسملۆ سەرپەرشتی ڕۆژنامەی کوردستانی دەرکرد، ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان کە تەنها پێنج ژمارەی لێ دەرچوو بەنهێنی، هەر لەو سەردەمەدابوو کۆمیتەی سەرانسەری بۆ کاروباری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران پێکهات بەسەرپەرشتی و بەرپرسیاری ئەو.

عەبدولڕەحمان قاسملۆ لە پاش پێنج ساڵ لە خەبات و تێکۆشانی سیاسی لە نێوان کوردستان و تاران لە ساڵی (۱۳۳٦)جارێکی تر گەڕایەوە بۆ چیکۆسلۆڤاکیا.

لە ساڵی (۱۳۳۷) (۱۹۵۸ز)لە پاش شۆڕشی ١٤ی تەموزی (۱۹۵۸ز)ی عێراق و بوژانەوەی بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی عێراق عەبدولڕەحمان قاسملۆ لەگەڵ چەند ئەندامێکی بەرپرسی حیزبی دیموکرات هەوڵیان دا لە ڕێگای عێراقەوە ڕێکخراوەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیان زیندوو کردەوە. بەڵام بەهۆی کارشکێنی هەندێك ڕابەرانی ئەو کاتەی پارتی دیموکراتی کوردستان-عێراق لەو کارەیاندا سەرنەکەوتن. لە ساڵی (۱۹۵۹ز)عەبدولڕەحمان قاسملۆ لەسەر فەرمانی دەوڵەتی عێراق لەو وڵاتە دەرکراو گەڕایەوە بۆ براگ.

لە ساڵی (۱۳٤۱-۱۹٦۲ز)عەبدولڕەحمان قاسملۆ بڕوانامەی دکتۆراکەی وەرگرت لە زانستی ئابووری لە زانکۆی (براگ)و وانەی ئابووری و سەرمایەداری و ئابووری سیاسی دەگوتەوە، دکتۆر عەبدولڕەحمان لەو سەردەمەدا چەندین کتێب و نامیلکەی گرفتەکانی ڕێگای ئابووری کۆمەڵایەتی و سیاسی نووسیوە و بڵاوی کردەوە لە هەموویان بەناوبانگتر کتێبی (کوردستان و کورد)بوو بە چەندین زمان وەرگێڕدراو بڵاوکرایەوە، وە دوا کتێبی (چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی)بوو. عەبدولڕەحمان قاسملۆ لە ساڵی (۱۹۵۲ز)هاوسەرگیری کرد

لەگەڵ خاتوو (هێلین کروکیش)هاوڕێی خوێندنی لە زانکۆی (بڕاگ)خەڵکی چیکۆسلۆڤاکیا بوو.

عەبدولڕەحمان قاسملۆ زمانەکانی کوردی و فارسی و تورکی و عەرەبی و فەرەنسی و ئینگلیزی و چیکی و ڕووسی بەباشی دەزانی، وە ئاشنابوو بە زمانی ئەڵمانی. دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملۆ لە ساڵی (١٣٤٩-١٩٧٠ن)لە پاش بەیاننامەی ١١ی ئازار-مارتی (١٩٧٠ن)و ڕێکەوتنی سەرکردایەتی کورد (بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی، ن.س)و دەوڵەتی عێراق.

لەو سەردەمەدا بزووتنەوەی خەباتی سیاسی لە کوردستانی ئێران زیاتر گەشەی سەند و عەبدولڕەحمان قاسملۆ گەڕایەوە (بۆ باشووری کوردستان، ن.س)بەهاوکاری چەند کەسێك لە هەڤاڵانی نزیکی و ئەرکی زیندووکردنەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی گرتە ئەستۆی.

لە مانگی جۆزەردانی ساڵی (١٣٥٠)لە کۆنفراسی سێیەمی حیزبدا کە بەسترا، دکتۆر قاسملۆ هەڵبژێردرا بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و لە پاشان هەڵبژێردرایەوە بۆ سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستان، ئێران. ماوەی هەژدە ساڵ پلەی یەکەمی بەرپرسیاری حیزبی بەڕێوە دەبرد.

دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملۆ لە ڕۆژی ١٣ی ژوئییەی (١٩٨٩ن) ٢٢ی پووشپەڕی ساڵی (١٣٦٨ك)لە دانیشتنێکدا لەگەڵ نوێنەرانی دەوڵەتی ئیسلامی ئێران لە شاری (ڤین-ڤیننا پایتەختی نەمسا)بۆ دۆزینەوەی ڕێگای چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کورد لە ئێران، لەسەر مێزی وتووێژ دانیشتبوون لەگەڵ هاوڕێیانی کاك عەبدوڵڵای قادری ئازەر ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزب لە ئەورووپا وە دکتۆر فازڵ ڕەسوڵ کوردی عێراق و مامۆستای زانکۆ هەموویان تیرۆر کران بە دەستی بەناو نوێنەری دەوڵەتی ئیسلامی ئێران بۆ وتووێژکردن.

# رۆژهەلاتی کوردستان لە پاش کۆماری کوردستان لە مهاباد

[1] لە پاش داڕووخانی کۆماری کوردستان لە مهاباد لە رۆژی (١٩٤٦/١٢/١٦)و داگیرکردنی شاری مهابادو خۆبەدەستەوەدانی قازی موحەمەدی پێشەوا و هەڤالانی و لە سێدارەدانی لە سالی (١٩٤٧)ئەندامانی سەرکردایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بلاوەیان لێی کرد هەر یەکە بە لایەکدا.

لە سالانی (١٩٥٠-١٩٥٣)زۆربەی ئەندامانی حیزبی دیموکراتی چوونە ناو ڕیزەکانی حیزبی توودەی ئێرانەوە (پارتی شوعی ئێران)لە کوردستاندا نیشیان دەکرد. لە پاش کودەتای سالی (١٩٥٣)ی ئێران هەموو پارتە سیاسیەکانی ئێران کەوتنە بەر لێشاوی گرتن و ڕاونان بەتایبەتی ئەندامانی حیزبی توودەی ئێران.

ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بۆ ئەوەی کە خۆیان ڕزگار بکەن لە گرتن و کوشتن هەموو خۆیان کشاندەوە لە حیزبی توودە و حیزبی دیموکراتی کوردستانیان دامەزراندەوە و کۆنفرانسی یەکەمیان بەست و دەستیان کردەوە بە ڕێکخستن، لەم کۆنفرانسەدا نزیکەی ٢٠ کەس ئامادەبوون و بەشداریان تیادا کردبوو لەوانە: عەزیز یوسفی، ڕەحمەتوللا شەریعەتی، عەبدوللای ئیسحاقی، وە دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملۆ لە کۆنفراسەکەدا ئامادەبوو وەکو چاودێر و میوان، لە پاش شۆڕشی ١٤ی تەممووزی سالی (١٩٥٨)ی عێراق حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران زیاتر پەرەی سەند و خۆی بەهێزکرد، ئەوانەی کە ئاشکرا دەبوون و مەترسیان لە خۆیان دەکرد دەهاتنە ناو کوردستانی باشوور و خۆیان پەنا دەدا.

لە سالی (١٩٦٠)حیزبی دیموکراتی کوردستان جارێکی تر لە کوردستانی رۆژهەلاتدا کەوتنە بەر لێشاوی گرتن و ڕاونان بەدەستی حکومەتی حمە ڕەزا شا و کەوتنە ڕاکردن و خۆشاردنەوە.

---

[1] مێژووی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، نیو سەدە تێکۆشان، نووسینی عەبدوللای حەسەن زادە، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

لە ساڵی (١٩٦٤ن)دوو بەرەکی کەوتە نێوان سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد و سەرۆکی پارتی مستەفا بارزانی، ئەم دوو بەرەکیە حیزبی دیموکراتی ئێرانیشی گرتەوە.

عەبدولڕەحمان قاسملۆ پشتگیری سکرتێری پارتی و کۆمەڵی مەکتەبی سیاسی کۆنی دەکرد و عەبدوڵلا ئیسحاقی پشتگیری مستەفا بارزانی دەکرد و ئەم دوو بەرەکییە درێژەی کێشا. لە ساڵی (١٩٦٥ن)بۆ جارێکی تر حکومەتی شاهەنشای ئێران کەوتنە گرتن و راونانی ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و بەندیخانەکانیان پڕ کرد لێیان.

لە ساڵی (١٩٦٧ن)حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کۆنگرەیان بەست و ئەندامانی سەرکردایەتیان بەم ناوانەی خوارەوە هەڵبژارد: ١-عەبدوڵلا ئیسحاق ٢-ئەحمەد تۆفیق ٣-سدیق ئەنجیری ٤-سلێمان موعینی ٥-ئەمیری قازی ٦-مەلا رەشید حوسەینی ٧-مەلا رەحیم وەردی ٨-بایز شکاك ٩-عەزیز یوسفی ١٠-غەنی بلوریان ١١-عەبدولڕەحمان شەرەف کەندی (هەژاری شاعیر، ن.س)١٢-دکتۆر عەلی مەولەوی ١٣-سەید کامل ئیمام ١٤-حەبیب وەزیر ١٥-دکتۆر رەحیم قازی ١٦-ستار مەندی.

ساڵی (١٩٦٨-١٩٦٩ن)حیزبی دیموکرات پەنایان بردە بەر خەباتی چەکداری دژی حکومەتی شاهەنشایی ئێران و ماوەی هەشت مانگ درێژەی کێشا، لە پاشان لەبەر نەگونجانی بارودۆخی کورد و نەبوونی تواناو پشتیوانی بلاوەیان لێی کرد و دەستیان هەڵگرت لە خەباتی چەکداری، لە ساڵی (١٩٦٩ن)کۆمەڵێك لە کادیرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران سەر لەنوێ ڕێکخستنیان دروست کردەوە و دەستیان کرد بە چالاکی سیاسی لەناو کوردستانی باشوور و بەناوی حیزبی دیموکراتی ئێرانەوە.

لە پاش بەیاننامەی ١١ی ئازاری ساڵی (١٩٧٠ن)دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملۆ لە ئەورووپاوە گەڕایەوە، خۆی و حەمە ئەمین سیراجی و ڕزوان و ڕۆیشتن بۆ لای مستەفا بارزانی بۆ ئەوەی ڕاو بڕیاری وەربگرن بۆ یەك گرتنەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران.

مستەفا بارزانیش پێخۆشحاڵی خۆی دەربڕی بوو بۆ یەك گرتنەوەیان و پشتیوانی کردنیان. لە پاش چەند کۆبوونەوەیەك لە نێوان هەردوو باڵی حیزبی دیموکراتی

کوردستانی ئێران پێکهاتن و یەکیان گرتەوە و بریاریان دا کە عەبدولرەحمان قاسملۆ وەکو راوێژکارێك بۆ هەموو کارێکی کۆمیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسی پرسی پێ بکەن و رێنەمایی بیروبۆچوونەکانی بکەن.

لە سالی (١٩٧١ن)حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەستیان کرد بە چالاکی سیاسی و بلاوکردنەوەی رۆژنامەی (کوردستان). ئۆرگانی حیزب، وە لە هەمان سالدا کۆنفرانسی سێیەم حیزب بەسترا لە کوردستانی باشوور لەشاری کۆیە و ئەندامانی سەرکردایەتی حیزب هەلبژێردران بەم شێوەی خوارەوە:

١-عەبدولرەحمان قاسملۆ ٢-کەریم حوسامی ٣-حمە ئەمین سیراجی ٤-هێمن شاعیر ٥-حەسەن رستگار ٦-رەسول پێش نەماز ٧-سەید رەسول دەقان ٨-قادر وەردی ٩-کەریم حەداد ١٠-ئەمیر قازی ١١-عەبدوللا حەسەن زادە.

لە پاش هەلبژاردنی کۆمیتەی ناوەندی، دەفتەری سیاسی هەلبژێردران لەم ناوانەی خوارەوە:

١-عەبدولرەحمان قاسملۆ، سکرتێری حیزب٢- کەریم حوسامی٣-حمە ئەمین سیراجی ٤-هێمن ٥-عەبدوللا حەسەن زادە.

لە سالی (١٩٧٣ن)حیزبی دیموکراتی کوردستان کۆنگرەی لە بەغدا بەست بە ئامادەبوونی ٤٩ ئەندامی حیزب و ئەم ناوانە هەلبژێردران: ١-دکتۆر عەبدولرەحمان قاسملۆ ٢-کەریم حوسامی ٣-حمە ئەمین سیراجی ٤-ئەمیر قازی ٥-هێمن ٦-کەریم حەداد ٧-رەسول پێش نەماز ٨-دکتۆر سولتان ئەتیش ٩-موحەمەد موفتەدی ١٠-دکتۆر موحسن شنۆیی ١١-هاشم کەریمی ١٢-موحەمەد رەسول حەسەن ١٣-سەلام شافعی ١٤-ئیسماعیل حاجی ١٥-عەبدوللا حەسەن زادە.

لە سالی (١٩٧٤ن)کە شەری باشووری کوردستان دەستی پێ کردەوە لەگەل حکومەتی بەعسی عێراق و سەرکردایەتی شۆرشی کورد بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەبەر هەمان بارودۆخی باشووری کوردستان و بۆ ئەوەی تووشی تەنگ و چەلەمەی سیاسی و ئابووری و ئاسایش نەبن و نەکەونە ژێر فشاری هیچ لایەکەوە بریاریاندا کۆمیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسی بکەن بە چەند بەشێکەوە:

١-موحەمەدی ڕەسوڵ حەسەن پوور و سەلام شافعی بەنهێنی بڕۆنەوە بۆ ڕۆژهەلاتی کوردستا کاری سیاسی خۆیان بکەن.

٢-دکتۆر شنۆیی و موحەمەد موهتەدی و ئەمیر قازی لەئەورپا بوون، بڕیاریان دا کە دکتۆر عەبدولڕەمان قاسملۆیش بڕواتەوە بۆ ئەورووپا.

٣-عەبدوڵلا حەسەن زادە و ڕەسوڵ پێش نەماز بڕۆن بۆ ناوچە ئازادکراوەکانی باشووری کوردستان بۆ ناو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد (بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی، ن.س).

٤-هاشم حەسەن کەریمی و کەریم حەداد و ئیسماعیل حاجی هەرسێکیان ماڵیان لە شاری سلێمانی بوو، بڕیاردرا هەر لەوێ بمێننەوە.

٥-کەریم حوسامی و حمە ئەمین سیراجی و ئەتمەشی و هێمنی شاعیر لە بەغدا بمێننەوە.

لە ساڵی (١٩٧٩ز)شۆڕشی ئیسلامی ئێران بەرپابوو و حیزبی دیموکراتی کوردستان خۆیان ئامادەکرد بۆ بەشداری کردن لە شۆڕشی ئێراندا بۆ بەدی هێنانی مافی نەتەوایەتی گەلی کورد و ئازادی کوردستان لەبەر ئەوەی کۆمیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسی بڵاوەیان لێ کردبوو، دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملۆ لە ئەوروپاوە گەڕایەوە بۆ بەغداو کۆمیتەی (زاگرۆس)یان دامەزراند و دەسەلاتی کۆمیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسی پێدرا.

کۆمیتەی زاگرۆس پێکهاتبوو لە ١-دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملۆ ٢-ئەمیر قازی ٣-هاشم کەریمی ٤-عەبدوڵلا حەسەن زادە ٥-ڕەسوڵ دەهقان ٦-مەلا حەسەن شیوەسەڵی و خۆیان دابەش کرد بەسەر شارەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان و تاران بەم شێوەیە: ١-دکتۆر عەبدولڕەحمان بۆ تاران ٢-ئەمیر قازی بۆ شاری کرماشان ٣-هاشم کەریمی بۆ شاری نەغدە ٥-حەسەن شێوەسەڵی بۆ شاری ورمێ ٦-عەبدوڵلا حەسەن زادە بۆ شاری مهاباد ٧-سەلیم بابان زادە بۆ شاری بۆکان ٨-حمە ئەمین سیراجی بۆ شاری سەقز.

لە ساڵی (١٩٧٩ز)شۆڕشی ئیسلامی ئێران سەرکەوت بەسەر حوکمی شاهەنشای ئێران و کۆماری ئیسلامیان ئاشکرا کرد لە ١١ی ڕەشەمێی ساڵی (١٢٥٧ك) (١٩٨٠ز).

حیزبی دیموکراتی کوردستان لە شاری مهاباد لەناو یاریگای وەرزشی مهاباددا زیاتر لە ٢٠٠ هەزار کەسیان کۆکردەوە و عەبدولڕەحمان قاسملۆ بڕیاری حیزبی دیموکراتی کوردستانی تیادا خوێندەوە و پشتگیری حیزبی دیموکرات و ئەهلی کوردی تیادا دەربڕی بۆ پشتگیری کردنی کۆماری ئیسلامی ئێران، وە لە وتارەکەیدا داوای کرد لە حکومەتی ئیسلامی نوێ بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد و نەتەوەکانی ناو ئێران.

لە پاش چەند ڕۆژێك بە گەڕانەوەی ئایەتوڵڵا خومەینی لە فەڕەنساوە بۆ ئێران کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران نامەیەکی پشتگیری کردنی حیزبی دیموکراتی نارد بۆ خومەینی و داوایان لێی کردبوو بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد و نەتەوەکانی ناو ئێران: خومەینیش هیچ وەڵامێکی نەدانەوە.

لە ڕۆژی ٢٢ی ڕێبەندانی (١٣٥٧ك) (١٩٨٠ز)جەماوەری شاری مهاباد بەبێ ڕێکخستن و بڕیاری حیزبی دیموکرات هەڵیان کوتایە سەر سەربازگەکانی مهاباد و زیاتر لە (٥٠)کەس کوژران و بریندار بوون و هیچیان بۆ نەکرا و سەربازەکان خۆیان نەدا بەدەستەوە.

لە ڕۆژی ٣٠ی ڕێبەندانی (١٣٥٧ك) (١٩٨٠ز)بە یارمەتی کۆمەڵێك ئەفسەرو سەربازی کورد و نیشتیمان پەروەرانەوە بەبێ تەقەو زیان سەربازگەی مهاباد خۆیان دا بەدەستەوە و شاری مهاباد و زۆر لە شارۆچکەکانی کوردستان کەوتنە ژێر دەسەلاتی کورد بە ڕابەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان، وە هەموو چەکی سەربازگەکان وپۆلیسخانەکان کەوتنە دەستی جەماوەری کورد لەناو شارو دێهاتەکان و تاڵانیان کردن، بەڵام سەربازگەی شاری سنە خۆیان نەدا بەدەستەوە و شەڕێکی خوێناوی ڕووی دا و خەڵکێکی زۆر کوژران و بریندار بوون لە ئەنجامی دەست نە پاراستنی سەربازەکانی ناو سەربازگەکە. لەسەرەتای مانگی خاکە لێوەی (١٣٥٨ك) (١٩٨١ز)حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کۆمەڵێکیان پێکهێنا بۆ نوێنەرایەتی کورد و حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ لای ئایەتوڵا خومەینی لە شاری قوم و چاویان پێی کەوتبوو و گفتوگۆیان کردبوو لەگەڵیدا دەربارەی کێشەی کورد و مافی نەتەوایەتی، بەڵام چاوپێکەوتنەکە بێ ئەنجام بوو.

هەر لە هەمان مانگدا حیزبی دیموکراتی کوردستان نوێنەرێکی تریان پێك هێنا و ناردیان بۆ تاران بۆ چاوپێکەوتنی سەرۆك وەزیران (مەهدی بازرگان)بۆ پرۆزیایی لێ کردن و

پشتگیری کردنی شۆڕشی ئیسلامی ئێران و داواکارییەکانی گەلی کورد و ماف ئۆتۆنۆمی (خود موختاری)بۆ کوردستان.

سەرۆك وەزیران لە پاش شیکردنەوەی ماف ئۆتۆنۆمی و داواکارییەکانی گەلی کورد لەلایەن نوێنەرانی کوردەوە پێخۆشحاڵی خۆی دەربڕی بوو بۆ چاوپێکەوتنەکەو داواکارییەکانی گەلی کورد بۆ ئۆتۆنۆمی کوردستان، بەلأم (ماهدی بازرگان)کە سەرۆك وەزیران بوو هیچ دەسەلأتێکی بڕیاردانی نەبوو.

لە مانگی گەلاوێژی (١٣٥٨ك) (١٩٨١ن)هەڵبژاردنی ئەنجومەنی خۆبەرەکان دەستی پێ کرد لە سەرانسەری ئێراندا و لەناو کوردستان عەبدولڕەحمان قاسملۆ و زۆریەی دەنگەکانی بەدەست هێنا بەناوی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە. بەلأم کۆمیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسی ماوەیان نەدا عەبدولڕەحمان قاسملۆ بڕوات بۆ تاران لەبەر ئەوەی مەترسی لێ دەکرا کە لە تاران بیگرن و دەست بەسەری بکەن لەلایەن حکومەتی ئیسلامی ئێرانەوە. هەر لەم ساڵەدا ئایەتوڵلا خومەینی فتوای جیهادی دا دژی گەلی کورد و بزووتنەوەی ئازادیخوازەکەی.

سوپاو پاسدارانی ئێران بە شێوەیەکی بەرفراوان لە هەموو لایەکەوە هێرشیان هێنا بەرەو ناوچەکانی کوردستان و شەڕ زۆر بەتوندی دەستی پێکرد.

هەر لە هەمان ساڵدا لە پاش پەیامی ٢٦ی خەزەلوەر خومەینی بڕیاری دا بۆ گەڕانەوەی بنکەو بارەگاکانی ڕێکخراوە سیاسیەکانی کوردستان بۆ ناو شارەکان، حیزبی دیموکراتی کوردستانیش بنکەو بارەگاکانیان گەڕانەوە بۆ ناو شارەکانی کوردستان.

کۆمەڵێکیان پێکهێنا بەناوی (نوێنەرانی کورد بۆ وتوێژکردن لەگەڵ حکومەتی ئیسلامی ئێران)بە سەرۆکایەتی شێخ عیزەدین حوسەینی و چەند ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان و چاویان کەوتبوو بە لێپرسراوانی دەوڵەتی ئیسلامی ئێران و کێشەو باسی داواکارییەکانی گەلی کوردیان خستبووە ڕوو و لێکۆڵینەوە و گفتیان پێیان دابوو و پێیان گوتبوون کە داواکاریەکانیان بنووسن و بە زووترین کات بۆیان ببەن.

نوێنەرەکان گەڕانەوە بۆ کوردستان و دەست بەجێ کۆبوونەوەیان کردو داواکارییەکەی حیزبی دیموکرات و گەلی کوردیان لە ٢٦ خاڵدا نووسیوە و بردیانەوە بۆ حکومەتی ئیسلامی ئێران.

داواکاریەکەیان لێیان وەرگرتبوون، بەلام وەلامێکی ئەوتۆیان نەدابوونەوە کە بایەخی باس کردن بێت، وە ڕایان گەیاندبوو کە ئامادەنین لەگەڵ نوێنەرانی حیزبی دیموکرات و گەلی کورد دابنیشن و گفتوگۆیان لەگەڵدا بکەن. لە کانوونی دووەمی ساڵی (١٩٨٠ن)کۆنگرەی چوارەمی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەستار لە شاری مهاباد بە سەرکەوتوویی سەرکردایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەم شێوەی خوارەوە هەڵبژێردران.

١-عەبدولڕەحمان قاسملۆ ٢-غەنی بلوریان ٣-جەلیل گادانی ٤-دکتۆر شەرەف کەندی ٥-مستەفا شەرماشی ٦-نوید موعینی ٧-ئەحمەد عەزیز ٨-فاروق کەی خەسرەو ٩-دکتۆر ڕەحیم سەیف قازی ١٠-ستار مامەدی ١١-جیهانگیر ئیسماعیل زادە ١٢-سەرهەنگ عەباس ١٣-ئەبوبەکر هیدایەتی ١٤-سەید ڕەسوڵ دەهقان ١٥-مستەفا هیجری ١٦-حەسەن شێوە سەڵی ١٧-حەسەن ڕستگار ١٨-حەسەن مەدەنی ١٩-ئەمیر قادری ٢٠-کەمال دەباغی ٢١-هاشم کەریمی ٢٢-عەبدوڵلا حەسەن زادە ٢٣-فەوزیە قازی ٢٤-هێمن ئەندامانی دەفتەری سیاسی هەڵبژێردران لە:

١-عەبدولڕەحمان قاسملۆ بە سکرتێری حیزب ٢-جەلیل گادانی ٣-سەید حەسەن هاشمی ٤-دکتۆر سادق شەرەف کەندی ٥-ئەمیر قازی ٦-مستەفا شەڵماشی ٧-عەبدوڵلای حەسەن زادە.

وە (١٥) کەسی تریان هەڵبژارد بەناوی ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی، وە (١١)کەسی تریش بەناوی کۆمیسیۆنی بازارسی، (داوای لێبوردن دەکەم لە خوێنەرانی بەرێز ئەگەر مێژووەکانی کوردی و زایینی وەکو یەك نەبن چونکە مێژووکانم لە کتێبەکەی کاك عەبدوڵلا حەسەن زادە، مێژووی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران (نیو سەدە تێکۆشان)وەرگرتووە و بەو شێوە نووسرابوون نووسەر، ن.س).

لە پایزی ساڵی (١٩٨١ن)هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری ئیسلامی ئێران دەستی پێ کرد و بە دەنگێکی زۆرەوە (ئەبو ئەلحەسەن بەنی سەدر)هەڵبژێردرا بۆ سەرۆك کۆماری

ئیسلامی ئێران، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بەشداریان نەکرد لە هەڵبژاردنەکەدا. بەلآم لە پاش هەڵبژاردنەکە دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکرات نامەیەکیان نووسی بۆ سەرۆك کۆماری هەڵبژێردرا و داوایان لێی کرد کە ڕۆژێکیان بۆ دیاری بکات و دابنێت بۆ چاوپێکەوتن و گفتوگۆکردن لەگەڵیدا دەربارەی کێشەی کورد و مافی ئۆتۆنۆمی (خود موختاری)بۆ کوردستان.

سەرۆك کۆمار وەلآمی دانەوە و ڕۆژێکی دیاری کرد بۆ چاوپێکەوتنیان حیزبی دیموکراتی کوردستانیش پێنج کەسی دیاری کردو ناردنی بۆ تاران بۆ .چاوپێکەوتن و وتوێژکردن لەگەڵ سەرۆك کۆماردا. نوێنەرانی حیزب پێك هاتبوون لە ١-غەنی بلوریان ٢-حەسەن عەبدوللآ زادە ٣-فەوزیە قازی ٤-نوید موعینی ٥-ئەحمەد قازی، لە پاش چاوپێکەوتنی سەرۆك کۆمار (ئەبو ئەلحەسەن بەنی سەدر)و گفتوگۆکردن لەگەڵیدا دەربارەی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان و شیکردنەوەی جۆری داواکاریەکان، سەرۆك کۆمار داوای لێیان کردبوو و گوتبوو داواکاریەکەتان بنووسن و بم دەنێ هەر ئەم ئێوارە دەیدەم بە شورای ئینقلابی ئیسلامی و هەوڵ دەدەم بڕیاری بۆ وەربگرم.

.دەستەی نوێنەرانی حیزب داوایان کرد کە ژوورێکی بەتاڵیان بدەنێ بۆ ئەوەی تیایدا دابنیشن و داواکاریەکانیان بنووسنەوە بۆ سەرۆك کۆمار. ژوورێکیان چۆڵ کرد بۆیان لە کۆشکی ئەنجومەنی وەزیران و نوێنەرانی کورد تیایدا کۆبوونەوە و دەستیان کرد بە نووسینی ئەو خاڵانەی کە مەبەستیان بوو بۆ مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان، خاڵەکان پێك هاتبوون لە شەش بەندی سەرەکی و هەشت بەندی پاشکۆ و نووسیان و ئاراستەی سەرۆك کۆماریان کرد لەسەر فەرمانی خۆی. وە نوێنەرەکانی حکومەتی ئیسلامی ئێران کە ئامادەبوون لەگەڵ سەرۆك کۆمار و نوێنەرانی کورد ئەمانە بوون (١-ئاغا داریوش فەرهەوەر ٢-هاشم سەباغیان ٣-عیزەت ئەللآ سەحابی)بوون سەرۆك کۆمار (بەنی سەدر)داواکاریەکەی کوردی ئاراستەی شوورای ئینقلابی ئێران کرد و ئاگاداری ئایەتوللآ خومەینی کرایەوە، خومەینی بەبێ سێ و دوو و لێکۆڵینەوە داواکاریەکەی دایە دواوە بڕیاری لەسەر نەدا.

نوێنەرانی کورد کە چاویان کەوتبوو بە سەرۆك کۆمار پێیانی گوتبوو ئێوە نابێ بەناوی حیزبەوە خۆتان هەڵبژێرن بۆ ئەنجومەنی شورای مللی ئێران. نوێنەرانی کوردیش

گوتبوویان ئەگەر حکومەتی ئیسلامی ئێران داواکاریەکانی کورد جێبەجێ بکات بە مافی ئۆتۆنۆمی ئێمە ئامادەین حیزبی دیموکرات هەڵبوەشێنینەوە.

ئەوەبوو لە زستانی ساڵی (١٩٨١ن)هەڵبژاردنی ئەنجومەنی شورای مللی ئێران دەستی پێی کرد و ئەوانەی کە سەر بە حیزبی دیموکراتی کوردستان بوون تەنها بە ناو خۆیان پاڵاوت بۆ ئەنجومەنی ناوبراو، وە ئاگاداری جەماوەری حیزبی دیموکراتی کرایەوە کە دەنگەکانیان بدەن بەکێ، هەروەها حیزبی تودەو چەند حیزبێکی تریش خەڵکانی خۆیان پاڵاوت بۆ هەمان مەبەست بەبێ ئەوەی ناوی حیزب بێنن.

لە (١٩٨١/٣/١٤ن)هەڵبژاردن دەستی پێ کرد و مەڵبەندەکانی حیزبی دیموکرات لە (٥٧٪) بۆ (٩٧٪)دەنگەکانیان هێنابوو، بەڵام ئەوەی کە چاوەڕوان نەدەکرا ئەوەبوو کە رژێمی ئیسلامی ئێران بڕیاریان نەدا هەڵبژێراوانی کوردستان بڕۆنە ناو ئەنجومەنی شورای ئیسلامی ئێرانەوە و ئەنجامی هەڵبژاردنەکە بەتاڵ کرابەوە و حکومەتی ئیسلامی ئێران زاڵ بوون بەسەر شارەکانی کوردستان و ئەوانەی کە خۆیان مەبەستیان بوو لەباتی هەڵبژێردراوانی کوردستان دایان نان بە نوێنەری خەڵکی کوردستان.

هەردوا بە دوای تەواو بوونی هەڵبژاردنەکە دەستیان کرد بە خۆ قایم کردن و چەك دابەش کردن بۆ شەڕێکی بەرفراوان دژی گەلی کورد و حیزبی دیموکراتی کورستان، لە بەهاری ساڵی (١٩٨١ن)دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان بڕیان کردەوە لەوەی کە بارەگاکانی حیزب و دەفتەری سیاسی بگوێزنەوە بۆ دەرەوەی شارەکان و شوێنی قایم و باشیان بۆ ئامادە بکەن و لەناو شارەکاندا نەمێننەوە و خۆیان ئامادە بکەن بۆ بەرگری کردن لە خۆیان و لە کوردستان، بۆ شەڕێکی گەورە و بەرفراوان و درێژخایەن.

دەفتەری سیاسی و بارەگاکانی حیزب لەناو شارەکاندا گوێزرانەوە بۆ ناو شاخەکان و دەست کرا بە خۆ ئامادەکردن بۆ شەڕی بەرگری و پارتی زانی. لە مانگی ئابی (١٩٨١ن)حکومەتی ئێران دەستیان کرد بە لەشکرکێشی و هێرش بردن لە هەموو لایەکەوە بۆ سەر ناوچەکانی کوردستان و شەڕ لە هەموو لایەکەوە دەستی پێ کرد.

لە ٢٩ی خاکە لێوەی (١٣٥٩) (١٩٨١ن)کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان نامەیەکیان نارد بۆ ئایەتوڵڵا خومەینی و داوایان لێی کرد بۆ ئەوەی دەست هەڵبگرن لەو

شەڕو پەلاماردانەی میللەتی کورد و ئەو شەش خاڵەی کە داوایان کردبوو بۆ ئۆتۆنۆمی کوردستان جێبەجێ بکەن و سوپاکانیان لە کوردستان بکێشنەوە بۆ سەربازگەکانی خۆیان.

بەڵام وەڵامی نامەکە نەدرایەوە و شەڕ بەردەوام بوو و درێژەی کێشا بە شێوەیەکی فراوان و دڕندانەو زۆربەی ناوچەکانی کوردستانیان داگیر کرد و تەنگیان لە پێشمەرگەی ئازادیخوازی کورد هەڵچینی و زۆربەی ناوچەکانیان پێ چۆڵ کردن و بارەگاکانی هێزو دەفتەری سیاسی و حیزب گوێزرانەوە بۆ ناوچەکانی سنووری باشووری کوردستان و لەوێوە دەستیان دەکرد بە چالاکی نواندن و دەگەڕانەوە بۆ ناو شارو دێهاتەکانی باشووری کوردستان.

خەباتی سیاسی و چەکداری گەلی کوردستانی رۆژهەلات بە رابەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بەردەوام بوو بە بێ ووچان و درێژەی بە شەڕی پارتی زانی دا لەگەڵ نەبوونی دۆست و پشتیوانی و لاوازی باری ئابووری و چەکی نوێ بەرامبەر بەو چەکانەی کە دەوڵەتی ئێران بەکاریان دەهێنا بەرامبەر بە گەلی کورد، شەڕ درێژەی کێشا تاوەکو ساڵی (١٩٨٩ز)دەوڵەتی ئیسلامی ئێران داوایان کردبوو بۆ ئەوەی کە چاویان بکەوێت بە دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملۆ بۆ ئەوەی کە وتوێژی لەگەڵدا بکەن دەربارەی چارەسەرکردنی کێشەی کورد، بەڵام لە ڕاستیدا ئەم داواکاریە پیلان بوو، وە نەخشەی بۆ کێشرابوو لەلایەن پیاو کوژانی دەوڵەتی ئێرانەوە بۆ کوشتنی عەبدولڕەحمان قاسملۆ، عەبدولڕەحمان قاسملۆ ئامادەیی خۆی دەربڕیبوو بۆ چاوپێکەوتن و گفتوگۆکردن لەگەڵ بەرپرسانی دەوڵەتی ئێراز، وە شوێنی بۆیان دیاری کردبوو لە نەمسا لە شاری (Wien)ڤییەنای پایتەخت و چاوی کەوتبوو بە بەرپرسانی ئێران و دانیشتبوو لەگەڵیاندا و لەکاتی گفتوگۆکردندا هێرشیان کردبووە سەر خۆی و هەڤاڵانی و هەموویان کوشتن و شەهید بوون.

لە پاش شەهیدبوونی دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملۆ کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان چەند کۆبوونەوەیەکیان ساز کردو راو بڕیاری هەڤاڵانیان وەرگرت و (دکتۆر موحەمەد سادق شەرەف کەندی)یان هەڵبژارد بە سکرتێری حیزب و بەردەوام بوون لە خەباتی ڕامیاری و چەکداری لەناو کوردستان.

لە مانگی سێپتێمبەری ساڵی (١٩٩٢ن) دکتۆر سادق شەرەف کەندی بانگهێشت کرا بۆ ئەڵمانیا بۆ ئامادەبوونی لە کۆبوونەوەی ئەنتەر ناتسیونالی سۆسیالست لە شاری (بەرلین)و لە پاش تەواوبوونی کۆبوونەوە دکتۆر سادق شەرەف کەندی لە هۆڵی کۆبوونەوە دەردەچێتە دەرەوە و دەڕوات بۆ چێشتخانەی (میکۆتۆس)لە شاری بەرلین و دەکەوێتە ناو بۆسەی پیاو کوژانی دەوڵەتی ئێرانەوە لە ناو چێشتخانەکەدا و دەست ڕێژی لێ دەکەن و شەهیدی دەکەن و دەچێتە ڕیزی کاروانی شەهیدانی ئازادیخوازی کورد و کوردستان.

# دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ١٩٤٦/٨/١٩ز

[1] لە دوای گەمارۆدانی شۆرشی ئازادیخوازی کورد بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی لە سالی (١٩٤٥ز)لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بە یارمەتی هێزە ئاسمانیەکانی بەریتانیا و جاشە خۆ فرۆشەکانی خێلەکانی هەرکی و سورچی و زێبازی و لولانی و برادۆست.

لیژنەی ئازادی سەرکردایەتی شۆرشگی کوردستان بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی بریاریاندا کە خۆیان و پێشمەرگەو خێزانەکانیان لەگەل هەموو تیرە بارزانیەکان بکشێنەوە و برۆن بۆ رۆژهەلاتی کوردستان، بە گەیشتنیان بۆ شارەکانی مهاباد و شنۆ پێشوازی گەرمیان لێ کرا لەلایەن جەماوەری کوردی رۆژهەلاتی کوردستان و حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە و بەشداریان کرد لە دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مهاباد بە سەرۆکایەتی پێشەوا قازی موحەمەد.

مستەفا بارزانی و ئەو کۆمەلە رۆشنبیرو ئەفسەرانی کە لەگەلیدا بوون لە شاری مهاباد وەکو ١-هەمزە عەبدوللا ٢-میرحاج ئەحمەد ٣-خەیروللا عەبدولکەریم ٤-نوری ئەحمەد تەها ٥-مستەفا خۆشناو ٦-موحەمەد مەحمود قودسی ٧-عیزەت عەبدولعەزیز، لە سالی (١٩٤٦ز)هەموو بە پێویستیان زانی کە لە باشووری کوردستان پارتێك دابمەزرێنن بەناوی پارتی دیموکراتی کورد-عێراق بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی و هەموو پارت و رێکخراوە سیاسیەکانی باشووری کوردستان بگرێتە خۆی و بەیەك دەست خەبات بکەن بۆ دوا رۆژی گەلی کورد لە باشووری کوردستان.

بۆ ئەم مەبەستە بە هەموویان (هەمزە عەبدوللا)ی پارێزەریان هەلبژارد و ناردیانەوە بۆ عێراق لەگەل پەیرەو و پرۆگرام و رێنماییەکانی مستەفا بارزانی

[1] خەباتی چەکداری و رامیاری نەتەوایەتی کورد، نەجم سەنگاوی، ل١١١

و هەفالانی، هەمزە عەبدوللا بە شێوەیەکی نهێنی پەیوەندی کردبوو بە پاشماوەی حیزبی هیواو پارتی رزگاری و کۆمەڵی برایەتی و پارتی شۆرش (پارتی شوعی کوردستان)و کۆمەڵی (ژ-ك)کە بەشێك بوون لە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد بەرپرسی بوو.

هەمزە عەبدوللا پەیوەندی کردبوو بە هەموو پارت و رێکخراوەکانی سەرەوە و گفتوگۆی لەگەڵ سەرکردایەتی و بەرپرساکانیان کردبوو، وە ئەو نەخشەو پیلان و پەیرەو و پرۆگرام و راپیەی کە پێیان سپاردبوو پێیانی راگەیاندبوو و شیکردبووە بۆیان بۆ دامەزراندنی پارتیەك بە ناوی پارتی دیموکراتی کورد لە عێراق، بەلام مستەفا بارزانی و هەفالانی لە مهاباد ئەم مەرجانەیان دانابوو بۆ هەمزە عەبدوللا بۆ بریاردانی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کورد-عێراق:

١-مستەفا بارزانی سەرۆکی پارتی بێت.

٢-شێخ لەتیف شێخ مەحمودی مەلیك جێگری یەکەمی سەرۆك بێت.

٣-کاکە زیادی کۆیە جێگری دووەمی سەرۆك بێت.

٤-هەمزە عەبدوللا سکرتێری پارتی بێت.

هەموو ئەوانەی کە نەخشەو پیلانەکەیان پەسەند کرد بریاریان کرد بە یەك و لە رۆژی ١٦ی ئابی (١٩٤٦ز)بەشێوەیەکی نهێنی لە بەغدا کۆنگرەییەکیان بەست بەناوی پارتی دیموکراتی کورد-عێراق.

لە کۆنگرەکەدا مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد ئامادەبوو وەکو گوێگر، لەبەر ئەوەی پرسی بە قازی موحەمەدی پێشەوا نەکردبوو بۆ هەڵوەشاندنەوەی رێکخراوەکانی حیزبی دیموکراتی رۆژهەلات لقی سلێمانی کە خۆی سکرتێری بوو، وەکو دامەزرێنەر بەشداری نەکرد، وە بەهۆی فەرزکردنی شێخ لەتیف شێخ مەحمودی مەلیك و کاکە زیادی کۆیە بۆ جێگری یەکەم و دووەمی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کورد-عێراق، لەبەر ئەوەی هەردووکیان بە دەرەبەگ و برجوازی دەزانی، ئەندامانی پارتی شۆرش (پارتی شوعی کوردستان)سالح حەیدەری و نافع یونس و حەمید عوسمان و جەمال حەیدەری

و عـەلی پێـشكەوتن لـەو كۆمەڵـە جیابوونـەوە و چـوونە نـاو ریزەكـانی پـارتی شـوعی عێراقییـەوە، لـەو سـەردەمە( فهـد)سـكرتێری بـوو، لـە رۆژی ١٦ی ئـابی (١٩٤٦ن)یەكـەم كـۆنگرەی پـارتی دیمـوكراتی كـورد-عێـراق بەسـتراو ئەنـدامانی سـەركردایەتی هەڵبـژێردران بـەم شـێوەیە: ١-مـستەفا بـارزانی سـەرۆكی پـارتی دیمـوكراتی كـورد. ٢-شـێخ لـەتیف شـێخ مـەحمودی مـەلیك جێگـری یەكـەمی سـەرۆك.٣-كاكـەزیادی كۆیـە جێگـری دووەمـی سـەرۆك ٤-هـەمزە عەبـدوڵلا (پـارێزەر)سـكرتێری پـارتی ٥-دكتـۆر جەعفـەری :ەبدولكـەریم ئەنـدام ٦-نـوری شـاوێس ئەندام ٧-نـوری ئەحمـەد تـەها ئەنـدام ٨-عـەلی عەبـدوڵلا ئەنـدام ٩-سـاڵح یوسـفی ئەنـدام ١٠-عـەونی یوسـف ئەنـدام ١١-ڕەشـید باجـەلآن ئەنـدام ١٢-تـەها موحیـەدین مـەعروف ئەنـدام ١٣-عومـەر دەستەفا (دەبابـە)ئەنـدام ١٤-مەلا موحەمەد ئەندام.

لەگـەڵ بـاری ئـاڵۆزی ئـەو رۆژی گـەلی كـورد و فـشارو پاڵـە پەسـتۆی ڕژێمـی پاشـایەتی كۆنـە پەرسـت و سـەر بـە ئینگلیـز، پـارتی دیمـوكراتی كـورد لـە عێـراق توانیـان خـەباتی سیاسـی بـە نهـێنی بگرنەبـەر بەسـەركەوتوویی. لـە سـاڵی (١٩٤٧ن)لـە پـاش لـە سـێدارەدانی قـازی موحەمـەدی پێـشەوا، مامۆسـتا ئیـبراهیم ئەحمـەد ڕێكخراوەكـانی حیزبـی دیمـوكراتی كوردسـتانی لـە سـلێمانی هەڵوەشـاند و خـۆی و ئەنـدامانی لقەكـەی چـوونە نـاو ڕێكخـستنەكانی پـارتی دیمـوكراتی كـورد بـە سـەرۆكایەتی مـستەفا بـارزانی و نـاوی پارتیـان گـۆڕی، بـە پـارتی دیمـوكراتی یـەكگرتووی كـورد-عێـراق. لـە سـاڵی (١٩٥٠-١٩٥١ن)حكومـەتی پاشـایەتی عێـراق كەوتنـە گـرتن و ڕاونـانی هـەموو پارتـە سیاسـیەكانی عێـراق و پـارتی دیمـوكراتی كـوردیش گرتـەوە و زۆر لـە ئەنـدامانی كۆمیتـەی ناوەنـدی و سـكرتێری پـارتی هـەمزە عەبـدوڵلاش گـیران و زۆربـەی ئەنـدامانی پـارتی خۆیـان شـاردەوە. لـە مـانگی ئـازاری سـاڵی (١٩٥١ن)كـۆنگرەی دووەمـی پـارتی دیمـوكراتی كـورد بەسـتراو مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدیان هەڵبژارد بە سكرتێری پارتی.

# کۆنگرەی سێیەمی پارتی دیموکراتی کوردستان

[(١)] لە ٢٦ی کانوونی دووەمی ساڵی (١٩٥٣ز)کۆنگرەی سێیەمی پارتی دیموکراتی کورد بەستراو ناوی پارتی دیموکراتی کورد گۆڕا بە پارتی دیموکراتی کوردستان، وە ئەندامانی سەرکردایەتی بەم شێوەی خوارەوە هەڵبژێردران:

١-مستەفا بارزان، سەرۆکی پارتی.

٢-ئیبراهیم ئەحمەد، سکرتێری پارتی.

٣-نوری شاوێش، ئەندام.

٤-عەلی عەبدوڵلا، ئەندام.

٥-دکتۆر جەعفەر عەبدولکەریم، ئەندام.

٦-میرحاج ئەحمەد، ئەندام.

٧-نوری ئەحمەد تەها، ئەندام.

٨-جەلال تالەبانی، ئەندام.

٩-عومەر مستەفا (دەبابە)، ئەندام.

١٠-عەلی حەمدی، ئەندام.

١١-رەشید عەبدولقادر، ئەندام.

١٢-حمە ئەمین مەعروف، ئەندام.

١٣-جەلیل هۆشیار، ئەندام.

**لە پاش هەڵبژاردنی ئەندامانی سەرکردایەتی ئەم بڕیارانەی خوارەوەیان دا:**

١-دامەزراندنی رێکخراوە کوردستانیەکان وەکو قوتابیان و لاوان و مامۆستایان و ئافرەتان.

(١) خەباتی چەکداری و رامیاری نەتەوایەتی کورد، نەجم سەنگاوی، ل١١٣

٢-ڕۆژنامەی زمان حالی پارتی لە (ڕزگاری)یەوە گۆڕاو بوو بە ڕۆژنامەی (خەبات).

٣-بڕیاردرا لەسەر دووخستنەوەی هەمزە عەبدوللا لە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان.

هەمزە عەبدوللاش ڕێکخراوێکی تری دامەزراند بە ناوی پارتیەوە لەو کۆمەلەی کە پشتگیریان دەکرد، لە سالی (١٩٥٦ن)کۆمەلەکیان هەلوەشاندەوە و هاتنەوە بۆ ناو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ناوی پارتی گۆڕا بە پارتی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستان.

[2] لە سالی (١٩٥٧ن)سەرکردایەتی پارتی شوعی عێراقی لقی کوردستان سالح حەیدەری و حەمید عوسمان و کەمال فوئاد و هەڤالانیان ڕێکخراوەکانی خۆیان هەلوەشاندەوەو هاتنە ناو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستان. لە پاش هەلوەشاندنەوەی ڕێکخراوەکانی کۆمەلەکەی هەمزە عەبدوللا و سەرکردایەتی پارتی شوعی لقی کوردستان کاروباری لیژنەی مەرکەزی و مەکتەبی سیاسی دابەش کرایەوە و مەکتەبی سیاسی هەلبژێردرایەوە بەم شێوەی خوارەوە:

١-ئیبراهیم ئەحمەد، سکرتێری پارتی.

٢-سالح حەیدەری، ئەندامی مەکتەبی سیاسی.

٣-جەلال تالەبانی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی.

٤-هەمزە عەبدوللا، ئەندامی مەکتەبی سیاسی.

٥-حەمید عوسمان، ئەندامی مەکتەبی سیاسی.

لە مانگی نیسان و مایسی سالی (١٩٥٩ن)سەر لەنوێ دوو بەرەکی دەستی پێ کردەوە، (هەمزە عەبدوللا و سالح حەیدەری و حەمید عوسمان و نەژاد ئەحمەد و خەسرەو تۆفیق و سالح ڕوشدی)دەیانویست ڕێڕەوی پارتی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستان بگۆڕن بەرەو پارتی شوعی عێراق.

[2] هەمان سەرچاوە، ل١١٦

ئــەوەبوو لـــە ٢٠ى حـــوزەیرانی ســـاڵی (١٩٥٩ز)لیژنـــەی مەركـــەزی پـــارتی دیمـــوكراتی یـــەكگرتووی كوردســـتان كۆبوونەوەیـــەكیان كـــرد و بڕیاریـــان دا بـــەراگرتنی چـالاكی (هـــەمزە عەبـدوللا و ســـاڵح حەیـدەری و خەسـرەو تۆفیـق و نەژاد ئەحمەد)لە ڕیزەكانی پارتیدا.

ئـەم دوو بـەرەكی و ناكۆكیـە بـەردەوام بـوو هـەتا بەسـتنی كـۆنگرەی چـواری پـارتی دیمـوكراتی یـەكگرتووی كوردسـتان لـە ٤-٧ی تـشرینی یەكـەمی سـاڵی (١٩٥٩ز)بەسترا لە بەغدا.



مستەفا بارزانی لە پێشی هاتنەوەی لە یەكێتی سۆڤیەتەوە بۆ عێراق ،ساڵی (١٩٥٨ز)سەردانی جەمال عەبدولناسر سەرۆكی پێشووتری میسری كرد. لە ڕێزی پێشەوە لە چەپەوە بۆ ڕاست، مستەفا بارزانی، جەمال عەبدولناسر، نوری ئەحمەد تەها، ساڵح میران شەقلاوە. لە ڕێزی دواوە لە چەپەوە بۆ ڕاست، میرحاج ئەحمەد، ئیبراهیم ئەحمەد، شێخ سادق، ئەسعەد خۆشەوی.



مستەفا بارزانی کە گەڕایەوە لەیەکێتی سۆڤیەت لە ١٩٥٨/١/٦ گەیشتەوە بەغدادو چاوی کەوت بەعبدالکریم قاسم و دانیشتنی لەگەڵدا کرد



جەماوەری کوردستان پێشوازی لە مستەفا بارزانی دەکەن لە بەغدا بە بۆنەی گەڕانەوەی لە یەکێتی سۆڤیەت



مستەفا بارزانی لە دوای گەڕانەوەی لە یەکێتی سۆڤیەت کۆ دەبێتەوە لەگەڵ مامۆستایان و قوتابیان و لاوانی کوردستان سالّی (١٩٥٩) گەڕانەوەی مستەفا بارزانی لە یەکێتی سۆڤیەت

## هاتنەوەی مستەفا بارزانی لە یەکێتی سۆڤیەت

[1] مستەفا بارزانی لە دوای داڕووخانی کۆماری کوردستان لە مهاباد و دوا چاوپێکەوتنی بە قازی موحەمەدی پێشەوا لە (١٩٤٦/١٢/١٦)ن و گەڕانەوەی لە بەهاری ساڵی (١٩٤٧)ن بۆ باشووری کوردستان، ناو سنووری عێراق لەگەڵ هەڤاڵان و تیرە بارزانیەکان و خێزانەکانیان، وە جارێکی تر خۆی و زیاتر لە (٥٠٠)کەس لە هەڤاڵان و پێشمەرگەکانی گەڕانەوە بۆ سنوورەکانی تورکیا و ئێران و بەدەم شەڕ و خۆ پاراستنەوە لە ڕۆژی (١٩٤٧/٥/٣)ن لە باشووری کوردستانەوە کەوتنە ڕێ بۆ یەکێتی سۆڤیەت و لە (١٩٤٧/٦/١٨)ن بەدەم شەڕەوە لەگەڵ سوپای ئێران خۆیان گەیاندە سەر ئاوی ئاراس لەسەر سنووری ئێران و یەکێتی سۆڤیەت و پەڕینەوە بۆ بەری یەکێتی سۆڤیەت.

---

[1] البارزاني و الحركة التحررية الكردية، ١٩٥٨-١٩٦١، مسعود البارزاني، ص٦٠

لە ڕۆژی ١٤ی تەمموزی ساڵی (١٩٥٨ز)عەبدولکەریم قاسم شۆڕشی بەرپاکرد و سەرکەوت بەسەر دەسەلاتدارانی حکومەتی پاشایەتی عێراق کە سەر بە بەریتانیا بوون، وە کۆماری عێراق یان دامەزراند. عەبدولکەریم قاسم لە بەیانی ژمارەیەکی شۆڕشی ١٤ی تەمموزی (١٩٥٨ز)لە بەندی سێیەمی بەیانەکەدا ددانیان نا بە هاوبەشی گەلی کورد لە عێراق و بەیاننامەکە دەڵێت (عەرەب و کورد هاوبەشن لە عێراق و وەکو یەك مافیان دەپارێزرێت).

شۆڕشی ١٤ی تەمموزی (١٩٥٨ز)دژی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا و ئەمەریکا بوو، بۆیە عەبدولکەریم قاسم کە شۆڕشەکەی بەرپاکرد ڕاستەوخۆ پەنای برد بۆ یەکێتی سۆڤیەت و دەوڵەتانی سەربازگەی ئەوروپای ڕۆژهەلات و داوای یارمەتی و پشتگیری کرد لێیان و یەکێتی سۆڤیەت هاتن بە دەم داواکارییەکەیەوە و پشتگیری خۆیان دەربڕی و هەڕەشەیان کرد لە دەست تێوەردانی دەوڵەت و کۆماری عێراق.

کە شۆڕشی ١٤ی تەمموزی (١٩٥٨ز)بەرپا بوو مستەفا بارزانی لەگەڵ میرحاج ئەحمەدو ئەسعەد خۆشەوی ڕۆیشتبوون بۆ شاری (براگ)و ماوەی مانگێك لە براگ مانەوە و لەوێوە مستەفا بارزانی بروسکەی پیرۆزبایی سەرکەوتنی نارد بۆ عەبدولکەریم قاسم و داوای لێی کردبوو کە بڕیار بدات بۆ گەڕانەوەی خۆی و هەڤاڵانی لە یەکێتی سۆڤیەتەوە بۆ عێراق.

لەو سەردەمەدا ئەوەی دژی حکومەت و دەسەلاتی پاشایەتی و ئینگلیزەکان بوایە عەبدولکەریم قاسم بە نیشتیمان پەروەر و دڵسۆزی عێراق دایدەنا. مستەفا بارزانی و هەڤالانیشی لەو کەسانە بوون کە دژی حکومەتی پاشایەتی عێراق و ئینگلیز بوون و شۆڕشیان بەرپا کرد دژیان و تەنگاو کران لەلایەن حکومەتی پاشایەتی عێراق و ئینگلیزەکانەوە و هەڵهاتن بۆ ڕۆژهەلاتی کوردستان و دوایش بۆ یەکێتی سۆڤیەت.

بۆیە عەبدولکەریم قاسم بە پێخۆشحاڵیەوە ڕەزامەندی هاتنەوەیانی دەربڕی و بڕیاری هاتنەوەیانیدا بۆ گەڕانەوەیان بۆ عێراق، پارتی دیموکراتی کوردستان کۆمەڵێکیان پێکهێنا لە مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد سکرتێری پارتی دیموکراتی

کوردستان و نوری ئەحمەد تەها ئەندامی لیژنەی ناوەندی پارتی و سدیق شێخ بابۆ بارزانی و عوبێدوڵلا بارزانی و ناردنی بۆ شاری (براگ)بۆ پێشوازی کردنی مستەفا بارزانی، لە پاش بڕیاردانی عەبدولکەریم قاسم بۆ گەڕانەوەیان، مستەفا بارزانی و هەڤاڵانی ڕۆیشتن بۆ میسر و چاویان کەوت بە جەمال عەبدولناسر سەرۆك كۆماری میسرو لە ڕۆژی (١٩٥٨/١٠/٦ن)بە فڕۆکە گەڕانەوە بۆ بەغدا و پێشوازییەکی گەرمیان لێ کرا لەلایەن پیاوانی دەوڵەتی عێراقەوە لە فڕۆکەخانەی بەغدا، وە جەماوەرێکی زۆری عێراق و کورد بەتایبەتی لە هەموو شارەکانی کوردستانەوە هاتن بۆ بەغدا هەر شارەی لافیتەی تایبەتی خۆی هەلگرتبوو بۆ پێشوازی و بەخێرهاتنەوەی مستەفا بارزانی و هەڤاڵانی، مستەفا بارزانی شەوێك لە هوتێلی سەمیر ئەمیس لە بەغدا دەخەون و لە ڕۆژی دوایی عەبدولکەریم قاسم خانووەکەی نوری سەعید سەرۆك وەزیرانی پێشووتری عێراقی حکومەتی پاشایەتی لە ناوچەی ساڵحیە لە بەغدا لەسەر ڕوباری دجلە دەدات بە مستەفا بارزانی و موچەی تایبەتی بۆ خۆی و میوانخانەکەی و پاسەوانەکانی دەبڕێتەوە و دابین دەکات.

هەڤاڵانی تری مستەفا بارزانی کە زیاتر لە هەزار کەس دەبوون بە ژن و منداڵەوە بە پاپۆڕ لە ڕێگای دەریاوە گەیشتنە شاری بەسرەو و لەوێوە بە ئۆتۆمبێل گەڕانەوە بۆ بەغدا و کوردستان و حکومەتی عەبدولکەریم قاسم لە فەرمانگەکانی عێراق دایمەزراندن و خانووی بۆیان دابین کردبوو.

هاتنەوەی مستەفا بارزانی بۆ عێراق دەورێکی باڵای بوو بۆ پەرەپێدان و بەهێزبوونی پارتی دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی ئازادیخوازی نەتەوایەتی گەلی کورد.

[٢] مستەفا بارزانی خاوەنی مێژوویەکی دوورودرێژ بوو لە بزووتنەوە و خەباتی ئازادیخوازی گەلی کورد و چەند جار سەرکردایەتی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردی کردبوو دژی حکومەتی پاشایەتی عێراق کە سەر بە

---

[٢] خەباتی چەکداری و ڕامیاری نەتەوایەتی کورد، نەجم سەنگاوی، ل١٢١

بەریتانیا و ئینگلیز بوون، مستەفا بارزانی لە بنەماڵەیەكی كورد پەروەر و ئازاو دڵسۆز بوو سەریان بۆ حكومەتەكەی عوسمانی و پاشایەتی عێراق شۆڕ نەكردوە و بەردەوام بوون لە داواكردنی ماف نەتەوایەتی بۆ گەلی كورد، هەر سەردەمەی بەپێی بارودۆخی وڵاتەكەیان. مستەفا بارزانی تەمەنی خۆی بۆ خەباتی چەكداری و ڕامیاری نەتەوایەتی كورد تەرخان كردبوو، وە ناوبانگی بەرزی هەبوو لەناو گەلی كورد بەتایبەتی و لەناو هەموو كۆمەڵە سیاسیەكانی عێراق و ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و جیهان بەگشتی.

لە سالآنی (١٩٥٨-١٩٥٩ن)پارتی شوعی لە عێراق لە هەموو پارتەكانی تری عێراق زیاتر جەماوەریان هەبوو، وە لە هەموو دام و دەزگا سەربازی و شوێنە هەستیارەكانی عێراق خەڵكیان هەبوو و دەستیان دەڕۆیشت.

٢-كاتێك كە مستەفا بارزانی هاتەوە لە یەكێتی سۆڤیەت بۆ عێراق كۆمەڵێكی زۆر لە پیاوان و سەركردەكانی پارتی شوعی چوون بۆ پێشوازی كردنی بە گەرمەوە، ڕایان وابوو كە مستەفا بارزانی ١٢ ساڵ لە یەكێتی سۆڤیەتەو بیروباوەڕی حیزبی شوعی هەلگرتووە و بووە بە شوعی، هەوڵیاندا سرنجی ڕابكێشن بەلای خۆیاندا و بیكەن بە سەرۆكی حیزبی شوعی عێراق.

بە گەیشتنی مستەفا بارزانی بۆ بەغدا ڕۆژنامەنووسان لێی كۆبوونەوە هەر یەكە بۆ پرسیاركردن و وەرگرتنەوەی وەلآم، لەناو پێشوازی كەرانی پارتی شوعی عێراقیدا ڕۆژنامەنووسی ڕۆژنامەی (إتحاد الشعب)بوو كە زمانی پارتی شوعی عێراق بوو، پرسیاری كرد لە مستەفا بارزانی و گوتی: ئایە ژیان چۆنە لە یەكێتی سۆڤیەت و ئەو ماوەتان چۆن بەسەر برد؟ لە وەلآمدا مستەفا بارزانی گوتبووی (من ١٢ ساڵە لە یەكێتی سۆڤیەتم چۆن بووم و ڕۆیشتم هەر واش هاتمەوە)یانی نەگۆڕاوم و نەبووم بە شوعی، شوعیەكان نائومێد بوون لەوەی كە بتوانن مستەفا بارزانی بەلای خۆیاندا ڕابكێشن و خۆیان كشاندەوە، ئەوەش شوێن و پلەی مستەفا بارزانی زیاتر بەهێزكرد لەناو گەلی كورد و جەماوەری پارتی دیموكراتی كوردستان.

٣-عەبدولكەریم قاسم بایەخی تایبەتی دەدا بە مستەفا بارزانی و ناوی دەهێنا بە پیاوی نیشتیمان پەروەر و چەند جارێك داوای لێی كردبوو كە ببێكات بە سەركردەی تیپی سوپا (قائد فرقە)و فەرمانی تریش، بەلآم مستەفا بارزانی داوای لێبووردنی كردبوو لە عەبدولكەریم قاسم و گوتبووی من تەماحم لە فەرمان و پلەدا نییە.

ئەمەش پلەو پایەی مستەفا بارزانی زیاتر بەرز كردەوە لەناو گەلی كوردا كە خەبات و هەوڵ و تێكۆشانی بۆ پلەو پایە نەبووە، وە زیاتر بڕواو متمانەی بۆ خۆی دروست كرد لەناو گەلی كورد و جەماوەری پارتی دیموكراتی كوردستان.

٤-مستەفا بارزانی خاوەنی بیری دامەزراندنی پارتی دیموكراتی كورد بوو لە مهاباد لە ساڵی (١٩٤٦ز)كە هەمزە عەبدوڵلآیان ناردەوە بۆ عێراق و دانرا بە سەرۆكی پارتی دیموكراتی كورد.

خەڵكی كوردستان شانازیان پێوە دەكرد كە پیاوێكی ئازاو قارەمان و شۆڕشگێڕی وەك مستەفا بارزانی سەرۆكیەتی بەبێ ئەوەی كە خۆی لە ولآتەكەدا بێت. ئەم سفەت و خالآنە هەموو بوون بەهۆی ئەوەی كە بە زۆری دەنگ لە كۆنگرەی چواری پارتی دیموكراتی كوردستان لە ٦ی تشرینی یەكەمی ساڵی (١٩٥٩ز)هەڵی بژێرنەوە بە سەرۆكی پارتی دیموكراتی كوردستان، وە یەكەم كۆنگرەبوو كە خۆی تیایدا ئامادەبووە، وە ئەوانەی كە دوورخرانەوە لەم كۆنگرەیەدا بەیەكجاری لەسەر داواكردنی ئەندامانی كۆمیتەی ناوەندی و بڕیاری مستەفا بارزانی بوو.

# کۆنگرەی چواری پارتی دیموکراتی کوردستان

[١] لە رۆژی ٤-٧ی تشرینی یەکەمی ساڵی (١٩٥٩ز)بۆ یەکەم جار بە ئامادەبوونی مستەفا بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستان کۆنگرەی چوارەم بەسترا لە بەغدا و ئەم ناوانەی لای خوارەوە بە یەکجاری دوور خرانەوە لە ریزەکانی پارتی لەگەڵ هەندێك لەلایەن گیرانیان (١-هەمزە عەبدوڵلا ٢-ساڵح حەیدەری ٣-حەمید عوسمان ٤-موحەمەد فەتحوڵلا ٥-شەهاب شێخ نوری ٦-نەژاد ئەحمەد).

وە لەم کۆنگرەیەدا بە زۆرینەی دەنگ و بە ئامادەبوونی خۆی مستەفا بارزانی هەڵبژێردرایەوە بە سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان و ئەندامانی سەرکردایەتی بەم شێوەی خوارەوە هەڵبژێردرانەوە:

١-مستەفا بارزانی، سەرۆکی پارتی.

٢-ئیبراهیم ئەحمەد، سکرتێری پارتی.

٣-نوری شاوێس، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی.

٤-عومەر مستەفا (دەبابە)، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی.

٥-دکتۆر موراد عەزیز، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی.

٦-عەلی عەبدوڵلا، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی.

٧-ساڵح یوسفی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی.

٨-عەلی عەبدوڵلا عەسکەری، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی.

٩-هاشم حەسەن عەفراوی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی.

١٠-جەلال عەبدولڕەحمان، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی.

١١-عەبدوڵلا ئیسماعیل، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی.

١٢- ئەحمەد عەبدوڵلا، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی.

---

[١] کوراسەی دەورەی کادیرانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ١٩٦٩، لە چۆمان.

١٣-عەلی حەمدی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی.

١٤-عەبدول حوسێن فەیلی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی.

١٥-جەلال تاڵەبانی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی.

١٦-ڕەشید عەزیز شەمزینی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی.

١٧-نوری ئەحمەد تەها، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی.

ئەندامانی مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردران لە:

١-ئیبراهیم ئەحمە، سکرتێری پارتی.

٢-نوری سدیق شاوێس، ئەندام.

٣-عەلی عەبدوڵلا، ئەندام.

٤-عومەر مستەفا (دەبابە)، ئەندام.

٥-دکتۆر موراد عەزیز، ئەندام.

# سەردانی مستەفا بارزانی بۆ کەرکوك و ڕزگاربوونی لە پیلانی کوشتن، ن.س

لە ساڵی (١٩٥٩ز)مستەفا بارزانی سەردانی شاری کەرکوکی کرد بۆ بەسەرکردنەوەی دانیشتوانی شارەکەو لە یانەی ئەفسەرانی کەرکوك دابەزی و میوانداری کرا، لە هەمان ڕۆژ و کاتدا پیلانێکیان بۆ کوشتنی داڕشتبوو لەلایەن فەرماندەی ئینزیباتی کەرکوك (عەقید هیدایەت ئەرسەلان)ەوە، پیلانەکە ئاشکرا بوو و پوچەڵ کرایەوە.

هیدایەت ئەرسەلان ئەو کەسەیە کە یاساناس (عەبدولڕەحمان شێخ عەلادین نەقشبەندی باسی دەکات لە گۆڤاری (سەدەی ٢١ ژمارە ٩ لاپەڕە ٤٨٩ ساڵی ٢٠١٠).

ڕووداوەکە بەدەمی باوکییەوە باس دەکات و دەڵێت: لە پاش گەڕانەوەی شێخ ئەحمە بارزانی و بارزانیەکان لە ساڵی (١٩٤٧ز)لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دەشتی دیانە (سۆرانی، ن.س ئێستا)خێمەو چاودریان بۆیان هەڵدابوو، وە چوار دەوریان تەل بەن کرابوو، وە لەژێر چاودێری توندوتیژی سەربازو پۆلیسدا بوون.

شێخ عەلادین نەقشبەندی لە پاش مۆڵەت وەرگرتن لە بەغدا ڕۆیشتبوو بۆ سەردانی شێخ ئەحمەد بارزانی لەناو چادرو سەربازگەکەدا. دەڵێت: لە کاتێکدا کە شێخ عەلادین لە نزیك چادرەکان لە ئۆتۆمبێلەکەی دادەبەزێت چاوی دەکەوێت بە (ئەسعەد شێتنە دۆڵەمەڕی)و سڵاوی لێ دەکات و تەوقەی لەگەڵدا دەکات و پێی دەڵێت چۆنی؟ ئەویش دەڵێت هەتا ئێستا باشم. بەڵام ئێستا ڕووداوێك لە پێش چاوم ڕوویداو خۆم لەبەرچاو کەوتووە و خستوومیەتە گێژاوی خەفەتەوە و وای لێم کردوە کە پەشیمان ببمەوە و بگەڕێمەوە لە هەڵوێستی نابەجێی خۆم کە هەموو بەشەرەفێك قەبوڵی ناکات.

شێخ عەلادین لێی دەپرسێت: قسە بکە ئەسعەد ئاغا چی بووە؟ ئەسعەد ئاغاش دەڵێت لە پێش یەك کاتژمێر پێش ئێستا لە پاڵ ئەم تەل بەنەدا کە بارزانیەکانی تیادان وەستا بووین لەگەڵ چەند ئەفسەرو پیاوانی سەر بە حکومەت (سەرۆك جاشەکان، ن.س)لە ناویاندا ئەفسەرێکی تورکمان بە پلەی نەقیب کە ناوی (هیدایەت ئەرسەلان)بوو گاڵتەمان

دەكرد لەگەڵ منداڵە و پیرەكانی ناو تەل بەنەكە، ژنێكی گەنجی زك پڕی بینی لەگەڵ پیاوێكی بەتەمەندا بوو، هەر لەو كاتەدا چەند سربێك فڕۆكەی جەنگی بەڕێتانی بە ئاسمانی ناوچەكەدا تێپەڕین بەرەو شاخەكانی سنوور، لەو شوێنەدا نەقیب (هیدایەت ئەرسەلان)سەیری ژنەكەی كرد كە سەیری فڕۆكەكان دەكات، پێی گوت: ئێستا مێردەكەت و ئەوانەی كە لەگەڵ مستەفا بارزانیدان گیانیان لە مەترسیدایە، بەدڵنیاییەوە ئەم فڕۆكانە هەڵە ناكەن. لەگەڵ ئەوەشدا فڕۆكەكانی ئێران و توركیاش هاوبەشیان دەكەن بۆ كەوتنە شوێن و لێدانی مەلا مستەفا و ئەوانەی كە لەگەڵیدان و لەناویان دەبەن و نایەڵن لەسەر زەوی بژین هیچ چارەیەك نییە بۆ ئەوانەی كە زیندوون و گیانیان تیادایە تەنها خۆ بەدەستەوەدان نەبێت یان مردنێكی مسۆگەر.

ئەسعەد ئاغا گوتی: لەبەر چاوی خۆم و گوێم لێی بوو كە ژنە بارزانیە پاڵەوانەكە وەڵامی نەقیب هیدایەت ئەرسەلانی دایەوە هەر وەكو شێرێكی بریندار لەناو تەل بەنەكەدا كە دەیەوێت هەموومان بخوات و هاواری كرد بە ڕووی هەموومانداو دای لە سینەو زكی خۆی و دەستی دا بەیەكداو هاواری كرد و گوتی بیان كوژن، كوشتن بە شەرەفترە بۆیان، نەك وەكو ئێمە ڕوومان كردوەتە ناكەس و نموونەی وەكو ئێوە، بەڵام ئێوە ڕۆژێكتان دێت ڕوو لە هەر كوێیەك بكەن جێگاتان نەبێتەوە و خۆتانی تیادا بشارنەوە. ژنەكە دەستی برد بۆ زكی و گوتی ئەو منداڵانەی كە لە زكماندایە ڕۆژێك دێت بەم نزیكانە هەموویانی چەك هەڵدەگرن بەگیانی تۆڵە سەندنەوە و خۆشەویستی كوردستان و سەركردایەتی نیشتیمانەكەی كە لە دڵیاندا دەبێت و تۆڵەتان لێ دەكەنەوە بە دەستی خۆیان لە دنیاداو سزای خیانەتان لێ دەكەنەوە، شۆڕش ماوە و ڕاناوەستێت، قافڵەی شەهیدان ناوەستێت هەتا مافی خۆمان وەردەگرین و بە ئازادی دەژین.

(هیدایەت ئەرسەلان)ئەو عەقیدەیە كە لە ساڵی (١٩٥٩ز)پیلانی كوشتنی دانا بۆ مستەفا بارزانی لە كەركوك، خۆیشی كوژرا و گەیشتە سزای خۆی، ن.س).

# کۆنگرەی پێنجەمی پارتی دیموکراتی کوردستان

[(١)] لە ٥ی مایسی ساڵی (١٩٦٠ز)کۆنگرەی پێنجەمی پارتی دیموکراتی کوردستان بەسترا بەشێوەیەکی ئاشکرا. لەپاش لێکۆڵینەوە و دانانی پەیڕەو و پرۆگرامی پارتی دیموکراتی کوردستان لەلایەن ئەو لیژنەی کە پێیان سپێردرابوو لە کۆنگرەکەدا، ئێوارەی (١٩٦٠/٥/٨ز)دەست کرا بە هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسی بەم شێوەی خوارەوە:

١-مستەفا بارزانی، سەرۆکی پارتی.٢-ئیبراهیم ئەحمەد، سکرتێری پارتی.٣-نوری شاوێس، ئەندام. ٤-عومەر عەبدوڵلا، ئەندام ٥-دکتۆر موراد عەزیز، ئەندام ٦-عەلی عەبدوڵلا، ئەندام ٧-ساڵح یوسفی، ئەندام ٨-عەلی عەبدوڵلا عەسکەری، ئەندام ٩-هاشم حەسەن عەقراوی، ئەندام ١٠-جەلال عەبدولڕەحمان، ئەندام، ١١-نامیدە شێخ سەلام، ئەندام، ١٢-عەبدوڵلا ئیسماعیل، ئەندام، ١٣-ئەحمەد عەبدوڵلا، ئەندام، ١٤-عەلی حمەدی، ئەندام، ١٥-عەبدول حوسێن فەیلی، ئەندام، ١٦-جەلال حوسامەدینی تاڵەبانی، ئەندام، ١٧-ڕەشید عەزیز شەمزینی، ئەندام ١٨-نوری ئەحمەد تەها، ئەندام ١٩-عەبدولڕەحمان موحەمەد زێحی، ئەندام.

**ئەم ناوانەی خوارەوە هەڵبژێردران بە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی:**

١-ئیبراهیم ئەحمەد، سکرتێری پارتی.

٢- نوری سدیق شاوێس، ئەندام.

٣-عەلی عەبدوڵلا، ئەندام.

٤-عومەر مستەفا (دەبابە)، ئەندام.

٥-دکتۆر موراد عەزیز، ئەندام.

---

(١) کوڕاسەی دەورەی دووەمی کادرانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ساڵی ١٩٦٩، چۆمان

# مۆڵەت و ماوەدان بە پارتی دیموکراتی کوردستان

[1] وەکو گوتمان عەبدولکەریم قاسم بە چاوی ڕێزەوە دەیڕوانیە مستەفا بارزانی و داواکاریەکانی، مستەفا بارزانی توانیبووی گفتو و بەڵێن لە عەبدولکەریم قاسم وەربگرێت بۆ مۆڵەت و ماوەدان بە پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ ئەوەی کاری ڕێکخستن و سیاسی بە ئاشکرا بکەن لەناو عێراق و کوردستان.

ئەوەبوو لە ڕۆژی (١٩٦٠/١/٩)ن)پارتی دیموکراتی کوردستان داواکارێکیان ئاراستەی وەزارەتی ناوخۆی عێراق کرد بۆ مۆڵەت و ماوەدان بۆ کاری ڕێکخستن و سیاسی بەشێوەیەکی ئاشکرا. وە لەگەڵ داواکارییەکەیاندا پەیڕەو و پرۆگرامی پارتیان کردبوو بە هاوپێچی.

**لە ماددەی یەکەمی پەیڕەوەکەدا دەڵێت:** (پارتیمان ناوی پارتی دیموکراتی کوردستان–عێراق)ە.

**ماددەی دووەم:** (پارتیمان پارتێکی دیموکراتی شۆڕشگێڕە، نوێنەرو پارێزەری بەرژەوەندیەکانی کرێکارو جوتیارو کاسبکارو پیشەییەکان و ڕۆشنبیران و شۆڕشگێڕانە لە کوردستانی عێراق).

**ماددەی سێیەم:** (پارتیمان کەڵك وەردەگرێت لە خەباتی سیاسی و شیکردنەوەی کۆمەڵایەتی لە کردەوەکانی (مارکسی لینینی).

**ماددەی چوارەم:** پارتیمان تێدەکۆشێت لەپێناوی پاراستنی کۆماری عێراق و فراوان کردن و قوڵکردنەوەی لایەنە دیموکراتیەکان لەسەر بنچینەی دیموکراتیەتی ڕاستەوخۆ کە ئازادی تەنیایی و گشتی دەپارێزێت و (پارتیمان خەبات دەکات لەپێناوی پاراستنی ئاشتی لە جیهاندا، وە پەیڕەوکردنی بڕیارەکانی کۆنگرەی باندۆنگ، وە پرۆگرامی نەتەوە یەکگرتووەکان، وە بەردەوام بوون و لە گرتنەبەری سیاسەتی نیشتیمانی و دژایەتی ئیمپریالیزم و

[1] خەباتی چەکداری و ڕامیاری نەتەوایەتی کورد، نەجم سەنگاوی، ل١٢٧

نەهێشتنی پاشماوەی پەیمان و پێکهاتنەکانی ئیمپریالستی کە لەسەروەری و سەربەخۆیی عێراق کەم دەکاتەوە.

وە بەهێزکردنی پەیوەندی و هاوڕێتی لەگەڵ هەموو دەوڵەتانی جیهان لەسەر بنچینەی دەستکەوتەکان و بەرژەوەندی عێراق، وە بەتایبەتی سەربازگەی سۆسیالست. وە کردنەوەی بەرەی سیاسی و برایەتی لەگەڵ دەوڵەتانی کۆمەڵی کۆمکاری عەرەبی و پشتگیری کردنی بزووتنەوەی ئازادیخوازی نیشتیمانی کە میللەتانی چەوساوە بۆی تێدەکۆشن لەپێناوی سەربەخۆیی و مافەکانیان، وە چارەنووسی دوا ڕۆژیان، هەروەها پارتیسان خەبات دەکات لە پێناوی پشتگیری کردن و بەهێزکردنی برایەتی و هاوڕێیەتی نێوان هەردوو گەلی عەرەب و کورد و هەموو نەتەوەکانی تر. وە بەهێزکردنی یەکێتی نیشتیمانی، وە هەوڵدەدات بۆ فراوان کردنی ماف نەتەوایەتی بۆ گەلی کورد لەسەر بنچینەی ماف ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی یەکێتی عێراقدا. وە ددان نان بەوەدا لە دەستووری هەمیشەیی عێراق. هەروەها هەوڵدان بۆ بەهێزکردنی برایەتی و هاوڕێیەتی لەگەڵ پارتی شوعی عێراق و پارتی نیشتیمانی دیموکراتی، وە ڕێکخراوە نیشتیمانیەکان لە عێراق.

هەروەها پارتیمان خەبات دەکات لە پێناوی وەرگرتنی ماف گەلی کورد لە نوێنەرایەتی فەرمانبەران لە هەموو شوێنەکانی دەوڵەت و پرۆژە فەرمی و شێوە فەرمیەکان، بەشێوەیەك کە بگونجێت لەگەڵ سەرژمێری کورد لە عێراق، وە پارتیمان خەبات دەکات لە پێناوی پەرەپێدانی ئابووری نیشتیمانی و بەرزکردنەوەی باری ژیانی گەل لە هەموو ڕوویەکەوە لە ڕێگای پەیڕەوکردنی بیروباوەڕی نەخشەی ئابوورییەوە، هەروەها پارتیمان باوەڕی بەوە هەیە کە پیشەسازی گەورە کۆڵەکەی سەربەخۆیی ئابووری و سیاسیە لە وڵاتدا وە پارتیمان خەبات دەکات لە پێناوی زیادکردنی بەشەکانی حکومەت لە نەوت و چاوخشاندنەوە لە پێکهاتن و دیاریکردنی کۆمپانیاکان لە سنووری بیرە نەوتەکاندا کە ئێستا کەڵکیان لێ وەردەگیرێت، وە بەرهەمهێنانی حکومەت بۆ بیرەکانی تری نەوت.

وە پارتیمـان پـەیمان و هـەوڵ دەدات لـە پێنـاوی چـاككردنی بـاری ژیـانی جوتیـاران و زیـادكردنی دەسـتكەوتەكانیان، هـەروەها پارتیمـان هـەوڵ دەدات بـۆ گەیـشتن بـە هەموو ئەو هۆیانەی كە ئەو مەبەستانە دێنێتەجێ.

وە لـە مـاددەی بیـست و شەشـەم لـە پەیڕەوەكـەدا دەڵێـت: پارتیمـان یارمـەتی و پـشتگیری گـەلی كـورد دەكـات لـە هـەموو بەشـەكانی تـری كوردسـتان بـۆ ڕزگاربوونیـان لـە داگیركـەرو كۆنەپەرست. وە داواكارییەكـە بـەم ناوانـەی خـوارەوە پێشكەش كرا بە وەزارەتی ناوخۆی عێراق لە ڕۆژی (١٩٦٠/١/٩ن):

١-مـستەفا بـارزانی، سـەرۆكی پـارتی.٢-ئیـبراهیم ئەحمـەد، سـكرتێری پـارتی.٣-عـەلی عەبـدوڵلا-ئەنـدازیار، ئەنـدام ٤-عومـەر مـستەفا، (دەبابـە)پـارێزەر، ئەنـدام ٥-نـوری شـاوێس-ئەنـدازیار، ئەنـدام ٦-حامـی عـەلی شـەریف-ڕۆژنامـەنووس، ئەنـدام ٧-شەمـسەدین مـوفتی، پـارێزەر، ئەنـدام ٨-عەبـدوڵلا ئیـسماعیل-جوتیـار، ئەنـدام ٩-ئیـسماعیل عـارف-كرێكـار، ئەنـدام ١٠-سـاڵح عەبـدوڵلا یوسـفی-فەرمانبـەر، ئەنـدام. بـە لایـەنگیری كردنـی: ١-دكتـۆر عومـەر دزەیـی ٢-دكتـۆر دارا تۆفیـق ٣-یاسـین موحەمـەد كـەریم-دەرمانـساز (صـیدلی) ٤-موحەمـەد حوسـێن بـرزۆ-بازرگـان ٥-عەبـدول حوسـێن عـەلی، كاسـب ٦-عەبدول كـەریم مـوراد ٧-حـەبیب موحەمـەد كـەریم-فەرمانبـەر لـە مەسـرەف ڕهـون ٨-عەبـدول سـەمەد موحەمـەد-ژمێریـار ٩-ڕەشـید باجـەلان-پـارێزەر-خانـەقین ١٠-عـەزیز پـشتیوان-مامۆسـتا ١١-عـەلی حەمـەدی-یاریـدەری بەڕێوەبـەری تـاپۆ ١٢-مـەلا موحەمـەد-دانیـشتووی دووزخورمـاتوو ١٣-عەبـدول حەمیـد سـەید حوسـێن-دانیـشتووی هـەولێر ١٤-ئیـسماعیل حوسـێن-مامۆسـتای سـانەوەی-شـەقلاوە ١٥-بـاكوك عـەزیز-مامۆسـتا-شـەقلاوە ١٦-ئیـبراهیم لاو-خـەڵكی ڕەوانـدز ١٧-موحەمـەد سـەید فـەرەج-خـەڵكی كوێـسنجاق ١٨-بـەكر عوسمـان-خـەڵكی كوێـسنجاق ١٩-كـەریم عـەباس-خـەڵكی كوێـسنجاق ٢٠-موحەمـەد حـاجی تایـەر-خـەڵكی سـلێمانی ٢١-وەسـتا شـەفیق-خـەڵكی سـلێمانی ٢٢-موحەمـەد مەمەنـد دەرمانـساز-خـەڵكی سـلێمانی ٢٣-جـەمال موحەمـەد سـاڵەیی-پـارێزەر-خـەڵكی سـلێمانی ٢٤-سـەعید شـێخ مـستەفا-خـەڵكی هەڵەبجـە ٢٥-جـەمال

سەعید خەفاف ٢٦-موحەمەد ڕەشید بەهری- خەڵکی پێنجوێن ٢٧-عەلی ئیمام ڕەزا-پارێزەر- خەڵکی قەڵادزێ ٢٨-عەبدوڵڵا ئیمام ئەحمەد- خەڵکی قەڵادزێ ٢٩-تۆفیق سدیق-خەڵکی ڕانیە ٣٠-شەفیق نایر-خەڵکی ڕانیە ٣١-سەیفوڵڵا ئەمین حوسێن-فەرمانبەر ٣٢-نوری خەلیل-خەڵکی موسڵ ٣٣-ڕەمەزان موحسن عەقراوی، خەڵکی مەساح ٣٤-جەوهەر نیسان هورمز-مامۆستای ئامادەیی- خەڵکی ئامێدی ٣٥-ئەسعەد خالد عەبدولقادر-مامۆستا ٣٦-مەعسوم ئەنوەر مائی-مامۆستا ٣٧-نەعمان عیسا بارزانی-فەرمانبەر ٣٨-جەمیل تۆفیق بارزانی-مامۆستا- خەڵکی سەنگەسەر ٣٩-موحەمەد ڕەشید-خەڵکی زاخۆ ٤-مەلا سالح حاجی حسین-پیاوی ئایینی-زاخۆ ٤١-شەوکەت حاجی تایر-نووسەر-کارەبا ٤٢-ئەحمەد عەبدوڵڵا موحەمەد-مامۆستای دواناوەندی- خەڵکی دهۆك ٤٣-وزریا قەستۆ داوود-خەڵکی دیانە ٤٤-غەفور سالح تەها-خەڵکی دیانە ٤٥-عەلی عەسکەری-خەڵکی کەرکوك ٤٦-تەها مەلا مەحمود-خەڵکی باڵەك ٤٧-کەمال عەبدولقادر-خەڵکی هەولێر ٤٨-ماجد ئەحمەد ئەسکەندەر-خەڵکی هەولێر.

لە ڕۆژی (١٩٦٠/٢/٩ز)وەزارەتی ناوخۆی عێراق مۆڵەتی ماوەدانیان دا بە پارتی دیموکراتی کوردستان بەشێوەیەکی فەرمی و ئاشکرا لە بەغداو هەموو شارەکانی کوردستان بارەگاکانی پارتی و یەکێتی قوتابیان و لاوان و ئافرەتان و مامۆستایان و کرێکاران و جوتیارانی کوردستان کرانەوە و بە ئاشکرا دەستیان کرد بە ڕێکخستن و نواندنی چالاکی کوردایەتی لەناو هەموو چینەکانی گەلی کوردا، وە ڕۆژنامەی (خەبات)کە زمان حاڵی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو و بە ئاشکرا ڕۆژانە دەردەچوو بە زمانی عەرەبی و کوردی، دەورێکی باڵای بوو بۆ بڵاوکردنەوە و گەیاندنی بیروباوەڕی نەتەوایەتی و ئازادیخوازی و کوردایەتی لەناو هەموو چینەکانی گەلی کوردا.

وە بڵاوکردنەوەی بیروڕای گەلی کورد و پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ ڕای گشتی گەلی عێراق و پارتە سیاسیەکانی ناو عێراق و دەرەوەی عێراق بە زمانی عەرەبی.

# عەبدولکەریم قاسم کێیە؟

[1] عەبدولکەریم قاسم پیاوێکی سەربازی بوو لە بەیانی رۆژی ١٤ی تەمموزی ساڵی (١٩٥٨ز)لەگەڵ عەبدولسەلام عارف و رەیس مستەفا و ماجد موحەمەد ئەمین و وەسفی تایرو فازڵ عەباس مەهداوی و زۆر لە ئەفسەرانی ئازادیخوازی تری عێراق شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ساڵی (١٩٥٨ز)یان بەرپا کرد و دەسەلاتی پاشایەتی عێراق کە سەر بە ئینگلیز و بەریتانیا بوو کۆتاییان پێی هێناو عێراقیان کرد بە دەوڵەتێکی کۆماری و سەر بە یەکێتی سۆڤیەت و سەربازگەی سوسیالستی ئەوروپای رۆژهەلات. وە دادگای گەلیان دامەزراند و فازڵ عەباس مەهداوی بوو بە سەرۆکی دادگاو ئەوانەی کە پلەی بەرزیان بوو لە حکومەتی پاشایەتی عێراق بە فەرمی درانە دادگاو زۆربەیان لە سێدارەدران.

عەبدولکەریم قاسم لە بەغدا لە گەڕەکی (المهدیە) لەدایك بووە لە بەغدا لە ٢١ی تشرینی دووەمی ساڵی (١٩١٤ز)، باوکی کوڕی (بکر الزبیدی)یە لە خێڵی (الزبیدیە القحطانیة)و سوننی مەزهەب بوو.

دایکی ناوی (کیفە حسن حامد)ەو یەعقوبیە و شیعە مەزهەب بووە. عەبدولکەریم قاسم دوو برای هەبوو (حامد و عبدالصیف). باوکی کرێکاری درداش بوو، باوکی ماڵەکەی لە بەغدا گواستەوە بۆ قەزای سوێرەی سەر بە پارێزگای کوت (واسط).

عەبدولکەریم قاسم لە ساڵی (١٩٢١ز)چووە قوتابخانەی سوێرەی سەرەتایی، لە ساڵی (١٩٢٦ز)ماڵی باوکی گەڕایەوە بۆ بەغداو لە گەڕەکی قەنبەر عەلی نیشتەجێ بوون.

عەبدولکەریم قاسم بەردەوام بوو لە خوێندن لە قوتابخانەی (الرصافە)ی سەرەتایی و ساڵی (١٩٢٧ز)سەرەتایی تەواوکرد و چووە (الثانویة المرکزیە)لە بەغدا و لە پاش تەواوکردنی دواناوەندی بۆ ماوەی ساڵێك بوو بە مامۆستای سەرەتایی قوتابخانە.

لە ساڵی (١٩٣١-١٩٣٢ز)چوو بۆ کۆلیژی سەربازی لە بەغداو ساڵی (١٩٣٤ز)تەواوی کردو بوو بە ئەفسەری پلە دوو یەك ئەستێرە. لە ساڵی (١٩٤٠ز)چوو بۆ کۆلیژی ئەرکان

[1] هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل١٢٨

و ساڵی (١٩٤١ز)بە پلەی زۆرباش دەرچوو. پلەکانی ئەفسەری بری هەتا گەیشتە پلەی (زعیم الرکن)عەمید روکن لە رۆژی ١٤ی تەمموزی ساڵی (١٩٥٨ز)لەگەڵ ئەو کۆمەڵە ئەفسەرەی کە ناومان بردن شۆرشی چواردەی تەممووزیان بەرپا کرد.

عەبدولکەریم قاسم هەتاوەکو ٨ی شوباتی ساڵی (١٩٦٣ز)حوکمرانی کرد لە عێراق. عەبدولکەریم قاسم سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش بوو، وە سەرۆك وەزیران و وەزیری بەرگری بوو (پلەی سەرۆك کۆمار نەبوو و بەکەس نەدرا، ن.س).

عەبدولکەریم قاسم نەبەستراببوو بە هیچ پارت و رێکخراوێکی سیاسیەوە، وە هیچ بیروباوەرێکی سیاسی ئاشکرای نەبوو. (عەبدولکەریم قاسم پیاوێکی دڵسۆز بوو بۆ هەژاران بەگشتی زیاتر لە ٣٠٠ هەزار پارچە زەوی لە بەغدا دابەش کرد بەسەر ئەوانەی کە خانوویان نەبوو. ئەو شارەی لە بەغدا کە پێی دەڵێن مدنیە الثورە-مدینە الصدر، هەموو عەبدولکەریم قاسم دابەشی کرد بەبێ پارە بەسەر هەژاراندا. من خۆم لە ساڵانی (١٩٥٩-١٩٧٠ز)لە بەغدا دەژیام و بە چاوی خۆم بینیم، ن.س) عەبدولکەریم قاسم هەتا مرد خانووی خۆی نەبوو کرێ چی بوو).

عەبدولکەریم قاسم کە شۆرشی ١٤ی تەمموزی (١٩٥٨ز)بەرپا کرد بۆ ماوەی ساڵێك ئازادی دا بە هەموو پارتە سیاسیەکانی عێراق، بەتایبەتی پارتی شوعی عێراقی و سوپای بەرگری مللی (المقاومە الشعبیە)لێ دامەزراند و چەکی دابەش کرد بەسەریاندا و پیاو و ژن بەشداریان تیادا کرد.

وە زۆربەی وەزیر و لێپرسراوە سەربازییەکان و شوێنە هەستیارەکان لە دام و دەزگای دەوڵەتا لەو سەردەمەدا سپێردرابوون بە پیاوانی سەر بە پارتی شوعی عێراقی و بروای زۆری پێیان بوو. لە ٨ی مارسی (١٩٥٩ز)لە پاش ساڵێك بە شۆرشی ١٤ی تەمموز عەبدولوەهاب شەواف کە سەرکردەیەکی سەربازی بوو وە فەرماندەی هێزی پێنجی موسڵ بوو، هەر لە موسڵەوە کودەتایەکی سەربازی کرد و موسڵی ئاشکرا کرد بە پایتەختی عێراق و لە ئێزگەیەکی رادیۆوە بەیاننامەو وتاری بڵاو کردەوە و بە توندی دابەزیە سەر عەبدولکەریم قاسم و دەسەلاتەکەی بەلام سوپای عێراق بە یارمەتی سوپای بەرگری مللی و پارتیە نیشتیمانیەکان توانیان بزووتنەوەکەی عەبدولوەهاب شەواف دابمرکێننەوە و زۆربەی بەشداربووانی بزووتنەوەکەیان کوشت لەگەڵ

عەبدولوەهاب شەواف و خۆیداو بەسەر شەقامەکانی موسڵدا بە ئۆتۆمبێل ڕایان کێشان. ڕاکێشان و سوکایەتی پێکردنی عەبدلوەهاب شەواف کۆمەڵەکەی خرایە ئەستۆی پارتی شوعی عێراق.

هەر لە هەمان ساڵدا لە ڕۆژی ١٤ی تەمموزی (١٩٥٩ز)ڕووداوەکەی کەرکوک ڕوویداو زۆر لە تورکمانەکانی کەرکوک کوژران و بەسەر شەقامەکاندا ڕایان کێشان و دوکان و بازاڕەکانیان تاڵانکردن ئەمەشیان خستە ئەستۆی پارتی شوعی عێراقی. عەبدولکەریم قاسم بە بیستنی ئەم کردەوانە هەموو سوپای بەرگری مللی حەل کرد و ڕووی وەرگێڕا لە پارتی شوعی عێراقی و دەسەلاتی لە زۆر لێپرسراوە سەربازییەکانی حیزبی شوعی وەرگرتەوە و بەندی کردن.

لەلایەکی ترەوە عەبدولوەهاب شەواف و کۆمەڵەکەی سەر بە عەرەبە نەتەوەییەکان (قومیین العرب)بوون سەر بە میسر و جەمال عەبدولناسر بوون، عەبدولکەریم قاسم کەوتە گرتن و ڕاونانی ئەوانیش و بەندیخانەکانی لێیان پڕ کرد. لە پێش بەرپاکردنی شۆڕشی ١٤ی تەمموزی (١٩٥٨ز)عەبدولکەریم قاسم و عەقید عەبدولسەلام عارف کە دووەم کەس بوو لە بەرپاکردنی شۆڕشی ١٤ی تەمموز هەردووکیان سوێندیان بۆ یەکتر خواردبوو کە خیانەت لە یەکتر نەکەن.

بەلام عەبدولسەلام عارف هەر دوابەدوای پیلانەکەی عەبدولوەهاب شەواف لە ١٤ی تەمموزی (١٩٥٩ز)پیلانێکی دروست کرد بۆ کوشتنی عەبدولکەریم قاسم و گۆڕینی جۆری دەسەلات لە عێراق بە پشتیوانی میسرو جەمال عەبدولناسر.

بەلام پیلانەکەی سەری نەگرت و ئاشکرا بوو و عەبدولسەلام عارف و کۆمەڵە بەشداربووەکەی گیران و درانە دادگای گەل و بەشێوەیەکی ئاشکراو ڕاستەوخۆ دادگاکان لە تەلەفزیۆن بلاو دەکرایەوە و خەڵکی دەیبینی و لە دادگاکەدا عەبدولسەلام عارف ددانی نا بە پیلانەکەیداو دادگا بڕیاری کوشتنی لەسەری دا، بەلام عەبدولکەریم قاسم جێبەجێکردنی بڕیارەکەی دادگای ڕاگرت و لە پاش ساڵێك عەبدولسەلامی بەردا لە بەندیخانەو خانەنشینی کرد و ناردی بۆ سعودیە بۆ حەج کردن.

٩

عەبدولكەریم قاسم هەتا مانگی شوباتی ساڵی (١٩٦١ن)هەڵوێستی بەرامبەر بە كورد و مستەفا بارزانی و پارتی دیموكراتی كوردستان باش بوو، لە هەموو وتارەكانیدا باسی برایەتی عەرەب و كوردی دەكرد و هاوبەشیان لە عێراقی دیموكراتیدا.

ئەوەبوو لە رۆژی (١٩٦٠/٢/٩ن)مۆڵەتی دا بە پارتی دیموكراتی كوردستان و بە ئاشكرا بارەگاكانی پارتی دیموكراتی كوردستان و رێكخراوە مەدەنییەكانی چالاكیان دەنواند لەناو هەموو شارو شارۆچكەكانی كوردستان و چینەكانی گەلی كورد، گەلی كورد لەو رۆژانەدا لە هەموو كات ئازادتر بوو.

پارت و رێكخراوە سیاسیەكانی تری عێراق وەكو پارتی شوعی عێراقی و حیزبی بەعسی عەرەبی و عەرەبە نەتەوەییەكان هەموو لەژێر فشاری دەزگاكانی ئاسایش و هەواڵگری حكومەتی عەبدولكەریم قاسم دابوون دوژمنانی گەلی كورد و عەبدولكەریم قاسم دەیان روانیە گەلی كورد شێوە ئازادیەكی سیاسی هەیە و مستەفا بارزانی سەرۆكی پارتی دیموكراتی كوردستان رێزی تایبەتی هەیە لەلای عەبدولكەریم قاسم و پارتەكەی بە ئازادی و ئاشكرا لەناو عێراق و كوردستان رێكخستن دەكەن و چالاكی دەنوێنن، و رۆژنامەی خەبات زمان حاڵی پارتی رۆژنامەیەكی ئازادە و كۆمەڵێك نووسەری شارەزاو سیاسی و بەتوانا لەسەر مافی كورد دەنووسن و بەرگری لێ دەكەن و بیروباوەری نەتەوایەتی و ئازادیخوازی بلاو دەكەنەوە. وە دەنگی كورد دەگاتە هەموو ماڵێكی كورد و عێراقی و دام و دەزگاكانی دەوڵەت بەهۆی رۆژنامەی خەباتەوە، ئەمانە هەموو بوون بە چقڵی چاوی دوژمنانی گەلی كورد و عەبدولكەریم قاسم.

لەو رۆژانەدا حكومەتی عەبدولكەریم قاسم بەهێزو توانابوو لە رۆژهەلاتی ناوەراست دا. دووەم سەركردەو دووەم دەوڵەت بوو لە دوای جەمال عەبدولناسر و كۆماری میسری عەرەبی، كە ئەو كاتە پێیان دەگوت كۆماری عەرەبی یەكگرتوو چونكە لەو سەردەمە لەگەڵ سوریا یەكیان گرتبوو.

عەبدولكەریم قاسم لەو سەردەمەدا یەكێتی سۆڤیەت و دەوڵەتانی سەربازگەی سوسیالستی رۆژهەلاتی ئەورووپا پشتگیریان دەكرد. لە ناوخۆوە پارتی شوعی عێراقی لەژێر فشاری یەكێتی سۆڤیەتدا لەگەڵ ئەوەی كە فشاریان لەسەربوو بەلام پشتی عەبدولكەریم قاسم یان بەر نەدەدا، یەك: بە تەمای ئەوەبوون كە پوو وەر

بچەرخێنێتەوە بەلای خۆیاندا، دوو مەترسی زۆریان هەبوو لە عەرەبە نەتەوەییەکان و پارتی بەعسی عەرەبی کە دوژمنی سەرسەختی شوعیەکان بوون بە پشتگیری میسرو جەمال عەبدولناسر بێنە سەر دەسەلآت و حکومەتەکەی عەبدولکەریم قاسم بروخێنن، هەر وەکو ڕوویدا لە ٨ی شوباتی (١٩٦٣ن).

گەلی عێراق بەگشتی و باشووری عێراق بەتایبەتی پشتگیری عەبدولکەریم قاسم یان دەکرد و خۆشیان دەویست. عەبدولکەریم قاسم هەتا ساڵی (١٩٦٣ن)زۆربەی زۆری پاسەوانەکانی خۆی لەناو وەزارەتی بەرگریدا کورد بوون.

لە ناوخۆ و دەرەوەی عێراقدا ناوبانگی هەبوو، ئەمەریکا و دەوڵەتانی ڕۆژئاوا لەبەر پشتیوانی کردنی یەکێتی سۆڤیەت و دەوڵەتانی سەربازگای ڕۆژهەلآتی ئەورووپا لە ناوچەی ڕۆژهەلآت دا حیسابێکی تریان دەکرد بۆ عەبدولکەریم قاسم پیاوانی سەر بە دوژمنانی کورد و عەبدولکەریم قاسم ئەوانەی کە ئاشکرا نەبوون خۆیان لە عەبدولکەریم قاسم نزیك کردەوە بەناوی دڵسۆزی بۆ عێراق و عەبدولکەریم قاسمەوە و دەستیان کرد بە زەم کردن و بوختان دروست کردن بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان و سکرتێرەکەی کە ئیبراهیم ئەحمەد بوو، گوایە بیروباوەڕی جیاوازی کوری بلآو دەکەنەوە لەناو ڕێکخستنەکان و ڕۆژنامەی خەبات و گوێ نادەن بە بڕیارەکانی دەوڵەت و خۆیان ئامادەو بەهێز دەکەن و دژایەتی دەکەن لەگەڵ ئەو خێڵە کوردانەی کە سەر بە حکومەتن، وە داواکارەکانیان بۆ جێبەجێکردنی بەندی سێیەمی بەیاننامەی ١٤ی تەمموزی (١٩٥٨ن)و دەستوری کاتی عێراق و داواکردنی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان ئەمانە هەموو بۆنی جیابوونەوەیان لێوە دێت، لەگەڵ دەیان بوختانی تر بۆ پارتی و سەرۆکەکەی.

بۆ ئەوەی عەبدولکەریم قاسم پشت بکات لە کورد و لێی بدات و بیکات بە دوژمنی خۆی و بەئالێت بە شەڕی دوورو درێژی کوردەوە بۆ ئەوەی ماوەیان بۆ برەخسێت و جێگای دەستیان بێتەوە بۆ ئەوەی کودەتا بکەنە سەری و لەسەر دەسەلآت لای بدەن، هەر وەکو ڕوویدا لە ٨ی شوباتی ساڵی (١٩٦٣ن)کودەتایان کردو هاتنە سەر حوکم.

دوژمنان و ناحەزانی کورد و عەبدولکەریم قاسم کەوتنە زەم کردن و بوختان دروست کردن بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان و مستەفا بارزانی هەتا وایان کرد لە عەبدولکەریم

قاسم لـە مـانگی شـوباتی سـاڵی (١٩٦١)حكومەتەكـەی عەبدولكـەریم قاسـم كەوتـە بەربەرەكانی كردنی پارتی دیموكراتی كوردستان و تاوانبار كردنی سـكرتێری پـارتی بـە كوشتنی سدیق میران لە شەقلاوە. ئەندامانی كۆمیتەی ناوەنـدی و درێـژەی كێـشاو بـوو بەهۆی بەرپابوونی شۆڕشی ١١ی ئەیلولی ساڵی (١٩٦١)و خەباتی چەكداری گەلی كورد و پارتی دیموكراتی كوردسـتان دژی حكومەتەكـەی عەبدولكەریم قاسـم، لـە بەشـەكانی داهاتوودا باسیان دەكەین، ن.س.

لە ڕۆژی (١٩٥٩/١٠/٧)كۆمەڵێك لە پیاوانی پارتی بەعسی عـەرەبی كـە پێكهـاتبوون لـە (عەبدولوەهاب ئەلغـەریری و عەبدولكـەریم شـێخلی و صـەدام حوسـێن تكـریتی و حـاتم ئەلعەزاوی و سەمیر نەجم و ئەحمەد تەها عەزاوی)لە بەغدا لە شەقامی ڕەشید كەمینیان دانـابوو بـۆ عەبدولكـەریم قاسـم و تەقـەیان لێـی كـرد و بـە خەسـتی برینـدار بـوو، تەقەكەرەكان هەندێكیان گیران و ئەوانی تریـان هـەڵهاتن و ڕۆیشتن بـۆ میـسرو سـوریا. عەبدولكەریم قاسم لە پاش چاك بوونەوە بە چەند مانگێك بڕیاری لێبوردنی بۆیان دەكرد و ئەوانەی گیرابوون لە بەندیخانە دەری كردن، وە گوتبووی ئەمانە گەنج و نەزانن.

# خەباتی ئازادیخوازی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پاش بەرپابوونی شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ز

[١] بەیاننامەی ژمارە ١ی شۆڕشی ١٤ی تەمموزی (١٩٥٨ز)لە ئێزگەی ڕادیۆی بەغدا بلاو کرایەوە و بە ڕۆژی دوایی ڕۆژنامەکانی عێراق و ئێزگە و ڕۆژنامەکانی جیهانیش نووسیان و بلاویان کردەوە. لەو بەیاننامەیەدا ددانیان نا بەوەدا کە عەرەب و کورد لە کۆماری عێراق هەر دوو هاوبەشن و یەکسانن و مافیان هەیە و دەپارێزرێت لە چوارچێوەی کۆماری عێراقی دیموکراتیدا، وە هەر لەو بەیاننامەیدا دەلێت گەلی کورد دووەم نەتەوەیە لەناو عێراقدا، وە عێراق عێراقی عەرەب و کوردە.

وە لە ماددەی سێیەمی دەستوری کاتی عێراق کە لە ڕۆژی ٢٧ی تەمموزی (١٩٥٨ز)بلاو کرایەوە ئەو هاوبەشیەی عەرەب و کورد دووبارە دەکاتەوە و ددان بە ئەوەدا دەنێت کە گەلی کورد نەتەوەی دووەمە لە کۆماری عێراق و هاوبەشە لەم کۆمارەدا و لە ئێزگەکان و لە ڕۆژنامەکاندا بلاو کرایەوە.

بەلام ئەم ددانانان و برایەتی و هاوبەشیەکەیان تەنها بە قسەو نووسین بوو، بە کردەوە هیچ هەنگاوێکی جێبەجێکردنیان نەنا، تەنها بۆ ماوەی یەك سال پارتی دیموکراتی کوردستان بە ئازادی کاری ڕێکخستن و پارتایەتی کرد لەناو عێراق و کوردستان. پارتی دیموکراتی کوردستان لەو ڕۆژەدا یەکەم پارتی بوو کە بەناوی گەل و نەتەوەی کوردەوە لە ڕێگای ڕۆژنامەی خەباتەوە ڕۆژانە لە لاپەڕەی یەکەمی سەر وتاری ڕۆژنامە دەیان نووسینەوە و داوای جێبەجێکردنی ئەو هاوبەشییەی گەلی کوردی دەکرد لە ناو عێراق کە بەیاننامەی ژمارە (١)ی چواردەی تەمموزی (١٩٥٨ز)و دەستوری کاتی عێراق ددانی پیاداناوە لە ماددەی سێیەمدا و گفتو بەلێنیشیان داوە کە لە دەستوری هەمیشەی عێراق دیاری بکرێت.

[١] خەباتی چەکداری و ڕامیاری نەتەوایەتی کورد، نەجم سەنگاوی، ل١٣٢.

رۆژانە رۆژنامەی خەبات داوایان دەكرد بۆ دامەزراندنی دەزگاكانی دیموكراتیەت لە عێراقدا و خزمەتگوزاری بۆ كوردستان و بەشداری كردنی گەلی كورد لە حوكمڕانیدا و كردنەوەی قوتابخانەو نەخۆشخانەو چاككردنی ڕێگاوبان بۆ شارو شارۆچكەو دێهاتەكانی كوردستان، وە كردنەوەی چەند كارگەیەك لە كوردستان بۆ نەهێشتنی بێكاری و دروست كردنی ڕێگاوبان بۆ دێهات و قەزاو ناحیەكانی كوردستان، وە گەیاندنی ئاو و كارەبا بۆ دێهاتەكانی كوردستان و خۆشكردنی باری ژیانی كرێكاران و جوتیارانی كوردستان، وە وەرگرتنی قوتابیانی كورد لە هەموو زانكۆكانی عێراق بەتایبەتی كۆلێجەكانی سەربازی و پۆلیسی، وە كردنەوەی زانكۆ لە كوردستان و ناردنی قوتابیانی كورد بۆ دەرەوەی عێراق و وەرگرتنیان بۆ خوێندنی بالاٌ لەناوخۆ و دەرەوەی عێراق لە هەموو بەشەكانی زانستدا.

وە دامەزراندنی ئیدارەیەكی سەربەخۆ بۆ كوردستان، وە مانەوەی هەموو سەربازانی كورد كە لەناو سوپای عێراقدان لە ناوچەكانی كوردستان.

ئەم داواكاریانە هەموو جارێك دەخرانە پێش چاوی لێپرسراوانی عێراق چ بە گفتوگۆكردن و چ بە نووسینەوە لەسەر وتارەكانی رۆژانەی رۆژنامەی خەبات. هەروەكو باسمان كرد عەبدولكەریم قاسم لە هەموو پارتە سیاسیەكانی عێراق دابوو كەسی بەخۆیەوە نەهێشتبوو.

ئەو پارتە سیاسی و كۆمەلاٌنەی كە لێیان درابوو زۆر پیاوی گەورەو سەربازییان هەبوو كە بیروباوەڕیان ئاشكرا نەبوو بۆ عەبدولكەریم قاسم و هاتوچۆیان دەكرد و سەریان لێی دەدا بە ناوی برادەری و پیاوانی نیشتیمانی و بێ لایەنەوە كەوتنە هاندانی عەبدولكەریم قاسم و دروستكردنی دەیان تاوان و بوختان بۆ پارتی دیموكراتی كوردستان بۆ ئەوەی پشت لە پارتی و گەلی كوردیش بكات و گیروگرفتی بۆ زۆر بكەن و جێگای دەستی خۆیان بكەنەوە بۆ كودەتاكردن و ڕووخاندنی دەسەلاٌتەكەی.

عەبدولكەریم قاسم سەر بە هیچ پارت و لایەنێك نەبوو بۆ پشتیوانی خۆی ، وە دۆست و دوژمنی لەیەك نەدەكردەوە و هەموو متمانەو باوەڕی ئەو هێزە سەربازییە بوو كە لەناوەو دەوری وەزارەتی بەرگری بوو لە بەغدا. وە خۆش باوەڕ بوو، وە خاوەنی گفتی

خۆی نەبوو هەموو شتێكی بە عەسكەرتاری و بەكارهێنانی هێز دەكرد. هەر ڕۆژ لە پارت و ڕێكخراو كۆمەڵێكی سیاسی دەدا.

لە ئەنجامی نزیك بوونەوەی دوژمنانی عەبدولكەریم قاسم و گەلی كورد، عەبدولكەریم قاسم كەوتە بەهانە گرتن لە پارتی دیموكراتی كوردستان و سكرتێری پارتی (مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد)و تاوانباركردنی بە كوشتنی (سدیق میران عوسمان)لە شەقلاوە و كردیان بە بەڵگەو بەهانەی دەستیان و بڕیاری گرتنی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد و چەند ئەندامێكی كۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموكراتی كوردستان دەرچوو هەریەكە بە تاوانێك تاوانباریان كردن و بڕیاری گرتنیان بۆیان دەركرد.

ڕۆژنامەی (خەبات)كە زمان حالی پارتی دیموكراتی كوردستان بوو لە مانگی ئازاری ساڵی (١٩٦١ن)حكومەتی عێراق دای خست و دەستیان گرت بەسەر بارەگاكانی پارتی لە بەغدا لە گەڕەكی بەتاوین و شارو شارۆچكەكانی كوردستان.

مستەفا بارزانی كە سەرۆكی پارتی دیموكراتی كوردستان بوو، وە لە كۆشكەكەی (نوری سەعید سەرۆك وەزیرانی كۆنی عێراق)دادەنیشت كەس ناوی نەدەهێنا و پرسیاریان لێی نەدەكرد لەلایەن كاربەدەستانی حكومەتەكەی عەبدولكەریم قاسمەوە.

مستەفا بارزانی كە زانی عەبدولكەریم قاسم ڕووی وەرگەڕاندوە لە پارتی دیموكراتی كوردستان و كەوتووەتە بەهانە گرتن لە سكرتێری پارتی، وە ناتوانێت بە ئاسانی بیروبۆچوونەكانی بگۆڕێت بۆ ئەوەی ئەوانەی كە هاتوچۆی دەكەن بیانخات بەدرۆوە.

مستەفا بارزانی لە مانگی نیسانی ساڵی (١٩٦١ن)بە بەهانەی جەژنەكردن لەگەڵ شێخ ئەحمەدی برای لە بارزان ئاگاداری عەبدولكەریم قاسمی كردەوە و ڕۆیشتەوە بۆ بارزان و نەگەڕایەوە بۆ بەغدا هەتا شۆڕشی ١١ی ئەیلولی ئازادیخوازی ساڵی (١٩٦١ن)دەستی پێ كرد بە خەباتی چەكداری دژی حكومەتەكەی عەبدولكەریم قاسم

## چۆن شۆڕشی ئازادیخوازی ئەیلول دەستی پێ کرد؟

[١] عەبدولکەریم قاسم سروشتی وابوو پشتی لەهەر پارت و کۆمەڵێك بکردایە جارێکی تر ڕووی لێ نەدەکردەوە و بەسەرکێشی لەگەڵیدا دەڕۆیشت بەبێ بیرکردنەوە لە دوا ڕۆژی ئەو ڕق و پشت هەڵکردنە. هەروەکو پشتی هەڵکرد لە پارتی شوعی عێراقی و پارتی بەعسی عەرەبی و عەرەبە نەتەوەییەکان (قومین العرب)پشتی لە پارتی دیموکراتی کوردستانیش هەڵکردوو بەتاوانبارکردنی سکرتێری پارتی و ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی.

دام و دەزگاکانی ئاسایش و هەوالگری حکومەتەکەی عەبدولکەریم قاسم دەستیان کرد بە گرتن و ڕاونانی ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستان و دۆست و لایەنگرانیان و داخستنی بارەگاکانی پارتی لە بەغداو شارو شارۆچکەکانی کوردستان و داخستنی ڕۆژنامەی خەبات و دەست گرتن بەسەر چاپەمەنی و کەرستەی چاپ کردنەکانیان.

هەروەها دەستیان کرد بە گواستنەوە و دوور خستنەوەی فەرمانبەران و مامۆستایان و پۆلیسە کوردەکانی ناوچەکانی کوردستان و موچەخۆرەکانی کورد بۆ ناوەڕاست و باشووری عێراق. وە دەستیان کرد بە ناردنی سوپایەکی زۆر بۆ ناوچەکانی کوردستان. وە ناردنی ئاسایش و هەوالگرییەکی زۆری عەرەب بۆ شارو شارۆچکەکانی کوردستان.

وە دەستیان کرد بە دابەشکردنی چەك بەسەر سەرۆك عەشیرەتەکانی هەرکی و سورچی و زێباری و ئەو خێلانەی کە چەکیان هەلگرت بۆ حکومەتی پاشایەتی عێراق و ئینگلیز دژ بە بزووتنەوەکانی ئازادیخوازی کورد و مستەفا بارزانی، وەخۆ ئامادەکردنی بۆ لێدانی هەر ڕاپەڕین و بزووتنەوەیەك کە ڕوو بدات لە ناوچەکانی کوردستاندا.

---

[١] خەباتی چەکداری و ڕامیاری نەتەوایەتی کورد، نەجم سەنگاوی، ل١٣٤

ئەمانــە هــەموو بــە ئاشــكرا ڕەچــاو دەكــران و دەبینــران لــەناو شــارو شارۆچــكەكانی كوردســـتان، وە چــاو لــە خــەڵك زەق كردنــەوە و توندوتیــژی بەرامبــەر بــە گــەنجانی كوردســـتان و گــرتنی قوتابیـــان و فـــشار خـــستنە ســـەر ـانیـــشتوانی كوردســـتان. مەكتـــەبی سیاســـــی پـــارتی دیمـــوكراتی كوردســــتان لــــە ٢٠ی تـــەمموزی (١٩٦١ن)دووبـارە (نامــەیان ئاراســتەی حكومــەتی عێــراق و عەبدولكــەریم قاســم كــرد و هەڵوێــستی پــارتی دیمـوكراتی كوردســتان و گــەلی كــورد ی خــستە پــێش چــاویان كە چۆن پشتگیری شۆڕشی ١٤ی تەمموز و حكومەتەكەیان كردوە.

وە پشت گـوێ خـستن و بایـەخ پـێ نـەدانی حكومـەت بـۆ ئـاو گفتـو بەڵێنانـەی كـە لـە بەیاننامــەی ژمــارە یــەكی شۆڕشــی ١٤ی تــەمموزی (١٩٥٨ن) و دەســتوری كــاتی حكومــەتی عێــراق دوایــەتی بــە گــەلی كــورد، وە داوای جێبــەجێكردنی ئــەم خاڵانــەی خوارەوە یان كردبوو.

١-كـشانەوەی ئـەو سـوپا سـەربازییەی كـە لـەم دواییـەدا ناردوویانـە بـۆ كوردسـتان بگەڕێنــەوە بــۆ شــوێنەكانی پێشووی خۆیـان كـە لـەوەو پـێش لێـی بـوون، وە هــیچ بزووتنەوەیــەكی ســەربازی نائاســایی نــەكرێت لــەو شــوێنانەی كــە لــە ڕابــوردوودا بۆیان دیاری كرابوو.

٢-كـــشانەوەی ســـەرۆك ئیدارییـــەكانی ئاســـایش و هـــەواڵگری و پـــۆلیس و ئـــەو لێپرســـراوانەی كـــە دەوری باڵایـــان هـــەبووە لـــە ڕووداوەكـــانی ئـــەم دواییـــە (ی كوردســـتان، ن.س)چ بـــەگوێ پـــێ نـــەدانی مەبەســـتی چ بەهانـــدانیان و چ بـــە تێكدانی ڕاسـتیەكان، وە ناردنیـان بـۆ دادگـایی پـسپۆڕ بـۆ ئـەوەی بگـەن بـە سـزای عادیلانە.

٣-گەڕانـــەوەی ئـــەو فەرمانبـــەرو پـــۆلیس و موچـــە خۆرانـــەی كـــورد كـــە دوورخراونەتــەوە یــان گوێزراونەتــەوە لــە كوردســـتان بــۆ شــوێنەكانی خۆیــان. وە دامەزرانــدنی پارێزگاكــان و قایمقامیــەكان و بەڕێوەبــەری ناحیــە كوردییــەكان لــەو كوردانەی كە دڵسۆزن بۆ كۆماری عێراق و بۆ برایەتی عەرەب و كورد.

٤-جێبەجێکردنی ماددەی سێیەمی دەستووری کاتی عێراق جێبەجێکردنی تەواو، وە جێبەجێکردنی یەکسانی تەواو لە نێوان هەردوو نەتەوەی عەرەب و کورد لە هەموو ڕوویەکەوە کە دوو نەتەوەی بران لە سێبەری دەوڵەتی عێراقدا.
٥-پاککردنەوەی جیهازەکانی دەوڵەت لەو ڕەگەزانەی کە دژن بە شۆرشی ١٤ی تەمموزی ئازادیخواز.
٦-کردنەوەی ئازادی و دیموکراتییەت بۆ گەلی عێراق و کۆتایی هێنان بە ماوەی گواستنەوە بە زووترین کات بۆ ئەوەی کە وڵات ببرێت بەڕێوە بەپێی ڕژێمێکی دیموکراتی هەڵبژێردراو لەلایەن گەلەوە بە هەڵبژاردنێکی ئازاد و ڕاستەوخۆ بە ڕێگای هەڵبژاردنی پەرلەمانەوە، و هەلگرتنی دەسەلاتە نائاساییەکان (الاحکام العرفیه)و نەهێشتنی شوێن هەوارەکانیان.
٧-جێبەجێکردنی بڕیارەکانی کۆنگرەی مامۆستایانی کورد لە شەقلاوە لە ساڵی (١٩٦٠ن)بۆ پێش خستن و پەرەپێدانی خوێندن و ڕۆشنبیری کورد.
٨-کردنی زمانی کوردی بە زمانێکی فەرمی لە هەموو فەرمانگە فەرمییەکانی کوردستان.
٩-لابردن ۆ نەهێشتنی پاشماوە و شوێنی هەموو سیاسەتەکانی دووبەرەکی و ڕگەز پەرستی کە بەکاریان هێناوە بەرامبەر بە گەلی کورد، وە سزادانی ئەوانەی کە هەوڵی دووبەرەکی دەدەن لە نێوان ڕۆڵەکانی گەلی عێراق.
١٠-کردنەوەی ماوەدان بۆ کشتوکاڵی (توتن)وە هەلگرتنی خۆبەستن بە یاسای توتنەوە لەو شوێنانەی کە باشن بۆ کوشتوکاڵی توتن.
١١-ڕاست کردنەوەی باجەکانی زەوی و زار بەشێوەیەک کە بار سوکی بێت لەسەر جوتیاران، ئەم یاسایە نوێیە باری قورسی خستووەتە سەر ئەستۆی جوتیاران.
١٢-چارەسەرکردنی بێکاری کە بڵاو بۆتەوە بەدەست پێکردنی پرۆژەکانی چاکسازی و پەلەکردن بۆ تەواوکردنی ئەو پرۆژانەی کە ڕاگیراون، وە دامەزراندنی پرۆژەی تر لە نەخشەی ئابووری داهاتوودا.

١٢-نەهێشتنی گرانی بازاڕ: ئەویش بە لێدانی ئەو دەستانەی کە دەستکاری نرخەکان دەکەن و یاری بە خۆراکی گەل دەکەن.

ئەم یادنامەیە لە مێژووی ناوبراو ئاراستەی حکومەتی عێراق و عەبدولکەریم قاسم کرا، بەلآم هیچ وەلآمێکی نەدرایەوە لەلایەن حکومەتەکەی عەبدولکەریم قاسمەوە، مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان چەند کۆبوونەوەیەکیان کرد لە مانگەکانی تەمموز و ئابی سالی (١٩٦١)و هەولێکی زۆریان دا بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەو تەنگ و چەڵەمەیە و ڕاگرتنی تاوانبارکردنی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و دانانی سنورێك بۆ دەست درێژکردن بۆ سەر میللەتی کورد.

وە ڕاگرتنی هێرشەکانی خێڵەکانی هەرکی و سورچی و زێباری بۆ سەر ناحیەی بارزان و ناوچەکانی. وە وەرگرتنەوەی ئەو چەکانەی کە حکومەتی عێراق دابەشی کردوە بە سەریاندا. پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ ئەم مەبەستە چەند کەسێکیان ڕاسپارد لە پیاوانی نیشتیمانی عێراق بۆ لای عەبدولکەریم قاسم، بەلآم هیچ سوودی نەبوو.

عەبدولکەریم قاسم وای دەزانی هەموو شتێك بەهێز کۆتایی پێ دێت، لە سەرکوت کردن و ڕاونان و بەریەرەکانی کردنی کورد و پارتی دیموکراتی کوردستان بەردەوام بوون، سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان کە سەیریان کرد و ڕوانیان هەولدان و کۆششەش بێ سوودە لەگەلْ عەبدولکەریم قاسم، وە ئەوانەی کە لە دەورین و هاتوچۆی دەکەن زیاتر هانی دەدەن بۆ لێدانی کورد و پارتی دیموکراتی کوردستان و ئاگری ئاکۆکی خۆش دەکەن و هیچ ڕێگایەکی تری پێشان نادەن بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەو گیروگرفتە ئالۆزە. وە ئەو هەلەی کە دوژمنانی کورد و عەبدولکەریم قاسم مەبەستیان بوو بۆیان هەلکەوتووە بۆ لەناوبردنی ڕژێمەکەی عەبدولکەریم قاسم، بۆیە سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان ناچار بوون بیریان کردەوە لە خەباتی چەکداری و بەرەنگاربوونەوەی حکومەتەکەی عەبدولکەریم قاسم بە شۆڕش و چەك.

بۆ ئەو مەبەستە نوێنەریان نارد بۆ لای مستەفا بارزانی لە بارزان بۆ ئەوەی بڕیاری ئەویش وەربگرن و ئەویش لە جێگاو شوێنی خۆیەوە خۆی ئامادە بكات بۆ خەباتی چەكداری بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڕژێمەكەی عەبدولكەریم قاسم.

لەگەڵ ئەوەی كە چەند جارێك فڕۆكەكانی حكومەتی عێراق ناحیەی بارزان و ناوچەكانی بۆردومان كردبوو، وە هێرشكردنی خێڵەكانی هەركی و سورچی و زێباری بەردەوام بوون بۆ سەر بارزان و ناوچەكانی.

بەلآم مستەفا بارزانی ناڕازی بوو لەوەی كە خەباتی چەكداری بگرنە بەرو دەیگوت: ئێستا ئەو توانایەمان نییە كە بە چەك بەریەرەكانی حكومەتەكەی عەبدولكەریم قاسم بكەین و ڕێگای خەباتی چەكداری بگرینەبار، لەبەر ئەوەی:

١-هۆشیاری میللەتی كورد نەگەیشتووەتە ئەو پلەی كە مەبەستیانە بۆ پشتگیری كردنی شۆڕشیكی چەكداری دوورو درێژخایەن.

٢-باری ئابووری و ژیانی كورد ئەو ئەركە قورسەی بۆ هەڵناگیرێت لەم كات و ساتەدا.

٣-دۆست و پشتگیری هاوسنوورمان نییە كە هەتاكو سەر پشتی پێ ببەستین و پشتگیریمان بكات. دەوڵەتانی هاوسێیشمان دۆست نین.

٤-ئێمە هیچ چەكێكمان نییە بەربەرەكانی چەكی سوپای عێراق بكات.

٥-حكومەتی عەبدولكەریم قاسم ئەمڕۆ بەهێزترین دەوڵەتە لە ناوچەكەدا، فڕۆكەو چەكی هەمەجۆری نوێی سۆڤیەتی هەیەو عێراقیش ئابوورییەكی باشی هەیە.

٦-دەوڵەتی یەكێتی سۆڤیەت و سەربازگەی سوسیالستی ڕۆژهەلآتی ئەورووپاش پشتگیری دەكەن بە هەموو شێوەیەك بۆ بەرژەوەندی خۆیان.

بەلآم ئەندامانی مەكتەبی سیاسی و كۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموكراتی كوردستان ڕایان لەگەڵ مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد بوو بۆ بەرپاكردنی شۆڕشێكی چەكداری دژی ڕژێمەكەی عەبدولكەریم قاسم و دەستیان كرد بە بزووتنەوە لە ناوچەكانی كوردستان و مستەفا بارزانیش كەوتە شوێن زۆرینەی دەنگ و خۆی ئامادەكرد بۆ بەرپاكردنی ئەو شۆڕشەو سەركردایەتی كردنی.

# خۆ ئامادەکردنی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ خەباتی چەکداری

[(١)]دەرچوونە دەرەوەی سکرتێر و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەغدا بۆ کوردستان، وە داخستنی بارەگاکان و رۆژنامەی (خەبات)و چاپخانەو دام و دەزگاکانی پارتی لە بەغداو شارو شارۆچکەکانی کوردستان، وە هەوڵدان لەگەڵ حکومەتی عەبدولکەریم قاسم و ناردنی یاداشت و پیاوانی سیاسی بۆ لای عەبدولکەریم قاسم و چاوەڕوانی وەڵام و هاتوچۆکردن بۆ لای مستەفا بارزانی، لە مانگی حوزەیرانەوە تاوەکو مانگی ئەیلولی (١٩٦١ن)مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ ئەم هەوڵانەدا دەستیان کرد بە کڕینی تفەنگ و فیشەك لە دێهاتەکانی کوردستان و ناوچەکانی حەویجەو دیالەو تکریت و سامەڕا و حەدیسە بەهۆی خەڵکانی شارەزای ناوچەکان و ئەندامان و دۆستانی پارتی و چەك فرۆشانەوە.

هەروەها دەستیان کرد بە بزووتنەوەیەکی فراوان لەناو شارو دێهاتەکانی کوردستان بۆ بڵاوکردنەوەی هەستی نەتەوایەتی و شۆڕشگێڕی و هاندانی خەڵکی کوردستان بۆ کڕینی چەك و فیشەك، وە پەیوەندی کردن بە سەرۆك عەشیرەتەکانی کورد و ئاغاو کوێخاو شێخەکانەوە، وە پیاوانی بازرگان و دەست ڕۆیشتووی کورد لەناو شارەکانی کوردستان، وە کەڵك وەرگرتن لە ئاغاو دەرەبەگ و ئەوانەی کە خاوەن زەوی و زاری کشتوکاڵی زۆرن، وە لەو سەردەمەدا بەرژەوەندیان لێی درابوو لەلایەن حکومەتی عەبدولکەریم قاسمەوە بەهۆی یاسای چاککردنی کشتوکاڵی و دابەشکردنی زەوییەکانیان بەسەر جوتیارانی دێهاتەکاندا. مەبەستی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ کەڵك وەرگرتن لە ئاغاو سەرۆك عەشیرەتەکان و خاوەن زەویە کشتوکاڵیەکان کە بڕیاری دابەشکردن دەیانی گرتەوە ئەمانەی خوارەوە بوو:

[(١)] خەباتی چەکداری و ڕامیاری نەتەوایەتی کورد، نەجم سەنگاوی، ل١٣٧

١-پارتی دیموکراتی کوردستان هیچ توانایەکی چەکداری نەبوو، وە پارتێکی سەرمایەدار نەبوون کە بتوانن بە زۆری بە پارە چەك بکڕن و هێزی چەکداری دروست بکەن و هەموو شتێك بە پارە جێبەجێ بکەن، وە دەوڵەتێکی دۆست و دڵسۆزیش نەبوو پشتگیریان بکات و یارمەتیان بدات بۆیە ناچاربوون کە پەنا بەن بۆ ئاغاو دەرەبەگ و سەرۆك عەشیرەتەکان.

٢-حکومەتی عەبدولکەریم قاسم لەو سەردەمەدا بەهێزو پڕ چەك و توانا بوو، چەکێکی زۆری هەمەجۆری ڕووسی هەبوو لە فڕۆکەو دەبابە و زرێپۆش و تۆپی دوورهاوێژو چەکی هەمەجۆری نوێی ئەو سەردەمە، وە لەلایەن ئابووریشەوە زۆر بەهێزبوو. لەناوخۆیشەوە ئەفسەرێکی زۆری عەرەب و کوردی بێلایەنی لەگەڵدا بوو، وە زۆربەی پاسەوانەکانی خۆی لە وەزارەتی بەرگری کورد بوون.

وە پارتی شوعی عێراقیش لەو سەردەمەدا لێیان درابوو و بە ئاشکرا چالاکیان نەدەنواند بەڵام فشاریان لەسەر هەڵسابوو، وە جەماوەرێکی زۆریان هەبوو لەناو هەموو چینەکانی عێراق لە عەرەب و کورد و کەمایەتیەکان و پشتی عەبدولکەریم قاسم یان بەرنەدەدا لەبەر ئەم هۆیانە:

١-لەسەر فشار و داواکردنی یەکێتی سۆڤیەت بۆ پشتگیری کردنی عەبدولکەریم قاسم، چونکە لەو سەردەمەدا حکومەتی عێراق یەکە دەوڵەت بوو لە ناوچەکەدا کە سەر بە یەکێتی سۆڤیەت و سەربازگەی سۆسیالستی ئەورووپای ڕۆژهەلآت بوو، وە دژ بە دەوڵەتانی ڕۆژئاواو ئەمەریکا بوو.

٢-حیزبی شوعی عێراق ئومێدیان نەبڕی بوو لە عەبدولکەریم قاسم، بە ئومێد بوون کە جارێکی تر ڕوو وەرگەڕێنێت بەلایاندا.

٣-حیزبی شوعی عێراق لەوە دەترسان کە پارتی بەعسی عەرەبی و عەرەبە نەتەوەییەکان بە پشتیوانی میسرو سوریا کودەتا بکەن و دەسەلآت بگرنە دەست، وە هەردووکیان دوژمنی سەرسەختی حیزبی شوعی بوون.

٤-هەر لە کاتی دەوڵەتی عوسمانییەوە هەتاوەکو ئەو سەردەمە هەموو شۆڕش و بزووتنەوەکانی گەلی کورد بە هۆی پشتگیری کردنی ئاغاو دەرەبەگ و سەرۆك عەشیرەتەکانەوە بوو حکومەتە داگیرکەرەکانی یەك لە دوای یەك وەکو سوارەی حەمیدی

عوسمانیەكان و جاشەكانی هەركی و سورچی و زێباری و لولانی و برادۆستی بۆ حكومەتی پاشایەتی عێراق و ئینگلیزەكانی ئاغایان، وە عەبدولكەریم قاسمیش خەریكە هەمان كۆمەڵ بەكار بێنێت و چەكی دابەش كردوە بەسەریانداو سوودیان لێ وەربگرێت، لەبەر ئەوەی هەموویان كوردن و شارەزای ناوچەكانی خۆیانن و پێشی سوپای داگیركەر دەكەون بۆ شوێنە سەختەكانی كوردستان.

ئەو كۆمەڵە ئاغاو سەرۆك عەشیرەتانەی كە پارتی دیموكراتی كوردستان گرتنیە خۆی و شەڕی دەربەنی بازیانی پێیان كرد هەموویان بەرژەوەندیان لێدرابوو لەلایەن حكومەتەكەی عەبدولكەریم قاسمەوە بەبۆنەی یاسای چاككردن و دابەشكردنی زەوییەوە، وە پارتی و شۆڕشی كورد ئەم سوودانەی لێیان وەرگرت:

١- لای حكومەتی عێراقی لێیان بڕی و كردنی بە دوژمنی، وە بوون بە ماڵ بۆ شۆڕشی كورد و پارتی دیموكراتی كوردستان.

٢-هێزێكی باش بوون بۆ ئەو كاتەی بزووتنەوەی ئازادیخوازی كورد كە هیچ هێزێكی تریان نەبوو هەتا خۆیان دەگرنەوە و دەسەلآتیان بەسەر ناوچەكەدا دەڕوات.

٣-بەهۆی ئەو كۆمەڵە ئاغاو سەرۆك عەشیرەتانەوە پارتی زیاتر ماوەی دەبێت بڕواتە ناو گوندەكانەوە و جوتیاران ڕێك بخات بۆ ناو ڕیزەكانی پارتی بۆ بلآوكردنەوەی بیروباوەڕی نەتەوایەتی و شۆڕشگێڕی و وریا كردنەوەیان، چونكە لەو سەردەمەدا ئاغاو سەرۆك عەشیرەتەكان دەستی تەواویان دەڕۆیشت بەسەر دانیشتوانی دێهاتەكاندا.

لەبەر ئەم هۆیانە بەپێویست زانرا كە ئەم لایەنە بگیرێت، ئەگەرچی لەو سەردەمەدا زۆربەی ئەندامانی مەكتەبی سیاسی و كۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموكراتی كوردستان خۆیان بەباڵی چەپ و سەر بە سۆسیالست دەزانی.

وە لەو ڕۆژانەدا حكومەتەكەی عەبدولكەریم قاسم و حیزبی شوعی عێراق لە دەزگاكانی ڕاگەیاندیاندا پارتی دیموكراتی كوردستان و سەرۆكەكەی مستەفا بارزانی بوو تاوانباریان دەكردن بە برجوازی و دەرەبەگ و سەرمایەدار و كۆنە پەرست.

# ڕاپەڕینی گەلی كورد لە ڕۆژی ١١ی ئەیلولی ١٩٦١ لە دەربەندی بازیان، ناوچەی سۆڕان

[1] لەگەڵ ئەوەی كە مستەفا بارزانی لە سەرەتاوە ڕای لەسەر بەرپاكردنی خەباتی چەكداری نەبوو لەگەڵ حكومەتەكەی عەبدولكەریم قاسم، بەڵام دوایی كەوتە شوێن زۆرینەی دەنگەكانی ئەندامانی مەكتەبی سیاسی و كۆمیتەی ناوەندی و بڕیاری دا كە شۆڕشی چەكداری بەرپا بكەن و سەركردایەتی بكات.

مەكتەبی سیاسی و زۆربەی ئەندامانی كۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموكراتی كوردستان لە ناوچەی سۆران بوون و خەڵكێكی زۆریان كۆ كردەوە بەهۆی ئاغاو سەرۆك عەشیرەت و كوێخاو شێخەكانی ناوچەكەوە بە چەكی خۆیانەوە، وە ئەوەی توانای بەشداری كردنی نەبوو وە چەكی هەبوو چەكەكەیان لێی وەردەگرت و دەیاندا بەبێ چەكێك و كۆیان كردنەوە لە دەربەندی بازیان سەر بە پارێزگای سلێمانی و سەنگەریان پێیان هەڵكەند لەم بەرو ئەوبەری دەربەندەكە و تیایدا دامەزران.

لە ڕۆژی ٩ی ئەیلولی ساڵی (١٩٦١ز)ڕێگای هاتوچۆیان بڕی لە نێوان كەركوك و سلێمانی و زیاتر لە (٧٥٠)چەكداریان دامەزراندبوو، هەموو چەكەكان چەكی سوك بوون، وەكو یانزە تیرو پێنج تیری ئینگلیزی و قۆناخڕ و یایلی و ماوزەر و یەك تیرو تفەنگی ڕاوی (تاپڕ)وە نزیكەی (٦٠)تفەنگی برنەویان تیادابوو كە لەو ڕۆژانەدا باشترین چەكی سوك و دوور كوژ بوو، زۆر كەس بەبێ چەك هاتبوون و پێیان گوتبوون ئێوە چەكی سەربازە كوژراوەكان كۆ بكەنەوە، پیاوی واش هەبوو تەنها پێنج فیشەكی پێبوو.

لە بەیانی ڕۆژی ١١ی ئەیلولی (١٩٦١ز)سوپایەكی سەربازی زۆر لە كەركوكەوە بەرەو سلێمانی كەوتە ڕێ بە مەبەستی كردنەوەی ڕێگای نێوان كەركوك و

---
[1] خەباتی چەكداری و ڕامیاری نەتەوایەتی كورد، نەجم سەنگاوی، ل١٤٠

سلێمانی کە دوو ڕۆژ بوو براببوو، ئەو چەکدارانەی کە دوو ڕۆژ بوو کۆ کرابوونەوە و دامەزرابوون لەم بەرو ئەوبەری دەربەنی بازیانەوە و خۆیان ئامادەکردبوو لەناو سەنگەرەکانیاندا، کە سوپا سەربازیەکەی حکومەتەکەی عەبدولکەریم قاسم گەیشتنە ناوەڕاستی دەربەنی بازیان[٤] بە تێکڕا لەم بەرو ئەوبەری دەربەنەکەوە دەست ڕێژیان لێیان کرد و سوپاکەیان گوللە باران کرد و شەڕ نزیکەی شەش کاتژمێری خەیاند و کوشتارو زیانێکی زۆریان گەیاندە سوپاکەی عێراق، لەگەڵ دەست پێکردنی تەقە لە دەربەندی بازیان فرۆکەکانی جەنگی حکومەتی عێراق ئامادەبوون و ئەم بەرو ئەوبەری دەربەنی بازیانیان بۆردومان کرد.

لە پاش شەش کاتژمێر شەڕ لە دەربەنی بازیان شەڕکەرەکانی کورد هەر کۆمەڵەو لە ڕاستی خۆیان کشانەوە و بڵاوەیان لێی کرد.

لەم شەڕە شەش کاتژمێرییەدا تەنها یەك کەس کوژرا، ئەویش (موحەمەدی برای کوێخا سمایلی تەلان بوو)وە سێ کەسیش خەڵکی گوندی (کانی سارد)بوون بە دیل گیران و سەروشوێنیان نەما بەیەکجاری.

لە دوای ئەم شەڕەی دەربەندی بازیان بۆ ماوەی شەش مانگ لە هیچ شوێنێکی تری ناوچەی سۆران شەڕ ڕووی نەدا. پارتی دیموکراتی کوردستان دەستیان کرد بە چەك کڕین و چەك کۆکردنەوە لە دێهاتەکانی کوردستان، وە گەڕان بە شوێن جێگای چەپ و قایم بۆ بارەگای پێشمەرگە ئەو کاتە پێیان دەگوت (بنکەی پێشمەرگە) یەکەم بنکە دامەزرا بنکەی (چەمی ڕێزان)بوو لە ناوچەی قەڵاسێوە کە نزیکەی ٢٥ کیلۆمەتر لە دەربەندی بازیانەوە دووربوو جێگایەکی سەخت بوو ڕێگای هاتوچۆی ئۆتۆمبێلی نەبوو، وە پارتی دیموکراتی کوردستان دەستیان کرد بە هاندانی سەرۆك عەشیرەت و ئاغاو کوێخاکان بۆ دامەزراندنی بنکەی پێشمەرگە بەناوی ناوچەکەوە یان عەشیرەتەکەیانەوە، بە چەك و ئازوقەو جل و بەرگی خۆیانەوە، بەڵام پارتی لێپرسراوێکی سیاسی و لێپرسراوێکی سەربازی دەنارد بۆیان، سەرپەل و سەردەستە لە خۆیان

دادەنرا، لە سەرەتاوە بە پێشمەرگەیان دەگوت (کۆمەڵە)لە پاشان ناوەکەی گۆڕا و بوو بە پێشمەرگە.

لە پاش دروست بوونی بنکەی پێشمەرگە لە ناوچەکانی کەرکوك و سلێمانی و هەولێر، پارتی دیموکراتی کوردستان دەستیان کرد بە هاندانی ئەندامان و دۆست و لایەنگرانیان لەناو سوپای عێراق لەسەربازو پۆلیس و هانیان دەدان کە بە چەکەوە و بەبێ چەك خۆیان بگەیەنن بۆ ناو پێشمەرگەکانی کوردستان، وە ئەوەی بۆیان دەکرێت لە ئامێری سەربازی وەکو چەك و فیشەك جیهازی بێ تەل و دەرمان لەگەڵ خۆیان بیەن بۆ ناو شۆڕش هەروەها لە فەرمانبەران و قوتابیان و کرێکاران چین چین خۆیان دەگەیاندە ناو بنکەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان.

ڕاگەیاندنی ئەو ڕۆژەی شۆڕشی پارتی دیموکراتی کوردستان زۆر بەهێزبوو میللەتی کوردیش بەگشتی هەست و سۆزی لەگەڵ ئەو شۆڕشەدابوو پۆل پۆل سەربازو پۆلیسی کورد و خەڵکانی تری کورد لە هەموو شوێنێکی عێراقەوە خۆیان دەگەیاندە ناو ریزەکانی پێشمەرگەی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد و سەدان چەکی سوك و ئامێری بێتەل و ئۆتۆمبێل و کەرەسەی پێویستی سەربازیان دەهێنا لەگەڵ خۆیاندا، تاوەکو بە تەواوی بزووتنەوەکە پەرەی سەندو هەموو ناوچەکانی باشووری کوردستانی گرتەوە، تەنها شارەکان و شەقامە سەرەکیەکان بە دەست حکومەتی عێراقەوە بوون و مانەوە. وە هەموو دێیەك لێپرسراوێکیان بۆی دانا لە خۆیان بۆ ئیش و کاری شۆڕش و دابەشکردنی پێشمەرگە بە سەر ماڵەکاندا و چاودێری کردنی دێیەکان و لێپرسینەوەی کەسانی نامۆ و غەریب لە ناوچەکەدا.

# بەشداربوانی شەڕی دەربەندی بازیان

[1] بەرپابوونی شۆڕشی ئازادیخوازی ١١ی ئەیلولی سالی (١٩٦١ز)لە ناوچەی سۆران، وە یەکەم گوللەی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد کە تەقیەوە بە ڕووی سوپاو حکومەتەکەی عەبدولکەریم قاسم بە سەرپەرشتی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی، وە ئەوانەی کە دەوری بالأیان بینی لە کۆکردنەوەی دانیشتوانی دێهاتەکان و بەشداریان کرد لە یەکەم شەڕی دەربەندی بازیاندا لە ڕۆژی ١١ی ئەیلولی سالی (١٩٦١ز)ئەم ناوانەی خوارەوە بوون.

١-کوێخا ئیسماعیل حمەئەمین-خەلکی گوندی تەلان.

٢-حاجی ئیبراهیم چەرمەگا-خەلکی گوندی چەرمەگە.

٣-شێخ تەیفور شێخ مارف-خەلکی گوندی تۆبزاوە.

٤-مەلا تایەر خوردەلۆ-خەلکی گوندی خوردەلۆ.

٥-حاجی حمەئەمین-خەلکی گوندی قەرەوەیس.

٦-شێخ سدیق شێخ مەعروف-خەلکی گوندی کانی هەنجیر.

٧-شێخ ڕەئوف شێخ عەبدوللا-خەلکی گوندی عەسکەر.

٨-حاجی قادر بەگ-خەلکی گوندی کانی سپیلکە.

٩-حاجی شێخ قادر-خەلکی گوندی سۆتکە.

١٠-کوێخا کەریم-خەلکی گوندی چنارتوو.

١١-شێخ فەتاح شێخ حوسامەدین-خەلکی گوندی عەودلان.

١٢-شێخ عەلی کانی چنار-خەلکی گوندی کانی چنار.

١٣-کوێخا شەریف کوێخا خەسرەو-خەلکی گوندی سەیدان-ناوشوان.

١٤-مەلا سدیقی تلیان-خەلکی گوندی تلیان.

[1] خەباتی چەکداری و ڕلمیاری نەتەوایەتی کورد، نەجم سەنگاوی، ل١٤٢-١٤٣

ئەم شەڕە دەبووایە بەم شێوە بکرایە لەبەر ئەوەی یەکەم شەڕ دەست وەشاندن بوو لە سوپای عێراق، بۆ ئەوەی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد وەکو بۆمبایەك بتەقێتەوە بەڕووی حکومەتی عێراق و سام دروست بکات لە دڵی سوپای عێراقدا بۆ شەڕەکانی داهاتوو، وە گەلی کورد و عێراق هۆشیار بکاتەوە و ناوبانگ دەربکات و حیسابی بۆ بکرێت لەلایەن دەسەڵاتدارانی حکومەتەوە.

شەڕی دەربەنی بازیان لە ناوچەی سۆران و شەڕی ناوچەی بادینان لەیەك رۆژ و کات و ساتدا دەستی پێ کرد، هەر لە هەمان رۆژ ئێوارەکەی ئاژانسەکانی جیهان و ئێزگەکانی دەنگی ئەمەریکا و لەندن و مۆنتی کارلۆی فەرەنسی و وڵاتانی جیهان و عەرەبی باسی شەڕەکانیان کرد و بایەخێکی زۆریان پێی دا و زیاتر لە ئەوەی کە ڕووی دابوو باسیان کرد.

# راپەرینی گەلی کورد لە رۆژی ١١ی ئەیلولی ساڵی ١٩٦١ز لە ناوچەی بادینان

[١] ناوچـــەی بادینـــان لەســـەرەتای مـــانگی تـــەمموزی ســـاڵی (١٩٦١ن)وە رێکخراوەکـانی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان دەسـتیان کـرد بـە خـۆ ئامـادەکردن و چـەك و فیـشەك کـرین، وە رێکخـستنی شـانە چـەکدارییەکان و بلاوکردنـەوەی بیروبـاوەڕی نەتەوایـەتی و ئـازادیخوازی و چەکداری کـورد لـەناو شـارو شارۆچـکەو دێهاتەکانی ناوچەکەدا.

عەشـیرەت و خێڵـەکانی (گەرگەریـە) و (هەسـنیان) و (مـیران) و (بەزیـدیان)و ئـەو عەشـیرەت و تیرانـەی کـە لـە رۆژئـاوای دیجلـە نیشتەجێ بـوون دەوری بالآیـان بـوو بـۆ کـرینی تفـەنگ و فیـشەك و کەرەسـتەی سـەربازیی جـەنگ بـۆ رێکخراوەکـانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ناوچەکەدا.

لـە رۆژی ٦ی ئـەیلولی سـاڵی (١٩٦١ن)لـە سەرانـسەری باشـووری کوردسـتان مـان گـرتن دەسـتی پـێ کـرد، هـەموو دوکـان و بـازاڕ داخـران، وە هـەموو فەرمانبـەران و مامۆسـتایان و قوتابیـان و کرێکـارانی دەوڵـەت نەڕۆیـشتن بـۆ سـەرکارەکانیان و مانیان گرت هەتا رۆژی ٩ی ئەیلولی (١٩٦١ن).

لـە پـاش مـان گرتنەکـە رێکخراوەکـانی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان هێزێکیـان پێکهێنـا زیـاتر لـە (٥٠٠)چـەکدار و دەسـتیان کـرد بـە جەولـەو گـەڕان بەسـەر گونـدەکان و ناوچـەکانی ناحیـەی (سـلێڤانی)و دەورووبـەری بـۆ ئاگادارکردنـەوەی خـەڵکی ئـازادیخوازی کـورد و پەرەپێـدانی شۆڕشـەکەی. ناوچـەی بادینـان بەگـشتی خۆیـان ئامـادە کردبـوو، وە هێزەکانیـان دابـەش کردبـوو بەسـەر ناوچـەکاندا، وە پـیلان و نەخـشەیان دانـابوو بـۆ ئـازادکردنی هـەموو قـەزاو ناحیـە و

---

[١] هەمان سەرچاوە.

مەڵبەنـد و پۆلیـسخانەکانی ناوچـەکەو چـاوەڕوانی بڕیـارو فـەرمانی سـەرکردایەتیان دەکرد.

لـە ڕۆژی ٩ی ئـەیلولی (١٩٦١ز)جـەماوەری کـۆکراوەی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان دەربـەنی زاخۆیـان گـرت، لـە ڕۆژی ١٠ی ئـەیلول ڕێگـای هاتوچـۆیان بـڕی لـە هاتوچـۆکەران. لـە شـەوی ١١ی ئـەیلولی (١٩٦١ز)لەکاتـژمێری سـێ و نیـوی بەرەبـەیان بـە یارمـەتی دانیـشتوانی شـاری زاخـۆ و پۆلیـسە کوردەکـان نـاو شـاری زاخۆیان ئازادکرد بە زیانێکی کەمەوە.

لـە هـەمان ڕۆژدا دەوروپـشتی شـاری دهۆکیـان ئـازاد کـرد. هـەر لـە هـەمان ڕۆژدا ناحیـەی (سمێـل)و ناحیـەی (نێـروە ڕێکـان)یـان ئـازاد کـرد و بەڕێوەبـەری ناحیەکەو پۆلیسێك کوژران.

وە لـە ئێـوارەی ١١ی ئـەیلولی (١٩٦١ز)لـە پـاش شـەڕێکی گـەورە قـەزای ئامێـدی ئـازاد کـراو قایمقـام و ئیـدارەو پۆلیـسەکان نـاو شـاریان بەجێهێـشت و پێـشمەرگەکانی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان چـوونە نـاو شـارەکەوە و ئازادیـان کرد، بەڵام فڕۆکەکانی حکومەتی عێراق ناو شاری ئامێدیان بۆردوومان کرد.

لـە ڕۆژی ١٢ی ئـەیلولی (١٩٦١ز)ناحیـەی (دۆسـکی)یـان ئـازاد کـرد و بەڕێوەبـەری ناحیەکـە (نـاجی عەبدولکـەریم) دەسـتگیر کـرا لەلایـەن پێـشمەرگەکانی پارتیـەوە.

هـەروەها لـە ڕۆژی ١٢ی ئـەیلولی (١٩٦١ز)ناحیـەی (سەرسـەنگ)و ناحیـەی (بامـەڕنی)ئـازاد کـران، وە شـەقامە سـەرەکیەکانی دهـۆك و هـەموو سـەر شـاخەکان ئـازادکران، هـەتا ڕۆژی ١٥ی ئـەیلولی (١٩٦١ز)زۆربـەی ناوچـەکانی بادینـان ئازادکران لەلایەن پێشمەرگەکانی پارتیەوە.

لـە ڕۆژی ١١-١٥ی ئـەیلولی (١٩٦١ز)ئـەم مەڵبەنـد پۆلیـسانە گـیران و ئـازادکران لەلایـەن پێـشمەرگەی پارتیـەوە لـە ١٨ مەڵبەنـدی پـۆلیس لـە ناوچـەکەدا ١٠ مەڵبەنـدی پۆلیـسی ناوچـەی زاخـۆ وە ٧ مەڵبەنـدی پۆلیـسی ناوچـەی دهـۆك لەگەڵ پۆلیسخانەکەی سەر سنوور هەموویان گیران و خۆیان دا بە دەستەوە.

لەبـەر کـەم بـوونی دەرامـەت و بـاری ئـابووری و ئازوقـەو بـێ توانـایی بـۆ دابینکردنـی ژیـان و ئـارامی و ئاسایـشی ناوچـەکە، وە کـەم بـوونی چـەك و فیـشەك بـۆ

بەرگریکردن لە دانیشتوانی ناوچەکە و بەرژەوەندی شارو شارۆچکەکان. سەرکردایەتی شۆڕش و پارتی دیموکراتی کوردستان بڕیاریاندا بکشێنەوە لە هەموو ئەو شارو شارۆچکانەی کە ئازاد کراون و لەژێر دەسەلاتی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردان.

لە پاش یەك هەفتە پێشمەرگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەمو شارو شارۆچکەکان کشانەوە، تەنها شاری زاخۆ نەبێت لە ٢٠ی ئەیلولی (١٩٦١ز)لێی کشانەوە.

## بەشداربووانی شەڕی ناوچەی بادینان

[1]بەرپابوونی شۆڕشی ئازادیخوازی ١١ی ئەیلولی (١٩٦١ز)لە ناوچەی بادینان بەسەرپەرشتی ڕێکخراوەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی و فەرمان و ڕێنمایی کردنی، وە ئەوانەی کە دەوری بالآیان بینی لە کۆکردنەوەی جەماوەری ناوچەکە و بەشداریان کرد لە ئازادکردنی ناوچەکە لە ڕۆژی ١١ی ئەیلول هەتا ٢٠ی ئەیلول (١٩٦١ز)ئەم ناوانەی خوارەوە بوون:

١-عەگید سدیق ٢-مامۆستا ئەحمەد عەبدوللا-بەڕێوەبەری ئامادەیی ئامێدی ٤-ئیبراهیم عەبدوللا برین پێچ ٥-موحەمەد بامەڕنی ٦-مامۆستا نوری مستەفا بەڕێوەبەری قوتابخانەی ئامێدی ٧-قوتابی کەمال موحەمەد سلیم ٨-مستەفا ڕەشید ٩-سلیم عەبدوللا قوتابی ١٠-کەمال ڕەشید ئەبوشوارب ١١-ڕەشید ئەحمەد دارتاش ١٢-حوسێن باپیر ١٣-سەعید مستەفا.

لە بەرواری بالآ:

١-عەبدولڕەحمان ٢-متران ماریولاما گوندی دووری ٣-سەنداریب سخریا-گوندی کانی ماسی ٤-ئەحمەد حەسەن عەبدوللا-گوندی مرود ٥-تۆفیق حاجی ڕەشید ٦-غازی نازم ٧-سادق خراپە.

---

[1] خەباتی چەکداری و رامیاری نەتەوایەتی کورد، نەجم سەنگاوی، ل١٤٣

لە شاری دهۆك:

١-سەید هۆلۆ ٢-عەبدولڕەحمان دینۆ ٣-مستەفا جەلیل ٤-مامۆستا جەمال سالح دەرسن ٥-مامۆستا جەمیل یوسفی ٦-عەبدولکەریم فەقێ خالد ٧-عەلی خان حاجی حامد ٨-موحەمەد تەیار ٩-ئەحمەد تەیار ١٠-عەبدولڕەحمان حاجی عەلی ١١-عەبدولڕەحمان سەید عەلی-مفەوەزی پۆلیس.

لەگەڵ ئەوەی کە پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی لە سەرەتاوە بە تەمای خەباتی چەکداری نەبوون، هەوڵیان دەدا بەشێوەیەکی ئاشتیخوازانە چارەسەری کێشەی نەتەوایەتی و مافی ڕەوای گەلی کورد بکەن لەگەڵ عەبدولکەریم قاسم، وە خۆیان ئامادە نەکردبوو بۆ خەباتی چەکداری، بەلآم عەبدولکەریم قاسم و دەسەلآتەکەی ئەم شەڕەیان سەپاند بەسەر گەلی کورد و پارتی دیموکراتی کورد و ناچاربوون بەرگری بکەن لە خۆیان و مافی ڕەوای نەتەوایەتی کورد.

ڕاپەڕینی گەلی کورد لە یەك کات و سات و ڕۆژێکدا لە ١١ی ئەیلولی (١٩٦١)وە بەیەك دەست لە ناوچەکانی سۆران و بادینان ئەوەی سەلماند بۆ حکومەتەکەی عەبدولکەریم قاسم و هەموو لایەنە سیاسیەکان و سەربازییەکانی عێراق کە گەلی کورد خاوەنی توانایە ۆ بەرگری لە مافی ڕەوای نەتەوایەتی خۆی دەکات و باکی لە قوربانیدان و خۆبەخت کردن نییە لە پێناوی ئازادی و سەرفرازی.

ڕاپەڕینی گەلی کورد لە ڕۆژی ١١ی ئەیلولی (١٩٦١)زۆربەی زۆری بە چەکی دانیشتوانی گوندو دێهاتەکانی کوردستان بوو، پارتی دیموکراتی کوردستان هیچ ئامادەکارییەکیان نەکردبوو نە لەلایەن سەربازییەوە و نە لەلایەن چەك و ئابوورییەوە، بۆیە کاتێك ناوچەی بادینانیان ئازاد کرد نەیانتوانی لە تۆپ و فڕۆکەکانی ڕژێمی عێراق بیان پارێزن و بەرگریان لێ بکەن و پێویستیەکانی ژیانیان بۆ دابین بکەن لەبەر ئەم هۆیانە سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بڕیاریاندا کە لە شارەکانی ناوچەی بادینان بکشێنەوە و بۆ ماوەی چەند مانگێك نەچنە سەر سەربازگە و پۆلیسخانەکانی حکومەتی عێراق و شەڕیان پێ نەفرۆشن تاوەکو خۆیان ڕێك دەخەنەوە و بنکەو بارەگا دادەمەزرێنن و ئامادەکاری دەکەن بۆ شۆڕشێکی درێژخایەن.

لە پاش چەند مانگێك بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کورد بە شێوەیەکی پارتی زانی لە هەموو ناوچەکانی باشووری کوردستان دەستی پێ کردەوە و ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر جەماوەریان لە خۆیان کۆکردەوە.

بەلأم چەکی پێشمەرگەی کوردستان تاوەکو چەند سالێکیش چەکی سوك بوو، ئەو سەربازو پۆلیسە کوردانەی کە لەناو سوپای عێراق دا بوون هەلدەهاتن و خۆیان دەگەیاندە ناو بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد زۆربەیان چەکەکانیان لەگەلّ خۆیاندا دەهێنا وەکو کلاشینکۆف و سەمینۆف و تفەنگی پێنج تیری ئینگلیزی و ڕەشاش برنەو و ڕەشاشی برێن و هاوەنی بچوك و ئامێری بێتەل و کەرەستەی پێویستی تری سەربازی.

وە ئەو چەکانەی کە لە شەڕدا دەگیران دابەشیان دەکردن بەسەر ئەو پێشمەرگانەی کە چەکیان نەبوو. بەلأم ئەو خەلکانەی کە پەیوەندیان دەکرد بە شۆڕش و بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردەوە ژمارەیان زۆر بوو جاری وا هەبوو بە دوو کەس چەکێکیان هەلّ دەگرت، پیاوی وا هەبوو شەش مانگ لە بنکەکانی پێشمەرگەدا خزمەتی دەکرد نانی دەکرد و چای و چێشتی دەکرد تاوەکو چەکی دەست دەکەوت و نۆرەی دەهات ببێت بە پێشمەرگە سەرەڕای کەم بوونی دارایی و خۆراك و چەك و جل و بەرگ خەلکی کوردستان بە زۆری وورەیان بەرز بوو، وە زۆر باوەڕو متمانەیان بەو لەشکرە بێ پشتیوان و کەم دەرامەتە هەبوو چاوی ئومێد و سەرفرازیان تێ بڕیبوو و دوا ڕۆژێکی ڕووناکیان لێوە دەبینی و چاوەڕوانی هەموو بڕیارو فەرمانێکیان دەکرد کە بدرێت بە سەریاندا و جێبەجێی بکەن.

هەروەها کورد لە هەموو کوردستانی گەورە چاویان بڕیی بوو، ئەو بزووتنەوە ئازادیخواز و گوێیان ڕادەگرت لە ئێزگەکانی ڕادیۆ بۆ بیستنی هەوالّی سەرکەوتنی پێشمەرگەی ئازادیخوازی کورد. یان هەر کەسێك بەنیازی سیخوری و پیاو خراپی بڕۆیشتنایە بۆ ناوچە ئازادکراوەکان خۆیشی نەیدەزانی کە چۆن دەیانگرت و هۆی هاتن و کردەوەکانیان ئاشکرا دەکرد و دەیان گەیاندە سزای خۆی.

# دارایی و ئابووری شۆڕشی ئەیلولی ئازادیخوازی کورد

دارایـــی و ئـــابووری و دەســـتکەوتەکانی بزووتنـــەوەی ئـــازادیخوازی کـــورد[1] پێکهـاتبوو لـــە ئابوونـــە و پیتـــاکی ئەنـــدامان و لایـــەنگران و دۆســـتانی پـــارتی دیمـــوکراتی کوردســـتان، هـــەروەها مولّکانـــەی زەوی کـــشتوکالّ و زەکـــاتی دەوڵەمەنـــدەکان و کیـــسکانە لـــە خـــاوەن ئاژەڵـــەکان و .خەرمانانـــە لـــە جوتیـــارو خـاوەن کـشتوکالّ و بـاجی خـۆراك و دانەوێڵـەو بـاجی تـوتن و خـوری و ئـاژەڵ کـە لـە ناوچـە ئـازاد کراوەکانـەوە دەڕۆیـشت بـۆ نـاو شـارەکانی ژێـر دەسـەلاتی حکومـــەت، وە وێنـــەی دادگاکـــانی شـــۆڕش وە کێـــشەی کۆمەلایـــەتی و ژن مـــارەکردن و تـــەلاق دان. هتـــد... ئـــەو دەســـتکەوتانە هـــەموو کـــۆ دەکرانـــەوە بـــەڕێگای زنجـــیرەی خۆیـــەوە دەیـــان نـــارد بـــۆ مەکتـــەبی سیاســـی پـــارتی، دەستەکەوتەکانی شۆڕشـی ئـازادیخوازی کـورد زۆر کـەمتر بـوو لـە خـەرج و ئـەرك و پێویـستیەکانی بـۆ کـڕینی فیـشەك و جـل و بـەرگ و خـواردن و دەرزی و دەرمـان و میـوان خانـەکانی شـۆڕش و هاتوچـۆی لێپرسـراوان بـۆ دەرەوەی ولات و خزمـەت و ئـەرکی رۆژنامەنووسـانی بێگانـە کـە دەهـاتن بـۆ ناوچـە ئازادکراوەکـان، وە ئـەرکی میوانخانـــەی مەکتـــەبی سیاســـی و بارەگـــای بـــارزانی و یارمەتیـــدانی خێزانـــی پێـشمەرگە و خێزانـی ئەنـدامانی پـارتی کـە لـە بەندیخانـەکانی حکومـەتی عێراقـدا بوون.

لەبـەر نـەبوونی پـارەو دەرامـەت تـاوەکو سـالّی (١٩٦٤)ئـەوەی لـەناو شۆڕشـی ئـازادیخوازی کـوردا بـوو لـە پێـشمەرگە و لێپرسـراوانی پـارتی موچـەی دیـاری کراویـان نـەبوو، لەبـەر ئـەوە هـەموو سـەری مانگێـك تـوتن و شـقارتە و سـابوون و موســی تــەراش دەرزی و دەزوو دابــەش دەکــرا بەســەر پێــشمەرگەکاندا، ســالّی جارێـك یـان دووجـار جـل و بـەرگی خاکیـان دابـەش دەکرد. بەسـەر پێشمەرگەکاندا، یـان هەریـەك چـوار مـەتر قوماشـی خاکیـان پێیـان دەداو لـە بنکەکانـدا خـەیاتی

[1] خەباتی چەکداری و رامیاری نەتەوایەتی کورد، نەجم سەنگاوی، ل١٤٤

شۆڕش هەبوو بۆیانی دەدووری. وە ئەوەی خێزاندار بووایە و خێزانەكەی لە ناوچە ئازادكراوەكاندا بوایە ئازوقەی خێزانەكەیان پێی دەدا لە شارد یان گەنم و شەكر و چاو برنج، ئەگەر ببوایە دوو تا سێ مانگ جارێك پارەیەكی كەمیان دابەش دەكرد بەسەر پێشمەرگەكاندا و پێیان دەگوت یارمەتی شۆڕش.

خواردنی پێشمەرگەی ئازادیخوازی كورد ساوەر و نان و دۆ و ماست یان نان و چایی بوو لە بنكەكاندا، هەفتەی یەك جار گۆشت بوو گیسكێك بۆ (٢٠-٣٠)كەس لێ دەنرا. لە بنكەكاندا كولێرەو چای پێشمەرگە ناوبانگی دەركردبوو ئەوەندە بە تام و خۆش بوو لە دەم میوانەكانی بنكەكاندا.

لەگەڵ ئەو ژیانە سەخت و پڕ لە مەترسیە و نەبوونییە بیروباوەڕی كوردایەتی وا كاری كردبووە سەر خاڵكی كوردستان هەریەكە خۆی بە خاوەنی كورد و كوردستان دەزانی.

لە ساڵانی (١٩٦٢-١٩٦٤)لە ڕێگاوبان ئەگەر یەكێكی نەناسراو ڕووی بكردایەتە ناوچە ئازادكراوەكان بێجگە لە پیاوان ژنانیش لە ڕێگای كانی و ناو ڕێگایان پێی دەگرت داوای پسولەی هاتوچۆی شۆڕشیان لێی دەكرد، لەبەر ئەوەی نەوەكو سیخورو پیاو خراپ بێت و لە ناوچەكەدا سیخوری بۆ حكومەت بكات، هیچ كەسێكی نەناسراو نەیدەتوانی لە گوندەكان بگەڕێت و هاتووچۆ بكات بەبێ پسولەی پارتی و شۆڕش. ئەوەی پسولەی نەبوایە دەیانگرت و دەیان برد بۆ نزیكترین بنكەی پێشمەرگە بۆ لێكۆڵینەو.

دانیشتوانی دێهاتەكانی كوردستان بە جۆرێك باوەشیان گرتبووە بۆ پێشمەرگەی كوردستان جێگای سەرسوڕمان بوو، فەرمان و بڕیارەكانی پارتی و شۆڕشیان جێبەجێ دەكرد بەبێ كەم و كورتی. لەكاتی شەڕدا لەگەڵ سوپای عێراق بەبێ ئاگاداری و پێگوتن دەیان كۆڵە نان و مەشكە دۆ و كونە ئاویان دەگەیاندە بەرەی شەڕەكان و دابەشیان دەكرد بەسەر سەنگەرەكاندا، وە دەیان كەس لە دانیشتوانی گوندەكان بە تفەنگ و فیشەكی خۆیانەوە خۆیان دەگەیاندە ناو سەنگەری پێشمەرگەكان و شان بەشانی پێشمەرگەكان دەجەنگین دژی سوپای عێراق، وە دەیان كەس لەوانەی كە چەكیان نەبوو لە

دواوەی شـــەڕەكان كــوژراو و برینــداریان لـــە مەیــدانی شـــەڕەكەدا دەگواســـتەوە و دەریـــــان دەكـــــردن و دەیانگەیاندنـــــە نەخۆشـــــخانەكانی پێـــــشمەرگە، وە كوژراوەكانیــان دەشــۆردو كفنیــان دەكــردن و لــە گۆڕســتانەكانی خۆیانــدا دەیــان ناشتن.

هــەروەها لــە پــاش ڕێكخــستنێكی ســەرەتایی پــارتی دیمــوكراتی كوردســتان بــە پێویــستیان زانـــی چـــەند یاســـایەكیان دانـــاو بلاویـــان كـــردەوە بـــەناوی (یاســـای پاراستنی شـۆڕش)بـۆ دادگـایی كردنـی ئەوانـەی كـە سـیخوری دەكـەن و دەگیرێـن و ئەوانـــەی كـــە لـــە شـــەڕەدا دەگیرێـــن، یـــان كـــوردن و دەبـــن بـــە جـــاش و چـــەك هەڵـــدەگرن دژی بزووتنـــەوەی ئـــازادیخوازی كـــورد و یارمـــەتی حكومـــەتی عێـــراق دەدەن لەناوچـــە ڕزگاركراوەكانـــدا. هـــەروەها یاســـای كۆمەلایـــەتیان بـــلاو كـــردەوە دەربـــارەی ژن هێنـــان و ژن بـــە ژن و تـــەلاق دان و پیـــاو كوشـــتن و زوڵـــم و زۆری داگیركردنــی زەوی و هــەموو كێـشە كۆمەلایەتیــەكان، وە دانــانی نــرخ بــۆ خــواردن و دانەوێڵـە وەكـو گـەنم و جـۆو نـۆك و نیـسك و بـرنج و ڕۆن و شـەكر و چـایی..هتـد. لـە سنووری ناوچە ئازادكراوەكانی ژێر دەسەلاتی شۆڕشی كورد.

هــەروەها چــەند خولێكیــان كــردەوە بــۆ بــڕین پێــچی و خــولی بێتــەل و دادوەری و خولی كۆماندۆ و ئەفسەری بۆ لێپرسراوانی پێشمەرگە بۆ ناوچە ئازادكراوەكان.

# کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣

[1] حکومەتەکـەی عەبدولکـەریم قاسـم لـە سـەرەتای سـاڵی (١٩٦١ن)یـەوە بـەرەو لاوازی دەچـوو، دای لـە هـەموو پارتـەکانی نـاو عێـراق و پـارتی دیمـوکراتی کوردستانیـشی پێـوە. عەبدولکـەریم قاسـم سـەربازی بـوو، بۆچـوونێکی تـاك ڕەوی و دیکـاتۆری هـەبوو، ڕاوێـژکاری نـەبوو، تـەنها ڕاو بیروبۆچـووکانی خـۆی جێبـەجێ دەکـرد، وتارەکـانی زۆربـەی بڕیارەکـانی ڕاسـتەوخۆ بـوو، پـرس و ڕاوێـژی بـە کـەس نـەدەکرد، سـەر بـە هـیچ پارتیـەکی سیاسـی نـەبوو. پـارتی شـوعی و عێراقـی هـەر لـە سـەرەتای شۆڕشـی ١٤ی تـەمموزی (١٩٥٨ن)پـشتگیری عەبدولکـەریم قاسمیـان دەکرد.

١-لەبـەر ئـەوەی عەبدولکـەریم قاسـم دژی سیاسـەتەکانی ئەمـەریکاو دەوڵـەتانی ڕۆژئاوای سەرمایەدار بوون.

٢-پـارتی شـوعی عێراقـی هـەموو کاتێـك لـە ژێـر فـشاری یـەکێتی سـۆڤیەت (ڕوسـیا)دابـوون بـۆ پـشتگیری کردنـی عەبدولکـەریم قاسـم لەبـەر ئـەوەی قاسـم ڕووی لـە یـەکێتی سـۆڤیەت و دەوڵـەتانی سـەربازگەی سۆسیالـستی ئـەورووپای ڕۆژهەڵات بوو.

٣-پـارتی بەعـسی عـەرەبی و عەرەبـە نەتەوەییـەکان بـە سـەرۆکایەتی عەبدولسەلام عـارف هـەردوو یارمـەتی و پـشتگیری دەکـران لەلایـەن میسرو جـەمال عەبدولناسـرەوە دژی شـوعیەکان و حکومەتەکـەی عەبدولکـەریم قاسـم و هـەوڵی کودەتایان دەدا بۆ لەناوبردنی دەسەڵاتەکەی عەبدولکەریم قاسم.

٤-عەبدولکـەریم قاسـم چـالاکی پـارتی شـوعی عێراقـی قەدەغـەکردبوو، وە پـارتێکی تـری دامەزرانـدبوو بـە سـەرۆکایەتی (داوود صـائغ)بـە نـاوی پـارتی شـوعی عێراقیـەوە، ئەمانـە کۆمـەڵێك بـوون لـە پـارتی شـوعی عێراقـی دابڕابـوون و تـەنها

---

[1] خەباتی چەکداری و ڕامیاری نەتەوایەتی کورد، نەجم سەنگاوی، ١٤٩

نـــاو بـــوون و جـــەماوەریان لەگەڵـــدا نـــەبوو، وە مۆڵـــەتی ئیـــشکردنیان پێـــدرابوو لەلایەن حکومەتەکەی عەبدولکەریم قاسمەوە.

پـارتی شـوعی عێراقـی لـەو سـەردەمەدا بـەهێزترین پـارت بـوون لـە عێراقـدا، زۆربـەی دەســـەلآتی ســـەربازی و شـــوێنە هەســـتیارەکان بـــە دەســـتیانەوە بـــوو، لـــەو سـەردەمەدا زۆر بـە ئاسـانی دەیـانتوانی کودەتـا بکەنـە بەسـەر عەبدولکـەریم قاسـم و دەسەلآت بگرنە دەست ئەگەر فشاری یەکێتی سۆڤیەت لەسەریان نەبوایە.

پـــارتی بەعـــسی عـــەرەبی و عەرەبـــە نەتـــەوەکان هـــەردوو هاوپـــەیمان بـــوون دژی حکومەتەکـــەی عەبدولکـــەریم قاســـم و بیروبـــاوەڕی شـــوعیەت، وە لێیـــان درابـــوو لەلایەن حکومەتەکەی عەبدولکەریم قاسمەوە.

پـــارتی نیـــشتیمانی و پـــارتی ســـەربەخۆ کـــە (کامـــل چادرچـــی)و (موحەمـــەد حەدیـــد)دەیـــان بـــرد بـــەڕێوە هـــەر دوو مۆڵـــەتی کـــاری سیاســـیان نـــەبوو، وە بەربـــەرەکانێش دەکـــران لەلایـــەن دام و دەزگاکـــانی ئاســـایش و هـــەواڵگری حکومەتی عەبدولکەریم قاسمەوە.

لـە مـانگی شـوباتی سـاڵی (١٩٦٣ز)کـە پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان لێـی درابـوو شـەڕی کوردسـتان زۆر توندوتیـژ بـوو، هـەموو سـوپای عێـراق ئـاڵابوون بـە شـەڕی کوردســتانەوە. ئەمانــە هــەموو بــوون بــەهۆی دروســتبوونی بۆشــایی و ڕەخــساندنی هـەل و مـاوە بـۆ پـارتی بەعـسی عـەرەبی و بـە سـەرۆکایەتی ئەحمـەد حەسـەن بـەکر و عەرەبـە نەتەوەییـەکان بـە سـەرۆکایەتی عەبدولـسەلام عـارف کـە هـەردوو لایـان یارمەتی دەدران لەلایەن میسرو سوریا و جەمال عەبدولناسرەوە.

وە ئـەو ئەفـسەرانەی کـە لەگـەڵ عەبدولکـەریم قاسـم دا شۆڕشـی ١٤ی تـەمموزیان بـەرپاکرد و بـرادەر و دڵـسۆزی عەبدولکـەریم قاسـم بـوون وەکـو فـازڵ عـەباس مەهــداوی و وەســفی تــایر و ماجــد ئــەمین و ڕەئــیس مــستەفا و ئەحمــەد ســاڵح عەبـــدی.هتـــد... و ئەمانـــە هـــیچ دەســـەلآتێکیان نـــەبوو لـــە حوکمڕانیـــدا و عەبدولکـــەریم قاســـم پـــرس و ڕاوێـــژی پێیـــان نـــەدەکرد و گـــوێی لـــە قـــسەیان نەدەگرت.

وە ئـەو ئەفـسەرانەی كـە پاراسـتنی بەغـدایان پـێ سـپاردبوو زۆربـەیان گواسـتبووە بـۆ كوردسـتان و شـەڕی كـوردی پـێ دەكـردن. وە ئەوانـەی كـە مابوونـەوە لـەناو بەغداو بـاوەڕی پێیـان دەكـرد تـەنها ئـەو لەشكرەبوو كـە لـەناو وەزارەتـی بەرگریـدا بـوون بـۆ پاراسـتنی خـۆی و نیـوەی زیاتریـان كـورد بـوون.ئەمانـە هـەموو بـوون بـەهۆی ڕەخـساندنی هـەل و مـاوە بـۆ پـارتی بەعـسی عـەرەبی و عەرەبـە نەتەوەییەكان.

لـە شـەوی (٧-١٩٦٣/٢/٨)كەتیبـەی دەبابـەكانی ڕەشـید لـەناو (سـەربازگەی ڕەشـیددا)لـە بەغـدا ئامـادەكران و لـە بـەیانی كاتـژمێر٧ لـە ڕۆژی ٨ی شـوباتی (١٩٦٣)كەوتنـە ڕێ لـە سـەربازگەی ڕەشـیدەوە بـەرەو وەزارەتـی بـەرگری لـە بەغدا لە (باب موعەزەم) لە چوار قۆڵەوە:

١-لـە شـەقامی ڕەشـیدەوە ٢-لـە شـەقامی جمورییـەوە ٣-لـە شـەقامی كیفاحـەوە ٤-لە شەقامی شێخ عومەرەوە.

هـەموو دەبابـەكان وێنـەی گـەورەی عەبدولكـەریم قاسـم یـان پیـادا هەڵواسـرابوو لەگـەڵ ئـالآی عێـراق، دانیـشتوانی شـاری بەغـدا هـەموو وایـان دەزانـی مەشـق و نمایـشە و پێـشاندانی سـەربازی عێراقـە هـەتا چـوار دەوری وەزارەتـی بـەرگریان گـرت و لـە كاتـژمێر ٩ی بـەیانی بـەدواوە ئاشـكرا بـوو كـە ئەمـە كودەتایـە. عەبدولكـەریم قاسـم لـەناو وەزارەتـی بـەرگری نـەبوو و ئاگـادار كرایـەوە كـە چـوار دەوری وەزارەتی بەرگری گیراوە و كودەتایان كردوەتە سەری.

عەبدولكـەریم قاسـم ماڵەكـەی لـە بەغـدا بـوو لـە شـەقامی (النیـزال)بـوو لـە نزیـك كۆشـكی سـپی، لـە كاتـژمێری ١٠ی بـەیانی هـەمان ڕۆژ كـە ئاگـادار كرایـەوە بەشـێوەیەكی ئاشـكرا لـە شـەقامی (الجمهوریـە)وە كەوتـە ڕێ بـەرەو وەزارەتـی بـەرگری، جـەماوەری پـارتی شـوعی عێـراق پێـشیان لێـی گـرت و داوای چـەكیان لێی كرد بۆ بەرگری كردن دژی كودەتاكەران.

عەبدولكـەریم قاسـم لـە شـەقامی (الجمهوریـە)لـەناو خەڵكەكـەدا ڕاوەسـتاو و پێیـانی گـوت هـەر ئێـستا خـۆم دەڕۆم و لـەناویان دەدەم و كۆتاییـان پـێ دێـنم، بـەخۆی و

ئۆتۆمبێلەکەیەوە خۆی کردە ناو وەزارەتی بەرگری و سەرکردایەتی شەڕەکەی کرد دژی ئەو دەبابانەی کە دەوری وەزارەتی بەرگریان گرتبوو.
سربێك فرۆکەی جەنگی لە بنکەی (حبانیە)وە لە کودەتاکەدا بەشداریان کردبوو هەستان و لە ئاسمانەوە وەزارەتی بەرگریان بۆردوومان دەکرد.
شەڕ درێژەی کێشا لە نێوان ئەو لەشکرەی عەبدولکەریم قاسم کە لەناو وەزارەتی بەرگریدا بوون، وە کودەتاکەران کە لەناو دەبابەدا بوون و دەوری وەزارەتی بەرگریان دابوو، لە کاتژمێری نوێ بەیانیەوە شەڕ دەستی پێی کرد هەتا کاتژمێری دوانزەی شەو کۆتایی پێهات و عەبدولکەریم قاسمیان دەستگیر کرد و بردیان بۆ ئێزگەی ڕادیۆی بەغدا لە گەڕەکی (الصالحیە)و لەوێ بە فەرمانی عەبدولسەلام عارف گوللە بارانیان کرد و کوژرا. لە دوای کاتژمێری دوانزەی هەمان شەو لە تەلەفزیۆنی بەغداوە لاشەی عەبدولکەریم قاسمیان بە کوژراوی پێشانداو سوکایەتیان پێی دەکرد.
لە ڕۆژی (١٩٦٣/٢/١٠ز)حکومەتێکی نوێیان دامەزراند لە حیزبی بەعسی عەرەبی و عەرەبە نەتەوەییەکان، عەبدولسەلام عارف بوو بە سەرۆك کۆماری عێراق، وە ئەحمەد حەسەن بەکر بوو بە سەرۆك وەزیران و وەزارەتێکی نوێیان پێکهێنا و ئاشکرای کرد.
لە ڕۆژی ٥ی ئازاری ساڵی (١٩٦٣ز)حکومەتی عێراق کۆمەڵێکیان پێکهێنا بە ناوی نوێنەرانی حکومەتی عێراقەوە و ناردنیانن بۆ کوردستان بۆ وتوێژکردن لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕش و پارتی دیموکراتی کوردستان.
نوێنەرەکانی حکومەت پێکهاتبوون لە:
١-تاهیر یەحیا-سەرۆکی ئەرکانی سوپای عێراق.
٢-فوئاد عارف-پیاوێکی نیشتیمانی کوردبوو. وەزیری دەوڵەت بوو.
٣-حەیدەر سلێمان سەفیر-ئەویش هەر پیاوێکی نیشتیمانی کورد بوو لە بەغدا.
بە فڕۆکە گەیشتنە کوردستان و کۆبونەوەی لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕشی کورد و مستەفا بارزانی، نوێنەرانی کورد ئەم خاڵانەیان خستە پێش چاوی

نوێنەرانی عێراق و پێیان ڕاگەیاندن کە بیبەنەوە بۆ بەرپرسانی حکومەت لە بەغدا و بە زووترین کات وەلامیان بدەنەوە.

١-ددانندان بە مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان، وە وێنەیەك لەو ددانانەو وێنەیەك لە دەستووری کاتی و دەستووری هەمیشەیی عێراق و مافی کوردی تیادا دیاری کرابێت، بدرێت بە نەتەوە یەکگرتووەکان، وە لە ئێزگەو ڕۆژنامەکانی عێراق بلاو بکرێتەوە.

٢-ددانندان بە سنووری کوردستان لە باکوورەوە تورکیا، لە ڕۆژهەلاتەوە ئێران و لە ڕۆژئاوا سوریا و لە باشوورەوە زنجیرە شاخەکانی حەمرین.

٣-دەبێ زمانی کوردی زمانی فەرمی بێت لە کوردستان، وە خوێندن و نووسین بە زمانی کورد بێت، بەلام ئەو ناوچانەی کە کورد نین و دەکەونە ناو سنووری کوردستانەوە بەزمانی تایبەتی خۆیان دەخوێنن لەگەڵ زمانی کوردیدا.

**٤-حوکم و دەسەلاتی ئۆتۆنۆمی:**

أ-حوکمڕانی بەشێوەیەکی پەرلەمانی دیموکراتی دەبێت و پێك دێت لە جێگری سەرۆك کۆمارو ئەنجومەنی وەزیران و ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان، بەلام وەزارەتەکانی دەرەوەو بەرگری و دارایی سەر بە حکومەتی ناوەندی دەبن، وە وەزیری دەوڵەت بۆ ئەم سێ وەزارەتەی کە ناومان بردن دابنرێت بۆ حکومەتی ئۆتۆنۆمی (کوردستان، ن.س).

ب-بەشداریکردنی کورد لە وەزارەتەکانی ناوەندی کۆماری عێراق بەپێی سەرژمێری کورد بۆ دانیشتوانی عێراق. وە ئەنجومەنی نیشتیمانی عێراق هەڵدەبژدرێت بەپێی سەرژمێری کورد بۆ سەرژمێری عێراق کورد بەشداری تیادا دەکات.

**٥-سوپای چەکداری:**

أ-سوپای چەکداری دابمەزرێت بەپێی ئەو خالانەی کە دیاری کراون لەسەرەوە، سوپایەکی سەربازی کە بگونجێت لەگەڵ سەرژمێری کورد بۆ سەرژمێری عێراق، و لێپرسراوەکانی لە ئەفسەر و جێگری ئەفسەر هەموو لە ڕۆڵەکانی کوردستان بن.

ب-سوپای کوردستان دەبێ پێك بێت لە هەموو شێوەکانی سەربازی وەکو هێزەکانی ئاسمانی و پیادە و نەبڕ (مدرع)و هەوالگری ئەندازیاری و تۆپی بەرگری ئاسمانی و زەوی...هتد.

٦-کردنەوەو دامەزراندنی دام و دەزگا سەربازییەکان (بۆ کوردستان، ن.س)هەروەکو ئەوانەی کە لە حکومەتی ناوەندیدا هەیە.

٧-بوجەی گشتی:

پێك دێت لە دەستکەوتەکانی باجی مکوس و وێنەکانی دادگاکان بەپێی دادوەری، و بەشەکانی نەوت کەمتر نەبێت لە دوو لەسەر سێی دەستکەوتەکانی کوردستان.

٨-مانەوەی پێشمەرگەی کوردستان و دیاریکردنی موچەو خۆراك و جل و بەرگ بۆیان هەتا میلاکە سەربازییەکانی کوردستان تەواو دەبێت.

٩-دامەزراندنی حکومەتێکی ئۆتۆنۆمی (بۆ کوردستان، ن.س).بۆ ئەم داواکارییانە.

نوێنەرانی حکومەت داواکاریەکانیان وەرگرت و گەڕانەوە بۆ بەغداو و گەیاندیانە دەستی کار بەدەستانی حکومەت. لە پاش خوێندنەوەی داواکارییەکانی کورد دەستبەجێ حکومەتی عێراق نوێنەرێکی مللی پێك هێنا لە رۆژی ٧ی ئازاری (١٩٦٣ن)و ناردنی بۆ کوردستان و گەیشتنە (چوارقورنە)و لەگەڵ سەرکردایەتی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد و پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی کۆبوونەوە. نوێنەرەکانی عێراق پێکهاتبوون لەم ناوانەی خوارەوە:

١-موحەمەد شەبیب-سەرۆکی پارتی (الجبهه الشعبيه) ٢-پارێزەر فایەق ئەلسامەڕایی-جێگری پارتی (الاستقلال) ٣-پارێزەر حوسێن جەمیل-ئەندامی سەرکردایەتی (پارتی نیشتیمان) ٤-پارێزەر حەبیب حەیزەران-ئەندامی سەرکردایەتی (پارتی بەعسی عەرەبی) ٥-دکتۆر عەبدول عەزیز ئەلدوری-عەمیدی زانکۆی بەغدا ٦-زەید ئەحمەد-پیاوێکی نیشتیمان پەروەری کورد بوو لە بەغدا.

لە پاش کۆبوونەوە و لێکۆڵینەوە، سەرکردایەتی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد و پارتی دیموکراتی کوردستان ئەم داواکارییانەی خوارەوەیان سپارد بە نوێنەرانی مللی عێراق بۆ حکومەتی عێراق:

١-دداننان بە مافی نەتەوایەتی گەلی کورد بۆ ئیدارەیەکی ئۆتۆنۆمی (بۆ کوردستان، ن.س).

٢-بلاوکردنەوەی لێبوردنی گشتی بە زووترین کات بۆ ئەوانەی کە بەشداریان کردوە لە بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورددا، وە بەردانی ئەوانەی کە گیراون (وان لە بەندیخانەکانی حکومەتدا، ن.س)بەهۆی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردەوە.

٣-پاککردنەوەی دەزگاکانی حکومەت لەو کەسانەی کە لەکاتی فەرمانەکانیاندا لە ناوچەکانی کوردستان خراپەکارییان کردوە.

٤-هەلگرتنی دەست بەسەرگرتن (حجز)لەسەر مالّ و سامانی ئەو کەسانەی کە بەهۆی بەشداری کردنیانەوە لە بزووتنەوەی کورد دەستیان بەسەردا گیراوە.

٥-هەلگرتنی ئابلوقەی ئابووری لەسەر کوردستان بە زووترین کات.

٦-بۆ ئەوەی کە بەلگە بێت بۆ بڕوا پێکردنی نێوانمان و ڕاستگۆیی، هێزەکانی سەربازی لە کوردستان بکشێنەوە بۆ شوێنەکانی پێشووی خۆیان بۆ ئەوەی گۆڕینەوەی بڕواو متمانە هەبێت لە نێوانماندا بۆ پێکهاتن.

لە ڕۆژی ١٠ی ئازاری (١٩٦٣ز)حکومەت بەناوی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشەوە یاسایەکیان بلاو کردەوە بەناوی یاسای لێبوردنی گشتی بۆ ئەو کەسانەی کە بەشدارییان کردوە لە بزووتنەوەی کورددا لە ٩ی ئەیلولی (١٩٦١ز)تاوەکو ١٠ی ئازاری (١٩٦٣ز).

وە لە ڕۆژی ٩ی ئازاری (١٩٦٣ز)حکومەتی عێراق بەیاننامەیەکیان بلاوکردەوە و تیادا ددانیان نا بە مافی نەتەوایەتی گەلی کورد و حوکمێکی لامەرکەزی بۆ کوردستان، ئەمەش دەقی بەیاننامەکەیە:

# بەیاننامەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکانی هاونیشتیمانییە کوردەکان

[1] عەرەب و کورد برایەتی و ژیان و خاک و بیروباوەڕ و بەرژەوەندی بە یەکەوەی بەستوون، وە هیچ شتێك ئەم برایەتیە لێك ناکات تەنها ئیمپریالیزم نەبێت.

شۆڕشی ١٤ی تەمموز لە پێناوی ڕزگارکردنی گەل هاتە کایەوە هەروەکو برایەتی کورد و عەرەبی دەرخست لە دەستووری کاتیدا، بەلاّم لە ڕێگا لادان و لەخۆبایی بوونی عەبدولکەریم قاسم هەروەکو کوردی گرتەوە، عەرەبیشی گرتەوە، ناکۆکی خستە نێوان لە جێگای برایەتی و یەك دلّی، سام و لەیەك ترسان لە جێگای باوەڕو متمانەکردن بەیەك، مالّ وێرانی خستە نیشتیمانەوە. ١

شۆڕشی ١٤ی ڕەمەزان (٨ی شوبات ١٩٦٣ز، ن.س)ی بەرپابوو بۆ لابردنی لە ڕێگا دەرچووان و دەرخستنی یەکسانی و ئازادی، وە یارمەتی و هاریکاری نێوان عەرەب و کورد و کەمە نەتەوایەتیەکانی تر بۆ جێبەجێکردنی یەکێتی عێراق.

ئێمە بە پێویستی دەزانین وە یەکێکە لە ئامانجەکانی ئەم شۆڕشە، دام و دەزگاکانی هاوچەرخ بە باشترین شێوە بۆ بەڕێوەبردنی ئیدارەیەکی حوکمڕانی.

لەبەر ئەوەی شێوەی لامەرکەزی شێوەیەکە کە زۆر کەڵکی لێ وەرگیراوە و جێبەجێکراوە لە جیهاندا، وە بە باشترین شێوەی ڕژێم دانراوە لە ئامانجەکانی شۆڕشدا و لە بەیاننامەی ژمارە (١)ی شۆڕش بلاّو کرایەوە بۆ پتەوکردنی برایەتی عەرەب و کورد، وە پاراستنی بەرژەوەندی نەتەوایەتیان، وە بەهێزبوونی خەباتی هاوبەشیان دژی ئیمپریالیزم، وە ڕێزگرتنی مافی

---

[1] خەباتی چەکداری و رامیاری نەتەوایەتی کورد، نەجم سەنگای، ل١٥٤ لە رۆژنامەی الجمهوریەوە، وەرگیراوە، لە رۆژی (١٩٦٣/٣/١٠)ن بەغدا.

کەمایەتییەکانی تر بۆ ئەوەی توانایان هەبێت بۆ بەشداریکردن لە ژیانی نیشتیمانیدا.

بۆیە ئەنجومەنی نیشتیمانی سەرکردایەتی شۆڕش ددانی نا بە مافی نەتەوایەتی بۆ گەلی کورد لەسەر بنچینەی لامەرکەزی، ئەم دانانە بڕوایەکە و دەچێتە دەستووری کاتی و هەمیشەییەوە. لیژنەیەکی پسپۆڕ و زانا دادەمەزرێت بۆ دانانی نەخشەیەکی فراوان بۆ لامەرکەزییەت.

ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش–عێراق
١٩٦٣/٣/٩ز



جەلال تاڵەبانی سەرۆکی نوێنەرانی شۆڕشی ئازادی خوازی ئەیلول بۆ ووتوێژکردن، دەڕوانێتە ئەو خاڵانەی کە مستەفا بارزانی و سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان پێیان سپاردووە لە کۆنگرەی کۆیە (کویسنجاق)بۆ ووتوێژکردن لەگەڵ حکومەتی عێراق ساڵی (١٩٦٣)



کۆنگرەی کویسنجاق لە (١٧-١٩ای ئازاری ٩٦٣)

# کۆنگرەی کۆیسینجاق لە ١٧-١٩ای ئازاری ١٩٦٣ز

[1] بزووتنـــەوەی ئـــازادیخوازی کـــورد و پـــارتی دیمـــوکراتی کوردســـتان بـــە ســـەرۆکایەتی مـــستەفا بـــارزانی لـــە رۆژی ١٧ بـــۆ ١٩ی ئـــازاری (١٩٦٣ز)لـــە کۆیـــسنجاق کۆنگرەیـــەکیان بەســـت بـــۆ مەبەســـتی لێکۆڵینـــەوەی بەیاننامەکـــەی حکومـــەتی عێـــراق و نەخـــشەدانان بـــۆ وتوێـــژکردن لەگـــەڵ حکومـــەتی نـــوێی عێـــراق و دیـــاریکردنی داواکاریـــەکانی گـــەلی کـــورد، وە دیـــاریکردنی کۆمـــەڵێك بـــۆ نوێنەرایـــەتی بزووتنـــەوەی ئـــازادیخوازی کـــورد و پـــارتی دیمـــوکراتی کوردســـتان بـــۆ گفتوگـــۆکردن لەگـــەڵ حکومـــەتی عێـــراق، بـــۆ ئـــەو مەبەســـتە ئـــەم ناوانـــەی خـــوارەوە دیـــاری کـــران و ناردنیان بۆ بەغدا بۆ وتوێژکردن:

١-جەلال تاڵەبانی-سەرۆکی نوێنەران.

---

[1] خەباتی چەکداری و رامیاری نەتەوایەتی کورد، نەجم سەنگاوی ل١٦٢

٢-مستەفا عەزیز-ئەندام.

٣-مەسعود موحەمەد- ئەندام

٤-ڕەشید عارف- ئەندام

٥-موحەمەد سەعید خەفان- ئەندام

٦-ساڵح یوسفی-ئەندام

٧-حەبیب موحەمەد کەریم- ئەندام

٨-عەقیل سدیق- ئەندام

٩-شاخەوان نامق ئەحمەد- ئەندام

١٠-عەبدولسەمەد موحەمەد-ئەندام

١١-ڕەئوف ئەحمەد- ئەندام

١٢-عەبدولحوسێن فەیلی- ئەندام

١٣-هاشم حەسەن عەقراوی- ئەندام

لە رۆژی (١٩٦٣/٣/٢٢ن)نوێنەرانی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد گەیشتنە بەغدا و شوێنی حەوانەوەیان بۆ دانرا لە (هوتێل بەغدا)لە ١١ی ئەیلولی (١٩٦١ن)هەتا ٢٢ی ئازاری (١٩٦٣ن)یەکەم جاربوو نوێنەرانی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد بەشێوەیەکی فەرمی دابنیشن لەگەڵ نوێنەرانی عێراق بۆ وتوێژکردن بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوایەتی کورد، هەواڵی گەیشتنی نوێنەرانی کورد بۆ بەغدا هەموو ئێزگەکان و رۆژنامەکانی جیهان بڵاویان کردەوە.

وە ئاهەنگی نەورۆز لە کۆتایی هەمان مانگدا بەشێوەیەکی ئاشکرا لە بەغدا لە هۆڵی (خولد)پارتی دیموکراتی کوردستان پێی هەستا و جەلال تاڵەبانی سەرۆکی نوێنەرانی کورد بۆ وتوێژکردن وتارێکی خوێندەوە و باسی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد و ئەو قوناخانەی کە بریویەتی و چۆنیەتی وتوێژکردن لەگەڵ حکومەتی عێراق و داواکانی سەرکردایەتی کوردی کرد.

وتوێژ درێژەی کێشا لەگەڵ حکومەتی عێراق بەبێ ئەنجام، هەردوو لا باش دەیانزانی کە بەیەك ناگەن و پێکهاتن دووره لێیانەوە. حکومەتی عێراق هەوڵی

درێــژەدانی وتوێژەکــەی دەدا هــەتا وتوێــژی ســێ قــۆڵی عێــراق و میــسر و ســوریا سەر دەگرێت بۆ یەکێتی عەرەبی سێ قۆڵی و خۆی بەهێز دەکات و گیروگرفتی ناوخۆیان نایەڵن.

سـەرکردایەتی بزووتنــەوەی ئـازادیخوازی کــوردیش بـاش دەیـانزانی کـە پێـك نایـەن و ئـەوەی ئـەوان دەیانویـست ئـەم حکومەتـە بـۆی جێبـەجێ ناکرێـت و ناگـەن بـە ئەنجام.

بـەلام ئــەوانیش هــەولی ئـەوەیان دەدا کـە درێــژە بـە ماوەکـە بـدەن بـۆ ئـەوەی جوتیــارانی کوردســتان بتــوانن بەرهەمــەکانی کــشتوکاڵەکانیان کــۆ بکەنــەوە و تاوێـك پـشوو بـدەن، چـونکە دوو سـاڵ بـوو لەبـەر شـەڕو بۆردوومـانی دێهاتــەکان و ســوتانی کــشتوکاڵی جوتیــاران، دانیــشتوانی گونــدەکانی کوردســتان مانــدوو بــوون و تــەنگاویان پێــوە دیــاربوو بــەهۆی ســوتانی بەرهەمــە کــشتوکاڵەکانیانەوە، وە زۆربــەی ئــەرکی بزووتنــەوەی ئــازادیخوازی کــورد لەســەر شــانی جوتیــارانی کوردستان بوو.

# چاوپێکەوتنی سەرۆکی نوێنەرانی کورد
# بە جەمال عەبدولناسر لە قاهیرە

[١] لە مانگی نیسانی سالّی (١٩٦٣ز)سەرۆك و نوێنەرانی عێراق و میسر و سوریا لە قاهیرەی پایتەختی میسر کۆبوونەوە بۆ بەستنی یەکێتی سێ قۆلّی عەرەبی لە نێوان هەرسێ دەولّەتدا.

جەلال تالّەبانیش سەرۆکی نوێنەرانی کورد لەگەلّیاندا گەیشتە قاهیرە و چاوی کەوتبوو بە سەرۆکی میسر (جەمال عەبدولناسر) و باسی کێشەی کوردی بۆی کردبوو بۆ داواکردنی ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی کۆماری عێراق، وە باسی ئەو جۆرە ئۆتۆنۆمیەی کرد کە کورد داوای دەکەن و چۆنەو چییە.

[٢] جەمال عەبدولناسر بە جەلال تالّەبانی گوتبوو ئێوە دەڕۆن بۆ جەزائیر، کە گەڕانەوە بۆ قاهیرە وەلأمەکەت دەدەمەوە.

جەلال تالّەبانی لەگەلّ نوێنەرانی عێراق رۆیشتبوو بۆ جەزائیر و لەگەلّ سەرۆکی جەزائیر (ئەحمەد بن بەلە)و نوێنەرانی عێراق کۆ دەبنەوە و یەکێك لە نوێنەرانی عێراق بە ئەحمەد بن بەلە دەلّێت: ئەمە جەلال تالّەبانیە و سەرۆکی نوێنەرانی کوردە و داوای ماف ئۆتۆنۆمی دەکەن لە عێراق بۆ کورد.

ئەحمەد بەلەش دەلّێت: هەتا زووە پێیان مۆر بکەن و ئۆتۆنۆمیان بدەنێ هەتا پەشیمان نەبوونەتەوە. نوێنەرەکەی عێراقیش دەلّێت بۆچی؟ ئەحمەد بن بەلەش دەلّێت: ئێمە داوای ئۆتۆنۆمیمان کرد لە فەرەنسا نەیانداپێمان، ئێمەش شۆڕشمان بەرپا کرد و جیابووینەوە و دەولّەتمان دامەزراند.

نوێنەرانی عێراق و جەلال تالّەبانی کە گەڕانەوە بۆ قاهیرە، جەلال تالّەبانی دیسانەوە چاوی کەوتبوو بە جەمال عەبدولناسر و دانیشتنی کردبوو لەگەلّیدا

---

[١] خەباتی چەکداری و رامیاری نەتەوایەتی کورد، نەجم سەنگاوی، ل١٦٣

[٢] بەشێك لە بیرەوەریەکانی مام جەلال، وەرگێرانی سۆران عەلی، ل٨٠

جەمال عەبدولناسر پێی گوتبوو بڕۆنەوە بۆ عێراق و پێك بێن لەگەڵ حکومەتی عێراق لەسەر مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد و بێهێنن بۆ ئێمە لە قاهیرە بڵاوی دەکەینەوە.

جەلال تاڵەبانی باسی هەڵوێست و بیروبۆچوونی کورد دەکات بۆ جەمال عەبدولناسر دەربارەی ئەو یەکێتییە سێ قۆڵییەی کە بەنیازن لە نێوان میسرو عێراق و سوریا بیبەستن.

وە باسی برایەتی عەرەب و کورد و پێکەوە ژیانی دوورو درێژیان دەکات، وە چاودێری کردنی مافی نەتەوایەتی بۆ گەلی کورد لە عێراق.

وەڵامی جەمال عەبدولناسر ئەوەبوو بەشێوەیەکی فەرمی لە ئێزگەی قاهیرە لە رۆژی (٢٥/٤/١٩٦٣ن)بڵاوکرایەوە و دەڵێت: کێشەی کورد دەبێ چارەسەر بکرێت بەشێوەیەکی ئاشتیانە بە رێگای وتوێژو دیالۆگی راستەوخۆ لە نێوان حکومەتی عێراق و سەرکردایەتی بزووتنەوەی کوردا.

# یاددنامەی سەرۆکی نوێنەرانی کورد بۆ نوێنەرانی عێراق لە وتوێژکردنی قاهیرە

[1] لــە رۆژی ٨ی نیسانی (١٩٦٣ز)ســەرۆکی نوێنــەرانی کــورد جــەلال تالّــەبانی بــەناوی لیژنــەی نەتەوایــەتی کــوردەوە یادنامەیــەکیان دا بــە نوێنــەرانی عێــراق لــە قــاهیرە دەربــارەی چــۆنیەتی وتوێــژکردنی ســێ قــۆڵی نێــوان عێــراق و میــسر و ســوریا، وە جــۆری بەیــەك گەیــشتنی عــەرەب و پێکهاتنەکــەیان، وە جــۆری سروشــتی یــەکێتی سیاســی کــە هــەر ســێ وڵات کــۆ دەکاتــەوە، ئەمــەش دەقــی یادنامەکەی سەرۆکی نوێنەرانی کوردە بۆ نوێنەرانی عێراق:

بــۆ بــەرێزان ســەرۆك و ئەنــدامانی نوێنــەرانی عێــراق لــە وتوێــژکردنی قــاهیرە. بەبۆنــەی ئامادەبوونتــان لــە کۆبوونــەوەکانی قــاهیرە کــە لــە نێــوان نوێنــەرانی کۆمــاری عێــراق و کۆمــاری ســوریا و کۆمــاری عــەرەبی یــەکگرتوو (میــسر)بەســتراوە، سروشــتی و جــۆری گفتوگــۆکردنی نێوانتــان کــە لــە هــەمان کاتــدا ئەنجامەکــەی بەشــێوەیەکی گــشتی گــەلی عێــراق دەگرێتــەوە. لەبــەر ئــەوەی کێــشەو تــەنگ و چــەڵەمەکانی گــەلی کــوردیش لەگــەڵ بــرای عەرەبیــدا بــە بــارودۆخێکی تایبــەت و جیــاوازەوە بەســتراوە، ئێمــەی ئەنــدامانی نوێنــەرانی کــورد بــۆ گفتوگــۆ و وتوێــژکردن لەگــەڵ حکومــەتی عێــراق لەســەر توانــای گــەلی کــورد بــۆ بــەڕێوەبردنی مــاف نەتەوایــەتی خــۆی لەســەر بنــچینەی (لامەرکــەزی) کــە پێیــان ســپێردراوە، چــاوەڕوانین کــە بــەرێزان نوێنــەرانی حکومــەتی عێــراق لــە کــاتی گفتوگۆکردنیانــدا بڕواننــە ڕاوبۆچــوون و هەڵوێــستی گــەلی کــوردیش بــۆ شــێوەی پێکهاتنەکــەیان لــە نێــوان دەوڵــەتیك یــان دەوڵــەتانی عەرەبیــدا، بــۆ ئــەوەی ئــەو پێکهــاتن و بڕیارانــەی کە بڕیاریــان لەســەر دەدرێــت بگونجێــت لەگــەڵ سروشــتی گــەلی کــورد لــە عێــراق بــۆ

[1] خەباتی چەکداری و رامیاری نەتەوایەتی کورد، نەجم سەنگاوی، ل١٦٥، وەرگێراوە لە کتێبەکەی، الحرکە التحرریە الکردیە، جەلال تالەبانی

ئــەوەی نــاڕەزایی و بەرهەڵــستی تیــادا نــەبێت لەگــەڵ مــافی نەتەوایــەتی کــورد.
پێشنیازەکانمان دەربارەی ئەم کۆبوونەوانە ئەمانەیە:

**یەکــەم:** لەســەرەتای گفتوگۆکــانی قــاهیرە وەکــو پێویــستیەکی سروشــتی گــەلی کــورد بەشــداری بکــات و نوێنــەری هــەبێت لەگەڵتانــدا لــە ڕوویــەك لــە ڕووەکــان، لەبــەر ئــەوەی لەوانەیــە بڕیــاری وای تیــادا بــدرێت دەربــارەی جــۆری ڕێکخــستنی نێــوان هەرســێ کۆمــار مــافی گــەلی کــوردی تیــادا پێــشێل بکرێــت لــەناو کۆمــاری عێراقدا.

لــەم یادنامەیــدا ڕای ئێمــەتان بــۆ دەردەکــەوێت دەربــارەی باســی (لامەرکــەزی)لەبــەر ئــەوەی دەگوترێــت نوێنــەرانی کۆمــاری عێــراق نوێنەرایــەتی هــەموو گــەلی عێــراق دەکات لەلایەن دەستوور و یاساوە.

بــەلأم لەگــەڵ ڕێزمانــدا بــۆ ئــەو مەبەســتە ئێمــە دەبیــنین گیروگرفــت هەیــە. شــێوەی گفتوگۆکــانی قــاهیرەش لەلایــەکی تــرەوە پێویــستە نوێنــەرانی عێــراق دابنرێــت بــەپێی ناوەڕۆکێــك کــە دوونەتــەوەی گــەورە دەگرێتــەوە (لــە عێــراق، ن.س)کــە ئــەوانیش عــەرەب و کــوردە، بــۆ ئــەوەی ئــەو بڕیارانــەی کــە بڕیاریــان لەســەر دەدرێــت لەگــەڵ واقــع و سروشــتی عیراقــدا زیــاتر بگونجێــت. بەشــداری نــەکردنی نوێنــەرێك بــە نــاوی کــوردەوە بــووە بــەهۆی ئــەوەی کــە ئــەم ڕوونکردنــەوە و یادنامەیە بخەینە ڕوو.

**دووەم:** گــەلی کــورد هــیچ کاتێــك و ڕۆژێــك بــەرەو ڕووی ویستەکانی گــەلی عــەرەب نەوەســتاوە و ناوەســتێت و بەربــەرەکانی ناکــات بــۆ ئــەوەی کــە گــەلی عــەرەب لــە یــەك جیــا بکاتــەوە و ببێتــە هــۆی دابــڕینی پەیوەنــدی نێــوان بەشــەکانی و حکومەتەکانی.

گــەلی کــورد بــە بەشــداربوونی شــانازی دەکــات بــۆ ئاســانکردنی جــۆری پەیوەندییــەکان کــە پێویــستە هــەبێت لــە نێــوان هــەموو بەشــەکانی نیــشتیمانی عــەرەبی بەگــشتی، وە ولأتــانی ئــازادیخواز بــە تایبــەتی، جــۆری پەیوەندیــەکانیان هەر جۆرێك بێت.

سێیەم: بۆ نەهێشتنی هەموو گیروگرفتێک لە داهاتوودا، وە لابردنی هەموو کۆسپێك لە ڕێگای ئەو بڕیارانەی کە دەدرێت لە کۆبوونەوەکانی قاهیرەدا کە دەربارەی دەدوێن و گفتوگۆی لەسەر دەکەن لە نێوانتاندا بۆ ماف گەلی کورد لە عێراق.

بە کورتی ڕای هەڵقوڵاوی خۆمان دەربارەی سروشتی بوون و شوێن و جێگای گەلی کورد دەردەبڕین. لە جۆری ڕێکخستن و پەیوەندی لە نێوان گەلی عەرەبیدا لە هەموو جۆرو کاتێکدا.

أ-ئەگەر هات و عێراق وەکو خۆی مایەوە لە جۆری حوکمڕانیدا بەبێ گۆڕانکاری، ماف گەلی کورد لە عێراق لەسەر جێبەجێکردنی بەیاننامەکەی کۆماری عێراق دەبێت کە بڵاوکرایەوە دەربارەی ماف گەلی کورد لەسەر بنچینەی (لامەرکەزی).

ب-ئەگەر عێراق بەسترا بە فیدرالییەوە (لەگەڵ دەوڵەتێك یان چەند دەوڵەتێکی عەرەبییەوە، ن.س)پێویستە گەلی کورد ئۆتۆنۆمی پێ بدرێت لە عێراق بەشێوەیەکی ناسراو، بەبێ پێچ و پەنا و کورت کردنەوەی.

ج-ئەگەر عێراق بە تەواوی تێکەڵاو بوو لە یەکێتی عەرەبی تەواودا لەگەڵ دەوڵەتێك یان چەند دەوڵەتێکی عەرەبیدا، دەبێ گەلی کورد لە عێراق بەشێوازی (ئەقلیم)ببەسترێت بەو دەوڵەتی یەکگرتووەوە بەشێوەیەك کە بوونی (گەلی کورد، ن.س)بپارێزێت لەگەڵ پاراستن و مانەوەی، لە هەمان کاتدا داوای هیچ شێوە جیابوونەوەیەك ناکات، وە پەرە بدرێت بە پەیوەندی برایەتی و دۆستایەتی لە نێوان دوو گەلی برا بەرەو دوا ڕۆژێکی باشتر.

ڕێزمان وەربگرن

لە باتی نوێنەرانی وتوێژی کورد

سەرۆکی نوێنەران

جەلال تاڵەبانی

١٩٦٣/٤/٨ز

# پڕۆژەی ڕاستەوەکراوی کورد

[1] لە پاش گەڕانەوەی نوێنەرانی عێراق لە قاهیرە لە ڕۆژی ١٧ی نیسانی (١٩٦٣ز)بە هەفتەیەك نوێنەرانی کورد لە بەغدا بۆ وتوێژکردن لەگەڵ حکومەتی عێراق پرۆژەیەکی تریان دابە حکومەتی عێراق بەناوی (پرۆژەی ڕاستەوەکراوی کورد) دەربارەی مافی نەتەوایەتی بۆ گەلی کورد لە عێراق، ئەمەش دەقی ئەو پرۆژەیە:

بۆ بەڕێز سەرۆك کۆماری عێراق، موشیر عەبدولسەلام عارف بەڕێز سەرۆك وەزیرانی عێراق لیوا ئەحمەد حەسەن بەکر بەڕێزان ئەندامانی سەرکردایەتی شۆڕش.

ڕێزو سڵاومان وەربگرن.

ئەوەی کە دڵسۆزە بۆ برایەتی عەرەب و کورد، وە مەبەستی بەهێزکردن و پێکەوە بەستنی هەردوو گەلی عەرەب و کوردە هەروەکو بە یەکەوە بەستراون لەو ڕۆژەوە کە ئایینی ئیسلام هاتوەتە کایەوە، وە بۆ ئەوەی کە هەست بکرێت بە باشترین شێوەی هەستی برایەتیان، وە ژیانی نێوانیان لەسەر بنچینەیەکی ڕاستی.

وە مێژوو فێری کردووین کە باشترین و بەجێترین شێوەی پێکەوە ژیان و بەستنی برایەتی نێوان گەلان ئەوەیە کە لەسەر بچینەی یەکێتی ئارەزوومەندانەو ڕەزامەندی و خۆپەسەنکردن (الاتحاد الاختیاری)بێت لە نێوانیاندا، وە دوور بێت لە پێکەوە بەستنی زۆردارانە.

پێکەوە بەستنی بە زۆر هیچ سوود و کەڵکێکی لێ وەرناگیرێت تەنها کێشەو تەنگ و چەڵەمەو ئاژاوە و ماڵ وێرانی نەبێت. یەکێتی و برایەتی مانای خۆی نادات ئەگەر لەسەر بنچینەی دداننان نەبێت بە مافی هەموو گەلاندا لەو وڵاتەی

---

[1] خەباتی چەکداری و ڕامیاری نەتەوایەتی کورد، نەجم سەنگاوی، ل١٦٧، لە ڕۆژنامەی الثورة، لە نیسانی،١٩٦٣ز وەرگیراوە.

کە پێکهاتوون و پێکەوە تیایدا دەژین، بۆ ئەوەی کە بتوانن پەیڕەوی ماف خۆیان بکەن لەناو کیانی ئەو یەکێتیەدا.

ئەم ڕاستیانە ڕێڕەوی دەوڵەتانی پێشکەوتووی نوێیە بۆمان دەردەخات کە نەتەوەکان بە برایەتی حوکمڕانی تیادا دەکەن لە بەڕێوەبردندا لە بەشەکانی سیاسی و ئابووری و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی حوکمڕانی گشتیدا. وە باشترین شێوە بۆ پاراستنی ئەو یەکێتیە حوکم و دەسەڵاتی ئارەزوومەندانەی نێوانیان بێت، ئەم جۆرە حوکمڕانیە بەردی بنچینەی یەکێتی و یەکگرتنە.

هەروەکو ئێستا هەیەو پەیڕەوی دەکرێت لە یەکێتی سویسرا و یوگوسلاڤیا و چکسلۆڤاکیا و هتد، کە بە باشترین شێوەی ئارەزوومەندانەو خۆپەسەندکردن پەیڕەو دەکرێت، و بنچینەی سەرەکیە بۆ ئاشتی و ئاسایشی ولأت و حکومەت، وە سوود و کەڵکی ئەم جۆرە یەکێتیە ئازەرووەمەندانە دەرکەوتووە کە باشترین دەسەلأتی دیموکراتیەتە بۆ ولأتێك کە پێك هاتبێت لە چەند نەتەوەیەك هەر وەکو ئێستا هەیە لە ئەڵمانیا و یەکێتی بەریتانیا و ولأتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، وە هەروەها کۆماری عەرەبی یەکگرتوو کە ئێوە ئێستا پێکهاتوون لەسەری لە نێوان عێراق و میسر و سوریا.

ئێمە وای دەزانین و بۆمان دەرکەوتووە لە پلەکانی مێژوودا بۆ پاراستنی ماف نەتەوەکان لەژێر ئالأی یەك ولأتدا و یەك دەوڵەتدا شێوەی پەرلەمانیە بەڕێگای ئەنجومەنی یاسادانان و جێبەجێکردن بێت.

ئەم جۆرە حوکمڕانیەش تەنها گونجان و یەکێتی نییە لەناو دەوڵەتدا، بەڵکو دەبێتە هۆی بەهێزبوونی دەوڵەت و یەکگرتنی ڕۆڵەکانی و بڕواو متمانە بەیەك کردن. لەبەر ڕووناکی ئەم ڕاستیانە و بەگشت باوەڕو متمانەوە دەڵێین بڕیاردان لەسەر حکومەتێکی کۆماری لەسەر ئەم پرۆژەیە ڕاستگۆیی و بەشداری کردنی ڕاستی دەردەخات بۆ عێراقێکی یەکگرتوو بۆ بەهێزکردنی برایەتی عەرەب و کورد، وە بەربەستکردنی هەموو ڕێگایەك لە پیلان گێڕان و دوژمنانی ناوخۆ و دەرەوەی عێراق.

ئەگەر بێت ئەم پرۆژەیە بسەلمێنن و ددانی پیادا بنێت ئەوە دەگەیەنێت کە توانای لێپرسینەوە و هەلگرتنی ئەرکی برایەتی عەرەب و کورد دەخەنە ئەستۆ لە ویژدانی مێژوو بۆ نەوەکانی داهاتوو، وە ڕوونکەرەوە و بیروبۆچوونەو دانەری ڕێگای ڕاستی و دروستکەرن لەگەڵ مێژوویەکی نەمردا.

ئێمە ئومێدمان هەیە کە ئەنجومەنی نیشتیمانی سەرکردایەتی شۆڕش هەلقولاوی شۆڕشێکی خاوەن پەیرەو و باوەڕو فەلسەفە بێت. وە دەبێت خاوەنی گفتو بەلێنی خۆی بێت هەروەکو چەندەها جار ئاشکراتان کردوە بە زمانی سەرکردایەتیەوە کە ڕێز دەگرن لە مافی نەتەوایەتی بۆ گەلی کوردا، لەوانە ددانتان بە مافی دوا ڕۆژیدا.

وە ددانتان و جێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیە مانای بەجێ گەیاندنی وەفاو بەلێنی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش خۆیەتی و خستویەتیە ئەستۆی خۆی. ئەم کارو کردەوەیە ڕێژێکی بۆ دەکاتەوە بۆ برایەتی مێژووی دوو گەلی برا عەرەب و کورد. دامەزراندنی لەسەر بنچینەیەکی ڕاستی و ڕەواو ڕاستەوخۆ:

یەکەم: کۆماری عێراق دەولەتێکی یەکگرتووە و پێکهاتووە لە دوو نەتەوەی سەرەکی عەرەب و کورد، هەردوو مافیان بەیەکسانی پارێزراوە، ئەمەش دەربڕینی ئارەزوومەندانەیە، وە ڕەزامەندی هەردوو لایانە لەسەر بنچینەی ماف و دوا ڕۆژی ژیانیان پێکەوە.

دووەم: دەستووری کۆماری عێراق دەقەکانی پێک دێت لە دەزگاکانی یاسادانی بەرز بۆ کۆمار و سەرۆک کۆمار و حکومەت، هەروەها دەستورێك پێك دێت لە دەزگایەکی نەتەوایەتی پسپۆڕ بۆ پەیڕەوکردنی گەلی کورد بۆ مافی نەتەوایەتی لە کاروباری یاسادانادا وە جێبەجێکردن و دادگایی لە ناوچەی کوردستان.

سێیەم: ئەم کارو فەرمانانەی خوارەوە لە دەسەلاتی حکومەتی ناوەندیدا دەبێت:

١-سەرکردایەتی دەولەت.

٢-کاروباری دەرەوە کە پێك دێت لە:

أ-نوێنەرانی سیاسی و بالوێزی و بازرگانی.

ب-پەیمان بەستن و بەڵێندانی دەوڵەتان.

ج-کاروباری نەتەوە یەکگرتووەکان.

د-ئاشکراکردنی شەڕو ڕاوەستان و پێکهاتن.

٣-بەرگری نیشتمانی (هێزەکانی دەشتی و دەریایی و ئاسمانی)

٤-داڕشتنی پارەو بلاوکردنەوەی.

٥-کاروباری نەوت.

٦-باج و گومرگ.

٧-بەندەرەکان و فڕۆکەخانە دەوڵەتیەکان.

٨-بروسکەو پۆستەو تەلەفۆن.

٩-هێڵی شەمەندەفەر و ڕێگاو بانە گشتیەکان.

١٠-کاروباری ڕەگەزنامە.

١١-ڕێکخستنی بوجەی دەوڵەت.

١٢-سەرپەرشتیکردنی ئێزگەو تەلەفزیۆنی ناوەندی.

١٣-ووزەی ئەتۆم.

**چوارەم:**

١-دەبێ پەیرەوکردنی کورد بۆ مافی نەتەوایەتی لە ڕێگای ئەنجومەنی یاسادانانەوە (پەرلەمانەوە، ن.س)بێت و هەڵبژێردراوان لەلایەن دانیشتوانی کوردستانەوە هەڵبژێردرێت بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ.

٢-دام و دەزگاکانی نەتەوەیی هەڵدەستێت بەو کارانەی کە ناویان هاتووە لە ماددەی دووەمدا بۆ کاروباری دادپەروەری، ناوخۆ، پەروەردەو فێرکردن، تەندروستی، کشتوکاڵ-توتن، شارەوانی، کاروباری کۆمەلایەتی، چاککردنی هاوینە هەوارەکان و هەموو ئەوانەی کە بەستراون بە ژیان و کۆمەلایەتی و پێشکەوتنی ئابووری و ئەوانەی کە لە کاروباری حکومەتی ناوەندی دیاری نەکراون.

٣-ئەنجومەنی یاسادانان: بڕیاردان و بڵاوکردنەوەی هەموو ئەو یاسایانەی کە پێویستە دابنرێت بۆ ئەو دەسەڵاتانەی کە لە بەندی دووەمی سەرەوە ناو براوە.

ئەنجومەنی یاسادانان سەرۆکی ئەنجومەنی جێبەجێکردن هەڵدەبژێرێت، وە بۆی هەیە بڕواو متمانەی لێ وەربگرێتەوە لە سەرۆکی ئەنجومەن و ئەندامانی (پۆستەکەی، ن.س).

٤-ئەنجومەنی جێبەجێکردن هەڵدەستێت بە پەیڕەوکردن و بەکارهێنانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە سنووری دام و دەزگاکانی نەتەوایەتی دیاریکراو لە بەندی دووەمی سەرەوە.

ئەو یاسایانەی کە ئەنجومەنی یاسادانان دەریان دەکات جێبەجێ دەکرێت (لەلایەن ئەنجومەنی جێبەجێکردنەوە، ن.س). وە ئەو بڕیار و فەرمانانەی کە دەردەکرێت لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە جێبەجێ دەکرێت بەپێی ئەو بەندانەی کە پەیوەندیان هەیە بە کوردستانەوە.

وە بۆی هەیە فەرمانبەرانی دام و دەزگاکان دابمەزرێنێت لە ناوچەکەدا، ئەوانی تر لێپرسراو دەبن بەرامبەر بە ئەنجومەنی یاسادانان لە هەموو کارەکانیاندا.

پێنجەم: دارایی دام و دەزگا نەتەوەییەکانی ناوچەی کوردستان پێك دێت لە:

١-دەستکەوتە ناوخۆییەکان وەکو باج و وێنە فەرمیەکان کە وەردەگیرێن لەناو کوردستان.

٢-بەشی کوردستان بەپێی ژمارەی کورد بۆ ژمارەی دانیشتوانی عێراق لە دەستکەوتەکانی (نەوت، گومرگ، فڕۆکەخانە، بەندەرەکان، بانکەکانی حکومەت، هێڵی شەمەندەفەر، پۆست، تەلەفۆن. ئەمانەش بەپێی ڕێژەی خەرجی ئەرکەکانی سەرکردایەتی و بەرگری و دەرەوە و دەرکردنی پارەی نوێ و وەزارەتی نەوت و بروسکەو پۆست و تەلەفۆن و هاوینە هەوارەکانی لێ دەردەکرێت بەپێی ژمارەی دانیشتوانی کوردستان بۆ ژمارەی دانیشتوانی عێراق، ئەرك و خەرجیەکانی هێڵی ئاسنین و ڕێگاو بانەکانیش بەپێی درێژی ڕێگاو بانەکانی کوردستان دەبێت بۆ درێژی ڕێگاو بانەکانی عێراق.

٣-بەشی کوردستان لە پارمەتییەکان و قەرز و کۆمەککردنی دەرەوە کە حکومەتی عێراق دەستیان دەکەوێت بەپێی ئەندازەی ڕێژەکانی ڕابوردوو دەبێت. وە قەرزی ناوخۆ و ئەو پارمەتیانەی کە سەربازی نین و دەستی کوردستان دەکەوێت.

٤-دەستکەوتەکانی توتن و هاوینە هەوارەکان و دارستانەکان.

٥-کوردستان بە بەشێك دادەنرێت لە بەشدارانی ڕێژەی سەرژمێری کوردستان بۆ سەرژمێری دانیشتوانی عێراق لە پرۆژە و دەزگاکانی بەرژەوەندی بۆ سوودی گشتی.

٦-ناوچەی کوردستان پێك دێت لە لیواکانی (پارێزگاکانی)سلێمانی، کەرکوك، هەولێر، و ئەو قەزاو ناحیانەی کە زۆربەی دانیشتوانی کوردن لە لیوای موسڵ و دیالە.

٧-دەبێ جێگری سەرۆك کۆمار کورد بێت و گەلی کورد هەڵی بژێرێت بەو شێوەی کە سەرۆك کۆمار هەڵدەبژێردرێت.

٨-دەستووری دەزگاکانی نەتەوایەتی ناوچەی کوردستان پێك دێت لە مافی ڕۆشنبیری و کۆمەلایەتی و ئابووری و ئازادی و دیموکراتی و ئایینی بۆ دانیشتووە کەمایەتییەکان وەکو ئاسووری و کلدان و تورکان و ئەرمەنی و هەموو بەشە ئایینی و ڕەگەزییەکان لە پاراستنی یەکسانی تەواو لە ماف و ئەرکدا لەگەڵ ڕۆڵەکانی هەردوو نەتەوەی عەرەب و کورد. وە پاراستنی نوێنەرایەتیان لە هەردوو ئەنجومەنی یاسادانان و جێبەجێکردن و هەموو دەزگاکانی تر بەشێوەیەکی عادیلانە.

**ماددە گشتیەکان:**

١-بەشداری کردنی گەلی کوردستان لە ئەنجومەنی نیشتیمانی عێراق بە چەند نوێنەرێك کە بگونجێت لەگەڵ ڕێژەی دانیشتوانی کوردستان بۆ دانیشتوانی عێراق.

٢-گەلی کورد دەبێ چەند وەزیرێکی هەبێت لە ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق بەپێی ڕێژەی دانیشتوانی کوردستان بۆ دانیشتوانی عێراق.

٣-دەبێ ڕێژەی فەرمانبەرانی کورد لە وەزارەتەکانی حکومەتی ناوەندا بگونجێت لەگەڵ ڕێژەی دانیشتوانی کوردستان بۆ دانیشتوانی عێراق.

٤- أ-دەبێ ژمارەیەك لە قوتابیانی کوردستان وەربگیرێت لە زانکۆکەکانی بەغدا و پەیمانگاکانی عێراق بە ڕێژەیەك کە بگونجێت لەگەڵ ڕێژەی دانیشتوانی کوردستان بۆ دانیشتوانی عێراق.

ب-حکومەت ساڵانە قوتابیان دەنێرێت بۆ دەرەوەی وڵات بۆ خوێندن و زانستەکان دەبێ قوتابیانی کوردیش بگرێتەوە بەپێی سەرژمێری کوردستان بۆ سەرژمێری عێراق.

٥-سوپای عێراق بەناوی خۆیەوە دەمێنێتەوە، لەکاتی گۆڕینی ناوەکەی بەشەکانی کوردستان ناوی دەبرێت بە (فەیلەقی کوردستان)و ئەم فەیلەقە کۆ دەکرێنەوە لەو سەبازو ئەفسەرانەی کە کوردن و لەناو سوپای عێراقدان.

٦-ڕۆڵەکانی کوردستان خزمەتی ئاڵاو سەربازی دەکەن، وە ئەو ئەفسەرو سەربازانەی کە دەرکراون بەهۆی سیاسەتی نەتەوایەتیەوە دەگەڕێنەوە بۆ خزمەتکردن، وە دەگەڕێنەوە بۆ ناو ئەو یەکگرتووە سەربازییەی کە کۆ کراونەتەوە لە کوردستان.

٧-دەبێ ژمارەیەك لە قوتابیانی کوردستان وەربگیرێت لە کۆلیژەکانی سەربازی و پۆلیسی و فرۆکەوانی و ئەرکان و دامەزراوە سەربازییەکان بەپێی ڕێژەی دانیشتوانی کوردستان بۆ دانیشتوانی عێراق.

٨-حکومەتی ناوەندی بۆی هەیە هێزی چەکداری زیاد بنێرێت بۆ کوردستان لەکاتی مەترسی و هێرش کردنی دوژمنان، وە بوونی هەڕەشەی ڕاستی بۆ سەر سنوورەکان بۆ شەڕ فرۆشتن دژی کۆماری عێراق.

تەنها لەکاتی وادا نەبێت پێویستە و دەبێ بڕیاری ئەنجومەنی یاسادانان و جێبەجێکردن (ی کوردستان، ن.س) وەربگیرێت، بۆ ئەوەی دەست نەخرێتە ڕێگای مەشق کردن و مەفەرەزیاتی سەربازی عێراق (لە کوردستان، ن.س)بۆ ماوەیەکی بەجێ.

٩-هەڵـسانی سـوپای عێـراق بـە بزووتنـەوەی سـەربازی و مەشـق كـردن لـەناو كوردسـتان دەبـێ بـە بڕیـار وەرگـرتنی ئەنجومـەنی یاسـادانان (ی كوردسـتان، ن.س)بێـت یـان لەسـەر داواكردنـی ئەنجومـەنی جێبـەجێكردن(ی كوردسـتان بێـت، ن.س)بێت.

١٠-هـەموو یاسـاو بڕیارێـك بـە پوچـەڵ كـراوە دادەنرێـت لەهـەر لایەكـەوە دەرچـووبێت ئەگـەر كۆسـپ بێـت یـان لـە مـاف و دەسـەلآتی گـەلی كـورد كـەم بكاتەوە.

١١-بلآوكردنـەوەی هـەربارێكی نائاسـایی لـە كوردسـتان لـەكاتی شـەڕو مەترسـی و دوژمنایـەتی بێگانـەی دەرەوە نـەبێت دەبـێ بـەبڕیار وەرگـرتنی ئەنجومـەنی یاسادانان(ی كوردستان، ن.س)بێت.

١٢-دامەزرانـدنی ئەنجومـەنی جێبـەجێكردن دەسـپێردرێت بـە یـەكێك لـەو وەزیـرە كوردانەی كە ئێستا لە وەزارەتان بۆ كاروباری دەسەلآتی ئەنجومەنی كاتی.

١٣-هەڵبـژاردنی ئەنجومـەنی یاسـادانان (پەرلـەمان، ن.س)لـە مـاوەی چـوار مانگـدا لە مێژووی دامەزراندنیەوە دەست پێ دەكات.

١٤-بـۆ سـڕینەوە و نەهێـشتنی شـوێنەواری جـەنگ و مـاڵ وێرانـی حـوكمڕانی تـەنیایی، ئەوانـەی كـە ماڵیـان سـووتاوە و زیانیـان لـێ كـەوتووە بەبۆنـەی شۆڕشـی كـوردەوە بـەزووترین كـات زیانـەكانیان بـۆ ببـژێرن بەشـێوەیەكی عادیلانـە و بـە پەلە، وە ماوەی چوار مانگ نەخایەنێت.

١٥-لـە كاتێكـدا ڕەگەزنامـەی عێراقـی بگۆڕێـت بـە ڕەگەزنامـەی عـەرەبی، پێویـستە و دەبـێ لـە بڕوانامـەی لـە دایـك بـوون و ناسـنامەی شارسـتانی و پاسـەپۆرتەكەی ئەگـەر لـە دانیـشتوانی كوردسـتان بـوو یـان كـورد بـوو بنوسـرێت هەڵگرەكـەی كوردستانیە.

١٦-لەكاتی گۆڕینی ئالآ یان دروشمی عێراق نیشانەی كورد دەخرێتە سەری.

نوێنەرانی كورد بۆ وتووێژكردن

نیسانی ساڵی ١٩٦٣ز

# شکست هێنانی یەکێتی سێ قۆڵی عەرەبی و شەڕی کوردستان ساڵی ١٩٦٣ز

[1] حکومەتەکەی عێراق و میسر و سوریا نەگەیشتن بە ئەنجام بۆ دامەزراندنی یەکێتی سێ قۆڵی عەرەبی لە نێوانیاندا بەهۆی کێشەی کوردەوە، جەمال عەبدولناسر سەرۆك کۆماری میسر بە نوێنەرانی حکومەتی عێراقی ڕاگەیاندبوو کە دەبێ لە پێش هەموو شتێکەوە کێشەو تەنگ و چەڵەمەی ناوخۆیان نەیەڵن، وە کێشەی کورد بەشێوەیەکی ئاشتی خوازانە چارەسەر بکەن بۆ ئەوەی کە لەدوا ڕۆژدا نەبێت بە کۆسپ لە ڕێگەیاندا.

حکومەتی عێراق زۆر بە پەلە بوون بۆ ئەم یەکێتیە سێ قۆڵیە بۆ بەکارهێنانی مەبەستی خۆیان، کۆماری میسر خۆیان کێشایەوە لە وتوێژکردن و یەکێتی سێ قۆڵی عەرەبی. حکومەتی عێراقیش زۆر بە پەلەبوو بۆ ئەو یەکێتیە هەر بەکشانەوەی میسر لە وتوێژ بە پەلە ڕێککەوتن لەگەڵ سوریاو یەکێتیەکی عەرەبی و دوو قۆڵیان مۆرکرد بەناوی یەکێتی عەرەبی عێراقی و سوری، وە هیچ گوێیان نەدا بە وتوێژکردن لەگەڵ نوێنەرانی کورد و دەستیان کرد بە خۆ قایم کردن و دابەشکردنی چەك بەسەر عەشایەرەکانی عەرەبی حەویجەو ڕیاز و دەورووپشتی حەمرین بەناوی سوارەی خالیدی کوڕی وەلیدەوە.

وە دابەشکردنی پارەو چەکێکی زۆر بەسەر عەشایەرە کوردەکانی هەرکی و سورچی و زێباری و هەندێك لە ئاغاکانی دزەیی و ئاغاکانی داودەو هەمەوەند بەناوی سوارەی سەلاحەدینەوە. لە ڕۆژی ١٠ی حوزەیرانی ساڵی (١٩٦٣ز)حکومەتی عێراق پرۆژە ڕاستکراوەکەی کوردی بە ناڕەزاییەوە لە ئێزگەو ڕۆژنامەکانی عێراق بڵاوکردەوە و دەستیان کرد بە دەربڕینی ناڕەزایی بەرامبەر بە پرۆژە و داواکارییەکانی سەرکردایەتی شۆڕشی کورد و پارتی

---

[1] خەباتی چەکداری و ڕامیاری نەتەوایەتی کورد، نەجم سەنگاوی، ل١٤٩

دیموکراتی کوردستان و تاوانبارکردنی سەرکردایەتی کورد بە جیاوازی کارو خۆ فرۆش و نۆکەری بێگانەو ئەوەی خۆیان مەبەستیان بوو ناویان لێی نا.

لە رۆژی ١٥ی حوزێرانی (١٩٦٣ن)حکومەتی عێراق لە هەموو لایەکەوە هێرشیان کرد بۆ سەر کوردستان و شەڕی ئەمجارە لەگەڵ شەڕەکانی تردا جیاوازی زۆری هەبوو، حکومەتی عێراق بە هەموو شێوەو توانایەکیانەوە لە بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردیان دەدا. هێزەکانی حکومەتی عێراق لەم شەڕەیاندا پێکهاتبوون لە:

١-سوپای عێراق بە هەموو بەشەکانیەوە، تانك و تۆپ پیادەو هێزە ئاسمانییەکانی.

٢-سوپای سوریا: دوو فیرقەی سوپای سوریا هاتن بۆ کوردستان لە ناوچەی بادینانەوە لە شەڕدا بەشداریان کرد و یارمەتی حکومەتی عێراقیاندا، بەلآم سوپای سوریا خۆیان بۆ ڕانەگیراو زیان و کوشتارێکی زۆریان لێ کرا لە پاش مانگێك بە پەلە کرۆزی گەڕانەوە بۆ سوریا.

٣-جاشەکانی خالیدی کوڕی وەلید: ئەو عەشایەرە عەرەبانەی حەویجە و ڕیاز و دەرووپشتی حەمرین بوون بەناوی سوارەی وەلیدەوە، چەك و پارەیەکی زۆریان پێدرا لەلایەن حکومەتی عێراقەوە وە سەرپشك کرابوون بۆ کوشتن و تالآن کردنی دێهاتەکانی کوردستان لەمەڕ و ولآخ ئۆتۆمبێل و تراکتۆری کشتوکاڵ و دانەوێلەی گەنم و جۆ و شتومەکی ناو ماڵ و جل و بەرگی پیاوان و ئافرەتان، هەرچیان دەست بکەوتایە تالآنیان دەکرد و دەیان برد، یان لەناو خانووەکاندا دەیان سووتاندان و بەجێیان دەهێشت. دەسەلآتیان پێدرابوو ماڵی کورد بۆ ئەوان و سەریان بۆ حکومەت، کەوتنە کوشتنی ژن و منداڵ و پیری بێ دەسەلآت ئەوەی دەستیان بکەوتایە دەیان کوشت.

کەوتنە تالآن کردنی دێهاتەکانی ناوچەکانی چەم چەماڵ و قادر کەرەم و ئاغجەلەر و ناو شوان و جەباری و ناوچەکانی دووز و کفری و کەلار، زۆریان بۆ تالآن کردن ژنەکانیشیان دەهێنا لەگەڵ خۆیاندا و دشداشەیەکی عەرەبی

پیاوانیـان لەبـەر دەكـردن. مـەڕو مانگـاو مـاڵ و تـەراكتۆر و ئەسـپ و هێـستر و جـل و بەرگی ئافرەتانی كوردیانی لە شارەكاندا تالآن فرۆش دەكرد.

لـــەناو شـــارەكاندا جـــل و بـــەرگی ئـــافرەتی كوردیـــان دەكـــرد بـــە نـــوكی تفەنگەكانیانــەوە و هاواریــان دەكــرد و خۆیــان دەردەخــست لەبــەر چــاوی خــەڵكی خۆیــان بەســەركەوتوو دەزانــی و شــانازیان دەكــرد بــەو تالآنــەی كــە دەیــان هێنــا بــۆ ناو شارەكان.

هــەر لــە مــانگی حــوزەیرانی (١٩٦٣ز)لــەناو شــاری ســلێمانی بــە ســەدان دانیــشتوانیان گــرت و كوشــتیان و زۆریــان زیندەچــاڵ كــرد.وەكــو مامۆســتا ئــەنوەر ســەعید دارتــاش و مامۆســتا یاســین و هــەڤاڵآنیان هەشــت مامۆســتا بــوون لــە یــەك شــوێندا زینــدە چــاڵ كــران لەلایــەن ســەركردەی ســوپا (زەعــیم ســدیق مــستەفا)وە، وە زیــاتر لە پێــنج ســەد كەسیان كوشــت، وە لــە ناوچــەی بادینــان هــەر لــە هــەمان مانگــدا لــە گونــدی (ســۆریا و دەكــان)زیــاتر لــە ســەد كــەس لــە ژن و منــداڵ و پــیری بــێ دەسەلآت و بێتاوانیان بە زیندویی نەوت و بەنزینیان پیاناندا كرد و سوتانیانن.

٤-جاشــەكانی ســەلاحەدین: ئەمانــە بــە كرێگیراوانــی كــورد بــوون لــەو عەشــیرەت و خێڵآنــەی كــە ناوهــان بــردن، ئەمانــە بــە پــارە دژی بزووتنــەوەی ئــازادیخوازی كــورد شــان بــە شــانی ســوپای عێــراق شــەڕیان دەكــرد و دەیانــدان بــە كوشــت، بــەلآم نــەیان دەتــوانی بــەرگری لــە خۆیــان و مــاڵ و ســامانەكەیان بكــەن لــەو عارەبانــەی كــە تالآنیــان دەكــرد و جاشــی خالیــد بــوون، لــە زۆر شــوێن مــەڕو مــالآتی جاشــە كوردەكانیــشیان دەبــرد بــەتالآنی لەبەرچــاوی جاشــە كوردەكــان خۆیــان و نــەیان دەتوانی بەرهەڵستیان بكەن و لێیان وەربگرنەوە.

٥-(حــەرەس قــەومی)ئــەم حــەرس قەومییانــە لــە ئەنــدامان و لایــەنگیران و دۆســتانی پــارتی بەعــسی عــەرەبی پێكهــاتبوون و عەرەبــە نەتەوەییــەكان، ئەمانــە وەكــو لەشــكرێكی فــەرمی بــە جــل و بــەرگی خاكییــەوە و بــە هــەموو چــەكێك چــەكدار كرابــوون بــۆ پاراســتنی نــاو شــارەكان و بەشــداریان دەكــرد لــە شــەڕی كوردســتان جاروبــار. شــەڕو كوشــتار و مــاڵ تــالآنكردن درێــژەی كێــشا هــەتاكو مــانگی تــشرینی دووەمــی ســاڵی (١٩٦٣ز)هــەموو بەندیخانــەكانی بەغــدا و موســەیەت و دیوانیــە و

شارەكانی كوردستان پڕ بوون لە زیندانی كورد و چەندەهایان لێیان كوشت و پەل پەلیان كردن، لەوانە عەبدولڕەحمان عەبدولكەریم بەڕێوەبەری نفوسی كەركوك و موحەمەد سدیق عەبدولڕەحمان و هەڤالآنیان لە بەندیخانەی بەغدا و بارەگاكانی حەرەسی قەومی، بێجگە لە هەزاران ماڵ لەناو شارەكاندا دەستیان گرت بەسەریاندا و خاوەنەكانیان گرت و ئاوارەیان كردن لە شارەكانی باشووری عێراق، وە دەست درێژیان كردە سەر چەندەها ئافرەتی كورد لە دێهاتەكان و بارەگاكانی حەرەس قەومی و دائیرەكانی ئاسایش لەناو شارەكاندا.

بە سەدان خانووی كوردیان ڕووخاند لە شاری كەركوك بە شۆفەڵ و خاوەنەكانیان دەركردن لە كەركوك بەبێ ماڵ و خانوو، بە سەدان گوندو دێهاتی كوردیان چۆڵ كرد لە دەوروپشتی كەركوك و سوتاندیان و خاوەنەكانیان ئاوارە كرد و عەرەبەكانی دەوروبەری حەمرینیان هێناو لە جێگایان نیشتەجێیان كردن.

ئەوەی لە ماوەی ئەو پێنج مانگەدا بە گەلی كورد كرا لە دێهات و شارەكان مەگەر تورکەکان كردبێتیان بە كوردانی دێهات و شارەكانی بەتلیس و ئەزروم و ماردین و دەرسیم لە باكووری كوردستان لە ساڵی (١٩٣٧ن)لەكاتی ڕاپەڕین و بزووتنەوەكەی كورد لە دەرسیم.

# کودەتای ١٨ی تشرینی دووەم ساڵی ١٩٦٣ز

[1] لە بەیانی رۆژی ١٨ی تشرینی دووەمی ساڵی (١٩٦٣ز)عەبدولسەلام عارف کودەتایەکی سەربازی کردە سەر هاوپەیمانەکانی کە پارتی بەعسی عەرەبی بوو دەستی گرت بەسەر حوکمڕانیداو دەسەڵاتی گرتە دەست و کەوتە گرتنی بەعسیەکان و چەککردنی حەرەس قەومیەکان و بەندیخانەکانی لە ئەندامانی بەعس و حەرەس قەومیە بەعسیەکان پڕ کرد، وە شەڕی کوردستانیش بەردەوام بوو.

لەمانگی کانوونی دووەمی ساڵی (١٩٦٣ز)حکومەتە تازەکەی عەبدولسەلام عارف نوێنەرێکیان نارد بۆ لای مستەفا بارزانی سەرۆکی شۆڕشی کورد و پارتی دیموکراتی کوردستان و سوێندیان خوارد بۆ مستەفا بارزانی کە کێشەی کورد چارەسەر دەکەن بە رێگای ئاشتیانەو بەبێ ئەوەی کە جارێکی تر خوێن برژێت لە نێوانیاندا.

لەو سەردەمەدا ناکۆکی و دووبەرەکی لە نێوان مستەفا بارزانی و مەکتەبی سیاسی پارتی سەری هەڵدابوو، ساردی لە نێوانیاندابوو، مستەفا بارزانی سەرۆکی پارتی و سەرۆکی شۆڕشی کوردستان بە تاك لایەنە وتوێژی دەکرد لەگەڵ حکومەتەکەی عەبدولسەلام عارف و بڕیاری ڕاگرتنی شەڕی کوردستانی داو بڵاوی کردەوە لە رێگای بروسکەی بێتەلەوە ئاگاداری هەموو هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان کرایەوە و شەڕ لە هەردوو لای کورد و عێراق ڕاوەستاوە.

مستەفا بارزانی بەبێ ئاگادارکردن و ڕاوێژکردن لەگەڵ مەکتەبی سیاسی لەلایەن خۆیەوە نوێنەری نارد بۆ بەغدا بۆ وتوێژکردن لەگەڵ حکومەتە تازەکەی عەبدولسەلام عارف و پێکهاتن لەسەر ڕاگرتنی شەڕو بەردەوام بوونی

[1] هەمان سەرچاوە پێشوو.

وتووێـــژکردن. حکومەتەکـــەی عەبدولـــسەلام عـــارف بەیاننامەیـــەکی بـــەناوی ئەنجومـــەنی ســـەرکردایەتی شۆڕشـــی عێراقـــەوە بـــڵاو کـــردەوە و مـــستەفا بـــارزانی پـشتگیری کـرد و ڕەزامەنـدی دەربـڕی لەبـەر چـەند هۆیـەکی سیاسـی و دووبـەرەکی لـە نێـوان مـستەفا بـارزانی و سـکرتێری پـارتی لـە بەشـەکانی داهـاتوودا باسـیان دەکەین. ئەمەش دەقی بەیاننامەکەی حکومەتەکەی عەبدولسەلام عارفە.

# بەیاننامەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی عێراق دەربارەی بڕیاردانی ئاشتی لە باکووری ولات

[(١)] لەبەر بەرژەوەندی گشتی و وەلام دانەوەی برا کوردەکان کە لە بانگەوازەکەی مستەفا بارزانیدا دەریخست، وە لەسەر حەزو ئارەزووی خۆمان بۆ گەڕانەوەی ژیانی سروشتی بۆ بەشی باکووری ولاتە خۆشەویستەکەمان، وە دانانی سنوور بۆ هەوڵ و پیلانی ئیمپریالیزم و کلکەکانی، وە ڕێگاگرتن لەوانەی کە سوود و کەڵك وەردەگرن لە خوێن ڕشتنی بێتاوانان، وە لەبەر بەرژەوەندی نیشتیمان ئەم بڕیارانەی خوارەوەماندا:

١- ددانمان نا بە ماف نەتەوایەتی برا کوردەکانمان لە چوارچێوەی گەلی عێراق بۆ یەکێتی و برایەتی، ئەمەش لە دەستووری کاتیدا دیاری دەکرێت.

٢-بەردان و ئازادکردنی هەموو ئەوانەی کە بەندکران یان حجز کراون یان حوکم دراون بەهۆی ڕووداوەکانی باکووری ولاتەوە. دەرکردن و بلاوکردنەوەی لێبووردنی گشتی و هەلگرتنی دەست بەسەراگرتن لەسەر ئەو مال و سامانانەی کە گوێزرانەتەوە و نەگوێزراونەتەوە لەسەر ئەو کەسانەی کە لە ڕابووردوودا دەست بەسەر مالەکانیاندا گیراوە.

٣-گەڕانەوەی ئیدارەی ناوخۆ بۆ ناوچەکانی باکووری ولات.

٤-گەڕانەوەی فەرمانبەران و موچەخۆرانی کوردان کە لە فەرمان و ئیشەکانیان دەکرابوون یان دوورخرابوونەوە بۆ سەر ئیشەکانی خۆیان.

٥-هەلگرتنی ئابلۆقەی ئابووری لەسەر خۆراك و خواردەمەنی بە هەموو جۆرەکانیەوە لەسەر باکووری ولات.

٦-دەرکردنی یاسا بۆ چاککردنی ناوچەی باکوور بە زووترین کات، وە دامەزراندنی چەند لیژنەیەك بۆ نەهێشتنی هەر گیروگرفتێك کە دێتە ڕێگای

---

(١) خەباتی چەکداری و رامیاری نەتەوایەتی کورد، نەجم سەنگاوی، ل١٧٧

جێبەجێکردنی، ئەوەش بەبێ خۆبەستن بە ڕۆتینەوە لەگەڵ تێبینی کردنی زیان و بژاردنی ئەوانەی کە زیانیان لێ کەوتووە.

٧-ئەوانەی کە زیانیان لێ کەوتووە بەبۆنەی بەنداوەکانی دوکان و دەربەندیخان و دێیەکانیان ئاو گرتوویەتیەوە و کەوتوونەتە ژێر ئاو، زیانەکانیان بۆ دەبژێرن بژاردنێکی عادیلانە.

٨-هەوڵ دەدرێت بۆ گەڕانەوەی ئاشتی و ئاسایش بۆ ناوچەکانی باکووری وڵات، وە داوا دەکەین لە برا کوردەکانمان کە بگەڕێنەوە بۆ ژیان و ڕاوەستن دژی پیلانەکانی ئیمپریالیزم و کلکەکانی، بۆ ئەوەی برا کوردەکانمان بزانن کە ئێمە هەوڵ دەدەین ماف ڕەوای ئەوان بپارێزین وەکو هاونیشتیمانیەکانی تری کۆماری عێراق، خودا ئاگای لە مەبەستە.    موشیر روکن

عەبدولسەلام موحەمەد عارف

١٠ی شوباتی ١٩٤٦ز

لە ئێزگەی بەغدا بەیاننامەکە بڵاوکرایەوە و لە ڕۆژی ١١ی شوباتی (١٩٦٤ز)ڕۆژنامەی (الجمهوريه)بڵاوی کردەوە.

[٢]ڕاوەستانی شەڕ درێژەی کێشا، وتوێژ تەنها لە نێوان مستەفا بارزانی حکومەتی عێراق دابوو، دووبەرەکی دەستی پێ کردبوو لە نێوان مەکتەبی سیاسی و مستەفا بارزانی سەرۆکی پارتی و شۆڕش.

ڕاوەستانی شەڕ لەلایەن مستەفا بارزانیەوە چاوەڕوانی ئەنجامی دوو بەرەکییەکەی دەکرد و زاڵ بوونی بە سەر کێشەکەدا.

حکومەتی عێراقیش هەوڵی خۆبەهێزکردن و لاوازکردنی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردی دەدا و دوور خستنەوەی گەلی کورد لە شۆڕشە ئازادیخوازەکەی بەناوی ئایینەوە.

عەبدولسەلام عارف لە مانگی ئەیلولی ساڵی (٩٦٤)کۆنگرەیەکی لە بەغدا بەست بە ناوی (کۆنگرەی ئیسلامی یەکەم) دوە هەموو زانایانی ئایینی عێراقی کۆ

---

[٢] هەمان سەرچاوە.

کردەوە لە عەرەب و کورد و سوننە و شیعە، داوای لێیان کرد کە فتوا بدەن بۆ ئەوەی کە هەر کەسێك بکەوێتە شوێن بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد یان یارمەتی و پشتگیریان بکات دژی حکومەتی ئیسلامی عێراق کافرەو کوشتنی حەڵاڵە، وە ئەوەی لە پێناوی نەمانی ئەو بزووتنەوەیەدا بکوژرێت شەهیدەو جێگای بەهشتی بەرینە.

بەلام کۆنگرەکەی عەبدولسەلام عارف سەری نەگرت بۆی، هەندێك لە پیاوانی ئایینی لە کۆنگرەکەدا بەرپەرچیان دایەوە لەوانە (سەید عەبدولمحسین حەکیم)بوو کە لەو رۆژەدا مەرجەعییەتی شیعەکان بۆ لە عێراق و لە شاری نەجەف دادەنیشت، وە مەلا موحەمەدی قەرەداخی ئیمام و خەتیبی مزگەوتی حاجی کاك ئەحمەدی شێخ بوو لە سلێمانی، وە زۆر لە پیاوانی ئایینی تری کورد و عەرەب پشتگیریان نەکرد و گوتیان ئەم فتوایە نادرێت لەبەر ئەوەی کورد موسڵمانە و خوێن و ماڵی موسڵمان حەرامە لە موسڵمانان.

لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی (١٩٦٤)شەڕ دەستی پێ کردەوە لە نێوان حکومەتی عێراق و شۆڕشی کورد بەسەرۆکایەتی مستەفا بارزانی. لە رۆژی ١٠ی کانوونی دووەمی ساڵی (١٩٦٥)دیسانەوە حکومەتەکەی عەبدولسەلام عارف بەیاننامەیەکی تری بڵاو کردەوە دەربارەی ماڤی نەتەوایەتی کورد و سەر لە نوێ شەڕ راوەستا بەشێوەیەکی کاتی و نوێنەرانی هەردوو لا دەستیان کرد بە هاتووچۆ و وتوێژکردن، راوەستانی شەڕ درێژەی کێشا هەتا سەرەتای ساڵی (١٩٦٦)عەبدولسەلام عارف بۆ سەردانی هێزەکانی رۆیشت بۆ بەسرە و لە قەزای (قورنە)لە بەسرە فڕۆکەکەی لە ئاسمان ئاگری گرت و تەقیەوە و خۆی و چەند ئەفسەرێکی پلە بەرزی سەربازی تیادا بوو هەموو سوتان و مردن و کۆتایی هات بە حوکمڕانی عەبدولسەلام عارف. سەرکردەکانی سوپای عێراق لیوا عەبدولڕەحمان عارف برای عەبدولسەلام عارف یان هەڵبژارد و بوو بە سەرۆك کۆماری عێراق و چووە شوێن براکەی.

# دووبەرەكى نێوان مەكتەى سياسى پارتى ديموكراتى كوردستان و سەرۆكى پارتى مستەفا بارزانى و هۆيەكانى

[1] دووبەرەكى ساڵى (١٩٦٤ز)ى نێوان مستەفا بارزانى سەرۆكى پارتى ديموكراتى كوردستان و سەرۆكى شۆڕشى ئەيلول، لەگەڵ مامۆستا ئيبراهيم ئەحمەدو كۆمەڵى مەكتەبى سياسى پارتى ديموكراتى كوردستان دەگەڕێتەوە بۆ جياوازى بۆچوونەكانى مامۆستا ئيبراهيم ئەحمەد و كۆمەڵى مەكتەبى سياسى، لەگەڵ بۆچوونەكانى مستەفا بارزانى، وەكو:

١-مامۆستا ئيبراهيم ئەحمەد و كۆمەڵەكەى زۆربەيان سەرقاڵ بوون بە بيروباوەڕى ماركسى و سۆسياليستى و بيروبۆچوونەكانى لينين و ماوسيتۆنگ سەرۆكى حيزبى شوعى چين و دەوڵەتى چين، وە يەكێتى سۆڤيەت و سەربازگەى ئەورووپاى رۆژهەلات بۆ خۆ لىٚ نزيك كردنەوە و داواكردنى يارمەتى و پشتگيرى كردنى شۆڕشى كوردستان، وە بايەخى زۆريان دەدا بە كتێبەكانى سەرۆكى چين (ماوسى تۆنگ)و بلاويان دەكردەوە لەناو رۆشنبيران.

٢-بەكارهێنانى كۆمەڵێك ووشەى نوێى ماركسيزم و سۆسياليزم كە بلاو بوون لەو رۆژانەدا و رۆشنبيرانى مەكتەبى سياسى لەبەريان كردبوون و بەكاريان دەهێنا لە ووتارو گفتوگۆ و نووسينەكانياندا كە تەنها خۆيان و ئەوانەى ئەو بيروباوەڕەيان هەڵگرتبوو لێى تێدەگەيشتن، ئەوەى ئەو ووشانەى بەكار نەهێنايە بە دواكەوتوو و كۆنە پەرست دادەنرا لەلايان.

٣-مستەفا بارزانى بە پێچەوانەى بيروبۆچوونەكانى كۆمەڵى مەكتەبى سياسيەوە، ئەوەى ئەوان باسيان دەكرد، ئەو بە كردەوە لە ناوياندا ژيابوو، خاوەنى تاقيكردنەوە و رابوردوويەكى زۆر بوو لەگەڵ يەكێتى سۆڤيەت و ماركسيزم و بەرپرسەكانيان هەر لە كۆمارى كوردستان لە مهاباد هەتا دوانزە

[1] خەباتى چەكدارى و راميارى نەتەوايەتى كورد، نەجم سەنگاوى، ل١٨٠

ساڵ ژیان لە دەوڵەتی یەکێتی سۆڤیەت و پایتەختەکەیان (مۆسکۆ)وە چەشتنی ئەو تاڵ و سویرییەی کە خۆی و هەڤاڵانی چەشتبوویان لە یەکێتی سۆڤیەت بە دەستی بەرپرسانی ڕووسی و سەربازگەی سۆسیالستی سۆڤیەتەوە. وە شارەزایی تەواوی بوو لە سیاسەت و بۆچوونەکانیان بەرامبەر بە نەتەوەکانی تری جیهان و تەفرەدان و بێ بەڵێنیان.

٤-کۆمەڵی مەکتەبی سیاسی تەنها بایەخیان بە ڕۆشنبیران دەدا، کە لەو ڕۆژانەدا لەناو کوردستاندا ڕێژەیەکی کەمی خوێندەوار هەبوو کە پێی بڵێیت ڕۆشنبیر، بەشەکانی تری کۆمەڵی کوردیان پشتگوێ خستبوو وەکو ئەفسەران و مامۆستایانی ئایینی و سەرۆک عەشیرەتەکان و جوتیاران و کرێکاران. هەر ئەوەش بوو لەکاتی دووبەرەکییەکەدا ئەو چینانە پشتیان کرد لێیان و پشتگیری مستەفا بارزانیان کرد.

بەڵام بە پێچەوانەوە مستەفا بارزانی باوەشی بۆ هەموو چینەکان گرتبووە و هەر کۆمەڵەی بە زمان و بۆچوونی خۆی لەگەڵیاندا دەدواو قسەی بۆ دەکردن، دوور لە ووشە نوێیەکانی ماکسیزم و سۆسیالیزم، هەر ئەوەش وای کرد کە هەموو چینەکانی ناوچەکانی سۆران و بادینان لە دەوری کۆ ببنەوە و پشتگیری بکەن و سەرکەوتن بەدەست بێنێت.

٥-کۆمەڵی مەکتەبی سیاسی بەبڕوانامەو فەلسەفەی مارکسیزم و سۆسیالیزم دەیان نازی و خۆیان لە هەموو چینەکانی ناو مللەت بە زاناتر و تواناتر دەزانی و تەنها گوێیان لە خۆیان دەگرت و ئەوەی مەبەستیان بوایە بڵاویان دەکردەوە و پێی دەدوان لەناو کۆمەڵدا.

بەڵام مستەفا بارزانی لەناو ژان و ئازاری کۆمەڵی کوردەواریدا پەروەردە ببوو، دەرچووی قوتابخانەی ژیان و ڕووداوەکانی ناو کۆمەڵگای کورد بوو. هەر لە تەمەنی سێ ساڵی بەندکرابوو لەگەڵ دایکیدا لە شاری موسڵ لە ساڵی (١٩٠٦ز)بە دەستی کاربەدەستانی دەوڵەتی عوسمانی.

مستەفا بارزانی هەموو تەمەنی لەگەڵ جەنگاوەران و شۆڕشگێڕان و سیاسەتمەداران و ئەفسەرانی نیشتیمان پەروەرانی کورد بردبووە سەر، وە

دانیشتن و تێکەڵ بوونی کردبوو لەگەڵ سەدان سیاسەتمەدار و دەسەڵاتدارانی ئینگلیز و عێراق و ئێران و دەوڵەتانی یەکێتی سۆڤیەت، وە چەند دانیشتنی کردبوو لەگەڵ سەرۆکی حیزبی شوعی و سەرۆکی یەکێتی سۆڤیەت (نیکاتا خورەشۆف)ەوە دوانزە ساڵ ژیان و پەناهەندەیی لە دەوڵەتانی یەکێتی سۆڤیەت و مۆسکۆی پایتەختیان بەسەر بردبوو.

مستەفا بارزانی لە ساڵی (١٩٣٧-١٩٤٣ن)تەنها لە شاری سلێمانی خوێندویەتی لەسەر ئەرکی حکومەتی عێراق، لە ساڵی (١٩٥٣ن)وەرگیراوە لە پەیمانگای زانستە سیاسیەکان لە مۆسکۆ و تەواوی کردوە. مستەفا بارزانی شارەزایی تەواوی بووە لە ئایینی ئیسلام و زمانەکانی کوردی و عەرەبی و فارسی و ڕووسی و ئازەری و (تورکی)و هەندێك ئینگلیزی کە لەگەڵ میوانە ڕۆژنامە نوسەکان پێی دەدوا و یاری شترەنجی لەگەڵدا دەکردن.

٦-لە پێش بەرپابوونی شۆڕشی ١١ی ئەیلولی (١٩٦١ن)مستەفا بارزانی لەبەر ئەو هۆیانەی کە لە ڕابوردودا باسمان کردن ڕازی نەبوو بە دەست پێکردنی خەباتی چەکداری و ئاشکراکردنی شۆڕش لەو کات و ساتەی کە مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان دیاریان کردبوو بۆ دەست پێکردنی، بەلام مستەفا بارزانی ناچار بوو کەوتە شوێن زۆرینەی دەنگی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ دەست پێکردنی خەباتی چەکداری، وە کاتێکیش کە ڕاپەڕین و شۆڕش دەستی پێ کرد لە ڕۆژی ١١ی ئەیلولی (١٩٦١ن)لە ناوچەی سۆران لە دەربەندی بازیان، مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان کە سەرکردایەتی ناوچەی سۆرانیان دەکرد بەگشتی وەکو سەرکردایەتی پارتی دەوری بەرچاویان نەبوو بۆ ئامادەکاری و ڕێکخستن و سەرکردایەتی تیادا نەبوو، وە ئەوانەی کە پێی هەڵسان و سەرکردایەتیان کردو دەوریان بوو ناوەکانیان دیاری کراوە لە بەشی (بەشداربووانی شەڕی دەربەندی بازیان)هەر هەموو خاوەن موڵکی کشتوکاڵی و ئاغاو سەرۆك عەشیرەت و شێخەکان بوون کە بەرژەوەندیان لێدرابوو لەلایەن حکومەتەکەی عەبدولکەریم قاسمەوە، لە ڕۆژی (٩/٩/١٩٦١ن)دەربەندی

بارزانیـــان گـــرت و ســـەنگەریان لـــەم بـــەرو ئەوبـــەری دەربەنەکـــە لێـــداو لـــە رۆژی (١٩٦١/٩/١١)دایـــان لـــە ســـوپاکەی عەبدولکـــەریم قاســـم و ئێـــوارەی هـــەمان رۆژ هـەموو بڵاوەیـان لێـی کـرد هـەر کۆمەڵـەو بـۆ گونـدەکانی خۆیـان. بـە پێـچەوانەوە، بادینـــان راپـــەڕینی رۆژی ١١ی ئـــەیلولی (١٩٦١)پـــارتی دیمـــوکراتی کوردســـتان پێـــی هەڵسا بـە فـەرمان و رێنـەمایی و نەخـشەی مـستەفا بـارزانی، وە بـە سەرپەرشـتی کۆمەڵێك لە کادیران و مامۆستا و رۆشنبیرانی ناوچەکە.

لـــە رۆژی (١٩٦١/٩/٦)یـــەوە ئامادەکاریـــان کردبـــوو بـــۆی، لـــە رۆژی (١٩٦١/٩/٩)رێگـای دەربەنـدی زاخۆیـان بـڕی، لـە رۆژی ١١ی ئـەیلول قـەزای زاخـۆ و ناحیـــەکانی سمێـــل و نێروەرێکـــان و قـــەزای ئامێـــدیان ئـــازادکرد. وە لـــە رۆژی (١٩٦١/٩/١٢)ناحیـــەی دۆســـکی و ناحیـــەی سەرســـەنگ و ناحیـــەی بامـــەرنێیان ئـازاد کـرد لەگـەڵ شـەقامە سـەرەکییەکانی دهـۆك و سـەر شـاخەکانی، و حەفـدە مەڵبەنـدی پۆلیـسیان گـرت لـە ناوچـەکەدا. دە مەڵبەنـدی سـەر بـە ناوچـەی زاخـۆ بـوو، وە حـەوت مەڵبەنـدی سـەر بـە ناحیـەی دهـۆك بـوو، لەگـەڵ پۆلیـسخانەکانی سەر سنوور، وە زۆربەی ناوچەکەیان ئازاد کرد.

لەبـەر بەرژەوەنـدی گـشتی ناوچـەکە و کـەم دەرامـەتی شـۆڕش و نـەبوونی توانـای پاراسـتنی ناوچـەکە، بـە فـەرمانی مـستەفا بـارزانی و پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان لـە رۆژی (١٩٦١/٩/١٦)کـشانەوە لـە هـەموو شـارو شارۆچـکەکان. تـەنها شـاری زاخـــۆ لـــە رۆژی (١٩٦١/٩/٢٠)لێـــی کـــشانەوە و ئـــەم ســـەرکەوتنەی ناوچـــەی بادینـــان بـــە فـــەرمان و رێنـــەمایی کردنـــی مـــستەفا بـــارزانی بـــوو بـــەهۆی دڵگرانـــی و گرێیـــەك لـــەناو ئەنـــدامانی مەکتـــەبی سیاســـی و بـــەلاوازی خۆیانیـــان زانـــی و یـــەکێك بوو لە هۆیەکانی رق و کینەو دووبەرەکی.

لـــە دوای راپەڕینەکـــەی رۆژی ١١ی ئـــەیلولی ســـاڵی (١٩٦١)لـــە ناوچـــەی ســـۆران و بادینان بۆ ماوەی شەش مانگ شەڕ لە هیچ شوێنێکی کوردستان ڕووی نەدا.

ســەرکردایەتی کــورد و پــارتی دیمــوکراتی کوردســتان دەســتیان کــرد بــە کۆکردنــەوە و کـڕینی چـەك و ناونووسـی کردنـی خـەڵکی بـۆ پێـشمەرگایەتی و گـەڕان بـۆ شـوێنی بنکەو بارەگای پێشمەرگە و رێکخستن و ئامادەکردن.

بەلام هەردوو لا مستەفا بارزانی و کۆمەڵی مەکتەبی سیاسی هەوڵیان دەدا بەرپرسی بنکەو پێشمەرگەکان سەر بەخۆیان بن بەبێ ئاشکراکردنی ناکۆکی و دوو دڵی، لە پاش شەش مانگ راوەستانەکە دەست کرا بە چالاکی و دامەزراندنی بنکەو بارەگای پێشمەرگە و هاندانی سەرۆك عەشیرەتەکان بۆ کردنەوەی بنکەی پێشمەرگە بە ناوی عەشیرەت و نارچەکەیانەوە و شەڕ لە هەموو کوردستان دەستی پێ کرد و درێژەی کێشا.

٧-لە ٨ی شوباتی ساڵی (١٩٦٣ز)حیزبی بەعس و عەرەبە نەتەوەیەکان بە سەرۆکایەتی ئەحمەد حەسەن بەکر و عەبدولسەلام عارف کودەتایان کردە سەر عەبدولکەریم قاسم و دەسەلاتیان گرتە دەست و کەوتنە وتوێژکردن لەگەڵ سەرکردایەتی کورد و پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی، لە پاش چەند جارێك هاتوچۆ و گفتوگۆکردن حکومەتە نوێیەکەی عێراق لەلایەن خۆیانەوە تاك لایەنە بەیاننامەیەکیان بلاوکردەوە و تیایدا ددانیان نا بە مافی (لامەرکەزی)بۆ گەلی کورد، مستەفا بارزانی بەو خالانەی ناو بەیاننامەکە رازی نەبوو و دەیگوت ئەمە مافی کورد نییە کە ئەوەندە قوربانی لە پێناودا دراوە، وە رێکەوتن لەگەڵ ئەم بەعسیانە مەحاڵ و زەحمەتە.

٨-لە ٨ی شوباتی (١٩٦٣ز)حیزبی بەعس و عەرەبە نەتەوەییەکان بە سەرۆکایەتی ئەحمەد حەسەن بەکرو عەبدولسەلام عارف کودەتایان کردە سەر عەبدولکەریم قاسم و دەسەلاتیان گرتە دەست ئەم دوو لایەنە کە هاتنە سەر دەسەلات هەر وەکو بۆ تۆلەسەندن و قەلاچۆکردنی حیزبی شوعی عێراق هاتبنە سەر دەسەلات، کەوتنە گرتن و کوشتنی ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی شوعی لە بەغداو هەموو شارەکانی تری عێراق و بە سەدانیان لێیان کوشت و بەندیخانەکانیان پڕ کرد لێیان لە پیاوان و ژنان.

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی شوعی عێراقی لە عەرەب و کورد بە سەدان هەڵدەهاتن و پەنایان دەبرد بۆ کوردستان بۆ ناوچە ئازاد کراوەکان، بۆ لای سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و شۆڕشی کورد.

شوعیەكانی عێراق هەتا عەبدولكەریم قاسم لەسەر دەسەلآت بوو هەر لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلولەوە سەركردایەتی پارتی و شۆڕشی كوردیان تاوانبار دەكرد بە كۆنە پەرست و برجوازی و دەرەبەگ و نۆكەری ئەمەریكا و ئیسرائیل و بێگانە. ددانی خێریان نەدەنا بە مافی ڕەوای كوردا و پشتگیریكردنی شۆڕشی ئازایخوازی كورد.

مەكتەبی سیاسی پارتی دیموكراتی كوردستان لە ناوچەی سۆران بڕیاریاندا كە پەنای شوعیەكان بدەن و بێن بۆ ناوچە ئازادكراوەكانی كوردستان بەلآم وەكو پەنابەر، بە مەرجێك لەژێر چاودێریدا بن و نابێ چالاكی حیزبی شوعی بنوێنن لە ناوچە ئازادكراوەكانی كوردستان.

شوعیەكان كە چاویان كەوت بە مەرجەكانی مەكتەبی سیاسی پارتی دیموكراتی كوردستان، زیاتر خۆیان لە مستەفا بارزانی نزیك كردەوە و كەوتنە زەم كردنی ئەندامانی مەكتەبی سیاسی و سكرتێری پارتی و تاوانباركردنیان لەلای مستەفا بارزانی و دروست كردنی چەندەها بوختان بە زمانی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدەوە دژ بە مستەفا بارزانی، وە ئەوانەی كە خۆیان لە مستەفا بارزانی نزیك كردبووە چەند ئەفسەرێكی پلەداری حیزبی شوعی كورد بوون.

شوعیەكان داوایان كرد لە مەكتەبی سیاسی پارتی دیموكراتی كوردستان و مستەفا بارزانی سەرۆكی پارتی و شۆڕشی كورد كە مۆڵەتیان بدەن بۆ ئەوەی بەرەیەكی چەكداری دابمەزرێنن لە كوردستان دژی حكومەتی عێراق، ئەم داواكارییەی حیزبی شوعی لەلایەن مەكتەبی سیاسی پارتی دیموكراتی كوردستان پەسەند نەكراو و درایە دواوە، وە شوعیەكان زیاتر خۆیان نزیك كردەوە لە مستەفا بارزانی سەرۆكی پارتی دیموكرای كوردستان و شۆڕشی كورد، وە بۆیان سەلماند كە مەكتەبی سیاسی بەبێ پرس و ڕای ئەو كە سەرۆكی پارتی و شۆڕشە ئەم بڕیارەیان داوە و وە گوێ نادەن بە پرس و ڕای مستەفا بارزانی و نیازیان باش نییە لەگەڵیدا.

مستەفا بارزانیش بەبێ بڕیاری مەكتەبی سیاسی جێگای بۆیان كردەوە لە دەوری خۆی و چەكی پێیان داو بارەگای بۆیان كردەوە لە ناوچەی باڵەك.

ئەمـەش بـوو بـە گـرێ كوێرەیـەكی تـر لـە نێـوان مـستەفا بـارزانی و مەكتـەبی سیاسی و مایەوە.

٩-دووربـوونی بارەگـای مەكتـەبی سیاسـی پـارتی دیمـوكراتی كوردسـتان لـە بارەگـای مـستەفا بارزانیـەوە كـە سـەرۆكی پارتیـە. بارەگـای مەكتـەبی سیاسـی لـە سـنووری پارێزگـای سـلێمانیدا بـوو لـە ناوچـەی مـاوەت بەرامبـەر بـە گونـدی ژاژاوە. بارەگـای مـستەفا بـارزانی سـەرۆكی پـارتی و شـۆڕش لـە سـنووری پارێزگـای هـەولێر بـوو لـە ناوچـەی باڵـەك و بـارزان زیـاتر لـە پێـنج رۆژ ڕێگـا بـەپێ یـان بـە سـواری وڵاخ لـە یەكـەوە دووربـوون لـەكاتی نائاسـاییدا، ئـەو سـەردەمە ڕێگـای هاتوچـۆ لـە نێـوان ناوچـەكانی هـەولێر و سـلێمانی بـە ئۆتۆمبێـل نـەبوو تـەنها شـەقامە سـەرەكیەكان بـوو ئـەویش لـەژێر كـۆنترۆڵی حكومـەتی عێراقـدا بـوو، ئـەم لەیـەك دووربوونـە ببـووە هـۆی ئـەوەی كـە نـەتوانن هـەموو كێـشەیەك لـەكاتی خۆیـدا چارەسـەر بكـەن ڕووبەڕوو و ڕاستەوخۆ بە ڕێگایەكی دیموكراتیانە و لەیەكتر تێبگەن.

هـەر گیروگرفتێـك ڕووی بدایـەو پێویـستی بـە گفتوگـۆ و ڕاوێـكردن بكردایـە لـە نێـوان مـستەفا بـارزانی و مەكتـەبی سیاسـی دەبوایـە بـە ڕێگـای بروسـكەی بێتـەل ئاگـاداری یـەكتریان بكردایـە یـان نوێنـەریان دەنـارد بـۆ لای یـەكتر. ئـەم لەیـەك دووریـە ببـووە هـۆی ئـەوەی وەكـو پێویـست لـەبیرو بۆچـوونی یـەكتر تێنەگـەن و كێـشەكان ئـاڵۆزتر بێـت. وە بـەڕێوەبردنی پـارتی و شـۆڕش ببێـت بـە دوو سـەركردایەتی، سـەركردایەتی مەكتـەبی سیاسـی لـە ناوچـەكانی سـلێمانی و كـەركوك و ناوچـەی دیالـە و بەغـدا. وە سـەركردایەتی مـستەفا بـارزانی لـە ناوچـەی هـەولێر و دهـۆك و دەورووبـەری موسـڵ هـەتا ڕانیـە و قـەڵادزە. ئـەم دوو سەركردایەتیەش بوو بە هۆی جیاوازی لە كاروبارەكانیاندا.

١٠-مەكتـەبی سیاسـی و زۆربـەی ئەنـدامانی كۆمیتـەی ناوەنـدی پـارتی دیمـوكراتی كوردسـتان لـە ناوچـەی سـۆراندا بـوون. ڕێكخـستنی پـارتی و كاروبـاری شۆڕشـیان دەبـرد بـەڕێوە لـە ناوچـەی سـۆران بـەبێ ڕاوێـژكردن و بڕیـاری مـستەفا بـارزانی، وە لـە زۆربـەی كاروبارەكانیانـدا پرسـیان پێـی نـەدەكرد و بایـەخیان پێـی نـەدەدا، بـەبێ بیركردنـەوە لـە ناوچـەكانی هـەولێر و دهـۆك و دەورووبـەری موسـڵ كـە هـیچ

ئەرکێکیان نەبوو لەسەر مەکتەبی سیاسی و تەنها بە فەرمان و بڕیاری مستەفا بارزانی دەچوو بەڕێوە.

وە بەبێ بیرکردنەوە و ڕەچاوکردنی بەرژەوەندیەکانی شۆڕشی ئازادیخوازی کورد و بەرژەوەندی نەتەوایەتی، وە بیرکردنەوە لەوەی کە زۆر لە ڕۆشنبیران و ئەفسەران و پیاوانی ئایینی و سەرۆك عەشیرەتەکانی کورد، پارتی نەبوون و کەوتبوونە شوێن باوەڕو متمانە بە مستەفا بارزانی و دروشمی کوردستان یان نەمان، دەیانویست بە کۆبوونەوەی یەك لە دوای یەك و بلأوکردنەوەی نووسراوەکانیان بە گەلی کوردی بسەلمێنن کە بەبێ مستەفا بارزانی دەتوانن پارتی دیموکراتی کوردستان و شۆڕشی ئازادیخوازی کورد دەبەن بەڕێوە.

١١-مەکتەبی سیاسی و مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد لە بیروبۆچوونی خۆیاندا وایان دانابوو خێڵەکانی هەرکی و سورچی و زێباری کە زۆریان لە ساڵەکانی (١٩٤٥ن)ەوە چەکداری حکومەتەکانی یەك لە دوای یەکی عێراق بوون و دوژمنایەتیان هەبوو لەگەڵ بنەماڵەی مستەفا بارزانی و سەر بە حکومەتی عێراق بوون، وە چەکیان هەلگرتبوو دژی شۆڕشی ئازادیخوازی کورد.

مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان چەند جارێك بەبێ ئاگاداری مستەفا بارزانی پەیوەندیان کردبوو بەو خێڵانەی کە ناومان بردن بۆ ئەوەی لای حکومەتی عێراق بەربدەن بێنە ناو شۆڕشی ئازادیخوازی کورد. بەلآم ئەوان هەموو جارێك دەیانگوت ئێمە دژی شۆڕشی کورد نین و نەوەستاوین، ئێمە دوژمنایەتی کۆنمان هەیە لەگەڵ بنەماڵەی مستەفا بارزانی، وە بۆیە لای حکومەتی عێراقمان گرتووە بۆ ئەوەی جارێکی تر مستەفا بارزانی لە عێراق دەربکەین.

مەکتەبی سیاسی وایان دانابوو لە بیروبۆچوونی خۆیاندا و لەناو جەماوەریشدا بلأویان دەکردەوە و دەیانگوت ئەگەر دەرکردن و دوورخستنەوەی مستەفا بارزانی لە سەرۆکایەتی پارتی و شۆڕشی ئازادیخوازی کورد سەر بگرێت ئەو خێلأنە جێگای خێڵی بارزانیان بە هەموو تیرەکانیەوە دەگرنەوە و لای

حكومـــەتی عێـــراق بـــەر دەدەن دێنـــە پـــاڵ شۆڕشـــی ئـــازادیخوازی كـــورد بـــە سەرۆكایەتی مەكتەبی سیاسی پارتی دیموكراتی كوردستان.

١٢-پتـــەوبوونی پەیوەنـــدی نێـــوان مامۆســـتا ئیـــبراهیم ئەحمـــەد و ئەنـــدامان مەكتـــەبی سیاســـی و كۆمیتـــەی ناوەنـــدی پـــارتی دەوری بـــاڵای بـــوو بـــۆ كەســـب كردنـــی زۆربـــەی دەنگـــەكانی ئەنـــدامانی مەكتـــەبی سیاســـی و كۆمیتـــەی ناوەنـــدی بـــۆ دوورخستنەوەی مستەفا بارزانی لە سەرۆكایەتی پارتی و شۆڕشی كورد.

مامۆســـتا ئیـــبراهیم ئەحمـــەد لـــەو ســـەردەمە پێیـــان دەگـــوت فەیلەســـوفی حیـــزب كـــارێكی وای كردبـــووە ســـەر ئەنـــدامانی مەكتـــەبی سیاســـی و كۆمیتـــەی ناوەنـــدی هـــەر بڕیارێـــك لەلایـــەن ئـــەوەوە دەربـــچوایە گەڕانـــەوەی نـــەبوو دەیـــان گـــوت جێبـــەجێی بكـــە ئینجـــا لێكۆڵینـــەوە ڕەخنـــە بگـــرە، دووەم كـــەس لـــە دوای ئیـــبراهیم ئەحمەد لەناو مەكتەبی سیاسی جەلال تاڵەبانی بوو.

جـەلال تاڵـەبانیش بـە تـەمای (هێـرۆ خـانی)كـچی ئیـبراهیم ئەحمـەد بـوو و نـاوی لێـی هێنـابوو، بـەلآم نـەی گواسـتبووە، ئەمـەش هۆیـەكی بـەهێزبوونی پەیوەنـدی نێـوان مامۆسـتا ئیـبراهیم ئەحمـەد و جـەلال تاڵـەبانی بـوو. وە پەیوەنـدی بـەهێزی نێـوان جەلال تاڵەبانی و عومەر مستەفا دەبابە كە هەردووكیان خەڵكی كۆیە بوون.

پەیوەنـــدی بـــەهێزی ئـــەمانیش لەگـــەڵ ئەنـــدامانی تـــری مەكتـــەبی سیاســـی و كۆمیتـەی ناوەنـدی بـوو بـەهۆی یـەكگرتن و بـەهێزی كۆمـەڵی مەكتـەبی سیاسـی دژ بە مستەفا بارزانی.

١٣-كۆمـــەڵی مەكتـــەبی سیاســـی ڕازی بـــوون بـــە نـــاوەڕۆكی بەیاننامەكـــەی حكومەتەكـەی ئەحمـەد حەسـەن بـەكر و عەبدولسـەلام عـارف بـۆ (لامەركـەزی)بـۆ كوردســـتان، بـــەلآم مـــستەفا بـــارزانی لەســـەر بڕیارەكـــەی خـــۆی دانەبـــەزی و بەیاننامەكـــەی لامەركـــەزی ڕەتكـــردەوە و بـــەبێ پرســـی مەكتـــەبی سیاســـی پرۆژەیـــەكی تـــری دا بـــە حكومـــەتی عێـــراق بـــەناوی (پـــرۆژەی ڕاســـتەوەكراوی كورد)و داوای شێوە فیدرالیەكی تیادا كردبوو.

حكومـەتی عێـراق بەرامبـەر بـە پرۆژەكـەی مـستەفا بـارزانی ناڕەزاییـان دەربـڕی و پرۆژەكەیان بلآوكردەوە لە ڕۆژنامەكان و ئێزگەكانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن، وە پرۆژەكەیان

دانا بە جیاوازی کارو جیابوونەوە (شیمالی عێراق)و چەندین تاوان و بوختانیان دایە پاڵ سەرکردایەتی شۆڕشی کورد و پارتی دیموکراتی کوردستان و مستەفا بارزانی و لە مانگی حوزێرانی (١٩٦٣ز)شەڕی کوردستان دەستی پێ کردەوە و شۆڕشی کورد درێژەی کێشا.

١٤-ناحەزی و دووبەرەکی نێوان کۆمەڵی مەکتەبی سیاسی و مستەفا بارزانی ڕۆژ بە ڕۆژ پەرەی دەسەند و ڕاگەیاندنەکانی مەکتەبی سیاسی لەناو جەماوەری کورد و ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان چەندین بەڵگەو بوختانیان دروست دەکرد و دەیان دایە پاڵ مستەفا بارزانی کە سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان و شۆڕشی کورد بوو.

لەناو شارەکانی سلێمانی و کەرکوك و دیالە و بەغدا بلاویان دەکردەوە کە خۆی فرۆشتووە بە حکومەتەکەی عەبدولسەلام عارف و پارەی وەرگرتووە و پێشمەرگەی لە ناوچە ئازادکراوەکان کشاندوەتەوە و ئیدارەی حکومەتی گەڕاندوتەوە. هتد...

لە ڕۆژی (٥/٤/١٩٦٤ز)مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرپەرشتی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد کۆبوونەوەیەکی فراوانیان بەست لە مالومە لە ناوچەی سورداش، سەر بە پارێزگای سلێمانی و کۆمەڵێکیان پێکهێنا بە ناوی مەکتەبی سیاسیەوە کە پێکهاتبوون لە: ١-جەلال تالەبانی ٢-عەلی عەبدوللا ٣-سالح عەبدوللا یوسفی ٤-عومەر مستەفا (دەبابە) ٥-هاشم حەسەن عەقراوی ٦-عەبدول حوسێن فەیلی و ناردنیان بۆ لای مستەفا بارزانی لە قەسرێ.

ئەم کۆمەڵە بە سواری ئەسپ و هێستر بە ماوەی شەش ڕۆژ گەشتنە لای مستەفا بارزانی لە قەسرێ لە ناوچەی گلاڵ. هاشم حەسەن عەقراوی گوتی لە پاش شەش ڕۆژ گەیشتینە لای مستەفا بارزانی و لە دوای نیوەڕۆ دەست کرا بە گفتوگۆ و لێکۆڵینەوە لە نێوان مستەفا بارزانی و نوێنەرانی مەکتەبی سیاسی و ڕەخنە لە یەکگرتن و شیکردنەوەی باسە ناحەزو ناکۆکەکان و خاڵەکانی جیاوازی نێوانیان.

دانیشتنەکەیان درێژەی کێشاو لە پاش کاتژمێری دوانزەی شەو نەگەیشتن بە ئەنجام و دوا قسەی مستەفا بارزانی گوتبووی (من شۆڕشم دەست پێکردووە و دەیبەمە بەر دەرگای هەموو ماڵە کوردێك، ئەوەی باوەشی بۆ بگرێتەوە و لەگەڵمدا بێت دڵسۆز و

شۆڕشگێرە، وە ئەوەی بەرهەڵستی بكات جاشە و لێی دەدەم، ئیتر هیچ قسەیەكی تـرم نییە و نەماوە).

بۆ ڕۆژی دوایی نوێنەرەكانی مەكتەبی سیاسی گەڕانەوە بۆ ماڵومەو وەلامەكـەی مـستەفا بارزانیـان گەیانـدەوە بـە مامۆسـتا ئیـبراهیم ئەحمـەد و ئەنـدامانی مەكتـەبی ساسـی و كۆبوونەوەیەكیان كرد لەسەری و بڕیاریان دا كە ئەم باسە ڕابگیرێت و دوا بخرێـت لەبـەر ئەوەی ناتوانن بە ئاسانی مستەفا بارزانی دوور بخەنەوە لەپارتی دیموكراتی كوردسـتان و سەركردایەتی شۆڕشی ئەیلول، وە بارودۆخەكە نەگونجاوە.

لـە دوای وتوێژكـەی ئـازاری (١٩٦٣ن)لەگـەڵ حكومـەتی بـەعس و عەبدولـسەلام عـارف و بلاوكردنەوەی بەیاننامەی (لامەركەزی بۆ كوردستان)دووبەرەكییەكە سەر لەنوێ سـەری هەڵدایـەوە لـە نێـوان مـستەفا بـارزانی و مەكتـەبی سیاسـی بەسەرپەرشـتی مامۆسـتا ئیبراهیم ئەحمەد بەرەبەرە پەرەی سەند.

لە ناوچەی سۆران و لـە بەغدا لـە كۆبوونـەوەكانی پارتیـدا هـانی جـەماوەریان دەدا كـە پشتگیری سەركردایەتی كۆمەڵ بكەن و بەرهەڵـستی تـاك پەرسـتی و شـەخس پەرسـتی بكـەن، بارودۆخەكـە ڕۆژ بـە ڕۆژ ئـاڵۆزتر دەبـوو هـەتا مـانگی ئـازاری سـاڵی (١٩٦٤ن)بەشێوەیەكی ئاشكرا مەكتەبی سیاسی پەردەیان لەسەر دووبـەرەكی هەڵدایـەوە و كەوتنە بەربەرەكانی كردنی مستەفا بارزانی و تاوانباركردنی بـە عەشـایەرو دكتـاتۆر و خۆ فرۆش و ئەوەی كە مەبەستیان بوایە.

لەسەرەتاوە تەنها نووسراوەكانی مەكتەبی سیاسی بەناو پارتی دیموكراتی كوردسانەوە بلاو دەكرایەوەو دەگەیشتە ڕێكخراوەكانی پارتی لـەناو شـارەكانی كوردسـتان و بەغداو دێهاتـەكانی ناوچـەی سـۆران، وە مـستەفا بارزانیـان تاوانبـار دەكـرد بـە فرۆشـتنی بزووتنـەوەی ئـازادیخوازی كـورد و كوردسـتان بـە مـۆز و پرتـەقاڵ بـە حكومەتەكـەی عەبدولسەلام عارف، ڕۆژ بە ڕۆژ نـاكۆكی و تاوانباركردنەكـە پـەرەی دەسـەند و لـە زیـاد كردندا بوو، هەموو جۆرە بەڵگەیەكیان بۆی ڕێـك دەخـست بـۆ تەسـلیم كردنـی ناوچـەی ئـازاد كراوەكـان بـە حكومـەتی عەبدولـسەلام عـارف و خـۆ بەدەسـتەوەدانی پێشمەرگەو...هتد. وایان ڕادەگەیاند كە مەكتەبی سیاسـی زۆریـان هەوڵـداوە بـە ڕێگـای وتوێژ و ڕێك بكەون، بەلام مستەفا بارزانی نەیویـستووە ڕێـك بكـەوێت لەگەڵیانـدا، هـەتا

وای لێهات مەکتەبی سیاسی بەناوی خۆیان و ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیەوە بەیاننامەیەکیان بڵاوکردەوە و لە بەیاننامەکەدا مستەفا بارزانیان دەرکرد و دوورخستەوە لە سەرۆکایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و شۆڕشی ئازادیخوازی ئەیلول، وە ئەوانەی کە بەیاننامەکەیان واژوو کردبوو لە کۆبوونەوەکەدا ئەم ناوانەی خوارەوە بوون:

١-ئیبراهیم ئەحمەد٢-جەلال تاڵەبانی ٣-نوری سدیق شاوێس ٤-عەلی عەبدوڵلا ٥-سەید عەزیز شەمزینی ٦-عەبدولرەحمان زبێحی ٧-عومەر مستەفا ٨-عەلی عەسکری ٩-عەلی حمدی ١٠-نوری ئەحمە تەها. (لە پاش ماوەیەکی کەم عەلی عەبدوڵلا و نوری شاوێس و نوری ئەحمەد تەها گەڕانەوە بۆ لای مستەفا بارزانی و لە کۆنگرەی حەوتی پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی هەڵبژێردرانەوە بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان، ن.س).

مەکتەبی سیاسی بە سەرپەرشتی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد بەیاننامەکەیان بڵاوکردەوە بەسەر هەموو لق و ناوچەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەموو شارو شارۆچەکەو دێهاتەکانی کوردستان و شاری بەغدا.

لەسەرەتاوە مەکتەبی سیاسی توانیان بە ڕێگای کۆبوونەوەی لەسەر یەك و بەیاننامەکانیانەوە زۆربەی ڕێکخستنەکانی ناو شارو شارۆچکەکان بەلای خۆیاندا ڕابکێشن لە ناوچەکانی سۆران و شاری بەغدا.

مستەفا بارزانی و لایەنگرانی لە سەرەتاوە هیچ ڕاگەیاندن و نووسراو و بەیاننامەیەکیان نەبوو بۆ گەیاندنی دەنگ و ڕاوبۆچوونی خۆیان بەرامبەر بەو بەیاننامەو نووسراوانەی مەکتەبی سیاسی و تاوانبارکردنی، وە بەرگری کردن لە خۆیان و مستەفا بارزانی، وە ناحەزەکانیان بە درۆ بخەنەوە و تاوانباریان بکەن وەکو کۆمەڵی مەکتەبی سیاسی و ڕاگەیاندنەکانیان دەیانکرد و بڵاویان دەکردەوە.

# نامەی مستەفا بارزانی بۆ جەلال تالەبانی

مستەفا بارزانی لەکاتی دروست بوونی دووبەرەکیەکەدا زۆری مەبەست بوو کە جەلال تاڵەبانی ڕابکێشێت بەلای خۆیداو دووری بخاتەوە لە مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد و کۆمەڵی مەکتەبی سیاسی، بۆ ئەم مەبەستە لە ڕۆژی (١٩٦٥/٤/٥)ن مستەفا بارزانی ئەم نامەی خوارەوەی نووسیوە و بە بروسکە ناردویەتی بۆ جەلال تاڵەبانی، ئەمەش دەقی بروسکەکەی مستەفا بارزانیە بە بۆچوون نووسینی خۆی.

[1] برای عەزیزی خۆم جەلال تاڵەبانی زۆر موحتەرەم زۆر سەلام و ئیحترام بۆ هەمووتان تەقدیم دەکەم، الحمدلله ئێمە سەلامەتین و انشاء الله ئێوەش سەلامەتن و سەلامەت دەبن.

فکری حەقیقی لە ئیمڕۆی واقیعی بفەرموون، مەسڵەحەتی شەعبی کوردی ڕەعایەت بکەن، وە بەقسەی مەسڵەحەت پەرستان نەکەن، وە فکری خۆت چاك بکەی، تۆ لەگەڵ مللەتی کوردی یان لەگەڵ ئەشخاصی موعەیەن کە بۆ فیتنەو فەساد دەڕۆن، دەبێ جارێکی تر باش فکری خۆتی لێ بکەی، تۆ تەرەف داری دوژمنانی مەسڵەحەتی کورد و کوردستانی یاخود لەگەڵ برای حەقیقی خۆت دەبی؟. وە من بە خصوصی تەبلیغت دەکەم (یابني ارکب معنا ولاتکن مع الکافرین) معنی الکفر إخفاء الحق و اخفاء الصدق و بذر الفساد بدون حق مبرر، جلال اطلب منك بصفتي رئیس الحزب الدیمقراطي الکردستاني، و بصفتي إني قائد ثورة الکردستان، بصفتي أني ممثل الشعب الکردي.

وەرە لام بانگت دەکەم وەك کوڕی عەزیز بۆ خۆم و کوردستان بە قسەی هیچ کەسی تر مەکە، وەرە بۆ لای شەعب، مەچۆ بۆ لای ئەوان. کەسان کە خەریکن ئەوان شەعب بۆ خۆیان بفرۆشن، ئەوانەش ڕوو ڕەش دەبن لەلای شەعبی

---

[1] گۆڤاری سەدەی ٢١، ژمارە ٩، ل٤٤-٤٥، نامەی ناوبراو بەڕێز، نەوزاد عەلی ئەحمەد، لە سویدەوە ناردویەتی بۆ گۆڤاری ناوبرا، بە داخەوە وەڵامی ئەم نامەیە نەبوو بۆ ئەوەی بینووسینەوە و دەستمان نەکەوت.

کوردی و لە تاریخی کوردستان دا. ئەم ڕێگایەی ئەوان دەیگرن هەر قسەی ڕوو ڕەشی و مەحروم بوونە لە شەرەفی موستقبەلی نزیك، جارێکی تر هەر دوو چاوت ماچ دەکەم، وەرە لام و لەگەڵ من و میللەتی کورد و کوردستان بژی یان بمرە. لەگەڵ خائن و نا ئەمەل مەبە، وەرە لام لەگەڵما وەك برای خۆم.

چونکە ئەو ظابط و عەسکەرانە اطاعتي ئەمری منیان کرد، وە رجام وایە جەنابتان اطاعتي ئەوامر بۆ مەسڵەحەتی شەعبی کوردی دەکەن، وە بە درۆی خائینانی نەگۆڕیەوە، وە بزانی هەق چیە. وە ئەمەش بۆ تاریخی کوردستان طلب دەکەم، هەقی خۆت بە خۆتە، وەرە بۆ لام، وەرە بۆ لام. مەچۆ بۆ لای غەڵەت، مەچۆ بۆ لای غەڵەت. مەچۆ بۆ لای غەڵەت.

جەلال عاقل بە، مەبە بە جەلالەشێت، إنشاء الله خوا نامان کات بە سەبەبی زەرەری میللەتی کورد بۆ کوردسی چەند کەسان وەکو خۆت چاوت لێیە و گوێشت لێی بووە.

ئیتر خۆت تەقدیری مەوقف دەزانی.

ئەمانەت بە خوابی.

برای موخلصتان

مستەفا بارزانی

٥/٤/

١٩٦٤ز

*<u>گۆڤاری سەدەی (١)ژمارە (٩)ل،٤٤-٤٥، نامەی ناوبراو نەوزاد عەلی ئەحمەد لە سویدەوە ناردوویەتی بۆ گۆڤاری ناوبراو. بەداخەوە وەڵامی جەلال تاڵەبانی لەگەڵدا نەبووە.</u>*

## كۆنگرەی شەشی پارتی دیموكراتی كوردستان بە سەرۆكایەتی مستەفا بارزانی

[١] لە دوای بلاوكردنەوەی بەیاننامەكەی مەكتەبی سیاسی پارتی دیموكراتی كوردستان. كۆمەڵەكە مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد بۆ دەركردن و دوورخستنەوەی مستەفا بارزانی لە سەركردایەتی پارتی دیموكراتی كوردستان و شۆڕشی ئەیلول.

مستەفا بارزانی چەند كەسێكی لە ئەندامانی كۆمیتەی ناوەندی پارتی نارد بۆ مەكتەبی سیاسی لە ماوەت و داوای لێیان كرد كە پاشگەز ببنەوە لە بەیاننامەكەیان و ئامادەكاری بكەن بۆ بەستنی كۆنگرەی شەشی پارتی و لە بەردەم نوێنەرانی لق و ناوچەكان و ئامادەبووانی كۆنگرەكە هەموو خاڵە ناكۆك و ناحەزەكانی نێوانمان دەخەینە ڕوو، وە ئامادەبوانی كۆنگرە دەكەین بە دادوەر و سەركردایەتیەكی نوێ بۆ پارتی دیموكراتی كوردستان هەڵدەبژێرین.

كۆمەڵی مەكتەبی سیاسی ڕازی نەبوون بە داواكارییەكەی مستەفا بارزانی و بەردەوام بوون لەسەر بڕیاری خۆیان و دانەبەزین.

مستەفا بارزانیش وەكو سەرۆكی پارتی لەلایەن خۆیەوە بلاوی كردەوە و داوای كرد لە لق و ناوچەو ڕێكخراوەكانی پارتی دیموكراتی كوردستان بۆ بەستنی كۆنگرەی شەشی پارتی دیموكراتی كوردستان، وە داوای كرد لە كۆمەڵی مەكتەبی سیاسی كە ئامادەبن و بەشداری تیادا بكەن، كۆمەڵی مەكتەبی سیاسی داواكارییەكەی مستەفا بارزانیان دایە دواوە و بەشداریان نەكرد لە كۆنگرەكەدا.

لەسەر ئەو داواكارییەی مستەفا بارزانی كۆمەڵێك لە ئەندامانی كۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموكراتی كوردستان و نوێنەرەكانی لق و ناوچەكان و كادرانی

---

[١] خەباتی چەكداری و ڕامیاری نەتەوایەتی كورد، نەجم سەنگاوی، ١٨٣

پێشکەوتووی پارتی ئامادەبوون و لە سەرەتای مانگی تەمموزی (١٩٦٤ن)کۆنگرەی شەشی پارتی دیموکراتی کوردستانیان بەست لە قەلآدزە بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی.

لە پاش خوێندنەوەی راپۆرتەکان و لێکۆڵینەوە، ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی هەڵبژێردران، وە بەناوی کۆنگرەو بریاری دوورخستنەوەی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد و کۆمەڵەکەی کە ناویان لە بەیاننامەکەی مەکتەبی سیاسیدا هاتبووە بۆ دوورخستنەوەی مستەفا بارزانی لە سەرۆکایەتی پارتی و شۆڕشی ئەیلول دەرکرد و بلآویان کردەوە.

وە سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستانیان هەڵبژارد لەم ناوانەی خوارەوە:

١-مستەفا بارزانی-سەرۆکی پارتی.

٢-حەبیب موحەمەد کەریم فەیلی-سکرتێری پارتی.

٣-دکتۆر مەحمود عەلی عوسمان-ئەندام ٤-ئیسماعیل مەلا عەزیز-ئەندام.

٥-دکتۆر فوئاد جەلال غەریب-ئەندام. ٦-عومەر شەریف-ئەندام. ٧-شێخ موحەمەد هەرسینی-ئەندام.٨-هاشم حەسەن عەقراوی-ئەندام. ٩-ساڵح عەبدوڵلآ یوسفی-ئەندام.١٠-موقەدەم عەزیز حەسەن عەقراوی-ئەندام. ١١-عەبدوڵلآ حوسەین فەیلی-ئەندام. ١٢-فاتیح حمە ئەمین بەگ-ئەندام ١٣-شەفیق ئەمین-ئەندام ١٤-نەعمان عیسا-ئەندام ١٥-عەلی سنجاری-ئەندام.

# هێرشی مستەفا بارزانی و کشانەوەی کۆمەڵی مەکتەبی سیاسی کۆن بۆ ناو ئێران

[1]لە پاش تەواوبوونی کۆنگرەی شەشی پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی لە شاری قەلادزە بە چەند هەفتەیەک مستەفا بارزانی لەشکرێکی پێکهێنا بە سەرکردایەتی خۆی لە (٧٠٠)پێشمەرگ پێکهاتبوون بۆ گرتنی ئەو ناوچانەی کە لەژێر دەسەڵاتی کۆمەڵی مەکتەبی سیاسی کۆندا بوون.

مستەفا بارزانی بە خۆی و لەشکرەکەیەوە لە ناوچەی باڵەکایەتیەوە کەوتنە ڕێ بۆ ناوچەکانی ڕانیەو قەلادزە، وە لەوێوە بۆ ناوچەی ماوەت کە بارەگای مەکتەبی سیاسی کۆنی لێ بوو بەرامبەر بە گوندی ژاژەڵە لە نزیك ماوەت، لەو سەردەمەدا بە بارەگای مەکتەبی سیاسییان دەگوت (پیرمام) بە گەیشتنی مستەفا بارزانی و لەشکرەکەی بۆ ناوچەکە، پێشمەرگەکانی مستەفا بارزانی و مەکتەبی سیاسی کۆن بەرەنگاری یەك بوونەوە و شەڕی براکوژی دەستی پێ کرد، لە پاش شەڕێکی چوار کاتژمێری کۆمەڵی مەکتەبی سیاسی کۆن دەیان زانی کە خۆیان بۆ ڕاناگیرێت بەرامبەر بە پێشمەرگەکانی مستەفا بارزانی، هەرچی نووسراو و بەڵگەبوو سوتاندیان، وە هەرچی ئازوقەبوو لە ئارد و برنج و ڕۆن و شەکر و چای بوو هەموویان کردە ناو ئاوەکەی ژاژەڵەوە و بە خۆیان و چەکەکانیانەوە لە ئاوەکەی ژاژەڵە کە سنووری عێراق و ئێران بوو پەڕینەوە بۆ بەری ئێران و خۆیان دا بەدەستەوە بە پاسەوانەکانی سنووری ئێران و چەکەکانیان لێیان وەرگرت و ڕەوانی شاری (هەمەدان)یان کرد و لە

[1] خەباتی چەکداری و ڕامیاری نەتەوایەتی کورد، نەجم سەنگاوی، ل١٨٤

سنوورەكانی عێراق دووریان خستنەوە، لە هەمدان مانەوە هەتا مانگی نیسانی ساڵی (١٩٦٦ن).

لە پاش پەڕینەوەی كۆمەڵی مەكتەبی سیاسی كۆن بەری ئێران و گرتنی ناوچەی ماوەت لەلایەن پێشمەرگەكانی مستەفا بارزانیەوە. مستەفا بارزانی شەو لە ماوەت لە ماڵی حاجی عەلی قەشان مایەوە، بە رۆژی دووەم مستەفا بارزانی لەگەڵ هێزەكەیدا كەوتنە رێ بەرەو ناوچەكانی چوارتاو پێنجوێن، هەر بە دەم رێگاوە لێپرسراوانی دامەزراند لە لایەنگران و دۆستانی خۆی بۆ هێزو بەتالوێن و لقەكانی پێشمەرگە.

وە كادر و بەرپرسانی سیاسی بۆ لق و ناوچەو رێكخراوەكانی پارتی دیموكراتی كوردستان دامەزراندا و گەڕایەوە بۆ ناوچەی باڵەك، هەموو ناوچەكانی باشووری كوردستان كەوتنە ژێر دەسەلآتی مستەفا بارزانی و پێشمەرگە و پارتی دیموكراتی كوردستان.

# ئەنجامی دووبەرەکی نێوان مەکتەبی سیاسی و مستەفا بارزانی لەناو گەلی کورد دا

[1] ئەم دووبەرەکیە ڕەنگدانەوەیەکی خراپی بوو لەناو میللەتی کوردا بەگشتی وە لە ناو چینەکانی ڕۆشنبیران و سیاسیەکان بەتایبەتی، کە دووبەرەکیەکەی کەوتە بەرگوێی خەڵکی و باس دەکرا لەناو ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و کۆمەڵ و چینەکانی گەلی کوردا.

لە هەموو ماڵ و چایخانە و ڕێگاوبان و لەسەر ئیش و کارەکان و شوێنە گشتیەکان باس باسی دووبەرەکی بوو لە نێوان مستەفا بارزانی و مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان و هەر یەکەو لایەنگیری لایەکیان دەکرد و هەندێکی هەوڵی دەدا ئەوی تریان ڕازی بکات و بیکات بە لایەنگیری ئەوەی کە خۆی پشتگیری لێ دەکات ئەم دووبەرەکیە بە جارێك ئەژنۆی گەلی کوردی شکان و وورەی پێ بەردا و نائومێدی لە مێشکیاندا دەزرنگایەوە و خۆیان بەرەنج سوتاو دەزانی.

چونکە ئەوەی کە جێگای ئومێد و ڕووناکی بوو بۆ دوا ڕۆژ گەلی کورد و ڕێگای ئازادی و سەرفرازی لێوە دەبینرا و دەردەکەوت تەنها ئەو بزووتنەوە ڕێك و پێکە بوو هەتا ئەو سەردەمەی میللەتی کورد کە هەموو چینەکانی گەلی کوردی لە خۆی کۆکردبووەوە، وە میللەتی کورد یەکگرتنی وای بە خۆیەوە نەبینیبوو. ئەو دووبەرەکیە گەورەترین ترس و سامناکی بوو لەو ڕۆژانەدا بۆ بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد و دوا ڕۆژی.

حکومەتەکانی یەك لە دوای یەکی عێراق و دوژمنانی گەلی کورد ئاواتەخوازی ڕۆژێکی وابوون بۆ دروست بوونی دووبەرەکی لەناو بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد و ریزەکانی بۆ لاوازکردنی و لەناوبردنی بزووتنەوەی ئازادیخوازەکەی.

چونکە دەیانزانی ئەگەر گەلی کورد یەکگرتوو و یەك ریز و یەك دەست و یەك سەرکردایەتی بێت ناتوانن بە هێزی چەکداری زاڵبن بە سەریدا و لەناوی ببەن، هەر چەندە

[1] خەباتی چەکداری و رامیاری نەتەوایەتی کورد، نەجم سەنگاوی، ل١٩٠

گەلی كورد بیّ پشتیوانەو دۆستی هاوسنووری نییە، ئەگەرچی لەو ڕۆژەی گەلی كورد لە هەموو جیهانیشدا دۆستێكی ئاشكرای نەبوو كە دەستی یارمەتی بۆ درێژ بكات و پشتگیری بكات.

ڕەنگدانەوەی ئەم دووبەرەكیە بوو بەهۆی دانیشتن و كۆڵدان و دووركەوتنەوەی سەدان كەس لە ڕۆشنبیران و كادران و ئەندامانی پارتی دیموكراتی كوردستان و پێشمەرگە و لێپرسراوانی لە ریزەكانی بزووتنەوەی ئازادیخوازی كورد و دووركەوتنەوەیان لە پارتی دیموكراتی كوردستان و كوردایەتی.

چونكە گەلی كورد ئەوەیان لێوە دیاربوو كە ئەم دووبەرەكییە دەبێتە هۆی براكوژی و دەست چوونە خوێنی یەكتری، وە ئەم دووبەرەكییەش تەنها دوژمنانی كورد نەبێت كەس سوودو قازانجی لیّ وەرناگرێت.

ئەو سەردەمەی گەلی كورد بە قۆناخێكی سەخت و ترسناك و ناسكدا تێدەپەڕی، میللەتی كورد بەگشتی مافی نەتەوایەتی و داگیركەرانی نیشتیمانەكەی لەبیركردبوو بەهۆی دووبەرەكی و بەربەرەكانی یەكترییەوە، وە هەڕەشەكردن و سەنگەر گرتن لە یەكتر و چوونە سەر یەكتر و تەقە لەیەكتر كردن.

حكومەتەكەی عەبدولسەلام عارف و دوژمنانی گەلی كورد لە خۆشیا دووریان گرتبوو و ببوونە سەیركەر و چاوەڕوانی بەزینی لایەكیان دەكرد بۆ ئەوەی كە زاڵبن بەسەر ئەو لاكەی تریاندا.

ئەم دووبەرەكیە وای كردبوو لە میللەتی كورد كەس بڕواو متمانەی بە كەس نەدەكرد، دوو برا لە ماڵێكدا هەریەك لایەنگیری لایەكیان دەكرد، وە ڕاوبۆچوونی جیاوازیان هەبوو.

وە ئەوانەی كە لەوەوپێش پێكەوە لە سەنگەرێكدا دەجەنگین یان لە شانەیەكی پارتیدا ڕێكخستن یان دەكرد و لە ترسناك ترین ڕۆژدا یەكیان دەگرت و كۆدەبوونەوە، بڕواو متمانەیان بەیەك نەمابوو و مەترسیان لە یەكتر دەكرد. ئەم دوو بەرەكییە بوو بەهۆی كوشتنی دەیان ڕۆڵەی ئازاو قارەمان و چاونەترسی كورد بە دەستی برای كوردی لە شەڕەكانی دووبەرەكیدا، وە بوو بەهۆی دواكەوتن و لاوازبوونی بزووتنەوەی ئازادیخوازی كورد لە هەموو ڕوویەكەوە.

# ڕۆیشتنی كۆمەڵی مەكتەبی سیاسی كۆن بۆ ئێران و گەڕانەوەیان

[1] مستەفا بارزانی لە مانگی ئابی (١٩٦٤ز)لە ناوچەی باڵەكایەتیەوە كەوتە ڕێ بۆ ناوچەكانی ڕانیەو قەڵادزە و لەوێوە بەرەو ماوەت كە مەكتەبی سیاسی كۆنی لێ بوو.

لە پاش چوار كاتژمێر شەڕ لەگەڵ پێشمەرگەكانی مەكتەبی سیاسی–ناوچەكەیان كۆنتڕۆڵ كرد و پێشمەرگەكانی مەكتەبی سیاسی خۆیان بۆ ڕانەگیراو لە بەرامبەر گوندی (ژاژەڵە)وە پەڕینەوە و ڕۆیشتن بۆ ناو ئێران و خۆیان دا بەدەست سوپای ئێرانەوە و لەوێوە دەوڵەتی ئێران ناردنی بۆ (هەمەدان)و لەوێ مانەوە.

مستەفا بارزانی چەند جارێك ناردی بە شوێنیاندا بۆ ئەوەی كە بگەڕێنەوە بۆ كوردستان، بەڵام ڕازی نەدەبوون بگەڕێنەوە. لە مانگی ئازاری (١٩٦٦ز)مستەفا بارزانی بڕیاری لێبوردنی گشتی دەركرد بۆ هەموو ئەندامانی مەكتەبی سیاسی كۆن و ئەوانەی كە لەگەڵیاندایە لە ئێران و لە كوردستان، وە نوێنەری خۆی نارد بە شوێنیاندا بۆ ڕازی كردنیان و گەڕانەوەیان بۆ كوردستان و لەناوچەیەكی ئازاد كراودا دابنیشن هەتا كۆنگرەی حەوتی پارتی دیموكراتی كوردستان دەبەسترێت و بەشداری تیادا بكەن.

كۆمەڵی مەكتەبی سیاسی كۆن لە ئێران لە شاری (هەمەدان)مانەوە لە مانگی نیسانی ساڵی (١٩٦٦ز)بەنهێنی هاتنەوە بۆ كوردستان و شەوێك لە ناوچەی قەرەداخ بوون و بۆ ڕۆژی دووەم چوون بۆ بەغدا و پەیوەندیان كرد بە حكومەتی عێراقەوە.

ئەوەبوو هەر لەو ساڵەدا عەبدولڕەحمان بەزاز پۆستی سەرۆك وەزیرانی عێراق وەرگرت و بەیاننامەی ٢٩ی حوزەیرانی ساڵی (١٩٦٦ز)بڵاوكردەوە.

لە پاش بڵاوكردنەوەی بەیاننامەی ٢٩ی حوزەیران حكومەتی عێراق بە دوو سەرە وتووێژیان دەكرد لەگەڵ كوردا، لەلایەكەوە لەگەڵ سەركردایەتی شۆڕشی كورد بە

---

[1] خەباتی چەكداری و ڕامیاری نەتەوایەتی كورد، نەجم سەنگاوی، ل١٩٥

سەرۆكایەتی مستەفا بارزانی كە هەموو ناوچە ئازاد كراوەكانی كوردستانی لەژێر دەسەلآتیدا بوو، وە زیاتر لە (٢٠,٠٠٠)پێشمەرگەی چەكداری لەگەڵدابوو.

لەلایەكی ترەوە وتوێژیان دەكرد لەگەڵ كۆمەڵی مەكتەبی سیاسی كۆن كە تازە هاتبوونەوە لە ئێران و لە بەغدا دادەنیشتن، چەند جارێك تەلەفزیۆنی بەغدا جەلال تاڵەبانی و حلمی عەلی شەریفی پێشاندا بەناوی نوێنەری باڵی چەپی پارتی دیموكراتی كوردستانەوە بۆ وتوێژكردن لەگەڵ حكومەتی عێراق.

وە مەبەستی حكومەتی عێراق بۆ وتوێژكردن لەگەڵ كۆمەڵی مەكتەبی سیاسی كۆن كە تازە هاتبوونەوە لە ئێران و لە بەغدا دادەنیشتن لەژێر چاودێری ئاسایش و هەواڵگری خۆیانداو لەو رۆژەدا كە هیچ هێزو چەكدارێكیان نەبوو دوو مەبەست بوو:

١-بۆ ئەوەی هەڵوێستی جەماوەری كورد بزانن كە تا چ رادەیەك خەڵك لەگەڵیاندایە (لەگەڵ مەكتەبی سیاسی كۆن) ئەگەر چی لەو رۆژەدا زۆربەی خەڵكی كوردستان لەگەڵ ئەو سەركردایەتیەدا بوون كە بە چەك بەرگریان دەكرد لە مافی نەتەوایەتی كورد بە شاخەكانی كوردستانەوە.

٢-ئەم دوو سەرەكیە وتوێژیان بەكار دەهێنا بۆ فشارو پاڵەپەستۆكردن لەسەر سەركردایەتی بزووتنەوەی ئازادیخوازی كورد بە سەرۆكایەتی مستەفا بارزانی بۆ ئەوەی كە زۆر پێ دانەگرن لەسەر داواكارەكانیان لە وتوێژكردندا، وە پێیان بڵێت لایەنێكی تری كوردی هەیە كە ئێمە لەگەڵیاندا وتوێژ بكەین و پێك بێین لەگەڵیاندا، وەكو كارتێكی سیاسی بەكاریان بێنن، ئەوەبوو لە پاش ماوەیەكی كەم بە بلآوكردنەوەی بەیاننامەی ٢٩ی حوزێرانی ساڵی (١٩٦٦ز) عەبدولڕەحمان بەزاز ناچاركرا لەلایەن سەركردەكانی سوپای عێراقەوە دەستی لەكار هەڵگرت خۆی و پۆستی وەزارەتەكەی.

وە كۆمەڵی مەكتەبی سیاسی كۆن پەیوەندی خۆیان بەهێز كرد لەگەڵ حكومەتەكەی عەبدولڕەحمان عارف هەتا كودەتاكەی ١٧ی تەمموزی ساڵی (١٩٦٨ز)پارتی بەعسی عەرەبی بە سەرۆكایەتی ئەحمەد حەسەن بەكر و دەسەلآتیان گرتە دەست لە داهاتوودا باسیان دەكەین.

# شەڕی شاخی هەندرێن و ئازادكردنی

[(١)] لە مانگی ئایاری ساڵی (١٩٦٦ن)حكومەتی عێراق بە دوو تیپی سەربازی و بە پاڵپشتی فرۆكەو تۆپی دوورهاوێژ هێرشیان كرد بۆ سەرشاخی (هەندرێن)و لە پاش هەفتەیەك شەڕو پێكدادان پێشمەرگە ئازادیخوازەكانی كورد كشانەوە و شاخەكەیان بەجێ هێشت و لیوایەك سەربازی حكومەتی عێراق چوونە سەر شاخەكەو سەنگەریان لە هەموو لایەكی شاخەكەوە دامەزراند و دەستیان كرد بە تۆپباران كردنی ناوچەكە بە هەر چوارلادا.

شاخی هەندرێن جێگایەكی سەخت و بەرز و ستراتیژی بوو، هەموو ناوچەكانی گلاڵە و قەسرێ و گەرووی پێشی و دۆڵی ڕەواندزی لێوە دیار بوو، دەیانتوانی هەموو ئەو ناوچانە بە تۆپ بۆردومان بكەن، وە ڕێگای هاتووچۆی پێشمەرگە ببڕن، بۆیە مستەفا بارزانی بە خۆی فەرمانی دا كە دەبێ شاخی هەندێن بگیرێتەوە و ئازاد بكرێت. لە پاش هەفتەیەك نەخشەیان بۆی كێشاو ئامادەكاریان بۆی كرد و بە سەركردایەتی ئیدریس بارزانی گەمارۆی شاخەكەیان دا لە (١٢/٥/١٩٦٦)هێرشیان كرد بۆ ئازاد كردنی.

لەم شەڕەدا نزیكەی دوو سەد پێشمەرگە بەشداریان تیادا كرد، لەگەڵ لقێك لە پێشمەرگەكانی حیزبی شوعی كە دەوری باشیان بینی. پێشمەرگەكانی كوردستان بەیەك شەو هەتا بەیانی دەستیان گرت بەسەر شاخی هەندرێن و ئازادیان كرد.

لەم شەڕەدا زیاتر لە هەزار سەربازو ئەفسەر كوژران و بریندار بوون وە دیلێكی زۆریان گرت، لاشەی سەربازە كوژراوەكان لەسەر شاخ و مەیدانی شەڕەكەدا مانەوە لە پاش چەند ڕۆژێك خاچی سووری نێودەوڵەتی لاشەكانیان لەسەر شاخی هەندرێن داگرت و تەسلیمی حكومەتی عێراقیان كردەوە.

---

[(١)] خەباتی چەكداری و ڕامیاری نەتەوایەتی كورد، نەجم سەنگاوی، ل١٦٩

ئەم شەڕەی شاخی هەندرێن هەتا ئەو سەردەمە گەورەترین شەڕ و سەرکەوتن بوو بۆ پێشمەرگەی ئازادیخوازی کوردستان و بوو بە هۆی ڕووخاندنی وورەی حکومەتی عێراق و هێزەکانی.

لە پاش ئازادکردنی شاخی هەندرێن سەرۆك وەزیرانی عێراق (عەبدولڕەحمان بەزاز) لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لە تەلەفزیۆنی عێراق بەیاننامەی ٢٩ی حوزێرانی ساڵی (١٩٦٦ز)ی بلاَو کردەوە و ددانیان نا بەماف نەتەوایەتی کوردا، هەر لە کۆنگرەکەدا عەبدولڕەحمان بەزاز ددانی پیادا ناو گوتی: (هەتاکو کوردێك مابێت دەست هەڵناگرن لە مافی خۆیان و مافی خۆیشیان وەردەگرن، بۆیە دەبێ ڕۆژێك زووتر ئێمە چارەسەری ئەم کێشەیە بکەین بە ئاشتیانە).



لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی 1966 عەبدولرحمان عارف سەرۆک کۆماری عێراق سەردانی بارزانی دەکات، سەنتەری بۆ دەخوات کەهاریکی، تر لە کوردستاندا شەڕنەبێتەوە هەتا ئەو ماوە

بەیاننامەی ٢٩ی حوزێرانی ساڵی (١٩٦٦ز)

# بەياننامەى ٢٩ى حوزەيرانى سالّى ١٩٦٦ز

[(١)] لــە مــانگى نيـسانى ســالّى (١٩٦٦ن)عەبدولــسەلام عــارف كــە ســەرۆك كۆمــارى عێــراق بــوو لەگــەلّ چــەند ئەفــسەرێكى پلــەداردا لــەناو فڕۆكەيــەكى (هێلــى كۆپتــەر)لــە قوڕنــە لــە نزيكــى شــارى (بەســرە)كەوتنــە خــوارەوە و هــەموويان سووتان و بوون بە خەلّوز.

ســەركردەكانى ســوپاى عێــراق ليــوا عەبــدولرەحمان عــارف برايــان هێنــاو كرديــان بــە ســەرۆك كۆمــارى عێــراق، وە عەبــدولرەحمان بــەزاز كــە مامۆســتاى زانكــۆى بەغــدا بــوو هێنايــان و كرديــان بــە ســەرۆك وەزيــران. عەبــدولرەحمان بــەزاز لــە ئێــوارەى رۆژى ٢٩ى حــوزەيرانى ســالّى (١٩٦٦ن)لــە كۆنگرەيــەكى رۆژنامەوانيــدا لــە ئێزگــەى تەلــەفزيۆن و ڕاديــۆى عێــراق بەياننامــەى ٢٩ى حــوزەيرانى ڕاگەيانــدو بــلاوى كــردەوە و بــوو بــەهۆى ڕاوەســتانى شــەڕى كوردســتان و دەســت كرايــەوە بــە وتوێــژكردن لــە نێــوان ســەركردايەتى شۆڕشــى كــورد بــە ســەرۆكايەتى مــستەفا بــارزانى و حكومەتى عێراق، ئەمەش دەقى بەياننامەكەى ٢٩ى حوزەيرانى (١٩٦٦ن).

---

[(١)] خەباتى چەكدارى و ڕامیاری نەتەوایەتی کورد، نەجم سەنگاوی، ل١٩٧

# بەیاننامەی ٢٩ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٦ز

[1](دەقی بەیانەکە):-ئەم حکومەتە بە پێویستی زانی کە سنوورێك دابنێت بۆ باری ئاڵۆزی ناسروشتی بۆ ناوچەی باکووری نیشتیمان، وە پەیڕەوکردنی بەپێی برگەی چواری نووسراوی پێ سپاردن لەکاتی دامەزراندنی وەزارەتدا بۆ پاراستنی خاکی عێراق، وە جێبەجێکردنی یەکێتی نیشتیمانی، وە دووبارە کردنەوەی ئەو بڕواو متمانەی کە بە کردەوە لە نێوان عەرەب و کورددا بوو بۆ پشتگیری کردنی کاری ڕاستی و دڵسۆزانەیان لەناخەوە، وە هاوبەشیان دووبارە دەکاتەوە کە بە هەموو توانا هەوڵی جێبەجێکردنی دەدرێت لە ناخی دەروونەوە، وە بە زووترین کات.

یەکەم: حکومەت ددانی نا بە مافی نەتەوایەتی کورددا بە شێوەیەکی تەواو لە دەستووری کاتیدا، وە لە کاتی ڕاستکردنەوەی دا.

حکومەت ئامادەیە بۆ سەلماندنی ئەم مانایە و زیادکردنی بایەخ پێدانی لە دەستووری هەمیشەییدا بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا دیاری بکات، وە دداننان بە نەتەوەی کوردا، وە مافی نەتەوایەتی کورد لە چوارچێوەی یەك نیشتیمان کە پێکهاتووە لە دوو نەتەوەی سەرەکی کە ئەویش عەرەب و کوردە، بەشێوەیەك کە عەرەب و کورد یەکسانن لە ماف و ئەرکی سەرشانیان.

دووەم: حکومەت ئامادەیە بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستیە بە گشتی و بوونی بە کردەوە لە یاسای پارێزگاکاندا کە بەڕێوەیە بۆ دانان و بڵاوکردنەوەی لەسەر بنچینەی (لامەرکەزی)بۆ ئەوەی کە هەموو پارێزگاکان و قەزاو ناحیەکان شێوەیەکی واتایی ددان پیانانی هەبێت، وە هەر یەکە لە یەکێتیە ئیداریەکاندا ئەنجومەنی هەڵبژێردراوی دەسەلاتداری فراوانی تایبەتی خۆی هەبێت، وەکو پەروەردە و فێرکردن، وە تەندروستی و کشتوکاڵ و شتێك کە پەیوەندی

---

[1] هەمان سەرچاوە.

هەبێت بەناوخۆ و شارەوانیەوە و بەپێی ئەو یاسایە دادەنرێت، وە یاسای ناوبراو ڕاست بکرێتەوە و دەستکاری بکرێت لە سنووری یەکێتیە ئیدارییەکەدا. هەروەها دەتوانرێت لە یەکێتیەکی ئیداری خۆییدا بنرێت لەکاتی پێویستدا بەپێی بەرژەوەندی گشتی.

سێیەم: شتێکی سروشتیە کە حکومەت ددان دەنێت بە ئەوەدا کە زمانی کوردی زمانێکی فەرمیەو باوەڕ پێکراوە لەگەڵ زمانی عەرەبیدا لەو ناوچانەی کە زۆربەی دانیشتوانی کوردن. زمانی کوردی زمانی خوێندن و فێرکردن دەبێت لەگەڵ زمانی عەرەبیدا لەو سنوورەی کە یاسا دیاری دەکات. وە دیاریکردنی لەسەر ئەنجومەنەکانی ناوخۆیە.

چوارەم: ئەم حکومەتە ئامادەیە بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرایەتی لە سنوورێکی کاتیدا (فی حدود دالزمنیە)کە لە دەستووری کاتیدا دیاری کراوە.

دیاریکردنی پڕۆگرامی وەزارەتەکان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەبێت، وە کورد نوێنەری دەبێت لە ئەنجومەنی نیشتیمای داهاتوودا بە چەند نوێنەرێك کە بگونجێت لەگەڵ هەموو دانیشتوان بەگشتی و بە ڕێگایەك کە یاسای هەڵبژاردن دایبنێت.

پێنجەم: سروشتیە کە کورد بەشداری دەکات لەگەڵ عەرەبی برایدا لە هەموو فەرمانە گشتیەکان بەپێی دانیشتوانیان، وەکو وەزارەت و فەرمانە ئیدارییەکان و دادگایی و دبلۆماسی و سەربازی بەبێ ئەوەی کار بکاتە سەر ڕاددەی توانا.

شەشەم: دەبێ ژمارەیەك لە قوتابیانی کورد وەربگیرێت و بنێردرێن بۆ دەرەوەی ولات بۆ خوێندنی خول و ناردنیان بۆ دەرەوەی ولات بۆ ناردنی هاوپیشەیی.

حەوتەم: سروشتیە کە هەموو فەرمانبەرانی ناوخۆی پارێزگاو قەزاو ناحیە کوردیەکان دەکرێت بە کورد، وە هیچ کەسێکی تر دانانرێت ئەگەر ژمارەی پێویستیان هەبێت وە بە کەس نادرێت لە کاتێکدا نەبێت کە بەرژەوەندی ناوچەکە خۆی پێویستی بێت.

**هەشتەم:** لەگەڵ ژیانی نوێنەرایەتی هەندێك ڕێکخراوی سیاسی، دابمەزرێت، وە ڕۆژنامـەکان دەتوانن داواکار و پێویستیەکانی گـەل بخەنـە پـێش چـاو، وە، حکومـەت مـاوە دەدات بـە کورد بۆ ئەو شتانەی کە یاسا دایدەنێت و لـە سـنووری یاسـادا بێـت. ڕۆژنامـە سیاسـی و ئەدەبیەکان بە زمانی کوردی دەبن لە ناوچە کوردیەکاندا، یان بە زمانی عـەرەبی یـان بـە هەردوو زمان بەپێی خاوەنی ڕۆژنامەکە بلاّو دەکرێتەوە.

**نۆیەم:**

أ–لە کاتێکدا کە شەڕ نەمێنێت لێبوردنی گشتی دەردەکرێـت بـۆ ئەوانـەی کـە بەشـداریان کردوە لە شەڕی ناوچەی باکوور، وە ئەوانەی کە پەیوەنـدیان پێیانـەوە هەیـەو بـووە، وە ئەوانەی کە حوکم دراون بە هـۆی هـەمان مەبەسـت، یـان لەسـەریەخۆیی و ئازادیـان کـەم کراوەتەوە.

ب–هەموو فەرمانبەرانی موچە خۆرانی کورد (کـە دەرکـراون بـەهۆی کێـشەی کـوردەوە، ن.س)دەگەڕێتەوە بۆ سەر کارەکانیان و میلاکی پێویستی بۆ دادەنرێت.

ج–حکومەت هەوڵـدەدات بـۆ گەڕانـەوەی هـەموو کرێکـار و دەرکراوەکـانی کـورد بـۆ سـەر کارەکانی پێشوویان بە هەموو توانا.

**دەیەم:** ئەوانەی کە لەناو هێـزە چەکدارەکاندا بـوون (و هـەڵهاتبوون بـۆ نـاو بزووتنـەوەی ئازادیخوازی کورد، ن.س)بگەڕێنەوە بـۆ نـاو سـەربازگەکانیان لەگـەڵ بلاّوکردنـەوەی ئـەم بەیاننامەیەدا، دەبێ بـە مـاوەی دوو مـانگ بگەڕێنـەوە، وە بـە گەڕانـەوەیان بـە باشـترین شێوە ڕەفتاریان لەگەڵدا دەکرێت، وە لێیان دەبوردرێت:

أ–ئەوانەی کە سەربازبوون بگەڕێنەوە بە چەکەکانیانەوە بۆ سەربازگەکانیان.

ب–ئەوانەی کە پۆلیس بوون بە چەکەکانیانەوە بگەڕێنەوە بۆ پۆلیسیەکەیان.

ج–ئەوانەی کە چەکیان هەڵگرتووە دادەنرێن بە کۆمەڵێکی سەر بـە حکومـەت. وە لەسـەر حکومەتە کە بیـان گەڕێنێتـەوە بـۆ ژیـانی سروشـتی هـەتا بـاری سروشـتی دەگەڕێتـەوە. حکومەت بەرپرسە بۆ باری ژیانیان، وە لەسەر گشت کەسێکە لە ئەوانەی دەگەڕێنەوە بـۆ ژیانی سروشتی ئەو چەك و فیشەکانەی کە لەلایانە بیدەنەوە بە حکومەت، ئەویش بـەپێی نەخشەو پیلانێکی تایبەتی لەگەڵ هەموو ئەوانەی کە پەیوەندیان هەیە بە ئەم کارەوە.

د–شتێكی سروشتیە كە فرسانەكان (جاشەكان، ن،س)دەگەڕێنەوە بۆ شوێنەكانی خۆیان و لە پاش گەڕانەوەی باری ئاسایش چەكەكانیان لیٚ وەردەگیرێتەوە.

یازدەهەم: ئەو سامانەی كە لەمەوپێش خەرج كراوە ڕۆیشت، بەلاٚم لە داهاتوودا بۆ چاككردن و پێشكەوتنی ولاٚت خەرج دەكرێت. دەزگایەك دادەمەزرێت بۆ چاككردنی ناوچە كوردیەكان لە عێراق، وە پارەی پێویستی بۆ تەرخان دەكرێت لە نەخشەی ئابوریدا بۆ چاككردن و پێشخستنی پرۆژەكانی گەشەكردن لە ناوچەكەدا و دەسپێردرێت بەو وەزارەتەی كە ئیدارەی هاوینە هەوارەكانی باكور و دارستانەكان و توتنی پیٚ دەسپێردرێت، هەروەها سەرپەرشتی كاروباری یەكە ئیداریەكان دەكات لەو ناوچانەی كە كوردن.

وە بەخشینی خوێندن (بۆ قوتابیانی كورد، ن.س)لە هەموو بەشەكانی خوێندن و پسپۆڕیەكاندا بەپێی پێویستی ولاٚت، هەروەها زانكۆی بەغدا زیاتر بایەخ دەدات بە خوێندنی كوردی و ئەدەب و شارستانیەتی، وە زانكۆی بەغدا هەوڵدەدات بۆ كردنەوەی چەند بەشێكی لە ناوچەكانی باكووری ولاٚت لەكاتێكدا كە توانا هەبێت.

دوانزەهەم: حكومەت هەوڵدەدات هەموو ئەوانەی كە لە دێهاتەكانیان دەركراون لە شوێنەكانی خۆیان نیشتەجیٚ بكرێنەوە و بگەڕێنەوە بۆ باری سروشتی كۆنیان، لەگەلٚ ئەوەشدا ئەگەر حكومەت پێویستی بەو ناوچانە بوو بۆ سوودی گشتی لە دواییدا دەست دەگرێت بەسەریاندا و زیانەكانیان بۆ دەبژێرێت بەشێوەیەكی عادیلانەو پەلە. ئەمە دەقی بەیاننامەكە بوو.

لەگەلٚ بلاٚوبوونەوەی بەیاننامەی ٢٩ی حوزێرانی (١٩٦٦ز)مستەفا بارزانی بەناوی سەركردایەتی بزووتنەوە كورد و پارتی دیموكراتی كوردستانەوە بروسكەیەكی نارد بۆ سەرۆك كۆماری عێراق عەبدولڕەحمان عارف و سەرۆك وەزیرانی عەبدولڕەحمان بەزاز و پشتگیری بەیاننامەی ٢٩ی حوزێرانی كرد و ئامادەیی خۆیانی دەربڕی بۆ جێبەجێكردنی هەموو پێویستیەك لەلایەن خۆیانەوە ئەمەش دەقی بروسكەكەی مستەفا بارزانیە:

# بروسکەی مستەفا بارزانی بۆ سەرۆك کۆمار و سەرۆك وەزیرانی عێراق

[١] بۆ بەرێز سەرۆك کۆمار، وە بەرێز سەرۆك وەزیران. بەرێزان ئەو بەیاننامەی کە بەرێز سەرۆك وەزیران فەرمووی و بڵاوی کردەوە ئێوارەی رابوردوو دەربارەی سیاسەتی حکومەت لە باکووری نیشتیمان؛ وە ئەو پرۆگرامەی کە لێی پێکهاتبوو دەربڕینێکی راستیە لە مەبەستی نەوەکانی گەلی عێراق بەگشتی بە عەرەب و کوردەوە بۆ جێبەجێکردنی پێویستیەکانی وڵات لە ئاشتی و برایەتی و یەکێتی نیشتیمانی و پێش خستنی، ئێمە پشتگیری دڵسۆزانە دەکەین بۆ ناوەڕۆکی بەیاننامەی ناوبراو، وە لەلایەن خۆمانەوە ئەوەی کە پێویست بکات بۆ جێبەجێ کردنی ئەو ئامانجانەی کە تیایدا دیاری کراوە کاری پێ دەکەین، داواکارین لە خودا دەستتان بگرێت بۆ جێبەجێکردنی ئەرکە گرنگە مێژوویەکەتان.

مستەفا بارزانی
١٩٦٦/٦/٣٠ز

بۆ رۆژی دووەم شەڕ لە هەردوو لا راوەستا و دەست کرایەوە بە وتووێژکردن لەگەڵ حکومەتی عێراق و وتوێژ درێژەی کێشا، حکومەتی عێراق لەلایەکەوە لەگەڵ سەرکردایەتی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد و پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی وتوێژیان دەکرد و لەلایەکی ترەوە هەر ماوەی جارێك لەگەڵ کۆمەڵی مەکتەبی سیاسی کۆن دادەنیشتن و لە تەلەفزیۆن و رادیۆ ئاشکرایان دەکرد بەناوی وتوێژکردنەوە، ئەوەبوو لە پاش ماوەیەکی کەم سەرکردەکانی سوپای عێراق عەبدولڕەحمان بەزازیان ناچار کرد

---

[١] رۆژنامەی الجمهوریە، ١٩٦٦/٧/١ز، خەباتی چەکداری و رامیاری نەتەوایەتی کورد، نەجم سەنگاوی، ل٢٠٠

دەست هەلگرێت لە پۆستەکەی، بەلأم راوەستانی شەڕ درێژەی کێشاو لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی (١٩٦٦ن)سەرۆك كۆماری عێراق (عەبدولڕەحمان عارف)بە خۆی ڕۆیشت بۆ سەردانی مستەفا بارزانی و سوێندی بۆی خوارد کە هەتا ئەو ماوە جارێکی تر شەڕ نابێتەوە.

وە هەر ماوەی جارێك كۆمەڵێك ئەفسەری پلەدارو پیاوانی گەورەیان دەنارد بۆ کوردستان بۆ لای مستەفا بارزانی و سوێندیان بۆی دەخوارد و دڵنیایان دەکردەوە کە جارێکی تر شەڕ لە کوردستاندا نابێتەوە و کێشەی کورد چارەسەر دەکەن.

وە بۆ دڵنیاکردنی سەرکردایەتی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد هەموو ئەوانەی کە گیرابوون لەسەر کوردایەتی بەردران لە بەندیخانەکانی حکومەتی عێراق و هەندێکیان گەڕانەوە بۆ سەر ئیش و کارەکانیان.

بەلأم حکومەت لەژێرەوە دەستیان کرد بە خۆشکردنی ئاگری دووبەرەکی لە نێوان سەرکردایەتی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد و پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی و کۆمەڵی مەکتەبی سیاسی کۆن بە ڕابەرایەتی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد و چەکێکی زۆریان دا بە کۆمەڵی مەکتەبی سیاسی کۆن و هێزی چەکداریان دروست کرد لەناو شارەکانی کوردستان و بارەگای چەکداریان کردەوە لە کەرکوك و چەم چەماڵ و سلێمانی لە (بەکرەجۆ)وە لە شاری هەولێریش وە موچەی مانگانەیان بۆ چەکدارەکان بڕیەوە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە.

وە بەندیخانەی تایبەتیان هەبوو لە بەکرەجۆو چەم چەماڵ وە دەسەلأتێکی باشیان پێدرابوو لەناو شارەکاندا و بەناوی پارتی دیموکراتی کوردستان باڵی چەپەوە ڕێکخستنی سیاسی و چەکداریان دەکرد، وە کتێبەکانی (ماو سیتۆنگ)سەرۆکی دەوڵەت و حیزبی شوعی چین یان بلأو دەکردەوە لەناو ڕێکخستنەکانیاندا و دەیان خوێندەوە و بیروباوەڕی سۆسیالستیان بلأو دەکردەوە.

ڕاوەستانی شەڕ لەگەڵ حکومەتی عێراقدا درێژەی کێشا هەتا ١٧ی تەمموزی ساڵی (١٩٦٨ز)پارتی بەعسی عەرەبی کودەتایان کردە سەر حکومەتەکەی عەبدولڕەحمان عارف و جارێکی تر دەسەڵاتیان گرتە دەست و ئەحمەد حەسەن بەکر بوو بە سەرۆك كۆمارو ئەمینداری پارتی بەعسی عەرەبی، وە سەدام حوسێن بوو بە جێگری و وەزارەتێکی تریان پێکهێنا، بەڵام لەم وەزارەتە نوێیەدا بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی بەشداریان نەکرد.

وتوێژ لەگەڵ حکومەتی بەعسی عەرەبی دەستی پێ کردەوە و نوێنەرانی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد هاتنەوە بۆ بەغدا و هاتووچۆ لە نێوان بەغداو کوردستان بەردەوام بوو.

بەڵام دەرکەوتبوو بۆ سەرکردایەتی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد و پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی کە حکومەتی عێراق نیازیان خراپە لەگەڵیانداو پەنایان داوە بە کۆمەڵی مەکتەبی سیاسی کۆن و بە ئاشکرا هەموو یارمەتیەکیان دەدەن و پشتگیریان دەکەن بە پارەو بە چەك بۆ ئەوەی کە بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی لەناو بدەن و بەیاننامەی ٢٩ی حوزەیرانی ساڵی (١٩٦٦ز)بۆ کۆمەڵی مەکتەبی سیاسی کۆن جێبەجێ بکەن، وەکو گفتیان پێیان دابوو.

لە ماوەی ساڵانی (١٩٦٨-١٩٦٩ز)حکومەتی عێراق ئەم بڕیارانەی بڵاو کردەوە بۆ دڵنیاکردنی کۆمەڵی مەکتەبی سیاسی کۆن:

١-لە کۆنگرەی حەوتی پارتی بەعسی عەرەبی لە عێراق ددانیان نا بە شەرعیەتی نەتەوەی کورد کە دووەم نەتەوەیە لە عێراقدا.

٢-دامەزراندنی زانکۆی سلێمانی.

٣-دامەزراندنی کۆمەڵی زانستی کورد.

٤-خوێندنی زمانی کوردی لە هەموو زانکۆکان و پەیمانگاکان و خانەکانی مامۆستایان و کۆلێجەکانی سەربازی و پۆلیسی وەکو زمانی دووەم لە عێراقدا.

٥-ددانیان نا بە جەژنی نەورۆزدا کە جەژنێکی نیشتیمانیە لە کۆماری عێراق.

٦-قەزای دهۆکیان کرد بە پارێزگا.

٧-لێبووردنی گشتیان دەرکرد بۆ هەموو ئەوانەی کە بەشداریان کردوە لە بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردا.

حکومەتی عێراق بە هەموو توانایەوە بە پارەو بە چەك و بە هێزی سەربازی و دەبابە و فرۆکە پشتگیری کۆمەڵی مەکتەبی سیاسی کۆنیان دەکرد دژ بە بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی، دەسەلاتێکی زۆریان پەیدا کرد لەناو هەموو شارو شارۆچکەو زۆر لە دێهاتەکانی کوردستان، وە چەکیان بە زۆرو بە خواست دابەش دەکرد بەسەر دانیشتوانی دێهاتەکانی کوردستان ئەوەی دەستیان پێ بگەیشتایە بە ناوی موالیدی سەربازیەوە، گوایە بە خزمەتی سەربازی بۆیان ئەژمار دەکرێت. چەکدارێکی زۆریان کۆکردەوە بۆ پالپشتی حکومەتی عێراق دژ بە بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد.

ئەم دووبەرەکی و پالپشتی کردنەی حکومەتی عێراق بۆ مەکتەبی سیاسی کۆن بوو بەهۆی کوشتنی سەدان رۆڵەی ئازای کورد لە هەردوو لاو ماڵ وێران کردنی سەدان خێزان و هەتیوکردنی هەزاران منداڵی کورد بە دەستی برای کوردی، زۆرجار تەنگیان هەڵدەچنی بە پێشمەرگەی ئازادیخوازی کورد و ناوچەکانیان پێیان چۆڵ دەکرد و لە پاش ماوەیەکی کەم پێشمەرگەکان هێرشیان دەهێنایەوە و ناوچەکانیان ئازاد دەکردەوە.

لە مانگی ئاب و ئەیلول و تشرینی یەکەمی ساڵی (١٩٦٩ز)چەکدارانی مەکتەبی سیاسی کۆن بە پشتگیری سوپای عێراق و تۆپ و دەبابە و فرۆکە بە سەرکردایەتی جەلال تاڵەبانی و عەلی عەسکەری بە تەواوی تەنگیان هەڵچنی لە بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی، وە هەموو ناوچەکانی گەرمیان و جەباری و قادر کەرەم و سەنگاو قەرەداغ و مەرگەو سەرگەڵوو ناوشوان و دەشتی هەولێریان داگیرکرد، هەموو پێشمەرگەکانی ئازادیخوازی کورد و پارتی کشانەوە بۆ ناوچەکانی پێنجوێن و چوارتاو بەرزنجە و ماوەت و قەلادزەو رەواندز و ناوچەی باڵەکایەتی.

هێرشی ئەم جارەی كۆمەڵی مەكتەبی سیاسی كۆن و حكومەتی عێراق بۆ سەر ناوچە ئازادكراوەكان بە تەواوی سەركردایەتی بزووتنەوەی ئازادیخوازی كوردیان تەنگاو كرد، مستەفا بارزانی كە سەیری كرد و ڕوانی كە بە تەواوی تەنگیان لە پێشمەرگەی بزووتنەوەی ئازادیخوازی كورد هەڵچنیوە و ئەگەر بەم شێوە بەردەوام بن هەموو ناوچە ئازادكراوەكانی تریش داگیر دەكەن و كوردستانی پێ بەجێ دێڵن.

لە ناوەڕاستی مانگی تشرینی یەكەمی (١٩٦٩ن)مستەفا بارزانی دەستی كرد بە دانانی نەخشەیەكی نوێ بۆ ئازادكردنی ئەو ناوچانەی كە كۆمەڵی مەكتەبی سیاسی كۆن و حكومەتی عێراق داگیریان كردبوو بەم شێوەی خوارەوە:

١- (٣٠)هەزار تفەنگی برنەوی هێنا و هەموو چەكی پێشمەرگەی ئازادیخوازی كوردی كرد بە برنەو، وە هەموو چەكە كۆنەكانی پێشمەرگەی دایەوە بە خۆیان بۆ ئەوەی بیفرۆشنەوە بۆ خۆیان.

٢-بڕیاری دەركرد بۆ پێشمەرگە ئەوەی چەك بگرێت لە شەڕدا بۆ خۆی بیفرۆشێت، لەوەوپێش هەر چەكێك بگیرایە لە شەڕدا بۆ شۆڕش بوو، ئەگەر چەكی قورس بگرن شۆڕش لێیان دەكرێتەوە و پارەكەیان دەداتێ.

٣-لێبووردنی گشتی دەركرد بۆ هەموو ئەوانەی كە چەكیان هەڵگرتووە دژی شۆڕشی كورد بە مەرجێك چەكەكانیان دابنێن.

٤-هەر كەسێك لای حكومەتی عێراق بەجێ بێڵێت و خۆی بگەیەنێتە ناو پێشمەرگەی ئازادیخوازی كورد لەلایەن شۆڕشەوە لێی بووردراوە، وە چەكەكەیشی بۆ خۆی بفرۆشێت و چەكێكی برنەویشی پێ دەدرێت.

٥-هەر كەسێك لای كۆمەڵی مەكتەبی سیاسی كۆن و حكومەت بەجێ بێڵێت و خۆی بگەیەنێتە ناو شۆڕشی ئازادیخوازی كورد، با تاوانباریش بێت بەرامبەر بە شۆڕشی كورد لێی دەبوورن و بە پلەكەی خۆی دەمێنێتەوە لەناو شۆڕشدا و وەری دەگرنەوە.

٦-لەو سەردەمەدا یارمەتی مانگانەی پێشمەرگەی ئازادیخوازی كورد پێنج دیناری عێراقی بوو زیادی كرد و بوو بە (١٥)دیناری عێراقی.

حکومەتی عێراق مانگی دوانزە دیناری دەدا بە چەکدارانی کۆمەڵی مەکتەبی سیاسی کۆن و جاشە کۆنەکانی تری حکومەت، کۆمەڵی مەکتەبی سیاسی هەر چەکداری دینارێکیان لێیان دەبڕی بەناوی ئابوونەی مانگانەی حیزبەوە.

ئەم بڕیارانەو بە یەك کردنی چەکی پێشمەرگە بە تفەنگی بڕنەو بوون بەهۆی بەرزبوونەوەی وورەی پێشمەرگەی ئازادیخوازی کورد بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی، وە زیادبوونیان ڕۆژ بە ڕۆژ، وە ڕیزەکانی حکومەت و کۆمەڵی مەکتەبی سیاسی کۆنیان بەجێ دەهێشت و خۆیان دەگەیاندە ناوچە ئازادکراوەکان بۆ ناو پێشمەرگەی ئازادیخوازی کورد بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی.

لە مانگی تشرینی دووەم و کانوونی یەکەمی ساڵی (١٩٦٩ن)بە تەواوی ئەو ناوچانەی کە داگیرکرابوون لەلایەن حکومەتی عێراق و چەکدارانی مەکتەبی سیاسی کۆنەوە ئازادکران و زاڵ بوون بەسەر زۆربەی ناوچەکانی باشووری کوردستان، تەنها شارو شارۆچکە گەورەکان و شەقامە سەرەکیەکان مانەوە لەژێر کۆنترۆڵی حکومەتی عێراق و چەکدارانی کۆمەڵی مەکتەبی سیاسی کۆنەوە.

حکومەتی عێراق کە ڕوانیان زیانێکی زۆری ماددی و مەعنەویان لێکەوتووە، وە هیچ گۆڕانکارییەکیان بۆ نەکراوە و هیچ شتێکی تریان نەماوە بەکاری بێنن بۆ لەناوبردنی شۆڕشی کورد و مستەفا بارزانی.

پشتگیری کردنی کۆمەڵی مەکتەبی سیاسی کۆن دژی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد زیانیان زۆر زیاتر بووە لە قازانجیان بۆ حکومەت، وە ئەو ناوچانەی کە ئەوان داگیریان کرد بەهێزی تۆپ و فڕۆکەو جاش بە هەموو جۆرەکانیەوە، وە لەگەڵ چەکدارانی کۆمەڵی مەکتەبی سیاسی کۆن هەموو ئازادکرانەوە و کەوتنەوە ژێر کۆنترۆڵی پێشمەرگەی ئازادیخوازی کورد، وە سوپای عێراقیش بە تەواوی وورەیان بەردابوو و ماندوو و هیلاك بوون، وە ئابووری عێراقیش بەرەو داڕووخان دەچوو.

بۆیە حکومەتی عێراق و حیزبی بەعسی دەسەلاتدار بڕیاریان کردەوە لە دانانی نەخشەیەکی نوێ بۆ ڕاوەستانی شەڕ و لەناودانی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد جا بە هەر شێوەیەك بێت.

ئەوەبوو لە ڕۆژانی ٢٢-٢٣-٢٤ی کانوونی یەکەمی ساڵی (١٩٦٩ن)لە ڕۆژنامەی (الثورة)زنجیرە وتارێکیان بلاوکردەوە بەناونیشانی (کیف السبیل الی حل المسألة الكردیة؟) چ ڕێگایەك بگرینەبەر بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد؟ لە سەرەتای وتارەکەدا دەڵێت: (گەلی کورد گەلێکی دابەش کراوە لە نێوان چەند گەلێکدا دەژین ئەو گەلانەش عەرەب و فارس و تورکن، لەم سوچەدا خراونەتە ناو تەنگ و چەڵەمەی دابەشکراوی و بچڕ بچڕیدا، ئەمەش تەنگ و چەڵەمەیەکی زۆر دژوارە، هەروەها گەلی عەرەبیش هەمان ئازاری هەیە، وە گەلانی تریش وەکو گەلی (ڤیتنام و کۆری)لەبەر ئەوەی وتارەکە زۆر دوورو درێژە ماوەمان نییە هەمووی بنووسینەوە، ن.س.

بە کورتی لەم زنجیرە وتارەدا بەشێوەیەك خۆیان پێشاندا کە دەرسێکیان وەرگرتووە لە ڕابوردوو، وە دەیانەوێت دەدان بە هەڵەکانی خۆیاندا بنێن و چارەسەری کێشەی کورد بکەن.

لەم زنجیرە وتارەکەدا خۆیان بە دڵسۆزترین کەس دانا بۆ مافی گەلی کورد و چارەسەرکردنی کێشەکانی، زیاتر لەوەی کە کورد مەبەستی بوو باسی کێشەی کورد و چارەسەری دەکردو لێی دەکۆڵییەوە.

ئەم زنجیرە وتارە بوو بەهۆی نزیك بوونەوەی حکومەتی عێراق لە سەرکردایەتی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد و پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی و بوو بەهۆی پێکهاتنەکەی بەیاننامەی ١١ی ئازاری (١٩٧٠ن)، حکومەتی عێراق نوێنەریان نارد بۆ چۆمان و حاجی ئۆمەران بۆ وتوێژکردن لەگەڵ سەرکردایەتی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد و پێکهاتن لەسەر ناوەڕۆکی بەیاننامەی ١١ی ئازاری (١٩٧٠ن)لە شەوی ١١ی ئازار (١٩٧٠ن)لە ئێزگەکانی دەنگی کوردستانی عێراق و بەغدا و تەلەفزیۆنی عێراق بلاو کرایەوە و ئێزگەو ڕۆژنامەکانی جیهانیش بلاویان کردەوە و شەڕ لە هەموو کوردستان

ڕاوەستا. میللەتی کورد بەتایبەتی و گەلی عێراق بەگشتی پێشوازیان کرد لە بەیاننامەکە و خۆشی و ڕەزامەندیان دەربڕی.



لەپێش مۆرکردنی بەیاننامەی 11ی ئازاری ساڵی 1970 سەدام حسێن دەچێت بۆ سەردان و چاوی بەبارزانی دەکەوێت لە حاجی ئۆمەران



سەدام حسێن و مەسعود بارزانی و ئەحمەد حەسەن بەکرو عیزەت دوری و ئیدریس بارزانی و دکتۆر مەحمود عوسمان لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی بەیاننامەی 11ی ئازاری ساڵی 1970

# بەیاننامەی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ز

لـە پـاش چـەند جـار هاتووچـۆ و دانیـشتن و وتوێـژکردن لـە نێـوان نوێنـەرانی بزووتنـەوەی ئـازادیخوازی کـورد بـە سـەرۆکایەتی مـستەفا بـارزانی و نوێنـەرانی حکومـەتی عێـراق بـە سەرپەرشـتی سـەدام حوسـێن جێگـری سـەرۆکی عێـراق هـەر دوولا پێکهـاتن لەسـەر بەیاننامـەی ١١ی ئـازاری (١٩٧٠)ن،ئەمـەش دەقـی نـاوەڕۆکی بەیاننامەکەیە:

[1] ئەنجومـەنی سـەرکردایەتی شـۆڕش پەیوەنـدیان کـرد لـە نێـوان خۆیـان و سـەرکردایەتی بەڕێز مـستەفا بـارزانی سـەرۆکی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان و بـە ڕەزامەنـدی هـەموو لایـەك پێکهـاتن و بـە پێویـست زانـرا ڕازی بـوون لەسـەر نـاوەڕۆکی ئـەم بەیاننامەیـە و جێبـەجێکردنی، ئەمـەش ئـەوە دەردەخـات کـە هـەوڵێك بـوو بـۆ پەرەپێـدان و فـراوان کـردن بـۆ جێبـەجێ کـردن و تـەواوکردنی هێزەکانی پـێش خـستنی گـشتی لـە ناوچـە کوردیەکانـدا. ئامـانجی یەکـەمی ئەوەیـە کە جەماوەری کورد بتوانن مافی ڕەوای خۆیان بەکار بهێنن.

وە بەشـداری کردنیـان بـە کـردەوە لـە بنیاتنـانی نیـشتیمانی، وە خـەبات لـە پێنـاوی ئامانجـە نەتەوایەتیـە گەورەکەمانـدا، لەبـەر ئـەوە ئەنجومـەنی سـەرکردایەتی شۆڕش بڕیاری دا لەسەر:

١-دەبـێ زمـانی کـوردی زمـانی فـەرمی بێـت لەگـەڵ زمـانی عەرەبیـدا لـەو ناوچـانەی کە بە زمانی کوردی دەخوێنن.

هـەروەها زمـانی کـوردی لـە هـەموو ناوچـەکانی تـری عێـراق وەکـو زمـانی دووەم دەخوێندرێت لە سنوورێکدا کە یاسا دیاری دەکات.

٢-بەشـداری کردنـی بـرا کوردەکانمـان لـە حوکمڕانیـدا بـەبێ جیـاوازی کـردن لـە نێـوان کـورد و غـەیری کـورد لـە فەرمانـە گـشتیەکاندا، وە لـە پلـە هەسـتیارەکاندا لـەناو دەوڵەتـدا وەکـو وەزیرەکـان و سـەرکردەکانی سـەربازی و ئـەوانی تـریش، وە

[1] خەباتی چەکداری و ڕامیاری نەتەوایەتی کورد، نەجم سەنگاوی، ل٢٠٧

ئێستا ئەمەش بە یەکێك لە کارە گرنگەکان دادەنرێت، کە ئامانجی حکومەتی شۆڕشەو بایەخی پێدەدات بۆ جێبەجێکردنی، لە کاتێکدا کە شۆڕش دادنی بەم باوەڕەدا ناوە و دووپاتی دەکەینەوە کە جێبەجێکردنی پێویستە بە شێوەیەکی ڕاست و دروست لەگەڵ چاودێری کردنی توانایی و ڕێژەی دانیشتوانی، وە ئەوەی کە بەسەر برا کوردەکانماندا هاتووە لە ڕابووردودا لە بێبەش بوونیان.

٣-لەبەر ئەو دواکەوتنەی کە مللەتی کورد تووشی بووە لە ڕابووردودا لە بارەی ڕۆشنبیری و پەروەردەوە، نەخشەیەك دەکێشین بۆ چارەسەرکردنی ئەو دواکەوتنە بە ڕێگای:

أ-پەلەکردن بۆ جێبەجێکردنی بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش دەربارەی زمان و مافی ڕۆشنبیری بۆ گەلی کورد، ئامادەکردن و بەستنی بە پرۆگرامێکی تایبەتیەوە بۆ مەسەلەی نەتەوایەتی کورد لە ئێزگەی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن، وە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و میدیا کوردیەکانەوە.

ب-گەڕانەوەی ئەو قوتابیانەی کە بەبۆنەی شەڕوشۆڕ(ی کوردستانەوە، ن.س)دەرکراون لە قوتابخانەکانیان و قوتابخانەکانیان بەجێ هێشتووە بەبێ سەیرکردنی تەمەنیان، وە دۆزینەوەی چارەیەك بۆ کێشەو گیروگرفتەکانیان.

ج-زیادکردنی قوتابخانەکان لە ناوچە کوردیەکاندا، وە بەرزکردنەوەی باری پەروەردەو فێرکردن، وە وەرگرتنی قوتابیە کوردەکان لە زانکۆ و کۆلیجە سەربازیەکان و ناردنیان بۆ مۆڵەتی هاوپیشە خوێندنەکان بە ڕێژەیەکی عادیلانە.

٤-دەبێ فەرمانبەرانی یەکە ئیدارییەکانی ئەو شوێنانەی کە زۆربەی دانیشتوانی کوردن دەبێ کورد بن یان زمانی کوردی بەباشی بزانن لە کاتێکدا کە ژمارەی پێویستیان تەواو نەبوو.

لێپرسراوە سەرەکی و بنچینەییەکان دادەمەزرێت وەکو قایمقام و بەڕێوەبەری پۆلیس و ئاسایش و ئەوانەی وەکو ئەوانن و دەست بەکار دەکەن بە زووترین کات بۆ پێش خستنی دەزگاکانی دەوڵەت لە ناوچەکەدا. لەگەڵ ڕاوێژکردنی

لیژنــەی بــەرزی سەرپەرشــتی کــردن بــۆ جێبــەجێکردنی ئــەم بەیاننامەیــە، جێبەجێکردنێکی وابێت کە یەکێتی نیشتیمانی و ئاسایشی ناوچەکە بپارێزرێت.

٥-حکومــەت ددان دەنێــت بــە مــافی گــەلی کــوردا بــۆ دامەزرانــدنی ڕێکخراوەکــانی قوتابیــان و لاوان و ئافرەتــان و مامۆســتایان، وە ئــەم ڕێکخراوانــەش دەبــن بــە ئەندام لە ڕێکخراوە نیشتیمانیەکانی کە وەکو ئەوانن لە ناو عێراق.

٦- أ-درێــژە دەدرێــت بــە کــارکردن بــە برگــەکانی (١-٢)ی بڕیــاری ئەنجومــەنی ســـەرکردایەتی شـــۆڕش ژمـــارە (٥٩)لـــە ڕۆژی (١٩٦٨/٨/٥)ن‌هـــەتا مێـــژووی بلاوکردنـــەوەی ئـــەم بەیاننامەیـــە، وە هـــەموو ئـــەو کەســـانە دەگرێتـــەوە کـــە بەشداریان کردوە لە بەکارهێنانی هێز لە ناوچە کوردیەکاندا.

ب-هـــەموو فەرمانبـــەرو کرێکـــارو موچـــە خـــۆری شارەســـتانی و ســـەربازییەکان دەگەڕێنـــەوە بـــۆ ســـەر کارەکانیـــان، گەڕانـــەوەیان بـــەبێ ســـەیرکردنی شـــوێن و جێگـــا دەبێــت، وە بــەپێی پێویــست کــەڵك لــە شارســتانیەکان وەردەگیرێــت لــە ناوچــە کوردییەکاندا.

٧-أ-دامەزرانـــدنی کۆمـــەڵێك لەوانـــەی کـــە پـــسپۆڕن بـــۆ پـــێش خـــستنی ناوچـــە کوردیـــەکان لـــە هـــەموو ڕوویەکـــەوە بـــە زووتـــرین کـــات، وە یارمـــەتی بـــدرێت بـــەو کەســـانەی کـــە زیانیـــان لێکـــەوتووە لـــە ســـالآنی ڕابـــوردوودا (بـــەهۆی شـــەڕی کوردســـــتانەوە، ن.س)وە دانـــانی بوجەیـــەکی تـــەواو بـــۆ جێبـــەجێکردنی ئـــەو کۆمەڵە، وە سەر بە وەزارەتی کاروباری باکوور دەبێت.

ب-دانـانی نەخـشەیەکی ئـابووری بەشـێوەیەك کـە بـڕوای بـە پـێش خـستنی عێـراق هـــەبێت لـــە هـــەموو ڕوویەکـــەوە لەگـــەڵ چـــاودێری کردنـــی دواکـــەوتن لـــە ناوچـــە کوردیەکاندا.

ج-دابینکردنـــی موچـــەی خانەنـــشینی بـــۆ خێزانـــی کوژراوەکـــان و لـــەکار کـــەوتووەکان بەبۆنـــەی شەڕوشـــۆڕەوە بـــۆ پیـــاوانی چـــەکداری کـــورد و ئەوانـــەی کـــە بـــەو هۆیـــەوە لەکار کەوتوون وە بەپێی یاسایەکی گونجاو لەگەڵ یاسای چاودێری.

د-دەســـتکردن بـــە کـــاری یارمەتیـــدانی ئەوانـــەی کـــە زیانیـــان لێکـــەوتووە و پێویـــستیان بـــە یارمـــەتی هەیـــە، یارمـــەتی بـــدرێن بـــە کـــارکردن و پـــارە، زەرەمەنـــدان

بەپێی زیانەكانیان بۆیان ببڕێردرێت، ئەمەش بە ڕێگای لیژنەی سەرەوە دەبێت، وە ئەوانەی لێ دەردەكرێت كە برگەكانی ڕابوردوویان بەركەوتووە.

٨-گەڕانەوەی دانیشتوانی گوند و دێهاتەكان لە كورد و عەرەب بۆ شوێنەكانی ڕابوردووی خۆیان. بەلآم دانیشتوانی ئەو دێهاتانەی كە دەكەونە ئەو شوێنانەی كە حكومەت دەستی گرتووە بەسەریاندا بۆ سوودو بەرژەوەندییە گشتیەكان، بەپێی یاسا نیشتەجێ دەكرێنەوە لە ناوچەكانی نزیك لە شوێنەكانی خۆیان. وە ئەو زیانەی كە بەو بۆنەیەوە لێیان دەكەوێت و لێیان كەوتووە حكومەت بۆیان دەبژێرێت.

٩-پەلەكردن بۆ جێبەجێكردنی یاسای چاككردنی كشتوكاڵ لە ناوچە كوردیەكاندا، وە ڕێكخستنی بەشێوەیەك نەهێشتنی پەیوەندییەكانی دەرەبەگایەتی مسۆگەر بكرێت، هەموو جوتیارێك پارچەیەك زەوی گونجاوی بەر بكەوێت. وە حكومەت دەبوورێت لەو باجە كشتوكاڵیانەی كە ساڵانی ڕابوردوو لەسەریان بووە، لە ساڵانی شەڕوشۆڕدا.

١٠-پێكهاتن لەسەر ڕاستكردنەوەی دەستووری كاتی بەم شێوەی خوارەوە:

أ-گەلی عێراق پێكهاتووە لە دوو نەتەوەی سەرەكی كە ئەوانیش نەتەوەی عەرەب و نەتەوەی كوردە، ئەم دەستوورە ددان دەنێت بە مافی نەتەوایەتی كورد لەگەڵ مافی هەموو كەمایەتیەكانی تر لە چوارچێوەی یەكێتی عێراقدا.

ب-ئەم برگەی خوارەوە دەخرێتە سەر دەستووری كاتی: زمانی كوردی شان بە شانی زمانی عەرەبی بە زمانی فەرمی ئەژمار دەكرێت لە ناوچە كوردییەكاندا.

ج-ئەوەی لێرەدا هاتووە لە دەستووری هەمیشەییدا جێگیر دەكرێت.

١١-ئێزگەو چەكە قورسەكانی بزووتنەوەی كورد دەگەڕێتەوە بۆ حكومەت (ی عێرق، ن.س)ئەمانەش دەبەسترێن بە جێبەجێكردنی دوایی لە پێكهاتنەكە.

١٢-یەكێك لە جێگرەكانی سەرۆك كۆمار كورد دەبێت.

١٣-یاسای پارێزگاكان ڕاست دەكرێتەوە بەشێوەیەك كە بگونجێت لەگەڵ ناوەڕۆكی ئەم بەیاننامەیەدا.

١٤-لە پاش بلاوکردنەوەی بەیاننامەکە دەست دەکرێت بە ڕاوێژکردن بەپێی پێویست لەگەڵ لیژنەی بەرزی-سەرپەرشتی کار بۆ یەکگرتنەوەی پارێزگاکان و یەکە ئیدارییەکان کە زۆربەی دانیشتوانی کوردن بەپێی سەرژمێری فەرمی کە لە داهاتوودا دەکرێت.

ئەم یەکە ئیدارییانە بۆ فراوانکردن و قوڵکردن و کارپێکردنی گەلی کوردە بۆ هەموو مافەکانی نەتەوایەتی، وە بۆ پاراستن و گەیشتن بە مافی ئۆتۆنۆمی، وە دەوڵەت هەوڵی پێشخستنی دەدات هەتا ئەم یەکە ئیداریانە پێک دێت و کاروباری نەتەوایەتی کورد دەبەسترێت بە پارێزگاکانی ناوچەی باکوورەوە، وە مافی ئۆتۆنۆمی جێبەجێ دەکرێت لە چوارچێوەی کۆماری عێراقدا، وە دەستگرتن بەسەر سامانە سروشتیەکان و بەکارهێنانیان لەم ناوچەیەدا بە سروشتی لە دەسەلاتی ئەم کۆمارە دایە.

١٥-گەلی کورد بەشداری دەکات لە دەسەلاتی یاساداناندا بەپێی ڕێژەی دانیشتوانی کورد بۆ دانیشتوانی عێراق، ئەمە ناوەڕۆکی بەیاننامەکە بوو، ن.س.

***ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش***

***١٩٧٠/٣/١١ز***

# کەم و کورتیەکانی بەیاننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ز

**رای نووسەر:**

[١] لە کاتێکدا کە حکومەتی عێراق دەستیان کرد بە رێگا خۆش کردن بەو زنجیرە ووتارەی کە لە رۆژی (الثورة)بلاویان کردەوە بۆ ئەوەی کە خۆیان نزیک بکەنەوە لە سەرکردایەتی شۆرشی کورد و پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی، لەو پەری لاوازی و کەم و کورتی و بێ هێزیدا بوون، لە هەموو بەرەکانی شەری کوردستاندا شکابوون، سوپای سەربازیان خۆیان بۆ رانەدەگیرا لە بەرەکانی شەردا، وە هاوپەیمانەکانیان کە کۆمەلی مەکتەبی سیاسی کۆن بوو پەیتا پەیتا چەکدارەکانیان هەلدەهاتن و خۆیان دەگەیاندە ناوچە ئازادکراوەکان و ناو ریزەکانی پێشمەرگەی ئازادیخوازی کورد و پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی، وە کەس فەرمانەکانیانی جێبەجێ نەدەکرد و وورەیان رووخابوو، وە هیچ هێز و توانایەکی تریان بەدەستەوە نەمابوو بۆ شەرو بەر بەرەکانی کردنی پێشمەرگەی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد.

وە حکومەتی عێراقیش لەناو خۆیانەوە دووبەرەکیان تێکەوتبوو و مەترسیان لە کودەتای ناوخۆیان دەکرد، جگە لەمانەش هەموو پارتە نیشتیمانیەکانی ناو عێراق لێیان درابوو لەلایەن دەسەلاتەوە و دژیان بوون، وە گەلی عێراقیش بەهۆی شەرو کوشتارەوە لێیان بێزار بوون.

وە زۆر لە ئەفسەرە سەربازییەکانی سوپای عێراق بێزار ببوون لە شەروشۆری درێژخایەنی بێ ئەنجامی کوردستان، بۆیان دەرکەوتبوو و دەیانزانی بە شەر ناتوانن بگەن بە ئەنجام بۆ لەناوبردنی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد نە بەهێزی سوپای سەربازی و نە بەدوو بەرەکی و کورد بە کورد کوشتن.

---

[١] خەباتی چەکداری و رامیاری نەتەوایەتی کورد، نەجم سەنگاوی، ل٢١١

لەگەڵ ئەوەشدا بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد لەلایەنی ئابوورییەوە لاواز بوو، وە پێشمەرگەی کوردستان و دانیشتوانی گوند و دێهاتەکان بەهۆی ساڵ و نیوێک شەڕی بەردەوامی کوردستان ماندوو ببوون، بەرهەمی کشتوکاڵی جوتیارانی کوردستان بەهۆی شەڕو سوتاندنەوە کەمی کردبوو.

وە خەڵکێکی زۆر هاتبوونە ناو بزووتنەوەی ئازادی کورد لە چەکدارەکانی کۆمەڵی مەکتەبی سیاسی کۆن و دانیشتوانی ناو شارو دێهاتەکان ببوون بە پێشمەرگە و ئەرکێکی قورس و گران کەوتبووە سەر شۆڕش و بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد و پارتی دیموکراتی کوردستان.

بەلام لەگەڵ هەموو ئەمانەدا پێشمەرگەی کوردستان و دانیشتوانی دێهاتەکان و ناوچە ئازادکراوەکان لەوپەڕی وورە بەرزیدا بوون و رۆژ بە رۆژ هێزەکانیان لە زیادبووندا بوو.

دەبوایە سەرکردایەتی شۆڕش و بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد و پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی پایان دابگرتایەو ئەم خالانەی خوارەوەیان بکردایە بە خالی سەرەکی لە بەیاننامەکەی ۱۱ی ئازاری (۱۹۷۰ن)و لێی دانەبەزینایە:

۱-دەبوایە پێکهاتنەکەی ۱۱ی ئازاری (۱۹۷۰ن)بە ئاگاداری کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان بوایە یان دوان لە دەوڵەتە زل هێزەکانی جیهان وەکو (ئەمەریکا، یەکێتی سۆڤیەت، فەرەنسا، بەریتانیا)وەکو شایەتێك و سەرپەرشتی کارێك بۆ جێبەجێکردنی ناوەرۆکی بەیاننامەکە ئامادەبوونایە و ئاگادار بوونایە لە وتوێژەکاندا.

۲-لە پێش بلاوکردنەوەی بەیاننامەی ۱۱ی ئازاری (۱۹۷۰ن)نوێنەرانی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد لەکاتی پێکهاتن لەسەر ناوەڕۆکی بەیاننامەکە داوایان کردبوو لە نوێنەرانی حکومەتی عێراق بۆ ئەوەی نوێنەری هەموو پارتە سیاسیەکانی عێراق بەشداری بکەن لە مۆرکردنی بەیاننامەکەدا. وەکو شایەتێك، بەلام نوێنەرانی حکومەتی عێراق رازی نەبوون و بڕیاریان نەدا لەسەری.

دەبوایــە نوێنــەرانی کــوردیش لــەو خاڵــە دانەبەزینایــە، چــونکە کێــشەکە تــەنها کێــشەی پــارتی دیمــوکراتی کوردســـتان و پــارتی بەعــسی عــەرەبی نــەبوو، بــەڵکو کێشەی گەلی عێراق بوو بە گشتی وە گەلی کورد بەتایبەتی.

٣-دەربــارەی دیــاریکردنی ســنووری کوردســـتان و یــەکلایی کردنــەوەی شــاری کــەرکوك، دەبوایــە یــەکێك بوایــە لــە خاڵــە ســەرەکییەکانی بەیاننامــەی ١١ی ئــازارو دیــاری بکرایــە و ڕوون بکرایەتــەوە بــە تــەواوی بــەپێی مێــژوو و جوگرافیــا، و نــەیان خــستایەتە بــاری ســـەرزمێری گـــشتیەوە. چــونکە ســـنووری کوردســـتان دیـــارو ئاشکرایە با هەندێك لە دانیشتوانیشی کورد نەبن.

٤-دەربــارەی بوجــەی کوردســـتان: ئــەم خاڵــەش دەبوایــە لــەپێش بڵاوکردنــەوەی بەیاننامەکــە پێــك بهاتنایــە لەســەری و خاڵێــك بوایــە لــە خاڵــەکانی بەیاننامــەی ١١ی ئـازار، لەبـەر ئـەوە لـەو ڕۆژانـەدا زۆربـەی سـامانی عێـراق نـەوتی کـەرکوك بـوو و لـە خاکی کوردا دەردەکرا.

دەبوایــە ئــەویش یــەکێك بوایــە لــە بەنــدەکانی بەیاننامــەی ١١ی ئــازارو بــەپێی ڕێژەیــەکی دیــاریکراو بــۆ ئــەوەی کــە نــەبێت بــە کۆســپ لــە ڕێگــای جێبــەجێکردنی بەیاننامەکەدا هەروەکو لە ساڵانی دواییدا ڕوویداو بوو بە یەکێك لە کۆسپەکان.

٥-دەربــارەی مانــەوەی (٦٠٠٠)هــەزار پێــشمەرگە بــەناوی پاســەوانی ســـنوورەوە، ئــەم خاڵــە دەبوایــە لــە بەیاننامەکــەدا ڕوون بکرایەتــەوە بــە تــەواوی، کــە هــەموو بــەرپرس و لێپرســـراوەکانیان لــە ئــامر فــەوج و ئــامر ســـریەو ئــەوانی تــر لــە لێپرســـراوانی پێــشمەرگە دابمەزرایــەن و پلــەی ئەفــسەرییان پێیـــان بدایــە بــەپێی تواناو شوێن و لێپرسینەوەیان.

بــەڵام ئــەوەبوو حکومــەتی عێــراق بــە هــیچ شــێوەیەك ،دانیــان نــەنا بــە پلــەی ئەفـسەری بـۆ لێپرسـراوانی پێـشمەرگە و هـەتا پلـەی ڕەیـس عورەفـا زیاتریـان نـەدا بـە پێـشمەرگەکان، و ئـەو باسـەش مایـەوە و بـوو بـە گـرێ کـوێرە و چارەسـەرنەکرا لە نێوان حکومەت و سەرکردایەتی کوردا.

٦-بەياننامـــەی ١١ی ئـــازار هـــەردوولا ســـەركردايەتی-بزووتنـــەوەی ئـــازاديخوازی كـــورد و حكومـــەتی عێـــراق پێكهـــاتبوون لەســـەری كـــە لـــە مـــاوەی چـــوار ســـاڵدا جێبەجێ بكرێت لەلايەن حكومەتی عێراقەوە.

چـوار سـاڵ بـۆ جێبـەجێكردنی مـافێكی ئۆتۆنـۆمی يـەكجار زۆرە، دەبوايـە لـە شـەش مـانگ بـۆ سـاڵێك زيـاتر نەبوايـە. وەكـو سـەركردايەتی كـورد بڕياريـان دا لەسـەری و مۆريـان كـرد دەبوايـە پـارتی ديمـوكراتی كوردسـتان و سـەركردايەتی بزووتنـەوەی ئـازاديخوازی كـورد كـەڵكيان لـەو چـوار سـاڵە وەربگرتايـە، هـەر وەكـو حكومـەتی عێراق كەڵكيان لێی وەرگرت، لە داهاتوودا باسی دەكەين.

٧-لـــەم دوايیـــەدا لـــە ســـاڵەكانی (١٩٧٣-١٩٧٤ن)يـــەكێك لـــە داواكارييـــەكانی ســـەركردايەتی بزووتنـــەوەی ئـازاديخوازی كـورد دامەزرانـدنی فەيلـەقێكی ســـەربازی بـــوو بـــەناوی فەيلـــەقی كوردســـتان، وە هـــەموو لێپرســـراوانی لـــە فەرمانـــدەی فەيلەقـــەوە هـــەتا دوا لێپرســـراوی كـــورد و لـــە دانيـــشتوانی كوردســـتان بێـــت، وە هـــەموو نـــەوەكانی كوردســـتان بـــە كـــورد و عـــەرەب و نەتـــەوەكانی تـــرەوە خزمـــەتی ســـەربازی لـــەم فەيلەقـــەدا بكـــەن. وە ئـــەم فەيلەقـــە هـــەموو جـــۆرە چـــەكێكی هـــەبێت ئـــەوەی كـــە لـــەناو ســـوپای حكومـــەتی ناوەنديـــدا هەيـــە بـــەپێی ڕێـــژەی دانيـــشتوانی كوردستان بۆ دانيشتوانی عێراق.

ئـەم خاڵـەش دەبوايـە يـەكێك بوايـە لـە خاڵـە سـەرەكييەكانی بەياننامـەی ١١ی ئازاری (١٩٧٠ن)، چونكە ئەم خاڵە دوو شت دەگەيەنێت:

أ-ئـەوە دەگەيـەنێت كـە حكومـەتی عێـراق نيـازی پـاكی و ڕاسـتی هەيـە لەگـەڵ گەلی كورداو بە نيازی پيلان گێڕی و خراپەكاری نين.

ب-پارسـتنێك بـوو بـۆ مـافی ئۆتۆنـۆمی بـۆ گـەلی كـورد بـۆ ئـەوەی كـە جـارێكی تـر دووچـاری شـەڕو مـاڵ وێرانـی نەبێتـەوە، هـەر كاتێـك حكومـەت يـان حكومـەتێكی تـر بێتـە سـەر حـوكم و بيـەوێت لـە مـافی گـەلی كـورد كـەم بكاتـەوە، گـەلی كـورد بتوانێت بەرگری لە خۆی و مافەكەی بكات.

## یەکگرتنەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان جارێکی تر

[١] لە مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی (١٩٧٠)پارتی دیموکراتی کوردستان باڵی مەکتەبی سیاسی کۆن کۆنگرەی حەوتەمیان بەست و لە کۆنگرەکەدا ناوی پارتەکەیان گۆڕی لە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە بۆ پارتی شۆڕشگێڕانی کوردستان و کەوتنە وتوێژکردن لەگەڵ سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی بۆ یەکگرتنەوەی هەردوو پارتی دیموکراتی کوردستان و شۆڕشگێڕانی کوردستان، وە هەر دوو لا پێکهاتن لەسەر ئەوەی کە باڵی مەکتەبی سیاسی کۆن–پارتەکەیان هەڵبووەشێننەوە و بێنەوە بۆ ناو ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی.

وە هەر دوو لایان هەر یەکە بەجیا بەیاننامەیەکیان بڵاوکردەوە بۆ ئەندامان و لایەنگران و جەماوەری کوردستان و یەکگرتنەوەیان ئاشکرا کرد، ئەمەش دەقی بەیاننامەکەی هەردوو لایانە.

## بەیاننامەی پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان

[٢] ئەی هەڤاڵان: ئەندامان و پاڵێوراوان و لایەنگرانی پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان. ئەی هاونیشتیمانیە خۆشەویستەکان. شتێکی ئاشکرایە کە بەیاننامەی ١١ی ئازاری مێژوویی بارێکی نوێی هێنایە کایەوە لە وڵاتدا، وە دانانان بە مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی عێراق سەرکەوتنێکە بە سەرۆکایەتی بارزانی بە دەستی هێناوە و بووە بەهۆی گواستنەوەی خەباتی نیشتیمانی کورد بۆ پلەیەکی تر، وە بووەو هۆی ئەوەی کە رووداوەکان لە رەگەوە گۆڕانکاریان تیادا دروست بێت لە پەیوەندییەکانی نێوان هێزە سیاسیەکان و لایەنە بزووتنەوە–نیشتیمانیە کوردیەکان، وە ئەرمانێکە کە زۆر بایەخی پێ دەدرێت. وە پارتیمان (پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان، ن.س).

---

[١] خەباتی چەکداری و رامیاری نەتەوەیەتی کورد، نەجم سەنگاوی، ل٢١٩

[٢] هەمان سەرچاوە، ٢٢١

کۆنگرەی حەوتەمی بەست لە کانوونی یەکەمی ساڵی (١٩٧٠ز)بۆ دیراسەت کردنی ئەم بارو پێشکەوتنە بەشێوەیەکی گشتی، وە دانانی سنووری پەیوەندیەکانمان لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان بەشێوەیەکی تایبەتی.
وە کۆنگرەکە بریاری دا بە بیروباوەڕی یەکگرتنی بزووتنەوەی کورد بە ڕێگای چوونە ناو ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، باشترین ڕێگایە بۆ سەرکەوتن بەسەر گیانی دووبەرەکی و گرتنی هەموو کون و کەلەبەرێك لەناو ریزەکانی گەلی کورد، وە بەهێزکردنی بزووتنەوەی نیشتیمانی ڕزگاریخوازی کورد. کە دادەنرێت بە بەردی بنچینە بۆ دانانی سنووری یەکگرتنی هێزی شۆڕشگێری پێشکەوتووخوازەکان لە خەباتیاندا لە پێناوی هەموو مافەکانی ئازادی و دیموکراتیەت بۆ گەلی عێراق، وە مافی نەتەوایەتی بۆ گەلی کورد دژی ئیمپریالیزم و کۆنە پەرست و زایونیزم و پرۆژە دژوارەکانیان.
کۆنگرەکە لەکاتی خۆیدا کە نوێنەری نارد بۆ بارەگای خاوەن شکۆ بارزانی بۆ ئەوەی کە بریاری کۆنگرەکەیان پێ ڕابگەیەنێت. وە نوێنەرەکانمان کۆبوونەوەیان کرد لەگەڵ سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و لە سەرووی هەموویانەوە بارزانی و ئەوانەی کە پێشوازیان کرد لە بریارەکانی پارتیمان و کەوتنە گفتوگۆ و لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئەندامانی نوێنەران بۆ باسکردنی ئەو هەنگاوانەی کە پێویستە بنرێت بۆ یەکێتی پارتایەتی بەهێز.
وە لیژنەیەکی بەرز دابمەزرێت لە نوێنەرانی هەردوو پارتی لەژێر چاودێری بارزانی خۆیدا بۆ دەست پێکردن و جێبەجێکردنی ئەو کارانەی کە پێکهاتوون لەسەری.
لیژنەی ناوبراو هەستان بەجێبەجێکردنی ئەو ئەرکانەی کە پێیان سپێردرابوو بەپێی پێویست و داواکراو، وە هەموو کاروبارێکی پێویست جێبەجێکرا بۆ ئەوەی کە نوێنەرانی کۆمەڵ و ڕێکخراوەکانی پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان برۆنە ناو ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان.
وە لەبەر ئەوەی کە هیچ شتێکی وا نەماوە کە پێویست بە پاراستنی بکات لە بوون و دوا ڕۆژ بۆ پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان. لەبەر ئەوە بریارماندا بە هەڵوەشاندنەوەی هەموو ڕێکخراوەکانمان و خەباتکردن لە ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی خەباتگێڕ مستەفا بارزانی.

وە لەم کاتەدا کە ئەم مژدەیە ڕادەگەیەنین بە ڕۆڵەکانی گەلی کوردمان، داوا دەکەین لە هەموو دڵسۆزان لە ڕۆڵەکانی گەلە خەبات گێڕەکەمان کە کار بکەین بە ڕاستی و دڵسۆزیەوە بۆ ئەوەی کە ئەم یەکگرتنە کە یەکێك بوو لە ئاواتەکانی گەلە خۆشەویستەکەمان بە درێژی سالآنی ڕابوردوو، وە ببێت بە بەرهەم پێش ئەوەی کە ببێت بە کۆتایی هێنان بە برا کوژی و ناکۆکی و دوژمنایەتی.

وە ببێت بە ڕۆژێکی نوێ بۆ خەباتی یەکگرتوو لە پێناوی جێبەجێکردنی ئامانجەکانی لەگەلەکەمان، وە جێبەجێکردنی بەیاننامەی ١١ی ئازارو چارەسەرکردنی ئاسایش و ئاسوودەیی لە کوردستاندا، وە پاراستنی بوونی عێراق، وە بۆ ئەوەی کە پارتی دیموکراتی کوردستان بتوانێت ئەو ئەرکە گرنگەی کە پێی سپێردراوە جێبەجێی بکات وەکو پارتێکی پێشکەوتووخواز و شۆڕشگێڕ لە بزووتنەوەی نیشتیمانی کوردا، وە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە ناوچەکەدا، بۆ ئەوەی کە بنچینەیەکی بەهێز بێت بۆ جێبەجێکردن و گەیشتن و یەکگرتن لە نێوان هێزە دیموکراتی و شۆڕشگێڕەکان لە ولآتدا، لە پێناوی پاراستنی دیموکراتیەت بۆ گەلی عێراق و مافی نەتەوایەتی بۆ گەلی کورد، لەوانە حوکمی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان.

وە یارمەتیدان و پشتگیری کردنی خەباتی گەلانی عەرەبی دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و پرۆژە ڕۆژ ئاواییەکان، هەروەها داوا دەکەین لە ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی خەباتگێڕ بارزانی بۆ خەبات کردن لەپێناوی پتەوکردن و پالپشت کردنی ئەم یەکگرتنە ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتر، ئەمەش پاراستنێکە بۆ هەموو سەرکەوتنەکانمان.

پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان

١٩٧١/٢/١٠ز

# بەیاننامەی پارتی دیموكراتی كوردستان

[1] ئەو سەركەوتنە مێژووییەی كە گەلی كوردمان بەدەستی هێناوە لە ١١ی ئازاردا و دداننان بە مافی سروشتی كە حوكمی ئۆتۆنۆمییە لە چوارچێوەی كۆماری عێراقدا سەركەوتنێكی مێژووییە بۆ گەلی عێراق بەگشتی و پارتی دیموكراتی كوردستان و پارتی بەعسی عەرەبی سوسیالست و هەموو هێزە نیشتیمانی و پێشكەوتووخوازەكانی عێراق، وە بەهێزكردنە بۆ یەكێتی گەلی عێراقی نیشتیمانی.

وە برایەتی بەهێز لە نێوان هەردوو نەتەوەی سەرەكی عەرەب و كورد و كەمایەتیە نەتەوەكانی تر، وە هەڵهاتنێكی ناهەموارانەیە بۆ هەڵوێستی شۆڤینی و كۆنەپەرەستان بۆ جەنگی ڕەگەز پەرەستی كە گەلی كوردمانی بەركەوت بە درێژی ساڵانی كوشتار كە جێگای داخ بوو لە ڕابوردوودا، بێگومان یەكێك لەو پێویستیە بنچینەییانە بۆ پاراستنی جێبەجێكردن و پەرەپێدانی یەكگرتنی تواناو هێزی هەموو كوردێكی دڵسۆزە بۆ گەل و نیشتیمانەكەی.

وە بەكارهێنانی هەموو توانایەك كە هەیەتی بۆ بەرگریكردن لێی بۆ ئەوەی كە ببێت بە ڕاستیەكی ڕووداو. هەر بەهۆی ئەم باسە ڕاستیەوە ئەم ڕۆژەی گەلی كوردی تیادایە. خاوەن شكۆ بارزانی لە پێش و پاشی بڵاوكردنەوەی بەیاننامەی ئازار بانگەوازی دەكرد بۆ یەكگرتنی ڕۆڵەكانی گەلی كورد و داپۆشینی ناخۆشی و دووبەرەكی و ئازاری ڕابوردوو، وە كردنەوەی لاپەڕەیەكی نوێ بۆ كارێكی بەرهەمدار، وە دەوردان و كۆبوونەوە لە دەوروپشتی ئاڵای شەكاوەی پارتیمان پارتی دیموكراتی كوردستان و هاوكاری كردن لەگەڵ حوكمڕانی نیشتیمانیدا بۆ جێبەجێكردنی بەندەكانی بەیاننامەی ناوبرا، وە ئەمەش مەرجێكی پێویستە بۆ پێكهێنانی بەرەیەكی نیشتیمانی

---

[1] خەباتی چەكداری و ڕامیاری نەتەوایەتی كورد، نەجم سەنگاوی، ٢٢٣

پێشکەوتوو خوازی داواکراو کە پارتیمان هەوڵی بۆ دەدات و بەتوندی و بایەخی پێ دەدات لە پێناوی پێکهاتنی و یەکگرتنی هێزە نیشتیمانی و پێشکەوتووخواز و دیموکراتیەکانی عێراق.

زۆر کەس لە دڵسۆزان و هاونیشتیمانان و هێزە کوردیەکان هەستیان کرد بە لێپرسینەوە و وەلامیان دایەوە و هەستیان کرد بە ئەرکە نیشتیمانییەکانی سەرشانیان. لەبەر گرنگی یەکگرتنی بزووتنەوەی رزگاری خوازی کورد بۆ ئەو دەورە سیاسیە گرنگەی کە پارتیمان پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی بارزانی دەیبینێت.

ئەمانە هەموو بە دڵنیاییەکی تەواو و رەزامەندییەکی قوڵەوە لەلایەن کۆمەلانی گەلی کورد و دۆستەکانی لە هەموو شوێنێکدا وەرگیرا، لەم بارەیەوە گرنگی ئەو بەیاننامەیەی پارتی شۆڕشگێڕ بلاوی کردەوە دەربارەی هەڵوەشاندنەوەی رێکخراوەکانیان و هاتنیان بۆ ناو ریزەکانی پارتیمان پارتی دیموکراتی کوردستان.

ئەم بەیاننامەیە هیچ شتێکی تر ناگەیەنێت، بەڵکو ئەوە دەگەیەنێت کە لە ناخەوە لەو راستیە گەیشتوون کە لە سەرەوە دیاری کراوە، وە رێزگرتنیانە بۆ ئەو بارە ناسکەی کە گەلی کوردمانی پیادا تێدەپەڕێت لەم کاتە مێژوویە گرنگەدا.

لە کاتێکدا کە ئێمە پێشوازی دەکەین لەم بەیاننامەیە و نرخ دادەنێین بۆ ناوەڕۆکەکەی، وە داوا دەکەین لە ئەندامان و رێکخراوەکانی پارتیمان بۆ رێزگرتن لەم هەنگاوە پیرۆزە، وە بایەخ پێدانی بۆ وەرگرتنی هەڤالانی نوێمان لە ریزەکانی پارتی تێکۆشەرمان بەپێی بیروباوەرەکانی رێکخستن و دیموکراتیانە و هەستێکی لێپرسینەوەی نیشتیمانی و پارتایەتی.

گومانی تیادا نییە کە ئەم هەنگاوە دەبێتە هۆی بەهێزکردن و یەکگرتنی گەلی کوردی تێکۆشەرمان و بەشداری کردن لە بەرهەمی تەوژمی نوێی پارتیمان پارتی دیموکراتی کوردستان. وە رێڕەوی خەباتی گەلەکەمان بۆ ئەوەی کە پارتیمان بکەوێتە رێ بەرەو رێگای گەیشتن بە ئامانج و مەبەستە پیرۆزەکانی.

بۆ وەرگرتنی ئەو برایانە هەموو نەخشەیەك كێشراوە بە درێژی، وە بەپێی پلەی پارتی و رێكخراوە كوردستانی و جەماوەرییە هەمەجۆرەکانی.

ئێمە داوا دەكەین لە جەماوەری كوردستان بەشێوەیەكی گشتی كە رابوردوو لەگۆر بنێن و هەوڵ و كۆشش بكەن بۆ برایەتی و هاوكاریكردنی یەكتری، وە برینی هەموو رێگایەك لە ئەوانەی كە هەوڵی دووبەرەكی دەدەن لە دوژمنانی گەل. چونكە بۆ گەیشتن و دروستكردنی یەكێتی نیشتیمانی لەلایەن گەلی كوردمانەوە، وە پاراستنی بنچینەیی بۆ دامەزراندنی ئەم یەكێتییە لەسەر بنچینەیەكی پتەو لە نێوان هەردوو نەتەوەی عەرەب و كورد و رۆڵەكانی گەلی عێراق لە هەموو كۆماری عێراقدا.

رێرەوی راستی لە بزووتنەوەی نیشتیمانی گەلی كوردمان دەریخست بە شێوەیەك كە هیچ ماوەیەك نەدراوە بەوەی كە گومانی لێ بكرێت.

پارتیمان پارتی دیموكراتی كوردستان بە سەرۆكایەتی بارزانی هەر ئەو سەركردایەتییە كە خاوەنی توانا و لێهاتووەیە لە ئاستی لێپرسینەوەی مێژووییدا بۆ ئەم خەباتكردنە نەمریە هەتاوەكو كۆتاییەكی سەركەوتوو.

پارتی دیموكراتی كوردستان

١٩٧١/٢/١٠

## هەنگاونانی حکومەتی عێراق بۆ هێمن کردنەوەی گەلی کورد

[١] دوابەدوای بلاوکردنەوەی بەیاننامەی ١١ی ئازاری (١٩٧٠)حکومەتی عێراق و سەرکردایەتی کورد لیژنەیەکی هاوبەشیان پێکهێنا بەناو لیژنەی ئاشتی (لجنە السلام)بۆ جێبەجێکردنی بەندەکانی بەیاننامەی ئازار. وە حکومەتی عێراق ئەم هەنگاوانەی نا بۆ دڵنیاکردنی سەرکردایەتی کورد و پارتی دیموکراتی کوردستان:

١-هەموو ئەو کەسانەی کە گیرابوون یان حیجز کرابوون لە بەندیخانەکانی حکومەتی عێراق لەسەر شۆڕشی ئازادیخوازی کورد و پارتی دیموکراتی کوردستان دەرکران لە بەندیخانەکان و ئازادکران و گەڕانەوەی بۆ سەر ئیش و کارەکانی پێشووی خۆیان.

٢-هەموو ئەو کەسانەی کە پێشمەرگە بوون لەناو شۆڕشی کوردا و بەشداریان کردبوو و کارو فەرمانەکانیان بەجێ هێشتبوو لە فەرمانبەرو کرێکارو سەربازو پۆلیس وَ هەموو لێبوردنیان بۆ دەرکراو گەڕانەوە بۆ سەر کارەکانیان، وە ئەو ماوەی کە لەناو شۆڕشدا بوون بە خزمەت ئەژمار کرا بۆیان بۆ موچەو خانەشینی.

٣-هەموو ئەو خانوو و ماڵ و موڵکانەی کە دەستگیرابوو بەسەریاندا بەهۆی شۆڕشی ئازادیخوازی کورد و پارتی دیموکراتی کوردستانەوە و زیانیان لێکەوتبوو، هەموو ماڵ و خانوو و موڵکەکانیان بۆیان گەڕاندەوە لەگەڵ بژاردنی زیانەکانیان.

٤-هەموو بەرپرس و فەرمانبەرانی فەرمانگەکانی پارێزگاکانی سلێمانی و هەولێر و دهۆك و قەزاو ناحیەکانیان گۆڕان و کران بە کورد، وە زۆربەیان لە

[١] خەباتی چەکداری و رامیاری نەتەوایەتی کورد، نەجم سەنگاوی، ل٢٢٥

ئەندام و دۆست و لایەنگرانى پارتى و شۆڕشى كورد دامەزراندن، لەگەڵ سێ وەزیر لە وەزارەتى حكومەتى ناوەند.

بەڵام بەرپرسانى ئاسایشى پارێزگاكان و قەزاو ناحیەكانیان نەگۆڕێ و هەموو عەرەب بوون و سەر بە حیزبى بەعس بوون.

٥-پارێزگاى كەركوك تەنها یەكێك لە یاریدەرانى پارێزگا كورد بوو، وە یەكێك لە یاریدەرەكانى بەڕێوەبەرایەتى پەروەردەى كەركوك كورد بوو.

٦-زیاتر لە (١٥)هەزار كەس لە پێشمەرگە و ئەوانەى كە سەربازیان نەكردبوو بۆ حكومەتى عێراق و هەڵهاتبوون لە خزمەتى سەربازى لێبوردنیان بۆ دەرچوو لە خزمەتى سەربازى و تەسریح كران بە پسوڵەى پشتگیرى پارتى دیموكراتى كوردستان كە ئەمانە پێشمەرگە بوون.

٧-ئەو برین پێچانەى كە شۆڕشى كورد لە كاتى شەڕدا خولى برین پێچى بۆیان كردبووە و لە بەشى تەندروستى شۆڕش كاریان دەكرد، حكومەتى عێراق (١٠٠)سەد كەسى لێیان وەرگرت و خولێكى نۆ مانگى كردەوە بۆیان و لە پاش تەواوبوونى خولەكەیان دایانمەزراندن لە نەخۆشخانەكانى كوردستان.

٨-لە ساڵى (١٩٦٨-١٩٦٩ن)سەركردایەتى شۆڕشى كورد چەند خولێكى مامۆستاى كردەوە بۆ ئەو پێشمەرگانەى كە بڕوانامەیان هەبوو، وە لە پاش تەواوبوونى خولەكان هەموویانُ دامەزراندن لە گوندەكانى ناوچە ئازادكراوەكانى كوردستان بۆ كردنەوەى قوتابخانەو وتنەوەى وانە بە منداڵانى كورد لە دێهاتەكان. حكومەتى عێراق ئەو مامۆستایانەش دامەزراند لە گوندەكانى كوردستان بەپێى بڕوانامەكانیان بە مامۆستا.

٩-لە ساڵى (١٩٧٠)مانگى تەمموز حكومەت خولێكى تایبەتى برین پێچى تازەڵى كردەوە لە بەغدا و (٦٠)پێشمەرگەى خاوەن بڕوانامەى نارد بۆ خولى ناوبراو، لە پاش تەواوبوونى خولەكەیان دایانمەزراندن لە شارو شارۆچكەكانى كوردستان.

١٠-حكومەتى عێراق شەش هەزار پێشمەرگەى دامەزراند بە پاسەوانى سنوور و شەش فەوجى كردەوە بۆیان بە چەكاكانى خۆیانەوە، هەتا پلەى رەیس

عورەفـا (چـوار خـەت)یـان پێیانـدا، وە ئەفـسەرو فەرمانـدەی فەوجـەکانیان لـەو ئەفسەرە کوردانە بوون کە لەناو سوپای عێراقدا بوون.

١١-نـاوی زۆربـەی قوتابخانـەکان گـۆڕان و بـوون بـە نـاوی کـوردی، وە دیراسـەت و خوێندن بوو بە زمانی کوردی.

١٢-هـەموو ڕێکخـراوە جەماوەرییـەکان وەکـو یـەکێتی مامۆسـتایان و قوتابیـان و لاوان و ئافرەتـان و...هتـد. بارەگایـان بـۆ کرایـەوە بـە فـەرمی لـەناو شـارو شارۆچکەکانی کوردستان دەستیان کرد بە نواندنی چالاکییەکانیان.

١٣-بارەگاکـانی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان لـە هـەموو شـارو شارۆچـکەکانی کوردسـتان و بەغـدا بـە فـەرمی کرایـەوە و بـە ئـازادی ڕێکخـستنی پارتایـەتیان دەکرد.

# هەنگاوەكانی حكومەتی عێراق بۆ جێبەجێكردنی پیلان و نەخشەكانی

[(١)] حكومــەتی عێــراق و حیزبــی بەعــسی عــەرەبی دەســەلأتدار لــە عێــراق لــە پــاش ئــەوەی كــە بۆیــان دەركــەوت نــاتوانن بــەهێزی ســوپاو بــەكرێ گێراوانــی كــورد و دووبــەرەكی و براكــوژی شۆڕشــی ئــازادیخوازی كــورد بــە ســەرۆكایەتی مــستەفا بــارزانی لەناوببــەن و بتوێننــەوە لــە پــاش تێكــشكاندنی هــەموو هێزەكانیــان لــە بــەرەكانی شــەڕدا لــە كۆتــایی ســاڵی (١٩٦٩ز)و ســەرەتای (١٩٧٠ز)ئومێــدیان نــەما بەسەركەوتن.

دەســتیان كــرد بــە داڕشــتنی نەخــشەیەكی نــوێ بــەپێی پــیلان و پرۆگرامێكــی دوورو درێــژ بــۆ تواندنــەوە و لــەناوبردنی شۆڕشــی ئــازادیخوازی كــورد، بــۆ ئــەم مەبەســتە دەســـتیان كــرد بــە جێبــەجێكردنی پــیلان و نەخــشەكەیان بــەپێی ئــەو پــیلان و پرۆگرامــەی كــە بۆیــان داڕشــتبوو خــاڵ بــە خــاڵ و هــەنگاو بەهــەنگاو بــەم شــێوەی خوارەوە دەستیان كرد بە جێبەجێكردنی:

١-بــەهۆی ئــەو زنجیــرە ووتــارەی كــە ڕۆژنامــەی (الثـورة)بـڵاوی كـردەوە لــە ڕۆژانــی ٢٢-٢٣-٢٤ی كــانوونی یەكــەمی ســاڵی (١٩٦٩ز)توانیــان خۆیــان نزیــك بكەنــەوە لــە ســەركردایەتی شۆڕشــی كــورد و پــارتی دیمــوكراتی كوردســتان بــە ســەرۆكایەتی مــستەفا بــارزانی و بــەیانی ١١ی ئــازاری (١٩٧٠ز)بێننەكایــەوە و ســەركردایەتی كــورد ڕازی بكــەن بــە ئــەوەی كــە چــوار ســاڵ ڕاوەســتانی شــەڕی تیادا دیــاری بكــەن بــە نــاوی جێبــەجێكردنی بەیاننامــەی ١١ی ئــازارو ئۆتۆنــۆمی بــۆ كوردســتان، ئــەم چوار ساڵە خۆی لە خۆیدا پیلان بوو.

---

[(١)] خەباتی چەكداری و ڕامیاری نەتەوایەتی كورد، نەجم سەنگاوی، ل٢٢٧

چوار ساڵ ماوەیەکی زۆر باش بوو بۆ حکومەتی عێراق و حیزبی بەعسی عەرەبی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ناوخۆیان و جێبەجێکردنی نەخشەو پیلانەکانیان بۆ تواندنەوەی شۆڕشی ئازادیخوازی کورد.

٢-هەر لە سەرەتای بلاوکردنەوەی بەیاننامەی ١١ی ئازاری (١٩٧٠ن)دەزگاکانی حکومەتی عێراق و حیزبی بەعسی عەرەبی دەستیان کرد بە هەوڵدان بۆ کڕین و خەڵەتاندن و لە ڕێ دەرکردنی پێشمەرگەو بەرپرسانی پێشمەرگە و ئەندامان و بەرپرسانی پارتی دیموکراتی کوردستان بە تەماحی پلەی فەرمان و دامەزراندن لە فەرمانگەکانی حکومەت و پارەو دابەش کردنی زەوی بۆ ئەوانەی کە خۆیان لێیان نزیك دەکردنەوە و دەبوون بە پیاویان.

٣-دەستیان کرد بە دروستکردنی شانەکانی ڕێکخستنی حیزبی بەعسی عەرەبی بەنهێنی لەناو شارو شارۆچکەکانی کوردستان وە دامەزراندنی خەڵکی نەزان و خۆ فرۆش بەناوی ئاسایشەوە بە پارەو تەماح و بەشێوەیەکی نهێنی.

لەو سەردەمەدا لە پێش و پاشی بەیاننامەی ١١ی ئازاری (١٩٧٠ن)هەتا ئازاری (١٩٧٤ن)شەڕ دەستی پێ کردەوە هیچ کوردێك بۆی نەبوو و نەیدەتوانی بە ئاشکرا پەیوەندی بکات و بڕواتە ناو ڕیزەکانی حیزبی بەعسی عەرەبیەوە بەبێ بڕیارو فەرمانی دەزگاکانی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد و پارتی دیموکراتی کوردستان.

٤-لە ڕۆژی (١٩٧١/٩/٢٩ن)پیلانێکیان دارشت بۆ کوشتنی مستەفا بارزانی، حکومەتی عێراق پانزە کەسیان نارد بۆ حاجی ئۆمەران بۆ بارەگای بارزانی بەناوی زانایانی ئاینیەوە و بەجل و بەرگی مەلایەتیەوە، لەو سەردەمەدا ساردییەك هەبوو لە نێوان سەرکردایەتی کورد و حکومەتی عێراق، ئەم مەلایانە هاتبوون بەناوی ئاینەوە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە، یەکێك لە مەلاکان دۆست و ناسراوی مستەفا بارزانی بوو ناوی (السید عبدالجبار الاعظمي)بوو لەگەڵ چەند مەلایەکی تری سوننی و شیعە، لەگەڵ دوو ئەفسەری هەواڵگری گوایە ئەم دووانە سایەقی ئەو دوو ئۆتۆمبێلەن کە پێی هاتوون، لەناو ژووری میوانداریەکەی مستەفا بارزانی خۆیان تەقاندەوە و هەموویان مردن و کوژران،

تەنها مستەفا بارزانی و دكتۆر مەحمود عەلی عوسمان بە سەرسوڕمانەوە لە مردن ڕزگاریان بوو، بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە كتێبی خەباتی چەكداری و رامیاری نەتەوایەتی كورد، ل٢٢٦.

٥-لە رۆژی (٦/١٢/١٩٧٠ن)پیلانێكیان داڕشت بۆ كوشتنی ئیدریس بارزانی كە یەكێك بوو لە نوێنەرانی شۆڕشی كورد بۆ وتوێژكردن لەگەڵ حكومەتی عێراق، لە بەغدا كەمینیان بۆی داناو تەقەیان كرد لە ئۆتۆمبێلەكەی، بەلآم خۆی لەناو ئۆتۆمبێلەكەدا نەبوو، عەریف حەمید بەرواری لەناو ئۆتۆمبێلەكەدا بوو بە جل و بەرگ و شێوە بە ئیدریس بارزانی دەچوو و بە خەستی بریندار بوو.

٦-لە رۆژی (١٥/٧/١٩٧٢ن)حكومەتی عێراق (ئیبراهیم گاباری)یان نارد بە جانتایەك تەقینەوە بۆ بارەگای بارزانی و بۆ كوشتنی مستەفا بارزانی، بەلآم ناوبراو ڕۆیشتبوو بۆ لای مەسعود بارزانی و خۆی ئاشكرا كردبوو، لێكۆڵینەوە كرا لەسەری لەلایەن سەركردایەتی كورد و حكومەتی عێراقەوە و ناوبراو ڕووبەڕوویان بوویەوە و سەپی بەسەریاندا.

٧-حكومەتی عێراق بە پلەو پارە هەوڵیان دا بۆ دروست كردنی چەند لایەنێكی تری كوردی بۆ لاوازكردنی شۆڕشی ئازادیخوازی كورد و پارتی دیموكراتی كوردستان، لە ساڵی (١٩٧٢ن)توانیان سێ كەس لە ئەندامانی كۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموكراتی كوردستان دابڕن لە پارتی و كۆمەڵێكیان بۆیان دروست كرد بەناوی پارتی دیموكراتی كوردستانەوە ئەوانەش: ١-هاشم حەسەن عەقراوی ٢-عەزیز ڕەشید عەقراوی ٣-ئیسماعیل مەلا عەزیز، لە پاش ماوەیەك ئیمساعیل مەلا عەزیز لێیان كشایەوە و گەڕایەوە بۆ ناو پارتی دیموكراتی كوردستان. كۆمەڵێكی تریان دروست كرد بەناوی (كۆمەڵێك لە كادیرانی پارتی شۆڕشگێڕ)ەوە و پارتی شۆڕشگێڕیان لێیان دامەزراند و عەبدولستار تایرو مەجید ڕەشید جەباری دەیانبرد بەڕێوە، و كۆمەڵێكی تریان دروست كرد بەناوی (پێشكەوتووخوازانی كورد)ئەمانەیان دابڕان لە پارتی دیموكراتی كوردستان لە ماوەی سێ ساڵی یەكەمی راوەستانی شەڕی كوردستان.

٨-هەر لە دوای کودەتای (٨/٢/١٩٦٣ن)حیزبی بەعس و عەرەبە نەتەوەییەکان بەسەر عەبدولکەریم قاسم، شوعیەکانی عێراق پەنایان برد بۆ شۆڕشی کورد بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی و هاوپەیمانی پارتی بوون هەتا ساڵێك دوای بەیانی ١١ی ئازاری (١٩٧٠ن)حیزبی شوعی عێراقیش لەژێر فشاری یەکێتی سۆڤیەتدا (ڕوسیا)چوونە ناو (بەرەی نیشتیمانی نەتەوەیی)کە پارتی بەعسی عەرەبی دایان مەزراند و دەستیان هەلگرت لە هاوپەیمانیەتی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان، لە ساڵی (١٩٧٤ن)کە شەڕی کوردستان دەستی پێکردەوە، شوعیەکانی عێراق بە عەرەب و کوردیەوە جاشیان دروست کرد و چەکیان هەلگرت دژی شۆڕشی ئازادیخوازی کورد بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی بۆ پشتگیری کردنی حکومەتی عێراق و حیزبی بەعسی عەرەبی.

٩-هەر لە سەرەتای ساڵی (١٩٧٢ن)حکومەتی عێراق دەستیان کرد بە دزین و ڕفاندنی پێشمەرگەو کادرو ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستان لەناو شارەکانی بەغداو کەرکوك و موسڵ و دیالەو کفری و خانەقین و چەم چەماڵ، لەهەر شوێنێك بۆیان ڕێك بکەوتایە.

١٠-هەر لە سەرەتای ساڵی (١٩٧٣ن)حکومەتی عێراق دەستیان کرد بە ڕاونان و تۆقاندنی دانیشتوانی کەرکوك و خانەقین و سنجار، هەموو بارەگاکانی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەو شارو شارۆچکانەیان بەجێ هێشت و گواستیانەوە بۆ دەرەوەی شارەکان لە ترسی ڕفاندن و کوشتن.

١١-لە ناوەڕاستی ساڵی (١٩٧٢ن)حکومەتی عێراق دەستیان کرد بە گواستنەوەی کرێکاران و فەرمانبەرانی کورد لە کۆمپانیای نەوتی کەرکوك و فەرمانگەکان بۆ فەرمانگەکانی تر لە شارەکانی سلێمانی و هەولێرو دهۆك، وە کرێکارو فەرمانبەرێکی زۆری عەرەبیان هێنا لە ڕۆمادی و تکریت و سامەڕا و باشووری عێراقەوە بۆ کەرکوك و دایانمەزراند لە شوێن فەرمانبەرو کرێکارانی کورد، وە خانوو و زەویان پێیاندا و هەموو ئاسانکارییەکیان بۆیان کرد لەناو کەرکوك.

١٢-هەر لە سەرەتای ساڵی (١٩٧٣-١٩٧٤ز)حکومەتی عێراق دەستیان کرد بە گواستنەوەی دێهاتەکانی کورد لە دەوروپشتی کەرکوك بۆ چەم چەماڵ و هەولێر (بەنیسلاوە)بەناوی ئەوەی کە نزیکن لە کۆمپانیای نەوتەوە، وە زەوییەکانیان پێویستە بە کۆمپانیای نەوت و بەرژەوەندی گشتی.

١٣-هەر لە مانگی ئازاری (١٩٧٣ز)زۆربەی دێهاتەکانی ناحیەی لەیلان سەر بە پارێزگای کەرکوك کە کوردنشین بوون بە ئۆتۆمبێلی زیلی سەربازی گوێزرانەوە بۆ چەم چەماڵ و بازیان و ئاغجەلەر بەبێ دیاریکردنی شوێن و جێگا بۆیان لەو دەشتە فریاندان، وە عەرەبیان هێناو لە گوندەکانیاندا نیشتەجێیان کردن و هەموو پێویستیەکانیان بۆیان دابین کرد لە ئاو و کارەبا و پێویستییەکانی کشتوکاڵی.

١٤-بە رێگای رێکخستنەکانی حیزبی بەعسی عەرەبی و فەرمانگەکانی حکومەتەوە لە شارەکانی باشووری عێراق هانی فەرمانبەران و کرێکاران و مامۆستایان و پۆلیس و موچەخۆرانی حکومەتیان دەدا بۆ ئەوەی داوا بکەن و خۆیان بگوێزنەوە بۆ ناو شاری کەرکوك بە موچەو بەرماڵەی باش و تەماحی خانوو و زەوی و سلفەی خانوو و بەرەو زیادکردنی موچەکانیان بۆ ئەوەی کە بتوانن زۆربەی شاری کەرکوك بکەن بە عەرەب.

# كەڵك وەرگرتنی حكومەتی عێراق لە ڕاوەستانی چوار ساڵ شەڕ

[1] ڕێكەوتنەكەی ١١ی ئازاری (١٩٧٠)ی نێوان سەركردایەتی شۆڕشی كورد و حكومەتی عێراق بۆ ماوەی چوار ساڵ بوو بۆ جێبەجێكردنی حوكمی ئۆتۆنۆمی بۆ كوردستان، بەڵام هەر لە ڕۆژی بڵاوكردنەوەی بەیاننامەی ئازاری (١٩٧٠)ن تاكو ئازاری (١٩٧٤)ن شەڕ دەستی پێ كردەوە حكومەتی عێراق ساتێكیان لەو ماوەیە بەفیڕۆنەدا بۆ كەڵك وەرگرتن و خۆقایم كردن و لاوازكردنی بزووتنەوەی ئازادیخوازی كورد بە هەموو شێوەیەك، بێجگە لەو خاڵانەی كە لە بەشی (هەنگاوەكانی حكومەتی عێراق بۆ جێبەجێكردنی نەخشەكان)ئەم هەنگاوە گرنگانەی نا بۆ بەهێزكردنی دەسەڵاتەكەیان و خۆ قایم كردنیان:

١-لە ٩ی نیسانی ساڵی (١٩٧٢)ن حكومەتی عێراق پەیمانێكی بەرگری و ئابووری و ڕامیاری بەست لەگەڵ یەكێتی سۆڤیەت بۆ ماوەی (١٥)ساڵ، مەبەستیان لە بەستنی ئەم پەیمانە ئەمانە بوون:

أ-حكومەتی عێراق نیازیان خۆماڵی كردنی نەوتی عێراق بوو بەشەكەی بەریتانیا و ئەمەریكا لە نەوتی كەركوك خۆماڵی بكات، ئەگەر هات و وڵاتی خاوەن بەشی نەوت ئەمەریكاو بەریتانیا پەلاماری عێراقیاندا هاوپەیمانێكی بەهێزی وەكو یەكێتی سۆڤیەت هەبێت بۆ پشتگیری كردنی خۆیان و بتوانن بەرگری بكەن لە خۆیان.

ب-ئەگەر هات ڕۆژێك لە ڕۆژ بزووتنەوەی ئازادیخوازی كورد پشتگیری كرا لەلایەن دەوڵەتێكی ڕۆژئاواییەوە یان ئەمەریكا و سەركەوتنیان بەدەست هێناو نەیانتوانی خۆیان زاڵبن بەسەریدا، بتوانن داوای یارمەتی و پشتگیری بكەن لە یەكێتی سۆڤیەت، بێجگە لە میدیا و پڕوپاگەندەی ناوخۆ لەلایەن شوعیەكانی عێراقەوە و پڕوپاگەندەی دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا و سەربازگەی سۆسیالست لەبەرژەوەندی عێراق.

---

[1] خەباتی چەكداری و ڕامیاری نەتەوایەتی كورد، نەجم سەنگاوی، ل٢٢٩

٢-لە یەکی حوزێرانی ساڵی (١٩٧٢ن)حکومەتی عێراق نەوتی کەرکوك و بەشێك لە نەوتی بەسرەی خۆماڵی کردە بەشە نەوتەکەی ئەمەریکا و بەریتانیا و سەرکەوت بەسەر کۆمپانیا نەوتیەکانی بێگانەدا.

سەرکەوتنی عێراق لە خۆماڵی کردنی نەوت بوو بەهۆی بەهێزبوونی حکومەتی عێراق لە باری ئابووری و رامیاری و سەربازییەوە.

٣-هەر لە سەرەتای ساڵی (١٩٧٢ن)حکومەتی عێراق توانیان پەیوەندیەکی باشی بازرگانی لەگەڵ فەرەنسادا ببەستن و چەك و فرۆکەو دەبابەیەکی زۆری لێ بکڕن و پەیوەندیان بەهێز بکەن.

٤-حکومەتی عێراق لە ٦ی تەمموزی (١٩٧٣ن)بە تاك لایەنی بڕوانامەی کاری نیشتیمانی بلآوکردەوە بە ناوی (بەرەی نیشتیمانی نەتەوایەتی پێشکەوتوو)و داوایان کرد لە سەرکردایەتی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد و پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ چوونە ناو بەرەی ناوبراو. بەلآم پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرکردایەتی بزووتنەوەی کورد نەچوونە ناو بەرەکەوە لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە:

أ-لە بڕوانامەی بەرەکەدا دەڵێت (گەلی عێراق بەشێکە لە گەلی عەرەبی).

ب-خاکی عێراق بەشێکە لە خاکی نیشتیمانی عەرەبی گەورە، داواکاری سەرکردایەتی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردیش داوایان کرد کە دەبێ هەردوو خاڵی سەرەوە بگۆڕێت بەم شێوەیە.

أ-گەلی عەرەبی لە عێراق بەشێکە لە گەلی عەرەبی گەورە.

ب-وە نابێ بگوترێت خاکی عێراق بەشێکە لە خاکی نیشتیمانی عەرەبی گەورە چونکە کوردستان بەشێك نییە لە خاکی عەرەبی.

د-هیچ پارتیەکی سیاسی بۆی نییە رێکخستن بکات لەناو ریزەکانی سوپای عێراق وەکو سەربازی و پۆلیس و ئاسایش تەنها پارتی بەعسی عەرەبی نەبێت، سەرکردایەتی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد ئەم خاڵەشیان رەتکردەوە و پێی رازی نەبوون.

٣-بڕوانامەکەیان دەڵێت لیژنەی بەرزی بەرەی نیشتیمانی پێك دێت لە (١٦)ئەندام لەگەڵ سەرۆکی لیژنە بەم شێوەی خوارەوە:

١-هەشت ئەندام لە پارتی بەعسی عەرەبی سۆسیالست.

٢-سێ ئەندام لە پارتی شوعی عێراق.

٣-سێ ئەندام لە پارتی دیموکراتی کوردستان.

٤-یەك ئەندام لە عەرەبە نەتەوەییە پێشکەوتووخوازەکان.

٥-یەك ئەندام لە دیموکراتیە بێلایەنەکان.

پارتی دیموکراتی کوردستان ئەم خاڵەشی ڕەت کردەوە و پێی ڕازی نەبوو، چونکە لە هەموو حاڵەتێکدا زیانی کوردی تیایە. پارتی شوعی عێراق لەژێر فشاری یەکێتی سۆڤیەت چوونە ناو بەرەکەوە و بەشداریان تیادا کرد.

لە باتی پارتی دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد، کۆمەڵەکەی هاشم حەسەن عەقراوی بەناوی پارتی دیموکراتی کوردستان و کۆمەڵەکەی عەبدولستار تایر بەناوی پارتی شۆڕشگێڕانەوە چوونە ناو بەرەکەوە، لە پاش ١١ی ئازاری (١٩٧٤ن)کە شەڕ دەستی پێ کردەوە لە نێوان حکومەتی عێراق و سەرکردایەتی شۆڕشی کورد. پارتی شوعی و کۆمەڵەکەی هاشم حەسەن عەقراوی و عەبدولستار تایر هەر سێ لایان چەکی جاشێتیان هەڵگرت و چەکداریان لە کوردستان دروست کرد دژ بە بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی.

٤-أ-لە بەندی (٤)ی بەیاننامەی ئازاری (١٩٧٠ن)دیاری کرابوو کە دەبێ ئەو شوێنانەی کە زۆربەی دانیشتوانی کوردن هەموو لێپرسراوە سەرەکییەکانی کوردبن یان زمانی کوردی بەباشی بزانن وەکو پارێزگارو بەڕێوەبەرەکانی شارەوانی و پۆلیس و ئاسایش و فەرمانگەکانی تری کوردستان، بەلام هەر لە سەرەتای ئازاری (١٩٧٠ن)سەرکردایەتی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد هەوڵی زۆریان دا لە ماوەی ئەو چوار ساڵەدا بۆ ئەوەی لێپرسراوانی فەرمانگەکانی کەرکوك وەکو پارێزگا و بەڕێوەبەری پۆلیس و ئاسایش و شارەوانی...هتد. بکەن بە کورد و بەشداری دەسەلات بکەن بەپێی بەندی ناوبراو. بەلام حکومەتی عێراق ماوەیان بە کورد نەدا هەتا ئازاری (١٩٧٤ن)شەڕ دەستی پێ کردەوە.

ب-دەزگاو فەرمانگەکانی ئاسایش لە هەموو پارێزگاو شارو شارۆچکەکانی کوردستان لەژێر دەسەلاتی حکومەتی عێراقدابوون و هەموو کارمەندەکانیان عەرەب بوون و سەر بە پارتی بەعسی عەرەبی بوون و ماوەیان نەدا بە کورد بەشداری تیادا بکەن.

ج—لە بەندی (١٤)ی بەیاننامەی ١١ی ئازاری (١٩٧٠ن)دیاری کرابوو کە بە زووترین کات سەرژمێری گشتی بکرێت لە هەموو عێراق بۆ دەرکەوتنی رێژەی کورد لە ناو عێراق و کوردستان و ناوچە تێکەڵاوەکان وەکو کەرکوك و موسڵ و دیالەو قەزاو ناحیەکانیان، حکومەتی عێراق ئەم خاڵەشیان جێبەجێ نەکرد و وەکو خۆی مایەوە هەتا (١٩٧٧/١٠/١٧ن)لە پاش نسکۆکەی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد بە دوو ساڵ و نیو، ئەویشیان ئاشکرا نەکرد کە رێژەی کورد چەندە.

د—هەر لە سەرەتای ساڵی (١٩٧٣ن)حکومەتی عێراق هەرچی چەکی ئۆتۆماتیك هەبوو وەکو کلانشینکۆف و سەمینۆف و رەشای برین لە پۆلیسە کوردەکانی کوردستانیان وەرگرتەوە و تفەنگێکی یەکتری فەرەنسی جەنگی جیهانی یەکەمیان دابەش کرد بەسەریاندا لەگەڵ هەر یەکە (٢٠)فیشەك.

ئەمەش لەبەر ئەوە بوو کە خۆیان بەنیازی خۆیان دەزانی کە رێك ناکەون و سەرکردایەتی ئازادیخوازی کوردیش لە دوای تەواوبوونی چوار ساڵەکە ملیان بۆ کەچ ناکەن و شەڕ دەست پێ دەکاتەو. ئەم چەکانەش ئەگەر بە دەستی پۆلیسی کوردەوە بێت رووبەرووی خۆیان دەبێتەوە و دەڕۆنە ناو ریزەکانی پێشمەرگەی ئازادیخوازی کوردەوە.

لە رۆژی (١٩٧٢/٩/٢٣ن)سەرکردایەتی هەرێمایەتی پارتی بەعسی عەرەبی عێراق یادنامەیەکی پڕ لە بوختان و هەڕەشەی نارد بۆ سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد، وە پارتی دیموکراتی کوردستانیش لە رۆژی (١٩٧٢/١٠/٢٨ن)وەلامیان دانەوە، هەر دوو یادنامەی پارتی بەعسی عەرەبی و پارتی دیموکراتی کوردستان لە خەباتی چەکداری و رامیاری نەتەوایەتی کورد بخوێنەوە لە لاپەرە (٢٢٣—٣١٣).

# چۆن شەڕی ئازای ساڵی ١٩٧٤ز دەستی پێ کرد؟

[1] لە رۆژی (١٩٧٤/٣/١)ن)هاتووچۆکردنێکی زۆر بەگەرمی دەستی پێکرد لە نێوان نوێنەرانی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد و پارتی دیموکراتی کوردستان، وە نوێنەرانی حکومەتی عێراق و پارتی بەعسی عەرەبی و لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە وتوێژیان دەکرد و نەگەیشتن بە ئەنجام و شەڕ دەستی پێ کردەوە لە نێوان سەرکردایەتی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد و حکومەتی عێراق:

١-**دەربارەی سنووری کوردستان:** نوێنەرانی سەرکردایەتی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد دەیانگوت دەبێ سنووری کوردستان بەپێی سنووری مێژوویی و جوگرافی دابنرێت، بەپێی ئەو سنوورە سروشتیەی کە زنجیرە شاخی حەمرینی لێ پێکهاتووە لەگەڵ ناوچەکانی خانەقین و مەندەلی و سنجار، بەلام حکومەتی عێراق بەهیچ شێوەیەك ددانیان نەنا بەم خاڵەدا و دەیانگوت ئەمە خاڵی جیابوونەوەیە.

٢-**دەربارەی شاری کەرکوك:** نوێنەرانی سەرکردایەتی کورد دەیانوگوت کەرکوك با شارێکی برایەتی بێت و ئیدارەی هاوبەش بێت و سەر بە پایتەختی ئۆتۆنۆمی کوردستان بێت، هەولێر. حکومەتی عێراقیش دەیانگوت کەرکوك با شاری برایەتی بێت و ئیدارەکەی هاوبەش بێت و سەر بە حکومەتی ناوەند، بەغدا بێت.

٣-**ناوی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان:** نوێنەرانی کورد لە یادنامەکەیاندا دەیانگوت ئەو ناوچانەی کە زۆرینەی کوردن و بەر ئۆتۆنۆی دەکەون دەبێ بە (ئەقلیم کوردستان)ناو بنرێت. نوێنەرانی عێراقیش دەیانگوت دەبێ بەناوچەی کوردستان یان ناوچەی ئۆتۆنۆمی ناو بنرێت.

[1] خەباتی چەکداری و رامیاری نەتەوایەتی کورد، نەجم سەنگاوی، ل٣١٥

٤-دەربارەی دارایی و ئابووری كوردستان: نوێنەرانی كورد لە یادنامەكەیاندا دەیانگوت دەبێ بوجەی كوردستان پێك بێت لەكۆی دارایی و ئابووری عێراق بەپێی ڕێژەی خەڵكی كوردستان بۆ ڕێژەی خەڵكی عێراق لە دارایی نەوت و گومرگ و گۆگرد و دەستكەوتەكانی تری عێراق، بێجگە لە خەتی شەمەندەفەر ئەو خەتەی كە دەكەوێتە كوردستانەوە لە بوجەی كوردستان بەپێی ژمارەی دانیشتوانی كوردستان بۆ دانیشتوانی عێراق، لەو ڕێژەیە پارەی ئەركی كۆشكی كۆماری و وەزارەتی دەرەوە و وەزارەتی بەرگری و ئەركەكانی تری لێ دەردەكرێت، ئەم خاڵەش نوێنەرانی حكومەتی عێراق پێی ڕازی نەبوون و دەیانگوت بوجەی عێراق بۆ هەموو ناوچەكانی عێراق سەرف دەكرێت، بەبێ ئەوەی كە هیچ دیاری بكەن.

٥-دەربارەی سوپای چەكداری و بەرگری كوردستان:

أ-نوێنەرانی كورد لە داواكاریەكەیاندا دەیانگوت دەبێ فەیلەقێكی سەربازی دابمەزرێت بە ناوی فەیلەقی كوردستان و هەموو بەرپرسانی خەڵكی كوردستان بن، وە هەموو لەدایكبوانی كوردستان لەو فەیلەقەدا سەربازی بكەن لە سنووری كوردستانداو مەشقیان پێ بكرێت و بمێننەوە.

ب-سەربازە خۆبەخت كەرەكان بەپێی ڕێژەی خەڵكی كوردستان بۆ ڕێژەی خەڵكی عێراق وەربگیرێت، وە لە كوردستان بمێنەوە بۆ مەشق پێكردن و بەڕێوەبردنی سەربازەكانی كوردستان.

ج-سەركردە و بەرپرسە سەربازییەكانی كوردستان لەو ئەفسەرو جێگرە ئەفسەرە كوردانە پێكدێن كە لەناو سوپای عێراقدان.

د-چەكی بەرگری بۆ ئەو فەیلقەی كوردستان وەكو فڕۆكەو تۆپ و تانك و زریپۆش و هەموو جۆرە چەكێك كە دێت بۆ سوپای عێراق و بەكار دەهێنرێت دەبێ بەپێی ڕێژەی كوردستان بۆ ڕێژەی عێراق بەشی كوردستانی تیادا بێت.

ز-كۆلیجەكانی سەربازی و فڕۆكەوانی و پۆلیسی دەبێ قوتابیانی كوردستان وەربگیرێت بەپێی ڕێژەی كورد بۆ ڕێژەی عێراق، ئەم خاڵانەش نوێنەرانی حكومەتی عێراق ددانیان پیادا نەناو دایان نا بە جیاكردنەوە.

٦-دەربارەی دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی و دامەزراندنیان: داواکاری نوێنەرانی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد بەم شێوەی خوارەوە بوو:

١-ئەنجومەنی یاسادانان و جێبەجێکردن دەبێ گەلی کورد و دانیشتوانی کوردستان هەڵیان بژێرن بە ڕێگای هەڵبژاردن بۆ ماوەی پێنج ساڵ، هەر پێنج ساڵ جارێک هەڵبژاردن بکرێت لەکاتی ئاسایدا، هەموو ئەمینداره‌کانی ئۆتۆنۆمی بە پلەی وەزیر دابمەزرێن بەناوی ئەمیندارەوە. لەکاتی لابردنی یەکێک یان چەند کەسێک لە ئەندامانی ئەنجومەنی یاسادانان دەبێ بە ڕێگای دەنگدانی (٣/٢)ی ئەندامانی ئەنجومەنی یاسادانان بێت بۆ دامەزراندنی یەکێک یان چەند کەسێك لە جێگای ئەوانەی کە لابراون دیسانەوە بە ڕێگای هەڵبژاردن پێک دێت لەلایەن دانیشتوانی کوردستانەوە.

نوێنەرانی حکومەتی عێراق دەیانگوت: دامەزراندنی ئەندامانی هەردوو ئەنجومەنی یاسادانان و جێبەجێکردن حکومەتی عێراق خۆی دایان دەنێت لە هەموو چینە سیاسیەکانی کوردستان و وەکو یەك بەشداری تیادا بکەن وەکو پارتی دیموکراتی کوردستان و پارتی شوعی و پارتە دەست کردەکانی خۆیان و بێلایەنەکان و لەژێر دەسەلاتی سەرۆك كۆماردا دەبێت.وە هەر کاتێك بەپێویست زانرا بە بڕیاری سەرۆك كۆمار هەردوو ئەنجومەنی یاسادانان و جێبەجێکردن هەڵدەوەشێتەوە. ئەم داواکارو خاڵانەی هەردوو لا سەرکردایەتی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد و حکومەتی عێراق وەکو خۆیان مانەوە بەبێ ئەوەی کە هیچ لایەنێك دابەزێت و لە خاڵێك ببورێت یان کەم کردنەوەی داواکاریەکانیان.

# دەست پێكردنەوەی شەڕی كوردستان

لە ڕۆژی ٩ی ئازاری (١٩٧٤)مانگرتنێكی گشتی دەستی پێكرد لە هەموو شارو شارۆچكەو دێهاتەكانی كوردستان مانیان گرت و ناڕەزاییان دەربڕی بەرامبەر بە حكومەتی عێراق بۆ جێبەجێ نەكردنی بەیاننامەی ١١ی ئازاری (١٩٧٠).

لە ڕۆژی ١٠ی ئازاری (١٩٧٤)هەموو نوێنەرانی بزووتنەوەی ئازادیخوازی كورد بۆ دواجار بەغدایان بەجێهێشت و گەڕانەوەی بۆ كوردستان بەبێ ئەنجام. لە شەوی ١٠/١١ی ئازاری (١٩٧٤)هەموو شارو شارۆچكەكانی هەولێر و سلێمانی و دهۆك و زۆر لە دانیشتوانی كەركوك و قەزاو ناحیەكانی لە ٧٥٪ی دانیشتوانی شارەكانیان بەجێهێشت و چوونە دەرەوە بۆ ئەو شارو شارۆچكانەی كە دوورن لە شەقامە سەرەكیەكانەوە، وە هەموو دڵسۆزی و ئامادەیی خۆیان دەربڕی بۆ سەركردایەتی بزووتنەوەی ئازادیخوازی كورد و پارتی دیموكراتی كوردستان بە سەرۆكایەتی مستەفا بارزانی.

هەروەها قەزاو ناحیە كوردیەكانی سەر بە پارێزگای موسڵ و دیالە ئەوانیش بە زۆری خۆیان گەیاندە ناوچە ئازادكراوەكانی پێنجوێن و چوارتاو بەرزنجەو ماوەت و قەلادزەو ڕانیە و كلالەو چۆمان و حاجی ئۆمەران و هەڵەبجەو تەوێڵەو بیارەوە..هتد.. هەموو پارێزگار و قایمقامەكان و بەڕێوەبەرەكانی ناحیەكان و ئەفسەرانی پۆلیس و سەربازی كورد تێكڕا خۆیان گەیاندە ناوچە ئازادكراوەكان و بروسكەی دڵسۆزی و ئامادەكاریان نارد بۆ سەركردایەتی شۆڕشی ئازادیخوازی كورد.

لە ڕۆژی ١١ی ئازاری (١٩٧٤)حكومەتی عێراق بە تاك لایەنە لەلایەن خۆیانەوە یاسایەكیان بڵاوكردەوە بەناوی یاسای ئۆتۆنۆمی بۆ كوردستان و ئەوەی كە خۆیان مەبەستیان بوو تیایدا بڵاویان كردەوە.

لە رۆژی ١٢ی ئازاری (١٩٧٤ز)حکومەتی عێراق بەیاننامەیەکی لێبووردنی گشتی بلآوکردەوە بۆ ماوەی یەك مانگ بۆ ئەوانەی کە خۆیان گەیاندۆتە ناو شۆڕشی ئازادیخوازی کورد.

لە (١٩٧٤/٤/١٣ز)حکومەتی عێراق هێرشێکی گەورە و فراوانی کرد بۆ سەر هەموو ناوچەکانی کوردستان، بە فرۆکەو تۆپ و دەبابە و سەربازی پیادەو جاشەکانی پارتی شوعی و پارتە دەست کردەکانی حکومەت کە چوبوونە ناو بەرەکەی بەعسەوە و جاشە کۆنەکانی تریش. پێشمەرگەی کوردستان، وە سوپای بەرگری کوردستان کە پێك هاتبوون لەو خەلکانەی کە تازە ببوون بە پێشمەرگە لە هەموو لایەکەوە بە بیروباوەڕی هەستی ئازادیخوازیەوە بەرەنگاری هێزەکانی حکومەتی عێراق بوونەوە و شەڕ درێژەی کێشا، حکومەت بە هەموو توانایەوە بەبێ دەست پارستن لە بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردو ناوچە ئازادکراوەکانی دەدا بە موشەکی زەو بەزەوی و تۆپی دوورهاوێژی نەمساوی و بۆمبای ناپالمی هندی و ڕوسی دیان بارند بەسەر دێهات و شارەکانی کوردستاندا بەبێ دەست پاراستن لە ژن و مندال و پیرو جوان، وە لەم هێرشانەدا چەندین فرۆکەی تیادا بەکار دەهێنرا وەکو تۆپۆلیف ١٦-١٨ی ڕووسی و فرۆکەکانی مێکی جەنگی ١٧-١٩-٢١-٢٣ی ڕووسی، بە هەزاران مالیان وێران کرد و چەندین بێتاوانیان کوشت، بە سەدان باخ و ڕەز و خەرمانی گەنم و دانەوێلەیان سوتاند.

ئێزگەی دەنگی کوردستان هەموو ڕۆژێك دەنگوباسی ڕۆژانەو هەولەکانی هەموو ناوچەکانی کوردستانی بلاو دەکردەوە. زانکۆی سلێمانی بە هەموو مامۆستاو قوتابیەکانیەوە هاتبوونە دەرەوە و لە قەلآدزە کۆ ببوونەوە بە تەمای بەردەوام بوونی خوێندن بوون، وە قوتابیەکی زۆری کورد لە زانکۆی بەغدا و موسلەوە هاتبوونە دەرەوە و پەیوەندیان کردبوو بە زانکۆی سلێمانیەوە لە قەلآدزە بۆ تەواوکردنی خوێندنی سالی (١٩٧٣-١٩٧٤ز)لەگەل ئەوەشدا وەکو پێویست جێگاو کەرەسەی خوێندن ئامادە نەکرابوو بۆ مامۆستایانی زانکۆ و

قوتابیـان، وە چـەكی دژە ئاسمـانی نـەبوو بـۆ بـەرگری كـردن و پاراسـتنیان لـە فرۆكەكانی حكومەتی عێراق.

ئێزگـەی دەنگـی كوردسـتانیش ڕۆژانـە باسـی خوێنـدن و چـالاكی زانكـۆی سـلێمانی دەكرد لە قەلآدزە و ئامادەیی لە هەڵەبجەو قوتابخانەی ناوەندی لە گەلآڵە.

حكومـەتی فاشـی عێـراق بـۆ پێكانـدن و شـكاندنی ئـەو نیـشانەی كـە مەبەسـتیان بـوو بـۆ دەركردنـی داخـی دڵیـان و ڕووخانـدنی وورەی شۆڕشـگێڕانی كـوردو جـەماوەری كوردسـتان، لـە ڕۆژی (١٩٧٤/٤/٢٢)حكومـەتی عێـراق ناحیـەی گەلآڵـە و قوتابخانـە ناوەندیەكـەی بـە فرۆكـەو بۆمبـای ناپـاڵم بۆردومـان كـرد و زیاتر لە ١٥٠ كەس لە قوتابیان و مامۆستایان كوژران و بریندار كران.

لـە ڕۆژی (١٩٧٤/٤/٢٤)دوو ڕۆژ لـە دوای بۆردومـان كردنـی گەلآڵـە لـە پـێش نیـوەڕۆ فرۆكـەكانی حكومـەتی بەعـسی فاشـی شـاری قـەلآدزەیان بۆردومـان كـرد بـە بۆمبـای ناپـاڵم و زیـاتر لـە ٣٥٠ كـەس لـە قوتابیـان و مامۆسـتایان و دانیـشتوانی شاری قەلآدزە لە ژن و پیاو و منداڵ كوژران و بریندار بوون

لـە ڕۆژی (١٩٧٤/٤/٢٦)دیـسانەوە حكومـەتی بەعـسی خـوێن ڕێـژ شـاری هەڵەبجـەی بۆردومـان كـرد بـە فرۆكـەو بۆمبـای ناپـاڵم و زیـاتر لـە ٢٠٠ كـەس كـوژران و برینـدار بـوون لـە قوتابیـانی ئامـادەیی و مامۆسـتایان و دانیـشتوانی شـاری هەڵەبجە لە ژن و پیاو و منداڵ.

حكومـەتی عێـراق داخ و ڕق و كینـەی خـۆی دەركـرد بـە ڕژانـدنی خـوێنی ئـەو هـەموو قوتـابی و مامۆسـتاو دانیـشتوە بێتاوانـەو دەیویـست تۆڵـەی سـوپا شـكاو و وورە ڕووخاوەكـەی لـە بـەرەكانی شـەڕدا بكاتـەوە بـە ڕژانـدنی خـوێنی ئـەو كۆمەڵـە ڕۆشـنبیرو بـێ چـەكە. وە وورەی لەشـكری پێـشمەرگەی ئـازادیخوازی كـوردی پـێ بروخێنێـت. بـەلآم بـە پێـچەوانەوە زیـاتر ڕقـی پێـشمەرگە و جـەماوەری كوردیـان هەڵـساند بـۆ خـۆڕاگرتن و بـەرگری كـوردن و شـەڕی مـان و نـەمان لـە پێنـاوی ئازادی و ژیان.

حكومـەتی عێـراق و خـوێن مـژانی بـەعس بەوەشـەوە نەوەسـتان، هـەر خێزانێـك لـەناو شـارو شارۆچـكەكانی كوردسـتان كەسـێكی پێـشمەرگە بوایـە یـان لـە ناوچـە

ئازادکراوەکاندا بوایە ژن و منداڵ و دایك و باوك و خوشك و براکانیان دەخستە ناو زیلی سەربازییەوە و لە دەشتێکی چۆڵ لە سنوورەکانی ناوچە ئازادکراوەکاندا هەڵیان دەرژاندن و بەرەڵایان دەکردن و پێیان دەگوتن بڕۆن بۆ لای کوڕەکانتان، بەبێ جل و بەرگ و پێڵاو.

بەو شێوەیە هەزاران خێزانی کوردیان دەرکرد لە شارو شارۆچکەکان بۆ سنووری ناوچە ئازادکراوەکان بۆ ئەوەی کە ببن بە ئەرك بۆ سەر شۆڕشی کوردستان. پێشمەرگەکانی کوردستانیش پێشوازیان لێیان دەکرد و دەیان بردن بۆ لای خۆیان و ناوەکانیان دەدان بە ئێزگەی دەنگی کوردستان بۆ ئەوەی کەس و کارەکانیان کە پێشمەرگە بوون فریایان بکەون و بیانبەن بۆ ئێران بۆ ناو ئەو ئۆردوگایانەی کە بۆ لێقەوماوانی کوردی باشوور دامەزرابوون لە نزیك شارەکانی سەردەشت و شنۆ و سەرپێڵی زەهاو و نەغەدە و مەریوان و ناوچەکانی تری ئێران. لێقەوماو پەناهەندەی کورد لەناو خاکی ئێران گەیشتنە نزیکەی چوار سەد هەزار خێزان.

بەم شێوە شەڕی کوردستان درێژەی کێشاو پێشمەرگەی ئازادیخوازی کورد رۆژ بە رۆژ زیاتر وورەیان بەرز دەبویەوە و سەرکەوتنیان بەدەست دەهێنا لە بەرەکانی شەڕدا و بەرگریان دەکرد لە خۆیان و وڵاتەکەیان بەرامبەر بە حکومەتی بەهێزی ئەو سەردەمەی عێراق و بەو هەموو توانای ئابووری و چەکی هەمەجۆری وەکو فرۆکەو دەبابەو تۆپی نەمساوی دوورهاوێژ و بۆمبای ناپاڵمی رووسی و هندی و بەکارهێنانی تۆپی فسفور و یارمەتیدانی هاوپەیمانی پانزە ساڵەی یەکێتی سۆڤیەت. شەڕ درێژەی کێشا بۆ ماوەی یەك ساڵ لە پاش ساڵێك شەڕ و زیانێکی زۆر و نائومێدبوونیان لەسەرکەوتن بەسەر شۆڕشی ئازادیخوازی کوردا، حکومەتی عێراق دەستیان کرد بە هەوڵدان لە رێگای حکومەتەکانی میسرو ئوردن و جەزائیرەوە بۆ ئاشتبوونەوە و پێکهێنانیان لەگەڵ شای ئێران. لە پاش سەردانی وەزیری دەرەوەی جەزائیر (بوتەفلیقە)لە مانگی شوباتی (١٩٧٥ز)بۆ ئێران.

وە لە هەمان مانگدا ڕۆیشتنی شای ئێران بۆ میسرو ئۆردن توانیان بە هەموو لایەنەکانی میسرو جەزائیر و ئۆردن شای ئێران ڕازی بکەن بە ڕەزامەندی ئەمەریکا و یەکێتی سۆڤیەت بۆ ئاشتەوایی و پێکهاتنەکەی ٦ی ئازاری (١٩٧٥ز)ی جەزائیرو تواندنەوەی شۆڕشی ئازادیخوازی کورد.

ئەوەبوو لە (٥-٦-٧)ی ئازاری (١٩٧٥ز)کۆنگرەیەك بەسترا لە جەزائیر بە ناوی کۆنگرەی بەرزی ولاتانی خاوەن نەوت و هەموو پاشاو میرو سەرۆك کۆمارەکانی ولاتانی خاوەن نەوت ئامادەبوون لە کۆنگرەکەدا. لە رۆژی ٦ی ئازاری (١٩٧٥ز)بە ئامادەبوونی (هاواری بۆمیدیان)سەرۆك کۆماری جەزائیر (بوتەفلیقە)وەزیری دەرەوەی جەزائیر، شای ئێران موحەمەد ڕەزای پەهلەوی و سەدام حوسێن جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی عێراق پێکەوە دانیشتن و پێکهاتنەکەی ٦ی ئازاری سالی (١٩٧٥ز)ی جەزائیریان واژوو کرد و وژدانی مردوی خۆیان خستەکار بۆ تواندنەوەی شۆڕشی ئازادیخوازی کورد.



سەدام حوسێن و موحەمەد ڕەزاشای ئێران چاویان بەیەک کەوت لە 6ی ئازاری 1975 لە جەزائیر بە یارمەتی ملئی سەرۆک کۆماری جەزائیر هاواری بۆ مییان و وەزیری دەرەوەی بوتەفلیقە پێکیان هێنان بۆ تواندنەوەی
بۆ نەتەوەی، شۆڕشی، ڕزگاریخوازی میللەتی کورد

پێکهاتنەکەی ٦ی ئازاری ١٩٧٥ی جەزائیر لە نێوان سەدام حوسێن و شای ئێران

# پێکهاتنەکەی ٦ی ئازاری ١٩٧٥زی جەزائیر لە نێوان سەدام حوسێن و شای ئێران

[١] ئـەم خالآنـەی خـوارەوە دەقـی پێکهاتنەکـەی ٦ی ئـازاری (١٩٧٥ز)ی جـەزائیر بـوو کـە سـەدام حوسـێن و موحەمـەد ڕەزا شـای ئێـران واژوویـان کـرد لەسـەری بـە ئامـادەبوون و یارمەتیـدانی هـاواری بۆمێـدیان سـەرۆك کۆمـاری جـەزائیر و بوتەفلیقـە وەزیـری دەرەوەی جـەزائیر و بلآوکرایـەوە بەشـێوەیەکی فـەرمی و ئاشکرا، بەم شێوەی خوارەوە:

لـە ڕۆژی ٥-٦ی ئـازاری (١٩٧٥ز)شـای ئێـران موحەمـەد ڕەزا شـای ئێـران و سـەدام حوسـێن جێگـری سـەرۆکی ئەنجومـەنی سـەرکردایەتی شۆڕشـی عێـراق بـە ئامـادەبوونی هـاواری بۆمێـدیان سـەرۆك کۆمـاری جـەزائیر و بوتەفلیقـە وەزیـری

[١] خەباتی چەکداری و ڕامیاری و نەتەوایەتی کورد، نەجم سەنگاوی، ل٣٢٤

دەرەوەی جەزائیر پێكهاتن لەسەر ئەم خالآنەی خوارەوە بۆ نەهێشتنی جیاوازیەكانی سنووری نێوان ئێران و عێراق:

**یەكەم:** نەخشەیەكی كۆتایی هێنان بۆ دانانی سنووری وشكایی (نێوان عێراق و ئێران، ن.س)بەپێی پرۆتۆكۆلی قستەنتینیەی سالّی (١٩١٣ز)وە ئامادەكراوەكانی لیژنەی دەست نیشانكردنی سنووری سالّی (١٩١٤ز)دەبێت.

**دووەم:** دیاریكردن و نیشانكردنی سنووری ئاوی بەپێی هێلّی تالوك دەبێت.

**سێیەم:** لەسەر هەردوو لایە (عێراق و ئێران، ن.س). هێمنی متمانەو بڕوایی ئالّووگۆڕكردن بە درێژایی سنووری هاوبەشیان دەگرێتەوە، وە لەم بارەیەوە هەردوو لا چاودێری بەتین بەكار دێنن لەسەر سنوورەكانی هاوبەشیان.

ئەمەش بۆ ئەوەیە كە سنوورێكی كۆتایی دابین بكرێت بۆ هەموو هاتووچۆكردنێك لە نێوان یەكدا بۆ كۆتایی هێنان بە هەموو شێوەی وێرانكاری و خراپەكاری كە لەلایەكی ترەوە دەهێنرێت.

**چوارەم:** هەروەها هەردوولا (عێراق و ئێران، ن.س)رێككەوتن لەسەر دانانی ئەوانەی كە لەسەرەوە باسمان كردن، وە بەو كەرەستانە دادەنرێت كە جیا نابنەوە لەیەك بۆ چارەسەركردنی كۆتایی، واتە دەستكاری كردنی بەندەكانی شتێكی سروشتییە لەگەلّ گیانی رێكەوتنامەكەی جەزائیردا یەك ناكەوێت.

هەردوولا پەیوەندی بەردەوامیان نابڕێت لەگەلّ سەرۆك هەواری بۆمێدیان لەكاتی پێویستدا بۆ یارمەتی برایانەی جەزائیر بۆ جێبەجێكردنی ئەو بڕیارانەی كە پێشكەشی دەكات. ئەم چوار خالّەی سەرەوە دەقی ئەو خالآنە بوو كە لە بەیاننامە هاوبەشییەكەیاندا بلآوكرایەوە، ن.س.

# خاڵە نهێنیەكانی پێكهاتنەكەی ٦ی ئازاری ١٩٧٥ز جەزائیر كە بلاّو نەكرایەوە

١-عێـــراق بگەڕێتـــەوە بـــۆ ســـنوورەكانی ســـالآنی (١٩١٣-١٩١٤)ی (پـــێش دامەزرانـدنی دەوڵـەتی عێـراق، ن.س)یـانی بـە درێـژایی سـنووری عێـراق لەگـەڵ ئێـران لــە كوردســـتانەوە (٢٠-٢٥ كیلۆمـــەتر)بـــەجێ بێڵێـــت و بگەڕێتـــەوە دواوە بەناوی ناوچە قەدەغەكراوەكان.

٢-عێراق ناوی خەلیج نەبات بە خەلیجی عەرەبی تەنها بە خەلیج ناو ببرێت.

٣-ئێـران وەكـو عێـراق مـافی تـەواوی هاتووچـۆ كردنـی هـەبێت لـە شـەت ئەلعـەرەب بـەبێ ترانـسێت و گـومرگ، (لەگـەڵ ئـەوەی كـە شـەت ئەلعـەرەب ئـاو و خـاكی عێراقە، ن.س).

٤-عێـــراق یارمـــەتی ببڕێـــت لـــە شۆڕشـــگێڕەكانی (الغفـــار) (ئـــەو ســـەردەمە شۆڕشـــگێڕەكانی (الغفـــار)دژی ســـوڵتان قـــابوس ســـوڵتانی عومـــان هەســـتابوون و عێـراق یارمـەتی و پـشتگیری دەكـردن، وە سـوڵتان قابوسـیش هاوپـەیمانی شـای ئێران بوو، وە دەبێ بزووتنەوەكەیان دابمركێتەوە، ن.س).

٥-عێـــراق یامـــەتی لـــە شۆڕشـــگێرەكانی ئـــەیتێریا ببڕێـــت و شۆڕشـــەكەیان دابمركێتـــەوە (ئـــەو ســـەردەمە شۆڕشـــی ئـــەیتێریا بـــەرپا ببـــوو دژی حكومـــەتی ئەســـیوبیاو داوای ســـەربەخۆییان دەكـــرد، وە حكومـــەتی ئەســـیوبیا ســـەر بـــە یەكێتی سۆڤیەت (ڕوسیا بوو، ن.س).

٦-عێـراق داوای ناوچـەكانی (سـەیف سـەعد و زەینـل قـەوس)نـەكات، (ئـەم دوو ناوچە هەردوو خاك و زەوی عێراق بوون و ئێران داگیری كردبوون، ن.س).

٧-عێـــراق داوای دوورگـــەكانی (تومبـــا ئەلـــسوغراو-تومـــب ئـــەلكوبرا و ئەبوموسـا)نـەكات (ئـەم سـێ دوورگەیـە عـەرەبی بـوون لـەكاتی جـەنگی جیهـانی یەكـەم بـەریتانیا داگـیری كردبـوون و بنكـەی سـەربازی بـەریتانیای تیـادا بـوو، لـە

ساڵی (١٩٦٣ن)حكومەتی بەریتانیا لێی كشایەوە و جێی هێشت و ئێران داگیری كردوو چووە ناویەوە، بەرامبەر ئەم خاڵانەی خوارەوە:

١-ئێران سنوورەكانی خۆی دابخات بە تەواوی لە رووی بزووتنەوەی ئازادیخوازی كورد و یارمەتیان لێ ببڕێت.

٢-سەركردایەتی بزووتنەوەی ئازادیخوازی كورد ناچار بكات بۆ تواندنەوەی بزووتنەوەكەیان و خۆیان بەدەستەوە بدەن بە عێراق یان ئێران.

٣-لەكاتی سەرپێچی كردنی سەركردایەتی بزووتنەوەی كورد بۆ خۆبەدەستەوەدان، پەیماننامەی (سەعد ئاباد)ی ساڵی (١٩٣٤ن)ی نێوان عێراق و ئێران و توركیا جێبەجێ بكرێت و بە هەرسێ دەوڵەت بدەن لە بزووتنەوەی كورد تاوەكو ناچاریان دەكەن بۆ خۆبەدەستەوەدان، یان قەلاچۆكردنیان.

٤-لەكاتی دروستبوونی هەر بزووتنەوەیەكی كوردی لە ناوچەكەدا بەهەر سێ لایان لێی بدەن و سەركوتی بكەن و یارمەتی یەكتر بدەن و نەهێڵن دروست ببێتەوە.

٥-ماوەی تەواو بدرێت بە بەرپرسانی حكومەتی عێراق بۆ ئەوەی كە بتوانن هاتووچۆی ئۆردوگاكانی كورد بكەن لەناو ئێران بۆ ئەوەی كە بتوانن بەشێكی زۆری ئەو خێزانانەی كە لەناو ئۆردوگاكانی ئێراندان بیان گەڕێننەوە بۆ عێراق، هەروەكو ڕوویدا لە ساڵی (١٩٧٦ن)و بیست هەزار خێزانیان بە ناوی لێبوردنی گشتیەوە هێنایەوە بۆ عێراق و لە ناوچەكانی ناوەڕاست و باشووری عێراق نیشتەجێیان كردن هەتا ساڵی (١٩٧٩ن).

# ڕۆیشتنی مستەفا بارزانی بۆ تاران و چاوپێکەوتنی بە شای ئێران

[١]پێکهاتنەکەی ٦ی ئازاری (١٩٧٥ن)ی جەزائیر لە نێوان شای ئێران و سەدام حوسێن، ئەوەی کە ئاشکرابوو لە چوار خاڵ تێپەر نەبوو، بەڵام ناوەڕکی پێکهاتنەکە ڕوون و ئاشکرا بوو، دەرکەوت بۆ سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی پارتی و شۆڕشی کورد.

مستەفا بارزانی لە ڕۆژی (١٩٧٥/٣/٧ن)بانگهێشی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پارتی و سەرکردایەتی شۆڕشی کوردی کرد بۆ حاجی ئۆمەران و کۆبوونەوە و لە ناوەڕۆکی ڕێککەوتنەکەی نێوان شای ئێران و سەدام حوسێن لە جەزائیر کۆڵینەوە و بڕیاریاندا لەپاش گەڕانەوەی شای ئێران بۆ تاران لەسەر بەرزترین ئاست نوێنەرانی کورد بڕۆن بۆ تاران بۆ چاوپێکەوتنی شای ئێران و لێکۆڵینەوە دەربارەی ئەنجامی پێکهاتنەکەیان و دوا ڕۆژی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد.

لە ڕۆژی (١٩٧٥/٣/٨ن)مستەفا بارزانی و دکتۆر مەحمود عەلی عوسمان و موحسین دزەیی ڕۆیشتن بۆ تاران و داوای چاوپێکەوتنی موحەمەد ڕەزا شای ئێرانیان کردبوو.

لە ١١ی ئازاری ساڵی (١٩٧٠ن)کە بەیاننامەی پێکهاتنەکەی سەرکردایەتی کورد و حکومەتی عێراق بڵاوکرایەوە، شای ئێران نوێنەریان نارد بۆ لای مستەفا بارزانی و داوای لێی کردبوو کە بکشێتەوە لەو پێکهاتنەی کە لەگەڵ عێراق مۆریان کردوە و دەست بکەنەوە بە شەڕ لەگەڵ حکومەتی عێراق. ئێران یارمەتی و پشتگیریان دەکات و سەرکەوتن و دەستکەوتی زیاتر بەدەست دێنن.

بەڵام مستەفا بارزانی بەرژەوەندییەکانی ئەو ڕۆژانەی شۆڕش و گەلی کوردی گرتبووە بەرچاو و داواکارییەکەی شای ئێرانی ڕەتکردەوە و شەڕی ڕاگرت لەگەڵ عێراق بۆ ماوەی چوار ساڵ بۆ جێبەجێکردنی بەیاننامەی ١١ی ئازاری (١٩٧٠ن). مستەفا بارزانی

---

[١] خەباتی چەکداری و ڕامیاری نەتەوایەتی کورد، نەجم سەنگاوی، ل٣٢٥

و هەڤالآنی لە رۆژی ٨ی ئازاری (١٩٧٥ز)رۆیشتن بۆ تاران بۆ چاوپێکەوتنی شـای ئێـران و لە کۆشکی پاشایەتی ئێران داوای چاوپێکەوتنی موحەمەد رەزا شایان کردبوو.

بـەلآم شـای ئێـران مـاوەی چـاوپێکەوتنی پێیـان نـەدابوو هـەتا رۆژی ١١ی ئـازاری (١٩٧٥ز)لەکاتی چـاوپێکەوتن و گفتوگۆکردنـدا شـای ئێـران رێکهاتنەکـەی ١١ی ئـازاری (١٩٧٥ز)ی خستبووە بیریان کە چـۆن مـستەفا بـارزانی داواکارەکـەی دابـووە دواوە بـۆ رانەگرتنی شەڕ لەگـەلّ حکومـەتی عێراقـدا، وە پێیـانی راگەیانـدبوو کـە ئێـران و عێـراق پێکهاتوون و هیچ کێشەو گیروگرتێك نەماوە لە نێواندا و چارەسەری کێـشەکانی خۆیـان و ناکۆکییـەکانیان کـردوە. وە بەلایـەن بزووتنـەوەی کـوردەوە هـەموو دەرگاکـانی سنوورەکانی ئێران و عێراقیان لێ دادەخرێت و دەبێ مـل کـەچ بـن بـۆ چـەکدانان و خـۆ بەدەستەوەدان بە ئێران یان بە عێراق، وە حکومەتی عێراق لێبوردنی گشتی دەردەکـات بۆ ئەوانەی کە دەگەڕێنەوە بۆ عێراق، وە گیانیان پارێزراو دەبێـت، وە هـیچ چـارەیەکی تریان بۆ نییە.

ئەم پێکهاتنەی نێوان عێراق و ئێران بۆ تواندنەوەی بزووتنـەوەی ئـازادیخوازی کـورد بـە ئاگاداری و رەزامەندی هەردوو دەولّەتی زل هێزو خـاوەن بڕیـاری ئەوسـەردەمە بـوو کـە ئـەوانیش ئەمـەریکاو یـەکێتی سـۆڤیەت بـوون لـە پێنـاوی بەرژەوەنـدی خۆیـان و هاوپەیمانەکانیان لە رۆژهەلآتی ناوەڕاستدا.

لە رۆژی (١٩٧٥/٣/١٢ز)مستەفا بارزانی و هەڤالآنی ماوەیان پێدرا لەلایەن شاو دەولّـەتی ئێرانـەوە و گەڕانـەوە بـۆ کوردسـتان. بـە گەیـشتنیان بـۆ بارەگـای بـارزانی لـە حـاجی ئۆمـەران مـستەفا بـارزانی ئەنـدامانی مەکتـەبی سیاسـی و کۆمیتـەی ناوەنـدی پـارتی دیموکراتی کوردستان و ئەنـدامانی سـەرکردایەتی شـۆڕش و پیـاوانی سیاسـەتمەداران و ناودارانی ناو شۆڕشی کوردی بانگێش کرد و کۆبوونەوەیەکی فراوانی لەگەلّیاندا سازدا و ئەنجامی چاوپێکەوتنەکەیان لەگەلّ شای ئێـران و پێکهاتنەکـەی ٦ی ئـازاری (١٩٧٥ز)ی نێوانیان و ناچارکردنیان بۆ راوەستانی شەڕ و دانـانی چـەك و خۆبەدەسـتەوەدانیان بـە عێراق یان ئێران باس کرد بۆیان، وە تەسلیم کردنی چەکەکانیان بە عێراق یان بە ئێـران لە ماوەی ٢٤ کاتژمێردا.

ئەنـدامانی مەکتـەبی سیاسـی و کۆمیتـەی ناوەنـدی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان و ئامادەبووانی کۆبوونەوەکە هیچ پێشنیارێکیان نەخستە ڕوو بـۆ دەربـڕینی ڕاوبۆچـوونی خۆیان و دۆزینەوەی چارەیەك بۆ ئەم کێشەو گیروگرفتەی شۆڕش و گەلی کورد.

لە ڕۆژی (١٩٧٥/٣/١٣)لە کاتژمێری (١١:٣٠)ی پێش نیوەڕۆ بەناوی مستەفا بارزانیـەوە بروسـکەیەکیان دا بـە هـەموو هێـزو بـەتالیۆن و لقـەکانی پێشمەرگەی کوردسـتان بـۆ ڕاگرتنی شەڕ و کشانەوە لە هەموو بەرەکانی شەڕدا لە هەموو کوردستانی عێراق.

وە هەر لە هەمان ڕۆژدا لە (١٩٧٥/٣/١٣)بـەناوی مەکتـەبی سیاسـی پـارتی دیمـوکراتی کوردستانەوە یادنامەیەکیان نارد بـۆ حکومـەتی عێـراق بەدەسـتی دوو ئەفسـەری دیلـی عێراق و داوای وتوێژیان کرد لە حکومەتی عێراق، داوایان کردبوو لە حکومەتی عێراق کە پەشیمان ببنەوە لەو پێکهاتنەی ٦ی ئازاری (١٩٧٥)جەزائیر و ئەو خاڵانەی کە ددانیان پیادا ناوە بۆ ئێران و لێی بکشێنەوە و نەیان دەنێ. سەرکردایەتی کـورد ئامادەیـە پێـك بێت لەگەڵیاندا بۆ جێبەجێکردنی ئەو یاسا ئۆتۆنۆمییـەی کـە حکومـەتی عێـراق لەلایـەن خۆیەوە لە ڕۆژی ١١ی ئازاری (١٩٧٤)بڵاویان کردەوە.

حکومەتی عێراق هـەمان ڕۆژ وەڵامـی یادنامەکـەی مەکتـەبی سیاسـی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتانیان دایـەوە لـە ڕێگـای ئێزگـەی ڕادیـۆی بەغـداوە، وە ئێزگـەو ڕۆژنامـەکانی جیهانیش بڵاویان کردەوە.

ئەمە وەڵامەکەی حکومەتی عێراق بوو کە لە ئێزگەی بەغدا بڵاوکرایەوە (هـیچ ماوەیـەك نییە بۆ وتوێـژکردن لەگـەڵ گیرفـانی بـەکرێگیراو تـەنها بـە خۆبەدەستەوەدانی مستەفا بارزانی و کۆمەڵەکەی نەبێت بەبێ هیچ گفتوگۆ و مەرجێك وەکو هاووڵاتیـەکی ئاسـایی).

مەبەسـتی نـاردنی یادنامەکـەی مەکتـەبی سیاسـی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان بـۆ حکومەتی عێراق بۆ وتوێژکردن ئەمانە بوو:

١-دوا هەوڵ بوو سەرکردایەتی کورد دایـان لەگـەڵ حکومـەتی عێـراق بـۆ ئـەوەی لـە دوا ڕۆژدا بۆ مێژوو نەگوترێت بۆچی سەرکردایەتی پارتی و بزووتنـەوەی ئـازادیخوازی کـورد هەوڵێکی وایان نەدا لەگەڵ حکومەتی عێراق، لەوانەبوو حکومـەتی عێـراق ڕازی بوونایـە بـەو داواکاریـەو عێـراقیش ئـەو ئـاو و خاکـە زۆرەیـان نەدایـە بـە ئێـران و پەشـیمان ببوونایەتەوە.

٢-ئەگەر حکومەتی عێراق ئەو یادنامەی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانی پەسەند بکردایە دەبوو بە سەرکەوتنێکی سیاسی و مێژوویی بۆ سەرکردایەتی کوردو پارتی دیموکراتی کوردستان و خۆ رزگارکردن لە پیلانە نێودەوڵەتییەکان.

لە رۆژی (١٩٧٥/٣/١٤ن)جارێکی تر مستەفا بارزانی بانگهێشتی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی و سەرکردایەتی شۆڕش و ئامر هێزەکانی پێشمەرگەو پیاوانی سیاسی کرد بۆ حاجی ئۆمەران و کۆبوونەوە، لەو کۆبوونەوەیەدا پێشنیازێکیان پێشکەش کرد بە مستەفا بارزانی و داوایان لێی کردبوو کە شۆڕشی ئازادیخوازی کورد بەردەوام بێت و خۆیان نەدەن بەدەستەوە نە بە ئێران و نە بە عێراق، سەر لەنوێ رێکخستنی شەڕی پارتی زانی دروست بکەنەوە و ئەوەی خاوەنی خێزانەو توانای نییە پێشمەرگایەتی بکات با ئازاد بێت و بڕواتەوە بۆ عێراق یان ئێران، وە ئەوەی گەنجە و بۆی دەلوێت و خۆی حەز دەکات با بمێنێتەوە و رێکخستنێکی سەر لەنوێ دابمەزرێتەوە بۆ شەڕی پارتی زانی، وە تەنها بڕوا بخەنە سەر خۆیان و میللەتی کورد.

وە هەر هێزێك بەربەرەکانی کردن و دژیان وەستانەوە عێراق بێت یان ئێران لێی بدەن و بەردەوام بن لە شەڕی پارتی زانی تاوەکو خۆیان دەگرنەوە و حکومەتی عێراق ناچار دەکەنەوە بۆ وتووێژکردن و دەرفەتێکی تر دروست دەبێتەوە بۆ گەلی کورد.

ئەم داواکاری و پێشنیازە پەسەند کرا لەلایەن مستەفا بارزانیەوە و دەستیان کرد بە خۆئامادەکردن و ناونووسینی ئەو کەسانەی کە ئامادەبی خۆیان دەردەبڕن و دەمێننەوە بۆ پێشمەرگایەتی.

هەموو بەرپرسانی پێشمەرگەو پارتی دەستیان کرد بە پەیوەندی کردن لەگەڵ دۆست و برادەرانی خۆیان، سەرکردایەتی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد دەستیان کرد بە هێنانی ئازووقەو خۆراك وەکو ئارد و برنج و رۆن لە ئێرانەوە بۆ حاجی ئۆمەران و چۆمان، بۆ ئەوەی کە بتوانن ئازوقەیەکی زۆر بە ماوەیەکی کەم بێنن بۆ ناو کوردستانی عێراق پێش داخستنی سنوورەکانی نێوان عێراق و ئێران لەلایەن هەردوو دەوڵەتەوە لە ماوەی ئەو دوو رۆژەدا بە رۆژ و شەو بە ئۆتۆمبێلی بارهەلگر دەستیان کرد بە کڕین و هێنانی ئازووقە هەتاوەکو پاش نیوەڕۆی رۆژی (١٩٧٥/٣/١٦ن) حکومەتی ئێران بەم

بڕیارەیان زانی و ئاگاداربوونەوە و بۆیان دەرکەوت کە سەرکردایەتی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد نیازی چەك دانان و خۆ بەدەستەوەدانیان نییە. ئاگاداریەکی بە پەلە هات بۆ مستەفا بارزانی لەلایەن دەوڵەتی ئێرانەوە و دەڵێت: ئێمە ئاگاداری بزووتنەوە و تەکبیرکردنتانین، ئەگەر بێت خۆتان بەدەستەوە نەدەن با عێراق یان بە ئێران لە ماوەی سێ ڕۆژدا ئێران ناچار دەبێت بەپێی ڕێککەوتننامەکەی ٦ی ئازاری (١٩٧٥ز)جەزائیر و پەیمانی سەعد ئابادی ساڵی (١٩٣٤ز)بێنێتەکایەوە بۆ لێدانی بزووتنەوەی کورد بە ئێران و عێراق و تورکیا، وە هەڕەشەی پەناهەندانی کوردی ناو ئۆردوگاکانی ناو ئێرانی کردبوو کە زیاتر لە چوار سەد هەزار کەس دەبوون لە ژن و منداڵ و پیاوان.

وە هەر لە شەوی (١٩٧٥/٣/١٥ز)حکومەتی تورکیا لەلای خۆیانەوە سنوورەکانیان داخست و باری نائاساییان بلاّوکردەوە لەسەر سنوورەکانی تورکیا و عێراق و ئێران بۆ ئەوەی هەر کوردێك بڕواتە ناو خاکی تورکیاوە یان بە چەکەوە ببینرێت لەسەر ئەو سنوورانە تەقەیان لێ بکەن و لێیان بدەن.

بە گەیشتنی ئەم ئاگادارییەی دەوڵەتی ئێران بە دەستی مستەفا بارزانی جارێکی تر هەموو ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان و پیاوانی سیاسی و ئامر هێزەکانی پێشمەرگەی بانگهێش کردەوە بۆ بارەگای بارزانی لە حاجی ئۆمەران و ئاگادارییەکەی دەوڵەتی ئێرانی پێیان ڕاگەیاند و گوتی ئێمە شۆڕشمان بۆ میللەتی کورد کردوە، ئەم میللەتە بێ کەس و بێ پشتیوانەی ئێمە دریغیان نەکردوە لە قوربانیدان و خەباتکردن لە پێناوی ئازادیدا.

وە ئەمەی کە هاتۆتە سەرمان پیلانێکی گەورەی دەوڵەتانی ئیمپریالیزمی جیهانیە کردویانەتە سەر گەلی کوردمان، ئەم پیلانە لەسەر ڕاو بڕیاری ئیمپریالیزمی ئەمەریکا و زل هێزەکانی ڕۆژهەلاّت و ڕۆژئاوایە، ئەمە گەورەترین پیلانە بۆ سەر ئێمەی کورد کراوە بۆ لەناوبردنی شۆڕش و گەلەکەمان. ئێمە ئەگەر چەکەکانمان دانەنێین چەکەکانمان دەمێنێتەوە، بەلاّم میللەتەکەمان لەناو دەچێت و دەفەوتێت.

خۆ ئەگەر چەکەکانمان دابنێین چەکەکانمان دەڕوات و نامێنێت، بەلاّم میللەتی کورد دەمێنێت، هەر کاتێك میللەتی کورد دەتوانێت شۆڕش بەرپا بکات و چەك پەیدا بکات.

بۆیە من لەلای خۆمەوە بڕیارم دا چەك دابنێم بۆ ئەوەی ملل‌ەتی کورد لەناو نەچێت و نەفەوتێت، ئێوەش چ بڕیارێك دەدەن لەناو خۆتاندا بیدەن. وە ڕاوبۆچوونی خۆتان دەربڕن. ئامادەبوانی کۆبوونەوەکە کەس نەهاتە وەلآم و هیچ ڕەخنەو پێشنیازێکیان نەبوو بەرامبەر بڕیارەکەی مستەفا بارزانی.

ئامادەبوان هەریەکە لە شوێنی خۆیانەوە بێدەنگ بوون و کۆتایی هات بە کۆبوونەوەکەو هەریەکە گەڕایەوە بۆ شوێن و بارەگای خۆیان. وە بڕیارو فەرمانی خۆیان هەریەکە درایە دەستی خۆی بۆ عێراق بڕوات یان بۆ ئێران.

بەم جۆرە سەرکردایەتی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد بەو خەڵکەیان ڕاگەیاند کە هەریەکە بەبیروڕای خۆی بۆ کوێ دەڕوات بڕوات. کە بەتەواوی لێقەومانەکە ئاشکرا بوو و بڵاوبوویەوە هیچ چارەیەك نەماو دەست کرا بە چۆڵکردنی ناوچەکانی چۆمان و حاجی ئۆمەران و قەسرێ و گەلاڵ و دەربەندی ڕایەت و بارەگاکانی لق و هێزی پێشمەرگەکان لە هەموو ناوچە ئازادکراوەکان.

لە ڕۆژی (١٩٧٥/٣/٢٠)ن‌ئێوارەکەی دوا کاروانی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد سەرکردایەتیان بەجێ هێشت و ڕۆیشتن بۆ دیوی ئێران. کارمەندانی ئێزگەی دەنگی کوردستانیش لە شەوی (٢٠-١٩٧٥/٣/٢١)شەوی نەورۆز لە پاش تەواوبوونی دەنگوباس و هەواڵەکان و لێدانی سروودی (دەبا بزانن دوژمنان ئێمە کوردین)ئێزگەکەیان داخست و تەقاندیانەوە.

# زیانەکانی حکومەتی عێراق لە شەڕی کوردستان

[1] لە ماوەی یانزە مانگ شەڕی کوردستان لەگەڵ حکومەتی عێراق لە (١٣/٤/١٩٧٤) بۆ (١٣/٣/١٩٧٥ن)بەپێی دداننانی سەدام حوسێن کە خۆی بە ئاشکرا لە رۆژی (١٦/٧/١٩٧٩ن)لە یەکەم کۆنگرە و کۆبوونەوەیدا کە بوو بە سەرۆك کۆماری عێراق لە جێگای ئەحمەد حەسەن بەکرو کۆبوونەوەی کرد بە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی بەعس.

بۆ ئەوەی کە بێتاوانی خۆی دەربرێت بۆ حیزبەکەی و گەلی عێراق لە پێکهاتنەکەی ٦ی ئازاری (١٩٧٥ن)ی جەزائیر لەگەڵ شای ئێران باسی ئەو زیانانەی کرد کە لێیان کەوتبوو لە ماوەی ئەو ساڵەی شەڕی کوردستان لە (١٣/٤/١٩٧٤ز ) هەتا (١٣/٣/١٩٧٥ن)وە ناچار بوون کە دەست هەڵبگرن لە زۆر شت بۆ شای ئێران بەرامبەر بە تواندنەوە و دامرکاندنەوەی شۆڕشی ئازادیخوازی کورد.

سەدام حوسێن لەم کۆبوونەوەیەدا گوتی: ئێمە لە ماوەی یەك ساڵی شەڕدا لەگەڵ جێبی عمیل لە شیمالی عێراق ئەم زیانانەمان لێ کەوتووە:

١-تێکشکاندنی (١٢٠٠)ئۆتۆمبێلی سەربازی.

٢-تێکشکاندنی (٢٨٥)دەبابە.

٣-تێکشاندنی (١٢٠)مودەرەعە.

٤-کەوتن و خستنە خوارەوەی (١٨)فرۆکەی هەمەجۆر.

٥-کوشتن و سەر وون بوونی (٦٠٠٠٠)هەزار سەرباز و ئەفسەر.

هەروەها لە هەمان کۆبوونەوەدا سەدام حوسێن گوتی: ئێمە کە پێکهاتین لەگەڵ شای ئێراندا لە ٦ی ئازاری (١٩٧٥ن)تەنها یەك گوللە تۆپی قورسمان مابوو. بۆیە ناچاربووین بە واژووکردنی پێکهاتنەکەی ٦ی ئازاری (١٩٧٥ن)جەزائیر.

---

[1] خەباتی چەکداری و رامیاری نەتەوایەتی کورد، نەجم سەنگاوی، ل٣٢٠

# ئاوڕێك بۆ دواوە

[1] لەگەڵ مۆرکردنی پێکهاتنەکەی شای ئێران و سەدام حوسێن لە ٦ی ئازاری (١٩٧٥)لە جەزائیر، دەوڵەتی ئێران دوو ڕەتڵ تۆپی قورسیان هەبوو لە گەرووی بێشێ و قەسرێ لەناوچەی گەلاڵە بۆ پشتگیری کردنی بەرەکانی ڕەواندز. وە تۆپێکی دژە فڕۆکەیان هەبوو لە پشتی چۆمانەوە لە نزیك ئێزگەی دەنگی کوردستان. هەر لە شەوی (١٩٧٥/٣/٦)لە کاتژمێری چواری بەیانی بەبێ پرس و ئاگادارکردنەوەی سەرکردایەتی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد هەموویان کشاندەوە بۆ دیوی ئێران و بردیانەوە.

وە حکومەتی عێراقیش ویستیان سوپاکەی خۆیان تاقی بکەنەوە، زانیان ئێران تۆپەکانیان بردۆتەوە، وایان زانی دەتوانن بە زۆری بازوی خۆیان زاڵ بن بەسەر پێشمەرگەی ئازادیخوازی کورددا، هەوڵیان دا بە زۆری توانای خۆیان ناوچەکانی قەسرێ و گەلاڵە و چۆمان و حاجی ئۆمەران داگیر بکەن، بۆ ئەم مەبەستە لە بەیانی ڕۆژی (١٩٧٥/٣/٧)حکومەتی عێراق بە چوار تیپی سەربازی و بە پشتیوانی فڕۆکەکانیان و تۆپی قورس و دەبابە ڕوویان کردە ناوچەکانی ڕەواندز و شاخی سپیلك بەرەو گەرووی بێشێ و شاخی حەسەن بەگ بەرەو گەلاڵەو چۆمان بە هەموو تواناکانیانەوە بەبێ دەست پاراستن هەتا ڕۆژی (١٩٧٥/٣/١٣)کاتژمێر (١١:٣٠)ی پێش نیوەڕۆ، بە ماوەی ئەم حەوت ڕۆژە سوپای عێراق زیاتر لە (١٥٠٠٠)هەزار سەرباز و ئەفسەریان لێ کوژرا و لاشە بەسەر لاشەدا کەوتبوو، لەگەڵ ئەوەشدا نەیانتوانی یەك کیلۆمەتر بڕۆنە پێشەوە لە شەڕی بەرەیی دا لەگەڵ پێشمەرگەی ئازادیخوازو قارەمانی کوردا، هەتا بڕیاری ڕاوەستانی شەڕ دەرچوو لەلایەن مستەفا بارزانییەوە لە ڕۆژی (١٩٧٥/٣/١٣)کاتژمێر (١١:٣٠)ی پێش نیوەڕۆ.

---

[1] خەباتی چەکداری و ڕامیاری نەتەوایەتی کورد، نەجم سەنگاوی، ل٣٣١

ئـەم شـەڕە قارەمانییـەی پێـشمەرگەی کـورد کردیـان سەلماندیان بـۆ حکومـەتی عێـراق کـە خـۆڕاگرتنی پێـشمەرگەی کـورد لـە مـاوەی ئـەم پـانزە سـاڵەدا توانـاو قارەمانیـەتی مللـەتی کـورد خـۆی بـووە نـەوەکو ئـەو چـەند تۆپـەی ئێـران. لـە مـاوەی (١٣/٤/١٩٧٤ن) هـەتا (١٣/٣/١٩٧٥ن)زیـاتر لـە (٦٠٠٠)هـەزار سـەربازو ئەفسەریان لـێ کـوژرا، بۆیـە مـن لـەم ژمارەیـە زیـاترم نـەوت چـونکە سـەدام حوسێن خـۆی لـە کۆبوونەوەکـەی ئەنجومـەنی سـەرکردایەتی شۆڕشـی بەعـسی لـە تەلـەفزیۆن و بـە ئاشـکرا لەبـەر چـاوی دنیـا ددانـی پیادانـاو باسـی ئـەم ژمـارەو زیانەکانی حکومەتی عێراقی کرد.

# گەلی كورد و دیمەنی هەرەس هێنانی شۆڕشی ئەیلول

[١] بە بیستن و بلاوبونەوەی هەواڵ و دەنگوباسی پێكهاتنەكەی ٦ی ئازاری (١٩٧٥)ی جەزائیر لە نێوان عێراق و ئێران، وە ڕۆیشتنی مستەفا بارزانی و هەڤالانی بۆ تاران و چاوپێكەوتنیان بە شای ئێران و گەڕانەوەیان بە نائومێدی بۆ كوردستان و بلاوبونەوەی هەواڵ و دەنگوباسی خۆ بەدەستەوەدان بە عێراق یان بە ئێران، وە ڕاوەستانی شەڕ لە ڕۆژی (١٩٧٥/٣/١٣)و بلاوبونەوەی هەرەس هێنانی شۆڕشی پانزە ساڵەی ئازادیخوازی كورد و ئاگاداركردنەوەی هەموو هێزو بەتالیۆنەكانی پێشمەرگەی كوردستان و لق و ناوچەكانی پارتی دیموكراتی كوردستان لە هەموو ناوچە ئازادكراوەكان و ئۆردوگاكانی لێقەوماوانی كورد لە ئێران بە ناچاركردنی سەركردایەتی شۆڕشی ئازادیخوازی كورد بۆ خۆ بەدەستەوەدان بە عێراق یان بە ئێران، وە بلاوبونەوەی دەنگوباس و هەواڵی هەرەس هێنانی شۆڕشی كورد لە ئێزگەو میدیاكانی جیهان كە ڕۆژانە بلاویان دەكردەوە، شیوەن و گریان لە هەموو بنكەو بارەگاو ماڵێكی كورد لە كوردستانی عێراق و ئۆردوگاكانی لێقەوماوانی كورد لە ئێران و كوردستانی گەورە بەگشتی دەستی پێ كردبوو، وە فرمێسك و خەم و پەژارە لە چاوی هەموو پیاو ئافرەتێكی كورد دەبینرا. چەندەها گەنجی خوێن گەرم و ئازای كورد خۆیان بۆ ڕانەگیراو نارنجۆكیان تەقاندەوە بە خۆیان و خۆیان كوشت، وە چەندەها كەس مێشكی تێكچوو و شێت بوون لە خەفەتی تواندنەوەی شۆڕشەكەی. دانیشتوانی ئۆردوگاكانی كورد لەناو ئێراندا بە ژن و پیاو بانگی گریانیان لێ هەڵساو دەیاندا بەسەر خۆیانداو لە هەموو ماڵێك شیوەن و گریان بوو، دیمەنێكی ئەوەندە سامناك بوو هەموو كەسێك خۆی بۆ ڕانەدەگیراو چاوەڕوانی دوا ڕۆژێكی ترسناك و ڕەشیان دەكرد و نائومێد بوون

---

[١] خەباتی چەكداری و ڕامیاری نەتەوایەتی كورد، نەجم سەنگاوی، ٣٣٥

لە ژیان. وە گەڕانەوەی پێشمەرگەی ئازادیخوازی كورد لە بەرەكانی شەڕ و بەجێ هێشتنی سەنگەرەكانیان و گەڕانەوەی بەشێكیان بۆ عێراق و بەشێكیان بۆ ئێران.

ئەو بەشەی كە بۆ عێراق دەڕۆیشتن پۆل پۆل دەهاتنە خوارەوە لە حاجی ئۆمەران و چۆمان و گەلاڵە بەرەو ڕەواندز تفەنگەكانیان سەر بەرەوخوار كردبووە شانیان وەكو لەشكرێكی لە جەنگدا شكاو بۆ خۆ بەدەستەوەدان بە سوپای حكومەتی فاشی و دۆڕاوی عێراق، هەموو كزو مات فرمێسك لەچاویاندا قەتیس مابوو.

سوپای عێراقیش دەستیان كرد بە پێشوازی كردنیان و چەكەكانیان لێیان وەردەگرت و ئەوەی سەربازو پۆلیس بووایە كۆیان دەكردنەوە و دەیان ناردن بۆ باشووری عێراق بۆ شارەكانی دیوانیەو حلەو سەماوە و لە دەشتێكی چۆڵدا لەو بیابانەدا چادریان بۆیان هەڵدابوو و چواردەوریان بە تەلبەن گیرابوو وەكو دیلی جەنگ دەست بەسەربوون بەبێ ئەوەی كە بزانن چیان بەسەر دێت.

بۆ ماوەی دوو ساڵ لە باشووری عێراق لەو شارانە مانەوە. بەشەكەی تری پێشمەرگەكانی كوردستان چەكەكانیان دەشكاندو فڕیان دەدایە ناو ڕووباری ئاوەكانەوە و بەبێ چەك ڕوویان دەكردە ئۆردوگاكانی لێقەوماوانی كورد لە ئێران بە ماتەمینی و خەمباریەوە.

لە ساڵی (١٩٧٦ز)كۆمەڵێك لە لێپرسراوانی حكومەتی عێراق ڕۆیشتبوون بۆ ناو ئۆردوگاكانی لێقەومانی كورد لە ناو ئێران و گوایە لێبوردنی گشتی هەیە بۆ هەموو ئەوانەی كە لە ناو ئێراندان بگەڕێنەوە بۆ عێراق، بەبێ ئەوەی كە پێیان بڵێن كە بۆ كوێیان دەبەن. توانیان خەڵكێكی زۆر ڕازی بكەن بۆ گەڕانەوە بۆ عێراق، خەڵكێكی زۆر ناویان نووسی بۆ گەڕانەوە و سەیارەی زیلی سەربازیان بۆیان نارد و (٢٠٠٠٠)هەزار خێزانی كوردیان لە ئۆردوگاكانی ئێران هێنایەو بۆ عێراق و دابەشیان كردن بەسەر پارێزگاكانی باشووری عێراقدا و هەردوو ماڵی كوردیان دانا لە پاڵ ماڵێكی عەرەبدا لە گوندو شارۆچكەكانی ناوەڕاست و باشووری عێراق، وە هەرماڵەی دوو هۆدەی بچوك خانووی قوڕیان بۆیان كرد و

دایـــان نـــان و ماڵـــە عەرەبەكـــەیان رادەســـپارد بـــۆ چـــاودێری كردنیـــان و ئاگادارکردنـــەوەی ئاســـایش لـــە هەڵـــسوكەوتەكانیان، و، بۆیـــان هـــەبوو ســـاڵی یـــەكجار ئاگـــاداری ئاســـایش بكەنـــەوە و مۆڵـــەت وەربگـــرن بـــۆ ســـەردانی كـــەس و كاریـــان لـــە كوردســـتان، هـــەتا كۆتـــایی ســـاڵی (١٩٧٩ن)بریاریـــان بۆیـــان دەركـــرد ئـــەوەی كـــە دەیـــەوێت بڕواتـــەوە بـــۆ بـــاكووری عێـــراق (كوردســـتان، ن.س)بـــۆ سـلێمانی و هـــەولێر و دهـــۆك بـــا نـــاو بنووســـن، وە خـــەڵكی كـــەركوك و خانـــەقین بۆیـــان نییـــە بڕۆنـــەوە بـــۆ شـــارەكانی خۆیـــان، ئـــەوانیش دەتـــوانن نـــاو بنووســـن بـــۆ هەولێر و سلێمانی و دهۆك.

لـە هـەمان كاتـدا بڕیـارێكی ئەنجومـەنی شۆڕشـی بەعسی دەرچـوو بـۆ ئـەو ماڵانـەی كـە نایانـەوێت بڕۆنـەوە بـۆ بـاكووری عێـراق (كوردسـتان، ن.س)دەتـوانن نـاو بنووسـن و بمێننـەوە، حكومـەت پارچـەیەك زەویـان پـێ دەدات لەگـەڵ قـەرزی خـانوو، وە ئاسـانكاریان بـۆ دەكـەن، بـە مـەرجێك تۆمـاری شارسـتانی سـاڵی (١٩٥٧ن)ی خێزانەكـەی بگوێزێتـەوە بـۆ ئـەو شـوێنەی كـە زەوی لـێ وەردەگرێـت و خـانووی لـێ دەكـات، وە بـۆ مـاوەی دە سـاڵ نـابێ ئـەو خـانووەی كـە دەیكـات بیفرۆشـێت یـان بـەكرێی بـدات یـان رەهـنی بكـات، زۆربـەی زۆری خەڵكەكـە بـە خێزانەوە گەڕانەوە بۆ كوردستان بۆ شارەكانی سلێمانی و هەولێر و دهۆك.

# ڕەفتارەکانی حکومەتی عێراق بەرامبەر بە گەلی کورد لە پاش هەرەس هێنانی شۆڕشی ئەیلول

[1] لە پاش هەرەس هێنانی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد لە ئازاری (١٩٧٥)ن و دڵنیابوونی حکومەتی عێراق و پارتی بەعسی عەرەبی حوکمڕان لەوەی کە شۆڕشی کورد هەرەسی هێناوە و سەرکردایەتی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد بە تەواوی باشووری کوردستانیان بەجێ هێشتووە و ئەوەی ڕۆیشتووە بۆ ئێران ڕۆیشتووە و ئەوەی تری گەڕاونەتەوە بۆ عێراق.

حکومەتی عێراق زۆربەی سوپاکەی دابەش کرد بەسەر هەموو سنوورەکانی کوردستان لەگەڵ ئێران و دەستیان کرد بە خۆ قایم کردن و دروست کردنی سەربازگەو سەنگەری کۆنکرێتی لەسەر شاخ و شوێنە بەرزەکانی کوردستان و سنوورەکانی نێوان عێراق ئێران.

هەروەها دەستیان کرد بە گواستنەوەی دێهاتەکانی سەرسنوور بەدرێژی سنووری عێراق لەگەڵ ئێران لە کوردستانەوە، وە پڕکردنەوەی کانی و کارێزەکانی دێهاتەکانی سەر سنوور و بڕینی دارە بەریەکان و ڕەزەکانی تریێ و باخەکانیان، وە دانانی ناوچەی قەدەغەکراو بەدرێژی سنووری ئێران لەگەڵ باشووری کوردستان بە قووڵی (٢٠-٢٥) کیلۆمەتر. وە دەستیان کرد بەجێبەجێکردنی ئەم خاڵانەی خوارەوە:

١-نەیانهێشت کوردانی شاری کەرکوک و دەوروبەری بگەڕێنەوە بۆ سەر ماڵ و شوێنەکانی خۆیان. وە ئەوانەی کە بەشداریان کردبوو لە شۆڕشی ئازادیخوازی کورد دەستیان گرت بەسەر ماڵ و خانوو و زەوییەکانی کشتوکاڵیانداو لە کەرکوک دەریان کردن بۆ شارەکانی سلێمانی و هەولێر-بنەسڵاوە.

[1] خەباتی چەکداری و ڕامیاری نەتەوایەتی کورد، نەجم سەنگاوی، ل٣٣٦

٢-هەموو فەرمانبەران و کرێکارانی کورد لە کەرکوك گوێزرانەوە بۆ پارێزگاکانی سلێمانی و هەولێر و دهۆك.

٣-خوێندنی زمانی کوردیان هەڵگرت لە هەموو قوتابخانە کوردیەکانی ناو شاری کەرکوك و کردیان بە زمانی عەرەبی و ناوی قوتابخانە کوردیەکانیان گۆڕی بۆ ناوی عەرەبی.

٤-دەستیان کرد بە دروستکردنی گەڕەکێکی زۆر و خانوویەکی زۆر لە ناو شاری کەرکوك بەتایبەتی گەڕەکە کوردەکان وەکو ئازادی و ڕەحیم ئاواو شۆریجەو دابەشیان کردن بەسەر ئەو ماڵە عارەبانەی کە لە باشووری عێراقەوە دەگوێزرانەوە بۆ ناو شاری کەرکوك.

٥-لە ساڵی (١٩٧٧ز)حکومەتی بەعس بەناوی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی بەعسەوە بڕیارێکی دەرکرد بۆ عەرەبەکانی باشوورو ناوەڕاستی عێراق ئەوەی کە ماڵەکەی بیبات بۆ ناو شاری کەرکوك و نیشتەجێ بێت حکومەت پارچەیەك زەوی دەداتێ لەگەڵ (١٠٠٠٠)هەزار دینار بە خۆڕایی وە هەشت هەزار دینار قەرزی خانووبەرە لەگەڵ هەموو کەرەستەیەکی پێویست بۆ خانووکردن بە نرخێکی هەرزان بەم مەرجانەی خوارەوە:

أ-ناسنامەی شارستانی ساڵی (١٩٧٥ز)خۆی و خێزانەکەی بگوێزێتەوە بۆ شاری کەرکوك.

ب-خانووەکەی دروست بکات و خۆی و خێزانەکەی تیایدا نیشتەجێبن، نابێ بیفرۆشن، نابێ بەکرێی بدەن، نابێ بیدەن بە ڕەهن بۆ ماوەی ١٠ ساڵ، بەم بڕیارە توانیان هەزاران خێزانی عەرەب لە باشوور و ناوەڕاستی عێراقەوە بێنن بۆ ناو شاری کەرکوك و ئەم گەڕەکانەو گەڕەکی زۆری تریان بۆیان دروست کرد لەناو شاری کەرکوك.

١-حەوتی نیسان ٢-حی القادسیە ٣-حی البعس ٤-حی الغرناتە ٥-حی النسر ٦-حی واحد حوزیران ٧-حی الاشتراکیە ٨-حی العروبە ٩-حی الواحدە ١٠-حی الحریە ١١-دور الامن ١٢-دۆر الزوبات-ئەفسەران.

٦-هەموو دێهاتە كوردەكانی دەورووبەری كەركوك چۆڵ كران و دانیشتوانەكەیان گواستەوە بۆ چەم چەماڵ و هەولێر و عەرەبیان لە باشوور و ناوەڕاستی عێراقەوە هێنا بۆ شوێنەكانیان و نیشتەجێیان كردن و هەموو پێویستیەكیان بۆیان دابین كرد لە تراكتۆر و پیكابی جوتیاران و قوتابخانە و نەخۆشخانەو مەڵبەندی پۆلیس بۆ پاراستن و چاودێری كردنیان.

٧-دەستیان كرد بە گۆڕینی شێوەی ئیداریی پارێزگای كەركوك و دەورووبەری بۆ دابەشكردنی یەكە ئیدارییەكان بەشێوەیەك كە بتوان ئەو قەزاو ناحیانەی كە دانیشتوانی كوردن جیایان بكەنەوە لە كەركوك و بیانەن بە پارێزگاكانی دەورووبەریان، بۆ ئەوەی كە بتوانن زۆربەی دانیشتوانی شاری كەركوك بكەن بە عەرەب.

بۆ ئەم مەبەستە لە رۆژی (١٩٧٦/٢/٨)حكومەتی بەعس بەناوی ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆرشی بەعسەوە بریارێكی دەركرد قەزای تكریتیان كرد بە پارێزگاو ناویان لێی نا پارێزگای (سەلاحەدین)و قەزای دووزخورماتویان دابڕی لە كەركوك و دایان بە پارێزگای سەلاحەدین.

هەر بە هەمان بریار قەزای چەم چەماڵ و قەزای كەلاریان دابڕی لە پارێزگای كەركوك و خستیانە سەر پارێزگای سلێمانی. وە هەر بەهەمان بریار قەزای كفرییان دابڕی لە پارێزگای كەركوك و خستیانە سەر پارێزگای دیالە، یانی چوار قەزایان بە ناحیەو دێهاتەكانیەوە لە پارێزگای كەركوك دابڕی، تەنها لەبەر ئەوەی دانیشتوانەكانیان كوردبوون و بۆ ئەوەی ژمارەی كورد لە پارێزگای كەركوك كەم بكەنەوە و بیكەن بە شارێكی عەرەبی.

٨-دەستیان كرد بە گۆڕین و دەستكاری كردنی پەراوەكانی بەڵگەنامەی شارستانی و بروانامەی عێراقی لە شاری كەركوك بە گواستنەوەی ناوی ئەوانەی كە لەناو شاری كەركوك و دەورووبەری دەركراون بۆ ئەو شارانەی كە بۆی ڕۆیشتوون، وە گواستنەوەی ناوی ئەو عەرەبانەی كە هێناویانن بۆ شاری كەركوك بۆ كەركوك لەناو نووسەكانی سالآنی (١٩٥٧-١٩٦٥)ن.

٩-دەستیان کرد بە ڕووخاندنی گەڕەکە کوردەکان لەناو شاری کەرکوک هەر جارەی بە بەهانەیەکەوە، جارێك بە بەهانەی ڕێکخستنی ناو شارو دروست کردنی شەقامی فراوان و مەیدان، وە جارێك بە بەهانەی دروستکردنی باخچەی گشتی و بەنزیخانەو نێزگەی شەمەندەفەر لە گەڕەکەکانی شوریجەو تسن.

١٠-قەدەغەکردنی کڕینی هەموو جۆرە خانوو و زەویەك لە کورد و تورکمان لەناو شاری کەرکوك. بۆیان هەبوو خانوو و زەوییەکانیان بفرۆشن تەنها بە عەرەب و بۆیان نییە خانوو و زەوی بکڕن لە سنووری شاری کەرکوك.

١١-هەر لە سەرەتای سالی (١٩٧٦ن)دەستیان کرد بە گواستنەوە و دەرکردنی دانیشتوانی قەزای خانەقین و مەندەلی و ناحیەی قورەتە و دێهاتەکانیان بۆ ناوەڕاستی عێراق و سلێمانی و عەرەبیان دەهێنایە شوێنەکانیان.

١٢-جارێکی تر دەستیان کردەوە بە دەرکردنی ماڵە کوردەکانی ناو شاری کەرکوك بەم بەهانانەوە:

أ-هەر خێزانێك کەسێکی بەند کرابێت یان حوکم درابێت دەربکرێت لە شاری کەرکوك.

ب-هەر خێزانێك پیاوەکانیان جەیشی شەعبی نەکردبێت.

ج-هەر خێزانێك کەسێکی لە دەرەوەی ولات بێت.

د-هەر خێزانێك کەسێکی پێشمەرگە بووبێت.

ح-هەر خێزانێك سەربازی ڕاکردووی هەبێت.

بەم بەهانەوە شاری کەرکوکیان بە کورد چۆڵ کرد و لە شارەکانی سلێمانی و هەولێر کۆیان کردەوە.



مەسعود بارزانی لە تەمەنی ١٣ ساڵیدا لەگەڵ سەرۆکی پێشووتری عێراق عەبدولکەریم قاسم ساڵی (١٩٥٩)



مەسعود بارزانی لە تەمەنی ١٦ ساڵیدا لە ساڵی (١٩٦٢)قوتابخانەو خوێندن بەجێ دێڵێت و دەبێ بە پێشمەرگەی کوردستان لەگەڵ مستەفا بارزانی باوکی



مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان

# مەسعود بارزانی و شۆڕشی گولانی ئازادیخواز

[(١)] مەسعود بارزانی کوڕی مستەفا بارزانی کوڕی شێخ موحەمەد کوڕی شێخ عەبدولسەلام بارزانی گەورەیە لە شێخانی تەریقەتی نەقشبەندی بارزانە.

مەسعود بارزانی لە دایک بووی ڕۆژی ١٦ی ئابی ساڵی (١٩٤٦ن)لە شاری مهاباد لە رۆژهەلاتی کوردستان. لەدایك بوونی مەسعود بارزانی ڕێکەوت بوو لەگەڵ رۆژی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ١٦ی ئابی ساڵی (١٩٤٦ن)لە بەغدا.

لە پاش داڕووخانی کۆماری کوردستان لە مهاباد لە ساڵی (١٩٤٧ن)مەسعود بارزانی لەگەڵ دایکی و بنەماڵەکەی و بارزانییەکان بە هەموو تیرەکانیەوە

[(١)] لەم سەرچاوانە وەرگیراوە: ١-ماڵپەری هەرێمی کوردستان ٢-ئەنجامە فەرمییەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ٣-یادی (٢٥)ساڵەی کۆمەڵ کوژی بارزانیان ٤-هەندێك زانیاری سیاسی و مێژووی شەعبان عەلی شەعبان، ل١٠ ٥-ژیان و نهێنیەکانی مسعود بارزانی، چیا لەتیف.

ناچــار بــوون گەڕانــەوە بــۆ باشــووری كوردســتان، ناوچــەی (بــارزان)و لــە پــاش ماوەیـەكی كـەم هـەموو بنەماڵەكـەی لـە بارزانـەوە گوێزرانـەوە بـۆ باشـووری عێـراق بـۆ شـاری (بەسـرە)و دوایـش بـۆ (بەغـدا)و لـەوێ نیـشتەجێ بـوون لـەژێر چـاودێری حكومەتی پاشایەتی ئەو سەردەمەی عێراقدا دەژیان.

بـەلام مـستەفا بـارزانی بـاوكی لـە دوای گەیاندنـەوەی بنەماڵەكـەی و هـەموو خێزانـی تـیرە بارزانیـەكان بـۆ ناوچـەی بـارزان خـۆی و زیـاتر لـە (٥٠٠)سـەد كـەس لـە هـەڤالانی و پێـشمەرگەكانی گەڕانـەوە و لـە نێـوان سـنوورەكانی ئێـران و توركیـاوە خۆیـان گەیانـدە سـەر ئـاوی ئـاراس و پەڕینـەوە بـۆ یـەكێتی سـۆڤیەت و لـەوێ مانـەوە هـەتا سـاڵی (١٩٥٨ز)لـەم ماوەیـەدا كـە (١٢)سـاڵ دەكـات مەسـعود بـارزانی بـاوكی خـۆی نـەبینی هـەتا گەڕایـەوە لەیـەكێتی سـۆڤیەت لـە (١٩٥٨/١٠/٦ز)بـۆ عێراق.

مەسـعود بـارزانی لـە تەمـەنی ١٣ سـاڵیدا لەگـەڵ مـستەفا بـارزانی بـاوكی دەڕوات بـۆ لای عەبدولكـەریم قاسـم سـەرۆكی ئـەو كاتـەی عێـراق و وێنـەی لەگەڵـدا دەگرێـت و عەبدولكـەریم قاسـم پێـی دەڵێـت بـە مەسـعود بـارزانی مـن و تـۆ بـرادەرین هـەر كاتێك ویستت وەرە بۆ لام و سەرم لێبدە.

مەسـعود بـارزانیش لـە قوتابخانـە لـەناو برادەرەكـانی باسـی دەكـات و دەڵێـت: مـن عەبدولكـەریم قاسـم برادەرمـەو هـەر كاتێـك بمـەوێت سـەردانی دەكـەم و دەڕۆم بـۆ لای برادەرەكانیـشی بـڕوای پـێ ناكـەن و پێـی دەڵـێن ئەگـەر ڕاسـت دەكـەیت بـا پێكەوە بڕۆین بۆ لای و بزانین ڕاست دەكەیت برادەرتە.

مەســعود بــارزانیش ئامــادەیی خــۆی دەردەبڕێــت و لەگەڵیانــدا دەڕوات بــۆ وەزارەتــی بــەرگری عێـراق كـە جێگـای دانیـشتنی عەبدولكـەریم قاسـم بـوو. لـە دەرگـای وەزارەت پاسـەوانەكان ڕێگایـان پـێ نـادەن بڕۆنـە ژوورەوە. مەسـعود بـارزانیش دەڕواتـە پێشەوە و بـە بەرپرسـی دەرگاوانـەكان كـە ئەفـسەرێكی پلـەدار دەبێـت پێـی دەڵێـت بـڕۆ بـۆ لای سـەرۆك عەبدولكـەریم قاسـم و پێـی بڵـێ مەسـعود بـارزانی بـرادەرت لەگـەڵ هاوڕێكـانی لـە دەرگایـەو هـاتووە بـۆ لات دەیـەوێت بتبینێت.

ئەفــسەرەكەش دەڕواتــە ژوورەوە بــۆ لای عەبدولكــەریم قاســم و پێــی دەڵێــت: گــەورەم چــەند منــداڵێك هــاتوون و لــە دەرگــا وەســتان و بــەكێكیان پێــی گــوتم بــڕۆ بـۆ لای سـەرۆك عەبدولكـەریم قاسـم و پێـی بڵـێ مەسـعود بـارزانی بـرادەرت هـاتووە و دەیەوێت بێت بۆ لات و بتبینێت.

عەبدولكـەریم قـاسمیش بـە ئەفـسەرەكە دەڵێـت ڕاسـت دەكـات مەسـعود بـارزانی برادەرمــە بــا خــۆی و برادەرەكــانی بێنــە ژوورەوە. مەســعود بــارزانیش لەگــەڵ برادەرەكــانی دەڕۆنــە ژوورەوە و عەبدولكــەریم قاســم پێــشوازیەكی گــەرمیان لــێ دەكات لە ژوورەكەی خۆیدا و لەگەڵیاندا دادەنیشێت.

مەسـعود بـارزانی لـە قوتابخانـەی ئامـادەیی (كـەرخ)لـە بەغـدا دەیخوێنـد، بـەهۆی شۆڕشــی ئــەیلولی ســاڵی (١٩٦١ن)ەوە بــە ســەرۆكایەتی مــستەفا بــارزانی بــاوكی، ئامــادەیی تــەواو نــەكرد و قوتابخانــەی بــەجێ هێــشت و گەڕایــەوە بـۆ كوردســتان و لــە تەمــەنی (١٦)ی ســاڵیدا بــوو بــە پێــشمەرگە لــەلای بــاوكی و چــووە ڕیــزی پێشمەرگەی كوردستانەوە.

مەسـعود بـارزانی و ئیـدریس بـارزانی بایـەخی تایبـەتیان پێـدەدرا لەلایـەن مـستەفا بــارزانی باوكیانــەوە بـۆ ئامادەكردنیــان بـۆ ســەركردایەتی. مەســعود بــارزانی لــە ســاڵی (١٩٦٥ن)هاوســەرگیری كــردوە و هەشــت منــداڵی هەیــە، كوڕەكــانی مەســعود بــارزانی ئەمانــەن: ١-مەسـرور مەسـعود بـارزانی ٢-مەنـسور مەسعود بـارزانی ٣-وەیــسی مەســعود بــارزانی ٤-موكــسی مەسعود بــارزانی ٥-مــستەفا مەســعود بــارزانی (بــە شــێخ بــابۆ)ناودەبرێــت. مەســعود بــارزانی لــە ســاڵی (١٩٦٨-١٩٦٩ن)دەزگــای (پاراســتنی شۆڕشــی دامەزرانــد لــە نــاو هــەموو بەشــەكانی پێــشمەرگەو پــارتی و لــەناو دەزگاكــانی ئاســایش و هــەواڵگری عێــراق و كاریــان دەكـرد بـۆ دەرخـستن و ئاشـكراكردنی پیـاوانی سـەر بـە حكومـەتی عێـراق لـە سیخوڕو پیاو خراپان و ئاشكرا كردنی پیلانەكانی حكومەتی عێراق.

مەســعود بــارزانی بەشــداری كــرد لەگــەڵ نوێنــەرانی شۆڕشــی كــورد و پــارتی دیمـوكراتی كوردسـتان بـۆ وتووێـژكردن لەگـەڵ حكومـەتی عێـراق و پێكهـاتن لەسـەر بەیاننامەی ١١ی ئازاری (١٩٧٠ن)بۆ ئۆتۆنۆمی كوردستان.

مەسعود بارزانی لە كۆنگرەی هەشتی پارتی دیموكراتی كوردستان لە مانگی تەمموزی ساڵی (١٩٧٠)هەڵبژێردرا بە ئەندامی كۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموكراتی كوردستان و دوایش بوو بە ئەندامی مەكتەبی سیاسی.

لە پاش نسكۆكەی ٦ی ئازاری ساڵی (١٩٧٥)و پێكهاتنە شومەكەی جەزائیری نێوان سەدام و حوسێن و شای ئێران، مەسعود بارزانی لەگەڵ بنەماڵەكەیدا رۆیشتن بۆ ئێران و لەوێ مانەوە و نیشتەجێ بوون. لەسەرەتای ساڵی (١٩٧٦)مەسعود بارزانی و ئیدریس بارزانی برای لەگەڵ كۆمەڵێك لە ئەندامانی كۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموكراتی كوردستان و كادیرانی دەستیان كردەوە بە رێكخستنی پارتایەتی و سەركردایەتی كاتی پارتی دیموكراتی كوردستانیان دامەزراند، وە لە ٢٦ی گولآن ٢٦-٥ ساڵی (١٩٧٦)شۆڕشی گولآنیان ئاشكرا كرد. لە ساڵی (١٩٧٦-١٩٧٩)مەسعود بارزانی لەگەڵ مستەفا بارزانی باوكی رۆیشت بۆ ئەمەریكا بۆ شاری واشنتۆن بۆ چارەسەركردنی نەخۆشیەكەی مستەفا بارزانی لە نەخۆشخانەی (جۆرج تاوان) لە پاش شۆڕشەكەی ئایەتوڵلا خومەینی لە ئێران و سەركەوتنی بەسەر دەوڵەتی شای ئێران، مەسعود بارزانی بە پەلە گەڕایەوە بۆ ئێران بۆ رێكخستن و ئامادەكاری بۆ گەڕانەوەی مستەفا بارزانی بۆ ئێران و كوردستان بۆ گفتوگۆ و وتوێژكردن لەسەر دوا رۆژی گەلی كورد لەگەڵ خومەینی و حكومەتە تازەكەی ئێران.

بەلآم قەدەر وابوو بەگەیشتنەوەی مەسعود بارزانی بۆ ئێران لە رۆژی (١٩٧٩/٣/١)مستەفا بارزانی كۆچی دوایی كرد لە نەخۆشخانەی (جۆرج تاون)لە ئەمەریكا و روفاتەكەیان هێنایەوە بۆ رۆژهەلآتی كوردستان و لە نزیكی شارۆچكەی (شنۆ)لە رێوڕەسمێكی شایستەو گەورەدا بەشێوەیەكی كاتی بەخاكیان سپارد.

لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی (١٩٧٩)كۆنگرەی نوێ پارتی دیموكراتی كوردستان بەسترا و مەسعود بارزانی هەڵبژێردرا بە سەرۆكی پارتی دیموكراتی كوردستان.

لە ساڵی (١٩٩١ن)لەكاتی شەڕی هاوپەیمانان لەگەڵ حكومەتی عێراق مەسعود بارزانی سەركردایەتی بەرەی نیشتیمانی كوردستان كردو بەشێكی زۆری باشووری كوردستان ئازادكرا لە دەستی رژێمی بەعس و سەدام حوسێن.

لە مانگی نیسانی ساڵی (١٩٩١ن)گفتوگۆ دەستی پێ كرد لەگەڵ حكومەتی عێراق و سەدام حوسێن، مەسعود بارزانی بۆ چەندین مانگ سەرۆكایەتی شاندی نوێنەرانی كوردی كرد لە بەغدا بۆ وتوێژكردن لەگەڵ حكومەتی عێراق و نەگەیشتن بە ئەنجام، لە كۆنگرەی ١٢ی پارتی دیموكراتی كوردستان لە ساڵی (١٩٩٩ن)مەسعود بارزانی هەڵبژێردرایەوە بە سەرۆكی پارتی دیموكراتی كوردستان لە ساڵی (١٩٩٢-٢٠٠٣ن)مەسعود بارزانی بەشداری كرد لە چەندین كۆبوونەوە و كۆنگرەی نێودەوڵەتی وەكو كۆبوونەوەكانی ئۆپۆزسیۆنی عێراق لە واشنتۆن لە ئەمەریكا لە ساڵی (١٩٩٢ن)وە بۆ جاری دووەم لە ساڵی (١٩٩٣ن)لە ئەمەریكا.

وە بەشداری كرد لە كۆنگرەكانی ئۆپۆزسیۆنی عێراق لە ساڵی (١٩٩٢ن)لە سەلاحەدین، وە كۆنگرەی لەندن لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی (٢٠٠٢ن). وە لە كۆنگرەی دووەمی سەلاحەدین لە شوباتی (١٩٩٣ن)مەسعود بارزانی رۆڵی خۆی بینی لەسەرجەم پێشهاتە سیاسیەكانی عێراق لە پێش و پاش رووخاندنی حكومەتی بەعس و سەدام حوسێن، وە دامەزراندنی ئەنجومەنی كاتی حوكمڕانی عێراق لە ٣١یەكی تەممووزی ساڵی (٢٠٠٣ن)بەشداربوو، وە بوو بە ئەندامی ئەنجومەنەكە و ماوەیەكیش بوو بە سەرۆكی ئەنجومەنی كاتی حوكمڕانی عێراق.

لە ١٢ی حوزەیرانی ساڵی (٢٠٠٥ن)مەسعود بارزانی وەكو یەكەم سەرۆكی هەرێمی كوردستان هەڵبژێردرا لەلایەن ئەنجومەنی كاتی حوكمڕانی عێراقەوە پاشان لەلایەن جەماوەری كوردستانەوە متمانەی پێدرا. مەسعود بارزانی وەكو سەرۆكی هەرێمی كوردستان چەندین سەردانی فەرمی كردوە بۆ وڵاتانی دەرەوە و چاوی كەوتووە بە چەندین سەرۆك و سەرۆك وەزیرانی ئەو وڵاتانەو دانیشتنی ئەنجام داوە لەگەڵیاندا وەكو:

١-سەرۆك (بۆش)سەرۆکی ئەمەریکا لە (٢٠٠٥/١٠/٢٥ن).
٢-سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا (تۆنی بلێر) لە (٢٠٠٥/١٠/٣١ن).
٣-پاپای ڤاتیکان لە (٢٠٠٥/١١/١٤ن).
٤-سەرۆك وەزیرانی ئیتالیا لە (٢٠٠٥/١/١٣ن).
٥-شا عەبدوللا شای سعودیە لە (٢٠٠٧/٣/١٣ن).
٦-شا عەبدوللا کوڕی حوسەینی تەلای شای ئوردن لە (٢٠٠٧/٣/١٩ن).

هەتا ئەم مێژووە ئەم چاوپێکەوتن و سەردانانەی کردوە. لە ڕۆژی (٢٠٠٧/١/٢٠ن)سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان دامەزراو مەسعود بارزانی سەرۆك هەرێم بوو، وە (کۆسرەت ڕەسوڵ)بوو بە جێگیری سەرۆکی هەرێم.

لە خولی سێیەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی (٢٠٠٩ن)مەسعود بارزانی هەڵبژێردرایەوە بە (٧٠٪)ی دەنگی دانیشتوانی کوردستان بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان.

مەسعود بارزانی سێ برای بەدەستی ڕژێمی بەعس و سەدام حوسێن کوژراون:
١-عوبەیدوللا بارزانی ٢-لوقمان بارزانی ٣-سابیر بارزانی.

مەسعود بارزانی (٣٢)کەس لە ئەندامانی خێزانەکەی ئەنفال کراون لەگەڵ ئەو (٨٠٠٠)هەزار بارزانییەی کە ساڵی (١٩٨٣ن)حکومەتی بەعس و سەدام حوسێن ئەنفالی کردن هەموویان پیاو بوون لە تەمەنی ١٤ ساڵ بەسەرەوە بردنیان بەبێ سەرو شوێن سەر ونیان کردن.

مەسعود بارزانی چەندین جار هەوڵی تیرۆرکردنی دراوە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە، بەتایبەتی هەوڵە تیرۆرکردنەکەی شاری (wien)ڤیەنا پایتەختی نەمسا و لە مردن ڕزگاری بوو. مەسعود بارزانی کتێبێکی بە چەندین بەش نووسیوە لەسەر خەبات و تێکۆشانی مستەفا بارزانی باوکی بەناونیشانی (بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە ساڵی (١٩٣٥-١٩٧٥ن).

**حەزو ئارەزووەکانی مەسعود بارزانی**

١-خوێندنەوەی کتێبەکانی مێژوو و سیاسی و سەربازیەکان.

٢-حەزی لە وەرزش و سەیرکردنی یاریەکانی تۆپی پێیە. بەتایبەتی تیپەکانی ئەورووپا لە تەلەفزیۆنەوە.

مەسعود بارزانی بێجگە لە زمانەکەی خۆی زمانەکانی عەرەبی و فارسی و ئینگلیزی دەزانێت و قسەیان پێ دەکات.

**سەرچاوەکان.**

١-ماڵپەری هەرێمی کوردستان.

٢-ئەنجامە فەرمیەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان.

٣-یادی ٢٥ی ساڵەی کۆمەڵ کوژی بارزانیەکان.

٤-هەندێك زانیاری سیاسی و مێژوویی-شەعبان عەلی شەعبان، ل ١١٠-١١٤.

٥-شارەزایی نووسەر، ن.س و بەشداریکردنی لە شۆڕشی ئەیلول لە (١٩٦٣-١٩٧٥ن).

٦-ژیان و نهێنییەکانی مەسعود بارزانی، چیا لەتیف.

# شۆڕشی گولانی ئازادیخوازی کوردستان

[١] لە پاش نسکۆکەی ٦ی ئازاری ساڵی (١٩٧٥ز)و پێکهاتنە شومەکەی جەزائیری نێوان موحەمەد ڕەزا شای ئێران و سەدام حوسێن، وە بە ڕەزامەندی دەوڵەتە زل هێزەکانی خاوەن بڕیاری ئەو سەردەمەی ئەمەریکا و یەکێتی سۆڤیەت (ڕوسیا)بۆ پاراستنی بەرژەوەندی خۆیان و پاراستنی دۆستانیان لە رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا.

سەرکردایەتی شۆڕشی کوردو پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی لەژێر هەڕەشەو فشارو پاڵەپەستۆی دەوڵەتی ئێران و عێراق و تورکیا، وە بێدەنگ بوونی دەوڵەتانی جیهان بەرامبەر بەو پیلانەو خیانەتەی کە کردیان بەرامبەر بە گەلی کورد و شۆڕشەکەی وە ناچارکردنی سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول و پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ دانانی چەك، زۆربەی زۆری سەرکردایەتی و پێشمەرگە ڕوویان کردە ئێران و بە ئاوارەیی لەوێ مانەوە.

لە مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی (١٩٧٥ز)کۆمەڵێك لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی و کادیرانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پاش نۆ مانگ ڕاوەستانی چالاکی، کۆبوونەوەیەکی فراوانیان بەست و سەرکردایەتی کاتی پارتی دیموکراتی کوردستانیان دامەزراند بە سەرپەرشتی ئیدریس بارزانی و مەسعود بارزانی کە هەر دوو کوڕی مستەفا بارزانین. سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان پێك هاتبوو لە:

١-ئیدریس مستەفا بارزانی ٢-مەسعود مستەفا بارزانی ٣-عەلی عەبدوڵلا ٤-سامی عەبدولڕەحمان ٥-نوری سدیق شاوەیس ٦-جەوهەر نامق سالم ٧-ئازاد بەرواری ٨-کەریم سنجاری ٩-عارف تەیفور ١٠-کەمال کەرکوکی ١١-موحەمەد ڕەزا ١٢-دلشاد میران ١٣-وریا سەعاتی ١٤-ئازاد خەفاف ١٥-

---

[١] خەباتی چەکداری و ڕامیاری نەتەوایەتی کورد، نەجم سەنگاوی، ل٢٤٠

عەبــدولڕەحمان پێــداوی، ســەرکردایەتی کــاتی پــارتی دیمــوکراتی کوردســتان دەســتیان کــردەوە بــە ڕێکخــستنەوەی کاروبــاری پارتایــەتی و ڕامیــاری و دامەزرانــدنی مــەفرەزە ســەرەتاییەکان و پەیوەنــدی کردنــەوە بــە دۆســتان و لایــەنگرانی پــارتی و شۆڕشــی ئــەیلول لــەناو شــارو شارۆچــکەو دێهاتــەکانی باشووری کوردستان.

لــە ڕۆژی (١٩٧٦/٥/٢٦)شۆڕشــی ئــازادیخوازی گوڵانیــان ئاشــکرا کــردو دەســتیان کــرد بــە چــالاکی پارتایــەتی و پێــشمەرگایەتی و مــەفرەزەکانی پــارتیش گەیشتنەوە نـاو باشـووری کوردسـتان و دەسـتیان کـرد بـە چـالاکی لـە ناوچـەکانی دهـۆك و زاخـۆ و هـەولێر و بـەردەوام بـوون هـەتا کـۆنگرەی ٩ی پـارتی دیمـوکراتی کوردســتان بەســترا لــە (١٩٧٩/١٢/٤)لــە گونــدی دەربەنــد ســەر بــە پارێزگــای وورمــێ لـە ڕۆژهـەلاتی کوردسـتان و بـە ئامـادەبوونی ٣٢٥ ئەنـدامی کـۆنگرە و ئـەم ناوانەی خوارەوە هەڵبژێردران بۆ سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان:

١-مەسعود بارزانی-سەرۆکی پارتی-بۆ یەکەم جار.

٢-عەلی عەبدوڵلا-ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی.

٣-ئیدریس بارزانی-ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی.

٤-دکتۆر جەرجیس حەسەن-ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی.

٥-موحەمەد مەلا قادر-ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی.

٦-خورشید شێرە-ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی.

٧-ڕەشید عارف-ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی.

٨-ملازم یونس-ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی.

٩-دکتۆر ڕۆژ نوری شاوێس-ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی.

١٠-فەلەکەدین کاکەیی-ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی.

١١-فازڵ میران-ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی.

١٢-دکتۆر موحەمەد ساڵح جومعە-ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی.

١٣-ملازم عەلی-ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی.

١٤-موحەمەد سەعید دۆسکی-ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی.

١٥-هۆشیار زێباری-ئەندامی كۆمیتەی ناوەندی.

١٦-حەمید بەرواری-ئەندامی كۆمیتەی ناوەندی.

١٧-هەجۆ سندی-ئەندامی كۆمیتەی ناوەندی.

١٨-رەیس عەبدوڵلا سدیق-ئەندامی كۆمیتەی ناوەندی.

١٩-ئازاد بەرواری-ئەندامی كۆمیتەی ناوەندی.

٢٠-دكتۆر سەعید ئەحمەد بارزانی-ئەندامی كۆمیتەی ناوەندی.

٢١-نەجمەدین یوسفی-ئەندامی كۆمیتەی ناوەندی.

وە ئەندامانی مەكتەبی سیاسی هەڵبژێردران لە: ١-عەلی عەبدوڵلا ٢-ئیدریس بارزانی ٣-نوری شاوێس ٤-فازڵ میران، پارتی دیموكراتی كوردستان و شۆڕشی گولآنیش شان بەشانی پارتە سیاسی و چەكدارەكانی تری كوردستان بەردەوام بوون لە چالاكی و خەباتی سیاسی و چەكداری و مەفرەزەكانیان دابەزین بۆ دەورووپشتی شارەكانی باشووری كوردستان و سەركردایەتیەكانیان هێنایەوە بۆ ناو سنوورەكانی باشووری كوردستان.

هەموو پارت و لایەنەكانی كوردستان هەر لایەنە بەپێی توانا و قەبارەی خۆی دەستیان كرد بە نواندنی چالاكی دژی ڕژێمی عێراق و حكومەتەكەی سەدام حوسێنی فاشی بە شەڕی پارتی زانی لەسەر سنوورەكان و ناو گوند و شارەكاندا و لە هەموو شوێنێكی كوردستان چالاكیان دەنواند.

حكومەتی بەعس و سەدام حوسێنی فاشی بە هەموو تواناكانیانەوە دەستیان نەدەپاراست لە پێشمەرگە و لایەنگرانی شۆڕشی كورد بە هەموو لایەنەكانیەوە چ لەناو شارەكان بەگرتن و كوشتن و لە سێدارەدان چ لە دێهات و سنوورەكان بە سوپای سەربازی و جاش و فڕۆكەو تۆپی دوورهاوێژ و چەكی كیمیاوی كە لە زۆر شوێن بەكاریان هێنا وەكو ناوچەی گەرمیان و قەرەداخ و گوپتەپەو سەرگەلو و ناوچەی بادینان و زۆر شوێنی تر، دواتریان بۆردومان كردنی شاری هەڵەبجە بوو لە ڕۆژی (١٩٨٨/٣/١٦)بە كیمیاوی بوو بە هۆی كوشتنی زیاتر لە (٥٠٠٠)هەزار كەس و بریندار بوونی زیاتر لەو ژمارەیە، وە لە ساڵی (١٩٧٦-١٩٧٨ن)كۆمەڵێك ڕێكخراو و پارتی سیاسی تر دامەزران و سەریان هەڵدا لە

باشووری کوردستان و بەشداریان کرد لە شۆڕشی ئازادیخوازی کورد و ڕووداوەکانی ئەو سەردەمەی کوردستان وەکو: ١-حیزبی سۆسیالستی کوردستان، سالح یوسفی و عەلی عەسکری دایان مەزراند ٢-یەکێتی دیموکراتی کوردستان، عەلی سنجاری دایمەزراند ٣-پارتی گەلی کوردستان، سامی عەبدولڕەحمان دایمەزراند ٤-پاسۆك ٥-ئاگری سوور ٦-ئاڵای شۆڕش ٧-حیزبی زەحمەتکێشان، یەکێتی دیموکراتی کوردستان و پارتی گەلی کوردستان خۆیان هەڵوەشاندەوە و چوونە ناو پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی مەسعود بارزانی، وە بەشێك لە حیزبی سۆسیالست و ئاگری سوور و ئاڵای شۆڕش چوونە ناو یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بە رابەرایەتی جەلال تاڵەبانی.



جەلال تاڵەبانی لە ڕۆژی (٢٠٠٤/٢/٩)کۆمەڵێك نەخشەو دیکۆمێنتی کۆنی حاشاهەڵنەگری خستەڕوو لەکاتی دانیشتنی ئەنجومەنی کاتی حکومەتی عێراق کە کوردستانی بوونی کەرکوك دەسەلێنێت



جەلال تاڵەبانی سەرۆك کۆماری عێراق

# جەلال تالەبانی و شۆڕشی نوێی كوردستان

[1] جـەلال تالـەبانی (بەناوبانگـە بـە مـام جـەلال)كـوڕی شـێخ حوسـامەدین كـوڕی شـێخ نورئـەڵلا كـوڕی شـێخ نـوری كـوڕی شـێخ عەبدولغـەفور كـوڕی شـێخ ئەحمـەد تاڵەبانیـە، لقـێكن لـە هـۆزی زەنگنـە، لـە نـەوەی مـەلا مـەحمودی زەنگەنەیـەو شـێخ بـەرماڵن و سـەید نـین، شـێخایەتیان لـە مـەلا مـەحمودی زەنگەنـەوە دەسـت پـێ دەكـات كـەو ئـەویش خەلیفـەی شـێخ ئەحمـەدی هنـدی لاهـوری بـووە، لـە پـاش مردنـی شـێخ ئەحمـەدی هنـدی مـەلا مـەحمودی زەنگەنـە بـووە بـە جێگـری و ناوبانگی شێخایەتی بۆ ماوەتەوە و تەكیەی ڕیبازی قادری دامەزراندوە.

جـەلال تالـەبانی لەبـەرە بـاوكی غەفوریـەو (١٧٠)سـاڵە لـە كۆیـە نیـشتەجی بـوون، وە تاقـە كـوڕی شـێخ حوسـامە دینـە. جـەلال تالـەبانی لـە سـاڵی (١٩٣٣)لـە گونـدی كـەلكانی نزیـك دەریاچـەی دووكـان لـە دایـك بـووە و هاتووەتـە دنیـاوە. دایكـی نـاوی (خەدیجـە)یـەو كـچی كوێخـا ڕەسـوڵە لـە مـەنگورەكانی گونـدی سیوسی بناری قەندیلن.

جـەلال تالـەبانی دوو خوشـكی هەیـە لـە بـاوك و دایكـی بـەناوی (جەمیلـەخان و فەوزیـە خـان)وە دوو بـرای هەیـە لـە دایكـی بـەناوی (شـێخ جـەنگی و شـێخ حمـە ساڵح).

جـەلال تالـەبانی قوتابخانـەی سـەرەتایی و ناوەنـدی لـە كۆیـە خوێنـدوە، وە ئامـادەیی لـە هـەولێر و كـەركوك تـەواو كـردوە لـە سـاڵی (١٩٥٢)لـە كـۆلیجی مـاف لـە زانكـۆی بەغـدا وەرگـیراوە لـە سـاڵی (١٩٥٦)لـە زانكـۆی بەغـدا دەركـرا كـە سـاڵی چـوارەمی بـوو لەسـەر چـالاكی سیاسـی و كوردایـەتی، لـە پاشـان بەشـی یاسـای تەواو كرد.

---

[1] كورتەیەك لە مێژووی شێخانی تالەبانی، ئەشرەف تالەبانی، ل١١٢

جەلال تاڵەبانی لە تەمەنی چواردە ساڵی لە ساڵی (١٩٤٧ن)پەیوەندی کردوە بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە لە کۆیە جەلال تاڵەبانی لە ساڵی (١٩٤٩ن)بووە بە ئەندامی ناوچەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە کۆیە.

[٢] لە کۆنگرەی سێی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی (١٩٥٣ن)بڕیار درا کە ڕێکخراوە کوردستانیەکان دابمەزرێت، جەلال تاڵەبانی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بوو، دامەزراندنی یەکێتی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستانیان پێی سپارد، دوایش بوو بە بەرپرسی یەکەمی هەردوو ڕێکخراوەکە، لە ساڵی (١٩٥٣—١٩٥٥ن)جەلال تاڵەبانی بوو بە نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان لەلای پارتە نهێنیەکانی ناو عێراق.

[٣] جەلال تاڵەبانی لە ساڵی (١٩٥٥ن)بەشداری کرد، لە فیستیڤاڵی لاوان و قوتابیانی جیهان لە مۆسکۆ و چاوی کەوتبوو بە شاعیری گەورەی عەرەب (موحەمەد مەهدی جەواهیری)و خۆی پێ ناساندبوو کە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستانە و پێی گوتبوو ئێمە سەرۆکمان مستەفا بارزانی لێرەیەو دەمەوێت چاوم پێی بکەوێت و نامەیەکەم پێیە بیگەیەنم بە دەستی، ئەویش پێی دەڵێت بەڵێ لێرەیە، بەلام ئەم جارە ناتوانیت بیبینیت. نامەکە من بۆت دەگەیەنم، نامەکەی دەداتێ و چاوی بە مستەفا بارزانی ناکەوێت و دەگەڕێتەوە بۆ عێراق.

جەلال تاڵەبانی لە ساڵی (١٩٥٧ن)بۆ جاری دووەم بەشداری دەکات لە فیستیڤاڵی جیهانی قوتابیان و لاوان لە مۆسکۆ و توانی بووی وەکو یەکەم کورد لە عێراقەوە بۆ یەکەم جار چاوی بکەوێت بە مستەفا بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئاوارەیی لە مۆسکۆ و زۆر پێی شادو دڵ خۆش ببوو.

---

[٢] بەشێك لە بیرەوەریەکانی مام جەلال، وەرگێڕانی سۆران عەلی، ل١٥٨

[٣] ئینسایکلۆپیدیای گشتی، یاسین سابیر ساڵح، بەرگی سێیەم، ل١٣٥

[4] جەلال تاڵەبانی لە ساڵی (١٩٥٨ز)بوو بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان. لە ساڵی (١٩٦٠ز)بوو بە بەرپرسی لقی چواری پارتی لە سلێمانی. لە ساڵی (١٩٦٣ز)بوو بە ئامر هێزی ڕزگاری پێشمەرگەی کوردستان.
جەلال تاڵەبانی لە ساڵی (١٩٦٣ز)لە کۆنگرەی کۆیەو ١٧-١٩ی ئازاری (١٩٦٣ز)مستەفا بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان و شۆڕشی ئەیلول دەست نیشان کرد بۆ سەرۆکی نوێنەرانی کورد بۆ وتوێژکردن لەگەڵ حکومەتی عێراق، وە هەر لەو سەردەمەدا توانی سەردانی جەمال عەبدولناسر سەرۆك کۆماری میسر و ئەحمەد بن بەلە سەرۆك کۆماری جەزائیر بکات دەربارەی مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان و ڕەزامەندی هەردووکیانی وەرگرتبوو.
جەلال تاڵەبانی لە ساڵی (١٩٦٤ز)لەکاتی دروست بوونی دوو بەرەکییەکەی نێوان مستەفا بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان و مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان چووە پاڵ مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و دوور کەوتەوە لە مستەفا بارزانی، وە لە هەمان ساڵدا لەگەڵ مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی ڕۆیشت بۆ ئێران هەتا مانگی نیسانی (١٩٦٦ز)و پاشان گەڕانەوە و ڕۆیشتن بۆ بەغداو لەوێ نیشتەجێ بوون.
جەلال تاڵەبانی لە ساڵی (١٩٦٩ز)هاوسەرگیری کرد لەگەڵ خاتوو (هێرۆ خان)کچی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد و دوو کوڕی لێی هەیە بە ناوی (پاڤل و قوباد تاڵەبانی)جەلال تاڵەبانی لە مانگی ئاب و ئەیلولی ساڵی (١٩٦٩ز)لەگەڵ عەلی عەسکری و بە پشتیوانی حکومەتی عێراق توانیان ناوچەکانی گەرمیان و سەنگاو و قەرەداغ و ناو شوان و سەرگەڵ و دەشتی هەولێر داگیر بکەن لە پێشمەرگەکانی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی و دەریان بکەن و گەمارۆیان بدەن لە ناوچەکانی بەرزنجە و پێنجوێن و چوارتا و ماوەت و قەڵادزەو کەلالەو چۆمان و حاجی ئۆمەران، لە مانگی تشرینی

[4] هەندێك لە زانیاری سیاسی و مێژوویی، شەعبان عەلی شەعبان، ل١٠٠

یەکــەم و تــشرینی دووەمــی هــەمان ســاڵ (١٩٦٩ن)پێــشمەرگەکانی ئــازادیخوازی کوردســتان بــە ســەرۆکایەتی مــستەفا بــارزانی ســەر لــەنوێ هــەموو ناوچــەکانیان ئازاد کـردەوە و هێزەکـانی بـاڵی مەکتـەبی سیاسـی کـۆن و حکومـەتی عێراقیـان لـێ دەرکـرد، تـەنها شـارەکان و شـەقامە سـەرەکییەکان مانـەوە بەدەسـتی حکومـەتی عێراق و کۆمەڵی مەکتەبی سیاسی کۆنەوە.

جــەلال تاڵــەبانی لــە پــاش نــسکۆکەی شۆڕشــی ئــەیلولی (١٩٧٥ن)لەگــەڵ دکتــۆر فوئــاد مەعــسوم ڕۆیــشتن بــۆ لای مــستەفا بــارزانی و چــاویان پێــی کــەوتبوو. وە ڕەزامەنـدی و پـرس و ڕای ئەویـشیان وەرگرتبـوو بـۆ بـەرپاکردنی شۆڕشـی نـوێی کوردستان.

جــەلال تاڵــەبانی و هــەڤاڵانی لــە (١٩٧٦/٦/١ن)یــەکێتی نیــشتیمانی کوردســتانیان دامەزرانـد لـە سـوریاو شۆڕشـی نـوێی کوردسـتانیان ئاشـکرا کـرد. جـەلال تاڵـەبانی بــۆ یەکــەم جــار لــە ســاڵی (١٩٨٣ن)بــەناوی یــەکێتی نیــشتیمانی کوردســتانەوە وتوێــژی کــرد لەگــەڵ حکومــەتی عێــراق و ســەدام حوســێن بــە تــاك لایەنــەو شــەڕ ڕاوەســتا لــە نێوانیانــدا بــۆ مــاوەی یــەك ســاڵ و نەگەیــشتن بــە ئــەنجام و شــەڕ دەستی پێ کردەوە.

جـەلال تاڵـەبانی لـە پـاش ئـازادکردنی عێـراق لـە حکومەتەکـەی سـەدام حوسـێن لـە ســاڵی (٢٠٠٢ن)ڕۆڵــی بەرچــاوی بــینی لــە دامەزرانــدنی ئەنجومــەنی حــوکم و پێکهاتنی نێوان عەرەبە شیعە مەزهەبەکان و سوننە مەزهەبەکانی عێراق.

جــەلال تاڵــەبانی یەکــەم کــورد بــوو وە بــۆ یەکــەم جــار لــە مێــژووی عێــراق لــە (٢٠٠٥/٤/٦ن)لەلایـەن گـەلی کـوردەوە هەڵبـژێردراو بـوو بـە سـەرۆك کۆمـاری عێـراق، وە بــۆ جــاری دووەمــیش لــە (٢٠١٠/١١/١١ن)هەڵبژێردرایــەوە بــۆ ســەرۆك کۆمــاری عێراق.

جــەلال تاڵــەبانی لــە ڕۆژی (٢٠٠٤/٤/٩ن)لــە کۆبوونەوەیــەکی فراوانــی ئەنجومــەنی حــوکم لــە بەغــدا بەڵگــە و دیکــۆمێنتێکی حاشــا هەڵنــەگری کوردســتانی بــوونی شــاری کــەرکوکی خــستە ڕوو بــۆ ســەلماندنی کــورد بــوونی شــاری کــەرکوك بــۆ ئەندامانی ئەنجومەنی حوکم لە عێراق.

جەلال تاڵەبانی لە هەموو کۆنگرەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراق لە نیویورك و لەندن و سەلاحەدین بەشداری کردوە و ڕۆڵی بەرچاوی بینیوە. جەلال تاڵەبانی بێجگە لە ڕۆژنامەنووسی و وتارو پێشنیار ئەم کتێبانەی نووسیوە و بڵاوی کردونەتەوە:

١-کوردایەتی ٢-بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد ٣-أغد دیموقراطي و حرمان شعب من حق الحلم.

**ئارەزووەکانی جەلال تاڵەبانی:**

١-خوێندنەوەی کتێبە سیاسی و مێژوویەکان بەتایبەتی لە ساڵانی (١٩٦٦ بۆ ١٩٧٠)کتێبەکانی (ماوسیتونگ)سەرۆکی چینی مللی.

٢-حەز لە خوێندنەوە شیعرەکانی شاعیری عەرەبی موحەمەد مەهدی جەواهیری دەکات.

٣-گوێ گرتن لە نوکتەو باس کردنی نوکتە، ئەگەر نوکتەکە لەسەر خۆیشی بێت گوێی لێ دەگرێت یان خۆی باسی دەکات.

٤-حەزی لە خواردنی خۆشە، بەتایبەتی گۆشتی قەل، ناویانگی هەیە بۆ خواردنی.

# شۆڕشی ئازادیخوازی نوێی کوردستان

لە دوای نسکۆ و شکستەکەی ٦ی ئازاری (١٩٧٥ن)و بڕیارەکەی مستەفا بارزانی بۆ ڕاگرتنی شۆڕش و دانانی چەك لە پێناوی مانەوەی گەلی کورد و ڕزگارکردنی لەگەلەکۆمەی داگیرکەرانی کوردستان.

[1] لە سەرەتای مانگی ئایاری ساڵی (١٩٧٥ن)جەلال تاڵەبانی و دکتۆر فوئاد مەعسوم سەردانی مستەفا بارزانیان کردبوو، وە گفتوگۆیان لەگەڵدا کردبوو دەربارەی بەرپاکردنی شۆڕشێکی نوێ لە باشووری کوردستان و ئاگادارکردن و وەرگرتنی بیرو ڕای مستەفا بارزانی لەو بارەیە.

لە وەلاَمدا مستەفا بارزانی پێیانی گوتبوو (ئەوەی کە بۆتان دەکرێت لە پێناوی ئەم میللەتە بێکەسەدا هەوڵی بۆ بدەن و بیکەن و دریغی مەکەن).

بە گەڕانەوەی جەلال تاڵەبانی و دکتۆر فوئاد مەعسوم بۆ سوریا لە ڕۆژی ٢٢-٥ی (١٩٧٥ن)یەکەم کۆبوونەوەیان کرد لە سوریا بەناوی بەرپاکردنی شۆڕشی ئازادیخوازی نوێی کوردەوە، وە نووسراوێکیان بلاَوکردەوە بەناوی سەرکردایەتی شۆڕشی نوێی کوردەوە و ئاشکراکردنی شۆڕش.

دەستەی سەرکردایەتیان دامەزراند لەم ناوانەی خوارەوە:

١-جەلال تاڵەبانی ٢-دکتۆر فوئاد مەعسوم ٣-نەوشیروان مستەفا ٤-عومەر شێخ ٥-عادل مراد فەیلی ٦-عەبدولڕەزاق فەیلی، دەستیان کرد بە پەیوەندی کردن لەگەڵ ئەم ناوانەی خوارەوە لەناو شارەکانی عێراق و کوردستان- بۆ فراوانکردنی ڕێکخستنی ڕامیاری و بەهێزکردنی چەکداری لەناو گوند و دێهاتەکانی کوردستان: ١-شەهابی شێخ نوری ٢-کاك جەعفەر ٣-دکتۆر خالید ٤-عومەر مستەفا ٥-عەلی عەسکری ٦-ڕەسوڵ مامەند.

لە ڕۆژی (١/٦/١٩٧٥ن)جەلال تاڵەبانی و هەڤاڵانی کۆبوونەوەیەکی فراوانیان کرد لە سوریا لە شاری قامیشلی و ئەو ڕۆژەیان ناو نا ڕۆژی دامەزراندنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان.

[1] خەباتی چەکداری و ڕامیاری نەتەوایەتی کورد، نەجم سەنگاوی، ل٣٢٩

یەکێتی نیشتیمانی لە ڕۆژی دامەزراندنیەوە هەتاکو (١٩٨٥/١/١٥)دروشمی (دیموکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان بوو)وە ئێزگەی ڕادیۆکەیان بەناوی (دەنگی شۆڕشی عێراق)ەوە بوو، لە پاش ئەو مێژووە دروشمەکەیان گۆڕی و بوو بە (مافی چارەنووس بۆ گەلی کورد) وە ئێزگەکەیان بوو بە (دەنگی گەلی کوردستان).

هەر لە کۆتاییەکانی ساڵی (١٩٧٦ن)مەفرەزە سەرەتاییەکانیان دروست بوو لە ناوچەکانی گەرمیان و سەنگاو و قەرەداغ و دەوروبەری سلێمانی و ناو شوان..هتد. وە ئەوانەی کە لەناو شارەکانەوە دەردەچوونە دەرەوە بۆ پێشمەرگایەتی زۆربەیان چینی ڕۆشنبیرو خوێندەواربوون، لە دوای نسکۆکەی (١٩٧٥ن)کورد نرخ و بایەخی نەمابوو لەلای حکومەت و پارتی بەعسی عەرەبی و عەرەبەکانی عێراق، بە دروست بوونەوەی مەفرەزە سەرەتاییەکانی پێشمەرگەو چالاکیەکانیان کورد نرخی پەیدا کردەوە و بایەخیان پێی دەداو هەوڵی لەخۆنزیك کردنەوەیانی دەدا لێیان.

لە مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی (١٩٨٣ن)یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بە سەرۆکایەتی جەلال تاڵەبانی بۆ یەکەم جار بە تاك لایەنی دەستی کرد بە وتوێژەکردن لەگەڵ حکومەتی عێراق و سەدام حوسێن و وتوێژەکەیان درێژەی کێشا هەتا مانگی نیسانی (١٩٨٤ن)و نەگەیشتن بە ئەنجام و شەڕ دەستی پێ کردەوە و درێژەی کێشا هەتا ساڵی (١٩٨٨ن)و ئەنفال کردنی کورد دەستی پێ کردو دێهاتەکانی کوردستان بەگشتی چۆڵ کران و ڕووخان، وە پێشمەرگەکانی کوردستان جێگای حەوانەوە و خواردنیان نەما. وە فڕۆکەکانی حکومەت و سوپاو جاشەکان بە بەردەوامی دەگەڕان بەسەر دێهاتە چۆڵ و ڕووخاوەکاندا. وە دەورووی شارو شارۆچکەو ئۆردوگا زۆر ملێنکان گیرابوون و هیچ کوردێك بۆی نەبوو و نەیدەتوانی لەسەر شەقامە سەرەکییەکان لابدات نە بەپێ و نە بە ئۆتۆمبێل، دەیاندایە بەر تۆپ و گوللە و فڕۆکەی هێلی کۆپتەریان بۆی هەڵدەسان و سەربازو جاشیان بۆی دەنارد.

بەهۆی ئەم بارودۆخە سەختەوە پێشمەرگەکانی کوردستان ناچار بوون بە زۆری ناوچەکانی گەرمیانیان بەجێ هێشت و ڕوویان کردە سنوورەکانی ئێران و ناو ئێران هەتا ڕاپەڕینە مەزنەکەی گەلی کورد لە مانگی ئازاری (١٩٩١ن)و ئازادکردنی هەموو شارەکانی کوردستان لە سوپاو دەسەلاّتەکەی عێراق و سەدام حوسێن.

# بەرەی کوردستانی

[1] لە مانگی ئابی ساڵی (١٩٨٣ز)حکومەتی عێراق (٨٠٠٠)هەزار لە پیاوانی تیرەکانی بارزانییان گرت و بەبێ سەروشوێن لەناویانیدا. لە (١٩٨٨/٣/٤ز)بەناوی ئەنفالەوە دەستیان کرد بە ئەنفال کردنی کورد و (١٨٢٠٠٠)هەزار ژن و منداڵ و پیاوانی کوردیان بێ سەروشوێن کردو زیندە چاڵیان کردن، وە لە ٨٠٪ی شارۆچکەو گوندەکانی کوردستانیان چۆڵ کرد و رووخاند لەلایەن حکومەتی عێراق و سەدام حوسێنەوە، بەرپرس و سەرکردەکانی پارت و رێکخراوە سیاسیەکانی کورد لەناو سنوورەکانی ئێران و باشووری کوردستان هەستیان کرد بە لەناوچوونی باشووری کوردستان و لاوازی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد لە ئەنجامی دووبەرەکی و ناکۆکی نێوانیان.

بۆیە لە پاش هەوڵ و کۆششێکی زۆری پارت و رێکخراوە کوردستانیەکان لە رۆژی (١٩٨٨/٥/٢ز)بڕیاریانداو پێکهاتن لەسەر دامەزراندنی بەرەی کوردستانی و خەباتی هاوبەشیان دژی رژێمەکەی عێراق و سەدام حوسێن، وە ئەو پارت و رێکخراوانەی کە بەشداریان کرد لەم بەرەیەدا ئەمانە بوون:

١-پارتی سۆسیالستی کوردستان (پاسۆک).

٢-پارتی دیموکراتی کوردستان (پ.د.ک).

٣-یەکێتی نیشتیمانی کوردستان (ی.ن.ک).

٤-حیزبی سۆسیالستی کوردستان (حسک).

٥-پارتی گەلی کوردستان.

٦-حیزبی شوعی (هەرێمی کوردستان).

---

[1] خەباتی چەکداری و رامیاری نەتەوایەتی کورد، نەجم سەنگاوی، ل٣٤١

لە ڕۆژی ٧-٨-٩ی حوزەیرانی ساڵی (١٩٨٨ن)یەکەم کۆبوونەوەی خۆیان بەست و پێکهاتن لەسەر خەباتی هاوبەشیان دژی ڕژێمی عێراق بۆ ئازادکردنی کوردستان، خەباتی هاوبەشی ئەم بەرەیە درێژەی کێشا هەتا یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە (٤/١٠/١٩٩٢ز)، بەرەی کوردستانی ڕۆژنامەو ئێزگەی خۆیان هەبوو بە ناوی (بەرەوە)و ڕۆژنامەکەیان بەردەوام دەردەچوو هەتا ساڵی (١٩٩٢ن)پاش هەڵبژاردنی یەکەم پەرلەمانی کوردستان.

# جەنگی عێراق و ئێران

[1] لە سەرەتای ساڵی (١٩٧٩ن)شۆڕشی ئیسلامی ئێران دەستی پێکرد بە ڕابەرایەتی ئایەتوڵلا خومەینی بۆ ڕووخاندنی شای ئێران موحەمەد ڕەزا پەهلەوی.

ئایەتوڵلا خومەینی لە فەرەنسا دادەنیشت و هەر لەوێوە فەرمانی ڕاپەڕینی جەماوەری ئێرانی دەردەکرد دژی ڕژێمی موحەمەد ڕەزا شای ئێران و پەلاماردانی دەزگاکانی حکومەت بۆ لابردنیان لەسەر حوکم و دەسەلات.

شۆڕشی ئیسلامی ئێران سەرکەوتنیان بەدەستهێنا و شای ئێرانیان دەرپەڕاند بۆ دەرەوەی ولات کۆماری ئیسلامی ئێرانیان دامەزراند.

ئایەتوڵلا خومەینی و پارتە ئیسلامیەکەی لە سەرەتای شۆڕشەکەیانەوە بەوەوە نەوەستان کە شای ئێران دەربپەڕێنن و حکومەتە ساوایەکەیان بپارێزن هەتا سوپایەکی بەهێز دادەمەزرێنن و حکومەتێکی بەهێزو توانا پێکبێنن. بە پێچەوانەوە هەر لە سەرەتای هاتنیان بۆ سەر حوکم و دەسەلات دەستیان کرد بە گرتن و کوشتنی ئەفسەر و فەرماندەکانی سوپاکەی شای ئێران و تێکدانی سوپای ئێران و دامەزراندنی پاسەوانی شۆڕش لە پارتە ئیسلامیەکان، لەلایەکی ترەوە هەوڵی ئەوەیان دەدا کە شۆڕشە ئیسلامییەکەیان بگوێزنەوە بۆ ولاتانی دراوسێ و دەورووپشتیان، بەتایبەتی عێراق و دەوڵەتانی کەنداوی عەرەبی.

بۆ ئەم مەبەستە هەموو دام و دەزگاکانی ڕاگەیاندنیان لە مزگەوتەکان و کۆمەڵ و کۆبوونەوەکانیان خستەکار لەسەر عێراق بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس و سەدام حوسێن. لەبەر ئەوەی دانیشتوانی عێراق زۆربەیان شیعە مەزهەبن وە لەگەڵ ئێراندا هاوسنوورن، وە حیزبی (الدعوە الاسلامیە)ی تیادایە و سەر بە شیعەکانەو پەرەی سەندووە لەناو عێراق، دەوڵەتی ئیسلامی ئێران لە ڕاگەیاندنەکانیاندا دەستیان کرد بە هەڕەشەکردن لە عێراق و حکومەتی بەعس، وە پشتگیری کردنی حیزبی (دەعوە)ی ئۆپۆزسیۆنی عێراق،

---

[1] خەباتی چەکداری و ڕامیاری نەتەوایەتی کورد، نەجم سەنگاوی، ل٣٤٢

وە چەندین جار تەقینەوە ڕوویدا لەناو بەغداو زانكۆی (المستەنسریە)و شوێنەكانی تری عێراق و بوو بەهۆی كوشتنی خەڵكێكی زۆر و بڵاوكردنەوەی چەك و تەقەمەنی لە ناوچەكانی بەغداد و باشووری عێراق.

حكومەتی عێراق نزیكەی پێنج ساڵ بوو ڕزگاری ببوو لە شەڕی كوردستان، تەنها شەڕی پارتی زانی نەبێت كەم تا زۆر لێرەو لەوێ ڕووی دەدا و بەهێڵی كۆپتەر و سوپای تایبەت و جاشی خۆفرۆشی كورد دەكەوتنە شوێنیان و دەجەنگین و ڕاویان دەنان. حكومەتی عێراق خۆی بەباشی گرتبوو و سوپایەكی زۆر بەهێزو مەشق پێكراو و پڕ چەكی دامەزراندبوو. لەلایەنی ئابووریەوە بەباشی خۆیان گرتبوو، وە پەیوەندی دەرەوەیان لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا باش بوو. سەدام حوسێن ماوەی ساڵێك بوو دەسەلاتی تەواوی گرتبووە دەست و ببوو بە سەرۆك كۆماری عێراق لە جێگای ئەحمەد حەسەن بەكر، وە سەیریان دەكرد وا كۆماری ئیسلامی ئێران گوێ بە پێكهاتنەكەی ٦ ئازاری (١٩٧٥)ی جەزائیر نادەن، و حیزبی دەعوە خەریكە پەرەدەسێنێت و تەنگی پێیان هەڵچنیوە.

لەلایەكی ترەوە بزووتنەوەی ئازادیخوازی كوردیش زیندوو بووەتەوە و چالاكی باش دەنوێنن لە هەموو گوندو دێهاتەكانی كوردستان و بارەگاكانیشیان لەناو ئێراندایە. وە پێكهاتنەكەی ٦ی ئازاری (١٩٧٥)نێوان سەدام حوسێن و شای ئێران دەستیان لە زۆر ئاو و خاكی عێراق هەڵگرتووە بۆ ئێران ئەمانە بوونەتە هۆی نزمی و ناوشكاندن بۆ سەدام حوسێن. لەلایەكی ترەوە وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژئاوا و ئەمەریكا بەتایبەتی بڵاوبوونەوەی شۆڕشی بەناو ئیسلامی لەناو دەوڵەتانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا لە بەرژەوەندییان نەبوو، بەتایبەتی دەوڵەتانی كەنداوی عەرەبی و عێراق كە سەرچاوەی نەوتن بۆ ئەمەریكا و ڕۆژئاوا، دەزگاكانی ڕاگەیاندنی ڕۆژئاواو ئەمەریكا بایەخێكی تایبەتیان دەدا بە كێشەی نێوان عێراق و ئێران و ڕۆژانە پڕوپاگەندەیان بڵاو دەكردەوە و هانی عێراقیان دەدا دژی كۆماری ئیسلامی ئێران.

لەلایەكر ترەوە حكومەتی عێراق لە ڕێگای دەزگاكانی ڕاگەیاندنەوە بەیادنامەو شێوەكانی دبلۆماسی داوایان دەكرد لە ئێران بۆ ڕاگرتنی میدیاكانیان دژ بە عێراق و دەست تێوەردانی ناوخۆی عێراق ڕابگرن بەلام دەوڵەتی ئیسلامی ئێران بەردەوام بوون لە

ڕاگەیاندنەکانیاندا بۆ هاندانی مللەت بۆ گیانی دەسەلاتدارانی بەعس و سەدام حوسێن و ناو زڕاندنیان بە خراپە. وە باوەڕی زۆریان بە خۆیان بوو.

لە رۆژی (١٧/٩/١٩٧٩ز)حکومەتی عێراق بە تاك لایەنە ڕێککەوتنەکەی ٦ی ئازاری ساڵی (١٩٧٥ز)جەزائیری لەلای خۆیەوە هەڵوەشاندەوە پابەند نەبوونی عێراقی بە بەیاننامەکەوە بڵاوکردەوە، وە دەستیان کرد بە هەڕەشەکردن و هێرشبردنی ڕاگەیاندن بۆ سەر کۆماری ئیسلامی ئێران لە ڕادیۆو تەلەفزیۆن و ڕۆژنامەکانی عێراقەوە.

لە ڕۆژی (٢٢/٩/١٩٨٠ز)بەبێ ئاگادار کردنەوەی دەوڵەتی ئیسلامی ئێران، حکومەتی عێراق لە ناکاوێکدا بە سوپایەکی زۆرەوە لە هەموو سنوورەکانی عێراقەوە لەگەڵ ئێران هێرشیان برد بۆ سەر شارەکانی ئێران، قەسری شیرین و خورام شەهر و عەبادان و زۆر شارو شارۆچکەو دێهاتەکانی ئێرانیان داگیرکرد و شەڕ درێژەی کێشا لە نێوان عێراق و ئێران بۆ ماوەی هەشت ساڵ، وە زیانی گیانی و ماڵی زۆر کەوت لە هەردوو لایان.

لە ماوەیەکی کەمدا ئێران هەموو شارەکانی خۆیان گرتەوە و سوپای عێراقیان دەرکرد و توانیان زۆر لە سنوورەکانی عێراقیش داگیر بکەن لەگەڵ مینای (فاو)سەر بە پارێزگای بەسرە، وە لە ماوەی ئەم هەشت ساڵەدا زیاتر لە ملیۆنێك سەربازو ئەفسەر و خەڵکی بێتاوان کوژران لە هەردوو لایان بێجگە لە زیانی ماددی و تێکشکاندنی چەك و تۆپ و دەبابە و فڕۆکە و پرۆژە ئابوورییەکانی هەردوو لایان. لەسەرەتای ساڵی (١٩٨٨ز)وڵاتانی ڕۆژئاوا و ئەمەریکا یارمەتی عێراقیان دەدا بە زانستی سەربازی و مانگی دەستکرد لە بەرەکانی شەڕدا بۆ زاڵبوونی عێراق لە شەڕەکانیدا.

هەروەها زۆربەی وڵاتانی عەرەبی هەر لە سەرەتای شەڕەکەوە یارمەتی عێراقیان دەدا بە پارەو بە چەك و بە ناردنی سەرباز. حکومەتی عێراقیش لە میدیاکانیان دەیان گوت سوپای عێراق پاسەوانی دەرگای ڕۆژهەلاتی نیشتیمانی عەرەبیەو لە باتی نەتەوەی عەرەب لەگەڵ ئێراندا شەڕ دەکات. لە ماوەی ئەو هەشت ساڵەی شەڕدا چەند جارێك عێراق داوای ڕاگرتنی شەڕیان کرد بەلام ئێران سەرکەوتوو بوون لە شەڕەکانیاندا و وەلامیان نەدەدایەوە.

لە سەرەتای ساڵی (١٩٨٨ن)مینای (فاو)ی عێراق سەر بە پارێزگای بەسرە داگیرکرا لەلایەن ئێرانەوە، وە عێراقیش زۆر مەبەستیان بوو کە بیگرنەوە، بە هەزاران سەربازیان دا بە کوشت و بۆیان نەگیرایەوە و پەنایان برد بۆ ئەمەریکا بۆ گرتنەوەی مینای فاو.

ئەمەریکاش بە رێگای مانگی دەستکردەوە و بە تیشکی لیزەر دایان لە هەندێك پرد و شوێنە گرنگەکانی مینای فاو کە پاپۆڕی لێ دەوەستاو تێکشکاندنی تۆپ و دەبابەکانی ئێران. سوپای عێراقیش هێرشی بۆی کرد و مینای فاوی گرتەوە، هەر بە لێدانی مینای فاو بە تیشکی لیزەر لەلایەن ئەمەریکاوە و گرتنەوەی لەلایەن عێراقەوە، ئایەتوڵلا خومەینی لەلایەن خۆیەوە شەڕی ڕاگرت و لە بڕیارەکەیدا گوتی: (وەڵڵا وا دەزانم جامێك ژەهر دەخۆمەوە کە ئەم شەڕە ڕادەگرم)شەڕ لەلایەن ئێرانەوە ڕاگیرا لە رۆژی (١٩٨٨/٨/١٣ن)بەشێوەیەکی فەرمی و ئاشکرا، بەڵام حکومەتی عێراق بەردەوام بوون لە هێرشکردن بۆ سەر سوپای ئێران هەتا رۆژی (١٩٨٨/٨/٢٠ن)شەڕیان ڕاگرت، حکومەتی عێراق لە سەرەتای ئەم شەڕەوە هەتا ساڵی (١٩٨٨ن)پارەیەکی زۆری هەڵدەڕژاند بۆ سوپای عێراق و کوژراو و بریندارەکان لەگەڵ زەوی و ئۆتۆمبێل و قەرزی خانووبەرەی پێدانیان، هەروەها پارەیەکی زۆری دەدا بەو سەربازانەی کە لە میسرو سودان و یەمەنەوە دەهاتن بۆ یارمەتی سوپای عێراق، وایان لێهات کەوتنە ژێر قەرزێکی یەکجار زۆرەوە. لە پاش ڕاوەستانی شەڕ یارمەتی هەموو دەوڵەتانی عەرەبی ڕاگیراو و عێراق باری ئابووری بە تەواوی تێکچوو لە هەموو ڕوویەکەوە و پارەی عێراق شکاو هیچ نرخێکی نەما بەرامبەر بە دۆلار و پارەی دەوڵەتانی عەرەبی و ئەورووپی.

# ئەنفالکردنی پیاوانی بارزانیان

[١] لە مانگی ئابی ساڵی (١٩٨٣ز)سوپای ئێران هێرشیان کردە سەر ناوچەی حاجی ئۆمەران و داگیریان کرد. سوپای عێراق هەوڵێکی زۆریاندا و زیانێکی زۆریان لێکەوت و بۆیان نەگیرایەوە.

بە داگیرکردن و مانەوەی سوپای ئێران لە حاجی ئۆمەراندا حکومەتی عێراق دەوری کۆمەڵگا زۆرە ملێکانی دەوری هەولێر و قوشتەپەو ڕەواندز و شێروانەو مازنیانداو هەموو پیاوەکانیان لە تەمەنی ١٤ ساڵ بەسەرەوە گرتنیان و زیاتر لە (٨٠٠٠)هەزار لە بارزانیان گرت و باڵبەستیان کردن و بە ئۆتۆمبێلی زیلی سەربازی بردنیان بەرەو باشووری عێراق و لە شارەکانی تکریت و سامەڕا پێشانی خەڵکەکەیان دەداو پێیان دەگوتن ئەمانە دیلی شەڕەکەی حاجی ئۆمەرانن گیراون لەشەڕدا، بە مەبەستی بەرزکردنەوەی وورەی سوپاکانیان و خەڵکەکانیان لە تکریت و سامەڕا. لە پاشان بەبێ سەروشوێن لەناویان بردن و زیندە چاڵیان کردن.

لە (٤/٤/١٩٨٧ز)حکومەتی عێراق ناوچەکانی سەنگاو و قەرەداخ و ئاغجەلەری ئاگادار کردەوە کە دەبێ بە ماوەی پێنج ڕۆژ گوند و دێهاتەکانیان چۆڵ بکەن و بڕۆن بەرەو شارەکانی سلێمانی و چەم چەماڵ بۆ ناو ئۆردوگا زۆرە ملێکان.

لە ڕۆژی (١٢/٤/١٩٨٧ز)سوپاو جاشی حکومەتی عێراق هێرشێکی فراوانیان کردە سەر ناوچەکانی سورداش و دوکان و ماوەت و چوارتا و دەستیان کرد بە ڕووخاندنی ئەو دێهاتانەی کە دەستیان پێی دەگەیشت. لە (١٥/٤/١٩٨٧ز)ئاگاداری گوند و دێهاتەکانی دووز و کفری و کەلار و گوندەکانی دەوروپشتی کەرکوکیان کردەوە بۆ ئەوەی خۆیان و ماڵەکانیان ئامادە بکەن بۆ ئەوەی کە بیان گوێزنەوە بۆ باشووری عێراق بۆ (ڕۆمادی و ناسریە و کوت)بەڵام دانیشتوانی گوندەکان لە ٨٠٪ یان ماڵەکانیان بەجێهێشت و

[١] خەباتی چەکداری و ڕامیاری نەتەوایەتی کورد، نەجم سەنگاوی، ٣٤٤

ئاژەڵەکانیان برد و ڕوویان کردە شاخەکانی کوردستان بۆ ئەو شوێنانەی کە لەژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەی ئازادیخوازی کوردا بوون.

لە (١٩٨٧/٤/٢٠ن)حکومەتی عێراق دەستیان کرد بە بۆردومانکردنی ناوچەکانی بێتواتە و قەڵادزەو قەرەداخ و ماوەت بە گازی کیمیاوی و فڕۆکەو تۆپ و سوپا. لە ڕۆژی (١٩٨٧/٥/١٢ن)ناحیەی سەید سادق دەستیان کرد بە خۆپێشاندان و بەرد باران کردنی سوپای داگیرکەری عێراق، وە چەکدارە کوردەکان (جاشەکانی خفیە)کە سەر بە حکومەت بوون پشتگیری جەماوەری کوردی خۆپێشاندەریان کرد، ئەم خۆپێشاندانە پەرەی سەند و ناوچەکانی شارەزوور و تەوێڵەو بیارەی گرتەوە و پێشمەرگەی ئازادیخوازی کوردیش پشتگیریان کردن و چوونە ناو شارۆچکەکانەوە.

هەر لەو ڕۆژانەدا لە مانگی ئایاری (١٩٨٧ن)جەماوەری کورد لە ناوچەکانی شەقڵاوە و حەریر بە یارمەتی پێشمەرگەی ئازادیخوازی کورد هەڵسان و ناوچەکەیان ئازادکرد و دەستیان گرت بەسەر هەموو سوپاکەی حکومەتی عێراق.

هەر لە هەمان مانگدا لە ناوچەی بامەڕنی جەماوەر هەڵسان و ناحیەی بامەڕنیان ئازاد کرد. میللەتی کورد بەشێوەیەکی گشتی و ئاشکرا لە هەموو شارو شارۆچکەکانی کوردستان نارەزایییان دەربڕی دژی زوڵم و زۆری حکومەتی بەعس و سەدام حوسێن، زۆر لە مامۆستایانی ئایینی کوردستان لە ووتارەکانی ڕۆژی هەینی لە ناوچە ئازادکراوەکاندا فتوای غەزایان دا دژی حکومەتی عێراق و سوپاکانی.

# ئەنفالکردنی ساڵی ١٩٨٨زایینی کورد

[1]لە رۆژی (١٩٨٨/٣/٤ن)حکومەتی بەعس و سەدام حوسێن بە ناوی ئەنفالکردنەوە (ئەنفال)هێرشیان کردە سەر ناوچەکانی ١-کفری ٢-کەلار ٣-دووزخورماتوو ٤-قادر کەرم ٥-سەنگاو ٦-دێهاتەکانی ناوچەی چەم چەماڵ ٧-ناوچەی جەباری ٨-سەرگەڵوو ٩-ئاغجەلەر ١٠-قەرەداغ بەبێ بەزییانە بۆردومانی هەموو ئەو ناوچانەیان کرد بە گازی کیمیاوی و هێرشی فرۆکەو سەرباز و جاشەکانی، بە سەدان کەس بە گازی کیمیاوی کوژران و سوتێنران و هەموو ناوچەکانیان تۆقاند و لە ترسی مەرگ ڕوویان کردە ناو شارو شارۆچکەکان و خۆیان دا بەدەستەوە بە حکومەتی فاشی عێراق.

لە (١٩٨٨/٤/١٠ن)حکومەتی فاشی عێراق زیاتر لە (١٨٢٠٠٠)هەزار کەسی کۆکردەوە لە دانیشتوانی گوندو دێهاتەکان لە سەربازگەکانی چەم چەماڵ و کەرکوك و بردنی بەرەو باشووری عێراق بەبێ سەروشوێن لەناوی بردن.



بۆردومانی کیمیابارانی شاری هەڵەبجە لە رۆژی (١٩٨٨/٣/١٦)لەلایەن حکومەتی فاشی عێراقەوە.

پێنج هەزار کەس بوون بە قوربانی و زیاتر لەو ژمارەیەش بریندداربوون

[1] هەمان سەرچاوە.




قوربانیانی کیمیابارانی شاری هەڵەبجە





قوربانیانی کیمیابارانی شاری هەڵەبجە



## کیمیابارانی شاری هەڵەبجە لە ١٩٨٨/٣/١٦ز

[1] لـە ڕۆژی (١٩٨٨/٣/١٥ن)سـوپای ئێـران هێرشـیان کـردە سـەر شارۆچـکەی هەڵەبجـە و داگیریـان کـرد و هـەر هـەمان ڕۆژ لێـی کـشانەوە. لـە ڕۆژی (١٩٨٨/٣/١٦ن)حکومـەتی عێـراق بـە سـێ فڕۆکـەی جەنگییـەوە هێرشـیان کـردە سـەر شـاری هەڵەبجـە، فڕۆکەیـەکیان چـاودێری دەکـرد و دووانیـان شـاری هەڵەبجـەیان بـە کیمیـاوی بۆردومـان کـرد و زیـاتر لـە (٥٠٠٠)هـەزار کـەس لـەناو هەڵەبجـەدا کـوژران لـە ژن و پیـاو و منـداڵ، وە زیـاتر لـەو ژمـارە برینـدار بـوون. هەموو جیهان لەو کارەساتە گوێی خۆیان کەڕ کردوو نەهاتنە وەڵام.

## ئەنفالکردن و کیمیابارانی ناوچەی بادینان

[1] لـە ڕۆژی (١٩٨٨/٨/٩ن)حکومـەتی عێـراق بـە فڕۆکـەو تـۆپ و دەبابـە و سـوپاو جاشـەوە هێرشـیان کـردە سـەر شـارو ناوچـەکانی دهـۆك و زاخـۆ و ئامێـدی و گونـدو دێهاتـەکانیان بـە نـاوی ئـەنفالی (٥-٦)وە بـە گـازی کیمیـاوی و هـەموو جـۆرە چـەکێکەوە، بـە هـەزاران کەسـیان بـرد بـۆ ئـەنفال و بـەبێ سەروشـوێن لـە ناویـان بـردن، وە سـەدان کـەس بـە کیمیـاوی سـوتان و کـوژران. وە زیـاتر لـە (١٠٠٠٠)هـەزار کـەس پەڕینـەوە بـۆ نـاو خـاکی تورکیـا لـە ترسـی مـەرگ و کیمیابـاران و لـەوێ ئۆردووگایان بۆ کرایەوە و مانەوە.

بـەم شـێوە دڕندانەیـە حکومـەتی فاشـستی عێـراق و بـەعس و سـەدام حوسـێن توانیـان بـە زۆری کیمیـاو ئـاگر و ئاسـن دەسـت بگـرن بەسـەر زۆربـەی زۆری ناوچەکانی باشووری کوردستان و بە چۆڵی و وێرانکاری بمێنێتەوە.

وە زیـاتر لـە چـوار هـەزار شاروچـکە و گونـد و دێهـاتی کوردیـان چـۆڵ کـرد و بـە چـۆڵی و ڕووخـاوی و وێرانکـاری مانـەوە. زۆربـەی پێـشمەرگە ئازادیخوازەکـانی

---

(1) خەباتی چەکداری و ڕامیاری نەتەوایەتی کورد، نەجم سەنگاوی، ٣٤٦

(2) خەباتی چەکداری و ڕامیاری نەتەوایەتی کورد، نەجم سەنگاوی، ٣٤٢

کوردســـتان باشـــووری کوردســـتانیان بەجێهێـــشت لەبـــەر نـــەبوونی ئـــاوەدانی و جێگای حەسانەوە و خواردن، ڕوویان کردە سنوورەکان و ناو ئێران.

وە ئـەو خێزانانـەی کـە ڕزگاریـان بـوو لـە کیمیابـاران و ئـەنفالکردن و خۆیـان گەیانـدە نـاو شـارو شارۆچـکەکان حکومـەت نیـشتەجێی کـردن لـە کۆمـەڵگا زۆرەملێکـان کـە لـە دەوروبـەری شـارەکاندا دروسـتی کردبـوو بۆیـان بـۆ کۆکردنـەوەی دێهاتـەکانی کوردسـتان بـە نـاوی کۆمـەڵگای جوتیارانـەوە، بـۆ ئـەوەی کـە بتـوانن بـە تـەواوی دەسـت بگـرن بەسـەر میللـەتی کـورداو نەیـەڵن سـەر بەرزبکاتـەوە، وە هـەرکاتێکیش مەبەسـتیان بـوو بیـان گوێزێتـەوە بـۆ ئـەو شـوێنانەی کـە خۆیـان مەبەسـتیانە، بـەم شـێوە هـەموو دێهـات و گونـد و شارۆچـکەکانی باشـووری کوردسـتان کۆکرانـەوە لـە کۆمـەڵگا زۆرە ملێکـان و هاتووچـۆکردنی هـەموو گونـدو دێهاتـەکان قەدەغـەکران لـە خـەڵکی شـارو دێهاتـەکانی کوردسـتان، و ئـەوەی یـەك کیلـۆ مـەتر دوور بکەوتایەتـەوە لـە کۆمـەڵگاو شـارەکان فـەرمانی تەقـەکردن و کوشـتن هـەبوو لەسـەریان، هـەموو زەوی و بـەراوی گونـدەکانی کوردسـتان بـە چـۆڵی مانـەوە هـەتا دوای ڕاپەڕینـە پیرۆزەکەی بەهاری ساڵی (١٩٩١ن)کوردستان.

# داگیرکردنی کوێت لەلایەن عێراقەوە

[1] لە (١٩٨٨/٨/٢٠)ن جەنگی عێراق و ئێران کۆتایی هات و شەڕ لە هەردوو لا ڕاوەستا. سەدام حوسێن لەم شەڕەدا خۆی بەسەرکەوتوو دەزانی، وە نیازی وابوو کە ببێت بە سەرۆکی هەموو عەرەب، لە دوای ڕاوەستانی شەڕ دەستی کرد بە بانگهێشەکردنی سەرکردەکانی وڵاتانی عەرەبی بۆ بەغدا.

لە (١٩٨٩/٢/١٥)ن لە بەغدا بە ئامادەبوونی سەدام حوسێن سەرۆك کۆماری عێراق و موحەمەد حوسنی موبارەك سەرۆك کۆماری میسر و عەلی عەبدوڵلا ساڵح سەرۆك کۆماری یەمەن و مەلیك حوسێن کوڕی تەلاڵ پاشای ئوردن یەکێتیەکی عەرەبی چوار قۆڵی سیاسی و سەربازیان مۆر کرد. لەکاتی مۆرکردنی بەیاننامە هاوبەشییەکەیان و بڕوانامە چوار قۆڵیەکەیاندا سەدام حوسێن قسەی بۆیان دەکرد و لە قسەکانیدا گوتی: ئێمەی عەرەب نابێ پەلاماری هیچ وڵات و دەوڵەتێکی عەرەبی بدەین، هەر شێوە ناکۆکییەك ڕوویدات لە نێوان دەوڵەتانی عەرەبیدا، دەبێ بەشێوەیەکی برایانەو ئاشتیانە چارەسەری بکەن لە نێوان خۆیاندا.

سەدام حوسێن نەیدەویست لاوازی ئابووری عێراق پێشان بدات و باسی قەرزەکانی سعودیە و کوێت و دەوڵەتانی کەنداوی عەرەبی بکات، کە قەرزارێکی زۆر و تێکشکاون و کەوتوونەتە ژێر قەرزەوە. وە گیروگرفتی هەموو شەڕێك لە دوای ڕاوەستان و تەواوبوونی شەڕ بە تەواوی دەردەکەوێت کە ئەو وڵاتە چەندێك قەرزارەو چی بەسەر داهاتووە.

چونکە هەموو وڵاتێك لەکاتی شەڕدا دۆستانی قەرزی پێ دەدەن، بەڵام کە شەڕ ڕاوەستا و کۆتایی هات خاوەن قەرز داوای قەرزەکانی خۆی دەکاتەوە، عێراقیش لە ماوەی هەشت ساڵ شەڕدا لەگەڵ ئێران چەکێکی زۆری کڕی بە

---

[1] خەباتی چەکداری و ڕامیاری نەتەوایەتی کورد، نەجم سەنگاوی، ل٣٥٣

قەرز لە ڕوسیا و فەڕەنسا و نەمسا و دەوڵەتانی تری ڕۆژهەلأت و ڕۆژئاوا بۆ بەردەوام بوونی شەڕەکەی لەگەڵ ئێران. لەگەڵ ئەوەشدا بێجگە لەو چەکانەی کە بەکاریان دێنێت لە شەڕدا وەکو فڕۆکەو دەبابەو شۆفەڵ تۆپی قورس و ساروخ و چەکی کیمیاوی چەکی سوکی هەمەجۆر. هەر لەگەڵ بەردەوامبوونی شەڕەکەدا دەستی کرد بە کڕینی کارگەی دروستکردنی ساروخ و پەرەپێدانی، وە کارگەی چەکی کیمیاوی و بەکارهێنانی لە شەڕەکانیدا و هەوڵی دروستکردنی کارگەی چەکی ئەتۆمی دەدا، ئەمانەشی هەموو بە قەرز دەیهێنا.

بێجگە لەوانەی کە باسمان کردن، سەدام حوسێن قەرزێکی زۆری کردبوو لە سعودیەو کوێت و دەوڵەتانی کەنداوی عەرەبی. لە دوای تەواوبوونی شەڕی عێراق و ئێران سەدام حوسێن بە تەما نەبوو قەرزەکانی دەوڵەتانی عەرەبی بداتەوە.

سەدام حوسێن لە ووتارەکانیدا دەیگوت: عێراق دەروازەی ڕۆژهەلأتی نیشتیمانی عەرەبیە، عێراق لەباتی هەموو نەتەوەی عەرەب شەڕی کردوە لەگەڵ ئێراندا.

ئەگەر سوپای عێراق نەبوایە ئێران هەموو دەوڵەتانی کەنداوی عەرەبی داگیر دەکرد، عێراق پارێزەری دەروازەی ڕۆژهەلأتی نیشتیمانی عەرەبیە. سەدام حوسێن بەم قسانە وای دەردەخست کە بەنیاز نییەو نایەوێت قەرزەکانی سعودیەو کوێت و دەوڵەتانی کەنداوی عەرەبی بداتەوە.

دەوڵەتی کوێت پارەیەکی زۆری کەوتبووە سەر عێراق و بە هەلی دەزانی کە داوای دیاریکردنی سنووری عێراق و کوێت بکات، وە تەماحی لە هەندێك زەوی عێراقدا هەبوو، ناکۆکی کەوتە نێوان عێراق و کوێت لەسەر سنوور و دانەوەی قەرز. وتوێژی دانەوەی قەرز و ناکۆکی سنوورەکانیان برد بۆ سعودیەو لەوێ دانیشتنەکانیان دەکرد.

نوێنەری عێراق عیزەت دووری و تەها یاسین ڕەمەزان بوو بۆ وتوێژکردن. لە دانیشتنەکانیاندا لەسەر مێزی وتوێژکردن ناکۆکی و جیاوازی کەوتە نێوانیان لەگەڵ نوێنەرانی وتوێژی کوێت داو دەستەو یەخەی یەك بوونەوە و پەلاماری

یەکتریان دابوو. بە ناکۆکی و بەبێ ئەنجام هەردوو لایان دانیشتنەکەیان بەجێهێشت و گەڕانەوە بۆ وڵاتەکانی خۆیان.

لەلایەکی ترەوە کە شەڕی عێراق و ئێران ڕاوەستا و کۆتایی هات پارەو دیناری عێراق بەتەواوی شکاو دابەزی و بایەخی نەما بەرامبەر بە دۆلاری ئەمەریکا و پارەی سعودیە و کوێت و دەوڵەتانی کەنداوی عەرەبی.

وەکو باسمان کرد عێراق لە ماوەی ئەو هەشت ساڵەی شەڕدا لەگەڵ ئێران پشتگیریەکی زۆر دەکرا چ لەلایەن وڵاتانی عەرەبییەوە و چ لەلایەن دەوڵەتانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و ئەمەریکاوە.

لەبەر ئەوەی دەوڵەتی ئێران بەناو دەوڵەتێکی ئیسلامیەوە قسەی دەکردو تازەبوو، وە دەوڵەتانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواش بەرژەوەندییان نەبوو لەگەڵ بزووتنەوەی ئیسلامی و دەوڵەتی ئیسلامیداو دەترسان لەوەی پەرەبسێنێت و بڵاو ببێتەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

حکومەتی عێراقیش لە ماوەی ئەو هەشت ساڵە شەڕەدا لەگەڵ ئێران یارمەتی و پشتگیریەکی ئەوەندە زۆری هەبوو لەکاتی شەڕەکانیدا لە ماوەی ئەو هەشت ساڵە لەگەڵ ئێراندا کارگەی چەکی موشەکی دوورهاوێژو چەکی کیمیاوی و بایولۆجی و چەرسومی دامەزراند و خەریکی دورستکردنی چەکی ئەتۆمی بوو.

ئەمەریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوا لەگەڵ ئەوەی کە بە هەموو جۆرێك یارمەتی عێراقیان دەدا لە جەنگی عێراق و ئێران، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە بەردەوامی چاودێری هەموو جوڵانەوە و دروستکردنی کارگەو پڕۆژەی چەکی کیمیاوی و ساروخی و چەرسومی و کارگەی ئەتۆمەکەیان دەکرد و قۆناخ بە قۆناخ ئاگاداربوون کە چیان دەکرد.

لەلایەکی ترەوە ئەمەریکا و وڵاتانی ئەورووپا وایان لە یەك دەدایەوە کە ئەو چەکە زۆرەی عێراق کە لە ماوەی ئەم هەشەت ساڵەی شەڕەدا کۆی کردووتەوە و هەیەتی بەشی چوار دەوڵەتی وەك عێراق دەکات بۆ پاراستنی خۆی.

وە سەدام حوسێنیش هەر جار ناجارێك هەڕەشەی دەکرد لە ئیسرائیل و تورکیا کە هەردوو دۆست و هاوپەیمانی ئەمەریکا بوون. ئەمەریکا و ڕۆژئاواش شەڕی

هەشت ساڵەی عێراق و ئێرانیان کرد بە سەدام حوسێن و هەرچی چەکی تازە و کۆنیان هەبوو فرۆشتیان بە عێراق و ئێران و تاقیان کردەوە، وە ئیشی گرنگیان ئەما بە سەدام حوسێن و مەترسیان لێی دەکرد کە بەو هەموو چەکە ترسناکەوە پەلاماری دۆستەکانی خۆیان بدات وەکو ئیسرائیل و تورکیا.

وە بە پێویستیان دەزانی کە ئەو هەموو چەکە زۆرەی لێ دابماڵن و لاوازی بکەن. سەدام حوسێنیش دەیویست قەرزەکانی سعودیە و کوێت و دەوڵەتانی کەنداوی عەرەبی نەداتەوە، وە تەماحی کردبوو لە داگیرکردنی کوێت بۆ ئەوەی لە گیروگرفتی قەرزاری ڕزگاریان ببێت و پارەی عێراقی پێ ڕاست بکاتەوە.

عێراق ڕۆژانە لە ڕێگای ڕۆژنامەو میدیاکانیانەوە گلەییان دەکرد لە کوێت دەربارەی شکاندنی پارەی عێراق و داواکردنی قەرزەکانی و دیاری کردنی سنوورەکانی نێوان عێراق و کوێت و تەماح کردنیان لە هەندێك لە زەوییەکانی عێراق.

لە ناوەڕاستی مانگی تەمموزی (١٩٩٠ن)عێراق سوپایەکی زۆری کۆکردەوە لەسەر سنووری عێراق و کوێت و ئامادەی کردبوون.

ناکۆکی نێوان عێراق و کوێت بەشێوەیەکی ئاشکرا پەرەی سەندبوو، لە ڕۆژی ٣٠-٣١ی تەمموزی (١٩٩٠ن)بۆ جاری دووەم نوێنەرانی عێراق عیزەت ئیبراهیم دووری و تەها یاسین ڕەمەزان لە سعودیە کۆبوونەوە لەگەڵ نوێنەرانی کوێت بۆ وتووێژکردن دەربارەی گیروگرفتەکانی نێوانیان.

لەسەر مێزی وتوێژکردن نەگەیشتن بە ئەنجام و دەستەو یەخەی یەکتر بوونەوە و پەلاماری یەکتریان دابوو، وە پێڵاوەکانیان هەڵگرتبوو بۆ گیانی یەکتری، ئەم هەواڵ و باسە دەگەیەنن بە سەدام حوسێن کە چۆن پەلاماری یەکتریان داوە و چۆن نوێنەرانی کوێت زمان درێژیان کردۆتە سەریان.

لە ڕۆژی (١٩٩٠/٨/١ن)سەدام حوسێن دەڕوات بۆ باڵوێزخانەی ئەمەریکا لە بەغدا و چاوی دەکەوێت بە باڵوێزی ئەمەریکا خاتوو (ئەپریل کلاسیکی)و گفتوگۆی لەگەڵدا دەکات و ئەنجامی وتوێژەکانی نوێنەرانی عێراقی بۆ دەکات لەگەڵ نوێنەرانی کوێت لە سعودیە و چۆنیەتی پەلاماردانی یەکتری و زمان

درێژکردنی نوێنەرانی کوێت بەرامبەر بە نوێنەرانی عێراق، وە داواکردنی سنوور و شکاندنی پارەی عێراق و داواکردنی قەرزەکانی، ئەمانە هەموو بۆ باس دەکات و پێی دەڵێت ئێمە چاوەڕوانی بڕیارو ڕای ئەمەریکا دەکەین بزانین وەلامی چیمان دەدەنەوە.

بالوێزی ئەمەریکاش خاتوو (ئەبریل کلاسیکی)ش دەڵێت بە سەدام حوسێن: ئێمە وەکو ئەمەریکا دەست ناخەینە ناو کاروباری ناوخۆی ئێوە و کوێت، وە ئێوە هەرچییەك بکەن لەگەڵ کوێت ئێمە هیچ مافێکمان نییە بە سەرتانەوە، ئەوە کێشەی ئێوە خۆتانە وەکو عەرەب، بەهەر شێوەیەك چارەی دەکەن ئێمە ڕەخنەمان نییە لەسەری. ئەم وەلامەی بالوێزی ئەمەریکا بۆ سەدام حوسێن گلۆپێکی سەوز بوو بۆی هەڵکرد بۆ داگیرکردنی کوێت.

وە ئەمەریکا ئاگاداربوون و دەیان زانی کە سەدام حوسێن سوپاکەی ئامادەکردوە لەسەر سنووری عێراق و کوێت. هەر بۆ ڕۆژی دووەم لە (١٩٩٠/٨/٢ن)لە نیوەی شەودا سوپای عێراق پەلاماری کوێتیانداو داگیریان کرد بەناوی ئەوەی گوایە سوپای کوێت خۆیان شۆڕشیان بەرپا کردوە دژی ئەمیری کوێت و داوای یارمەتیان کردوە لە سوپای عێراق، لە پاش چەند ڕۆژێك گوایە بەناوی شۆڕشگێڕانی کوێتەوە داوای یەکگرتنیان کردوە لەگەڵ عێراق و دەیانەوێت بەشێك بن لە عێراق، وە کوێت بە نۆزدەهەم پارێزگای عێراق ڕاگەیەندرا، بەلام ئەمیری کوێت و هەموو وەزیرەکانی خۆیان دەرباز کردبوو ڕایان کردبوو بۆ ناو سعودیە و لەوێوە دەنگی خۆیان گەیاندە نەتەوە یەکگرتووەکان و ئاسایشی دەوڵەتان و دەستیان کرد بە هەوڵ و کۆشش بۆ ئازادکردنی وڵاتەکەیان لە سوپای عێراق لە ئەنجومەنی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجومەنی ئاسایشی دەوڵەتان و کۆنکاری عەرەبی، هەر هەموو ناڕەزاییان دەربڕی بەرامبەر بە داگیرکردنی کوێت لەلایەن عێراقەوە و پشتگیری کوێتیان کرد.

وە چەند جارێك نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجومەنی ئاسایشی دەوڵەتان ئاگاداری عێراقیان کردەوە و داوایان لێی کرد بۆ کشانەوەی هێزەکانی لەناو

کوێت و دەستی لێ هەلبگرن. وە هەروەها ئەمەریکا و دەولەتانی رۆژئاواو دەولەتانی عەرەبی و کۆنکاری عەرەبیش هەولیاندا لەگەل سەدام حوسێن بۆ ئەوەی لە کوێت بکشێتەوە بە ئاشتیانەو بەجێی بێلێت.

بەلام سەدام حوسێن گوێی بە داواکاری و هەولەکانی کەس نەداو کوێتیان تالآن کرد و ئەوەی بە کەلك بهاتایە لە پارە و زێر و کارگەو ئۆتۆمبێل و مال هەموویان تالآن کرد و هێنایان بۆ عێراق. وە بەردەوام بوون لەسەر قسەی خۆیان کە کوێت بەشێکە لە عێراق و دەستی لێ هەلناگرن.

ئەنجومەنی ئاسایشی دەولەتان لەسەر داواکردنی ئەمەریکاو بە پشتگیری کردنی (٢٩)دەولەت لەوانە بەریتانیا و فەرەنسا و ڕووسیا و میسر و دەولەتانی کەنداوی عەرەبی و رۆژهەلات و رۆژئاوا ئەم بڕیارەی لای خوارەوەیان دا لەسەر عێراق و سەدام حوسێن، وە ئەگەر بڕیارەکەی جێبەجێ نەکرد بە هەموویان بدەن لە عێراق و سوپاکەی سەدام حوسێن.

١-سوپای عێراق بە تەواوی بکشێتەوە لە ناو خاکی کوێت.

٢-عێراق ددان بەوەدا بنێت کە کوێت دەولەتێکی سەربەخۆیەو هیچ مافێکی عێراقی بەسەرەوە نییە.

٣-عێراق پەلاماری هیچ ولآت و دەولەتێکی تر نادات لە دراوسێیەکانی.

٤-عێراق هەموو زیانەکانی کوێت و دەولەتانی کەنداوی عەرەبی و ئەو دەولەتانەی کە زیانیان لێ کەوتووە بە هۆی داگیرکردنی کوێتەوە عێراق زیانەکانیان بۆ ببژێرێت.

٥-عێراق هەموو چەکی کیمیاوی و بایولۆجی و چەرسومی و سارۆخی و ئەتۆمی ئەگەر هەیبێت، دەبێ بە سەرپەرشتی لیژنەیەکی نێودەولەتی لەناو ببرێت و نەمێنێت.

٦-دەبێ سوپای عێراق کەم بکرێتەوە (لەو سەردەمە سوپای عێراق و سەربازی مللی بە یەك ملیۆن مەزەندە دەکرا، ن.س).

٧-سەدام حوسێن خۆی بدرێتە دادگای نێودەولەتی لە لاهای کە تاوانباری جەنگە.

لەگەڵ بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و کۆششی سەرۆك و پاشایانی عەرەب و جیهان لەگەڵ سەدام حوسێن بۆ ئەوەی کە سوپای عێراق بکشێنێتەوە لە کوێت و جارێکی تر هیچ وڵاتێك تووشی شەڕو بۆردوومان نەکات.

بەڵام سەدام حوسێن گوێی نەدا بەو هەموو بڕیارو داواکارییانە و هەڕەشەی گەورەی دەکرد لە وڵاتانی هاوپەیمان و ئیسرائیل و تورکیا. وە داوای ڕزگارکردنی فەلەستین و چارەسەرکردنی کێشەی لبنان و چۆڵکردنی بەرزاییەکانی جۆلانی سوریای دەکرد لە ئیسرائیل بەرامبەر بە کشانەوەی سوپای عێراق لەناو خاکی کوێت.

ئەمەریکاو وڵاتانی ڕۆژئاوا ئەوەی کە مەبەستیان بوو بۆ بەڵگەی دەستیان بۆ لێدانی عێراق بە دەستیان هێنا بۆ لێدانی عێراق و چەك داماڵین و کەم کردنەوەی توانای سەربازی. بەڵام سەدام حوسێن بڕوای نەدەکرد کە ئەمەریکا لە شەڕی هەشت ساڵەی ئێراندا پشتگیرو یارمەتیدەری بوو، وە باڵوێزی ئەمەریکا لە بەغدا خاتوو (ئەبرێل کلاسیکی)بەخۆی گلۆپی سەوزی بۆ هەڵکردبوو بۆ گرتنی کوێت، بەو شێوەیە لێی بدات و ڕسوای بکات.

شەوی (١٧-١٨/١/١٩٩١ز)هاوپەیمانان بە سەرۆکایەتی ئەمەریکا بە فڕۆکەو تۆپی قورس و ساروخی هەمەجۆر هێرشیان کردە سەر سوپای عێراق لە کوێت و فڕۆکەخانەو سەربازەگەکان و دامەزراوە سەربازییەکان و بنکە ساروخیەکان و کارگە هەمەجۆرەکانی عێراقیان بۆردومان کردو وێران کردو تێکیان شکاند بەسەر یەکدا، لە پاش بۆردومانکردنی بەغداو هەموو دەزگا ئابووری و پیشەسازی و سەربازییەکانی عێراق. جارێکی تر داوایان کردەوە لە سەدام حوسێن و عێراق بۆ ئەوەی کە بکشێتەوە لە کوێت و بەجێی بێڵێت. بەڵام سەدام حوسێن سەرکێشی کردو گوێی بە هیچ بڕیارو ئاگاداری و زیانێکی عێراقی نەدا.

ئەوەبوو لە شەوی (٢٤/٢/١٩٩١ز)دەوڵەتانی هاوپەیمان بە سەرۆکایەتی ئەمەریکا لە دەشتەوە بە دەبابەو زرێپۆش و لە ئاسمانەوە بە فڕۆکە هێرشیان هێناو بە (١٠٠)کاتژمێر واتە بە چوار شەو و چوار ڕۆژ کوێت و بەسراو ناسریەیان داگیرکرد.

لە ڕۆژی (١٩٩١/٢/٢٨)لە پاش پاككردنەوەی خاكی كوێت لە سوپای عیراق، سەرۆكی ئەمەریكا (جۆرج بۆش)ی باوك بۆ ماوەی ٤٨ كاتژمێر شەڕی ڕاگرت و داوای كرد لە عێراق كە بڕیارەكانی ئەنجومەنی ئاسایش و نەتەوە یەكگرتووەكان جێبەجێ بكات ئەگینا بەردەوام دەبن لەسەر هێرش كردن بۆ سەر بەغدا.

سەدام حوسێن ناچاربوو بەئاشكرا ڕازی بێ بە هەموو خاڵەو بڕیارەكانی ئەنجومەنی ئاسایش و نەتەوە یەكگرتووەكان و مل كەچ بوو بۆ هەموو بڕیارێك و جێبەجێ كردنی. لە ڕۆژی (١٩٩١/٢/٢٩)شەڕ دژی عێراق ڕاوەستا. ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و ڕۆژنامەكانی جیهان باسی ڕاوەستانی شەڕی هاوپەیمانان لەگەڵ عێراق و مانەوەی سەدام حوسێن و دوا ڕۆژی عێراق و زیانەكانی عێراق لە جەنگی هاوپەیمانان دەكرد لە داگیركردنی كوێت دا.

بەپێی هەواڵەكانی ڕۆژنامەكانی جیهان لەو ڕۆژانەدا زیانەكانی عێراق لە داگیركردنی كوێت و شەڕی هاوپەیمانان دژی عێراق بۆ گرتنەوەی كوێت بەم شێوەی خوارەوە بوو:

١-تێكشكاندنی لە (٧٥٪)ی هەموو دەزگاو دامەزراوەكان و كۆمپانیاكانی نەوت و بنكە ساروخیەكانی و كارەبا و پرۆژەكانی كیمیاوی و چەرسومی و بایولۆجیەكان و پیشەسازییەكانی تری عێراق.

٢-تێكشكاندنی (٣٥٠٠)سێ هەزار پێنج سەد دەبابە

٣-تێكشكاندنی (٢٠٠٠)دوو هەزار ئۆتۆمبێلی هەمەجۆر.

٤-تێكشكاندنی (٢٠٠٠)دوو هەزار تۆپ و بنكەی ساروخی.

٥-كوشتنی (١٥٠٠٠٠)سەدو پەنجا هەزار سەربازو ئەفسەر.

٦-بەدیل گرتنی (٢٠٠٠٠٠)دوو سەد هەزار سەربازو ئەفسەر.

سەدام حوسێن وەكو دەست بەستراوی لێهات و هیچ دەسەلآتێكی سەربازی نەماو چاوەڕوانی فەرمانی ئەمەریكاو ئەنجومەنی ئاسایش و نەتەوە یەكگرتووەكانی دەكرد و ئامادەی جێبەجێكردنی هەموو فەرمان و بڕیارێك بوو تەنها بۆ مانەوەی خۆی لەسەر حوكم و دەسەلآت و هیچی تری نەدەویست.

# ڕاپەڕینی گەلی کورد لە بەهاری ساڵی ١٩٩١ز

[1] لە ڕۆژی (١٩٩١/٢/٢٨)لەسەر بڕیاری سەرۆکی ئەمەریکا (جۆرج بۆش)ی باوك شەڕی هاوپەیمانان دژ بە عێراق ڕاوەستاو ئێزگەکانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و ڕۆژنامەکانی جیهان دەستیان کرد بەبڵاوکردنەوەی هەواڵەکای ڕاوەستانی شەڕی هاوپەیمانان و زیانی عێراق لەو شەڕەدا، وە سەپاندنی بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایش و نەتەوەیەکگرتووەکان، وە سەپاندنی گەمارۆی ئابووری لەسەر عێراق. وە ڕاگرتنی نەوتی عێراق و نەهێشتنی چوونە دەرەوەی بۆ فرۆشتن، وە باس کردنی زیانەکانی ئەو دەوڵەتانەی کە بەشداریان کردوە لەم شەڕەدا. ئەو دەوڵەتانەی کە بەهۆی داگیرکردنی کوێتەوە زیانیان لێ کەوتووە.

وە چۆنیەتی ڕووخانـدنی ڕژێمـی دکتـاتۆری عێـراق (سـەدام حوسـێن)و دامەزرانـدنی دەوڵەتێکی دیموکراتی لە عێراق، لە ڕۆژی (١٩٩١/٣/١)لە باشووری عێراقەوە ڕاپەڕینی جەماوەری شیعەی عێراق دەستی پێ کرد دژی ڕژێمی فاشی بەعس و سەدام حوسێن و شارەکانی ناسریە و عیمارە و سەماوە و نەجەف و کەربەلا و زۆر شوێنی تری گرتەوە لە باشووری عێراق، وە بەشێکی زۆری شاری بەغداش وەکو (مدینة الثورة–مدینة الصدر) و (بغداد الجدیدە)دەسەڵاتی حکومەتی بەعس و سەدام حوسێن تیایاندا نەما.

لە کوردستانیشەوە هەموو ئێزگەکانی ڕادیۆی پارتە ئازادیخوازەکانی گەلی کوردستانی باشوور دەستیان کرد بە هاندانی جەماوەری کوردستان بۆ ڕاپەڕین و پەیوەندی کرد لەگەڵ هێزە چەکدارەکانی کورد کە سەر بە حکومەتی عێراق بوون بۆ یەکگرتن و ڕاپەڕین و پەلاماردانی سەربازگەو هێزو سوپاکانی ڕژێمی عێراق لە هەموو ناوچەکانی کوردستان و ئازادکردنیان و پاککردنەوەی کوردستان لە سوپای عێراق و دام و دەزگاکانی حیزبی بەعس و ئاسایشی ڕژێمەکەی سەدام حوسێنی فاشی و دکتاتۆر. ئەوەبوو لە ڕۆژی (١٩٩١/٣/٥)لە قەزای ڕانیەوە ڕاپەڕین دەستی پێ کرد و شاری ڕانیەو دەوروبەریان پاککردەوە لە سوپاو دام و دەزگاکانی بەعس و ئاسایشی عێراق.

[1] خەباتی چەکداری و ڕامیاری نەتەوایەتی کورد، نەجم سەنگاوی، ل٣٥٨

لە (١٩٩١/٣/٧ز)جەماوەرى شارى سلێمانى ڕاپەڕين و لەپاش شەڕو كوشتارێكى زۆر شارى سلێمانى و دەوروبەرى پاككرانەوە لە سوپاو دام و دەزگاكانى بەعس و ئاسايشى حكومەتى فاشى بەعس و سەدام حوسێن.

لە (١٩٩١/٣/٨ز)شارى چەم چەماڵ ڕاپەڕين و سوپاو دام و دەزگاكانى بەعسيان دەرپەڕاندو بەرەو شارى كەركوك هەڵهاتن لە پاش خۆڕاگرتنێكى كەم.

لە (١٩٩١/٣/١١ز)شارى هەولێر بەگشتى ڕاپەڕين و هەولێر و هەموو ناوچەكانى خۆيان پاككردەوە لە سوپاو دام و دەزگاكانى بەعس و ئاسايشى حكومەتى سەدامى فاشى.

لە (١٩٩١/٣/١٨ز)جەماوەرى شارى دهۆك ڕاپەڕين و سوپاو دام و دەزگاكانى بەعس و ئاسايشيان دەرپەڕاند بەرەو شارى موسڵ، وە دهۆك و دەوروبەريان پاككردەوە لە سوپاى عێراق و دام و دەزگاكانى بەعس و ئاسايشە فاشيەكەى سەدام حوسێن.

يەك لە دواى يەك هەموو شارەكانى كوردستان پاككرانەوە لە سوپاو دام و دەزگاكانى بەعس و ئاسايشى عێراق و زياتر لە (١٥٠٠٠٠)سەدو پەنجا هەزار سەربازو ئەفسەرى عێراق لە كوردستاندا بوون لەسەر شاخەكان و ناو شارەكانى كەوتنە بەر دەستى جەماوەرى ڕاپەڕيوى كورد و بەبێ چەك بەرەو باشوورى عێراق ڕەوانەيان كردن بۆ ناو كەس و كارى خۆيان، ئەوەى شەڕى نەكرد لەگەڵ جەماوەرى ڕاپەڕيوى كورد كەس دەستى بۆيان نەبرد، وە ڕێزيان لێيان گرت و ناردنيانەوە بۆ باشوورى عێراق بەپێ و بەبێ چەك. لە پاش پاككردنەوە و ئازادكردنى هەموو ناوچەكانى سلێمانى و هەولێر و دهۆك لە سوپاى عێراق و دام و دەزگاكانى بەعس و ئاسايشە فاشيەكەيان.

هەموو جەماوەرى كورد بە چەكەوە لە شارى هەولێر و سلێمانى و چەم چەماڵەوە كەوتنە ڕێ بەرەو شارى كەركوك و لە هەموو لايەكەوە گەمارۆيانداو لەناو خۆيشەوە جەماوەرى كورد ڕاپەڕين و شەوى (١٩٩١/٣/١٨ز)هێرشيان كرد بۆ ناو شارى كەركوك. لە پاش شەڕێكى گەورە لەگەڵ سوپاى عێراق و دام و دەزگاكانى بەعس و ئاسايشى عێراق لە كەركوك و خۆڕاگرتنێكى زۆرى جەماوەرى كورد و كوشتارێكى زۆر، جەماوەرى كورد شارى كەركوكيان پاككردەوە لە سوپاو دام و دەزگاكانى بەعس و ئاسايشى عێراق، هەموو فەرمانگەو سەربازگەكانى شارى كەركوك بۆ يەكەم جار كەوتنە بەردەستى جەماوەرى كوردى ئازاديخوازو شارى كەركوك ئازاد كرا.

تەنها سەربازگەیەك نەبێت بەناوی سەربازگەی خالد خۆیان نەدا بەدەستەوە و بەرگریان كرد لە خۆیان. ئەویش بەهۆی بێ ڕێكخستن و بێ پابەندبوون بوو بە فەرمان، وە گوێ پێنەدان و نەبوونی سەركردایەتی پسپۆڕی سەربازی بۆ سەركردایەتی كردنی شەڕەكان.

جەماوەری كورد هەر كۆمەڵە بەجیا خۆیان هێرشیان دەبردە سەر سەربازگە و سەنگەرەكانی حكومەتی عێراق، بە سەدان دەبابەو تۆپ و دۆشكە و فڕۆكەی هێلی كۆپتەر و ئۆتۆمبێلی هەمەجۆری سەربازی كەوتنە بەردەستی جەماوەری كورد لەگەڵ جبەخانەی چەك و فیشەك و كەرەستەی سەربازی هەمەجۆر لەناو شاری كەركوك و شارەكانی تری كوردستان.

بەلآم بە داخەوە دەڵێم ئەو هەموو دەبابەو تۆپ و چەك و جبەخانەو فڕۆكە كە بەردەستی جەماوەری كورد كەوتبوون وەكو پێویست سودیان لێی وەرنەگرت، لەبەر نەبوونی سەركردایەتی و كادری سەربازی شارەزاو نەبوونی ڕێكخستن و بێ سەروبەری، وە نەبوونی كادری مەشق پێكراو بۆ دەبابەو تۆپ و فڕۆكەو چەك و ئامێرە سەربازییەكانی تر.

لەبەر نەبوونی سەركردایەتی سەربازی و سیاسی لە باشووری كوردستان و دووری سەركردایەتی پارتەكانی بەرەی نیشتیمانی كوردستان لە نزیكی ڕووداوەكان، نەیانتوانی وەكو پێویست دەست بگرن بە سەرینداو سودیان لێ وەربگرن و ئاسایشی پێ بگەڕێننەوە بۆ ناو شاری كەركوك و بەو دەبابەو تۆپانەوە بڕۆن بەرەو سنوورەكانی كوردستان كە زنجیرە شاخەكانی حەمرینە ئازادی بكەن و ئاسایش و ئارامی بۆ كوردستان مسۆگەر بكەن لەبەر:

١-نەبوونی سەركردایەتی سیاسی و سەربازی بەتوانا كە بتوانێت سەرپەرشتی جەماوەری ڕاپەڕیو بكات وەكو پێویست. چونكە پارتەكانی بەرەی كوردستانی هەموو سەركردایەتی و بارەگاكانیان لە دەرەوەی سنووری باشووری كوردستان بوون، وە باوەڕیان نەبوو بە ئەوەی كە ئەم ڕاپەڕینە بەو شێوە سەركەوتوو دەبێت. وە ڕاپەڕینەكەش لە ماوەیەكی زۆر كەمدا بەرپابوو و سەری هەڵداو سەركەوتنی بەدەست هێنا. وە كەسیش بڕوای نەدەكرد كە سوپای پڕ چەك و دڕندەی بەهێزی عێراق و دەزگاكانی بەعس و ئاسایش و

پۆلیس وا بەئاسانی وورەیان بڕوخێت بەرامبەر بە جەماوەری ژێردەستەو چەوساوی ڕاپەڕیوی کورد و ئەو سەرکەوتنە مەزنە بەدەست بێنن.

٢-کاتێك کە شاری کەرکوك پاککرایەوە لە هێزەکانی حکومەتی عێراق و دەسەلاتەکەی حیزبی بەعس و ئازادکرا بە تەواوی، دەسەلاتێکی کوردی نەبوو بتوانێت کۆنترۆڵی شارەکە بکات و ئاسایش و فەرمانگەکان و سەربازەگەکان بپارێزێت لە تالان کردن و شت بردن و شڕەخۆری، ئەمەش کاری دەروونی زۆری هەبوو، ئەوانەی کە شاری کەرکوکیان ئازاد کرد زۆربەیان دەستیان کرد بە تالانکردنی فەرمانگەکانی حکومەت و هەر کەس بۆ خۆی. پاراستنی شارەکەیان لەبیر کرد. مللەت بەشێوەیەکی هەرەمەکی ئۆخەی ئۆخەی هەرکەس بۆ خۆی تالانیان دەکرد و دەستیان کرد بە شڕەخۆری.

٣-لەبەر دووری سەرکردایەتی پارتەکانی بەرەی کوردستانی و بێ ئاگاییان لە بارودۆخەکە. سەرکردایەتی کردنیان تەنها بە ڕێگای ئێزگەکانی ڕادیۆکانیانەوە بوو لەگەڵ هەندێك بروسکەی ئامێری بێتەلەوە هانی جەماوەری ڕاپەڕیویان دەدا. بەبێ ڕێنمایی کردنیان بۆ پاراستنی ئاسایشی شارەکەو فەرمانگەکانی حکومەت. کەس لە ئەندامانی سەرکردایەتی پارتەکانی بەرەی کوردستانی فریای ناو جەماوەری کوردستان نەکەوتن و بەشدارییان نەکرد لە ڕاپەڕینەکەدا، تەنها هەندێك بەرپرسی پێشمەرگە و پێشمەرگەکانیان نەبێت بەشداریان کرد لە ئازادکردنی شاری کەرکوك.

٤-ئەو پێشمەرگانەی کە فریای ڕاپەڕین و ئازادکردنی شاری کەرکوك کەوتن، وە ئەو جەماوەرە گەنجەی کە بەشداریان کرد لە ئازادکردن و پاککردنەوەی سەربازگەکان و بارەگاکانی حیزبی بەعس و ئاسایش و پۆلیسخانەکان زۆربەی زۆریان مەشقی سەربازی و چەکیان پێ نەکرابوو، وە شارەزا نەبوون لەسەر بەکارهێنانی دەبابە و چەکی قورس و ئامێرەکانی تری سەربازی، بەهۆی نەکردنی سەربازیەوە بۆ حکومەتی عێراق، وە ئەوانەی کە سەربازیشیان کردبوو حکومەتی عێراق ماوەی نەدەدا بە سەربازە کوردەکان لەناو سوپای عێراق بۆ ئەوەی کە فێری هەموو ئامێر و چەکێکی قورس بن، وەکو دەبابە و تۆپی قورس و ئامێرەکانی تری سەربازی و بەکارهێنانیان و چاککردنەوەیان. جەماوەری ڕاپەڕیوی کورد هەر دەبابە و تۆپێك ڕابوەستایە و لەکار بکەوتایە لە شوێنی خۆیدا

بەجێیان دەهێشت و دەڕۆیشتن، لەبەر نەبوونی شارەزا بۆ چاککردنەوەی و خستنەوە کاری.

٥-ئەمەریکا و دەوڵەتانی هاوپەیمان لە شەڕی عێراق و کوێت دا هەموو کۆمپانیاو دەزگاکانی نەوت و پالاوتەی نەوت و کارەباو کارگەکانیان بۆردوومان کردبوو و لە کاریان خستبوون، کارەبا لە هیچ شوێنێکی عێراقدا نەمابوو، هەموو ئێزگەکانی بەنزین و گازو نەوت لەکار کەوتبوون و ئیشیان نەدەکرد.

بەنزین و گاز دەست نەدەکەوت. بەهۆی ڕاوەستانی زۆربەی ئۆتۆمبێلەکانەوە و ڕاوەستانی کاری گواستنەوە لە هەموو عێراق، جەماوەری ڕاپەڕیوی کوردستان نەیانتوانی ئەو هەموو دەبابە و تۆپ و ئۆتۆمبێلی سەربازی و ئامێرە سەربازییانە بگوێزنەوە بۆ دەرەوەی شاری کەرکوك و دووری بخەنەوە لەبەر دەستی حکومەتی عێراق لەکاتی زیندوبوونەوەی و هێرش هێنانی بۆ داگیرکردنەوەی شاری کەرکوك، وە لەکاتی بەرگری کردندا بەکاریان بێنن و سودیان لێ وەربگرن.

٦-بەداخەوە دەڵێم ئەم دەبابە و تۆپ و مودەرەعەو شۆفڵ و گرێدەرو ئۆتۆمبێل و ئامێرە سەربازییانەی کە لە ناوچەکانی کەرکوك و دووز و کفری و کەلار و سلێمانی دەستیان بەسەردا گیراو توانیان دووریان بخەنەوە، هەموویان ئاودیو کرد و فرۆشتیان بە ئێران بە ئاگاداری بەرپرسانی پارتەکانی کوردستان، بەبێ ئەوەی کە پێشمەرگەو گەلی کورد سودیان لێ ببینێت.



کۆرەوی ملیۆنی کورد لەشەوی 1991/04/21 [illegible]

## کۆرەوی ملیۆنی کوردان



ئاوارەکانی کۆرەوەی ساڵی 1991 لە کوردستانی رۆژهەڵات

# كۆڕەوی ملیۆنی كورد لە بەهاری ساڵی ١٩٩١ز

[1] ولآتـانی هاوپـەیمانان بـە سـەرۆكایەتی ئەمـەریكا لـە شـەڕی ئـازادكردنی كوێتـدا سەركەوتن بەسـەر حكومـەتی عێـراق و سـەدام حوسـێن و دڵنیـابوون لـەوەی كـە لـە (٧٠٪)هێزەكـانی عێراقیـان تێكـشكاندوە لـە سـوپاو فڕۆكـەو دەبابـە و چـەكی سـاروخی و كیمیـاو بـایولۆجی و كارگـەو كۆمپانیاكـانی نـەوت و كارەبـا و دەزگاكانی پیشەسازی.

حكومەتەكـەی سـەدام حوسـێن دەسـەلآتی نـەمابوو نـە بەسـەر باكووری عێـراق و نـە بەسـەر باشـووری عێـراق لـە (٨٠٪)ی عێـراق لەدەسـت چـووبوو لـە باشـوورەوە جـەماوەری عـەرەبی شـیعە هـەموو پارێزگاكـانی باشـوریان بەدەسـتەوە بـوو، لـە بـاكوورەوە پارێزگاكـانی كـەركوك و سـلێمانی و هـەولێر و دهـۆك و ناوچـەكانیان ئازاد كرابوون و بەدەست كوردەوە بوو.

ئەمـەریكا و ولآتـانی هاوپـەیمان فـڕینی هـەموو جـۆرە فڕۆكەیـەكیان بەسـەر ئاسمـانی عێراقـدا قەدەغـە كردبـوو، ئـەوەی كـە مـابوو بەدەسـت سـەدام حوسـێنەوە تـەنها سـوپای پاسـەوانی كۆشـكی كۆمـاری بـوو كـە ئـەوانیش زۆربـەیان لـە عەرەبـە سـوننیەكانی تكریـت و سـامەڕا و ڕومـادی و موسـڵ بـوون، لەگـەڵ چـەكدارەكانی (موجاهـدی خـەلق)ئەمانـەش ئۆپۆزسـیۆنی ئێـران بـوون لـە عێـراق و هـەر لـە زەمـانی شـای ئێرانـەوە سـەدام حوسـێن یارمـەتی و پـشتگیری دەكـردن بـە پارەو بە چەك.

نـەمان و ڕووخانـدنی سـەدام حوسـێن لـەم بارودۆخـەدا لەبەرژەوەنـدی ئەمـەریكا و دەوڵـەتانی ڕۆژئـاوا نـەبوو لەبـەر ئـەوەی جـەماوەری ڕاپـەڕیوی باشـووری عێـراق هـەموو شـیعە مەزهـەبن، و گـەلی عێـراقیش ٦٠٪ی شـیعەیە، وە ڕاپەڕینەكـەیان بەناوی ئایین و مەزهەبەوەیە.

[1] خەباتی چەكداری و ڕامیاری نەتەوایەتی كورد، نەجم سەنگاوی، ل٣٦٢

سەركەوتنیان یانی دروستبوونی دەوڵەتێكی شیعەی ئیسلامی تر و دەچێتە پاڵ دەوڵەتی ئیسلامی ئێران و بزووتنەوەی ئیسلامی لە رۆژهەلآتی ناوەڕاستدا، پەرە دەسێنێت، ئەمەش لە بەرژەوەندی ئەمەریكاو رۆژئاوا نییە لە ناوچەی كەنداوی عەرەبی دا.

لەباكووری عێراقەوە كورد هەموو شارەكانی كەركوك و سلێمانی و هەولێر و دهۆكی ئازاد كردوەو بەدەستیەوەیە لەوانەیە كوردیش داوای جیابوونەوە بكات و دەوڵەتێكی كوردی دابمەزرێنن، ئەمەش لە بەرژەوەندی توركیا و سوریا نییە كە لەو رۆژەدا هەردووكیان هاوپەیمانی ئەمەریكا بوون لە جەنگی عێراق و كوێتدا.

توركیا بەتایبەتی سالآنی سالآهای بنكەی ئەمەریكایە بەرامبەر بە یەكێتی سۆڤیەت، وە ئەمەریكا ڕەزامەندی توركیای مەبەستە زیاتر لە كورد.

لەلایەكی ترەوە هەر لەو ڕۆژانەدا لێپرسراوانی توركیا و سوریا و ئێران هەر ماوەی جارێك بەسی قۆڵی كۆ دەبوونەوە و لە ووتارو كۆبوونەوەكانیاندا ڕایان دەگەیاند كە ڕازی نین بە دابەشكردنی خاكی عێراق، یانی دروستبوونی دەوڵەتێكی كوردی و جیابوونەوەی لە عێراق لە پاش ڕووخاندنی ڕژێمی سەدام حوسێن یان مانەوەی لەسەر حوكم.

ئەمانەو بەرژەوەندیەكانی تری ئەمەریكا و دەوڵەتانی رۆژئاوا لە ناوچەكەدا بوون بەهۆ بۆ ئەوەی سەدام حوسێن زیندوو بكەنەوە و باشوور و باكووری عێراق داگیر بكاتەوە و بیان خاتەوە ژێر ڕكێفی خۆی.

بۆ ئەم مەبەستە سەركردەی گشتی سەربازی ئەمەریكا كە سەركردایەتی سوپای هاوپەیمانانی دەكرد لە جەنگی كەنداوادا (عێراق، كوێت)دژ بە عێراق (سوارشكوف)لە سعودیەوە لە شەوی (٢٨-١٩٩١/٣/٢٩)لە چاوپێكەوتنێكی رۆژنامەنووسیدا ئاماژەی سەوزی هەڵكرد بۆ سەدام حوسێن و حكومەتەكەی و گوتی (ئێمە وەكو ئەمەریكا و هاوپەیمانان دەست ناخەینە ڕێگای حكومەتی عێراق ئەگەر فڕۆكەكانیان بسوڕێنەوە بەسەر ئاسمانی عێراقدا)ئەم ووتەی (سوارشكوف)بوو بەهۆی هێرش كردنی سوپای عێراق و سوپای كۆشكی

کۆماری و (موجاهدی خەلق)ی ئێرانی بۆ سەر شارەکانی باشووری عیراق و بەبێ دەست پاراستن بە هەزاران خەڵکی شیعە مەزهەبیان کوشت و راپەرینەکەیان دامرکاندنەوە و کۆتاییان پێهات. لە رۆژی (٣٠-١٩٩١/٣/٣١)ن روویان کردە باکووری عێراق و کوردستان و چەکدارەکانی موجاهدی خەلق بە سەرۆکایەتی (مەسعود رەجەوی)لە پێشیانەوە و لە رۆژی (١٩٩١/٣/٣١)ن شاری کەرکوکیان داگیر کردەوە لە پاش شەڕو کوشتارێکی زۆر، لە هەموو لایەکەوە هێرشیان کرد بەرەو شارەکانی سلێمانی و هەولێر و دهۆك و ناوچەکانیان.

گەلی کورد بەگشتی لەبەر نەبوونی سەرکردایەتی و سەرکردەی سەربازی و سوپایەکی رێکخراو و مەشق پێکراو، وە سوود وەرنەگرتن لەو دەبابە و چەکە قورسانەی کە دەستیان کەوت، هەموویان بەجێ هێشت و نەیانتوانی شەڕی بەرەیی بکەن لەگەڵ سوپای کۆشکی کۆماری و چەکدارانی موجاهدی خەلقی ئێرانی. لە پاش شەڕێکی زۆر بە چەکی سوك و قوربانی دانێکی زۆر جەماوەری کورد خۆیان بۆ رانەگیرا لەبەر دەبابەو فرۆکەی جەنگی هێلی کۆپتەرو تۆپەکانیان و کشانەوە بەرەو سنوورەکانی ئێران، وە گەلی کوردیش بەگشتی خۆیان بە خاوەنی راپەرینەکە دەزانی، وە شارەزی و بێ بەزەیی و درندایەتی سوپاو رژێمی عێراق بوون بۆ تۆڵەکردنەوە.

لەبەر ئەوە هەر هەموو شارو شارۆچکەکانی کوردستان بەتێکرا زیاتر لە دوو ملیۆن کەس لە پیاو و ژن و منداڵ لە شەوی (١-١٩٩١/٤/٢)ن کۆڕێکی جەماوەری گشتی دەستی پێکرد، هەر هەموو ماڵ و خانوو و سامانی خۆیان بەجێ هێشت و کەوتنە رێ بەپێ و ئۆتۆمبێل و تەرکتۆر و سواری وولاخ روویان کردە سنوورەکانی ئێران و تورکیا.

ئەم کۆڕەوە ملیۆنییەی گەلی کورد لە هەموو جیهان دەنگی دایەوە و بلاوبوویەوە لە رێگای مانگی دەستکردەوە هەموو دنیا بەهۆی تەلەفزیۆنەکانەوە کۆڕەوی ملیۆنی کوردیان بینی، و سرنجی بەزەیی و سۆزی هەموو رۆژئاواو جیهانی راکێشا بەلای خۆیدا. وە هەموو تەلەفزیۆن و رادیۆ و

ڕۆژنامەکانی جیهان دەستیان کرد بە بڵاوکردنەوەی وێنەو هەواڵەکانی کۆڕەوی ملیۆنی کورد لە باشووری کوردستان و بوو بەهۆی نارەزایی دەربڕینی میللەتانی جیهان، بەتایبەتی میللەتانی ڕۆژئاواو جیهان بەگشتی دەربارەی زوڵم و زۆرکردن و چەوساندنەوەی میللەتی کورد لەلایەن ڕژێمی عێراق و سەدام حوسێنی دکتاتۆرەوە.


وە گەلی کورد بەتێکڕا نارەزاییان دەربڕی بەرامبەر بە ڕژێمی عێراق و سەدام حوسێن و داوای ئازادی و سەرفرازیان دەکرد، ئەم کۆڕەوە ملیۆنییەی کورد دەنگی دایەوە لە جیهانداو بوو بەهۆی بەرزبوونەوەی دەنگ و نارەزایی میللەتانی جیهان و ئەوروپا بەتایبەتی و فشاریان خستە سەر دەوڵەتەکانیان بۆ هاتنە وەڵام و بەرگری کردن لە گەلی کورد و ئازادکردنیان لە زوڵم و زۆری و چەوساندنەوەی حکومەتی عێراق و ڕژێمەکەی سەدام حوسێنی دکتاتۆری فاشی.

لەسەر داواکردنی سەرۆکی فەرەنسا (دانیال میتەران)بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی ژمارە (٦٨٨)لە ڕۆژی ٥ی ئەپریل نیسانی (١٩٩١ن)دەرچوو بۆ دیاریکردنی ناوچەی دژە فڕین و ئاسایش بۆ کوردستان، بەپێی بڕیاری ناوبراو هێڵی (٣٦)دیاریکرا لە کوردستانەوە بۆ گەلی کورد، وە هێڵی (٣٢)لە باشووری عێراقەوە بۆ عەرەبە شیعەکان، بەپێی بڕیاری ناوبراو هێڵی (٣٦) لە ٧٥٪ی ناوچەکانی باشووری کوردستانی گرتەوە و هاتووچۆی فڕۆکەو سوپای عێراقی لێ قەدەغەکرا. وە ئەو سوپای کە شارەکانی کوردستانی داگیر کردبوو هەموو ناچارکران و کشانەوە بۆ باشووری عێراق. هێڵی (٣٦)دیاری کرا لە کوردستانەوە بۆ گەلی کورد. وە هێڵی (٣٢)لە باشووری عێراقەوە بۆ عەرەبە شیعەکان.


سلێمانی و هەولێر و دهۆك و قەزاو ناحیەکانی هەموو گرتەوە هەتا چەم چەماڵ و کفری و هەموو سوپای عێراقیان لێ دەرکرا لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی (١٩٩١ن)حکومەتی عێراق لە هەموو فەرمانگە فەرمییەکانی کێشایەوە لە کوردستان و موچەی هەموو موچە خۆرانی بڕی لە کوردستان بۆ ئەوەی

جارێکی تر گەلی کورد ئەژنۆیان بۆ دابدات و ملیان بۆ کەچ بکات و پێیان بڵێن فەرموون بێنەوە بۆ کوردستان. بەڵام بەپێچەوانەوە بەرەی کوردستانی هەموو فەرمانگەکانیان دامەزراندەوە و هەموو فەرمانبەران دەستیان کردەوە بە ئیش و کاری خۆیان، وە دەرگای قوتابخانەو فەرمانگەکانی پۆلیس و هەموو بەشەکانی ئیدارە کەوتنەوەگڕ و دەرگای هەموو کرایەوە بۆ ئیش و کاری فەرمی.

وە فەرمانبەران و هەموو موچە خۆرانی کورد لە سنووری هێڵی (٣٦)و زۆر لە فەرمانبەرانی تری ژێر دەسەلاتی حکومەتی عێراق هاتنەوە بۆ کوردستانی ئازاد و پێنج مانگ هەموو فەرمانبەرو موچە خۆران بەبێ موچە دەوامی فەرمانگەکانیان کرد هەتا پیلانەکەی حکومەتی عێراقیان پوچەڵ کردەوە و ئیدارەیەکی کوردی دامەزرا لە باشووری کوردستان.



کۆشکی پەرلەمانی کوردستان لە هەولێر ساڵی (١٩٩٢)



یەکەم کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستان لە 1992/06/05
سەرۆکی پەرلەمان جەوهەرنامق سالم لە پارتی دیموکراتی کوردستان
جێگری سەرۆک موحەمەد توفیق لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان

# هەڵبژاردنی یەکەم پەرلەمانی کوردستان

[1] لە مانگی ئازاری (١٩٩٢ن)بەرەی نیشتیمانی کوردستان بڕیاریاندا کە مانگی ئایاری (١٩٩٢ن)دەست بکرێت بە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، وە هەموو ئەو پارتانەی کە بەرەی کوردستانیان لێ پێکهاتووە بەشداری دەکەن لە هەڵبژاردندا، بەلآم هەر پارتیەك لە ٧٪ی دەنگ نەیەنێت، بۆی نییە لە پەرلەمان و حکومەتدا بەشداری بکات.

لە رۆژی ١٩ی ئایاری (١٩٩٢ن)بەشێوەیەکی ئاشکرا و ئاشتیانە هەڵبژاردن دەستی پێ کرد لە کوردستان لە شارەکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆك و هەموو ناوچەکانیان، شارو شارۆچکەو دێهات بەشداریان تیادا کرد.

ئەم هەڵبژاردنە یەکەم جار بوو لە مێژووی گەلی کوردا، وە یەکەم پەرلەمان و حکومەتی کوردستان بوو کە هەڵبژێردران بە سەرکەوتووانەو بەبێ گیروگرفت، خەڵکی بە ئازادی دەنگیان دەدا. ئەنجامی هەڵبژاردنەکەش بەم شێوەیە بوو: پارتی دیموکراتی کوردستان لە ٥١٪ی هێنا..وە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە ٤٩٪ی دەنگیان هێناو پارتەکانی تر هیچی لە ٧٪ی نەهێناو بەشداریان نەکرد لە پەرلەمان و حکومەتی کوردستان.

بەلآم لە پاش جیاکردنەوەی دەنگەکان و ئەنجامەکەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بەو رێژەیە رازی نەبوون کە هێنابوویان خەریك بوو گیروگرفت دروست بکەن لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی مەسعود بارزانی و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بە رابەرایەتی جەلال تاڵەبانی، بەلآم لەبەر بەرژەوەندی گشتی پارتی دیموکراتی کوردستان و مەسعود بارزانی دەستیان هەڵگرت لەو خاڵەی خۆیان و بڕیاریاندا کە پەنجا بە پەنجا کورسییەکانی پەرلەمان دابەش بکەن بەسەر خۆیاندا.

[1] خەباتی چەکداری و رامیاری نەتەوایەتی کورد، نەجم سەنگاوی، ل٣٧٣

وە بڕیاریاندا کە یەکەم جار سەرۆکی پەرلەمان لە پارتی دیموکراتی کوردستان بێت و سەرۆك وەزیران لە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بێت. وە خولی دووەم بە پێچەوانەوە بێت.

لە رۆژی (١٩٩٢/٥/٢٢)ئەنجامی هەڵبژاردنەکەیان بلاوکردەوە بە ئاشکرا و پەنجا بە پەنجا هەردوو پارتی سەرەکی لە نێو خۆیاندا پەرلەمان و حکومەتی کوردستانیان دابەش کرد. وە بۆ ئاشووریەکان پێنج کورسیان دانا لە پەرلەمانی کوردستان.

سەرۆکی پەرلەمان درا بە جەوهەر نامیق سالم لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە، وە جێگری سەرۆکی پەرلەمان درا بە موحەمەد تۆفیق لە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان. لە یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ئەم پارتانە بەشداریان کرد:

١-پارتی دیموکراتی کوردستان.

٢-یەکێتی نیشتیمانی کوردستان.

٣-حیزبی سۆسیالستی کوردستان (پاسۆك).

٤-پارتی گەلی کوردستان

٥-پارتی دیموکراتی یەکێتی کوردستان.

٦-پارتی شوعی کوردستان.

٧-بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان.

٨-دیموکراتی خوازە بێلایەنەکان.

لە رۆژی (١٩٩٢/٦/٥)یەکەم کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستان لە هۆڵی پەرلەمان لە شاری هەولێر بەستراو شاری هەولێریان کرد بە پایتەختی کوردستان و ناوی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان هەر یەکە لەسەر لیستی خۆی بلاو کرایەوە لە رۆژنامەکانی خەبات و کوردستانی نوێ و برایەتی و بەرەی کوردستانی...هتد. لە رۆژی (١٩٩٢/٥/٢٢).

ناوی ئەندامانی یەکەم پەرلەمانی کوردستان لە کتێبی (خەباتی چەکداری و رامیاری نەتەوایەتی کورد)لە لاپەرە (٣٧٤)بخوێنەوە لە رۆژی

(١٩٩٢/٧/٢)ن پەرلەمانی کوردستان کۆبوونەوە و لە کۆبوونەوەکەیاندا دکتۆر فوئاد مەعسوم هەڵبژێردرا بۆ یەکەم پۆستی سەرۆک وەزیرانی کوردستان سەر بە لیستی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بوو.

دکتۆر فوئاد مەعسوم راپۆرتێکی ئاراستەی پەرلەمانی کوردستان کرد دەربارەی ناوی ئەندامانی کابینەکەی یەکەم ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان و لە کۆبوونەوەکەدا بریاردرا لەسەر ئەو ناوانەی کە هەڵبژێردرابوون بۆ ئەنجومەنی وەزیران. لەم کۆبوونەوەیەدا دۆست و دڵسۆزی گەلی کورد خاتوو (میتەران)خێزانی بەرێز سەرۆک وەزیرانی فەرەنسا دانیال میتەران وەکو میوانێکی بەرێز ئامادەبوو. لە رۆژی (١٩٩٢/٧/٤)ن بریاردرا لەسەر یەکەم ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان و ئاشکرا کراو بلاوکرایەوە.

١-دکتۆر فوئاد مەعسوم، سەرۆکی یەکەم ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان لە لیستی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان.

٢-دکتۆر رۆژ نوری شاوێس جێگری یەکەم سەرۆک وەزیرانی کوردستان لەسەر لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان.

ناوی هەموو وەزیرەکانی یەکەم ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان لە کتێبی (خەباتی چەکداری و رامیاری نەتەوایەتی کورد)بخوێننەوە، لاپەرە ٣٧٨.

بەم شێوە لە یەکەم ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزراو وەزارەتەکان دەستیان کرد بە رێکخستن و دامەزراندنی فەرمانگەکانیان، وە رێکخستنی کاروباری دەوڵەت و موچەی فەرمانبەران و موچە خۆرانی دەوڵەت بەگشتی، وە هەموو ئەو فەرمانبەرو موچە خۆرانەی کە لەکاتی حکومەتی عێراق لەسەر کارەکانیان دەرکرابوون گەرانەوە بۆ سەر کارەکانیان، وە هەموو فەرمانبەرو موچە خۆرانی کوردستان پێنج مانگ بوو موچەیان وەرنەگرتبوو هەموو موچەکانیان بۆیان خەرج کرد.

وە ناوی حکومەتی کوردستان نرا بە (حکومەتی هەرێمی کوردستان)و پۆلیس و ئاسایش دامەزران و سوپای کوردستان دامەزرا لە هەردوو پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان پەنجا بە پەنجا، وە جل و بەرگی


سوپای كوردستان یەك جل و بەرگ بوو، وە پلەی سەربازیان و جل و بەرگیان هەر وەك سوپای عێراق بوو، وە هەموو ئەو سەرباز ئەفسەرانەی كە كورد بوون و لە سوپای عێراق دەركرابوون گەڕانەوە بۆ ناو سوپای كوردستان و پلەكانی خۆیان پێدرایەوە وەكو هاوڕێكانیان كە لە خزمەتدا بوون.

لە رۆژی (١٩٩٢/١٠/٤ن)پەرلەمانی كوردستان لە كۆبوونەوەیەكیدا بەتێكڕا بڕیاریاندا كە داواكاری گەلی كورد لە فیدراڵی كەمتر نەبێت لە ئەمڕۆ بەدواوە.

ئەم بڕیارە بە زۆرینەی دەنگ لەلایەن كۆنگرەی نیشتیمانی عێراقەوە (ئۆپۆزسیۆنی عێراق)پەسەند كرا لە كۆنگرەی یەكەمیاندا لە (١٩٩٢/١٠/٢٧ن)لە هاوینە هەواری پیرمام لە شاری هەولێر كۆنگرەكەیان بەسترا.

بارەگاكانی ئۆپۆزسیۆنی عێراق هاتنە كوردستان و بە ئازادی كاری سیاسی خۆیان دەكرد دژی ڕژێمی سەدام حوسێن و پارتی بەعسی فاشی.

پەرلەمانی كوردستان لە رۆژی دامەزراندنیەوە هەتاكو (١٩٩٤/٥/٢ن)كۆمەڵێك بڕیارو یاسای دەركرد و بڵاوی كردەوە لە بەرژەوەندی نەتەوایەتی كورد و كوردستان لەوانە حەرام كردنی كورد بە كورد كوشتن (براكوژی)و یاسای كۆمەڵایەتی و برینەوەی موچە بۆ خێزانی شەهیدانی كوردستان بەبێ سەیركردنی لایەن و حیزبایەتی، وە زۆر شتی تر.



عەبدوڵڵا ئۆج ئالان دامەزرێنەری پارتی کرێکاران و شۆڕشی باکووری کوردستان



گریلەکان و پێشمەرگەکانی (p.k.k)لە شۆڕشی ئازادیخوازی باکووری کوردستان لە ئافرەتان

# عەبدوڵڵا ئۆج ئالان و شۆڕشی باکووری کوردستان

[١] عەبدوڵلا ئۆج ئالان، ناسراوە بە ئاپۆ لە دایك بووی گوندی (جبین)ە سەر بە شاری (ئۆرفە)ی باکووری کوردستان، مێژووی ساڵی لەدایك بوونی دیار نییە بەلام بەپێی لێکۆڵینەوەکان لەوانە ساڵەکانی (١٩٤٨-١٩٥٠)ن بێ، گوندی (جبین)گوندێکی ئەرمەنی بوو لەکاتی جەنگی جیهانی یەکەم عوسمانییەکان ئەرمەنییەکانیان لێی دەرکرد و ئێستا گوندێکی تورکیە. عەبدوڵلا ئۆج ئالان لە بنەماڵەیەکی هەژاری کوردی گوندی ناوبراوە.

لە باوکەوە کوردەو سەر بە خێڵی (بەران)ە و بە مەزهەب عەلەوین. لەدایکەوە نەنکی (دایکی دایکی،ن.س)تورکە، قوتابخانەی سەرەتایی لە (ئۆرفە)خوێندوە و پێنج ساڵ بەپێ رۆژی دوو کاتژمێر ڕۆیشتووە بۆ قوتابخانەو گەڕاوەتەوە بۆ گوندەکەی بە هاوین و زستان. عەبدوڵلا ئۆج ئالان هەر لە منداڵیەوە بزێو و سەرەڕۆ و یاخی بووە لە ماڵەوە.

باوکی پیاوێکی هەژارو بێ دەسەلات بوو وە دایکیشی ووت و وریاو دەم درێژو شەڕانی بووە لەگەڵ هاوسێکانی و خەڵکی گوندەکە و قسەی لە کەس نەدەخواردەوە و هەوڵی تۆڵەی دەداو مافی خۆی بەسەر هیچ کەسەوە نەدەهێشت.

عەبدوڵلا ئۆج ئالان لە تەمەنی (١١-١٢)ساڵیدا ماڵی باوکی بەجێ دێڵێت و دەڕوات بۆ گوندی (نزین)بۆ ماڵی خوشکە گەورەکەی و خزمانی کە لەوێ دەبن و هەر لە گوندی (نزین)خزمانی یارمەتی دەدەن و ئامادەیی تەواو دەکات و چووەتە کۆلیژی زانستی ڕامیاری.

عەبدوڵلا ئۆج ئالان لە ساڵانی (١٩٧١-١٩٧٢)ن لە ڕێکخراوە سیاسیە سۆسیالیزمە تورکەکاندا کاری کردوە، وە حەوت مانگ گیراوە و بەندکراوە، وە هەر لەو حەوت مانگە بەندکردنەدا بیری نەتەوایەتی تاوتۆی کردوە و بیری لێی

[١] ژیانەوە و داستانی گفتوگۆی، پرۆفیسۆر یالچین، لەگەڵ عەبدوڵلا ئۆج ئالان، ل١٨-٦٢

کردۆتــەوە. ئــۆج ئــالان لــە ســالانی (١٩٧٣-١٩٧٥)لەگــەڵ کۆمــەڵێك لاودا پــارتی (ADYOD)سۆســیالیزمیان دامەزرانــد و لــە پــاش دوو ســاڵ نــەیانتوانی پــەرە بــە کۆمەڵەکــەیان بــدەن و دایــان خــست و بڵاوەیــان لێــی کــرد. لــە ســالی (١٩٧٥)ن)کۆمەڵێکی تریان دامەزراند بە ناوی (ڕزگاری مللی)یەوە.

عەبــدوڵلا ئــۆج ئــالان بــۆ خۆناســین و پــشتگیری کردنــی لــە ســالی (١٩٧٧ن)گەشــتێکی دوو مــانگی کــرد بــۆ ناوچــەکانی قــارس-ئــاکری-دەرســیم-بێنگــوڵ-دیاربــەکر-عــین تــاب و چــەندین کۆبوونــەوە و ڕێکخــستنی کردبــوو و لــە هەموو کۆبوونەوەکانیدا لە (٥٠-١٠٠)کەس ئامادە بیوون.

[٢] عەبــدوڵلا ئــۆج ئــالان لــە (١٩٧٨/١١/٢٧ن)پــارتی کرێکــاران (P.K.K)ی دامەزرانــد لــە ناوچــەی ئامــەد (دیاربــەکر)و یەکــەم کۆنفرانــسیان لــە (١٩٨١/٧/١٥ن)بەســت. لــە ڕۆژی (١٩٨٤/٨/١٥ن)شۆڕشــی چــەکداریان بــەرپا کــرد لــە بــاکووری کوردســتان دەســتیان کــرد بــە چــالاکی شــەڕی پــارتی زان و درێــژەیان پێیدا.

---

[٢] هەندێك زانیاری سیاسی و مێژوویی، شەعبان عەلی شەعبان، ل٨٨

# P.K.K و شۆڕشی باکووری کوردستان

[1] پارتی کرێکارانی کوردستان (P.K.K)لە (١٩٧٨/١١/٢٧)دامەزرا لە ناوچەی ئامەد (دیاربەکر)بە سەرۆکایەتی عەبدوللا ئۆج ئالان و یەکەم کۆنفرانسیان لە (١٩٨١/٧/١٥)بەست و لە رۆژی (١٩٨٤/٨/١٥)شۆڕشی چەکداریان بەرپاکرد و پەرەی سەندو دەرکەوتن وەکو شۆڕشێکی سۆسیالستی نەتەوایەتی کورد.

لە سالّی (١٩٩٠)پارتی کرێکارانی کوردستان پەلی رێکخستنیان هاوێشت بۆ ناو هەر چوار پارچەی کوردستان و رێکخستنەکانیان دامەزراند و دروشمی دەولّەتێکی سەربەخۆی سۆسیالیزمی مارکسی لینینی لە کوردستانی گەورەدا هەلگرت و بلاّویان کردەوە.

عەبدوللا ئۆج ئالان لەناو جەماوەری (P.K.K)دا ناویان دەبرد بە (سەرۆك ئاپۆ)سەرۆکی هەموو کورد، بەبێ ئەوەی کە هیچ حیسابێك بکەن بۆ ئەو پارت و رێکخراوانەی بەشەکانی تری کوردستانی گەورە کە شۆڕش و خەباتێکی دووردرێژیان کردوە و قوربانی زۆریان داوە و دەستکەوتیان بووە بۆ گەلی کورد، وە مێژوویەکی پڕ لە خەبات و شۆڕش و تاقی کردنەوەی رابوردویان هەیە.

پارتی کرێکارانی کوردستان توانیان لە ماوەی چەند سالێکی کەمدا جێگای خۆیان بکەنەوە لەناو کوردانی ئەورووپاو جەماوەرێکی باش پەیدا بکەن لە کوردانی هەر چوار پارچەی کوردستان لە ئەورووپا. شۆڕشی باکووری کوردستان و سەرکردایەتی پارتی کرێکاران هەموو فەرمان و بریارەکانیان بەناو عەبدوللا ئۆج ئالانەوە دەردەچوو و بلاّو دەکرایەوە و دەبوایە بەبێ لێکۆلّینەوە و قسە لەسەرکردنی جێبەجێ بکرایە چ لەناو کوردستان و شارەکانی تورکیا چ

[1] خەباتی چەکداری و رامیاری نەتەوایەتی کورد، نەجم سەنگاوی، ل٣٨٥

لە دەوڵەتانی ئەوروپا، وە جەماوەرەکەشیان لە هەموو شوێنێك ئامادەی جێبەجێکردنی فەرمانەکانی بوون.

لە هەموو بۆنەو بیرەوەری و ڕووداوێکدا بە ماوەیەکی کەم و لە شوێن و کاتی دیاریکراودا لە شارەکانی ئەوروپا جەماوەرێکی زۆری کوردانی هەر چوار پارچەی کوردستانیان کۆ دەکردەوە و وێنەی عەبدوڵلا ئۆج ئالان و ئالآو دروشمی (P.K.K)یان هەڵدەگرت و خۆپێشاندانی خۆیان بەرپا دەکرد و دەوڵەتی تورکیایان ڕسوا دەکرد.

(P.K.K)توانیان بە ماوەی چەند ساڵێکی کەم لە شارەکانی کوردستان و شارەکانی تورکیا و ئەوروپا پەرە بە جەماوەرو چالاکی خۆیان بدەن، وە لە تورکیا زیانێکی زۆری گیانی و سامانی و کەرستەی سەربازییان لێ بدەن.

پارتی کرێکارانی کوردستان یەکەم پارتی بوون لە ڕۆژهەلآتی ناوەڕاست کە بتوانن ئەوەندە لە ئافرەتان لە ژن و کچ ڕێك بخەن و لە دەوری خۆیان کۆیان بکەنەوە لە کوردستان و ئەوروپا، وە دەبوون بە گریلە (پێشمەرگە)و لە ڕیزی پیاواندا بەشداریان دەکرد لە شەڕەکانی پارتی زانی ئازادیخوازیداو ڕێکخستن و چالاکیەکانی تردا.

بە چەکدارانی (P.K.K)یان دەگوت گریلە لە باتی ووشەی (پێشمەرگە)کە لە باشووری کوردستان بەکار دەهێنرا. پارتی کرێکارانی کوردستان بێجگە لە ئێزگەی ڕادیۆ و ئێزگەی تەلەفزیۆنیان هەبوو لە (برۆکسل)پایتەختی بەلجیکا و ئەڵمانیا بە ناوی (میدیا و ڕۆژ T.V)یەوە، وە پەرلەمانێکیان دامەزراند لە ئەوروپا بەناوی (پەرلەمانی کوردستان)و ئەندامانی لە کوردانی هەر چوار پارچەی کوردستان بوو، وە سەرۆکی پەرلەمانەکەشیان ناودار و خەباتگێڕو سیاسەتمەداری کورد (عسمەت شەریف وائلی)بوو.

پارتی کرێکارانی کوردستان و سەرۆکەکەی کە عەبدوڵلا ئۆج ئالان بوو ددانیان دەنا بە پارتەکانی تری هەموو پارچەکانی تری کوردستانی گەورەدا و تاوانباریان دەکردن و بە بچوك سەیریان دەکردن. وە ئۆج ئالانیان بە تاکە سەرۆکی کورد دادەناو دەزانی، وە پارتەکەشی بە تاکە پارتی ڕزگاریخوازی

كـورد دەزانـی. لـەو سـەردەمەدا باشـووری كوردسـتان لـەژێر سـايەو پاراسـتنی هاوپـەيمانانی جـەنگی كەنـداو و ئەمـەريكادا بـوون، لـەم بەشـەی كوردسـتان گـەلی كـورد نيمـچە سـەربەخۆييەكی هـەبوو و لـەژێر دەسـەلآتی حكومـەتی عێـراق و بەغـدا نـەمابوون. پـارتی كرێكـارانی كوردسـتان لـە دروشـم و داواكارييەكانيانـدا داوای دامەزرانـدنی دەولـەتی كوردسـتانی گـەورەيان دەكـرد، وە خۆيـان بـە خـاوەنی هەموو كوردستان دەزانی.

وە دەيـانگوت كوردسـتان خـاكی كـوردەو ئێمـە سـنوورمان بـۆ نييـە لـە كوردسـتانی گـەورەدا، بـەبێ ئـەوەی سـەيری شـوێن و جێگـاو جوگرافيـای كوردسـتان و جـۆری دابـەش كردنـی بەسـەر چـوار ولآت و دەولـەتی دراوسـێی نـا كـوردا، وە قـەوارەو هێـزو توانـای ئـەو دەولەتانـەی كـە كوردسـتانيان دابـەش كـردوە بەسـەرياندا، وە بەرژەوەنـدی و سياسـەتی دەولـەتی خـاوەن بريـار كـە لـەو سـەردەمەدا ئەمـەريكا بـوو لـە ناوچـەكەدا. پـارتی كرێكـارانی كوردسـتان بـەبێ ئـەوەی كـە هـيچ شـارو شارۆچـكەيەكی بـاكووری كوردسـتانيان بەدەسـتەوە بێـت و دەسـەلآتيان بەسـەر ناوچەكەدا هەبێت بۆ بنكەو بارەگاكانيان و حەسانەوەی خۆيان.

دەيانويـست بنكـەو بارەگاكانيـان بگوێزنـەوە بـۆ نـاو سـنوورو ناوچـەكانی باشـووری كوردسـتان كـە چـەندەها سـاڵە وێـران دەكرێـت و ئـەنفال و كيميابـاران كـراوە لەلايـەن حكومـەتی عێراقـەوە و هـەموو شارۆچـكەو گونـدەكانی ڕووخـاوە و وێـران كـراوە، وە ماوەيـەكی كەمـە ئـازادكراوە و دەپارێزرێـت لەلايـەن ئەمـەريكاو هاوپەيمانانەوە، خەريكن گوندو شارۆچكەكان ئاوەدان دەكەنەوە.

پـارتی كرێكـاران دەيانويـست باشـووری كوردسـتان بكـەن بـە بنكـەو بارەگـا بـۆ چـالاكيەكانی خۆيـان بـۆ دەسـت وەشـاندن لـە هێزەكـانی توركيـا و بگەڕێنـەوە بـۆ بنكـەو بارەگاكانيـان بـۆ پـشوودان لـە باشـووری كوردسـتان. حكومـەتی توركيـاش خـاوەنی سـوپايەكی بـەهێزو توانـابوو، وە چـەكی زۆری هەمـەجۆری نـوێی بـەهێزی هـەبوو، وە ئەنـدامی پـەيمانی ئەتڵەسـی بـوو. وە لـە سـاڵەكانی (١٩٨٠ن)حكومـەتی عێـراق وتوركيـا پـەيمانێكيان مۆركردبـوو لـە نێوانيانـدا كـە هـەردوولا (عێـراق و توركيـا)بۆيـان هەيـە بـە قـوڵايی (٢٥–٣٠)كيلۆمـەتر بڕۆنـە نـاو خـاكی يـەكترەوە

لەكاتى بوونى هەر بزووتنەوەيەكى چەكدارو ياخى بوونێك لەناو سنوورەكانياندا، يانى بەربەرەكانى كردنى هەر بزووتنەوەيەك لەناو سنوورەكانياندا.

حكومەتە ساواكەى باشوورى كوردستان ئەو هێزو توانايان نەبوو كە بتوانن بەرگرى بكەن لە سنوورەكانى خۆيان لە كاتێكدا ئەگەر حكومەتى توركيا و عێراق بەپێى ئەو پەيماننامەييەى نێوانيان پەلاماريان بدەن، وە سنوورى باشوورى كوردستانيش بەدەم هەردوو دەوڵەتەوە (عێراق و توركيا)وە بوو.

لەو سەردەمەشدا هەموو كات مەترسى دەكرا كە حكومەتى عێراق هێرش بكەن بۆ سەر هەرێمى كوردستان بۆ داگيركردنى، وە هاتنە ناوەى توركيا بە بەهانەى پارتى كرێكارانى كوردستانەوە، بۆيە حكومەتى هەرێمى باشورى كوردستان ناچار بوون كە نەيەڵن گريلەو بنكەكانى (P.K.K)بێنە ناو سنوورەكانى باشوورى كوردستان و بنكەو بارەگاى لێ دابمەزرێنن.

گريلەو چەكدارانى (P.K.K)لەو سەردەمەدا نەيان دەتوانى ناوچەيەك لە باكوورى كوردستان ئازاد بكەن بۆ بنكەو بارەگاو حەسانەوەى خۆيان و تيادا بحەسێنەوە، بەو هێزو لەشكرەى كە هەيان بوو پەلامارى گوندو دێهاتەكانى سەر سنوورى باشوورى كوردستانيان دەدا كە خەڵكە لێقەوماوەكەى تازە گوندو دێهاتەكانيان ئاوەدان دەكردەوە، چەكدارەكانى (P.K.K)گوندەكانيان داگير دەكردن و بەماڵى خۆيان دەزانى و خەڵكەكەيان سەر لەنوێ دەربەدەرو ئاوارە دەكردەوە.

هەر كەسێك لە دانيشتوانى گوندەكانى باشوورى كوردستان بەبيرو باوەڕ و رێكخستن لەگەڵيانـدا نەبوايە بيان كوشتايە يان تاڵانيان بكردايە بەلايەنەوە گرنگ نەبوو. لەو سەردەمەشدا ئەوەى پەيوەندى بە (P.K.K)و بوايە بۆى نەبوو وازيان لێ بێنێت، هەڕەشەى كوشتنيان لێى دەكرد. حكومەتى هەرێم لە باشوورى كوردستان و پارتى ديموكراتى كوردستان كە لەو سەردەمەدا لە سنوورى هەولێر و دهۆك دەسەلآتيان هەبوو، بۆ ئەوەى ئەو گوندو دێهاتانەى كە تازە ئاوەدان كرابوونەوە دەربەدرو ئاوارە نەبنەوە و سەريان لێ

نەشێوێتەوە، وە بۆ بەرژەوەندی خۆیان و ناوچەکە. وە خۆیان تووشی شەڕی حکومەتی بەهێزی تورکیا نەکەن، وە ئەو گوندانەی کە (P.K.K)داگیریان کردوە لەسەر سنوورەکانی باشووری کوردستان لێیان وەربگرنەوە، هەر ماوەی جارێک پێشمەرگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و گریلەکانی (P.K.K)بەرەنگاری یەکتر دەبوونەوە و لەیەکیان دەداو سەنگەریان لەیەک دەگرت و زیانی زۆریان بەیەکتر دەگەیاند کورد بە کورد کوشتن (براکوژی).



عەبدوللا ئۆج ئالان لە رۆژی (١٦/٢/١٩٩٩)بەدەست و پێ بەستراوی لە (نایرۆبی)یەوە پایتەختی (کینیا)هێنایانەوە بۆ تورکیا و کۆماندۆزەکانی تورك لە فرۆکەخانەی ئەستەنبۆل دایان گرت

# عەبدوللا ئۆج ئالان و لێقەومانەکەی

[1] ئاشکرابوو کە عەبدوللا ئۆج ئالان لە سوریاوە لە دەشتی (بیقاع)ەوە سەرکردایەتی گریلەکانی (P.K.K)ی دەکرد. وە گریلەکانیان لە دەشتی بیقاعدا مەشقی سەربازی و شەڕی پارتی زانیان پێ دەکرا.

لە مانگی کانوونی دووەمی ساڵی (١٩٩٨ن)حکومەتی تورکیا ئاگاداری حکومەتی سوریای کردەوە و کەوتنە هەڕەشەکردن لە سوریاو زۆریان بۆیان هێنا بۆ دەرکردنی عەبدوللا ئۆج ئالان و گریلەکانی (P.K.K)لەناو خاکی سوریا و دەشتی بیقاع ئەگەر نا تورکیا ناچار دەبێت بەهێزی سوپا سوریا داگیر بکات، حکومەتی تورکیا سوپایەکی زۆریان ئامادە کرد لەسەر

---

[1] خەباتی چەکداری و رامیاری نەتەوایەتی کورد، نەجم سەنگاوی، ٣٩١

سنوورەکانی نێوان تورکیا و سوریا بۆ لێدانی سوریا. وە سوریا و ئیسرائیل ناکۆکی هەبوو لە نێوانیاندا بەهۆی داگیرکردنی بەرزاییەکانی (جۆلان)ەوە لەلایەن ئیسرائیلەوە، لەو سەردەمەدا تورکیا و ئیسرائیل تازە پەیمانێکی هاوبەشی سەربازیان مۆرکردبوو لە نێوانیاندا و نیازیان لێدانی سوریا بوو بەهەردوو لایان بە بەهانەی عەبدوڵڵا ئۆج ئالان و گریلەی(P.K.K).

حکومەتی سوریا بەشێوەیەکی فەرمی ئاشکرای کردو ناچار بوو مل کەچ بکات بۆ داواکارییەکەی تورکیاو ئاگاداری عەبدوڵڵا ئۆج ئالانیان کردەوە کە دەبێ خۆی و گریلەکانی لە دەشتی بیقاع بڕۆن و سوریا بەجێ بهێڵن.

عەبدوڵڵا ئۆج ئالان گریلەکانی ناردەوە بۆ ناو سنووری تورکیا بۆ ناو گریلەکان لە باکووری کوردستان و خۆی لە (دیمشق)ەوە سواری فڕۆکەیەك بوو و ڕۆیشت بۆ ڕوسیا و لەوێ داوای پەناهەندەیی کرد لە حکومەتی ڕوسیا، بەلام حکومەتی ڕوسیا داواکاریەکەی دایە دواوە و ئاگاداریان کردەوە کە دەبێ ڕوسیا بەجێ بهێڵێت و بڕوات بەزووترین کات.

عەبدوڵڵا ئۆج ئالان ڕوسیای بەجێهێشت و ڕۆیشت بۆ ئیتالیا و لەوێ داوای کرد لە حکومەتی ئیتالیا کە مافی پەناهەندەیی بدەنێ، لە باتی مافی پەناهەندەیی حکومەتی ئیتالیا لەسەر داواکردنی حکومەتی ئەڵمانیا عەبدوڵڵا ئۆج ئالانی گرت و بەندی کرد، لەبەر ئەوەی ئۆج ئالان لەلایەن حکومەتی ئەڵمانیاوە بە ئاژاوەچی و تیرۆرست تاوانبار کرابوو بەهۆی ئەوەی کە جەماوەری (P.K.K)هەر ماوەی جارێك خۆپێشاندانیان ساز دەکرد لە ئەڵمانیا و شارەکانی ئەورووپا دژی حکومەتی تورکیا و ئالاو دروشمەکانیان سووربوو، وە داس و چەکوشی شوعیەتی تیادابوو، وە ئەورووپاش بەگشتی حەزیان نەدەکرد لە بیروباوەڕی شوعیەت و داس و چەکوشەکەی.

وە بەهۆی یاسای ئازادیەوە نەیان دەتوانی ڕێگا لە خۆپێشاندانەکانیان بگرن لەبەر ئەوەی خۆیان بە دیموکراتی دەزانی. بە بلاوبوونەوەی هەواڵی دەستگیرکردنی عەبدوڵڵا ئۆج ئالان و بەندکرانی لەلایەن حکومەتی ئیتالیاوە بە سەدان هەزار کورد لە هەموو ولاتانی ئەورووپاوە ئیش و کارەکانیان بەجێ

هێشت و ڕوویان کردە ئیتالیاو لەسەر شەقامە سەرەکییەکاندا مانیان گرت و دەستیان کرد بە خۆپیشاندان بۆ ئازادکردنی ئۆج ئالان.

وە چەندەها کەس لەلایەنگرانی (P.K.K)لە ئیتالیا و ئەڵمانیا و شارەکانی تری ئەورووپا ئاگریان لە خۆیان بەرداو خۆیان سووتاند لەپێناوی ئازادکردنی سەرۆکەکەیان عەبدوڵلا ئۆج ئالان و پێدانی ماف پەناهەندەیی بۆی لە ئیتالیا.

لەلایەکی ترەوە حکومەتی تورکیا بە بیستنی گرتنی عەبدوڵلا ئۆج ئالان و بەندکردنی، داوایان کرد لە حکومەتی ئیتالیا بۆ تەسلیم کردنی ئۆج ئالان بە حکومەتی تورکیا و دەستیان کرد بە هەڕەشەکردن و فشار خستنە سەر حکومەتی ئیتالیا بۆ تەسلیم کردنی ئۆج ئالان.

حکومەتی ئیتالیا لەبەر ئەوەی لە وڵاتەکەیدا ئاژاوە دروست نەبێت لەلایەن ئەو جەماوەر کوردە زۆرەی کە لەوێ کۆبوونەتەوە و ئاسایشی وڵاتەکەیان تێک نەچێت وە بۆ پاراستنی ناوی وڵاتەکەیان. ڕایانگەیاندو بڵاویان کردەوە کە یاسای دەوڵەتەکەیان ڕێگا نادات بۆ تەسلیم کردنی عەبدوڵلا ئۆج ئالان بە حکومەتی تورکیا، لەبەر ئەوەی حکومەتی تورکیا یاسای لە سێدارەدانیان هەیە.

حکومەتی ئیتالیا داوایان کرد لە ئەڵمانیا بۆ ئەوەی عەبدوڵلا ئۆج ئالانیان لێ وەربگرن لەبەر ئەوەی لەسەر داواکردنی ئەوان بەندیان کردوە و گرتویانە بەڵام حکومەتی ئەڵمانیا نەیانتوانی بەهیچ شێوەیەك ئۆج ئالان وەربگرن و بیگرنە خۆیان.

لەبەر ئەوەی پێشوەخت ئەو هەموو جەماوەرە کوردە خۆپێشاندەرانەیان بینیبوو کە زیاتر لەیەك هەفتە بوو لە ئیتالیا مانیان گرتبوو، وە خۆپێشاندانیان دەکرد و خۆیان دەسوتاندو هەڕەشەیان دەکرد لە ئەوانەی کە ئۆج ئالانیان گرتووە.

ئەڵمانیا بەشێوەیەکی فەرمی بڵاوی کردەوە و دەڵێت بەپێی سەرچاوە فەرمییەکان نزیکەی یەك ملیۆن کورد هەیە لە ئەڵمانیادا، وە بۆ ئەوەی ئاژاوە دروست نەبێت لە وڵاتەکەیاندا نەیانتوانی عەبدوڵلا ئۆج ئالان وەربگرن.

عەبدوللا ئۆج ئالان بە ڕێگای ڕۆژنامەنووسان و میدیاکانەوە، وە بە ڕێگای پۆلیسی ئیتاڵیاوە داوای کرد لە حکومەتەکانی ئیتاڵیاو ئەڵمانیا و یۆنان و هۆڵەندا و دەوڵەتانی تری ئەوروپا بۆ ئەوەی مافی پەناهەندەیی بدەنێ. بەڵام لەسەر داواکاری و پاڵەپەستۆو فشاری ئەمەریکا هیچ دەوڵەتێك نەیتوانی مافی پەناهەندەیی پێ بدات.

هەر لەو ڕۆژانەدا ئێزگەو ڕۆژنامەکانی ئەمەریکا کە ناوی ئۆج ئالان و پارتی کرێکارانی کوردستانی بە تیرۆریست و خراپەکار ناویان دەبردن لەبەر ئەوەی کە مارکسیزم بوون و دروشم و ئاڵاکەیان سووربوو و وێنەی داس و چەکوشی تیادا بوو، وە ڕێڕەویان مارکسی لینینی بوو، و دروشمەکانیان دژی ئەمەریکا و دەوڵەتانی سەرمایەدار بوو. وە ئەمەریکاش دژی ئەو ئاڵاو چەکوش و بیرو باوەڕەبوو.

ئەمەریکا و ئەوروپای ڕۆژئاوا چەند ساڵ بە سیاسەت و جەنگی سارد هەتا توانیان یەکێتی سۆڤیەتیان هەڵوەشاندەوە لە پاش حەفتا ساڵ حوکمڕانی کردنیان بە چەند دەوڵەت و بەشێکەوە.

هەڵسوکەوتەکانی عەبدوللا ئۆج ئالان وەکو بیروبۆچوونەکانی ئەستالین بوو بۆ توندوتیژی وە بیروباوەڕ بەرامبەر بە ئەمەریکا و وڵاتانی سەرمایەدار. ئەمەریکاو وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژئاواش لەوە دەترسان کە عەبدوللا ئۆج ئالان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەوڵەتێکی مارکسیزمی شیوعی دابمەزرێنێت و بیروباوەڕەکەی لە تورکیاو ڕۆژهەڵات بڵاو ببێتەوە و کۆسپێکی تریان بۆ دروست بێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و جێگای یەکێتی سۆڤیەت بگرێتەوە، بۆیە ئەمەریکاش بەو شێوە فشاری خستە سەر ئەوروپا و جیهان و ئۆج ئالانیان بە تیرۆریست ناودەبرد و هەوڵی لەناوبردنی خۆی و پارتی کرێکارانی کوردستانیان دەدا.

حکومەتی ئیتاڵیا لەژێر فشاری جەماوەری مان گرتووی کورددا عەبدوللا ئۆج ئالانیان دەرکرد لە بەندیخانە و پێیان ڕاگەیاند کە دەبێ ئیتاڵیا بەجێ بهێڵێت و بڕوات بە زووترین کات، عەبدوللا ئۆج ئالان نائومێد ببوو لە مافی پەناهەندەیی و

جێگـــای بـــەخۆی نـــەدەگرت لـــە ترســـی دەزگاكـــانی (.C.A.A)و هـــەواڵگری و موخابەراتی ئەمەریكاو توركیا و ئیسرائیل.

ڕۆژانـــە ئاژانـــسەكانی دەنگوبـــاس و هەواڵـــەكانی ئـــەوروپا و جیهـــان بەگـــشتی و ڕۆژنامـــەو تەلـــەفزیۆن و ڕادیۆكـــانی جیهـــان بەشـــوێن عەبـــدوڵلا ئـــۆج ئالانـــەوە بـــوون و دەگـــەڕان بەدوایـــدا و دەنگوباســـیان بـــڵاو دەكـــردەوە. ئاژانـــسەكانی جیهـــان ڕاپانگەیانـــدو بڵاویـــان كـــردەوە كـــە عەبـــدوڵلا ئـــۆج ئـــالان بـــە فڕۆكەیـــەكی تایبـــەتی دەرچـــووە و ئیتاڵیـــای بەجێهێـــشتووە و كـــەس نازانێـــت بـــۆ كـــوێ چـــووە، بـــەڵام دەركـــەوت كـــە چـــوو بـــوو بـــۆ یۆنـــان و لـــەوێوە ڕۆیـــشتبوو بـــۆ (نـــایرۆبی)پایتـــەختی (كینیا).

لـــە ڕۆژی (١٩٩٩/٢/١٦ن)ئاژانـــسەكانی جیهـــان و تەلـــەفزیۆن و ڕۆژنامـــەكان بڵاویـــان كـــــردەوە كـــــە شـــــەوی (١٥-١٦/٢/١٩٩٩ن) عەبـــــدوڵلا ئـــــۆج ئـــــالان لـــــە (نـــایرۆبی)پایتـــەختی (كینیـــا)لـــە كاتـــژمێری ســـێی شـــەو لـــەناو باڵوێزخانـــەی یۆنـــان بـــە ســـەیارەیەكی جێـــب دەرچـــۆتە دەرەوە بـــۆ ئـــەوەی كـــە بـــڕوات بـــۆ فڕۆكەخانـــەی نـــایرۆبی، كۆمـــەڵێك چـــەكداری كۆمانـــدۆ دەوریـــان داوە و گرتوویانـــەو باڵپەســـتیان كردوە و گەیاندویانەتە توركیا و تەسلیمی حكومەتی توركیایان كردوە.

تەلەفزیۆنـــەكانی جیهـــان ئـــەم هەواڵـــەیان بڵاوكـــردەوە عەبـــدوڵلا ئـــۆج ئالانیـــان لـــە شاشـــەكانی تەلەفزیۆنەكانـــەوە پێـــشان دەدا بـــە دەم و دەســـت و بـــاڵ و پـــێ بەســـتراوی لـــەناو فڕۆكەخانـــەی توركیـــا دایـــان گـــرت بـــە ئاشـــكرا و لەبـــەر چـــاوی خەڵكی دەركەوت كە سڕكرابوو، وە جێگای لێدان و ئازاری پێوە دیاربوو.

بـــە بڵاوبوونـــەوەی دەنگوبـــاس و هـــەواڵ لـــە تەلەفزیۆنـــەكانی جیهـــان و پێـــشاندان و گـــرتنی عەبـــدوڵلا ئـــۆج ئـــالان و تەسـلیم كردنـــی بـــە حكومـــەتی توركیـــا، بـــە هـــەزاران كـــورد لـــە پیـــاوان و ژنـــان لـــە هـــەموو وڵاتـــانی ئـــەوروپا و بەتایبـــەتی ئـــەڵمانیا و ئیتاڵیاو یۆنان و هۆڵەندا دەستیان كرد بە خۆپێشاندان و مان گرتن.

وە هـــەروەها لـــە زۆربـــەی شـــارەكانی توركیـــاو كوردســـتانی گـــەورە بـــە هـــەموو بەشـــەكانیەوە جـــەماوەری كـــورد دەســـتیان كـــرد بـــە خۆپێـــشاندان و نـــاڕەزایی

دەربڕین و مان گرتن. وە لە شارەکانی ئەنکەرە و ئەستەمبۆڵی تورکیا چەند کەس ئاگریان لەخۆیان بەرداو خۆیان سوتاند.

وە جەماوەری کورد لە وڵاتانی ئەوروپا هێرشیان کردە سەر باڵوێزخانەکانی ئەمەریکا و ئیسرائیل و یۆنان و تورکیا و ئەم دەوڵەتانەیان تاوانبار دەکرد بە ئەوەی کە بە هەموویان بەشداریان کردوە لە دەستگیرکردنی عەبدوڵلا ئۆج ئالان و تەسلیم کردنی بە حکومەتی تورکیا، بەتایبەتی دەزگاکانی هەواڵگری (C.A.A.) و (مۆسادی)ئیسرائیل و باڵوێزخانەی یۆنان لە نایرۆبی پایتەختی کینیا. لە ئەنجامی هێرشکردنی جەماوەری کورد بۆ سەر باڵوێزخانەی ئیسرائیل لە ئەڵمانیا پاسەوانەکانی باڵوێزخانەکە تەقەیان کردبوو لە خۆپێشاندەرانی کورد و سێ کەس لە خۆپێشاندەران کوژران و چەندین کەسیش بریندار بوون.

هەر لەو ڕۆژانەدا لە شارەکانی ئەوروپا چەندین کەس لە پیاوان و ژنان ئاگریان لەخۆیان بەرداو سوتان بۆ دەربڕینی نارەزایی گرتن و تەسلیم کردنی ئۆج ئالان بە حکومەتی تورکیا. وە هەروەها لە تورکیا لە شارەکانی ئەستەمبۆڵ و ئەنکەرە جەماوەری کورد دەستیان کرد بە پەلاماردانی پۆلیس و سوتاندنی ئۆتۆمبێل و گرتنی شەقامە سەرەکیەکان و چەند کەس لە ژن و پیاو خۆیان سوتاند و تەقاندەوە.

هەر لەو ڕۆژانەدا سێ وەزیری حکومەتی یۆنان کە بۆیان دەرکەوت دەوڵەتی یۆنان بەشداریان کردوە و دەستیان هەبووە لە گرتن و تەسلیم کردنی عەبدوڵلا ئۆج ئالان بە تورکیا دەستیان لەکارەکانیان کێشایەوە وەکو نارەزایی دەربڕین. هەروەها سەرۆکی ڕوسیا (پۆلس یەڵسن)وەزیری کۆچ بەرانی لەسەر کارەکەی لابرد لەبەر ئەوەی کە مافی پەنابەری نەدابوو بە ئۆج ئالان و بەبێ پرسی ئەوان دەریان کردبوو لە ڕوسیا.

ئەڵمانیا و زۆر لە دەوڵەتانی بازاڕی هەوبەش داوایان کرد لە حکومەتی تورکیا کە دادگایی کردنی ئۆج ئالان لەژێر چاودێری ئەوروپادا بێت، وە ئۆج ئالان مافی هەبێت کە پارێزەر بگرێت و بەرگری لێ بکرێت لەکاتی دادگایی کردنیدا

پارێزەرێكی زۆر لە توركیا و ئەورووپا خۆیان خۆبەخش ئەرخان كرد بۆ بەرگریكردن لە ئۆج ئالان لەكاتی دادگایی كردنیدا. سەرۆك وەزیری توركیا(بلند ئەجەوید)ناڕەزایی دەربڕی بەرامبەر بە داواكارییەكەی دەولەتانی بازاڕی هاوبەشی ئەورووپا و ئەو پارێزەرانەی كە ئامادەیی خۆیان دەربڕیوە بۆ بەرگری كردن لە ئۆج ئالان لەكاتی دادگایی كردنیدا (بلند ئەجەوید)ئەم داواكارییانەی بەدەست خستنە ناو كاروباری ناوخۆی دەولەتی توركیا وەسف كردو دانا. لە رۆژی (١٩٩٩/٢/٢٨ن) سەرۆكی دەولەتی (كینیا، ئەرەب مۆی)بەشێوەیەكی فەرمی و بەخۆی ئاشكرای كرد و ڕایگەیاند كە هەوالگری ئەمەریكاو مۆسادی ئیسرائیل بەشداریان كردبوو لە گرتنی عەبدوللا ئۆج ئالان لە كینیا و تەسلیمكردنی بە حكومەتی توركیا.

لە رۆژی (١٩٩٩/٢/١٩ن)سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل (ناتان یاهۆ)بەشێوەیەكی فەرمی ڕایگەیاندو داوای لێبووردنی كرد لە گەلی كورد بۆ كوشتنی ئەو سێ كەسەی كە كوژران لەبەردەم بالوێزخانەی ئیسرائیل لە ئەلمانیا لەكاتی خۆپێشاندانەكەیاندا، وە (ناتان یاهۆ)گوتی حكومەتی ئیسرائیل بەهیچ شێوەیەك بەشداری نەكردوە لە گرتنی عەبدوللا ئۆج ئالان و تەسلیم كردنی بە حكومەتی توركیا.

وە ئیسرائیل هیچ كاتێك دوژمنی گەلی كورد نییەو حەز بە دوژمنایەتی گەلی كورد ناكات، وە هۆی بەستنی پەیمانی سەربازی ئیسرائیل لەگەل توركیا (ناتان یاهۆ)گوتی بەهۆی دوژمنایەتی ئیسرائیلەوەیە لەگەل سوریا. عەبدوللا ئۆج ئالان چەند جارێك دادگایی كرا لەلایەن دادگای توركیاوە و لە ئەنجامدا بڕیاری لە سێدارەدانیان دا بەسەریا لەگەل ڕاگرتنی جێبەجێكردنی.

(ن.س بۆ مێژوو)عەبدوللا ئۆج ئالان و پارتی كرێكارانی كوردستان لە سالانی (١٩٨٥-١٩٩٩ن)لە ماوەی ئەو چواردە سالەدا دەركەوت وەكو سەرۆكێكی بەتواناو ئازاو لێهاتوو بەشێوەیەك هەتا ئەو سەردەمەی كە ئەوی تیادا دەركەوت و سەركردایەتی (P.K.K)ی دەكرد. باكووری كوردستانی سەرۆك و سەركردەی وای بەخۆیەوە نەبینی بوو لە ڕووی كۆكردنەوەی جەماوەری كورد

بە پیاو و ژنەوە لە دەوری پارتی کرێکارانی کوردستان و شۆڕشەکەی و دەست وەشاندنی توندوتیژی لە سوپای داگیرکەری تورکیا و ناسین و گەیاندنی دەنگی گەلی کورد بە هەموو جیهان.

ئەوەی کە عەبدوڵڵا ئۆج ئالان کردی بۆ ناسینی کورد بە جیهان و ئەوەی جەماوەری ئۆج ئالان و کورد کردیان بۆ ئۆج ئالان نە لە پێش و نە لەپاش دەستگیرکردنی ئۆج ئالان بۆ هیچ سەرۆك و سەرکردەیەکی کورد و جیهان نەکراوە لە ئەوروپا و لە تورکیا. ئەوەی لەو سەردەمەدا لە ئەوروپا نەبوویێت و نەگەرابێت و تێکەڵاوی ئەو بارودۆخە نەبوویێت نازانێت تا چ رادەیەك ئۆج ئالان و جەماوەرەکەی چ دەورێکی باڵاو کاریگەریان بوو بۆ کۆکردنەوەی کورد لە دەوری (P.K.K)و ناسینی کورد بە وڵاتانی ئەوروپا.

ئۆج ئالان کە لەناو فرۆکەخانەی تورکیا لە فرۆکەکە دابان گرت تەلەفزیۆنەکانی جیهان پێشانیاندا و هەموو دنیا بینیان کە دەست و قۆڵ و دەم و پێی بەسترابوو بە پەت و بە ئاشکرا دیاربوو کە باری تەندروستی ئۆج ئالان سروشتی نەبوو، هەندێك لە رۆژنامەنووسان و سیاسەت مەداران دەیانگوت بە دەرزی سڕ کراوە. وە هەندێکی تر دەیانگوت لە نایرۆبیەوە هەتا تورکیا ئەو کۆمەڵە کۆماندۆیەی کە لەگەڵیدا بوون لێیان داوە، خۆی بەپێوە نەدەگرت بە جۆرێکی وا سڕو نادروست بوو.

رۆژنامەنووسان و تەلەفزیۆنەکانی جیهان هەواڵی دادگاییکردنی عەبدوڵڵا ئۆج ئالانیان بڵاودەکردەوە و حکومەتی تورکیا و دادوەرەکانی دادگا ئۆج ئالانیان تاوانبار دەکرد بە کوشتنی ٣٥ هەزار سەربازو ئەفسەری تورك لە ماوەی ئەو چواردە ساڵەی شۆڕشەکەیدا.

بەڵام حکومەتەکانی یەك لەدوای یەکی عوسمانیەکان و تورکیا و دەسەڵاتدارانی تورك دەستیان چووبووە خوێنی ملیۆنەها کورد لە ماوەی دەست گرتنیان بەسەر کوردستانداو داگیرکردنی و وێرانکردنی سەدان گوند و دێهاتی کورد، وە دەربەدەرکردنی دانیشتوانی و گۆڕینی سروشتی نەتەوایەتی کورد لە کوردستان.

بۆچی عەبدوللا ئۆج ئالان خۆی بە تاوانبار بزانێت؟ وە ئەم ڕەفتارانەی تورك بەرامبەر بە گەلی کورد نەخاتە ڕوو؟ بۆ حکومەتی تورکیاو دادگاکانیان تاوانبار نەبن؟. ئەمانە دەبوایە وەلام و داواکاری ئۆج ئالان بووایە لەکاتی لێکۆڵینەوەو دادگایی کردنیدا.

عەبدوللا ئۆج ئالانیش ئەوەندەی بەسە کە گەورەترین دەوڵەتی دەسەلاتداری سەر زەوی و داواکاری دیموکراتی و مافی مرۆڤ کە ئەمەریکا و دەوڵەتانی ئەوروپان بەشداریان کرد لە گرتن و تەسلیم کردنی بە دڕندەترین دەسەلاتی سەر زەوی کە ئەویش دەوڵەتی تورکیا و نەوەکانی مستەفا کەمال ئەتاتورکە.

هەروەها هەموو دەوڵەتانی مرۆڤ دۆست و ڕێکخراوە مرۆییەکان بە هەموو بۆچوون و مرۆڤایەتیانەوە نەیانتوانی سەرکردەیەکی لێقەوماوی بێ پشتیوانی کورد بگرنە خۆیان و مافی پەناهەندەیی بدەنێ، ئیتر دیموکراتیەت و مرۆڤایەتی و مافی مرۆڤ لە کوێیە؟ ن.س.